هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆڵەکان
# 107

سالّی/ 2017 – بەرگی سەدو حەفت

---

چاپی یەکەم/ ساڵی 2021

له بڵاوكراوەكانی پەرلەمانی كوردستان - عێراق

ناوی كتێب: پرۆتۆكۆلەكانی ساڵی(2017)ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق
بەرگی: 107
چاپی یەكەم: 2021
تیراژ: 250
پێداچوونەوەونەخشەسازی: سنوبر صابر حسن
ئینصات كردن: نەورۆز شێرزاد، دلێر اكرم، شوان محمد، كۆڤان خسرو،، تارا رشاد، رێبین رشاد، ارام كمال.
ژمارەی سپاردنی بە كتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی كوردستان:

# پێڕیست

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی نائاسایی خولی چوارەمی هەڵبژاردن – هەینی 2017/9/15 ل 5

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (1) خولی چوارەمی هەڵبژاردن – شەممە 2017/9/23 ل 37.

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (2) خولی چوارەمی هەڵبژاردن – شەممە 2017/9/30 - ل63.

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (3) خولی چوارەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2017/12/6 - ل197.

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (4) خولی چوارەمی هەڵبژاردن – چوارشەممە 2018/1/10 - ل287

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (5) خولی چوارەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2018/1/30 - ل321

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (6) خولی چوارەمی هەڵبژاردن – چوارشەممە 2018/1/31 - ل403

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (7) خولی چوارەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2018/2/6 - ل481

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی نائاسایی
هەینی رێکەوتی 15\9\2017
خولی چوارەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی نائاسایی

## هەینی ڕێکەوتی 2017/9/15

کاتژمێر (7)ی ئێوارەی رۆژی هەینی ڕێکەوتی 2017/9/15 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی جێگری سەرۆك و، بەڕێز بێگەرد تاڵەبانی سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی نائاسایی خولی چوارەمی, ساڵی (2017) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا کاتی دانیشتنی نائاسایی خولی بەهارەی ساڵی پێنجەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە کات (7)ی ئێوارەی رۆژی هەینی ڕێکەوتی 2017/9/15 دا بەم شێوەیە بێت:

یەکەم/ دەقیقەیەك وەستان و ڕێزلێنان لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان و عێراق لەگەڵ مارشی نەتەوەیی نیشتمانیی ئەی ڕەقیب.

دووەم/ راسپاردنی ئەندامێکی پەرلەمان بۆڕاپەراندنی ئەرك و کارەکانی سکرتێری پەرلەمانی کوردستان بەپێی ماددەی (23) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانی – عێراق ژمارە (1) لە ساڵی 1992ی هەموارکراو.

سێیەم/ پشتیوانی کردنی پرسی ریفراندۆم و مافی چارەی خۆنووسین.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنەکەمان دەست پێ دەکەین، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی چوارەم، رۆژی دانیشتن 2017/9/15، بەرنامەی کاری کردنەوەی خولی پەرلەمان بەپێی حوکمی (1) لە ماددەی (5) و بڕگەی (2) لە ماددەی (17) هەر دوو خاڵی (1 و2) لە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (54) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانی عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 1992 هەموار کراو، بڕگەی (دووەم) لە ماددەی (49) لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار کراو و، حوکمی بڕگەی (1) لە ماددەی (6)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانی عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار کراو لەسەر داوای ڕێژەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان بڕیاردرا بەرنامەی کاری دانیشتنی نائاسایی خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (7) ئێوارە رۆژی هەینی ڕێکەوتی 2017/9/15 بێتن و بەرنامەی کاری دانیشتنەکە بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:

یەکەم/ دەقیقەیەك وەستان و ڕێزلێنان لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان و عێراق لەگەڵ مارشی نەتەوەیی نیشتمانیی ئەی ڕەقیب.

بەڕێزان: دیارە ئەم دانیشتنە نائاساییە بەپێی ماددەی شەشەم بەستراوە، بۆ ئەوەی ئەم دانیشتنە بە یاسایی بەڕێوە بچێت و بە ئاسایی بێت، پێویستمان بەوەیە بەڕێزێك لە ئەندامی پەرلەمان تەکلیف بکرێت و راسپێردرێت بۆ ئەوەی بە ئەرك و کاری سکرتێری پەرلەمان هەڵبستێت، تاکو سکرتێری پەرلەمان لە ئایندەدا بتوانێت لە دانیشتنەکانی پەرلەمان ئامادە بێت، لەبەر ئەوەی هەڵبژاردن و کاندید کردنی، یان تەنیا راسپاردنە، بۆیە من داوا دەکەم لە ئێوەی بەڕێز ڕەزامەندی بفەرموون بۆ بەڕێز بێگەرد تاڵەبانی تەکلیف بکرێت و راسپێردرێت بۆ ئەوەی ئەو ئیشوکارانە بەڕێوە ببات، من داوا لە ئێوەی بەڕێز دەکەم ڕەزامەندی بفەرموون، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز

بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا، سوپاس بۆ ئێوە، بێگەردخان فەرموو بۆ شوێنت، هەر بە ناوی ئەو دانیشتنە و بەناوی ئێوەو بەناوی پەرلەمانی کوردستان بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەکان دەکەین.
بەڕێزان: ئێمە هەموومان خوازیاری ئەوە بووین ئەم دانیشتنە نائاساییە بە شێوازێکی تر دەست پێ بکەین بە ئامادەبوونی گشت ئەندامانی پەرلەمان، بەتایبەتی لە هەردوو فراکسیۆنی بزووتنەوەی گۆڕان و فراکسیۆنی کۆمەڵەی ئیسلامی کوردستان، بەداخەوە ئەمڕۆ ئەوان لێرە ئامادە نەبوون، هەروەها خوازیاری ئەوە بووین کە بەڕێز (یوسف محمد) ئەمڕۆ بێتن سەرپەرشتی ئەم دانیشتنە بکات، لەبەر ئەوە دێینە سەر بابەتی ئەساسی ئەم دانیشتنە نائاساییە کە لەسەر داوای ژمارەی یاسایی واژوی (62) پەرلەمانتار ئەم دانیشتنە بەستراوە، دانیشتنێکی نائاسایی گرنگە و، بەڕاستیش بابەتەکە لە دانیشتنی نائاساییدا بەپێی (ماددەی شەشەم) هەمیشە دیار کراو دەبێت، ئەوەی دیاری کراوە بابەتی ریفراندۆمە و مافی چارەنووسە، پێش ئەوەی بێینە سەر ئەو بڕگەیە بەتایبەت باسی لێوە بکەین و گفتوگۆی لەسەر بکەین، ئێمە بە پێویستمان زانی لە دەستپێکی ئەم دانیشتنە کە سەرەتاییەکی باش هەبوو لە ئاسایی کردنەوەی باری پەرلەمان، ئەوە داوای خەڵکی کوردستان بوو، داوای گشت لایەنی سیاسیش بوو، ئێمە هەر بە ناوی ئێوە لە جیاتی گوتار پێشکەش کردن پێنج پەیاممان بە راوێژکاری داڕشتووە، بەناوی ئەو دانیشتنە و، بەناوی پەرلەمانی کوردستانەوە ئاراستە بکەین.
پەیامی یەکەم/ بۆ خانەوادەی شەهیدە سەر بەرزەکانی کورد و کوردستان، بەتایبەتی شەهیدانی جەنگی دژی داعش، کە بە خوێنی خۆیان بەرگریان لە خاك و سەروەری کوردستانیان کرد، ئێمە هەر لێرەوە دروود و سڵاو بۆ گیانیان دەنێرین و سەری ڕێزو نەوازش بۆ گیانی پاکیان و، بە خانەوادەکانیان دەڵێین ئەوان سەروەری ئێمەنە و سەربەرزین بەوان.
پەیامی دووەم/ لە رۆژێکی وەکو ئەمڕۆدا پێویستە ڕێزو ستایش و سڵاو بۆ پێشمەرگەی کوردستان بنێرین لە سەنگەرەکانی جەنگی دژی داعش هەر لە شەنگالەوە تا خانەقین و، هەر لە کەرکووکەوە تا دەشتی نەینەوا، بەڕاستی ئەوان نموونەی قارەمانیان نواندووە و وێنەیەکی ئەوەندە جوان و سەربەرزو قارەمانیان پێشکەش بە دنیا کردووە، کە هەمیشە ئەم وێنەیە بە زیندوویی دەمێنێتن و دەستخۆشیان لێ دەکەین و دەستیان دەگوشین و سوپاس و پێزانین ئاراستەیان دەکەین.
پەیامی سێیەم/ ئێمە پێشکەش بەو هێزو لایەنە سیاسیانە دەکەین کە بە رەنج و تێکۆشانی بەردەوامی ئەوانە ڕێککەوتنی سیاسی لەنێوان لایەنەکان بە ئەنجام گەیشت، گەیشتە ئەمڕۆ کە ئەم دانیشتنە نائاساییە دەست پێ بکات، سوپاسیان دەکەین، راستە ئەم دانیشتنە داوای هەمووما‌ن ئەوە بوو بەرفراوانتر بێت و بەشێوازێکی تر بێت، بەڵام سوپاسیان دەکەین و داوایان لێ دەکەین هەوڵەکانیان بەردەوام بێت و چڕ بکرێتەوە، بۆ ئەوەی گشت لایەنی سیاسی خۆیان لەناو پەرلەمانی کوردستان ببینن، کە ماڵی خەڵکی کوردستانە و ئەوە شوێنی هەمووانە و دەبێت شوێنی هەمووان بێت، بە تەئکید هەموو لایەنێکی سیاسی پێیان ناخۆشە ئەمڕۆ هەندێ لایەنی سیاسی لە دەرەوەی تەڵاری پەرلەمانی کوردستان ئەم دانیشتنە ببینن.
پەیامی چوارەم/ بەناوی ئەم دانیشتنە و خەڵکی کوردستان بۆ هاوپەیمانانە، سوپاسیان دەکەین کە رۆڵێکی گەورەیان بینی لە پشتیوانی خەڵکی کوردستان لە کاتی هێرشەکانی

داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان و عێراقدا، سوپاسیان دەکەین و پێشوازی لە هەموو هەوڵ و کۆششێکیان دەکەین، بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان بە مافی خۆی بگات و بە مافە ڕەواکانی خۆی بگات، مافی چارەنووس دەستبەردار بکات.
پەیامی پێنجەم/ بۆ هەموو دەسەڵاتدارانە لە بەغدا، لە هەموو دەزگاکان کە ئێمە خوازیاری ئەوەینە پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بە ئاســایی بەڕێوە بچێت و بەبێ زمانی هەڕەشــە کردن و ئەو زمانە تەنیا و تەنیا خزمەتی تیرۆریســتانی داعش دەکات، ئێمە خوازیارین پەرە بە دیالۆگ بدرێت و پەرە بە پەیوەندییەکان بدرێت.
بەڕێزان: بابەتی سەرەکی ئەم دانیشتنە نائاساییە بابەتی ریفراندۆم و مافی چارەنووسە، کە ئەوەش بابەتێکی زۆر گرنگە بە سوپاسەوە فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمانی کوردستان رەنجیان کێشاوەو گفتوگۆی دوورو درێژیان ئەنجام داوە، بۆ ئەوەی بابەتەکە گەڵاڵە بکرێت لە چەند خاڵێکدا، ئێمە بۆ ئەو بابەتە پێویســتیمان بە راوێژکاری هەیە بە هاوکاری لیژنەی یاســایی ناو پەرلەمانی کوردســتان داوایان لێ دەکەین بفەرموون بێنە ســەر مەنصــە هاوکاریمان بکەن بۆ راوێژکاری بفەرموون.
بەڕێزان: بابەتی ریفراندۆم و پرۆسەی ریفراندۆم و پرۆسەی گشت پرسی، هەروەها بابەتی مافی چارەنووس بابەتێکە باس لێکراوە و گرنگی پێدراوە لەلایەن گشت لایەنە سیاسیەکان، ئەوەی پێویست بوو ئێستا ئێمە هەمووومان شاهێدی ئەوە دەدەین کە پرۆسەی ریفراندۆم لە هەرێمی کوردستان بەڕێوە دەچێت، ئێمە پێش ئەو خاڵانەی کە چرکراون و پوخت کراون دواتر بۆتان دەخوێنینەوە، دەزانین تەوافوقێکی سیاسیش لەسەریان هەیە و بە وردیش داڕێژراون، رەنگە پێویستیمان بە هاوکاری لیژنەی یاساییش هەبێت لە دوا رەشنووسەکە، تا ئەو کاتە ئێمە دیسان هەر بۆ گرنگیدان بەم بابەتە لە دوای راوێژکاری لەگەڵ بێگەرد خان، ئێمە لە سەرەتاوە بۆ ئەوەی بابەتەکە بە گشتی فراکسیۆنەکان باسی لێوە بکەن، واتا گشت بابەتەکە، ئێمە دەرفەتیان دەدەینێ لە هەر فراکســیۆنێك بەڕێزێك بە ناوی فراکســیۆنەوە قسە بکات لەسەر ئەو بابەتە، دواتر هەمووی پوخت دەکەین لەگەڵ ئەو رەشنووسەی کە پێشــکەش کراوە بە ئێمە، بەڕێزەوە و دواتر دەیخەینە دەنگدانەوە وەکو بڕیار و راســپاردە، ئەوەی پەیوەستە بە کۆمسیۆن و ئەوەی تریش بە ناوی پەرلەمانی کوردستان دەردەچێت، لێرەوە داوا لە بێگەرد خان دەکەم ناوەکان بنووسێت و دەرفەتی قسە کردنیان پێ دەدەین.
**بەڕێز بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
زۆر ســوپاس، ئێوارەتان باش... دیارە ئەمڕۆ رۆژێکی مێژووییە بۆ نەتەوەکەمان، کارا کردنەوەی پەرلەمانی کوردســتان دوای ماوەیەکی زۆر، گرنگە لە ئەمڕۆدا کە ئەندامانی پەرلەمان و فراکسیۆنە جیاوازەکانی پەرلەمانی کوردستان پەیامێکی خۆیان هەبێت بۆ رای گشتی خەڵکی کوردستان، بۆیە بە پێویستمان زانی پەیامی سەرۆکی فراکسیۆنەکان پێش بخەین، کە پەیامێکی کوردە، ســەرۆکی فراکســیۆنەکانی ناو پەرلەمانی کوردســتان پەیامەکەیان ئاراستەی پەرلەمانتاران و خەڵکی کوردستان بکەن، دوای ئەوە هەنگاوەکانی داهاتوومان دەســت پێ بکەین، ئێســتاش لە فراکســیۆنی پارتی دیموکراتی کوردســتان دەست پێ دەکەین بەڕێز کاك ئومێد فەرموو.
**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خۆشناو:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێموایە ڕەشنووسەکە دەخوێندرێتەوە، چونکە ئێمە پشتگیری ڕەشنووسەکە دەکەین، ئەگەر بخوێندرێتەوە، ئینجا پاشــان ئێمە قســەکانی خۆمان دەکەین، کە پشــتگیرییەکەی دەکەین، یان قسەیەکمان لەسەر هەبێت، ئەو کات دروستتر دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو داوایە لەلای ئێمە پەسـندە، ئێسـتا داوا لە بێگەرد خان دەکەم پێشـنیارەکە بخوێنێتەوە، دواتر دەبێتە بڕیارو ڕاسپاردە، فەرموو.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاسـپاردنی کۆمسـیۆنی باڵای سـەربەخۆیی هەڵبژاردن و ڕاپرسـی بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسـی سەربەخۆیی کوردستان

پەرلەمانی کوردسـتان لە کۆبوونەوەی نائاسـایی ڕۆژی هەینی لە بەرواری 2017/9/15 ئەم خاڵانەی خوارەوەی پەسند کرد:

1-پەرلەمانی کوردستان کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆیی هەڵبژاردن و ڕاپرسی ڕادەسپێرێت لە ڕۆژی دوو شــەممە بەرواری 2017/9/25 لە هەرێمی کوردســتان و ســەرجەم ناوچە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ڕاپرسـی بۆ پرسـی سـەربەخۆیی کوردسـتان ئەنجام بدات.

2- پەرلەمانی کوردســتان هەموو ئەو ڕێکارانە پەســند دەکات کە کۆمســیۆنی باڵای ســەربەخۆیی هەڵبژاردن و ڕاپرســی و گشــت لایەنە پەیوەندیدارەکان گرتوویانەتە بەر بۆ سەرخستنی پرۆسەی ریفراندۆم.

3- کۆمسـیۆنی سـەربەخۆیی هەڵبژاردن و ڕاپرسـی سـەبارەت بە میکانیزمە یاسـاییەکانی بەڕێوەبردنی پرۆسەی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان پشت دەبەستێت بە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار کراو، هەروەها یاسای کۆمســیۆنی باڵای ســەربەخۆیی هەڵبژاردن و ڕاپرســی ژمارە (4)ی ســاڵی 2014 و، هەر یاسایەکی دیکەی پەیوەندیدار.

4- پەرلەمانی کوردســتان، لایەنە پەیوەندیدارەکان ســەرپشــك دەکات بۆ گرتنەبەری هەر ڕێکارو بڕیارێك بۆ دەســتبەری مافی چارەنووس و تەواوی مافەکانی گەلی کوردســتان بە جۆرێك لە پرسە چارەنووسـسازەکاندا بگەڕێنەوە بۆ پەرلەمانی کوردسـتان و، کۆمسـیۆنی باڵای ســەربەخۆیی هەڵبژاردن و ڕاپرســیش ڕادەســپێرێت بۆ هەماهەنگی لەگەڵ ئەم لایەنانە.

5- ئەو ڕاسپاردانەی کە لە خاڵانەکانی سەرەوەدا هاتوون تایبەتن بە ریفراندۆمی ڕاگەیاندراو لە 2017/9/25. سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سـوپاس بۆ بەڕێز بێگەرد تاڵەبانی، ئێسـتا دەرفەتی گفتوگۆ و ڕادەبڕین بە فراکسـیۆنەکان دەدرێت، خاڵێکی نیزامیمان هەیە لەلایەن کاك صالح فەرموو.

**بەڕێز صالح فقێ محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی لەم پێشــنیارە هاتووە تەنها باس لە ڕاســپاردە دەکات، بەڵام لە وتەکانی بەڕێزت دوو، ســێ جار باســت لە بڕیار کرد، بۆیە ئەمەی کە هەیە نە یاســایەو نە بڕیارە، تەنها

ڕاسپاردەیە، ویستم بەر لەوە فراکسیۆنەکان پشتیوانی بکەن ئەوە ڕاست بکەمەوە، کە ئەمە تەنها ڕاسپاردەیە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ ئەوەی جەنابت باست کرد ڕاسپاردەیە، بەڵام دوایی دەنگی لەسەر دەدرێت بەشێوازی بڕیار دەردەچێت، دواتریش داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەین ڕەئی دەربڕن لەو بارەیەوە، بەڕێز صالح فقێ فەرموو.

**بەڕێز صالح فقێ محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی نووسراوەکە تەنها دەبێت بە ڕاسپاردە دەربچێت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، تەلار خان فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، لێرەدا پەرلەمانی کوردستان لە کۆبوونەوەی نائاسایی ڕۆژی هەینی بەرواری 2017/9/15 ئەم خاڵانەی خوارەوەی پەسند کرد، ئێستا بڕیار درا بێت پێش وەختە پەسند کرا بێت، ئیتر پێشنیاری چی و گفتوگۆی پەرلەمانتارانی کوردستانی بۆچیە، لەکوێدا پەسند کراوە، بۆیە گرنگە ئەوە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت چاك بکرێت، پێش ئەوەی بخرێتە گفتوگۆی پەرلەمانتارانی کوردستانەوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی جەنابت باست کرد، ئەوە هەڵەیەکی ئیملائییە، فراکسیۆنەکان قسەیان لەسەر کردووە، بەڵام لەدانیشتن جارێ پەسند نەکراوە، پەسند دەکرێت، هەر لە دانیشتنەکە مەبەستی ئەوەیە ئەو خاڵانە پەسند بکرێن، فەرموو کاك بەهزاد نوقتەی نیزامی هەیە.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر ئەڤ خاڵە هەی، نوکە باشە ئەز تەئکید لەسەر ئەڤە دکەم ئەڤ خاڵانەی خوارەوە گفتوگۆ دەکات بۆ پەسند کردنی بیتە ڕاست کردنەوە، گفتوگۆ دەکات بۆ پەسند کردنی، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، زۆر ڕاستە، دەستخۆش، ئێستا دەست دەکەین بە گفتوگۆ کردن و ڕا دەربڕین، کاك ئاری نوقتەی نیزامی هەیە فەرموو.

**بەڕێز ئاری محمد هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە هەموو تێکستەکەدا ئەگەر سەیری بکەین شوێنێکی تێدا نییە کە بڵێین پەرلەمانی کوردستان کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆیی هەڵبژاردن، یاخود هەر لایەنێکی پەیوەندیدار ڕابسپێرێت کە سەرپشك بێت لە مەعامەلە کردن لەگەڵ ئەنجامی گشتپرسییەکە لە 25ی مانگ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، قسەکەت بە هەند وەردەگیرێت، بەڵێ فەرمووو بۆ گفتوگۆ و را دەربڕینەکان.

**بەڕێز بێگەر دڵشاد تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستاش داوا دەکەین سەرۆك فراکسیۆنەکان پەیامی خۆیان رابگەیەنن، بەپێی پرۆتۆکۆل فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان کاك ئومێد فەرمووو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

زۆر سوپاس، سەرەتا بەناوی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەستخۆشی و پیرۆزبایی لەم دانیشتنە مێژووییە دەکەین، لە دەستپێکیشدا سڵاو بۆ گیانی شەهیدانمان دەنێرین و درووود بۆ روحیان، سڵاو بۆ پێشمەرگە خاوەنی شکۆی کوردستان تەقدیرو خۆ راگریش بۆ خەڵکی کوردستان، کە بەرگەی شەڕێکی سەخت و فشارێکی زۆری قەیرانی دارایی و هەروەها کێشە گەلێکی سیاسی و دەروونی کرد، دواجار ئەو بەرگە گرتنەی خەڵکی کوردستان نزیکمان دەکاتەوە لە گەیشتن بە ئامانجەکەمان، ئەوەی ئەمڕۆش ئێمە لەم هۆڵە کە بەرهەمی خەباتی خەڵکی کوردستانە پێمان دەڵێ جارێکی دیکە یاسا و واقیع و مێژوو سەلماندی کە دەبێت بە یەکەوە کار بکەین وگفتوگۆو زمانی دیلۆگ کە میکانیزمی کارکردنمان بێت بۆ خزمەتی خەڵکی کوردستان کە شایەنی زیاترە، ئەو پرسە چارەنووسسازەش کە بۆی کۆبووینەتەوە ریفراندۆم و مافی چارەنووسی خەڵکی کوردستان حەقە هەمووو لایەك لە دنیا تێمان بگات کە ریفراندۆم پەیامی ئاشتی خەڵکی کوردستانە، بۆ بەغدا پەیامی ئاشتی خەڵکی کوردستانە، بۆ دراوسێیەکانمان، بۆ تەواوی جیهان، ریفراندۆم پابەند بوونی گەلێکە کە سەد ساڵە مافی زەوت کراوە، ئێستاش ئەو گەلە دەیەوێت پابەند بێت بە پەرەنسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتی بە شێوازێکی دیموکراسی و ئاشتی و سەردەمی ئەنجامی دەدات، ریفراندۆم ئەو میکانیزمە جیهانییەیە کە جیهانی شارستانی و مەدەنی و ئەوروپا بە تایبەت و، جیهان بە گشتی سێ سەدەیە وەك شاکارێکی دیموکراسی مافەکانی مرۆڤ بە مرۆڤایەتی دەناسێنێت، ئەگەر ئێستا خەڵکی کوردستان داوای ئەو مافەی خۆی دەکات، حەقە تێمان بگەن ئەوە بارتەقای سەد ساڵ خەبات و قوربانیدانی گەلێکە، بۆیە پێمانوایە لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان جگە لە سەربەخۆیی هیچ گرێنتیەکی ترمان نییە وەکو خەڵکی کوردستان و پێکهاتەکانی، وڵاتی ئێمە بە هەمووو ئایین و جۆراوجۆرەکانیەوە بۆ دووبارە نەبوونەوەی ئەو جینۆسایدەی لە سەد ساڵی رابردوودا بەسەرمان هات، تەنها و تەنها سەربەخۆیی و سیادەی خۆمان دەمانپارێزێتن، بۆ زاکیرەی ئێمەش وایە دروست کردنی دەوڵەت مەترسی نییە، بەڵام بێ دەوڵەتی مەترسییەکی گەورەیە، هەروەها بۆ ئاوەڕدانەوەشمان لە دوێنێ تەنها سەربەخۆییە زامی زامەکانی سەد ساڵەمان دەکاتن، بۆ ئێستاش سەربەخۆیی پاراستنی دەستکەوتەکانمانەو رێگرییە لە کارەساتێکی دیکە، کە کارەساتی گەورە لەناوچەکە رووبدات، بۆیە پێمانوایە دەوڵەت بە ئیرادەو بڕیاری بوێرەکان و بوێرەکان دروست دەبێت و نابێت چیتر ئێمە خەڵکی کوردستان دوو دڵ و راڕا بین، ئەو قۆناغەش کۆتایی هات کە بڕیارمان بەسەر فەرز بکرێت، خۆمان بڕیاری خۆمان دەدەین و، خۆمان چارەنووسی خۆمان دیاری دەکەین، مێژووش سەلماندوویەتی کە گەلی دوو دڵ و راڕا هەمیشە بن دەست و بێ دەسەڵاتە، بۆ ئایندە و سبەیش پێمانوایە راپرسی و ریفراندۆم دڵنیایین ئەو دەوڵەتی کە

دروست دەبێت لە سایەی ئەو ڕاپرسییەدا سەر زەمینی لێبووردەیی و بە یەکەوە ژیان و برایەتی و پێکهاتەکانی کوردستان دەبێت، کە گەلی کوردستان بە هەموو پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی ئەوەی سەلماندووە کە لە ماوەی ڕابردوودا لە ساڵی 1991 تا بە ئەمڕۆ دەگات چ نموونەیەکی پێکەوە ژیانی پێشکەش کردووە، پێمانوایە چەتری دەوڵەتمان زیاتر ئەو سایییە ئارامتر دەکاتن، دەوڵەتی کوردستان ئومێدمان وایە کە بنیات دەنرێ دەوڵەتی یەکسانی و هاووڵاتی بوون و دەوڵەتی پێکهاتە ئایینی و هەموو لایەك بێتن، دەوڵەتی مەدەنی و دیموکراسی بێت، نموونەیەك بێت لە ناوچەکەدا کە پەنجەی بۆ درێژ بکرێت بە جوانی، ئێستاش بە داخەوە دوای ساڵێك و یازدە مانگ پەرلەمان بە بارێکی نالەباردا ئاراستەکراو لە کارکەوت، خۆشحاڵانە ئەمڕۆ ئیرادەی گەلەکەمان و هەوڵی دڵسۆزانی خەباتی دیموکراسی و دامەزراوەیی بەسەر ئاست تەنگەکاندا زاڵ بوو و سەرکەوت، بۆیە داواکارین هەموومان بە یەکەوە هەنگاو بۆ ئایندە بنێین و تەواوی جیاوازییەکانمان لەنێو یەك کەوانەدا کۆبکەینەوە، کە ئەویش پێی دەگوترێت (دەوڵەت)، پێی دەگوترێت (سەربەخۆیی)، بۆیە ئێمە لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان جارێکی دیکە تەئکید دەکەینەوە کە چیتر ئاوەڕ لە ڕابردوو نەدەینەوە، ڕوانینمان بۆ ئایندە بێت و، مەحکوم نەبین بە ڕابردوویەك کە هەموومان قسەمان لەسەری هەیە، با مەحکوم بین بە ئایندەیەکی گەش بۆ گەلی خۆمان دەستەبەر بکەین و زامنی بکەین، لە کۆتاییشدا بەناوی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان جارێکی دیکە سوپاس بۆ خۆ ڕاگری پێشمەرگە، سوپاس بۆ بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، سوپاس بۆ سەبرو تەحەمولی خەڵکی کوردستان، کە بەرگەی هەموو ناخۆشیەکانی گرت، ئومێد دەکەین لە ئایندەدا دووبارە نەبێتەوە، سوپاس بۆ وڵاتانی هاوپەیمانان، کە هاوکارمان بوون لە سەرخستنی گەورەترین شەڕ لەگەڵ بەهێزترین دڕندەی سەر زەمین کە داعشمان تێکشکاند، سوپاس بۆ هاوکاری هەموو ئەو وڵاتانەی کە بەتایبەت لە ساڵی 1991 لە دوای دروست بوونی نەوای ئارام تا بە ئەمڕۆ دەگەین بوونە هۆی ئەوەی کە ئێمە ئێستا ئەو گەلە پارێزراو بین و ئەو کارەساتانەی بەسەرماندا هات بەردەوامی نەبێتن، جارێکی دیکە وێڕای پیرۆزبایی بە کارکەوتنەوەی پەرلەمانی کوردستان دەستخۆشی پێشکەش بە هەموو ئەو هێزو لایەنە سیاسیانە دەکەین کە هەوڵی زۆریاندا تا بە ئەمڕۆ گەیشتنین هیواداین هەوڵەکانیان بەردەوام بێت لە ئایندەدا زیاتر مکۆمان بکەن لەوەی کە بە یەکەوە هەموومان بتوانین هەنگاو بۆ ئایندە بهاوێژین، داواکاریشین لە 2017/9/25 کە بەڵای ئێمە لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان تەواوکەری هەموو شۆڕشەکانمانە، بکەینە ئەو کەرنەڤاڵە میدیای هەموو پێکهاتە ئاینیەکان، هەموو جیاوازییەکانی کوردستان، هەموو هێزو لایەنە سیاسیەکان بیکەینە ئەو کەرنەڤاڵە میدیا تاکە دیاری ئێمە دەبێت هێزو لایەنە سیاسیەکانی بۆ گەلی ستەمدیدەی خۆمان، بۆ قوربانیەکانی کە داومانە 2017/9/25 بکەینە کەرنەڤاڵێکی میدیای بەدەر بێت لە هەر بە حزبی کردنێك، بە دەر بێت لە هەر بە شەخسی کردنێك، بەڵکو ئەو کەرنەڤاڵە میدیا، کەرنەڤاڵی سەرکەوتنی ئیرادەی ئەو گەلە بێتن کە لە پێناویدا سەد ساڵ قوربانی داوە، کەرنەڤاڵی میلیش لەلای ئێمە دواجار لە 9/25 دەنگی گەل بە دیار دەکەوێت، ئیرادەی گەلێك بەدیار دەکەوێت، دەنگی گەل، بڕیاری گەل، سەرچاوەی هەموو بڕیارەکانە، سەرچاوەی هەموو دەسەڵات و سەروەرییەکانمانە، بۆیە دووبارە داواکارین لە 2017/9/25 گەلی ئێمە هەروەك چاوەڕوانی لێ دەکرێت بە بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان زامی برینەکانمان سارێژ بکات، لە کۆتاییشدا جارێکی دیکە سڵاو و درووود بۆ ڕوحی شەهیدە نەمرەکانمان کە ئەمڕۆ لە سایەی خوێنی ئەوان، لە سایەی گیانی ئەوان

ئێمە لە کوردستاندا هەنگاو بۆ تەحقیق کردنی ئامانجەکانی ئەوان دەنێین، سڵاو بۆ پێشمەرگە کە ئەفسانەی (داعش)یان تێکشکاند، سڵاو بۆ پێشمەرگە کە ئەو ناوە ناوەخۆیەی کە ئێمە شانازیمان پێ دەکرد ئێستا لە هەموو جیهاندا شانازی پێ دەکرێ، سڵاو لە خەڵکی کوردستان، فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان (2017/9/15)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز دلێر مصطفى حسن (دلێر ماوەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەرلەمانتارانی خۆشەویست، من سەرەتا لە جیاتی فراکسیۆنی سەوز لە رووی سیاسیەوە پشتگیری ناوەرۆکی رەشنووسەکە دەکەم و بابەتی قسەکردن لەسەر بواری یاسایی رەشنووسەکە بۆ هەڤاڵەکانم جێ دێلم، دیارە دوای ئەوەی کێشەکان پەرەیان سەند و ئاڵوزەکان لەسەر یاسای سەرۆکایەتی هەرێم، لە دوا جاردا پەکخستنی پەرلەمانی کوردستانی لێکەوتەوە، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان سەرەڕای روونی هەلوێستەکانی لەم رووەوە، بەڵام ئەم هەلوێستەی خۆی نەکردە بیانوویەك بۆ خۆ دوورگرتن لە بەرپرسیاریەتی، بەڵکو بە پێچەوانەوە ماوەی دوو ساڵە لە هەوڵێکی بەردەوامدایە بۆ ئاسایی کردنەوەی رەوشەکە، هەرگیز ئاڵای بێ ئەومێدی هەل نەکردووە، بەڵکو لە جاران گەرمتر کەوتە هەوڵ و تێکۆشان بۆ لێك نزیك کردنەوەی بیر و بۆچوونەکان و هەوڵدان بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمانی کوردستان، جارێکی تریش هاتنە پێشەوەی ریفراندۆم و مافی چارەی خۆنووسین زیاتر لە جاران یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و فراکسیۆنەکەی کە دەبێ هەوڵەکانی چڕتر بکاتەوە، بۆ ئەوەی دوواجار بڕیارەکانی ریفراندۆم لە دەزگا شەرعی یاساییەتی پەرلەمانی کوردستاندا دەربکرێت و دەرئەنجامەکەی لە نێو کۆمەلانی خەڵك و نێودە نێودەوڵەتیەکاندا پڕ بایەختر سەیر بکرێت، ئەمە جگەلە بەردەوام بوون لەسەر یاسا دەرکردن و چاودێری کردنی داموو دەزگاکانی حکومەتی هەرێم، هەروەها بۆ تەواوکردنی کاری لیژنەی داڕشتنی پڕۆژەی دەستووری هەمیشەیی، دیارە پەرلەمان دەتوانێ رۆلەکی گرنگ بگێرێت لە باشترکردنی بار و گوزەرانی خەڵك، پێگەی یەکێتی و قوراسەییەکەی شاهیدی ئەو راستیەن، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە هەموو ساتێك زیاتر ئەرکی قورسیان کەوتۆتە سەرشان، بەبێ یەکرێزی گەلەکەمان و هێزە سیاسیەکان مەحاڵە بتوانرێ ئەم ئەرکە قورسە بە ئەکام بگات، بۆیە کاراکردنەوەی پەرلەمان سەرەتای ئەو رێگەیەیە کە دەبێت لێرەوە هیوا و ئومێدی نوێ لە نێو رووحی تاك بە تاکی کۆمەلانی خەڵکی کوردستاندا بچێنین بە داڕشتن و پلانی واقیعیانە بۆ چارەسەرکردنی تەواوی قەیرانەکان، لە پێش هەموویانەوە چارەسەرکردنی بژێووی سەختی ژیانی خەڵك، وەك یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و فراکسیۆنی سەوز پێداگیری دەکەین لەسەر ئەو حەوت خاڵەی کە لە دوا کۆمیتەی سەرکردایەتی بە کۆی دەنگ بڕیاری لێدرا و سەرجەم هێزە سیاسیەکانی تر پەسەندیان کردووە، لە کۆبوونەوەکانی ئایندەدا خاڵ بە خاڵ پێداگیری لەسەر جێ بەجێ کردنیان دەکەینەوە، بڕیار و یاسای پێویستیان بۆ دەردەکەین لەگەڵ لایەنەکانی تر، ئەمڕۆ خۆزگەمان دەخواست و هەوڵی زۆرماندا لە خوشك و برایانمان لە بزوتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی لێرە لەگەڵماندا بەشداربوونایە، هیوادارین لە کۆبوونەوەکانی داهاتوودا هیچ ئاستەنگ و گرێ کوێرەیەك نەمێنێت، هەموومان لە پێناو بەرژەوەندی گشتی بەشداری کۆبوونەوەکان بەکەین، لە کۆتاییدا سەرباری هەوڵەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و هەموو فراکسیۆنەکان و فراکسیۆنی سەوز و بەرز نرخاندنی هەوڵی نێوەندە نێودەوڵەتیەکان، داواکارین هەمیشە دەرگای گفتوگۆ کراوەبێت لەگەڵ ئەو نێوەندانە بۆ دەستەبەری زیاتری مافەکانی گەلی کوردستان و چەسپاندنی مافی

چارەی خۆنووسـین، جارێکی تر پیرۆزە کاراکردنەوەی پەرلەمانی کوردسـتان، فراکسـیۆنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان (2017/9/15)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله (ابوبکر هەڵەدەنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان خۆشحاڵین کە هەوڵ و ماندووبوونی حیزبەکەمان و فراکسیۆنەکەمان و هێزە سیاسیەکانی تری کوردستان و هەموو دڵسۆزان ئەمڕۆ هەنگاوێك بە ئەکام گەیشـتووە کە کاراکردنەوەی پەرلەمانی کوردسـتانە، ئێمە کاراکردنەوەی پەرلەمانی کوردسـتان بە دەسـتکەوتێکی گەورەی دەبینین، چونکە تەنها ئێمەی پەرلەمانتاران دەزانین کە ئەم دوو سـاڵە لە غیابی پەرلەمانی کوردسـتاندا میللەتەکەمان هەم لە دەرەوە لە رووی سـومعەوە، هەم لە ناوەوە چ زیانێکی کردووە، کاروانی ئیسـلاح هەرچەندە دواکەوتووە، هەروەها کۆمەڵێك بڕیار و رێوشـوێن گیراوەتەوەبەر کە بە بارگرانی لەسەر میللەتەکەمان شکاوەتەوە، بۆیە پێمانوابوو ئێمە هەر لە سـەرەتاوە کە پەکخسـتنی پەرلەمانی کوردسـتان سـتەمێکی گەورە و هەڵەیەکی گەورەبوو، مێژوو هەرگیز لەبیری ناکات، بە داخەوە ئێمە ئەمڕۆ دەبووایە ئەم دوو سـاڵە دەیان یاسا و بڕیاری باشترمان دەربکردایە، گوزەرانی خەڵکی کوردستانمان باشتر بکردایە کە ئێمە خاوەنی داهات و سـامانێکی زۆرین، بۆیە ئێمە وەکو فراکسـیۆنی یەکگرتووی ئیسـلامی کوردسـتان لێرەوە داوای لێبووردن لە گەلەکەمان دەکەین کە دوو سـاڵ ئێمە نەمانتوانی نوێنەرایەتیەکی حەقیقی ئەوان بکەین، هەرچەندە فراکسـیۆنی یەکگرتوو کەمترین پشکمان هەبووە لەم رووداوانەی کە روویداوە، بەڵام لە ئاستی میللەتەکەماندا هەر هەسـت بە شـەرمەزاری دەکەین، داوای لێبووردنیان لێ دەکەین کە دوو سـاڵ لە تەمەنی ئەوان کە متمانەیان بە ئێمەدا نەمانتوانی خواسـت و داواکاریەکانیان بەجێ بگەیەنین، لە لایەکی تر نەدەکرا ئەم دۆخە وەکو خۆی بمێنێتەوە، بۆیە دەبووایە بیر لە رێگا چارەیەك بکەینەوە تاوەکو ئەم دۆخە چەق بەستووە سیاسی و ئابووریە بەردەوام نەبێت، ئێستاش لای ئێمە لە فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان باشترین بژاردە بریتیە لە تەوافق و رێکەوتن، بۆیە دەبێ ئەم کۆبوونەوەیە بەردەوام بێ، بۆیە دەبێ زمانی لەیەك گەیشـتن بە کراوەیی بهێلینەوە، دەرگاکان کراوەبن بۆ ئەوەی برایانمان لە فراکسیۆنی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی کە هاوپیشەمانن بێنەوە ناو ئەو هۆڵی پەرلەمانەی کە کەس خێری پێنەکردوون، میللەتی دەنگی پێداون، حەقی شـایسـتەی خۆیانە لێرەوە درێژە بە خەباتی مەدەنی خۆیان بەدەن، بۆیە پێمانووایە نابێ ئەم دانیشـتنە کۆتایی دونیا بێت، هەمووومان دەبێ واقیع بینانە سـەیری ئەم بارودخە مەترسـیدارە بکەین کە گەلەکەمانی تێدا تێ دەپەڕێ، کە ئەمیش ئەمانەی خوارەوەن، یەکەمیان: لەسـەر پرسـی ریفراندۆم و سـەربەخۆیی، ئەوە سـتراتیجیەتی ئێمەیە، ئیسـتحقاقی میللەتەکەمانە، چارەسەرە، چونکە ئەم عێراقەیە هیچ قەوارەیەکی موقەدەست نییە، ئێمە سەد ساڵە لەم چوارچێوەیەدا جگەلە خوێن رشـتن و کیمیایی، ئەنفال، جینوسـاید، تەعریب و تەرحیل و حەشدی شەعبی و حەرەسی قەومی و قواتی دیجلە، حەرەسی جمهوری، ئەو ناو و ناوتۆرانە هیچ شـتێکمان نەچنیووەتەوە، مافی خۆمانە ئەمەش بە یەکرێزی دێتەدی، ئێمە پێمانووایە ریفراندۆم هەنگاوێکە بەرەو سـەربەخۆیی، ئەمەش پێویسـتی بە چوار کۆڵەك و کایەی بەهێز هەیە، تۆکمەیی ناوخۆ، تەفاهم لەگەڵ بەغد، تەتمین کردن و دڵنیاکردنی دەرووني

جیرانەکان، وەرگرتنی گەرەنتی نێودەوڵەتی تا پشتوانمان بن، چۆن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئێمەیان فرامۆشکرد پشتگیریان لە ئێمە نەکرد لە کاتی هەڵمەتەکانی جینوساید، دەبێ قەرەبووکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە گەلی کوردستان لە رابردوودا و لە داهاتوودا بیکەنەوە، لەسەر ئاستی ناوخۆش کە هەندێك رێ و شوێن گیراوەتە بەر، ئێمە پێمانوایە ریفراندۆم دەبێ پرۆسەیەکی سەرکەوتوو بێت، بۆیە پێویستی بە سێ زەمینەسازی هەیە، زەمینەسازی یاسایی بەوەی ئەم پەرلەمانی کوردستانە، لە یەکەم و لە کۆتاییدا سەرپەرشتی ئەم پرۆسەیە بکات، بە بڕیاردانی، بە چاودێری کردنی، هەتا ئەگەر هاتە پێشەوە بە دواخستنی ئەم پرۆسەیەش، دەبێ بڕیار لای پەرلەمانی کوردستان بێت، لەسەر ئاستی سیاسی پێویستیمان بە کۆ دەنگی نیشتیمانی هەیە، بۆیە دەبێ هەموو هەوڵەکان سەربەخۆیی بۆ کوردستان ئەوە دەهێنێت ئێمە سازش بۆ یەکتری بکەین، تەنازول بۆ یەکتری بکەین، لەسەر هەندێ عینادی شەخسی بەرامبەر بە یەکتر و هەندێك دەستکەوتی حیزبی بێینە خوارەوە، سێیەمین شت کە لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە زەمینەسازی کۆمەلایەتی بۆ بکەین، چونکە میللەتەکەمان بە گیرفانی بەتاڵ، بە دەروونی شێواو، لەولاوە بە باخەڵی بەتاڵەوە ناتوانێ بچێتە بەردەم سندوقەکانی دەنگدان، هیوادارین بەرپرسانی حکومەت ئەم هەنگاوەی کاراکردنەوەی پەرلەمانی کوردستان هاندەریان بێ بۆ ئەوەی کە لە داهاتوودا دڵی ئەم میللەتە خۆش بکەن، ئەمڕۆی کاراکردنەوەی پەرلەمانی کوردستان لەسەر ئەرز و پراکتیکیش هەنگاوێکی تریش بەدوا دابێت کە لە داهاتوودا میللەتەکەمان دڵی خۆش بکرێ، وەکو چۆن لە کەرنەڤاڵی پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی (1992) بەو جۆش و خرۆشەوە رۆشتن و ئاوا لە (9/25) بە هەمان جۆش و خرۆشیەوەبن، بەڕێزان، لەو کاتانەی یەك دەنگ و یەك رێزبووین کە راپەڕینمان کرد، چونکە یەك دەنگ بووین، کە کەوڕەومان کرد، چونکە یەك دەنگ بووین، کە شەڕی تیرۆرمان کرد، چونکە یەك دەنگ بووین، بردمانەوە، کە مافەکانمان بۆ یەکەم جار لە دەستووردا چەسپاند هەر بردمانەوە، ئێمە میللەتێکین هەموو ئەو سەرکەوتنانەی لە رابردوودا بە دەستمان هێناوە لە ئەنجامی کۆ دەنگی و یەك رێزیمان بووە، هەروەها هەموو نووشستانەی رووبەرووشمان بۆتەوە لە ئەنجامی پەرتەوازەیی و ناکۆکی و دوورە پەرێزیمان بووە، تاوەکو ئێستا دەبینین کە دوژمنەکانمان بە شیعە و سوننەوە، بە عیلمانی و ئیسلامیەوە، لەسەر خواستەکانی گەلی کورد هەمووی یەکن، من یەك رووداوتان بۆ دێنمەوە، ئەو زاتەی کە پێی دەوترا (تاریق هاشمی) لە بەغداوە جوامێرێکی وەکو (مام جلال) بە فڕۆکە دەربازی کرد بۆ هەرێمی کوردستان، سێ دانە مانگ حەواندیەوە لە فەلاچۆڵان، بەلام کاتێك هەر بە فڕۆکەی کوردستان و لە فڕۆکەخانەکانی کوردستانەو چووە تورکیا، بۆ رۆژی دواتر بە داخەوە کونگرەیەکی رۆژنامەوانی گرێدا و گووتی لە هەڵبژاردنی داهاتوودا سەرۆك کۆمار ئیستیحقاقی عەرەبی سونەیە نەوەکو کورد، ئەمە هاوبەشەکانمانن لە عێراقدا، بۆیە ئەوان ئەمڕۆ یەك دەنگن، ئەوەتا ئەو ئیجرائاتانە کە هەمووی نەفەسی شۆڤینیە لە دژی پارێزگاری کەرکووك، ئەو ئاماژانەی بۆ لابردنی سەرۆك کۆمار، هەروەها بڕیارەی بە رەفزکردنەوەی ریفراندۆمی گەلی کوردستان، ئیجرائاتی تر لەسەر ئەرز، جوڵاندنی هێزی سەربازی، کۆبوونەوەی شەوانەی یەکە سەربازییەکان، ئەمانە هەمووی مەترسین، دەبێ ئەم مەترسیانە یەك رێزمان بکات، خیلافە سیاسیەکان وەلا بنێین، بەلام هەرگیز نابێ ئەم خیلافانە لەسەر فرامۆشکردنی ئیسلاحات و ریفۆرم بێت، چونکە ئێمە پێمانووایە لە

قراكسـيۆنی یەكگرتووی ئیسـلامی كوردسـتان كە ئاسـەوار و زیانەكانی گەندەڵی لە تیرۆر خراپترە، لەلایەكی تریشـــەوە دەبێ كە ئێمە ئەمڕۆ پەرلەمانی كوردســـتان كارادەبێتەوە، دەبێ ئێمەی پەرلەمانتاران بە هەموو فراكســـیۆنە جیاجیاكانەوە چیتر رازی نەبین كە ئیلا دەبێ پەرلەمانێكی كارامان هەبێت، خاوەن بڕیارمان هەبێت، خاوەن دەســەڵاتمان هەبێت، پەرلەمان بە مانای كەلیمە دەسەڵاتی هەبێ لەسەر هەموو ئاستەنگەكان و هەموو بڕیارە چارەنووس سـازەكانی گەلی كوردسـتان دەبێ لەم هۆڵەوە بێت، ئێمە وەكو پەرلەمانتاران، وەكو فراكســـیۆنە جیاوازەكان لە كاتمان لە تەمەنمان، لە ســـومعەمان، هی ئەوەنییە لە راســـتیدا پەرلەمانێكی نا كارا و بێ دەســـەڵات رازی ببین، بۆیە ئێمە ئیدانەی هەموو ئەو هەڵوێســـتانە دەكەین كە لە بەغدا لە دژی كورد جولێنـدراون، پێمـانووایە ئیرادەی گەلی كوردســـتان كە بە ئەنفال و كیمیاباران و بە جینوســـاید كۆڵی نەداوە، دڵنیان كە خواســـتە نەتەوەییە چارەنووسازەكان كە پشت بە خوای گەورە و بە یەك دەنگی خەڵكی كوردستان، بە خۆڕاگری ئەم میللەتە و بە پشـــتیوانی دۆســـتەكانمان لە داهاتوودا دێتە دی، هەروەها هەموو بڕیـارانەش كە حكومەتی هەرێمی كوردســـتـان لەم مـاوەیە كە دەری كردوون، پێویســـتە لە داهاتوودا فراكســـیۆنەكانی پەرلەمان كار بۆ راســـتكردنەوەیان بكەین، لە بڕیارەكانی پاشـــەكەوتی مووچە، لە بڕیارەكانی زیادكردنی باجی ســـەرانەكان، هەروەها هەموو ئەو داهـاتـانەی نەوت، جـارێكی تر بۆ خۆش گوزەرانی خەڵك بەكـار بهێنرێـت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس عبدالرحمن (ابو كاروان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، دوای سـاڵێك و یازدە مانگ لە پەكخسـتنی پەرلەمان، ئەنجام نەدانی كۆبوونەوەكانمان هەستێكی پڕ لە نیگەرانی، هەروەها خۆشیش دایگرتووین كە بۆ ماوەی دوو مانگە ئەم پەرلەمانە و كارە پیرۆزەكانی كرایە قوربانی ملمڵانێی نا رەواو لە بری ملمڵانێی شارستانیانەی پەرلەمانی، ملمڵانێی تەسكی حیزبایەتی و كۆبوونەوەی دوور و درێژی بێ بەرهەمەی حیزبی و زمانی زبر و یەكترشـــكاندن و تەخوین كردن بۆ بەدیل، كاری پەرلەمانی كوردستان لای هەمووان بوونە دەرچوواندنی یاساكان و چاودێری كردنیان، هەروەهـا پەرلەمـان بۆ ئەوەش لە بەدیهێنـانی خەونی میللەتـدا دەبینێـت، بەڵـام ئەم پەرلەمانە بۆ ماوەی نزیكەی دوو ســـاڵە ئەم كارە پیرۆزانەی لێ زەوت كراوە، بەڵێ، ئەمڕۆ جارێكی تر لەم هەلومەرجەدا، لەم هۆڵەدا، لەم چركە سـاتە هەستیارەی كە میللەتەكەمان پێدا تێپەڕ دەبێت كۆبووینەوە، بەبێ ئامادەبوونی چەند فراكسیۆنێك و چەند پەرلەمانتارێك، كە بە دڵنیاییەوە كاریگەری دەبێت لەسـەر كاراكردنەوەی پەرلەمانی كوردستان، كۆ دەنگی لە بڕیارەكان بە تایبەتی لەسەر پرسە چارەنووسازەكان، ئومێد دەكەم ئەو لایەنانەی بوونە هۆی پەكخســـتنی پەرلەمان بە پێی ئەندازەی بەپرســـیاریەتی و بەشـــداریان لایەنی كەم سـوودیان لە هەڵەكانی رابردوو بینی بێت و جارێكی تر هیچ كەسێك و لایەنێك لە ژێر هەر پاساوێك دابێت دەستی بۆ نەبەن و هەڵەیەكی رەشتر نەخرێتە نێوچاوانی ئەزموونەكەمان، بەڕێزان، پێش پەككەوتنی پەرلەمـانی كوردســـتـان چ وەكو پەرلەمـانتـار، چ وەكو حیزبی ســـیاســـی و چەند پەرلەمانتاری تر و حیزبی تریش هەوڵماندا بۆ ئەوەی پەرلەمان لەكار نەخرێت، بەڵام ملمڵانێی حیزبی، گوێ نەگرتن لە یەكتر، بایەخ نەدان بە تەوافقی سـیاسـی لەم قونـاغە گرنگەی كە گەلەكەمـانی تێدا دەگوزەرێ، گوێ نەدان بە یـاســـا رێســـاكـان،

میحوەربەنـدی بەرامبەر بە یەكتر، كـاركردن بە عەقلیەتی دۆڕاو و براوە ئەمـانە و دەیـان بابەت و هۆكاری تر بوونە هۆی پەكخستنی پەرلەمانی كوردستان، كە مەرجەعێكی گرنگی یاسایی و سیاسی هەرێمی كوردستانە، پەكخستن و ئیفلیج كردنی دامەزراوەیەكی شەرعی وا كاری كردە ســەر تێكڕای وەزعی كوردســتان، تەنانەت تێڕوانینی دۆســتەكەنامان لە دەرەوەی وڵات لەسەر ئەزموونی كوردستان، ئاسایی كردنەوەی پەرلەمان یەكێك بووە لە خاڵە سـەرەكیەكانی كارە سیاسـیەكانی حیزبمان و چەندین لایەنی تری سیاسی و نوێنەر و رێكخراوەكانی كۆمەڵگای نێودەوڵەتی و نووسەران و رۆشنبیران و سەرجەم چین توێژەكانی هەرێمی كوردستان، جگەلە هەوڵ و كۆشش لە میانەی كۆبوونەوە و دیدارەكانمان لەگەڵ یەك بە یەكی حیزبە سیاسیەكان، پەرلەمانی كوردستان بەری رەنجی قوربانی خەباتی گران بەهای كۆمەلانی خەڵكی كوردستانە، هەروەها باڵاترین دامەزراوەی شەرعی خەڵكە، مایەی قەبول كردن نییە كـاراكردنەوەی بە شــێوەیەكی شــكلی بێـت، بۆیە ئێمە وێڕای تەئكید كردنەوەمان لەســەر پرســی ئەنجامدانی ریفراندۆم لە نێو پەرلەمان، تێپەراندنی ئەو دۆزە رەوایەی كەلەكەمان كە ساڵاهای ساڵە خەبات و تێكۆشان و قوربانی بۆ دەدات، لە هەمان كاتدا جەخت لەســەر ئەو خاڵانەی خوارەوە دەكەینەوە، یەك: هەنگاونان بۆ باش كردنی بار و گوزەرانی خەڵك و لە پێش هەمووشــیانەوە هەڵوەشــانەوەی پاشــەكەوتی زۆرە ملێی مووچە، كە سـیسـتەمی مووچە و دەسـتكاری كردنی لە سـەڵاحیەتی حەسـری پەرلەمانی كوردســتانە، دوو: جەخت لەســەر هەمواركردنەوەی یاســاكانی وەبەرهێنان و نەوت گاز و یاسای خانەنشینان و یاسای كار و یاسای ئیمتیازی كەس و كاری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان دەكەینەوە بە ئاراســتەی بەرژەوەندی كۆمەلانی خەڵكی كوردســتان، خەڵكە رەنجدەر و زەحمەت كێشــەكەی، ســێ: جەخت لەســەر ئەوە دەكەینەوە كە پێویســتە هەرچی زووە پەرلەمانی كوردستان لە كارە پێشینەكانی تەواوكردنی پرۆسەی نووسینەوەی دەستووری هەرێم و چارەســەركردنی كێشــەی ســەرۆكایەتی هەرێم بێت بە تەوافقی ســەرجەم فراكسیۆنەكانی پەرلەمان و لایەنە سیاسیەكانی كوردستان، نەبوونی دەستوور كاریگەری راستەوخۆی هەبوو لەسەر چارەسەر نەكردنی كێشە یاسایی و سیاسیەكان، هەوڵدان بۆ تەواوكردنی دەسـتوور ئەركێكی تری بەپەلەی پەرلەمانی كوردسـتانە، لە كۆتاییدا دەسـت لەسـەر ئاسـایی كردنەوەی كاراكردنەوەی پەرلەمان دەكەینەوە، هیواداریـن مەبەسـت لەم هەنگاوە تەنها جێ بەجێ كردنی ئەجیندایەكی حیزبی نەبێت، سەرەڕای گرنگی ئەنجامدانی ریفراندۆم كە بابەتێكی ژیانییە بە نیسبەت گەلی كوردستانەوە، كاروانی كاری سیاسی بە رێ و شـوێن و ئاسـایی و یاسـایی خۆیدا بڕوا و لە كاتی خۆیدا بێ دواخسـتن هەڵبژاردنی پەرلەمان و ســەرۆكایەتی هەرێم ئەنجام بدرێت، بۆیە لەم كۆبوونەوەیەدا پێشــنیار دەكەم راسـپاردەیەك بۆ ئەو مەبەسـتە دەربچێت، لەگەڵ رێزدا، (ابوكاروان) فراكسـیۆنی ئازادی لە پەرلەمانی كوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز عبدالله محمود محمد (عبدالله حاجی محمود):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خۆشحاڵین بۆ ئەنجامدانی ئەم دانیشتنەی پەرلەمانی كوردستان، پێویستە بە یەكگرتوویی هەوڵەكان بخەینەكار بۆ داهاتووی هەرێمی كوردستان، بە تایبەت پشتیوانی لە ریفراندۆم، چونكە هەنگاوێكی مێژوویی و ســەروەری هەیە لە خەبـاتی رزگاری نیشــتیمانی گەلی كوردســتان، كە بۆی تێ كۆشــاوە، لەو پێناوەشــدا هەزاران شــەهید و قوربانی گەورەمان

داوە، هەر لە ئەنفال، كیمیاباران، راگواستن، داواكارم هەوڵەكان بخرێتەگەڕ بۆ زیاتر یەكخستنی نێو ماڵی كوردی، بۆ پێكەوە ژیانی نیشتیامانیانە، كە پێكەوە هەوڵەكانمان بەردەوام بێت بۆ داهاتوویەكی گەش بۆ هەرێمی كوردستان، كە لە سەربەخۆییدا خۆی دەبینێتەوە، بۆ ئەوەی ژیانێكی سەرەبەست و خۆشگوزەرانی بهێنین بۆ هاوڵاتیانی كوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز باپیر كامەلا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا خۆشحاڵم بەوەی كە ئێمە بەرەو رۆژێك دێین رۆژێكی مێژووییە، وەچەرخانێكی مێژووییە، بەرەو قۆناغێكی تازەی خەباتی سیاسی نەتەوەكەمان دەڕوات، بزوتنەوەی سیاسی بەرەو قۆناغ و دەستپێكێكی تر، لە روویەكی ترەوە بەرەو قۆناغێكی تری پێكەوە ژیان و پێكەوە هەڵكردن كە سەرەتاكەی لە كاراكردنەوەی پەرلەمانی كوردستان دەست پێ دەكات، بە داخەوە كە دەبوو هەموو ئەندامانی پەرلەمان لێرەبووان، كە بە هەر گرفتێك بێ نەهاتوون، ئومێد دەكەین لە كۆبوونەوەی داهاتوو بە هەموومانەوە پێكەوە بتوانین ئەو قۆناغە راگوزارە و ئەو پێشهاتە سیاسیانەی كە لە ناوچەكەدا چاوەڕێ دەكرێ پێكەوە تێ پەڕێنین، چ قەیرانی سیاسی، چ قەیرانی دارایی كە رووبەڕووی گەلەكەمان بۆتەوە، هەموو لایەكمان دەزانین كە لە رۆژهەڵاتی ناوەراست زنجیرە رووداوێك رووی داون، ئەو زنجیرە رووداوانەوە بوونە مایەی هەڵوەشانەوەی هاوكێشەی بەرژەوەندیە نێو دەوڵەتی و هەرێمییەكان، ئێستا ململانێیەكی توند لە ناوچەكە هەیە بۆ رێكخستنەوەی هاوكێشەی بەرژەوەندیەكان، كەواتە قۆناغێكی تازە لە ناوچەكە دەست پێ دەكات، لە نێو ئەو قۆناغەدا گەلی كوردستان و قۆناغەكە لێمان دەخوازێت كە تەبایی سیاسی بێتە دی لە نێو هێز و لایەنە سیاسیەكان، ئەوەش بە چی دێتە دی، بە یەكتری قەبول كردن، گەلی كوردستان ناتەبایی كۆمەلایەتی كەوتۆتەوە، ئەوەش دەبێ هەموومان هەولبدەین تەبایی كۆمەلایەتی بێت، ئەوەش چیمان لێ دەخوازێت چاكتركردنی ژیان و بژێوی خەڵك، بۆیە لەو قۆناغەدا ئەركی پەرلەمانی كوردستانە بە هەماهەنگی لەگەڵ حكومەتی هەرێمی كوردستان بتوانن نەك ئەو قۆناغەی كە پێشتر تێمان پەڕاندبوو بیگەڕێنینەوە سەرێ، قۆناغێكی تازە دەست پێ بكەین بۆ ئەوەی بتوانین تەبایی سیاسی و كۆمەلایەتی بۆ پێشوازی كردن لەو پێشهاتە لەلایەك، لەلایەكی تر ئێمە لە رابردوودا بینیمان ئەو نا تەباییە سیاسیە تێنەگەیشتن بۆ قۆناغەكە بە چ ئەنجامێكی گەیاندین، پێویستە پەرلەمانی كوردستان، ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان و فراكسیۆنەكان بە تایبەتی، هەروەها لایەنە سیاسیەكانیش كە لە پشتی فراكسیۆنەكانەوەن تێگەیشتنێكی درووستیان بۆ ئەو قۆناغە هەبێت، كە قۆناغێكی هەستیار و راگوزارە، ئێمە ناكرێت بەرژەوەندی خۆمان نەخەینە پێش بەرژەوەندی ولاتان كە لێرە ململانێیانە، بۆ داكۆكی كردن لە بەرژەوەندیەكانی گەل پێویستیمان بە یەك رێزی و تەبایی زیاتر هەیە، بەرپرسیاریەتی گەورە دەكەوێتە سەر فراكسیۆنەكان كە بتوانن هەماهەنگی زیاتر بكەن، تەجاوزی ئەوەی كە لە رابردوودا رووی داوە نەگەڕێینەوە سەر چوارگۆشەی یەكەم، بە نەفەسێكی تر، بە شێوازێكی تر كە قۆناغێكی تازەدێت پێویستە ئامادەكاریەكی تازەی بۆ بكەین، بۆیە جارێكی تر پێویستە ئێمە هەوڵێكی تر بدەین بزوتنەوەی گۆڕان و كۆمەڵی ئیسلامی و هەموو ئەو لایەنانەی تر كە نەهاتوون بێن بەشداری بكەن بە هەرچییەك بێت، بە هەر نرخێك بێت بۆ گەلەكەمان وا قازانجە رازییان بكەین، رازی كردنیان بە مەبەستی ئەوەیە كە یەكتر قەبول كردنەكەیە، ئەوانیش ئەركیانە لەو قۆناغەدا سازش بكەن لەسەر بەرژەوەندیە حیزبیەكان بێن بەرەو بەرژەوەندی باڵای گەل، هەموومان بە یەكەوە ئەو بەرژەوەندیانە بخەینە پێش بەرژەوەندی

حیزبیەکانەوە، ئەوە دەمانگەیەنێتە مەنزلگایەك کە هەموو ئەو مەترسـیانەی لە میدیاکاندا ئاماژەی پێ دەکرێت، من پێموایە ئەو مەترسیانە هەندە گەورەنین، گەورە دەکرێن، ئەوەی کە لە هەمووی مەترسـیدارترە نا تەبایی ناوخۆمانە، تەبایی خۆمان زامن و مسـۆگەرکردنی مـافە رەواکـانمـانە، ودیهێنـانی خەونە لە مێژینەکـانی گەلەکەمـانە کە هەموو خەبـات و تێکۆشـانمان و خوێنمان بۆ داوە، بەرپرسـیاریەتیە بەرامبەر شـەهیدەکانمان، بۆیە ئەو بەرپرسـیـاریەتیە بخەینە ئەسـتۆی خۆمـان بۆ ئەوەی بگەین بە ئـامـانجە رەواکەمـان پێویسـتیمـان بەوەیە کە تەجـاوزی رابردوومـان بکەین، قۆنـاغی تـازەی کـارکردنمـان لە پەرلەمانی کوردسـتان قۆناغێکی تازەبێت، بە شـێوەیەکی گیانی لێبووردەیی بێت، نەك بیر لێکردنەوە، یان وەکو ئەوەی لە رابردوو لە قۆناغێکدابووین وەکو سـەرەتای بانگەشـەی هەڵبژاردن بێت، ئەوە تەجاوز بکەین، ئومێد دەکەم سـەرکەوتووبین هەموو لایەکمان بۆ پێشـوازی کردن لەو قۆنـاغە، ئومێـد دەکەم بە گیـانی تەبـایی و برایەتی بتوانین بەرەو ئەنجـامـدانی پرسـی ریفرانـدۆم، بەرەو بڕینی قۆنـاغی رزگـاری نیشـتیمـانی کە خۆی لەسـەربەخۆییدا دەبینێتەوە، ئومێدی سـەرکەوتن بۆ گەلی کوردسـتان، بۆ پەرلەمانی کوردسـتان و حکومەتی کوردسـتان دەخوازم، ئەومێدەوارم کە بتوانین ئەو قۆناغەبین تێپەڕێنین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز یروانت نیسان مارکۆس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز بۆ یەکەمین جار زمانێ ئەرمەنی پیرۆباهیا خەڵکێ کوردسـتانێ دکەم می کوردسـتانی هکاران جونك و، ملتا کوردستانین جغۆفۆرد کوردستانی پەرڵەمان ئەك تیفاسـان یەکەمین جارا ئەرمەنی ئەزێت بێژم، چونکە ئەمە بەرەڤ دەوڵەتەکا فیدرالی یا مەدەنی دچین، جارەکا دی دبێژینە خەڵکێ کورد ستانێ فرسەتەکە ئەڤە ل دە ستێ مەدا، چونکە میللەتەك وەکی میللەتی مە ل ڤێرێ میللەتی ئەرمەنی دڤێ فرسـەتێدا بوریە، بەس ئیسـتغلال کر هەتا بویە دەوڵەت، ئەو ژی نەفس قۆنـاغێـدا دچین هەر ریفرانـدۆم هینـا، بەری ریفرانـدۆمێ روخانی ئیتحادی سـۆڤیەتی بوو، فورسـەتەك دیتن و جارەکی ریفراندۆم کر و بەرەڤ دەوڵەتەکا سـەربەخۆ چوو، ئەڤرۆ کوردسـتان ژی عێراقەکا هۆسـا لاواز، عێراقەکا ناڤ خۆر، کوردسـتان دشـێ ڤی فرسـەتێ ئیسـتغلال بکات، بەس ئەز دبێژم ریفراندۆم چەند بۆ سـەربەخۆییا مەیێ خەڵکێ کوردسـتانێ چاوا ئەو موشـکیلەیا بۆرینە، سـالێ (1800) جینوسـایدی ئەرمەنان دەسـت پێکرن تاوەکو (1915) دەسـت پێکر، قەتل و عاما ئەرمەن، پشـتی ئەرمەن بووینە دەوڵەت سـالێ (1918)، تاوەکو نوکە چ جینۆسـاید سـەر ئەرمەنا نەهاتیە کرن، هەروەسـا (جو)یا ژی، رۆژ بە رۆژ (جو) دەسـۆتن، فەرمانا (جو)یان بوو، تاوەکو (جو) نەبوونە دەوڵەت فەرمان سەر وان دیر نەکەتن، ئەڤرۆ ئەم کوردستانێ دەژین چەندین سالا جینۆساید سەر مە دێتە کرن، ئاخر جینۆساید لە جیهانێ هەر لە عەردێ مە دابوو، ئەز دبێژم دەوڵەت یەکەمین چارەسەرە بۆ دیر کرنا وان جینۆسـایدا سـەر گەلێ مە، جارەکا دی سوپاسیا هەوە دکەم، فراکسیۆنا ئەرمەن لە پەرلەمانێ کوردستانێ.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمو واحیدە خان .

**بەرێز وحیدە یعقوب گورگیس:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمژی بۆ جارا ئێکێ ب زمانێ دیکە ئاخڤین، وەکو کاك (یروانت) بێژیت بەرەو دەولەتەکا مەدەنی نا تائیفی ئینشاالله دین هەر سەرکەوڤین، بابە برۆنە تەعمل کلدایا سریایی ئاشور بەرخوخ توتت پەرلەمان نقلقا میسـا بتر تریشـن پەرلەمان دیویتی لبن خدملن شـعب عن

كلدان ئاشورايا كوردستان اى يوما قەمايا شعبين من خڵال جزادت پەرلەمان اخنن كبيرن تماوغ امنت رفراندۆم لى ان اخنن ان امنت ريفراندۆم لى ان حقوق ديەن لننا يشوركى ليا اراكا امت خۆنەواسەن خينێ ئۆلەميلێ شهيد كبيرا امت انفال كميا خيل ال كردستان و ئەيزەن كبيرا شهيد و اكراد و سورات كورديه سەورات گوڵان اومت بسر داعش هجوم داعش خاست دشتن ننوى اتوله شهدا وما هزا دخنان خزيڵان باسترمه رفراندۆم محققه و بسرمه استقرار اكراد كوردستانى انشالله پيشا كه دوله مەدنيه هەويه لا هى تا ايفيا لا هويا ديانته حتما بيا حاله بيا دوله اكيد حقيقو حقوق ديا و شعب ديا لا عبديان ال كلدايا سلپايه ئاشور بصر رفراندۆم ئەيزەن خميسا تتهاوى متاليب ديا ان متاليب ديخۆ ليتا لجنت على رفراندۆم بۆ كوردستان پيشا اكتكب دەستور دوله كوردستان اخن ان تجروبه ان حكومەت فدراليه اد بريله قبل داعش وبصر ديگەشى ئاخر من رئيس وقد شيعى بغداد ات ميرى سوڵاى لازم بيشى قورتايه جزيا او دافل قتله من عێراق خزيڵا ان تجربه و خزيڵا تجربه لى ان من حكومەت اقليم اقليمەت كوردستان ات مينه كڵا ناشديەن من دشتيت نينوى من بغداد كل سێرێ وارا كوردستان و حكومەت اقليم قبله مينا ناشديەن ديلەيتى ويا اخا عياشا وبسڵامى انشاالله دارى مسواسه لين دكانه پيشمەرگه مسيتەره تتهايه بعيشى داخت بسڵام قم هادا كل حقوق ديا بس رفراندۆم كول داسى حقوقين، ببورن بەلكى ئحتماله تێنەگەيشتن به كورتى بێژم بۆ وه بەراستى تشتەكى بۆ مه خۆشبى وەختێ ب زمانێ خۆ بڤاخڤين، خەلكێ مه ژى گول مه بى دزانى كا چۆوا ئەم گەلەك جارا ديته ئاخافتن كو زمانى دايكى ناياته گوتن، دا ئەوژى هەندەك شت تێبگەن چ هەيه، مه گوتى ئەم گەلەك پسياريش مه دێته كرن وەكو پێكهاته بۆچى بڕيارى واى دا دگەل ريفراندۆمێ؟ ئەزێ ب كورتى بێژم مەژى گەلەك شەهيدى دانه، ئەم شارك بين چ كارەساتەك خەلكێ مه خەلكى كوردستانى چى بى، چ ئەنفال كرنێ، كيميا باران مال وێران ئەز وەكى بێژن ئەم ژيمه گەلەكى توندو تيژى بەرانبەر مه ديتيد مشاركين گەل وان كارەساته ژ بەر هەندى پشتێ هيندێ ئەڤه بەرى دوو هەزارو سێ و پشتى دوو هەزار و سێ هەمى ديت كارەساتێ هجوما داعش هێرشا داعش سەر خەلكێ مه له دەشتى نەينەوا ، ئەوژى بەرەو بەغدا هەندەك چون و هەهيڵا بچن و سنوورێت بەغدا هات گرتن، سنورى كوردستان هاتێ بەرێ كرن، ئاوارێت مه حەمى خەلكێ مه حەمى قنجينا حتا نوكه مه هەريمى كوردستانى و حەمى هارى كارێ بۆوان وهاته كرن، ريفراندۆم ئەز بێژم بۆ چارەسەريا حەمى كيشەى مه مه گەلكێ ئيحتيماله كێشەى كه هين دەستووركا مەدەنى نا تا ئيفى نا دينى پشتى ريفراندۆم و سەربەخۆيى كوردستانى ئەز بێژم يه خەلكى مه حمى خەلكى حمى ئاينو نه تەوه ئەت بيژم حەمى ديته حەل كردن ڤى دەولەتا مەدەنى دەستوركا مەدەنى ديته حەل كرن ئەو داخوازيه مه ژى مه وەكو ميساق ليژنەى ئەنجوومەنى باڵاى ريفراندۆمێ مەى تەقديم كرى ئەو ژى دا بيته چەسپاندن بۆ دەەستورا مى يا دەولەتا كوردستانى ئينشاالله ديته تەحقيق كرن ژبەر هيندێ ئەڤه هەمى يانى بەرژەوەندى خەلكى مه كلدانى ئاشورى ئەز بێژم كەل تەحقيقا ريفراندۆم سەركەڤتنا ريفراندۆم گەل سەركەفتنا انشاالله دروست كردنا دەولەتا كوردستانى بێت ئەڤه به كورتى و گەلەك سوپاسى وا تكەم واگولما بێژى سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو بێگەرد خان.

**بەرێز بێگەرد تاله بانی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، بەرێز (محمد سعدالدین) لە جیاتی فراکسیۆنەکانی پارت و گەشەپێدانی تورکمان و سەربەخۆیی تورکمان.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك محمەد سعدالدین.

**بەرێز محمد سعدالدین:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خەڵکی تورکمان لەوەتەی دامەزراندنی دەوڵەتی عیراقی، رووبەرووی ئینکارکردنی نەتەوەیی و، چەوساندنەوەو ستەمکاری بۆتەوە، لە کۆتاکانی ساڵی پەنجاکان کە دەستووری کۆماری عێراق ئیعلان کرا عێراق لە عەرب و کورد پێکهاتوە و ئیشـــارەت بە بوونی تورکمان نە کرا ، کەواتە شـــەســـت ســـاڵ پێش ئێســـتا ئینکاری لە بوونی تورکمان کراوە لە عێراق، لە پاش ساڵی (2003) هەرچەندە لە دەستووری هەمیشەی عێراق گۆڕانکاری رووی دا ، تورکمانەکان چاوەروان بوون کۆتایی بەم شـێوازە سـیاسـەت و مامەڵە هەڵەیە بکرێت لەگەل تورکمان، بەڵام بە داخەوە بە کرداری هیچ پێشکەوتنێکی ئیجابی بە دی نەکراو هەر هەمان جیهەت و عەقلیەتی سیاسی حوکمی عێراق دەکات، تورکمان قەومیەتێکی ئەساسی عراق و هەرێمی کوردســـتان لە مێژوویەکی دێرینەوە لەگەل کورددا لە یەك خاك و یەك جوگرافیا دا بە تەبـایی و برایەتی ژیـاون، چ لە رووی فەرهەنـگ و کەلتوور و کۆمەلـایەتی، چ لە رووی جوگرافی، ئێمە لە هەرێمی کوردســتان لەگەل کورد و پێکهاتەکانی دیکە هەمان چارەنوس و قەدەرمان هەیە، بۆیە هەر بڕیارێك و هەلوێستێکی چارەنوس ساز پەیوەندی هەبێت بە ئیرادەی خەڵکی کوردســـتان، بە حاڵەتە ســـروشـــتیەکەیەوە، پرســـێکی چارەنوســـازە بۆ تورکمانیش، هەر پرسێکی چارە نوسـسازی نیشـتمانی بە بێ بوونی تورکمان کەموکورتی دەبێتو و کامل نابێت، بۆیە ئێمە لە پارتی گەشـــە پێدانی تورکمان و هەردوو فراکســـیۆنی تورکمانی هەولێر، ســـەربەخۆیی تورکمان وە هەمو لایەنە تورکمانیەکان لە هەرێم، لە بەر ئەوەی کە ماف و پێگەی سیاسی تورکمانی لە عەمەلیەی سیاسی کوردستانی تا ئاستێکی باش پارێزراوەو و بە هۆی ئەوەی کە هەموو لایەنە سیاسی و دەزگا فەرمیەکانی کوردستان بە سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەت و ئەنجومەنی باڵای ریفراندۆم و پەرلەمانی کوردستان، پابەندبوونی خۆیان نیشان بدەن بۆ تەسبیت کردنی مافی سیاسی و نەتەوەی تورکمان بە هەموو لـایەنە کۆمەلـایەتی و رۆشـــنبیری و پەروەردەی وکـارگێری و دارایی و وەك مەسئولیەتێکی مێژوویی، ئەرکێکی نیشـتمانی وبۆ نیشـاندانی برایەتی کوردوو تورکمان و کلدان و ســـریان و ئاشـــورو ئەرمەن، پشـــتگیری ئەنجامدانی ریفراندۆم لە (25 )ئەیلول وەپشـتگیری ئەو ڕاسـپاردنە دەکەین، وە بۆ ئەوەی ماف و ئازادی نەتەوەکان نیشـان بدەین بۆ هەموو جیهان دوو سـێ جوملەی تورکمانیش کلدان ئاشـــوریەکان دەلێم، (کوردســـتان تورکمن لەر ئکنیقی ئەسـاسـی میللەت ئۆرەڵار و تورك و کریسـتیان ئۆخرسـتیان قرداشـڵار عینی یۆلمس وە خلکی مزن خزمەت یدان هەر تورلە سوپاستان دەکەم).

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مونی خان.

**بەرێز منی نبی قهوەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پیرۆزبای لە خەڵکی کوردســـتان دەکەم، بە تایبەتی و بە تەواوی پێکهاتەکانەوە، دەتوانین دوو بارە لە تەڵاری پەرلەمانی کوردستاندا دانیشتنی خۆی ئەنجام بدات و، لەم ڕۆژە پیرۆزە دا هەروەکو ڕۆژی هەینی لە کارا کردنەوەی پەرلە مانی کوردســـتان، ئێمە وەکو پێکهاتەی تورکمان وەکو فراکســـۆنی چاکســـازی تورکمان، پشـــتگیری خۆمان دووپات دەکەینەوە بۆ پاڵپشتی کردنی ئەنجامدانی ریفراندۆم و پاڵپشتی کردنی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی، بەم هۆیەوە پاڵپشتی ئەم نیشتیمانیە دەکەین دەگەڕێتەوە بۆ ئەزموونی ژیان وە لەم ئەزموونە پێکهاتەی تورکمان زیاتر ســودمەند بووە، لە ژێر ئاڵای عێراق دا جەندەها ســـاڵە تورکمانەکان لەناوچە کوردســـتانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردســـتان، هەموو زووڵم و زۆرداری بینی، بە هیچ شـــێوازێـك ســـوودمەنـد نەبوو، بەڵکو زیـاتر ئەشکەنجەیان بینی، بەڵام لە هەرێمی کوردستان تا ڕادەیەك مافەکانیان جەسپندراوە، لە پەرلەمانی کوردســـتاندا مافی پێکهاتەکان پەســـەند کرا، بۆیە ئێمەی پێکهاتەی تورکمان سوپاسی رۆلی پێشمەرگەی قارەمانی کوردستان دەکەین کە لە بەرەکانی جەنگ لە ناوچە کوردســـتانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردســـتان بێ جیاوازی ئاین و ئاینزانەکان، توانی بەرگری لەو ناوچانە بکاتن کە توانی ئەم بۆ شـــایەی پڕبکاتەوە لە جیاتی ســـوپای عێراقدا، ئێمەی تورکمانەکان داوا لە هاوڵاتیانی ناوچە کوردستانیەکان دەکەین، بەتایبەتی لە شاری کەرکوکی خۆشەویست کە کەرکوك ئایندەی کوردستانە لە کاتی 2017/9/25 لە راپرســی، لە پرســی ریفراندۆم دا دەنگ بە بەڵێ بدەن بۆ ئەوەی ســـەربەخۆی خۆمان را بگەیەنین، لێرەدا وەکو بەڕێز کـاك (محمـد) وەکو ئەوەی پێکەوە ژیـان لە پەرلەمـانی کوردستان هەیە و ڕێزگرتن لە پێکەوە ژیان هەیە باسی کرد و پاڵپشتی دەکەین یەك چەپڵە بۆ پێکهاتەی تورکمان پەیامم دەبێ (عزیز تورکمەن میللاتی) (تورکمانلەرمزدان کەرەدانمزن 25 ئەیلول دە ســـاندوغە جێدن ئەوەت ڕیفراندۆمە زەین جەلەجاغوزی پەرلەخم جالســـن تورچمالن لەردە دیەر میلەتن تورچمەن ئۆزلە قاولشن، ساوڵسن)، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ســـوپاس، دیارە بەدەر لە فراکســـۆنەکان وەکو پێکهاتەکی گرنگی کوردســـتان دەرفەت بە بەڕێز شێخ شامۆ دەدەین.

**بەڕێز شامۆ شێخۆ نعمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر ســوپاس ســەرۆکایەتی پەرلەمان، ڕەچاوکردنا مە ئێزدیا ئەرکیکی پەرلەمانی نیشـتمانی نەتەویا، بەراسـتی ئەم پێکهاتەکی ڕەسـەنن بەس ڕچاڤکردنا تایبەتمەندی وەکو پێکهاتەکی هەڵگری 74 فرمانا چونکە تنێ بیرو باوەڕێ مە جودا بیرو باوەری ئەم گریدای ئاخا کوردستانا، چونکە تنێ زمانێ شـیرینی کارەسـاتێ شـەنگالێ هەژماری کارەسـاتی 74 ئەم پەیامە مە بەردەوام ژ بۆ لایەنێ سـیاسـی کوردسـتانی، ئەم بێژن ئەگەر بوون بە قوربانێ یەك ڕێزیا ماڵی کوردستانێ بپارێزن، جیخۆشحالیا مە ئیرۆ ئەرکێکی نیشتمانی سەرکردایەتی سیاسی کوردســـتانی حکومەتا وان، فراکســـیۆنی پەرلەمان دەرگەیا هۆلێ پەرلەمان بکرن و پەیاما پشت ڕاست کرنا خەلکێ کوردستانێ ئیدی کیفا ناحەزان ناوێ پرۆژێ نیشتمانی ریفراندۆما یا هەر پێشو خەلکی مە یەك دەولەت بونا ئەم یەزیدی بێژن، مینا بونا ئەرمەنیا کەرەم کری ئەم بێژن هەتا کوردسـتان نەبتە دەولەت دەرگەهی فەرمانا جێبەجێ یەزیدیا نایەتە یەگرتن

دەولەت بونا کوردســـتانی برینی شـــەنگالی دەرمان دەکات، دەولەت بونا کوردســـتانی پێکەوە ژیانا ئاینی و نەتەوەی کوردســـتانێ خوردکا ژیانێکا تازە ئاینێ و نەتەوەی گەرەنتی دەکا لەو ما ئەمن بێژن یەك لا کردنا دەڤەرێما تنێ ئیســـتفتاهێ تنێ ئیســـتفتاری کردنا دەڤەری مە حوکمەتا عیراقێ ئەو تەجربا لەگەڵ عیراقێ هەیی، حوکمی ســـتراتیجی لەگەڵا مەو وەکو قەوسەك موسڵ هەر بگریو چیایا مقلوب هەتا چیایا شەنگال درێژیا بیرۆکێ دا ئەو لەسەریا مە دیتی، ج شۆرشێ نەتەوەیی، چ سەردەمێ شۆرشا ماددەی (140) ئەبی، حەمی مە یەزیدیا هان بدا ریفراندۆم کریا چارە سەرێ ئیشو زانی مەیا ریفراندۆم ما قۆناغا دەردە ســـەریا دەربازبونا قۆناغە دەوڵەت بوئیتقفاق و تەبایی پیرۆزە لە لاینا ســـیاســـی و فراکسیۆنێ کوردستانی، هیڤیا من ئەوا پرۆژەکە ئەو پەرلەمانە تایبەت مەندیا یەزدیا ژ رویا ئاینێ رەچاف بکا، چونکی ئەز لەو باوەرێما ئەگەر یەزیدیش رووی ئاینێ بە چوار چێوەکی نەتەویدا کۆتا بن رێز لە نەتەوا خۆ بگرن، هێڤیا من ئاواتخوازم تەبای بیتە پارستن و دەولەت بوونا کوردستانی شادبن و سوپاس بۆ ئەو دەرفەتێ.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ســـوپـاس، بەڕێزان ئەنـدامـانی پەرلەمـان لە کۆتـایی ئەم ڕا دەڕبرینە و گفتووگۆیە، راوێژکاریەکی مە لەگەڵ لیژنەی یاسایی دەکەین، بۆ ئەوەی دوایین پێشنیارەکە بخوێنینەوە و بیخەینە دەنگ دان ، بەڵێ یەك قسـە هەیە بەڵێ کاك (خەلف) نازانم نوقتەی نیزامیە یان هەرچیەك بێت .

**بەڕێز خلف أحمد معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەناوی خوای گەورەو مهرەبان، لەڕاســـتیدا ئەو خاڵانەی دیاری کراون بۆ پەســـەند کردن لە لایەن ئەندامانەوە بە باشی دەزانم لیژنەی یاسایی دەرفەتەکە نوێ بکاتەوە و تەئییدی ئەو قسەی (تەلار خان) دەکەم لەسەر پەسەندکردن، ئەوە ڕێك بخرێتەوە، لە خاڵی دووەم ئەڵێ پەرلەمانی کوردستان هەموو ئەو خاڵانە پەسەند دەکات کە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی باڵای هەڵبژاردنی گشـــتی و گشـــت لایەنە پەیوەندیدارەکان گرتوویانەتە بەر، ئەو ڕێکارانە کـامـانەن کە کۆمیســـیۆن گرتوویەتیە بەر؟ من وەکو پەرلەمـانتـارێـك نـازانم بە فەرمی رێکارەکانی کۆمیسۆنی باڵای هەڵبژاردنی کوردستان، پێنەگەیشتووە نازانم چیە ڕێکارەکان، داواکارم ئەوە ڕێك بکرێتەوە، یا ئەو رێکارانە بخرێتە بەردەســـتمان، بۆ ئەوەی عیلمەمان لەسەری هەبێت، لە خاڵی چوارەم ئەڵێ پەرلەمانی کوردستان لایەنە پەیوەندیدارەکان سەر پشـك دەکات، لایەنە پەیوەندیدارەکان کێن؟ کە تایبەتن بە پرسـی ریفراندۆم؟ ئێمە ئەبێت لە پەرلەمانی کوردســـتان ئەو لایەنانە دیاری بکەین، ئایا مەبەســـتان لە لیژنەی باڵای ریفراندۆمە، یا هەرلایەنیکی ترە لەلایەن داموودەزگاکانی ترە لە هەرێمی کوردســـتان، پێویســـتە ئەوە لێرە دیاری بکرێت، کۆتا قســـەم ئەوەیە داواکارم ئەم دەرفەتەی کە لەلایەن لیژنەی یاســـایەوە رێك ئەخرێتەوە کۆتای پێهات ئەوە زۆر باشـــە، و هەر لەم دانیشـــتنەی ئەمرۆیا ڕۆژی دانیشـــتنی پەرلەمانی کوردســـتان دیاری بکرێت، تایبەت بە گفتوگۆکردن لەسـەر مەسـەلەی سیسـتەمی پاشـەکەوتی مووچە و گفتوگۆکردن لەسـەر بژێوی ژیانی خەڵك، تا بتوانین کۆبوونەوەکانمان بەردەوام کەین و دڵی خەڵکی کوردستان خۆش بکەین، چونکە لە پاڵ ریفراندۆم بژێوی خەڵکیش بـابەتێکی گرنگە قســـەی لەســـەر بکرێت زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیمێنکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلێ دوو خالی نیزامی ئومێد دەکەم خاڵی نیزامی بن ، فەرموو.

**بەڕێز ئاری محمد هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی نیزامیە، لەبەر ئەوەی خۆمان ئەزانین حوکم لەم وڵاتە و لەم دانیشـــتنەی پەرلەمانی کوردســـتان بە داخەوە نزیکەی دوو ســـاڵە، حەتمەن بە ئیتفاق کراوە، لە دەرەوەی ئەمە حەقیقەتێکە کە تاڵ و شـــیرن، حەقیقەتە لە دەرەوەی ئیرادەی ئەم ئەندامە بەڕێزانەی کە لێرەدا دانیشتوون، ئیتفاقێك لە دەرەوەی کوردستان کراوە، بۆیە بە بۆچوونی بەندە وەخت گرتنی ئەو مەرامە گرنگە تاریخیەی ئێســتا ئێمە بۆی کۆبووینەتەوە بە نوقتەی نیزامی ئێرە و نوقتە نیزامی ئەویٚ نەبێتە ئەوەی فراکســیۆنێك یا یەکێکی تر زیاتر پێی خۆشـــە، بلێن بژێوی ژیانی خەڵکی چاك بکرێ ئەمە ئەرکی ئەخلاقی نیشــتمانی ســیاســی هەموو ئەندامێکی پەرلەمان و هەموو فراکسـیۆنەکانی حکومەتی هەرێمی کوردســتانە کە بژێوی خەڵکی کوردســتان غەســپە لە ســەری چاکی بکات، ئێمە بە تەئکید ئەم پەرلەمانە کاتێك دیاری دەکات، بۆ ئەوە، بەڵام زۆر گرنگە کە ئێســتا هەموو خەڵکی کوردســتان لەوانەیە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان خەڵك ڕاستەوخۆ سەیری دەمی ئێمە بکەن، زۆر گرنگە ئێمە ئەو مەسەجە موهیمەی بۆی کۆبوینەتەوە جاریٚ با هەوڵ بدەین ئەو کاتە لە خزمەتی خەڵکا بین، بە تەئکید مەسەلەی بژێوی خەڵك نوقتەی سەرەکی ئەبێت زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

حەز دەکەم بۆ دڵنیایی ئێوە، دانیشـــتنی تر حەتمەن دەبێ، دەبێت بڕوامان هەبێت ئەمە دانیشـتنی سـەرەتایەو دەسـپێکێکی باشـە، بەڵام ناکرێت وا تەفسـیر بکرێت دانیشـتنی تر نابێت دانیشـــتنی تایبەت زۆر گرنگە بکرێت، داوا دەکرێت حەز دەکەم لەبەر دڵنیایی ئێوە یانی ئەوا دەســـپێکی پەرلەمانە جاوەڕوانی دانیشـــتنی زیاترو چڕو پڕوو کاتی زیاتر بدەینە گشـت پرسـەکان، پرسی بژێوی خەڵك پرسێکە ناکرێت نکۆلی لێ بکرێت، ناشـکرێت پەراوێز بکرێت، بەڵام ئەمڕۆ تەرکیزە لەسەر ئەو پرۆسەی دەستتان خۆش بیت بۆ ئەو ریفراندۆم و راپرسیە. فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەو کاتەی مەجال درا بە پەرلەمانتارێك کە مووداخەلە بکات نوقتەی نیزامی نەبوو، نوقتە نیزامیەکەی من ئەوەیە، ئەگەر دەرگای گفتوگۆ کراوەتەوە ئەوا با بخرێتە ڕوو، بەڵام ئەگەر نوقتە نیزامی نیە و، مەجال ئەدرێت ئەوا وابزانم شتێکە مخالفە و سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك (سالار) نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان .**

لەراســتیدا ئەگەر قســە لەســەر نوقتەی نیزامی بێ ئەبێ لە دەســتپێکی دانیشــتنەکەوە تاوەکو گفتوگۆی و تا ئەم ساتە وەختە سـەرلەبەری بڵێی بەپێی ماددەی ئەوە، چونکە هەر کەســێك باســی پەیڕەوی و نوقتەی نیزامی بکات، ئەبێ پشـــت ببەســتێ بە ماددەیەکی پەیڕەوی، بۆ نموونە ئەگەر عەرزی جەنابت بکەم بەپێی چ ماددەیەك لە دەســـەڵاتەکانی ســـەرۆکی پەرلەمانا کە (ســێزدە) صــەلاحیاتی بۆ دیاری کراوە، لە کامیانا بۆی دیاریکراوە، بەبێ بوونی وتار لەناو بەرنامەی کاردا بخوێنێتەوە، یان بەپێی مادده (19) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان (3) دەسەڵات بۆ سکرتێری پەرلەمانی کوردستان دیاریکراوە، بە پێی چ بڕگەیەك دیاریکراوە، کە لایحەیەك بکرێتەوە یان بە پێی مادده (54) بڕگە (6) دەسـەڵات دراوە بە سـەرۆکی فراکسـیۆنەکان بەر لە (24) سـەعات وتاری خۆیان بدەن بە ســـەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ ئەوەی داخلی بەرنامەی کار بکرێت، بەڵام لە ئێســـتادا ڕێگە دەدرێت بە هەموو ســـەرۆکایەتی فراکســـیۆنەکان کە وتار بخوێننەوە لە کاتێکدا هەموو ئەمان پێشـێلکاری پەیڕەوییە، بۆیە من پێم باشــە بە پشــت بەســتن بە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردســـتان ئەگەر ئەم بابەتە قابیلی گفتوگۆیە دەرگا بکرێتەوە بۆ ئەندامانی

پەرلەمانی کوردســـتان گفتوگۆ بکەن لەســـەر ئەم بـابەتە کە بە دڵنیـاییەوە بـابەتێکی چارەنووس ســازە، بەڵێ راســتە فراکســیۆنەکان وەك عورفێکی پەرلەمانی وەك عورفێکی ســیاســی لائیحەێکیان ئامادە کردووە تێکرای فراکســیۆنەکان وەکو مەبدْ لەگەڵین، ئەوانە لێرە حزوریـان هەیە، بەڵـام ئـایە ئەمە قـابیلی گفتووگۆکردنە یـان نـا، بۆئەوەی هەموو ئەقلەکان لە دارشـــتنەوەی کۆتای تیایدا بەشـــداربن پێروام وایە ســـەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، یان سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان دەرگای گفتوگۆ بکاتەوە، سەرۆکایەتی لیژنەی قانونیش پێشنیارو تەرحەکانی ئەندامانی پەرلەمان وەربگرن، بۆ ئەوەی گەڵاڵەیەکی جـدی ئەم بـابەتە بکرێـت، چونکە ئەم بـابەتە قـابلی گفتوگۆیەکی هەمەلـایەنەیە و مەسەلەیەکی مەسیرییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان دیارە عورفەك لەناو کوردستاندا لە ئارادا بووو بەڕێوە چووە، بە پێی ئەو عورفەش زۆر جار لە پرسـی وا گرینگ دەبوا زەمینە سـازیەکی باش بکرێت لە نێوان فراکسـیۆنەکان، ئەمرۆش خۆشـبەختانە و خۆشـحاڵانە ئەم زەمینە سـازیەکراوە، وە ئەو دەرفتەی کە ئامادە کراوە ئەوە ڕەنجی چەندین سـەعات بووە لە نێوان فراکسـیۆنەکان، لە هەندێك مەسـەلە لەمـانە بە وردی داڕێژراون، یەنی ئەوەهـا نەبووە تێبینی هەبونە، لە ڕۆڵی ئەنـدامـانی پەرلەمان کەم ناکاتەوە ئەمڕۆ ئەو دەرفتە بەم شـــێوازە داڕێژراوە، دڵنیامە ئێمە چەندین ســەعاتی تریش مناقەشــە بکەین هەر جارێکی تر بێینە ســەر ئەم بابەتە ڕەنگە لە هەندێ وشـــە ئاڵوگۆری بکرێتن، بەڵام ناوەڕۆکەکە زۆر بە بـاشـــی هـاتووە، بە هەر حاڵ ئەوەی مناقەشەکرا دڵنیامە بە تێرو تەسەلی بوو، یەعنی ئێمە لە سەرەتا داوایان کردبوو (3 ) دەقە بە هەر فراکسـیۆنێك بدرێتن، لە سێ دەقە زیاتر قسـەیان کردووە، لەبەر ئەوە ئەو دەرفتە لای بەڕێزتان کۆتاییەکەیە، چونکە لەســـەرەتا هەندەکی ئەوەی کاك (خەلەف) باســـی کرد راست بکرێتەوە، راست کراوە ئەوە لە جیاتی ئەو خاڵانەی خوارەوە پەسەند کرا ئەوە ڕاست کراوە، بەڵێ ئیســـتا دووبارە بۆتان دەخوێنینەوە وە دواتر داوادەکەین ڕێکاری یاســـایی و پەیرەوی لەســـەر ئەنجام بدرێت، هەر بەناوی راسـپاردە، ڕاسـپاردانەی کۆمسـیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی بۆ ئەنجام دانی ڕاپرسی سەربەخۆیی کوردستان.

یەکەم: پەرلەمـانی کوردســـتـان کۆســـیۆنی بـاڵای ســـەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرســـی رادەسپێریتن کە ڕۆژی (دووشـەم) بەرواری 2017/9/25 لە هەرێمی کوردسـتان و سـەرجەم ناوچە کوردسـتانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم راپرسی بۆ پرسی سـەربەخۆی کوردسـتان ئەنجام بدات.

دووەم: پەرلەمانی کوردســـتان هەموو ئەو ڕێکارانە پەســـەند دەکات کە کۆمســـێنی باڵای ســـەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرســـی و گشـــت لایەنە پەیوەندی دارەکان گرتویانە بەر بۆ سەرخستنی پرۆسەی ڕیفراندۆم .

سێیەم: کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی سەبارەت بە میکانیزمە یاساییەکانی بەڕێوەبردنی پرۆسەی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان پشت دەبەستێت بە یاسای هەلبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەمواركراو هەروەها یاسای کۆمسێنی باڵای سەربەخۆیی و ڕاپرسی ژمارە (4)ی ساڵی(2014) وە هەر یاسایەکی دیکەی پەیوەندیدار.

چوارەم: پەرلەمانی کوردســـتان لایەنە پەیوەندیدارەکان ســـەرپشـــك دەکات بۆ گرتنە بەری هەر ڕێکارو بڕیارەك بۆ دەستەبەری مافی چارەنووس و تەواوی مافەکانی گەلی کوردستان بە جۆرەك لە پرسە چارەنووس سازەکاندا بگەڕێنەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسیش رادەسپێرێت بۆ هەماهەنگی لەگەڵ ئەم لایەنانە.

پێنجەم: ئەو راســـپاردانەی کە لە خاڵەکانی ســـەرەوەدا هاتوون تایبەتن بە (ڕیفراندۆم) ی ڕاگەێنراو لە 2017/9/25 دیارە بەڕێزان ئەمانە بە باشـــی گفتوگۆی لەســـەر کران وە ئەم ڕێکارانەی دڵنیامە ئەوەی کۆمســـیۆن گرتینیە بەر ڕێکاری (کارگێری) و (لۆجســـت)ینەو بە

ئەنزیمە دەرکراون لەوانە چاککردنەوەی پســـوولەی دەنگدان، داوا لە ئێوە بەڕێز دەکەین لەسەر ئەم (5) خاڵانە دەنگ بدەن. نوقتەی نیزامی، بەڵێ (ڕێواس) خان فەرموو.

**بەڕێز ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

عورفەن لێرە وا رۆیشـــتووە وابزانم خاڵێکیشـــە لە پەیڕەو بەڵام بە داخەوە پەیڕەوم لانییەو خاڵەکەشـــم لەبەر نییە، کە دەرفتەکە ئەخوێنرێتەوە عادەتەن ســـەرۆکی لیژنەی یاســـایی، لیژنەی یاســـایی بەڕێز یان دەرفتەکە ئەخوێنێتەوە دوای ئەوە حەق ئەدرێ بە ئەندامانی پەرلەمان گفتوگۆ بکەن، لە جانبی یاســایی دەرفتەکە، ئەو قســانەی کە ئێمە گوێمان لێبوو زیاتر قسەی سیاسی بوون بۆ ئەوەی بێ کێشە لەم بابەتە بێینە دەرەوە دواتر برادەرەکانمان نیگەران نەبن لەوەی، یان هەمووومان نیگەران نەبین لەوە کە دەرفەتمان نەدرایە  قســـە بکەیـن، مـن داوا دەکەم دەرفەت بە چەنـد پەرلەمـانتـارەك بـدەن بـۆ ئەوەی لەدوای خوێندنەوەی قسـە بکەن، وە ئەگەر پێویسـتی بە چاکسـازی بوو بەڕێزان لە لیژنەی یاسـایی قسە بکەن، دواتر بخرێتە دەنگدان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دیارە رای لیژنەی یاسایمان وەرگرتبوو کە ڕەزامەندیان لەسەر درافتەکە دەربڕیبوو لە ڕووی یاسایی بەڵێ،(ئامینە)خان خاڵی نیزامی.

**بەڕێز ئامینە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز ســـەرۆکی پەرلەمان تکایە پێش ئێخســـتنا دەنگدانێ هەم بۆ پرۆتۆکۆلێ هەم ژ بۆ ڕاگەهاندنا دیار بکەن ژمارەی ئەندامان چەندە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرجەم ئەندام پەرلەمانتار (68)کەس لێرە حازرن، ئەوە بوو ئێمە حازرمان کردبوو لە کۆتای و لە دوای دەنگدان ئاماژە بە ژمارەکان بکەین. بەڵێ (تەڵار) خان خاڵی نیزامی.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابت هەر لە ســـەرەتا ئەوەی کە وتاری ســـەرۆك فراکســـیۆنەکان خوێنرایەوە دەرگای گفتوگۆت کردەوە، بەڵام خەریك بوو ناو بنوســـرێت ناوەکان تەواو نەکرا بۆیە گرینگە ئەو میکانیزمە پەیڕەویە جێبەجێبکرێت، وە دواتر ئەگەر لیژنەی قانونی جارێکیکە سیاغەیکەنەوە چونکە بەڕاستی ئێمە قسەمان هەیە، ئەم بەرنامەیە ئەم میکانیزمانە ئێستا گەیشتۆتە بەر دەسـتی ئێمە وە ئێسـتا ئێمە قسـەمان هەیە لەسـەری گرینگە لە پێشـا، ئایە پەرلەمانتاران قسەیان هەیە لە سەری وە گفتوگۆ بکەن، وە ئەگەریش نەبوو ئەوسا بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دیارە ئەوانەی دەستیان بەرزکردیە بۆ خاڵی نیزامی زۆرن، بەڵێ (کەژال)خان.

**بەڕێز کەژاڵ هادی فقێ:**

**بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی ئەو ژماردنەی ئێمە ژماردمان (70) ئەندام پەرلەمانتار لەناو پەرلەمان ئامادەیە، ببورن (68)ن، گرفت لەوەدا نییە تەواو.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ حاجی (کاروان) خاڵی نیزامی .

**بەڕێز کنعان نجم الدین (حاجی کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێ هەڵەی یاســایی لەناو ئەو بڕگانە هەیە، وا باشــە بڕگە بڕگە بێینە ســەری و دەنگی لەسـەر بدەین ،بە پێی یاسـای پەرلەمانیش هەر وایە هەتا ئەگەر راسـپاردەش بێت هەموو

پێکەوە دەنگی لەســـەر نـادرێ بۆیە ئەگەر یەك یەك بێینە ســـەری، و بەعزێ مڵاحەزاتی یاسـایی هەیەن چونکە دوایی توشـی ئیشـکالی یاسـایی ئەبین، ئەگەر بڕگە بڕگە بێت لەوە ئەچێ باشتر بێت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ تێبینی بەڕێزت، فەرموو کاك (هەرسین).

**بەڕێز ئاری محمد هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمن ئەگەر حیزبە سـیاسـیەکان لەدەرەوەی ئەم پەرلەمان بەیەکەوە دانەنیشـتوون، هیچ کۆبوونەوەیـان نەکردووە، ئیتیفـاق لەبەینیـان نەبووە بە شــێوەی عەشـــوائی خەڵـك لە ســـلێمانی و هەڵەبجە و زاخۆ لە دهۆکەوە هاتوون لەم ژوورەیا کۆبۆتەوە ئەوە پێویســـتە ئەم جەلەسـەیە هەڵبگیریت، بۆ ئەوەی حیزبە سـیاسـیەکان و جارێ مەکتەبی سـیاسـیەمان بەیەکەوە دابنیشـــن، ئەگینا ئەگەر ئەم تەوافوقە کراوە ئەندام پەرلەمانتارێکی بەڕێز چۆن ئەتوانێ بڵێ ئێستا گەشتۆتە دەستم، زۆرسوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

حەز ناکەم برادەرەك وەڵامی برادەرەکی تر بداتن باهەریەك دەربڕین لە ڕای خۆی بکاتن من پێم باشە، بەڕێز کاك (تحسین) نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز تحسین دۆلەمەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەدارشتنی ئەم بڕگانە بە دڵنیاییەوە هەموو فراکسێۆنەکان بەشداربوونە تیایدا لەبەر ئەوە من بە پێویستی نازانم کە گفتوگۆی لەسەر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

(د..ڤاڵا ) وەڵام یان تێبینی فەرموو.

**بەڕێز ڤاڵا فرید براهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ تێبینیەك لەســـر (5) خاڵەکە نییە، دوا لە بەڕێزتان دەکەم کە هەر (5) خاڵەکە بە یەك پاکێج بخرێتە دەنگدان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (حاجی کاروان) ئەوە ماددەی (74)ە دیارە دەتوانی یەك بابەتە پێکەوە بخرێتە دەنگدان، بەڵام گفتوگۆی ئەوە بە شـێوازێکی کراوە لەسـەر کۆی بابەتەکە کراون، ڕیزبەندیەکە تەنیا بۆ ئەوە بوو تێگەیشـــتنەکی زیاتر دروســـت بکات لەو بابەتە، نوقتەی نیزامی کاك (باپیر) دواتر کاك (فرست).

**بەڕێز باپیر کامڵا سلێمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە نە یاساییە و نە بڕیارە، ئەوە ڕاسپاردەیە پێویست ناکات بڕگە بڕگە بێ، بە یەك پاکێج ئەوە چارەسەرە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە ڕاستە ئاماژەمان پێکرد دیاری کردووە، یەك خاڵی تری نیزامی وەردەگرین دواتر داوای خـاڵی نیزامی نەکەن، دواتر دەربـاز دەبین بۆ ئەو لیژنەی یـاســـایی درافتەکە لە دوای تێبینیە کانی ئەوە دوای ڕاســـت کردنەوە دووبارە دەخوێنینەوە دەیخەینە دەنگدان، بەڵێ کاك (سالار محمود) فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاســـتیدا بە پێی بەرنامەی کار، بەپێی عورفی پەرلەمانی کاتێك بەرنامەی کار دەخرێتە بەردەم ئەنـدامـانی پەرلەمـانی کوردســـتـان بە پێی مـاددە (54) بڕگەی پێنجەم دەبێ بخوێندرێتەوە، وە گفتوگۆی لەســـەر بکرێت ئینجا بخرێتە دەنگدانەوە، ئەگەر ئەمە نەکرێ ئەمە پێچەوانەی پەیڕەوە، لەبەر ئەوە ئەم قسە قسـەیەکی پەیڕەوییە، ئەگەر قسـە لەسـەر ئەوەیە ئەم پەرلەمانە رۆڵێکی تەواو کارتۆنی لە پرســـە چارەنووس ســـازەکان ببینێ ئەمە بابەتێکی ترە، ئێمە هاتووین بۆ پەرلەمانی کوردســـتان دەمانەوەێ پەرلەمانی کوردســـتان رۆڵی کارای خۆی ببینێت، من سەیرم پێدێ ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان نەیەوێ بەپێی پەیڕەو گفتوگۆ لەسـەر مەسـەلەیەکی چارەنووس سـاز بکات، وە خۆی ڕۆڵێکی چارەنووس سازی هەبێ پەیوەندی بە چارەنووسی میللەتەکەمانەوە هەیە، لەبەر ئەوە هەر بابەتێك کە قســەیەك بێت بۆ ســوکایەتی بۆ تێڕوانینێکی پەرلەمان بۆ ڕۆڵی پەرلەمانی کوردســتان لە پرسە چارەنووس سازەکانا ئەمە دەبێ سەرۆکایەتی پەرلەمان ڕێگەی پێنەدات، لە بایەخی ســـەرۆکایەتی و لیژنەی قانونی و ئەندامانی پەرلەمان بێت، لەبەر ئەوە ئەم بابەتە قابلی گفتوگۆنە، بەڵێ راســـتە ئیجماعێك لەســـەرئەم درافتە هەیە، بەڵام ئێمە هاتووین لێرە دانیشـــتووین بۆئەوەی گفتوگۆی لەســـەر بکەین نەهاتووین تەنیا دەســـت بەرز بکەینەوە بەڵێی بۆ بکەین. من پرســـیارێك لە جەنابی ســـەرۆکی پەرلەمان دەکەم ســـبەینێ ئەگەر (ریفراندۆم) نەکرا؟ یان کێ مافی تەئجیلکردنی ڕیفراندۆمی هەیە؟ کە ئێســـتا لە ئاســـتی دەرەوە کە ئەڵێن مەتبەخی سیاسی یان حیزبە سیاسیەکان گفتوگۆ و دانووستانێکی جۆر و جیاواز هەیە لەسەر ئاستی (کوردستان) و (عێراق)، لەسەر ئاستی کوردستان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، نابێ پەرلەمانی کوردســـتان ڕێگە نەدات هیچ کەس و لایەنێك ئەو مافەی بدرێت کە ئێمە ئیقرارەنمان کرد کە ئیلتیزام بکات، بەم پرۆژە ڕاســـپاردەیەوە، لەبەر ئەوە پێویســـتە ئەندامانی پەرلەمان نەخشـــیان هەبێ لە دەوڵەمەندکردنی ئەم بابەتە، بەڵێ فراکسیۆنەکان، حیزبەکان ماندوبوون بەم ئامادەکردنی شتێکی لەم بابەتەوە، بەڵام تەئکید دەکەمەوە بە پێی پەیرەوی نـاوخۆ مـاددە (54) بڕگەی (پێنجەم) ئەو بـابەتەی لە بەرنـامەی کاردایە دەبێت گفتوگۆی لەسەر بکرێت ئینجا بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئیمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سـوپاس بۆ بەڕێز (سـاڵار محمود)، تکام وایە و داواش دەکەین وەڵامی یەکتر نەدرێت، وە هەر یەك دەربڕین لە ڕای خۆی بکات، وە پێشـتر دەربڕینتان لە ڕای خۆتان کرد، وە ئێمە بە تەئکیـد بە پێی ئیتیفـاقی فراکســـیۆنەکـان ئەو ڕێکـارانەمـان گرتە بەر، وە ئەو شـــێوازی گفتوگۆیەمان پەسەند کرد، بەڕێز(شیرین) خاڵی نیزامی.

**بەڕێز شيرين حسنى رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(شیرین حسنی) دیتنا من ئەڤ راسپادەت هاتینە داڕشتن نەش لایەکی کەسەکی ئیعتیادی ڤە هاتینە دانیشـتن بەلك و هەر ژ لایەك پەرلەمانتار ڤێ هاتینە دارشـتن سـەرۆکیت هەمی فراکسـیۆنا زور ڤێ فراکسـیۆنێ ل ڤێری ئامادەبوو ب چەندین دەم ژمێرا رینشـتینە خارحەتا ئەڤ راسـپاردە هاتینە دارشـتن و هاتینە نڤیسـین یت ڤەگەراین فراکسـیۆنێ خوەت لگەل فراکسـیۆنێ کۆم بووینە رەئیە هەمیا ئەندام پەرلەمانا هاتیە وەرگرتن لەسـەر ڤا ڕاسـپاردە حەتا هاتیە نڤیســـین ژبەر هەندێ ئەز دبینم کو رولێ پەرلەمانتارا هەمی تێدا دیارە کو ب دارشتنا ڤا ڕاسپارداندا پێویست ناکەتن جارەکی دی گفتوگو وە دەرگەهێ گەنگەشە بهێتە ڤەکرن بۆ ئەڤ خالێت هاتینە داڕشتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئیمێنکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر ســـوپاس بۆ (شـــیرین حســـنی) دەرگای گفتوگۆمان نەگرتووە و تەنیا بە پێی ئیتفاقی فراکسـیۆنەکانە، ئێمە وامان بە باش زانی ئەو بابەتە لەبەر ئەوەی بە تێرو تەسـەلی پێشـتر مناقەشـــە کرابوو، درافتەکە بخرێتە دەنگدان ئێســـتا داوا لە (د.ڤاڵا) دەکەین ئەو درافتە بخوێننەوە.

**بەڕێز.ڤالآ فريد ابراهيم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
راسـپاردنی کۆمسـیۆنی باڵای سـەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسـی بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسـی سەربەخۆیی کوردستان:
1-پەرلەمانی کوردستان کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی ڕادەسپێرێ کە ڕۆژی دووشـەمە بەرواری 2017/9/25 لە هەرێمی کوردسـتـان و سـەرجەم نـاوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم راپرسی بۆ پرسی سەربەخۆیی کوردستان ئەنجام بدات.
2-پەرلە مانی کوردسـتان هەموو ئەو ڕێکارانە پەسـە ند دە کات کە کۆمسـێنی باڵای سـەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسـی و گشـت لایەنە پەیوەندیدارەکان گرتویانەتە بەر بۆ سەرخستنی پڕۆسەی ڕیفراندۆم.
3-کۆمسـیۆنی سـەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسـی سـەبارەت بە میکانیزمە یاسـاییەکانی بەڕێوەبردنی پڕۆسـەی (ڕیفراندۆم) بۆ سـەربەخۆی کوردسـتان پشـت دەبەسـتێ بە یاسـای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردسـتان ژمارە (1) سـاڵی (1992) ی هەموارکراو هەروەها یاسـای کۆمسـیۆنی باڵای سـەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسـی ژمارە (4)ی (2014) وە هەر یاسـایەکی دیکەی پەیوەندیدار.
4-پەرلەمانی کوردسـتان لایەنە پەیوەندیدارەکان سـەرپشـك دەکات بۆ گرتنەبەری هەر رێکارو بڕیارێکی دیکە بۆ دەسـتەبەری مافی چارەنووسـوو تەواوی مافەکانی گەلی کوردستان بە جۆرێك لە پرسە چارەنووس سازەکماندا بگەڕێنەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان، کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسیش ڕادەسپێرێ بۆ هەماهەنگی لەگەڵ ئەم لایەنانە.
5-ئەو ڕاسپاردانە کە لە خاڵەکانی سەرەوەدا هاتوون تایبەتن بە (ڕیفراندۆم)ی ڕاگەیێنراو لە 2017/9/25 .
**بەڕێز جعفر ابراهيم ئیمێنکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
زۆر سـوپاس بۆ بەڕێز (د.ڤاڵا) سـەرۆکی لیژنەی یاسـایی، ئێسـتا کۆی ڕاسـپاردەکان دێخینە دەنگدان، ئەوەی ڕەزامەنـدی دەردەبڕێـت، بەڵێ فەرموون، تـازە خـاڵی نیزامی کۆتـاییـان پێهات. ئەوەی لەگەڵە دەستی خۆی بەرزکاتەوە (65) لەگەڵن، ئەوەی دژن کەس نییە دژ، بە زۆرینەی دەنگ راسپاردەکان پەسەند کران.
پیرۆزە لە پەرلەمانی کوردسـتان، پیرۆزە لە گەلی کوردسـتان، بڕیاری پەرلەمانی کوردسـتان لە کۆبوونەوەی نـائـاســـایی رۆژی (هەینی) بەرواری 2017/9/15 بە کۆی (65) دەنـگ پەسەندکرا. دووبارە پیرۆزە لە پەرلەمانی کوردستان و پیرۆزە لە گەلی کوردستان.

| | | |
|---|---|---|
| **فخرالدين قادر** | **جعفر ابراهيم ئێمینکی صادق** | **د. یوسف محمد** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی پەرلەمانی** | **سەرۆکی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق عێراق** | **کوردستان -** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (1)ی
شەممە رێکەوتی 23\9\2017
خولی چوارەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (1)
# شەممە رێکەوتی 2017/9/23

کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی شـەممە رێکەوتی 2017/9/23 پەرلەمانی کوردسـتان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی جێگری سەرۆك و، بەڕێز بێگەرد تاڵەبانی سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (1)ی خولی چوارەمی, ساڵی (2017) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکـانی بڕگە (1)ی مـاددە (20) لە پەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هەموارکراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی کوردسـتان - عێراق, دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا کاتی دانیشـتنی ژمارە (1)ی خولی بەهارەی سـاڵی پێنجەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی شەممە رێکەوتی 2017/9/23 دا بەم شێوەیە بێت:

یەکەم: خوێنـدنەوەی یەکەم بۆ ئەم پرۆژە یـاســـایەنەی خوارەوە بەپێی مـاددەی (71) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ی ساڵی 1992 ی هەموارکراو.

-پرۆژە یاسـای راگرتنی کارکردن بە یاسـای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (9)ی سـاڵی 2008 لە هەرێمی کوردستان – عێراق لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان.

-پرۆژە یاسـای درێژکردنەوەی کارکردن بە یاسـای تیرۆر ژمارە (3)ی سـاڵی 2006 لە هەرێمی کوردستان لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان.

دووەم: دەست لەکارکێشانەوەی ئەم ئەندامە بەڕێزانەی خوارەوە بەپێی خاڵی (1)ی بڕگەی (1) ماددەی (30) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردســـتان ژمارە (1)ی ســـاڵی 1992 ی هەموارکراو:

-دەست لەکارکێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (عمر صالح عمر فارس) لە ئەندامیەتی پەرلەمانی کوردستان.

-دەســـت لە کار کێشـــانەوەی ئە ندامی پەرلە مان بەڕێز (بەیار تاهر ســـعید دیوانی) لە ئەندامیەتی پەرلەمانی کوردستان.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردسـتان دانیشـتنەکەمان دەسـت پێ دەکەین خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی چوارەم، دانیشتنی ژمارە (1) رۆژی دانیشتن 2017/9/23 بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمە کانی بڕگە-(1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلە مانی کوردســـتان – عێراق ژمارە (1)ی سـاڵی 1992ی هەموار کراو، دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا کاتی دانیشـتنی ژمارە (1)ی خولی پاییزەی سـاڵی چوارەم لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمـان لە کـاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆ رۆژی شـــەممە رێکەوتی 2017/9/23 بێـت و بەرنامەی کاری دانیشتنەکە بەم شێوەیە بێت:

یەکەم: خوێنـدنەوەی یەکەم بۆ ئەم پرۆژە یـاســـایەنەی خوارەوە بەپێی مـاددەی (71) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ی ساڵی 1992 ی هەموارکراو.

-پرۆژە یاسـای راگرتنی کارکردن بە یاسـای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (9)ی سـاڵی 2008 لە هەرێمی کوردستان – عێراق لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان.

-پرۆژە یاسـای درێژکردنەوەی کارکردن بە یاسـای تیرۆر ژمارە (3)ی سـاڵی 2006 لە هەرێمی کوردستان لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان.

دووەم: دەست لەکارکێشانەوەی ئەم ئەندامە بەڕێزانەی خوارەوە بەپێی خاڵی (1)ی بڕگەی (1) ماددەی (30) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 1992 ی هەموارکراو:
-دەست لەکارکێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (عمر صالح عمر فارس) لە ئەندامیەتی پەرلەمانی کوردستان.
-دەست لەکار کێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (بەیار تاهر سعید دیوانی) لە ئەندامیەتی پەرلەمانی کوردستان.
بەڕێزان دەست بە بڕگەی یەکەم دەکەین خاڵی نیزامی هەیە فەرموو بەڕێز کاك شێرکۆ:
**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفی:**
**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ئێمە وەکو فراکسیۆنی یەکگرتوو لە 9/17 دوو پرۆژە بریارمان پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان کرد بۆ هەڵوەشاندنەوەی پاشکەوەتی مووچە، بریاری پاشەکەوتی مووچە و جێگیر کردنی سیستەمێکی هاوسەنگ بۆ مووچە خۆرانی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، ئێمە لە 17/ 9 ەوە ئەوەمان پێشکەش کردووە و بەپێی ماددەی 71 ی پەیڕەوی ناوخۆی، داوا دەکەین کە ئەمڕۆ بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی پاشەکەوتی مووچە بخرێتە بەرنامەی کارەوە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ کاك دکتۆر شێرکۆ، پەلەت کرد، ئەگینا ئێمە ئەو باسەمان دەکرد، باسی ئەم دانیشتنەمان دەکرد، دیارە لەم بارەیە بیرۆکە پێشکەش کراوە، پرۆژە پێشکەش کراوە، بەتەئکید بەڕێزان ئەم دانیشتنە خۆی لەخۆی وا تەرخان کرابوو دانیشتنەکی تایبەت بێت بۆ پاشەکەوتی مووچە و سیستەمی مووچە، لەبەر ئەوەی لە دانیشتنی 20/ 9 ی ئەم مانگە شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز قوباد تاڵەبانی و شاندە یاوەرەکەی کە شاندەکی پایەبەرزی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو و لە پەرۆشیان لەسەر بانکهێشتی پەرلەمان ئامادە بوون لە دانیشتنێکی چوار سەعاتی دا لەدوای تاوتۆی کردنی ئەو بابەتە بە بەرفراوانی و بەتێروتەسەلی ئەو تێگەیشتنە دروست بوو، ئەم بابەتە رەهەندێکی دارایی هەیە، پێشتریش هەرچ بابەتێك رەهەندی دارایی هەبووبێت چاوەروان کراوە پێکەوە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەئامادەبوونی ئەوانەوە، ئەو بابەتەیان یەکلایی کردۆتەوە، ئەم بابەتەش دیارە رەهەندێکی دارایی تێدایە و ئەو شاندی حکومەتەش لەو دانیشتنەی ئەو رۆژە بەو شێوازە ئەو تێگەیشتنە دروست بوو کە جارێ حکومەت حازر نییە بۆ ئەوەی بڕیارەکی یەکلاکەرەوە لەو بارەوە بیدات، دیارە ئامادەکارییەکانی ئەوان بەردەوامە هەم لەسەر هەڵوەشاندنەوەی پاشەکەوت، هەم لەسەر ئەوەی بەدیهێنانی سیستەمێکی دارێژراو بۆ مووچە، ئەو تێگەیشتنی لەو کۆبوونەوە دروست بوو، بەراستی ئەو قەناعەتە بۆ ئێمەش دروست بوو، ئێمە لەم رۆوە هەر دانیشتنێکی پەرلەمانی بکەین، شاندی حکومەت حازر نەبی، یان نوێنەرانی حکومەت حازر نەبن، دانیشتنێکی مونتج نابێ، بەرهەمدار نابێ، ئێمەش وامان بەباش زانی ئەو بیرۆکانەی پێشکەش کراون بە ئێمە دەستەی سەرۆکایەتی ئەو بیرۆکانە دەرفەتتان پێ دەدەین بخوێندرێنەوە، بەراستی فراکسیۆنەکان رۆڵی خۆیان بینی، لەبەر ئەوەی ئەم بابەتە تەنیا رەهەندی دارایی نییە، رەهەندی نیشتمانی سیاسیشی تێدایە، لەبەر ئەوە دەرفەتمان بە فراکسیۆنەکاندا ئەو رۆژە تێروانینی خۆیان بۆ پرسی مووچە و بۆ پاشەکەوتی مووچە

پێشکەشیان کرد، بەراستی زۆر بەووردی ئەو کۆبوونەوەیان دەوڵەمەند کرد، یانی شاندی حکومەت سوپاسی کردن، و بەدەوڵەمەندی لەو کۆبوونەوە دەرچوون، دەتوانم بڵێم چەندین پرۆژە پێشکەش کران، و لیژنەکانی پەرلەمانیش زۆر بابەتیانە هاتنە ناو ئەو بابەتە، دڵنیام لەوەی ئەو بڕیارەی شاندی حکومەت وەریگرتیە و هەر لە دانیشتنەکەدا وەریانگرت، کە لەمەودوا بۆ پێداچوونەوە و بەدواچوونەوەی پرسی پاشەکەوتی مووچە پەرلەمانی کوردستان لە رێگای ئەو لیژنە پەیوندیدارانە هەر پێنج لیژنەکە بەشدار بن لەگەڵیاندا لەمەودوا، ئەوان هەشت کۆبوونەوەیان ئەنجامداوە تا ئێستا شاندی حکومەت، و وامان بەباش زانی لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمانیش، لیژنەی دارایی، لیژنەی ووزە، لیژنەی یاسایی، لیژنەی دەستپاکی، ولیژنەی بازرگانی و بەرگریکردن لە مافی بەکاربەر، هەر پێنج لیژنە بەشدار دەبن لە کۆبوونەوەکانی داهاتوودا، خۆی لەخۆیدا هەنگاوێکی سەرەتایی و دەسپێکی زۆر گرنگ بوو بۆ ئەو هەماهەنگییەی لەنێوان پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی لەمەڕ ئەو پرسانەی بژێوی خەڵکی کوردستان، دەرفەتتان دەدەینێ بۆ ئەوەی زیاتر و بەرچاوروونکردنەوەیەکی زیاتر بە ئەندامانی پەرلەمان بدەن، کە لەو دانیشتنە ئەگەر ئامادە نەبوون ئەوانیش ئاگاداری تەفاصیل ببن، و لەو بڕگەدا ئەوەی بووەتە بیرۆکەکان، داواتان لێ دەکەین بیرۆکەی خۆتان پێشکەش بکەن، کاك مەلا نوقتەی نیزامی فەرموو.

**بەڕێز انس محمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

واللە هەر لەو تەوزیحەی جەنابێتە دای لسەر بابەتێ وەك لیژناکا موختەص کو لڤێرێت حازر، و هەروەصا فراکسیۆنا پارتی کو لوێندەرێ خەمخۆرا میللەتێ بووە، وەکو هەر فراکسیۆنەکا دەڤی لپەرلەمانیدا حارز بوی، قەد بابەتی مووچەی، بابەتەکی وەصەیا ئەم هەمی خەمی ژدخۆین، وەك بیرۆکە هاتینە تەرح کرن وەك پەرلەمان، ئەم حەز دەکەین پتر، زێدەتر لسەر خەتێ بن لسەر وی بابەتێ بێتە کرن کو بابەتێ پاشکەوتێ نەمێنی ومەصیری پاشەکەوتێ ئەو بیرۆکا وەك لیژنا پەرلەمانێ دایێ ببتە حساب بچێتە سەر رصیدی هاووڵاتێ، کو هەتا ئەگەر رصیدەکی مجمدیش بێ وحەقی وێ نەیەتە خوران و پتر داکۆکی لەسەر وێ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك سهراب.

**بەڕێز سهراب ميكائيل محمدامين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمنیش ژگەل هەندێمە بەراستی کو هەر بابەتەکی رەهەندی دارایی هەبێ و هەماهەنگی هەبێ لەگەڵ حکومەتێ، ژبەرهەندێ و پشتگیریا د. شێرکۆ دەکەم، و خالەکا ژپەیرەویا دکتۆر دیڤ ماددەێ (54) پەیڕەوی ناوخۆ خاڵا دووێ ژ هەر دە ئەندام پەرلەمان بۆیان هەیە داوا بکەن ببێتە بابەتەکا گشتی پەرلەمانێ، فراکسیۆنا مە وەك دکتۆر باسی کرد ئەڤ پرۆژە بڕیار و هەر دە ئەندام پەرلەمانا پێشکەشی دەستەی سەرۆکایەتی کر، خاڵا دیفدا دکتۆر مدڤێت ئاماژە پێبکەم بژێتن خاڵا سێ تەبعەن هەر لە مادده (54) دووەم خاڵا دبژێت لە حالەتی رازینەبوونی دەستەی سەرۆکایەتی لەسەر خستنەڕووی بابەتەکە، لەپەرلەمانەوە و سووربوونی رای هەر دە ئەندامەکە داواکاریان دەدرێتە پەرلەمان بۆ دەنگدان لەسەری، ئینجا ئێمە داخاز دکەین ئەڤ بابەتە لەپەرلەمانێ بێتە یەکلایکەرەوە و فراکسیۆنەکان تێدا بەشدار بن کو بابەتی مووچەی گرنگی پێ بدرێ لە پەیڕەوی ناوخۆ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو مەلا غەریب.

**بەڕێز مەلا غەریب مصطفى حمەخان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (54) پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، خاڵی یەك بڕگەی سێ، لەم کارنامە هاتووە لە خاڵی یەکەم بڕگەی دووەمیان، درێژکردنەوەی کارکردن بەیاسای تیرۆر، ساڵی 2014 ئەو کاتەی یاسای تیرۆر جارێکی تر درێژکرایەوە لەپەرلەمانی کوردستان، گفتوگۆیەکی چڕوپڕی لەسەر کرا، بڕیاری ئەوە درا لە کۆتاییدا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە خرایە دەنگدان و دەنگیشی هێنا و کە بە ئیتیفاقی سەرۆکی فراکسیۆنەکان لەماوەی پێنج مانگ پرۆژە یاسایەکی نوێ ئامادە بکرێ بۆ ئەوەی یاسای تیرۆر هەموار بکرێ، ئەوسا درێژبکرێتەوە، ئەو بابەتە لێرە ئاماژەی پێنەکراوە، لەکاتێکدا یاسای تیرۆر بۆتە مەینەتێکی گەورە بۆ بەشێکی لە هاووڵاتیانی ئەم هەرێمەی ئێمە، خەڵکێك بە ناحەق لە ئەنجامی ئەو مەتاتی بوونەی یاسای تیرۆر هەیەتی گرفتار بوون، لەبەر ئەوە من پێشنیازی ئەوە دەکەم پرۆژە یاسای دریژکردنەوەی کارکردن بە یاسای تیرۆر ئاوای لێ بکرێ، درێژکردنەوە و هەموارکردنی کارکردن بە یاسای تیرۆر، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ ئەو تێبنیە دوایی ئەمە ئاراستە دەکەین بۆ لیژنە پەیوەندیدارەکان، بەتایبەتی لیژنەی یاسایی، ئەمە تەنها خوێندنەوەی یەکەمە، لەوێ لەکاتی گفتوگۆ کردن ئەو پێشنیارەی هەتانە پێشکەشی بکەن و گفتوگۆی لەسەر دەکەین و هەموو پێشنیارێك کە پشتیوانی لێ بکرێتن دەخەینە دەنگدان، ئێستا تەنیا ئاراستە کردنە، فەرموو کاك خلف

**بەڕێز خلف احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان 24 کاتژمێر بەر لەدەستپێکردنی کۆبوونەوە، پەرلەمانتار بۆی هەیە بیرۆکە پێشکەش بکات لەسەر هەر بابەتێك کە بیەوێ قسەی لەسەر بکرێ، لەسەر ئەو بابەتە بیرۆکە تەقدیم کراوە لەسەر سیستەمی پاشەکەوتی مووچە، ئەگەر قەرارە قسەی لەسەر بکرێ، ئێمە هەموومان قسەمان هەیە لەسەر پاشەکەوتی مووچە، ئەگەر نا با گوێ لە بیرۆکەکان بگرین، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

نەخێر بۆ بیرۆکەکان دواتر باسی لێ دەکەین، بەرنامەی کار تەواو دەکەین، ئەو بڕگانە تەواو دەکەین، دەرفەتتان دەدەین کە قسە بکەن و گوێتان لێ رادەگرین و دووبارەش دەکەمەوە، یانی بابەتی پاشەکەوت گرفتێکە، حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی داوە ئەو گرفتە بەو شێوازەی هەیە چارەسەر بکات، تێگەیشتنێکی وا دروست بووە خۆشبەختانە لەنێوان پەرلە مانتار وحکومەتی هەرێمی کوردستان، خەڵکی کوردستان دەبێت مەسەلەی پا شەکەوت بە شێوازێکی تر عیلاج بکرێت، بەو شێوازەی تا ئێستا عیلاج کراوە دیارە گونجاو نەبووە، دیارە سەرکەوتوو نەبووە وەکو پێویست، گلەیی هەیە لەسەر ئەو شێوازەی کە پاشەکەوتی پێ یەکلایی بۆتەوە، هەروەها تەموحەکی زۆر باش هەیە ئێستا کە سیستەمێکی باشتر و مودێرن بۆ مەسەلەی مووچە بەدیبهێنرێت، ئەوەش ئیشی لەسەر

کراوە، پەرلەمانی کوردســـتانیش بەشـــدار دەبی لەو گفتوگۆیانەی کە لەمەودوا ئەنجام دەدرێت، بەڵێ ئامینە خان فەرموو.

**بەڕێز ئامینە زکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لگۆر ماددەی (54) هیچ دانیشـــتنەك بێ بەرنامەی کار پیشـــەوەختیا نایەتە کرنێ، هیچ ماددەیەك ژێ هیچ برگەیەك زێدە نابێتن ئەگەر بەرنامەی کاریدا نەهاتبێتن، جا بۆ ئەوەی بەحسـێ بیرۆکە بکتن و بەحسـێ ئەوە دکا کو موناقەشـە لسـەر پاشـەکەفتێ مووچە بێتە کرنێ، ئیسـتا چەند پرۆژا هاتیە ئەنجامدان بەس مادام نەهاتیە لبەرنامەی کار و ئێ خوێندنا یەکێ نەهاتیە کرنێ، گفتوگۆ کردن لەسەر وی بابەتێ بەرای من تشتەکی زێدەیە، پەرلەمان هەدفی جهێینە و هەدەفی پەرلەمان چییە، جڤێتی پەرلەمانی و دبێت بەرهەم هەبێتن و بڕیار دەرکەوێ، ئەگەر مەبەســـت بەس ئەوە ئەم دڤێت گفتوگۆیەك بکەین و دەرئەنجام نەبێ، بەرای من ئەمە گەیشـــتینە هیچ ئەنجامەکی، وەك جەنابیتە ئاماژە پێ دایێ، بابەتێ مووچە و پارە و ئەرقام تشـــتەکی کورەهەند و هەر پرۆژەیەکا کورەهەندا مالی هەبێتن یا دارایی هەبێتن بێتە تەنسیق و هەماهەنگی لگەڵ حکومەتێ بێتە کرن، هیچ بڕیارەك نایەتە جێبەجێ کرن و هەر بڕیارەکا کو ئەم بزانین مەفعولێ وێ بۆ جێبەجێ کرنێ نەبێ واتە هیچ کارەك نەشـــێن هیچ بەرهەمەکی دەســـت خۆ ببین، ژبەرهەندێ ئەو جڤێنە مابیەنێ و حکومەتا و پەرلەمانێ هاتیە کرن، دیارە دەبێ ئیســـتمراریەت هەبێتن و بەردەوامیا خۆ هەبێتن، مادەم دەبی بەردەوامیا خۆ هەبێتن ڤێتن مە پلانت هەبێتن بۆ ئەنجامدانا وێ جڤێنێ، ئەوجا چ بیرۆکا بی و ژی ئاراســـتەکرنا جڤێنێ بۆ ئەنجامدانا وێ بڕیارێ، ژبەرهەندێ ژدەبینم ئەڤە دەرەوەی بەرنامەی کارێ پەرلەمانیا و هەروەها دژە لەگەل ماددەی (54)، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ امینە خان، دیارە بیرۆکە پەیڕەوییە، بیرۆکە پێشتریش پەیرەو کراوە و پێشکەش کراوە، بەڵام بیرۆکە نابێتە بڕیار لەناو دانیشـــتندا، جیاوازیەکە ئەوەیە هەموو بیرۆکەیەك پێشـــکەش بکرێ، پێشـــتر لێرە نەدەخوێندرایەوە هەر تەنها ئاراســـتە دەکرا بۆ ئەنجومەنی وەزیران، نەریتێك هەر لە دانیشـــتنەکانی پەرلەمان پەیڕەو دەکرا، لەم خولەدا کە هەندەك بیرۆکانە دەخوێندرانەوە، ئەم بیرۆکانەی ئەمرۆ پێشـــکەش بکرێن لێرەدا، خۆیان حازر یان کردووە، وهەندێك لەوانە دووبارەن لەو کۆبوونەوانە تایبەت لەگەل شـــاندی حکومەتدا، بیرۆکەی باش پێشکەش کران، پرۆژەی باش پێشکەش کران، هەندەك لەوانە خوێندرانەوە و هەندێکیش نەخوێندرایەوە، و ســـوودمەند بوون بۆ شـــاندی حکومەت زۆر بەســـەرنجەوە تەماشایان کرد و پەسەندیان کرد، لەبەر ئەوە ئێمە ئەو بیرۆکانەی کە عەرز دەکەین بۆ بڕیار نییە، تەنیا ئاراســـتە دەکەرێن دواتر بۆ ئەنجومەنی وەزیران و لەوێ ئیشـــەکە بەووردی بابەتیانە ئیشـی زۆر باش کراوە زانسـتیانە ئیشـەکە کراوە، دڵنیاین ئەنجامی باشـی دەبێ، لەپێناوی ئەو ئامانجە هاوبەشـیانەی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردســتان هەم ئەو پاشـەکەوتە چارەسـەر بکرێ و هەم ئەو سیستەمێکی زۆر سـەرکەوتوو بۆ مووچە لە ئایندە بەدیبکرێت، دیارە خاڵێکی تری نیزامی هەیە، داوا لە لیژنەی یاســـایی دەکەین بێنە ســـەر مەنەصە، فەرموو کاك مەردان.

**بەڕێز مەردان خضر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەڤە دوو دانیشـــتنێ پەرلەمان و ئەندامێ بەرێزی پەرلەمان زۆر ئاخاڤتنێ دکەن، ئەمەش مخالفە، ماددەی (56) فەقەرە ئێکا لدیف مادده (56) فەقەرا (1) ئەندامێ پەرلەمانێ پێدەڤیا ئاخافتنێ خۆ ئاراسـتەی سـەرۆکا پەرلەمانێ بکەن، نە سـەرۆکایەتیا پەرلەمانێ، ژبەرهەندێ داخازێ دکەم بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانێ ئاگاهدارێ وێ مخالیفا یا پەیرەوێ ناوخۆیی بێت، یا دوێ لسەر سیستەمی مووچەی حەقیقەت هەم ئەندامێت پەرلەمانێ و هەم خەلکیشت و هەم فەرمانبەرێ چاوەڕێ پشـــتی کارا بوونە پەرلەمانی و چاڤەرێ هەندێ دکەن کو لەم پەرلەمانا ئاخافتن هەبێ لسەر وێ بابەتێ، تەنێ ئەز داخاز کەم کو سەرۆکایەتیا پەرلەمانێ دلنیـا بـداتێ ئەنـدامێـت پەرلەمـان و دڵنیـایی بـداتە فەرمـانبەران کو نزیکترین وەخـت دانیشتنێك دێتە کرن بە ئامادەبوونا یا حکومەت ڤێ، ئەگەر حکومەت نە شێت پێداچوونەکا سیستەمی مووچا وەکو بەری جێبەجێ کرنا پاشەکوتی مووچە بکەن، بەس هەمی دەزانین کە پاشـــەکەوتی مووچە کە بێ عەدالیەتەکا مەزنا تیدایە ئەم شـــێت بوینە لبەر هەندێ و بیرۆکا لسەر هەندێ پێشکەش بکەین و سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ســـوپاس بۆ بەڕێز مەردان، ئێســـتا دەچینە ســـەر بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کار، یەکەم: خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەم پرۆژە یاســـایەنەی خوارەوە بەپێی ماددەی (71) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردســـتان ژمارە (1) ی ســـاڵی 1992 ی هەموارکراو. بفەرموون، بەڵی دکتۆرە ڤاڵا.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای یەکەم:

پرۆژە یاسـای راگرتنی کارکردن بە یاسـای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (9)ی سـاڵی 2008 لە هەرێمی کوردسـتان کە لەلایەن ژمارەی یاسـایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشـکەش کراوە، پرۆژە یاســـاکە و هۆیەکانی دەرچواندن کە لەلایەن ئەو بەڕێزانەی خوارەوە واژوو کراوە، (ڤاڵا فرید ابراهیم، ئومێد عبدالرحمن، دلێر مصـــطفي، هیڤا حجی میرخان، رێواس فایق، حیات مجید قادر، د.شیرین حسنی، منی نبی نادر، عبدالله حاجی محمود، فیرۆز طە، مەردان خدر، دلشاد شعبان، باپیر کاملا، زانا عبدالرحمن، تەلار لەتیف، خلف احمد، مدینە ایوب، داوا لەبەرێزتان دەکەم کە ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیدار بکرێ.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاســـایەی کە خوێندرایەوە ئاراســـتە دەکرێت بۆ لیژنەی یاســـایی و لیژنەی شارەوانی، گشت لیژنە پەیوەندیدارەکان و گشت ئەندامانی پەرلەمان.

**بەڕێز ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاســای دووەم ، پرۆژە یاســای درێژکردنەوەی کارکردن بە یاســای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (3)ی ســاڵی 2006 لە هەرێمی کوردســتان، ئەو پرۆژە یاســایە ســێ ماددەیە و هۆیەکانی دەرچواندن لەخۆیەوە دەگرێ و لەلایەن ئەم بەڕێزانەی خوارەوە پێشکەش کراوە و واژوو کراوە ( ئومێد عبدالرحمن، دلێر مســـتەفا، ڤاڵا فرید، هیڤا حجی، منی نبی، عبدالله حاجی محمود، د. شیرین حسنی، حیات مجید، د. ریواس فایق، مەردان خدر، دڵشاد شعبان، زانا عبدالرحمن، باپیر کاملا، تەلار لتیف، خلف احمد، شـوان شـیخ احمد، ڤەمان فیصـل، نازم کبیر، داوا لەبەرێزتان دەکەم کە ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیدار بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسـایە کە خوێندرایەوە لەلایەن سـەرۆکی لیژنەی یاسـایی ئاراسـتە دەکرێت بۆ لیژنەی یاســایی و لیژنەی ناوخۆ و گشـــت ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز ، بڕگەی دووەمی بەرنامەی کار دەسـت لەکارکێشـانەوەی ئەم ئەندامە بەڕێزانەی خوارەوە دووەم: دەسـت لەکارکێشـــانەوەی ئەم ئەندامە بەڕێزانەی خوارەوە بەپێی خاڵی (1)ی بڕگەی (1) ماددەی (30) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 1992 ی هەموارکراو:

-دەست لەکارکێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (عمر صالح عمر فارس) لە ئەندامیەتی پەرلەمانی کوردستان.

-دەســـت لەکار کێشـــانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (بەیار تاهر ســـعید دیوانی) لە ئەندامیەتی پەرلەمانی کوردستان.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئیزن بدە بچینەوە سەر جێگای خۆمان، کارمان تەواو بوو، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست لەکارکێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (عمر صالح عمر فارس) لە ئەندامیەتی پەرلەمانی کوردســتان. دیارە ئەمە کاتێکی درێژە بەســەر ئەم دەســت لەکارکێشــانەوەیە بەسەردا چووە بەو شێوازەی کە پێشکەشی بە ئێوەی بەرێز دەکەین رەچاوی ئەو بارودۆخەی ئێستاش بکرێتن، ئەوەی لەگەڵە کە ئەم دەست لەکارکێشانەوە پەسەند بکرێ کێ لەگەڵە؟ داوا لە سکرتێری پەرلەمان دەکەم کە دەست لەکارکێشانەوەکە بخوێنێتەوە.

**بەڕێز بێگەرد تاڵەبانی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەناڤێ خودێت دلۆڤان**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

**بابەت/ ژدەست لەکارکێشان**

پشــتی چاڤەڕێ بوونا پتر ژ ســـاڵەکی کو پەرلەمانی کوردســـتانی بێتە کارا کردن و چەند چارەسـەریەك بۆ قەیرانان بیتە دیتن هەروەصـا دیارە لایەنێن نەلێك دەرگەیێن لخۆ گرتن و ئامادەنین لەبەر ئێك بدانن و ئاخافتنا بکەن، هەروەصـا سـەرەرایی بڵند بونا بەهایێ نەفتێ و زیاد بوونا داهاتێ ناوخۆیی هەرێما کوردســتانێ و حکومەتا هەتا نوکا چ دەســتکاری لە پاشــکەوتێ مووچەیێ فەرمانبەران نەکریە، ژبەرئەڤان ئەگەرێ دیاریکری وەك ئەندامێ پەرلەمانی کوردستانێ دەست لەکارکێشانا خۆ پێشکەش هۆیەی بەرێز دەکەم لەگەڵ رێز گرتنێ پەرلەمانتار عمر صالح عمر.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بێگەرد تاڵەبانی بۆ خوێندنەوەی ئەو دەست لەکارکێشانەوەی بەڕێز پەرلەمانتار عمر صـــالح عمر فارس، دووبارە ئەم دەســـت لەکارکێشـــانەوەیە دەیخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵە دەســـتی خۆی بەرزبکاتەوە؟ دیارە کەس لەگەڵ نییە، ئەوەی لەگەڵ نییە؟ بەکۆی دەنگی ئامادەبووان دەست لەکارکێشانەوەکە رەتکرایەوە ئەوە بووە بڕیار، دووەم دەست لەکار کێشـــانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (بەیارطاهر ســـعید دێوالی) لە ئەندامێتی پەرلەمانی کوردستان فەرموو بێگەرد تالەبانی دەست لەکارکێشانەوەکەی بخوێنن،

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد شکراللە/سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بابەت، دەست لەکارکێشانەوە، داواکارم لە بەڕێزتان رەزامەندی بفەرموون لە سەر دەست لە کارکێشـــانەوەم بەهۆی کاری تایبەتی خۆم رەزامەندیتان جێگەی رێزە داواکار پەرلەمانتار (بەیارطاهردۆسکی)، سوپاس.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمنیکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست لەکار کێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (بەیارطاهر سعید دێوالی) پێشکەشی ئێوە دەکەین ئەوەی لەگەڵدایە دەســـتی خۆی بەرزکاتەوە تکایە؟ خۆی داوای کردووە بە ئیلحاحەوە، (33) کەس لەگەڵـدایە، ئەوەی دژە؟ (14) کەس دژە واتـا بە زۆرینەی دەنگی ئامادەبووان دەست لە کار کێشانەوەکە پەسەند کرا، بەڕێزان دەست لەکارکێشانەوەیەکی تر پێشـــتر لە بەرنامەی کار نەبووە، پێشـــتر پێشـــکەشـــکراوە، و ئێمە ئەو دەســـت لەکار کێشانەوەی پێشـکەشـی ئێوە دەکەین، پێشـتر راگەێنراوە، بەس، سـکرتێری کاتی پەرلەمان بۆتان دەخوێنێتەوە، فەرموو بێگەرد تالەبانی دەست لەکارکێشانەوەکەی بخوێنن،

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد شکرالله/سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوا لە بەڕێزتان دەکەم رەزامەندی بفەرموون بە دەســـت لە کار کێشـــانەوەم لە ئەندامی پەرلەمانی کوردسـتان و داوا دەکەم جەنابتان بیخەنە دەنگدانەوە ( کنعان نجم الدین حاجی کاروان)ئەندامی پەرلەمانی کوردستان،

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمنیکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان داواکاری دەســـت لەکار کێشـــانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (کنعان نجم الدین احمد/ حاجی کاروان) پێشـکەشـی ئێوە دەکەین ئەوەی لەگەڵدایە دەسـتی خۆی بەرزکاتەوە تـکـایە؟ (5) کەس لەگەڵـدایە، ئەوەی دژە؟ (38) کەس دژە؟ واتـا بە زۆرینـەی دەنـگـی ئامادەبووان دەســـت لە کار کێشـــانەوەکە رەتکرایەوە، ســـوپاس بۆ ئێوە، ئێســـتا دێنە ئەو بڕگەیەی کە لە بەرنامەی کاردا نەهاتووە وەکو بیرۆکە داواکراوە پێشـــکەش بکرێن، ســێ خاڵی نیزامی وەردەگرین لە حاجی کاروانەوە دەست پێ دەکەین فەرموو.

**بەڕێز کنعان نجم الدین احمد/ حاجی کاروان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببورە، پرسیارێکی یاسایی هەیە پێم خۆشە لیژنەی یاسایی یان جەنتابتان جەواب بدەنەوە، لە سـەر مەسـەلەی هەڵبژاردنی سـکرتێر ئەوە بێگومان بڵاوبۆتەوە هەڵبژاردنی سـکرتێر بۆ جەلســەیەك بێ یان دەتوانێ بەردەوام بێ هەتا ئەو کاتەی کە ســکرتێر ئامادە دەبێ، ئەم روونکردەوەیە لەلای جەنابتان زەرووره هەم بۆ ئەندامانی پەرلەمان هەم بۆ رای گشتیش.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمنیکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سـوپاس بۆ بەرێز حاجی کاروان، دیارە هەڵبژاردن نییە، سـکرتێری کاتی ئەوەی هەڵدەستێ بە ئەرك و کاری سـکرتێری پەرلەمان کاتییە و بە هەڵبژاردن نییە بە تەکلیفە لە پەیڕەودا زۆر بەباشـیدا هاتووە یەعنی مەسـەلەکە هیچ ئەوەکی لە سـەر نییە، دوو تەفسـیریشـی بۆ نییە تەنیا یەك تەفسیرە بۆ چەندین دانیشتنە تا ئەو کاتەی سکرتێری هەمیشەیی پەرلەمان دێت ئامادە دەبێت و ئەرك و کارەکانی خۆی لە ناو پەرلەمان بەردەوام دەکات یەعنی پێشترێش پەیڕەو کراوە، یەعنی پێشـــترێش لەم پەرلەمانە بەڕێزە بۆ دوو مانگ ســـکرتێر دیاری کراوە ئەو ئیشـــەکـانی بەڕێوە بردووە، لەبەرئەوە ئەمە نە بیـدعەیەکە نە شـــتێکی تـازەیە، دووبـارەکردنی ئەزموونێکی پێشـــترە کە پێویســـتییەکی پەرلەمـانییە، هیچ دانشـــتنێکی

پەرلەمان بەبێ سکرتێر بەڕێوە ناچی و ناکرێت پەرلەمانێك تەعتیل بکرێ لە سەر فەراغێکی وا کە دروست دەبێ هەندە جاران، فەرموو،

**بەڕێز ڕێواز فائق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبژاردنی بەڕێزیان یان تەکلیفکردنی بەڕێز بێگەرد خان بە سکرتێری کاتی پەرلەمانی کوردستان ئیستیناد بووە بۆ ماددەی (23) لە پەیڕەوی ناوخۆ کە دەڵێ لە حاڵەتی ئامادەنەبوونی سکرتێر ئەوە لە یەکێك لە ئەندامانی پەرلەمان داوا دەکرێت بە ئەرکەکانی هەڵبستێت تاوەکو ئامادە دەبێت پاش رەزامەندی پەرلەمان بە زۆرینەی ئەندامە ئامادەبووەکانی، واتە جۆرێکە لە دەنگدانی ئاشکرا نەك دەنگدانێکی نهێنی ئەرکەکانی بەڕێز سکرتێری کاتی بەتەنها ئەوە نییە کە دانیشتنەکان بەڕێوە ببا ئاماژە بە ماددەی (19) کە باس لە ئەرکەکانی سکرتێر دەکا باس لەوە دەکا کە بەشداری دەکا لە کارەکانی دەستەی سەرۆکایەتی ئەرکەکانی وەك ئەندامێك تیایدا واتا سکرتێری کاتی تا ئەو کاتەی سکرتێری هەمیشەیی یان دەنگ بۆ دراو ئامادە دەبێت دەتوانێ هەموو ئەرکەکانی ئەو بەجێ بگەیەنێ وەکو ئەندامێك لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان و سابیقەیەکیش لێرە هەیە وەکو جەنابتان باستان کرد کە بەڕێز فرست احمد بۆ ماوەی دوو مانگ لێرە ئامادەنەبووە بەڕێز شێروان حیدەری ئەرکەکانی ئەوی کردووە هەم لە دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان و هەم وەکو ئەندامێك لە دەستەی سەرۆکایەتی ئەرکەکانی ئەوی بەجێ گەیاندووە لە ئامادەکردنی بەرنامەی کار و واژۆکردنی لە سەر بەرنامەی کار، سوپاس.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمنیکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزیان وەڵامێکی کافی و شافی بوو لەگەڵ ئەوەشدا داوا لە بەڕێز د. ڤاڵا دەکەم سەرۆکی لیژنەی یاسایی ئەویش لەم بارەیەوە دیسان با دلنەوایی زیاتر رەئی خۆی بدات. فەرموو،

**بەڕێز ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە قسەکانی بەڕێزتان و بەڕێز د. ڕێواز دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمنیکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

......واتە بە زۆرینەی دەنگ ڕەتکرایەوە، بەرێزان سوپاس، ئێستا دێن بۆ ئەو بڕگەی کە لە بەرنامەی کاردا نەهاتووە، وەکو بیرۆکە پێشکەش کراوە، سێ خاڵی نیزامی هەیە، فەرموو کاك حاجی کاروان.

**بەرێز کنعان نجم الدین احمد/حاجی کاروان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارێکی یاسایی هەیە، پێم خۆشە یان لیژنەی یاسایی، یان بەرێزتان جواب بدەنەوە، لەسەر مەسەلەی هڵبژاردنی سکرتێر، بێگومان بڵاوبۆتەوە کە هەڵبژاردنی سکرتێر بۆ جەلسەیەك بێ یان ئەتوانی بەردەوام بی هەتا ئەوکاتەی سکرتێر ئامادە ئەبێ، ئەو ڕوون کردنەوە لای بەرێزتان زەڕورە هەم بۆ ئەندامانی پەرلەمان، هەم بۆ ڕای گشتی.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمنیکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دیارە هەڵبژاردن نیە، سکرتێری کاتی، ئەوەی هەڵئەستێ بە ئەرك و کاری سکرتێری پەرلەمان کاتییە، و بە هەڵبژاردن نیە، بە تەکلیفە، لە پەیڕەودا زۆر بە باشی هاتووە، یەعنی هیژ ئەوەیەکی لەسەر نیە، تەفسیریشی بۆ نیە، یەك تەفسیری هەیە، بۆ

چەندین دانیشــتنە، تا ئەوکاتی ســکرتێری هەمیشــەیی پەرلەمان ئەتوانێ بێ ئامادە بێت و ئەرك و كاری خۆی ئەكات، پێشـــتریش پەیرەو كراوە، پێشـــتر لەو پەرلەمانە بەرێزە بۆ دوو مانگ سکرتێری کاتی دیاری کراوە، لەبەر ئەوە نابێتە بیدعە، دووبارە کردنەوەی ئەزموونێکی پێشترە کە پێویستێکی پەرلەمانیە، هیچ دانیشتنێکی پەرلەمان بێ سکرتێر بەڕێوە ناچێ، و ناکرێ پەرلەمان تەعتیل بکرێ لەسەر فەراغێکی وا کە دروست ئەبێ، فەرموو.

**بەرێز ڕێواز فائق:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبژاردنی بەرێزتان و تەکلیف کردنی بەرێز (بێگەرد) خان بە ســـکرتێری کاتی پەرلەمانی کوردســـتان ئیســـتیناد بووە بۆ ماددەی (23) لە پەیرەوی ناوخۆ کە ئەڵێ لە حالەتی ئامادە نەبوونی سکرتێر ئەوە لە یەکێك لە ئەندامانی پەرلەمان داوا ئەکرێ بە ئەرکەکانی هەڵسێ تاکو ئامادە ئەبێ پاش ڕەزامەنی پەرلەمان بە زۆرینەی ئەندامە ئامادە بووەکانی، واتە جۆرێکە لە دەنگدانی ئاشـــکرا نەك نهێنی، ئەرکەکانی بەرێز ســـکرتێری کاتیش بەتەنیا بەڕێوەبەردنی دانیشـــتنە کاتیەکان نیە، ئاماژە بە ماددەی (19) کە باس لە ئەرکەکانی سـکرتێر ئەکات، باس لەوە ئەکات بەشداری ئەکات لە کارەکانی دەستەی سـەرۆکایەتی و ئەرکەکانی وەکو ئەندامێك تیایدا، واتە سـکرتێری کاتی تا ئەوکاتی سـکرتێری هەمیشــەیی دەنــگ بۆ دراوە ئەتوانی هەموو ئەرکەکـانی ئەو بەجێ بگەیەنێ وەکو ئەنـدامێـك لە دەستەی سـەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، و سابیقەیەکیش هەیە کە بەرێزتان باستان کرد (فرســـت احمد) بۆ ماوەی دوو مانگ لێرە ئامادە نەبووە، بەرێز (شـــێروان حیدری) ئەرکەکانی ئەوی کردووە، لە ئامادە کردنی بەرنامەی کار و واژوو کردن لەســـەر بەرنامەی کار، سوپاس.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمنیکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، وەڵامێکی کافی بوو، لەگەڵ ئەوەش داوا لە بەرێز دکتۆرە (ڤاڵا) ئەکەم سەرۆکی لیژنەی یاسایی لەسەر ئەو بارە قسە بکات بۆ دڵنیایی.

**بەرێز د.ڤاڵا فەرید:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەکانی دکتۆرە (ڕێواس) ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمنیکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دوو خاڵی نیزامی ماون، یەك ماوە، فەرموو کاك بەهزاد.

**بەرێز بەهزاد دەروێش:**

**بەرێو سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو خـاڵی پەیرەویـت هەبی، خـاڵا ئێکێ بۆ بیرهـانەڤە مـاددا (54) خـاڵە (4) ێ پێتڤی بـا دەسـتەی سـەرۆکایەتی، واتە سـکرتێر ناڤێت ئاممادە نەبووا خۆت جەلسـا ڕابردی بخونی، دوو، پوختەئێك کووبونا پێشـــو بەحســی هات ڤە کرن، خاڵا دووێ، ئەز تەکید ل ســـەر خاڵە خۆت نیزامییەت دکەم ل ســەر دەســتپێکێ کو مەن دیڤ پەیرەوێ ناڤخو ل ماددا (54) خاڵا دووێ و نوقتا دووێ و سـێێ، یا سـێیت بێژیت حاڵەتی دەسـتەی سـەرۆکایەتی ڕازی نەبی ئەڤ داخازیا بێتە بەرنامەی کار دێ تەرح بکەن بۆ ئەندام پەرلەمانە، و ل هەمان دەمداش جەنابێ دکتۆر تە بەحس کری مە راسـتی ل فراکسـیۆنا یەکگرتوو بیرۆکە نەبی، پرۆژە بیریار بیت، فەرمی، یاسایی پێکەش کریە، و داخاز کریە بخرێتە بەرنامێت کارێ دانیشتنێ داهاتی، یەعنی پێشـــی چار، پێنج ڕۆژە حەتا مە تەحدید کریە بەرنامێت داهاتوو، لێرە داخازین ل

دەستێت سەرۆکایەتیت دکەم کە ئاماژە پێ کر، کە هەندەك ئەگەر تە گوتن مە نە یەخستیە، بەڵام دیڤ پەیڕەوی ناڤخۆیە پەرلەمانێ کوردستانێ خاڵە (54) کو مە داخاز کریە بڕیارە ژمارە (64) ێ حکومەتا هەرێمێ کوردستانێ بێتە هەڵوەشاندن دەربارەی مووچەی فەرمانبەرا، دیڤ پەیرەوێ ناڤخو کو مە ئاماژە پێ کر دووەم خاڵە سێ بخرێتە ڕوو، واتە گەنگەشە یان دەنگدان بۆ سەر ڤێ مادده بێتە کرن کو ئەڤە بابەتەکی پەیرەویە، هەندەك برادەر ئاماژە پیێ کر کو پەیرەوی نیە، بەلێ پەیرەویە، سوپاس.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمنیکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دیارە دانیشتنی پێشتر نائاسیی بوو، لەبەر ئەوە ئاماژە بە ناوەڕۆکی ئەو دانیشتنە نەکراوە وەکو دانیشتنەکاتی تر، پاساویش نەبێ بۆ دانیشتنی داهاتوو ڕێژکەکە بە تەواوی ئەگرینە بەر، بۆ وەڵام داونەوەی بەرێزتان داوا لە بەرێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی ئەکەم وەڵامی ئەو بڕگەیە بداتەوە، لێرەدا پرۆژەکان کە پێکەش کراون، ئەو پرۆژانە ئاراستە کراوە یۆ لیژنەی پەیوەندیدار بۆ ئەوەی دیراسەی لەسەر بکرێ، کە کرا لەو دانیشتنە مومکین نەبووە ئەو ڕاپۆرتە ئامادە بکرێ، ڕاپۆرتێکی هاوبەش کە چەندین لیژنە کە پەیوەست بن بە بابەتێکی دیاری کرا و پێشنیار کراو، پێویستیان بە ڕاپرۆتێکی هاوبەش هەیە، ئەو ئاراستە کردنە چووە بۆ لیژنەکان، بەڵام لیژنەکان کەی کۆ ئەبنەوە؟ بەو خێرایە ناتوانن ڕاپرۆتێکی وا شایستە ئامادە بکەن بۆ دانیشتنێکی پەرلەمانی لەسەر ئەو بابەتە ئەنجام بدرێ، بۆیە ئامادەکاری بۆ دانیشتنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان ئەوە خواستی گشت فراکسیۆنەکانە، نەك تەنیا یەك فراکسیۆن، و بۆ ئەوەی دانیشتنێکی بەرهەمدار بێ، دانیشتنێکی مونتج بێ، ئەبێ دەرفەت بە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بدرێ لە دانیشتنێکی وا حازر بێ، هەماهەنگ بێ، بۆ ئەوەی بتوانین بابەتی، یەعنی تەنیا ئاخافت نیە، ئەبێ ببێتە بڕیار، بڕیاریش بێ لایەنی ئامادە کاری لایەنی حکومەت مومکین نیە ئەم پەرلەمانە بتوانێ بریارێکی ئاوا، ڕەهەندی دارایش هەبێ بسەپێنی بەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان، فەرموو خالە نیزامییەکان، کاك علی.

**بەرێز علی علی هالۆ:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

عورفەك ل پەرلەمانی پەیدا بیە ئەز ب دورستی نازانم کو هەر ئەندام پەرلەمانەك ئیستیقاڵا خۆ بدەت، پێش وەخت ژ بەری جەلەسێ دیت پەشیمان ببی دیستان ئیستیقاڵا خۆ ڤەکێشیت، پێویست ناکات، ئیدی ئەگەر وسا بێت دبینم عورفەکی دروست نینە، چونکی ئەندام پەرلەمان نوێنەرتیا خەڵکێت دکەت، ئەگەر گەهێشت وێ ڤەناعەتێکی بڕیار دا ئیستیقالێ بدەت پێویستە ئیستیقاڵا وی بێتە وەرگرتن، دوو، نسبەت مووچە و ژیانە خەلکی کو ئەڤە داخازا حەمی فراکسیۆنانە، و بابەتەك چارە نڤیساس و زۆر گرنگە، و بەلێ خەڵکا کوردستانێ داخازا پەرلەمانێ ئەڤەیە، کو زەخەتەکی گەلەك زێدە ل حکومەتا کوردستانێ بکەن کو کێمتر ژ حەفتیەکی، چونکی (3) ساڵی ڤەیرانێت ڤەرباز بوون، ئەگەر حکومەتی (3) سالێدا نەشیابێت تا هەنوکە ئەو پرۆژێت یاسایێت ئامادە کربیت، یان ژی بریارا خۆ هەڵوەشینیت، ڤێ پەرلەمان ل سەر خەت بیت کو ل ماوێ حەفتیەکی دا کوتایی ب پاشەکوتی مووچە بینیت و ئیدی بۆ سیستەمی نوی مووچە لگەل حکومەتی بێتە دانوستاندێ، سوپاس.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمنیکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

یا ئێکی خاڵە نیزامی بوو، یا دووێ بیرۆکە بوو، کاك شـــعبان تکایە خاڵی نیزامی، کۆتایی بە خاڵی نیزامی دێنین.
**بەرێز دڵشاد شعبان عبدالغفار:**
**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**
نیزامی نییە، بس گەلەك ئەڤ بابەتێ مووچەیێ هاتە بەحس کرن، ب ســـەرەحات بڕیارە پاشـــەکەڤت کرنا مووچەیێ پەرلەمانێ ل پەرلەمان نەهاتیە دان داکو پەرلەمان هەڵ بوەشینی، و بە سەرات چی بابەتێ پاشەکەوتی مووچەی وەکی کاك (علی) ئیشارەت پێدای ئەڤە بابەتی هەمی فراکسیۆن و خەلکی کوردستانێیە، داخازێ دکەین ئەڤ ڕەهەندێ دارایت ئەڤێ هەین ژوورێت بارتەنگ ناڤبەرا چەند ســەرۆکێت فراکســیۆنا و ئێك دوو نەفەرا نەهێتە بەحس کردن دگەل حکومەتێ، پاش ئەوە داخازێت ئەنجومەنێ وەزیران بکەن بلا شـــاندەکا ئەنجومنێـت وەزیران ڕۆژەکی بهێتە پەرلەمـانی، پێکڤە برینە خـارێ بۆ هەمی ئەنـدامێـت پەرلەمانی ئەو ڕەهەندێت داراییت ئەڤێت هەین ئەو کێشێت کا چ نەبی بەحس کەین، بەلکی پێکڤە بگەهینە ئیتیفاقەکی و تێگەیشـــتنەکا موشـــتەرەك چێ ببیت مابەینا مە و حکومەت، بەلکی خەلکیش ژی قەناعەت مە بینی، سوپاس.
**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمنیکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، فەرموو.
**بەرێز ڕێواز فائق:**
**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بەرێزان، بابەتی مووچە و کۆبوونەوەی کە ئەنجام درا کاك (جەعفر) بە تەفاسـیل باسـی لێوە کرد، بەڵام بۆ بەرچاو ڕوونی بەرێزتان ئێمە لیژنە پەیوەندیدارەکانمان ڕاسپاردووە لەگەڵ ئەو لیژنەی حکومەت هە ماهەنگی بکەن بۆ ئەوەی کە رەســـنج و تێبینیە کانی ئەو ڕۆژە لەگەڵ حکومەت بـاس کراوە ئیزافە بکرێتە ســـەر ئەو پرۆژەیەی حکومەتی هەرێمی کوردســـتـان ئامادەی کردووە، دواتر لە جەلسەیەك بە حزووری نوێنەرانی حکومەتی هەرێم جەلەسەیەکی تایبەت بۆ ئەو بابەتە ئەنجام ئەدرێ، سوپاس.
**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمنیکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
فەرموو.
**بەرێز ئەبو کاروان:**
**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**
دیســـان لە خاڵی یەکەم، یەکەم، پرۆژە یاســـای ڕاگرتنی پڕۆژە یاســـای ڕاگرتن بە یاســـای بەکرێـدانی خـانووبەرە دیســــان ئەوەش ڕاپۆرتی لیژنە پەیوەنـدیـدارەکـانی نیە، خراوەتە بەرنامەی کارەوە.
بەرێز جعفر امنکی- سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:
ســـوپاس، ئەوە خوێندنەوەی یەکەمە، و کارپێکردنە، لیژنە پەیوەندیدارەکان ئەوان ڕاپۆرتی خۆیان حاز ئەکەن و دێنە ئەم دانیشـــتنە، بیرۆکەکان دەســـت پێ ئەکەین، بیرۆکەی یەکەم پێشـکەش کراوە لەلایەن کاك (سـالار محمود)، کە بە دەسـتی ئێمە گەیشـتووە، ئەگەر خۆی لێرە نەبێ داوا ئەکەین یەکێك لەجیاتی بخوێنێتەوە، سـوپاس بۆ کاك (سـالار) بۆ پێشـکەش کردنی بیرۆکەکە، ئەو بیرۆکەیە ئاراســـتە ئەکەین بۆ ســـەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، بیرۆکەی دووەم مامۆستا مەلا (ئەنەس) فەرموو.
**بەرێز ئەنەس محمد شەریف:**
**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بابەتێ مووچەی بابەتەکی گەلەکی موهیمە، هەمی ڕەهەندێت یاسایی و شەراعیع سەماوی بەرێخۆ بدێ گەلەك جارا مال و رح بەرامبەری ئێکن، ژبەر هەندێ قەرەبو یا رحی هەندێ جارا ب مالا ئێتە کرن، ئەم بەرێخۆ بدەینە رەب عالمین (ولا تاکل و اموالکم بینکم بالباتل)، هەروسا مووچە حەقێ خەلکیە بێتە دان (اعتو الاجیره حقه قبل ان اجیف عرقه)، بابەتێ پاشکەوتی دەینە، ئەگەر ئەم بێین بەرێ خۆ بدەینە دیسان قورئانا پیرۆزدا، درێژترین ئایەت ل قورئانا پیرۆزدا ل سەر بابەتێ دەینیە، ژبەر هەندێ ئەو بابەتە گەلەکی موهیمە، و هەمی ئەندام پەرلەمان خەمخۆری ڤێ بابەتیە، کۆمبوونە دگەل حکومەتێ بۆمە دیار بوی کو حکومەتێ هەنگاڤێت باشیت هاڤێشتی، نەخاسمە بابەتێ شەفافیت دا، و بابەتێ بایۆمەتری، و بیرۆکەیەت گەلەك باش هەبوون بۆ چارەسەربا ڤێ بابەتێ، ئەما ئەم وەك پەرلەمان ئەم نەشێن چ هەنگاڤێت باڤێین، چونکی بابەت گرێدای حکومەتێ، حکومەت بخۆ پرۆژێت خۆ تەقدیم بکەت، و هەروسا ل سەر دیتنا حکومەتێ ئەم چێین گەنگەشێ بکەین، ئەما بێن پرۆژەکی تەقدیم بکەین بێ ئەوەی بزانین کا قوەتێ حکومەتێ چەندە، کا ل کی ئاستێا، یان شیانێت وان کا حەتا کیرێ جن؟ تشتەکی بێ نەتیجە بیتن، بیرۆکەیك بۆ بابەتێ چارەسەر کرنا مووچەی پاشکەوتی ئەوا کو بێتە داخاز کرن کو حکومەتێ ئەڤ پاشکەوتێ هەی هەر موەزەفەکی هەبیتن حیسابەکا هەی، پاشکەوتێ وی چتەت وێ حیسابێت دا، و عەمەل پێ بێتە کرن ڤێ حیسابیت دا، ئەگەر سیولە نەبێتن ئەو پارە بۆ نەهێتە سەرف کرن ژی، بەلێ مەقاسە بێتە کرن، بشێت دەینێت خۆ بدەتن، و هەروسا هەندەك کارێت دی ناڤ خۆیی دگەل حکومەتێ بێتە کرن، و دیسان ئەڤ خەمخۆریە هەمی هەڤالا، نەخاسمە ژ ل فراکسیۆنا پارتی بیت، یان هەر فراکسیۆنەکا دیکە بیتن، ئەڤەش خەمخۆریا وەیا بۆ ئاهو کەسەرێت ڤان کەسێن حەقیقەت وەزعەکی وسایە، کو دبێت گرنگی پەرلەمان و حکومەت ل سەر ڕاوەستن، و خەمەکا ژێ بخۆن کو بگەنە ئاستەکی وسا هەردوو تەرەف پێکڤە حەلا ڤێ موشکیلە بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمنیکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆرە رێواس.

**بەرێز د. رێواز فائق:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاماژە بە برگەی (6) لە مادەی (54) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بە ناوی فراکسیۆنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ئەم بیرۆکەیە ئەخەینە ڕوو، داوا ئەکەین بخرێتە بەرنامەی کارەوە و لەو ڕوانگەیەی بابەتێکی گشتیە و پەیوەندی بە دۆخی ژیان و گوزەرانی خەلکی کوردستان و ئاسایشی ئابووری هەرێمی کوردستانەوە هەیە، بەرێزانن بڕیاری ژمارە (64)ی سالی (2015) ی تایبەت بە پاشەکەوت کردنی زۆرەملێی مووچە کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بە بیانوی دابەزینی نرخی نەوت لە بازارەکانی جیهان بڕیاری لێدراوە زادەی دۆخێك بوو کە حکومەت تەنیا هێندەی مابوو کە بەهۆی بارگرانیە داراییەکانیەوە مایەپوچی خۆی ڕابگەیەنێ، بۆیە ئەگەر ئەوکات بیانووی حکومەت لەو بڕیارە دابەزینی ناسروشتی نرخی نەوت بوبێت و بەرهەمی وابەستە کردنی داهەتە گشتیەکان بووبێ بە داهاتی نەوت و نرخی بەرمیلێك نەوت لە بازاڕە جیهانیەکان، ئەوە لە ئێستا و دوای ئەوەی نرخی بەرمیلێك نەوت بووە بە دوو هێندە و نیوی ئەوکات و سەرچاوەکانی تری داهات جگە لە نەوت جۆرێك لە فرەیيان لە ڕووی چەندێتی و چۆنیەتیەوە بەخۆیەوە دییوە و دوای ئەوەی لە کۆبوونەوەمان لەگەڵ حکومەت ئاست و شێوازی چاکسازیەکانمان بۆ ڕوون بوویەوە، ئەبێ ئەم پەرلەمانە ڕۆڵی دەستووری و یاسایی خۆی لە بوارەکانی پەسند کردنی بوودجە، چاودێری حکومەت، یاسا دانان بگێڕێت، زەمینی سازی تەندروست بکات بۆ زەمانەتی گێرانەوەی پارە پاشەکوت کراوەکان و هەموو شایستە داراییەکانی کە بەهۆی بڕیاری ئاماژە

پێکرا و له فەرمانبەران بڕدراوە، بۆ ئەو مەبەستەش فراکسیۆنەکەمان پرۆژەی نووسراوی پێکەشی شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە، هەاوکات ئەبێ بە هاوهەنگی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان زەمینەی هەڵوەشانەوەی بڕیاری پاشەکەوتی زۆرەملێی مووچە بڕەخسێنین و بڕیار بدرێ کە مووچە و شایستە داراییەکانی فەرمانبەران بگەڕێندرێتەوەن بە جۆرێك مووچەی قلە باڵاکان کەمبکرێتەوە و بخرێتە سەر مووچەی فەرمانبەرانی تر، تا زەمانەتی هاوسەنگی لە نێوان مووچەی پلە باڵاکان و مووچەی فەرمانبەرانی تر دا بکرێت و دادپەروەرانە داهاتە وەدەست هاتووەکان بەسەر فەرمانبەران دابەش بکرێ، هەروەك چۆن دوا بەدوای بەدواداچوونی فراکسیۆنەکەمان بۆمان دەرکەوت کە مووچە خۆرانی تۆڕی کۆمەلایەتی و چاودێری کۆمەلایەتی و کەمئەندامان زۆر زیانمەند بوون لە بڕیارەکانی حکومەت، بە تایبەتی هەندێ لەو چین و توێژانە بە تەواوەتی مووچەکانیان بڕاوە، یان تا ئاستی زۆر مووچەکانیان کەمکراوەتەوە، بۆیە دا ئەکەین پەرلەمانی کوردستان بە دیراسەی ورد هاوئاهەنگ لەگەڵ حکومەت مووچەی ئەو چین و توێژانە بکاتە بابەتی پرۆژە بڕیار و دوای پەسند کردن ئاراستەی حکومەتی بکات ، بۆیە بە ناوی فراکسیۆنەکەمانەوە کە دڵنیاین ئەو خواستی فراکسیۆنەکانی تریشە، داوا ئەکەین ئەو بابەتە بخرێتە بەرنامەی کار بۆ گفتوگۆ کردن لە بارەیەوە، بە مەبەستی فۆرمەلە کردنی و بڕیاری ڕاسپاردەی پەرلەمانی کوردستان لەمڕۆوە، سوپاس.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمنیکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك شێرکۆ.

**بەرێز شێرکۆ جەودەت:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە مەسەلەی تەسەلسولی خوێندنەوەکە فەرقمان نییە، گرنگ ئەوەیە کێشەکە حەل بێ، بەڵام ئێمە لە (17-9) (10) پەرلەمانتار لە فراکسیۆنی یەکگرتوو تەقدیممان کرد، بۆیە پێمان وابوو سەرەی ئێمە بوو، بەڵام گرنگ ئەوەیە کێشەکە حەل بێ، لە کۆتایی ئەوە هەمێکی هەموومانە، هەموو فراکسیۆنەکان خەممانە ئەو کێشەی پاشەکەوتی مووچەیە بە زووترین کات چارەسەر بکرێ، و قەناعتمان وایە لە فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان کە ئەو بڕیارە نایاسابیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەر هەر دۆخێك بووبێ داویەتی، بۆیە هەر خۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەبێ ئەو بڕیارە هەڵبوەشێنیتەوە، لەو سۆنگەوە و بە ڕەچاو کردنی دۆخی خراپی مووچە خۆران و فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان کە تێی کەوتووە بە پێویستمان زانی کە بە زووترین کات ئەو داوایە بکەین کە ئەو دوو پرۆژە بڕیارەی کە فراکسیۆنمان پێکشکەشی کردووە، دیارە ئەوەی ئێمە بیرۆکە نیە، بەڵکو پرۆژە بڕیارە کە داوامان کرد کە بخرێتە بەرنامەی کارەوە، و بە زووترین کات بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەت ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێ، دیارە کۆبوونەوەی هەماهەنگی لە نێوان سەرۆك فراکسیۆنەکان و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکی لیژنە پەیوەندیدارەکان ئەنجام درا، و لەو کۆبوونەوەیە بێگومان تەفاسیلێکی زۆر باسکرا وەك دەسپێك بۆ قۆناغێکی نوێ لە هەماهەنگی نێوان پەرلەمان و حکومەت بۆ چارە سەر کردنی کێشەکان ئەنجام درا، و هەر لەو کۆبوونەوەیە وا ڕێکەوتن ئەنجام درا کە بە زووترین کات ئەو سیستەمە نوێیەی مووچە کە ئەبێ جێگیر بکرێ بۆ پاشەکوتی مووچە لەلایەن حکومەت و پەرلەمانی کوردستانیش هەماهەنگ بێ، بەرێزان، ئێمە ژمارەی یاسایی پەرلەمانتاران کە لە خوارەوە واژوومان کردووە، داوا ئەکەین پرۆژە بڕیاری هەڵوەشانەوەی بڕیاری ژمارە (64) ی بەرواری (3-2-2016) ی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی تایبەت بە پاشەکەوت کردنی مووچەی فەرمانبەران و ڕاسپاردنی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری پەرلەمانی کوردستان

بۆ هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان، بەتایبەتی لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و حکومەتی هەرێمی کوردســـتان، و بڕیـارێکی ترمـان داوا کردووە، کە تـایبەتە بە دامەزراندنی سـەندوقی کوردسـتان بۆ داهاتە نەوتی و گازییەکان، ئەوەش هەر ڕاسـپاردەی لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتیەکانی پەرلەمان بکرێ بۆ هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنە پەیوەندیدارەکان و ئەوەش بخرێتە بەرنامەی کارەوە، پرۆژە بڕیارەکەی ئێمە وەکو عەرزمان کرد دوو پرۆژە بڕیارە، یەکیان بۆ هەڵوەشـــاندنەوەی پـاشـــکەوتی مووچەی فەرمـانبەرانی هەرێمی کوردســـتـانە، ئەوەی تر بۆ دامەزرانـدنی ســـەنـدوقی کوردســـتـانە بۆ داهـاتە نەوتی و گـازیەکـان، یەکەمیـان کە تـایبەتە بە هەڵوەشـــاندنەوەی بڕیاری پاشـــکەوتی مووچە، ئەوە پرۆژە بڕیارەکەیە کە پێشـــکەشـــمان کردووە.

یەکەم _ هەڵوەشـاندنەوەی بڕیاری ئەنجوومەنی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان ژمارە (64) کە لە بەرواری (3-2-2016) تایبەت بە پاشـــکەوت کردنی مووچەی فەرمانبەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

دووەم_ حکومەتی هەرێمی کوردســـتان پابەند بێ بە گەڕاندنەوەی مووچەی پاشـــەکەوت کراوی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردســـتان و دیاری کردنی ســـیســـتەمێکی ڕوون بۆ ئەوەی مانگانە حکومەت بڕی پارەی پێویســـت بگەڕێنێتەوە بۆ مووچە خۆران، و میکانیزمی تر دیاری بکرێ بۆ دانەوەی ئەو پاشەکەوتە.

ســـێیەم_ ڕاســـپاردنی لیژنەی دارایی و ئابووری و وەبەرهێنان لە پەرلەمانی کوردســـتان بۆ هە ماهەنگی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردســـتان و لایەنە پەیوە ندیدارە کان بۆ ئا مادە کردنی سیستەمێکی هاوسەنگ بۆ مووچە و ناردنی بۆ پەرلەمانی کوردستان لە ماوەی یەك مانگ زیاتر نەبێ لە دەرچوونی ئەو بڕیارە.

چوارەم_ حکومەتی هەرێمی کوردســـتان ڕێنمایی پێویســـت دەربکات بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو بریارە.

پێنجەم_ کار بە دەقی هیچ یاساییەك و بڕیارێك ناکرێ دژ بەو بڕیارە بێت.

شـــەشـــەم- ئەم بڕیارە لە ڕۆژ بڵاو کردنەوەی لە وەقائعی کوردســـتان جێ بەجێ ئەکرێ.

هۆکاری دەرچوواندنی :

ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان لە بەرواری (3-2-2016) بڕیاری ژمارە (64) ی دا بە پـاشـــەکەوت کردنی بڕێـك لە مووچەی فەرمـانبەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەوەش پێشلکاری یاساییە و زیانی گەورەی لە بژێویان داوە.

پرۆژە بڕیاری دووەم کە داوامان کردووە، تایبەتە بە دامەزراندنی ســـەندوقی کوردســـتان بۆ داهاتە نەوتی و گازییەکان، ئەوەش دەقەکەیەتی.

1 دامەزراندنی ســـەندوقی کوردســـتان بۆ داهاتە نەوتی و گازییەکان کە لە (10-5-2015) بە یاسایی ژمارە (2) ی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان پەسند کرا لەو کاتە دەرچووە، و تا ئێســـتا جێ بەجێ نەکراوە کە ئەبوایە لە ماوەی (3) ما نگ لە بەرواری دەرچوونی ئەو یاسایە جێ بەجێ بکرایە.

2- ڕاسپاردنی لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتیەکانی پەرلەمانی کوردستان بۆ هەماهەنگی لەگەل لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ گرتنەبەری ڕێکاری پێویست لەگەڵ حکومەتی

هەرێمی کوردســتان بە مەبەســتی دامەزراندنی ســەندوقی کوردســتان بۆ داهاتە نەوتی و گازییەکان.

3- حکومەتی هەرێکی کوردســـتان ڕێنمایی پێویســـت دەربکات بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو بڕیارە.

4- کار بە دەقی هیچ یاساییەکی تر ناکرێ دژ بەو بڕیارە بێت.

5- ئەو بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونی لە ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان جێ بەجێ ئەکرێ.

هۆکاری دەرچوواندنی ئەو بڕیارە:

یاســای ســەندوقی کوردســتان بۆ داهاتە نەوتی و گازییەکان ژمارە (2) لە بەرواری (10-5-2015) ئەوە پەسـند کراوە لەلایەن پەرلەمان و سـەرۆکایەتی هەرێمی کوردسـانەوە، بەڵام تا ئێسـتا جێ بەجێ نەکراوە، کە ئەبوو (3) مانگ دوای پەسند کردنی ئەو یاسـایە دابمەزرایە، بۆ وردبینی و شـــەفـافیەت و کۆنتڕۆڵ کردن و ئـاراســـتە کردنی داهـاتی نەوت و گـاز بەرە و بوژانەوەی ئـابووری لە هەرێمی کوردســـتـان کە ئەوە ئەرکی ســـەرەکی ئەو دەزگـایەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمنیکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك سەهراب.

**بەرێز سەهراب میکائیل:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز دزانم بابەتێ مووچەی و پاشـــەکەوتی مووچەی پەرلەمان بێ حیکمەت ئێکلایی ناکات، حیکمەت دگەل لیژنا پەیوەندیدار و پەرلەمانی رنیشـتینات خاری و بەلکی هێشـتان رنیشـتن هەبن، بـابەت ڤێ نینە، بـابەت ســـەر ئەو پەیڕەوێ هـاتیە نڤیســـین و ئەو ئـالیەتێ دانـای، پشـــتەڤانیا ئاخافتنێت مامۆســـتا بەهزاد دکەم، خالەکا بەرێ نوکە بەحس نەکری مادێ (71)، دوو، هەر پرۆژە یاســای یان بڕیار بێتە پێشـــکەش کرن بۆ پەرلەمانی ل ســـەر هەمی ئەندام پەرلەمانە هێتا دابەش کرن، خاندنا ئێکێ و رنشـــتنا ئێکی بۆ بێتە کرن و موناقەشـــا بۆ بکرێ، پشتی هندی بزڤریت بۆ لیژنێت ئان لیژنێت پەیڤەندیدار، سوپاس.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمنیکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ســـوپـاس، بەرێزان دیـارە مەســـەلەی پەیرەوی بەتەواوی لەو بوارەوە ڕەچـاو کراوە، هەر بیرۆکەیەك یان پرۆژەیەك بێتە پەرلەمانی کوردسـتان پێشـتریش پەراوێز نەخراوە، ئەمڕۆ ئەم بیرۆکانە و پرۆژەکانیش هەموویان وەکو خۆیان لای ئێمە وەرگیراون، و دوو ڕێگا ئەگرینە بەر، یەك، لیژنە پەیوەندیدارەکان ئەبێ لەســـەر ئەو بیرۆکە و پرۆژانە گفتوگۆ بکەن، ئەرکی ئەوان ســەرەکی ئەوەیە، ئینجا بۆ هەموو دانیشـتنەکە دێن عەرزی ئێرە ئەکرێن لەلایەن ئەو لیژنانە، و ئیتر بۆ حکومەتی هەرێمی کوردســـتـان ئەچن، تەرەفی ســـەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، و ئەکید ئامادەکاری ئەکەین بۆ دانیشتنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان، لەوێ دانیشـــتنێکی ســـەرکەوت و ئامادەکاری باش لەلایەن لیژنەکانەوە بە ڕاپۆرتی هاوبەش کە پێویســتی بە کۆبوونەوەی هاوبەش هەیە، بە تایبەتی لە نێوان هەرسێ لیژنەی تایبەتمەند لەو بارەوە، لیژنەی داراییی لیژنەی یاســـایی، لیژنەی وزە، لیژنەکانی تریش ئەکید ئەوانیش قسەی خۆیان ئەبێ، لیژنەی دە ستپاکی، لیژنەی بازرگانی، بە دڵنیایەوە دانیشتنی داهاتووی پەرلەمانی کوردسـتان ئەبێ لەسـەر ئەو بابەتە گرنگە گفتوگۆیەکی باش و بە بڕیاری باش و دڵنیاین لە بەرژەوەندی داوای ئێوە و خەڵکی هەرێمی کوردستانە، فەرموو کاك فرست.

**بەڕێز فرست صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێ ماددەی (54) ئەوەی کە لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، چ ئەوەی لیژنەی پەیوەندیدار، چ ئەوەی فراکسیۆنی پەرلەمانی یان ئەندام پەرلەمان پێکەشی بکات لە ناو هۆڵی پەرلەمان واباشە بە شێوەی نامە یان ڕاسپادرە ئاڕاستەی حکومەت بکرێ، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لە کۆی ئەو قسانەی فراکسیۆنە بەرێزەکان ئەندامانی پەرلەمان کردیان لەسەر بابەتێکی گەرم کە پەیوەندی بە هەموومان هەیە، پێم وایە ئێستا لەو هۆڵە کە ئەندامانی بەرێزی پەرلەمان لێ دانیشتوون، هەمووومان لە یەکتر خەمخۆر ترین، کەس ناکرێ لە یەکێکی تر یان فراکسیۆنێك لە فراکیسۆنێکی تر پێی وابێ کە خەمخۆر ترە، و ئەو فشارەی خەڵك و ئەو وەزعە خراپەی خەڵك تێدایە لەسەر هەمووومانە، بۆیە لە خولاسەی ئەو قسانەی کە فراکسیۆن و ئەندامانی بەرێز پێشکەشیان کرد پێم وایە لە چوارچێوەی نامەیەك چونکە بەهێزترە لە ناوهۆڵی پەرلەمان وەکو ڕاسپاردە پێشکەش بکرێ، دواتر لە دەستەی سەرۆکایەتی خولاسەی بکەنەوە کە یەکەم خاڵ ئەگەر حکومەتی هەرێمپی کوردستان لەو قۆناغەی ئێستا ناتوانێ بە تەواوی پاشکەوتی مووچە هەڵبوەشێنێتەوە خۆ ئەتوانێ ئەو ناعەدالیەتەی ئێستا هەیە لەو مووچە چارەسەری بکات، مامۆستایەکی زانکۆ، مامۆستایەك، فەرمانبەرێك، خزمەتگوزارێك ئێستا لە وەزعێکی زۆر خراپ دایە، خەڵك چاوەڕوانە ئەزعەف و ئیمان بە لایەنی کەم ئەو ناعەدالیەتە و نادادپەروەریەی لە ئێستای دابەش کردنی مووچە هەیە بەشێوەی سیستەمێکی نوێی مووچە پێدا بچینەوە، و خەڵکی کوردستان بە دڵنیایی پێی دڵ خۆش ئەبێ، خاڵی دووەم، ئەوەی تر ئێستا مەسەلەی مەسیر و چارەنووسی ئەو مووچانەی کە لەسەر یەکتر کەڵەکە بووە، حکومەت قەت نەیگوتووە ئەو مووچانە نادەینەوە، بەڵام ئەوەی خەڵك زیاتر پێی دڵ خۆش ئەبێ، ئەوەی خەڵك زیاتر دڵنەوایی ئەدرێ لەو پەرلەمانە بەرێزە، بە بڕیارێك زامن بکرێ، دواتر بتوانرێ مامەڵەی پێ بکرێ، بتوانرێ ئەو پارانەی قەرداری حکومەتە بتوانرێ حەرەکەی پێ بکات، خاڵی سێیەم کە پێم وایە جەختی لەسەر بکەینەوە، ئێمە جگە لە مووچە خۆر، بە دەیان پرۆژە لە وڵاتە وەستاوە، کارەباچیە، وەستای دیوارە، کرێکارە، کاریان بەدەست ناکەوێ، داوا لە حکومەت ئەکەین مانگانە بڕێکی زیاتر پارە بخاتە بازاڕ بۆ بەگەڕ خستنی پرۆژە ڕاوەستاوەکان، بۆ یارمەتیدانی بەڵێندەرەکان، بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان کاری دەست بکەوێ، خاڵی چوارەم کە زۆر عاجلە و ئانیە، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، مەسەلەی ئەو دۆخەیە کە ئێستا هاتۆتە پێش، پێویستە حکومەت ڕاسپێرین و قسەی لەگەڵ بکرێ کە ئەبێ بازاڕ کۆنتڕۆڵ بکرێ، نەخواستە لەو وەزعەی ئێستا هاتۆتە پێش خەڵکێك ئیستیغلالی ئەو وەزعە بکات و کالا و شتوومەك لەسەر خەڵك گران بکرێ، بۆیە ئەوانە کاری ڕۆژانەی خەڵکە، پەیوەندی بە مەسیری خەڵکەوە هەیە، بۆیە پێمان وایە ئەگەر بە ناوی پەرلەمان لەو جەلەسەیە ئەم خاڵە گرنگانە وەکو ئەولەویەت دیاری بکرێ، و ئێوە وەکو دەستەی سەرۆکایەتی ڕابسپێردرێن نامەیەك بە ناوی کۆبوونەوەی پەرلەمان ئاڕاستەی حکومەت بکرێ، ئەولەویات دیاری بکرێ، خەمی خەڵك و مەعاناتی خەڵك پێم وایە هەمووومان لەگەڵین، هەمووومان هەست بە ئازاری خەڵك و هاواری خەڵك ئەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمنیکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دوو خاڵی تری نیزامی ماون، کۆتایی بەو دانیشتنە دێنین، فەرمووو خاتوو ڕێواس.

**بەڕێز ڕێواز فائق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرێزتان ئەزانن ماکینەی بەڕێوەبردنی پەرلەمان بریتیە لە لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان، بە گوێرەی ئەو دەســتەڵاتانەی بەرێزتان هەتانە داوا ئەکەم لیژنەکان ڕاســپێرین بۆ ئەوەی ئەرکەکانی خۆیان بەجێ بگەیەنن و کۆبوونەوەکانیان ئەنجام بدەن، چونکە بێ جێ بەجێ کردنی کاری لیژنەکان ناتوانین ئیشــەکانی خۆمان بکەین، داوا ئەکەم بۆ ئەو مەبەســتە دەســتەڵاتەکانی خۆتان بەکار بێنن بەو گوێرەی ماددەی (18) لە پەیرەوی ناوخۆ، و ماددەی (43) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردســتان کە هاتووە (ئەو حوکمانەی تایبەتەن بە دانیشتنەکانی پەرلەمانی هاتوو لە ماددەی (25) پەیرەوی ناوخو بەسەر ئامادەبوون بەسەر دانشــتنەکانی لیژنەکان پیادە ئەکرێ) بۆیە داوا ئەکەم ئیشــی پەرلەمان تەنیا ئەنجامدانی کۆبوونەوە نەبێ، بەڵکو هەموو ئەو ئیجرائاتانەی کە پێشتر ئەکرا سەبارەت بە دانیشتنەکانی کۆبوونەوەی لیژنەکانی پەرلەمان دیســان دەســت پێ بکرێتەوە، و خشــتەی کۆبوونەوەی لیژنەکانی پەرلەمان دابنرێ، چونکە بە تایبەت ئەو قســانەی ئەمڕۆ باســمان کرد و ئەو بیرۆکانەی ئەمڕۆ تەرح کران، پیشــنیاری من ئەوەیە لیژنە تایبەتمەندەکان ڕاســپێرن بۆ ئەوە ڕاپۆرتی بۆ ئامادە بکەن بۆ کۆبوونەوەی داهاتوو، بۆ ئەوەی پەرلەمانی کوردستان بتوانێ بە بڕیار دەرچێ بە مەرجێ بە هاوەهنگی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان. سوپاس.

**بەرێز جعفر امنکی- سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

ســوپــاس، زۆر لە جێی خۆیتی، ئێمەش ڕێوشــوێنی تــایبەت ئەگرینە بەر بۆ ئەوەی کۆبوونەوەی لیژنەکان باشتر لە واقعی ئێستای ئەمڕۆ بەڕێوە بچن، فەرموو شیرین خان.

**بەرێز شیرین حسنی رمضان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بابەتێ مووچەی و پاشکەفت کرنا مووچەی گرێدایە ب ژیانە خەڵکێ.........

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمنیکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بیرۆکەیە؟

**بەرێز شرین حسنی رمضان:**

.....نەخێر بیرۆکە نینە نوقتەی نیزامییە، بەعاتفە و موزایەدە نایەتە چارەســەر کرن، ئەڤرۆ ئەم هەمیەت دئاخفن ل ســەر خالەك ل هیچ بەرنامێت کارێدا نینە کو ئیشــارەت ڤێ بابەتی دابیتن، هەرچەندە کۆمبینە شاندێ حکومەتێ دگەل سەرۆك فراکسیۆنێن پەرلەمانی و دگەل ســەرۆك لیژنێت پەرلەکانی هاتیە کرن، دیارە گفتوگۆیەکی چڕوپڕ ل ســەر ڤێ بابەتی هاتیە کرن، ل دڤیا با ســەرۆك فراکســیۆنە دگەل شــاندێت حکومەتی رنشــتیا خارێت دبا وەختەك هاتبایە دەست نیشان کرن کو ب حکومەتێ دابایە کو مەسەلەن حەفتیەکا دی، یان حەتا دەه ڕۆژی دی، حەتا پازدە ڕۆژی دی، حکومەت باش خۆ ئامادە بکات و بێت ل ناڤ رنشــتنەکیدا ل ناڤ پەرلەمان برینەت خاری، ب ئاشــکرایی هەم بۆ هەمیت ئەندامێت پەرلەمانی، هەم بۆ خەلکێ مە دیار بکات کا حکومەتێت شیانێت چ هەنە؟ دێشیت چ بکەت، دێشێت جێ بەجێ بکەت یان نا، نە هەر ڕۆژەکی قسەکی لە پەرلەمانتارەکی بێتە گوتن، یان حکومەت لێدوانەکا دیت بدەت.......

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمنیکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە ژی بیرۆکەیە؟

**بەرێز شرین حسنی رمضان:**

...... مه موڵاحەزە وەکو لیژنەت دارایی هەی، ل چارچێڤا پســـپۆریەت لیژنا دارایێت بیت، ڤێ ڕۆژی دگەل شـــاندێت حکومەت رنینتە خارێ، شـــاندێ حکومەتێ تەنها دگەل ســـەرۆك فراکسیۆنا رنیشتە خارێ، هەرچەندە مە بخۆ ژی وەکو لیژنێت دارایی نڤیسارەك پێکشەشی حکومەتی کریە کو بوومە بزوترین وەخت دا بابەتێ سیستەمی نوێی مووچەی بۆمە برێکاتە پەرلەمانی کو دا گفتوگۆ ل سەر بێتە کرن ل حەتا نوکە چ دیار نبیە، هێڤی دارم وەکو دەستەیا سەرۆکایەتیا پەرلەمانی ڤی بابەتی بە جدی وەرگرن، وەختەکی بۆ حکومەتی دەست نیشان بکەن کو ل دانیشـــتنێ داهاتی بێن دگەل مە گفتوگۆ بکەت بەرامبەری هەمی پەرلەمانتار و خەلکی ڕوون کردنەوەی پێویست بدەن، سوپاس.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمنیکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دیارە خاڵی نیزامی هەر زیاتر ئەبێ، کاك فەرحان فەرموو.

**بەرێز فرحان شوکر:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (54) بەرنامەی کار چۆن دانراوە باســی ئەو بابەتە ئەکرێ، ئێســتا دیتمان هەموویان لە بابەت دەرچوون، باســی مووچە و ئەوانە کرا، تەنیا بیرۆکەکان ئەخوێندرێنەوە، پێویســتە بیرۆکەکان بدرێنە لایەنی پەیوەندیدار، و ئەو بابەتەی لە بەرنامەی کار هەیە لانەدری، کەچی دەرچووین، کراوە بە مەســەلەی مووچە، قەرار بوو دانیشـــتنی تایبەت لە مەســـەلەی مووچە بکرێ، حکومەتیش ئامادەبێ، لەبەر ئەوەی بەبێ زانینی چی لە خەزێنە حکومەت هەیە، بووە خیتابات و قسـە کردن لەسـەر ئەوە، دەرچوون بوو لە پەیڕەوی ناوخۆ، بۆیە ئەگەر بمانزانیبوایە هەموو ئەندامێك پێی خۆش بوو قســە لەســەر ئەوە بکات، ئەگەر مەسەلەی مووچەیە، ئێستا وای لێهات هەموومان داوا بکەین، پێمان خۆشە لێرە داوا بکەین ئەو قەرارەی حکومەت هەڵوەشـێتەوە، عەدالەت لە مووچە بکرێ، مووچە زیاد بکرێ، خەڵك وەزعی خراپە، ئەوانە پێویست بوو لە جەلسەی تایبەت کە لە بەرنامەی کار هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمنیکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، هەر وا ئەبێ، بۆ دڵنیایی ئێوە بیرۆکە و قسە کردن لەسەر پاشەکەوت و سیستەمی مووچە وەکو بیرۆکە بە ئیتیفاقی ئێوە بووە لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، یەعنی پێشـنیاری وا هاتبوو کە ئەو بابەتانەش بە شـێوازی بیرۆکە دووبارە بکرێن، هەم گرنگی دانی پەرلەمانە بۆ دانیشـــتنی داهاتوو، هەم لە دوای هاتنی شـــاندی حکومەت بۆ پەرلەمانی کوردسـتان و لە ئەنجامی ئەو کۆبوونەوە هاوبەشـە و ئەو تێگەشـتنە باشـەی دروسـت بوو، لێرەدا دووبارە ئەو مەســەلەیە بروژێنرێ بەو ئاڕاســتەی ڕێکەوتین لەســەری، دانیشــتنێکی پەرلەمانی بەرهەمدار لە ئایندەیەکی نزیك ئەنجام ئەدرێ، کاك نازم، دوایی خاتوو ڕێواس.
کاك نازم فەرموو.

**بەرێز ناظم کبیر:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەئیدی قســەکانی کاك فەرحان دەکەم، بەراســتی نوقتەی نیزامی من لەســەر نوقتەیی نیزامییە، چونکە هەر برادەرێـك لە ڕێگەی نوقتەی نیزامی ئەوەی هەیبوو وتی، ئێمەش دانمـان بە خۆمـان داگرت کە نوقتەی نیزامییە، جـا داوا ئەکەم بەپێی پەیرەوی نـاوخۆ بێ لە کۆبوونەوەکـانی داهـاتوو مەســـەلەی نوقتەی نیزامی ئەبێ تەواو نوقتەی نیزامی بێ، سوپاس.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمنیکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو ڕێواس فەرموو.

**بەڕێز ڕێواز فائق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوا لە بەڕێزت ئەکەم ماددەی (56) جێ بەجێ بکەی کە پەرلەمانتار قسە لەسەر قسەی پەرلەمانتاری تر نەکات، ئەوەی ئێمە وتمان مووزایەدە نیە، ئەوە قەناعەتی هەموو فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستانە، بەوانەی لێرەن و ئەوانەش کە لە دەرەوەن، و قسە کردنەکەش بە گوێرەی بڕگەی (6) لە ماددەی (54) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بووە، دا ئەکەم هەر ئەندامێکی پەرلەمان بە ناوی نوقتەی نیزامییەوە قسەی کرد ناوی ئەو ماددەی و بڕگەی پەیڕەوی ناوخۆیە بڵی کە قسەی لەسەر ئەکات، سوپاس.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمنیکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لەمەودوا کە یەکێ باسی یان هێمای نوقتەی نیزامی نیشان بدات، ئەبێ دەستپێك ئاماژە بە بڕگە و ماددەکە بکات، بەڕێزان ئەو بیرۆکانە وەکو خۆیان قبوڵ کرا، ئەدرێنە لیژنەی پەیوندیدار و حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئامادە کارێ ئەکرێ بۆ دانیشتنی تایبەتی پەرلەمانی کوردستان، بۆ پرسی مووچە و پاشەکەوتی مووچە، و هەنگاوی پێویست لەو بارەوە، بەڕێزان ئەو دانیشتنە کۆتایی پێ دێنین، سوپاس بۆ ئێوە.

| | | |
|---|---|---|
| **بێگەرد تاڵەبانی** | **جعفر ابراهیم ئێمینکی** | **د. یوسف محمد صادق** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (2)ی
شەممە رێکەوتی 30\9\2017
خولی چوارەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (2)

## شەممە رێكەوتی 2017/9/30

كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی شەممە رێكەوتی 2017/9/30 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی جێگری سەرۆك و، بەڕێز بێگەرد تاڵەبانی سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (2)ی خولی چوارەمی, ساڵی (2017) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا كاتی دانیشتنی ژمارە (2)ی خولی بەهارەی ساڵی پێنجەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی شەممە رێكەوتی 2019/9/30 دا بەم شێوەیە بێت:

یەكەم/ وەڵامی پەرلەمانی كوردستان سەبارەت بە دوایین هەڵوێست و بڕیارەكانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و حكومەتی عێراقی فیدراڵ سەبارەت بە ریفراندۆمی هەرێمی كوردستان.

دووەم/ 1-دەست لە كاركێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (فخرالدين قادر عارف) لە پۆستی سكرتێرو ئەندامیەتی پەرلەمانی كوردستان، كە بەنووسراوی فەرمی پێشكەشی دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمانی كردووە، بەپێی خاڵی یەكەم بڕگەی (ب)ی ماددەی (30) پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار كراو.

2- دەست لەكاركێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (فرهاد حمه صالح) لە ئەندامیەتی پەرلەمانی كوردستان بە نووسراوی فەرمی پێشكەشی دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمانی كردووە، بەپێی خاڵی یەكەم بڕگەی (ب)ی ماددەی (30) پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار كراو، هەروەها بەپێی ماددەی (54)ی بڕگەی (1) خاڵی شەشەم لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار كراو.

3- دانانی بەڕێز (ايوب عبدالله رسول) لە شوێنی ئەندامی دەست لەكاركێشراو بەڕێز (فخرالدين قادر عارف) لە لیستی كۆمەڵەی ئیسلامی بەپێی ماددەی (31)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار كراو.

سێیەم/ دانان و ئاڵوگۆڕ كردنی ئەم ئەندامە بەڕێزانە لە لیژنە هەمیشەییەكانی پەرلەمانی كوردستان بەپێی ماددەی (44) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار كراو:

1-پێش چاوخستنی دەست لە كاركێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (گۆران ئازاد محمد) لە لیژنەی یاسایی.

2- پێش چاوخستنی دەست لەكاركێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (د.رێواز فايق حسين) لە لیژنەی پیشەسازی و وزە.

3- زیاد كردنی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (د.رێواز فايق حسين) بۆ لیژنەی یاسایی.

چوارەم/ خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژە بڕیاری (هەڵوەشاندنەوەی پاشەكەوتی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی كوردستان) بەپێی ماددەی (71) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار كراو.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنەکە دەکەینەوە، بەرنامەی کار، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی چوارەم، دانیشتنی ژمارە (2)، ڕۆژی دانیشتن 2017/9/30، بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان – عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار کراو، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا کاتی دانیشتنی ژمارە (2)ی خولی پاییزەی ساڵی چوارەم لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمان لە کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی 2017/9/30 بێت و بەرنامەی کاری دانیشتنەکە بەم شێوەیە بێت:

یەکەم/ وەڵامی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە دوایین هەڵوێست و بڕیارەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و حکومەتی عێراقی فیدراڵ سەبارەت بە ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان.

دووەم/ 1-دەست لە کارکێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (فخرالدین قادر عارف) لە پۆستی سکرتێرو ئەندامیەتی پەرلەمانی کوردستان، کە بەنووسراوی فەرمی پێشکەشی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کردووە، بەپێی خاڵی یەکەم بڕگەی (ب)ی ماددەی (30) پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار کراو.

2- دەست لەکارکێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (فرهاد حمە صالح) لە ئەندامیەتی پەرلەمانی کوردستان بە نووسراوی فەرمی پێشکەشی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کردووە، بەپێی خاڵی یەکەم بڕگەی (ب)ی ماددەی (30) پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار کراو، هەروەها بەپێی ماددەی (54)ی بڕگەی (1) خاڵی شەشەم لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار کراو.

3- دانانی بەڕێز (ایوب عبداللە رسول) لە شوێنی ئەندامی دەست لەکارکێشراو بەڕێز (فخرالدین قادر عارف) لە لیستی کۆمەڵەی ئیسلامی بەپێی ماددەی (31)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار کراو.

سێیەم/ دانان و ئاڵوگۆڕ کردنی ئەم ئەندامە بەڕێزانە لە لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کوردستان بەپێی ماددەی (44) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار کراو:

1-پێش چاوخستنی دەست لە کارکێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (گۆران ئازاد محمد) لە لیژنەی یاسایی.

2- پێش چاوخستنی دەست لەکارکێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (د.ڕێواز فایق حسین) لە لیژنەی پیشەسازی و وزە.

3- زیاد کردنی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (د.ڕێواز فایق حسین) بۆ لیژنەی یاسایی.

چوارەم/ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە بڕیاری (هەڵوەشاندنەوەی پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان) بەپێی ماددەی (71) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار کراو.

بەڕێزان.

ئێستا دەرفەت بە خاتوو بێگەرد تاڵەبانی دەدەم بۆ خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی ئامادە نەبوو و مۆڵەت لە کۆبووسی دانیشتنی پێشوو، فەرموو.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناوی ئەندامانی پەرلەمان لە دانیشـــتنی ژمارە (1)ی ئاســـایی بەرواری 2017/9/23 مۆڵەت پێدراون، یان بەبێ مۆڵەت ئامادە نەبوون ئەمانەنن.

1-ابوبکر عمر عبداللە (مۆڵەت).

2- انور قادر مستەفا (ئامادە نەبوو).

3- ایوب عبداللە اسماعیل (ئامادە نەبوو).

4- ئاواز جەنگی بورهان (ئامادە نەبوو).

5- ئومێد حمە علی (ئامادە نەبوو).

6- ئیڤار ابراهیم حسین (ئامادە نەبوو).

7- بەهار عبدالرحمن محمد (مۆڵەت).

8- بەهار محمود فتاح (ئامادە نەبوو).

9- برزۆ مجید عبداللە (ئامادە نەبوو).

10- بیستون فایق محمد (ئامادە نەبوو).

11- تەلار لەتیف محمد (ئامادە نەبوو).

12- پەروا محمد حمە (ئامادە نەبوو).

13- پەری صالح حمید (ئامادە نەبوو).

14- جمال عثمان رسول (ئامادە نەبوو).

15- جوان اسماعیل عزیز (ئامادە نەبوو).

16- حسن صالح محمد (ئامادە نەبوو).

17- رابون تۆفیق معروف (ئامادە نەبوو).

18- رۆزا محمود عثمان (ئامادە نەبوو).

19- زولفە محمود عبداللە (ئامادە نەبوو).

20- سالار محمود مراد (ئامادە نەبوو).

21- سەرکەوت سەرحەد خەلیفە (ئامادە نەبوو).

22- سرود سلیم متی (ئامادە نەبوو).

23- سۆران عمر سعید (ئامادە نەبوو).

24- شکریە اسماعیل مستەفا (ئامادە نەبوو).

25- شێرکۆ حمە امین (ئامادە نەبوو).

26- صالح فقێ محمد (ئامادە نەبوو).

27- گەشە دارا جلال (ئامادە نەبوو).

28- گۆران ئازاد محمد (ئامادە نەبوو).

29- ڤمان فیصل سلیم (ئامادە نەبوو).

30- عادل عزیز شکر (ئامادە نەبوو).

31- عباس فتاح صالح (ئامادە نەبوو).

32- عبدالرحمن علی رضا (ئامادە نەبوو).

33- عبداللە محمود محمد (ئامادە نەبوو).

34- عزت صابر اسماعیل (ئامادە نەبوو).

35- علی حمە صالح (ئامادە نەبوو).

36- عمر صالح عمر (ئامادە نەبوو).

37- عمر عینایەت حمە (ئامادە نەبوو).

38- عمر مستەفا باوەمیر (ئامادە نەبوو).

39- فائق مستەفا رسول (ئامادە نەبوو).
40- فەرهاد حمە صالح (ئامادە نەبوو).
41- قادر ئۆتمان رسول (ئامادە نەبوو).
42- قارەمان قادر فتاح (ئامادە نەبوو).
43- عمر محمود صالح (ئامادە نەبوو).
44- مريم صمد عبدى (ئامادە نەبوو).
45- منيره عثمان على (ئامادە نەبوو).
46- نجيبە لەتيف احمد (ئامادە نەبوو).
47- هەورامان حمە شەريف (ئامادە نەبوو).
48- يروانت نيسان مارکۆس (ئامادە نەبوو).
بۆ ئەم دانیشتنە بەڕێز دکتۆر عزت صابر ئەندامی پەرلەمانی کوردستان داوای مۆڵەتی کردووە.

پوختەی دانیشتنی ژمارە (1) لە بەرواری 2017/9/23

1-دەستپێکردنی دانیشتن لەلایەن جێگری سەرۆکی پەرلەمانەوە.
2- خوێندنەوەی یەکەمی دوو پرۆژە یاسا لەلایەن ئەندامانی لیژنەی یاساییەوە.
أ-پرۆژە یاسای راگرتنی کارکردن بە یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (9)ی ساڵی 2008 کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان پێشکەش کراوە لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە رەوانەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی شارەوانی و لیژنەی پەیوەندیدارو گشت ئەندامانی پەرلەمان کراوە.
ب- پرۆژە یاسای درێژکردنەوەی کار کردن بە یاسای تیرۆر ژمارە (3)ی ساڵی 2006 کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان پێشکەش کراوە لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە رەوانەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ و گشت ئەندامانی پەرلەمان کراوە.
3- رەتکردنەوەی دەست لەکارکێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (عمر صالح عمر).
4- رەتکردنەوەی دەست لەکارکێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (كنعان نجم الدين)
5- پەسند کردنی دەست لەکارکێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (بەيار طاهر سعيد).
6- خوێندنەوەی بیرۆکەیەك لەلایەن بەڕێز (ئەنەس محمد شريف) سەبارەت بە چارەسەر کردنی پاشەکەوتی مووچە.
7- خوێندنەوەی بیرۆکەیەك لەلایەن بەڕێز (د.رێواز فايق حسين) سەبارەت بە چارەسەر کردنی پاشەکەوتی مووچە.
8- خوێندنەوەی بیرۆکەیەك لەلایەن بەڕێز (د. شێرکۆ جودت) سەبارەت بە چارە سەر کردنی پاشەکەوتی مووچە.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئيمينكى/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز خاتوو بێگەرد تاڵەبانی سکرتێری کاتی پەرلەمان، بەڕێزان دەرفەتتان دەدەمێ بۆ خاڵی نیزامی، لە سەرەتاوە بەخێرهاتنی گەرمی جەنابی کاك مولود باوەموراد دەکەین وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان و وەزیری گەیاندن و گواستنەوە لەحکومەتی هەرێمی کوردستان بە وەکالەت، کە لەسەر داوای پەرلەمان لەم دانیشتنە ئامادە بووە، بڕیار وا بوو هەندێك بەڕێزی تریش ئامادە ببن، بەس دیارە بانگهێشتەکەیان درەنگ پێ گەیشتووە، سوپاسیان دەکەین بەخێر بێن.
بەڕێزان.

بۆ هەر روون کردنەوەیەکی تر، ئەم دانیشـــتنە وا بڕیار بوو دانیشـــتنێکی تایبەت بێت بە مەسـەلەی پاشـەکەوتی مووچەو، پەرلەمانی کوردسـتان لە هەموو رووپەکەوە ئامادە بوو گشـت فراکسـیۆنەکانیش داوایان کرد بوو، بڕیار بەو شـێوەیە بوو، بەڵام بەداخەوە بارێکی نەخوازراو هـاتە پێشـــەوە، دەبوایە لەم کۆبوونەوەیە تەرکیز لەســەر وەڵامـدانەوەی بڕیارەکانی حکومەتی فیدراڵی عێراق و ئەنجومەنی وەزیرانی بەغدا بکرێتن، لەبەر ئەوە ئەو مەســەلەیە لە بەرنامەدا هەر دەمێنێتن وەکو پرســێکی گرنگ لەبەردەم پەرلەمانی کوردسـتانەوە لە دانیشـتنەکانی ئایندەدا لەکاتێکی گونجاو دەسـتی بۆ دەبەین و یەکلایی دەکرێتەوە، هەر لە پەرلەمانی کوردستان یەکلایی دەکرێتەوە، ئێستاش خاڵی نیزامی کاك ئەبو بەکر هەڵدەنی فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبداللە هەڵەدنی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمووسان دەزانین کە دەستەی سەرۆکایەتی پێشـووتری پەرلەمان بە تەوافوقی سیاسی سـەرجەم فراکسـیۆنەکان هەڵبژێردران و، بە دەنگی پەرلەمانتاران هەڵبژێردران، هەمووسان دەزانین سکرتێری پەرلەمان بە شێوەیەکی کاتی، کاتی خۆی ئەو پۆستەی وەرگرت بۆ چەند رۆژێـك، لەبەر ئەوە ئەمڕۆ بەڕێزیـان وەکو ســکرتێرو ئەنـدامیەتی پەرلەمـان دەســـت لەکارکێشانەوەی پێشکەش کردووە، ئەسڵ ئەوە بوو لە شوێنی تایبەتی خۆی وەکو سکرتێر دابنیشـێت، دواتر ئیسـتیقالەکەی پێشـکەش بکات، ئەو کاتە بخرێتە بەردەم پەرلەمانتارانی بەڕێز، ئێمە پێمان وا بوو ریفراندۆم وامان لێ دەکات کە دەرفەتێکی تر بۆ ئا شتەوایی بێتە کایەوەو ئەم یەك ریزی و کۆ دەنگی نیشتمانیی حاسـل بکەین، بەتایبەتی کە خۆشـبەختانە هەموو لایەنەکان پشـــتیوانیان لە ریفراندۆم کرد بە بەڵێ، لەبەر ئەوە پێموا بوو دەبێت رێکارەکە بەم جۆرە بێت، بەو دوو سـەعاتە ئەگەر سـکرتێر لە شـوێنی خۆی دابنیشـتایە هیچ لە مەسەلەکە نەدەگۆڕا و، ئەوە رێکاری سروشتی و یاسایی خۆی بوو، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ کاك ئەبو بەکر، هەر بۆ ئاگاداری بەڕێزتان مەسەلەی دەست لەکارکێشانەوە لە 2017/9/21 پێشکەش بە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کرا بوو، بە باش زانرا لەبەر ئەوە ناکرێت بەرنامەی کار کە ئیمزا دەکات خۆی تەعامولی سـکرتێری لەگەڵ دەکرێت، نە دەکرا لەناو پەرلەمانی کوردســـتان لە هەمان کاتدا دوو ســـکرتێر ئامادە بن، لەبەر ئەوە لەپێناوی ئەوە ئەم دانیشـتنە سـەرکەوتوو بێت و هەم کاك (فخرالدین) سـکرتێری پەرلەمان بەڕێزو بە روحیەتی لێبووردەیی پێشـــوازی لە پێشـــنیاری ئێمە کرد، کە ئەو بـابەتە بەو شـــێوازەی ئیتیفاقمان لەسـەر کردووە بەڕێوە بچێت، لێرە سـوپاسی کاك فخرالدین دەکەین ستایشی ئەو هەڵوێسـتەش دەکەین کە لە پێناوی سـەرکەوتنی ئەم دانیشـتنە بوو لەسـەر داوای هەمووتان و، لەســـەر داوای فراکســـیۆنەکان دەبوا چڕ بکرێتەوەو لەســـەر وەڵامدانەوەی بڕیارەکان و هەڵوێستەکان وەکو ئاماژەمان پێکرد هەم حکومەتی فیدراڵ، هەم ئەنجومەنی نوێنەرانی حکومەتی فیدراڵ لە بەغدا، بەڵێ کاك زانا خاڵی نیزامی هەیە فەرموو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیـارە لە بەرنامەی کـارەکە بڕگەی یەکەم کە تـایبەتە بە وەڵامی پەرلەمـانی کوردســـتـان سـەبارەت بە دوایین هەڵوێسـت و بڕیارەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، گفتوگۆی زۆر هەڵدەگرێت، بۆیە من پێشـنیار دەکەم بەرنامەی کارەکە بڕگەی دووەم و سـێیەم و چوارەم پێش بخرێت، دوایی بێینە سەر گفتوگۆ کردن، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز زانا بۆ ئەو پێشنیارە، خاڵی نیزامی تر خاتوو حیات فەرموو.

**بەڕێز حیات مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمـان پێشـــنیـاری کـاك زانـام هەبوو، لەبەر ئەوەی ئەو بڕگەیە گفتوگۆ زۆر هەڵدەگرێت، ئەگەر بکرێتە ئاخیر بڕگەو بڕگەکانی تر بخرێنە پێشـــتر شـــتێکی باش دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز خاتوو حیات، خاڵی نیزامی تر کاك ئاری فەرموو.

**بەڕێز ئاری محمد هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، منیش پشتیوانی لە بۆچوونەکەی کاك زانا دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سـوپاس بۆ بەڕێز ئاری هەرسین بۆ پشـتیوانی ئەو پێشـنیارە، خاڵی نیزامی تر دکتۆر شـوان فەرموو.

**بەڕێز عمر مصطفى باوەمیر (د.شوان قەڵادزەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان.**

هەڵبەتە قســـە کردن لەســـەر بڕیارەکانی پەرلەمانی عێراق و حکومەتی عێراق کرنگیەکی زۆری هەیە، لەبەر ئەوە پێم باشـــە ئەو بابەتە دوا بخرێت بۆ کۆبوونەوەیەکی تر، پێموایە قســە کردن لەم بابەتە بەبێ ئامادە بوونی ســەرۆکی حکومەت و بەڕێز جێگری ســەرۆکی حکومەت کەمکردنەوەی شـــەئنی ئەو محـاوەلە حـاقـدانەیە کە لە بەغـداوە بەرامبەر بە هەرێمی کوردسـتان دەکرێت، خۆی سـەرۆك وەزیرانی عێراق لە کۆبوونەوەکە ئامادە بووە بە یەکەوە کۆمەڵێـك بڕیـاریـان دەرکردووە، نـاکرێـت ئێمە لە هەرێمی کوردســـتـانـدا کۆبوونەوەیەك بکەین، بەڵام سەرۆکایەتی حکومەت لێرە ئامادە نەبێت، ئەمە خاڵی یەك.
خاڵی دووەمیش/ ئێمە لە 9/13 پرۆژە بڕیارێکمان پێشـکەش کردووە بۆ هەڵوەشـاندنەوەی بڕیاری ژمارە (64)ی ئەنجومەنی وەزیران، کە تایبەتە بە سـەپاندنی پاشـەکەوت و، واژووی سـەرجەم فراکسـیۆنەکانی لەگەڵدایە، لە 13ی مانگەوە پێشـکەش کراوە، بەڵام بە داخەوە دەســتەی ســەرۆکایەتی ئێســتا پرۆژەکەی ئێمەی نەخســتۆتە بەرنامەی کارەوە، ئەمەش پێویســتی بە روون کردنەوە هەیە، کە پێکهـاتووە لە (9) مـاددە، پرۆژە بڕیـارێکی زۆر شمولییەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ســوپاس بۆ بەڕێز دکتۆر شــوان قەڵادزەیی، ســەبارەت بەو پرۆژە بڕیارەی پێشــکەشــتان کردووە لە دانیشـتنی داهاتوودا دەخرێتە بەرنامەی کار، ئەوەی یەکەمیش هەر بۆ ئاگاداری بەڕێزتان حکومەتی هەرێمی کوردستان وەڵامی بڕیارەکانی بەغدای داوەتەوە، لەبەر ئەوە ئەمڕۆ بە پێویســتمان زانی بانگەشــەی جەنابی وەزیری گواســتنەوەو گەیاندن بکەین، بۆ ئەوەی دوایین پێشـهاتەکان لەسـەر ئەو مەسـەلەی پەیوەسـتە بە گواسـتنەوەو داخسـتنی دەروازەکان و فرۆکەخانەکان پێشکەش بەم دانیشتنە بکات، خاڵی تری نیزامی خاتوو مریەم فەرموو.

**بەڕێز مریم صمد عبدی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**
ئەوەی من خاڵی نیزامی نییە، بەڕێزان دیارە وەك هەموومان ئاگادارین بە داخەوە لە چەند ڕۆژی ڕابردوو کارەساتێکی گەورە لە دەریایی ڕەش ڕوویدا، کە تیایدا (22) هاووڵاتی دوێنێ تەرمەکانیان و ڕوفاتەکانیان گەیشتەوە هەرێمی کوردستان، کە چەندین هاووڵاتی کوردی هەرێمی کوردستان تاوەکو ئێستا بێ سەرو شوێنن، داوا لە بەڕێزتان دەکەم بۆ گیانی پاکی شەهیدان و ئەو قوربانیانە چەند ساتێك بوەستین بۆ دڵنەوایی کەسوکارییان، سوپاستان دەکەم.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز خاتوو مریەم ئەو پێشنیارە پەسندە، داوا لە ئەندامانی پەرلەمان دەکەین دەقیقەیەك وەستان ڕێز بۆ گیانی پاکی ئەو شەهیدانە، سوپاستان دەکەین، گیانیان شاد بێت، گیانی هەموو شەهیدانی کوردستان شاد بێت، سوپاس بۆ خاتوو مریەم صەمەد، خاڵی نیزامی تر، کاك قادر فەرموو.
**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
من پشتیوانی لە ڕەئیەکەی دکتۆر شوان قەڵادزەیی دەکەم، دەبوایە بەڕێز سەرۆکی حکومەت، یان بەڕێزان سەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی حکومەت لەم دانیشتنە ئامادە بوونایە، سەبارەت بە دەست لەکارکێشانەوەی بەڕێز کاك فەرهاد سەنگاوی، ئێمە وەکو فراکسیۆنی یەکێتی ڕەنگە پێویست بەوە بێت قسەی لەگەڵدا بکەین، هەرچەندە لە بەرنامەی کاریشدا نەهاتووە، من داوا لە جەنابتان دەکەم و لە بەرێز سکرتێری پەرلەمانیش دەکەم ئەم بابەتە بۆ دانیشتنی داهاتوو دوا بخرێت و، سەبارەت بە دەست لە کارکێشانەوەی بەڕێز فخرالدین قادر لە پۆستی سکرتێری لە بەرنامەی کاری بەردەستدا هەیە، بەڵام دەست لە کارکێشانەوەی وەکو پەرلەمانتار لە بەرنامەی کاردا نەهاتووە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز قادر ئۆتمان، دیارە بەپێی ماددەی (54)ی پەیڕەوی ناوخۆ هاتووە هەموو فراکسیۆنێك دەتوانێت پێش (24) سەعات بابەتێك لەو بابەتانەی کە بە پێویست دەزانێت داوا بکات و بۆ ئەوەی بخرێتە بەرنامەی کار، ئێمەش هەر وامان کردووە، کاك دکتۆر ابراهیم فەرموو.
**بەڕێز د.ابراهیم احمد سمۆ:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
خالەکی پەسندا کاك زانا دکەم بۆ پاش و پێش خستنا بەرنامە کار، خاڵە دی وەکو روون کردنەوەی بچووك لە دانیشتنی پەرلەمانی عێراق، حیدر عبادی حازر نەبوو تەوصیات و قەراری خۆی لە جەلسەی دووەم حازر بوو بە ئیعتیباری ئەوە جەلسەی مە ئێکە مەوزوعی بیتن سەر ئەحداسە جەلسەی دوێ حکومەت حازر دەبی، مەرج ئەوە کو روون کردنا مە، یان پەرلەمانی کوردستان لەسەر پەرلەمانی عێراقێ چونکە خالێت ئەوێ دی هاتیە کرینە

گوتی جوابدانە مە بۆ پەرلەمانێ عێراقێ، نە جوابدانە مە پەرلەمان و حکومەتێ بۆ عێراقێ، حکومەتێ جوابا خۆ دای، پەرلەمانێ ماى جوابێ خۆ نەدایە، یان پەرلەمان د جوابێ خۆ دەدەن، ئەم جەن جەلسە بێت بەلکی گەلەك ئەحداسی سەریعن، چونکە سەعات بە سەعات ئەحداسی سەریع و شتی باشتر بێنە پێش، ئەوە گرێدای بابەتی دی ژی خۆش بەختانە ئەوە خەبەرێ گەرم ئەوەش ژی وەزیرێ گواستنەوە حازر بووی، ئەو چێت پاشی روون کردنا بدات، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز دکتۆر ابراهیم، کاك بەهزاد فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن ئەز پەسندا رەئی ئەو دکەم کو بەرنامەی کار بێتە پێش و پاش کرن، بەلام ئیشکالەك هەی، تەبعەن بەنیسبەت خاڵە دوێ دەست لە کارکێشانەوەی سکرتێری هەمیشەیی ئەگەر هاتە پێش هەنگی تووشی ئیشکالەکە پەیڕەوی بین لە ماددە (16) خاڵە دوێ بێژیتن لە حاڵەتێ بە تاڵ بوونی پێگەی سەرۆك، یان جێگر، یان سکرتێر بە هەر هۆیەك بێت ئەوە پەرلەمان لە یەکەم دانیشتنی گرێدراوی دوای بەتاڵ بوونەکە بە هەمان رێکار دەق کراوەکان، دەق کراوەکان بە هەڵبژاردنی نهێنیی پێشتر، بۆیە ئەز داخواز دکەم ئەڤ بڕگەی دی هەمی بێنە پێش بەس خاڵە دوێ لە دیمای جەلسە بەشێوەیەکی یاسایی رێڤە بچیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز کاك بەهزاد، پەیڕەو زۆر روون و زۆر ئاشکرایە سکرتێری کاتی شوێنی سکرتێری هەمیشەیی دەگرێتەوە تا ئەو کاتەی پەرلەمانی کوردستان پێویستی بە دانیشتنەکان هەبێت، لەبەر ئەوەی ئەو مەسەلەیە براوەتەوە، خاڵێکی تری نیزامی کاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (54) لە بڕگەی (3) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان وا دەڵێت، دەڵێت نابێت هیچ بابەتێك بخرێتەڕوو، یان گفتوگۆ بکرێت، ئەگەر لە بەرنامەی کاردا نەهاتبێت.

بڕگەی (6)ی راستە ئەم دەسەڵاتەی بە سەرۆکی فراکسیۆنەکان داوە، کە سەرۆکی فراکسیۆن بۆی هەیە بابەتێکی گشتی و لەناکار بخاتەڕوو، ئەمە پێمانوایە ئەمە پەلەیە، ئەمە بابەتێکی گشتی نییە، دوای ئەوەی جەنابت دەڵێی لە پەیڕەوی ناوخۆ لەو ماددەیەی کە ناوت برد هاتووە، بەڵام بە تەسەوری من وا نییە ئەوەی ئێمە وتمان (24) سەعات بەسەر داخیل کردنی لە بەرنامەی کاردا تێپەڕی بێت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز قادر لە پەیڕەودا هاتووە هەر فراکسیۆنێك ئەو بابەتەی بە گرنگ و بە پێویست دەزانێت پێشکەشی بکات پێش (24) سەعات هاتووەو بەو شێوازە موعامەلەمان لەگەڵ کردووە، بۆ دڵنەوایی بەڕێزتان داوا لە خاتوو بێگەرد تاڵەبانی دەکەم ئەو بڕگەیە بە تەواوی بخوێنێتەوە، بۆ دڵنەوایی هەمووتان ئەندامانی پەرلەمان، فەرموو.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ ماددەی (54) بڕگەی یەکەم خاڵی (6) دەڵێت:

سەرۆکی فراکسیۆنی پەرلەمانی مافی هەیە بەر لە (24) کاتژمێر لە کاتی بەستنی دانیشتنەکە بابەتێکی تازە بخاتە بەرنامەی کارەوە، بە مەرجێك بابەتەکە گشتی و لەناکاو و بە پەلە بێت.
دەست لەکارکێشانەوەش هاتووە لەلایەن فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە پێشکەش کراوە، بۆیە بە پێویستمان زانی بیخەینە بەرنامەی کارەوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز خاتوو بێگەرد، ئێستا پێش خستنی بڕگەکانی بەرنامەی کاری ئەمڕۆ دەخەینە دەنگدانەوە، لە بڕگەی دووەم دەست پێ دەکەین، دواتر دێینە سەر بڕگەی یەکەم، کێ لەگەڵ ئەوە دایە بڕگەی دووەم و سێیەم و چوارەم لە بەرنامەی کار بێتە پێش بڕگەی یەکەم، دەستی بەرز بکاتەوە؟ (56) بەڕێز لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (کەس نییە) لەگەڵدا نەبێت، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا.
بەڕێزان.
دێینە سەر بڕگەی دووەم لە بەرنامەی کار دەبێتە بڕگەی یەکەم:
1-دەست لە کارکێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (فخرالدین قادر عارف) لە پۆستی سکرتێرو ئەندامیەتی پەرلەمانی کوردستان، کە بەنووسراوی فەرمی پێشکەشی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کردووە، بەپێی خاڵی یەکەم بڕگەی (ب)ی ماددەی (30) پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار کراو.
بەڕێزان.
دەست لەکارکێشانەوەکە وەکو خۆی هاتووە بۆتان دەخوێنینەوە ئینجا دەخەینە دەنگدانەوە، فەرموو خاتوو بێگەرد تاڵەبانی دەیخوێنێتەوە.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە
بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

بابەت/ دەست لەکارکێشانەوە

بەندە (فخرالدین قادر عارف) دەست لەکارکێشانەوەی خۆم ئاراستەی بەڕێزتان دەکەم وەکو سکرتێری پەرلەمان و ئەندامیەتی پەرلەمان.

فخرالدین قادر عارف
سکرتێری پەرلەمانی کوردستان
2017/9/27

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (49) کەس لەگەڵدایە زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (کەس نییە) لەگەڵدا نەبێت، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، کاك ئاری نوقتەی نیزامی هەیە فەرموو.

**بەڕێز ئاری محمد هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

واللە نوقتەی نیزامی نییە، بەڵام زۆر زۆر بە پێویستی دەزانم کە قسەکەم کرد بەڕێزیشتان پشـــتگیری دەکەن، من بە پێویســـتی دەزانم کە بەڕێز کاك فخرالدین لەو تەوقیتە زۆر زۆر قورسـەدا توانی زۆر بە باشی فەراغێك پڕ بکاتەوە کە هەموومان پێویستمان پێی بوو، لەو فەترەیە کە جەنابیان لەسەر ئەو کورسیە دانیشتبوون و ئەو پۆستەیان هەبووە، من وەکو ئەندام پەرلەمان زۆر زۆر سـوپاسی دەکەم بەتەواوەتی بێ لایەنی پێوە دیار بووە، ناکۆکی سـیاسی لەنێوان لایەنە سـیاسـییەکان بەهیچ شـێوەیەك نابێت ببێتە ئەنجامی درز کەوتنە نێوان ئێمەی پەرلەمانتارو خەڵکی کوردســـتان، بۆیە من جارێکی تر ســـوپاسـی دەکەم، هیوادارم هەر سەرکەوتوو بێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان.

2- دەسـت لەکارکێشـانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (فرهاد حمە صـالح) لە ئەندامیەتی پەرلەمانی کوردستان بە نووسراوی فەرمی پێشکەشی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کردووە، بەپێی خـاڵی یەکەم بڕگەی (ب)ی مـاددەی (30) پەیڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردسـتان ژمارە (1)ی سـاڵی 1992ی هەموار کراو، هەروەها بەپێی ماددەی (54)ی بڕگەی (1) خاڵی شـەشـەم لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردسـتان ژمارە (1)ی سـاڵی 1992ی هەموار کراو.

داوا لە خاتوو بێگەرد تاڵەبانی دەکەین دەست لەکارکێشانەوە بخوێنێتەوە.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

لە رێگەی سەرۆکی فراکسیۆنیەوە

بابەت/ دەست لەکارکێشانەوە

من فەرهاد حمە صـــالح (فەرهاد ســـەنگاوی) کە لە لای خوارەوە واژووم کردووە وەکو ئەندامێکی ئەم پەرلەمانە خۆشـــحاڵ بووم کە هەردەم جێگەی متمانەو باوەڕی ئەو دەنگانە بم کە بە من دراو و منیان هێناوتە ئەم شـوێنە، هەموو کات و سـاتێکیشـم لەناو هۆڵی پەرلەماندا بۆ بە حەق شـــایســـتە بوون و بۆ متمانە بەخشـــیووەو هەوڵمداوە کە نوێنەری ئاواتەکان و خەمەکانی گەلەکەمان بم، لەم پێگەیەدا جێگەی شـــانازیی هەموومانە لەگەڵ رێزی زۆرم بۆ ئێوەو دەسـتەی سـەرۆکایەتی و هەموو ئەندامانی پەرلەمان بە داخەوەم کە پێتان رادەگەیەنم ناتوانم لەبەر هەندێ هۆکاری شـەخسـی خۆم چی دی وەکو پێویســـت ئەرکەکانم جێ بەجێ بکەم، بۆیە داوا لە بەڕێزتان دەکەم ئەم دەست لەکارکێشانەوەیەم پەسند بکەن.

فەرهاد حمە صالح
کریم

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، دەســـت لەکارکێشـــانەوەی بەڕێز فرهاد حمە صـــالح دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەســـتی بەرز بکاتەوە؟ (47) کەس لەگەڵدایە زۆر ســـوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (7) کەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا.

3- دانانی بەڕێز (ایوب عبدالله رســول) لە شــوێنی ئەندامی دەســت لەکارکێشــراو بەڕێز (فخرالدین قادر عارف) لە لیســتی کۆمەڵەی ئیســـلامی بەپێی ماددەی (31)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار کراو.

خاڵێکی نیزامی هەیە دکتۆر فرسەت فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردســـتان لە چەندین ماددە ئەوە تەئکید کراوەتەوە، هەر بابەتێك پێش ئەوە دەبێت لە بەرنامەی کاردا بێت، ئێســـتا ئەم بەڕێزە نە لە هۆڵی پەرلەمان ئامادەیە، نە لە بەرنامەی کاریش، بۆیە داوا دەکەم بۆ دانیشتنەکانی داهاتوو ئەم بابەتە دوا بخرێت، چونکە لە رووی پەیڕەوی ناوخۆوە ناگونجێت ئەم بابەتە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر ســوپاس، کاك دکتۆر فرســەت پێش (24) ســەعات ئەم داوایە لە فراکسیۆنی کۆمەڵەی ئیســـلامی بە نووســراو پێشــکەش بە دەســتەی ســـەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە، لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان پەسند کراوەو خراوەتە بەرنامەی کار، نوقتەی نیزامی کاك ئومێد خۆشناو فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشـتیوانی تەواوی بۆچوونەکەی دکتۆر فرسـەت دەکەم، لەبەر ئەوەی نە فراکسـیۆنەکەیان لێرەیە، بایکۆتی کۆبوونەوەکەیان کردووە، ئەگەر گریمان ئەو دەســـت لە کارکێشـــانەوەی ســکرتێری پەرلەمان قەبول نەکرابوایە نەدەکرا تا ســکرتێر دەســت لە کار نەکێشــێتەوە لە بەدیلی ئەو یەکێکی تر بێت، ئەوان بە دیلەکە شیان پێشکەش کردووەو لێرە نییەو حازریش نییە ســوێند بخوات، بۆیە دەکرێت دوا بخرێت بۆ ئەو کاتەی کە فراکسـیۆنەکەیان گەڕانەوە ناو هۆڵی پەرلەمان ئەندامەکەی خۆیان پێشکەش بکەن و زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی کاك دکتۆر شوان قەڵادزەیی فەرموو.

**بەڕێز عمر مصطفى باوەمیر (د.شوان قەڵادزەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە ئەندامی پەرلەمان ســـوێند دەخوات ئینجا دەبێت ئەندامی پەرلەمان، یەعنی پێویستی بەوە نییە سوێند بخوات ئینجا حزوری هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دواتره جارێ پەسند دەكرێت و وەردەگیرێت لە ئەندامیەتی پەرلەمان لە دانیشتنی داهاتوو سوێند دەخوات دەبێتە ئەندامی پەرلەمان، تا ئەو كاتە ئەندامی پەرلەمان نییە، بۆ یەكلایی كردنەوە بۆ ئەم پرسە داوا لە سەرۆكی لیژنەی یاسایی دەكەین رەئی یەكلا كەرەوەمان بداتێ فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر ئەندامێك لەلایەن خەڵك هەڵبژێردراوەو دانراوە بەپێی ماددەی (11) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان تەنها ئامادە دەبێت و سوێند دەخوات پێویستی بەوە نییە پەرلەمان پەسندی بكات، ئەم بابەتە ناخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەم رەئیەی سەرۆكی لیژنەی یاسایی پەسندە لەلای ئێمە، ئێستا دەچینە خاڵی سێیەم لە بەرنامەی كار.

سێیەم/ دانان و ئاڵوگۆڕ كردنی ئەم ئەندامە بەڕێزانە لە لیژنە هەمیشەییەكانی پەرلەمانی كوردستان بەپێی ماددەی (44) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار كراو:

1-پێش چاوخستنی دەست لە كاركێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (گۆران ئازاد محمد) لە لیژنەی یاسایی.

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (52) كەس لەگەڵدایە زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (كەس نییە) لەگەڵدا نەبێت، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ پەسند كرا.

2- پێش چاوخستنی دەست لەكاركێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (د.ڕێواز فایق حسین) لە لیژنەی پیشەسازی و وزە.

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (57) كەس لەگەڵدایە زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (4) كەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ پەسند كرا.

3- زیاد كردنی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (د.ڕێواز فایق حسین) بۆ لیژنەی یاسایی.

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (61) كەس لەگەڵدایە زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (1) كەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ پەسند كرا.

ئێستا داوا لە بەڕێزان لیژنەی قانونی دەكەین سەرۆك و ئەندامانی لیژنەی یاسایی بفەرموون بۆ سەر مەنصە، بەڕێزان، پرۆژە بڕیارێك هەیە داوا لە سەرۆكی لیژنەی یاسایی دەكەین ئەو پرۆژەیە پێشكەش بە ئێوەی بەڕێز بكەن.

**بەڕێز شوان شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم پرۆژە بڕیارە لە شەش خاڵ و هۆیەكانی دەرچوواندن پێكهاتووە، لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان واژوو كراوە كە بەم ناوانەی خوارەوە دەست پێدەكات.

بەڕێزان:

1-ابوبكر عمر عبدالله

2- كەژاڵ هادی فقێ.

3- كنعان نجم الدين احمد (حاجی كاروان).

4- بەهار عبدالرحمن محمد.
5- سهام عمر قادر.
6- عمر صالح فارس (كۆچەر).
7- شێركۆ جودت مصطفى.
8- سهراب مكائيل محمد امين.
9- بەهزاد دەروێش دەروێش.
10- غريب مصطفى حمەخان.
داوا لە بەڕێزتان دەكەين ئەم پرۆژە بڕیارە ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیدار بكرێت، لەگەڵ ڕێزماندا.
**بەڕێز جعفر ابراهيم ئيمێنكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
زۆر سوپاس بۆ لیژنەی یاسایی، ئەم پرۆژە بڕیارە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی و كاروباری ئابووری و گشت ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان، سوپاس.
بەڕێزان.
بۆ گفتوگۆی خاڵی یەكەم كە بووە خاڵی چوارەم لە بەرنامەی كاری ئەمڕۆی دانیشتنی پەرلەمانی كوردستان، پێش ئەوەی بچینە سەر گفتوگۆ كردن داوا لە لیژنەی یاسایی دەكەم هەر لەسەر مەنصە بمێننەوە، لە سەرەتاش ئێمە وەكو دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان گوتارمان نییە، بەڵام چەند خاڵێكمان هەیە بە پێویستی دەزانین پێش گفتوگۆ بخرێنەڕووی ئێوەی بەڕێز.
بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.
هەر لە سەرەتای ئەم دانیشتنەی پەرلەمانی كوردستان بە پێویستی دەزانین جارێكی تر پیرۆزبایی لە گەلی كوردستان بكەین بە بۆنەی سەركەوتنی ریفراندۆمی سەربەخۆیی كوردستان، دیارە ریفراندۆم ئامرازێكی دیموكراسیەو لە پێناوی ئاشتی و سەقامگیریی، بەڵام بە داخەوە كاردانەوەی توندو چاوەڕوان نەكراو لەلایەن حكومەت و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی فیدراڵی لێكەوتەوە، كە بە هیچ شێوازێك ئەو كاردانەوەیە ناگونجێت لەگەڵ دەستووری هەمیشەیی عێراق و بنەماكانی دەوڵەتی مەدەنی دیبلۆماسی، دیارە ئەو كاردانەوانەو بڕیارانەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پێویست بە وەڵامدانەوەی پەرلەمانی كوردستان هەیە، وەڵامێكی هێنمانە لە ئاستی ڕەوایی گشت مافەكانی خەڵكی كوردستان، داواتان لێدەكەم گفتوگۆیەكی هێمنانە دوور لە هەموو گرژی و تەشەنەیەك، دیارە پەیامی ئاشتیانەی گەلی كوردستان داوا دەكەین زاڵ بێت لەسەر هەموو داوایەكی تر بۆ گرژی تەشەنە.
بەڕێزان.
لەو پێناوەدا بەردەوام بوونی دیالۆگ لەنێوان هەولێرو بەغدا و چڕكردنی باشترین چارەسەرە بۆ گشت كێشەو ناكۆكیەكان، ئێمە بە پێویستی دەزانین بە پێشوازییەكی گەرم لە هەموو ئەو هەوڵانە بكەین بۆ ناو بژیوانی لەنێوان كیانی كوردستان و حكومەتی فیدراڵ لە بەغدادا بەتایبەتی لەلایەن وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا، هەروەها پێشوازییەكی گەرم لە وتە بە نرخەكانی سەید سیستانی دەكەین گەورە مەرجەعی شیعە لە عێراقدا، لە وتەكەیدا هاتووە دەبێت ڕێز لە مافەكانی گەلی كوردستان بگیرێت، دەزانین بەڕێزتان هەمووتان قسەتان هەیە لەم رۆژەدا، لەمەڕ ئەم بابەتە گرنگە دەرگای گفتوگۆ دەكەینەوەو ناوەكان تۆمار دەكەین و دەست بە گفتوگۆ دەكەین، ئێستا ناوەكان دەنووسین و دەرفەت بە وەزیری گواستنەوەو گەیاندن بە وەكالەت دەدەین لە دوايین پێشهاتەكان وتەی خۆی

پێشــکەش بەم دانیشــتنە بکات، لەبەر ئەوەی هەمووتان دەتانەوێت قســە بکەن دوایی ئاڵوگۆڕ دەکەین لەنێوان فراکسیۆنەکان، کاک دکتۆر ئامانج بەخێر بێی.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشــێك لە ناوەکان رۆژێك پێشــتر تۆمار کراون دەیخوێنمەوە، بەڵام دواتر بۆ ئەوەی هاوسەنگیەك هەبێت لەنێوان فراکسیۆنەکان بە تێکەڵاوی ناوەکان دەخوێنمەوە:

(ئامینە زکری، د.فرســت، شــیرین حســنی، حیات مجید، عباس غزالی، خلف احمد، حاجی میرخان، شــیلان خان، ڤیان عباس، ڤمان فیصــل، منی نبی، ابو کاروان، عبدالله حاجی محمود، شــوان قەڵادزەیی، وحیدە یاقۆ، جودت جرجیس، محمد ســعدالدین، ماجد بازرگان، مامۆستا غریب، ابوبکر هەڵەدنی، بەهار عبدالرحمن، بەهزاد دەرویش، کاك سهراب، کەژاڵ هادی، عمر کۆچەر، حاجی کاروان، د.ابراهیم ســمۆ، مامۆســتا ئەنەس، ئاواز حمید، کاك تحسین، مەردان خدر، مدینە خان، نازم کبیری، دڵشاد شعبان، سۆزان خان، نەجات محمد، کاك سیراج، فرحان جوهر، سەرکەوت سەرحەد، گەشە خان، عباس فتاح، تەلار خان، صالح فەقێ، کاك سالار محمود، کێی تر ماوە ناوی نەخوێندراوەتەوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامیمان هەیە، بەڕێز شیرین حوسنی فەرموو.

**بەڕێز شیرین حسنی رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەری ئەغلەب دانیشــتنی پەرلەمان عورفێك هەبێت وەخت هاتیتە تەحدید کرن بۆ ئاخافتنا پەرلەمانتارا، ژی بەر هەندێ پێشنیار دکەمە کوت ڤێرێدا ژی دوو دەقیقە، ئان سێ دەقیقە بێتە دەســت نیشــان کرن بۆ هەر بەڕێزێکی ئەندام پەرلەمان بۆ ئاخافتن داکو بگهەنە ئەنجامەکی باش ئەڤرۆ بڕیارەکا لەسەر بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ ئەو پێشنیارە، بەڕێز حیات مجید فەرموو.

**بەڕێز حیات مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە پێشنیارەکەی دکتۆرە شیرین دەکەم بۆ زەبت کردنی وەخت و، بۆ ئەوەی لە کورترین کاتدا پەیامی هەموو بەڕێزان کە دیارە بەڕێزێکی زۆر ناوی تۆمار کردووە بگات، ئەگەر کات تەحدید بکرێت شتێکی باشەو سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ پشتیوانی ئەم پێشنیارە، بەڕێز دکتۆر سیراج فەرموو.

**بەڕێز سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پاڵپشتی دکتۆرە شیرین دەکەم بۆ ئەم مەبەستم بوو، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزتان، پێشنیارێکی پەسندە، ئێمەش هەوڵ دەدەین، پێشتر عورفێك هەبوو بە ســێ دەقیقە، هەوڵ دەدەین لە ماوەی ســێ دەقیقە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان رەئیەکانی خۆیان پوختە بکەنەوە، کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا راستە بەپێی عورف کات تەحدید کراوە بۆ گفتوگۆی ئەندامان، بەڵام هیوادارم جەنابتان سنگتان فراوان بێت بابەتەکە زۆر زۆر هەستیارە کات تەحدید نەکرێت و، بە رەئی من باشتر وا بوو ئێمە پێش گفتوگۆ کردن لیژنەی یاسایی لەگەڵ ئەو ئەندامانەی پێشنیاریان هەیە بینێرن بۆ لیژنەی یاسایی رەشنووسێك ئامادە بکرایە و بخرایە بەردەست و ئینجا ئەو کات دەتوانرا گفتوگۆی ئەندامان لەو پرسەدا کورت بکرێتەوە، راستە ئەوە بووە تەرحی پێشنیاری سێ ئەندام پەرلەمان دەکرێت بخرێتە دەنگدانەوە، بەڵام هیوادارم ئەمە تەسبیت نەکرێت بۆ دانیشتنەکانی داهاتوو کە گرنگن کات تەحدید بکرێت بۆ ئەندامانی پەرلەمان، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز سالار محمود، بەڕێزان ئەوە وەکو پێنشیار لەلای ئێمە پەسندە کە کات سێ دەقیقە تەحدید بکرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی بابەتەکە گرنگەو ئەگەر دانیشتنەکەش درێژ بوو دوایی داوای پشووەك دەکەین، بەڵام بەردەوام دەبین و بایەخ بەم بابەتە دەدەین، دڵنیام هەمووتان بایەخ پێ دەدەن، ئەگەر قسەکان چڕ بکرێنەوەو پوختە بکرێن تەسەور دەکەم فریا دەکەوین بۆ هەموو بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

بەڕێزان.

ئێستا دەرفەت بە جەنابی وەزیر دەدەین وەزیری گواستنەوەو گەیاندن بە وەکالەت با بفەرمووێت وتەکەی خۆی پێشکەش بکات بەناوی حکومەتی هەرێمی کوردستان، فەرموو کاك مولود باوەمراد.

**بەڕێز مولود محی الدین باوەمراد/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان و وەزیری گواستنەوەو گەیاندن بە وەکالەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

**خوشك و برایانی پەرلەمانتاران.**

ئەم کاتەتان باش.

لەڕاستیدا دەمەوێت لێرەوە دەست پێ بکەم کە دەقی بڕیارەکەی عێراق بخوێنەوە، بڕیاری راگرتنی گەشتەکانی هاتوو رۆیشتوو بۆ فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی، سلێمانی و هەولێر، پاشان ئەو خاڵانەی کە لەناو ئەو بڕیارانەدا هاتوون من لەبەردەم جەنابتان وەکو نوێنەرانی خەڵکی کوردستان دەیخەمە بەر شرۆڤە، تا ئەو کاتە ئێوە بڕیاری خۆتان بە روونی و بە بەرچاو روونی بدەن بڕ یارەکە بە زمانی کوردی لەلایەن نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق دەرچووە:

راگرتنی گەشتەکانی وڵاتانی دەرەوە بۆ فرۆکەخانەی هەولێرو سلێمانی هاتوو و رۆیشتوو ئەم راگرتنە کاری پێ دەکرێت تا کاتی پابەند بوونی کاری هەردوو فرۆکەخانەی هەولێرو سلێمانی بۆ رەقابە و ئیشراف، بۆ رەقابەو ئیشرافی دەسەڵاتی فرۆکەوانی مەدەنی ئیتیحادی بەشێوەیەك هەبوونی نوێنەرانی دەسەڵاتی فیدراڵی عێراق لە هەردوو فرۆکەخانەی ناوبراوەکە بۆ هەڵستان بە ئەرکە قانونیەکانیان دابین بکات.

دیارە لەنێو دوو کەوانە (الأشراف والرقابة) ئەوە بە حیسابی خۆی کراوەتەوە پاساوی ناوەڕۆکی ئەم بڕیارە، هەروەها ئەوانەی کەوا پێویستە کۆمەڵێك لە عێراقەوە، یان خەڵکێك لە عێراقەوە بێن بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم دوو ئەرکە لە هەردوو فرۆکەخانەکە بەو شێوەیەی کە ئەرکە قانونیەکانیان لێرە جێ بەجێ بکەن، بڕیارەکە پەنای بردۆتە بەر ماددەی (4 و 5 و 9 و 21) قانونی دەسەڵاتی فرۆکەوانی عێراقی، یاسای ژمارە (148) لە ساڵی 1974

دەرچووە، بێگومان ئەم یاســـایە لە نیســـانی ســـاڵی 2016 هەموار کراوە، بەڵام هەموار کردنەکەی تەنها ژمارەکان و دینارەکانی کۆنی عێراقی و غەرامە و رســـومات گۆڕاوە بە دیناری ئێســـتاو کراوە بە ملیۆن لەگەڵ چەند بڕگەیەکی بەســیتی پێشــەکیەی بە تێکڕا ئەم قانونە (211) ماددەیە، لەم (211) ماددەیە بە هەمووی دوو ماددە، سێ ماددە دەســتکاری کراوە، لە ڕاستیدا ئەم قانونە، قانونی سەردەمی حزبی بەعسە ساڵی 1974 بۆ ساڵی 2017 (43) ســاڵ دەکات کە نزیکی تەمەنی زۆربەمانە، (احمد حســن بکر) ئیمزای کردووە لەلایەن مەجلیســی قیادەی ســەوڕە هەمواری یەکەمی بۆ کراوە، ئەم ماددەیە کاتێك دەرچووە کە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی تەنیا بەغدا بووە لەســـەر ئاســـتێکی فراوان و دیار لە عێراقدا، یەعنی ئێســـتا ژمارەیەکی زۆر لە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەن، دەبوو ئەســـاســـەن هەر پشت بەو یاسایە نەبەسترایە، بەڵام من لە گفتوگۆیەکانم لەگەڵ بەڕێزتاندا پشت دەبەستم بەوەی کە ئەم ماددانە راســتن و وان و حەقن دەبێت پشــتیان پێ ببەســترێت بزانین ئێمە لەکوێین و بڕیارەکەی عێراق لە کوێیە؟

ســـەرەتا ئەوە بڵێم کە هەردوو فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی ســـلێمانی و هەولێر لەلایەن حکومەتی کوردســـتانەوە دروســـت کراون و، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردســـتانەوە فراوان کراون و، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردســـتان نۆژەن دەکرێنەوەو، حکومەتی هەرێمی کوردســـتان خەرجی مانگانەو ســـالانە بۆیان دابین دەکات، هیچ پەیوەندییەکی داراییان بە عێراقەوە نییە، واتا ئەمڕۆش هەر بۆ شــایەتیدان وەزیری گواســتنەوەو گەیاندن بە وەکالەت عەرزی جەنابتان بکەم ئێمە مانگانە تەواوی داهاتەکانی وەزارەت لەنێوانیاندا هەردوو فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێرو سلێمانی بڵاو دەکەینەوە تا ئەمڕۆش کە من لە خزمەتی ئێوە دام داهاتی فرۆکەخانەکان کەمترە لەو مەسرەفەی کە پێشکەشیان دەکرێت، بۆچی؟ چونکە لێرەو لەوێ هەندێ جار بەر گوێمان دەکەوێت کەوا رەنگە عێراق چاوی لە داهاتەکە بێت و رەقابەی داهاتەکە بکات، ئێمە بە ئاشـکرا داهات لەسـەر سـایتی وەزارەت بڵاو دەکەینەوەو دەدەین بە هەموو دامودەزگاکانی راگەیاندنی هەرێمی کوردسـتان بەندە خۆم داوام کردووە لە دیوانی چاودێری دارایی و دەســـتەی دەســـتپاکی نەزاهە بەدوای هەمووی فلس بە فلســی ئەو پارانە بڕۆن کە رادەگەیەنرێـت لەوە زیـاتر بوو وەزارەت و بەرپرســەکانی وەزارەت بەرپرســن، لەوەش کەمتر بوو ئەوە دیارە دەســتکەوتی وەزارەتەو قســـەیەکمان لێی نییە، لێرەوە هیچ پاســـاوێکی ئیشــراف و رەقابە نییە لەبەر ئەم خاڵانەی خوارەوە:

ســروشــتی فرۆکەخانە جیاوازە لە ســروشــتی هەر دامودەزگایەکی تر وەکو دامودەزگای پەروەردە، دامودەزگای خوێندنی باڵا، دامودەزگای تەندروســـتی، هەر دامودەزگایەکی تر، ئەم دامەزراوەیە خەســڵەتێکی نێودەوڵەتی نیشــتمانی هەیە، بۆیە بەم خەســڵەتەی ناچار بووە بە بەردەوامی پەیوەست بێت بە سوڵتەی مەدەنی تەیرانی عێراقی، ئێمە لە هەردوو فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێرو ســـلێمانی پابەندی ئیشـــراف و رەقابەی بەردەوامی سوڵتەی فرۆکەوانی مەدەنی بووین لەسەر ئاستی چرکە بە چرکە، سات بە سات لەسەر ئاستی مانگانە، لەسەر ئاستی رۆژانە، لەسەر ئاستی ساڵانە و، لەسەر ئاستی دەوریش، واتـا چوار مـانـگ جـارێـك، شـــەش مـانـگ جـارێـك، پێنج مـانـگ جـارێـك، ئێمە لە هەردوو فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێرو سلێمانی تا سوڵتەی فرۆکەوانی مەدەنی عێراقی رێگە نەدات بە فرۆکەیەك لە شـــوێنی خۆی بەرەو هەرێمی کوردســـتان بێت ئەو فرۆکەیە لە فرۆکەخـانە نـاتوانێـت بجووڵێـت، هیچ فرۆکەیەك بۆ فرۆکەخـانەی نێودەوڵەتی هەولێرو سلێمانی هەتاوەکو سوڵتەی فرۆکەوانی مەدەنی رەمزی هاتنی نەداتێ پێموایە ناوی (پی

پی ئەی)یە ڕەمزەکەی، هەتـا ڕەمزی هـاتنی نەداتێ و لە ڕێگەی ڕاداری ئەو وڵـاتـانەی بەســەر یاندا دێت چاودێری نەکات کاتێك هاتە ناو خاکی عێراق بە هیچ شــێوەیەك لە شــێوەکان هیچ فڕۆکەیەك ناتوانێت بێت، ئەوەی کە بەڕێزتان لێرەو لەوێ دوایی نەوەکو پرسـیار بکەن دەبیسـتن فڵان فڕۆکەخانە، فڵان هێڵی ئاسـمانی وتی من دێم و فڵان هێڵی ئاسمانی وتی من خەرقی ئەمە دەکەم شتی وا نییە ناتوانێت بێتە ناو خاکی عێراق، چونکە لە بەرزترین بەرزاییدا بە هیچ شێوەیەك هیدایەت نەکرێت ئیلّا دەبێت لە ڕێگەی ڕادار بێت، گەشـــت لە زۆن فلای ئیلّا دەبێت ڕادار چاوی لێ بێت بە هیچ شــێوەیەك لە شــێوەکان ناتوانێت بنیشێتەوە، لەبەر ئەوە شتی وا مومکین نییە تا ئێستا و، تا ئەمڕۆ من قسە لەگەڵ بەڕێزتان دەکەم ئاســمانی عێراق یەك ئاســمانەو لەژێر دەســەڵاتی فڕۆکەوانی مەدەنی عێراقدایە، تا ئەم ســاتەش هەردوو فڕۆکەخانەکە پابەندین بەو ئەرکەی کە لە ئەســتۆی ســوڵتەی فڕۆکەوانی مەدەنی عێراقیە، ئەوە فڕۆکەکان لە هەموو شــوێنەکانی دنیاوە ئاراســتەی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێرو ســلێمانی دەکات، هەروەها دەســەڵاتی فڕۆکەوانی مەدەنی عێراقی کەوا چاودێرەکانی ئاســمانی، چاودێری تاوەرەکانی هەرێمی کوردسـتان لە هەردوو فڕۆکەخانەکە هەم مەشـق و ڕاهێنانیان پێ دەکات، هەم مەشـق و ڕاهێنانە لە وڵاتانی دەرەوە پێ دەکات، هەم موصادەقە لەسەر ئەو شەهادەیە دەکات کە ئەم کـارمەنـدە لە فڕۆکەخـانەی نێودەوڵەتی هەولێر یـان ســلێمـانی ئەم کـارمەنـدە ئەو شەهادەیەی هەیەو، ئەو بڕوانامەیەی هەیە دەتوانێت لە تاوەر یاخود لە چاودێری ئاسمانی بەشـداری بکات، هەروەها ســاڵانە ســوڵتەی فڕۆکەوانی مەدەنی عێراقی بە بەردەوامی پزیشــکی پســپۆرو تایبەت دەنێرێت بۆ پشــکنینی کارمەندانی تایبەت لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێرو ســلێمـانی تـا شــیـانی جەســتەییـان بزانێت، کە ئـایـا دەتوانن بە ئەرکەکەیان لە فڕۆکەخانە هەڵبسـتن، یان نا، سـەرباری هەموو ئەمانە بەڕێوەبەری گشـتی فڕۆکەخانەکانی عێراق لە بەسرە هەتاوەکو هەولێرو سلێمانی بەشێوەی دەوری دانیشتنیان هەیە بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر کێشەکان، یان کێشەو پێویستیەکانی فڕۆکەخانەکان، هەردوو بەڕێوەبەری گشتی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی و بەڕێوەبەری گشتی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر ئەنـدامن لەو دانیشــتنە، لەو کۆبوونەوەیە دەورییەو، لە مـانگی ڕابردوودا لە فڕۆکەخـانەی هەولێری پـایتەخـت ئەنجـامـدرا بە ســەرپەرشــتی وەزیری گواســتنەوەی عێراق و بەندەم، لە تەواوی شــاندەکاندا عێراق دەعوەتی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێرو ســلێمانی دەکات بۆ بەشــدار بوون لە خولە تەکنیکی و هونەری و فەنییەکاندا، سـوڵتەی فڕۆکەوانی مەدەنی عێراقی کێشـەی لەسـەر هەر شـتێك و قسـەی لەسەر هەر شتێك و بۆچوونی بەرامبەر بە هەر شتێك و هەر گۆڕانێکارییەکی تەکنیکی لە مەسـەلەی فڕۆکەوانی ڕوو بدات ڕاسـتە و ڕاسـت پەیوەندی لەگەڵ هەردوو فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی ســلێمانی و هەولێر دەکات، هەر کاتێك بیەوێت پشــکنینێك بکات لە هەر شـوێنێك، بەتایبەتی لە مەسـەلەی کارگەو، لە مەسـەلەی هاتن، لە مەسـەلەی ڕۆیشـتن، گەشــتیارانی هاتوو و گەشــتیارانی ڕۆیشــتوو، چۆنیەتی ئیش کردن و کۆنترۆڵی هاتن و کۆنترۆڵی ڕۆیشـتن، بەشـەکانی تری فڕۆکەخانە کە بریتیە لە گومرگ، بریتیە لە فڕۆکەخانە، بریتیە لە ڤێرتنەری و ئاســایش و هەموو ئەمانە، هەر کاتێك و هەر لەحزەیەك ســوڵتەی فڕۆکەوانی مەدەنی عێراقی ویســتیبیەتی وەفدێك بنێرێت بۆ تەفتیش، بۆ تێگەیشــتن، بۆ پشکنین ئامادە وەفد هاتۆتە هەرێمی کوردستان، بە هەموو ئەمانە ئەم قسانەی کە کردم دەمەوێت بە بەڕێزتان بڵێم هەروەکو بەم شــێوەیەش گەیاندوومانەتە هەموو میدیاکانی دنیا، بەو کەسانەی کەوا بایەخ بەم بڕیارە دەدەن، دەمەوێت ئەوە بڵێم کە هیچ مانایەك بۆ

ئیشراف و ڕەقابە، یان داوا کردنی ئیشراف و ڕەقابە نییە، ئەم بڕیارەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق کە پشت بە مەسەلەی ئیشراف و ڕەقابە دەبەستێت بە ماددەکانی وەکو گوتم (4 و 5 و 9 و 21) وەکو لە هەندێك دەعوای جینائیدا دەڵێن (الدعوى لا محل لها) ئەم بڕیارە هیچ مەحەلێکی نییە، نە بۆ ئیشـراف، نە بۆ ڕەقابە، نە بۆ پەیوەندی، پەیوەندی ئێمە وەکو گوتم ئێســتا خۆتان بهێننە بەرچاوی خۆتان ســەعات (12) فرۆکەیەك بۆ هەولێر دێت، سەعات (1) فرۆکەیەك لە سلێمانی دەڕوات، سەعات (1:30) مەسەلەن فرۆکەخانەی تورکیا ئەڵاین دێ، دوای ئەوە پیکاسوس دێت، دوای ئەمە جێرمەنی دێت، دوای ئەمە فرۆکەخانەی ئەرجنتین دێ، هەموو ئەمانە سات بە سات سوڵتەی فرۆکەوانی مەدەنی عێراقی دەزانێت چ فرۆکەیەك بەرەو هەرێمی کوردســتان دێت و ئەو ڕێگای بۆ خۆش دەکات و ڕحلەکەی بۆ ڕێـك دەخـات، کەواتە لەبەرچـاوی هەمووەمـان، لەبەر گوێی هەمووەمـانە کە ســـوڵتەی فرۆکەوانی مەدەنی عێراقی ســەعات بە ســەعات لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردســتانە ســـەرباری هەموو ئەو دیکۆمێنتانەی کە لە فرۆکەخانەن ئەوان بە بەردەوامی لیژنەیان لای ئێمەیە، هەموو گۆڕانکـارییەکـان رادەگەیەنن بە هەردوو فرۆکەخـانەکە، هەردوو بەڕێز بەڕێوەبەری هەردوو فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێرو ســـلێمانی ئـامـادەن لە هەموو کۆبوونەوە گشتیەکان و کۆبوونەوە دەورییەکانی سوڵتەی فرۆکەوانی مەدەنی عێراقی و، هەروەها وەزارەتی گواستنەوەی عێراقی، ئەم بڕیارە بەهیچ شێوەیەك لە شێوەکان وەکو بەم شـــێوەیە عەرزم کردن بنەمای قانونی و بنەمای عەمەلی کرداری و ئیداری نییە، ئەمە یەك.

دوو/ ئەم بڕیـارە بەهیچ شـــێوەیەك بە فەرمی بە ئێمە نەگەیشـــتووە، نە لە وەزارەتی گواســـتنەوەی عێراق، نە لە دەســـەڵاتی فرۆکەوانی مەدەنی عێراقی، تەنانەت بە خەبەرو تەلەفۆنیش پێیان نەگوتووین، پاش دەرچوونی ئەم بڕیارە ئێمە بڕیارماندا کەوا پەیوەندی بە وەزارەتی گواســـتنەوەی عێراق و دەســـەڵاتی فرۆکەوانی مەدەنی عێراق بکەین، لە ئەنجامی گفتوگۆیەکانمان و پەیوەندییەکانمان گەیشتینە ئەم تێگەیشتنەی خوارەوە:

ئەم بڕیـارە پەیوەنـدی بە ئێمە نییە، لەلـایەن ئێمەوە دەرچووە، ئێمە نە دەســـەڵـاتی هەڵوەشـاندنەوە، نە دەســەڵاتی ڕاگرتن، نە دەســەڵاتی موڵاحەزە کردنمان لەســەر نییە، بەڵکو ئەوە ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەرکی ئێوەیە کە ڕاستەو ڕاست لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران بکەن، ئێمە نە ڕازین بە دەرچوونی، نە پێشمانوایە دەرچوونی خزمەت دەکات، بەڵام لە هەمووی حاڵەتەکان ئەم بڕیارە پەیوەندی بە ئێمە نییە.

ئێمە لەگەڵ ســـەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و بەڕێزانی ئەنجومەنی وەزیران تاوتوێ کرد، بڕیاری بەڕێزیان هاتە سـەر ئەوە کە ئێمە نامەیەك ئاراسـتەی وەزیر بکەین، تاوەکو نامەکە لە ڕێگەی خۆیەوە بیگەیەنێتە ئەنجومەنی وەزیران هەر چۆنێـك مـامەڵەی لەگەڵـدا بکـات بیکـات، ئێمە نـامەیەکمـان لە ئەنجومەنی وەزیران بە هـاوکـاری برای بەڕێزم کـاك دکتۆر ئامانج و برایانی تر ئامادە کرد ڕەوانەی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندنی عێراق و سوڵتەی فرۆکەوانی مەدەنی عێراقمان کرد و پێمان گوتن کە ئێمە ئامادەین گفتوگۆ بکەین لەســـەر ئەوەی ئێوە داواتـان کردووە ژمـارەیەك لە نوێنەرانی عێراقی ئیتیحـادی بێنە هەردوو فرۆکەخانەکە تا سەرپەرشتی ئیشراف و ڕەقابە بکەن بەو شێوەیەی کە لە قانوندا هاتووە بە ئەرکە قانونیەکانی خۆیان هەڵبســتن، فەرموون با گفتوگۆ بکەین لەســەر ئەوەی بزانین ئێوە ڕێکارو میکانیزم و بڕیارو تێگەیشتن و بۆچوون و هەڵوێستان لەسەر جێ بەجێ کردنی ئەم بڕیارە چیە، تەبیعی بە شـــەفەهی دەڵێت ڕادەســـتکردنەوەی فرۆکەخانەکان، بەڵام ئێمەش هەر ئیعتیمادمان کردە سـەر شـەفهیەکان، شـەفەهیەکانیشـمان بە گرنگ گرت کە

نووســراوە رادەســتکردنەوە پێمان گوتن ئێوە پێمان بڵێن یەعنی (تســلیم المطارین) چیە، یەعنی ئەگەر جانتایەك هەتا تەســـلیمتان بکەین، ئەگەر کۆمەڵێك دزو چەتەن لە هەرێمی کوردستان هەتا دەستیان ببەستین و تەسلیمتان بکەین، ئەگەر مەسەلە پاکەتێك کۆمەڵێك مەبلەغێ پارەیە تا تەسلیمتان بکەین، ئێمە نازانین تەسلیم کردنەوە بۆ موئەسەسەیەکی ســەر زەوی چیە، لەڕاســتیدا ئەوان هەر وەڵامیان پێشـــوو بوو، یان هەم لە وەڵامی ئەم نامەی کە ئێمە بۆمان ناردن هەم لە وەڵامی گفتوگۆیەکانی خۆماندا تێیانگەیاندین کە ســەعات (10)ی دوێنی شــەو نامەکەیان گەیاندۆتە دەســت عەبادی و تەنها وەڵامی ئەم نامەیە لەگەڵ گفتوگۆیەکانی ئەوانە گوتی (ان شــاءالله تکون خیر)، ئێمەش نازانین (تکون خیر) بۆ هەرێمی کوردســـتانە، یان بۆ فرۆکەخانەکانە، بەڵام لە هەموو حاڵەتەکاندا ئەمە جوابەکە بوو، ئیتر وەزیر ئیعتیزاری بۆ ئێمە کرد کە ئەو هیچ دەسـەڵاتێکی نییە لەم بوارەدا، ئەوە دەســـەڵاتی ســـەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقەو، خۆی دەتوانێت ئەم بڕیارە هەڵبوەشـــێتەوە یان نا، ئەم بڕیارە خاصـــڵەتی تری هەیە ئەویش ئەوەیە کە فرۆکەوانی ناوخۆ، هێڵەکانی ناوخۆ راناگرێت، واتا هەولێرو بەغدا، هەولێرو نەجەف، هەولێر و بەســرە راناگیرێت، هەروەها بە هەمان شێوەش فرۆکەخانەی سلێمانی و بەغدا، سلێمانی نەجەف، سلێمانی و بەسرە راناگیرێت، هەروەها ئەو هێڵانەی باسی ئینسانی دەکات ئەوە شتێکن زۆر رەمزین هیچ نین، بەڵام دیارە فرۆکەوانی عەســکەریش راناگیرێت، کە لە فرۆکەخانەی هەولێرو فرۆکەخانەکانی هاوپەیمانان، بەتایبەتی ئەو ژمارە زۆرەی هەڵفرین و نیشتنەوەی فرۆکەکانی ئەمریکا لە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر کە لە ســاڵی پارەکە کە ژمارەی نیشـــتنەوەو هەڵفرینیان (18) هەزار هەڵفرین و نیشـــتنەوە بووە، کە ئەوەش ژمارەیەکی یەکجار گەورەیەو دەبێت ئەوان ئەم هەڵفرین و نیشـــتنەوانە ئیســـتیســـنا کراوە، چونکە لە دەرەوە نییە، ئەوەی کەوا راگەیەنراوە بۆ عێراق بڕیـارێکی عەســـکەری دەرکردووە، ئەوە بەدواداچوونمان بۆ کرد ئەسل و ئەساسی نەبووە، هەرچەندە خۆشمان هەر پێی نیگەران بووین، ئێمە لە وەزارەت بەردەوامین تـا ئەم لەحزەیەش من لە خزمەت جەنـابتـانـدام بەردەوامین کە لەگەڵ وەزیر لەســـەر خەت بین، لەگەڵ دەســـەڵاتی فرۆکەوانی مەدەنی عێراقی بەردەوام بین، بەڵام ئێمە پێمانوایە ئەم بڕیارە لە ئەسـاسـدا بڕیارێکی سـیاسـییە، چونکە نە پشت بە یاسای دەسەڵاتی فرۆکەوانی مەدەنی عێراقی و بەو بڕگانە دەبەستێت کە ئاماژەی پێ کردوون و، چونکە ئێمە کێشـــەمان لەگەڵ بڕگەی چوار نییە، لەگەڵ بڕگەی پێنج نییە، لەگەڵ بڕگەی نۆ نییە، لەگەڵ بڕگەی بیســـت و یەك نییە، لەگەڵ هیچ بڕگەیەکیان نیمانە، ئەوانەی لەو بڕگەیەدا هاتوون و، ئەوەی لەم بڕیارەدا هاتووە تەحصـیل حاصـــلەو، قەرارەکە مەحەلی نییە، واتا شـــوێنێك نییە کە تۆ بڵێی چی جێ بەجێ بکەم، بەڵام تەنها ئەگەر مەراقەکە لەوە بێت، یان ئەگەر داوایەکە لەوە بێت، یان پاسـاوی بڕیارەکە ئەوە بێت کۆمەڵێك کەس لە عێراق بێن بۆ فرۆکەخانەی هەولێرو ســـلێمانی بۆ ئەوەی بە ئەرکەکانی خۆیان هەڵبســـتن، ئێمە ئامادەییمان پیشـــانداوەو، لەســـەرەتاوە بەندە وەکو وەزیر لە پەیوەندی بەردەوام بووم لەگەڵ بەڕێز سـەرۆکی حکومەت و جێگری سـەرۆکی حکومەت، بۆ ئەوەی بتوانین ئەم کێشـــەیە ئیحتیوا بکەین، بتوانین بە زمـان و بە رەفتـارو جوڵەی کاردانەوەکەی ئەوان کار نەکەین، بەڵکو بە مرونەتێکی تەواو و زمانی گفتوگۆ، زمانی لە یەکگەیشتن، زمانی موفاوەزە پێشکەش بکەین، بەڵام تاکو ئێستا ئێمە نەگەیشتوونەتە هیچ نەتیجەیەك لەگەڵ نامەکە، لەگەڵ پەیوەندییەکانی خۆماندا، بۆیە ئەم بڕیارە پشـــت بە یاســـاکانی (ئیکاو ئەیەتە) دەبەســـتێ کە رێکخراوی فرۆکەوانی نێودەوڵەتی مەدەنی و رێکخراوی فرۆکەوانییە، بە هیچ شـێوەیەك پشــت بە یاسـاو رێسـاکانی ئەم دوو رێکخراوە

نێودەوڵەتیە نـابەسـتێـت، ئێمە پێمـانوایە هیچ گومـانێکمـان لەوە نییە، کە ئەم بڕیـارە کاردانەوەی حکومەتی عێراقە، بڕیارێکی سیاسیە لەسەر ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان و بڕیاردانی گەلی کوردسـتان و پیشـان دانی ئیرادەی خۆی بۆ ئازادی، بۆ سـەربەخۆیی لەسـەر خاکی خۆی و لە وڵاتی خۆی، ئەم بڕیارە هیچ سـەندێکی قانونی نە بەپێی یاسـای عێراقدا هەیە، نە لە واقیعدا هەیە، نە بەگوێرەی رێسـاو یاسـاکانی رێکەوتنامەی شـیکاغۆ هیچ پشتیوانیەکی ئەم یاسایە ناکات، بەو یاسایە دەرنەچووە، بە تایبەتی یاسای ژمارە (9) رێککەوتنامەی شیکاغۆ هیچ دەلیل و پاساوێکی لەم بڕیارە نییە، هەروەها رێساو یاساکانی رێکخراوی (ئایەتە) هەموو رێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی تری تایبەت بە فرۆکەوانی، بۆیە ئێمە پێمانوایە حکومەتی هەرێمی کوردسـتان و ئێمەش وەکو وەزارەتی گواسـتنەوەو گەیاندن پێکەوە هەوڵەکـانمـان چڕ بکەینەوە بۆ دۆزینەوەی بەدائیلی تر، بۆ دۆزینەوەی ئەو رێکارانەی کە حکومەتی عێراق ناچار بکات دەست لەم کارەی بەربدات.

من جارێکی تر ئەوە دەڵێم من بێگومانم حکومەتی عێراق نەیدەتوانی دەسـت بۆ هیچ شوێنێکی تر ببات و بۆی جێ بەجێ بکرێت وەکو ئەم شوێنەو وەکو فرۆکەخانەکان، دەست بۆ هەر شـوێنێك ببات و بردی بێت بۆ هەر شـوێنێکی تر بە هیچ شـێوەیەك لە شـێوەکان بۆی جێ بەجێ ناکرێت بە ئاسانی، بەڵام لەبەر ئەوەی فرۆکەوانی لە هەرێمی کوردستاندا لە هەردوو فرۆکەخانەی سلێمانی و هەولێر لەلایەن ئەوانەوە ئاراستە دەکرێت و کۆنترۆڵ دەکرێت، بۆیە دەستیان بۆ ئەم دامەزراوە، هەستیارە، خزمەتگوزارییە، مرۆییە، کۆمەلاتییە، مەدەنییە برد، ئەم دامودەزگایە دامودەزگایەکی عەسـکەری و سـیاسـی نییە، تا ئەوان بیانەوێت لە هێزو قودرەتی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان کەم بکەنەوە، بەڵکو هەوڵی ئەوەیاندا لە دەزگایەکی رەمزی هەرێمی کوردسـتان بدەن، ئەم دەزگا رەمزیە دەزگاییەکی هەم نیشتمانییە، هەم نێودەوڵەتیە، هەم دەزگایەکی ئینسانی و مەدەنی و خزمەتگوزارییە، ئەم بڕیـارەی عێراق ئەوانەی کە زەرەری لێ دەکەن هەموو نەخۆشـەکـانن، ئەوانەی کە زەرەری لێ دەکەن هەموو ئەوانەنن کە پێویسـتیان بە چوونە دەرەوە هەیە بۆ تەداوی، لە مانگی هەشـت و نۆ کە ئێسـتا مانگی نۆ کۆتاییەتی، زیاتر لە هەزارو هەشـت سـەد پێشمەرگەو سەربازی بریندار لە رێگەی فرۆکەخانەی هەولێر براونەتە دەرەوە، ئەوانەی کە زیـان لەم بڕیـارە دەکەن بە دەرەجەی یەکەم ئـاوارەکـان ئەوانەی کە لێرەن، چونکە ئەوان خۆراك و یارمەتی و کۆمەکیەکانیان لە رێگەی وڵاتانی دەرەوە بۆ دێت، لە ماوەی رابردوودا لە فرۆکەخانەی میسـرو فرۆکەخانەی لوبنان ژمارەیەك و بەشـێکی زۆر لە خۆراکیان پێ گەیشـت، بەڕاسـتی رێکخراوی نێو دەوڵەتی هەموو ئۆفیسـەکان زیان دەکەن ئەوانەی کە سـەرپەرشـتی ئاوارەکان لێرە دەکەن، و سـەرپەرشـتی بەرنامەکانی خۆیان لەهەرێمی کوردسـتان دەکەن، هەموو کونسـولخانەکان و هەموو نووسـینگەکانی وڵاتانی دەرەوە لە هەرێمی کوردسـتـان نوێنەرایەتی دەکەن زەرەر لەم بڕیـارە ئەکەن، چونکە ئەم بڕیـارە بارقورسـیەکی یەکجار گەورە بۆ ئەوان دروسـت دەکات، هەموو بازرگانانی بیانی لە هەرێمی کوردسـتـان نووسـینگەکـانیـان و نووسـینگەی فرۆکەوانی بیانی لە هەرێمی کوردسـتـان هەمووی زیـان لەو بڕیارە دەکات، سـەرباری ئەوە هەموو خەڵکانی ئێمە لەتەراوگەکە بۆ سـیلەی رەحم دێن و هاتوچۆ دەکەن زەرەر لەو بڕیارە دەکەن، بەگشـتی هەموو خەڵکی کوردستان بەهەموو نەتەوە و پێکهاتەکانی کە مافی یاسایی خۆیانە، وەکو یەکێك لە بەندەکانی مافی مرۆڤ مافی خۆیانە گەشـت و گوزار بکەن و زیان لەم بڕیارە دەکەن، چونکە ئەوانیش وەك گەشتیار گەشتەکانیان رادەوەستێ، ئەم بڕیارە بارقورسیەکی بۆ هەموو هاووڵاتیانی عێراق دروسـت کردووە، پێویسـتە ئەوە بڵێم کە بەشـێك لەو

خەڵکانەی کە لە هەرێمی کوردســتانن، ڤیزای تەنها لە هەرێمی کوردســتانیان هەیە، ئەوە بەس نییە پێیـان بڵێن ئێوە ئەتوانن لە فرۆکەخـانەی بەغـدا بەکـاربێنن، خـاڵێکی تر کە زۆر گرنگە و پێویســـتە هەموو خەڵکی کوردســـتان بیزانێ، ئەوەیە لە نێوان هەولێر و بەغدا لەنێوان سلێمانی و بەغدا، ترانزێت نییە، هاووڵاتی ئێمە دەبێ لەسەر ئەو جادانە بمێنێتەوە هەتاوەکو لە سـەعات (3) یان سـەعات (5) یان سـەعات (7)ی ئێوارە، چاوەڕێی فرۆکە بکات و بڕوات، یـانی ئیتر ترانزێـت لە نێوان ئێمە و ئەوانـدا نییە، ترانزێـت لە بەغـدا بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان کە پارچەیەکە لە عێراق، ترانزێتی تێدا نییە، ترانزێت لەنێوان دوو وڵاتدا هەیە، هەروەها کێشـەی نائارامی و بارودۆخی نائارامی بەغداش یەکێکە لەو کێشـانەی کە روو بەرووی ئەو کەســـانە دەبێتەوە کە ئەگەر بیانەوێ رحلە ڕێگەی فرۆکەخانەی هەولێر و سـلێمانی بگەنە بەغداو لەوێوە گەشـتەکانیان بۆ دەرەوەی وڵات و لەوێوە بەردەوام بکەن، لەکۆتاییدا خوشك و برایانی پەرلەمانتاری خۆشـەویست ئێمە تا ئەم لەحزەیەش دەمانەوێ بەدوای ڕێگە چارەیەکی یاسـاییەکاندا بگەڕێین لەگەڵ ئەوەی کە دڵنیاین ئەم بڕیارە لەسـەر بنەمـای هیچ یـاســـایەك دەرنەچووە، ئێمە تـا ئێســـتـا بەدوای ئەوەین کە ڕێکخراوە نێو دەوڵەتیەکان لەم بڕیارە ناقانونیە دەرکەین کە دڵنیاین ئەم بڕیارە پێچەوانەی قانونەکانی ئەوانە، ئێمە بەدوای ئەوەین کە ڕێکخراوەکـانی کۆمەڵگەی ڕێکخراو نێو دەوڵەتیەکـان و قونسـوڵەکان و بەتایبەتی هێزەکانی ئەمەریکا تێبگەیەنین لە زیانەکانی ئەم بڕیارەی عێراق و بەردەوام بی، کە بەدڵنیـایی ئەوان حکومەتی عێراقی بە دڵنیـایی ئـاگـای دروســـتی لە پەیوەندی نێوان هێزەکان و فرۆکەوانی هێزەکانی ئەمریکا و وڵاتانی هاوپەیمان نییە لە فرۆکەخانەی هەولێردا بەو ژمارە و بەو ئاستەی کە هەیە، من هیوادارم کە لەو گفتوگۆکانی بەڕێزتان و هەم پرســـیارەکانی بەڕێزتان ئەوەی کە بەبیرمان نەهاتبێ عەرزتانی بکەم، بیرم کەوێتەوە و هەروەهـا لە ئەنجـامی ـ گفتوگۆکـانی بەڕێزتـانـدا بگەینە کۆمەڵێـك بڕیـار و راســـپاردەی وەهـا کە خزمەتی کۆبوونەوەکـانمـان بکـات لە ئەنجومەنی وەزیران یـان لە ســـەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بتوانین بە بڕیارێك دەرچین کە کاریگەر بێت، من بەبێ موزایەدە کردن، ئێمە بەهیچ شـــێوەیەك لە شـــێوەکان قبوڵی تەنها یەك نەفەری عێراق نـاکەین، ســـوڵتەی فرۆکەوانی مەدەنی عێراق نـاکەین، ســـەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ناکەین، بێتە فرۆکەخانەی هەولێر و سلێمانی نێو دەوڵەتی بەبێ بڕیاری ئێمە، ئەم شەو لە چەنـد رۆژنـامەنووســـێك پەیوەنـدیـان پێوە کردم کە گوایە عێراق بڕیـاری داوە ژمـارەیەك ئەفسەر بە فرۆکەی هێلی ئاسمانی عێراقی بگەیەنێتە هەردوو مەتاری هەولێر و سلێمانی، منیش عەرزم کردن ئەوان میوانی ئێمە دەبن لە هۆتێل دیڤان هەتاوەکو ئێمە گفتوگۆکانی خۆمـان دەکەین، پێ نـاخەنە فرۆکەخانەی هەرێمی کوردســـتـان تەنهـا بەو حەدەی کە لە فرۆکەدا دائەبەزن، لەبەر ئەوە هیوادارم شـــەری ئیرادەمـان لەگەڵ نەکەن بـاشـــە، ئێمە مـاڵوێرانی زۆرمـان دیوە، ئێمە لەدوای بـاران کەپەنەك، یـانی دوای ئەوەی کە ئەوان فرۆکەخانەکانیان داخســـتین، ئێمەش گوێمان لەشـــتی تر نییە ئەوان بیکەن، ئەگەر شـــەری ئیرادەیە ئێمە ئامادەین بیکەین، ئێمە بەبێ فرۆکەخانە هەر گەل بووین، ئێمە بەبێ شـــار هەل گەل بووین، ئێمە بەبێ فرۆکەخانە هەر گەل بووین، ئێستا ئیرادەی خۆمان تەسلیمی ئەوان ناکەین بە هیچ شێوەیەك لە شێوەکان، هیوادارام بەبێ تەشەنوج ببڕێ بە ئاقارێکی خراپدا ، ئێمە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەکو سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان و وەکو هەموو لایەنە سـیاسـیەکان پێویسـتمان زۆرە بە زمانی گفتوگۆ، زمانی دیالۆگ، زمانی پێکهاتن، زمانی موفاوەزات کردن و لەبەر ئەوە ئێمە با شـــتەکان بە ئاقاری خراپە، یـان بەو ئـاقـارە بەینن کە گرژی لێ بکەوێتەوە، کـارەکـانی ئێمە بەرکـار بوونە بۆ

بڕیارەکانی ئەوان، بەراستیش هەر کامێك لەئێوەوە، یاساناسەکان و ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان سەیری ئەو بڕیارە بکەن، بەتەواوی ئەو بڕیارە شپرزەیە، نە ئەوەڵەکەی لەگەڵ ئاخرەکەی یەك ناخوا و دوو دامەزراوی پێکەوە تێکەڵاو کردووە و خاڵە مەرزیەکان لەگەڵ سوڵتەی فرۆکەخانەی مەدەنی عێراقی، ئێمە لەهەرێمی کوردستان بە پێی رێکخستنی ئیداری وەزارەتەکانمان، هەردوو فرۆکەخانەکە سەر بە وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندنن، و خاڵە دەروازییە گومرگییەکان و خاڵە دەروازە سنورییەکان ئەوانە سەر بە وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستانن، من پێم وایە ئێتر درێژە زیاتر بەوە نەدەم، سوپاس بۆ هەموولایەکتان.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز مولود باوەمراد وەزیری گواستنەوەوە وگەیاندن، بۆ ئەم زانیاریە گرنگانە و ئەو روونکردنەوانە و کە بەراستی بەرچاوییەکی روونی پێشکەش بەم دانیشتنە و بە ئەندامانی پەرلەمان دەبەخشێت، بەڕێزان ئێستا دەست بە گفتوگۆ دەکەین، و هەر بۆ ئاگاداری بەڕێزتان چەندین پێشنیار هاتووە بۆ دەستەی سەرۆکایەتی بۆ لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بەو وەڵامدانەوە، ئەو پێشنیارانە لەبەردەستی لیژنەی یاساییینە، بەڵام پێش ئەو دانیشتنە نەکەوتوون دەسەڵاتی هەرەگەورەی وەڵامدانەوەی هەرە رەها بۆ ئەم دانیشتنەیە، لەدوای گفتوگۆکان لیژنەی یاسایی رادەسپێرین و چەندین پیسپۆر هاوکار بوونە لەم بوارەدا و بڕیارەکان و وەڵامدانەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لەبەر چاو گیراوە، خودی کاك ئامانج لەوێ بووە، دواتر پشویەك وەردەگرین دەرفەت بە لیژنەی یاسایی دەدەین بۆ دارشتنی ئەو وەڵامە دەرئەنجامی کۆی ئەو گفتوگۆیانەی کە لەم دانیشتنە ئەنجام دەدەرێن، ئێستا دەست بە گفتوگۆ دەکەین، فەرموو د. فرست.

**بەڕێز د. فرست صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا دەمەوێ پیرۆزبایی خۆم لە گەلی کوردستان بکەم، کە بۆ یەکەمجارە لە مێژووی ئەم میللەتە ئیرادەی ئازادانەی خۆی بۆ سەربەخۆیی خۆی پیشاندا، ئەم دەستکەوتە شایەنی ئەوەیە کە قوربانی گەورەی بۆ بدەین، ئەم میللەتەی ئێمە سەلماندی کە شایستەی ئەم سەربەخۆییەی خۆیانن، بەڕێزان دیارە هەموو دنیا چاوەروانی ئەوە دەکات ئاخۆ لەدوای ئەو دانیشتنەی پەرلەمانی کوردستان بە چ زمانێك ئێمە موخاتەبەی کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی دەکەین، و بەچ زمانێك لێکۆڵینەوەی بڕیارەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەدەینەوە، بە تێروانینی ئێمە لەم دەرفەتە کە خۆشبەختانە لەسایەی ریفراندۆم و لەسایەی ئیستیفتا توانیمان کارا بکەینەوەو بەیەکەوە دابنیشین، بتوانین بە زمانێککە شایستەی کلتور و سەقافەتی میللەتی کوردستان بێت، بگەینە چەند ئەنجامێکی باش و چەند بڕگەیەك و بڕیارێکی باش بە ئاراستەی هێورکردنەوەی دۆخەکە بێت، بە ئاراستەی زمانی دیالۆك و حوار بێت بتوانین پەیامێکی ئاشتیانە کە شایستەی میللەتی کوردستان بێت، هەم بدەینە عێراق و هەم بدەینە کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی، هەر لێرەش بە دەرفەتی دەزانم چەند خاڵێکی گرنگ هەیە بیخەمە بەردەمی ئێوەی بەڕێز و ئەندامانی پەرلەمان، ئەوەی کە گەلی کوردستان لە 9/25 کردی بە هەموو لێك دانەوەیەك و پێوەرێك، هاورێك و گونجاو و کۆك، کە لەگەڵ دەستووری عێراق، لەگەڵ یاسای نێو دەوڵەتی، چونکە عێراق یەکێکە لە دەوڵەتە دامەزرێنەرە ئەوانەی کە رۆژی دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکانە، ئەندامی دامەزرێنەری نەتەوە یەکگرتووەکانە، لەناو میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ماددەی یەك و پەنجا و پێنج زۆر بەروونی و ئاشکرایی حەقی تەقریری

مەصــیری مافی چارەنووس جێگیر کراوە، هەروە ها لە هەردوو پرۆتۆکۆلی نێو دەوڵەتی ســاڵی 1966 کە عێراق خۆی موصــادەقەی کردووە، لەماددە یەك مافی چارەنووس ئیقرار کراوە و جێگیر کراوە، عێراق لە ماددەی هەشتی دەستووری خۆی زۆر بە روونی دەڵێ ئێمە رێز لە ئیلتیزامــاتە نێو دەوڵەتیەتەکــانمــان دەگرین، دەبێ عێراق رێز لە ئیلتیزامــاتی نێو دەوڵەتی خۆی کە لە میســـاقی نەتەوە یەکگرتووە کان کە ئەندامی دامەزرێنەرێتی و لە هەردوو پرۆتۆکۆلی نێو دەوڵەتی کە خۆی موصادەقەی کردووە لەسەری دەبێ رێزیان لێ بگرێ، عێراق و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ماددەی یەکەم کە هاتووە رەتی ئیستیفتای هەرێمی کوردستانی کردۆتەوە وپشتی بە ماددەی یەکەمی دەستووری عێراقی بەستووە، بەڵام بە تێروانینی ئێمە رێك بە پێچەوانەیە، چونکە ماددەی یەکەمی دەســـتووری عێراق دەلێت (ان هذا الدستور ضامن لوحدة العراق) بەڵام کامە دەستوور، ئەو دەستوورەی کە ئێســتا بیریان هاتۆتەوە ولەمێژە پێشــێل کراوە، مانای وایە لەلای ئێمە هیچ دەســتوورێك نەماوە تــاوەکو زەمانەت بێ بۆ یەکبوونی عێراق، بۆیە خودی ئەو ماددەیەی کە خۆیـان پشـــتیان پێ بەســـتووە، ئێمە پێمان وایە هیچ کاریگەرییەکی نییە، جگە لە دیباجە، و ئەمە جگە لە چەندین ماددەی تر کە دەکرێ دواتر قســـەی لەســـەر بکرێ، قســـەیەکی تر کە زۆر لەلـایەن هەتـا کۆمەڵگـای نێو دەوڵەتی، هەتـا لەلـایەن عێراقیش بـاس دەکرێ، کە ئەم ریفراندۆمە تاك لایەنە بووە، بەتەنایی ئەنجام دراوە، بەپێی هەموو یاســا نێو دەوڵەتیەکان بە نموونەو ئەو حاڵەتـانەش کە لە دنیا کراون بەهیچ شـــێوەیەك مەرج نییە ریفرانـدۆم، ئیســـتیفتا موافەقەی دەوڵەتی دایك، یان ئەو دەوڵەتەی کە لێی جیا ئەبیەوە، رەزامەندی پێوەی کرابێت، لە کۆی نزیکەی شــەســت دەوڵەت کە راپرســیان ئەنجامداوە، تەنها چوار تا پێنجیان پێش وەختە نەتەوە یەکگرتووەکان موافەقەی کردووە و ســـەرپەرشـــتی کردووە، (کیبیـك) دوو جـار ئیســـتیفتـای کردووە و رەزامەنـدی کەنەدای وەرنەگرتووە، (کۆســـۆڤا) ئیســـتیفتای کرد رەزامەندی ســربیای وەرنەگرت، تەنانەت ســربیا ســکاڵاشــی لەمحکەمەی عەدلی دەولی دژی کۆسۆڤا کرد، لە 2010 مەحکەمەی عەدلی دەولی کە قەراری استشاری دەرکرد، رەوایەتی دایێ کە حەقی کۆسۆڤایە لە مافی چارەی جیابوونەوە، بەیانی کەتەلۆنیا ئیستیفتا دەکات، رەزامەندی ئیسپانیای وەرنەگرتووە، تەنانەت لەناو دەستووری ئیسپانی نەصێکی صەریح هەیە کە دەڵێ نابێ لە اسپانیا داوای جیابوونەوە بکەن، هیچ نەصێکی وا لە دەســـتووری عێراقی نییە، بۆیە ئەو قســـەیە کە دەڵێن دەبێ موافەقەی نییە و تاك لایەنە کراوە، هیچ ئەســاس و ســەندێکی نەقانونی و نەدەســتووری نە بەپێی یاســای نێو دەوڵەتی نیەتی، خاڵێکی تر کە بەڵای منەوە زۆر گرنگە لەســـەر هەڵوێســـتی وڵاتـانی دراوســێ کە من پێم وایە دەبێ باشــترین پەیوەندی و بە زۆرترین رێز گرتن لەگەڵ قیادەی ئەو دەوڵەتانە و لەدراوســـێتی باش بگرین، بەڵام ئەگەر ئێمە چاوەڕوانی ئەوە بووباین کە وڵاتانی دراوسێ موافەقەمان بدەنێ، من تەصەور دەکەم دەبوایە سەد ساڵ، دوو سەد ساڵی تریش چاوەروان بین، من دەمەوێ لێرە قسەیەکی وتەبێژێکی حکومەتی تورکیایە کە سێ شــەو بەر لە ریفراندۆم کە شــەو داهات قســەی کرد گوتی ئێمە داوای دواخســتنی ریفراندۆم یا راپرسین ناکەین، ئێمە داوای هەڵوەشـاندنەوەی راپرسی دەکەین، وتی ئەگەر چەند زەمان و کاتی تریش بڕوا ئەوان ئیســـتیفتا بکەن ئێمە هەر ئەو مەوقیفەمان دەبێ، کەواتە ئێمە لەبەرامبەر دوو خیار دابووین، دوو هەڵبژاردە بووین، یان راپرسی دوابخەین و هەڵیوەشــێنینەوە و بیدەینە جیلی داهاتوو، جیلی داهاتووش دەســتاودەســتی پێ بکا و بیداتە جیلێکی تر، یان دەبێ ئێمە ئەو جیلە ئەو ســـەروەریە بۆ خۆمان تۆمار بکەین، ئێمە ئەو قورســاییە هەڵبگرین و ئێمە مل بدەینە بەر بەرپرســیاریەتەکە و ئێمە قوربانی بدەین،

من پێم وایە شانازییەکی گەورە بەر ئێمە کەوت، ئێمە بەرامبەر نەوەکانی داهاتوو سەرمان بەرزە و کە ئێمە ئەو قورساییەمان هەڵگرت و ئێمە تەحەمولی ئەو مەسئولیەتەمان کرد، و بەنیسبەت مەوقیفی عێراق من لێرە زۆر بە دەرفەتی دەزانم کە نوێنەرانی حکومەت لێرەن شتێکی گرنگ هەیە باسی بکەین، من پێم وایە ئەوەی ئێستا عێراق دەیکات، لەو قەراراتانەی کە ریز بە ریز دەریاندەکات کە ئەگەر ئیستیفتاشمان نەکردبایە ئەوەهەر دەبوو، بەڵام لەوانەیە لە تەوقیت تۆزێك دواکەوتووبا، ئێستا بە دەلیل ئەمە روون دەکرێتەوە، چۆن؟ ئەوان لەساڵی 2016 سوودیان وەرگرت لە ناکۆکی و پارچە پارچە بوونی ئێمە لە بەغدا، قانونێکیان دەرکرد بەناوی قانونی هەیئەی مەنافزی دولی، لەو قانونە موعامەلە لەگەڵ هەرێم کرا وەکو پاریزگا، نوێنەر بۆ ئاستی پاریزگا دیاری کراوە، وپلانیان داناوە لە رۆژی 8/1 قەراری هەیئەکە دەرچووە، لەرۆژی 8/29 هەیئەکە کەوتۆتە بواری جێبەجێ کردن، بۆچی؟ بۆ ئەوەی کاتێك ئیستیفتا کرا ئەوان هەموو پلانەکە دارێژراوە، ئینجا ئەمە بەنیسبەت فرۆکەخانەکان، بەنیسبەت مەنافزی حدودی، بەنیسبەت ئەوانی تر، هەمووی هەم لەرووی سوڵتەی تەنفیزی ئامادەکاری بۆ کردووە، و هەم لە سوڵتەی تەشریعی ئامادەکاری بۆ کردووە، دەبێ ئێمە گلەیی لەخۆمان بکەین و کە ئێمە بەهۆی ئەو دۆخەی کە لە عێراق بووە و ئەو دابەشبوونە، زۆر شت بەسەرماندا تێپەریوە و لەپێش هەموویان قانونی حەشدی شەعبی و قانونی هەیئەی مەنافزی حدودی، کۆمەڵی قانونی تر، بۆیە من ئێستا لەو دانیشتنە داوا دەکەم کە حکومەت قانونی هەیئەی مەنافزی حدودی هەرێمی کوردستان بنێرێتە پەرلەمان و ئێمە سیفەتی ئیستیعجالی بدەینێ و ئەو قانونە دەربکەین و بۆچی دەریکەین، چونکە بەپێی ماددەی (114) دەستووری عێراقی، ئیدارەی گەمارك و مەنافزی حدودی لە سولتاتی موشتەرکە، بە پێی ماددەی (115) لە دەستووری عێراقی لەکاتی بوونی خیلاف، ناکۆکی لەنێوان قانونی ئیتحادی و قانونی ئقالیم، ئەولەوەیەت بۆ قانونی ئەقالیمە، بۆیە ئێمە گرنگە وەکو پێشتر کارێکی باش کرابوو لە رووی نەوتیەوە، کە قانونی تێکگیرا و لە سولتاتی حەصری نەبوو، ئێمە توانیمان تەمەسوکی پێ بکەین، تەنانەت هەندێ جار لە مەحاکمی دەولیش، بۆیە زۆر گرنگە ئەم قانونی مەنافزی حدودیە بە زووترین کات لەم پەرلەمانە دەرچێت، و حکومەت بینێرێت، بەڕێزان ریفراندۆمەی کە کردمان کۆمەڵێك دەستکەوتی باشمان بینی، لەسەرەتاش وتم لە پێش هەموویان کارابوونەوەی ئەم پەرلەمانە، لە پێش هەموویان گەرانەوەی شکۆ و ئیرادە بۆ گەلی کوردستان، من پێم وایە ئەمە یەکێکە لەو دەستکەوتە گەورانەی کە گەلەکەمان هەست بە کەرامەت و شکۆی گەورەیی خۆی دەکات کە بریاری چارەنووسازی خۆی داوە، من پێم وایە ئێستا نە (75)و نە سەردەمی کیمیا باران و ئەنفالە، ئێستا هەرێمی کوردستان پێگەیەکی گەورەی هەیە، کاتێك کە تەسریح دژی پێگەی هەرێمی کوردستان دەدرێت نەوت نرخی بەرز دەبێتەوە، نرخی لیرە و تومەن دادەبەزێت، ئێستا ئێمە پێگەیەکی گەورەمان هەیە، پێم وایە تۆزێك خۆمان راگرین، خاوەنی ئیرادەیەکی بەهێز بین، یەکگرتوو بین، تەبا بین، و دەست بخەینە ناو دەستی یەکتر، هەروەکو چۆن بینیمان، وێرای ئەوەی کە ئەو برادەرانەی بەغدا رۆژانە خەڵك لەیەکتر دەکوژن، بە درێل سەری یەکتر کون دەکەن، بەڵام کە هاتە سەر مەسەلەی جیابوونەوەی کوردستان هاتە سەر مەسەلەی ئەم بابەتانە، ئەم شتانە هەمووی کۆتایی پێ هات، ئەوان ئێستا خیتابێکی موەحیدیان هەیە بەرامبەر بە ئێمە، بۆیە ئێستا لە هەموو کات باشترە کە ئێمە واز لە ملمڵانێی ناوەکی و واز لە هەموو ئەو مەسەلانەی تر بینین، بەراستی خیتابێکی یەکگرتووی بە هێزی نیشتمانی، بەڵام بە زمانێکی ئاشتیخوازانە، بە زمانێکی نەرم کە شایستەی گەلی کوردستان بێت پێشکەشی بکەین،

بەڕێزان کۆمەڵێ خاڵی زۆر لە بەردەستدان بەڵام لەبەر کات ناتوانین و ئێستا بە نوسراو هەمووی ئامادەیە و ئاراستەی لیژنەی یاسایی دەکەین، بۆ ئەوەی لە گەڵاڵەی ئاراستەکردنەکەیان ئیستیفادەی لێ بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ کاك فرست، هەندەك درێژەت پێدا، بەڵام پسپۆری لەو بوارده، خاتوو ئامینە فەرموو.

**بەڕێز ئامینە زکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

د دەستوورا عێراقی دا یێ هاتیە کو دێ ریزی ل پرەنسیپێن یاسایی ێن نێڤدەوڵەتی گریت و مافی چارێ خۆنڤیس ژی ئێکە ژوان پرەنسیپێت نێڤدەولەتی کو گەلێ کوردستانێ بڕیار ل سەر دای هەروەسا عێراقێ هەردوو پەیماننامێت نێڤدەوڵەتی یێ ساڵا (1966) یاسایەك یا پەسەند کری وەکی هەڤکارێ من دکتۆر فەرسەت ژی ئاماژە پێ دای د ماددێ (8) ژ دستورا عێراقێ ژی ئاماژە پ هندێ دایە کو عێراق ژی ئەندامە ل نەتەوەیین یێکگرتی دا وە د ماددێ (1، 5، 9) ل نیساقا مافێ چارێ خۆنڤیس دا ئەڤە ژی یێ هاتییە ئیقرار کرن رێفراندۆم جێ بە جێکرنا فیعلیا بنەمایێت دیموکراسییەتێیە بۆیە پەیاما مە بۆ دەوڵەتێت جیران و وڵاتێت ئەقلیمی و هەروەسا حکومەتا عێراقێ کو رێفراندۆم هەرەشە و گەف نینە ل سەر هیچ وڵاتەکێ سەر ئاسایشا نەتەوەییا هیچ وڵاتەکێ بەڵکو فاکتەرەکی سەرەکیە سەر ئاشتیا جڤاکی، دەمێ پرسیارا من ئەڤەیە دەمێ ساڵا (2011) ئاڤا سیروان سەر هەرێما کوردستان تاتە بڕین دەمێ کو حکومەتا عێراقێ جەلالیە و سەعدیە تەعریب کر تۆپ و تانکێت خۆ ئینانە خانەقین ڤیان کودتایەکێ سەر خەلکێ کوردستانی بکەن و دیسا خەلکێ کوردستانێ ئەنفال و عەقلیەتا شۆفینی یا بوری ڤیان تەهاجومێ بکەنە سەر کورستانێ، سزادانا سیاسی یا خەلکێ کوردستانی ب رێکا بڕینا بودجە و موچە ساڵا (2014) وەرە ئەنجام دای هاتنا مەزنترین تیرۆریستێت داعش سەر هەرێما کوردستانێ و حکومەتا عێراقێ خۆ ل مە نەکریە خودان چەك ژی بۆ پێشمەرگەیێن قەهرەمان نەهنارد، پێشمەرگە ژ ساڵا (2003) هەتا نوکە نەهاتیە هەژمارکرن ل جوزئەك ژ مەنزوما دیفاعی یا عێراقێ هەتا نوکە یێك فلس ژی بۆ پێشمەرگەی نەهاتیە، وڵاتەك کو داخازا سەروەریا دستوری دکەت و ئەڤ هەمی پێشێلی یێت دستوری بەرامبەر گەلێ کوردستانێ بکار ئینای بڕیارا خۆ بۆ هندێ دای کو بەرەڤ ریفراندمێ بچیت وەك پرەنسیپ و یاساییێت نێڤدەوڵەتی، بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمانی هەلبەت ئەو بڕیارێت پەرلەمانێ عێراقێ و حکومەتا عێراقی دای ئەڤە سزادانا ب گشتیا کۆمەلا خەڵکێ کوردستانی یە کو بڕیارێت نادستوری بڕیارێت نە یاساییە، مافێ گەشتکرنێ بۆ هەمی کەسی یا پاراستیە ل گور رێکەفتننانا شیکاگۆ کو (54) وڵات تێدا ئەندامن هەروەسا ئەگەر ئەم سەح کەینێ ماددا (4) یا وێ یاسایێ هاتی کو فرۆکەخانێت مەدەنی بۆمەبەستێت ئێکلا کرنا پرسێت سیاسی نابیت بێتە بکار ئینان واتا ریگرتن ژ هاتن و چونا هاوڵاتیان پێچەوانێ یاسا و رێسایێن نێڤدەوڵەتیە پێشنیار دکەم ب زوترین دەم پەرلەمانێ کوردستانێ دکەم یاسا فرۆکەوانی یا شارستانی دەربێخیت و حکومەت ژی بێتە راسپاردن دەرگەهێن گفتوگۆ گەل رێکخراوێن تایبەت ب فرۆکەوانیا نێڤدەولەتی ل گور پەیماناما شیکاگۆ بکەت، گەلێ مە ل (9/25) ب دەنگێ 92%73 بڕیارا سەربەخۆیێ دای واتا رێزگرتن ژ بڕیار سەربەخۆیی یا گەلێ کوردستانێ سەرەڕای هندێ جەخت کردن سەر هندێ کو چارەسەر ب رێکا گفتوگۆکرن ب زمانەکێ دیالۆگ و ئاشتیانە بهێتە کرن، دەسەڵاتا سیاسی یا کوردستانێ ل دەرڤەیێ پەیام و ئەنجامێت راپرسیێ

دانوســـاندنێ دگەڵ حکومەتا عێراقێ بکەتن، دەم دەمێ ئیك رێزیا نیشـــتیمانیە خینا شـــەهیدان قوربانی دانا پێشـــمەرگەهێت قەهرەمان ئەو خورت و لاوێن کەرکوکا دلێ کوردســتان ئەوێن کو شــەهید دبن جینوســایدا ئێزدیان ســایبە کرن مەزات کرنا کچێن جلك سپی یێن ئێزدیا ئەنفالکرنا گەرمیان هەتا بادینان هەروەسا هەلەبجە هەمی ل مە دخوازیت کو گوتارەکا یێکگرتی زمانەکێ هەڤرێز پەیامەکا نیشتیمانی هەمی لایەنێت سیاسی هەبیت ژ بەر هندێ داخازێ ژ هەمی لایەنێت ســیاســی دکەم کو کوردســـتان و ســـەربەخۆییا کوردستانێ 9/25 دەرفەت و مێژویەکا نویە د تاریخا گەلێ مەدا داخازێ دکەم کو ئێکرێزیا خۆ بپارێزن، بۆحکومەتا هەرێمێ و داواکارێ گشـــتی هندەك پێشـــنیارێت دی من هەنە، هندەك رێکارێت یاسایی بۆ تەعن لێدان بەرامبەر ئەو بڕیارێت نەیاسایی و نادستوری یێن عێراقێ بگرینە بەر، هەروەسا گەف کرن و ب کار ئینانا هێزێ بۆ ناوچەیێن کوردستانی یێن دەرڤەی ئیدارەی هەرێمێ، ل گور ماددا (9) بڕگا ئێکێ لدستورا عێراقێ نابیت هیچ هێزەکا چەکدار و هێزێن ئاسایش دژی پێکهاتێن گەلێ عێراقێ بێتە بکارئینان، ل گور ماددەی (115) دســـتورا عێراقێ ژی یێ هاتی کو ناکۆکی ناڤبەینا وان هەبیت ئەولەوییەت بۆ یاســـایێن کاربکەرێن هەرێمێیە واتا ل ژێر رۆناهیا وێ هەرێما کوردســـتانێ ل ســـاڵا (2011) یاســـا ئەنجومەنێ ئاســایشــێ یا دەرێخســتی چ فروقەکا قانونی نینە و ئەولەویەت بۆ یاســایێت هەرێمێ دێبیتن ئەڤە نە تشتەکە کو د دەسەڵاتا حەسریا عێراقی دابیتن، دیسا خاڵەکا دی حکومەتا هەرێمێ و فەرماندا گشـــتیا هێزێن پێشـــمەرگە بێتە راســـپاردن کو ســـەرجەم دەسەڵاتێن خۆ یێن یاسایی بکار بینیت بۆ ئیدارەدانا دەروازێت سنووری و پاراستنا ناوچەیێن کوردســـتانی دەرڤەیێن ئیدارا هەرێمێ، نوێنەرایەتیا حکومەتا هەریمێ نامەیەکا ڤەکری بـدەتە نەتەوەیێن یێکگرتی و یێکەتیـا ئەوروپی و رێکخراوێن نێودەوڵەتی یێن تـایبەت ب مافێن مرۆڤا هەروەسا سەرجەم نوێنەرایەتیێن کوردستانێ بینە راسپاردن کو ل سەر رایا گشتیا دەرڤە و وڵاتان کار بکەن و ل سەر پێشێلکاریێن نایاسایی و نادستوریێن حکومەتا عێراقێ پەرلەمانێ کوردستانی سەرجەم بڕیارێن ئەنجومەنێ نوێنەرێن عێراقی ل 9/27 و بڕیارێت پێشــتر لادانا پارێزگارێ کەرکوکێ و هەر بڕیارەکێ کو دژی راپرســیا کوردســتانی ژ لای حکومەت و دادگەها ئیتیحادی رەت دکەت، دوو پرســـیار ژی من بۆ بەڕێز وەزیرێ ڤەگوهاســتنێ یێت هەی، بەڕێز وەزیرێ ڤەگوهاســتنێ ئەگەر هاتوو عێراق بەردەوام بیت سـەر وان گەفا و بێتە وارێ جێبەجێ کرنێ کارتێت گڤاشـتنێ سـەر هەرێمی چنە ئایا ژ لایێ ئاڤ، کەهرەبا، حەرەکێت لەشکری، فرۆکەخانە سەربازی و هاتن چونا دیپلۆماتکارا دێشیت چ کەت ئەگەر هات و د ناڤ ئاخا تورکیا یان ئیرانێ دا حکومەتا عێراقێ گومرك دانان هەرێم چ ئامادەکاری کرنە و چەوا ســەرەدەریێ دگەڵ بکەتن، پرســیارا ســێی و ئاخر پرســیار، ئەم دێشــێین ســیادێ دگەل بەغدا دابەش بکەین ئەم دێشــێن بۆ فرۆکەوانی کودا دەوڵەتەکێ تەلەب بکەین؟ ئایا د دەسەڵاتێت مە دا هەنە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ خاتوو ئامینە زکری بۆ پێشکەش کردنی رای بەڕێزتان، تکایە جارێکی تر بە بیرتان دێنمەوە رەچاوی کات بکرێت، بۆ ئەوەی ئەو دانیشتنە بە باشتر بەڕێوە بچێت، بەڕێز حەیات خان فەرموو. پێش ئەوەی خاتوو حەیات دەســـت بە قســـەکانی بکات، تکا دەکەین بۆ وەڵامدانەوە کارتەکانی فشار و بابەتی تر و لەشکری و ئەوانی تر بۆ دانیشتنەکی تر، شرین خان فەرموو.

**بەڕێز شیرین حسنی رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز سپێدە زوویی ناوی خۆ نڤیسی، ناڤی من سێیەم کەس بی، عەدالەت کوا، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، فەرموو.

**بەڕێز شیرین حسنی رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ جیاوازیەك نینە لەبەینی من و هەڤاڵا خوی خاتوو حیات، ئەو بڕیاری 27 ی ئەیلولێ 2017لە پەرلەمانا عێراقا عەرەبی بە ئامادە بوونا حکومەتا بەغدا و غیابا نوێنەرایەتیا کوردا هاتینە دەرکرن کو پێکهاتینا لژی سێزدە خاڵان، ددەرحەقێ هەرێمی کوردستانیدا و خەلکێ کوردســـتانێ دەرکرین، بریاری نەمرۆڤایەتی و نە یاســـایینە دەربارەی ژ هەمان عەقلیەتا جاران هاتیە کرن، کو ئەو عەقلیەتە هاتیە بەکارهێنان بۆ جینوساید کرنو کۆمەڵکوژی و کیمیا باران کرنا خەڵکی کوردسـتان بەس بەشـێوازەکی دی، بەشـێوازیکی مودێرنتر، تەبعەن ئەو بڕیـارە هەر چاڤەرێ کرن ژ حکومەتی عێراقی، ژوێ عەقلیەتـا هەر جـار دێتە بەکـارهێنـان بەرامبەر میللەتی کوردســتـانێ، ئەگەر ریفرانـدۆم هـاتبـایە کرن یـان نەهـاتبـایە کرن، هەروەختەکێ حکومەتێ عێراقی هەلەکی بدیتبایە هەمان جۆرە بریارا دەرحەقی میللەتی کوردســـتانێ دا دەرکێتن، ئەگەر بەری خۆ بدەینە ناڤ وان بڕیارا دەبینین ئینقلابەکا بەرچاوا لەناڤەرۆکا دەســتووری عێراقی و هەمی یاســاو میســاقێن دەولی و حەتا داب و نەریتێن مرۆڤـایەتێ، ئێك ژوان خـاڵا بەحســێ دەروازی ســـنووری دکەن، و لـدیڤ مـاددە 114ی دەســـتووری عێراقی دبێژیتن رێڤبەرنا گومرگا موشـــتەرەکە و ئەولەویەت بزەڤرەتەن بۆ هەرێما کوردستانێ، ولدیڤ ماددە (115) دەستووری عێراقی، خاڵا دووێ ئەو خاڵا دەربارەی فرۆکەخانەی هەولێر و ســـلێمانی دەرکرین و ئەمە ببێتە رێگری و ئاســـانکاری یان ژیا هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانێ ژ سەفەرێ یا پریکا هیشکاتی بێت یا پریکا ئاسمانی بێ ئەڤە ژی خەرەقەکا یاسایی و دەستووریا لدیڤ ماددەی (44) ژ دەستوورێ عێراقێ کو رێك دەبێژی هەر مواتنەك عێراقی کو ئازاد بێتن حەقی گواستنەوەی هەبێت لداخلی عێراقێ و ل دەرەوەی عێراقێ، رێکەفتن لەگەڵ دەولەتێ بیانی لســەر ســنوورا بۆ لێدانا دانیشــتوێن خۆیا ئەڤە کارێکی نائەخلاقی و نادەســتووریە و ناپاســاییە، خالا چارێ، پشــتگوێ خســتن و ئیبتالا ملیۆنان دەنگێت دنگێ ملیۆنان کەســە ژهاولاتێ خۆ ئەوە خەرەقەکا یاســایی، خەرقا هەمی یاســایێ نێف دەولەتیا، خالا پێنجێ چ نەصــەك هەیە لدســتوورێ عێراقی تاکو رێك بخەی دێتە جڤاتێ نینایێ عێراقێ، چاڤدێر بێتن لەســـەر پەرلەمانێ کوردســـتانێ و مافی بداتە خۆ و بڕیارا ریفراندۆما کوردســتانێ بێتە ئیلغا کرن، ئەز دبینم هیچ نەصــەك نینە کو ئەڤەشی خەرقەکا دەستووری لە ماددەی (121) و (93) ژ دەستوورێ عێراقێ، خالا شەشێ پرســیارێ لیڤێ ئەڤە بۆ حکومەتا عێراقی و بۆ پەرلەمانێ عێراقێ کو ئەو دەســتوور لکیڤا بوی وەختا ســێ چار جارەکێ عەردێ عێراقێ رادەســتێ رێکخراوا تێرورســتیبا داعش کری، ژ لایێ هەندەك بالا دەستان ڤەژلایێ هەندەك کەسان لناڤ حکومەتا عێراقیدا، پرسیار لڤێرێ جارەکا دی ئەڤەیە ئەڤ دەســتوورا لکیڤا دی وەکو مووچەو بودجەیا هەرێمی کوردســتانێ هاتیە بڕین، ژلایێ وەکی وا بێژم قائیدی قواتی موســەلحە نوری مالیکی، پرســیارەکا لڤێرێ ئەڤەیە کە ئەڤ دەستوور لکیڤەوە بی و چەندین ساڵە پێشمەرگا و هیزەکا بەرگری عێراقیا تەنها بە ناڤا و هیچ ماف و ئیمتیازەکا بۆ نەهاتیە خەرج کرن دبەرامبەردا دماوەی دووساڵادا هەندەك میلیشــیاتێت هاتینە دروســت کرن بناڤێ حەشــدا شــەعبی کردن یاســا و ماف و ئیمتیازات دانێ و کردنە یاسا و دەستووری، لڤێری ئەز دەبینم ئەو دەستوورا هاتیە پشتگوێ خســتن، ئەڤ دەســتوورێ بەهەمی شێوازیا هاتیە بنپیکرن لەلایەن ژ وانێ و پێویســت ناکا

ئیتر ئەو بێنە سەر گەلی کوردستانێ بسەپێنن، چونکا گەلی کوردستانێ ل 92 و پۆینت 63 سەدێ ژ رێژەکا هەرە بەرز دەنگی خۆیا بۆ سەربەخۆیا کوردستانێ دایە، ئیدی پێویست ناکات ئەم پابەندی وی دەستووری بن، ئەو دەستووری لە بەرژەوەندی خۆیا بەکاردێنن، هەندەك پێشنیار من هەنە بۆ پەرلەمانێ کوردستانێ و بۆ هەڤالێت مە بۆ لیژنا یاسایی بەتایبەتی و بۆ دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانێ و هەم بۆ حکومەتی مە کو ژهاوکاری بێ دگەل مە، کو کار بکەن بە زێترین وەخت لسەر دەرکرنا هەندەك یاسایا، ئێك ژوان یاسایا وەکو پێك ئینانا هێزێت ئاسمانی کوردستانێ، یا یاسایە فرۆکەوانیە مەدەنیا کوردستانێ، یاسایا جەوازات و نفوسە، یاسایە دراڤێ کوردستانێ و کۆمەڵێك یاسای دی کە ببنە بنەما بۆ دەولەتا کوردستانێ و چونکە خەلکی مە بریارێیدا بێتەڤیا ریز لە بریارا خەلکی مە بێتەکردن، لدوماهیێ ئەز دبێژم پەیاما من بۆ پەرلەمانێ کوردستانێ، بۆ حکومەتا عێراقێ کو بلاژما فێر ببن ئەوی هەرەشێ لمە دکەن و زمانێ نیگەفێل لەگەڵ مە ئاخاڤن، وەکو بەڕێز جەنابی وەزیر گوتی ئەم دپێشوازیا وان کرن لە هۆتیل دیڤان دێ دانیشتن و هەمی رێز لۆ ڤان هاتیە گرتن و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز شیرین حسنی، خاتوو حیات فەرموو.

**بەڕێز حیات مجید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەتە سزادانی بە کۆمەڵ لە رێگەی دەسەڵاتەکانی ئیتیحادی تاوانە بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان و دیموکراسیەت ئەنجام دەدرێت، دەسەڵاتی فیدراڵی ئەو بەرپرسیاریەتە دەبێت لە ئەستۆ بگرێت، کە دژی هەریەك لە مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی و دەستووری و دراوسێی باش و ئاشتی نێوان گەلانە، ئەمە لە کاتێکدا پەرلەمانی عێراق پەرلەمانێکە کاری رەقابی نەماوە، بۆوەتە مۆڵگەیەك بۆ کۆکردنەوەی بیری توندوتیژی تائیفی، پەرلەمانی عێراق لە ئەزمەیەکی ئەخلاقی میهەنیدا دەژی لە ئێستادا، لەم پەرلەمانەدا ئەوەی پێچەوانەی گروپێکی تائیفی بەرنامەی هەبێت، دووچاری تەسقیتی سیاسی دەبێتەوە، سوونەکانیان لەسەر بیری مەزهەبی سزادا، ئەیانەوێت کوردەکانیش لەسەر بیری نەتەوەیی سزای جەماعی بدرێن، ئەم تەسقیتە سیاسیەی پەرلەمان پەلی کێشا بۆ حکومەت و بینیمان چۆن وەزیری و سوپاسالاری دوورخستەوە، بگرە کەسایەتیشیان زرێندرا، بڕیارە دوژمنکارەکانی ئەم دواییەی پەرلەمان دەرحەق بە خەڵکی کوردستان کاردانەوە و هیچ ئیعتیبارێکی نییە، ئەو گرووپە تائیفیانەی عێراق بە خیتابێکی توندو تیژی خەڵك هان دەدەن و دووبەرەکی نێوان پێکهاتەکان بچێنن، بڕیارەکانی پەرلەمانی عێراق دژی مەفهومی شەراکەتە کە ئەساسی دروست بوونی عێراقی دوای سەدامە، لە عێراقدا نیزامی سیاسی بوونی نەماوە و پێدینیە توندڕەوەکان دەستیان بەسەر دەزگاکانی بەڕێوەبردندا گرتووە، بۆیە ئەکرێت بڵێین بڕیارەکانی پەرلەمانی عێراق تائیفییەو هیچی کەمتر نییە لە تاوانەکانی رژێمەکانی پێشوو کە دەرهەق بە کورد کردیان، ئەگەر بۆشیان بکرێ ئێستاش خراپتر دەکەن، هەر بۆیە ئەمانە بڕیار نین بگرە سەپاندنی رایەکی ئەغلەبی و هیچ شەرعیەتێکی نییە، یەکێکە لەو بڕیارانەی کە بەمردویی لە دایك بووە پێش ئەوەی جێبەجێ بکرێت، لێرەوە داوا لەسەرکردایەتی کورد دەکەم بۆ ڕێز گرتن لە خوێنی شەهیدان و ئیرادەی گەلەکەمان بگرن، کە لە 9/25 دەنگی زۆرینەی بەڵێ بۆ ریفراندۆم بووە، کاری دبلۆماسی بکرێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی شکست هێنان بۆ ئەو فکرە تائیفیە و سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ حەیات خان، کاك خلف فەرموو.

**بەڕێز خلف احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەمەوێ قســەکان چڕ بکەمەوە لەســەر تەنها دانیشــتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجوومەنی وەزیران، دیارە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ڕۆژی 2017/9/27 لە کۆبوونەوەی ژمارە (23) دا، کە بێ بەشداری نوێنەرەکانی کورد ئەنجامیان دا، لە کۆی (325) ئەندام پەرلەمان تەنها (166) ئەندام پەرلەمان ئامادە ببوون، ئەمە لە حاڵێکدا ئەگەر بڕیارەکانی پەرلەمانی عێراق بڕیاری تەوافقی بێت، واتە بڕیاری زۆرینە نەبێ، کە تەنها زۆرینەی ســوونە و شــیعە ئەو بڕیارەیان دەرکردووە، وەکو گوتم (166) ئەندام تێیدا بەشــداربوون، پەرلەمانتارەکانی هەرێمی کوردســتانیش کە من ڕەخنە دەگرم لە ئەو پەرلەمانتارانەی لەوێ ئامادەنەبوون، بەراستی خۆ ئەگەر بڕیارەکە بڕیارێکی سەرکردایەتی سیاسی کوردیش بووبێ، دەبوو ئەو بڕیارە بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمانی کوردســتان کە بڕیار لەوە بدرێت ئایا لە کۆبوونەوەیەکی وا حەساسی چارەنووسسازەکە لە بەغدا بڕیار لەسەر ئایندەی ئێمە دەدرێ، ئەم نوێنەرانەی ئێمە بۆ بەشــدار نەبن؟ ئەی ئەگەر لە حاڵەتێکی ئاوا ناسك و حەساس بەشدار نەبن، ئەی کەی ئەو نوێنەرانەی ئێمە ئەم شەرانە بۆ ئێمە دەکەن، من ئەزانم نوێنەری باش و ئازاو کارامەمان هەیە کە ئەتوانێ دیفاع لە مەبادئەکانی خەڵکی کوردســتان بکات، بەڵام دیارە بڕیارەکە بڕیارێك بووە لە ســەرکردایەتی ســیاسی خەڵکی کوردستان، کە هەروەك چۆن پێویست بوو وەزیرە کوردەکانیشمان شەریان بکردایە لەسەر بنەماکانی ئێمە لەوێ، چونکە ئێمە پەرلەمانتار و پێشــمەرگەیەك کە لەو ســەرســنوورانە بەرامبەر بە دڕەندەترین دوژمنی دنیا ئەجەنگێ و شەهید ئەبێ هیچ جیاوازیەکمان نییە، لە بڕیارەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (13) ســزانامە دەرچووە، حەق نییە ئێمە بڵێین بڕیار، ئەمانە ســزانامەن، بۆ گەلێکی ســتەمدیدە وەکو خەڵکی کوردســتان کە هەموویان باگراوندی ســیاســیان هەیە، خاڵی دووەمی بڕیارەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقە لە ماددەی (121) دەســتووردا ، بە ئاشــکرا بڕیار بەوە دەدات ئەگەر بڕیار لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش دەرچوو، پێویســتە لە پەرلەمانی کوردســتان ئینفاز بکرێ و بڕیاری بۆ دەرچێ، لە ماددەی (38) دەستوور لە خاڵی یەکەمدا ئازادی رادەربڕین بە هەموو شێوازێك ئیشــارەتی پێدراوە، هەروەك چۆن دەقی ئەم ماددەیە بخوێنمەوە بە کورتی: (هێزە چەکدارەکای عێراق و دەزگاکانی ئاســایش لە پێکهاتەکانی گەلی عێراق پێك دێت، بەرەچاو کردنی هاوســەنگی و ڕێژەی نوێنەرایەتی کردنیان بەبێ جیاوازی یا دورخســتنەوەی هیچ لایەك و لەژێر ڕکێفی مەدەنیدا دەبێ، و بەرگری لە عێراق ئەکات و نابێتە دەزگایەك بۆ داپلۆسینی گەلی عێراق و دەستوەرنادات کاروبارە سیاسیەکان)، ئەمە بە وازیحی تەحدیدی صــەڵاحیەت دەکات لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و مەرکەز دەکات، هەروەك چۆن بەپێی مەبادئی فەصــلی ســوڵتات، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ناتوانێ تەفویزی مەجلیسی وەزەرا بکات بۆ بەکارهێنانی هێز و بۆ داخستنی دەروازە سنووریەکان، یان بۆ مەسائیلی فرۆکەوانی کوردستان، و بەپێی ماددەی (110) هەمیشەیی عێراقدا بە وازیحی دەستنیشان کراوە، کە کەم کردنەوە و سنوور دانان بۆ دەسەڵاتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردســتان و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە صــڵاحیەتی نییە ئەم بابەتە بکات، چونکە هەموو سنووردانانێك بۆ دەسەڵاتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کاریگەری نەرێنی دەبێ لە تواناى حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مەسائیلی ڕووبەڕووبوونەوەی داعش، و مەسائیلی ئیدارە دانی ئاوارەکانی بەشێوازێکی سەرکەوتوو، وبەخێو کردنی هەموو ئەو

ئاوارانەی کە لە هەرێمی کوردستاندا مەسروفات و تێچووی زۆری هەیە ، و لەرابردووش لە حکومەتی هەرێمی کوردســـتان چەند جارێکم بیســـتووە کە ناوەندە نێو دەوڵەتیەکان پشــتیوانیەکی ئەوتۆی حکومەتی هەرێمی کوردســتان کردووە و دابین کردنی خەرجیەکان بۆیان، ئێمە لە بڕیاری ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا هاتووە تایبەت بە بەکارهێنانی هێزی ئاســـایش و هێزەکانی ناوخۆ لە دەســـەڵاتە حەصـــریەکانی مەرکەزیدا، جگە لەوەی ئێمە سەدان کێشەی ئاسایشی ناوخۆ و ئاسایشی سنوورەکانمان هەبووە، بەپێی یاسای ژمارە (4)ی ســـاڵی 2011ی خۆمان کە ئەنجومەنی ئاســـایشـــمان هەبووە، هەموو ئەم کێشـــە ئەمنیانەمان چارە کردووە ، لە ســـاڵی 2005 بەدواوە بەتایبەتی لەدوای نووســـینەوەی دەستوور و هەموو ئەو کێشانەی کە لە هەرێمی کوردستان هەبووە، حکومەتی عێراق بۆ بەدەنگ ئەو کێشانەی ئێمە نەهاتووە، بۆیە هەموو ئەو سزانامانەی کە دراوە لە پشتیەوە بڕیاری ســیاســی هەیە و لە پشــتیەوە هۆکاری ســیاســی هەیە، بە پێی ماددەی (110) لە دەستووری عێراقی بڕیاری داخستنی دەروازە سنووریەکان بە هیچ شێوەیەك صڵاحیەتی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق نییە، یان با بڵێین رەســـمی ســـیاســـاتی گومرگی و دارایی دەروازە ســنووریەکان دەکات، نەك پێدانی صــڵاحیەت بە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق کە بتوانێ ئەو دەروازە ســنووریانە دابخات، لە ماددەی (115)ی دەســتووردا بە وازیحی ئەمە هاتووە هەموو ئەو بابەتانەی کە لە ماددەی (110) دەســت نیشــان نەکراوە و صــڵاحیەتی حەصـــری عێراق نییە، وئۆتوماتیکی ئەم صـــەڵاحەتیانە ئەگەڕێتەوە بۆ هەرێمەکان، بە نیسبەت نووسینگە و نوێنەرایەتیەکانی وولاتان لە هەرێمی کوردستان کە ئەمانە مافێکی بەدەست هاتوو، یان حەقی موکتەسەبەی هەرێمی کوردستان دوای دنیایەك لە خەبات و دوای حوکمرانیەکی تەندروســـت، دوای پاراســـتنی رێکارە دیپلۆماســـیەکان و پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان و پەیوەندییە گشـــتییەکان، توانراوە قەناعەت بە وڵاتان بکرێ، یان وڵاتان بگەنە ئەو قەناعەتەی کە نوێنەرایەتی و کونســـوڵخانە وە دامەزراوەی خۆیان لە هەرێمی کوردستان بکەنەوە، بۆیە لە حاڵەتێکی ئاوا حکومەتی عێراقی پێچەوانەی هەموو قانونەکان ئەوەستێتەوە، من پێشنیار دەکەم بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم بابەتە تازانەی کە لە هەرێمی کوردستانی عێراق هاتۆتە پێشەوە:

یەکەم: دپلۆماسیانە ئێمە دەست چارەسەر کردنی کێشەکان ببەین، و هەڵوێستی مەرجعی باڵای شـــیعە بەرز بنرخێنین، و ئامادەی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان و ســـەرکردایەتی سیاسی هەرێمی کوردستان نیشان بدەین بۆ گفتوگۆ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانمان.

دوو: لەم پەرلەمانە بە بڕیارێك دەربچین کە هەموو ئەو ســزانامانەی کە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و مەجلیسی وەزەرای عێراقی دەرچووە رەتی بکەینەوە.

ســێ: پێشـــنیارێك بکەین بۆ حکومەت لیژنەیەك دروســـت بکات هەموو ئەو زیانانەی بەر خەڵکی کوردستان ئەکەوێت، یان بەر کۆمپانیاکان و خاوەن کارگەکان ئەکەوێت، لە ئەنجامی ئەو بڕیارانەی کە عێراق ئەیسەپێنێ بەرسەرماندا، هەموو ئەو زیانانە جەرد بکرێ و لە کاتی خۆیـدا داوای قەرەبوو لە حکومەتی فیـدراڵی عێراق بکرێـت. و لـایەنی دەرەکی و نێو دەوڵەتی ئاگادار بکرێن لە هەموو ئەو دەستدرێژیانەی کە مافێکی مەدەنییە ئەویش مافی چارەی خۆنووســین و ئەنجامدانی ریفراندۆمە، ناوچە کوردســتانیەکانی دەرەوەی هەرێم لە 2014 ەوە ئێمە ئەیانپارێزین، حکومەتی هەرێمی کوردســـتان و پێشـــمەرگە ئەیانپارێزن، لەدوای ئەوەی کە لە 2014 پێشمەرگە ئەو ناوچە کوردستانیانەی لەدەست رژێمی بەعس پاراســتووە و ئوتوماتیکیەن وەك دیفاکتۆ لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردســتان بووە، لە 2014 ەوە بۆ 2017 حکومەتی عێراق بێ دەنگی لەم بـابەتە هەڵبژاردووە،

ئۆتۆماتیکی ئەمە لە ئێستادا قسە کردن لەسەر ئەم ناوچە کوردستانیانەی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، بۆ خۆی دیارە کە مەسائیلی شۆفینیەت و مەسائیلی تەنها وەڵامدانەوەی ریفراندۆمەکەی هەرێمی کوردستانە، بۆیە گرنگە هەموومان یەك دەست و یەك دەنگ بین و یەك ریز بین تاکو بتوانین کێشەکانمان بە گفتوگۆ چارەسەر بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ کاك خەلەف، داوا دەکەم ئەو پێشنیارانەی لای ئێوە هەنە و نووسراون بدەن بە لیژنەی یاسایی، بۆ ئەوەی سوودی لێ ببینی، ئەوەی نووسراویش نەبن داوا لە پرۆتۆکۆل دەکەین بە پەلە بۆمان بنووسرێن، بۆ ئەوەی هەر ئەمڕۆ بدەین بە ئەوەی تۆمار کراوە، ئەوەی کە لیژنەی یاسایی دەینووسێ ئەوانە هەموویان سوودی لێ دەبینن، چەند بەڕێزێکی تر قسە بکەن دوایی پشوویەك و دێینەوە درێژە بە دانیشتنەکە دەدەین، بەڕێز عباس غەزالی فەرموو.

**بەڕێز عباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نامەوێ باسی ئەو ماوە یاسا و قانوونانە بکەم تەنها بەرچاو ڕونیەك دەدەم، ئەمڕۆکە (عاشوورا)یە کە شەهادەتی (ئیمام حوسێن)ە نیشانەی مەزلومیەتە، ئێمەی کوردیش مەزلومی مێژووین بە دابەشبوون بە جینۆساید بە کیمیاباران بە ئەنفال بە جینۆسایدی یەزیدی بە هەموو شتێك تاکو ئەمڕۆ جینۆساید دەکرێین، پێشنیار دەکەم لەم جواب نامەیەیدا کە بە شێوەیەکی تایفی نووسیوە عاشورەش بێخینە ناو کە کەس لە کورد مەزلومتر نییە وەفاداری بۆ ئیمام حوسین بەرگری لە مافی کوردە نە سزادانی بە کۆمەڵ هێرش کردنە سەریەتی، سەبارەت بە کۆبوونەوە پەرلەمانی عیراق خۆی لە خۆیدا ئەمە پێشێلکاری دەستوورە ئەمە ڕای گەیاند کە فیدڕالیەتوو ئیتیحادی نەما کە ئێمە هەر کاتێك هێزمان هەبێت دەتوانی هێز بێنین و خارجی ئیدارەی گەلی کوردیش ڕاوەستین چونکە دەبینین عەمەلیاتی پێشتری داعشیش دیجلە کە هات هەمان مەبەستی هەبوو کە ئەمرۆکە پەرلەمانی عیراق بۆی دەرکردووە، بەڵام گرینگ ئەوەیە ئێمە بە زمانێکی نەرم هدوو بکەین، ئێمەی کورد هیچ کاتێك هێرشمان نەکردووە بەرگریمان کردووە پێشمەرگە لە خاکی بەرگری کە بە مافی شەرعی و یاسایی و قانونی هەیە ئەمە شەرعیەت دەدات بە بەرگری پێشمەرگە لەناوچە کوردستانیەکان، سەبارەت بە پشتگیری برای بەڕێزم کاك(خلف) دەکەم ئێمە نوێنەرانی کورد چ لە پەرلەمانی عیراق چ لە حکومەت تا ئەو کاتەی کە هەبن من بایکۆتکردن بە باش نازانم لەوێ بن حزوریان هەبێت دیفاع بکەن و بگەڕێنەوە چونکە خەڵکێك هەبوون دەبینین (ئەیاد عەلاوی) پەیامێکی هەبوو تەیاری (سەدر) بیری جیاوازی هەبوو ئەگەر لەوێبانە ڕەنگە چاتر باو بەرگریان لێکردبا داواش دەکەم تا ئەو کاتەی سەرکردایەتی سیاسی کورد بڕیار نەدا ئەوە بەسە بەڵام تا هەبن دەبێ لەو سەنگەرە چۆل نەکەن خەڵکێك تا عەدی ئەقەل دیفاعێك بکرێتن، داواش دەکەین بۆ حکومەت بەتایبەتی کاروباری ئاوارەکان لە ڕێگای ڕێخراوەکان نەتەوایەتیەکان پێشێلکردنی مافەکان بەکارهێنانی هێز ئەمانە لەگەل رێخراوەکانی جیهانی کە ئاوارە مەسئەلەیەکی گەورەی جیهانییە باس بکەن کە ئەمە کوردستان نەك ئارامی و سەقامگیری تێدا نییە بەڵکو(دوو)ملیۆن ئاوارەی لە کۆڵ هەموو جیهانیش کردۆتەوە نە بەرگری تەنها لە داعش کردووە، بەڵکو ئەمەش دەتوانێ تەئسیری خۆی لە رووی نێو نەتەوەیی هەبێت، لە هەمووی گرینگ تر جواب دانەوە بۆ ئەوانەی دژی کورد بڕیار دەکەن چاترین چەك بۆ ئێمە یەك ڕێزییە بەداخەوە

ئێستا تەمەنام دەكرد ئەو كورسیانەی لە تەنیشتمانە خاڵی نەبن هەموومان هەوڵبدەین چ ئێمەی پەرلەمانتار چ راگەیاندنەكان هەموو لایەك بە هەستێكی نیشتمانی بۆ یەكخستنی یەك ریزی نیشتمانی چونكە ئەگەر ئێمە یەك ریز بین وئیرادەیەی یەكتمان هەبێت پێكەوە دانیشین بەتایبەتی ئەمە دەبێتە چەكێك كە دوژمنان دەتوانن بەسەرماندا بن ئومێدەوارم بۆ چەلسەی داهاتوو ئەو یەك ریزیە بێت هەموومان پێكەوە بین سەبارەت بەو یا سایانەی كە دەریش دەكرێن ئێمە لە لیژنەی(كشتوكاڵ وئاودێری)پرۆژەی یاسای ئاو كە خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كراوە زۆر ئیشیشمان لەسەركردووەو لێژنەش یاسا داواكرد لە یاساشی لە كوردستان دەربچێت لەیەكەمین جەلسەدا دەتوانین ئەمە بە مووشتەرەكی ئەو یاسایە بخوێنین و وە چەكێكی بەهێزی لە دەست كوردی دایە ئاوا ئەم یاسایەمان هەبێت،سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیكی/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بۆ (عباس غەزالی) بۆ دەربرینی رای.داوا دەكەم ئەو نەریتە جوانەی خوازیارەی هەموو پەلەرلەمانی كوردستان و هەموو پەرلەمانێكی تر زیاتر ببینین كە پشتوانی لە ڕاو قسەكانی هاوڕێیەكی خۆی دەكاتن لە پەرلەمان ئەو نەریتە زۆر كاریگەرە بە تایبەتی ئەو بڕگانەی پەیوەستن بە ماددەكانی دەستوور مادده یاساییەكان گرینگە پشتوانی لە یەكتر بكرێت بۆ ئەوەی پوختە بن وە زیاتر ئەم دانیشتنە بە باشتر بەڕێوە ببەین، بەڕێز(د.شوان قەڵادزەیی) فەرموو.

**بەڕێز شوان احمد نعمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان بەڕێز جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان هەڵبەتە ئێمە بەڵامانەوە گرینگە كە سەرجەم ئەو بڕیارانەی كە پەرلەمانی عیراق سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق بە كولی رەت بكرێتەوە وە لەو پەیامەش كە پێشكەشی دەكەین بە هیچ شێوازێك كروزانەوەو بێ دەسەڵاتی پێوە دیار نەبێت كە ئێمە میللەتێكی مەزلومین ئێمە خاوەنی هێزی پێشمەرگەین ئەوەش یەكەم هەڵوێستیان نییە هاتنی(عبدول امیر زیدی) بۆ جنوبی كەركوك(علی غیدان) بۆ ئەوە نەهاتوون بگەڕێنەوە بۆ ئەوە هاتبوون وەكو (علی حسن مجید)و سەركردەكانی پێشووی ڕژێمی پێشوو ناوچەكانی ماددەی (140) داگیر بكەنەوە لەبەر ئەوە ئێمە دەبێ بەڕاستی لە مەوقیعیەتی قوەتەوە مادەم خەڵكی كوردستان لەگەڵ ریفراندۆمی سەرخستووە نزیكەی (93)دەنگی هێناوە ئێمە پشتوانیەكی زۆر بەهێزمان هەیە پشتوانیەكە لەوە تێپەڕیوە هی ئەو حزبانە بێت كە لە ئەنجومەنی ریفراندۆمدان یان هی خەڵكی تر بێت سەركردەی هەموو لایەنە سیاسیەكان بە بەڵێ دەنگیان بەم پرۆژەیە داوە، ئەمە گەورەترین پشتوانییە ئەبێ لەم مەقیعیەتەوە كورد تەعامول بكات نەك لە مەوقیعیەتی كروزانەوە، قاعیدەیەكی شەرعیش هەیە ئەفەرموێت (السیلمو قاعید والحرب ضرر)ئەصلی حەیات بریتییە لە ئاشتی بەڵام شەر كە بەسەرت دادەسەپێ وە هەروەها قاعیدەیەكی شەرعی تریش هەیە كە دەڵێ (ئەو میللەتە ئاشتی دەدرێتێ كە توانای ڕووبەڕوو بونەوەی هەبێت ئەگەر میللەتێك هەر خەریكی پارانەوە بێت دوژمنەكانی بزانن كە ئەو میللەتە توانای هیچی نییە بە دڵنیاییەوە بە دەم هیچ بانگەوازێكییەوە نایەن) من بەمەبەستی رووبەروو بونەوە ئەو بڕیارە جەورو پڕ ستەمكارە شۆڤێنیانە بە پێویستی دەزانم ئەمانەی خوارەوە ئەنجام بدرێت،(بەهێز كردنی ژێرخانی ئابووری دەستەبەر كردنی پێداویستی خۆراكی هاوڵاتیان بۆ ئەوەی ئێمە هەمیشە چاومان لەولا نەبێت كە بەداخەوە ئێمە ژێرخانێكی ئابووری ڕوخاوومان هەیە) هەمیشە ئەوەی لە بازار هەیە وەكو ئەوەی(حەمەی حاجی مەحمود) دەفەرمووێت: ئەگەر سەیری دوكاندارەكان

بکه‌یت به‌س دو‌کانه‌که‌ کوردییه‌ هه‌موو به‌رهه‌مه‌کانی ناوی که‌لوپه‌لی وڵاتانی بێگانه‌یه‌ ئه‌مه‌ش زۆر جێگای ئه‌سه‌فه‌ که‌ دوای بیست و شه‌ش ساڵ ئێمه‌ چاوه‌ڕێی نه‌وت و غاز بکه‌ین،خالێکی تر(هاوکاری کردنی هێزی پێشمه‌رگه‌ی کوردستان به‌ هه‌موو شێوازێك له‌به‌ر ئه‌وه‌ ئه‌گه‌ر هێزی پێشمه‌رگه‌ نه‌بوایه‌ ئه‌سڵه‌ن ڕیفراندۆم نه‌ده‌کرا که‌ ڕیفراندۆم کراوه‌ به‌ ڕاستی ئی ئه‌و هێزانه‌یه‌ که‌ وجودی میلله‌تێکیان سه‌لماندووه‌،خالێکی تر(ئه‌بێ به‌راستی هه‌ڵوه‌شانه‌وه‌ی بڕیاری (64)ی ئه‌نجومه‌نی وه‌زیران که‌ تایبه‌ته‌ به‌ پاشه‌که‌وت بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌و کۆده‌نگیه‌ نیشتیمانیه‌ دروست ببێت خه‌ڵك بروای به‌ ریفراندۆم وبه‌ سه‌ربه‌خۆیی به‌ هه‌موو بابه‌ته‌کان خۆش بێت گیان فیدای بن له‌ پێناویدا،خالێکی تر(کۆده‌نگی نیشتمانی بڕیار بوو په‌رله‌مان به‌ کۆده‌نگی نیشتمانی ده‌ست به‌ کاره‌کانی بکاته‌وه‌ به‌ڵام ئێستا به‌شێك له‌ کورسیه‌کان چۆڵن به‌ڕاستی ئه‌رکی به‌ڕێزتانه‌ ئه‌رکی ئه‌و لایه‌نه‌ سیاسیانه‌یه‌ که‌ په‌رله‌مانیان کارا کرده‌وه‌ وه‌ ئیتفاقیان کرد به‌ هه‌موو شێوه‌یه‌ك هه‌وڵده‌ن ئه‌و کۆده‌نگییه‌ نیشتمانییه‌ له‌ناو هۆڵی په‌رله‌مانه‌وه‌ به‌رجه‌سته‌ ببێت ببینرێت ئه‌مه‌ هێزی ئێمه‌ له‌به‌غداو له‌ ئه‌نقه‌راو له‌ تاران و له‌ شوێنه‌کانی تر به‌هێز ده‌کات ئێمه‌ خه‌له‌لی بۆشایی و فه‌راغمن هه‌بوو ئه‌و کاته‌ ئیستغلال ده‌کرێین له‌ شوێنه‌کانی تریشه‌وه‌،خالێکی تر(مه‌سه‌له‌ی لێبووردنی گشتی جێی خۆیه‌تی ئێستا ئه‌گه‌ر زیندانیه‌کانی چاکسازیه‌کان له‌ هه‌ر چوار پارێزگایه‌که‌ ئه‌زانی ژیان و حاڵیان چۆنه‌ لێبووردنی گشتی ده‌ربکرێت هه‌موو به‌ره‌و ئاراسته‌ی ئه‌و سه‌ربه‌خۆییه‌ هه‌نگاو بنێین،خالێکی تر(ئه‌و گه‌له‌ کۆمه‌کیه‌ی که‌ هه‌یه‌ شیعه‌یه‌ و سونه‌یه‌ و وڵاتانی ناوچه‌که‌یه‌ ئێمه‌ روو به‌رووی پرۆسه‌کانی ئه‌نفال و کیمیاباران و ئه‌م هه‌موو پرۆسه‌ی نا میلله‌تێك بووینه‌وه‌ ته‌سلیم نه‌بووین به‌ڵکو دوژه‌نه‌کانمان به‌ره‌و رووخان ڕۆیشتوون ئه‌و خالانه‌ی له‌ په‌رله‌مانی به‌غداوه‌ ده‌کرا هه‌موو خاڵی شۆڤێنین سزای جه‌ماعین پێچه‌وانه‌ی بڕیاره‌کانی(144)ی ده‌ستووری عیراقه‌ که‌ باس له‌ ئیداره‌ی گومرگی مشته‌ره‌ك ده‌کات پێچه‌وانه‌ی بڕیاری(9)ی رێکه‌وتنی شیکاغۆیه‌ که‌ باس له‌ حورییه‌ی ته‌نه‌قول ده‌کات،خالێکی تر(جیی خۆیه‌تی سه‌رۆکایه‌تی حوکمه‌تیش هه‌میشه‌ قسه‌مانیان دڵخۆشی و ئومێد به‌خشی بۆ خه‌ڵکی کوردستان تێدابێت نه‌ك کاتێك قسه‌ ده‌که‌ن به‌ شێوازێکی وا قسه‌ ده‌که‌ن که‌ خه‌ڵکی کوردستان وای ته‌فسیر ده‌کات که‌ ئه‌و پاشه‌که‌وته‌ تا ڕۆژی قیامه‌ت به‌رده‌وام ده‌بێت یه‌عنی قسه‌کانیان به‌راستی ئه‌و جدیه‌ته‌ی لێ ناخوێنرێته‌وه‌،خالێکی تر(په‌یامی ئێمه‌ بۆ حکومه‌تی خۆماڵی ئه‌وه‌یه‌ که‌ کۆنترۆڵکردنی بازار ئێستا له‌ بازاره‌کاندا خه‌ڵکی قۆرغکار هه‌یه‌ هه‌وڵده‌دات رزق و ڕۆزی له‌ بازاره‌کان نه‌مێنێ هه‌ندێك که‌ناڵی ئیعلامی هه‌یه‌ ئه‌منو ئاسایشی ئه‌م وڵاته‌ تێك ده‌ده‌ن هه‌میشه‌ وا به‌ خه‌ڵك نیشان ده‌ده‌ن که‌ وا هه‌میشه‌ حاڵه‌تی مه‌ترسیدار و دڵه‌ راوکێ هه‌موو ئه‌مانه‌ به‌ڕاستی سنورێکیان بۆ دابنرێت، ئێمه‌ به‌راستی به‌ هیچ شێوه‌یه‌ك بیر له‌ ته‌سلیم بوون نه‌که‌ینه‌وه‌ وه‌ ئێمه‌ له‌ هه‌مان کاتیشدا ئه‌بێ ئه‌وه‌ بزانین که‌وا ئه‌گه‌ر هه‌زار دۆستمان هه‌بێت که‌مه‌ به‌ڵام دوژمنیشمان هه‌بێت زۆره‌،خالێکه‌ تر(په‌یاممان بۆ سه‌رۆك کۆماری عیراق ئه‌من دڵنیام جه‌نابی( مام جه‌لال)له‌ به‌غدا بوایه‌ ئێستا باروو دۆخ نه‌وعێکی تر ده‌بوو به‌ڵام ئه‌وان هه‌ر له‌سه‌ر سه‌پاندنی بڕیاری زاڵمانه‌ سوور بن ئه‌کرێ به‌ڕێز سه‌رۆك کۆماری عیراق هه‌ڵوێستێکی هه‌بێت هه‌تا هه‌ره‌شه‌ی کشانه‌وه‌ بکات له‌ به‌غدا ئه‌من پێم وایه‌ دونیا زیاتر دێته‌ سه‌ر خه‌ت و ده‌بنه‌ پشتوانی ئێمه‌ به‌ڵام ئه‌وان هه‌ر بڕیار ده‌رکه‌ن و ئێمه‌ش هه‌ر بیر له‌وه‌ بکه‌ینه‌وه‌ بۆ به‌غدا ئه‌مه‌ پێموایه‌ شتێکی علمی نییه‌،خالێکی تر(وڵاتانی ناوچه‌که‌ ئه‌وه‌ی کاك (حاجی عباس) باسی کرد مه‌سه‌له‌ی ئه‌مرۆکه‌ (10)ی موحه‌ره‌مه‌ ئیستا ئه‌م وڵاتانه‌ به‌ پێی کام یاسای ئاسمانی به‌ پێی کام یاسای ده‌ولی به‌ پێی کام یاسای ئه‌رزی

ســـەیری میللەتێکی مەزڵومی وەکو کورد دەکەن هەرەشـــە دەکەن ئەڵێن ریفراندۆم نا یاساییە ئەمریکا کە سەرۆکی(وضر ویڵسن) ساڵی (1914) باس لە بنەماکانی مافی مرۆڤ دەکات ئەی چۆنە وەزارەتی خاریجییە هەموویان بەیاننامە دژی ئێمە دەردەکەن، ئەمن پێم وایە ئەمانە ناخی خۆیان بەهۆی ئەم ڕیفراندۆمە دەرکرد کە ئێمە لە دونیادا دۆستمان نییە بەڵام دۆســـتی ئێمە خۆمانین یەك دەنگی ناو ماڵی کوردە ئاشـــت بوونەوەیە ئەوەش بەراستی وەزیفەی حیزبە سەرەکیەکانە ئەو ئاشت بوونەوەیە تەواو بکەن کە ئێستا ئاشت بوونەوەکە لەو هۆلی پەرلەمانە ئەم خەلەلە هەســـتی پێ دەکرێت.لە کۆتایشـــدا جێی خۆیەتی کە پەیامێکی رسمی مەسەلەن یوئێن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کۆمکاری عەرەبی و کۆنگرە بەناو وڵاتانی ئیسلامی هەر چی ڕێخراوانی دونیا هەیە ئێمە ئاگاداریان بکەینەوە بۆ ئەوەی کەوا میللەتێکە بڕیاری خۆی داوە بە ڕاســـتی ئەگەر فشـــارەکانیش هەر زۆر بن ئەبێ ئێمە رۆژێك دیاری بکەین بۆ ســـەربەخۆی کوردســـتان چونکە ئەم بابەتە بەراســـتی ریفراندۆم چۆن واقیعێکە خۆمان دروســـتمان کرد ســـەربەخۆییەکەش خۆمان دروســـتی نەکەین چاوەرێی وڵاتان بین مژدەتان بدەمێ تا ڕۆژی قیامەت ئەوانەی دەڵێن تاك لایەنە کراوە تا ڕۆژی قیامەت نە بەغدا نە تاران نە ئەنقەرا پشتوانی سەربەخۆیی گەلی کوردستان ناکەن ئەبێ ئێمە خۆمان ئەو واقیعە دروســـت کەین، ئێمە خۆشـــمان وەکو بزوتنەوە ئێمە ڕاســـتە هێزێکین هەنـدێ جـار هێزێکین ئەڵێین پێنج لـایەنە ســـەرەکییەکە هەر بەخۆی ناوهێنانی پێنج لایەنی ســـەرەکی ئیهانە کردنە بە لایەنەکانی تر، هەر کاتێك دیفاع کردن لە هەرێمی کورد ستان پێویستی بکات هەر بەو ئێمە تێدا نەبووین دە ست بەرز بکەینەوە بۆ دەنگدان بۆ دیفاع کردن لە هەێمی کوردســـتان ئامادەین ئەمە پە یامی رابەری گشـــتییە پەیامی مەکتەبی ســـیاســـییە پەیامی خۆمانە بۆ هەموو بابەتەکان ئامادەین بەس گرینگ ئەوەیە کورد بە شـــکۆمەنـدی بە یەك دەنگی لەو بـابەتە دەرچێـت ریفرانـدۆمیش بۆیە سەرکەوت بەراستی ئەو هێزەی کە لە سلێمانیش حوکم دەکات ئەو هێزەی کە لە هەولێرە هێزە ســـەرەکیەکان پێشـــمەرگەکان کە زۆر جار بە میرشـــیا ناویان دێنن بەراســـتی ئەوە بوختانێکی زۆر گەورەیە ئەوە وای کرد ریفراندۆم سەر بگرێت ئێمە ئەوەمان لەبیر نەچێتەوە گرینگی بەو هێزە گەورەی کوردســـتـان بـدەین چونکە هەر میللەتێـك تـاقەتی دیفـاع و مقاوەمەتی نەبێت ئەوە مردن بەشـــیەتی، چۆن ئێســـتا هیندیە ســـورەکان لە ئەمریکا کە ئەسلی ئەمریکا هی ئەوانە بەڵام چونکە تواناى دیفاع و مقاوەماتیان نەبوو ئێستا ناوین لە قووتوی عەتارێکیش نەماوە،زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ(د.شوان قەڵادزەیی)،فەرموو (منی)خان خاڵی نیزامی هەیە.

**بەڕێز منى نبى نادر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی مادده (56) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان هاتووە کە پەرلەمانتار قسەی دەکاتن دەبێت قسـەی خۆی ئاراستـەی سـەرۆك پەرلەمان بکات نەك جێگر بۆیە داوادەکەم لە پرۆتۆکۆل رەش بکرێتەوە وشەی دەستەواژەی جێگر.سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (منی)قەهوەچی،بەڕێز (ابو کاروان)فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس عبدالرحمن(ابو کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان لە دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلەمان بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان سـەرەتا ڕێگەم بدەن لێرەوە لە پەرلەمانی کوردستانەوە پیرۆزبایی خۆم ئاراستەی گەلی کوردستان بکەم بەبۆنەی سـەرکەوتنی پرۆسـەی ڕیفراندۆم و ئەو سـەرکەتنە گەورەیەی کە لە (9/25) تۆماریان کرد، هەلبەتە دوابەدوای بەڕێوەچوونی ریفراندۆم حکومەت وە پەرلەمانی عیراق سـزادانی بە کۆمەڵی بەرپاکرد کۆمەڵێ ریێ وشـوێن و بڕیاری دەسـتوری و شـۆڤێنیان بەرامبەر گەلەکەمان گرتە بەر کە بۆن و بەرایی حکومەتی بەعسی لە گۆرنراوی پێشوی لێ دەهات واش چاوەڕوان دەکرێت تەنها بەو کۆمەڵە بڕیارە نەوەسـتنەوە ئەمە جکە لە دەسـت تێکەڵکردن لەگەڵ وڵاتانی ئێران و تورکیا و ئەنجامدانی مانۆری سـەربازی و کۆبوونەوەی پیلانگێرانە بۆ کاراکردنەوەی ئەو ڕێکەوتنانەی کە پێشـتر مۆریان کردبوو بەمەبەسـتی یەك دەنگی و جوڵانەوەیان بەرامبەر هەربزاوتێکی ڕزگاری خوازی گەلی کوردسـتان لە هەر پارچەیەك فراکسـیۆنی ئازادی وێرای ئیدانە کردنی ئەو بڕیارانەو رەت کردنەوەیان دژی هەر دانوسـتان و گفتوگۆیەکە کە مەرجی پێشـوەخت یان ئەنجامەکەی بریتی بێت لەسـەر سـازش کردن لەسـەر ریفراندۆم و ئاکامەکانی و پاشـگەز بوونەوە لە دۆزە رەواییەی گەلەکەمان، وە لە راستیشدا هیچ کەس و لایەن و دامەزراوەیەك تەخویلی گفتوگۆ و دانوسـتانی لەبارەی ئاکامەکانی ریفراندۆم نییە و گەلی کوردسـتان ئەو مەسەلەییەی یەکلاکردۆتەوە، ئەوەی ماوەتەوە میکانیزم و کاتی جێبەجێ کردنیەتی، ئەگەر بڕیارە ئێمە مەحکوم بین بە سزا لە بەرامبەر مافێکی سروشتی گەلەکەمان کە لە جارنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ و بەڵگەنامە نێودەولەتیەکاندا چەسـپاوە ئەوا سـزاکان زۆر شەرفمەندانە ترە لە چۆکدادان و تەسلیم بوون. بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان گەلی کوردستان گەلێکە شایەنی پشت پێبەستنە هەموو مێژووی هاوچەرخی ئەم گەلە لە تەسلیم نەبوون و فیداکاری و وانەی زۆر و پر بایەخی تێدا هەیە بۆ فێربوون ،گەلی کوردسـتان توانای هەستانەوەی دوای نسکۆی (75) و راپەرینە مەزنەکەی دوای ئەنفالە، من لێرەوە لە هۆڵی پەرلەمان ئەمانە دەڵێم زۆر چاك دەزانن چی دەڵێم باسی شیعاراتیش ناکەم بەڵکو ئەزموون گەلێك لە ژیانی سیاسی و پێشـمەرگایەتیمدا رەنگەڕێژ بووە و دەسـت و پەنجەم لەگەڵدا نەرم کردوون، بەڕێزان ئێستا لە هەموو کاتێك زیاتر پێویستیمان بە خۆڕێکخستنەوەی نێو ماڵی خۆمانە ئاشـتبوونەوەی لایەنەکان و وەڵاوەنانی ناکۆکیەکان و یەکگرتوویمان لە پێناو ماف و دۆزە رەواکامان و خۆئامادە کردن بۆ هەر ئەگەرێك بۆتە پێویسـتی ئەم قۆناغە ئەم برودۆخە دەبێ هاندەربێت بۆ ئەوەی پەرلەمانی کوردستان بەتەواوەتی رۆڵی خۆی ببینێت و وەك مەرجەعێکی سیاسی هاندەر بێت بۆ دەست پێکردنەوەی چاکسازی هەمە لایەنانە لەکاروباری حوکمەت و بەرجەستە کردنی شەفافیەت و بنبرکردنی گەندەڵی و راوەستان لە خەسـخەسـە کردنی کەرتەکانی خزمەتگوزاری و فراوانکردنی مەوداکانی ئازادی بیرورا رۆژنامەگەری، ئێمە لە پەرلەمان دەسـت و برد بکەین لە هەموارکردنەوەی ئەو یاسـایانەی پێشـتر دانراون بە ئاراسـتەی بەرژەوەندی هاوڵاتیان دانانی کۆمەڵێك یاسـای نوێ و هەڵوەشـانەوەی بڕیاری پاشـەکەوتی زۆرەملێی مووچە کە ژیانی مووچە خۆران و فەرمانبەرانی تەواو سـغلەت کردووە و کۆمەڵێك هەنگاوی تر کە رووی لە گێرانەوەی متمانەی هاوڵاتیان و پەرەپێدانی کشـتوکاڵ و سـامانی ئاژەڵی و کەرتی گەشـتوگوزار و بەگەرخستی کارگەکان و یارمەنیدانی پرۆژەی بچووك و مام ناوەندیەمان بێت هەتا دوایی، بەڕێزان لە کاتێکدا ئێمە بڕیارەکانی پەرلەمان و حکومەتی فیدراڵی عیراق رەت دەکەینەوە جەخت لەسەر حیوارو گفتوگۆ و خیتابێکی هێمن کە پشت بەستوو بێت بە مەنتقی ڕەوای دۆزەکامان و دورکەوتنەوە لە هەر تەسـعید و پەشـێویەك دەکەینەوە، ئێمە کە

مووماره‌سه‌ی مافێکی ره‌وا ده‌که‌ین نابێت هاوسه‌نگه خۆمان له ده‌ست بده‌ین، پێویستیشه سـوود ببینین له ره‌وه‌ندی کوردسـتانی و پشـاندانی قه‌زیه‌که‌مان به دوونیا روونکردنه‌وه‌ی زیـاتری خیتـابی گه‌لی کوردســـتـان به ســـه‌رجه‌م نه‌ته‌وه و پێکهـاته‌کـان له پێنـاو مـافی چاره‌نووس و ســـه‌ربه‌خۆیی که کارتێکی گرینگه به تایبه‌ت ئه‌وانه‌ی که‌ی له رابدوودا کاری تێکردوون پیشـانداوه باشـیان ئه‌نجام داوه،پێشـنیار ده‌که‌م په‌رله‌مانی کوردسـتان نامه‌یه‌ك ئاراســـته‌ی جیهان بکات ســـه‌باره‌ت به ئاکامی ریفراندۆم و کاراکردنه‌وه‌ی حکومه‌ت و کاردانه‌وه‌کانی حکومه‌تی عیراق، هه‌روه‌ها گرینگه په‌یوه‌ندی به‌ڕێخراوه نێو ده‌وله‌تیه‌کانه‌وه بکه‌ین سه‌باره‌ت به‌م بابه‌ته به‌تایبه‌تی له‌و هه‌ل و مه‌رجه‌دا رێکه‌وتننامه‌ی هه‌رێمایه‌تی سێ قۆڵی هه‌یه دژ به دیموکراســی و خواســـتی گه‌له‌که‌مان که به پێچه‌وانه‌ی یاســـا و رێســـا نێوده‌وڵه‌تیه‌کانه، دوا رســـته که ده‌یڵێم جه‌خت کردنه‌وه‌یه له‌و دیده که چه‌په‌کانی دونیا باوه‌ر یان پێیه‌تی هه‌ر کیانێك له ناوخۆوه ئاماده نه‌بێت به رووخان ئه‌وه هیچ هێزێك له ده‌ره‌وه ناتوانێ بیرووخێنێت بۆیه دوپاتی ده‌که‌مه‌وه چاره‌سه‌ر کردنی کێشه سیاسیه‌کانمان و یه‌ك ڕیزی یه‌ك هه‌ڵوێستی زامنی سه‌رکه‌وتنه‌کانمانه‌پاراستنی ده‌ستکه‌وته‌کانمانه،له‌گه‌ڵ ڕێزدا.

**به‌ڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/جێگری سه‌رۆکی په‌رله‌مان:**

هه‌ر ئه‌و خاڵه‌ی (منی قه‌هوه‌چی ) باســی لێکرد خالێکی راســـته په‌یره‌وییه به‌ڵام بۆخۆتان به‌جێدێڵم تا ئه‌و کاته‌ی ده‌سته‌ی سه‌رۆکی په‌رله‌مان باری ده‌سته ئاسایی ده‌بێته‌وه.فه‌رموو کاك(ابوبکر هه‌ڵه‌دنی).

**به‌ڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**به‌ڕێز سه‌رۆکی په‌رله‌مان.**

من ویســتم ته‌نها له‌به‌ر ئه‌وه‌ی جه‌نابی وه‌زیر ئاماده‌بووه وه‌زیری (گواســتنه‌وه‌و گه‌یاندن) پرسیاره‌که له چوارچێوه‌ی ئه‌و بڕیارانه بێت که په‌یوه‌ندی به‌و وه‌زاره‌ته‌وه هه‌یه، به‌ڵام له‌به‌ر ئه‌وه‌ی هاوکاره‌کان بۆ گشتگیر منیش ئه‌و مافه به‌خۆم ده‌ده‌م وه‌ك وان قسه بکه‌م دووه‌م تێبینیم ئه‌وه‌یه که ئێمه له‌م خوله‌ی (چوار)ی په‌رله‌مان پێکهاته به‌رێزه‌کان چه‌ند جه‌لسـه‌یه‌ك به‌شـــداری کۆبوونه‌وه‌کانی په‌رله‌مانیان نه‌کرد وه به غایب له‌قه‌له‌م نه‌دران بۆیه ئێســـتا برایانمان له هه‌ردوو فراکســـێنی گۆران و کۆمه‌ڵه‌ی ئیســـڵامی که لێره نین خۆتان ئه‌زانن ئه‌مانه کێشه‌یه‌کی سیاسییه وه من پێم وایه ئه‌م کێشه سیاسیه له ماوه‌ی داهاتوودا حه‌ل ده‌بێت به‌لایه‌کدا ده‌که‌وێت، بۆیه به رای من ئه‌مانه به‌غایب نه‌بوو به‌غایب نه‌درێن، له‌م کۆبوونه‌وه‌ی په‌رله‌مان که به‌شـــدار نابن ئه‌و مافه‌یان پێبده‌ین له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ئه‌مانه گرفتی سـیاسـیان هه‌یه له مه‌سـه‌له‌ی کاراکردنه‌وه‌ی په‌رله‌مانی کوردسـتان بۆیه من ئه‌و داوایه ئاراســـته‌ی به‌ڕێزتان ده‌که‌م ئه‌گه‌ر چه‌ند جه‌لســـه‌یه‌کی تریش نێن به‌و جۆره به غائیب له قه‌ڵه‌م نه‌درێن،من پشـــتگیری له قســـه‌کانی جه‌نابی کاك(د.فرســـت) ده‌که‌م ئه‌وه‌ی که په‌یوه‌ندی به به‌غداوه هه‌یه له‌م خاڵانه‌وه کورتی ده‌که‌مه‌وه، یه‌که‌م(هه‌موو ئه‌و بڕیارانه به نه‌فه‌ســـێکی شـــۆڤێنیانه نوســـراون وه ده‌رکراون بۆیه ســـه‌رجه‌میان ره‌ت ده‌که‌ینه‌وه، دووه‌م(حه‌قی خۆیه‌نی ئێمه له‌م بواره‌دا به‌خۆماندا بچینه‌وه نه‌بینه نه‌بینه جێگه‌ی ره‌خنه‌و تانه‌و ته‌شه‌رده‌وروبه‌ر که هه‌ر ڕۆژه‌ی سه‌رۆك وه‌زیرانێك تانه‌و ته‌شه‌رمان لێده‌دات له‌سه‌ر یاسا شکێنی له‌سـه‌ر داخستنی په‌رله‌مان کوردستان ئه‌مه بۆ ده‌بێ له داهاتووه ئه‌م عزرو بیـانووانه نه‌ده‌ین به دوژمنه‌کـانمـان، خـاڵی ســـێیه‌م(ته‌نهـاو ته‌نهـا ئێمه به تۆکمه‌یی یه‌کگرتوویی نـاوخۆمـان ده‌توانین رووبه‌رووی مه‌ترســـیه‌کـان ببینه‌وه، خـاڵی چواره‌م( بۆ ده‌زگاکانی راگه‌یاندن به‌راســـتی حه‌قه به‌رپرســـانانه ترله‌م دۆخه‌دا مامه‌له بکه‌ن به‌داخه‌وه

هەندێ دەزگای ڕاگەیاندن ورەی خەڵکی کوردستانیان بردووەوە زۆر نابەرپرسیارانە مامەلە لەگەل ئەم دۆخەدا دەکەن ئەوە جێگای هەڵوێستە لە سەرکردە، من ناڵێم راستییەکان بشاردرێنەوە بەڵام قەبە کردنی مەترسییەکانیش کە من بەشبەحاڵی خۆم ئەنفالیشم بینیوە نسکۆی (1975)بیر دێت بە قەدر ئێستا گەشبین نەبووم کە داهاتووی میلەتەکەم ئاسۆ روون دەبینم، لەبەر ئەوە نەگەورە بکرێت نە بچووکیش بکرێتەوە ئەم بابەتە، خالێکی تر(دەربارەی پەرلەمانتاران لە بەغدا بەراستی دەبوایە پەرلەمانتاران لەوێبوونایە وە لەوێ دیفاعیان لە گەلی کوردستان بکردایە من دڵنیام گەر لە هۆڵی پەرلەمان بوونایە گاریگەریان دەبوو، خاڵێکی تر ئەوەیە کە (پێکهاتەی (سونە) حەقی خۆیەتی ئێمە هەموو هێزە سیاسیەکانی کوردستان وە پەرلەمانتارانی کورد لە بەغدا ئیشی زیاتر لە پێکهاتەی سونە بکەین،وە قەناعەتیان پێبکەین، زۆربەی ئاوارەکان لەلای ئێمە حەواونەتەوە بەرگریمان لە کەرامەت و شەرەفی خێزانەکان و کوروکچ و ژنەکانی ئەوان کردووە لە هەرێمی کوردستان ئەمان کەرامەتیان پارێزراوە، بۆیە دەوڵەتی سەربەخۆی باشووری کوردستان لە داهاتووە دراوسێیەکی باشی پێکهاتەی سوونە ئەبێت وە ئەم قەناعەتە لەسەر هەموو ئاستە سیاسیەکان لەسەر ئاستی عیلمی و زانستی لە پێکهاتەی سوونە کە بە داخەوە لە ئێستایا پەرش و بڵاون و نازانین کێ نوێنەرایەتیان دەکات بەڵام دەبێ نادری نەگرین، خاڵی تر(دەبێ هەموومان شان بدەینە ژێرئەم بەرپرسیاریەتە ئەوەتا دوژمنەکانمان لە ئەنقەراو لە تاران و لە بەغدا گەلی کوردستان بەیەکەوە سزائەدەن نەك تەنها ئەو لایەنانەی کە دەنگیان بە ریفراندۆم داوە یاخود بەڵێیان کردووە بەڵکو هەموومان بۆیە کاتی شەرە حزبی نییە کاتی ئەوە نییە کە کێ لەگەڵی بووەو کێ لەگەڵی نەبووە گرینگە هەموومان پێویستە هەموومان بە گیانێکی کوردستانیانەوە رووبەرووی سەرجەم مەترسیەکان ببینەوە،خاڵی تریش(من پێموایە ئەو هەنگاوانەی بەغدا هەنگاوەکانی سەربەخۆیی کاراتر دەکەن وە ئەم هەنگاوەش ئێمە دەبێ ئەو پەرلەمانی کوردستان و سەرکردایەتی سیاسی دەرگای گفتوگۆو دایلۆك هەمیشە لەگەڵ بەغدا بەکراوەیی بهێڵێتەوە، چونکە ئێمە لەچوار هۆکارەکەی بەدەست هێنانی سەربەخۆیی بە پێی پێوەرە نێودەوڵەتیەکان پەنامان بۆ بژاردەی تاك لایەنە بردووە کە ئەمەش لە عورفی دەولیا ڕێگە پێدراوە چەندین دەوڵەت بەم شێوازە راپرسین ئەنجامداوە، تایبەت بە حکومەتی هەرێمە کوردستان ئێستا تۆپەکە لە ساحەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە جەماوەری کوردستان و خەڵکی کوردستان ئەوەی ئەرکی سەرشانی بوو چۆن لە کۆرەوا لە راپەرینا لە ریفراندۆمیش بەرجەستەی کرد حەقی خۆیەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لالە خەڵك بکاتەوە بە دڵخۆشکردنی بە گێرانەوەی بژێوی مووچەی زەوتکراوی.پرسیارێك دەکەم لە (د.ئامانج) ئایە ئەو زانیاریانە چەند راستن (15)ملیار دۆلاری هەرێمی کوردستان لە بانقەکانی تورکیایە ئەوەی کە نەدرا بە مووچە خۆرانی هەرێم وە ئێستا ئەگەر شۆڤێنیەکان لەوێ دەستی بەسەرابگرن چ زەمانەتێك هەیە ئەم پارە بگەرێتەوە بۆ خەڵکی کوردستان،خاڵێکی تر ئەوەیەکە(حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەبێ ئاگای لە دۆخی دەرونی هەرێمی کوردستان بێت من دوێنێ دراوسێکەم بە (155) هەزاردینار بەرمیلێ نەوتی کریوە ئەم قفلەمان کە ئەگیرێتەوە لە بەندەری جیهان عەلەل ئەقەل ئێستا بۆ نەوتی سپی بەسەر هاوڵاتیانی کوردستانا دابەش ناکرێت، کە لەم قەیرانەدا بەشێك لە معاناتەکانیان کەم ببێتەوە بەڕێزان معاناتەکان زۆر گەورەن پەرلەمانتار هەیە لەم هۆڵە دانیشتووە ئافرەت پەیوەندی پێوە کردووە بەڕێزێك پەیوەندی پێوەکردووە وتوویەتی چومەتە سوپەر مارکێتێك کە دایبی بکرم بەداخەوە خاوەنی مارکێتەکە بە منی وتووم ئەوەت دەدەمێ لە مقابیلی شتێکا، ئەمانە معاناتی گەورەن من خۆم خەڵك ئەناسم

لە شاری سلێمانی سێ خوشك و بران باوكیان مردووە نەیان توانیوە پرسەكەی بۆ دانەن لەبەر ئەوەی هەرسێكیان كرێچین وە ئەو مووچەیەش كە وەری دەگرن نەیان توانیوە پێویستیەكانی ژیانی خۆیان دابین بكەن، لەبەر ئەوە ئێستا كاتی ئەوەیە كە معاناتی سەر شانی میللەت سووك بكرێ بەرپرسی وا هەیە لەم پایەختی هەرێمەیا خانووەكەی داوە بە شەش دەفتەر دۆلار بەكرێ كاتی ئەوەیە ئەم پارانە تەوزیع بكرێنەوە بەسەر میللەتا روو لە خێزانە خاوەن دەرامەتەكان بكەین كەمێك لە معاناتەكانیان كەم بكەینەوە، بۆیە من پێم وایە حەقی خۆیەتی حكومەتی هەرێمی كوردستان ئەم گرێیەش بكاتەوە كە بەداخەوە پێیان وایە ئەگەر مووچە چاك ببێت لەسەر دەستی پەرلەمانە پەرلەمان هەموومان خاوەنین هەموو فراكسێنەكان لەبەر ئەوە ئەگەر لێرەوە بڕیاری پاشەكەوتی مووچە هەڵوەشێنرێتەوە سەرجەم فراكسێنەكان خاوەنین كە پەرلەمانمان كارا كردووەتەوە، بۆیە ئەبێ ئەك گرێیە حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە نەبێت، وە خاڵێكی تریش ئەوەیە كە (ئێمە هیوادارم ریفراندۆم بكەین بە دەرفەتێك بۆ ئاشتەوایی نیشتمانی بەهێزكردنی بەرەی ناوخۆ وە بۆ یەكریزی یەك دەنگی ئەمە تاكە ڕێگایە بۆ زامنكردنی مافەمانمان وە بۆ روبەروو بوونەوەی ئەو هەموو مەترسییانە وە ئەو نەعەرەبە شۆڤێنییەی كە دەورووپشتی داوین،سوپاس بۆ ئێوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیكی/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز(ابوبكر هەڵەدنی)، سەبارەت بە غیابات ئەوە پەیرەوییەو یەك لە كارەكانی پەرلەمانە دەبێ هەمیشە بكرێت بەڵام وەرگرتنی ئیجرائات دەرەنجامی ئەو غیاباتە ئەوە بابەتێكی تەغدیرییە بۆ دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان دەمێنێتن،دواتر پرسیار ئاراستەی بەرێزكاك(مولد بابە مراد) كراوە پێشتر وە هەم پێشكەش كراوە بە كاك(د.ئامانج)،كاك (د.ئامانج) هەر بۆ ئاگاداری بەڕێزتان پلەی وەزیری هەیە دواتر دەرفەتیان دەدەینێ سەبارەت بە وەڵام دانەوەی ئەو بەڕێزانە، ئێمە چەند بەڕێزێكی تر وەردەگرین تا سەعات(2) سەعات(2) پشووەك وەردەگرین هەرلەبەر ئێوەش نە تەنها لەبەر ئێمە، دوایی تەخدیر دەكەین چارێگێك نیو سەعاتەك پشووەك وەردەگرین، بەردەوام دەبین،بەڕێز خاتوو(وحیدە) فەرموو.

**بەڕێز وحیدە یاقو هرمز نونا:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بناڤێ خودێ مەزنو دلۆڤان بناڤی پێكهاتا كلدان سریان ئاشوری پیرۆزباهیت گەرم بۆ خەلكێ كوردستانێ دكەین بسەركەڤتنا ریفراندۆمێ دڕۆژا (9/25) هەروەسا ئەم دگەل وەڵامدانا ئەنجومەنێ هەریمی كوردستان بۆ نوێنەرێ هەرێمێ كوردستان عیراق وسەبارەت بە ریفراندۆمێ هەرێمێ كوردستان كوپرسەكا دستووری بوو ئەم دگەل داخوازەكا ئاشتی ل دیڤ گوتنا سیدل مەسیح (ع.س) دبێژێت (لا تدین فلا تدان ولا تحكم علی احد فلا یحكم علیكم) داخوازیەكیش نوینەرێ عیراقێ ئو تایبەت ژشمەرجەعیەتا سەماحەتێ سید سستانی هەروەسا (د.عبادی) سەرۆك وەزیرانی عیراقێ ل دیڤ حكمەتا عەدالەتا ئیمام علی(ع.س) ئەو حیكمەتە ژی دگەل حیوارو دانوستاندنێ باشترین رێیەكا بۆ چارەسەر كرنێو لێك تێگەهیشتن نەكو دگەل تەهدیدو هێرشا وسزادانێ جەماعی لسەر خەلكێ كوردستان كو ئەڤە ژی كارەكی نەدەستوورییە، ئەڤ عقوبە جەماعییە بێژم زێدە بوو هاتە زێدە كرن سەر ئەو عقوبە جەماعی بەرێ نووكە ئەو ژی عقوبەكا دارایی بەری چار ساڵە كو بۆ خەڵكی كوردستانێ هاتە دان دگەل هەندی شیا پێشمەرگێت قارەمان شەرێ داعش كو سەركڤتنێ ب دەست ئینێت هەروەسا شیا حكومەتا هەرێمێ كوردستانێ

هاريكار يا ئاواره كو ئێك ملێۆن زێدەتر ژ ئيك ملێن ئاواره ل كوردســـتانێ ئاكنجينه حەتا نووكه حەتا كوو ئەو ژی مەسئوليەتەكا حكومەتا فيدرال بووه، ريفراندۆم مافەكا شـەرعييه و دەســـتووريیه هێڤيا مه ئەوه ريزگرتن بوو وه ئيرادەی خەڵكێ كوردســـتاێ بێته گرتن ئو هەروەسا ئەم دگەل حيوارو دانوستاندنێ دگەل حوكمەتا فيدراڵ بێته كرن ئەدبێژم باشترين خاله باشترينه چارەسەريا بۆ حەمی ئەو كێشانه بۆ ڤان بريارێت نەدروست و نا دەستوری بەرامبەر به خەلكێ كوردستانێ هاتيه كرن، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمنيكی/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز(وحيده)خان، فەرموو خاتوو(هێڤا).

**بەڕێز هيڤا حجی ميرخان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر ئێمه تەماشــای دەســتووری عيراق بكەين دەســەڵاتی حەصــری عيراق له ماددەی (110)دا دياری كراوه كه له ناو دەســـەڵاتی حەســـری حكومەتی فيدراڵدا نييه كه هەرێم نەتوانێ ئاســانی خۆی بەدەســت بێنێت، بەڵام كێشــه ئەوەيه كه پەرلەمانی كوردســـتان نەيتوانيوه ياســايەكی تايبەت دەربكات بۆ ئاســمانی كوردســـتان و عيراق وه رێكخســـتنی پرۆگرامی فرۆكەوانيی و ئاســـمانی وه گەشـــتيار بۆ دەرەوە، هەروەها له ماددەی (110) عيراق بەحس دەكات كه هەر شتێك كه لەناو سنوری دەسەڵاتی حكومەتی فيدرالدا نەبێت گرينگی دەدرێته ياســـايی هەرێمەكان، لێرەدا به پێی ئەم قانوونه پەرلەمانی كوردســـتان دەتوانێ ياسـای تايبەت دەربكان بۆ بواری فرۆكەوانيی وه ئاسـمانی هەرێمی كوردسـتان، وه ئاسمانی خۆی به دەسـت بێنێت تەنانەت ئەگەر حكومەت وه پەرلەمانی بەغداش رازی نەبێت وه لەبەرچاوگرتنی كۆنوانسێنی شيكاگۆی ساڵی(1944)دا ئێمه دەتوانين ئەم ياسايه بۆ ئاسـمانی كوردسـتان داڕێژين كه هيچ دژايەتی لەگەر ياسـای نێودەوڵەتيدا نييه، لەناو ئەم ياسـايەی نێودەوڵەتيدا راسـته كه دەڵێت ئاسـمانی هەر دەوڵەتێك له ژێر دەسـەڵاتی ئەم دەوڵەته دايه بەڵام دياری نەكردووه ئەم دەســـەڵاته حەتمەن دەبێت له ژێر حوكمی حكومەتی فيدراڵدابێت وه له دەســـتووری عيراقدايشـــدا له ناو ماددەی(110) ئاماژه بەوه نەكراوه كه دەبێت ئاسمانی هەرێمی كوردستان لەژێر دەسەڵاتی حكومەتی ناوەندا بێت ، وه هەر به پێی كۆنوانســيۆنی شـيكاگۆی(1944)دا هيچ دەولەتێك ئەم مافەی نييه لەبەر مەشاكلی سياسی وه سياسەتی رەگەزپەرستی گەمارۆ بخاته سەر هيچ جێگايەك لەسنوری ئاسمانی وڵاتەكەيدا، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئيمينكی/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز(هيڤا ميرخان)، فەرموو بەڕێز (زانا).

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دياره ريفراندۆم وەك هەوڵو هەنگاوێكی گەلەكەمان بۆ سەربەخۆيی به بڕوای من لەدوای ئەوەی ئەم پرۆسەيه له هەرێمی كوردستان دەنگی هێنا وه كۆمەلانی خەڵكی كوردستان دەنگيان پێدا ئيتر ئەركی حكومەت و سەركردايەتی سياسی كوردستانه كه من بۆخۆم پێم وابوو هەم سەركردايەتی سياسی كوردستان و هەم سەركردايەتی هەرێمی كوردستان له دوای دەنگدانەكەوه دێنه ســـەر تەلەفيزيۆن و ئەڵێن ئێمه شـــەرمەزاری گەلەكەمانين له دوای ئەم نەهامەتيه له دوای كەم كردنەوەی مووچەو خراپی گوزەرانی كۆمەلانی خەڵكی كوردســـتـان بەڵـام گەلی ئێمه لەگەڵ ســـەربەخۆيی بوو لەگەل ئەوه بگـا به مـاف و ئامانجەكانی وەكو ئەوه نەكرا بەراســـتی من وەكو پەرلەمانتارێكی كوردســـتان زۆر گلەيم هەبووه له هەموو كۆنگره رۆژنامەيی و ئەو قسـانەی كه حكومەت و هەتا سـەركردايەتی

سـیاسـی کوردسـتانیش کردوویانە بۆیە داواکارم لە ڕێگەی ئەو پەرلەمانەوە ئەوانەی کە دەسـەڵاتیان هەیە لە هەرێمی کوردسـتان لەم ماوە زەمەنیە خۆیان لە میدیاو لە لێدوان و لە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی بپارێزن هەولبدەین ئێمە کارەکەمان کردووە ئەوەی لەسـەرمان بوو وە چاوەڕێبین بزانین بە هێمنی هەنگاوەکانی دوای ریفراندۆم چی ئەبێ، چونکە ئێمە ئەو ڕۆژەی کە دەنگمـان داوە زانیومـانە کە بە گوڵ پێشـوازیمـان لێ نـاکرێـت وە ئەم تەجروبەیە بۆ هەموو گەلانی دونیا حەتا ئەو گەلانەی لە جوغرافیا جیاوازتر بوون لە ئێمە لە ئەوروپا لە شوێنی تر ئەو کاتەی کە داوای مافی خۆیان دەکەن بەدڵنیاییەوە ئەو دەوڵەتەی کە لێی جیادەبنەوە یان دەوروبەرەکەیان وەکو پێویسـت پێشـوازیان لێناکرێت، زۆر باسـی دەستوور کرا بەڵام من ئەوەی کە سەیرم کرد لە کام شوێنی دەستووری عیراق ڕێگا ئەدرا بە دراوسـێکانی عیراق تەدەخول لە بابەتی ناوخۆیی عیراق بکەن، ریفراندۆم بابەتێکی ناوخۆیی گەلی کوردسـتانە وە گەلی عیراقە ئەگەر قەرارە ئێمە کار بە دەسـتوور بکەین لە کوێی دەسـتووری عیراق ڕێگە دراوە دراوسـێکانی عیراق وە دەولەتانی تر بێن تەدەخولی ناوخۆیی بکات لە بابەتێکی ئاوا گرینگ، بابەتێکی تر کەوا راسـتی ئێسـتا بۆتە جێگەی نیگەرانی خەڵك چەواشـەکاری و ترسـاندنی خەڵکە کە بە داخەوە هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانیش لەم بابەتە بەشدارن یەنی ئێمە ترساندنی گەلی خۆمان ترساندنی خەڵکی خۆمان لەپای چی؟ وە بۆچی؟ بەراسـتی ئەبی ئەگەر پەرلەمانی کوردسـتان چۆن زۆرجار ئەڵین ئێمە چاودێرین بەسـەر حکومەت بەسـەر دامەزراوەکان ئەم پەرلەمانە ئەبێ چاودێربیسـت بە سەر پەرلەمانتارانیشی یەنی چی وا لە پەرلەمانتارێك دەکات کە دەیان جار زانیاری ناراسـت بدا بە کۆمەلانی خەڵکی کوردسـتان دوایی لێی دەرچێ بۆیە بەراسـتی ئەبێ لە ئایندە لیژنەی نەزاهەی ئەم پەرلەمانە بەدواداچوون لە هەموو پەرلەمانتارانی ئەم پەرلەمـانە بکـات وە بزانی ئەوە کێیە وە هۆکـارەکەی چییە تۆ خەڵـك بترسـێنی وە لە بەرژەوەندی کێیە ترساندنی هاووڵاتیانی خەڵکی کوردستان کە ئێستا بە داخەوە کۆمەڵێك بازرگان و خەڵك لەم بابەتە سـوودیان وەرگرتووە، بابەتێکی تر پەیوەندی بە لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستانەوە من وەکو سەرۆکی لیژنەی پەیوەندیەکان و رەوەندی کوردستانی لە دانیشـتنەکانی تریش گلەیم هەبووە بەراسـتی لە رابردوو ئەم پەرلەمانی کوردسـتانە گرینگی نەداوە بە لیژنەکان وە دەستەی سەرۆکایەتی ویستوویەتی خۆی نوێنەرایەتی ئەم مەسـەلەیە بکات لە کاتێکا لیژنەیەك هەبووە لەم پەرلەمانە کە تەخصـیص کراوە بۆ مەسـەلەی پەیوەندی رەوەندی کورردسـتانی بۆیە داواکارم لە سـەرۆکایەتی پەرلەمان کە ئەم لیژنەیە رۆلی خۆی پێبدرێت وە دەسـتبکات بە کار ئێمە دانیشـین لەگەڵ پەرلەمانی ئێرانی لەگەڵ پەرلەمانی تورکی لەگەل پەرلەمانی دەرو دراوسـێ دانیشـین ئەم قەزیە رەوای خۆمان روون کەینەوە خۆ ئەگەر ئەم قەزیەیەی ئێمە لە ئێسـتاش ئەم هەوڵەی کە داومانە نەگاتە ئامانج لەرووی مێژووییەوە ئەوەی لەسـەر ئەم پەرلەمانە بووە لەسـەر ئەم سـەرکردایەتی سـیاسـی بووە هەوڵکە داوامانە هەمووشـمان ئەزانین هەموو هەوڵێك لەوانەیە نەتیجەکەی ئوە نەبێ کە تۆ خواسـتووتە بەڵام لە بەرامبەر ئەوەی کە ناگەینە بە خواستە حەقیقیەکە ئامانجە دیاریکراوەکەی خۆمان ئەگەین بەچی وە ئەبێ بەرچاوی ئێمەو بەرچاوی کۆمەلانی خەڵکی کوردسـتان رۆشـن بێت هەموو ئەوانەی کە دەنگیانداوە بە نەخێر یان لەگەل ئەم پرۆسـەیە نەبوون خەڵکی رێزداری هەرێمی کوردسـتانن چاوەرێ ئەکەین ئەوان پرۆژەیەکی تر بێنن ئەگەر ئەوەی ئێمە نەگەیشتە نەتیجە پرۆژەی ئەوان چییە وە بیرکردنەوەی ئەوان چییە بۆ ئەوەی ئەم گەلە لەم نەهامەتییەیی کە ئێسـتا تیایەتی دەربازی بێت. بابەتێکی تر پەیوەندی بەراسـتی ئەوەی کە لەم چەند رۆژە روویداوە کە

ئەمەش جارێکی تر پەیوەندی بەم تۆقاندنەوە هەیە یەعنی ئێمە هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان جارێکی تر کۆچ و بەجێهێشتنی کوردستان دەستی پێکردوەتەوە کە بە داخەوە کە ئێمە مەرگی کۆمەڵێك ئازیز دوێنێ و پێرێ گەیشتوونەتەوە فرۆکەوانی هەرێمی کوردستان کە بەشێکی بەراستی پەیوەندی بەم جەواشەکاری و بەم ترساندنەی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان هەیە، خەڵك وای لێهاتووە گومان لە ئەندامانی ئەم پەرلەمانە هەیە کە چووبن خۆیان داوای مافی پەنابەریان کردبێت بۆیە من ئەمە بە فرسەت دەزانم کە هەم لێنەکەی ئێمەو هەم لیژنەی قانونی راسپێرن کە ئێمە بەدواداچوون بکەین بۆ ئەوەی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان ئەو گومانە لەسەر پەرلەمانتاران برەوێتەوە هەر رۆژەو یەخەی یەکەکمان دەگرن کە ئێمە رۆیشتووین و داوای مافی پەنابەریمان کردووە، بۆیە داواکارم لیژنەی ئێمە راسپێرین لە کەیسی کۆی پەرلەمانتارانی کوردستان لەگەل قونسولخانە و لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆی وڵاتان بدواداچوون بکەین بزانین ئەوە کێیە زاتەکە نوێنەرانی خەڵکی کوردستانە وە لە کاتی نوێنەرایەتی ئەچێ داوای مافی پەنابەری لە وڵات و دەولەتی تر ئەکا وە ئەگەر ئەمە ناراستیشە تەنها چەواشەکارییە با شکۆ بۆ پەرلەمانتار و پەرلەمانی کوردستان بگەرێتەوە وە بە کۆمەلانی خەڵکی کوردستان بلێین ئەوانەی هەمیشە ئیدیعا لەسەر پەرلەمانتارو پەرلەمانی کوردستان دەکەن راست نییە تەنها بۆ چەواشەکردنی خەڵکی کوردستانە بۆیە من داواکارم بە هێمنی مامەڵە لەگەڵ ئەم دۆخە بکرێت کە بەسەرمان هاتووەبە دلنیاییەوە دەرو دراوسکان ترسیان هەیە خۆتان ئەزانن کورد لەپارچەکانی تری کوردستانەوە لە دەوڵەتێکیش وەکو عیراق هەر بە دڵنیاییەوە هەندێ رێکار بۆ ترساندنی ئێمەو بۆ عقوبەدانی ئێمە بگرنەبەر بەڵام ئەوەی گرینگە بەراستی ئەوەی کە لەم چەند رۆژە رووی‌داوە سزای بە کۆمەلە ئەبێ ئێمە زۆر تەرکیز لەسەر ئەم خاڵە بکەین کە بە پێی یاسا نێودەوڵەتیەکان سزادانی بە کۆمەڵی هەر گەلێك رێگە پێنەدراوو قەدەغەکراوە، ئەوە ئەکرێ حکومەتی هەرێمی کوردستان وە پەرلەمانی کوردستان لە رێگەی پەیوەندیەکانی لە رێگەی دۆستەکانە لە رێگەی ئەو رەوەندەی کە هەمانە لە دەرەوە بە هێمنی بیگەینینە دونیا پێیان بڵێین کاکە ئەوەی بەسەر ئێمە دێت یەکەم جار لە فرۆکەخانەو لەو شوێنانەی کە دەسەڵاتی مەدەنی تیایە دەستی پێکردووە بۆ سزادانی گەلی کوردستانە نەك تەنها ئەوەی کە ئەوان ئەڵێن تەنها سزایەکی سیاسی و یاساییە، بۆیە داواکارم پەرلەمان رۆلی هەبێت لەوەی کە لە هەرێمی کوردستان ئەگوزەرێ وە پەرلەمانتاران و بەرپرسانی هەرێمی کوردستان بە هێمنی مامەڵە لەگەڵ ئەم دۆخە بکەن هیچ جۆرە گرژیەك و لێدوانێکی توند لەبەرژەوەندی ئێمە نییە ئەوەی کە ئەرکی گەلی کوردستان بووە ئەرکی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بووە ئێمە ریفراندۆمێکمان کردووە وە گەل بریاری داوە کە ئێمە سەربەخۆ بین لەگەڵی ئرۆین تا ئەو شوێنەی کە ئەتوانین ئەم دەنگدانە ئەم بەڵێیەی گەل ئەگەینینە شوێنێك دیفاعی لێبکەین وە ئەگەر نەش گەیشت ئەوە بە کۆمەلانی خەڵکی کوردستان بڵێین لە رووی مێژووییەوە چی بکەین ئەو کۆمەڵگا نێودەوڵەتییەیە ئەو دونیا دیموکراسیەیە ئەو جیهانەیە کە بە ئێمە ئەڵێن کە دیفاع لە ماف و لە ئازادی هاوڵاتیان و مرۆڤ ئەکەن لە دونیا رێگە نادەن گەلێکی وەکو گەلی کوردستان کە ئەو هەموو قوربانیەو خوێنەی بەخشیوە سەربەخۆ بێت ، بۆیە بەراستی نە شەرمە نە نەنگییە ئەگەر نەتیجەکەی ئەوە نەبێ کە بەدڵی ئێمە نییە چیبکەینە دەولەتانی دونیا ئەوانەی هێزیان بەدەستە نەیەڵن ئێمە بگەینە ئەو خەونەی کە خۆمان ئەمانەوێ بەڵام لە رووی مێژووییەوە هەوڵکی یاسایی و دەستووری ئێمە داومانە کە لە

ئاینده ئەوانەی کە دوای ئێمە دێن لەسەر ئەم هەوڵانە هەوڵی تر ئەدەن بۆ ئەوەی کە ئەم میللەتە بگا بەخەونەکانی،زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز(زانا عبدالرحمان)، وابزانم ئەمە دواین مناقەشە بێت، کاك (عبدالله) دواین بەشداربووبێت، فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەی میهرەبان بەرێز سەرۆکی پەرلەمان و پەرلەمانتارە بەرێزەکان سڵاو لە پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان وە منیش پیرۆزبایی لە کۆمەلانی خەڵکی کوردستان دەکەم گشتپرسی بە بۆچوونی من مافێکی سەرەکی هاووڵاتیانی کوردستانە وە کاتەکەشی کاتێکی زۆر گونجاو بوو وە لە جێی خۆیا بوو وە دەریخست بۆ هەموو جیهان کە گەلی کوردستان یەك ریزە وە نەتائیجەکەی مایەی دڵخۆشکەری بوو بۆ خەڵکی کوردستن تەمەنا ئەکەم کە ئەم یەکێتی و ئەم یەك ریزیە بەردەوام بێت وە من گەشبینم بە نەتائیجی گشتپرسی وە ئایندەیەکی گەشی ئەبێ بە تەئکید ئەو گشتپرسیەش یەعنی کاردانەوەی ئەبێت لە لایەن عیراقەوە ئەوە چاوەروانکراو بوو، جوابدانەوەکان بە بۆچوونی من لەسەر بنەمایەکی یاسایە بێت کە جوابدانەوە ئەدرێ بەتایبەتی لەلایەن لیژنەی قانونیەوە چونکە سزادانی گەلی کوردستان لە لایەن عیراقەوە مووچەی هاووڵاتیان و کۆمەکی نەکردنی پێشمەرگەی کوردستان و لەبەرچاو نەگرتنی گەلی کوردستان وەك نەتەوەیەك لای هەموومان روونە، وە سوپاس بۆ جەنابی وەزیر روونکردنەوەی باشیدا دەست خۆشی لێئەکەین کە مەعلوماتی باشی داینێ وە تەمەنا ئەکەم کە هەولەکان بەردەوام بێت ئەوەی کە ئێمە پێشنیارمان هەیە هەوڵە دیبلۆماسیەکان چربکرێتەوە وە لەناوەوەو لە دەرەوە هەم حکومەت هەم پەیوەندیەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان وە لە لایەن حزب و پارتە سیاسیەکانیشەوە دڵنیایی زیاتر بدرێت بە نوێنەرایەتیەکان دەرەوە لە هەرێمی کوردستان وە لە دەرەوە بۆ ئەوەی دڵنیابن ئەوەی کە ریفراندۆم هیچ کاریگەریەکی نییە وە بە شێوازێکی ئاشتیانەیە وە تەئکید لە مافی گەلێك دەکاتەوە، لەرووی یاسایشەوە سزادراوین بە بۆچوونی من ئەو پرسە پرسێکی سیاسییە زیاتر بۆچوونی من لەلایەن حکومەتی عیراقەوە وە ئەو بریارانەی حکومەتی عیراق کە سزایە لەسەر گەلی کوردستان وە لە لاین لیژنەی قانونی وە سوود وەرگرتن لە قسەی پەرلەمانتاران وەڵامێکی ئاشتیانەو هێمنانە بدرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز(عبدالله محمود)،کاك (مەولود)ئیستا وەڵام دەدەیەوە یان لەگەلمان بەردەوام دەبی، کاك (د.ئامانج) لەگەلمان بەردەوام دەبیتن، ئێمە ئێستا ئەم دانیشتنە بەکراوەیی بە جێدەهێڵین،نیو سەعات پشوو وەردەگرین کاتژمێر3:00 بەردەوام دەبین.

**پاش پشوو**

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان بەردەوام دەبین لەسەر دانیشتنەکەمان، لەبەر ئەوەی کاتی وەرگرتنی بڕیار نییە، رەچاوی نیصاب ناکرێت، تەنیا گفتوگۆیە، ئەو کاتەی کە پێویستیمان بە نیصاب هەبێت، کە کاتی وەرگرتنی بڕیار بێت، رەچاوی نیصاب دەکرێت و بێ نیصاب بەڕێوە ناچێت، بۆیەش دووبارە بەخێرهاتنی هەمووڵایەك دەکەین، بەتایبەتی جەنابی وەزیری گواستنەوە و

گەیاندن کاك مولود باوەمراد و کاك دکتۆر ئامانج سکرتێری ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، ئێستا نورەی بەڕێز کاك محمد سعدالدین، فەرموو.

**بەڕێز محمد سعدالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ئەو شتانەی کە ئامادەم کردبوو لەلایەن بەڕێزان دکتۆر فرست صۆفی و ئامینە زکری باســکران، بەتایبەتی مەســەلەی یاســای تایبەت بە فرۆکەوانی مەدەنی، هەروەها پشــتگیری قســەکانی دکتۆر شــوان قەڵادزەیی دەکەم، تەنها یەك تێبینیم هەبوو ئەویش مابوو حەزم دەکرد باسی بکەم، حکومەتی عێراق کە باسی یەك پارچەیی و سیادەی عێراق دەکات، باســی بەرژەوەندییە نیشــتمانییەکان دەکات، خۆی ســیادە و شــکۆی عێراقی شکاندووە، چونکە پێش ئەوەی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان دانووساندن بکات، دەچێت لەگەڵ وڵاتانی بێگانە دانوســاندن دەکات، ئتیفاقات دەکات لە دژی هەرێمی کوردستان، لە دنیا نەبووە وڵاتێك بۆ دژایەتی کردنی بەشێك لە سنوورەکانی ووڵاتی خۆی لەگەڵ وڵاتانی تر ئیتیفاقیات بکات، بۆیە ئەگەر هەر راســپاردەیەك، یاخود بەیاننامەیەك، یاخود نووســراوێك دەربچێت، ئاماژە بەوە بکرێت کە حکومەتی عێراقی خۆی وا دەکات وڵاتانی دیکە تەداخولی کاروباری ناوخۆیی عێراق بکەن، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز محمد سعدالدین، فەرموو بەهار خان:

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـافی چـارەی خۆنووســین، مـافێکی رەوای هەر گەل و نەتەوەیەکە کە لە جـارنـامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤەوە جێگیر کراوە، ریفراندۆم هەنگاوێکی ســەرەتایی بەرجەســتە کردنی ئەو مافەیە، ئەم تەصعیب کردن و رێکارە نادەستووریانە و نایاسـایانەی حکومەتی فیدراڵ هەڵەیەکی مێژووییە، بۆیە ئێمە جەخت لە گفتوگۆ و بۆ رێکاری ئاشـتیانە و لەیەکتر گەیشــتن دەکەین، ســەبارەت بەو بڕیارانەی کە دەرکراون، پێم وایە بڕیاری ســیاســی و ئیجرائاتی ســیاســین و ئەچنە خانەی ملمڵانێی ســیاســی و نەك ئیجرائاتی یاســایی و دەســتووری، هەر بۆیە بۆ یەك لایی کردنەوەی ئەو کێشــانە، ئەبێت ئێمە وەکو پەرلەمان پەنا بەرینە بەر رێککەوتنامە نێو دەوڵەتییەکان و مادده دەســتووریەکانی عێراقی فیدراڵ، لێرەوە ئاماژە بەهەندێك لەو پێشێلکارە یاساییانە ئەدەم:

یەکەم: بەپێی دەستووری عێراق نابێت هێز وسوپا بەکاربهێنرێ بەرامبەر هیچ پێکهاتەیەك لە عێراقدا، هەر بۆیە هەرەشەی بەکارهێنانی هێز نادەستووریە.

دووەم: رێگری و داخستنی هێڵە ئاسمانیەکان پێچەوانەی رێککەوتنامەی نێو دەوڵەتیشی تێدایە هی ساڵی 1944 ە، کە پەنجاو چوار دەوڵەت واژوویان کردووە.

ســێیەم: هەر گەمارۆیەکی ئابووری و پەیوەســت بە تێکدانی ژیانی هاووڵاتی، پێچەوانەی یاسا و دەستوورە ئاینی و زەمینەکانە.

چوارەم: لە ساڵی 2005ەوە کە دەستووری عێراق چەسپاوە، هەموو مافە دەستووریەکانی ئێمە پێشــێل کراوە، لەمەســەلەی تایبەت بە بودجە ماددەی (140)، پێشــمەرگە و چەندین مافی تر.

بۆیە من لە کۆتاییدا ئەمەوێ ئاماژە بەوە بدەم پشــتیوانی ئەو خاڵانە دەکەم کە حکومەتی هەرێم وەك وەڵـام داویەتی بەحکومەتی عێراق، ســەبـارەت بەو بڕیـارە نەخوازراوانە، وەهەروەها دڵنیایی دەدەینە وڵاتانی دراوســێ و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە ئێمە نەتەوەی

کورد هەرگیز نابینە مەترسی و هۆکاری ئاژاوە گێری، چونکە گەلێکی ئاشتی خوازین، بەڵام هەر کاتێك هێرشمان کرایە سەرو، پێشێلی مافەکانمان کرا، ئەوا گەلی ئێمە ناسراوە بە ئازایەتی و گیانبەخشی، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ خاتوو بەهار، خاتوو شیلان جعفر فەرموو.

**بەڕێز شیلان جعفر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیری گواستنەوە و گەیاندن و سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران دەکەم، هەروەها پیرۆبایی خۆم ئاراستەی گەلی کوردستان دەکەم، بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی گشتپرسی، سەربەخۆیی و ئەنجامەکەی، بەڕێزان پەرلەمان و حکومەتی عێراقی بە بڕیارەکانی دژی کوردستان، جارێکی تر رووی راستەقینەی خۆی پیشانی گەلی کوردستان و جیهان دایەوە، ئەگەر ئێمەی کوردستان یان نەگەڕێینەوە بۆ رابردوو، هەر لە ئەنفال کردنی 182 هەزار هاووڵاتی، و(12) هەزار کوردی فەیلی و هەشت هەزار ئەنفالی بارزانیەکان و کیمیا بارانی کردنی پێنج هەزار شەهیدی هاووڵاتی و خاپوور کردنی زیاتر لە 4500 گوندی کوردستان، تەنها باس لە پرۆسەی رووخانی رژێمی بەعسی شۆفێنی بکەین، کە پێکەوە لەگەڵ لایەنە سیاسیەکان و پێکهاتەکانی عێراق لەساڵی 2003 کارمان بۆ کرد، بۆ دروست کردنی دەوڵەتێکی شەراکەت، بەپێی دەستووری عێراق، ئەوان جارێکی تر مافە سەرەتاییەکانی ئێمەی کوردیان زەوت کردەوە، جارێکی تر منداڵی کوردستانیان بێ شیر کرد و، بودجەیان بڕی و شایستە داراییەکانی پێشمەرگەیان بڕی، ئەگەر بەوردی سەرنجی هەر یەك لەو سیانزە خاڵەی دانیشتنی ژمارە (23)ی بەرواری 2017/9/7 بدرێ، هەمووی بڕیاری نادەستووری و نا یاسایی و دوژمنکارانە و هێرشبردنە بەرامبەر بەدەوڵەتێکی دوژمن، نەك بڕیاری پەرلەمانێك بەرامبەر بە بەشێك لە گەلەکەی کەوەکو خۆیان دەڵێن، وادەزانن بە ئاسانی دەست دەگرن بەسەر خاڵە سنووریەکان، هەرکەسیان بوێ دەیگرن و دیدەن بە دادگا، یاخود دەست دەگرن بەسەر هەردوو فرۆکەخانەکان، بڕیارەکانیان تەنیا لەبەر ئەوە بوو کە گەلی کوردستان بەپێی یاساو دەستووری عێراقی و پەیماننامە نێو دەوڵەتیەکان، مافێکی سەرەتایی و یاسایی و دەستووری خۆی جێبەجێ کرد، کە لە 2017/9/25دا ووتی بەڵێ بۆ سەربەخۆیی، لەکاتێکدا هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان چاوەڕێیان دەکرد هەڵوێستی ئیجابی و جوامێرانەیان هەبێ، بەهۆی تێکشکانی ئەفسانەی داعش، لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە و دەرگا واڵا کردنەوەی زیاتر لە دوو ملیۆن ئاوارە، بەتەواوی پێکهاتەکانی تری عێراق کە روو یان کردبووە هەرێمی کوردستان، و هەرێمی کوردستان بووە هۆی پەناگەیەکی ئارام بۆیان، بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆم لەلایەن سەرکردایەتی سیاسی کوردستان لە جێی خۆیدا بوو، گەلی کوردستانیش چاونەترسانە بڕیاری خۆیدا و لەسەر ئەم بنەمایانە ئەو پێشنیارانەی خوارەوە دەکەم:

یەك: رەتکردنەوە و ئیدانەکردنی تەواوی ئەو بڕیارانەی پەرلەمان و حکومەتی عێراقی بە پێی بڕگەی (2) لە ماددەی (121)ی دەستووری عێراقی.

دوو: پشتگیری کردنی تەواوی سەرۆکی هێزە چەکدارەکانی هەرێمی کوردستان وسەرکردایەتی سیاسی کوردستان و پێشمەرگە قارەمانەکان، بۆ رووبەرووبوونەوەی هەر مەترسیەك روو لە هەرێم بکات، لەلایەن حکومەتی فیدراڵ و هەروەها پاسازش نەکردن لەسەر مافەکانی گەلی کورد بەهیچ شێوەیەك.

سێ: ئاگادار کردنەوەی هەموو وڵات و رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان لەو کردەوە ناپەسـدانەی پەرلەمان و حکومەتی عێراقی کە دەیکاتە سەر کوردستان.
لە کۆتـاییـدا دەمەوێ بڵێم ئێمە هەموومـان بەبێ جیـاوازی لە خەمی ژیـان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان داین، هەرچی لە تواناماندا بێ دەیکەین بۆ ئەوەی دۆخی خەڵکی هەژار و مووچە خۆری کوردستان باش بکەین، بەڵام ئەمرۆ لە هەموو شت گرنگتر ئیرادەی بەهێزە، کاتی تەباییە، کاتی بەردەوامییە، کاتی تەسلیم نەبوونە، وپرسیارێکیشم هەیە کە ئاراستەی بەڕێز وەزیری گواســتنەوە و گەیـانـدن دەکەم، دەســتخۆشــی لێ دەکەم بۆ ئەو روونکردنەوانەی کە لە هۆڵی پەرلەمان روونی کردەوە، ســەبارەت بە هێڵە ئاســمانییەکان، بەڵام من ئەو پرسـیارە ئاراسـتەی بەڕێزیان دەکەم، ئەگەر حکومەتی عێراقی بەردەوام بوو لە راگرتن و هەرەشـە کردن، ئایا کارتی ئێمە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردسـتان بەرامبەر بە ئەوان چی دەبێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ خاتوو شیلان، کاك ئومێد فەرمووو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن (ئومێد خۆشناو):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ســەرەتا وێرای بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری گواســتنەوەو گەیاندن بەوەکالەت و ســکرتێری ئەنجومەنی وەزیران، دەسـتخۆشـی بۆ جەنابی وەزیر لە راپۆرتەکەیدا، وەڵامی بەشـێك لە پرســیارەکانی خەڵکی دایەوە، بەتەئکید ئەمە جێگای خۆیەتی دوای ئەنجامدانی ریفراندۆم یەکەمین کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردســتان، ســوپاســی خەڵکی کوردســتان بکەین کە ســەرەڕای بارقورســی و بژێوی ژیانیان، بەڵام ژمارەیەکی دیکە لە ژمارەکانی ســەرکەوتنی خەڵکی کوردستانیان خستە سەر ئەو سەرکەوتنانەی کە بەدەست هاتبوون، و 25ی ئەیلول نەخشی سەرکەوتن بوو، ئومێد دەکەین ئەو سەرکەوتنە هەمیشە بەردەوامی هەبێ، وەك چۆن بەڕێژەیەکی بەرچاو هاووڵاتیانی هەرێمی کوردســتان بەشــداری ریفراندۆمیان کرد، و جێگای خۆیەتی تەقدیر بەرامبەر بە کوردانی پاراوگە نیشــان بدەین، کە ئەوانیش بەشــێکی گەورە بوون لە مەعنەویاتی خەڵکی کوردســتان، و ناکرێ رۆڵی کوردانی پارچەکانی دیکەی کوردســـتـان فەرامۆش بکەین، کە ئەوان جـارێکی دیکە مەعنەویـاتەکی گەورەی خەڵکی کوردستان بوون، ئەگەر ئەمرۆ ئێمە ریفراندۆممان ئەنجامداوە، جێگەی خۆیەتی ئەمرۆ ئێمە لەو پەرلەمانەدا کە نوێنەرایەتی خەڵکی کوردســـتان دەکەین، ســـوپاســـی ئەو وڵاتانەی کۆمەڵەی نێودەوڵەتی بکەین، وڵاتە دیموکراتیەکـان بکەین کە ئەوانەی تـا ئێســـتـاکە بە شـــێوازێك لە شـــێوازەکان پێشـــوازیان دەربڕیوە لە ئەنجامدانی ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان و، جێگای دەستخۆشـییە هانی ئەوانەش بدەین کە تا ئێستاکە دوو دڵ و رارانە، پشتیوانی زیاتری هەرێمی کوردستان بکەن، رێسای دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسیش لەسـەر ئاسـتی یاسـای نێو دەوڵەتی بووە، و بەرێسایەکی بەرفەرمانە، بەپێی ماددەی (53) لە ئیتیفاقیەی ڤەیەننا کە هیچ دەوڵەتێك ناتوانێت ســـەرپێچی بکات، چونکە ســـەرپێچی کردن پێچەوانەی یاســایەو بەرپرســیاریەتی نێو دەوڵەتی بەدوادادێ، بۆیە عێراقیش وەکو دەوڵەتێکی ئەندام لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ملکەچە بەوە، بۆیە ناکرێ ئێمە دوودڵ و رارا بین، پێمان وابی دەتوانێت پەلاماری هەرێمی کوردســتان بدات، هەرێمی کوردســتان یەك لە پێگەیەکی بەهێز دایە، دووش بە پێی یاسا ئەوە کۆتایی پێ هاتووە، سێ لەسەر ئاستی ناوخۆیش پرۆسـەی ریفراندۆم پشـتراسـت بۆوە بەوەی کە بەدەسـتووری عێراقی ماددەی یەك و هەشــت وەکو پێشــتریش بەڕێزەکانی دیکە، کاك فرســت و ئامینە خانیش باســیان

لێوە کرد، بۆیە ئەوەش لەچوارچێوەی ئەو یاسایە بووە، و یاسای ژمارە (193)ی ساڵی 1970، بەس ناشـكرێ ئێمە دوای ئەو سـەركەوتنانە، ئێسـتا خەڵكی كوردسـتان لەو راراییەدایە، و ناحەق نییە، چونكە تەجروبەكانی رابردوو پێمان دەڵێت سەرانی عێراقی لە چ كاتێكدا بتوانن زەفەر بە هەرێمی كوردســتان ببەن، ئەو حكومەتەی ئێســتاش لە بەغدایە، دەبێ ئەوەی لەبیر بێت رۆژێك لە ســاڵی 2014 بودجەی كوردســتان دەبڕێت، و رۆژێكی دیكە زیاتر لە ملیۆنێك ئاوارەی دۆڕاوی شــەری داعش، ڕكەی ئەوان لە تیرۆرســتان دێتە ناو هەرێمی كوردستان، هاوكاری حكومەتی هەرێمی كوردستان ناكرێت، بۆ ئەوەی بتواندرێت خزمەت بە ئـاوارەكـانی ئەوانیش بكرێ، ئێســتـا ئێمە حەقی خۆمـانە، بپرســین لە كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەرێ كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی (UN) ئێوە لەكوێن، ئەو عێراقەی كە بـاس لە بنەمـا دیموكراســیەكـان و ســەرەتـای دروســتبوونی دەوڵەتێكی دیكەی نوێ دەكرێـت، سـنوورێك بۆ ئەو دەسـت درێژیانەی حكومەتی عێراقی دابندرێ، كە هەركاتێك بیەوێ یاری بە چارەنووسی خەڵكی كوردستان دەكات، ئەو بڕیارانەی كە چەند رۆژێكی رابردووش دەقاو دەق ئەو دەردەخـات عەقڵیەت و مەهـامیەتی ئەو تێگەیشــتنە دەردەخـات كە لەبەغـدا، هەمان عەقڵیەتەی پێشـوو بەردەوامی هەیە تائێسـتاش بەردەوامە، یەكریزی و تەبایی نێو خەڵكی كوردسـتان یەكێكی دیكە لە هۆكارەكانی سـەركەوتنی هەموو ئەو رێگایانەیە كە لە پێشـمانن، ئەوانەی كە لە رابردووشـدا ئەوەی سـەلماندووە، كە یەكریزی و تەباییمان زیاتر بەرەو ئامانجمان دەبات، بۆیە پەرلەمانی كوردسـتان وەكو نوێنەرایەتی خەڵكی كوردسـتان پێویسـتە ئەمرۆ لە بڕیارەكانیان، لەو تەوصـیانەی كەدەریدەكات، جارێكی دیكە موخاتەبەی حزب و لایەنە سـیاسـیەكان، كۆمەڵگەی كوردسـتان، دەسـەڵاتەكانی هەرێمی كوردسـتان، میدیای كوردســتان بكات، رێز لە ئیرادەی خەڵكی كوردســتان بگرێ، رێز لە بڕیاری خەڵكی كوردســتـان بگرن كە لە 25ی ئەیلول دای، نـاكرێ هەر یەك لە ئـاوازێـك بخوێنـدرێـت، لەنەتیجەشــدا ببێتە هەوڵێك لە هەوڵەكانی نەیاران كەبتواندرێ تەئســیر لەمەعنەویاتی خەڵكی كوردسـتان بكات، بۆیە پێشـنیار دەكەم (25)ی ئەیلول دیاری بكرێ بە رۆژی گشـتی، لەبەر ئەوەی نەكرێتە تەنهـا پشــویەكی فەرمی، (25)ی ئەیلول، رۆژی یـادكردنەوەیەكی گشـتی بێت، لە هەموو ئاستەكاندا لە هەرێمی كوردسـتان دوای سـەد ساڵ لە چاوەروانی خەڵكی كوردستان، بۆ یەكەمین جارە گەلی چەوساوەی كوردستان بڕیار لە چارەنوسی خۆی دەدا، بۆیە جێگای خۆیتی ئێمە لە پەرلە مانی كوردســتان بڕ یاری ئەوە بدەین كە (25)ی ئەیلول یادكردنەوەی گشـتی هەرێمی كوردسـتان و رۆژی سـەربەخۆیی كوردسـتان بێت، بەڕێز سـەرۆكی پەرلەمانی كوردسـتان واباشـە پێشـنیار دەكەین، لە ئاسـتی پەرلەمانیشـدا هەوڵە دیبلۆماســیەكانی پەرلە مان بەگەڕ بخرێت، لەوەی كە پەرلە مانیش رۆڵێك ببینێ، تەنها ئەوە نەبێ ئێمە بێین لە هۆڵی پەرلەمان وەڵامی بەغدا بدەینەوە، دەكرێ لە ئاســتی دیبلۆماسیەتیشدا چەند شاندێكی پەرلەمانی تەشكیل بكرێ، هەم بۆ بەرچاوروونی وڵاتانی دەوروبەر و جیرانما و هەمیش بۆ عێراقی، كە تائێسـتا هەرێمی كوردسـتان هەر بانگەشـەی گفتوگۆ دەكات لەگەڵ عێراق، بۆیە پێویست دەكات لە پەرلەمانی كوردستانیش، پەرلەمان ئەو رۆڵەی خۆی ببینێ، جێگای خۆیەتی ئەمرۆ ئێمە لەو بڕیارانەشــدا حكومەتی هەرێمی كوردسـتان رابسـپێرین و دەسـتكراوە بێ، بۆ ئەوەی سـەرجەم دەسـەڵاتە یاساكانی خۆشی بەكاربێنێ و بتواندرێ لە ئیدارەدانی فرۆكەخانەكان و مەرزەكان بتواندرێت بەشــێوازێكی دروستی یاسایی كە لە چاچێوەی یاساكانی عێراقیش كە رێگا پێدراوە، یاساكانی هەرێمی كوردستانیش و حكومەت دەسـتكراوەتر بێت، سـەبارەت بە ئاوارە و ئەوانەی لە ناوچەكانی دیكەی عێراق، ئەوانەی ئێســتا لە هەرێمی كوردســتانن، جێگەی خۆیەتی لە پەرلە مانی

کوردستان سەرەڕای ئەوەی کە ئەوان لە کۆمەڵگەی کوردستانی دڵنیانە، پشت ئەستورن، خەڵکی مرۆدۆستی کوردستان هەڵسوکەوتی لەگەڵیان چۆن دەبێ، بەڵام دیسان لێرەوە دڵنیایان بکەینەوە ئەوانە قوربانی ئەو شەڕە مەزهەبی و تائیفیەنە کە ئێمە بەشێکین لە قوربانیەکەدا ز دژی بوینە لەئەساسدا و لەبنەمادا دژی بووینە، بۆیە ژیانی ئەوان و مافی ئەوان لەهەرێمی کوردستان پارێزراو دەبێ، وئەو دڵنیایە بۆ ئەوان پێویستە کە لە پەرلەمانی کوردستانیش جارێکی دیکە جەختی لەسەر بکرێتەوە، سەبارەت بە جیرانەکانمان و بە عێراقی جیرانیشمانەوە، دەکرێ ئێمە وڵاتانی دراوسێمان دڵنیا بکەینەوە، هەرێمی کوردستان وەك چۆن لە رابردوودا بە هیچ شێوەیەك خەتەر نەبووە لەسەر ئەوان، لە ئایندەشدا ئەو دەوڵەتەی کە لەدایك دەبێ، دەوڵەتی کوردستان خەتەر نییە لەسەر وڵاتانی جیرانمان و لەسەر عێراقیش، ئەوەی لە 25ی ئەیلولیش ئەنجامدراوە جوانترین پەیامی ئاشتیخوازانەی خەڵکی کوردستانە کە پەنای بۆ بردووە و لە چوارچێوەی یاساکانی نێودەوڵەتی، دەربارەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، کاتێك لە 2014 داعش پەلاماری ئەو ناوچانەی دا، حکومەتی عێراقی ئەوانەی کە ئێستاکە چاوی خراپەکاری خۆیان بریوەتە سەر ئەو ناوچانە و تەهدیدمان دەکەن، خاوەندارێیەتی ئەو ناوچانەیان نەکرد، ئەوە پێشمەرگەی کوردستان، ئەوە خەڵکی کوردستان، خەڵکی ئەو ناوچانە بوون دیفاعیان لەسنوورەکانی خۆیان کرد، پارێزگاریان کرد، ئەو سنوورانەی کە کەوتبونە دەست ئەو تیرۆرستە دڕندانەش، دیسانەکە بەخوێنی گەشی پێشمەرگە بەرگری لێکرا، بۆیە ئێستا ئێمە دەپرسین، حکومەتی عێراقی، سەرانی بەغدا بە چ روویەك دەتوانن باسی ئەو سنوورانە بکەن کە لەوێندەردا شەرگەی ئەوان، شەرگەیەکی تێکشکاو بوو، ئەو شەرگەیە پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان تێدا سەرکەوتوو بوو، بەنیسبەت ئەوەی کە ئێستا لەگەڵ ئیرادەی ئێمە شەڕ دەکرێ، دەبێ ئەوانەی ئێستا لە بەغدا حوکم دەکەن ئەو جەبەروتەی بەعس بەرامبەر بە ئیرادەی خەڵکی کوردستان سەرکەوتوو نەبوو، دوای سەد ساڵ لەوەی کەگەلی کوردستان بەرگری لە مانەوەی خۆی کرد، ئیرادەی خۆی پاراست، ئێستا ئێمە حکومەتێکی لەرزۆکی تائیفی کە هەموو دەزگا و دامەزراوە شەرعیەکانی ئەو وڵاتە، لە چنگی گروپێکی تائیفیدایە، بەچ شێوازێك دەتوانێ شەری ئیرادە لەگەڵ خەڵکێك بکات کە سەد ساڵ تەجروبەی هەیە، ئیرادەی خۆی پارێزگاری لێکردووە وتا ئێستاکە بەردەوامی هەیە، بۆیە پێویستیشە ئێمە حکومەتی هەرێمی کوردستان و پێشمەرگەی کوردستان، فەرماندەیی گشتی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان، سەرپشك بکرێ لە پەرلەمانی کوردستان هەر رێگایەك بگرێتەبەر بۆ پارێزگاری کردن لەو سنوورانە، و پارێزگاری کردن لەو دەستکەوتانەی کە لەماوەی سەد ساڵی رابردوودا بەدەست هاتووە، ئەمڕۆ لە (25) ئەیلولیشدا تەواوکاری هەموو ئەو شۆرشانە دەبێت، من پرسیارێك لە جەنابی وەزیر دەکەم، باشە ئەوانەی کە زیانمەند دەبن، جگە لەوەی حکومەت، دەزگا و دامەزراوەکانی ئەو وڵاتە حکومەت دەبن، ئەو هاوڵاتیانەی کە زیانمەند دەبن، ئەو کۆمپانیایانەی کە زیانمەند دەبن لە چوارچێوەی ئەو بڕیارەی کە دوێنێ ئێوارە کە جێبەجێ کراوە، ئایا قەرەبووی ئەوانە لە ئەستۆی کێدا دەبێ؟ حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو بارە قورسەی کە لەسەر شانی خۆیەتی، بەچ شێوازێك دەتوانێ قەرەبووی ئەوانە بکاتەوە، بۆیە دەکرێ لەچوارچێوەی ئەو گفتوگۆ و موفاوەزاتانەی دەست پێدەکات، وەرەقەی بەهێزی ئەوان، پێشنیاری ئەوەی بێت حکومەتی عێراقی ناچار بکرێ قەرەبووی هەموو کۆمپانیاکان و تەواوی هاوڵاتیەکان بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك دلێر.

**بەرێز دلێر مصطفى ماوەتی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی هەرێمی کوردســتان ئەنجامی دا لە ( 25-9 ) هەرکاتێکی تریش دەســتی بۆ بردایا کاردانەوەکان هەر ئەبوو، بە تایبەتی لەو دۆخە جوگرافیا نەگۆڕەدا لە ناو ئەو کەلتوورە نادیموکراسی و رابردووە توندوتیژیەدا، سەیرکەن وڵاتێکن سەدان ساڵە هیچ کێشەیەکی بە ئاشــتیانە تێدا چارەســەر نەکراوە، یەکتر قبوڵ نەکردن و بە رەوا نەبینینی مافی بەرامبەر تێیدا گەشەی نەکردووە، هەر ئەبێ رۆژێك ناسنامەی کورد بوون مانای ماڵ جیاکرنەوە بێ، بەتایبەتی لەو کاتە لە شــەری داعش بردوومانەتەوە، ریفراندۆم بە هەموو تێبینیەکانی ســەری ماڵی کوردی یەکخســت، پەرلەمان کارا کرایەوە، دونیا زانی کورد چی ئەوێ، بۆیە زیاتر نیزك بوونەوەی گوتارەکان و حیزبەکان و فراکســیۆنەکانە، ئەبێ ئەو نزیك بوونەوەیە بەرەو پێ بەرین نەك خســتنە ملی ئۆباڵەکان بۆ یەکتر بە تایبەتی کە کورد کارێکی جیا لە عورف و مافی گەلانی تری ئەنجام نەداوە و مایەی هەرەش و گرژیش نین بۆ کەس، مالیشــمان بەردەوام شــوێنی داڵدەدانی ئاوارە و لیقەوماوانە، لەلایەکی تریش ریفراندۆم دەرخەری دیوە شــاراوەکەی قەناعەتی ســیاســی و بریار بە دەســتەکانی عێراق بووە، هەرکامێکیان بە جۆرێك قەرزاری خاکی کوردســتان و نەجابەت و دڵفراوانی خەڵکەکەی بوون، واشــدەرناکەوێ ئەنجامەکان تەنیا بە دڵی عێراق بێ، دڵنیاین بە خۆراگریمان کورد دەست بە تاڵ لەو دۆخە دەرناچێن دیارە ئەو گۆرانکاری و دەستکەوتە گەورانە بێ باج نابن، لەلایەکی تریش سەیرکەن هێشتان ئالای عێراق لەسەر هەموو دەزگاکانی هەرێم و سەر پەرلەمانی کوردستان ئەشەکێتەوە، کەچی هەرەشەی سزادانی گەلی کوردستان ئەکرێ، رەخنە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەگرین کە زۆر کورتبینانە بیریان کردەوە لە جیاتی ئەوەی بیر لە رێگەی ئاشــتی بکەنەوە بە زمانی شــەر و هەرەشــە و دەرکردنی بریاری ســزادانی گەلی کوردســتانیان گرتە بەر لە مانگێکی پیرۆزی وەك موحەرەم، لەجیاتی ئەوە ماددەی (140) جێ بەجێ کرایە لە ناوچە جێ ناکۆکەکان کە ئەو ماددەیە دەستووریە، جگە لە برینی بودجە و بێ بەش کردنی هێزی پێشــمەرگە لە هەموو جۆرە ئیمتیازێك، جگە لە پشتگوێ خستنی چەندین ماددە و برگەی تر لە دەستووری هەمیشەیی عێراق، سوپاسی مەرجی بالای شیعە ئەکەین ئەو کێشەی بە هەند وەرگرت، سوپاسی هەڵوێستی هەندی پەرلەمانتارانی عێراق ئەکەم، سوپاسی هەڵوێستی ئەمریکا ئەکەین ئامادەیی نیشاندا بۆ نێوەندگیری و هێور کردنەوەی دۆخەکە، لەگەل چەندین دەوڵەت و هەرێمی تر پرۆسەکەیان بەرز نرخاند، سوپاسی بەشەکانی تری کوردستان ئەکەین بۆ هەڵوێستیان و ئەڵێین کاتی راگەیاندنی بەرەیەکی کوردستانیشە، سەیریشە حکومەتێکی (40) ملیۆنی دژ بە هەرێمێکی (5) ملیۆنی خۆی بە پەلەیە داوای هاوکاری بۆ ســزادانی میللەتی خۆی لە دوو دەوڵەتی گەورەی تری دراوســێی بکات، ئافەرم بۆ هەرێمی کوردســتان و کورد بۆ ئیرادەتان، پێمان باشە پەیوەندیەکان باشتر پەرە پێ بدەین، کێشەکان بە رێگەی ئاشتی چارەسەر بکەین لەسەر بنەمای دادپەروەری و دەستوور و یاساکان کە رێگر بێ لە هەڵبژاردنەکانی شەر و ئاژاوە، دەربارەی ســزاکانی ئەنجومەن نیشــتیمانی عێراق حکومەتی عێراق جگە لەوەی هەنگاوەکانی ســەربەخۆیی بۆ کورد نزیك ئەکەنەوە کۆمەڵێ پێشــنیارمان هەیە لەبەر کەمی کات تەسلیمی لیژنەی یاسایی ئەکەین، بەتایبەتی پێشنیاری ئەکەین بۆ چارەسەری کاتی مەتارەکانی هەرێم حکومەتی هەرێم و جەنابی وەزیری گواســتنەوە راســپێردرێن بە دروست کردنی هەبئەیەکی گشتی سولتەی قەیرای مەدەنی عێراقی لە هەولێر بە ئیتیفاق

لەگەڵ بەغداد بە دوو فەرع ئەگەر لە هەولێر و سلێمانی چەند موەزەفێکی تیا دەوام بکات، سوپاس.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو خاتوو تەلار.

**بەرێز تەلار لەتیف:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەرێز وەزیری گواستنەوە و نوێنەری ئەنجومەنی وەزیران ئەکەین، بەشێك لە قسەکانم لەسەر رێکارە یاساییەکان کاك دکتۆر فرست باسی کرد، گرنگە بە وریاییەوە کار لەسەر ئەو پرسە بکەین، یەکەم رێکاری یاسایی، ئەویش تەنیا بە رەت کردنەوەی ئەو داواکاری و بریارە نایاسایانە نەبێت کە لە ئەنجومەنی نوێنەری عێراقەوە دەرچووە، پێویستە سکاڵای یاساییشمان هەبی لەسەر ئەو پرسانەی دژی دەستوور و دژی فرۆکەوانی و مافەکانی مرۆڤن، دژی یاسای گومرگیشە، بە تایبەتی لەسەر دەستوور کە ئەوانی ئیدیعای پێشێل کردنی دەستوور ئەکەن ئێستا ئەوان لە چەند خاڵێك بوونەتە هۆکار بۆ تەداخول کردن لە دەستەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان بەپێی ئەوان ئیدیعای جێ بەجێ نەکردنی ئەکەن، بەشێکی تر کە زۆر گرنگە پابەند نەبوونی ئەوان لە زۆربەی برگە و ماددەکان لەوەی کە دژی مافەکانی مرۆڤە، بەتایبەتی لە سەر ئەو پرسە گرنگانەی وەزیری گواستنەوە و گەیاندنیش ئاماژەی پێ کرد، هیچ پاساوێکیش نیە بۆ ئەوەی ئەوە بۆتە هۆکارێك بۆ پێشێل کردنی مافەکانی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، پێم وایە هیچیش کەمتر نیە لە ئەنفال و کیمایایی کە بەرامبەر هەرێمی کوردستان کرا، بەڵام بە شێوەی ترە، منیش هاورام لەگەڵ قسەکانی کاك دلێر، بەراستی ئەگەر (25-9) ریفراندۆم نەکرایە و هەرکاتی تر داوامان کردبووایە بە هەمان شێوەیە روو بەرووری ئێمە ئەبوونەوە، بەڵام گرنگ ئەوەیە نێومالی خۆمان رێك بخەینەوە و کار لەسەر کۆمەڵێك رێکاری تری ناوخۆیی بکەین، لە هەمووشی گرنگتر پێویستە رێکارە دبلۆماسیەکان بگرینە بەر لە رێگەی نوێنەرەکانمان لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان لە وڵاتانی دراوسێ، پشتگیری ئەو قسانەی کاك ( ئومێد) یش ئەکەم کە زۆر گرنگە چەند شاندێك لە پەرلەمانی کوردستانەوە دروست بێ لە دەرەوە بۆ سەردان بۆ ئەوەی ئێمە کە هۆکاری دروست کردنی ئەو عێراق بووین کە ئێستا بۆتە هەرەشە جارێکی تر بۆ هاووڵاتیان، لە هەمو رێکارە یاساییەکان لەگەڵیان بەشدار بووین، بەڵام بۆ داوا کردنی مافی خۆمان دژایەتیمان ئەکەن، زۆر گرنگە پاڵپشتی یاسایی و نێودەوڵەتی لە داهاتوو دروست بکەین، خاڵی تر، لە رووی سیاسییەوە زۆر گرنگە ئێمە ئەورۆ یەکلایی بکەینەوە، ئەو پەستانەی ئێستا لە عێراق هەمانە، هەر لە سەرۆکی کۆمارەوە، لە وەزیرەکانەوە، نوێنەرانمان لە ئەنجومەنی وەزیرانن ئایا تا چەند سوودمان لێ بینوە؟ چ لە پێش و چ لە ئێستا بۆ پاڵپشتی، بە تایبەتی نوێنەرەکانمان ئەیانتوانی لە رێگەی خۆیانەوە کار لەسەر هەموار کردنەوەی ئەو یاسایانە بکەن، ئەو یاسایانەی رێگرن لە ئێستا ئەوان پێمان ئەفرۆشنەوە و ئەڵێن رێکاری نایاسایتان گرتۆتە بەر، بایکۆت کردن مانای چی کە تۆ تا ئێستا ماویتەتەوە، چۆن لە جەلسەیەکی وا گرنگ کە بریار لەسەر مەسری ئەو هەرێمە بدرێ ئامادە نەبیت، لەبەر کەمکردنەوەی شەئنی ئەو بەرێزەم نیە، جێی سوپاسە کە ئەندام پەرلەمانێکی سونی واژوو کۆکاتەوە بۆ ئەوەی بخرێتە بەرنامەی کارەوە بۆ رەت کردنەوەی بریارەکانی ئەنجومەنی نوێنەران، بەڵام کوردەکانی خۆمان لەوێ

ئامادە نەبن تەنیا (15) واژووی پێ کۆکراوەتەوە، ئەگەر ئەوان لەوێ ئامادەیان هەبوایە ئەتوانرا کار لەسەر کۆ دەنگی دروست بکرێ، ئیحراج بوونێك بۆ ئەوان دروست بکرێ، چونکە لە زۆر هەنگاو نوێنەری خۆمان لەگەڵ ئەوان بوون، ئەیانتوانی ئەو پەیوەندییەی خۆیان بەکار بێنن، بۆیە گرنگە سەرکردایەتی کورد لەگەڵ نوێنەرانی خۆیان لەو پۆستانە جارێکی تر بەو پۆست و پەیوەندییە بچینەوە لەگەڵ عێراق هەیە تا ئەوکاتەی رێککارە کردارییەکانی سەربەخۆ بوونی هەرێمی کوردستان بۆ دەوڵەتی کوردی رائەگەنین، خالی تر کە گرنگە منیش هاورام لەگەڵ ئەو هاورێیانەی باسی ئاوارەکانیان کرد کە گرنگە وەکو کارتێکی فشار بەکار بێن، بەڵام نەبێتە هۆکاری پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ، پێویست بوو وەزیری سامانە سروشتیەکانیش لێرە بێن ئایا هیچ دەرچەیەکی تر هەیە بۆ ئەوەی ئەو هەرەشە داراییەی هەمانە و لەسەرمانە لە رێگەی تورکیاوە؟ هیچ دەرچەی تر هەیە بۆ دەرچوون لەو قەیرانە ئەگەر لە داهاتوو هیچ قەیرانی تر دروست ببێ بۆ داخستنی بۆرییە نەوتییەکان؟ یان ئەگەر هاتوو ئەو بۆریە نەوتییانە لە رێگەی عێراقەوە کاری لەسەر بکرێ، پێم وایە ئەگەر بتوانین دەرچەیەکی تر بدۆزینەوە بەتایبەتی لە رێگەی سوریاوە کارێکی باش ئەبێ، یەکی تر لە خاڵەکانی تر کاریان لەسەر کردووە و پێمان ئەفرۆشنەوە ئەوەیە کە لێپرسراوانی هەرێمی کوردستان پارەکانیان بلۆك ئەکرێ لە دەرەوە، پێویستە پێش ئەوەی ئەوان ئەو هەنگاوە بنێن خۆمان لە رێگەی دەستەی نەزاهە و داواکاری گشتیەوە کار لەسەر لێپرسینەوە بکەین ئەگەر هاتوو سەرکردەیەك لە هەرێمی کوردستان لە کاتێکدا هاووڵاتیەکەی برسیە روبعە مووچە وەرئەگرێ و پارەی لە دەرەوەی وڵات بێ ئەوە خۆمان ئەو شەرەفەمان پێ ببەخشرێ پێش ئەوەی کار لەسەر ئەو خاڵە بکرێ و پێمان بفرۆشرێتەوە، کاری تر پێویستە بەرژەوەندیەکانی ئەو کۆمپانیا نەوتیانەی لە هەرێمی کوردستان هەیە پێویستە ئەوانیش ببنە کارتێکی فشار لەسەر وڵاتەکانی خۆیان بۆ ئەوەی ئێمە بۆ ئەوەی ئەو رێکارە نائاسایی و نادەستووریانەی لە دژمان بەکاردێ هاوکارمان بن لەسەر ئەوە، خالی تر لەسەر ناوخۆ زۆر گرنگە لام کە لە ئێستا ئەگەر وەزارەتی رۆشنبیری پێویستە ئاگای لە دەزگاکانی ئیعلام بێ، لەو سایتانە، سایتە سێبەرەکان نا کە ناتوانی بیدۆزیتەوە، هەندێ سایتی دیار هەیە زۆر گرنگە کاری لەسەر بکات، چونکە بەراستی کار بۆ داروخانی دەروونی هاووڵاتیان ئەکەن، ناکرێ ئێمە هۆکار بین بۆ ئەو دارووخانە دەروونیەی هاووڵاتیان، گرنگە خۆمان کاری لەسەر بکەین لە رێگەی وەزارەتی رۆشنبیری، لە رێگەی داواکاری گشتی، ئەوانە کۆمەڵێ خاڵی گرنکە، ئەوپەری باوەرمان بە ئازادی و جێ بەجێ کردنی مافەکانی تاك هەیە، خالی تر زۆرجار باس ئەکرێ و ئەمرۆش لەلایەن هەندێ پەرلەمانتارەوە وترا، ئێمە هەندێ لەو راسپاردانەی لە (25-9) دەرکرا و ئەو لایەنانەی ناوهێنرا لە برگەی چواری راسپاردەکان تا (25-9) بوو، بۆیە گرنگە هەر بریارێکی دوای ئەوە لە پەرلەمانی کوردستان چونکە بەپێی یاسا شەرەفی ئەوەی پێ دراوە کار لەسەر پرسە چارەنووسازەکان بکات، پێویست ئەکات ئێمە کار لەسەر رێکارە یاساییەکانی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان بکەین، چونکە گرنگە لە ئێستا دڵنیایی تەواو بدەین بە هاووڵاتیان لە هەرێمی کوردستان کە دەنگەکانیان هیچ مامەڵەی تری پێوە ناکرێ کە نەیارانی هەرێمی کوردستان چ لە ناوخۆ و دەرەوە ئەو دەنگۆیە بڵاو ئەکەنەوە گوایە ئەوە بۆ فشارێك بلێن ئەو دەنگانەی گوایە لە 92% ە زیاترە بەکاردێ وەکو کارتێکی فشار نەك بۆ سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان، بۆیە گرنگە لە پاڵ ئەو رێککارە یاساییەی ئەگرینە بەر لەگەڵ عێراق لە هەمان

کات ڕێککارەکانی بە کرداری کردنی ســەربەخۆبوونی هەرێمی کوردســتانیش کاری لەســەر بکرێ ئەویش لە ڕێگەی پەرلەمانی کوردســتانەوە ئیشــی جدی لەســەر بکرێن پێویســتە هەنگاوەکانیش جدی بن بۆ ئەوەی ئەوە دڵنیایی تەواو بدات لە هەرێمی کوردســتان، ئەو دوو پرســیارەم یەکیان بۆ وەزیری گواســتنەوە و گەیاندن، ئایا لەو ماوەی حوکمرانی راســتە بەرێزی چەند ساڵێکە لەو جێگەیە، بەڵام لە پێشتر و لە ئێستا بۆ هەنگاو نەنراوە بۆ کار کردن لەسەر هەموار کردنەوەی ئەو یاسایە لە ڕێگەی بەغداوە ؟ یان هیچ هەنگاویان ناوە لەگەڵ نوێنەرانی هەرێمی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانەوە بۆ هەموار کردنەوەی ئەو یاسایە، ئەگەر وانیە چ هەنگاوێکی تریان هەیە بۆ کارکردن بۆ ئەوەی ئەو بەربەســتە نایاســایی و نا دەستوورییەی دروست کراوە بۆ گەشت نەکردنی هاووڵاتیان لە ڕێگەی مەتارەکانی هەولێر و دهۆکەوە کە هەیە، پرسیاری تریشم هەبوو بۆ وەزیری سامانە سروشتیەکان، بەس لێرە نییە بۆ ئەوەی ئایا چ دەرچەیەکی تری ئابووری هەیە لەداخســتنی بۆریە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان، سوپاس.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بۆ پرسیاری دووەم ئومێدەوارم کاك (ئامانج) کە لە هەمان کات پلەی وەزیری هەیە و ســکرتێری ئەنجومەنی وەزیرانە و ســکرتێری هەرێمی ئەنجومەنی وزەیە، رەنگە بتوانێ وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە، فەرموو مامۆستا ماجید.

**بەرێز ماجد عثمان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرێز کاك (مولود) باســی فرۆکەخانەکانی کرد، بەڵام پێم باشــە ئەگەر دەرفەت بێ باســی ناردنی نەوت و گرتنی دەروازە ســنووریەکانیش بکرێ، وەك پەرلەمانتارێکی تورکمان لە پەرلەمانی کوردستان و هەم وەك ئەندامێکی ئەنجومەنی باڵای ریفراندۆم دەست خۆشی و پیرۆزبایی لە گەلی کوردســتان ئەکەم بە هەموو نەتەوە و ئاین و ئاینزاکانیەوە کە بە یەك دەنگ توانیان پرۆسەی گشت پرسی بەو ئەنجامە بگەیەنن، مایەی خۆشحاڵی ئێمەیە کە لە پرسێکی نیشــتیمانی و چارەنووســاز ڕۆڵی خۆمان ببینین، نیگەرانی خۆمان دەرئەبرین لەو بریارە توند و نایاساییەکانی حکومەت و پەرلەمانی بەغد کە لە دژی پرۆسەیەکی دیموکراسی بۆ گەلی کوردستان وەکو فشار بەکاردێنن، سەبارەت بە وەڵامدانەوەی نوێنەران و حکومەتی بەغدا پشــتگیری لە رای دکتۆر (فرســت) و هەموو ئەو هاورێیانە ئەکەم کە پێویســتە لە پەرلەمانی کوردســتان پەلە بکەین لە دەرکردنی هەندێ یاســا لە پەرلەمانی کوردســتان بە تایبەتی ئێمە ئێســتا پێمان نا لە مەرحەلەیەکی نوێ و پێویســتە خۆمان ئامادە بکەین بۆ بنیاتنانی دەوڵەتی کوردستان، هەرواها بەرەنگار بوونەوەی ئەو هەموو پێشهاتە سیاسیانە کە لە ئێستا و داهاتوو ڕوو بەرووما ئەبنەوە، پێویستە زۆر هۆشیار و هەستیار بین، لێرەوە گلەیی خۆم ئاراســتەی نوێنەرانی کورد لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێارق ئەکەم کە ئەبوو زۆر لەوە هۆشیار تر بووان لە تێپەراندنی ئەو جۆرە یاسایە کە ئەمرۆ ئەنجامەکەی ئەبینین و وەك یاســای هەیئەی مەنافزی حدودی و هەموو ئەو بریارانەی کە ئەمرۆ کاریگەری خراپی لەســەرمان هەیە، پێم وایە ئەبێ هەڵوێســتی توندیان هەبێ هەتا ئەگەر لە پەرلەمان بکشێنەوە تا دەرگای حیوار و گفتوگۆ دەست پێ ئەکاتەوە، پێم باشە لە وەڵامەکەی ئێمە بۆ بەغدا ئاماژە بە ئەنجامە ســەرکەوتووەکەی ریفراندۆم بکەین، داوا بکەین پێویســتە ڕێز لە ئیرادە و بریاری گەلی کوردســتان بگیرێت وەك مافی شــەرعی خۆیان، داوا لە نوێنەرانی وڵاتان و کونسولگەریەکان بکرێ کە هەمیشە ڕێز لە ئیرادەی گەلی کوردستان و ئەنجامی

ریفراندۆم بگرن، داوایان لێ بکرێ بۆ ئەوەی داوا لە حکومەتی عێراقی بکەن بۆ راگرتنی ئەو فشارانەی سەر گەلی کوردستان و رۆڵی خۆیان ببینن لە دەست پێ کردنی گفتوگۆ لە نێوان هەرێم و بەغدا، لەبەر ئەوەی زۆر باس لەوە ئەکرێ چ لەلایەن حکومەتی عێراقی و وڵاتان کە ئەنجامی گشـــت پرســی هەڵبوەشـــێتەوە، پێم باشـــە ئاماژە بە دواین جوملەی دیباجەی دەســتووری عێراق بکەم کە ئەڵێ (ان التزام بهذا الدســتور یحظ العراق الاتحادة واحر شـعبا ولارظا والســیادتا)، یەعنی پێچەوانەی ئەو شـــتەش (ان عدم التزام بهذا الدســـتور لایحفظ للعراق اتحادا والحر لاشعبا ولا ارظا ولا سیادتا)، لە کۆتایی پشتگیری لە رای کاك (زانا) ئەکەم ســەبارەت بە رۆڵی پەرلەمانتار و لیژنەکان بۆ رۆڵ بینینی خۆیان لەو دۆخە هەســتیارە، بۆیە پێویســـتە لیژنەکان رۆڵی خۆیان ببینن بەپێی تایبەتمەندی لیژنەکان، ئێمە وەك لیژنەی بازرگانی پێمان وایە ئەبێ رۆڵمان هەبێ لە دروست کردنی متمانە لە لای خەڵك و لێپێچینەوە لە حکومەت و ئەگەر بکرێ پەیوەندی بە وڵاتانی دراوســێ بکەین ســەبارەت بە کێشـــەی ســنوورەکان و بواری بازرگانی ، تەئیدی قســەکانی کاك (ئومێد) ئەکەم کە (25_9) وەك رۆژی دانانی یەکەم بەردی بناغەی دەوڵەتی کوردی هەژمار بکرێن سوپاس.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو مامۆستا بەهزاد.

**بەرێز بەهزاد دەرویش:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەســـت پێکی بخێرهاتنا هەردوو بەرێزی دکەین، پیرۆزبایيا گەلێت کوردســـتانی دکەم ب هەلکەفتا سەرکەفتنا ریفراندۆما هەرێما کوردستانێ و ناوچێت دەرڤا هەرێما کوردستانێ ب تایبەتی کو ئەڤا زیاتر (100) ســـاڵە چاڤەرێی ڤێ رۆژێ بین، پرۆزبایی هەمی گەلێت ئازاد دەکەین ل ســەران ســەرێ جیهانێ، بۆچوونا من ئەڤە بریارەکا جهێ خۆدا بی قیادە سـیاسـیا کوردســـتانێ و خۆشـــبەختانە پەرلەمانیش بریارێ خۆ گونجاو بی، چونکی یا ئاماژە پێ هاتە کرن ئەڤ تەهـدیـدا هەر رێکا مە دابین و لەوانەیە خراپتر و زیـاتر و حەتـا لەوانەیە هێزیش هاتبایە بکار هینان، خاڵەکا دیا گرنگ ئەم دزانین ریفراندۆم هەروەکی ڤێ مەســـەلێ دبیژیت (خروج الحلیب من زرعی)، واتە دەرچوونی شیر ل گوهانا، جاراکا دی نازڤریتەڤە، چیدی گەلی مەبریـارا خۆدا براســـتی، بەڵام گرنـگ ئەوە بەرهەمێـت بـاش بکەین هەمی بوارادا، بواری دەولی و نیشتیمانی و سیاسی و ئابووری، دا بشێین خیڵالی چەند سالێت سەقفێ زەمەنی ژی دیار کەین دوو یان سێ ساڵە کو فیعلەن ببینە خودان کیانەکا ســەربەخۆ ئەوجا شـێوازێ وێ چ کۆنفیدراڵی بیت ئان دەولەتەکا سەربەخۆ بیتن، پێ باشە لێرەدا پەرلەمانی کوردستانێ ئەڤرۆ ئەڤ ئەنجامێت ریفراندۆمێ پەســـند بکەت، راســـتە عایدێ مەحکەما ئەنجومەنێ دادوەرییە پەسـند دکەن، پێم باشـە پەرلەمانێ کوردسـتانێش پەسـند بکەن، هیچ دلە راوکێ نەبیتن کو کەسەك هز بکەت ئەڤ ئەنجامێ دێتە هەڵڤەشاندن وەکی حوکمەتا ناڤەندی ڤێ داخاز یا دکەت، خاڵەکا دی پێ باشـــە داخاز ل مەحکەما دادیا دەولی بکەین کو رولی خۆ هەمیشـــەیی نێڤدەولەتی رابیتن کو ڤان خیڵافاتێ ئیکڵا کاتەوە براســـتی دیڤ ماددا (55) ل یاســـا نێڤدەڤلەتی هەروا دیڤ بریارا (3971) نەتەوێن ئیکگرتی و ڤان عقوبێت جەماعیا رەت کاتەڤا ژی حکومەتا عێراقێ دەرهەڤا کوردســـتانێ دەر کردینا دیڤ ماددێ (33) ل رێکەفتنا جنێڤ سـاڵا (1949)، نابیت دوو دل بین کو ریفراندۆم ب چەندین شـێوازێت سـەربەخۆ هەی ئێك ل وان شـــێوازا و بتایبەتی ریفراندۆم دوو جۆرا یا هەردوو یان ئێك لەوانە، ئاماژە ب ماددەکا دەســـتووری دکەم کو ماددا (8) بێژیتن (یحترم التزامات الدولیە) واتە حکومەتا

عێراقێ پابەندە و حکومەتا ناگەندی پابەندا ب ماددا دەستووری هەروەکو چەوا ساڵە (2008) کوســـوڤو ل ســـربیا جودابیت دەولەتا ســـربی داخازێ مەحکەما عەدلیی دەولی کر کو ڤێ ریفراندۆمی هەڵوەشـینی چنکی تاك لایانە بیت، پشـتی دوو سـاڵە سـاڵا (2010) مەحکەمێ ئەڤ بریارا دا (القانون الدولى العام لایتظمت اي حضر ساري مفعول لاعلان الستقلال)، واتە هیچ لێکەوتەیەکی یاسایی و دەرهاوێشتەك نەکەوتیە سەر دەولەتا کۆسوڤو و پشتی هنگی (111) دەولەتا دان پێدا، ئەم داخاز دکەین حکومەتا هەرێما کوردستانێ و بتایبەتی پەرلەمانێ کوردســـتانێ داخاز ل مەحکەما دادیا نێڤدەولەتی بکەتن کو هەمان رێکارا بگریتە بەر و ڤێ فەتوایێ بو وان دای بو هەرێما کوردســـتانێش بداتن، خاڵەکا دی کو ئەم داخازێ نەتەوەیێن ئێکگرتی بکەین و کومەڵگەی نێڤدەولەتی یوئێن و کۆمەلگەی عەرەبی و جیهانی و هەمیان کو ئیعترافێ ب ریفراندۆما مە بکەن، دەولەتییێت هەمی جیهانێ داخازا فەرمی لێ بکەین کو پاڵپشـتیا مە بکەن کو هەمان دەمدا داخاوێت بکەین بێنە سـەر خەتێ ئیشـرافێ بکەن ل ڤان دانســـتاندنا دگەل بەغدا ب تایبەتی ئەمریکا و بەریتانیا و فەرەنســـا و ئومەلموتەحیدە بێنە سەر خەتێ، خاڵەکا دی، پێویستە حکومەتێ هەرێمی کورد ستانێ دەنو ستاندنا دگەل بەغدا دەســـت پێ بکەت و ب جدی دگەل تورکیا و ئێرانێ و گرنتیەکا ئەرێنی بدەینە ئەوان کو فیعلەن ئەم هەرەشـە نین ل سـەر ئاسـایشـا نەتەوەییا هیچ دەولەتەك، بەلکو مە پێت دڤین بژین ب شـێوەکا ئاشـتیانە وەکی دوو دەولەتێت ئاشـتی پێکڤە، خاڵەکا دی ، بەحسـی ئەوە بکەم بەرهەڤیەکا نیشــتیمانی و کودەنگیەکا نیشــتیمانی کو گەلەك هەڤالێت مە بەحس کر ئەز تەئیدا خۆ دکەم، ب تایبەتی ئەم داخاز دکەین ئەز هەالێت مە ئەڤێت کو ناو پەرلەمانی حـازرن داخـازێـت بکەین کودەنگی نیشـــتیمـانی چێ بن، هەروەتڤ بەرهەڤیـا بونیـا تەحتیـا خوراکێ گەلەکی گرنگە، خەلکێ مە چاڤەرێیە داکو بژێڤیا وی چ لێدێت؟ بەدیلێت وی هەم واقیع و هەم یاســایی بێنە چارەســەر کردن بۆ مەســەلێ مەتارە و چەندین بوارێ دیکە کو ئەڤرۆکە هەرەشـــە ل هەرێمی دکەن ژ لایەن حکومەتا ناڤەندی، ل بەر هەندێ من پێت ڤی خاڵە بەحس کەم کو بژێوی هاڤڵاتیا باشـــتر بێتە چێ کرن، پاشـــەکەوتێ مووچەیێ نەمینێ بزوترین دەم، ناڤ هۆلێ دا چەندین نامە بۆمە هاتینە کو فیعلەن بەحسی هەرچەند مەزوعێ مە نیە بەس بەحسێ نەفتا ماڵە، ئەڤ ساڵە حکومەتا هەرێم وەکی پار نەبی بشێت نەفتێ بۆ هاووڵاتیا دابین بکەت، لێرە ئەز داخاز ل سەرۆکاتیا پەرلەمانێ دکەم کو راستی لیژنا دارایی و ئابووری بەهێز بکەت، دوو جەلســە ســەح کەمی نە ســەرۆکێ لیژنا دارایی، نە جێگرێ وی ل هۆڵا پەرلەمـانێ ئـامـادە نینە، ژ بەر هەنـدێ ئەز دبینم پێشـــتڤیـا ئەڤ لیژنێ کـارا بیتن، ب تایبەتی مەســـەلا چاك کرنا بژێوا هاووڵاتیا، ب تایبەتی ئەڤرۆ خاندنا ئێکی بۆ ڤێ پرۆژە نەهێلانا پاشـــکەوتا بهێتە کرن، کو لیژنا دارایی و لیژنا یاســـایی پێ مەعنیە، ب زوترین دەم حکومەتا هەرێما کوردستانێ هەرچەندە کو چەند ساڵە نەشێت دەستکاری بکەتن، جارەکادی ئەم داخازێ ب رێکا سـەرۆکایەتیا پەرلەمانێ دکەم کو داخازا حکومەتێ کوردسـتانێ بکەن کو فیعلەن جارەکا دی چاڤێ خو ب پاشـەکەفتێ مووچەیی بخشـینتەڤە و نەهێلیتن، خاڵەکا دی ناحیا ئیسـتیعداد و بەرهەڤیا دەسـتووری ئەڤەیە کو من پێ باشـە ب شـێوەیەکی یاسـایی و دەســـتووری ئەم هەمی وان بریارێت ئەنجومەنێ نوێنەرانێن عێراقێ و حکومەتا ئیتیحادی هەروەك سێ بریارێ دا ئەنجومەنا وەزاریا بۆ ئاسایشا نەتەوەییا عێراقێ کو ئێك ل وان ببریارا بەحسـی راودینان و موڵاحقێت وان کەس ئەوێت ریفراندۆم ئەنجام دای، راســـتی ئەڤەش بریارەکا ستەمکارییە دەرحەقێ وان کەسێ داخازا مافێ خۆیت چارەنڤیسا رەوا دکەن، ل بەر

هندێ ئەز پشـــتەڤانیا وان بەرێزا دکەم ئەوێت بەحســی خالّا دەســـتووری کری ب تایبەتی ماددێ (121) خالّا دووێ کو دەستەلّاتا هەرێمێیە کو هەر یاسایەکا ل حکومەت و پەرلەمانێ ناوەندی دەرچیت ئەم هەموار بکەینەڤە، هەرچەندە ئیحتیمالە جێی هندێش نەبیتن، بەس دووبارە تەئکید دکەم کو ئەم زانین چەندین پێشـێل کاریەت دسـتووری ل دەسـتوورێ عێراقا فیدرالّ هاتینە کردن قیبەلێ حکومەتا نـاوەنـدی هاتینە کرن، کو دێنە تەخمین کردن نزیکی (55) ماددەنە، ئێك ل وا ئەم زانین ماددا (121) ل ســێیەم کو دابین کرنا بودجێ هەرێما و پارێزگاها کەویتە ئەســتۆیێ حکومەتا ناوەندی، ئەم دزانین هەیڤا دوو ل (2014) ئەڤ خالّە جێ بەجێ نەکریە، واتە پێشـێل کاریا دەسـتووریە، ل ماددا (125) دامەزراندنا دەسـتا مافێن هەرێمی بۆ بەشـــداریا دادپەروەرانە دەســـتەلّاتە ئیتیحادیدا، ئەڤەش نەهاتیە دامەزراندن، هەواتیڤ ماددا (106) دامەزراندنا دەستا چاڤدێریا داها.........

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی- جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر کورت بکرێت ئەو پێشێلکاریانە زۆرن باسیان ئەکەی.

**بەرێز بەهزاد دەروێش:**

.....بەحســێ هەمی نەکریە بەرێز ســـەرۆکی پەرلەمان، ماددێ (106) ئەڤە ل هەمیا گرنگترە، ئەم بێژین ئەنجومەنی ئیتیحادی کو ئێك ل دەســـتەلّاتێ تەشـــریعیە، دیڤ ماددێ (48) بۆ هاوسەنگیە، ئەڤەش نەهاتیە دانان.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی- جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بەهزاد ئەڤێ تە نقیسی تەسلیما لیژنێ یاسایی بکە.

**بەرێز بەهزاد دەروێش:**

من دڤێت دمایەت ب مەســەلێ دەســتووری ئینشـــاللە تەقدیم کەم، بەلّام هندەك خالّا من هەی نەیەت بەحس کرن، یەك ژوان ئەنجومەنێ نوێنەران کو ئەمردا قوەتێـت خۆی ل کەرکوکێ و ناوچەی تەنێ کوردستانی دەستەلّاتێ بگەرنە بەر، ئەڤە پێچەوانەی دەستوورییە دیڤ ماددا (9) خالّە ئێکەم (أ) کو ئەڤە خیلّالەکا سیساسیە، ل ماددێ (140) کو ئەڤ ناوچە ب راپرســـیە بێنە ئیکلّا کرن وەك راپرســـیا هاتیە کرن کو وان دەڤەرا خۆشـــبەختانە رێژەیەکا زۆر دەنگ دا، هەروا ب نیســـبەت خالّە گومرگی ژ تەئکید بەحس کری ل ماددا (114 ، 115) ، ب نیسەبت ماتاراتا فرۆکەوانە ئەم پشتەڤانیا هەمی وان وەلّامێت.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی- جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر لەوانە دووبارەنە.

**بەرێز بەهزاد دەروێش:**

بەس ئیکا دی من ماددی (44) بەحس نەکری ژ دەســـتوورێ بەحســی (حریە التنقل والســـفر داخل و الخارج العرق) دکەتن، براســتی ئەڤە پێشـێل کردیە کو ئەڤ مەتار هاتیە رێگری کرن، دیڤ ماددا (44) یا دەستووری، سوپاس.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی- جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو خالّی دی کو تە بەحس کری بە سوپاسەوە بێنە پێشکەش بە لیژنەی یاسایی بکەن، بەرێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی بە ئیجازە و بە کارێك چۆتە بەشداری کۆنفراسنسێك لە دەرەوەی ولّات، کاك بەهزاد مەسەلەیەکی وروژاند، مەسەلەی پەسند کردنی ئەنجامەکانی ریفراندۆم ئەوە لە رووی دەستووری یاسایی ریفراندۆم پەسند ناکرێ، خۆی سەروەری تەواویان هەیە، بەلّام دادگای تێهەلّچوونەوە لە تانەکان ئەکۆلّێتەوە و وەلّامی ئەدات، فەرموو مونا خان.

**بەرێز مونا نبی قهوچی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی سەرکەوتنی ریفراندۆم لە سەرجەم پێکهاتەکانی کوردستان پیرۆز ئەکەین، دەست خۆشی لە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی ئەکەین کە ئەزموونی باشی تۆمار کرد لە هەرێمی کوردستان، سەبارەت بە بڕیارەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ژمارە (55) ی ساڵی (2017) ئێمە وەکو فراکسیۆنی چاکسازی تورکمان هەموو ئەو بڕیارانە لەلایەن حکومەتی عێراق و نوێنەرانی عێراق ئەنجام دراو بڕیاری لەسەر درا پێچەوانەی دەستوور و نایاسایییە، رەتی ئەکەینەوە، داوا لە حکومەتی عێراق ئەکەین بە هیچ شێوەیەك نەچێتە پاڵ ئەو بڕیارانە بۆ جێ بەجێ کردن، چونکە جێ بەجێ کردنی ئەو بڕیارانە لە بەرژەوەندی هیچ لایەنێك نیە، بەڵکو زیان ئەگەیەنێ بە هەردوو لایەن، ئێمە پشتگیری خۆمان دووپات ئەکەینەوە لە راگەیاندراوی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سوپاسی هەڵوێستی بەڕێز سیستانی ئەکەین کە مەرجەعی باڵایە، توانی نێوانگیری بەرامبەر ئەو کێشانە بکات، داوای لە عەبادی کردووە هەموو کێشەکان بە رێگەی دیالۆگ چارەسەر بکرێ، ئێمە داوا لە وڵاتە زلهێزەکان بە تایبەتی لە ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نێوەنگیر بن لە چارەسەر کردنی ئەو کێشانە، چونکە ئەنجامدانی پرۆسەی ریفراندۆم و ئەو سەرکەوتنەی لە کوردستان بەدەستی هێنا بە هیچ شێوەیەك تاوان نیە، بەڵکو پرۆسەیەکی سەرکەوت و مێژوویەکی لە لاپەرەی خۆی تۆمار کردووە، ئێمە پێکهاتەی تورکمان لە زۆر راگەیاندنەکان بۆ ئەوەی روون بێتەوە کە لە بەشی راگەیاندنی عەرەبی وا روون بۆتەوە پشتگیری ئەو بڕیارانەی کردووە لەلایەن حکومەتی عێراق و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پەسند کراوە، بەهیچ شێوەیەك راست نیە، تورکمان پشتگیری ئەو بڕیارانە ئەکات کە خزمەتی پێکەوە ژیان و خزمەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەکات، ئێمە داوا ئەکەین لەو وڵاتانە رێز لە بڕیاری گەلی کوردستان بگرن سەبارەت بە دەسن نیشان کردنی مافی چارەنووسی خۆیان، ئەمرۆ پەرلەمانی کوردستان و وڵاتانی دراوسێ و ناوچەکە دڵنیا ئەکاتەوە ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان بە هیچ شێوەیەك مەترسی نیە بۆ سەر هیچ وڵاتێك، بەڵکو هەرێمی کوردستان هەموو کاتێ فاکتەری ئاشتی و ئارامی ناوچەکە بووە و بەردەوامیش ئەبێ، سەرکەوتن بۆ پێشمەرگەی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی- جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو خاتوو ڤیان.

**بەڕێز ڤیان عباس عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتەڤانیا کاك زانا دکەم دەربارەی بابەتێ ترساندنێ خەلکێ، ژڵاێ ژمارەکا نوخبێ دێتە کرنێ لدەڤەرێ هەندەك دەزگایا راگەیاندنێ، کو رۆلەکی خراپ هەیە، لزراندنا هەندەك بابەتا دا. هەردیسان داخازین پتر روو لە لیژنا پەیوەندیان و رەڤەندا کوردی بێتە دان، هەمی بڕیاری حکومەت و پەرلەمانێ عێراقی راتدەکەین دەربارەی راگرتنا گەشتێن ئاسمانی هەفکارێت مە بەڕێز بۆچونێت باش هەبوون، چونکە مە نەهێڵان بێژین، پشتەڤانیا لێ دەکەین، من پرسیارەکا هەی ژ جەنابێ وەزیرێ دەزانم جەنابێتە بتێر وتەسەلی بەحسی بابەتێ کرن، بەلێ وەك وەزارەت پێشنیارێ وە چنە؟ دچ رێیەکن یاسایێ هەبن، و دیسان چ شێوەیەك هەندەك فشارێ پەیدا کەن، بەڕیزان من پێشنیارەك هەی بۆ پەرلەمانێت کوردستانێ، پێشنیار دەکەم بەڕێز بەرپرسی فەرمانگەهە پەیوەندیا دەرەوەی بێتە داخاز کرن بۆ پەرلەمانێ کوردستانێ، بۆ هەندێ بزانین بۆچوونێن وڵاتێ دەرڤە و ئەو قونسولخانە لە هەرێمی کوردستانێت هەین، سەبارەت گەڤێن عێراقی و دیسان مومارەسەی شەرعیا

خەلکێ کوردســـتانێ بۆ مافێت خۆ کا بەچ شـــێوەکا لدەرەڤە بکەین، ژبەرکو بەراســـتیا ئەو تەصـــریحێت هەتانوکا بێنەدان وەزیرێ راگەیاندێت مە بوین، و دیســـــان هەر دەزگایەکا راگەیاندنێ بەشـــێوازەکا جودا، بەشـــێوازێکی بلاڤکریا ژ دەزگایەکی یا ژ ســـــایەتەکی دی، گەلەك سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ڤیان خان، خاتوو فیروز فەرموو.

**بەڕێز فیروز طە عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی پشتەڤانیا ئاخافتنا بەڕێز کاك شوانێ دکەم، کە رۆژەك دیار بکەین بۆ سەربەخۆیا کوردستانێ، هەروەکی 9/25 هاتیە دیارکرن بۆ ریفراندۆمێ، چونکە میللەتێ مە دیارکەر لە 9/25 بۆ هەمی جیهانێ کە شایستەی سەربەخۆییە، هەروەصا پشتەڤانیا ئاخافتنێ ڤیان خانێ دکەم، بەڕێز ســــەرۆکی پەرلەمـانێ گومـان تێـدا نییە کو عێراق ژڵایێ دەولەتێن ئەقلیمی ڤە دێنە رێڤەبردن، ژبلێ هەرێمی کوردســـتـانێ، و دژایەتی کردنـا پرۆســــا ریفراندۆمێ ئەجندا وانە، زیاتر و مەرامێت وان وێ خراپ کرنا هەرێما کوردستانێ پشکەکا ژ نەخشـــا وان، و ئەڤ جەندا ناهێن لە ئەنجامدان ژ بەر یەك ریزیا گەلێ مە و ســـیاســـەتا حەکیمانەیا سەرکردایەتیا کورد ستانێ، پەرلەمانێ عێراقێ و ئەنجومەنێ وەزیرانێ عێراقی، تەنێ بکوردانێ ئازایا، ویاسا و بریارێ وان تەنێ دژی کوردانە، هەر لێ بڕینا نان و مووچە و بودجەی هەرێمی کوردســـــتانێ، و ئیقالە کردنا وەزیرێت دارایی کو بڕیارەکا شـــوفێنی و زاڵمانە بوو، هەروەصا یاساکرنا حەشدی شەعبیا زۆرەکەم، و پێشمەرگا پشکەکا ژ رێکخستنا بەرگریا عێراقێ و ئەڤ هەمی قوربانیانا داین و ســــەرەرای وێ چەندێ وێ هیچ نەهاتیە کردن، بلا بهێن لیژنا تەقەصی حەقایق یاکەفتنا میصـل دیاربکەن، کو مالکی چ پرسـیارەکی عێراقی ئینە و کەس نییە یان نەوێرن ڤێ دوســـیەت لڤێ نینن، ئەڤ پەرلەمانا یا عێراقی وەکی بێژان بـانێکە و دوو هەوا، وە مە بـاوەری پێ نەمـایە کو خـاصــــەتێت هەرێمی دە عێراقەکا یەك پارچەدا چ چارە سەر ببیتن، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانێ بەری سێ ساڵە وەکی بودجە و مووچە و نان لە خەلکێ کوردســـــتانێ هاتینە بڕین ژ لای عێراقێ ڤە مە نەدیت چ لایەنێ سیاسیێ عێراقی، یان چ حزبێن عێراقی، یان رۆیشتنەکا پەرلەمانێ بێتە ئەنجامدان، پەرلەمانێ عێراقی، سەرهەندێ هەبێت و ئەصلەن بەحسیش بکەن، بەلێ نوکە کو خەلکی کوردستانێ بڕیارا خۆی دا بۆ دیاریکرنا چارەنوسا خۆ، و بەسەرکەفتی ریفراندۆم ئەنجامدا، نوکە هەمی هاتنە دەنگ و بوونە برا، و چەند بریاردەرێ ریکخســـتن دژی کوردا و هەرێمی کوردســــتـانێ، پەرلەمـانێ عێراقێ، پەرلەمـانێکـا هەتـا نوکـا یەك بڕیـارێ دروســـتیش بۆ بەرژەوەندیا خەلکێ عێراقێ نەدایە، و بەلێ پەرلەمانێ عێراقێ دیارکر کو بڕیارا ریفراندۆمێ بۆ سـەربەخۆیا کوردسـتانێ بڕیارەکا تەندروسـت و زۆر یا راسـت بوو، لە دیماهێکی ئیدانە وان هەمی بڕیـار دکەین، کە لەپەرلەمـانێ عێراقێ و ئەنجومەنی وەزیرانێـت عێراقی دەرکەفتێ و رەد دەکەینەوە ئەو بڕیارە نەدەســـتووریا و نە یاســـایی، و داخازێ دکەم کە دیالۆك و گفتوگۆ دەســـت پێ بکەنەڤە نا بەنیا هەرێمی کوردســتانێ و عێراقێ داکو ببینە دوو جیرانێت باش، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز فیرۆز خان، کاك سەعید مەصیفی فەرموو.

**بەڕێز سعید محمد سعید (سعید مەصیفی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو وڵاتانەی کە هەن یان بەشــۆرشــی چەکداری یان بە ریفراندۆم بنیات نراون، دیارە ئێمەش گەلی کورد هەمیشــە پێی بــاش بووە بە گفتوگۆ لەگەڵ عێراق چــارەســەری کێشـەکانی بکات، بەڵام هەمیشـە عێراق لە کاتی لاوازبوونیدا داوای گفتوگۆی کردووە ولە کاتی دەســـەڵاتی هێزی بۆ گەڕاوەتەوە بۆ گفتووگۆی وەلاناوە و پەنای بۆ هێزی جەکداری بردوە ئەوەش لە ســاڵانی (74 و 83)دا دیار بوە بۆیە گەلی کوردیش درێژەی بە شــۆرشــی جەکداری لە بەرامبەر بە رژێمی دیکتاتۆری عێراق بۆ وەرگرتنی مافی رەوای گەلەکەی کە لە پێناویدا زیاتر لە دووســـەد هەزار شـــەهیدماندواەو کە بە ئەنفال و کیمیا باران کراوین و زۆربەی شــارۆچکەو دێهاتەکان وێران کران و ئەو بەرپرســانەی ئێســتای بغدا پێکەوەبوین لەگەڵمان لە نزیکەوە ئاگاداری سەرجەم ئەو زوڵمانەن کە بەرانبەرمان کراون سەرەرای ئەم هەموە زیانانەش لە دوای ســاڵی (2003) پێکەوە بڕیارمان دا عێراقێکی دیموکراســی بنیاد بنێین پێکەوە بە تەوافق دەســتووری کۆماری عێراقمان نوســیەوەو کەجی ئێســتاش ئەم هەڤاڵانەی دوێنێمان لە حوکمرانی عێراق بەهەمان شــێوەی پێشـــوو دەســـەڵاتیان بوو دەستوریان پێشـێڵکرد بۆ بەرژەوەندی خۆیان دژی مافی گەلی کورد بەم شـێوەیە، ئەوەی پەرلەمانی عێراق و سـەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق ئەیکات پێشـێڵکردنی دەستوری کۆماری عێراقە بە پێی ئەم ماددانە.

لە مـاددەی یەکـدا هـاتوە رژێمی حوکمرانی تێیـدا کۆمـاری نوێنەرایەتی پەرلەمـانی دیموکراسـیە کەواتە هەرەشـەکانی حکومەتی ناوەند نا دیموکراسـیە لە ماددەی (9)بڕگەی (1)ئەلف هێزەکانی عێراق نابێتە دەزگایەك بۆ داپڵۆسینی گەلانی عێراق و دەست وەرناداتە کاروباری سـیاسـی، بەڵام ئەوان داوای هێز جولان دەکەن بەرەو ناوچەی دابڕێندراوەکان بە هەمان شێوەیان بابەتی فرۆکە خانە خاڵە سنوریەکان دەسەلاتی هاوبەشن واتا دەسەڵاتی تایبەت نین بە حکومەتی ناوەندی، چونکە دەسەڵاتە تایبەتەکان لە ماددەی (110) بە روونی هاتووە و لە ماددەی (114) دەستور دەسەڵاتە هاوبەشەکان ئاماژەیان پێوە کراوە هەروەها لە ماددەی (121) بڕگەی (2)دا هاتون حکومەتی هەرێم مافی هەموارکردنی جێبەجێکردنی یاســـای فیدراڵی هەیە لە هەرێم، بۆیە دەکرێت ئێمە یاســـاو بڕیارەکانی ناوەند هەمووی وەك خۆی جێبە جێ نەکەین بەرێزان پەربەمانی هەرێمی کوردســـتان بڕیاری ژمارە (11)ی ساڵی (1992)ئەو پرسەی یەکلاکردۆتەوە کە هەر یاسایەك لە دوای (23-10-1992) لە ناوەند دەربجێت لە هەرێمی کوردســـتان بە کار نایەت تاوەکو بریاری ئینفازکردنی بۆ دەر نەجێت، بەڵام ئێمە هەردەم پێمان باش بوە پێکەوە بین سـەرەڕای ئەوەی پەرلەمانی بغدا و لایەنی جێبەجێکـار جەنـدین پێشـــێڵکـاری دەســـتوریـان کردوە کە یەك لەو مـاددانە مـاددەی (140)دەبوایە لە کۆتایی مانگی (12)ی (2007)جێبە جێکرابایە، بەڵام ئەندامانی پەرلەمانی لە پەرلەمانی بغدا و ئۆپۆســـزیۆنەکانیان بەوە دەنگ کۆ دەکەنەوە کە ئەوان بونە هۆکار ماددەی (140) جێبەجێ نەکرێت، بەڵام ئێمە هەردەم ناکۆکیەکانمان بەلاناوە پێمان باش بوە پێکەوە پشـــتیوانی یەك بین بە جێبە جێکردنی دەســـتوری کۆمـاری عێراق ،بەڵام لە ئێستاشدا پێویستە.

1-ســـەرکردایەتی ســیاســی لە ناوخۆدا بەتەواوی کە یەکەم جار ئەو پرســـەی ریفراندۆمان جێبەجێکرد ،بەڵام ئێستاش دانوساندن بکەین هەموو گەلی کوردوو سەرکردایەتی سیاسی یەك دەنگ بین بۆ ئەوەی پێکەوە قۆناغی دووەم تێپەرێنین و لە ئێســـتاشـــدا نابێت ئێمە دەرگای گفتووگۆ دابخەین پێویستە گەلی کوردوو سەرکردایەتی سیاسی کورد هەنگاو بنێ بۆ گفتووگۆ لەگەڵ حکومەتی عێراق و لەگەڵ ئێران و تورکیا و زۆربەی وڵاتان بە هاوکاری

هاوپەیمانان بۆ ئەوەی بڵێین ئێمە هیچ غەدرمان نەکردوە و داوای مافی گەلی خۆمانکردوە بۆ دیموکراسی کە لە دەستوری هەمیشەیی عێراقدا هاتوە سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

سوپاس بۆ سەعید مەسیفی، بەڕێزان تێبینیەك هەبوو کە چۆن داوا دەکەن قسە ئەندامانی پەرلەمان سەبارەت بە ئیدارەی جەلسات لە پەیرەودا ئەم مەسەلە وا کراوە یعنی دەستەی سەرۆکایەتی خۆیان ئەو رێگایانە دەگرنە بەر، بۆیە ئەوان بە پێویست دەزانن یاعنی حەدی نەبوە لەبەر ئەوە من و بێگەرد خان پێکەوە بە هاوکاری ناوەکان خۆی تۆمار دەکات کە ئەو ناوەکانی تۆمارکرد ئەو باشتر دەزانێت کە نۆرەی کام بەرێزە قسە بکات، لەبەر ئەوە لە پەیرەودا دەستەی سەرۆکایەتی سکرتێر و جێگری سکرتێر و سەرۆکی پەرلەمان سەرۆکی دانیشتنەکە بە هەمەهەنگ مەسەلەی ئیدارە دەکەن و دڵنیامە ئەو شێوازەی ئێمە بەکار دێنین ئێستا ئەو باشترە، چونکە پێشتر کە سکرتێر ناوی دەخوێندەوە هەندەك پێش دەخستن یا پاش دەخستن خۆی ئێستا باشتر زەبتی دەکات و هاوکارێکی باش دەبێت بۆ ئەوەی سەرۆکی ئیدارەی جەلسە سەرۆکی پەرلەمان بتوانێت باشتر دەرفەت بە ئێوەی بدات هەر گوتم بۆ ئاگاداری .

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد شوکرالله – سکرتێری پەڕلەمان:**

فەرموو گەشە خان.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

بەلێ فەرموو گەشەخان.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جارێ من پرسیارێکم لە بەڕێز لیژنەی یاسایی هەیە پێرێ دانیشتنێکی لیژنەی یاسایی کراوە ئیتر نازانم ئایا لیژنەیەکی تایبەتە لە کاتێکا کە پێویستە لیژنەی تایبەت لە ناو هۆڵی پەرلەماندا بڕیاری لێ بدرێ و لاحێك ئامادەکراوە و ئەگەر لیژنەی یاسایی خۆشی ئەو کۆبونەوەیەی کردوە من ئەندامی لیژنەی یاساییم پێم نەوتراوە کە بێم ئامادەی کۆبونەوە بم وەلامێکی یاساییم دەوێت زۆر سوپاستان دەکەم.

بەرێزان سەبارەت بە ئەو کاروبارەی ئێمە دەیکەین و جەند جەلسەیەکی پەرلەمان بەرێوە چوە وابزانم ئەوە سێیەم جەلسەیە پێم وانیە تا ئێستا پەرلەمانی کوردستان کارا بۆتەوە ،چونکە کاتێ ئێمە کێشەی سەرۆکایەتی هەرێمان هەبوو لە (19-8)بڕیاری درێژکردنەوەی لیژنەی دەستووریمان ئەبوایە هەبوایە کە پرسێکی گرنگ بو هاتینە سەر پەیرەوی ناوخۆ لەبەر ئەوەی پێویستی بە بڕیاری سەرۆکی هەرێم نیە و ئێستەش بۆ پرسێکی وەکو ریفراندۆم نەمان توانی نە یاسا نە بڕیار دەر بکەین بەڵکو راسپاردە بوو ئەمە ئەوە ئەگەیەنێت کە پەرلەمان هێشتا نەهاتۆتە سەر کاری راستەقینەی خۆی، چونکە گرنکی کرد پەرلەمان لە سیفەتە ئیلزامیەکەیدایەتی واتا ئەبێ لایەنی پەیوەندیدار حکومەت مولزەمبکات بە جێبەجێکردنی بریارو یاساکانی، تا ئێستا ئەمە پێم وایە ئەمرۆژ بە راسپاردە دەرچین و ناکرێ ئەمە ئەم کێشەیە بە هەڵ پەسێردراوی بمینێتەوە، پێویستە بابەتی سەرۆکایەتی هەرێم ئەو کێشە سیاسیە یاسایە چارەسەر بکرێ و بە تەوافقی هەموو لایەنەکان و .......

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

ئەو بابەتە بابەتی ئەم دانیشتنە نییە بەرێزتان دەزانن بەرنامەی کار بەرنامەی کارە لادانێك بێت لە بارنامەی کار ناکرێ.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
نا لادان نییە، لەبەر ئەوەی ئیشی پەرلەمان ئیشی خۆیەتی یەعنی ئەگەر سیفەتی ئیلزامی نەبێ پەرلەمان بۆ دائەنیشێ تەنها كۆبوونەوە لە پێناوی كۆبوونەوە لە پێناوی ئەوەی كە راسپاردە دەر بكەین، ئەگەر چی ئەم پرسە پرسێكی گرنگە، گرنگ ئەوەیە ئەو پرسە سیاسیە یاساییە چارەسەر بكرێ و بە تەوافقی هەموولایەنەكان بێت و پرسێكی یاساییەو چارەسەری یاسایی بكرێت.
بەڕێزان ریفراندۆم كاریگەرترین و دیموكراسیترین وەسیلەی هەموو نەتەوەیەكە كە بەكاری بێنێ نەك لە مووعاهەداتی دەولیا بە هەموو ئیتفاقاتی دەولی و ئیجماعی دەولیشی لەسەرە كە دیموكراسیترین وەسیلەیە كە پێویستە هەر گەلێك لە چارە نوسی خۆی كە دیاری ئەكات بەكاری بێنێ، بەڵام بە داخەوە ئێمە بەهۆی ئەوەی كە یەك دەنگ نەبوین، لەبەر ئەوەی ناوخۆی خۆمان كۆدەنگیەك نەبوو لەسەر ئەو بابەتە، ئەگەر چی یەعنی كۆدەنگی چی ؟ تۆ لە كۆتایەكەیدا هەندێك لایەن هاتە سەر ئەوەی كە بڕیاربدات بە بەڵێ یا بە نەخێر یا بە لایەنێكی ترۆ بەلێ لە سەعاتەكانی كۆتایدا و بارودۆخی گوزەرانی خەڵك كە بەشێوەیەكە نەبوە هۆی كۆدەنگی لەسەر ئەو مەسەلەیە لە سەدا (50)ی خەڵك دەنگی دا هەڵەبجەی شەهید دەنگی نەدا و كە باسی لە سەدا (92)دەكین (92)لەسەدا(50)یە، بۆیە دەكرا ئەم كارتە زۆر بە بەهێزتربە پێستر بەكار بهێندرایە لە كاتی خۆیا و سیاسەتێكی واقعتر بینانەو حەكیمانەترمان هەبوایە و رای نێودەوڵەتی بەهەند وەر بگیرابایە بۆ ئەوەی ئەو كارتانەی ئێستا بغدا بەكاری دێنێ بەرانبەرمان ئەگەر چی بڕیارەكانی كە ئەو پەڕی شۆفێنیانەیە ئەوپەڕی تاك رەوانەیە ئەوپەڕی دووژمنكارانەیە، بەڵام دەكرا ئێمە ناوخۆی خۆمان زۆر جوانتر رێك بخەین و سازی بدەین، بۆ ئەوەی كە بە رێژەیەكی زۆر باش بجین بەرەو پیلی ریفراندۆم و مەسەلەی ئەوەی كە ئێمە بەداخەوە گەیشتوینەتە دۆخێك ئەو كارتانە ئەبێ بگەرێینەوە پێش (2014) كە ئێستا عێراق بەرامبەرمان بە كاری دێنێ، ئایە ئێمە پاشە كشەمان نەكردوە لەگەڵ هەموو ئەو دەر ئەنجامە بە داخەوە كە هاتوین ئێستا ئەمرۆ لە پەرلەمان قسەی لەسەر بكەین پێویستمان بە ئەوەیە كۆدەنگیەك هەبێ و لیژنەیەكەی دانوستانكار دروست بێت لە خەڵكی دەرەوەی پەرلەمان و لە ناو پەرلەمان لە خەڵكی دیپلۆماتكار زمانزان خەڵكی ئیداری قانوونی تا لەگەل ناوەندا سەرپەرشتی هەر لایەنێكی نێو دەوڵەتیە دانیشێ و بۆ ئەوەی دەسكەوتی زیاتر بۆ گەلی كورد بە دەست بێ و زۆر سوپاس.
**بەڕێز/جعفر ابراهیم ئێمنیكی – جێگری سەرۆكی پەڕلەمان:**
سوپاس بۆ خاتوو گەشە دارا، هەر دوو تێبینی دەدەم ئینجا داوا لە بەرێز سەرۆكی لیژنەی یاسایی دەكەم وەڵام بداتەوە.
یەكەم: ئەنجامی گشتپرسی كوردستان پێویستە وەك و خۆی باس لێ بكرێتن كە بەژداریەكە (72)بوە و ئەنجامەكانیش (92 كۆما 74) بە نەخێرەكە (7كۆما 20 ) بوو شتێكی وا بوو ئەمە ئەنجامی ریفرادۆمە و داوا دەكەین ئەندامانی پەرلەمان لەو بوارەوە ورد بن و ئەو بابەتە وەك خۆی بگێرنەوە.

مەسەلەی تر پەرلەمان کارایە کارا نییە، هەر ئامادە بوونی بەڕێزتان لیرەدا نیشانەی ئەوەیە کە پەرلەمان کارایە، داوا لە د.ڤاڵا دەکەم ئەو بابەتەی ئاراستە کراوە بۆ لیژنەی یاسایی و وەڵام بداتەوە فەرموو.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵام دانەوەی گەشە خان کە ئەندامە لە لیژنەی یاسایی و کەمترین حزوری هەبوە لە کۆبوونەوەکانی لیژنەی یاسایی، هیوادارم لە کۆبونەوەکانی داهاتوودا ئامادەیەکی باشی هەبێت لە کۆبونەوەکان لیژنەی یاسایی، هیچ کۆبوونەوەیەکی نەکردووە و لیژنەیەکی راوێژکاری دروستکراوە لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کە یاساین لە بەڕێزان لە مستەشارەکانی پەرلەمان کە یاسایین بە هاوکاری حکومەت سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران بەڕێز د.ئامانج و بەڕێز فرسەت ئەحمد کە چەند پێشنیارێك و چەند بابەتێك بخەنە بەر دەستی ئێمە بۆ ئەوەی دوای ئەوەی کە ئەندامانی پەرلەمان گفتووگۆیەکی کراوە لەسەر بابەتەکە دەکەن ئینجا لەبەر مەبنای ئەوەی کە حکومەت پێشکەشی کردوە ئەوەی کە مستەشارەکان پێشکەشیان کردوە و ئەوەیش کە ئەندامانی پەرلەمان دەیلێن لەبەر مەبنای ئەوان چەند خالێێك ئامادە بکرێت و خاڵەکان بدرێنە دەنگدان واتا نە لایحە نوسراوە و نە لیژنەی یاسایش هەیچ کۆبونەوەیەکی کردوە تا ئەندامانی لیژنەی یاسایی ئاگادار نەبن زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز د.ڤاڵا، خاڵی نیزامیە ؟ وەڵام دانەوەی تیدا نەبیت تکایە.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من حەقێکی خۆمە کە د.ڤاڵا ئەڵێ گەشە زۆرترین غیاباتی هەبوە ، حەز ئەکەم دەفتەری حزور بێنێتە ناو هۆڵی پەرلەمان کە من زۆرترین غیاباتم هەبوە بۆ ئەوەی ئیسپاتی کا.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

فەرموو دکتۆرە ڤاڵا.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە حزوری لیژنەی یاسایی بۆ بەڕێزتان دەنێرین، سەرۆکایەتی پەرلەمان سەیری بکەن و کارەکەی یەکلا بکاتەوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

سوپاست دەکەین، سوپاس بۆ ئێوە گفتووگۆیەکان بەردەوام دەکەین فەرموو مامۆستا غەریب.

**بەڕێز غریب مصطفی حمە خان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمڕۆ (10)ی محرمە، ئەوڕۆژەیە کە ستەمکارێکی مێژویە فرعەون تیایدا خنکاو گەلێکی چەوساوە لە بەندی قەفەسی کۆیلایەتی دا دای لەشەقەی باڵ و هەوای ئازادی هەڵمژی نەخشەبێ لە گەلی کوردستان بە پێویستم ئەبینی زۆریش ئەمڕۆ جەنابی سەرۆکی حکومەت و هەندێ وەزیری پەیوەندیدار لەگەڵ جەنابی کاك دکتۆر ئامانج و کاك مولود ئامادەبونایە بە تایبەت وەزیری ناوخۆ و وزیری سامانە سروشتیەکان و وەزیری بازرگانی

تەنانەت ئەگەر پەرلەمانیش داوای نەکردایە پێویســـت بوو ئەنجومەنی وەزیران خۆیان پێشنیازیان بکردایە بەهاتبانایە پەرلەمان ،چونکە ئەم بابەتە بابەتێکی یەکجار هەستیارە.
خاڵی یەکەم: بەژداری هاوڵاتیان بەو دڵگەرمییەی کە بینیمان لە ریفراندۆمان جێگەی نرخاندنە و دەســتخۆشـــیان لێ ئەکەم و بەراســـتی حکومەتیان قەرزداربارکرد و ئەرکی حکومەتە کە بە زوترین کات ئەرکی سەرشانی ئەوان سوك بکات کە زۆر قورسە بە لابردنی پاشەکەوتی مووچە.
خالی دووەم: ئەو فتوایەی کە جەنابی ســیســـتانی لەم نیزیکە دای کە خوێنی کوردی حەرامکرد و ئەو داوایەی لە حکومەتی عیراقی کردی کە مافی برا کوردەکان بگێرێتەوە خۆی دانان بوو بەوەی مافی کورد ژێرپێکراوە جێگای نرخاندنە داوا ئەکەم پەرلەمانی کوردستان سوپاسنامەیەکی ئاراستە بکات .
خاڵی ســـێیەم: ریفراندۆم لە (25-9)کراو لە ســـەدا (92)دەنگی بەژدارانی هێنا بەڵام، ئەو گشت پرسیە پلەی یەکەمی ئەو پەیژەیە کە ئێمە پێمان سەرخست هێشتا چەند پلەیەکی تر ماوە تا بمانگەیەنێتە سەربانی سەربەخۆیی، ئێمە بە گشتپرسی نە کوفرمان بە ئایەتی خوا کرد، نە هیچ یاســـایەکی نێودەوڵەتیمان ژێر پێ کرد، بۆیە نابێ بە هیچ باجێك کە لەو پێناوەیا بیدەین پاشە کشەی لێ بکەین و پاشە کشە خوا نەخواستە کارەساتێکە گەورەترە لە روخاندنی کۆماری مهاباد.
خاڵی چوارەم: دیسان ئەگەر جەنابی سەرۆکی حکومەت لێرەبوایە هەندێك پرسیار هەبوو کە پەیوەندیدارە بە ئەوان وەڵامی بدابایناوە وەکو ئەوەی پێش راپرســی چ وڵاتێك بەڵێنی پشتیوانی راپرسی داوە؟ ئەی بۆ ئێستا خۆیان کردووە بە کرەی شەربەت و ئێمەیان تەنیا بە جێهێڵاوە.
دوو: ئەو عەقدانەی حکومەتی هەرێم لە بواری ووزە لە گەڵ تورکیاو روســـیا کردوویەتی عوومقی ئەو عەقدانە چەندەیە؟ ئایە ئەوان ســورن لە پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان وەك لایەنی گرێبەستەکە لەم دۆخەیە.
ســـێیەم: کوا پڵانی ســـەرکردایەتی ســـیاســـی کوردوو ئەنجومەنی باڵای ریفراندۆم بۆ هەنگاوەکانی دوای ریفراندۆم روئیایان چیە؟ پڵانیان ئێستا چیە؟ حیوار لەگەڵ بەغدا بکەین، داوای نێوەند گیری نێو دەوڵەتی بکەین موخاتەبەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکەین یا هەر شتێکی تر.
ئێمە جیمان پێ دەکرێت، ئێمە لە دوای ئەو ریفراندۆمە کە بە داخەوە هەڵوێستی وڵاتانی دونیا بۆ کورد جێی دڵخۆشی نەبوو و لە شوێنی چاوەروانی میلەتی کوردی ئێمەشا نەبوو بۆیە نابێ لە دەرگای تەحەدیەوە وڵامی حکومەتی عێراقی بدەینەوە بە زمانی حیوار بە زمانی لۆژیك بە زمانی یاساو دەستور قسە لەگەڵ حکومەتی عێراقی و پەرلەمانا بکەین نەك زمانی هەڵەشەو نەك زمانی هەرەشە و نەك زمانی پاشە کشە لە ترسی فشەو خشەو کشە (پێمگرتەوە دەرچووم لە دارە دارە رێم گرتەوە رێگای قازی و ئاوارە نامترسێنێ گولەو پەتی سێدارە دەرۆم بە رەو ئاسۆ و بەرەو ئاسۆی روون دەرۆم دەرۆم تا تروپکی رزگار بون) من بە پێویستی ئەبینم ئەم خاڵانە تەبەنی بکرێت.

1- بە پێویســتی ئەبینم بڕیارلە پەرلەمانی کوردســتانەوە دەرچێت بە رەتدانەوەی ئەو بڕیارانەی حکومەتی عێراقی و ئەنجومەنی نوێنەران کردیان گەلی کوردستان دایان.
2- بە پێویستی ئەبینم نوسراوێ لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە ئاراستەی مەحکەمەی عەدلی دەولی بکرێ بۆ دەربڕینی رایان لەســەر ریفراندۆمی کوردســتان کە ئەوان

(22-7-2010) دەربارەی راپرسیەکەی کۆسۆڤۆ ئەم رایان دەر بڕی (ان اعلان استقلالی و حادیە جانیب من جانیبی قسمی من دەولە موقیفون موافیقون للقوانیە الدولیە).

3- داوا ئەکەم پەرلەمان تەبەنی ئەنجامی ریفراندۆم بکا و حکومەتی هەرێم ئیلزام بکا بە جێبەجێکردنی.

4- پەرلەمان لیژنەکانی پەیوەندیەکان و یاسایی رابسپێرێ کە ئەو رێکارانە بگرێتە بە کە ئەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارانەی کە عێراق دای کە سیفەتی سزادانی بە کۆمەڵی خەڵکی کوردستانی تیایە بە تایبەتی فرۆکە خانەکان.

5- بە پێویســـتی ئەبینم نوێنەرانی کورد لە حکومەت و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەردەوام بن لە کارەکانیان و کار بکەن هەم بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە هەم بۆ رەدی مەزڵمە لەسەر ئەم نەتەوەیەی ئێمکە.

6- لەسەر خەت بین لەگەڵ سونەی عەرەب و کوتلە سونیەکان ئەنجومەنی نوێنەران کە دوێنی هەڵوێستێکی زۆر شەرەفمەندانەیان هەبوو ،چونکە سونە نان بڕینی پێ باشترە لە سەر بڕین.

7- بەشێکی زۆری ئاوی عێراق لە کوردستانەوە ئەچێت بۆ ئەوان ئەگەر عێراق هەنگاوی هەڵە هەڵبگرێ بەرامبەرمان و بەردەوامبێ ئەوا خاڵی هێزە لە دەستی کوردستانا، بەڵام بە داخەوە تا ئێستا یاسای ئاومان نییە لە کوردستان، تکا ئەکەم سەرۆکایەتی پەرلەمان لیژنە پەیوەندیدارەکان راســـپێرێ تا لەگەڵ لیژنەی کشـــتوکاڵادا راپۆرتی هاوبەش بە زووی ئامادە بکەین و ئنشاالله بکرێتە یاسا .

8- پشتیوانی کاك دکتۆر فرسەت و مامۆستا هەڵەدنی ئەکەم، بۆ دەرچواندنی یاسای دەروازە ســـنوریەکان کە زۆر پێویســـتە و پشـــتیوانی کاك دکتۆر شـــوان ئەکەم بە دەرکردنێکی لێبوردنێکی گشـــتی بۆ ئەو هەزاران هاوڵاتیەی کە لە زیندانەکاندان و چاوە چاویانە پەرلەمان عافواتێکیان بۆ دەر بکات زۆر سوپاس .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

سوپاس بۆ مامۆستا مڵا غەریب پێنجوینی بەردەوام دەبین فەرموو کاك ئاری هەرسین .

**بەڕێز ئاری محمد عبدالرحیم (ئاری هەرسین):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەوانەیە من ئەو شـــتـانەی من ئەمەوێـت بیلێم تۆزێ جیـاوازی هەبێ لەگەڵ هـاوکـارە بەڕێزەکانماندا، لەبەر ئەوەی لە پێش هەمووشـــتێکەوە جارێ با ئەوە بڵێم ئەم قســـانەی بەندەی موخلیس دەیکا خوتبەیەکی ناسـیوڵاسـی یا قەومی بەر تەسـك نیە ئەو قسـانەی ئەمانەوێت بیکەین لە رەگووریشاڵی لە بۆمباکانی ناپاڵمی حکومەتی عێراق لە شەستەکان لە ئەنفال لە کیمیا باران لە تەبعیس لە تەعریب لەمانەوە هاتوە ، لە پێش هەمووشتێکا بە بۆچونی بەندە ئێمە بەرەو روی کێشـــەیەکی قانونی نەبوینەتەوە لەبەر ئەوەی عێراق وڵا تێکی قانونی نیە ئەوە لە پێش هەمووشـــتێك دوو: هەموو تەرکیزێك کە ئەکرێ لەســـەر ئەوەی کە ئایە چ بەندەیەك هەیە لە دەوڵەتی موتەحیدە نەك ئومەمی موتەحیدە لەبەر ئەوەی کە ئومەی موتەحیدەبوایە ئەبوایە ئەوانەی هەموو میلەتن لەوێ ئەندام بونایە کە وا نیە چ بەنـدەیەك هەیە کە دان بەوەیـا ئەنێ میلەتـانی دنیـا حەقی خۆیـانە ســـاحێبی دەوڵەتی خۆیـان بن ئەو کێشـــەش لەوێوە دەســـت پێ ئەکـات کە وڵاتە زلهێزەکـان یـا داگیرکەرەکان وختی خۆی لەدوای قەرنی (15)وە کە هاتن دەســـتیان کرد بە تاڵانکردنی

جیهانی سێیەم کە پێشەواکەیان بەریتانیا و فەرەنسا بوو شتێکیان دامەزراند دوای خۆیان بۆ چاکردنەوەی ئەو غەڵەتەی کە کردبویان ئەوەی کە مەشـــورەو لەوانەیە هەمووڵایەك بیزانن بڕیاری (15 و 14) دیسێمبەری ساڵی (1960) ئومەموتەحیدە ، بەڵام خوشکوبرایانی بەرێز موشـــکیلەکە ئەوەیە هیچ کەس دان بە تۆیا دا نانێ کە وڵاتەکەت داگیرکراوە کوردستان کۆڵۆنی نییە بە پێی رای گشتی جیهانی بە پێی هەموو قانوونە جوانەکانی کە لە پاریس و لەندەن و فرانگفۆردوو واشنتۆن دەرچوون کوردستان وڵاتێکی داگیرکراو نیە بەشێکە لە عێراق، بۆیە ئەم ئەرۆگ ئانسیەی ئەم لوت بەرزیەی کە ئێستا لە بغدا هەیە بەشێکی بە ئینتر ناشنال کۆمیئنیتی رای گشتی عالەمی لە گەڵیدا شەریکەو بەژدارە لە کۆنەوە نمونەکانیشمان بینی من پێویست ناکا دووبارەو سێبارە قسەی هەندێك لە رەفیقەکانم بکەم ئەوکاتەی کە ئێمە کیمیا باران ئەکراین مەسئولە گەورەکانی ئیدارەی ئەمریکی ئەهاتن دەستیان ئەخستە ناو دەستی سەدامەوە ئەوڵاو ئەوڵایان ماچ ئەکرد، بۆیە ئەوسا چەند داکۆکیان کرد کە خەڵکی کوردستان ئێستاش هەر بایی ئەوەندە بۆیان هەیە قسە بکەن لەسەر سەربەخۆیی کوردستان ئەمە حەقی میلەتێکە ئەوە پێش هەموو شتێك. دوو:لە پێش ئەوەی ئەو دوو مەوزوعەی ئەمەوێ باسی بکەم شتێکی تر هەیە جارێ من لەسەر مەسەلەی هەڵپەساردنی کاروچالاکیەکانی هەردووفرۆکە خانەکانی سلێمانی و هەولێر هیچ قسەیەکم نییە، لەبەر ئەوەی قسەکانی جەنابی وەزیر بە وەکالەت زۆر تێرو تەسەل بون موقنیع بوم بە پێی ئەو زانیاریانەی کە من هەمە هیچ زیادە رایەکم نیە من بیڵێم لە پێش ئەوەی ئێمە هەر بڕیارێ بنێرین هەر مەسجێك بنێرین بە ئادرەسی پەرلەمانی بغدا یاخود ئاغای عەبادی ئەبێت حسابێکی تر لە ناو خۆمانا بکەین، من هیوادارم هیوادارم ئەم نوقتە تەئریخیە ئەو شوێنە بێ کە ئیتر بۆ ئەخیر جار ئێمە کۆ بکاتەوە لە دەوری یەکتری هەر موشکیلەیەکمان لەگەڵ یەکتری هەیە، با هەڵی گرین بۆ دوای دەوڵەت حەز ئەکا دوای دەوڵەت لەم قاعەیا سەرو گوێلاکی یەکتری ئەشکێنین، بەڵام پێش ئەوە نە هەر بە ناویش ئەیڵێم من هیوادارم لە دانیشتنەکانی تری ئەم پەرلەمانەیا خوشکوبرا بەرێزەکانمان لە بزوتنەوەی گۆران و کۆمەڵی ئیسلامی لێرە حازربن، بۆیە هەمومان بە یەکەوە بەژداربین وەکو واجبێکی نیشتمانی بۆ داکۆکی کردن لە کوردستان، ئێمە میلەتێکی هەتا بلێی ئاشتی خوازین بە درێژایی تەئریخی کوردستان یەك محەتە نادۆزیتەوە خەڵکی کوردستان چاوی بڕیبێتە یەك مەتر مرەبەعی وڵاتی خەڵکی تر یاخوت نیازی هەبوبێ گوندی خەڵکی تر داگیر بکات بە بەردەوام ئێمە بە درێژای مێژوو لە سەنگەری داکۆکی کردنوو لەسەر خۆکردنەوەیا بون، بۆیە پێویست ناکا ئێمە دانیشین جارێکی تر بۆ خەڵکی بپارێینەوەو بڵێین وللە ئیمە میلەتێکی زۆر ئاشتی خوازین زۆر گوناحین توخوا نیازی شەرمان نیە ئێمە کەی نیازی شەرمان هەبوە تا ئێستا نیازی شەرمان هەبێت ئێمە دائیم دیفاعمان لە خۆمان کردوە ئەم نیشتیمانەی ئێمە دیاری خوای گەورەیە بۆ ئێمە واجبێکی دینی واجبێکی نیشتمانی ئەخلاقیە وەك چاوی خۆمان بیپارێزین هەتا هەتایە بە هەر نرخێك بێت ئێمە ئەمە ئەکەین. دووەم: لە (29-5)دا خەڵکی کوردستان زۆرینەی ئەگەر نەڵێم هەموی زۆرینەی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان بە بەڵێ بە خەڵکی جیهانی وت کە من چارە نوسی خۆم حەزم لێیە بە دەستی خۆم بێ بە درێژایی ئەو پرۆسەیە بە شایەدی هەمووتان هەمووراگەیاندنەکان سەرۆکی هەرێمی کوردستان جێگرەکەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و جێگرەکەی جەند جارەو جەند جارەیان کردۆتەوە کە کاکی خۆم کردنی ریفراندۆم لە (25-9)مەعنای ئەوە نیە کە ئێمە (26-9) دەوڵەت ئیعلان دەکەین هەنێك کەس هەبون ئەوەیان کردبوە عەلەم بە دەستیان بابە ئەوە نیازیان نیە دەوڵەت دروست بکەن ، بەڵام ئەوە

راستیەك بوو كە دەوڵەت خەوێك نیە تۆ شەوێ بینیبێت و بەیانی هەستیەوە جێبە جێی بكەی بە بەردەوام لە قسەكانیان وتویانە ئێمە لە پرۆسەیەكا بە گفتووگۆ بە لێك حاڵی بون لە مووودەتێكا كە خۆمان لەسەری رێك بكەوین ئەگەینە نەتیجەیەك دەدڵاینێك دیاری ئەكەین كاتێك دیاری دەكەین ئەڵین، ئێمە لە فلاَن تاریخا دەوڵەتی سەربەخۆی كوردستان رائەگەیەنین ، بەڵام زۆر سەیرە ئەم برادەرانەی بغدا یا گویان لەو قسانە نەبوە یان نەیان ویستوە گوێیان لێبێ یاعنی ئینسان كە گوێی لێبوو جەند جارێك حوسنی نیەتێكی لا دروست دەبێ، لە یەكێك لە بەرامبەر بەرامبەرەكەیا ئەمە قسەی خۆیەتی ئەمە لە ئیعلاما كردویەتی ئەم قسەیە ئەمە قسەی مسعود برزانیە لە راگەیاندنەكان كردویەتی ئەڵێ ئێمە (26)ی مانگ دەوڵەتی ئیعلان ناكەین دەوڵەت كاتێك ئیعلان دەكەین كە لەگەڵ حكومەتی بغدا لە پێش هەموولایەنێك لەگەڵ دراوسێكانمان ئینجا یەكیەتی ئەوروپا ئینجا ئەمریكا ئەنجا ئومەی موتەحیدە دابنیشین بە یەكەوە قسە بكەین بیرورا بگۆرینەوە بۆ كاتێك شەش مانگە ساڵێكە ساڵ و نیوە یا دوو ساڵە لەو فەترەیەدا ئێمە دەوڵەت ئیعلام بكەین لەبەرامبەر ئەمەیا ئەو شوێنەی كە ئەبێت پەرلەمان وەكو بەرهەمێكی دیموكراسی لە جیاتی ئەوەی ئیشی ئەوە بێت نەتەوەكان گروپەكان لە یەكتری نزیك بكاتەوە وەكو كۆمەڵێك جەنەراڵ لەوێ دانیشتبن وەكو كۆمەڵێ عەسابە لەوێ دانیشتبن بە زمانی تەهدید دەمێك ئەیانەوێت سەرۆكی هەرێمی كوردستان، بەراستی بەرێز سەرۆكی پەرلەمان ئەگەر كۆمەڵگەیەك ئەگەر وڵاتێك بوو بە دارستان ئەوەی بەرامبەری گورگ بوو تۆ ناتوانی بە زمانی كەروێشك جوابی بدەیتەوە لەبەر ئەوەی ئەخورێیت ئەمە حەقیقەتێكی تاڵە ئەمە خۆش نیە بە درێژایی تەئریخی بەشەریەت وابوە ئێستاش بۆ ئێمە وایە ئەم محەتەیە زۆر مهمە ئێمە شەرانگیز نین ، بەڵام ئێمە ئەڵێین قبوڵی ناكەین خەڵك تەعەدامان لێ بكا ئێمە قەبوڵ ناكەین خەلك تەهدید بكات بلێ من هێز دێنم بۆ سەر كوردستان ئێمە لە خزمەتیانا ئەبین هەر جەند ئەلێن ئەجین مووناقەشە ئەكەین لەسەر مەسەلەی پرۆسەی دروستكردنی دەوڵەتی سەربەخۆی  كوردستان، بەڵام جارێكی تر ئەیلێمەوە لە هیچ كەسی قبوڵ ناكەین لە هەموو دنیا تەهدیدمان بكا بلێت من  هێز ئەنێرم بۆ سەر هەرێمی كوردستان، ئیرادەی خەڵكی كوردستان ئەخەمە ژێر پێڵاوەكانمەوە هەركەسێك وابلێ هەر پەرلەمانێك بێ هەر حكومەتێك بێ ئێمەش ئیرادەی ئەو بڕیارەكەی و قانونەكەی ئەخەینە ژێر پێڵاوەكانمانەوە، بە تەئكید لەبەر ئەوەی ئێمە مەحرومترین میللەتین لە شەرقی ئەوسەت، لە ئێستادا ئیجازەم بدە بەرێز سەرۆكی پەرلەمان من خۆم ساحێبی ئەو قسانەم كە ئەیكەم نەك پەرلە مانی كوردستان، لەبەر ئەوەی ئەمە نەبووە بە بڕیارو لەخوارەوە قسەكانی من بنوسرێ و ئیمزا بكرێ بلێن ئەوە رەئی پەرلەمانە ئەمە رەئی پەرلەمان نییە ئەمە رەئی منە منە.

**بەرێز/جعفر ابراهیم ئێمنیكی – جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

من داوا لە كاك ئاری دەكەم هەڵچوونت نەبێ ناو زراندن نەبێ.

**بەرێز ئاری محمد عبدالرحیم (ئاری هەرسین):**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر هەڵچوونم هەبوایە ئەزبەنی، ئێمەش وەك خەڵكی تر خەڵكی ئینتحاریمان دروست دەكرد ئەمان نارد بۆ شارعە عەرەبەكان، بۆ ئەوەی خۆی بتەقێنێتەوە، ئێمە دژی ئەوەین، ئێمە پێمان وایە كە مەشاكیل ئەبێ لە دەوری مێز حەلبكرێت، بەڵام یەكێك ئەوەی كە بە زمانی تە هدید قسەت لەگەڵ ئە كات، نەجارێكا، نەدوو جارە، نە سێ جارە، ئەیەوێت كەرامەتی میلەتێك بە راستەوخۆ ئەیەوێت تۆ ئیهانە بكات، ئێمە جارێكی تر ئەڵێینەوە، ئێمە

حەزمان لە حیوارە، بەڵام من عەرزی جەنابتم کرد وتم (عزعف الئیمان ) لەوپەری مومکیناتا، ئەگەر هاتوو هەر لایەنێك بیەوێ هێز بنێرێتە ســەر خاکی پیرۆزی کوردســتان، ئەی چی ئەکەین؟ ئێمە سەیری ئەکەین و بڵێین یاخوا بە خێربێی، ئێ خو وای پێ نالێین، ئێ خۆ ئێمە دارڵاستیکمان پێ نییە ئەمە ئەو.

مەسـەلەی محاسـەبەکردنیش هەرکەسـێك کە نیازی هەیە سـەرۆکی هەرێمی کوردسـتان محاسەبە بکا، یا ئەوانەی کە هاوکاریان کردوە، جارێ پێویستە ئەمر قەبز دەربکا بۆ زیاتر لە (3.000.000) سێ ملیۆن کەس هەمویان بەرێ بۆ بەغدا، ریز بن یەکە بە یەکە لە مەحکەمەی فیدراڵی لەوێ مەحکەمەیان بکەن ئەوە شـتێکی باشــە، بەڵام یەك کەس و دوو کەس ناتوانن بجت بۆ ئەوێ من هیوا دارم ئەو برادەرانەی کە لە بغدا حوکم ئەکەن جارێکی تر بە وردی سەیری تەئریخ بکەن ئێمە نەبوین کە قەزیەیی سەدرەو شاتیڵامان دروست کرد ئێمە نەبوین کە بەرزایەکـانی جۆڵـانمـان گرت کە لە (67)وە گیراوە یەك مەتر مرەبەعیـان پێ ناگیرێتەوە ماڵی ئێران ئاوابێ ئەگەر نا هەموو لوبنان لەژێر دەسـتی ئیسـرائیل دابوو ئێمە نەبوین کە قەسـفی موخەیمەکانی فەلەسـتینیمان کردوە ئێف (16)ی هێزی پێشـمەرگەی کوردسـتان نەبوو لە سـاڵی (1981)دا بەسـەر سـعودیەو سـوریا دا بێ موشـائەتی نەوەوی عێراق بۆمبا باران بکات ئەوان با بجن حەقی خۆیان لە کوێیە لەوێ وەری بگرنەوە حەقی ئەوان لە سلێمانی و هەولێرو دهۆك نییە، میللەتێکی مەزلووم، ئەوان ئەبو بە زمانی بەرێز شــەهیدی میحراب، بە زمانی سـیسـتانی لەگەل ئێمە قسـە بکەن، کە ئێمە بە میلەتێکی مەزڵوم ئەزانن لە کاتی پێویستا فتوایان داوە لەسەر مەسـەلەی حەرامکردنی شـەر لەگەڵ میللەتی کورد، ئێمە وامـان زانی بەو زمـانە قســەمـان لەگەڵ دەکەن، بەڵـام وەکو چۆن سـەدام ئەمر قەبزی بۆ سـەرۆك مام جەلال و سـەرۆك بارزانی دەرئەکرد، لە هەشـتاکانە کە لە شـاخ بووین قیمەتی ئەو ئەمر قەبزیە چەند بوو، قیمەتی ئەو ئەمر قەبزەش کە ئێسـتا دەریـان کردووە بۆ ســەرۆکی هەرێم و هـاوکـارەکـانی، هەر بـایی ئەوەنـدەیە لە کۆتـایـدا میللەتـان جیـاواز بیر دەکەنەوە، بۆیە کۆمەڵگەی بەشــەری جوانە ئەمە حیکمەتێکە خوای گەورە خۆی ئەزانێ بۆوا دروســتی کردوە، بەڵام هەرکەس بە ئسـلوبی خۆی، تۆ لە ماڵی خۆت، من لە ماڵی خۆم رێز لە یەکتری ئەگرین تۆ بە ئســلوبێك ئەژی، من بە ئســلوبێك ئەژیم، من رێ لە ژیانی تۆ ناگرم ،بەڵام تۆش بۆت نیە رێگا لە ژیانی من بگری لە بڕیاری من بگری لە ئیرادەی من بگری دوا شــت کە ئەیلێم من ئەم بەیـانیە لە لە ســەنگەری پێشـمەرگەوە هاتووم بۆ ئێرە سـنوری خاکی پیرۆزی کوردسـتان، من دڵنیاتان دەکەمەوە کە وەری پێشــمەرگە زۆر زۆر بەرزە لە مـانگی (6-2014)وە چۆن ئێمە لە ئینزاردابوین هەتـا ئێسـتاش لە ئینزاردابن هەتا ئەوکاتەی خاکی پیرۆزی کوردسـتان تەهدیدی لەسـەربێ هێزی پێشـمەرگەی کوردسـتان بە خەبەرە بایی ئەوەندەش تواناماـن هەیە کە داکۆکی لە خۆمان بکەین سڵاو لە شـەهیدانی کوردسـتان هەر ئاوەدان بێت خاکی پیرۆزی کوردسـتان زۆر زۆر سوپاس.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

ســوپاس بۆ کاك ئاری هەرســین هەر بەناوی ئەو دانیشــتنەوە ســڵاو بۆ پێشــمەرگەی کوردســتان پارێزراوبن .فەرموو کاك ســەهراب میکائیل تکایە لەســەر بابەتی کۆبونەوە تەرکیز لەسەر بابەتی کۆبونەوە بکەن.

**بەرێز سەهراب میکائیل محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخفتن پشــتی مەلا غەریبی زەحمەتە، پشــتەڤانیا وان بەڕێزا دکەم ئەوێت بەرســڤا بەغدا دای ب یاسـا و دسـتور پشـتەوانیا بەڕێز فەرسـەت صـۆفی دکەم ئەندازیار کاك بەهزاد و مامۆســتا غەریبی دکەم دا ئاخافتن دوبارە نەبن دوو خاڵ من هەنە ب کورتی یا ئێکێ ســەبارەت بەغدا و بەڕێز عەبادی هەرێمێ کوردســتانێ هەمی دەما مەوقفێ وێ مەوقفەکێ نەرم بوویە ئـا خـافتنێـت مە یـا دانوســتـانـدنێ بوویە یـا نزیکیێ بوویە یـا تێگەهشتنێ بوویە، بەس ئەڤە نیشانێت لاوازێت مە نینە نیشانێت هێزا مەنە شینا گەفێ ل مە بکەن بلا چارەسەریا هندەك ئاریشێت دی بکەن ئەز لێرە دبێژم ئەوا وان پێ چێبووی یێ کری ئەوا نەکری ئەوە یا وان پێ چێنەبووی، ژبەر هندێ نە گەفێت وان مە ترســینن نە مەت دراوەســتینن شــینا گەفا ل مە بکەن و بڕیارێ بدەن کو نەهێلن فرۆکێن مەدەنی ل ئاسمانێ مە بهێن و بچن بلا سنوور و ئاسمانی ‌کوردستانێ بپارێزیت هین هەمی دزانن دەم ب دەم فرۆکێن شــەڕی یێن تورکی دەڤەرێت ســنووری بوردومان دکەن بۆ نموونە بەری دەمەکی وەکی وە هەمیا های ژێ هەیە بەر ژ ئەگەرا هێرشێن فرۆکا حەفت گەنج کو هەمی ل عەشیرەتەکێ بوون و دوو کەس ل بنەماڵەکێ شەهید بوونە شینا عەبادی بێت ئەڤی خەلکی پـارێـت و قەرەبویـا وان خێزانـا بکەت هەرچەنـدە هیچ تشــتەك قەرەبووا خۆشــتڤیێت مرۆڤی ناکەت خالا دوویێ پشــتەڤانیا مەلا غەریبی دکەم کو یا زەروری بوو بەڕێز ســەرۆکێ ئەنجومەنێ وەزیران ل ڤێرێ یێ ئامادە بیت بۆ کارەکێ هۆســا یێ گرنگ گەلێ مە یێ خۆشتڤی ئاخفتنێت خۆ گۆت و ئاخفتنا حەقیێ گۆت و بڕیاردا بۆ سەربەخۆییا کوردستانێ ب ئەرکێ خۆ رابوون ب کەیفخۆشی چوونە سەر سندۆقێت دەنگدانێ نوکە ژی دەمێ هندێیە حکومەت ب ئەرکێ خۆ رابیت بەرســڤ بۆ ڤی خەلکی هەبیت ئەڤێ خۆ راگرتی ئەوڤێ قوربانی دای ئو من باوەرە دێ خۆڕاگرتی بن و دێ بەردەوام بن د قوربانی دانێ و بەس خەلکێ پرسارا دکەن و هزرا دکەن و حەقێ وانە پرسیارا بکەن کورتی چار خال کو ئەنجومەنی وەزیران بەرســڤا ڤی خەلکی بدەت قوت و ئەرزاقێ خەلکی بەرەڤ چ ڤەدچیت مووچە و پاشەکەفتێ موچەی دێ شتی نووکە بیت؟ دێ باشتر بیت؟ دێ خرابتر بیت؟ دەرمان و پێتڤیێن تەندروستی خەلکی پێتڤییە و دێ هێشتا پێتڤی بیت قەزیا کارەبێ و ســوتەمەنی ئەڤە هەمی پرســیارن ئەم هیڤیدارین بەرســڤ بۆ هەبیت چارەســەر بیت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

فەرموو کاك تحسین اسماعیل احمد.

**بەڕێز تحسین اسماعیل احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا سەرکەوتنی ریفراندۆم لە خەڵکی کوردستان پیرۆز دەکەم کە ئەنجامی یەك ریزی و کۆ دەنگی خەڵکی کوردســتان بوو بە هەموو پێکهاتە دینی و نەتەوەیەکانیەوە جێی خۆیەتی سـوپاسـی دەزگا ئەمنیەکانمان بکەین کە دەورێکی زۆر گاریگەروو باشیان هەبوو لە دابین کردنی ئاســایش کە زۆر بە رێك و پێکی و بە بێ گرفت بەرێوە چوو ســوپاســی لەشــکری کوردســتان دەکەین کە هەمیشــە پارێزەری خاکی کوردســتان بوونە بە خوێنی گەشیان توانیویانە خاکی کوردستان بپارێزن زۆر باس لەوە دەکرا کە کاتی ریفراندۆم نەبوو ئێمە لە کاتێکدا لە سایەی خوێنی شەهیدان و پێشمەرگە قارەمانەکان گەورەترین رێکخراوی تیرۆرستیمان شکست پێدا کە ناوی پێشمەرگە لە هەموو دوونیا دەنگی دایەوە واتە ئێمە گەلێکین شانازی بە خۆمانەوە دەکەین کە توانیومانە بەر سینگی تیرۆر و تیرۆرستان بگرین و لە کاتێك دا کە عێراق لاوازە ئێستا ئەگەر کاتی ریفراندۆم نەبێ کەی کاتیەتی ؟ سەرەرای

ئەوەی حکومەتی عێراق لەم لاوازە ئێســتاش وا گرفتمان بۆ دروســت دەکات خەڵکی کوردستان بە درێژایی مێژوو سەرەڕای دڕندایەتی دوژمنان و ناحەزانی خەڵکی کوردستان بە ئیبادەکردن و کیمیا باران و ئەنفال و وێرانکردنی گوندوو شارەکانمان تا ئێرە هێنیاویانەو کۆڵیان نەداوە ئێستاش ئەوەی لە توانای عێراق دابوو ئەوەندەبوو کە ئاسمانی کوردستان دەســت بەســەر دا بگرێت دڵنیابن ئەگەر توانیبان نەیان دەهێشــت ئەو هەوایە هەڵی دەمژین هەڵی بمژین کەواتە ئێمە بـا خۆمـان بە ئەوە مـانـدوو نەکەین کە ئەوان چۆن تەعامولمان لەگەڵ دەکەن ،بەڵکو دەبێ ئێمە بەردەوام بین لە هەوڵەکانی خۆمان وەك خەڵکی کوردســتان دەبێ زۆر شــانازی بەو یەك ریزیە بکەین و هەوڵ بدەین یەك ریزی خەڵکی کوردســتان زیاترو زیاتر بکەین من پێم وایە بۆ ئەم قۆناغە پێویســتیمان بە هەندێ شت هەیە جارێ بۆ وەڵام دانەوەی بغدا وەك مەرحەلەی یەکەم بە رەئی من مادام دەست بە سەر ئاسمانی کوردستان دا گیراوە حکومەتی هەرێمیش رێگە نەداتن فرۆکەکانی بغدا هـاتووچۆی هەردووفرۆکە خـانەی هەولیر و بەغـدا بکەن تـا چـارەســەرێـك دەدۆزرێتەوە نوێنەرانی حکومەتی هەرێم لە هەموو وڵـاتـان ئەکتیف بکرێن بۆ پەیوەنـدی کردن بەو وڵاتانەوە من نمونەیەکی بچوکتان بۆ دێنم لە رێگەی یەکێك لەو کوردانەی کە لە دەرەوەی وڵاتن دوو ئەندام پەرلەمانی یەکیەتی ئەوروپا رایانگەیاندوە کە پشــتگیری لە رێفراندۆم و ســەربەخۆیی کوردســتان دەکەن و هەوڵی لۆبی دەدەن بۆ ئەم مەبەســتە کەواتە ئێمە دەبێ ئەم هەوڵانەمان زیاتر چڕ بکەینەوە بۆ ئەوەی لۆبی دروست بکەین لە هەموو وڵاتان و یەکیەتی ئەوروپا و لای دۆســتانمان بە هەماهەنگی پەرلەمانی کوردســتان و حکومەتی هەرێمی کوردستان من پێم وایە زەرورە دەستەیەك دابمەزرێندرێ ئەو دەستەیە شارەزایی هەبێت لە بواری فرۆکەوانی مەدەنی جەند ئەرکێکی پێ بســپێردرێ لەوانە کۆکردنەوەی زانیاری لە بواری فرۆکەوانی مەدەنی هەروەها دارشتنی پرۆژە یاسایەك بۆ ئایندە ئەگەر بۆ ئێســتاش نەبێ بەڵام کاری لەســەر بکرێتن هەروەها پەیوەندی بکرێ یەعنی لەلایەن ئەوانەوە پەیوەندی بە وڵاتان و ئای کا ئۆ کە دەزگایەکی تایبەتە بە فرۆکەوانی جیهانی لە رێی ئەوانەوە پەیوەندیان پێوە بکرێتن من پێم وایە شــتێکی زۆر زۆر گرنگ و زەرور دەبێتن و لە کۆتایشــدا پێم وایە راگەیاندنی دەوڵەتی کوردســتان هەرچی زووە چارەســەری ئەم گرفتانە دەکات هیچ شتێکی تر نیە چارەسەر بکا سوپاستان دەکەم .

**بەرێزجعفر ابراهیم ئێمنیکی – جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

فەرموو کاك فەمان فیصــل جارێکی تر ئەو بابەتە دووبارە دەکەمەوە ئەم تێبینیە ئەم بارو دۆخە هەستیارە پێویست بەوە دەکات بەراستی ئەندامانی پەرلەمان لە بەکارهێنانی رستە و وشە ورد بن حسابێکی زۆر لەسەر قسەکانی ئێوە هەیە لە دانیشتنێکی وای پەرلەمانیدا وشەی توند شەقام توندتر دەکات گرژی زیاتر دەکات لەبەر ئەوە گرنگە وشەکان وابن بەو ئاراستەبن کە بتوانن زەمینە خۆش بکەن بۆ سەرکەوتنی دیالۆك لە ئایندەدا.

**بەرێز ڤمان فیصل سلیم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بناڤێ خودێ، دەســتپێکێ پشــتەڤانیێ ل ئاخفتنێت کاك ئومێدی دکەم ئو دکتۆر فرســەت، بەڕێز ســەرۆکێ پەرلەمانی وەکی هەمی ئاشــنا نە ل کۆمبوونا (23) ل (2017/9/27) هاتە گرێدان ل ناڤا پەرڵەمانا عێراقێ هاتە گرێدان ب حازر بوونا ســەرۆك وەزیرانێ عێراقێ بۆ ئێك مەبەستا دیاری کری ئەو ژی سزادان یان ژی ئەنفال و جینۆسایدکرنەکا دی تر یا گەلێ

کوردستانێ ب رێك و شێوازەکێ جوداتر ژ ئەنفال و جینۆسایدێن چۆیی، چونکە بتنێ ئەڤە یا ل بەر دەســـت و پێ تێتە کرنێ ئەگەر نە هەر دەرفەتەکا بۆ ڤانا هەلکەڤیتن تەمەت مســقاڵا زەڕەکێ رەحم و ویژدان ژێ نابیێتە چاڤەڕێکرنێ بەلکو ب ســەرســەخترین شــکل و شێواز دێ خەلکێ کوردستانێ سزادەن ئەڤە ب مەعنایەکێیە ئەو بڕیارێن کو ژ پەرلەمانێ عێراقێ ل دانیشــتنا (23) دەرکەتین تنێ تو دشــێی مقارنە بکەی گەل یاســا و رێســایێن جەنگەلێ و ئەو بڕیارێن هەنێ ئەگەر بێت و موقارەنە بێتە کرن گەڵ یاســا و رێســایێن جەنگەلی بکەن هێشــتا دێبینی یاســایێن جەنگەلی دادپەروەرترن چونکە دەرفەتا ئازادی د ژیانا وان بەرقەرارترە، ژبەر هندێ ئەو دانیشــتنا وان یا تژی بووی ل فەزاحەتێن قانوونی کو هەر بڕگەیەکا وان دەرکری ژ وان (13) خاڵا ئەوێن وان دەرکری خەرق و ئینتحایەکا وازح بووی ســەر یاســایەکا موعەیەن ژبلی تو بێیە ســەر دســتورێ کو ئەنجام و ئیجمالێ خۆدا ئێعدام و بێڕێزی و رسواکرنا دستورێ عێراقێ سەروەریا یاسایێ بیت دڤی وڵاتی ئەگەر نە د کیهە وڵاتێ دنیایێ دا هەیە کو دســتووری یان یاســایەکا موعەیەن چارەســەری یان ژی مەسئەلە یان بابەتەکێ موعەیەن چارەســەر کردبیت پەرلەمان بێت و جەسارەتێ بکەتن تەوقیفا دستور و یاسا موعەیەن بکەتن و بوێ قەرارێ شوَل بکەت ژبلی وان وڵاتان نەبیتن ئەوێن ئیســتبدادی و دیکتاتۆری پاشــکەفتی وەکی عێراقێ، بۆیە ئەو قەرارتێت دەرکەتی ل کۆمبوونا (23) ل (2017/9/27) جوملەتەن وەتەفسیلەن مەفروزن هیچ بەها و ئەسەرەکێ قانوونی نینە لەوما دڤێتن پشتەکا گەڵەك قایم پشتبەستن ل سەر ئەنجامێ رێفراندۆمی (9/25) بێتن کرنێ وە بڕیار بێن دانێ ژ لایێ سەرۆکێ کوردستانێ و پەرلەمانێ کوردستانێ و حکومەتا کوردستانێ و ئەنجومەنێ بلندێ رێفراندۆمێ ڤە کو نابیت ئێدی داهاتیێ کەس و کارێن ئەنفال و کیمیاباران و زیندانیێن ســیاســی کۆچ و کۆڕەوێن ب کۆمەڵ ب نەدیاری بمێنیتن بەلکو دڤێتن سەربەخۆییا کوردستانێ بێتن راگەهاندن ب زوترین وەخت من دڤێت ئـاخفتنـا خۆ ب دوو پرســیـارا ب دومـاهی بینم کو ئـاراســتە بکەم بۆ بەڕێز وەزیرێ ڤەگۆهاســتنێ کو ئەو ژی تەئکیدێ ژ ئاخافتن یان پرســیارا هەڤالێن خۆ یێن پێشــتر بکەم ئەگەر بێت و ئەڤ حالەتە یێ بەردەوام بیت ئۆپشـنێ دووێ چییە یان هین دێشـێن چ بکەن پرســیارا دوویێ ژی ئایا حەقیقەتەك بۆ وێ چەندێ هەیە هێلێن دیتر ژی یێن ئیتیســاڵاتا وەکی تەلەفۆن و ئەنتەرنێتێ کو ژێر مەترســیەکـا جـدی دانە کو دێهێنە بڕین؟ یـان ژی بەروڤاژیا وێ چەندێ راستە کو هێلێن تەلەفۆنا و ئەنتەرنێتێ دەست مەدانە؟ و سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ژمارەیەکی زۆر مایە ئەگەر قســەکانتامن چڕ بکەنەوە ســوپاســتان دەکەین، فەرموو کاك عباس،

**بەڕێز عباس فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ســەرەتا من دەمەوێ پیرۆزبایی ســەرکەوتن و ئەنجامی کۆتایی رێفراندۆم لە خەڵکی کوردستـان بکەم، هیوادارم بەرهەم و ئەنجامی باشـی هەبێ بۆ میللەتەکەمان دڵخۆشـکەر بێ، من ســەرەتا پێم باش بوو ئەو کۆبوونەوەیە زیاتر گرنگی پێ بدرایە لەبەر ئەوەی زۆر

پرسیار هەبوو پرسیارەکان هەر قسە نەکەین و کۆمەڵی وەڵامیشمان دەست کەوێ و خەڵکیش چاوەڕوانی وەڵامی دەکرد خۆزگە جەنابی سەرۆك وەزیران و بەتایبەتی وەزیری پێشمەرگە و وەزیری سامانە سروشتییەکان و وەزیری دارایش لەبەرئەوەی هەموو ئەم مەوزووعانەی ئێستا ئەگەر لە رێی راگەیاندن بێ یان لە هەر رێگەیەکەوە بێ لە ناو خەڵك بڵاوبۆتەوە هەندێك جار ئەم مەوزووعی ریفراندۆم نا ئارامییەکی دروست کردووە بۆ ئەوەی لێرە کۆمەڵێك وەڵامم دەست بکەوتایە بۆ دڵخۆشکردنی خەڵك و دەمەوێ پێش دەست بە قسەکانیشم بکەم بەراستی داوا لەم دەستەی سەرۆکایەتییە بەڕێزە بکەم ئەم عورفە بەراستی کۆتایی پێ بێنین کە رۆژەك و دوو رۆژ خەڵك پێشتر ناوی خۆی بنووسی، چونکە بەپێی پەیڕەو لە ماددەی 58 بەراستی ئەو کاتەی کە بابەتەکە دەخرێتە روو ناو دەنووسرێ، نازانم پێشتر ئەم ناونووسینە ندێك ناعەدالەتی دروستکردووە حەقە بگەڕێنەوە سەر پەیڕەو بۆ هەمیشە، و بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری گواستنەو و گەیاندن بە وەکالەت لە کاك دکتۆر ئامانج دەکەین بۆ بەشدارییان، ئێستا ئەوە بۆ هەموو لایەکمان جارێکی تر روون بۆوە عێراقیەکان و وڵاتەکانی دەورووبەر لە سەر بوونی ئەو هەموو ناکۆکی و جیاوازیەوە، بەڵام بۆ دژایەتی مافی رەوای گەلەکەمان کۆکن و تەبان، بۆیە بەپێویستی دەزانین ئێمەی کوردستانیان بەهەموو رەنگ و دەنگە جیاوازییەکان ناکۆکیەکانمان جارێ بەلاوە بنێن و بەیەك دەنگی بەرگری لە مافی رەوای خۆمان بکەین، شان بەشانی ئەوەش حکومەتی هەرێم بەرچاورونی و روونکردنەوەی تەواو بدات بە خەڵکی کوردستان لە سەر هەوڵەکان و ئامادەکارییەکانی بۆ چاککردنی بژێوی خەڵکی کوردستان و هەنگاوەکانی بۆ بژێوی خەڵکی کوردستان و ئەگەرەکان کە هەوڵی دڵخۆشکەر و ئومێد بەخش بن و لە هەمان کاتدا بەپێویستی دەزانم لایەنە سیاسیەکان زائیدەن حکومەت زائیدەن پەرلەمانی کوردستان جۆرەها وەفد رەوانەی وڵاتان بکەن بۆ گەیاندنی پەیامی خەڵکی کوردستان و ئەو بڕیارە بێ بنەما یاساییانەی کە حکومەتی عێراقی دەریکردووە لە هەمان کاتدا بەهیچ شێوەیەك هەوڵی گفتوگۆ لەگەڵ هیچ لایەنێك رەت نەکەینەوە و ئامادەباشی خۆمان بۆ نیشان بدەین و رێزی تەواو لە پێشنیارەکانی ئەمریکا و ئەوروپا بگرین کە بەردەوام هاوکاری گەلەکەمان بووە لە ساتە ناخۆش و لێقەوماوەکان، ئەگەر چی ریفراندۆم کات و چۆنیەتی بڕیار لێدانی بیر و رای جیاوازی لەسەر بووە، بەڵام ئەوە مافێکی رەوای گەلەکەمانە و لە هەر کات و ساتێکی تریش باس بکرێت و بکرایە هەروەکو ئێستا مەعامەلەی لەگەڵ دەکرا، بۆیە گونجاوترین کات بەلای منەوە ئەو کاتەیە کاتی بەردەست بوونی هەموو خاکی کوردستان بووە بەسەرکەوتنی قارەمانیەتی پێشمەرگە و خوێنی شەهیدەکانمان، بۆیە بە پێویستی دەزانم دووبارەی بکەمەوە کە دەبێت هەمووان پێکەوە هەنگاوەکان بەرگریکردن لە ئەنجامەکەی بهاویین و بێگومان یەك دەنگیمان سەرکەوتن مسۆگەر دەکات، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سەرکەوت،

**بەڕێز سەرکەوت سەرحەد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پیرۆزبایی ریفراندۆم و دەنگی بەڵێ پیرۆز بێ لە خەڵکی کوردستان پیرۆز بێ لە خەباتی بەدیهێنانی ئازادی و سەربەستی کوردستان، دیارە ئەم رۆژانە هەرێمی کوردستانی پێدا تێپەڕیووە رۆژانی پڕ شکۆ و شەرەف و شانازی بوون، بوَیە ئێمەی کورد بۆ یەکەمجار بە تەحدداوە بەبەرچاوی هەموو دونیاوە ریفراندۆممان ئەنجامدا پەیامی ئاشتی و

جیابوونەوەی برایانەمان دا بە گوێی ئەمریکییەکان و نەتەوە یەکگرتووەکان و عێراقی عەرەبی، بەڕێزان خۆتان دەزانن پەرلەمانی عێراق کە جاران مەنبەعی ملمڵانی تائیفی و مەزهەب گەرایی بوو ئێستا دەبینین لە بەرامبەر خواستە رەواکانی گەلی کورد بۆنەتە برا بە هەموو هەڵوێستێك دژایەتی بەدەستهێنانی مافە زەوتکراوەکانمان دەکەن، بەڕێزان پێویستە لەسەر ئێمەی پەرلەمانتار و پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوەکانمان چڕ بکەینەوە و هەرچی دەنگی ناڕەزایی خۆمان و خەڵکی کوردستان بگەیەنینە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەنجومەنی ئاسایش و نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆیە پێویستە دەست بەجێ بەرووی ئەو بیرە رەشەی عەرەبی نەتەوە پەرستیدا بڕۆینەوە تا خاڵی وەستان لەبەرامبەر حکومەتی عێراقیدا بنرێ ئێستا لە هەموو کاتەکان زیاتر پێویستیمان بەیەکریزی و تەبایی و برایەتی هەیە، هیواداریین لایەنە سیاسیەکانی وڵاتمان دوور لە هەموو ئینتیمایەکی حیزبی بگەڕێنەوە ناو هۆڵی پەرلەمان بۆ تێپەڕاندنی ئەم دۆخە، دووبارە داواکارم لە پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوەکانی چڕ بکاتەوە بۆ ئەوەی بەزووترین کات و بە یاسا دژایەتی خۆمان خەڵکی کوردستان بگەێنین بەسەرجەم ناوەندە جیهانییەکان لە بەرامبەر ئەو یاسا دوژمنکارانەی حکومەت و پەرلەمانی عێراقی، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کەژاڵ خان.

**بەڕێز کەژاڵ هادی فقێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەکان نوێنەرانی حکومەت دەکەم و پیرۆزبایی ریفراندۆم و سەرکەوتنی ریفراندۆم لە گەلی کورد دەکەم، خاڵی یەکەمم حکومەتی هەرێم لەم رێگایانەوە دەتوانێت گووشار لە سەر عێراقی بکات، یەك: هێزی هاوپەیمانان بەتایبەت ئەمریکا بۆچی گووشار ناکەن، دوو: زۆر بەپەلە هەوڵی درووستکردنی دەسەڵاتی فرۆکەوانی مەدەنی کوردستانی بدەن، سێ: لە رێگای دەستەیەکی یاسایی و شارەزا لە بواری فرۆکەوانیدا لەگەڵ رێکخراوی ئیکا قسە بکەن و زیانەکانی ئەم بڕیارە بخەنە روو بخەنە بەردەستیان کە بەپێچەوانە و دژی یاسا و رێنما و رێساکانی ئەوانە، چوار: هێڵەکانە فرۆکەوانی وڵاتان کە زیانی زۆریان بەردەکەوێت سکاڵا بەرزکەنەوە دژی ئەم بڕیارە لە ئیکا دژ بە حکومەت کە ئەم بڕیارەی حکومەت هیژ بنەمایەکی یاسایی نییە و بڕیارێکی سیاسییە بۆ سزادانی خەڵکی کوردستان، لای هەموومان ئاشکرایە پەرلەمان دوو وەزیفەی هەیە یاسادانان و چاودێری هەر بڕیارێك بدات ئاسەواری راپەڕاندنی تەنفیزی هەبێت ئەوە تەسەروفێکی نادەستووری کردووە و بڕیارەکەی باتڵە، بۆیە بڕیارەکانی ئەنجومەنی نوێنەران سزادانی بە کۆمەڵی خەڵکی کوردستان دەزانین ئەمەش پێچەوانەی دەستووری عێراقی یاسا نێودەوڵەتییەکانە لەم بارەیەوە هەر رێکارێك پێویست بێ لە ناو خۆ و لە ئاستی نێو دەوڵەتی دەگرینەبەر بۆ هەڵوەشاندنەوەو لابردنی ئاسەوار، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

مومکینە فەرموو ئەو ئەندام پەرلەمانانەی بەرۆژوونە دوایی هەرکاتێ ئەوە بوو دەتوانن فتار بکەنەوە، ماوە جارێ بەردەوام دەبین، فەرموو مامۆستا أنس،

**بەڕێز أنس محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ب ناڤێ خودێ مەزن و دلۆڤان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانێ هەروەسا نوێنەرێن حکومەتێ بەڕێز حەقیقەت ل بیرا هاتینەڤە کو ئەڤروکە روژەکە گەلە پیرۆزا ئەم تێدا کۆم بووین کو رۆژا عاشوراێیا دوو بیرەوەرێت گرنگ ئەڤێ رۆژێ دایت هەین هەردوو بیرەوەری

ژی گرێدای نەهێڵانە ستەم کارێی و زۆرداریێیا و بەرگری گەلێ بن دەست و مەحرومە ئێك ژ وان بیرەوەرییا ئەو بۆ سەرکەفتنە (موسی علیە سلاَم) و گەلی بەنی ئیسرائیلی ل سەر فیرعەونی، ئەو فرعەونێت گووتی (أنا ربکم الأعلی) قوەتا وی گەهشت بوو وێ مەرحەلێ هەروسا ب چاڤ بەرێ خۆدا شەعبی ( قال سنقتل الأبنائكم ونستحي نسائهم وأن فوقهم قاهرون) جەبەرووتە وی گەهشت بووە ڤێ دەرەجێ ڤی جاڤی بەرێ خۆدا میللەتا هەروسا ئەو میللەتێ مەحرووم ئێ بن دەست سەرکەفت و ئەڤ هێزا شکەست ب زوڵما وی، حەقیقەت ئەگەر ئینسان بەرێ خۆ بداتێ فیرعەون میناکەکە هەر د بت جۆرێدا و هەروسا موسی ژی میناکەکە هەرجار دووبارە دبت مێژوویێدا ئەنجامی وان ژی دیسان دووبارە بت، ریدانە دوێ کو ئەڤروکە پێ هاتیە گرێدانە ریدانە شەهیدکرنا ئیمام حسین (رضی اللّه تعالی عن) کو دیسان شەهادەتا وی ژی نامیەك بوو بۆ گەلێ بن دەست کو هەردەم دیفاعێ ژ مافێ خۆ بکەن و نامە وی حەقیقەت ب دروستی گەهشت و گەلەك قەوما مفا ژی دیت وەکی غاندی د بێژیتن من ژ حسێنی زانیا وەرگرتیا کۆ ئەز هەردەمیا مەزلوم بم دا ئەز سەرکەڤم مەزلومیەتا خۆ، بەلێ بەداخەوە ئەڤ مەدرەسەیە هندەیا بەرفرە یا حسێنی ئەم بینین ل عێراقێ تەنها لەتم و خۆ پێ دادان و چل رۆژێت بۆماین و ئەڤ فەرهەنگە هندیا بەرفرەە یا پاراستنا مافە تەمامەن ئێ خستیە بنپیاڤە و ئەو کریارە زاڵما کر ئەڤروکە ئەم بینین ئەو بڕیاری تێنە وجودێ، دیسان گەلی کورد گەلەکا حەقێ خۆ هەی سەر عەردێ خۆ بژیت ئەم بینین ئەڤرۆکە ئەڤێ کو نا رەوا بینم پشتی ئیستفتائێ چ ل عێراقێ بن چ ل تورکیا بن یان لە هەر جیهەکی بن بینین گەلەك ژ وان سبغەکە ئیسلاَمی خو دایە و بناڤێ ئیسلاَمە ب ئاخڤن ئەم بۆ وان د بێژین ئیسلاَم دروست ئەوە ئەوەل دەڤ مە و ئەم ب شیعاراتێ تەیس تەیسوك ئی دی ناێینە خەدعاندن ئەڤ میللەتە، چونکو میللەتی کورد دیزڤریتن ئاڤا سافی سەرێ کانێ سافی وەرگریتن، (رب العالمین عز وجل) د بێژێتن ( یا أیها الناس انا خلقناکم من ذکر وأنثی وجعلناکم شعوبا وقبائلا لتعارفوا انا اکرمکم عنداللّه اتقاکم) ئەڤە (رب العالمین عز وجل) ئەز ئێدایم کورد ئێدی ێیدای تورکمان، ئێدی یدای کلدان، ئەرمەن، تا کۆتایی، هەروسا نە ئیختیارا مە کوردستان بۆخۆ هەڵبژارد (رب العالمین عز وجل) ئەڤ جیهە ێی دایە مە و ئەوان مەحارەبە مەیا کری سەر ڤێ چەندێ بەڵێ ئەڤە سەد ساڵە پشتی مەحارەبێ رۆژ بە رۆژ ئەڤ میللەتە هەر پێشکەڤت بۆ؟ چونکو ئایەتەکە ژ ئایەتە (رب العالمین)ی وەکەسەك نەشێت چ ئایەتێك، ئایەتی (رب العالمین) پیچ بکەت، (ومن أیاته خلق السماوات والأرض واختلاف ألسنتکم وألوانکم انا في ذلك لایات للعالمین ) هەر تشتەکی ڤی گەلیدا حەقێ ئەڤی گەلییە بۆ خۆ بکار ئینی کەسەك ژ نەشێتن ژ بستینت ئەو ژی مافەکی خودابیە ( وسخر لکم ما في سماوات وما في الأرض جمیعا) حەقیقەت

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سیدا تکایە تەرکیزا سەر بەرسڤێ بدا، فەرموو مامۆستا أنس،

**بەڕێز أنس محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گازیە مە بۆ جیرانا مە ئەوا کو هەردەم ئەم داخازا ئاشتێت کەین و (أحسن مجاورة من جاورك تکون مسلما) ئیسلاَم ئەمە ڤێ چەندێیە هەردەم ئەم دەرگەهێت ئاشتی ڤەتکەین و ئەو ئەڤ بابەتێیە ئەڤێ ئەڤرۆکە سەر میللەتێ مە هاتیە سەپاندن ئەم دبینین نەێی رەوایە چ زمانێ تەهدیدێ بن لاێی هەندەك لایەنە یان ژی چ فعلی وەکو ئەڤرۆکە ئەم د بینن مەتارێت مە هاتیە گرتن و هەندەك ختواتێ دی بیناڤیتن هەمی نە رەوانە (جملة وتفصیلا) ئەم رەتکەینەڤە وهەروسا پشتگیریا براێت خۆ د کەم د. فرسەتێ بەری نووکە ئاماژە ب

گەلەك قانوون و یاسـایێ دایە هەروسـا امینە خان و د. شـرین و كاك خلف ابوكاروان كاك ئومێد و كاك تحسین پشتەڤانی گوتنێت وان د كەم، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. ابراهیم.

**بەڕێز د. ابراهیم أحمد سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

درەنـگ هـات، بـاش بوو هـات و دا هەر هێت، یەعنی ئەگەر مە 9/25 نەكربـا مە كەینێ كربایە، ئەگەر پێشـــتر هاتبایە دا هەر هەبێت بلە مە هیڤیا هەندێ نەبانە و ئەم خۆ زاراڤێ ئەم بێژین خۆ گێل نەكەن باوەر كە ئەم هیڤیا هەندێ نەبوونا كو ســـفرێت خوارنا بۆمەش دەورووبەرە و بەغدا بێن مە ئەڤە د زانی، پرسیارا مە ئەوە باشە ئەگەر وەزعەكی رۆژهەڵاتە ناوەراسـت و وەزعەكی عێراقێ ڤی رەنگی سـوریا ڤی رەنگی و دەورووبەر ڤی رەنگی مە ئەو داخوازە نەكربایە ل وەزعەكی مستەقر هی عێراقێ و وەزعەكی مستەقری سـوریا كو ئەڤروكە جهێ داخێیا وەزیر خارجیا ســوریا ناڤێ كجك و باڵاڤا نینە، چونكو وەزعی ســـوریا وسانە، ئەگەر نەدا ئەو ژی سفرا چار قۆلی بت، ئەڤرو دووهی باشترە سبەهی دی گەشتر بت و پشـــت گەرمیا من ژی بۆ ڤێ گەش بوونێ ئەوە ئیرادە میللەتێ مە بویا باوەڕ بكەن ئەگەر رۆژا 23 ســـەر 24 بینە بیرا خۆ میللەتێ مە چ دڵە راوكێدا ژیا چەند جار ل مە پیلانەكا گەلەكە خراپ لێ مرۆڤێن دڵســۆزی كوردســـتانێ شـیان وێ رۆژێ بكەنە رۆژەكە گەشـــتر پشـــتی وی 9/25 هەمی میللەتی مە و جهێ داخێش بوو هەڤاڵێت مەی ئەندام پەرلەمان من گەلەك دیقەت سـەح كرێ چ بەحسـێ كەركیكێ و رۆلێ ئەنجومەنا پارێزگاها كەركیكێ و بەڕێز پارێزگاها كەركیكێ گەلەك ل قەلەم نەدان، چونكو كەركیك ئیزافە مەزنا ڤی بابەتی و بە قەناعەتا من ئەگەر مە گووتبا كەركیك ژ ناڤدا نەبایە رەنگە دژوارتر نەبایە ڤی وەزعی و ئەڤرۆكە ئەم تێدا و دیسان دبێژم شكر الحمدلله كو خودێ رزقێ مەیا خست كو ئەم هەمی بەشـــداری دانانە بەردی بناغەیە ڤێ دەولەتێت كەن ئەڤ دەولەتە كاك ئومێد گووتی كو رۆژا وێ بێتە ئیعلان كرن ئەو دێ هەر هێت ســوپاس بۆ خەڵكی مەیی ژ دەرڤا كو ئەڤە ب راسـتی ئەم سـەر راوەسـتن كو وان نامەیەكە ڤەكری دا جیهانێ و نامەیەكە ڤەكری دا وێ فكر كرنا مە غەلەتە هەر كەســێكی ش مەیێ چووە ژ دەرڤا میللەتێ خۆ نەڤیایە یش بەر ئێش و ئازارە ژ بەر نەخۆشـییەت كوردســـتانێ رەڤی ئەوە وێری ئیسـبات كر و دووپات كر ئەوێ چووینە وێرێ نامەیەكە ڤەكری دا مە كو بەر و باژی هزر كر نێت یێت گەلێك خەڵكی مەیێت كو گەنی هەر كەسـێت چوویا دەرڤا كوردسـتانێ رەڤیا تشـتەكی باش نیشـا مەدا و بوونە هاندەرێكی مەزن و ئەگەر هین وان خۆپیشـــاندانێ خەڵكی مە بدەنە پێش چاڤ و پشــتی وێ ببینن خۆپیشــاندانێ ناڤەی خۆیدا دی ببینن پرۆســە ســەركەفتنە ریفراندۆمێ چەوا بۆ رییەكی گەش و ســەركردنەكە مەزنینە ڤێت دیســان ژ بیر نەكەن دوو خاڵی هەرە گرنگ ئێك دەزگایێ ئەمنی ل كوردســتانێ كو خۆشـبەختانە بێ زەرەر و بێ كێش و ئاڵۆزی ئەڤ بابەتە هاتە ئەنجامدان كو مەترسـێت مەزن ســەر وەزعی هەبووینە، ســوپاســیەكە تایبەت كو ل ڤێرێ ئەڤەیە گرنگە من نەڤێت ناڤە چ كەناڵە بینم ل سـوپاسـیەكە تایبەت بۆ گشـــت كەناڵە راگەهاندنێ ئەڤێ شــەڤ و رۆژ كرینا ئێك كو كەناڵی ئاســـمانی كو بوونا ئەگەرێكی مەزن بۆ ســـەرخســـتنە ریفراندۆمێ و ســـوپاســـیەكە تایبەت بۆ خەڵكی مەیا خۆشـــتڤی كو بوومە دیـاركەت كو ڤیـانـا دەولەت بوون چەنـدە دلی وان مەزنە و لوێ ئەنجامێ پێ چوونە و دبێژن ســۆرانی جۆش و خرۆش بەربووینە ســندوقێ و بەلێ بەڵی كوردستانێ ب راستی وان ژی نامەكە ڤەكریدا كو سەركردەیە سیاسیە كوردی بەرامبەرە

ڤی هەوڵە هەنێ میللەتێ مە چاڤ خشـینەکێ بابەتێ ژیان و ژیارە خەڵکێ مە بدەتە کرن ئەڤ وەفا و ئیخلاسە خەڵکی مەدا سەرکردایەتیا مە سیاسی وەفئەکە نایەتە قەلەم دان و نایەتە ئەنجام لەو را ژی ئەم داخازێت کەین زیترین دەم ئەو یاداشـتە کو چەند هەڤاڵە دای بۆ خۆشـــکرنا خەڵکێ ئابووریا خەڵکی مە زی کەفتە کارێ پەرلەمانێدا و ل ســـەر بێتە کرن بزاڤە ئازادی خازا کوردسـتانێ ب دیتنا من کۆ پرسـەکە مەزن هەبوو کو دووبەرەکی بکەتە کوردستانێ لێ خۆشبەختانە ریفراندۆمی مەزن دایکە مەزن کوردستان شیان ڤان لایەنێت سـیاسـی ئەگەر شـەڕی ژی بدەنە پاش بحیادی پیلن و حیادی ژی 24 سـەعاتێ دووماهێی هندەکە حیادێی دا ل قەلەم و گۆتن ئەم دێ بەلێ دەن و هەندەکە ژی گۆتی ئەندامێت مە دەسـت بەردانینە کە بێژن بەلێ یان نەخێر هەر دیسـا چەوە بت ل دووماهی تشـتەکی گەلەکی بـاش هـاتە ئەنجـام دان پەرلەمـان ئەو گرێیـا کو خەڵکەکی دایە قەلەم ئەگەر ریفراندۆمە خۆش تڤی نەبایە رەنگە پەرلەمان دیسان کۆسب کەنە بەرێ، پێشنیارێت کەم بۆ هەڤالی خۆ یێت وەزیر کو بگەهینە حکومەتا هەرێمی کوردســـتانێ بۆ هەمی هەڤالێت مە کو هەولێت مە بەردەوام بن یت ئاشتی خوازێی و یێت دانوستاندنێ و دانوستاندن تاکە رێگەیە دیسان ژ بێژی نەکەن مە گۆڵە خۆ کر و مە ریفراندۆمە خۆ کر و مە پیشانی خەڵکی دا ل جیهانی مە کو کورد میللەتەکن حەزیش ئازادی د کەن و حەزیش هندی ژ دکەن و کو ب جیهانی و خۆشـــی کوردســـتانە مەزن بێتە ل قەلەم دان دوورتر ل توندو تیژێی ژ بێژی نەکەن ژ بابەتێ ڤی رەنگی نابەن ئەگەر هندەك كێشە ل دیڤ نێین كێشـە وەکو مە گۆتی ئەڤرۆ دهی سـهکترن دوهیش پێرێ سـهکترن بەقەناعەتا من سـبەی د سـهکترن، چونکو هێشتا خەڵکەکی شەریف و خۆش مرۆڤ یێ مای کو خۆ ل وان بابەاتێ بکەتە خۆدان ئەڤ بابەتە ژی هەر هیچ نەبت نامەکە ڤەکریا کو بداتە خەڵکی مە کۆ ئەم هەمی هزر تێدا بکەن کو لایەنێت مەی سـیاسـی خۆ دەسـتێ خۆ بکەنە تێدا و بەدڵێکی مەزن و بەرفرە هەمی کرماسیا گوری کوردستانا مەزن کەن گۆری لێ ریفراندۆمە هەنێ یاخۆ ئەڤ عیشقا مەزن دلێ مە هەمیا دا بۆ ســـەربەخۆییەکی نا رزقی مەو رزقێ زاروکی مە دا کرین ئەڤە بوو بەرێ بنیاتێ بۆ دانان و ڤی بەری بنیاتێ ژی دانان هزرێ نەکەن کو هەموا دا (مرور الکرام) جتو 25دا جووە 26ی دا وەفـدەکی عەبـادی دێتە هەولێر و بێژتن پیرۆزبـایی ریفرانـدۆمە هەوە د کەم و یان تورکیا و ئێراندا ب خۆشـــیا وەرگرن، لێ دیســـاندا ئەم بێژینە جیرانا و دەوروبەرا و حکومەتا بەغدا دەنوســـتاندن باشـــترە ژ هەمی رێکە و ئەو رێکە نامەیە حکومەتا هەرێما کوردســـتانێ دایە بەغدا ئەم ژی پەســـەندت کەن و ئەم بێژین کو نامەیە پەرلەمانە مە ئەڤرۆ لیژنا خۆدا ئەم حەز کەین ڤی تەوەرێت بچێت کو بەلێ دانوســـتاندن تاکە میحوەرە بۆ پێشـــخســـتنا ڤی بابەتێ و نەخشـــە ل وی رۆژێ بیت رۆژا دل خۆشـــی کوردستان بگاتە ئامانجی خۆ، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

خاڵێکی نیزامیمان هەیە؟ فەرموو ئاواز خان.

**بەڕێز ئاواز جەنگی بورهان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داوا دەکەم ئەم کۆبوونەوەیە دوا بخرێ بۆ بە یانی هەرچە ندە رۆژی پشـــووە بە یانی لەبەر رۆشـــنایی ئەوەی لیژنەی یاســـایی کاتی پێ بدرێ کە بە بڕیارێکی تێر و تەســـەل دەربچێ، چونکە وەکو بەڕێزتان ئاماژەتان پێکرد 20 یان 21 کەس ماوە قســـە بکا هەرچەندە ئەمە تۆزێك ناعەدالەتی تێدا بوو، چونکە لە سەرەتای دەست پێکردنی گفتوگۆکان رێگە درا بەو بەڕێزانەی کە قســـە یان کرد کاتیان بۆ دانەنرا و قســـە یان کرد و زۆر لە بابەتەکەش

دەردەچوون پەیوەســـت نەبوون بەکـاتەوە، بۆیە من داوا دەکەم کە ئەم کۆبوونەوەیە دوابخرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز ئاواز جەنگی پێشنیارەکە پێشتریش هاتبوو بە نووسین لەلایەن بەڕێز زانا عبدالرحمن و کاتمان دیاری نەکرد لە ســـەر ئەوەی کە ئێمە خۆمان هەوڵ دەدەین تەقدیر بکەین لە 3 دەقە و بڕێك زیاترو کە بینیمان هەندێك بەڕێز زۆر قســـەیان کرد هەوڵمان دا هەر بە ئـامـاژەکردن داوایـان لێ بکەین کە کورتی بکەن، بەڵام دیـاربوو زۆربەیـان دەیـان ویســـت قســـە بکەن و قســـەکان بە درێژی کۆتایی هات بەهەر حاڵ ئەوەی ماوە ئێمە دەرفەتیان دەدەینێ ئەوانیش قسـەی خۆیان بکەن، ئەگەر رەئیەك هەیە تەئیدی دەکەن بۆ بەیانی دەبێتە دانیشـتنێکی تر ئەم دانیشـتنە بە کراوەیی نامینێتن، چونکە هەر دانیشـتنێك رۆژەك دەخایەنیتن بەڕێزان دیارە ئامادەکاری باش کراوە لەلایەن لیژنەی یاسایی تا ئێستاش لە ئیشـــەکانی خۆیان بەردەوام بووینە ســـوودیان لە پشـــووی نانی نیوەڕۆ بینی وادیارە ئێســـتاش ئامادەکارییەکان باشـــن کاك د. ئامانجیش لێرەیە دەتوانێت هاوکاری ئێمە بکات لەبەر رۆشنایی وەڵامدانەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەرئەوەی ئێمە گفتوگۆکان بەردەوام دەکەین تا سەعات 6 نیو سەعاتێکی تر بەردەزام دەکەین و ئەگەر ئەو بەڕێزانەی ماون قسـەکانی خۆیان چڕ بکەنەوە و پوختە بکەن دڵنیابە سـەعات 6 تەواو دەبین ئەو کاتە دەتوانین دانیشتنەکە بە ئەنجامەوە کۆتایی پێ بینین، خەڵك چاوەڕوانی ئەمڕۆیە بەراستی لێتان ناشـرمەوە هەم لە ناوخۆی هەرێمی کوردســـتان هەم لە دەرەوە زۆر بەدواداچوونی ئەنجامی ئەو دانیشـــتنە دەکەن، ئەگەر تەوواو بکەین بە رای من باشـــتر دەبێ، دوو خاڵی نیزامی هەنە کاك حاجی کاروان فەرموو،

**بەڕێز کنعان نجم الدین (حاجی کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

عەفوەن خـاڵی نیزامی نییە، بەس ویســـتم تەئکید لە قســـەکەی جەنـابت بکەم خەڵکی چاوەڕوانی ئەم دانیشـــتنەیە و زۆریش وتراوە وابزانم ئەوەی ماوە لە خیڵالی دوو دەقە دەتوانین تەواوی بکەین قسەکان ان شاءالله، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

خاڵێکی نیزامی؟ فەرموو کاك ئومێد خۆشناو،

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمـان بۆچونی کـاك حـاجیم هەبوو هەم لە نـاوخۆی کوردســـتـان و هەم لە دەرەوە چاوەڕوانییەکی زۆر هەیە ناکرێ ئەمە بەبێ ئەنجام کۆتایی پێ بێ، دەکرێ درێژ بخایەنی شـــەو درەنگ کۆتایی پێ بێ، بەڵام ئەوڕۆ کۆتایی پێ بینین باشـــترە، و ئەو ماوەیەش کە لەبەردەمی مایە ئەو بابەتانە دووبارە دەکرێ ئەو بەڕێزانەی لە ماوەی دوو دەقە زەبتی بکەن و تەسەور دەکەم تا سەعات شەشە گفتوگۆیەکان کۆتایی پێبێ و ئەو ئامادەکارییەی کراشە ئەوشۆ یان ئەورۆکە لەو جەلسەیە کۆتایی پێ بێنین نەکەوتە سبەی، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

خاڵێکی تر نیزامیمان هەیە؟ خاڵی نیزامی تەواو هیچی دیکە وەرناگرین، فەرموو شـــرین خان.

**بەڕێز شرین حسنی رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشـــتەڤانییە بەڕێز کاك حاجی کاروان و کاك ئومێد دکەم، بەس بۆ رازڤەکرنا ئاخافتنەکە جەنابێتە کو دانیشـــتن جی بت کراوەیی بمینێت ئەگەر خەلەس نەبێ ل رۆژەکی دا لیژنا یاسایی باشتر دزانن بەس بۆ راستڤەکرنێیا ئەگەر نا پشتەڤانیا کاك ئومێد دکەم حەز دکەین ئەڤرو تەواو بیت، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەس لە پەیڕەودا بە روونی هـاتووە جەلســـە مـاوە 24 ســـەعـاتە رۆژەکە (یوم واحـد) بەعەرەبیش هاتووە، بەهەر حاڵ دوایی دەتوانێ لیژنەی یاســـایی یا یەك لایی بکاتەوە، بەڕێزان با سوود لە کات وەرگرین بە رەواشەوە بڵێم داد پەروەرییە بڵێم لەبەر گرنگی کات ئەو بەڕێزانەی ماون هەریەکە و لە ماوەی دوو دەقە یان ســێ دەقە قســـەکانی خۆیان بگەێنیتن، فەرموو کاك صالح.

**بەڕێز صالح فقی محمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە یەکێك کە لە خاڵە گرنگەکانی کە لە دەسـتووردا چەسـپاوە ماددەی (58) دواتر کە بووە مـاددەی ( 140) وێڕای ئەو هەموو کەم کوڕیـانەی تەئکیـدی لەســـەر راپرســـی کردۆتەوە و، ئەم راپرسـیەش من پێم وایە هەرێمی کوردسـتان و کوردسـتان بە گشـتی لەو دوای پرۆسەی ئازادی توانرا ئەو دەستوورە تا راددەیەك رێکەوتنی لەسەر بکرێ جارێکی تر ناتوانرێ لە بەرژەوەندی کورد دەستوور هەموار بکرێتەوە، کەواتە مادام ناتوانین دەستوور لە بەرژەوەندی کورد هەموار بکرێتەوە و یەکێك لە خاڵە گرنگەکانی راپرسـییە کە لە رێگەی ئەو ریفراندۆمەی کە کردمان بۆ ئەو خاڵە دەســـتووریە جێبەجێ بکرێ، بۆیە لە دوای (10) سـاڵ بە سـەرچوونی ئەو تێپەرێن بەسـەر جێبەجێکردنی ئەو ماددە دەسـتووریە، پێم وابوو ئەمە قۆناغێکی، قۆناغی دوای هاتنی تیرۆرســـتانی داعش و داگیرکردنی خاکی پیرۆزی کوردسـتان و ئەمری واقیعەی کە هێزی پێشـمەرگە سـەلماندی لە دوای ئەوەی کە سـوپای عێراق نەیتوانی داکۆکی لەو ناوچانە بکات و، یەکێك لە هەڵە گەورەکان کە دەبوو لە دوای پرۆســـەی ئازادییەوە هەرێمی کوردســـتان نەیکردایە ئەوە بوو کە ئەو ناوچانە کە بەپێی دەسـتوور ناوچەی جێ ناکۆکن، کەواتە ناوچەیەکی هاوبەشـن دەبوو تەنها سـوپای عێراق نەیپاراســتایە هێزی قارەمانی پێشـــمەرگەی کوردســـتان هاوبەش بایە، بۆیە ئێمە لە دوای پرۆســـەوە فەراغێکی ئەمنی و فەراغی هێزی پێشـــمەرگە لەوێ درووســـت بوو بەپێی ئەو بڕیارەی لە دەسـتووردا چەسـپابوو نە چەسـپایە بۆیە من پێم وایە ئەمە یەکێك لە قۆناغە دەستووریەکانە کە ئەگەر دەیان ساڵی تریش بوایە هەر دەبوایە تێپەڕیایە بۆیە ئەوەی کە گرنگە ئەو قۆناغە دەستووریەی وێڕای ئەو هەموو رەخنە و تێبینیانەی کە لە سەری هەبووە ئەم راپرســـیە کراوە دەبێ ســـەرکردایەتی کورد و لایەنە ســـیاســـیەکان پابەنـد بن بە دەرەنجامەکەیەوە و بەشـــێکی زۆری بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان تەئکیدیان لە گفتوگۆ کردەوە لەگەڵ حکومەتی عێراقی، بۆیە هەرێمی کوردســـتان ناکرێ گفتوگۆ رەت کاتەوە، بەڵام گفتوگۆی بێ مەرج دەبێ لە دوا جارە ئەو دەرئەنجامەی ریفرانـدۆم کە کۆمەلانی خەڵکی کوردستان بە گشتی چ هەرێم چ ناوچە کوردستانیەکان دەنگیان لە سەر داوە ناکرێ مـامەڵە بە دەنگەکانیـانەوە بکرێ، بۆیە پێویســـتە ئەو دەســـەڵاتەی کە گەل لە رێگەی راپرســـییەوە مافی چارەی خۆنووســـینەوە دەنگی خۆی داوە دەبێ رێز لەو دەنگە بگیرێ و بۆیە گفتوگۆکردن دەبێ یەکێـك لە خـاڵە گرنگەکـان ئەوەیە کە بەبێ مەرج بێ ئەو ریفرانـدۆمە کرا وەکو لە رابوردووشـــدا هەموو چـاوەڕوانی ئەو دەرئەنجـامە دەکرا کە کاردانەوەی لەمە زۆر توندتریش رووبەرووی کوردســـتان بە گشـــتی بکرێتەوە بۆیە ئەمە شـتێکی غەریب نییە ئەم کاردانەوەی حکومەتی عێراق کردوویەتی، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە

هێزە کوردییەکان و دەسـەڵاتدار و لایەنە سـیاسـیەکان بەگشـتی دەبێ دەرئەنجامی ئەو راپرسـییە ئەوەی کە کراوە لە گفتوگۆ ئێمە لە دەسـتی نەدەیەن گفتوگۆ لەڵایەك دەرئەنجامی راپرسی لەلایەك، پێشنیاری من ئەوەی لەو گفتوگۆیە کۆمەڵێك لیژنە هەبێ چ بۆ ناوخۆی عێراق و سـوپاس کردنی ئەو دەسـتپێشـخەریانەی کە پێشـوازی چ ئەوەی مەرجەعی چ ئەوەی ئەیاد عەلاوی چ ئەوەی پەرلەمانتاران و هەر دەستپێشخەری تری لایەنە سیا سیەکانی عێراق هەبێ پێویستە پێشوازی لێ بکرێ وەك ئاماژەم پێدا بە گفتوگۆی بێ مەرج لەگەڵیان قسـە بکرێ و لەگەڵ ئەوەشـدا لیژنە هەبێ بۆ ئەەو دەسـتپێشـخەرانەی کە ئەمەریکا و فەرەنسـا و ئومێد دەکەین ولاتانی تر ئەگەر دەسـتپێشـخەریان هەبێ بۆیە پێویستە لیژنەکان فراوان بکرێتەوە چ لە ئاستی بالا چ لە حکومەت چ لە لەیەنە سیاسییەکان چ لە پەرلەمانتاران و چ لە لیژنە پەیوەندیدارەکان بۆ وەزارەت لەگەڵ وەزارەتەکان بۆ نموونە وەزارەتی گواسـتنەوە لەگەڵ وەزارەتی گواسـتنەوەی عێراق یان وەزارەتی ئابووری لەگەڵ وەزارەتی ئابووری عێراق و هەموو ئەو لیژنە تایبەتمەندانەی کە هەیە پێویستە رەچاو بکرێ جگە لەوە پێویستە ئاگامان لە ناوەخۆی کوردستانیش بە گشتی بێ لیژنە بۆ ناوەخۆ هەبێ پارێزگارەکان رابسـپێردرێت بۆ ئەوەی ئاگایان لە هەندێك شـت و مەك بەتایبەتی خۆراك لە ناو کوردسـتان بە گشـتی تا رادەیەك گرانیەکی بەخۆیەوە بینیوە ئەگەر چەند هەزارێکیش بێ بەرز بۆتەوە بۆیە پێویسـتە حکومەتە ئیدارە خۆجێیەکان بە ئەرکی خۆیان هڵسـن و نەهێڵن رێگری بکەن لەو زیادبوونی نرخە و ئەنجومەنی پارێزگاکان رۆلی خۆیان ببینن و لیژنە تایبەتمەندەکانی ناو پارێزگاکان هاوکار بن هەندێك لە بازرگانەکان و هەندێك لە خەڵك دەرفەتێك وەرنەگرن بەو بیانۆیەی جیا جیاوە بێن گرانی نرخ بسـەپێنن، ئەوەی خۆشبەختانە هەیە هەم یاسا نێو دەوڵەتیەکان هەموو ئەوەشی کە لە پەیامەکانی عێراقدا هەیە تەئکید لەمە دەکاتەوە کە ئەمە خاڵێکی دڵخۆشکەرە بۆ کۆمەلانی خەڵکی کوردستان کە پێچەوانەی یاسـا نێودەوڵەتییەکانیشـەوە ئەگەر ئەوە بکرایە کە نرخی یا بابڵێن رێگە لە هاوردە کردنی خۆراك ناگیری بۆ ناو کوردسـتان کە ئەمە خاڵێکی بەهێزە بۆیە ناکری ئەم لیژنانە رێگری بکەن لە نرخ و لە گرانی بۆ ئەو مەبەسـتە من پێم وایە ئەو لیژنانە پێویسـتە رەچاوی ئەوە بکەن لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار قسەی خۆیان بکەن و دەبوو لەم کۆبوونەوە جگە لە سـەرۆکایەتی حکومەت هەموو ئەو لایەنانەی پەیوەندی پێوەیە خاڵ بە خاڵ گفتوگۆی لەسەر بکرایە هەر خاڵێك تایبەتە بە چی وەزارەتێك چ لیژنەی یاسایی چ کەسانی پسـپۆر چ وەزارەتەکە خودی خۆی بە نموونە بەشـێکی پەیوەندی بە وەزارەتی دارایی هەیە بەشـێکی پەیوەندی بە پەیوەندی بە وەزارەتی سـامانە سـرووشـتییەکان هەتا وەزارەتی بازرگانی ناوەخۆ و پێشـمەرگە و هەموو ئەو وەزارەتانی تری کە ئەگرێتەوە دەبوو ئەمە رەچاوی ئەو وەزارەتانە بکرایە و باشـتر بوو ئەو وەزارەتانە ئامادەبوونایە یان ئەنجومەنی وەزیران ئەو راسـپاردە و پێشـنیاری ئەو وەزارەتانەی لابوایە بۆیە پێویسـتە لیژنەی یاسـایی پەرلەمانی کوردستان ئەو راسپاردە یان پێشنیارانەشی لەلایەن وەزارەتە تایبەتمەندەکانەوە هەبووە بە هەردوولا هاوکار بوونایە بۆ ئەوەی بیانتوانیبوایە لە دواجارە شتێکی باش بکری و سـەبارەت بە فرۆکەخانەکان کە ئێسـتا یەکێك لە کێشـەکانەوە کە راسـتەوخۆ حکومەتی فیدڕالی توانیویەتی وەکو خاڵی یەکەم وەکو سزایەك دەرحەقی ئێمەی بکات من تەسەور دەکەم ئەوە تەنها بیانوو بێ ئەوەی کە رەقابە و ئیشراف بگەڕێتەوە من پێم وایە رەنگە ئەو خاڵە هێشـتا تا رادەیەك لە بەرژەوەندی فرۆکەخانەکانی ئێرە بێ هەرچەندە ئەوەش دەبێ بە مەرحەلەیەکی کاتی بێ ئەگەر ئێمە رێز لە ئێرادەی خەڵکی کوردسـتان و دەنگدەرانی خەڵکی کوردستان دەگرین ناکرێ ئێمە بەشێوەیەکی هەمیشەیی بێن ئەوانە لە سەری رێك بکەوین ئێمە ئەگەر بەشـێوەیەکی هەمیشـەیی رێگەمان بە رقابە و ئیشـرافی دەسـەڵاتی فیدڕالی دابێ لە ناو فرۆکەخانەکان کەواتە ئێمە دەسـتبەرداری سـەربەخۆیینە دەوڵەتی

کوردینە بۆیە پێویستە لەگەڵ هەموو ئەو خاڵانەی لەگەڵ حکومەتی فیدڕال ڕەچاوی دەکەین ڕەچاوی ئەو لایەنە بکەین کە هەندێك لەو خاڵانە پێویستە لە مەرحەڵایەکی کاتی بێ و ئەو ڕێککەوتنانەی بەشێوەیەکی کاتی لەگەڵ عێراق بکرێ لەبەرئەوەی دەرئەنجامی ئەو ریفراندۆمە ئەگەر چەندین ساڵی تریش بخایەنێ هەر دەبێ ئێمە بە دەرئەنجامەکەیەوە پابەند بین بەگشتی دەمەوێ تەئکید لەوە بکەمەوە لە پێناوی ئەو دەسکەوتنانەی کە بەدەست هاتووە و لە پێناوی پاراستنی کوردستان بە گشتی لە هەموو ئەو ئەگەرانەی کە مەترسی بێ چ لە وڵاتانی دراوسێ چ لە عێراق بێ بۆ پاراستنی ئەوە پێویستە بەشێوەیەکی جدی گفتوگۆ دەست پێ بکرێ و لە گفتوگۆکاندا ڕەچاوی لایەنی بەهێزی دەسکەوتەکان بکرێ و گفتوگۆکان لە وڵاتانی زل هێز چڕ بکرێتەوە وەفدی پەرلەمان و لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ وڵاتانی زل هێز خیراتر بکرێ بۆ ئەوەی بتوانین لە ڕێگەی پاراستنی دەستوورەوە لە ڕێگەی یاساکانەوە بتوانین خۆمان بپارێزین کە بەشێك لەو بڕیارانە کە بەراستی تاوانە بە دەرهەق کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك قادر.

**بەڕێز قادر رزگەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا حکومەتی عێراق و عەبادی وەك لای هەموان ئاشکرایە یەعنی بە هاوتکانیشیان لە عێراق بەشێوەیەك ڕەفتار لەگەڵ مافەکانی خەڵکی کوردستان یان گەلی کوردستان دەکەن کە بە عەقلێکی شۆڤێنی و بە عەقلێکی شمولی ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە وەکو دەوڵەتمەدارێك مامەڵە لەگەڵ مافەکانی میللەتی کورد ناکات کە عێراق، عێراقێکی مورەکەبە بێ، عێراقێکی ئاوێتە بێت وەکو دەوڵەتێکی بەسیتە فیعلەن عێراقیش لە سەر دەستوور لە دەوڵەتێکی بەسیتەوە بووە بە دەوڵەتێکی مورەکەبە ئەگەر نا تایبەتمەندییەکانی هەرێمی کوردستان لی دەربکەی دەوڵەتی عێراق لە حوکمرانی کردن تاکو ئێستا لە دەوڵەت بەسیتەیە کە دوور لە بنەماکانی دیموکراسی نەك هەر تەنها دەرهەق بە گەلی کوردستان مامەڵە دەکا بەڵکو دەرهەق بە گەلی عەرەبیش لە ناوەڕاست و باشووری عێراق مامەڵە دەکات، بۆیە ئەو بڕیارانەی کە ئەو گۆڕانکاریانەی کە ئێمە دەمانویست لە دوای 2003 دەوڵەتی عێراق دروست بێ لە ڕاستیدا دروست نەبووئەمەش هەر تەنها ڕێگرییەکە عەقلی شۆڤینییە عەقلی سیاسی و شۆڤێنی عەبادی و هاوتاکانی نییە لە ڕاستیدا کەم تەرخەمی قیادەی سیاسی کوردیشی تێدایە، بۆیە ئەم قەرارانەی ئێستای حکومەتی عێراقی وەك هەڤاڵانم باسیان کرد لە ڕاستیدا دوورن لە قانوون و لە دەستوور ئەگەر ئێمە سەیری دەستووری عێراقی بکەین ماددەی 110 کە سەڵاحیات و دەسەڵاتەکانی، دەسەڵات و ڕاپەراندی دیاری کردووە ئەم دەسەڵاتە ڕێگە بە حکومەتی عێراق نادات کە بەم شێوەیە مامەڵە بکا لەگەڵ گەلی کورد کە تاکو ئێستا لە چوارچێوەی عێراقدایە یان لەگەڵ گەلی کوردستان کە تاکو ئێستا بەشێکە لە عێراق و ئەم قەرارانەی کە پەرلەمانی عێراق دەری کردوون دیسان ئەمە بەپێی دەستوور هەر ناچێتە چوارچێوەی تایبەتمەندی و سەڵاحیاتی پەرلەمانی عێراقیش، چونکە ڕاستە پەرلەمانی عێراق حکومەت پابەند بکات، بەڵام خۆ پەرلەمانی عێراق دەتوانێ قانوونی عادی دەرکات و دەتوانی بڕیار دەربکات، بەڵام ئەم قانوونی ئاسایی و ئەو بڕیارانەی لەپەرلەمانی عێراقیش دەردەچن لە ڕاستیدا ناکرێ پێچەوانەی دەستوور بن ئەوەی ئێمە دەیبینین ئەم بڕ یارانە پێچەوانەی

دەستوورن، بۆیە سەرپێچی کردنی دەستووریش لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە ئەوە هەر جاری یەکەم نییە هەموو یان باســیان لەوە کرد کە ماددەی 140 دەبوایە لە مانگی 12ی ســاڵی 2007 جێبەجێان بکردایە کەچی جێبەجێ نەکرا و دەســتوور عێراقی پابەندکردووە و پشــکی خەڵکی کوردســتان لە مووچە بدات، نایدات و دەســتوور عێراقی پابەند کردووە بۆ ئەوەی کە قەرەبووی خەڵکی کوردستان و ناوچە زیان لێکەوتووەکان بداتەوە، بەڵام نایکات و دەستوور عێراقی پابەند کردووە حەقی پێشمەرگە بدات و مافی دارایی، بەڵام نایدات و لەدەستووردا هاتووە کە پێویســتە پەرلەمانی عێراق لە بری ئەنجومەنێك دوو ئەنجومەن بێ، بەڵام بینیمان ناکات، بۆیە چەندین پێشــلکاریدیکەی دەســتوور هەیە کە حکومەتی مەرکەزی کردوویەتی لە ئێستاشدا و ئەم بڕیارانەی کە دەری کردوون و باس لە هێز دەکات لە راســتیدا ئەمەش دیســان پێچەوانەی ماددەی 9ی دەســتووری عێراقییە، چونکە ســوپای عێراق بەپێی دەســتووری عێراقی دەبێ ســوپایەکی پارێزگەر بێ لە خاکی عێراق لە هەموو ســنوورەکانی عێراق نەك ســوپایەکی دابڵۆنێســیەر بێ دژی گەلەکەی، ســەبارەت بە مافی چارەی خۆنووســینیش هەروەك بەشــێك لەو هەڤاڵانە باســیان کرد راســتە ئەمە هەم لە میســاقی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە هەم لە قانوونی دەولیدا هاتووە، بەڵام خۆزگە ئێمە لەم پەرلەمانی کوردســتانە بەر لە بەڕێوەچوونی پرۆســەی ریفراندۆم قانوونێکمان بۆ ئەم پرســـە دەرکردایە ئەم کاتە پێگەی قانوونی هەرێمی کوردســـتان بەهێزتر دەبوو و پەرلەمان و حکومەتی عێراقیش نەیدەتوانی بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ مافەکانی خەڵکی کوردســـتان بکات ئەگەر ئێمە قانوونێکمان بۆ دەرکردایە، راســـتە ئەمە نە لە دەســـەڵاتە هاوبەشــەکانە کە لە ماددەی 114دا هاتووە و نە لە دەســەڵاتە تایبەتمەندو چڕکراوەکانە کە لە ماددەی110ەوەدا هاتووە،بەڵام دیســـانەوە ئێمە بەپێی ماددەی 115دا مافی ئەوەمان هەیە لە کاتی دژ بوونی یان تەناقوزات لە نێوان قانوونی هەرێمی کوردســـتان و قانوونی هەرێم و پارێزگاکان لەگەڵ قانوونی پەرەلمانی عێراق ئەوە پێشـــینە بۆ قانوونی هەرێمی کوردستان دەبوو، بۆیە پێگەی ئێمەی لە رووی قانوونییەوە بەهێزتر دەکرد، بەداخەوە ئەمە هەڵەی ســـەرکردایەتی ســـیاســـی کورد بوو، بەڵام بە راشـــکاوی دەیڵێین و بەرژەوەندییە حیزبییەکان رێگەی نەدا ئەم قانوونە دەربچێ و عینادی رێگەی نەدا ئەم قانوونە دەربچێ، بۆیە لە ئێستاشـدا ئەرکی هەموو لایەکمانە راستە هەرێمی کوردستان دەبینێ لەم وڵاتە ئەوەی کە ســـەروەری یاســـا نییە چۆن لە عێراق نییە لە هەرێمی کوردســـتانیش نییە چۆن بەهـای قـانوون نییە لە عێراق بەداخەوە لە هەرێمی کوردســـتانیش نییە، بەڵام خەڵکی کوردستان ئامادەیە بەرگری لە نیشتیمانەکەی خۆی بکات و ئامادەیە لە بەرگری لە خەبات و تێکۆشـــان بکات و ئامادەیە بەرگری لە دەســـەڵاتی خۆماڵی خۆی بکات هەموومان ئەو ئامادەییەمان تێدایە من پێم وایە بەر لە هەموو شـــتێك پێویســـتە ئێمە تەعن بدەین لەو قەرارە لە مـاددەی 52 بڕگەی دووەمی دەســـتووری عێراق مـافمـان پێ دەدات کە ئێمە لەبەردەم دادگـای دەســـتووری تەعن بـدەین لە بڕیـارەکـانی حکومەت و لە بڕیـارەکـانی پەرلەمان ئەمەش وەك نیاز پاکیەکی گەلی کوردستان کە ئێمە میللەتێکی ئاشتی خوازین و دەمانەوێ قانوون لەم وڵاتەدا هەبێ و پشـــتگیری لە هەموو ئەو رایانە دەکەم کە ئێمە داوا لە کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی بکەین بۆ ئەوەی پشـــتیوانی لە مـافەکـانی خەڵکی کوردســـتان بکا هەرچەندە بەداخەوە دام و دەزگا دیبلۆماتی و نوێنەرایەتییەکان لە ئاســـتی

دەرەکی دام و دەزگای مونەزەم و ڕێکخراو نین، بەڵام دیســـانەوە پێویســـتە ئەمە وەکو پەرلەمانی کوردســـتان ئەمە بکەین چ وەکو راســـپاردە بێ چ وەکو بڕیار بێت لە پێناو بەرژەوەندییەکانمان داوا لە هاوپەیمانەکانمان بکەین پشـــتگیریمان لێ بکەن ئێمە ئەو بڕیارانەی پەرلەمانی عێراق دڵنیام لیژنەی یاســـایی بەباشـــی دیراســـەیان دەکات ئەوەی پێویســـتی بە وەڵام دانەوەیە ئێمە پشـــت بە دەقی قانوونی و دەســـتووری وەڵامی بڕیارەکانی عێراق بدەینەوە ئەگەر ئەوان ئامادەیی گفتوگۆیان تێدا نییە ئێمە تەئکید لە دیالۆگ و گفتوگۆ بکەینەوە لە پێناوی ئاشتەوایی نیشتیمانی وڵاتەکەماندا و لەسەر ئاستی ناوەخۆش تەئکید لەو خاڵە دەکەمەوە کە یەکریزی و کۆ دەنگی نیشـتیمانی دەبوایە بەر لە پرۆســـەکە هەبوایە نەبوو، دەیڵێمەوە ئەوەی کە ڕێگری بوو بەرژەوەنـدی حیزبی بوو و بەرژەوەندی شەخسی بوو کاتی ئەوە هاتووە بەرژەوەندییە باڵاکانی نیشتیمان لە سەرووی بەرژەوەندیە حیزبی و بەرژەوەندیە شەخسییەکان بن و راستییەکی تاڵ هەیە ئەویش لاوازی پێگەی هەرێمی کوردستان لە راستیدا نەبوونی سەروەری قانوون بۆ نەبوونی چەسپاندنی دیموکراسییەت.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دووبارەیە، تکایە تەرکیز بکە، فەرموو کاك قادر.

**بەڕێز قادر رزگەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە ئەگەر دووبارە بێ خاڵی دیکەش هەیە کاك جعفر، ئەمە دوا خاڵ ئەوەیە کە حکومەتی عێراقی و عەبادی ئێمە بەشـــێکین لەو وڵاتە دەســـەڵاتێکی بێگانەیە لە چاو دەســـەڵاتی خۆمـاڵی کوردی یەعنی ســـوڵتەی کوردی پـایەکەی خوێنی شـــەهیـدانە خەبـات و مانددووبوونی خەڵکی کوردســـتانە، بەڵام چۆن عەبادی ســیاســەتی بســیکردن و ئابلوقە بەکاردێنێ حکومەتەکەی ئێمەش بەداخەوە سیاسەتی برسیکردن دەرهەق بە خەڵکی خۆی بەکاردێنێ، ئێمە پێویســـت ناکات لە بڕی بڕیاری ژمارە 64 ئەڵتەرناتیڤی بڕیاری ژمارە 64 دابنێین پێویســتە ئەم بڕیارە لە پەرلەمانی کوردســتان حکومەت بە ناقانوونی دەریکردووە، چونکە ئەگەر مـافی بڕینی دەرمـاڵەی هەبێ مـافی بڕینی مووچەی بنەڕەتی نیە، بۆیە پێویستە ئەم بڕیارە هەڵبوەنێشێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا عمر،

**بەڕێز عمر کۆچەر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بســـم الله الرحمن الرحیم، ب قەنەعەتا من راپرســـی پێنگاڤەکە گلەك گەلك وێ ژیرانەیە و جهێ خۆ دابوو پەشـێمان بوون ئان شـکاندنە ئێك و دوو هیچ وەفایەك تێدا نینە ب تنێ بۆ ناحەزا نەبیتن ئەڤ میللەتە هی هەژی هندێنە بەس ئەز ســـوپاســـیا ئەڤێ ژیانا وی خۆش کەین پاشەکفتێ نەهێلین، ئەم دیارە هیچ رۆژەکە هی جەنابی عەبادی دیار کر کو نە نووکە و نە هەر وەختەکی دی دگەل راپرســی نینە ژ بەر هەندێ ئەڤە یا ئاشــکرایە، خاڵە دیتر ئەم بێژم ڤان لێدوانی توونـد ئیســـتیفزاز نەبین ش هەر لایەکی بیتن روژدییە ل ســـەر دایلۆگی بکەین دگەل هەمی لایەنە ب تایەت جیران و بەغدا، دووهی ئێڤارێدا تەلەفۆنەکە درێژدا قوونسولی ئەمریکی پەیوەندی بە من کر نزانم کا چ برادەرێ دژی کریا گەلەك تەئکید سەر مەوزووعێ کو هەرێم یا دەســـتپێشـــخەر بێت ئەو بێنگاڤەکی بچیتن بەرەڤ دیالۆکێ، مە

گوتیٚ بۆچی فشـــار لەسـەر بەغداش نایتە کرن ئەڤ زمانێ زبر، بە داخەوە حەقەك دایێ یاخود مافەك دایێ، ئینجا من سـێ پێشـنیارێت هەی، یەکەك: ئەز داخازێ دکەم پەرلەمان داخازێ ژ ڤان قونصـلیاتان بکەتن دانیشـتنەکێ چ سـەرۆك لیژنە یان سـەرۆك فراکسـیۆن پێکڤە دانیشـین بگەینە تێگەیشـتنەکێ کە ئەڤ دیالۆکە لەسـەر چ بنەما بکەین، پێشـنیارێ دووێ ئەڤ قوناغە قەنەعەتا من گەلەکی هەسـتیارە، ئەم وتارەکا شـارسـتانی یان لیژنەیا یاسـایی کو ئامادە دکەتن لەسـەر ئەڤێ وان رێکەفتنی بەکار بینی، چ رێکێ ئیسـتیفزاز نەبین، هەر ڤی قونصـلیە تەئکید کر زێدە ئیسـتیفزازا بەغدا نەکەن، پێشـنیارا سـێیەم پێداچوونەکە دگەل خۆدا بکەین ئەڤ خەڵکە بۆ پشـتەڤانیا مە گەلەك نەهاتیە کرن، راسـتە دژایەتی نەهاتە کرن، بەس پشـتەڤانی نەهاتە کرن، پێنجا قەناتێت کوردیەت هەین، بەس چەند مە تەرخان کرینە بۆ ئەم عەقڵێ غەیری خۆ تێگەیشتن و نێزیك بوونەکەی چێکەین، کا قەناتەکا تورکی، کا قەنەتەکا فارسـی، هەتانوکە پێنجا قەنات مە بۆ دەبلەجە حەلقە و مەسەلسەلی تورکی و ئیرانییت مە چێکرین، یان بۆ تەربەگە، ئینجا ئەز داخازێت دکەم ئەڤ پێشـنیارە بێتە راگەیاندن، ئاخافتنە کاك زانا گوتی بۆ لیژنەیا دەسـت پاکی، ئەز دەرفەت دبینم کو داخازا هەر پەرلەمانتارەکی یان هەر کەسەکێ گو گۆلێدبیتن هەر کەسێك بەڵگەك هەبیت سەر هەر پەرلەمانتار بیت یان هەر بەرپرسەك بیتن لە راگەیاندن رسەك چێ کەت ئەوی بەڵگەی بگەینیتە لیژنەیا دەست پاکی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

داوا لە ئێوەیەی بەڕێز دەکەم هەر پەیوەندیەك بە ئێوە بکرێت لە هەر شـوێنێك، لە هەر قونصـلیەك، ئەوە بۆ خۆتـان دەگەڕێتەوە چۆن مەعـامەلەی لەگەڵ بکەن، بەس ئەوە بابەتێکی شـەخصـیە نێوان ئێوە و ئەوان، ئەوان دبلۆماسـینە بۆ دانیشـتنەکە نەگێرنەوە، یەعنی ئاماژەی پێ نەکەن، بەڕێز شوان شێخ احمد فەرموو.

**بەڕێز شوان احمد نعمان (شوان شێخ احمد):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە چاك دەزانین مەسـەلەی ریفراندۆم کە ئەنجام درا لە کوردسـتان نەتیجەی ئەو زوڵمە زۆرە بوو کە دەرحەق بە خەڵکی کوردسـتان کرا، هەرچی ناوی لێ دەنێن کە لێرەوە باسـی دەکرا هەموو ئەوە وەڵـام دانەوەی ئەو هەموو زوڵمە بووە کە خەڵکی کوردسـتـان بە تێکڕاییەوە و ئەو پێکهاتانەی مەنتیقەکەش بوون کە دەنگیاندا، دیارە باشـترین شـێوەی ژیانی خۆیان لەناو هەرێمی کوردسـتان دەبینەوە جێگای خۆشـحاڵیە، ئەوەی کە عێراقیش کردی بە پێی هەموو ئەو موعاهەداتە نێودەوڵەتی و خودی دەستوور دەکەی خۆشی باتڵە، لەبەر ئەوەی خەرقی دەستووری عێراقی کراوە، بە پێی ئەو پەیمانە نێودەوڵەتیانە و بە پێی دەسـتووری عێراقی ماددەکان وازحە لە ماددەی (1، 8،)و میسـاقی ئومەمی موتەحیدە ماددەی (1، 55، 56) تەئکید دەکاتەوە، یەعنی ئیلتیزامی دروسـت دەکات، ئەوەی تریشـیان کە ئەو موعادەی نێودەوڵەتی سـاڵی (1966) کە لە عێراق بە یاسـا کراوە، بە یاسـای ژمارە (193)، ئەوانەی کە لە ئەنجومەنی ئاسایشـەوەش کە راياکانیان دەربڕیە زیاتر خۆی لە سێ خاڵدا دەبینێتەوە، هەم مەسەلەی دەستوورەکەیە، ئەوەی تریش شەڕ گرژی کە روونەدات، مەسەلەی هاوکاری دانووستاندن، یەعنی هاوکاربن بۆ دانووستاندنی نێوان ئێمە و بەغدا، ئەوەی جێی خۆشـحاڵیە هەرێمی کوردسـتان پاش ئەوەی کە ئەو وەرەقە بە قوەتەی کە کەوتە دەسـت دەنگی خەڵکی کوردسـتانی پێیە لەسـەر هیچ خیلافەکی نییە، لەسـەر ئەو رايانەی کە ئەنجومەنی ئاسـایش هەیەتی، بە نیسـبەت دەسـتوور ئێمە ئامادەین کە موناقەشەی بکەین کە شارەزایان و پسپۆرانی خۆمان بە بەڵگەوە هەموویان دیاری کردووە

بە پێی خەرقی دەستووری عێراقی بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان، ئەوەی تریش بە هیچ شـێویەك لەگەڵ ئەوەدا نینە کە گرژی و شـەڕ رووبدەن لە نێوان ئێمە و بەغدا، ئەوەی تریش ئێمە پشـتیوانیەکی نێودەوڵەتی بۆ ئێمە دەکرێ جێگای خۆشـحاڵیە کە بێن بۆ ئەم دانووسـتانانەی لە نێوان ئێمە و حکومەتی بەغدا دەکرێت، ئەنجام بدرێت، داوا دەکەم پەرلەمانی کوردستان نیدائێك ئاڕاستەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی یاخود پەرلەمانی هەموو وڵاتانی دونیا، مەجلیسـی ئەمن، (un)، وڵاتانی دەورووبەر، وڵاتانی ئیسـڵامی و عەرەبی بکاتن، دەرحەق بەو خەڵکەی یاخو بەو مافەی کە ئێمە هەیتمان لە کوردسـتاندا، یاخود ئەو ئیسـتیفتایەی کە دەرمان پڕیە پێویسـت بەوەی دەکات کە نیدایەکمان هەبێت، بانگەوازێك بۆ هەموو ئەو وڵاتانەی یاخود ئەو کۆمەڵگایانەی کە هەیە، ئەو ریکخراوانەی کە هەیە بۆ ئەوەی کە بە بەڵگەوە ئێمە لەگەڵیان دابنیشین، یاخود گوێیان بۆ رابگرین کە پشتیوانیەکی تەواوی قەزیەی هەرێمی کوردسـتان بکەن کە خۆی بەرەو سـەربەخۆیی بوون دەبینی لەو ئیسـتیفتایەی کە کرایە، مەسـەلەی ماددەی (140)یش کە زۆرجار ئەوان باسـی لێوەدەکەن، بەڕێزان، ئەو مـاددەیە خۆی مـاددەیەکی دەسـتووریە لە زمنی ئیلتیزامە بەرامبەر بە حکومەتی عێراقی، نەنووسراوە لە ئیختیصاصی عێراق، لە زمنی ئیلتیزاماتی عێراقیە، بۆیە کە لە ئیلتیزامە حەقێکی خۆشـمانە ئەگەر دوو تەرەفەش ریفراندۆم ئەنجام نەدرێ لەم ناوچانە، یەك تەرەفەش دەتوانی بیکەی، هەتا مەسـئولیەت و مەسـاریفی ئەو دەنگدانەی کە دەکرێ دەکەوێتە ئەستۆی حکومەتی عێراقی، پێویسـت بەوەی دەکات ئەوانەش وەکو نوقتەیەك دەتوانرێت قسـە و باسـی لەسـەر بکرێ، ئەوانەی تریش زۆر تیکرارە و نامەوێ درێژی بکەمەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز ئاواز خان فەرموو.

**بەڕێز ئاواز حمید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشـەکی بەخێرهاتنی مێوانە بەڕێزەکان دەکەم، سـەرەتا پیرۆزبایی لە خەڵکی کوردسـتان دەکەم کە سەرکەوتنی لە ریفراندۆمی گەلەکەمان، خاڵەکان تەقیریبەن هەمووی ئیشارەی پێداریە لەلایەن هاوڕێیانەوە، من زۆر بە کورتی ئیشـارەت بە هەندێك بابەت دەدەم کە لەلام گرنگە، ئەو بڕیارانەی کە لە پەرلەمانی بەغدا دەرچووە هیچ بنەمایەکی یاسایی نییە، چەندین ساڵە هەموو هەوڵێك دراوە بۆ ئاستەنگ خستنە سەر ژیانی هاوڵاتیانی هەرێم و دروست کردنی کێشە بۆ هەرێمی کوردستان، لە خۆ بەرێوەبردن و بەرگری کردن لە خۆی، پێویستە داوا لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بکرێ، لە ئەنجومەنی ئاسایش کە بێنە سەر خەت و موخاتەبەی حکومەتی بەغدا بکەن لەسەر ئەو هەموو سزا ناڕەوایانە کە بە سەر هەرێمی کوردسـتانیان سـەپاندووە، من تەنها چارەسـەر لەوە دەبینم کە بە زووترین کات دەوڵەتی کوردی رابگەیەنین، چونکە کێشـەکان بەردەوام دەبن ئەگەر بەم شـێوەیە لەگەڵ بەغدا بەردەوام بین، بـابەتێکی تریش کە زۆر گرنگە ئیشـارەتی پێ بـدەم بـابەتی ئەو کـانـاڵی راگـایەنـدنەیە کە ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆریـان لە نـاو خەڵـك بەڵـاو کردۆتەوە، داوا لە حکومەت دەکەم لە رێگای وەزارەتی رۆشـنبیری موخاتەبە بکات و ئیجرائاتیان لەگەڵ بکات بۆ ئەو هەواڵە نا راستانە کە هاوڵاتیان پێی دڵ گران بووینە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز ئاواز جەنگی فەرموو.

**بەڕێز ئاواز جەنگی بورهان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەرەتا پیرۆزبایی لە خەڵکی هەرێمی کوردسـتان و ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم دەکەم بۆ سـەرخسـتنی پرۆسـەی ریفراندۆم و دەنگدان لەم ناوچانە رەنگە کارێکی ئاسـان نەبووبێ پیرۆزباییان لێ دەکەم، من پێموایە ئەنجام دانی ریفراندۆم لە هەرێمی کوردسـتان و لەو ناوچانەی دەرەوەی هەرێمی کوردسـتان کارێکی گەورە بوو، بەڵام پێموایە سـەرکردایەتی کورد دەبوایە ئامادەکاری باشـتری بکردایە بۆ ئەو پرۆسـەیە هەوڵی زیاتری بدابایە، بەرژەوەندی تەسـکی حیزبایەتی وەلا بنایە بۆ ئەوەی ئەمڕۆ وەکو پەرلەمانی عێراق بە رەغمی هەموو ناکۆکی و ناتەباییان ئەو رۆژە کە کۆبوونەوە بڕیاریان دا کە ئەو بڕیارانەیان لە دژی هەرێمی کوردسـتـان دا توانیـان یەك ریزبن، یەك دەنـگ بن، بەداخەوە ئێمە نەمانتوانی ئەوە بکەین بۆ ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی دەرەوە، ئەمڕۆش بەداخەوە کە لێرە کۆبووینەتەوە هەمان بابەت نەمانتوانیوە بە یەك دەنگی، بە یەك ریزی دابنیشـین لە ناو پەرلەمانی کوردسـتاندا رەنگە ئەوە وێنەیەکی جوان پێشـان نەدا هەم بەرامبەر عێراق و بەرامبەر وڵاتانی دەرەوە کە خەم خۆری ئێمەن، سـالانێك کە دۆسـتی ئێمەن، زۆریان داوا لێ کردین کە پرۆسـەکە بۆ ماوەیەك دوابخەین بۆ ئەوەی هەلی باشتر بڕەخسـێ بۆ هەرێمی کوردسـتان و بۆ گەلی کورد، بە هەرحاڵ پرۆسـەکە ئەنجام درا و نەتیجەکە چـاوەڕوان کراوبوو، چوونکە ئێمە هەمووومـان دڵنیـا بووین لەوەی کە دەنـگ دەدەین بە بەڵێ، پێموانیە کەسـانێکی زۆر کەم بێ دەنگ بە نەخێر بدات بەرامبەر بەو پرۆسەیە، من پێمباشە بەرامبەر ئەو بڕیارانەی پەرلەمانی عێراق ئێمە زۆر حەکیمانە لەسەر خۆ بە هێواشـی بیری لێ بکەینەوە و وەڵامیان بدەینەوە، بە ڕێگەی یاسـایی هەموو ئەو بڕیارانە ڕێگە بە ڕێگە ئێمە وەڵامی بدەینەوە، هەروەها لە کوێ ئەوان بە نایاسایی بڕیاریان بەسـەر هەرێمی کوردسـتاندا سـەپاندووە ئێمە بە ڕێگەی یاسـایی وەڵامیان بدەینەوە، داوا دەکەم لە پەرلەمانتارانی کورد لە بەغدا مەیدانەکە چۆڵ نەکەن، دانیشـتنەکان بایکۆت نەکەن، رەنگە وجودی ئەوان و لە ناو دانیشتنی پەرلەمان بڕیاردانی پەرلەمانی عێراق رەنگە کاریگەری هەبووبێ، من ناڵێم رەنگە بیگۆڕی بڕیارەکان، بەڵام کاردانەوەیەکی باشـی دەبوو وجودیان لە ناو پەرلەمان کارکردنیان لەسـەر ئەو ڕێگە دەسـتووریانە و ئەو ڕێگانەی کە لە دیباجەی دەسـتوور هاتووە لە بەرژەوەندی خەڵکی هەرێمی کوردسـتانە دەبێ ئەوان کار لەسـەر ئەوە بکەن، بۆیە داوایان لێ دەکەم مەیدانەکە چۆڵ نەکەن، من پێم باشـە لەسـەر گوتەکانی بەڕێز ئایەت الله سیستانی ئێمە زۆر بەهەندی وەربگرین و کار لەسەر گوتانەی ئەو بەڕێزە بکەین، چونکە ئەمانە بە مێژووی خۆیان دۆستی میللەتی ئێمە بوون، هەمیشە وایان پێشـان داوە کە دۆسـتی میللەتی ئێمەن، قەت دژایەتی میللەتی ئێمەیان نەکردووە، تاریخێکی دوور و درێژە ئێمە بە یەکەوە دەبەسـتێتەوە، بۆیە هیوادارم سـەرکردایەتی کورد ئەوە بەهەند وەربگرێ، بۆ بەڕێز وەزیری گواسـتنەوە و گەیاندن، ئەو بەڕێزە چەند بەرچاو روونیەکی دا بە ئێمە لەسـەر ئەو وەزعەی کە هاتۆتە پێش هەرێمی کوردسـتان ئەمانە بۆ من شـتی تازە نەبوون، چونکە ئێمە لەگەڵ هاوڕێکانمان چەندین جار لە سـالانی رابردوو سەرەدانی فرۆکەخانەی سلێمانیمان کردووە بە تایبەتی لە فرۆکەخانەی سلێمانی هەمیشە خالی یەکەم بە ئێمە گوتراوە ئەگەر رۆژێك لە رۆژان ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵ عێراق لەگەڵ نـاوەنـد خراپ بێ یەکەم کـار کە بەکـاری دێنن لەگەڵ هەرێمی کوردسـتـان راگرتنی فرۆکەخانەکانە لە هاتن و گەرانەوەیان بۆ هەرێمی کوردستان، چونکە وەکو دەزانن ئاسمان و ئاو خاڵە سنووریەکان ئەمانە پرسی سیادین، حکومەتی ناوەند هەر کاتێك بیەوەێ کارتێکە بەدەسـتیەوە دەتوانێ بەکاری بێنێت دژی ئێمە، بۆیە من پرسـیار لە بەڕێزیان دەکەم، ئایا

ئێوە وەکو وەزارەت ئەلترناتیڤتان چییە بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان؟ کە وەکو باستان کرد خەڵکانێك زەرەمەند دەبن لەم ناوە کە رەنگە خەڵکی نەدار و خەڵکی هەژاربن، خەڵکی نەخۆش بن پێویستیان بەوەبێت کە بچنە دەرەوە بۆ عیلاج لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان، ئێوە ئەلترناتیڤەکانتان چییە تا رێگەی ئاسمانی گیرا رەنگە رێگەی خاڵە سنوورییەکانیش دابخرێ، ئایا وەکو وەزارەت هیچ پلانێکتان هەیە ئێوە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان باستان کردووە ئەو بابەتە؟ خاڵێکی تر کە بەڕێزێك باسی کرد کە ئێمە کارتی ئاومان بەدەستەوەیە، من پێموایە راستە کارتێکی زۆر گەورەیە، بەڵام پێموایە جارێ زووە ئێمە ئەو کارتە بەکار بێنێین، با هەڵی بگرین چۆن کورد دەڵێ بۆ رۆژی رەش جاری ماوە ئەو کارتە بەکاربێنین، فیعلەن ئاوی کوردستان کە بەشی هەرە زۆری بۆ ناوەراست و خوارووی عێراق دەچێ کارتێکی یەکجار گرنگە، بەڵام با جارێ ئێمە ئەو کارتە نەسووتێنین، چۆن کارتی ریفراندۆمان بەپەلە لە پەرلەمان راسپاردەمان بۆ دەرکرد و یاسامان بۆ دەرنەکرد با کارتی ئاویش بەو دەردە نەبەین، من پێموایە دۆستانی ئێمە رەنگە ئێستا لە دوورەوە سەیرمان دەکەن، رەنگە پێشمان بڵێن ئێمە زۆر راوێژمان لەگەڵ بەرپرسانی هەرێمی کوردستاندا کرد و ئامۆژگاریشمان کردن، بەرچاورووونیمان دانێ کە رەنگە ئەگەر پابەند نەبن بەو بڕیارانە یاخود بەو پێشنیارانە رۆژگارێکی ناخۆش بێت روو لە هەرێمی کوردستان بکات، ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان من حەزم دەکرد ئەمڕۆ ئەو وەزیرە پەیوەندیدارانە لێرە بوونایە لەسەرووی هەموویانەوە وەزیری دارایی، وەزیری بازرگانی، وەزیری پێشمەرگە بۆ ئەوەی بەرچاو روونی بدەنە ئێمە و خەڵکی هەرێمی کوردستان کە ئامادەکاری چی کراوە، ئەگەر حکومەتی ناوەند بڕیاری توندتر بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان بگرێتە بەر ئامادەکاریەکانی ئێمە چییە، ئێمە تا چەند دەتوانین بەرگری لە خاك و نیشتیمانەکەی خۆمان بکەین، ئایا ئەو دەوڵەتانەی کە تاوەکو ئێستا ئێمە دەڵێین دۆستمانن لێمان نزیکن و هاوکارمان بوون لە شەڕی دژ بە تیرۆرستانی داعش و هاوکاری زۆری هەرێمی کوردستانیان کردووە، رای ئەو دەوڵەتانە چییە؟ ئایا تا چەند لێمان زوویر بوون یاخود هەر قسەی ئیعلامی و لەسەر تەلەفزیونەکان باس دەکرێ، هیوادارم شتی ژێر بە ژێری هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، خۆتان ئاگادارن لە گرژیەوە بەرەو هێور بوونەوە دەچێت، لەبەر ئەوە بەو ئاراستەیە انشاءالله خولەکانی ئێمە ئەمڕۆ لەم دانیشتنەدا پەیامی بەهێزتر دەچێت لە پێناوی ئەوەی دیالۆگێکی ئەنجامدەر لە ئایندەدا بەدەستەوە بێت، کاك سەڵار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستیدا ئێمە لە نێوان دوو بژاردەداین حکومەتی ئیتیحادی ئێمە ئاڕاستە دەکات بۆ بژاردەی شەڕ، بەڵام دەبێ هەرێمی کوردستان بەرزتر و دوورتر لەم بڕیار و لەم هەڵسوکەوتە بڕوانێت بژاردەی ئاشتی هەڵبژێرێت، بە پێی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بەدیهێنانی مافی چارەی خۆنووسینی گەلان زامنی ئاشتییە لە جیهان و لە نێوان گەلان و وڵاتاندا، هەروەها بە پێی ماددە یەکی پێماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەروەها ماددە (55)ی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکانیش ئیلزامی وڵاتانی ئەندامی کردووە بۆ بەدیهێنانی ئاشتی لە جیهاندا و حیفازکردن لە جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤەوە بۆ هەر لایەك کە بە تایبەتی ئەندامانی کە هەن پێشێلی دەکەن، لەو رووەوە ئێمە دەبێ پشت ببەستین بە پرەنسیپە نێو دەوڵەتیەکان، چونکە ئێمە هەنگاوێکی زۆر

قورس و رۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت هەژێن و دونیا هەژێنمان هەڵگرتووە، ئەمە پێویســـتی بەوەیە کە چەکێکی گەورەشـــی بۆ ئامادە بکەین، بە دیدی من بابەتی ئاشـــتی گەورەترین چەك بۆی بریتیە لە یەك ریزی ناوخۆیی خەڵکی کوردســتان کە زامنی ســەرکەوتنی ئێمەیە لەم پرســـەدا، هەرچەندە ئێمە زیاتر لە ئیعلانی عالەمی حقوقی ئینســـانەوە لە (48)ەوە تاوەکو ئێســـتا کە وەکو چەترێك پارێزگاری لە ماف و ژیانی گەلان دانراوە، ئێمە چەندین جینۆسـایدمان دەرحەق کراوە، لە ئەنفال و کیمیاباران و بێســەروشــوێنکردنی بارزانیەکان و فەیلیەکان و کۆڕەو دواتریشـیان جینۆسـایدی ئێزیدیەکان، بۆیە کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی بە شــێوەیکی گشــتی کەمتەرخەمە بەرامبەر بە ئێمە، کە ئێمە هەنگاو دەنێین ببین بە ئەندام لە خێزانی کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی، لە راســـتیدا دەبێ مەقایس و مەعایری موجتەمەعی دەولی لەگەڵ حوکمڕانی خۆماندا بارگاوی بکەین و هەڵبگرین، ئەویش پەیوەســـتە بە یەك ریزی ناو ماڵی خۆمان و چەســـپاندنی ســەروەری یاســا، من پێشــنیار دەکەم بۆ پەرلەمانی کوردستان حکومەتی ئیتیحادی لائیحەیەکی (13) خاڵ ئامادە کردووە لیژنەی قانونی بە (13) خـاڵ و هەر یەکە وەڵـام دانەوەی خـاڵی خۆی وەڵـامی حکومەتی ئیتحـادی و پەرلەمـانی عێراقی بداتەوە، ئێمە تەرکیز بکەینە ســـەر پەســـەندکردنی مەبدەئی گفتوگۆ، پرەنســـیپی گفتوگۆ باشـترین پرەنسـیپە کە ئێمە دوور دەخاتەوە لەو تەڵەیەی کە وڵاتانی ئەقلیمی یان هەندێك هێزی شـــۆڤینی لە عێراقدا دەیانەوێ هەرێمی کوردســـتان دەســـتکەوتەکانی پێ لەبار بدەن، لە راســـتیدا دەبێ تەرکیز بخرێتە ســـەر ئەوە یان ئاماژە بەوە بکرێ گامارۆدانی ســنوورەکانی هەرێمی کوردســتان تەنها گەمارۆ و حەســاری ئابووری نین بۆ ســەر خەڵکی کوردســـتان، بەڵکو گەمارۆی ئابووریە بۆ ســـەر خەڵکی بەســـرە، بۆ ســـەر بەغدا، بۆ ســـەر ناووچەکانی جنوب و ناوەڕاست، چونکە ئەوانە مەرزی نێو دەوڵەتین لەم سەری وڵاتەوە بۆ ئەو سەری وڵات، پێویستە لە راستیدا وەکو پەرلەمانی کوردستان کۆمەڵێك رێ و شوێنی ئیجرائی بگرینە بەر بۆ حکومەتەکەمان کاراتر ببێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانرێ متمانەی خەڵك کوردســـتان لە رۆژی (9/25) کە چۆن بۆ ریفراندۆم هەی بووە زیاتر هەی بێت، واتە ئێمە بە جێ بەجێ کردنی یاســا و پاراســتنی ســەروەری یاســا و گەڕانەوە بۆ خەڵك پاداشــتی ئەو چاکەیەی خەڵکی خۆمان بدەینەوە کە ســـەرباری هەڕەشـــە گەورەکانی کە دەرحەق بە خەڵکی نـاوچە کوردســـتـانیەکـانی دەرەوەی هەرێمیش کرا هەر چوونە پـاڵ ســـەندوقی هەڵبژاردنەکان و لە شـــوێنی پارێزراو نەبوون توانیان رووبەرووی کۆمەڵێك مەترســـیش ببنەوە، پێشـــنیار دەکەم پەرلەمانی کوردســـتان ئیقراری ئەوە بکات کە ســـنووری نێوان هەرێمی کوردستان و رۆژئاوای کوردستان بکرێتەوە، عومقێکی باش بۆ خەڵکی کوردستان لە رێگای رۆژئاواوە دروسـت بکرێ، ئەگەر قسـە لەسـەر داخسـتنی فرۆکەخانەکانی هەرێم بکەین ئێمە ئیش لەسـەر ئەوە بکەین هەماهەنگیەکی تەواو لەگەڵ فرۆکەخانەی قامیشـلۆ دروست بکەین بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان لەو رێگەوە بتوانن هاتووچۆ بکەن، پێویستە لە راسـتیدا زمانی دەربڕینمان و هەڵسـوکەوتمان لەسـەر ئاسـتی بەپرسـیاریەتی زمانی گفتوگۆئامێز و پشـت ئەسـتوور بێت بە پرەنسـیپە نێو دەوڵەتیەکان، چونکە دیارە دەوڵەتی عێراقی و حکومەتی ئێســـتای عێراقی پێدەچێت هێشـــتا تێر نەبووبن بە رشـــتنی خوێن لە راستیدا، وەکو ئەوەی دەوترێ پێیان بڵێن رشتنی خوێنی خەڵکی کوردستان خەڵکی سڤیل ئـایـا ئەمە دڵتـان ئـاوی نەخواردەوە، تێری نەخوارد، کـاتی ئەوەیە بەم جۆرە موخـاتەبەی کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی بکرێ و موخاتەبەی دونیای عەرەب و دونیای دەوروبەر بکرێت کە ئێمە گەلێکین لە دە ســـاڵ جـارێـك کە بە جۆرێـك لە جۆرەکـان جینۆســـایـد و هەوڵی جینۆسـایدمان دەکرێ لە مێژووی مرۆڤایەتیدا وێنەی نییە، ئەمە دەبێ ببێت بە ناسـنامەی

گەلێکی مەزلوم کە بە پێی یاسای نێو دەوڵەتی جینۆساید تاوانێکی نێو دەوڵەتیە، قانونی نێو دەوڵەتی هەیە بۆ پارێزگاری کردن لەو گەلانەی کە تاوانی جینۆسایدیان دەرحەق دەکرێتەوە، بۆیە من رام وایە دەبێت پشت ببەستین بەم دەستەواژانە، دوا قسەم ئەوەیە ئەم خەباتی سەربەخۆیی و دەوڵەتداریە هی ئەم سەردەمە نییە لە راستیدا، ئێمە دەبێ وەفاداریمان هەبێ بۆ سەرکردەکانی کوردستان ئەگەر لە باشووری کوردستانەوە دەست پێ بکەین و لە دەورووبەرەوە دەست پێ بکەین لە (شێخ محمودی مەلیك، قازی رەحمەتی، بارزانی رەحمەتی)ەوە تاوەکو دەگاتە سەرکردەکانی تر ئەم ململانێ و ئەم هەوڵ و خەباتە هەبووە، بەڵام قۆناغێك هاتۆتە پێشەوە ئەمە قۆناغێکی جیاوازە، من ئاماژە بە ئەم بابەتی پرسی چارەنووس و گۆڕینی نەخشەی عێراق بۆ گفتوگۆیەکی بەڕێز ( کاك نەوشێروان مستەفای رەحمەتی) کە لە رۆژنامەی لۆمۆندی فەرەنسی دوای بەشداری کردنی لە موئتەمەری حیزبی ئیشتراکی فەرەنسی لە ساڵی (1986) کردوویەتی باسی ئەوە دەکات کە دەبێ ئەگەر ئێمە مافەکانمان دەستەبەر نەکرێ باشتر وایە عێراق دابەش ببێت بۆ سێ دەوڵەتی شیعی، سونی، کوردی ئەو کاتەش هەندێك هەبوون بە ناو هێزی نیشتیمانی، بەڵام شۆڤێنیەت گرتنی و رووبەرووی ئەم بۆچوونانە بوونەوە، لەبەر ئەوە دوای ئەوە (مام جەلال) بە کیتابێك وەلامی ئەم بۆچوونەی دایەوە بە تایبەتی لە رۆژنامەی (الغد الديمقراطي) باسی لەوە کردووە کە ئەمە خەونێکە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو ئاشوبێکی تر دەبات، بەڵام (مام جەلال) لە ناميلكەيەكی گەورەدا (الغد الديمقراطي و حرمان الشعب حتى من حق التحقيق الحلم) وەڵامێکی تێرو تەسەلی ئەم مەسەلەیەی داوەتەوە، لەبەر ئەوە ئەم جەدەلە جەدەلی ئێستا نییە، بۆیە ئێمە بەڵامانەوە گرنگە ئەم دەستکەوتە ببێتە دەستکەوتی مێژووی سەد ساڵەی گەلی ئێمە لە باشووری کوردستان، ئێمە پشت بە دۆستەکانی خۆمان ببەستین لە پارچەکانی تری کوردستان، بۆیە ئەگەر بڕیاری ریفراندۆم هەنگاوێك ئێمە بەرەو سەربەخۆیی و خەڵکی دونیای بە ئاگا هێنابێتەوە کە کورد دەیەوێت دەوڵەتی هەبێت و ئەم هەموو مانۆڕەی حوکمڕانیە لە باشووری کاوردستان هەیە، ئەم هەموو رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و نوێنەرایەتی کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی هەیە بۆ رووبەرووبوونەوەی تیرۆری داعش بۆ بەدبهێنانی مافی چارەی خۆنووسینە، ئەگەر ریفراندۆم ئەو هەنگاوەی باشتر بۆ ئێمە رەخساندووە ئێمە بە دڵنیاییەوە ئەو هەڵە کوشندەیەی کە (عەبادی) و پەرلەمانی عێراق لەو بڕیارە (13) خاڵیە داویانە لە ریفراندۆم باشتر خزمەتی دۆزەکەی ئێمە دەکات ئەگەر باش بتوانین مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، بۆیە لە کۆتاییدا ئەم چیرۆکە بێ کۆتاییە ئەگەر بێتوو ئێمە دروشمەکانمان نەکەین بە کردار، گرنگ ئەوەیە ئەوەی ئێمە دەیڵێین هەر کەسە و لای خۆیەوە، هەر تەرەفە و لای خۆیەوە، هەر موئەسەسەیەك لای خۆیەوە کاری پێ بکات و لە بوغزی حزبیەوە بترازێین بۆ بوغزی نیشتیمانی و نەتەوەیی من دڵنیام سەرکەوتنیش نزیکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بۆ ئاگاداری بۆ ئەم بەڕێز ئەندام پەرلەمانەی کە بەڕۆژوونە بە بۆنەی (10)ی محرم لە دەرەوە ئامادەکاری کراوە، کاك مەردان فرموو.

**بەڕێز مەردان خضر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەوڵدەدەم بە پێی بەرنامەی کار کە نووسراوە وەکو وەڵامێك بۆ بڕیارەکانی حکومەت و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی فیدراڵ وەڵام بدەمەوە، نە گوتار پێشکەش بکەم، پێش هەموو شتێك من لەگەڵ ئەوەم ئەم خاڵانە چەند پێشنیارێکن لە هەڵوێستی پەرلەمانی

کوردســـتان چ بە بڕیارە، چ بە راســـپاردەیە کە لە دوایی دەردەکرێت جێگایان بکرێتەوە، لە ســەرەتا پێشـنیار دەکەم کە ئێمە بە هەمان نەفەسـی پەرلەمانی عێراق و حکومەتی عێراق وەڵامیان نەدەینەوە، ئێمە بە مێشـــکێکی کراوە، بە ســـینگێکی بەرفراوان و لەســـەر خۆ وەڵامیان بدەینەوە و موخاتەبەی موجتەمەعی نێو دەوڵەتی بکەین، خاڵی یەکەم بە پێی بڕگە دوو لە ماددەی (121) لە دەستووری عێراق ئەو مافە بە هەرێمی کوردستان دراوە کە تەعدیلی یاسای فیدرالیەکان بکەین، بۆیە من لێرە پێشـنیار دەکەم بۆ ئەوەی بە کورتی زۆر درێژ نەکەم، پێشـــنیار دەکەین مادام ئێمە ئەو مافەمان هەیە ئێمە بە رەهایی ئەم بڕیارانە رەت بکەینەوە، چونکە پێشـێلی دەسـتووری عێراق و یاسـاکان و دیسـان مواسـیقی نێو دەوڵەتی تێدایە، بەڕێزان، زۆر لە ئەنـدامـانی پەرلەمـان (د.فرســـت، ئـامینە خـان) زۆر لە هەڤاڵانی تر ئیشارەتیاندا بە زۆر لەو پێشێلیە یاساییی و دەستووری دیسان مواسیقی نێو دەڵەتی کرد، من یەك یەك باســـیان ناکەم، تەنها تەئکید دەکەمەوە کە یەکە بە یەکە لە هەڵوێسـتی پەرلەمانی کوردسـتان ئیشـارەتیان پێ بدرێت و جێگایان بکرێتەوە، خاڵێکی تر هەروەك ئاشـکرایە کە ریفراندۆم ئامرازێکی ئاشـتیانەی مافی چارەی خۆنووسـینی گەلانە، بۆیە بە پێویســـتی دەزانم کە خیتـابی پەرلەمـانی کوردســـتـان تەئکیـد لە ئـاشـــتی و دوورکەوتنەوە لە توندوتیژی بکەینەوە لە پرۆسـەی سـەربەخۆیی، تەنها یەك حاڵەت ئێمە تەفویزی دەزگا پەوەندیدارەکان بە تایبەت فەرماندەی گشـــتی هێزی پێشـــمەرگە بکەین ئەگەر مەترسـی و تەهدید لەســەر سـنوور و لەســەر خاك و لەســەر هاوڵاتیانی هەرێمی کوردســـتان بێت وەکو حەقی دیفاع و بەرگری ئەو مافەمان هەبێت کە بەرگری لە خۆمان بکەین، خاڵێکی تر دیسـان بە پێویسـتی دەزانم کە ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان تەئکید لە زمانی دیالۆگ بکەین، چونکە زمانی دیالۆگ بۆ ئەم قۆناغە بۆ هەڵوێســـتی پەرلەمانی کوردستان، بۆ هەڵوێستی هەرێمی کوردستان و سەرکردایەتی سیاسی کورد زۆر پێویستە کە بەم شێوەیە ئێمە وەڵام و موخاتەبەی موجتەمەعی نێو دەوڵەتی بکەین، خاڵێکی تر زۆر بە پێویســـت دەزانم کە تەئکید و راسـپاردەی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان بکەین کە لە دوو ئاســـت، لەســـەر ئاســـتی ناوخۆی لە چەند رۆژی داهاتوودا لە رێگای دانیشـــتن و کۆبوونەوە لەگەڵ هەموو قونســـڵ گەری و نوێنەرایەتی وڵاتان لە هەرێمی کوردســـتان دابنیشـین، حەقیقەتی ئەم عەقلیەتە کە ئێستا بڕیاری لە دەستە دەسـەڵاتی لە دەستە لە بەغدا بۆیان روون بکەینەوە دیســـان هەموو ئەو پێشـــێلکاریە یاســـایی و دەســـتووری و ئیتیفاقاتی نێو دەوڵەتی و مواســـیقی نێو دەوڵەتیان بۆ روون بکاتەوە کە لە بڕیارەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و حکومەتی عێراقدا هەن، دیسـان لەسـەر ئاستی دەرەوەش زۆر گرنگە کە تەئکیـد لە نوێنەرایەتیەکـانی حکومەتی هەرێمی کوردســـتـان بکرێ کە لەو ماوەیەدا ئەکتیف بن، پەیوەندی بەردەوام بکەن دیسـان کار لەسـەر ئەم خاڵە بکەن، چونکە من پێموایە ئەگەر هەموو نوێنەرایەتیەکـانمـان بە بـاشـــی کـار بکەن، چونکە تێبینی بە حەقیقەت لەســـەر کـاری هەنـدێـك لە نوێنەرایەتیەکـان هەیە، ئەوەی ئێمە دەیبینین لە راگەیاندن تەنها هەندێك نوێنەرایەتی ئەکتیف هەن، ئەگەر هەموو نوێنەرایەتیەکان بە باش کار بکەن من پێموایە دەتوانن بە باشـی هەڵوێسـتی خەڵکی کوردسـتان و ئەو پێشـێلکاریە یاســـایی و دەســـتووریانە بگەینە وڵاتان، خاڵی کۆتاییم بە پێویســـتی دەزانم دیســـان لە هەڵوێســـتی ئەمڕۆی پەرلەمان کوردســتان تەئکید لەســەر ئەوە بکرێتەوە کە لە داهاتوودا

گفتوگۆکانی هەرێمی کوردستان و سەرکردایەتی سیاسی و حکومەت لە چوارچێوەی مافی سەربەخۆیی بێت، لە چوارچێوەی ئەنجامی ریفراندۆم بێت، کەمتر لە سەربەخۆیی و مافی ریفراندۆم بە هێچ شـێوەیك گفتوگۆ نە لە گەڵ بەغدا بکەین نە لە هیچ دانیشـتنێك و هەتا لەگەڵ موجتەمەعی نێو دەوڵەتیش نەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مەدینە خان فەرموو.

**بەڕێز مەدینە ایوب احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پیرۆزبایی گەرم ئاڕاســتەی گەلی کورد دکەم، کو یەکەم جارە لە مێژوو یا گەلی کورد دا گەلێ مە بە ئازادی دەنگێ خۆ دای، دەســت خۆشــی ل کۆمســیۆنا باڵایا ســەربەخۆیا هەڵبژاردن و راپرسـیا لە هەرێما کوردسـتانێ ژی دکەم، من دڤێت بەحسـێ پەیام نامە نێڤ دەوڵەتی ژ بکەم، لە خولا شەشێ لیژنەیا مافی مرۆڤ لە سالا (1950) گرنگی هەنگی هاتە دان بە مافێ چارەنووسی گەلان، هەر دیسان بڕیارا ژمارە (2200) لە (1966/12/16) لەلایەن دەستەیا گشتی نەوتەوە یەکگرتووەکان دەرچوو، بەحسێ لە هەندێ دکەت هەر نەتەوەیەك مافێ هەندێ هەی چارەنووســێ خۆ دیار بکەت، ئەو مافە یەکیش مافێ رەســەنێ هەر نەتەوەیەکێە کە یاسـا نێڤ دەوڵەتی پارێزگاری لێ بکەت، هاوڵاتی ل رێگەیا راپرسـی ئازادە چارەنووسێ خۆ دیار بکەت، دیسان لە سالا (1971) وڵاتێ عێراق ئەو پەیام نامەیا ئیمزا کری کار پێ تێ دێتە کرنێ، گەلێ مە ژی (9/25) ل دیڤ وێ بڕیارا ئەو نەتەوە یەکگرتوو ئیمزا کری گەلێ مە ئازادانە دەنگێ خۆ دایە و چارەنووســێ خۆ دیار کریە، من دڤێت بەحســی هەنـدەك بڕیـارێ حکومەتـا عێراقێ بکەم، ئەو بڕیـارێـت حکومەتـا عێراقێ داین تـایبەت بە راوەستانا نەهێڵانا فڕینا فڕۆکەیان پێچەوانەی ماددەیا (44)ە ل دەستوورێ عێراقێ، بەحسێ لە هەندێك دکەتن هاوڵاتی عێراقێ ئازادە لە چوون و هاتنا خۆدا چ داخلی عێراقێ بیت یان خارجی بیت، بۆیە ئەڤ بڕیارە باتلە، چونکە هەر بڕیار و یاسـایەك پێچەوانەی دەسـتووری بیتن دێ یا باتل دبیتن لە دیڤ ماددەیا (13)یا دەسـتووری عێراقێ، ئەگەر ئەم سـەح کەینە پەرلەمانێ عێراقێ لە (2003) تاوەکو (2017) هیچ یاســایەك لە پەرلەمانێ عێراقێ نەهاتیە دەرهێخســتن لە بەرژەوەندیا گەلێ کوردان، بەڵێ، مخابنی ڤە ما بەینا شــەڤ رۆژەکی دا چەندین بڕیار دەرکرن لە دژی گەلێ کورد، ئەگەر ئەم سەح کەینە سیاغا یاسایی یا دیارە بە شــێوەیەکی نا عاقڵانە و نا یاســاییانە ئەڤ بڕیارە دەرکرینە، ســەرەرای هەندێ ژی پێشـێلکاریەکا مەزن یا یاسـایی و دەسـتووریا هاتە کرنێ، لە بەحسـێ هەندێ ژی دکەم کو ناوچەیێن دەرڤەی ئیدارەی هەرێما کوردســتانێ بە رەئیا من هەر شــوێنێك پێشــمەرگە بە خوینا خۆ پاراسـتبیت هاتبیتە یەکلایی کرن هیچ پێویسـتی بە گفتوگۆی ناکات لەسـەر بێتە کرن، گفتوگۆ بلا لەسەر وان ناوچە بێنە کرن ئەوێت نوکە لە ژێر کۆنترۆلا داعش دایە، بەڵێ، دیسان نابیت دەوڵەتێن زل هێز ئەڤی شەڕێ دبلۆماسی و یاسایی و سیاسی پشتگۆ باڤێژن، چ هێز نینە ئیرادەیا گەلان راگرن، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك علی فەرمو‌و.

**بەڕێز علی علی هالۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەرلەمانتارێن هێژا، من دڤێت ل دەست پێکی ئەز سوپاسیەکا گەرم ئاڕاستەی خەڵکی کوردستانێ بکەم، نەك بەتەنێ کوردستانا باشوور، بەڵکو هەر سێ پارچەی تری کوردستان، باکوور، رۆژهەڵات، رۆژئاوا، هەروەسا کوردێن دیاسپۆرایێ کو هەمی پێکڤە بە گەرمی جۆش و خرۆش پاڵپشتێن مەیێن مەعنەوی بوون بۆ سەر هێخستنا ریفراندۆمێ، هەروە سا پێچەوانەی هەڤالێن دی ئەز سوپاسیا پەرلەمانتارێن کوردیێن بەغدا هەموو فراکسیۆنا دکەم، کو دڤێ پرسا نەتەوەیی و نیشتیمانی دا یەك هەڵوێست و یەك دەنگ بوون، نەخشە لە ئێمە، هێڤیدارم لە دانیشتێت داهاتوودا بە وی شێوازی یەك دەنگ و یەك هەڵوێست بین، گەڵەك برادەران بەحسێ لە ریفراندۆمی کر و پێویست بوو پێش وەخت هەندەك کارێن دی هاتبانە کرن، بێگومان ئەگەر هەندەك کارێن دی هاتبانە کرن دا باشتر بیت لە سەر هێخستنا ریفراندۆمێ، مەزنترین سەرکەفتنا گەلێ کوردە لە مێژوویێدا، چونکی بە شێوازەکی دیموکراسی و مەدەنی و ئاشتییانە خەڵکی کوردستانێ بڕیار لەسەر چارەنووسێ خۆ دا، ل هەمی گرنگ تر شکاندنا دیوارێ سەهەم و ترس و وەهما ئیرادە و بڕیارا خەڵکێ کوردستانێ بوو، خاسەتەن لە سەد ساڵێن چوویدا کورد نەشیانە بڕیارێ بدەن، نەشیانە لەسەر پرسێ نیشتیمانی و نەتەوەیی یەکگرتی بن، ل دڤێ ریفراندۆمێدا ئیدی ئیرادەیا کورد یەکگرتنا کورد سەرکەفت، ئەڤە مزگینیە بۆ سەربەخۆبوونا کوردستانێن خالاکا دی یا گەلەك گرنگ هەڵوێستێ هەڤپەیمانە (un) و ئەوروپا و ئەمریکا، کو گەلەك هەڤالا عەجیب گرتی و حێبەتی دبینن، من دڤێت لێرە ئەزێت بێژم سیاسەتا نێڤ دەوڵەتی ل گۆر پڕەنسیپێ ئینسانی و مافێ مرۆڤ و دیموکراسی بەرێڤە ناچیت، بەڵکو میحوەر و بەرژەوەندیە، لە هەمبەری وێ دڤێت ئەم ژی بەرژەوەندیێن خۆ بە موئەسەساتێن پێشەکەفتی و بە ئاڤاکرنا موئەسەساتا بشێین مل بە ملێ وان ڤێ پرسێ پێشڤە ببەین، داگیرکەرێن کوردستانێ عێراق و وڵاتێن دی هەر هۆسا دبینم هێشتا مە نەڤێت بەحسێ داگیرکرنێ بکەین، وەك (اسماعیل بیشکچی) دبیژیت کوردستان وڵاتەکێ داگیرکریا ئینتەرناشناله ژ لایێن ڤان چوار وڵاتان و وڵاتێن کو هاریکارە لەگەڵ وان، نە ئەڤ وڵاتێن تە دەبن وڵاتێن دیموکرات و ئاشتیێت دبینن هەتا پرسا کورد چارەسەر نەبیت نە ژی کورد دەبن خودان ماف و بێنە پاستن هەتا نەبن خودان دەوڵەت و سەربەخۆ نەبن، دوو خاڵێن گرنگ ئەگەر ئێجازە بدەن ئەز دێ بەحس بکەم بۆ سەرهێخستنا ڤێ پرۆسێ بۆ بە دەست ڤەئینانا سەربەخۆبوونا کوردستانێ، دوو مەرج، دوو هۆکارێن گەلەك گرنگ، دوو پرەنسیپێت هەین، یەك ژ وان یەکگرتنا کورد، رێکخستنا ناڤ مالا کوردان، بێگومان کورد لە مێژوویێدا و لە سەد ساڵی چوویدا وەکو نەتەوە یەکگتری و دڵسۆز و فیداکاربیە لە دەسەڵاتا سیاسی و حیزب و لایەنێن سیاسی دژی هەڤ بووینە و یەکگرتن دروست نەکرینە، هێڤیدارم دڤێ رەوشێدا ئالیین سیاسیێن کورد لە ئاستی گرنگیا ڤێ قۆناغێ و لە ئاست پیرۆزیا سەربەخۆبوونا کوردستانێدابن، دەست لە بەرژەوەندیێن تەسکی و شەخصی حیزبی بەردەن، ئەم هەمی پێکڤە بەرەڤ سەربەخۆبوونا کوردستانێ ڤە بچین، خالا دێ ژی عەداڵەتە دڤێت حکومەتا کوردستانێ ئەو داهاتیێت بەردەست ب شێوازێکی دادپەروەرانە بەسەر خەڵکێ کوردستانێ دا دابەش بکەت، بە یەکگرتن و بە عەداڵەت سەربەخۆبوونا کوردستانێ گەلەك نزیکە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مریم صمد فرموو.

**بەڕێز مریم صمد عبدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، وەکو لای هەمووان روونە دەسەڵاتی راپەراندن لە عێراق سولتەیەکی فیدرالی نییە، تەنها لە دەستووردا فیدرالیەت بوونی هەیە، دیارە بڕیارەکانی حکومەت و پەرلەمانی عێراق رەتکردنەوەی پێکەوە ژیان و گەلانی کۆمەڵگای عێراقە، ئەو بڕیارانە بۆنی شەڕیان لێ دێ بە داخەوە، ئەگەر سەیری دەستووری هەمیشەیی عێراق بکەین دەبینین حکومەت و پەرلەمان تەنها تەجاوزی دەستووریان کردووە، بە داخەوە دەسەڵاتداران لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەو کاتە پەنا بۆ دەستوور دەبن کە لە خزمەت بەرژەوەندی خۆیاندا بێت، بەڕێزان، دیارە کۆبوونەوەی ئەمڕۆ ئەوەی ئێمە بۆ وەڵام دانەوەی ئەو بڕیارانەیە، بۆیە بە پێویستی دەزانم ئەو خاڵانەتان بۆ بخەمە روو، یەك: بە وردی وەڵام دانەوەی بڕیارەکان دیراسە بکەین، ئەوەی پێویستی بە وەڵام دانەوە هەیە، دووەم: وەکو میللەتی ئاشتی خواز ستەم لێکراو تەئکید لە دیالۆگ بکەینەوە، وەکو زۆربەی هەڤاڵانم کە ئاماژەیان پێکرد و باسیان کرد، بڕیارەکەی حکومەت و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و پشت بەستن بە کۆمەڵێك ماددەی دەستووری لە ئێستادا تەفسیر کردنی ئەو ماددانەی جێگەی ناکۆکیە لە نێوان بەغدا و هەرێمی کوردستان، وەکو چۆن لە پێشوودا سەبارەت بە پرسی نەوت جێگای ناکۆکی بووە، بۆیە یەکلا کردنەوەی ئەم پرسە دەبێت لە رێگای دادگای فیدرالیەوە بێت، ئێمەش بە یاسایی تانە لە بڕیارەکانی بدەین بۆ زانینی دەسەڵاتەکان و جیاکردنەوەیان سەبارەت بەو پرسانە، داوا لە کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی بکەین بە تایبەت هاوپەیمانانی بەرەی دژە تیرۆر بە فیعلی بێنە سەر خەت وەك ئەوەی کە هەڤاڵی بەڕێزم ( کاك قادر) ئاماژەی پێدا، هەروەها پشتگیری دەکەم لەوە هەرچی زووە با کۆدەنگی نیشتیمانی دەستەبەر بکرێت بە ئاڕاستەی پتەوکردنی ریزەکانی میللەتەکەمان، لەسەر ئاستی ناوخۆش گومانی تێدا نییە کاتیەتی پرۆسەی چاکسازی دەست پێ بکەین، بەراستی ئەوە لە هەموو جومگەکانی دەسەڵات و دارایی هەرێم بۆ بەرنگاربوونەوەی گەندەڵی و نا عەدالەتی و بەهەدەردانی سامانی گشتی، پێویستە من لێرەوە پێشنیار دەکەم کابینەیەکی وەزارەتی تر لە بری ئەو کابینەیە پێك بهێنرێت، چوونکە ئەو کابینەیە سەرکەوتوو نەبووە لە رایی کردنی بە جێ هێنانی بەرپرسیاریەتی نیشتیمانی، خاڵی کۆتاییم پشتگیری لە هەموو رایانە دەکەم کە باس لە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ژمارە (64) کە پاشەکەوت کردنی مووچەی لێ کەوتۆتەوە، پشتگیری لە رای هەڤاڵانم (کاك قادر، ئاواز خان، تەلار خان، گەشە خان) دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز حاجی کاروان فەرموو.

**بەڕێز کنعان نجم الدین (حاجی کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم خۆشە قسەی خاوەنی تەفسیری زوڵال دەست پێ بکەم، قسەکەی زۆر جوانە دەڵێ هەر میللەتێك ئامادە نەبێت یەکجار باجی سەربەرزی بدات دەبێت هەتا دەمرێت چەندین جار باجی زەلیلی و ژێر دەستەیی بدات، بۆیە بەراستی حەیفە ئێمە لەبەر بەعزێ چاو سوورکردنەوە و لەبەر بەعزێ تەهدیداتی مادی و مەعنەوی و عەسکەری خۆشمان بترسێنین یان میللەتیشمان بترسێنین، بە عەکسەوە وەك (کاك ابوبکر هەڵەدنی) گوتی، میللەتمان دووەم بە قەزیە رەواکەمان، بۆیە بەراستی سەنگەری ئێمە پەرلەمانە، رۆژ رۆژی

ئەوە نییە وەتەنیەت بەسەر یەکدا بفرۆشینەوە، من شانازی دەکەم بە خۆمەوە سوپاسی ئەو هاوڕێیانەم دەکەم کە دەنگیان بەوەدا دەست لەکار کێشانەوەکەم قەبول نەبێت، خۆم بە خزمەتکاری پێشمەرگە و منداڵێکی پێشمەرگە دەزانم لەو پەرلەمانە، ئەمە سەنگەری ئێمەیە جێ هێشتنی پەرلەمان و ئیستیقالە کردن وەتەنیەت نییە و کوردایەتی و نیشتیمان پەروەری نییە، بەڵکو هەموومان لە شوێنی خۆمانەوە سەنگەر بگرین لەو کەسانەی سەنگەریان لێمان گرتووە، بۆیە بەراستی ئێستاکە ڕۆژ ڕۆژی ئێمەیە وەکو کورد خۆمان سەلماندووە ئەم قەزیەیە بەرینە پێشەوە، من چەند پێشنیارێك دەکەم و زۆر بە زەرووری دەزانم بەراستی، ئێستاکە کێشەمان کێشەیەکی سیاسیە، سیراعمان سیراعێکی ئەوەندەی یاساییە سیاسی نییە، گرفتەکەمان تەنها لە بەغدا نییە زەختی کردووە لەسەرمان، بەغدا زۆر تەبیعیە دەتوانین مامەڵە بکەین لەگەڵیدا، بەڵام گرفتەکە دەوڵەتی گەورەیە، ئەمریکا، بەریتانیا، تاوەکو ئێستا دان بەو ریفراندۆمەوە نانێن لە ڕووی یاساییەوە، بە پێی یاسای دەولی یڕۆن قانونەکان بخوێننەوە ئیشارەتیان پێدا (د.فرست، کاك بهزاد) دەڵێ تاك لایەنە ریفراندۆم بکرێ ئەنجام دەدرێت، بەڵام ئیشکالیەتێکمان لەوێدا هەیە، لەوانەیە (د.ئامانج) باش بزانێت لە سەرەتا دەڵێ لە حەڵەتێك کە فەراغی یاسایی هەبێت، بۆیە ئەمە لەوە دەچێت ئێمە وەکو پەرلەمانتار دەتوانین لێرەدا ڕەئی خۆمان بدەین، بەڵام بۆ ئەوەی بتوانین قەزیەکە بکەین بە قەزیەیەکی دوەلی لە مەحاکمی دەولیدا قەزیەکەمان براوەبێت دەبێ ببەینە دەرەوە بەراستی، ئێستاکە دوەلی ئەوروپی ڕاستە گوێمان لێ دەگرێ، بەڵام بە گوێمان ناکەن، دوەلی ئەوروپی دەبێ ئەم قەزیە چۆن کۆسۆڤۆ لە دەرەوە یەکلایی کردەوە، قەزیەکەی ئێمە دەبێ لە دەرەوە یەکلایی بکەینەوە، چونکە نە عەرەب، نە تورك، نە فارس، ئیعتیراف بە بوونی ئێمە ناکەن، نەك ئەوەی ببین بە دەوڵەت، بۆیە من داوا دەکەم پەرلەمان حکومەت راسپێرێت بە تەشکیلکردنی لیژنەیەکی یاسایی کە کار لە دەرەوە بکات، ئەگەر ئەو قەزیەیە نەچێتە مەحکەمەی دەولی بە ئێمە و عێراق یەکلایی نابێتەوە، لە ئێستاکە (عەبادی) دەرگەی داخستووە لەوەی کە دەڵێ دەبێت ریفراندۆم ئیعترافی پێ نەکرێت ئینجا من گفتوگۆ دەکەم، بەڵام ئێمە بەردەوام دەبین لەسەر گفتوگۆیەکەی خۆمان، بۆیە من داوا لە بەڕێزتان دەکەم لەو راسپاردەیەی کە ئەمڕۆ دەردەچێت جەخت بکەینەوە لەسەر ئەوە ئەم بابەتە بچێتە مەحکەمەی دەولی لەوێوە ئێمە ئەسپی خۆمان تاوبدەین و بتوانین مواجەهەی ئەم حاڵەتە بکەین، ئەگەر لەوێوە چەند دەوڵەتێك پشتمانی گرت ئەوە ئەو کاتە لەگەڵ عێراقدا زۆر موشکیلەمان نابێت، پرسیارێك بۆ جەنابی وەزیر، ئێستا ئێمە گرفتی ئەوەمان هەیە خەتی ئەنتەرنێتیش لە دەسەڵاتی ئەواندایە، کۆرك و ئاسیاش لە دەسەڵاتی ئەواندایە ئایا دەبڕێت؟ یان نابڕێت، ئەوە شتێکی ترە، گرفتێ سێیەمان کە ئەوەیان قورسترە بە ڕەئی من لە مەسەلەی ئاسمان ئێستا حکومەتی عێراقی و تورکی و ئێرانی هەرسێکیان بەتەمان گومرگەکان ببەنە خاکی خۆیان، یەعنی لە جیاتی گومرگی ئێمە کە لە ابراهیم خەلیلە یان لە حاجی ئۆمەرانە قواتی عێراقی یان تەشکیلەی ئیدارەی عێراقی بچێتە ئەو دیوەوە، ئەو کاتە ئێمە لە ڕووی ئێداری هیچمان بۆ ناکرێت، یان دەبێت حدود بگرین لە خۆمان، دەبێت سەریح بین یان دەبێت بەراستی خەم لەم قەزیەیە بخۆین، ئەمە بە پێی یاسای نێو دەوڵەتی جەمعیە عامە، دەبێ ئێمە لەوە جەخت بکەینەوە ئەم نوقتەیەش دەبێ ببەینە شکایەتی مەحکەمەی دەولی کە دەولیەکان بەڵکو لەوێوە پشتگیریمان بکەن، من تەئکید لە قسەی بەڕێز (کاك زانا) دەکەم کە پەرلەمانتار لێرە کە قەرارە دیفاع لە قەزیەی گەلەکەی خۆی بکات، بەڵام لەلایەکی ترەوە بچێت لە دەرەوە لجوئی وەربگرێت ئەمە بۆ خۆی ورە رووخاندنی خەڵکە دەبێ ئەو ئیجرائاتانە بکرێت، داوا دەکەم لە جەنابتان ئەو قونسلیانەی کە لێرەن لە ڕێی قونسلەکانەوە بە هەرچییەك کە دەرچووین لە دانیشتنی ئەمڕۆ نەك تەنها ڕەتدانەوە بۆ حکومەتی عێراقی، بەڵکو هەموو ئەم بابەتە بچێتە پەرلەمانتارانی ئەوروپا، یەعنی بە ڕەسمی لێرەوە

بە ناو بچێت، نەك هەروا بە شـێوەیەكی تەسـریحی، بە ناو ناوی ئەوروپای فلان وڵاتی لێ بێنێ كە ئەمە قەزیەكەیە و ئەمە رای پەرلەمانی كوردســتانە، یەعنی ئەمە ببێتە شــتێكی رەسمی، چوونكە دانیشتووینە تەنها بەرامبەر حكومەتی عێراقی وەك گوتم ئیشكالمان لە دەرەوەش هەیە، خاڵێكی تر بەڕێزان، گرفتێكمان لەگەڵ حكومەتی عێراق نییە، بەڵكو لەگەڵ ئێران و توركیا هەیە، بە جدی موخاتەبەی ئەوانیش بكەین، پەرلەمانی توركیا و پەرلەمانی ئێرانیش، پەرلەمـانی ئێران تـا حەدێـك ئەوەی ئێمە كە ئـاگـادارین تۆزێـك نەرمیەكیـان نووانـدووە لە بەعزێ تەســریحـات كە دەڵێ وەكو توركیـا نین، بۆیە من دەڵێم یـان بە ســەرەدان كە ئەگەر رێیان دا، نازانم رێ دەدەن یان نا، ئێمە وەكو پەرلەمان داوا بكەین و بچین بۆ لایان، بە رەســمی داوایان لێ بكەین و بە رەســمیش ئەم داواكاریەیان بۆ بنێرین، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك ناظم كبیر فەرموو.

**بەڕێز ناظم كبیر محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، وەزیرە بەڕێزەكان، پێش ئەوەی بچمە ســەر بابەتەكە من تێبینیەك و نوقتە نیزامیەكم هەیە، داوای لێبوردن دەكەم، تێبینیەكەم ئەوەیە بۆ بەڕێز سكرتێری پەرلەمان، یەعنی بەراستی بوویتە عورفێك لە ناو ئێمە لە هەموو كۆبوونەوەكان لە كاتی رێزبەندی ناوەكان بۆ گفتوگۆ لە ناو هۆڵی پەرلەمان لە رێزی پێشـەوە دەسـت پێ دەكات، یەعنی تا رێزی دوواوە من رێزم هەیە داوا دەكەم كە لە رێزبەندی كۆبوونەوەكانی داهاتوو هەم لە رێزەكانی دواوە لەگەڵ رێزەكانی پێشـــەوە تێكەڵ یەك بكرێت بۆ ئەوەی عەدالەتێك دروست ببێت لە ناو برایانی ئەندامانی پەرلەمان....

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

خاتوو بێگەرد روونكردنەوەی هەیە لەسەر ئەو بابەتە فەرموو.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بەشێك لە ئەندامانی پەرلەمان لە دوێنەوە ناوی خۆیان تۆمار كردبوو بۆ ئەوەی ئێمە عەدالەتێك لە نێوان هەموو رێزەكان بێنینە كایەوە، لە هەر رێزەو دوو كەس مۆڵەتمـان داوە كە قســـە بكەن بەبێ رەچاوكردنی ئەوانەی كە دوێنی نـاوی خۆیان نووسـیەوە، بەشـێكیان ئەوانەی كە لێرە ئامادەن لەوانەیە تەئیدی قسـەكەم بكەن، چونكە لە دوێنێوە نـاویـان نووســـیەوە، بەڵـام لە نـاوەڕاســـتی گفتوگۆكـانـدا دەرفەتی قســـەكردنیـان پێـدراوە، بۆیە دڵنیـابن ئێمە ئەو پەڕی جوهـدی خۆمـان كردووە بۆ ئەوەی عەدالەتێك بپارێزین.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس خاتوو بێگەرد، فەرموو كاك ناظم.

**بەڕێز ناظم كبیر محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من رێزم هەیە بۆ ئەندامانی پەرلەمان، یەعنی مەســـەلەی هەر بابەتێك بە پێی پەیڕەو دەبێ ئێمە رێزی لێ بگرین، هەر بابەتێك لە ناو كارنامەی دانیشـتنی پەرلەماندا نەبێ حەق نییە ئێمە لە بـابەتەكەوە دەربچین، ئەنـدامـانی پەرلەمـان وەكو بیرۆكە و وەكو گوتـاریـان پێشـــكەش كرد، بەهەرحـاڵ، بەڕێزان، گومـانی تێـدانییە ئەو بڕیـارانەی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق دەرچووە بە هەموو شـــێوەیەك بڕیاری نا

یاســـایین، نا دەســـتوورین، نا تەندروســـتن بە حەقیقیەت، ئەمانە هەمووی جێگای ڕەت کردنەوەیە، ئینجـا ئەم لێرە ئەم بڕیـارانە کە لەلـایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە دەرچووە بەراستی من ناوی لێ دەنێم ئەنجومەنێکی سیاسی کە لەلایەن چەند گرووپێکەوە ئێستاکە کار لەسەر دەکەن و ئەو بڕیارانەی کە لە بەرژەوەندی ئەواندایە دەیسەپێنن لەسەر خەڵکی کوردســتان ســزایەکی ســیاســی دەدەن بە خەڵکی ئێمە، حەقیقەت ئەوان کاتێك بیانەوێ دەســـتووری عێراق بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاربهێنن بەرژەوەندی لەبەر چاویانە، کاتێك دژی خەڵك بەکاری دەهێنن ئەم دەســـتوورە لێیان ون دەبێت، من یەك نموونەی بەسیت دەهێنمەوە کە (55) ماددە لە دەستووری عێراق پێشێلکراوە، یەعنی دژی هەموو بنەماکانی دەســـتووری عێراق بڕیار و یاســـایان دەرکردووە، کاتێك گەورەترین میلیشـــیای عێراق لە پەرلەمانی عێراق بە یاسـاییان کرد ئەو کات دەستووری عێراق لە کوێ بوو کە بە پێی بڕگەی (ب) لە ماددەی (2، 9)دا ئەمە پێچەوانەی دەســـتووری عێراق بوو، خاڵێکی تر دەمەوێ ئیشـــارەت پێ بکەم خۆ هەر لە ماددەی (7)ی دەســتووری عێراقدا هاتووە دەڵێ هەر کاتێك هەر بڕیارێك کە دەربچێت لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق یان لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە ببێتە هۆکاری ئەوەی کە تەمییز دروست بکرێت لە ناو پێکهاتەکاندا تووندوتیژی دروسـت بکرێ دەبێ ئەم کەسـانەی کە راسـتەوخۆ بەرپرسـیارن لە دەرکردنی ئەم بڕیارانە دەبێ ســـزا بدرێن بە پێی دەســـتووری عێراقەوە، ئینجا من نامەوێ بابەتەکە درێژبکەم، دەمەوێ چەند پێشنیارێك بخەمە بەردەستی لیژنەی یاسایی ئەگەر پێویست بوو سوودی لێ وەربگرن، یەکەم: ڕەت کردنەوەی هەموو ئەو بریـارانەی کە لە ئەنجومەنی وەزیران و نوێنەرانی عێراقەوە دەرچووە کە ئەم بڕیارانە نا دەسـتوورین، نا یاسـایین، نا تەندروسـتن، تەنها سـزادانی خەڵکی کوردسـتانە، بڕیارێکی تریش ئەوەیە کە هەروەکو گوتم لە ماددەی (7)دا دەبێ ئەوانەی کە ئەو بڕیارانەی داوە سزا بدرێن، چوونکە ئەمە تەمییز دروست کردنە لە نـاو پێکهـاتەکـانی عێراقـدا، خـاڵێکی تریش ئەوەیە داوا بکرێ نەتەوە یەکگرتووەکـان لە کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی لە پرەنســـیپەکانی وێلســـن لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە هەموو یاسا و ڕێسایانەی کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی کە حەقیان داوە بە چارەنووسی گەلان و مـافی خۆی دیـاری بکـات، ئینجا ئێمە داوا لەوان بکەین ئەوانە شـــەرم لە واژووی خۆیـان بکەنەوە کاتێك ئەو میسـاق و ئەو یاسـا و ڕێسـایانەیان واژوو کردووە، خاڵێکی تریش ئێمە تەمەنا دەکەین دەرگای حیوار و دەست خۆشیش لەو لایەنانە دەکەین کە دەست پێشخەری دەکەن بۆ حیوار و گفتوگۆی بێ مەرج لەگەڵ عێراق، بەڵام من دەڵێم ئێســـتاکە دەبینین هەندێك لەو بڕیارە سـیاسـیانەی کە سزادانی خەڵکی کوردسـتانە چووینە بواری جێ بەجێ کردنەوە، هەروەکو دوێنێ کە لە سـەعات (6)ی ئێوارە بڕیاری داخسـتنی ئەو فڕۆکەخانە نێو دەوڵەتی هەولێر و ســـلێمانی درا، بەراســـتی ئەم بڕیارە کەوتە بواری جێ بەجێ کردنەوە، ناکرێ ئێمەش دەسـتە و یەخە بووەسـتین ئینتیزار بکەین بۆ ئەوەی کە ئەم سزایانە بەسـەر خەڵکی ئێمەدا بسـەپێنرێت، من داوا دەکەم کە بە زووترین کات کاری دیبلۆماسـیەت بەکار بخرێت بۆ ئەوەی هەرچی زووە ڕێکارە یاســـاییەکانی بۆ گەیشـــتن بە نزیکترین ڕێگا بۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان ئەمە بگرینە بەر، هەروەها لەلایەکی تریشـەوە ئەگەر ئەوان هەر بەردەوام بن لەســـەر ســـزادانی خەڵکی ســـیاســـی و بڕیارەکانیان جێ بەجێ بکەن لە داهاتووشـــدا ئێمە داوا دەکەین کە لە حکومەتی هەرێمی کوردســـتان ئێمەش بزانین چ کارتی فشارمان هەیە لەگەڵ عێراق بەکاری بێنین ئێمە زۆر شتمان کە وەکو فشار بەکاریان بێنین، داخستنی سنووری ئاسمانی لەگەڵ عێراق، ئاو بەکار بێنین، ئیدی کۆمەڵێك شتی تر کە دەبێ بەکاری بێنین وەکو فشـار لەسـەر حکومەتی عێراق، فشـارەکانی تریش بۆ ئەوەی ئەوان پاشگەزببنەوە لە بڕیارەکانی خۆیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی بەڕێز، بەخێرهاتنی بەڕێز مەولود باوەمراد و د. ئامانج دەکەین، بەراستی ئەوە نەفەسەی برای بەڕێزم (کاك ئاری هەسین) قسەی پێکرد، ئەو لەوێ قسەی دەکرد من لێرە حەماسم گەرم ببوو، ئەمەش نەتیجەی ئەو گرێ دەروونیەبوو کە لە سەد ساڵی رابردوودا لەسەر قەزیەی کوردبوو هەموو تاکێکی کوردستان دروست ببوو بەسەراحەت، بەڵام دوای (9/25)، دوای ئەنجامدانی ریفراندۆم بە قەناعەتی من و ئەمە رای زۆربەی تاکەکانی ئەم کوردستانەش وایە کە ئەم گرێ دەروونیە ئیتر کرایەوە، ئینجا بە شێوەیەکی مەدەنی و دیموکراسی لەسەرخۆ سەرەڕای هەموو تەحەدیەکانیش، ئینجا لەبەر ئەوە ئەوەی دەبێ ئیسراحەت بکات لەمەو دوا میللەتی ئێمەیە، هیچ پێویست بەوە ناکات کە تەشەنوج بین و خۆمان دووربگرین لەهەر قسەیەکی توونd، لەبەر ئەوە ئەوەی کە دەبێ زۆر تەشەنوج بگرێ و زۆر ئینفیعالی بێ و لە حاڵەتی ئینفیعالیدا بڕیاری زۆر خراپ بدات کە دوور بێت لە هەموو بنەمای یاسایی و دەستووری ئەوە ئێستا عێراق بەدی دەکرێ کە ئەمە شتێکی سرووشتیە دەبێ لێیان نەگرین، چوونکە ئەوانیش رەنگە خۆیان وەکو تاکە کەس حەزیان لەوەبێت کە ئەم قەزیە چارەسەر ببێت لەکۆڵ ئەوانیش ببێتەوە، بەڵام رەنگە بۆیان خۆش نەبێت لە فەترەی وەزیفی ئەوان ئەم شتە بکرێ، ئینجا لەبەر ئەوە من بە باشی دەزانم کە ئێمە تەشەنوج نەکەین و دەبێ بە نەفەسێکی درێژ بە شێوەی ئاشتیانە بەردەوام بین باشترە لەوەی کە ئینفیعالی بین، وەکو جەنابی وەزیری گواستنەوەش ئاماژەی پێدا تەنها کارتێك کە ئەوان دەتوانن بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان بکەن ئەوەبوو کە جموجۆڵی فرۆکەخانەکانی راگرت، رەنگە بتوانن شتێکی تریش بکەن کە ئێستا باسی لێوە دەکەن ئەویش ئەوەیە وەکو پرسیارێکیش ئاڕاستەی د.ئامانج دەکەم، ئایا ئیستا قسە لەسەر ئەوە دەکرێ کە داهاتی نەوت بە هەماهەنگی لەگەڵ بەغدا بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی تورکیا داتاکەی یەکسەر رادەستی حکومەتی عێراقی بکەن، ئایا بە پێی ئەو عەقدەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا هەیە بە پێی ئەو یاسا نێو دەوڵەتیانەی کە لە بەینی هەردوو حکومەت کراوە رێگە بەوە دەدرێت یان نا؟ ئەمەش تەنها بۆ ئەوەیە کە لە هەیبەتی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان و لە سیادەی هەرێمی کوردستان بدات، ئەگەر نا هیچی تر نییە، ئەگەر نا ئەوان نەك ناوێرن شەڕمان لەگەڵ بکەن، نەك ئابلوقەی ئابووریش لەسەرمان بسەپێنن، نەك لەبەر ئەوەی کە ئێمە لە رووی ئابووری و عەسکەرییەوە زۆر بە قوەتین، بەڵام لەبەر ئەوەی کە ئیرادەی خەڵکی کوردستان زۆر بە قوەتە لەوەدا ئەمە یەك، دوو: ئەگەر ئەم ئابلوقەیە بخەنە سەر هەرێمی کوردستان ئەوە هەرێمی کوردستان لە ئامانجە ستراتیجیەکەمان نزیك تر دەکاتەوە، ئەوانە باش دەزانن، تورکیاش ئەوە دەزانێت، ئێرانیش ئەوە دەزانێت، بەغداش ئەوە دەزانێت، لەبەر رۆشنایی ئەو قسانە هەندێك پێشنیار دەخەمە روو، یەکێکیان بەبێ تەشەنوج و گوێدان بە قسە و تەهدیدات لە بەغدا و لێرە و لەوێ گوێ نەگرین و لە دانیشتنێکی نزیك و تایبەتی پەرلەماندا ئەنجامەکانی ریفراندۆمەکەی خۆمان بە پرۆژە یاسایەکی موشتەرەك لەلایەن هەموو لایەنە سیاسیەکان و نەتەوەکانی هەرێمی کوردستاندا دەژین پرۆژە یاسایەك ئامادە بکەین و ئەو پرۆژە یاسایە ببێتە بنەما بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ هەموو لایەك، نەك تەنها لەگەڵ بەغدا، لەگەڵ کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی، تەخویلی لایەنی سیاسی بکەین یان هەندێ کەس بکەین بە پێی ئەو یاسایە کە لە ئایندەدا دانووستاندن بکەن، دەبێ کار لەسەر راگرتنی هەڵوێست و

ئیرادەی بەرز و گەرم گوڕەکەی خەڵکی کوردســـتان بکەین لە حەمرین تاوەکو زاخۆ، چونکە ئێســـتا حەماســـێکی زۆر گەورەیان گرتووە، دەبێ بۆ ئەم حەماســـە بۆ بەرز راگرتنی ئەم حەماســـە دەبێ بە حکومەت و پەرلەمان و لایەنە ســـیاســـیەکانەوە بە ســـەراحەت دەبێ بەرنامەمان هەبێت، بە باشـــی دەزانم کۆبوونەوەیەکی تایبەت لەگەڵ حکومەت و لایەنە ســـیاســـیەکان بکەین لەم هۆڵەی پەرلەمان بە شـــێوەیەکی داخراویش بێت ئەگەر بکرێت، چونکە پێشنیاری باشمان هەیە بۆ گفتوگۆکردن پێکەوە بۆ بەدائیلی ئابووری و بەرز راگرتنی هەیبەت و ســیادەی هەرێمی کوردســتان، بۆ ئەو بابەتەش پڕۆژە یاســایەکم ئامادەکردووە ئەگەر پێتان باش بێت دواتر پێتانی دەدەم، یەکێك لەو خاڵانە کە (کاك ساڵار) باسی کرد کە لەو پڕۆژە یاســـایە جێگەی هەیە، خاڵی چوارەم: ئامادەکاری بۆ دوو دانیشـــتن بکرێـت، یەکەمیان بۆ دوایین پێشـــهاتەکانی شـــەڕی دژی تیرۆر و داعش بە ئامادەبوونی وەزیری پێشـمەرگە و نوێنەری قونسـلەکان، بۆ ئەم مەبەسـتەش حەز دەکەم لیژنەی پێشـمەرگە و لیژنە تایبەتمەندەکان رابســـپێرن بۆ ئەوەی ئەم دانیشـــتنە ئامادەبکەن، دانیشـــتنی دووەم دانیشـتنەکی تایبەت بۆ ئاگاداربوون لەسـەر رەوشـی ئەو نازح و ئاوارانەی کە لە هەرێمی کوردســـتـانـدا دەژین بە ئـامـادەبوونی فەرمـانگەی کۆچ و کۆچبەران و نوێنەری هەموو قونســـلخانەکان و راگەیاندنی ناوخۆ و بیانی، پێشـــنیار دەکەم لیژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمان بۆ ئەم دانیشـــتنەش ئامادەی بکەن، پشـــتگیری هەموو پەرلەمانتارانە دەکەم کە داوای رەت کردنەوەی بڕیارەکانی پەرلەمانی عێراقیان کردووە بە پێی ماددەی دەستووری (44، 110، 114، 115، 121)، ئاخیر نوقتەش ئەوەش پێشـــنیارە پڕۆژەیەکیشـــم ئامادەکردووە پڕۆژە بڕیارێك بۆ ئەمە ئەگەر پێتان باش بێت زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی عێراق و خەڵکی کوردســـتان ئەوانەی کە رۆژ و مانگی لە دایك بوونیان نازانن وەکو عورف لە جنســـیەی ئەحوالی مەدەنی رۆژی (7/1)یان دەست نیشان کراوە، پڕۆژەیەکم ئامادەکردووە بۆ ئەوەی هەر کەســـێك حەزی هەبێت ئەم تاریخە بگۆڕێ (7/1) لە جیاتی ئەم تاریخە رۆژی (9/25) دابنێت بۆ ئەم مەبەســـتەش پڕۆژەیەکم ئامادەکرووە ئەگەر پێتان باش بێت دواتر دەخەمە بەردەستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز خاتوو زۆزان فەرموو.

**بەڕێز زۆزان عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەرلەمـانتـارێن هێژا، لە دەســـتپێکی پیرۆزبـاییا گەلێ کوردســـتـانێ دکەم، ئەنجـامـدانـا ریفراندۆمێ سەرکەفتنا ڤی پرۆسێ، هەڵبەت تشەکێ نموونە بوو جێگای پیرۆزبایی کرنێی بڕیارا دیموکراسیانەیا میللەتی کورد عیراق پەرلەمانێ خۆ کۆمەکە سزایان ل سەر میللەتێ کورد دەرئیخســـتن، کراســـەکا یاســـاییدا بن قوبا پەرلەمانی، لەوما ئەڤ بڕیارە رەت دکەین ئەوێن ژی هەرسـێ دەسـەڵاتێن عێراقی دەرکەتین کو بە راسـپاردەیا سـەرۆکێ حکومەتێ هاتینە دەرکرن، چونکە ئەو بڕیار پێچەوانەی ماددەیێن دەسـتووریە، ئەو دەسـتوورێ ئەوان دکەنە مەرجەع، چونکە بڕیارێن وان ل چوارچۆڤەکێ سـیاسـی دزڤرن ژبۆ رازیکرنا شـەقەما عێراقێ و ژبۆ پاراسـتنا پێگەهێ خۆ ل ناڤ خەڵکیدا، ئەگەر سـەرەنجدانەك بهێتە کرن سـەر وان ماددەیێن یاسـا و دەسـتووری ئەوێن بەرژەوەندە گشـتییا میللەتێ کورد نەهاتینە جێ بەجێ کری بدەین دێینە ئەگەر و پاڵدەر ژبۆ ئەنجامدانا ریفراندۆمێ، ژبەر کو دڤێت ئەو بزاڤێن درێژ یا مێژووی میللەتێ کورد خەباتیش ژبۆ کری بگەهیتە ئەنجام و خۆشـــبەختانە دەرئەنجـامێ وان قوربـانیێن میللەتێ کورد دای، ئەو راپرســـی ل (2017/9/25) هـاتیە

ئەنجامدان، کو ئەڤە ژی مەفەکی رەوای میللەتێ کوردە ل دیڤ هەمی پرەنسیپێن نێڤ دەوڵەتی، هەروەسا ئەگەر عێراق پێداچوونەکێ بکەت دێ دیار بیت هەر ل سالا (91)یەکەوە کوردستان سەربەخۆبوویە، دەسەلاتێن خۆیا شەرعی و قەزائی و تەنفیزی هەبووینە، لەو را نابیت ئەنجامدانا راپرسی ببیتە کارتەك ژبۆ برسی کرن و سزادانا ب کۆمەڵ یا خەڵکێ کوردستانێ، چونکە ئەگەر حکومەتا ئیتیحادی دەستوور جێ بەجێ کردبا میللەتێ کورد و دە سەلاتا کوردی ئەڤ بڕیارە نەدەدا، پشتی سالا (2003) پشگداری کرنا دە سەلاتا سیا سیا کوردی ئازادکرنا عێراقێدا و بەشداری کرنا رێڤەبەریا عێراقا نیدا دەستوور بوویە حاکم ناڤبەرا هەرێمێ و عێراقێدا، بەڵێ پێشێلکارکرنا یا دەستووری ل دەست پێکێ ژ دەڤ وان دەست پێکر ئەو ژی نە جێ بەجێ کرنا زۆربەیا ماددەیێن دەستووری یەك ژوان ژی ماددێ (140) تاوەکو گەهشتیە بڕینا بودجێ، هەر بۆیە ئەڤ بڕیارێن دەرکەتین ژی بەردەوام بوویە یان بەردەوامی بوویە بۆ وان پێشێلکاری بەردەوام ل سەر میللەتێ کورد و هەمی پێکهاتەیێن کوردستانێ، چونکە ماددەی (109) تاوەکو (115) ل دەستووریێ عێراقێ گرێدای ئیختیصاصاتی سولتەیا ئیتیحادیە، کو خالا (3) و خالا ل گەلدا دژی ماددەیا (114) کو دەسەلاتا موشتەرەك ناڤبەرا عێراقێ و حکومەتا ئیتیحادیدا دیار دکەتن، کەواتە ئەڤ بڕیارێن هاتینە دەرکرن بڕیارێن تاك لایانە بووینە بێ حازر بوونا نوێنەرێن کورد ل پەرلەمانێ عێراقی و ئەڤە ژی دژی وێ یەکرێز یا عێراقییە دەعوا پابەندبوونێ پێ دکەتن، پاراستنا یەکرێزیا عێراقێ و یەك پارچەییا وێ دکەتن وەك ماددەیا (1) ل دەستووری هاتی، لەوما پێتڤیە حکومەتا عێراقێ رێزێ ل بڕیارا گەل و میللەتێ کورد بگریتن، ئیعادەی نەزەر هەمی وان کار و کردارێ خۆ بکەتن بەڵکو ئەو ریفراندۆمە ببیتە کلیلەك و پاڵدەرەك بۆ چارەسەرکرنا وان کێشێن ناڤبەرا هەردوو لایاندا، دیسان ببیتە پاڵدەرەك بۆ نەهێلانا وان پێشێلکارییێن دەستووری و یاسایی و مرۆڤایەتی هەمبەر مافێ میللەتێ کورد، زەنگەکا یا هەشیاری بیتن بۆ دەسەلاتدارێن دەسەلاتا عێراقێ ئەوێ دەسەلات ل دەستی دا ل بەرامبەر میللەتێ کورد کو ئاگاداربن، ل دوماهیێ پاڵپشتیا وان خالات دکەم ئەوێ (د.شیرین، د.فرست) ئاماژە پێ کرن، دیسان ئاماژەکە گەلەکا گرنگ من دڤێت ل ڤێرێدا بێژم ئەگەر سەرۆکی حکومەتا عێراقێ خۆ ب سەرۆکی هەمی عێراقێ دادنیتن ل بەرێ چەندەك مە هەمیا ئاگا ل هەندێ هەبوو پێشمەرگەکا کوردستانێ، پێشمەرگەکا دەڤەرا بە هدینان ژ لایەن نەتەوەیێن یەکگرتیڤە هاتە گازی کرن و هاتە تەکریم کرن، ل دیڤ گوتنا یا (ملازم کۆچەر)ی کو ل دەمێ ئەو دا پەیاما خۆ پێشکەشکەتن یەکسەر سەرۆکێ حکومەتا عێراقێ ل هۆلا کۆمبوونێ دەرکەت، ئەڤە ژی دژی وی یەکرێزییە ئەو دبێژیتن، چونکی ل دیڤ ماددەیا (121، 125) و ماددەیا (9، أ) پێشمەرگە وەکو هێزەك دێتە هەژماردنێ پێتڤیە وی رێزێ ل پێشمەرگە و جلیێن وی گرتبا و ئەو قوربانی دانە پێشمەرگەی بۆ پاراستنا و قوتارکرنا خاکا کوردستانێ و عێراقێ ل تیرۆرستێن داعش کری، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز نجاة خان فەرمو.

**بەڕێز نجاة محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتی سەد سالێن میللەتەکی ژێر زوڵم و ستەمێ و بەرگری کرن ل وان هەمی ئابلوقەدانی سەربازی و ئابووری و سیاسی بەرامبەر هاتە ئەنجامدان، سەرووی هەموویان پێشێلکرنا دەستووری عێراقێ لەلایێ حکومەتا مەرکەزیڤە شیا ل ماوەی (26) سالێن حوکمرانیا خۆدا باشترین فاکتەرێن بەهێز بۆ دەربازبوون بۆ قۆناغا فیدرالیەتێ و پێنگاڤ

هاڤێتن بۆ سەربەخۆیێ کو خۆشبەختانە سەرکردایەتا سیاسی زۆر ب حەکیمانە بڕیار دا کو میللەتێ مە ب رێکا دیموکراتی ب راسترین میکانزم بریارێ چارەنڤیسا خۆ بدەتن کو ئەو ژی دەمەکێدا هەم بەشداریا کارا و بەرچاڤا هاوڵاتیان کەرنەڤاڵێن جەماوەری و هەم ژی بەشداریا رۆژا دەنگدانێدا باشترین پێڤەربین، هەم کۆمەڵگەهێ نێڤ دەوڵەتی و وڵاتێن زلهێز خاندەکا دروست و واقیع بینانا بۆ هەست و خازا خەڵکێ کوردستانێ بکەتن و ل گۆر بنەمایێن یاسای نێڤ دەوڵەتی کو دەربرین مافێ مرۆڤ و چارەنڤیسێ میللەتان بکەتن، لەوما گرنگە هەموو لایەك رێز ل ئیرادەیا میللەتێ کورد بگرێتن و بریارا رۆژا (9/25) کو (92.73) دەنگێ سەربەخۆییا کوردستانێدا رێزێ لێ بگریتن و ئەرکێ وڵاتێن زلهێز و کۆمەڵگەهێ نێڤ دەوڵەتیە و وڵاتێن هەرێمایەتیە بەرگری کەربن و خودان هەڵوێست بن بەرامبەر هەمی ئابلوقەدانێ کو نوکە و داهاتی چاڤەرێنە سەر میللەتێ مە بێنە سەپاندن، دیسان هاریکاربن بۆ دانپێدانێ ب ئەنجامێ گشت پرسیێ و مافی رەوایێ میللەتێ مە، بۆ تەحقیق کرنا وێ ئارمانجێ ژی بێ گومان یەك گوتارا سیاسی کو ئەڤە ئەرکێ هەمی لایەنێن سیاسیە، هێڤیدارین کو رۆڵ بگێریتن و داخازێ ل لیژنەیا یاسایی دکەم کو وان هەر سێ بڕیارێ ژ لایێ هەرسێ دەسەڵاتێت بەغدا هاتە دان رەت بکەن، چونکە ئەو بڕیارە نا یاسایی نا دەستوورینە، دوماهیێ ژی پێتڤی دزانم دەست پێشخەرییا مەرجەعێ شیعی یا (ئایەت الله سیستانی) کو بەراستی گرنگ بێتە وەرگرتن و بەردەوام بیتن بۆ گێڕانا رۆڵێ خۆ یا مەزن و ڤان قۆناغا و ل داهاتیشدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سهام خان فەرموو.

**بەڕێز سیهام عمر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان، ل دەستپێکی ب خێرهاتنێ مێڤانێن بەڕێز دکەین، ل دەستپێکا پەیڤێن خۆ کو ل دیڤ بەرنامێ کاری بەرسڤدانا ئەو بڕیارێن هاتینە دەرکرن ژ لایێ ئەنجومەنێ نوێنەران و ئەنجومەنێ وەزیرانی عێراقێ ئەز دبینم پەیمانا من بۆ گەلێ کورد ئەو ژی دەبیتە بەرسڤدانەك بۆ ڤان بڕیارێن تەعەسوفانە هاتینە کرن، ژبەر هەندێ ژی پیرۆزباهیا گەلێ کورد دکەم کو بۆێرانە و ئیرادە و قەناعەت ریفراندۆم ئەنجامدای و رێژەیا بەڵێ هەرە بەرز مێژوو تۆمار کرنە و سەروەریە ب هەمی رامانە خۆڤە، پێتڤیە هەمی شانازیێ پێببەین، لەمن را قەناعەت دەست پێکریە ڤێ سەروەریێ بپارێزین، خۆ راگرین و ئیسبات بکەین ئەم هەر نەقشەین چەندین شۆرەش و سەرهەڵدان و قوربانیدان تۆمارکرین، مە زوڵم قەبیل نەکریە و دێ بەردەوام بین، ئەم پێتڤیە بزانین کو دۆزا کوردا حەق و رەوایە و چ ساختەیی تێدا نینە، ئەم پێتڤی ناکەتن شەرمێ ژی بکەین کو ئەڤرۆکە دا مە دوودلی چێ ببیتن، هەر دیسان سەد ساڵێن دابەشکرنا مە شاهدن ڤێ چەندێ و شاهدن سەر تموحا مە و ئومێدا مە و ئەرمانجا مە، ژبەر هەندێ ژی پشتی ریفراندۆمێ ئەنجامدانا وێ ئەز دبێژم ئەو دەمە تێپەڕی کو ئەم سەر وێ چەندێ ب ئاخڤین، بەڵکو دبێژمە خەڵکێ مەیێ ب شەرەف و بوێر ب یەك دەست و یەك هەڵوێست و ب یەك هەست خۆ راگربین، چونکە روون و ئاشکرایە ئەم هەمیان دزانین ئەنجامدانا گشت پرسی دژایەتی دێ هەبیتن، بەڵێ، ئومێد و خاستا مە گەلەگ مەزنترە و دیرۆکا مان و نەمانێ سەرهەڵدایە، ژینا مە هەر بۆ ڤێ ئەرمانجێ یە و دێ بەردەوام بیتن، دیسان دبێژم کەرامەت و دەوڵەت بوون دۆزا مەیە و یا پێتڤیە گڤاشتن و سزا کار تێکرنێ ل مە نەکەن، بەڵکو پتر روشدبین ل ڤێرێ، چەندین پێشنیارا ئاڕاستە بکەم هەرچەندە ئەڤ پێشنیارێت من دەڤ خۆ

نڤیســـین هاڤکارێت من ئاماژە پێکرینە، تەنێ کو ئەڤێ ئەز گرنگ دبینم دێ ئاڕاســـتەی ســـەرۆکایەتیا پەرلەمانی دکەم ئەو ژی پێکهینانا لیژنەیێن جودا جودا بۆ هەندێ خیتاب و گفتوگۆ دگەل کۆمەڵگەهێ نێڤ دەوڵەتی هەبیتن ب مەراما ناساندنا بڕیارێن بەغدا، وەکو ســزایەکا ب کۆمەڵ ئەڤ بڕیارە هاتینە دەرکرن بێنە هەژماردن کو ســزایەکی ب کۆمەڵە ئەڤەژی دژی هەموو وان رێکەفتنی نێڤ دەوڵەتیە کو چەندین وڵاتان ئیمزا ســـەر کریە و عێراقیش یەکیش وان وڵاتایە کو ئیمزا ســـەر ئەڤان ئیتفاقا کری کو رێز ل مافێن رەوایێن هەموو گەلەکا بهێتە کرن ئەڤ خۆ ئەڤڕۆکە پێشێل دکات، ژبەر هەندێ ژی پێشنیار دکەم چەندین لیژنە بهێنە پێکهینان یان لیژنەیا پەرلەمانی بهێنە راســـپاردن کو لێژنەیەکا ڤان لیژنەیا بهێتە پێکهینان وەکو لیژنەیا رۆشـــنبیری و کۆمەڵگەی مەدەنی و لیژنەیا پەیوەندی دەرڤە و ناڤەندا کوردستانی و ئەگەر لیژنەیا یاسایی یان سەرۆکایەتی پەرلەمانی هەندەك لیژنەیێن دیێن پەیوەندیدار پێ بزانیتن ئەڤە یا گرنگە، چونکە پێتڤیە پەرلەمانێ کوردســتانێ دگەل حکومەتا هەرێمی ب هەماهەنگیەکا بەردەوام ســـەر خەتی بن بۆ تێپەڕاندنا ئەڤێ قۆناغا مە گوتی پشـتی ریفراندۆمێ و ئەنجامێن وێ، ئەکید قۆناغەکا دی دەسـت پێدکەت فیعلەن گفتوگۆیـا مە بەردەوام بن و تەرکیز ســـەر گفتوگۆیا بکەین دگەل بەغـدا، دگەل کۆمەڵگەهێ نێڤ دەوڵەتی، قەناعەتێ بۆ جیهانێ و بۆ بەغدا چێ بکەین کو فیعلەن ئەڤ کارێ مە ئەنجامدای ئەم دێ بەردەوام بین ســەر ئەم تەرکیزێ ل ســەر دکەین، دیســان من دڤێتن پەیمانەکا دی بۆ گەلێ عێراقێ بدەم ئەو ژی پشت راست بن ئاشتییانە دگەل جیرانێ خۆ دژین، ئەڤە ئەکید ئاماژەیا خێرێ باشـــیێ و ئاشـــتییێنە بۆ هەردوو تەرەفا، دیســـان من پرسیارەکا دی ل بەڕێز وەزیرێ گواستنەوە گەیاندن هەیە کو ئەگەر باردۆخ ڤی رەنگی بیتن و بەردەوامی پێ بهێتە دانان هەرچەندە ئەو سزایێ ئەگەر ئەم ناڤێ وی لێ بنێین سزا کو بەری نوکە هەر ئیشـــراف هەبوویە و ســـەرپەرشـــتی هەبوویە ســـەر فرۆکەخانێن نێڤ دەوڵەتییێن هەولێر و ســـلێمانی و تەنســـیق ل ناڤبەرا هەرێمێ و بەغدا هەبوویە لێ ئەڤە دێتە کرن ئەگەر بەردەوام بیتن وەزارەتا گواســـتنەوە و گەیاندن دگەل ئەنجومەنێ وەزیران دێ چ پێنگاڤێن دێ هاڤن؟ ئەز حەز دکەم بەرسـڤا ڤێ چەندێ بزانم، دیســان من داخازیەکا دیش یا هەی کو چاوا سەرکردایەتیا سیاسیا کوردی سەرکێشیا ئەنجامدانا ریفراندۆمێ کریە ئەز داخاز دکەم کو بەردەوام بن ســەر ڤێ ســەرکێشـی، ســەرکێشــیا یەکرێزیا نیشـتیمانیا سیاسی بکەن داکو پتر هەڵوێستێ کوردا بەهێزبیتن بەرامبەر کۆمەڵگەهێ نێڤ دەوڵەتی و بەرامبەر بەغدا، ئەڤرۆکە بەغدا نە بەهەنجەتێ بێژن هێشتا یەکرێزنین، بەڵکو چوونا هەموو ئـالێین ســـیـاســـی بۆ ریفرانـدۆمی ئەڤ چەنـدە هەنگی ئـامـاژەیەکـا بـاش بیتن، بەڵێ، ســەرکردایەتیا ســیاســیا کوردی پێتڤیە تەرکیزێ ل ڤێ چەندێ بکەتن یەکرێزیا نیشـتیمانی چارەیەکا زۆر بەهێزە بۆ هەندێ کو ئەم بەردەوام بین ســـەر خاســـت و ئومێدێت خۆ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز شێخ سراج فەرموو.

**بەڕێز سراج احمد (شێخ سراج):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی بەڕێز، وێڕای پیرۆزبایی سـەرکەوتنی ریفراندۆم لە تەواوی خەڵکی کوردسـتان و ســـەرجەم پێکهاتەکان، لای جەنابتان مەعلومە ئەو بڕیارانەی کە لە پەرلەمان و حکومەتی عێراق دەرچووە ئەوە پێچەوانەن، تەواو پێچەوانەی چەندین ماددەی دەســـتووری و بڕیار و پەیماننامەکانی نێو دەوڵەتین کە باس لە مافەکانی مرۆڤ و مافی نەتەوەکان دەکات،

بەشێك لە ئەندامانی بەڕێز لە خوشکان و برایان بە تێر و تەسەلی باسیان کرد من تەواو پشتیوانیان لێ دەکەم، بەڵام ئەوەی من بە گرنگی دەزانم چەند پێشنیارێکە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، زۆر بە کورتی باسیان دەکەم، یەك: داوا دەکەم تەواوی بڕیارەکانی حکومەتی عێراق بە پشت بەستن بە بڕگە و ماددە یاسایی و دەستووریەکان یەکە بە یەکە رەت بکرێنەوە، چونکە گوتراوە وابزانم ئیمامی عەلی باسی عاشورا و موحەڕەم دەکرێ منیش باسێکی ئیمامی عەلی بکەم، ئیمامی عەلی دەڵێ (حين سكت اهل الحق عن الباطل توهم اهل الباطل انهم على حق)، ئینجا بۆیە دوای رەت کردنەوەی بڕیارەکانی پەرلەمان و حکومەتی بەغدا پێشنیار دەکەم بۆ پەرلەمانی کوردستان داوایەك بە فەرمی ئاڕستەی (un) و کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی بکات کە هەڤالان باسیان کرد کە هەڵوێستی جدیتر وەربگرن بۆ ئەو پرسانە بەرامبەر حکومەتی عێراق و بڕیارەکانی پەرلەمان، دوو: نابێ ئەوان تەنها تەماشەکەرێن بەرامبەر چارەنووسی خەڵکی کوردستان، بەڵکو دەبێ رۆڵی جدیان هەبێت لە کاتێدا خەڵکی کوردستان هەستاوە بە ئەنجامدانی ریفراندۆم و گشت پرسی کە پرۆسەیەکی تەواو مەدەنی و دیموکراسیە، ئەوان بێن هەڕەشە و تەهدید لە خەڵکی هەرێمی کوردستان بکەن، چونکە گومان لەوەدا نییە گەر عێراق بەم عەقلیەت و موتەحەجیرە بڕوات و حوکم بکات بڕیارەکانی لەسەر خەڵکی هەرێمی کوردستان بسەپێنی با هەموومان دڵنیابین کەوا عێراق بەرەو دیکتاتۆری دەگەڕێتەوە کە کارەساتی گەورەتری بەدوا دادێت، ئەم وڵاتە تاوەکو ئێستا دروستکراوە لەسەر بنەمای شەراکەت، بەڵام بەم شێوازەبێتن بەراستی کەسمان تەمەنا ناکەین عێراقێکی دیکتاتۆر دووبارە دروست بێتەوە، هەروەها داوا لە پەرلەمان دەکەم شاندێك رێك بخات سەرەدانی وڵاتانی عەرەبی و وڵاتانی ئیسلامی بیانی بکات، جموجۆلەکی دیبلۆماسی دروست بکەن بۆ پرسی ریفراندۆم، هەروەها ئەو بڕیارە مەترسیدارانەی کە لە بەغدا لە دژی خەڵکی هەرێمی کوردستان دەردەچێت، نابێت ئێمە تەنها لە پەرلەمان بڕیار دەربکەین، بەڵکو دەبێ جموجۆلی سیاسیش دەست پێ بکەین، کۆتا شتم ئەوەیە داوا لە حکومەتی هەرێم دەکەم کە جەنابی وەزیریش لێرەیە، داوا دەکەم ئەوانیش بەدائیلی باشتر بدۆزنەوە بۆ ئەو بابەتەی کە ئێستا ئێمە بۆی دانیشتووین، ناکرێ خەڵکی کوردستان چیتر دیلی دەستی بەغدا بێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك فرحان جوهر، فەرموو.

**بەڕێز فرحان جوهر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پیرۆزبایی لە گەلی کوردستان دەکەم بە بۆنەی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، بە تایبەتی خەڵکی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، ناوچە جێناکۆکەکان، کە نەبەردییەکی گەورەیان تۆمار کرد بە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، بۆیە ئێمە بە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم گەلی کوردستان ئێستا گەیشتوونەتە خاڵی نەگەڕانەوە، حکومەتی عێراق دوو ڕێگای لەبەردەمە، یان دەبێ گفتوگۆ بکات، یان دەبێت خەیاری ئەمنی هەڵبژێریت، کە بەداخەوە وەکو دیارە بە پێی ئەو بڕیارانەی دەری کردوون، لە پەرلەمانی عێراق دەری کردوون، خەیاری ئەمنی هەڵبژاردووە کە پێچەوانەی هەموو بڕگە و ماددەکانی ئەو دەستوورەن کە بەیەکەوە دەنگمان لەسەر داوە، بۆیە پەرلەمانی کوردستان دەتوانێ گەلێ شتی گرنگ بکات، لەبەر ئەوەی ئەوان ئێستا دەستوریان بیر هاتۆتەوە، ئێستا باسی دەستور دەکەن، کە خۆیان ساڵانێکی زۆرە پێچەوانەی دەستور ڕەفتار دەکەن، پێویست بوو ڕیفراندۆمی کوردستان

بەڕاســـتی لەو کاتە بکرابایە کە قوت و مووچە و بودجەی خەڵکی کوردســـتانیان بڕی، ئەو کاتە کە هیچ بەرگرییان لە خەڵکی کوردســتان نەکرد، هەروەها مووچەی خەڵکیشــیان بڕی، ئەو کاتە دەبوایە ئێمە بمانزانیبا ئێمە هیچمان لەگەڵ ئەوان نامێنێت، لەبەر ئەوەی رەبتی دەسەڵاتی فیدرالی لەگەڵ ئێمە هەردوو مەسەلەی مووچە و مەسەلەی ئەمنی بوو، ئەوان نەیانتوانی نە بەرگری لە ئێمە بکەن، نە چەك بە ئێمە بدەن، نە موســتەحەقاتی پێشــمەرگە بدەن، هەروەها نەشــیانتوانی مووچەی خەڵکی کوردســتان بدەن و نەیاندا، بۆیە بەڕاســتی بە ڕەئی ئێمە ئەم ریفراندۆمە نەك کاتی نەبووە، بەڵکو دواش کەوتووە، بۆیە ئێســتا خاڵی نەگەڕانەوەیە، حکومەتی عێراق دەبێ بزانێ خەڵکی کوردستان لەم مەسەلەیە ناگەڕێتەوە پاش، ڕاســتە ســەرکردایەتی هەرێمی کوردســتان ڕایگەیاندووە کە بەڵێ بۆ ئەم مەســەلەیە کات دەبەخشین، موفاوەزات دەکەین، داوای گفتوگۆ دەکەین، بەڵام مەسەلەی نەگەڕانەوە دەبێ حکومەتی عێراق ئەوە بزانێــت کە ئێمە گەیشـــتووینەتە خــاڵی نەگەڕانەوە، بۆیە وەڵامدانەوەی حکومەتی عێراق یان پەرلەمانی عێراق کە ئەو بڕیارانەی دەرکردوون بە ناوی دەســـتورەوە، ئێمە زۆر زیاترمان لەبەر دەســـتە ئەگەر وەڵامیان بدەینەوە، بە پێی ئەو دەســتورەی کە عێراق دەریکردووە، لێژنەی یاســایی تەکلیف بکرێت بە وەڵامدانەوەی ئەو بڕیــارانەی عێراق بە پێی خــاڵ و بڕگەکــان، نەك بە شـــێوەیەکی تەعمیم دەربکرێــت، بە شـــێوەیەکی ســـیاســـی بڕیارەکانمان ڕەت کردەوە، لەبەر ئەوە هەموو ئەو بڕیارانەی کە دەریان کردوون، یەکێکیان بە پێی بڕگە، بە پێی ماددەی یاسایی خۆی ئیشارەتی پێ بکرێت، هەروەها لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی باشتر لێمان قبوڵ دەکات، نوسخەیەك لەو بڕیارە و لەو وەڵامدانەوەی ئێمە هەموو بدرێت بە هەم حکومەتی عێراقی، هەم پەرلەمانی عێراقی، هەم جیهاتی دەرەوە، هەم ڕای گشــتی، هەم (UN)، هەموو ئەوانە زۆر زۆر گرنگن لە ڕووی دەســـتووری و قانونییەوە کە کار لەســـەر ئەو مەوزووعە بکرێت، لەبەر ئەوەی لەڕووی قانونی و دەســـتورییەوە زۆر زۆر گرنگی خۆی دەبێ، لەوەی زیاتر لە مەســـەلەی ســـیاســـی، ئەو موســـتەلەحاتانەی کە ئێمە بەکاری دەینین، ڕاســـتە غەدر لە ئێمە کراوە، جینۆســـاید لە ئێمە کراوە، بە پێی تاریخ ئێمە چەوســـاندراینەوە، بەڵام ئەوە حکومەتەکانی پێشـــووتر بوونە، ئەم حکومەتەی ئێســـتا دەیەوێ بە پێی دەســـتور تەعامول لەگەڵ ئێمە بکات، بە قســـەی خۆی، کە چەند لەمێژە ئەم بڕگە و دەســـتوورە، ئەم بڕگانە و ماددەی دەســتور بەخۆی پێشــێل دەکات، ئەم دەســتوورە حەقی داوەتە ئێمە، حەقیشــی نەداوەتە حکومەتی عێراق جەیش بکاتە ئەداتێك بۆ قەمع کردنی شـــەعبی عیراقی، بە پێچەوانەوە، ئەو جەیشـــە دەبێ بۆ پــاراســـتنی ئەمنی حــدود بێــت، بە پێی ئەو مــاددانەی کە لەو دەســـتوورەدا هاتوون، کەچی ئێســـتا حکومەتی عیراق دەســتوری پێشــێل کردووە، لەگەڵ حکومەتی بیــانی ڕێــك دەکەوێ بۆ لێــدانی خەڵکی خۆی، بۆ لێــدانی ڕۆڵەکــانی خۆی، موئــامەرە لەگەڵ هەردوو دەوڵەتی دراوســـێ دەکــات بۆ گرتن و برســـی کردنی خەڵکی کوردستان، هەروەها بە هەرەشەکردن لەو ناوچانەی کە ئەمنییەتێکی باشی لێیە، پێشمەرگە ئەو ناوچانەی پاراســتوونە، نەیهێشــت بکەوێتە دەســتی داعش، ئێســتا وەکو بڕیار دەریان کرددو کە ئەم ناوچانە بگەڕێننەوە ژێر دەستی خۆیان بە زەبری هێز و بە زەبری بەکارهێنانی هێز، بۆیە ئەو بڕیارانەی کە دەرچوونە لە پەرلەمانی عێراق هەموو پێچەوانەی دەســتووری عێراقن، بۆیە گرنگە کورد لە ئێســـتاشـــدا ئەگەر بڕیارەکانی دادگای فیدراڵیش تا ڕاددەیەك موســـەیەس بن، یان بە ســـیاســـی کرابن، بەڵام دەکرێ ئێمە لە دادگای فیدرالیش ئەم تێهەڵچوونــانە بکەین، هەروەهــا تــا بکرێــت بە لۆجیکی یــاســـا مــامەڵەیــان لەگەڵ بکەین، هەروەهــا داوای گفتوگۆ بکەین، داوای حیوار بکەین، چەنــد وەخــت پێویســـــت بێــت بۆ

مەسـەلەی گفتوگۆ لەسـەر ئەو مەسـەلەیە بدرێتە عێراق، هیچ کێشـەیەك نابێت، تا ئەو کـاتەی ئـێمە لەبەر ئەوەی قەزیـیەیەکـی حەقە، قەزیـیەیەکـی ڕەوایە، مـافـی چـارەی خۆنووسینە، بە پێی یاسا نێودەوڵەتییەکان، بە پێی موعاهەداتی دەولی، بە پێی یاساکانی (الأمم المتحدة)، هەموویان ڕێگەیان بە خەڵکی کوردستان داوە کە مومارەسەی ئەم حەقە بکات، دەسـتوری عیراقی لە ماددەی (2)دا هاتووە لە بڕگەی (ج)دا دەڵێت: (ناکرێ هیچ یاسـایەك دەرچووێندرێت پێچەوانەی بنەما و پرەنسـیپەکانی دیموکراتی لە عیراق دا)، کەواتە ڕیفراندۆم بنەما و پرەنسـیپێکی دیموکراتی یە، هەر یاسـایەك دژی ئەم بنەمایانە دەربچێت، شتێکی نادیموکراتی یە و پێچەوانەی دەستورە، لەبەر ئەوەی ئێمە لە مەسەلەی نەوت دا، لە مەسـەلەی گومرگەکان دا، لە مەسـەلەی مەنافزی حدودی دا، لە مەسـەلەی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم دا، لە مەسـەلەی ناوچە جێناکۆکەکان دا، لە ماددەی (140)دا، هەموو حەق لەگەڵ خەڵکی کوردستانە، بۆیە ناکرێ ئێمە بە بڕیاری سیاسی ئەم حەقانەی خۆمان وای لێ بکرێ نەیێنە پێش چاو، گوایە ئێمە دەسـتورمان پێشـێل کردووە، ڕاسـتە لە ڕووی سـیاسـی موهیمە کاربکرێ، بەڵام ئەوەندەی گرنگترە کە پەرلەمان دەتوانێ ڕۆڵێکی زۆر گەورە ببینێت، هەروەها پەرلەمانی کوردستان دەتوانێ تەعدیلی ئەو قانونەی ئیتیحادی بکات لە پەرلەمانی عێراق کە دەرچوونە، لێرە ڕاسـتیان بکەیتەوە، دەسـتور حەقی بە ئێمە داوە، هەموو ئەو قانونەی ئیتیحادی کە دەردەچوون کە پێچەوانەی هەرێمن، دەتوانین ئێمە لە پەرلەمانی کوردسـتان تەعدیلیان بکەینەوە، جارێکی تر نەهێڵین (سـارية المفعول) بن، ئەوانە گرنگن، بە مەسـەلەیەکی ئەو ڕاسـپاردانەی کە ئێسـتا دەردەچن پێموابێ دەبێ بە بڕگە و بە ئیشـارەتدان بە دەسـتور بێت، نەوەکو بە تەعمیمی سـیاسـی بێت، هەروەها تەشـەنوجی تێدا نەبێت، هێرشـکردنی تێدا نەبێت، لەبەر ئەوەی ئێمە بڕیارمان داوە بە گفتوگۆ ئەم مەوزووعە چارەسـەر بکرێت، گفتوگۆش ئەوەیە کە ئێمە پەنا ببەینەوە بۆ دەسـتور، کە ئەوان ئێسـتا دەسـتوریان لە بیرە دەبێ ئێمە زۆر مەمنون بین کە ئەوان لە ڕێگەی دەسـتورەوە تەعامول لەگەڵ ئێمە بکەن، ئێمەش دەبێ بە دەسـتور وەڵامیان بدەینەوە، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز فرحان جوهر، فەرموو مەلا ئیدریس.

**بەڕێز إدريس على إسلام:**

**ب ناڤێ خواى مەزن و دلۆڤان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێر هاتنا هەردوو مێهڤانا بەڕێز دکەم، د حەقیقەت ژ بەرکوو کات و ژ وەختیشـی نەما، خیتاب و نوقتێت نیزامیش نەما، قەسر و جەمعەکی مت بەرسڤا بڕیارێن بەغدا، حەقیقەت ئەو بڕیارێن هاتینە دانێ، بەڕێز سـەرۆکی پەرلەمانی، بڕیارێن پەرلەمانی بەغدا و حکومەتا بەغدا لە حەفتیا دەرباز بی، دژی گەلێ کوردستانێ کو بە گرتنا مەتارێ و سنوورا و پێدابچی هەر خالی دی حەمی، ژ بنەماێن ئەساس پێ نینین، هەروەسا نە شـەرعینە و نەقانونینە، ژ بەر دوو خالا:

ئێك/ وەکو زمان و مێژوو یان ژ ئەم بێژن ئاخ و وەڵات و ئالا و بیروبۆچوونێن مە گەلێ کوردستانێ جیاوازن لەگەلی دی حەما، قەوانینیان ئەم بێژن سیستەمێن دوەلی و عالەمی هەما حەقی مافی داتە هەر گەل و میللەتەکی کو زمانێ خۆ هەبێت، ئاخا خۆ هەبێت و، گەلێ خۆ هەبێت، مێژووا خۆ هەبێت، کو سـەربەخۆییا خۆشـی هەبێت، کو دەولەتبوونا خۆ هەبێت، ئەم وەکو گەلێ کوردسـتانێ، یا شـەمەڤا ئەم رەسـەنترین گەلن ل دەڤەرێ دا،

لەگەل دوو گەلێ دی، ناڤێتوان نابێژم، ژ مەدح بۆ وان چێ نەبن، ژ بەلکو چونکو ژیان یان بەشەریەتا دووێ دەست پێ کر هێرش کوردستانی، کوی زەمانێ نوح (علیه السلام)، دیارە بۆ مێژووەکا دوور و درێژ بۆ گەلێ کوردستانێ کو ئایەتا صـریح ژ قورئانێ ئەمر دکت رب العالمين (واسـتوت علی الجودي)، چیای جودیش دیارە و ئاشـکرایە ل کوردسـتانی یە، یێ نەدیتیە ژ بلا بێتە زاخۆ ئەم دینیشادن.
دوو/ وەکو ماددە (2) ل دەستوری عیراقێ کو دبێژیت خالا ئێکی (الإسلام مصدر أساس للتشريع)، پاشی دبێژیت (لايجوز سن قانون يتعارض مع ثوابت أحكام الإسلام)، پاشی دی دبێژیت (لا يجوز سـن قانون يتعارض مع مبادىء الديمقراطية)، ئاشـکرایە بێگومان کو بریارێن پەرلەمان و حوکمەتا بەغدا (9/27) ڤاژییا 100% دگەل دی ماددەی، چونکو ئەگەر بێڤیت ئەساسێ تەشریعێ یا مە ئیسلامە، یەکی مەصدەری تەشریعی دینی ئیسلاما بێژیت کو قورئانا پیرۆزە، قورئانی پیرۆز دبێژیت (وجعلناكم شـعوباً و قبائل لتعارفوا)، بێگومان گەلێ کورد نە هی عەرەبی یە و نە هی فارسـی یە و نە هی رومی یە و نە هی تورکییە، ڤێرێ پەرلەمان یانژ حوکمەتا بەغدا دەمج بکات حەما ئەڤە ڤاژیە لگەل نەصـا قورئانا پیرۆز کو مەصـدەرێ تەشـریعی یە بۆ ئیسـلامێ، کو پەرلەمانی عیراقیش ژ بێژیت ئیسـلام مەصـدەری تەشـریعی یە، یانژی چ نەصـەکادی هەیە وەمو ئەو بێژی ئیسـلام مەصـدەری تەشـریعی یە، چ نەصـەکا هەبێت ئیسـلامێ کو 22 بیسـت و چەند دەولەتی عەرەبی هەبن، یـانژی 59 دەولەتی ئیسـلامی هەبن، یـانژی زێـدەتریش 250 دەولەتین عالەمی هەبن، ل 50 ملیون کورد بێ دەولەت بن، ئەوە ژ زولمەکا ئاشـکرایە لای حوکمەت و پەرلەمانی بەغدا و پشتەڤان و هاریکارێن وان سوپاس بووە.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئیمێنکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز ملا ئیدریس، بەڕێز کاك شێخ شامۆ، فەرموو.

**بەڕێز شامۆ شێخۆ نیعمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەرلەمانتارێن هێژا، جەنابی وەزیر و جەنابی دکتۆر، مێڤانیت عەزیز، تێکسـتەك ئەژ زیاد کرد بێژیـت (تـاکو چـاڤـان نەکەیە زل، زمـانێ خۆ نەکەی شـل، دلێ خۆتژێ نەکەی کول، بەرامبەری خودایێ نابیە کەسێکی مراز حاسـل)، لەوما خەلکێ کوردسـتانێ ریفراندۆم کرە دەرگەهێ دەربازبوونێ، ل دەردەسـەریا دیرۆکی بەرەو ڤۆناغەکا دەولەتبوونی مەدەنی دیموکراسـی، ئەکید ئەڤ عیراقا موخاتەبە کری، وەکو پەرلەمانی کوردسـتانێ موخاتەبەی ئەوان کری، پەیامەکا شارستانی جواب پەیاما ئەوان بدەن، ئەڤ عیراقە نە مومکینە، چونکە ل پەرلەمانا عیراقێ ئەڤ پەیاما شـاندییە، بەلام عیراقەکا میلیشـیایە، ئی مەزهەبییە، دەولەتا مەدەنییا لێ نییە، نە مومکینە ئەڤ عیراقە جوودابوونی کوردستانی سەر سینیەکا زێری پێشکەشی خەلکی کوردسـتان بکات، چاوەرێ بووین عیراق بریاری شـپرزە بدا، چونکە عەینی ئەو عەقلی شـوفێنییە ئەوی نان و بودجە و مووچەی خەڵکی کوردسـتانی بری، عەینی ئەو عەقلەیە سەرکردایەتیا سیاسیا کوردستانێ ناچار کری قەصد بکەنە ڕاپرسییەکا جەماوەری ئەو وەزعە خەلاس کەن، شـوونا ئیرادا خەلکی کوردسـتانی قبول بکەن، ئەبێ پەیاما دژی خەلکی کوردستانا بەری بکەن، بڕیارا دووێ ئیلزاما قائد العام للقوات المسلحة دکا، دبێژن هێزی ئەمنی مەنتەقێت موتەنازيع عليها، کەرکوك و شـنگال و دەڤەری دی تر، دیتنا من ئەڤ قائد العام للقوات المسلحە بەڕێز عەبادی کە تێت خەف کا قائیدی بەری خا، مالیکی، چونکا هێزا مەزن لە پەرلەمان هێزا مالیکی یە، ئەڤی ناچار دەکا ئەو بریارە دەری

خا، ئەز پرسـیاریش هەردوو قائیدا دکەم، وەختی بەحسـی (10-6-2014) هێزی ئەمنی بڵاو کرد ئەو دەڤەرا، ئەڤ پرسیارێت ئەوان دکەم کێ موسل و مکوناتێت کوردستانی تەسلیمی داعش کرد؟ مانە مالیکی بوو، مانە چەکی مالیکی هێرشـە وانا هاتە سـەر دەڤەرێت مە و ئەو جینۆسـایدە ئیرۆ جاهانا ئاشـتیخواز هەژاندییە لە شـنگالێ، ئەو جینوسـایدە بەسـەر مە هات، جارێ ئەڤێ عیراقێ چژ مەرە کرد، چەند ئاوارە مە خودان کرن، چەند ئەسـیری مە دەسـتی داعش قورتار کرن، چەند دەڤەرێت مە ژ داگیرکەرا پاقژ کرن، دەڤەرێت مە ب خوونا پێشـمەرگە هاتنە پاقژ کرن، هاتنە ئازاد کرن، ژوان هێزێن هاوپەیمان (العظمی) و پێشـمەرگە قارەمانێ ل عەردێ، دیسان هەردوو قیادە هاریکار بن، ئەگەر وان هەیە هێرش کەنە سـەر لەشـکرا بێنە سـەر دەڤەرێت مە، واجیبی خۆ رابن قەبول نەکەن، چونکە ئەو دەڤەرا ب خوونا مە هاتە ئازاد کرن، بڵا پەیاما مە بەرسـڤا پەرلەمانا کوردسـتانێ بە شـێوازێکی شـارسـتانی لە ئاسـتی ئیرادە و هێز و هەیبەت و دیموکراسـی و ئاشـتیخوازییا خەلکێ کوردسـتانی بەرامبەری وێ پەیاما عیراقی کو دایە خەلکی کوردسـتانی داگرتی ژ گەمارو کردنێ و سـیاسـیەتێ ترسـاندنێ، دڤیا پەیاما مە چاوپێکەتنیا دلۆڤانیا نێودەولەتی لەگەل دەربازبوویێ دەسـتی داعش و ئەو ئەفسـانەیە و دەربازبوونی لەسـەر دەسـتی پێشمەرگەیێ قارەمان هاتە شکاندن، ئەوێ دلۆڤانیێن راکێشینن ببنە پشتەڤانی دیالۆکەکا شارستانی لەگەل عیراقێ، چونکە ئەو بەرەو قۆناغێ دەولەت بوونا دەچن، پشتراست بن، سەرۆك و سەرکردایەتیا سیاسی کوردستانی ئیرۆ سەرفرازبوونا خەلکی کوردستانی دکەن، ئەڤی حەمی قۆنـاغ دەربـاز کرن، گەیشــتە قۆنـاغـا دەولەتبوونێ، تنێ یەکریزیـانـا مـاڵا کوردسـتانی تێتە خواسـتن، ئەڤما و ئەز پشـتەڤانیێ ڕەئیی کاك حاجی کاروان دەکەم، ئەم بابەتە بوونە بابەتێکی نێو دەوڵەتی، ئەڤ پشــتەڤاننێ ل دیتنێ کاك د.فەرسـەت دەکەم، ئەم دی بابەتی چوارچێوەیەکی یاسای بەرسڤا عیراقی بدەن، هەردوو دیتنێن کاك دلشادی ئەز پشــتەڤانی دەکەم، وی پەرلەمانی ســەر ئاوارە و وان ئێش و ژانێن شــەڕی داعش، گەلەك سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ســوپاس بۆ بەڕێز شــێخ شــامۆ، کە واپین کەس بوو لە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان کە بەشداری بکات لە گفتوگۆی ئەم دانیشتنەدا، ئێستا داوا لە بەڕێز مەولود باوەمراد دەکەم، وەزیری گواستنەوە و گەیاندن بە وەکالەت، ئەگەر بفەرمووێت وەڵامی پرسیاری ئەندامانی بەڕێز بداتەوە، ئەو ئەندام پەرلەمانانەی کە ئێســتا لە دەرەوەی هۆڵن، داوایان لێ دەکەین بێنە ژوورەوە، بۆ ئەوەی ئەو پرســیـارانەی ئـاراســتەیـان کردووە، بێبەش نەبن لە وەڵامدانەوەکان، فەرموو.

**بەڕێز مەولود باوەمراد/ وەزیری گواستنەوە و گەیاندن بە وەکالەت:**

**بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمان.**

خوشــك و برایانی بەڕێزی پەرلەمانتار، ئەو کاتەتان باش، لە ڕاســتی دا پرســیارەکان هەموویان لە یەك چوارچێوەن، کە دەڵێن: (ئەرێ ئێوە چی دەکەن؟)، ئێمە لە ڕاستی دا من دەمەوێ ئەوەتان عەرز بکەم کە ڕیفراندۆك بەربەســتی ترس و دڵەڕاوکێی تێکشــکاند و کۆتایی هات، ئێستا شتێ نییە ناوی ڕیفراندۆم بێ، ئێستا ئێمە لە قۆناغی دووەمداین، پێی دەووترێ قۆناغی گفتوگۆ بۆ ماڵ جیایی، ماڵ جیایی ســیاســی، ماڵ جیایی ئابووری، ماڵ جیـایی جوگرافی، مـاڵ جیـایی دیمۆگرافی، هەموو مـاڵ جیـاییەکـان، لەبەر ئەوە ئێســتـا

ســـتراتیژی گرنگ لە ڕێگای ســـەربەخۆییە، تەواو ڕیفراندۆم ڕۆیی، ئێمە حاجزی ترس و دڵەڕاوکێمان شـــکاند، نۆرەی گفتوگۆیە، لەبەر ئەوە هەر لە ســـەعاتی یەکەمەوە بەندە و وەزارەت بەســـەرپەرشـــتی بەردەوامی ســـەرۆکی حکومەت بە بەردەوامی بیر لەوە دەکەینەوە ڕێکاگانی گفتوگۆ چییە؟ چونکە لە ئاخیر خاڵ دا، لە (13) ببینن، نووســـراوە ئێمە گفتوگۆ ناکەین تاوەکو ئەو هەڵنەوەشـــێننەوە، مانای ئەوەیە گفتوگۆ ســـتراتیجییەتێکی حەقیقی ئەو قۆناغەیە، نە گفتوگۆ بۆ نەرمی نواندن و قەیناکە، نا نا، هەر ســـتراتیجییەتی قۆناغەکەیە، ئەوان دەیانەوێ ئێمە ببەنەوە پێش ڕیفراندۆم، ئێمەش دەمانەوێ ئەوان بەرینە دوای ڕیفراندۆم، ئەوە قۆڵبادانی یەکتر نییە، شـــەڕی ئیرادە نییە، ئەوە شـــەڕی ئەو قۆناغەیە ئێمە دەمانەوێ بیگەینین، لەبەر ئەوەی ئەســـاســـەن ئێمە هەر ئەو ڕێگایانە دەگرینە بەر کە ڕێگای گفتوگۆیان پێ دەووترێ، خوشـك و برایانی بەڕێز هەر یەك لە ئێمە دەتوانێ تەیارەیەك بدا لە ئەرزا، بەڵام گرنگی فرۆکەوان ئەوەیە تەیارە دەنیشـــێنێتەوە، عیراق بە هەموو هێزی دەیەوێ تەیارەکەی ئێمە بدا لە ئەرزا، ئێمەش بە هەموو هێزمان دەمانەوێ بینیشـــێنینەوە، لەبەر ئەوە با هەموو هەوڵەکانمان هەوڵی ئەوە بدەین کە چۆن ئێمە فرۆکەی ئازادی و ســـەربەخۆیی گەلەکەمان بنیشـــێنینەوە، بچێتە شـــوێنێکی ئەمان، دیارە بەرامبەرەکانیشـــمان هەوڵی ئەوە دەدەن لە ئەرزی بدەن، ئێمە سێ شـــوێنمان هەیە تەنها هەوڵی تیا بدەین، ئەویش ئەوەیە کە قســـە لەگەڵ تەحالوف بکەین، بەردەوام کردوومانە، هەیئەتێك پێکهاتووە لە ســـەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، قســـە لەگەڵ (UNHCR) بکەین، ئەوەی کە لەگەڵ ئاوارەکان خەریکە، رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە خەریکی ئاوارەکان و نازحینە، قســـە لەگەڵ (ئایکاو) بکەین، بەرنامە حازرە، بە پێی ئەو ڕێککەوتننامەی شـــیکاگۆ، هەروەها لەگەڵ ڕێکخراوی (ئایاتا)، ئەمە ئەو کۆمەڵە رێکخراوەن کە ئێمە قسەیان لەگەڵدا دەکەین، هەر خاتوو ئامینە باسی ئەوەی کرد ئەگەر وڵاتان رێگای گومرگیەکانی ئاوی و وشـــکانی بگرن، واتا دەروازە ســـنوورییەکان، یان کۆمەڵگەی دەروازە ســـنوورییەکانی وشـــکانی بگرن، رەنگە ئەو پرســـیارە لەمن نەکرێت، چونکە من هیچ زانیارییەکم لەو بابەتەوە نییەو ســـەر بە وەزارەتی دارایی و ئابوورییە، ئایا دەتوانین ئێمە بەشێك لە سیادەی عێراق بۆ خۆمان بەکار بێنین، بەڕاستی من نازانم یان تێگەیشتنی من وایە، یان خۆی ئیشـــەکە وایە، من پێموایە ئێمە لە قۆناغێکی ســـەختدا نین لەگەڵ عێراقدا شـــەڕ بکەین لە قۆناغێکی ســـەختداین، چۆن گفتوگۆ لەگەڵ عێراقدا بکەین، چۆن وا بکەین بێت قســـەمان لەگەڵدا بکات؟ ئەو بۆ ئەوەی قســـەمان لەگەڵدا نەکات جۆرەها رێگا بەکار دەهێنێت، بە تەسەوری من ئێمە سێ چوار ساڵمان پێویستە لەگەڵ عێراقدا شتێك بکەین کە پێی دەگوترێت (فك الارتباط)، ئێمە چۆن خۆمان دابڕێنین لەگەڵ عێراقدا، (فك الارتباط) یەعنی پرۆژەیەکی زۆر درێژ خایەن و زۆری دەوێت، بە تەســەوری من ئێمە ئەگەر سبەینێ سەربەخۆییمان راگەیاند، دوو سبەی دەتوانین بەشی سیادەی عێراق بۆ خۆمان بێنین، بەڵام ئەوە ئیشـــێکی زەحمەتە، هەندێك لە بەڕێزان فەرموویان ئایا تۆڕی ئەنتەرنێت دەبڕێت؟ یەعنی لە هەرێمی کوردســـتان دوو ســـیســـتەمی ئەنتەرنێتمان هەیە، ســـیســـتەمێکیان بە رێگەی پۆینت و مایکرۆفە، سیستەمەکەی تریان بە رێگەی کێبڵە، بە ئەکیدی ئێران و تورکیا ئەگەر بیانەوێت دەتوانن کێبڵەکان رابگرن، بەڵام مایکرۆف ناتوانن رابگرن، چونکە ئەوە دیجیتالە لە رێگەی ژمارەی دیجیتالەوە دێت تۆ لەگەڵ کۆمپانیاکانی عالەمەوە راســـتەو راست دەگاتە ناو خاکی هەرێمی کوردستان و ئەوانەی کەوا مودمینی ئەنتەرنێتن خەمیان نەبێت.

من قســـەم نەماوە جواب بدەوە، تەنها جوملەیەکم ماوە دەڵێم من پێموایە گەلی ئێمە، گەلی کوردســتان پاش ریفراندۆم و بە ئەنجامدانی ریفراندۆم لەســەر زەمینەیەکی پتەوی ئەخڵاقی و روحی و دەروونی وەستاوە، کە پێی دەگوترێت خواستی ئازادی و سەربەخۆیی، بەرامبەرەکانیشـمان شـوورەییە بۆیان لە قەرنی بیسـت و یەکەمدا لەناخیاندا هەسـت بە شـەرم دەکەن کە دژی ئازادی و سـەربەخۆیی گەلێك بوەستن لە هەر شـوێنێکدا بێت کورد بێت، یان هەر کەسـێکی تر بێت، لە مەسـەلەی تەلەفۆن ئاسـیاو کۆرەك و زین هەموویان سەر بە عێراقن، ئەوان ئەگەر بیانەوێت فیعلەن سیمسی عێراقی رایاندەگرێت، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز مولود باوە موراد وەزیری گواستنەوەو گەیاندن بە وەکالەت، بەڕێزان پێش ئەوەی داوا لە کاك دکتۆر ئامانج بکەم بۆ وەڵامدانەوەی پرسـیاری ئێوە، شـاراوە نییە کە لەوەدا خیلافی پەیرەوێك هەیە ئایا ئەو وەزیرەی سـوێندی یاسـایی بەرامبەر پەرلەمان نەخوێندووە دەتوانێت قســـە بکات لەناو دانیشـــتنی پەرلەمان یان نا؟ بەڕێزان لەبەر ئەو هۆیەی دوای راوێژکاری لەنێوان دەســتەی ســەرۆکایەتی لەگەڵ لیژنەی یاســایی ئێمە بە پێویســت دەزانین و لەبەر ئەوە خودی ئەندامانی پەرلەمان پرسـیارتان ئاراسـتەی بەڕێزی کردووەو داواتـان کردووەو چاوەڕوانی وەڵام دەکەن، لەبەر ئەوە داوا دەکەین لە دکتۆر ئـامـانج ســـکرتێری ئەنجومەنی وەزیران بە پلەی وەزیر فەرموو هـاوکـارمـان بە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری ئەندامانی پەرلەمان.

**بەڕێز ئامانج رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان.**

زۆر خۆشـحاڵم کە دەرفەتی ئەوەتان پێدام لەم کۆبوونەوە گرنگە ئامادە بم، لە چوارچێوەی ئەرکەکانی خۆم وەکو سـکرتێری ئەنجومەنی وەزیران بە پێی توانا وەڵامی ئەو پرسـیارانە بدەمەوە کە ئاراستەی من کرا، بەڕێزان من وابزانم پێویسـت ناکات هەموو ئەو ئارگومێنت و بنەما یاسـاییانەی کە بەڕێزتان ئاماژەتان پێدا لێرە ئێمە دووبارەی بکەینەوە، هەروەها لەو بەیـاننـامەیەی کە دەرەنجـامی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران لە ڕۆژی 9/28 زۆر بە ووردی و بە پوختی ئەم بـابەتـانە خراونەتەڕوو، ئەوەی کە زۆر گرنگە ئـامـاژەی پێ بـدەم سـەرەتا پێ ئەوەی بچمە سـەر یەکە یەکەی پرسـیارەکان، بەڕاسـتی تا ئێسـتا ئێمە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردســـتـان دوو بڕیـار دەرچووە کە پێمـان گەیشـــتووە بە کەنـاڵی نارەسمی، ئەکێکیشیان ئەو بڕیارە کە بەناوی قەرار نیابی لە پەرلەمانی بەغدا دەرچووە لە 2017/9/27، جەنابتان دەزانن کە پەرلەمان یان تەشـــریع دەردەکات یاخوج بڕیار دەردەکات کە قوەتی قـانونی هەیە، ئەم قەرار نیـابی یە کە دەرچووە تەشـــریع نییە بەڵام قوەتی قانونی هەیە، بڕیاری دووەمیشـــیان ئەو بڕیارەیە کە لە ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی فیـدڕالی دەرچووە لە ڕۆژی 26ی مـانـگ، ئەوەی کە پەیوەنـدیـدار بووە بە بڕیـارەکەی ئەنجومەنی وەزیران هەتا ئێســـتا ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی فیدرالی تەنها لەســـەر بابەتی دەروازە ســـنوورییەکان و فرۆکەخانەکان بڕیاری دەرکردووە، بەڵام ئەو 13 خاڵە، ئەو 13 بڕگەیەی کە لە پەرلەمانی عیراقی فیدرال دەرچووە، لە ئەنجومەنی وەزیران وا بە باش زانرا کە ئەو بابەتە دەکەوێتە دەســـەڵاتی پەرلەمانی کوردســـتانەوە، وەکو خۆتان بەڕێزتان ئـاماژەتـان پێدا بە پێی مـاددەی (121) بڕگەی (2)، پەرلەمـانی کوردســـتـان بریتی یە لەو دەسەڵاتە یاساییەی کە لە دەستووری عیراقی دەسەڵاتی پێدراوە کە بۆی هەیە بڕیار بدات کە قەرار، یاخود قانونی ئینفازی قەوانین دەربکات لە تا چەند هەرێمی کوردســـتان پابەند

دەبێ پێوەی، تەبعەن ئەو 13 بڕگەی کە دەرچووە زۆر بە سادە و ساکاری و ئەو چوارچێوە یاساییەی کە جەنابتان ئاماژەتان پێدا، دەتوانین بڵێین هەموویان دژ بە دەستووری عیراقن، لە هەمان کاتیش دا دژ بە هەموو ئەو مەواسیق و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتیانەی کە بەڕێزتان ئاماژەتان پێدا، لێرە پێویست ناکات دووبارەی بکەمەوە، بۆیە ئێمە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستمان بە هەڵوێستی یەکلاکەرەوەی پەرلەمانی کوردستانە کە ئەمڕۆ قەرارێکی تەشریعی بە هەرێمی کوردستان بڵێت کە ئایا ئەم بڕیارە نیابییەی کە لە پەرلەمانی عیراق دەرچووە و قوەتی قانونی هەیە، کە ئەمە ئینفاز ناکرێت لە هەرێمی کوردستان، نیتاقی تەتبیقی ئەم قەرارە تەنها لە چوارچێوەی حکومەتی ئیتیحادی یە، هیچ ئیلزامیەت و پابەندییەکی نییە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ زانیاری بەڕێزیشتان ئەم 13 بڕگەیەی کە دەرچووە، دەتوانین بڵێین خەرقێکی گەورەی مەبدەئی (فصل السلطات) تێدایە، چونکە نە واجیبی رەقابییە، نە واجبی تەشریعی پەرلەمانی فیدرالی یە، هەموویان دەکەونە چوارچێوەی واجیباتی تەنفیزی سولتەی تەنفیزییەوە، بۆیە یەکەم خەرقێکی گەورەی مەبدەئی (فصل بين السلطات)ی تێدایە، خەرقی دووەم بەڕاستی لە ماددەی (110)ی دەستووری عیراق باس لە داڕشتنی سیاسەت دەکات، داڕشتنی سیاسەت جیایە لە ئیدارە، کە تۆ باس لەوە دەکەی کە حکومەتی فیدرالی یاخود پەرلەمانی فیدرالی مافی ئەوەی هەیە کە سیاسەت دابڕێژێ بۆ ڕێکخستنی گومرگ، یاخود بۆ ڕێکخستنی مەسائیلی موتەعەلیق بە سیاسەی تیجاری، یاخود بە سیاسەی ئیقتیصادی، ئەوە مانای ئەوە نیە کە بابەتی ئیدارەدانی ئەم بابەتە دەکەوێتە چوارچێوەی دەسەلاتەکانی حکومەتی فیدرالییەوە، بۆ نمونە ئەوەی کە پەیوەندیدارە بە دەروازە سنوورییەکان، بەڕێزتان زرۆ ئاماژەتان پێدا، من دەمەوێ نوقتەیەکی قانونی زۆر گرنگ بەبیر جەنابتان بهێنمەوە، ئێمە خۆمان لە هەرێمی کوردستان تەبعەن ئەوان پشتیان بەستووە لە دیباجەی قەرارەکەی مەجلیسی وزەرا، ئەگەر سەیری بکەی پشتیان بەستووە بە یاسای تەیەرانی مەدەنی ژمارە (184)ی ساڵی 1974، لەم یاسایە سولوتاتی تەیەرانی مەدەنی پێناسە کراوە لە ماددەی (1)، سولوتاتی تەیەرانی مەدەنی لە عیراق بریتی یە لە وەزارەتی نەقل و بریتی یە لە (المنشأة العامة للطيران المدني)، ئێمە هەردوو موئەسەسەکەمان هەیە لە هەرێمی کوردستان، بە یاسای ژمارە (19)ی ساڵی 2011، یاسای وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنمان هەیە و یاسای ژمارە (18)ی ساڵی 2008 لەم پەرلەمانە یاسای دەزگای فرۆکەخانەکانی شارستانی هەرێمی کوردستانی عیراق دەرچووە، بە پێی ئەم یاسایە ئیدارەدانی مەتارات دەکەوێتە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، ئیدارەدانی مەتارات لە زیمنی ماددە (110) نەهاتووە، بۆیە بە پێی ماددەی (114) هەر بابەتێك کە لە دەرەوەی ماددەی (110)یە لە کاتی هەبوونی خیلاف و ناکۆکی لە بەینی قەوانینی ئیقلیمی و قەوانینی فیدرالی، ئەوە ئەولەویەت و پێشەرەوی بۆ یاساکانی هەرێمی کوردستانە، ڕاستە ئێمە تا ئێستا نەمانتوانیوە ئەم دەزگایانە دروست بکەین، هەردوو مەتارەکەی ئێمە لە ژێر ڕکێف و سەرپەرشتی و چاودێری دەسەلاتی تەیەرانی مەدەنی عیراقی بووە، بەڵام دەستوور باس لە تەنفیز ناکات، باس لە نەصی قانونی دەکات، ئەگەر نەصێکی قانونی لە هەرێمی کوردستان هەبوو ناکۆك بوو لەگەڵ نەصێکی قانونی حکومەتی فیدرالی، ئەوە ئەولەویەت بۆ نەصەکەی هەرێمی کوردستانە، چەند خاڵێکی تر بەڕاستی کە دەتوانین باسی لێ بکەین، مەسەلەی مەنافزی حدودی بە هەمان شێوە، ڕاستە هەیئەی مەنافزی حدودی لێرەوە دەمەوێ بەڕاستی ڕۆڵی ئەندامانی پەرلەمانی خۆمان لە بەغدا بەرز بنرخێنم، چونکە لەگەڵ ئێمە لە تەنسیق بوون، کە زۆر هەوڵمان دا ئەم قانونە دەرنەچێ، هەموو ئەندام پەرلەمانەکانی ئێمە دەنگیان نەدا بەم قانونە، هەر هەموویان بەیەکەوە یەکدەنگ زددی ئەم قانونە ڕاوەستان، بەڵام خۆتان دەزانن بە زۆرینە

له پەرلەمانی عیراق زۆربەی زۆری ئەم یاسایانە دەرچووە، ئەم یاسایەی کە دەرچوو (هیئة المنافذ الحدودیة) کە ژمارەکەی (30)یە لە ساڵی 2015، بۆ زانیاری بەڕێزتان (22) ئەندامی هەیە، لەم (22) ئەندامەی هەیئەکە تەنها (4) ئەندای هی هەرێمی کوردستانە، کەواتە ئەوە بە هیچ شێوەیەك ڕەچاوی مەبدەئی فیدرالیەتی موشارەکەی هەرێمی کوردستان لە داهات و لە دەسەڵات لە ناو ئەم قانونە نەکراوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە لە هەرێمی کوردستان قانونی وەزارەتی دارایی و ئابووریمان هەیە کە ژمارەکەی (5)ی ساڵی 2010یە، بە پێی ئەم قانونە دەروازە سنوورییەکاندەکەونە ژێر چاودێری و ژێر سەرپەرشتی و ئیدارەدانی وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوە بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگەکان، ئیدارەی گەمارگیش کە زۆر ڕەبتی هەیە بە مەنافزی حدودییەوە، بە پێی ئەو قانونەی وەزارەتی دارایی و ئابووری لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لێرەش دا خیلافێك هەیە لە بەینی قانونی مەنافزی حدودی لەگەڵ قانونی وەزارەتی دارایی و ئابووری، کە بابەتەکەیان هەریەك بە شێوەیەکی جیاوازك موعالەجە کردووە، بۆیە بۆ ئەوەش هەر دەگەڕێنەوە سەر ئەو ماددەیەی کە پێشڕەوی و ئەولەویەت دەدات بە قەوانینی هەرێمی کوردستان لە کاتی هەبوونی ناکۆکی لەگەڵ قەوانینی ئیتیحادی، بۆیە بە گرنگی دەزانین ئێمە، لە ناو ڕاگەیەندراوەکەی ئەنجومەنی وەزیرانیش دا هاتووە کە ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستان ڕاسپاردە دەرنەکات، بەڵکو پێویستمان بە بڕیارێکی تەشریعی پەلەمانی کوردستان هەیە، کە بڕیار بدات کە ئێمە ئینفازی ئەم قەرارە نیابییەی پەرلەمانی عیراقی ناکەین لە هەرێمی کوردستان، بێگومان ئەوان لە دیباجەکە ئەگەر سەیری بکەین (12) دێریان نووسیوە، دیباجە و ئەساسی قانونی ئەم (13) بڕگەیەیان ئاماژە پێداوە، ئێمەش دەبێ لە پەرلەمانی کوردستان وەکو ڕاسپاردەیەکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان و بۆ لیژنەی قانونی، دەبێ زۆر بە ڕوون و ئاشکرایی ئێمەش ئەم خاڵە قانونییانەی ئەمڕۆ، هەم بەرێزتان ئاماژەتان پێدا، هەم ئێمەش ڕوونمان کردەوە، لە ڕاگەیەندراوەکەی ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتووە دەبێ زۆر بەڕوونی و بە ئاشکرایی لە دیباجەی ئەم قەرارە، ئەم ئەرگومێنت و بنەما یاساییانەی کە باسمان کرد ئاماژە پێ بدەین، برای بەڕێزم کاك أبوبکر هەڵەدنی و چەند برایەکی بەڕێزی، چەند خوشك و برایەکی تری ئەندام پەرلەمان چەند پرسیارێکیان ئاراستەی من کرد، بە تایبەتی لەسەر ئەوەی کە گوایە بڕی (15) ملیار دۆلاری ئەمریکی کە داهاتی هەرێمی کوردستانە، (15) ملیار دۆلارلە بانقەکانی تورکیایە، بەڕاستی من پێم خۆشە بەڕێزیان ئەگەر سەرچاوەی ئەو زانیاری و هەر دۆکیومێنتێکی لەبەر دەستە کە وەکو بەڵگە دەستی کەوتووە، لە ڕێگەی لیژنە پەیوەندیدارەکان سەرچاوەی ئەو زانیارییە و دۆکیومێنتێکی لەبەر دەستە وەکو بەڵگە دەستی کەوتووە، لە ڕێگەی لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان و سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە بە زووترین کات بۆمان بنێرێ بۆ ئەنجومەنی وەزیران تاوەکو لە ئەنجومەنی هەرێمی نەوت و گاز ئەو بابەتە بە هەند وەربگیرێ، بەدواداچوون بکرێ، بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانیش بەزووترین کات وەڵام و ڕوونکردنەوە لەسەر ئەو بابەتە بدرێت، سەبارەت بە ئامادەنەبوونی بەڕێزان وەزیرەکانی تری حکومەتی هەرێمی کوردستان، یاخود هەردوو بەڕێزان جەنابی سەرۆك وەزیران و جەنابی جێگری سەرۆك وەزیران، ئێمە لەو نووسراوەی کە پێمان گەیشتووە، ئەمڕۆ ئەو بەیانییە، تەنها داواکراوە سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران ئامادە بێ لەو کۆبوونەوەیە، بێگومان ئەگەر بەڕێزتان پێتان باشە لە کۆبوونەوەی داهاتوو بۆ قسەکردن لەسەر ستراتیژ و بەدائیلەکانی تری حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو هەموو ڕیسك و مەترسییانەی کە ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان دەبێتەوە، پێم باشە جەنابتان لە زووترین کات دا کۆبوونەوەیەکی تر ڕێك بخەن، ئەو وەزیرانەشی کە پێتان وایە گرنگە

ئامادە بێ لەو کۆبوونەوەیە، داوا بکەن، تاوەکو ئێمەش وەکو ســـکرتارییەتی ئەنجومەنی وەزیران کاری لەسەر بکەین، لە ڕێگەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە تەبلیغی ئەو بەڕێزانە بکەین بۆ ئامادەبوون، هەر لە ڕۆژی پێنجشـــەممە لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران، زۆر لە بەڕێزان لە ئەندامانی پەرلەمان ئاماژەیان بەوەدا کە ئێوە چ ئیجرائاتێك دەکەن بەرامبەر ئەم حاڵەتانەی کە ڕوویداوە؟ تەبعەن تەنها بڕگە کە ئێستا کەوتۆتە بواری جێبەجێ کردنەوە تەنها مەسەلەی ڕاگرتنی گەشتە ئاسمانییەکانی هەردوو فرۆکەخانەی هەولێر و سلێمانی یە، بڕگەکانی تر تا ئێستا وەکو خۆی ماوەتەوە، مەسەلەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان هەتا ئەم لەحزەیەش وەکو جاران بە شێوەیەکی زۆر ئاسایی و وەکو جاران دەڕوات بەڕێوە، هیچ شتێك ڕوونەداوە کە مایەی نیگەرانی بێت لەوەی کە هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان ڕادەگیرێ، یاخود ئەو پارەیەی کە دەچێتە هەلك بانکەوە دەستی بەسەردا دەگیرێ، هیچ شتێك تا ئەم لەحزەیە ڕوونەداوە، بەڵام بۆ زانیاری بەڕێزتان هەموو پرۆسەی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان ئەنجام دراوە، نزیکەی زیاتر لە (50) عقودی موشارەکە لە ئینتاج لەگەڵ گەورە کۆمپانیاکانی دونیا ئەنجام دراوە، یەکێك لەم عەقدانە نزیکەی (200)، (250) لاپەرەیە، ستانداردی عالەمی بەکار هێنراوە لە کاتی هەبوونی هەر خیلاف و نیزاعێك (arbitration)ی عالەمی بەکار دێت، بە هەمان شێوە بۆ دیوی تورکیاش ئەم بابەتە کە لە دوای ساڵی (2014)ەوە بۆ یەکەم جار هەرێمی کوردستان لە مانگی (5) بڕیاری دا بە هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان، چەند ڕێککەوتننامەیەك لە نێوان دوو حکومەت دا ئیمزا کراوە، حکومەتی تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەم ڕێکەوتننامانەش شەریکاتی موحاماتی گەورە لە هەردوو لاوە ڕاوێژیان کردووە لە ئامادەکردنی و لە کاتی هەبوونی ناکۆکی و نیزاعیش لە بەینی هەردوو حکومەتەکە، کە پێموایە کە ستانداردی عالەمی بۆ چۆنیەتی یەکلاییکردنەوەی ئەم ناکۆکییانە چارەسەر کراوە و بۆ ئەو کاتەش کە ئەو بابەتە ڕوودەدات بێگومان حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لە چوارچێوەی ئەم گرێبەستە نێودەوڵەتییانەی کە ئیمزای کردووە ڕێکار و ئیجرائاتی یاسایی وەردەگرێت بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی، بەڕێزتان زۆرتان ئاماژەتان بەوەدا کە بچین بۆ مەحکەمەی عەدلی نێودەوڵەتی، بەڕێزان بابەتی مەحکەمەی عەدلی نێودەوڵەتی بە ئیجازەی ئەو بەڕێزانەی پسپۆرن لە مەجالی قانونی دەولی عام، بەڵام من زانیارییەکی کەمم هەیە لەسەر ئەم بابەتە چونکە ئیختیصاصی من نییە، بەڵام مەحکەمەی عەدلی نێودەوڵەتی دوو ئیختیصاصی هەیە، ئیختیصاصێکی هەیە کە ئیختیصاصی قەزائی یە مولزەمە، ئیختیصاصێکی تری هەیە کە ئیختیصاصی ئیستیشاری یە، بۆ ئەوەی کە موتەعەلیقە بە ئیختیصاصی قەزائی دەبێ هەردوو لایەنەکە دەوڵەت بن، یەعنی ناکرێ ئیقلیمێك لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدڕالی شەکوا تەسجیل بکات لە مەحکەمەی عەدلی نێودەوڵەتی و داوای لێ بکات قەزاوەت بکات لە بەینی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ئیتیحادی، دەبێ هەردوو دەوڵەتەکە خۆیان بە نووسراو قبوڵیان بێ کە مەحکەمەی عەدلی نێودەوڵەتی قەزاوەت بکات بۆ یەکلایی کردنەوەی نیزاعەکەیان، هەرچی ئیختیصاصی دووەمە کە وابزانم کاك حاجی کاروان بوو ئاماژەی پێدابوو بە نمونەیەك، ئەوە دەتوانین بڵێین کە ئیختیصاصێکی ئیستیشاری یە، ئەویش دەبێ یان جەمعیەی عامە، یاخود مەجلیسی ئەمن ئەم بابەتەی ئێمە تەحویلی مەحکەمەی عەدلی نێودەوڵەتی بکات، ئێمە وەکو هەرێمی کوردستان سیادەمان نیە، بەداخەوە ئێمە لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدڕالین، سیادە تەجزیئە ناکرێ، ئێستاش کە ئیقلیمی جەوی لە هەرێمی کوردستان حکومەتی فیدڕالی توانیویەتی کە ئەو بڕگەیە جێبەجێ بکات، هەموو عیلاقەی بەوەوە هەیە کە ئێمە سیادەمان نیە، ئێمە کە داوا دەکەین، ئیستیفتا دەکەین،

ڕاپرسـی دەکەین بۆ ئەوەی سـەربەخۆیی وەرگرین لە ڕووی قانونییەوە دەمانەوێ ببینە ســاحیبی ســیادەی خۆمان، تاوەکو ســیادەمان هەبێ لەســەر ئیقلیمی جەوی و بەری و هەموو ئیقلیمی هەرێمی کوردســتان، بۆیە مەســەلەی مەحکەمەی عەدلی نێودەوڵەتی دەبێ زۆر زۆر بە وریایی تەعامولی لەگەڵ بکەین، دووهەمیان مەســەلەی (ئایکاو)ە کە زۆر گرنگە، ئێمە ئەو قانونەی کە ئەوان خۆیان حوجەتیان پێ هێناوەتەوە قانونی ژمارە (184)ی ساڵی 1974، لە بڕگەی دووەمی زۆر بە ئاشکرایی دەڵێ (ئیتیفاقییەی شیکاگۆ ساڵی 1944 وەکو جوزئێکی موکەمەلی ئەو قانونە تەعامول دەکرێ، واتا هەر قاعیدەیەك کە لە ناو ئیتیفاقییەی شیکاگۆ هاتووە وەکو نەصێکی قانونی، داخیلی تەعامولی لەگەڵ دەکرێ، بە پێی ئەم قانونە زۆر بە باشی لە ماددەی (2) ئاماژەی پێداوە دەڵێت (نابێت تەعەسوف بکرێ لە بەکارهێنانی دەسـەڵات لەلایەن سـوڵتەی تەیەرانی مەدەنییەوە، واتا نابێت فرۆکەخانە مەدەنییەکان بە هیچ شێوەیەك بەکاربهێنرێت بۆ بەدیهێنانی هیچ ئامانجێکی سیاسی، ئەوە نەصێکی صەریحە لە ئیتیفاقییەی شیکاگۆ هاتووە، دووهەمیشیان/ حالەتەکانی ڕاگرتنی گەشتی ئاسمانی لە هەر فرۆکەخانەیەك لە ماددەی (9)ی ئیتیفاقییەی شیکاگۆ دەستنیشان کراوە، (علی سبیل الحصر) دەستنیشـان کراوە، واتا ئەوە کراوە نیە بۆ هەر دەوڵەتێك کە بیەوێ، یەکێك لە مەبدەئەکانی دەڵێ (نابێ تەمیز هەبێ لە بەینی ختوتی جەوی وەتەنی لەگەڵ ختوتی وەتەنی ئەجنەبی، یەعنی (عـدم التمیز بین..) ئەوەی کە لە نەصــە عەرەبییەکەی هـاتووە، ئێســتـا ئەوان ختوتی جەوی عیراقی هەروەکو جـاران هەمـان ئیمتیـازاتی هەیە، بەڵـام ئێمە نزیکەی (17) بۆ (18) ختوتی جەوی ئەجنەبی لە هەرێمی کوردســتان ئێســتا گەشــتیان هەیە، ئەوان دەتوانن ختوتە جەویە ئەجنەبیەکانیش هەموو ئـامـادەبیـان دەربڕیوە بۆ زانیـاری بەڕێزتـان، یەعنی ئێمە ئێســتـا کۆمەڵێـك محـامی نێودەوڵەتیمان هەیە ئێمە لە لەندەن هاوکارن لەگەڵمان کە ئێمە چۆن بچینە (ئایکاو)، بۆ ئەوەی کە وەکو هەرێمی کوردســتان ئێمە ئەو دوو ماددەیەی بۆ جەنابتان باســم کرد، حکومەتی عیراقی کە ئەندامە لە ناو ئەم ئیتیفاقییە ئیخلالی کردووە بەم دوو بڕگەیەی ئیتیفاقییەی شــیکاگۆ، کە ســیفەتی ئیلزامی هەیە، ئەوان خۆیان مەجلیســێکیان هەیە کە بڕیاری یەکلاییکەرەوە دەدەن لەسەر ئەم بابەتانە و سیفەتی ئیلزامی هەبێ، (ئایەتا) لەگەڵ (ئایکاو) فەرقی چییە؟ (ئایەتا بۆ نەقلی جەوییە، بۆ قیتاعی خاصە، شەریکات ئەو (17) (18) ختوت جەوییە کە هەن، ئەوانیش دەتوانن بچن شــکاتی خۆیان بگەیەننە ئایەتا، بۆ ئەوەی کە ئەوانیش بێگومان مەصــالحەکانیان لێرە زۆر زەرەرمەند بوون، ئێســتا ئێمە لەگەڵ محاماتی عالەمی پێکەوە خەریکین بۆ ئەوەی بزانین چۆن بە باشترین شێوە لە چوارچێوەی ســتـانداردی نێودەوڵەتی بتوانین ئەم تەقریر و ئەم یـاداشــتـانەی حکومەتی هەرێمی کوردســتان بگەیەنینە هەم ئایکا و هەم ئایاتا بۆ ئەوەی کە هاوکارمان بن، ئێمە ئەوەی کە کردوومانە تەنها لە چوارچێوەی یاســا و مەواســیقە نێودەوڵەتیەکانە، هیچ ڕێگەیەکی تری نـاقـانونیمـان لە حکومەتی هەرێمی کوردســتـان، یـاخود ڕێگەیەکی عەســکەری، یـاخود ڕێگەیەکی تری کە لە چوارچێوەی قانون دا نەهاتبێ نەگیراوەتەبەر، ئەوەی کە پەیوەســتە بە مەسەلەی ڕیفراندۆم ئەگەر سەیری بڕیارەکەی پەرلەمان بکەی بەڕاستی، ڕیفراندۆمی یاخود ئیســتیفتای بە جەریمە داناوە، دەڵێ هەموو ئەو کەســانەی کە بەشــداربوون لە ڕیفراندۆم هەموویـانی بە موجریم دانـاوە، داوای لە ئیدیعـای عـامی حکومەتی فیدرالی کردووە کە موڵاحەقەی قەزائی بکەن، موڵاحەقەی قەزائی یەعنی شـەکوا تەسـجیل بکرێ، یەعنی هەموو ئەو موەزەفە ئیتیحادییانەی کە کوردن لە خانەقین لە کەرکوك کە مەعاش لە حکومەتی عیراقی وەردەگرن، لەسـەر میلاکی وەزارەتەکانی حکومەتی عیراقین، بە پێی ئەم بڕیارەی پەرلەمانی ئیتیحادی ئەوانە ئێســتا هەموویان وەکو موجریم ســەیر دەکرێن، ئەوانە هەموو موتەهەمن و توهمەکەش لەسـەر ئەساسی ئەوەیە کە مەسـەلەی ڕاپرسی

فعلێکە تەشکیلی جەریمە دەکات، لە کاتێك دا ئێمە دەزانین بە پێی مەبدەئێکی دەستووری کە لە دەستووری عیراق دا هاتووە (لا جريمة و لا عقوبة إلا بنص)، یەعنی کەس ناتوانێ فعلێك بکات بە جەریمە ئەگەر نەصێك نەبێت لە قانونی عقوبات بڵێ ئەم فعله جەریمەیە، ئیستیفتائیش بەڕاستی ئەگەر سەیری بکەین لە دەستووری عیراقی هیچ نەصێك نیە مەنعی بکات کە ئەوە بکرێ، لە هەمان کات دا تەعبیر لە ئیرادە کە لە قانون دا (بكل الوسائل) زۆر بە ئاشکرایی هاتووە لە دەستووری عیراق دا، ئەوەی کە کراوە تەنها خەڵکی هەرێمی کوردستان تەعبیری لە ڕەئی خۆی کردووە، هێشتا بڕیاری ئەوە نەدراوە کە تۆ ئیستیقلالیەت وەرگری، یاخود ئینفیصال بکەی، ئیعلانی دەوڵەت نەکراوە، بۆیە ئێمە لە چوارچێوەی مافی دەربڕینی ڕایە، هەژمار کردنی ئەم ڕیفراندۆمەی کە کراوە بە تاوان، پێموایە موخالیفی دەستوورە و موخالیفی چەندین مەبدەئە لە دەستوور، بۆیە بە هیچ شێوەیەك ئەوە ناچێتە چوارچێوەی دەستوورەوە، سەبارەت بە داخستنی نوێنەرایەتی و نوسینگە نێودەوڵەتییەکان لە هەرێمی کوردستان ئەوە بە ئیتیفاقییەیەکی نێودەوڵەتی ڕێکخراوە، ئیتیفاقییەی ڤییەنای ساڵی 1963ئەم بابەتە تەنها بە قانونی داخلی ڕێکنەخراوە، هەر لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران بەڕێز کاك فەڵاح مستەفا ڕاسپێردرا کە بەزووترین کات ڕیپۆرتێك ئامادە بکەن لەسەر ئەم ئیتیفاقییە و چۆنییەتی ڕێکخستنی کاری دیپلۆماتکار و هەروەها نووسینگەکانی دیبلۆماسی لە هەرێمی کوردستان، بێگومان ئەنجومەنی وەزیران، هەر لە ئەنجومەنی وەزیران چەند بەڕێزێکی، چەند وەزیرێکی ڕاسپاردووە هەر یەکەیان بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ نووسینگە و هەروەها ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، وەکو باسیشم کرد قانونییەکانلە ئەنجومەنی وەزیران چەند وەزیرێك بە هاوبەشی لەگەڵ کۆمەڵێك شەریکاتی محاماتی عالەمی ڕاسپێردراون بۆ ئەوەی بەزووترین کات ئیجرائات و ڕێکاری قانونی وەربگرن سەبارەت بەو بڕیارە نادەستوورییانەی کە لە پەرلەمانی عیراق دەرچووە، بەڕێزان مەسەلەن (قانون الهيئة العامة لضمان حقوق الإقليم و المحافظات الغير المنتظمة في الإقليم) ئەو قانونە ژمارە (26)ە ساڵی 2016، ئەوە یەکێکە لەو هەیئانەی کە ئێمە دەبێ هانای بۆ بەرین بۆ ئەوەی بڵێین ئێمە وەکو هەرێمی کوردستان مافەکانمان لە چوارچێوەی عیراقی فیدرالی خوراوە، بەڵام بۆ زانیاری بەڕێزتان ئەم هەیئەیە مەجلیسێکی هەیە (32) ئەندامی هەیە، هەرێمی کوردستان لە ناو ئەو (32) ئەندامە (4) ئەندامی هەیە بە دەرەجەی مودیر عام، لە ناو ئەو هەیئەیەی کە ئەوە قانونەکەی دەرچووە ئێستا نافزە، هەیئەکە وا خەریکە تەشکیل بکەن، یەعنی تۆ بە چوار ئەندام لە کۆی (32) ئەندام چۆن دەتوانی زەمانی حەقی ئیقلیم بکەی لە چوارچێوەی عیراقی فیدرال، بۆیە من هاوڕام لەگەڵ بەڕێز گەشە خان کە دەبێ بڕیارەکەی ئەمڕۆی پەرلەمانی کوردستان نابێ ڕاسپاردە بێ، چونکە ئەگەر ڕاسپاردە بێ هێشتا ئەو شك و گومانە دەمێنێتەوە لە لای دەسەڵاتی تەنفیزی کە ئەم بڕیارەی پەرلەمانی عیراق نەفازی هەیە، سەبارەت بە مەحکەمەی ئیتیحادی دوا شتە کە باسی دەکەم، تەبعەن دادگای باڵای فیدرالی کە بە دەستوور دروست بووە، بۆ زانیاری بەڕێزتان بەڕێز سەرۆك وەزیرانی عیراقی فیدرال دکتۆر حەیدەر عەبادی هەر لە تەئریخی (9/18) هەر لە مانگی (9) لە مەحکەمەی ئیتیحادی دەعوایەکی تەسجیل کردووە وەکو ئەنجومەنی وەزیران لەسەر فەرمانی هەرێمی ژمارە (106)ی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە (2017/6/8)، مەحکەمەی ئیتیحادی ئەمریکی ویلائی دەرکرد بڕیاری دا کە ئیجرائاتی جێبەجێ کردنی ڕیفراندۆم لە هەرێمی کوردستان ڕابگیرێت، بۆیە مەسەلەی چوون بۆ مەحکەمەی ئیتیحادی تۆزێك دەبێ بە وریایی تەعامولی لەگەڵ بکەین، ئەو مەحکەمە ئیتیحادییەی کە ئێستا کار دەکات ئەو مەحکەمە تەشکیلەکەی بەو شێوەیە نیە کە لە دەستوردا هاتووە، کە دەبێت هەموو موکەوینات و هەموو موحافەزات و ئیقلیمەکان بەشداری بکەن لە پێکهێنان

و دروســـتكردنى ئەم دادگا فيدراڵييە، بۆيە زەمانەتى ئەوەى كە مەحكەمەى ئيتيحادى، لە هەمان كات دا ئەنجومەنى وەزيران بەڕاســـتى ڕايســـپاردووين كە ئێمە بە زووترين كات لائيحەيەكى قانونى ئامادە بكەين بۆ ئەوەى كە بيگەيەنينە مەحكەمەى ئيتيحادى سەبارەت بە هەموو ئەو بابەتانەى كە بەڕێزتان ئاماژەتان پێداوە و لە ڕاگەيەندراوەكەى ئەنجومەنى وەزيرانيش دا هاتووە، تەبعەن قســـەكردن لەســـەر ئەو بابەتە زۆر هەڵدەگرێ، دەكرێ زياتر قسەى لە سەر بكەين، بەڵام بە شێوەيەكى گشتى وابزانم ئەوە ئەو چوارچێوە قانونييە بوو كە هەم لە بڵاوكراوەكەى ئەنجومەنى وەزيران، هەم لە چوارچێوەى ئەمڕۆ، قســـەكانى ئەمڕۆى بەڕێزانى ئەندامانى پەرلەمانى كوردســـتان ئاماژەيان پێدا، جارێكى تر زۆر ســـوپاس بۆ ئەم دەرفەتە.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئيمێنكى/جێگرى سەرۆكى پەرلەمان:**

زۆر ســـوپاس بۆ بەڕێز د.ئامانج، بۆ وەڵامدانەوەى بەڕێزتان، بۆ ئەم زانيارييە بەنرخانە، بەڕێزان ئێستا داوا لە ليژنەى ياسايى دەكەين ئەگەر پێشنيارەكە حازر بێت بۆ وەڵامدانەوە، پێشـــنيارەكە بخەنە ڕوو، ئەگەر حازريش نەبێ دەرفەتيان دەدەين پێنج دەقە، 10 دەقە تا پشوويەك وەربگرين، كاك حاجى پێشنيارت هەيە، فەرموو.

**بەڕێز كنعان نجم الدين أحمد (حاجى كاروان):**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

تەوزيحێك بۆ د.ئامانج، ئەو وتى دوو دەوڵەت دەبێ شكات بكەن لەوێ، كۆسۆڤۆ دەوڵەت نەبوو، بە تەنها صرب شكاتى كرد.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئيمێنكى/جێگرى سەرۆكى پەرلەمان:**

صربيا داواى كردبوو.

**بەڕێز كنعان نجم الدين أحمد (حاجى كاروان):**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

بەس قەينا تۆ وتت جيهەتەكەى تر دەوڵەت نەبوو، يەعنى ئەوە دەتوانين بە عەكسەوە.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئيمێنكى/جێگرى سەرۆكى پەرلەمان:**

دەوڵەت داواى كرد، صـــربيا ئەندام بوو داواى كردبوو، لە جياتى كاك دكتۆرى بەڵێ، كاك د.ئامانج وەڵامى بدەوە، فەرموو.

**بەڕێز ئامانج رحيم:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

كـاك حـاجى كـاروان من ئەوەى صـــربيـام خوێنـدۆتەوە، بۆ عيلمى جەنـابـت، ڕەئيەكەى مەحكەمەى عەدلى نێودەوڵەتى ڕەئيەكى ئيستيشـارى يە، ئەوە قەزاوەت نەبووە لەبەينى دوو دەوڵەت حەز دەكەم جەنابيشـــت موراجەعەى بكەيتەوە، ئەوە لە جەمعيەى عاممەش هينەكە تەحويل كرابوو بۆ مەحكەمەى عەدلى نێودەوڵەتى، بۆيە من هاوڕام لەگەڵت كە دەوڵەت نەبوون بەڵام قەزاكە ئيختيصاصى ئيستيشارى بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئيمێنكى/جێگرى سەرۆكى پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز د.ئامانج، بەڕێزان (10) دەقە پشوو، دواى دێينە ژوورێ.

**بەڕێز د.ڤاڵا فريد:**

...يان ڕاستاندنى بۆ كردوون و پاڵپشـت بە ڕێنماييەكانى دەستوورى هەميشـەيى عيراق بە تايبەتى ماددەكانى (1)، (2)، (4)، (5)،(8)، (9)، (47)، (110)، (115) (117) يەكەم ، (121)، دواى ئەوەى ئەنجومەنى نوێنەرانى عيراق و ئەنجومەنى وەزيرانى عيراق چەنـد بڕيـارێكى نادەســـتوورى و نایاســـاييان دەركرد وەك كاردانەوەيەك بۆ پرۆســـەى ڕيفراندۆمى گەلى

کوردســـتانی عیراق، دوای گفتوگۆکردنی ئەندامانی پەرلەمانی کوردســـتان لەســـەر ئەو پێشهات و کاردانەوانە، ئەم خاڵانەی خوارەوە بۆ دەنگدان دەخەینە ڕوو:
1-پەرلەمانی کوردستان دەستخۆشی و پیرۆزبایی سەرکەوتنی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی لە گەلی کوردستان کە لە پرۆسەیەکی دیموکراسی و مەدەنی دا خواستی خۆی بە جیهان نیشـان دا، بە پشـت بەسـتن بە بنەما و ڕێسـا و یاسـای نێودەوڵەتی و دەستووری عیراق، هاوکات دەســەڵاتە فەرمییەکانی هەرێمی کوردســـتان ڕادەســـپێرێت بۆ جێبەجێ کردنی ئەنجامەکانی ڕیفراندۆم کە لە (2017/9/25) ئەنجام دراوە.
2-پەرلەمانی کوردســتان پەســند و پشــتگیری دەقی ڕاگەیەندراوی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردســـتان دەکاتکە لە کۆبوونەوەی ژمارە (31) لە ڕێککەوتی (2017/9/28) وەك بەشێك لە وەڵامی پەرلەمانی کوردستان بۆ بڕیارەکانی ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی وەزیرانی عیراقی فیدرال و جەخت دەکاتەوە کە دەبێت حکومەت کار بە یاســـا و بڕیارە بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان بکات.
3-داوا لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و وڵاتانی دراوســێ و ناوچەکە دەکەین کە ڕێز لە بڕیاری گەلی کوردســـتان بگرن ســـەبارەت بە پیادەکردنی مافی چارەی خۆنووســـین، پەرلەمانی کوردسـتان وڵاتانی دراوسێ و ناوچەکە دڵنیا دەکاتەوە کە ڕیفراندۆمی کوردسـتانی عیراق بە هیچ شێوەیەك هەڕەشە نیە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی هیچ وڵاتێك، هەرێم فاکتەری ئارامی و سەقامگیری ناوچەکە بووە و دەبێت.
4-یاســا و بڕیارەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق بە پێی بڕگەی دووەم لە ماددەی (121) لە دەســتوری عیراق و بڕیاری ژمارە (11)ی ســاڵی 1992ی پەرلەمانی کوردســتان، بە هیچ شـــێوەیەك قابیلی جێبەجێ کردن نین لە هەرێمی کوردســـتان تاکو لەلایەن پەرلەمانی کوردستان بڕیاری جێبەجێ کردنییان پێ دەردەچێت.
5-پەرلەمانی کوردســـتان بڕیاری ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقی فیدرال، لە کۆبوونەوەی ژمارە (23) ڕۆژی (2017/9/27)کە تایبەت بوو بە کاردانەوە لەسەر ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە ناو هەرێم و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ڕەت دەکاتەوە، دووپاتیشی دەکاتەوە کە بڕیارەکە نادەستووری و نایاسایی یە، بە پشت بەستن بەم خاڵانەی خوارەوە:

- یەکەم/ لە بڕگەی (1)ی بڕیاری ئەنجومەنی نوێنەران دا هاتووە بە تەواوی پێچەوانەی ســیســتەمی فیدرالی و بنەمای دیموکراســی یە کە لە ماددەی (1)ی دەســتور دا چەسـپێنراوە و پێچەوانەی ماددەی (8)ی دەسـتوورە کە تێیدا هاتووە (عیراق ڕیز لە پابەندی یە نێودەوڵەتییەکانی دەگرێت)، بڕیاری گەلی کوردســـتان لە ریفراندۆمی (2017/9/25) پاڵپشـت بووە بە دەسـتووری عیراق و میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەردوو پەیماننامەی نێودەوڵەتی ســاڵی (1966) کە عیراق پەســندی کردوون بە یاسای ژمارە (193)ی ساڵی (1970).
- دووەم/ بڕیـاری ئەنجـامـدانی ڕیفرانـدۆم لە کوردســـتـانی عیراق لە (2017/9/25) پاڵپشــت بووە بە ڕێسـای مافی چارەی خۆنووسـین کە ڕێسـایەکی بەرفەرمانە، واتا (آمرة)یە، لەسـەر ئاسـتی یاسـای نێودەوڵەتی بە شـێوەیەك کە هیچ دەوڵەتێك بۆی نیە دژی ئەو ڕێســـایە بوەســـتێتەوە، چ جای ئەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق مافی چارەی خۆنووســـین لەلایەن هاووڵاتیانی هەرێمی کوردســـتان بە تاوان لە

قەڵەم بـدات و داوای بەدواداچوونی قەزائی بکـات بۆ ئەوانەی لە پرۆســـەکەدا بەشداربوون.

- سێیەم/ سەبارەت بە پابەندکردنی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان بۆ بڵاوە پێ کردنی هێزە فیدراڵییەکان لە ناوچە کوردســـتانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم پێچەوانەی بڕگەی (1)ە لە ماددەی (9)ی دەستوور ناکرێت هێزە چەکدارەکانی عیراق و هێزەکانی ئاســـایش بەکاربهێنرێن دژی پێکهاتەکانی گەلی عیراق، بۆ یەکلایی کردنەوەی ناکۆکییە سیاسییەکان، ئەوە جگە لەوەی کە ماددەی (140) لە دەستووری هەمیشەیی عیراق مافی یەکلاکردنەوەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوی ئیدارەی هەرێمی داوە بە دانیشـــتووانی ئەو ناوچانە لە ڕێگای ڕاپرســـییەوە، نەك فەرمان کردن بە بەکارهێنانی هێز بۆ دەســـت بەســـەر داگرتنی ئەو ناوچانە، فەرماندەی گشـتی هێزە چەکدارەکانی هەرێمی کوردسـتان سـەرپشـك دەکەین بۆ گرتنەبەری هەر ڕێکارێکی پێویست بۆ پاراستن و پارێزگاری کردن لەو ناوچانە و بەرقەراربوونی ئارامی تیایاندا.
- چوارەم/ بڕیارەکانی ئەنجومەنی وەزاری ئەنجومەنی ئاسایشی عیراقی فیدرال کە لە بڕگەی (3)ی بڕیارەکەی ئەنجومەنی نوێنەران ئاماژەی پێدراوە، هیچ پابەندییەکیان نیە لەســـەر کوردســـتانی عیراق و لە دەرەوەی دەســـەڵاتە تایبەتەکانی حکومەتی فیدراڵە، لە هەمان کاتیش دا هەرێمی کوردستان بە پێی یاسای ژمارە (4)ی ساڵی (2011) خاوەنی ئەنجومەنی ئاسایشی خۆیەتی.
- پێنجەم/ بڕیاری داخسـتنی دەروازە سـنوورییەکان لە دەسـەڵاتی حکومەتی فیدرال نیە و بە هیچ جۆرێك لە ماددەی (110)ی دەســـتووردا ئاماژەی پێ نەدراوە، بە پێی ماددەی (115) لە دەستوور هەر بابەتێك کە لە چوارچێوەی دەسەڵاتە تایبەتییەکانی حکومەتی فیدرال دا نەهاتبێت، دەسەڵاتی هەرێمەکانە.
- شـەشـەم/ سـەبارەت بە کێڵگە نەوتییەکان کە دەکەوێتە سـیاسـەتی نەوت و گاز، ئەویش لە مـاددەی (110)ی دەســـتوری عیراقی فیـدرال دا نەهـاتووە، بەڵکو لە چوارچێوەی ماددەی (112) چارەســـەر کراوە، بۆیە ئەوەش دەســـەڵاتی تایبەتی حکومەتی فیدرالی نیە.
- حەوتەم/ ســـەبارەت بە داخســـتنی نوێنەرایەتی و نووســـینگە نێودەوڵەتییەکان لە هەرێمی کوردستان، ئەو مافە مافێکی دەستووری و یاسایی بە دەست هاتووە بۆ هەرێمی کوردســـتان، هەڵوەشـــاندنەوەی مۆڵەتی کردنەوەی ئەو نوێنەرایەتی و نووســـینگە نێودەوڵەتییـانە، بە بێ ئەوەی هەرێمی کوردســـتـان کەم و کوری هەبووبێت لە پێوەر و ڕێنماییەکانی کارکردنی ئەم نوێنەرایەتی و نووســـینگانە بە ناڕەوایی کردن لە بەکارهێنانی دەسەڵات دا هەژمار دەکرێت.

ســەرەڕای ئەوەی ئەم بابەتە دەکەوێتە چوارچێوەی یاســای گشــتی نێودەوڵەتی و بە پێی ڕێککەوتنامەی ڤییەنا بۆ پەیوەندییە دیبلۆماسی قونسولگەرییەکانی ساڵی (1963) کاری قونسول و دیبلۆماتکاران ڕێکخراوە.

6-پەرلەمانی کوردســـتان تێکڕای ئەو بڕیارانەی دەســەڵاتەکانی یاســادانان و ڕاپەراندن و دادوەری عیراقی فیـدرال رەتـدەکـاتەوە کە وەك کـاردانەوەیەك لە بەرامبەر ئەنجـامـدانی پرۆسەی ڕیفراندۆم دراون.

لە کۆتایی دا پەرلەمانی کوردستان لە ڕوانگەی باوەڕبوونی بە پرەنسیپی ئاشتەوایی نێوان گەلان و دراوســێتی باش جەخت لە ڕێگە چارەســەری ئاشــتییانە بۆ ســەرجەم کێشــەکان دەکاتەوە و لەو پێناوەش دا لایەنە پەیوەندیدارەکان ســەرپشــك دەکات بۆ دەســتپێکردنی گفتوگۆی بنیاتنەرانە، هاوکات پەرلەمانی کوردســـتان  داوا لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و لە دۆســـتانی گەلەکەمان دەکات کە بە نیگەرانییەوە لە بڕیارەکانی ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی وەزیرانی عیراقی فیدرال بڕوانن و هەڵوێســـتیان هەبێ بۆ ڕووبەڕوونەوەیان، چونکە لە ڕوانگەی پەرلەمـانی کوردســـتـانەوە ئەو بڕیـارانە ســـزای بە کۆمەڵ  خەڵکی کوردستانە و دژی گەلی کوردستانە بە هەموو پێکهاتەکانی، هەروەها پەرلەمانی کوردستان دەستپێشخەرییەکەی مەرجەعی باڵای شیعە بەڕێز ئایەتووڵا سیستانی بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆ و چارەســەری ئاشــتییانەی کێشــەکان بەرز دەنرخێنێت و پێشــوازی دەکات لە هەر هەوڵێك نێودەوڵەتی یان کەسی  دەستپێکردنی دانوستادن و گفتوگۆ.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، داوا لە بەڕێزتان دەکەم بیخەنە دەنگدان.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سـوپاس بۆ بەڕێز د.ڤاڵا فرید بۆ پێشـکەش کردنی وەڵامەکە، بەڕێزان وەڵامەکە وەکو یەك پاکێج دەخەینە دەنگدانەوە، ئەوەی لە گەڵیەتی دەســـتی خۆی بەرز بکاتەوە، (62) کەس لەگەڵە، کێ دژیەتی؟ کەس دژ نیە، بە کۆی دەنگ پەسند کرا وەڵامەکە، سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز، فەرموون.

| | | |
|---|---|---|
| **بێگەرد دلشاد تاڵەبانی** | **جعفر ابراهیم ئێمینکی** | **د. یوسف محمد صادق** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلـەمانـی کوردستـان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (3)ی
چوار شەممە رێکەوتی 6\12\2017
خولی چوارەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (3)
# چوار شەممە رێكەوتی 2017/12/6

كـاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوار شـــەممە رێكەوتی 2017/12/6 پەرلەمـانی كوردســتان - عێراق بە ســەرۆكایەتی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی جێگری ســەرۆك و، بەڕێز بێگەرد تاڵەبانی سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (3)ی خولی چوارەمی, ساڵی (2017) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكـانی بڕگە (1)ی مـاددە (20) لە پەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هەمواركراوی ســاڵی 1992ی پەرلەمانی كوردســتان - عێراق, دەســتەی ســەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا كاتی دانیشـتنی ژمارە (3)ی خولی بەهارەی سـاڵی پێنجەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە رێكەوتی 2017/12/6 دا بەم شێوەیە بێت:

1/ خوێندنەوەی یەكەمی ئەم پرۆژە یاســـایانەی خوارەوە بە پێی ماددەی 71 لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ژمارە 1 ی ساڵی 1992 ی هەموار كراو.

1/ پرۆژە یاسـای یاسـای هەمواری یاسـای هاتووچۆی ژمارە 86 ی سـاڵی 2004 لە هەرێمی كوردستانی عیراق.

2/ پرۆژە یاسای ئەنجومەنی كاروباری پێكهاتەكان لە هەرێمی كوردستانی عیراق.

3/پرۆژە یاسای دەستەی یەكە پزیشكیە تایبەتیەكان لە هەرێمی كوردستان- عیراق.

4/ پرۆژە یاسـای هەمواری پێ بژاردن (الغرامات) لە یاسـای سـزادانی عیراقی ژمارە 111 ی ساڵی 1969 هەموار كراو.

5/ پرۆژە یاسای ئەنجزمەنی پزیشكی لە هەرێمی كوردستانی عیراق.

6/ پرۆژە یاســای بەركار كردنی یاســای هەمواری بیســتەمی یاســای میڵاكات ژمارە 20 ی ساڵی 1960ی هەموار كراو.

7/ پرۆژە یاسای زیادەڕەوی لەسەر موڵكی دەوڵەت.

8/ پرۆژە یاسـای هەموار كردنەوەی یاسـای بەرەنگاربوونەوەی خێزان لە توندوتیژی ژمارە 8 ی ساڵی 2011 لە هەرێمی كوردستان.

2/ گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای هەمواری دووەمی پیادەكردنی یاسای بەكرێدانی خانووبەرە ژمارە 87 ی ســـاڵی 1979 ی هەموار كراو, بەپێی ماددە كانی 72 و 74 و 75 لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ژمارە 1ی ساڵی 1992 ی هەموار كراو.

3/ گفتوگۆیەكی كراوە لە ڕەوشی شاری دزخورماتوو و گوزەرانی دانیشتوانە كوردەكان كە ئێستا ئاوارەی ناوچەكانی كوردستان بوون، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی پەرلەمان بە پێی خاڵی 2 ی بڕگەی دووەم لە ماددەی 54 لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردســتان ژمارە 1 ی 1992 ی هەموار كراو.

4/ دانـان و ئـاڵوگۆر كردنی ئەم ئەنـدامە بەڕێزانە لەلیژنە هەمیشـــەییەكـانی پەرلەمـانی كوردســـتان بە پێی ماددەی 44 لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە 1 ی ســـاڵی 1992 ی هەموار كراو.

1/ زیادكردنی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (ایوب عبدالله رسـول) بۆ سـەر لیژنەی كشـتوكاڵ و ئاژەڵداری و ئاودێری و بەنداوەكان.

2/پێش چاوخســـتنی دەســـت لەکارکێشـــانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (بهزاد درویش درویش) لە لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێ کردن و هاوچەرخ کردنی لادێ، زیادکردنی بەڕێزیان بۆ سەر لیژنەی کاروباری کۆمەڵگای مەدەنی.
3/پێش چاوخستنی دەست لە کارکیشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (بەهار عبدالرحمن محمد) لە لیژنەی کاروباری کۆمەڵگای مەدەنی و زیادکردنی بەڕێزیان بۆ ســـەر لیژنەی مافی مرۆڤ.
4/پێش چاوخستنی دەست لە کارکیشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز(شیلان جعفر علی) لە لیژنەی کاروباری کۆمەلایەتی و مندال و خیزان و زیاد کردنی بەڕێزیان بۆ ســـەر لیژنەی پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینوساید و زیندانیانی سیاسی لە شوێنی ئەندامی دەست لەکارکێشاوەی بەڕێز (ئاری هەرسین) لە لیژنەی ناوبراو.
5/ زیاد کردنی بەڕێز (مصطفی احمد حمد) بۆ سەر لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی.
6/زیادکردنی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (گۆران محمود اسماعیل)بۆ سەر لیژنەی وەرزش و لاوان، لیژنەی پیشەسازی و وزەو سەرچاوە سروشتیەکان.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

دانیشـــتنەکەمان بەناوی گەلی کوردســـتانەوە دەســـت پێ دەکەین، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ســاڵی پێنجەم، دانیشـتنی ژمارە 2، ڕۆژی دانیشـتن 2017/12/6، بەرنامەی کار، بەپێی حوکمەکانی بڕگە 1 ی ماددەی 20 ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردســـتانی عیراق، ژمارە 1ی ساڵی 1992 ی هەموار کراو، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا کاتی دانیشـــتنی ژمارە 2 ی خولی پاییزەی ســـاڵی پێنجەم، خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمان لە کاتژمێر 11 ی پێش نێوەڕۆ، ڕۆژی چوار شـــەممە، رێککەوتی 2017/12/26 بێت و بەرنامەی کاری دانیشتنەکە بەم شێوەیەیە:

1/ خوێندنەوەی یەکەمی ئەم پرۆژە یاســـایانەی خوارەوە بە پێی ماددەی 71 لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە 1 ی ساڵی 1992 ی هەموار کراو.
1/ پرۆژە یاسای یاسای هەمواری یاسای هاتووچۆی ژمارە 86 ی ساڵی 2004 لە هەرێمی کوردستانی عیراق.
2/ پرۆژە یاسای ئەنجومەنی کاروباری پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستانی عیراق.
3/پرۆژە یاسای دەستەی یەکە پزیشکیە تایبەتیەکان لە هەرێمی کوردستان- عیراق.
4/ پرۆژە یاسای هەمواری پێ بژاردن (الغرامات) لە یاسای سزادانی عیراقی ژمارە 111 ی ساڵی 1969 هەموار کراو.
5/ پرۆژە یاسای ئەنجزمەنی پزیشکی لە هەرێمی کوردستانی عیراق.
6/ پرۆژە یاســای بەرکار کردنی یاســای هەمواری بیســتەمی یاســای میلاکات ژمارە 20 ی ساڵی 1960ی هەموار کراو.
7/ پرۆژە یاسای زیادەڕەوی لەسەر موڵکی دەوڵەت.
8/ پرۆژە یاسای هەموار کردنەوەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی خێزان لە توندوتیژی ژمارە 8 ی ساڵی 2011 لە هەرێمی کوردستان.
2/ گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای هەمواری دووەمی پیادەکردنی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە 87 ی ســـاڵی 1979 ی هەموار کراو، بەپێی ماددەکانی 72 و 74 و 75 لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە 1ی ساڵی 1992 ی هەموار کراو.

3/ گفتوگۆیەکی کراوە لە ڕەوشی شاری دزخورماتوو و گوزەرانی دانیشتوانە کوردەکان کە ئێستا ئاوارەی ناوچەکانی کوردستان بوون، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی پەرلەمان بە پێی خاڵی 2 ی بڕگەی دووەم لە ماددەی 54 لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە 1 ی 1992 ی هەموار کراو.

4/ دانان و ئاڵوگۆڕ کردنی ئەم ئەندامە بەڕێزانە لەلیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کوردستان بە پێی ماددەی 44 لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە 1 ی ساڵی 1992 ی هەموار کراو.

1/ زیادکردنی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (ایوب عبدالله رسول) بۆ سەر لیژنەی کشتوکال و ئاژەلداری و ئاودێری و بەنداوەکان.

2/پێش چاوخستنی دەست لەکارکێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (بهزاد درویش درویش) لە لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێ کردن و هاوچەرخ کردنی لادێ، زیادکردنی بەڕێزیان بۆ سەر لیژنەی کاروباری کۆمەڵگای مەدەنی.

3/پێش چاوخستنی دەست لە کارکیشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (بەهار عبدالرحمن محمد) لە لیژنەی کاروباری کۆمەڵگای مەدەنی و زیادکردنی بەڕێز یان بۆ سەر لیژنەی مافی مرۆڤ.

4/پێش چاوخستنی دەست لە کارکیشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز(شیلان جعفر علی) لە لیژنەی کاروباری کۆمەلایەتی و مندال و خیزان و زیاد کردنی بەڕێزیان بۆ سەر لیژنەی پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینوساید و زیندانیانی سیاسی لە شوێنی ئەندامی دەست لەکارکێشاوەی بەڕێز (ئاری هەرسین) لە لیژنەی ناوبراو.

5/ زیاد کردنی بەڕێز (مصطفی احمد حمد) بۆ سەر لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی.

6/زیادکردنی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (گۆران محمود اسماعیل)بۆ سەر لیژنەی وەرزش و لاوان، لیژنەی پیشەسازی و وزەو سەرچاوە سروشتیەکان.

ئیستا داوا لە بەڕێز خاتوو بێگەرد تاڵەبانی دەکەم سکرتیری پەرلەمان بۆ خوێندنەوەی ناوی ئەو بەڕێزانەی داوای مۆڵەتیان کردووە و ئەوەی بێ مۆڵەت ئامادە نەبوونە، فەرموو بەڕێز.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی/سکرتێری پەرلەمان:**

بەیانیتان باش، ناوی ئەندامانی پەرلەمان کە لە دانیشتنی ژمارە 1 ی ئاسایی لە بەرواری 2017/1/15 مۆلەت پێدراون یان بەبێ مۆڵەت بوون، دانیشتنی سەر لەبەیانی، ابراهیم احمد سمۆ/ مۆڵەت، ابوبکر عبدالله/ مۆڵەت، امینە زکری/مۆڵەت، جمال عثمان/ئامادەنەبوو، حسن صالح/ ئامادەنەبوو، رابوون تۆفیق/مۆڵەت، سراج احمد/ ئامادەنەبوو، سعید محمد/ ئامادەنەبوو، ڤیان عباس/ مۆلەت، عادل عزیز/مۆلەت، عبدالله جاسم/ مۆلەت، مریم صمد/ مۆلەت، دانیشتنی دوای نیوەڕۆ، ابراهیم احمد/ مۆلەت، ابوبکر عمر/مۆلەت،ادریس علی/ مۆلەت، انیس محمد/مۆلەت، امینە زکری/مۆلەت، ئاری محمد/ ئامادەنەبوو، باپیر کاملا/ ئامادەنەبوو، جمال عپمان/ ئامادەنەبوو، جودت جرجیس/مۆلەت، حسن صالح/ ئامادەنەبوو، حسین اسماعیل/ مۆلەت، رابوون تۆفیق/ مۆلەت، سراج احمد/ ئامادەنەبوو، سعید محمد/ ئامادەنەبوو، سهام عمر/ مۆلەت، ڤیان عباس/ مۆلەت، عادل عزیز شکر/ مۆلەت، عباس فتاح صالح/ ئامادەنەبوو، عدالله جاسم/ مۆلەت، مریم صمد/مۆلەت، یعقوب گورگیس/ ئامادەنەبوو.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سـوپاس، داوا لە بەڕێزیان دەکەین پوختەی کۆنووسـی دانیشـتنی پێشـتر پێشـکەشـی ئێوەی بەڕێز بکات، فەرموو.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی/ سکرتیری پەرلەمان:**

پوختەی دانیشتنی رۆژی چوارشەممە ڕێککەوتی 2017/11/15 بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

1/ دەست پێ کردنی دانیشتنی لەلایەن بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان.

2/ دەنگدانی ئەندامان لەسـەر بە نهێنی کردنی دانیشـتنی ژمارە 1ی ئاسـایی رۆژی 4 شـەممە 2017/11/15 کۆمەڵێـك مۆڵەتیشـمـان هەیە، ئەو بەڕێزانەی کە ئەمرۆ داوای مۆڵەتیان کردووە، باپیر کاملا ، انیس محمد شـریف، مردان خدر، سـعید مصـیفی، جوردت جرجیس، لینا عزریا،عبداللە حاجی، نجات محمد، صالح بشار، محمد صادق، دلشاد شعبان، سهراب میکایل، عبداللە جاسم، شامۆ شیخۆ.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سـوپاس بۆ بەڕێز بێگرد خان، بەڕێزان دەسـت بەبڕگەکانی دانیشـتنی ئەمرۆ دەکەین، پێش ئەوەی دەست بە خاڵی یەکەم بکەین چەند خاڵێکی نیزامیمان هەیە، کاك بهزاد فەرموو.

**بەڕێز بهزاد دەروێش دەروێش:**

داخاز دکەین بڕگا چارێ، بێتە دووهێ، دووهێی بچیتە چارێ، لبەر دوو هۆکارا، ئێك/ بڕگا 1 و 4 گەلەك وەخـت پێ نـاڤێـت، یـا دیش/ بڕگـا سـێ بێتە پێش بڕگـا دووهێ، لبەر وەزعی دوزخورماتو بێتە پێش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك محمود فەرموو.

**بەڕێز محمود عمر صالح:**

منیش پێشـنیار دەکەم جێ گۆرکێ بکرێ لە نێوان خاڵی 2 و 4، لەبەرئەوەی خاڵی 2 قسـە و باسی زۆر هەڵدەگرێ.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ کاك محمود، کاك ئاری فەرموو.

**بەڕێز ئاری هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشـتگیری لە ئەو موڵاحەزەیەی بەڕێز کاك بهزاد و کاك محمود بیکەیسـی، دوو موڵاحەزەی تریشم هەیە، من ناوم ئاری هەرسین محمد نییە، ناوم ئاری محمد هەرسینە، جا زەحمەت نەبێ ئەوە راسـت بکرێتەوە، یەك شـتی تریش کە من لە دانیشـتنی رابردوو دا دانیشـتنەکەی دوا نیوەڕۆ من داوای مۆڵەتم کردووەلە بەڕێز سـکرتێری پەرلەمان، دیارە یان بیری چووە بینووسێ یان لەبەر هەر هۆیەك بێ تکایە ئەویش راست بکەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە راست دەکرێتەوە، سوپاس، بەڕێز کاك صالح فەرموو.

**بەڕێز صالح فقێ محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێشـنیـار دەکەم ئەوەی خـاڵی سـێیەم پێش بخرێ، کە تـایبەتەبە دوزخورمـاتوو، لەبەرئەوەی ئەو میوانانەی خورماتویش لێرە ئامادەن.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز صالح فقی، د.جوان فەرموو.

**بەڕێز د.جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش داوا دەکەم فەقەرەی دووەم و سێیەم، چونکە هەر دووکیان پێویستی بە گفتوگۆیە، بیهاوێینە ئەخیری، فەقەرەی 4 دانان و ئاڵوگۆڕکردنی ئەندامەکان بیهاوێنە پێشـــەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز د.جوان، ئێمە یەك پێشنیارمان هەیە زیاتر لە سێ کەس پشتیوانیان لێی کردووە، ئەوەی ئاڵوگۆڕ کردنی، پێشـــخســـتنەوەی خاڵی 3 پێش خاڵی 2، بەو شـــێوازە ئەم پێشـــنیارە دەخەینە دەنگدنەوە، بە پێی ئەو عورفەی پێشـــتر پەیڕەو کراوە لە پەرلەمانی کوردستان، خاڵی 3 پێش خاڵی 2 دەکەوێت، ئەوەی لەگەڵە دەستی بەرز بکاتەوە، 63 کەس لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵ نیە؟ کەس نیە، واتا پەســـەند کرا، خاڵی 3 پێش خاڵی 2 دەکەوێت، تەنها ئاڵوگۆڕە، بەڕێزان خاڵی 1 پێش ئەوەی دەســـت پێ بکەین، داوا لە لیژنەی یاســـایی دەکەین لیژنەکان بێنە ئێرە، لە شـــوێنی تایبەت بە ســـەکۆی لیژنەکان فەرموون، لیژنەی یاسایی هەموو پێکەوە، بەڵێ کاك بهزاد فەرموو.

**بەڕێز بهزاد دروێش دروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر پێشـــنیار ئەویش بوو کە خاڵێ چارێش بێتە پێش دیڤ خالا دووهێ، با گەلەك وەخت پێ نەبی، زیاتر سێ کەس پشتگیری کرد، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر باشە دەیخەینە دەنگدانەوە، بەڕێز کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راســتیەکەی ئەم خاڵە لەوانەیە زۆر نیزامی نەبێت، بەڵام بۆ هەشــت جار زیاترە گوندەکانی شـــاربـاژێر بە تـایبەتی گەڵاڵە ئەوانە تۆپبـاران دەکرێن، یەعنی خەڵکەکەی بە تەواوەتی نیگەران بوون، بەشـــێکی گوندەکان چۆلیان کردووە، ئێســـتا کاتی قوتابخانەیە منداڵەکان قوتابخانەکەیان داخراوە، چەندین جار داوایان کردووە لە ڕێگەی پەرلەمانی کوردســـتانەوە ڕوونکردنەوەیەکیان بدرێتێ هێشـــتا نازانین کێ تۆپبارانیان دەکات، بۆیە ئومێد دەکەم پەرلەمانی کوردســـتان بتوانێ لێژنەیەك تەشـــکیل بکات و بچێ لەو خەڵکە بپرســـێتەوە و دوایی حکومەتی هەرێمی کوردســـتانیش ڕوونکردنەوەیەك بدا بۆ ئەوەی ئەو خەڵکە بزانن ئەوەی کە بۆمبارانی ئەو سـنوورەی هەرێمی کوردسـتان دەکات سـنووری شـارباژێر چییە، چونکە بەڕاستی خەڵك زیانی زۆریان پێ گەیشتووە لەو سنوورە، ئومێد دەکەم، پەرلەمانی کوردستان، خەمێکیان لێ بخوات، زۆرسوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سـوپاس، ئەو پێشـنیارەی بەڕێزتان ئەگەر بە نووسـین پێشـکەش بە سـەرۆکایەتی پەرلەمان بکەن بۆ ئەوەی لە ئاییندەدا دەبێ بە هەند وەربگیردرێت، بەڕێزان خاڵی 4 لەبیرمان چوو بیخەینە دەنگدانەوە، پشتیوانی لێ کراوە، خاڵی یەکەم وەکو خۆی دەمێنێ، خاڵی 4 دەبێتە خاڵی 2، دووەم و ســـێیەم هەر لە شـــوێنی خۆی دەمێنێتەوە، بۆ ئەوەی بە نیزامی بەڕێوە بچێ، جارێکی تر داوا لەئێوەی بەڕێز دەکەم ئەو زەحمەتە بکێشـــن، ئەوەی لەگەڵ 4 ببێتە 2

دەســـتی خۆ بەرز بکەنەوە؟ 64 کەس لەگەڵە، ئەوەی لەگەڵ نیە؟کەس نییە، ســـوپاس پەســـەند کرا، بڕگەی 4 دەبێتە 2، بەڕێزان خوێندنەوەی یەکەمی ئەم پرۆژە یاســـایانەی خوارەوە بە پێی ماددەی 71 لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردســـتان ژمارە 1 ی ســـاڵی 1992 ی هەموار کراو، بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای یەکەم، بە پێی بەرنامەی کار بریتیە لە پرۆژە یاسای هەمواری یاسای هاتوچۆ ژمارە 86 ی ساڵی 2004 لە هەرێمی کوردستان ـــ عیراق، ئەم پرۆژە یاسایە لە 7 مادده و هۆیەکانی دەرچوواندن پێکهاتووە و لەلایەن ئەو ئەندامانە بەڕێزانەی کە لە بەرامبەر ناوەکانی واژوو یان کردووە پێشـــکەش کراوە، ابوبکر عمر، انور قادر، منی نبی، د.بەهار محمود، شـــوان شـــێخ احمد، د.ڕێواس فایق، لینا عزریا، تەلار لطیف، ڤمان فیصـــل، د.ڤاڵا فرید، داوا لە بەڕێزتان دەکەم کە ئاراستەی لیژنە پەیوەندارەکانی بکەن.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ و گشت ئەندامانی پەرلەمان، د.ڤاڵا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاســـای دووەم بریتیە لە پرۆژە یاســـای ئەنجومەنی کاروباری پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردســـتان ـــــ عیراق کە لە 9 مادده و هۆیەکانی دەرچواندن پێکهاتووە و لەلایەن ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەرلەمان کە واژوویان لەبەرامبەر ناوەکانیان کردووە پێشـــکەش کراوە، د.سرووود سلیم، شیلان جعفر، کمال یەلدا، منی نبی نادر، ئایدن معروف، محمد سعدالدین، فرحان جوهر، تحســین اســماعیل، هیڤا حجی، ســهام عمر، کەژال هادی، زانا عبدالرحمن، ماجد عیمان، عبدالرحمن فارس، عبدالله حاجی، باپیر کاملا، داوا لەبەڕێزتان دەکەم ك ئاراستەی لیژنەی پەیوەندار بکەن.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ســوپاس، ئەو یاســایە ئاراســتەی لیژنەی یاســایی و گشــت ئەندامانی پەرلەمان، کاك عمر خاڵی نیزامی فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیســبەت پرۆژە یاســایی یاســای هەموار هاتووچۆی ژمارە 86 ســاڵی 2004 لە هەرێمی کوردســـتان ـــــ عیراق بۆ هەموو لیژنە پەیوەندارەکان لیژنەی ئێمە لیژنەی شـــارەوانی و گەشـــتوگوزار و گواســـتنەوە و گەیاندن پەیوەندارە بەو مەســـەلەیەوە، بە باشـــی دەزانم ئاراستەی لیژنەی ئێمەش بکریَ.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ســـو پاس، ئەو هەردوو لیژنەی پەیوە ندارن ز یاترە لیژنەی یاســـایی و لیژنەی ناوخۆیە، بەهەرحاڵ دواتر ڕاوێژ لەسەرئەو بڕگەیە دەکەین، د.ڤاڵا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاســـای ســـێیەم بریتیە لە پرۆژە یاســـای دەســـتەی یەکە پزیشـــکیە تایبەتەکان لە کوردستان ـــ عیراق، ئەم پرۆژەیە لە 27 مادده و هۆیەکانی دەرچوواندن پێکهاتووە لەلایەن ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە واژوویان کردووە لەبەرامبەر ناوەکانیان پێشـــکەش کراوە، د.سروود سـلیم، ماجد عیمان، ئومێد عبدالرحمن، شـیلان جعفر، تحسـین اسـماعیل، محمد

صادق، شوان شێخ احمد، نعمان، کەژاڵ هادی، حیاة مجید، محمد سعدالدین، هیڤا میرخان، فیروز تەها، د.شیرین حسنی، ڤیان عباس، شکریە اسماعیل، زولفا محمود، داوا لەبەڕێزتان دەکەم ئاراستەی لیژنەی پەیوەنداری بکەن.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی تەندروستی و ژینگە، د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسایی چوارەم بریتیە لە پرۆژە یاسای هەمواری پێ بژاردن (الغرامات)لە یاسای سزادانی عیراقی ژمارە 111 ی ساڵی 1969 هەموار کراو، ئەم پرۆژە یاسایە لە 7 ماددە پێکهاتووە لەگەڵ هۆیەکانی دەرچوواندن، لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە کە ئەمە ناوەکانیانە، ابوبکر عمر، منی نبی، لینا عزر یا، د.ڕێواس فایق، شوان شێخ احمد، ڤمان فیصل، انور قادر، بەهار محمود، د.ڤاڵا فرید، تەلار لطیف، داوا لە بەڕێزتان دەکەم ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی پەیوەندار بکەن.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستە دەکرێت بۆ لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی دارایی و گشت ئەندامانی پەرلەمان، د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یاسای پێنجەم بریتیە لە پرۆژە یاسای ئەنجومەنی پزیشکی لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق، ئەم پرۆژە یاسایە لە 33 ماددە و هۆیەکانی دەرچواندن پێك دێت کە لە لایەن ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە کە ئەمە ناوی بەڕیزیانە، د.سروود سلیم، د.عبداللە جاسم، د.شیرین حسنی، زولفا محمود، شکریە اسماعیل، د.شێرکۆ حمە امین، ئاواز حمید، سهراب میکایل، مریم صمد، حیاة مجید، داوا لە بەڕێزتان دەکەم ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنە پەیوەندارەکان بکەن.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی تەندروستی و ژینگە و گشت ئەندامانی پەرلەمان، د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای شەشەم بریتیە لە پرۆژە یاسای بەرکارکردنی یاسای هەمواری بیستەمی یاسای میڵاکات ژمارە 20 ساڵی 1960 هەموار کراو، ئەم پرۆژە یاسایە لە 4 ماددە و هۆیەکانی دەرچواندن پێك دێت و لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە کە ئەمە ناوی بەڕێزیانە، د.ڕێواس فایق، دلێر مستەفا، خلف احمد، صالح فقێ، شوان شێخ احمد، ڤمان فیصل سلیم، ناظم هەرکی، شێخ محمد صادق، عباس فتاح، زانا عبدالرحمن، سەرکەت سەرحەد، عمر صالح کۆچەر، فرحان جوهر قادر، بشار مشیر، تەلار لطیف، حیاة مجید، فیروز تەها، ڤیان عباس، برزۆ مجید، عبدالرحمن علی، زولفا محمود، قادر وەتمان، باپیر کامەلا، داوا لە بەڕێزتان دەکەم ئەم پرۆژە یاسایەش ئاراستەی لیژنە پەیوەندارەکان بکرێ.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستە دەکرێت بۆ لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی و گشت ئەندامانی پەرلەمان، تەلار خان فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای حەوتەم پرۆژە یاسای مولّکی دەولّەت کە لە 16 مادده و هۆیەکانی دەرچواندن پێکهاتووە، کە لەلایەن ژمارەی یاسایی پەرلەمانتارانەوە پێشکەش کراوە بە ناوەکانی، عمر عینایەت، د.شێرکۆ حمە امین، سالار محمود، بیستون فایق محمود، گەشە دارا، منیرە عپمان، زولفا محمود، صالح فقی محمد، علی هالۆ، کمال یەلّدا، سراج احمد، عباس فتاح صالح، تەلار لطیف، بهزاد دەرویش، غریب مستەفا، داواکارم لە بەڕێزتان ئاراستەی لیژنە پەیوەدارەکانی بکەن.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەکانی یاسایی و لیژنەی دارایی و لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی شارەوانی و گشت ئەندامانی پەرلەمان، تەلار خان فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای هەشتەم، هەموار کردنەوەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی و ئافرەتان کە لە11مادده و هۆیەکانی دەرچوواندن پێکهاتووە، لەلایەن ژمارەی یاسایی پەرلەمانتارانەوە پێشکەش کراوە، بەناوەکانی هیڤار ابراهیم، کەژال هادی، حیاە مجید، مریم صمد، رابوون معروف، حسن صالح، علی تەها، علی حمە صالح، قارەمان قادر فتاح، عادل عزیز، سهام عمر، د.جوان اسماعیل، بستون فایق، رحمان علی، ابوبکر عمر، سۆران عمر، محمود حاجی عمر، شێرکۆ حمە امین، منیرە عثمان، ایوب عبداللە، د.پەری صالح، پەروا علی، رۆزا محمود، انور قادر، نجیبە لطیف، بهزاد درویش، بەهار عبدالرحمن، ئاری هەرسین، ڤیان عباس، د.شیرین حسنی، فیروز تەها، زۆزان صادق، نەجات محمد، ئاواز حمید، داواکارم لە بەڕێزتان ئاراستەی لیژنە پەیوەندارەکانی بکەن.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەکانی یاسایی و لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەتان و لیژنەی مافی مرۆڤ و لیژنەی ناوخۆ و گشت ئەندامانی پەرلەمان، زۆر سوپاس بۆ بەڕێز سەرۆك و جێگر و ئەندامانی لیژنەی یاسایی، فەرموون، بەڕێزان خالّی 4 بووەخالّی 2 دانان و ئالّوگۆر کردنی ئەم ئەندامە بەڕێزانە لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمانی کوردستان بە پێی ماددەی 44 لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە 1 ی سالّی 1992 ی هەموار کراو،1/ زیادکردنی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز ایوب عبداللە رسول بۆ سەر لیژنەی کشتوکاڵ و ئاژەلداری و ئاودێری و بەنداوەکان، خاتوو کەژال هادی خالّی نیزامی فەرموو.

**بەڕێز کەژاڵ هادی فقێ داود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای هەموار کردنەوەی یاسای بەرەنگاربونەوەی خێزان لە توندوتیژی ژمارە 8 ی سالّی 2011 لە هەرێمی کوردستان دەبێ ئاراستەی لیژنەی کارو کاروباری کۆمەلایەتی وخێزان و منداڵیش بکرێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو پێشنیارە پەسەندە، ئاراستەی لیژنەی کاروباری کۆمەلایەتی و منداڵ و خێزان، زیاد کردنی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز ایوب عبداللە بۆ سەر لیژنەی کشتوکاڵ و ئاژەلّداری و ئاودێری و بەنداوەکان، ئەوەی لەگەلّە دەستی خۆ بەرز بکاتەوە؟ 73 کەس لەگەلّە، کێ

لەگەڵ نییە؟ کەس نیە، پیرۆزە، دوو/ پێش چاوخستنی دەست لە کارکێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز بهزاد دەرویش ل لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێ کردن و هاوچەرخ کردنی لادێ و زیاد کردنی بەڕێزیان بۆ سەر لیژنەی کاروباری کۆمەڵگای مەدەنی، کێ لەگەڵە؟ 66 کەس لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵ نیە؟ کەس نیە، پەسەند کرا، 3/ پێش چاوخستنی دەست لە کارکێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد لە لیژنەی کاروباری کۆمەڵگای مەدەنی و زیادکردنی بەڕێزیان بۆ سەر لیژنەی مافی مرۆڤ، کێ لەگەڵە؟ 55 کەس لەگەڵە، کێ لەگەڵ دانیە؟ یەك کەس لەگەڵ دانیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، 4/ پێش چاوخستنی دەست لەکارکێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز شیلان جعفر علی لە لیژنەی کاروباری کۆمەلایەتی و منداڵ و خێزان و زیادکردنی بەڕێزیان بۆ سەر لیژنەی پێشمەرگە وشەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی لە شوێنی ئەندامی دەست لەکارکێشاوە بەڕێز ئاری محمد هەرسین لە لیژنەی ناوبراو، کێ لەگەڵە؟ 54 کەس، کێ لەگەڵ دانییە؟ 3 کەس لەگەڵ نییە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، 5/ زیاد کردنی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز مستەفا احمد بۆ سەر لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی، کێ لەگەڵە؟ 62 کەس لەگەڵە، کێ لەگەڵ نییە؟ کەس نیە، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا.

6-زیادکردنی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (گۆران محمود إسماعیل) بۆ سەر لێژنەی وەرزش و لاوان و لێژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتییەکان، ئەوەی لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە، (65) کەس لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدا نییە؟ بەکۆی دەنگ پەسند کرا، دوو خاڵی نیزامیمان هەنە، یەك بەڕێز د.ڕێواز، فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە تەسبیتکردنی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان لە لیژنەکان، بە تەصەوری من نابێ دوو دوو بخوێندرێتەوە، بۆ نموونە ئەوەی کاك گۆران یەعنی نابێ لە یەك کاتدا بۆ لیژنەی وەرزش و لاوان و پیشەسازی و وزە بەیەکەوە بخرێتە دەنگدان، چونکە لەوانەیە من حەز بکەم بچێتە وەرزش و لاوان بۆ نموونە، بەڵام حەز نەکەم بچێتە پیشەسازی و وزە، عەکسەکەشی ڕاستە، یەعنی کە دەنگ دەدەین ئێمە ناچار دەبین، مەسەلەن ڕەنگە پێمان خۆش بێت کەسێك بچێتە لیژنەیەك، بەڵام بۆ لیژنەیەکی تر نا، پەیڕەویەن یەك یەك، ئینشاڵڵا بۆ جاری داهاتوو یەك یەك بخرێتە دەنگدان باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاست دەکەین بۆ ئەو تێبینییە، مەنتقی یە و ڕەوایە، لە جێی خۆیەتی، بۆ جاری داهاتوو داوا لە کاروباری پەرلەمان دەکەین ئەم مەسەلەیە وردتر داڕێژن، سوپاس، بەڕێز ئامینە زیکری خاڵی نیزامیت هەیە؟ بەڕێزان ئێستا دەست بە خاڵی سییەم (30) دەکەین، کە هاتە پێشەوە، خاڵی دووەم دەبێتە خاڵی کۆتایی چوارەم، گفتوگۆ کراوە لەسەر ڕەوشی شاری دوزخورماتوو، گوزەرانی دانیشتووانی کورد، کە ئێستا ئاوارەی ناوچەکانی کوردستان بوون، لەسەر داوای ژمارەی یاسایانی ئەندامانی پەرلەمان، بە پێی خاڵی دووەم، خاڵی (2) بڕگەی دووەم لە ماددەی (54) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ساڵی (1992)ی هەموارکراو، بەڕێزان ئەم بابەتە بابەتێکی زۆر گرنگ و هەستیار و نیشتیمانی یە، هەر چاوەڕوانین بەو روحییەتەوە گفتوگۆ لەسەر ئەو بابەتە بکرێت، دڵنیامە ئێوەش بەو شێوازە تێڕوانینی خۆتان دەردەبڕن لەسەر ئەم بابەتە دوور لە هەموو خاڵکی تر کە ببێتە مایەی ئەوەی کە نیگەرانی دروست بێ لەلایەن کۆمەلانی خەڵکی کوردستان، ئەم خەڵکانە بریندارن، ئینشاڵڵا بتوانین بەم گفتوگۆیە هەرچەندە درەنگیشە، پێشتریش کراوە لەسەر چەندین ئاست کراوە، بەڵام لە ناو پەرلەمانی کوردستان ئەوڕۆ بە دەرفەتێکی باش لە

قەلەم دەدەین، بۆ ئەوەی بتوانین بڕێك لە ئێش و ئازاری ئەم خەڵکەی کە ئاوارە بووە، ناچار بووە ئاوارە ببێت کەم بکەینەوە، بە تەئکید لێرە دا ئەمڕۆ شـــاندێکی دووزخورماتوو لە شـــوێنی مێوانان لێرە ئامادەنە، بە ناوی دەســـتەی ســـەرۆکایەتی، بە ناوی ئێوەوە بە خێرهاتنیان دەکەین، قایمقامی خورماتوو بەڕێز شـلال عبدالله سـەرۆکی لیژنەی یاسـایی لە ئەنجومەنی قەزا، بەڕێز کمال أحمد قادر، کۆمەڵێك مامۆستای ئاینی و نوێنەری ئاوارەکانی خورماتوو، لەگەڵ لیژنەی سـەرپەرشـتیاری پێشـانگای ناوەندی ناسـاندنی تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی لە خورماتوو کە لە خوارەوەیە، ئەوانیش ئەرکیان کێشـاوە ئەمڕۆ هەر لە تەلاری پەرلەمان پێشـانگایەکیان ئامادە کردووە، بەڕێزان بۆ گفتوگۆی ئەو تەوەرە کە هەمووتان بە هەند وەردەگرن، بە گرنگ وەردەگرن، دەرفەت بە هەمووتان دەدەین، بەس پێمان خۆشـــە وەکو نەریتێك پێشـــتریش پەیڕەو کراوە لە ناو خودی هۆلەکانی پەرلەمان، دانیشـــتنەکانی پەرلەمان، فراکسـیۆنەکانی پەرلەمانیش لەسـەر ئەم پرسـە ڕەئی خۆیان دەربڕن، ئەوەی داوایان کردووە قسـە بکەن، هەر پێشـــتریش داواکراوە بە ناوی ئاوارەکانی دوزخورماتوو کاك صـــالح فەقێ یاداشـــتێکیان پێشـــکەش بە پەرلە مان کردووە، ئیدارەی خورماتوو یاداشـتێکیان پێشـکەش کردووە بەم دانیشـتنە، کاك صـالح فەقێ دەیخوێنێتەوە، ئێسـتاش داوا لە ئێوە دەکەین ناوەکان بنووســـن و خاڵی نیزامیش وەردەگرین، دواتر دێین بڕگە بە بڕگە، خاڵ بە خاڵ باســی لێ دەکەین، بەڕێز امنە زکری، خاڵی نیزامیت هەیە؟ دوو خاڵی نیزامیمان هەیە، ئەوەی تر بێگەرد خان دەینووســـێت، خاڵە نیزامییەکان وەردەگرین، تا ناوەکانی ئەوانەی دەیانەوێ موناقەشە بکەن بنووسرێت، امنە زکری، فەرموو.

**بەڕێز امنە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناڤێ فراکســیۆنی ئەمی ژی بەخێراتنا هەڤاڵێن کو دوزخورماتوو هاتینە دکەین، هەلبەت خالی منیت پەیرەوی ئەوە کو ل گور خالا دووێ، برگا دووێ ژمارە مادده (54) لەســـەر ئەو بابەتە داخواز کری گفتوگۆ بێتە کرن، ئەگەر بێژیت هەر (10) ئەندام بۆیان هەیە داوا بکەن گفتوگۆی بـابەتەکی گرنـگ بخەنە بەرنـامەی پەرلەمـانەوە بە ئـامـادەبوونی ســـەرۆکی پەرلەمانیان ســـەرۆکی وەزیران یان وەزیری تایبەتمەند، واتا ئەڤە نەچێتە چارچێوەی ڤێ مادده یان وەزیری ناوچێن کوردســـتانی دەرڤەی هەرێمیشـــی بێن ئامادە با، دوو/ ئەڤ داواکـارییـا پەرلەمـانتـارێن بەڕێز ڕێرەوێ پەرلەمـانی نەگرتییە، داخـازییەك لە هەنـدەك پەرلەمانتارا هاتیە پێشـــکەش کرن، بێکو ئەو داواکاریین ژ ئالیێ دەســـتا ســـەرۆکایەتیا پەرلەمانی بۆ لیژنا تایبەتمەند، بۆ لیژنا ناوچە کوردستانیێ دەرەوەی هەرێمێ بێتە ئاراستە کرن، پێ تیڤی بوو بۆ لیژنا ناوچە کوردســـتانی هات ئاراســـتە کرن، لیژنا مەعنی ڕاپۆرتا خۆ هەبا، لیژنا مەعنی ئەو ڕاپۆرتە پێشـــکەش کردبا، پەرلەمانتارێن بەڕێز گفتوگۆ ســـەر وێ وەکی نەریتەکی کـاری پەرلەمـانی حەتـا نووکـا هـاتیە جێبەجێ کرن، ئەڤە ڤێ دەرەوەی پەیرەوی بوو بەڕاسـتی، ئومێدەوارین جارەکا دی تر د گور هەر پەیڕەوی ، ئەو شـتەکی ناو پەرلەمانی دا جێبەجێ بوویا چارچێوا پەیرەوی ناوخۆیا پەرلەمانی بێتە سەرەدانی کرن.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ســـوپـاس بۆ بەڕێز امنە زکری، دیارە ئەو بـابەتە پەیوەســـتە بە ئـاوارەکـان، ئەو وەزعەی ئاوارەکان تووشـــی بوونە لە دوای ئەو ڕووداوە نەخوازراوانە کە لەو ناوچانە ڕوو یانداوە، پەلاماردانی ناوچەکە، ئەو تاوانانەی لەوێ ئەنجام دراون، بە تەئکید ئاراسـتە کراون، لیژنەی (140) ئاراســـتە کراوە، لیژنە پێشـــمەرگە ئاراســـتە کراوە، لیژنەی ناوخۆ ئاراســـتە کراوە، ئەو لیژنانە چوار لیژنەی پەرلە مانی ئاراســـتە کراون ڕاپۆرتی خۆیان حازر بکەن، ئەم بابەتەی ئەمڕۆ جیاوازە، ئەوە پەیوە ستە بە ژیانی ئاوارەکان، بە باری ژیانی ئاوارەکان، لەبەر ئەوە بە

پێویســت زانرا ئەوە ئەمڕۆ ببێتە بابەتی گفتوگۆ، دڵنیام بە روحییەتێکی نیشــتیمانپەروەرانە هەموو لایەك تەماشای پرسی ئاوارەکان دەکەن و بەردەوام دەبین، بەڕێز بەهار عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بابەتەکەمان گفتوگۆیە لەســەر ڕەوشــی شــاری دوزخورماتوو، ئێمە وەکو فراکســیۆنی یەکگرتوو لە بەرواری (10/31) یاداشتێکمان لە ڕێگەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە ئاراستەی حکومەت کردبوو، داوا دەکەین ئەو یاداشــتەی ئێمەش وەکو بنەمایەك ڕێگەمان پێ بدرێ بۆ ئەوەی لێرە جەخـت بکەینەوە لەو خـاڵانەی کە وەکو داواکـاری بۆ خەڵکی خورمـاتوو پێشکەشمان کردووە، سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز بەهار عبدالرحمن، ئێمە دەست بە گفتوگۆ دەکەین، خاڵ نیزامیمان هەیە، کاك سۆران عمر، فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعيد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ســەرەتا داواکارم ناوە کوردییەکەی خورماتوو بەکاربهێنرێ، نەك دوزخورماتوو، ناوە کوردییەکەی کە خورماتووە بەکاربهێنرێ، دووەم/ پشــتیوانی ڕایەکەی خاتوو امنە دەکەم، بەڕاســتی پەرلەمان شــوێنی دەرکردنی یاســا و بڕیار و ڕاســپاردەیە، گفتوکۆ ئەگەر دیاری نەکرێ میکـانیزمەکەی چۆن وەردەگیرێ و لیژانی مەعنی دەبوو لەو پرســە ڕاپۆرتیـان پێشــکەش بکردایە، ئەو کاتە گفتوگۆ بکرایە، ئێســتا بەڕێزتان لە دەســتەی ســەرۆکایەتی پێشــنیار و بۆچوونەکان وەردەگرن، ڕاســپاردەی لێ دەکەوێتەوە، بڕیاری لێ دەکەوێتەوە، ئەوە هیچی ڕوون نییە، ئومێد دەکەم بە جەدوایەکی زۆر ڕوونتر لە گفتوکۆ لێی دەربچین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز سۆران عمر، بە تەئکید مەبەستەکە هەر ئەوەیە، ئەم دانیشتنە بەرهەمدار بیت، گفتوگۆی بابەتی لە ئاســتی ئەم پرســە گەورەیە، دڵنیامە بەو شــێوازەش بەشــداری دەکرێ لەم موناقەشاتانە، کە بە ڕاسپاردە دەربچین، بە چەندین ڕاسپاردە، ئەو ڕاسپاردانە دواتر بۆ لایەنی پەیوەنـدیـدار دەنێرین، بۆ ئەوەی بە هەنـد وەربگیرێن، دڵنیـاینە کەش و هەواکەش وایە کە بارەکە، باری گشــتی وایە کە ئەو پرســە دەبێ پەلەی لێ بکرێت، د. بەهار، خاڵی نیزامی، فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشـتگیری لە ڕایەکەی امنە خان و کاك سـۆران دەکەم، ئیقتیراحێکم بۆ جەنابتان پێی لە سـەرۆکایەتی، ئەویش ئەوەیە کە لیژنەی ناوچە دابڕێنراوەکان بێنە سـەر مەنەصـە، ئەوان تەوصــیاتەکان وەربگرن لەلای خۆیان بینووســنەوە کە ئەوان لیژنەی موختەصــن، دواتر لەگەڵ لیژنەکانی تردا بیکەنە تەوصیات و ڕاپۆرت و ئەوان.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

د.بەهار زۆر ســوپاس، ڕەئیەکی پەســەندە، داوا لە لیژنەی ماددەی (140) دەکەین، لیژنەی ناوچە کوردســتانییەکان لە دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بێنە ســەر ســەکۆی دیار بۆ لیژنەکان، کاك سۆران عمر، خاڵی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر وابێ لیژنەی مافەکانی مرۆڤ مەعنی یە بە پرسی ئەو ڕەوشی ئاوارە و ئەو پێشێلکارییانە.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

داوا لە لیژنەی مافی مرۆڤیش دەکەین بێنە سەر مینەصە، فەرموون، با ئەوانیش بێن، فەرموون هەردوو لیژنە، هەردوو لیژنە مەعنینە، بەخێربێن، دوو خاڵی نیزامیمان هەیە، یەك بەڕێز تەلار لطیف، فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی ئێمە کۆبوونەوەکەمان بەرهەمدار بێ، ڕاسپاردەکانیش دیار بێ، ئەو لایەنانەی کە ڕاسپاردەکانی بۆ ئاراستە دەکەین دیار بێ، زۆر زۆر گرنگە بەڕاستی ئەو لیژنە پەیوەندیدارە کۆمەڵێ ڕاسپاردەیان هەبێ، ماوەیەکیان پێ بدرێ کۆمەڵێ ڕاسپاردەیان هەبێ، دوایی گفتوگۆ لەسەر ئەو ڕاسپاردانە بکات، بۆیە منیش پشتگیری بەڕاستی کاك سۆران و امنە خان و د.بەهار دەکەم، کە گرنگە کار لەسەر ئەو خاڵانە بکرێ پێش ئەوەی دەست بە گفتوگۆ بکەین.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز تەلار لطیف، خاڵێکی تری نیزامی، کاك محمود، فەرموو.

**بەڕێز محمود عمر صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کەواتە دەبوو لیژنەی پێشمەرگەش وجودی لەوێ هەبوایە، چونکە خۆتان دەزانن سنوورەکە ڕەهەندێکی سەربازی بەخۆیەوە گرتووە، پێشمەگەش زۆر مەعنی یە بەو سنوورە، داواکارم کە لیژنەی پێشمەرگەش وجودی هەبێ لەسەر مینەصە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاك محمود، خاڵێکی تری نیزامی، کاك سالار محمود، فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان ئەم بابەتە ئەهمیەتی خۆی هەیە، دەبوو دەم و دەست لە گەرما و گەرمی ئەحداسەکانەوە پەرلەمانی کوردستان بە جدییەتەوە مشووری ئەم خەڵکەی بخواردایە کە ئاوارە بوون، بەڵام ئێستاش درەنگ نییە، ئەگەر پەرلەمانی کوردستان بتوانێ بڕیارێك لەو مەسەلەیەدا، یان شتێك لە نەهامەتی و بارگرانی سەرشانی ئەو خەڵکە کەم بکاتەوە، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەم دانیشتنە چەند سەعاتێك دوا بخرێ، لیژنە مەعنییەکان لەگەڵ نوێنەرانی خەڵکی دوز کە هاتوون بۆ پەرلەمانی کوردستان، دانیشتنێك بکەن، ڕاپۆرتێکی هاوبەش حازر بکەن، ئەو پەرلەمانتارانەشی کە قسەی جدییان هەیە لێرەن، یان ڕاپۆرتی نووسراویان هەیە، ئاراستەی ئەو لیژنەیەی بکەن، چەند سەعاتێك، بۆ ئەوەی گفتوگۆکە هەر بۆ گفتوگۆ نەبێ، گفتوگۆکە بۆ پرسێك بێ کە بتوانن نەتیجەیەکی هەبێ، ئەو خڵکە هاتوون با ئێمە پرسیان پێ بکەین، بە تایبەتی ئیدارەی تیایە، ئەنجومەنی تیایە، هاووڵاتی تیایە، خەڵکی کەسایەتی تیایە، پرس و ڕایەکیان لەگەڵ بکەین، پێشانگایەکیشیان لە خوارەوە کردۆتەوە هی موعاناتەکان، بەیەکەوە پەرلەمان هەموومان بچین، ئیفتیتاحی

بکەین، لیژنە مەعنییەکان ڕابسپێرین چەند سەعاتێك ڕاپۆرتێکی تێر و تەسەل ئامادە بکەن بۆ ئەوەی بتوانین ئەو گفتوگۆیە گفتوگۆیەکی بەرهەمدار بێ، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز سالار محمود، خاڵی تری نیزامی هەنە، بەس دەمەوێت ئەوە بە ئێوەی بەڕێز ڕابگەیەنم یاداشتێکی تایبەت لە ئیدارەی خورماتوو گەیشتۆتە پەرلەمان، ئەو یاداشتە کاك صالح فەقێ بە نوێنەرایەتی ئیدارە بۆ ئێوەی بەڕێز دەخوێنێتەوە، دڵنیام هەمووتان زانیاری وردتان هەیە لەسەر ئەو بارەی لەو ناوچانە ڕوویداوە، ئەوەی بەسەر ئەو ناوچانە هاتووە، یەعنی هەموو ئەندامانی پەرلەمان زانیاریتان هەیە لەسەر شوێنەکان، لەبەر ئەوە زۆر گرنگە گفتوگۆ بکەین، لیژنەکانی پەیوەست ئەو پرسەوە کاتیان دەدەینێ بۆ ئەوەی ڕاسپاردەکان دابڕێژن، ئینجا ئەو ڕاسپاردانە دەینینە ناو دانیشتن، لە ناو ئەم هۆڵە دەنگی لەسەر دەدەین، خاڵی تری نیزامی بەڕێز حەیات مجید، فەرموو.

**بەڕێز حەیات مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە هاتە سەر ئەوەی ببێ بە لیژنە، لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی پێشمەرگەش مەفرووز بوو کە ئەوانیش تەواجودیان هەبێ لەوێ، پشتگیری قسەکانی کاك سالار محمودیش دەکەم.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، لیژنەکان ڕاسپێردراون پێشتر بۆ ئەوەی ڕاپۆرت بنووسن، کۆی باری گشتی ئەو ناوچانە، ئەوەی پەیوەستە بە پێشمەرگە، ئەوەی پەیوەستە بە ناوخۆ، ئەوەی پەیوەستە بە مافی مرۆڤ، مافی ئافرەتان، لیژنەی (140)، ئەوان بە شێوازێکی گشتی دەنووسن، ئەوەی ئەمڕۆ ئێمە مەبەستمانە باری خورماتووە، بەتایبەتی باری گوزەران، باری ژیانی ئاوارەکان، بەڕێز کاك حاجی کاروان، خاڵی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز کنعان نجم الدین أحمد (حاجی کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لجنە نوێنەرانی دوزخورماتوومان بینیوە، جەنابی قایمقامیشمان بینیوە و دانیشتنی خۆشمان کردووە، ناتوانین بڵێین ڕاپۆرت، بەڵام نیمچە ڕاپۆرتێکە، ئەگەر لەسەروو ئەوە زیاد بوو، ئەوە زیادی دەکەین، ئەگەر باش بێ، ئەگەر پێتان باش بوو، چونکە وەقت تاخیر دەبێ، وا باشە ئێمە ئەوە بخوێنینەوە، لەسەروو ئەوە چیمان دەووت ئیزافەی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز کاك حاجی کاروان، چەند خاڵێکی تری نیزامیمان هەنە، ئەوانەی وەردەگرین، لێرەوە دەست پێ دەکەم تا تەواو دەکەم، هەر بۆ زانیاری ئێوەی بەڕێز، سەعات (1) پێشانگایەك لە خوارەوە هەیە، لەسەر خورماتوو، بواری خورماتوو، ئەوەی بەسەر خورماتوو هاتووە، چاوەڕوانی ئەوە دەکەن نوێنەری وڵاتانی بیانی لە کوردستان حازر ببن، ببینن، بە چاوی خۆیان ببینن، تا ئەو کاتە موناقەشە دەکەین، ئینجا دەچینە خوارێ لەگەڵ ئەوانە ئەو پێشناگایە دەکەینەوە و دەیبینین، دەگەڕێینەوە موناقەشات بەردەوام دەکەین تا کۆتایی دێتن، ئینجا لیژنەکان ڕادەسپێرین بۆ ئەوەی ڕاسپاردەکانیان بنووسن، خاڵە نیزامییەکانی کە ماون، کاك دلێر، فەرموو.

**بەڕێز دلێر مصطفى حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لێژنەی پێشمەرگە بە پێی ئەو نووسراوەی ئاراستەمان کراوە لەسەرۆکایەتی پەرلەمانەوە، کۆبوونەوەی لیژنەی پێشمەرگەمان کردووە، جەولەمان کردووە بۆ میحوەری

(1)، بۆ میحوەری (3)، بۆ میحوەری (4)، لەگەڵ وەزارەتی پێمشـــمەرگە و ســـتافی باڵای کۆ بیووینەوە، لەبەر ئەوەی ماوەیەکی ترمان دەوێ، نزیکی (50) وەرەقەمان لە دەلیل و بەڵگە و لە پێداویستی دابینکردنی ئەو نووسراوەدابین کردووە، بۆیە هی ئێمە کاتێکی پێ دەچێ تا ئامادەی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز کاك دلێر، بەڕێز شیرین حسنی، فەرموو.

**بەڕێز شرین حسنی رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ژ بەر هەسـتیاریا بابەتی، ژ بەلکو مە بگەینە ئەنجامی باش، ئەو بڕیار و ڕاسـپاردێت ئەڤرۆ دەربچن، خزمەتا خەلکی خوورماتوو بکات، پشـتەڤانیا کاك سـاڵاری دەکەم، کو سـعاتەکێ دەرفەت بێتە دان بۆ وان لیژنەی پەیوەندیدار کو هەندەك خاڵا، یان ژی هەندەك ڕاپۆرتەکی حازر بکەن کو گفتوگۆ لەسەر بێتە کرن و ببێتە بنەمای گفتوگۆ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز شرین حسنی، بەڕێز هیڤا حاجی، فەرموو.

**بەڕێز هیڤا حاجی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشـــتگیری قســـەکانی کاك ســـاڵار محمود دەکەم، داواش دەکەم جگە لە ئەمڕۆ، بەیانیش ئیختیصـاص بدەین لۆ قەزییەی دوزخورماتوو، چونکە قەزییەیەکی زۆر زۆر گرنگە، دەبێت ئێمە زیاتر لەسەری چڕتر بین، بە وریاتر موعامەلەی لەگەڵ بکەین، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز هیڤا حاجی، بەڕێز أبوبکر هەڵەدنی، فەرموو.

**بەڕێز أبوبکر عمر عبداللە (أبوبکر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ئەوەی کە بابەتی گفتوگۆکردن لەســەر دوزخورماتوو زۆر گرنگە و هەرچەند درەنگ وەختە، من هەســـت دەکەم لە ناو هۆڵ دا جۆرێك لە شـــپرزی لەم بابەتە گرنگە دەبینم، یەعنی ئامادەکاری تەواو نەکراوە، هەم لەلایەن لیژنە پەیوەندیدارکان، بیریشـــمان نەچێت کە تەرەفێکی تری ئەم بـابەتە حکومەتە، کە ئێســـتـا نە وەزیری کـاروبـاری پەرلەمـان و نە حکومەت لێرەیە، دەستەیەکیشمان هەیە، دەستەی ناوچە کوردستانییەکان کە بەڕێزێك بە پلەی وەزیر ئەو دەســتەیە بەڕێوە دەبات، بۆ ئەوەی کە کۆبوونەوەکە بەرهەمدار بێت، بڕیاری لێ بکەوێتەوە، لەبەر ئەوە پشـــتگیری لە کاك ســـاڵار محمود دەکەم، کە نەك بۆ سـەعاتێك، بۆ دوو سـەعات، من پێموایە ئەو جەلسـەیە بخەینە سـبەینێ، سـبەینێ تەرخان بکەین بۆ قسە کردن لەسەر ڕەوشی دوزخورماتوو بە ئامادەبوونی نوێنەرانی حکومەتیش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز أبوبکر هەڵەدنی، بەڕێز أبو کاروان، فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس عبدالرحمن (أبو کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن کاك دلێر باسی لیژنەی پێشمەرگەی کرد، من دووبارەی ناکەمەوە، بەڵام ئەو پرسە پێویســـت بە گفتوگۆکردن دەکات، پێموایە پێویســـت ناکات ئێمە زۆر کات بکوژین، بۆیە باشتر وایە دەست بەکار بین بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەو مەسـەلەیە، ناکرێت هەر یەکێك باســی ســەردانەکان و بینین و ئەوانە بکات، چونکە بەشــێکی زۆر لە پەرلەمانتاران ئەو

سەردانەیان کردووە، سەردانی ئاوارەکانیان کردووە، سەردانی شارو شارۆچکەکانمان کردووە، بۆ ئەوەی کات نەکوژین پێشنیارم وایە ئێمە دەست بەکار بین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز أبو کاروان، بەڕێز کاك بێستوون، فەرموو.

**بەڕێز بێستوون فائق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چەند ڕوونکردنەوەیەك لەبەر ئەوەی ئێمە ژمارەیەك لە ئەندامانی پەرلەمان ئەو یاداشتەمان ئیمزا کردووە، ئەوە حەصر کراوە تەنها لەسەر دوزخورماتوو و ژیانی ئاوارەکانی، یەعنی مەهامی ئەم تەڵەبە تەنها تایبەتە بە ژیانی ئاوارەکان، بۆیە باس لە ڕەهەندەکانی تری عەسکەری و دۆخی پێشمەرگە و ئەوانە نەکراوە، بۆیە تایبەتە بەو لیژنانە، لەسەر دواخستنیشی لەو تەڵەبەی کە دەووترێ چەند سەعاتێك دوابخرێ، پێشتر لیژنە مەعنییەکان لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی دوز و خەڵکی دوز و ئیدارەی دوزیش بینراوە، لەسەر ئەوەی کە بۆ بانگی لایەنی تەنفیزی حکومەتی هەرێم ناکرێ، لە ڕاستی دا ئەو تەڵەبەی کە ئێستا ئێمە هەمانە، ئەو بابەتەی کە ڕەبتی بە ئاوارەکانی دوزخورماتوو، بەتایبەت لە ناو دوزخورماتوو هەیە، پەیوەندی بە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە نیە، ئێمە گرفتمان لەگەڵ حەشدی شەعبی هەیە، کە حەشدی شەعبی نە حکومەتی هەرێمی کوردستان ناتوانێ دەریان بکات، نە ئێمەش دەتوانین تەڵەب لە حکومەتی هەرێم بکەین کە حەشدی شەعبیمان بۆ دەربکات ئاوارەکان بگەڕێنەوە، لە تایبەت لە بانگهێشتەکە یان تەڵەبی جەلسەکە بانگی لایەنی پەیوەندیدار نەکراوە، چونکە تۆ نازانی ئەم بابەتە مەعنی بکەی بە چ لایەنێکەوە، چ لایەنێکی لەسەر بانگ بکەی، من پێموایە جەلسەکە ئیدامە پێ بدەین، وتووێژەکان بەردەوام بکرێ، ئەو تەڵەبەشی کە دەووترێ وتووێژ لەگەڵ مێوانەکان بکرێ، دوای تەواوبوونی وتووێژەکانی ناو جەلسە، ئەوەی کە دەستمان دەکەوێ ئیستینتاجی دەکەین لە ئارائی ئەندامان، لەگەڵ نوێنەری ئاوارەکانی دوزخورماتوو، لەگەڵ ئیدارەی دوزخورماتووش کە لێرەن، دوای تەواوبوونی جەلسەکە و یان دوای هەڵگرتن و تەواوبوونی پێشانگاکە کەوا لەگەڵ قسەکانی ناو جەلسەکە بگەینە سیغەیەکی کۆتایی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز بێستوون، کاك برزۆ، فەرموو.

**بەڕێز برزۆ مجید عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادام مێوانانی بەڕێزی خورماتوو لێرەن، ئیدارەی خورماتووش لێرەن، بەشێك لە لیژنەکان کاری باشیان کردووە، مەعلوماتی باشیان کۆکردۆتەوە، ڕاستە دەبوایە زیاتر تەنزیم بکرێ، بەڵام مادام دانیشتنەکە فەیە و قەرەباڵخە و هەموو لایەك لێرەن، ئێمە تەنها بە ڕاسپاردە دەرنەچین لەو کۆبوونەوەیە، چونکە ئەگەر تەنها ڕاسپاردە بێ ئەم قسەیە زۆر زۆر دەقیقە کە داوای دانیشتنی پەرلەمان دەکات بۆ چەند سەعاتێك یان بۆ چەند ڕۆژێك، بەڵام ئەگەر لەگەڵ دەرکردنی چەند ڕاسپاردەیەك لیژنەیەکی پەرلەمانیش دروست بکرێ، لیژنەیەکی پەرلەمانیش دروست بکرێ، بۆ ئەوەی ئەو ڕاسپاردانەی ئەوەی پێویستە قسە بکرێ لەگەڵ لایەنی حکومەتی هەرێم، ئەوەی پێویستە قسە بکرێ لەگەڵ UN

و بیانییەکان، ئەوەی پێویستە لەڕێی نوێنەرەکانمان لە پەرلەمانی عیراقەوە قسە بکرێ لەگەڵ حکومەتی عیراقی، یان لەگەڵ جیهاتی تری عیراقی، ئەم لیژنەیە سەرپەرشتی جێبەجێ کردنی ئەو ڕاسپاردانە بکەن کە ئەمڕۆ لێرە دەردەکرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ ئەم پێشنیارە، زۆر سوپاس کاك برزۆ، پێشنیارێکی بەجێ یە، بەڕێز ئامینە زکری، دواتر کاك قادر، سێ خاڵی تری نیزامی وەردەگرین، فەرموو.

**بەڕێز امنە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز داخازا لێبوورینی دکەم هێڤیدارم دەستا سەرۆکایەتیا پەرلەمانی من رەخنا وی هەی سینگەکی بەرفرە وەرگرن، بەڕاستی هەرجار جڤینی پەرلەمانی بەر دەست پێ بکەن گفتوگۆیەکا زۆر زێدە یا دەرڤەی کاری مە تێتە ئەنجامدان، ئەمەژی بە ڕەئیا من هەندێ گرێدایە کو دەستەی سەرۆکایەتی پەلەمانی دیالۆگ و گفتوگۆ دگەل لیژنەی مەعنی نینە بۆ داڕشتنا بەرنامەیی کاری، ژبەرهەندێ هێڤیدارین دڤینێت ئایندەیدا ئەڤە نزیکی پتر سەعاتەکی، سەعات و نیو لە وەختێ مە هاتە کوشتن، بۆ پەرلەمانتارا، بۆ پەرلەمانی وەخت گەلەکی گرنگە، ژبەرهەندێ داخازی ئەوەش دەکەین وەختی بەرنامەی کاری دێتە کرن، هەم دڤەل لیژنەی مەعنی، هەم دگەل ئەو لایەنەی پەرلەمانێت کو بابەتی پێشکەش کەن، گفتوگۆیەك بۆ داڕشتنس بەرنامەیا هەبیتن، چاوانیا گفتوگۆکرنێ.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ ئەو ڕەخنەیە، هەرچەندە لە جێی خۆی نەبوو، چونکە ئێمە لیژنەکەمان تەکلیف نەکردووە تا لەگەڵ لیژنەکان دابنیشین، یاداشتێك هاتووە، یاداشت لەسەر باری مرۆیی خەڵکی خورماتوو، بۆیەش ئەو ئامادەکارییەی ئەوەی کراون خودی ئەو ئەندامانە ئەو یاداشتەیان هێناوە، بە مەسئولییەتەوە، ئێمەش لە دەستەی سەرۆکایەتی بە هەندمان وەرگرتووە، بەڕێز کاك أنور قادر، فەرموو.

**بەڕێز أنور قادر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێموایە بۆ ئەوەی بابەتەکە ڕوونتر بێ، بەرچاڕوونی باشتر هەبێ، بۆیە پشتگیری لە قسەکانی کاك سالار محمود دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاك أنور قادر، بەڕێز ئێڤار إبراهیم، دواتر کاك ئاری، کۆتایی دێت بە خاڵە نیزامییەکان، فەرموو.

**بەڕێز ئێڤار إبراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەم بدرێتە دەنگدان، ئەو ئەندام پەرلەمانە بەڕێزانەی کە زیاتر لە سێ کەس وتوویانە تەئجیل بکرێتن با بدرێتە دەنگدان، بزانین کامەیان زیاتر دەنگ دێنێ.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس خاتوو ئێڤار، بەڕێز ئاری محمد هەرسین، فەرموو.

**بەڕێز ئاری محمد هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من له پێش هەموو شتێكدا پشتگیری لەو بۆچوونه دەكەم كه لیژنەی پێشمەرگه نوێنەریان پێویستە لێرە ئامادە بێت، بۆ؟ لەبەر ئەوەی لیژنەی پێشمەرگە لیژنەی جینۆسایدیشە، ئەوەی لە دوزخورماتوو دەكرێ لەلایەن جەیشی داگیركەری عیراقەوە بە تەئكید ئەوە جینۆسایدە، ئەوە خاڵی یەكەم، خاڵی دووهەم/ ئەو بۆچوونەی كە دەڵێ ئەم دانیشتنە تەئجیل بكرێت، دوایی ئەو بەڕێزانەی كە دیاری كراون بچن كۆبوونەوە بكەن لەگەڵ مێوانە بەڕێزەكانی دوزخورماتوو، دوایی لە ئەخیردا بەڵاغێك حازر ببێت و ئێمە هیچ قسەیەكمان نەبووبێ لێرە مەسجێكی نەرم و نۆڵ بۆ بەغدا بنێرن، لە كۆتاییەكەشیدا تەئكید بكرێتەوە لەسەر برایەتی كورد و عەرەب كە درۆیەكی زۆر زۆر گەورەیە، من ئەوەم پێ باش نیە، هیچ نەبێت مەجالی هەریەك لە فراكسیۆنەكان بدەن بۆچوونی خۆیان بە تەحدیدی وەكو مەسجێك پەرلەمانی كوردستان بینێرێ بۆ دەوڵەتی داگیركەری عیراق.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئیمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز كاك ئاری، نوقتەی نیزامی تەواو بوون، زۆر قسەمان كرد، سوپاستان دەكەین، پێشتریش ئەم پرسە لەلایەن فراكسیۆنەكانی كوردستانی لە بەغدا زۆر بە جوانی، بەڕێك و پێكی وەگێردراوە، هەمووش بەكۆدەنگی، بە یەكڕیزی هەڵوێستیان هەبوو، ئومێدەوارم دەست بە گفتوگۆكان بكەن، بەو ئاراستەیە بتوانین ئەم دانیشتنە بەرهەمداربێت، بە ڕاسپاردەی بەهێز لێی دەربچین، بەڕێزان كاك صالح فەقێ دەست پێ دەكات، یاداشتی ئیدارەی خورماتوو پێشكەش بە ئێوەی بەڕێز دەكات، فەرموو.

**بەڕێز صالح فەقێ محمد أمين:**

بەڕێزان دەستەی سەرۆكایەتی و ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز، ئەم ڕاپۆرتە لەلایەن بەڕێز كاك شڵال عبدالله أحمد قایمقامی قەزای خورماتوو و بەڕێز كاك كمال أحمد قادر سەرۆكی لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی قەزای خورماتوو هاتووە، ئاراستەی بەڕێز پەرلەمانی كوردستانی كردووە،

بەڕێز پەرلەمانی كوردستان

بابەت/ داواكاری

ئەو ڕووداوانەی كە لە ڕۆژی 16ی ئوكتۆبەری ساڵی 2017 و ڕۆژانی دوایی ڕوویانداوە لە شاری خورماتوو، پێچەوانەی تەواوی بنەما یاسایی و دەستوورییەكانە، لە هەمان كات دوورە لە پرەنسیپە دیموكراتی و نێودەوڵەتییەكان، بەو پێیەی لە ئێستادا پێكهاتەی سەرەكی شاری دوزخورماتوو كە نەتەوەی كوردە لە دوای هێرشەكانی حەشدی شەعبی بۆ سەر ئەو شارە، لە ترسی كوشتن و ڕفاندن وەك لە پێشووتر ڕوویداوە دژی پێكهاتەكانی تر لەو شارە دەكرێ لە ئێستادا ئاوارەكانی خورماتوو لە دۆخێكی خراپ دا ژیان دەگوزەرێنن دوور لە هەموو مافە سەرەتاییەكانی ژیان، لە كەمپ و شارەكانی هەرێمی كوردستان نیشتەجێن، بۆیە لە ڕێگەی بەڕێزتانەوە داواكارییەكانمان دەخەینە ڕوو، بە هیوای چارەسەر كردنێكی گونجاو بۆ خەڵكی ئەو شارە:

1- پەلەكردن لە ڕاگرتنی سوتاندن و تاڵانكردن و تەقاندنەوەی ماڵی هاوڵاتییانی كورد لە خورماتوو.

2-داواكارین لە بەڕێزتان فشار بخەنە سەر حكومەتی بەڕێز عەبادی و لایەنە نێودەوڵەتییەكان بۆ پێكهێنانی لیژنەیەكی هاوبەش (لجنة تقصي الحقائق) بۆ لێكۆڵینەوە و خستنەڕووی داواكان لە 16ی ئوكتۆبەر و ڕۆژانی دواتر لە خورماتوو.

3-ڕاگرتنی هەموو جۆرە گۆڕانگارییەك لە ئێستادا هەوڵ دەدرێت بگوردرێت لە ڕووی ئیداری، چونكە لە ڕابردوودا لەسەر ڕێككەوتن و بنەمای تەوافوق دانراون، واتا یەكە ئیدارییەكانی شارەكە،
4-داواكارین هەوڵی خۆتان بخەنە گڕ بۆ ڕەوانە كردنی هێزێكی هاوبەش، یان هێزێكی ئاشتی پارێزی نێودەوڵەتی، یان هێزێكی هاوپەیمانان بۆ ئاسایی كردنەوەی دۆخی شارەكە و گەڕاندنەوەی ئاوارەكان، چونكە لە ئێستادا زیاتر لە دوو ناحیە و زیاتر لە 50 گوندی كورد و عەرەب ئاوارەیە لەگەڵ خەڵكی ناوەندی قەزاكەش.
5-هەوڵ بدرێت بە ناساندنی تاوانەكانی 16ی ئوكتۆبەر بە تاوانی جەنگ و جینۆساید بناسرێ و ئەنجامدەرانی ئەو تاوانە بدرێتە دادگای نێودەوڵەتی.
6-هەوڵی تەواو بدرێ بۆ قەرەبوو كردنەوەی زیان لێكەوتووانی 16ی ئوكتۆبەر و ڕۆژانی دواتر لە شاری خورماتوو.
لەگەڵ ڕێزمان دا
بە واژووی هەردوو بەڕێزان:
شلال عبدالله أحمد: قایمقامی قەزای خورماتوو.
كمال أحمد قادر: سەرۆكی لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی قەزای خورماتوو.
زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئیمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز صالح فەقێ، كە بە نوێنەرایەتی بەڕێز قایمقامی خورماتوو ئەم یاداشتەی پێشكەش بە پەرلەمانی كوردستان كردووە، سوپاسیان دەكەین، ئێستا داوا لە سەرۆكی لیژنەی ماددەی 140 ناوچە كوردستانییەكان لە دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، داوای لێ دەكەین ڕاپۆرتی خۆیان پێشكەش بكەن.

**بەڕێز شوان أحمد نعمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەكو لیژنەی ناوچە كوردستانییەكان ئەو بابەتەمان ئامادەكردووە، لێرەدا دەیخوێنینەوە:
لە دوای ڕووداوەكانی 16ی مانگ لە خورماتوو و ناوچە كوردستانییەكان لیژنە ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بە وردی ئاگاداری ڕووداوەكان بووین و لەگەڵ ئاوارەكان و دانیشتووان دا لە وتووێژدابووین بەرێزان ئەوەی لە دووزخورمات و روو یدا لەسەر دەستی حەشتی شەعبی لە سوتاندنی مال و تالانكردنی كوردەكان جینۆسایدن بە یاسا نێودەولەتیەكان تاوانی دژە مرۆڤایەتیان تێدایە، لە خوورماتوو نیزیكەی (60)هەزار هاوولاتی سڤیل لە گووندەكان ئاوارە بوون ئێستا دۆخی ژیانیان زۆر خراپەو لە كوردستاندا دەژین حەشتی ششەعبی تا ئێستا بەردەوامە لە تالانكردنی و تەقاندنەوەی مالە كوردیەمان بەڵام ئەوەی تا ئێستا گەرانەوەی مالە كوردیەكان و ئاسایی كردنەوەی دۆخی خوورماتووە ئێمە لە لیژنكەی ئیدارەی دەرەوەی هەێم بە پێویستی دەزانین وە داوا دەكەین لیژنەیەك پێك بێنین لە پەرلەمانی كوردستاغن بە پێی مادەی (47) لە پەیرەوی ناوخۆ بۆ ئەو خالانەی كە دیارمان كردووە، یەك بە دێكۆمێنكردنی ئەو تاوانە ئەنجامدراو وە ئەو تاوانانی كە بە لایەنی پەیوەندیدار وە داوای هێزی هاوبەش بكرێت و جێگیر بكرێت سەلامەتی و ئاسایی كردنەوەی دۆخەكەو جگە لە حەشتی شەعبی وە هەتا بكرێت داوا بكرێت هێزێكی ئەمریكی لە ناوچەكەدا جێگیر بكرێت بۆ ئەوەی سیقەو متمانە لە لاین خەڵكی ئەو ناوچانە و ئەو سنووورە دروست بیت بۆ گەررانەوە یان ،سێ گەرانەوەی هاوولاتیاەن بۆ دووزخورماتوو،چوار:قەرەبووكردنەوەی ز یانلێكەوتوانی خورماتوو لە لاین

حکومەتی عیراقەو کە زیانێکی گورەیان بەرکەوتووە،پێنج: تا گەرانەوەی ئاوارەکان بۆ زیدی خۆیان لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە پێداویستی هەنووکەییان بۆ دابین بکرێت،شەش: چارەسەرکردنی گرفتی کارمندانی خورماتوو بە تەنسیب یان رەچاوی باروودۆخەکە بکرێت تا دەگەرێنەوە شوێنەکانی خۆیان،حەفت: داوادەکەین داوا لە (یو ئین)دەکەین لیژنەی حقوقی ئینسانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان محقق لێکۆلەر بنێرێت بۆ بە دیکۆمێنتکردنی پێشێلکاریەکان ،زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەرێز سەرۆکی لیژنەی کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم،بەرێزان لیژنەی مافی مرۆڤ چەندین داتاو دیکۆمێنتیان لەبەر دەستدایە لەسەر خورماتوو کەرکوك لەمەر درابوون لە لاین حەشتی شەعبییەوە تا ئێتا چوار راپۆرت بە پەرلە مانی کوردستان گەیشتوون داوا لە سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ دەکەین ئەو داتایەی لەبەر دەستدایە پێشکەش بە ئێوە بکەن.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان سەرەتا بۆ بەرێز قایمقامی خورماتوو وە ئەو ستافەی هاوکاری بوون لە ئیبادەکردن و بە دێکۆمێنتکردنی بەشێك لەو تاوانانەی لە شەوی (16/15)ی(2017) کە لەلایەن حەشتی شەعبە بەرامبەر بە دانیشتواتی کوردی خورماتوو ئەنجامدرا وە ئەمە راپۆرتەکەیە وردەکاریەکانی بە وێنەو بە ئامار تێدایە من هەولەدەم بە خێرایە بەسەریدا تێپەرم بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی ئامادەیە ئەگەر بەرێزان ئەندامانی بخرێتە بەر دەستی هەموو ئەندامان وە بەردەم رای گشتی لە راستیا ئەوەی لە شەوی (15-10/16) لە خوورماتوو روویداوە دەچێتە خانەی تاوانی پاکتاوکردنی نەتەوەیەك لە خورماتوو بە ناوی کوردەوە لە دواتر ئاماژە بەوە دەدەین کە چی کراوەی کە هەمان شەو رۆژ کراوە چەندین پێشمەرگەو وە پۆلیس و هێزەکانی ئاسایش و هاولاتیانی مەدەنییە کە لێرە ناوەکانیان تۆمارە بە داخەوە تا ئێستا (10) شەهید هەبووە بەردەوام بووە وە زیادیشی کردووە ئەمانە وێنەی شەهیدەکانە کە بەشێوەیەکی زۆر درندانە شەهید کراون تەرمەکانیشیان بێرێزی پێکراوە هەر لە سەرەتای رووداوەکە (41) هاوولاتی و پێشمەرگەو لە هێزەکانی پۆلیس دیارە دەستگیر کران بەدیل گیران وە دوای ئەشکەنجەوبێرێزی کردن هەندێکیان ئازادکران هەر لەم شەوەدا لەو شەو رۆژەدا(115) هاوولاتی و پێشمەرگەو هاوولاتی و ئاسایش بریندارکراون برانەتە نەخۆشخانەکانی هەرێم بۆ چارەسەر، وە ئەو تەعزیبانەی کە ئەو بێرێزیەیی کراوە لە مافەکانی مرۆڤ، وە تەقاندنەوەی زیاتر لە (250) کە هەر ئەو شەوە کە دیارە شەو رۆژی رووداوەکە (50) خانووی هاولاتیانی کورد تەقێنراوەتەوە لەگەل زەویا تەخت کراوە کە تا ئێستاو تا ئەم شەو رۆژ تەقانەوەی مالی هاولاتیانی کورد بەردەوامی هەبووە کە ئەمە بەلگەکانە هەرچەندە بە داخەوە رووداوەکانی 15-16 خورماتووا چاوی کامێراکانی ناوخۆو دەرەوە لە سەر خوورماتوو نە بوو حەسر کراوو بۆئەوەی ئە تاوانانە دێکۆمێنتی نەکرێت بەلام خۆسبەختان بەشێکی زۆر لەم تاوانانە وێنی گیراوە ئەوەی لێرە کراوە نا رژێمی بەعس بەرامبەر بە گەلی کورد لە ئەنفال و لە کیمیابارانا ئەنجامی داوە،تالانکردنی زیاتر لە دوو هەزار مالە دکان و بینای بازرگانی وە سووتاندنیان کە ئەمە وێنەکانیەتی واتە سەروو مالی خەلك لە خوورماتوو هەر هەمووی بەم شێوە وەحسیانە بە شێوە درندەییە کەوتە بەر پەلامارەکانی حەشتی شەعبی کە رق و تۆلەسەندنەوەیەکی گەورەی تیا ئەبینرێت هیچ مالێك نەبردراوە وە هیچ مال کورد نشین

لە خوورماتوو ســەلامەت نەبووە،جگە لەمە ئاوارەکردنی (47)هەزار هاووڵاتی کە زیاترە لە کە تەنها بۆ رزگارکردن لەو پەرلەمانە درندانەی حەشــتی شــەعبی لە شــەوی ( 15-16 /2017/10 ) کردییە ســەریان بەداخەوە ئەگەر ببینن وێنەکان وێنەکان زۆر مەئســاوین کە بەداخەوە لەم چەند رۆژەدا خوورماتووا ئاماژەیان پێکرد کە منداڵاکی دووساڵە لە سەرمایە رەق بۆوە، ســوتاندن و تاڵانکردنی هەموو ئەو چێخانانە و محەلە بازرگانیانەی لە خوورماتوا هەبووە ببینن چۆ چەکدارانی حەشــتی شــەعبی تالانی دەکەن وە ئەمە وێنەی وێرانکاری بازارو شــوێنە کوردەکانە لە خوورماتوو تا ســوتاندنی ئاڵای هەرێمی کوردســتان و بێرێزی کردن بە ئاڵای هەرێمی کورســتان ئەوەی کە لە پەرپرســەکانی پەرلەمانی عیراق و کە بە چەکەوە بۆخۆی پێشــرەوی ئەو حەملەیەی کە ئەو جینۆســایدەی کە بەرامبەر بە خەڵکی خوورمــاتوو کراوە لەوێ ببینن بریــاردەری پەرلەمــانی عیراقی خۆی بۆ خۆی بە چەکەوە لەگەرەکەکانا بۆ تۆلە ســەندنەوە دەگەرێت وە تاڵانکردنی (10) فەرمانگەی حکومەت کە قایمقامیەتی خوورماتوو ئەنجومەنی قەزای خوورماتوو وە ناوەندی تەندرووســتی (حی جمهوری) وێزگەی کارەبای حی جمهوری، ناوەندی فریاکەوتنی خێرا، بەشــی کشــتوکاڵی خوورمــاتوو، بەلەدییەی خوورمــاتوو، نەخۆشــخــانەی خوورمــاتوو،پەروەردەی خوورمــاتوو ،دائیرەکــانی خوورمــاتوو هەر هەمووی تــاڵان کراوە ئەمە کوورتەی ئەو راپۆرتە بوو کە بۆ دێکۆمێنتکردنی تاوانەکان،زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگرسەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەرێز (سۆران عمر) سەرۆکی لێژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان کە بە نوێنەرایەتی بەرێزان قایمقامی خوورماتوو راپۆرتەکەیان پێکەش بە ئێوەی بەرێز کرد ئومێدەوارین لە ماوەیەکی نزیك دا ئەو راپۆرتانە کە ئامادە کراوە لەسەر گشت ئەو تاوانانە لەلایەن رێخراوە نێودەولەتیەکان ئامیۆن ئینتەر ناشــیۆنال (هیومەن رایز) ئەوەی یۆنامی راپۆرتی زۆریــان ئــامــادە کردووە بتوانین پەرلەمــانی کوردســتــان لیژنەی مــافی مرۆڤ لیژنەکانی تر ســوودی لێببینن بۆ ئەوەی بەدواداچوونی زیاتری ئەم پرســە بکرێتن بە رێزان دەست بە گفتوگۆ دەکەین ئەو بەرێزانەی کە ناوی خۆیان نووسیوە، ناوەکان دەخوێنینەوە ئەوەی نــاوی نەخوێنرایەوە ئیزافە دەکەین،بەڵێ. (د.محمــد علی،دلێر مــاوەتی ،بێســتوون فایەق، بەهزاد دەروێش، برزۆ مجید، مەروان گوڵالی، ئاری هەرســین، حیات مجید، عباس غزالی، ابو کاروان، مەلا ماجد،ئایدن معروف، ابوبکر هەلەدنی، ســۆران عمر،د.بەهار، پەروا علی ، نەجیبە لطیف،منی نبی، د.شــێرکۆ لطیف، ناضــم کریم، ریاض احمد، ئاوات جنگی، د.فرســت صــوفی، عباس فتاح، حاجی کاروان، محمود حاجی عمر، تەلار لطیف ، عمر عینایەت، مصــطفی ســکری، ســالار محمود، د.ســرود) بەرێزان هە رجار وە ئیتیفاق کراوە واباشــترە لەدوو دەقە زیاتر نەبێت وە لەم بروایەم هەموو دەتوانن قســەی خۆتان بکەن، بەرێز (د.محمد علی) فەرموو.

**بەڕێز محمد علی یاسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان بە نوێنەرایەتی فراکســیۆنی پارتی دیموکراتی کوردســتان ئەو راپۆرتەتــان پێشــکەش دەکەم، هیوادارم لە دوو دەقە زیــاتر بێــت چونکە بە نوێنەرایەتی فراکسیۆن قسە دەکەم ، دۆخی دووزخورماتوو دوای رووداوەکانی (16)ی ئۆکتۆبەر (2017) لە ســەرەتا دەمەوێ بەخێرهاتنێکی گەرمی شــاری دووزخورماتوو بکەم زۆر بەخێربێن ئێمە لەم پرێزنتشــەرەدا باسی چی دەکەین ،یەکەم:باسی دۆخی گشتی دووزخورماتوو دەکەین، دووەم: داتــاکــان و تــاوانەکــانی دووزخورمــاتوو بخەینە روو، ســێیەم:دەنــگ نییە ،

چوارەم:کوردستان کە پێنیاری فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە ئێمە پشت بەستن بە رێخراوە مرۆییەکانی سەر بە (عی) هەروەها (هیومەن رایت سون) هەروەها هیۆمنستی ئینتەر ناشیۆنال هەندێگك راپۆرتی میدیایو هەندێ خەڵکی ئەو ناوچانە بە تایبەتی پێمەرگەکانی ئەم ناوچانە وە هەروەها ئۆفیسی وەڵامدانەوەو بەدواداچوونە نێودەولەتیەکان (د.دیندار زێباری)ئەوانیش لە رووی سەرچاوەی داتاکانی ئەو راپۆرتە بوون، بەرێزان ئێمەی کوردستانیان بەگشتی و کوردستانیانی دووزخورماتوو بە تایبەتی زۆر زەمانێکەوە تووشی ئەنفال پرۆسەی بە عەرەب کردن لەلا یەن بەعسی عیراقەوە تاوەکو پاش (2003) بەردەوام تووشی نەهامەتی و بەردەوام تووشی ئەو زوولم و زۆرداریە دەبینەوە ئەوەی کە لە ئێستادا هەیە بەس ناوەکەیە لەلایەن بەعسی عیراقەوە گۆراوە بۆ حەشتی شەعبی کە کۆمەلە هێزێکی دیارن وە شەرعیەتی خۆیان لە حکومەتی عیراق و بە پشتگیری راستەوخۆیی ححکومەتی ئێرانەوە ئەو چەوسانەوە بەردەوامە، لێرەدا ئەوەی بۆ ئێمە گرینگە کاری لەسەر بکەین چەند خالێکە ،ئێسا پرۆسەی ئەنفالکردنی کوردستانیەکان لە پاش هاتی رژێمی بەعس لە عیراق کۆیایی پێهاتووە یان هێشتا هەر بەردەوامە،دوو:ئایا کوردستلنیەکان تا چ رادەیەك بروایان بە حکومەتی ناوەندی ئێتا هەیە ئایا هەر ئەو ترسەیان دووبارە نەبۆتەوە کە حکومەتی عیراق هەر حکومەتی جارانی عیراقە هەر کاتێك هێزی هەبی سییاستی کوردستان هەیە،سێیەم:ئایا ئومێدێکمان بەوە هەیە کە ترس و تۆقاندن کۆمەلکوژی و جینۆساید و دژی کوردستانیەکان لە عیراقدا کۆتایی پێبێت ، ئێمە دێینە سەر داتاکان بەرێزان کاك(شوان) و کاك(سۆران) هەردووکیان ژمارەیەك داتایان لەبەر دەست بوو داتاکان لە هەندێك شوێندا لێك جیاوازن بەڵام ئێمە دەتوانین لە سەر ئەبدەیتی داتاکان ئەوەی کە راپۆرتی فراکسیۆنی سەرۆکایەتی پەرلەمان رێك بکەوین و ئەوانەی کە لە ئێتادا هەیە داتای دوووخورماتوو چەند رۆژ پێش ئێستا پاش رووداوەکانی (16) ئۆکتۆبەر رووداوەکان (100) هەزار هاولاتی دووزخوورماتوو ئاوارە بوون (1102) خانوو هاوولاتی سقیل لە لایەن حەشتی شەعبیەوە سوتێنران،(12) بارەگای حیزبە سیاسیەکان (5) ئێزگەی رادیۆ و کەنالەکی تەلەفزیۆن لەناو بران لە(19)ی ئۆکتۆبەر (دوو) دەرمانخانەلە خوورماتوو لە لایەن حەشدەوە سوتێنران،بەرێزان،(181) ئاوارەی کەرکوك و خورماتوو گەرانەوە شوێنەکانی خۆیان بەڵام زیاتر لە (172) هەزار کەس لە ئاوارەیدا دەژی، داتاکاتنی ئاوارەکانی دووزخوووماتوو لە کوردستاندا کە زۆربەیان لە پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێر جێگیرن کە سەرجەمی ژمارەیان لە پێنج هەزاروو سی و هەشت خێزانن تاوان، کەیسێکی تری دەستدرێژی سێکیی لە دووزخوورماتوو تۆمار کراوە کە تەمەنی گەنجەو کە دایکەکەی بە داخەوە لەبەرچاوی ئەندامانی خێزانی لە لایەن (8) میریشیای حەشتەوە دەستدرێژی سێکسی کراوەتە سەریان، ئێمە ئێتا داواکاری خۆمان دەخەینە روو کە کۆمەلێك داواکارین لە لایەن فراکسێنی پارتییەوە وە پاشانیش ئێمە دواکاریەکانی فراکسیۆن دەخەینە روو،داواکاریەکان داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان رێخراوەکانی مافی مرۆڤ وە گشت رێخراوەکان دەکەین کە بە دەنگ ئەو داواکاریانەوە بێت بە تایبەتی لە جێ ناکۆکەکان بەدرێژایی دەیان سالە ڕوودەدەن دووزخورماتو کەرکوك شنگال زومار مافی ئەوەیان هەیە کە وەکوو مرۆڤ مامەلەیان لەگەل بکرێت وەمافی ئەوەیان هەیە بکەرێنەوە شوێنەکانی خۆیان بەسەربەرزی بژین ئەوەی حەشتی شەعبی بە زۆریەی عیراق و حکومەتی ئێران ئەنجامدەدات سرینەوەی ناسنامە کەلتوور زمان ئاین و پێکەوە ژیانیان لە ناوچانە،داننان بە جینۆسایدەی کە کوردستانیەکان بە گشتی دانیشتوانی کورد کریستیانەکان تورکمان ئیقیدی ئەو ناوچانە بەتایبەتی دەکرێت داننان بە گۆرینی دیۆگرافی ئەو ناوچانەی کە

شێوازێکی دیستۆمانتیك کە لە سەدەی رابردوو تا ئێستا بەردەوام لەناوچە کوردستانیەکان دەکرێـت هەموو ئەوانەی کە بۆ گۆرینی ئەو نـاوچـان دەکرێـت بەژداربوونی (عی) لە چارەســەرکردنی ئەو کێشـــانە بەتایبەتی حکومەتی ناوەندی هەرێمی کوردســـتان وە بەتایبەتی پێکهاتەکانی و عیراق و هەرێمی کوردســـتان هێنانی تاوانباران بۆ بەر دەمی یاســـا و هاوکات قەرەبووکردنی یاســـای زیان لێکەوتوەکان، پشـــتگیری مرۆیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێقەوماوانی دوای کارەســـاتەکانی (16)ی ئۆکتۆبەر تاوانبارکردنیان و رەخساندنیان و دەرفەتی گەرانەوەیان شوێنەکانیان داواکارین کە رێخراوە نێودەولەتییەکان ئاوارەکان لە ئێتادا پێویســـتیان بەوە هەیە کە خزمەتگوزاریە ســـەرەتاییەکان کە پرۆســـەی پەروەردەو خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان بێبەش نەبن،پێویستە کۆلگای نێ,دەولەتی بە زووترین کـات بەتـایبەتی دادگـای تـاوانی نێودەولەتی وەرێختراوە نەتەوە یەکگرتووەکـان تیمی دۆزینەوی راســـتتییەکان بۆ بەدواداچوون بنێرنە ئەو ناوچانەو کاری جدی لەســـەر پێشـــێلکاریەکانی مرۆڤ بکەن پێێلکاریەکانی حکومەتی عیراق بەتایبەتی لە رووی هێنانی هیچزی ســـەربازییە کوردســـتانیەکان بەتایبەتی لەناویاندا خەلکی هە رێمی کوردســـتان بە رووی تیرۆر بوون کـاری لەســـەر بکرێـت، بەرێزان ئەمـانەی خوارەوە پێنیـارەکـانمـانن بۆ لیژنەکانی پەرلەمانی کوردسـتان فراکسـیۆنی پەرلەمانی کوردسـتانن بە پێی ماددەی (47) ی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان پەرلەمان لیژنەیەکی لێکۆلینەوەو بەدواداچوونی راســـییەکان بۆ بەدواداصـــوون لە رووداوەکانی (116)ی ئۆکتۆبەر پێك بێنێت، بێکهێنانی لێژنەیەك بۆ لە هەرێمی کوردســـتان بە بەردەوامی دەیانســـالە روو بەرووی دەبنەوە ئەمە پاکیجێکە پێویســـتە هەمووی بە دێکۆمێنت پێکەش بە نێودەولەتی و پێکەش بە تاوانی نێودەولەتی بکرێت، بەرێزان ئێمە لە ماوەی رابردوودا بەدرێژایی ســـالان خەریکی ئەوە بووین خووینی یەکترمان کردووە خۆمان بە خاین و بە جاش ناســـیو بەلام ئێســـتا بێین و باســـی دا هاتوو بکەین لە نموونەیەکی وەکو (بۆســـنیا)داوەکو(ســـربیا)دا کە توانیو یانە کەیسـەکانی خۆیان بە جینۆساید بناسێنن لەسەر ئاستی نێودەولەتی بەلام تا ئێستا ئێمە کێشـــەکی گەورەمان هەیە بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە هەندێك جار کۆدەنگی لەســـەر ئەو پرســـانە لەبەر ئەوەش ئەمە پاکیچێکە ئێمە دەیان ســـالە جینۆســـاید دەکرێم لەباســـی نێودەولەتی ءئێمە نەمانتوانیوە کە لەســـەر ئەم کەیســـە بکەین، ئامادەکردنی جارنامەیەك لەســـەر توانە مرۆییەکان لەســـەر پێکهاتەکانی هەرێمی کوردســـتان لەلایەن پەرەمانی کوردســـتان کە پەرلەمانی کوردســـتان ئامادە بکات ئەو جارنامانە جەخت بکات لەســـەر نەهامەتیانەی کە لەســـەر پێکەوە ژیان و ئاشـــتەوایی لەهەرێمی کوردســـتان هەیە بۆ رای گشـــتی نێودەولەتی بە کالرهێنانی گشـــت کە نالەکان وە پەیوەندییە نێودەولەتیەکـان پەرلەانتارانی جیهان بۆبەدەســـت هێنانی پشـــیگیری بۆ کوردســـتان و بۆ رێگە گرتن بۆ بە جینۆسایدکردنی بەردوامی کوردستانیەکان بۆ گەرانەوەی خەلکی ئەو ناوچانە پێویستمان بە ئەمنیەت هەیە پێویستە دەست بەجێ حەشتی شەعبی ئەو ناوچانە چۆل بکاتەوە ژەنکە تا ئەو کاتەی ئەوان لەوێ بن ئەمنیەت بەجێ نایەت،زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەرێز خالێکی نیزامی ئەو راپۆرتە بە لیژنە بدە (ابو کاروان).

**بەڕێز عبدالرحمن فارس عبدالرحمن / ابو کاروان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر نوقنەی نیزامیش نەبێـت بە ئەگەر لە عوری پەرلەمـانی دەرنەچێـت بەئیجـازەی جەنابتان و ئەندامانی پەرلەمان (کاك) شـــەلال قایمقامی دووزخورماتوو ئەگەر (10) دەقە

دەرنەچین لە بەرنامەی کار(10) دەقە خۆی قســـە بکات هەموومان لێ‌ تێدەگەین تا روونی زیاترمان هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز(حاجی کاروان)،ئەوە ناتوانین ئەو دەرفەتە بۆ بەرێزیان برەخسێنین حەزمان دەکرد وە هەمووشمان پێمان خۆشە وەی ئەوەی کا(سالح فقی) خوێندییەوە کاك(شلاڵ)و هاوڕێیانی ئامادەیان کردبوو بە سوپاسەوە ،ئێمە بەردەوامدەبین ئێستا کاك(دلێر) ماوەتی قســـەی خۆی پێکەش بە ئێوە دەکات دواتر بەیەکەوە دەچینە خوارەوە بۆ ســـەر کردنی پێشانگا.

**بەڕێز دلێر  مصطفى حسن ماوەتی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرێز جەنابی ســـەرۆکی پەرلەمان ئەوەی کە ئێچتا دەگوزەرێ لە خورماتوو رەوشـێکی نائارام ئامادەیە بێهیوایی نائومێدی جەستەی کۆمەڵگای داگیر کردووە لە مۆی کارە سیاسی و ئابووری کۆمەلایەتیەماندا خەلکی ئەو ناوچانە تووشی بیچ     بـروایـی بـوون لە رووی دەروونیەوە بارگاوین بە دلەراوکێ و راراریی و شـــلەژان و دەکەن وە من راپۆرتێکی (50) پەرەیم لەبەر دەســتە لەســـەر وەزعی خورماتوو کە برادران باســی کرد بۆ زیاتر معلومات لەسەر قەزای خوورماتوو وەپێنیارەکانی فراکسیۆن هەولەدەم بە چەند دەقیقەیەك تەواوی بکەم، قەزای خوورماتوو ئێستا سەر بە ژمارە دانیشتوانەکەی(     دەنگ نیە) کەسە کە کورد و عەرەب و تورکمان نزیکەی (35%) کوردوو (25%) عەرەب و (32%) تورکمانن عەرەبەکان هەموویان سـونە مەزهەبن وە تورکمانەکانیش شـیعەن و پێشـتر سـەر بەم قەزایەیە قادر بەگ ســلێمـان بەگ و ئـامرلـی بەڵـام لە پـرۆســەی بەدنـاوی ئەنـفـال و جگە لە (نەوجول)و(قایرکرم) ئەنفالکردنی قارەمانەکانی ژمارەیەکی زۆری کورد لە ئۆردووگاکانی ســنوری کەڵار و کەورگۆســـك لە ســنوری هەولێر راگیراون گاریکەری لەســـەر رێژەی دانیشـتوانی ئەو قەزای بۆیە ئێسـتا دوو ناحیە سـەر بەو ناوچەیەیە (بگ) سـەر بەو ناوچانە (ئـامرلی) بەزۆری تورکمـانی شـــیعە مەزهەبن هەردوو نـاحیەکە کوردی تیـانییە وەکو خوورمـاتوو کە لە (50%) پـاش پرۆســـەی ئـازادی عیراق و چاودێری هێزی هـاوپەیمـان و ئەنجومەنی قەزای خوورمـاتوو بەزێنرا بە رێژەی (    دەنـگ نییە ) ئەنـدام بوو لە هەر نەتەوەیەك بە کورد و عەرەب و تورکمـان واتە ئەنجومەنەکەیـان (21) کەســـە پۆســـتە داراییەکانیش دابەشـکراوە قایمقام بە دەسـت کوردە سـەرۆکی ئەنجومەنی قەزا سـونەو جێگری ئەنجومەنی قەزاش تورکمـان و شـــیعەو ئەوانەی خوارەوە لە تورکمـان و شـــیعە ماونەتەوە، پاش چەند سالێك لەسـەر بریاری (مام جلال) هەم پۆسـتی سـەرۆکایەتی درا بە تورکمـان هەمیش بـارەگـایەکی گەورە هەبوو کە گومرگی خورمـاتوو بوو درا بە بەدر تـاکو ئێتاش نیشــتەجێن کورد لە چوونەوەی ئیارەدانی مەنتیقەدا رێزێکی تا رادەیەکی باشـی لە تـایفەکـان گرتووە کە بەداخەوە نەتوانترا بەیەکەوە ژیـانێك لە عیراقی دوای ئـایندەدا کە دەنگمان بە دەسـتوورەکەی داوە نتوانراوە بەتەواوەتی هەموو پێکهاتەکان ئەوەی لەسـەر کورد بەشـێکی زۆر واجب بووە جێبەجێکراوە بەداخەوە بۆ ئەو رووداوانە ئەگەر نەشـتوانراو کە لە (16) ی ئۆکتۆبەر بەڵام زۆر لەوەو پێیەی خەڵکی خوورماتوو بەدەســت چەوســانەوە نالانویانە وەئەمەی (16)ی مانگ جەولەی شەرە لەسنورەکەدا کە پێویست بەوە دەکات کە خەڵکی ناوچەکە لە بەغدا سەرۆکی کۆمار پێداگرن وە کە خۆیان هەست دەکەن حکومەتی

هەرێم لە باشـــووری كوردســـتان كەمتر لای لێكەوتوونەتەو كەمتر چاویان لێبووە (7) پێشمەرگە شەهید بوون هاوڵاتی (115)كەس برینار بوون (41) پێشمەرگە بەدیل گیراون هەموو لایەك ئازاد كراون وە(5) لە ئاوارەیدا مردوون زیانەكانیش برادەران خوێندوویانەتەوە كە رۆژانەش زیاد دەكات بۆیە ئێمە وەك پێشـــنیار دەكەین راســـپاردە بێت كە حكومەتی هەرێم بەدەم ئاوارەمان بچن،دوو: ئاوارەكان بخرێنە نوێنەرانی بەغدا بەهۆی لیژنەیەكی بەدواداچوون (تقصـــص حقائق) خوورماتوو وە هەوڵی قەرەبووكردنەوە بدرێت بۆ زیان لێكوتوانی ژمارەیەكی زۆر لە خانو و ئەوەی فراكسیۆنەكان خوێندوویانەتەوە ئەوەی زیانیان لێكەوتووە، سێ: ئەوەی گرینگە هێزێكی بێلایەن پەرلەمانی كوردستان جوهدی خۆی بخاتە گەر بۆ ئەوەی ئاوارەكان بگەرێنەوە بۆ ئەوەی بەیەك وتاری زەرووره لەمەودوا ئەوەی كە تا ئێستا نەمانتوانیوە بچینە ئەو ناوچانە وە هەوڵبدەین بۆ هەلوەشانەوەی ئەو بریارانەی كە 10/16 تاكلایانانە دراوە وە ئەو لایەنانە بدرێتە دادگالی فیدرای وە زیاتر و باشـــتر بەدەم ئاوارەكانەوە بچینەە،سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیكی/ جێگرسەرۆكی پەرلەمان:**

ســـوپاس بۆ بەرێز(دلێر ماوەتی)، هەر بۆ ئاگاداری ئێوەی بەرێز كۆبوونەوەیەكی تایبەتی حكومەتی هەرێمی كوردستانیش لەبارەی (خوورماتوو) ئەنجامدراوە بەردەوامن وە داوایان كردووە هەر وەزارەتی ناوخۆ راپۆرتێكی تایبەت زیاتر ورتر اەوێ جخوێنرایەوە وە ئەوان بەردەوامن ئێمەش بەردەوام دەبین بگەین بەیەك بۆ ئەوەی پشـــتوانی زیاتر بۆ خەڵكی خوورمـاتوو پێكەش بكرێتن، بەرێزان ئێمە پشـــوەك وەردەگرین، ئێمە وا دەبینین بـاش دەزانین وەكو دەستەی سەرۆكایەتی (نیو)سـەعاتەك پشـوو وەرردەگرین ئەو پێشـەنگایە دەكەینەوە دواتر دێینەوە بەردەوام دەبین تا سـەعات (3:00)دواتر پشـوێكی تر وەردەگرین ئەو برادەرانەی كە لە رێزدانە كاك(مەلا مروان)،كاك(برزۆ مجید)، كاك(بێســـتون فایەق)، ئەوانی تر كە نـاوی خۆیان تۆماركردووە دەرفەتیان وەردەگرن بۆ قســـە كردن وە دواتر لیژنەكان رادەسپێرین بۆ ئەوەی راسپاردەكان ئامادە بكەن، فەرموون،سوپاس.

## پاش پشوو

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیكی/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

دانیشتنەكەمان بەردەوام دەكەین دیارە گفتوگۆ لەسەر شاری(خورماتو)بەردەوامە ئێستا دەرفەت دەدەین بە كاك (برزۆ) دەدەین.فەرموو.

**بەڕێز برزۆ مجید عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من هەر لە دوو دەقەی پەرلەمانتاران قسە دەكەم قسەی فراكسیۆن ئەگەر ئەو دەقیقە زیادانە دەدەم بە كاك (بێستون فایەق) ئەگەر جەنابتان ڕەزامەند بن، پەسەندە، ئەوەی كە گرینگە ئەوەیە كە ئێمە چۆن مامەلە لەگەل ئەو دۆخە دەكەین كە لەوێ هاتۆتە كایەوە زۆر گرینگە لەهەر لایەك كە قێمان دەكرێت بەتایبەتی ئەو وەفدی مفاوەزاتەی لەگەل بەغدا مفاوەزە دەكات بەتایبەتی لە جێبەجێكردنی ماددەی (140) بكەنوە چونكە ماددەی (140) ماددەیەكی دەستورییەوە ئێستا هەموو لایەنە عیراقیەكان لایەنە كوردستانیەكان لایەنە ئەجنەبیەكانیش باس لە جێبەجێكردنی دەستوور دەكەن بۆیە ماددەی (140)و (دەستوور) زۆر زۆر گرینگە ئێمە ئیشی لەسەر بكەین،ئەجێندای وەفدی مفاوەزات جا هەر وەفدێك بچێت بەغدا یەكێك لە ئەجێنداكانی ئەمنیەت پێكەوە ژیان لەولێ چونكە تۆ ئەم خەلكە دەبەیتەوە ئەوێ ئەمنیەتیان چۆن دەپارێزی مەعیشەتیان چۆن دابین دەكەی وە چۆن تەعویزیشیان دەكەیتەوە لە ئەجێندای مفاوەزاتەكە ئەمنیەت و پێكەوە ژیانەكە گرینگە ئەوەی كراوە لە خورمات و زۆر زۆر گەورەیە بۆیە ئەوەندەی من معلوماتی نارەسیمم هەیە كە ئیتیهامی هەندێك لایەن كراوە قسەیان لەگەل كراوە پاكانەی خۆیان كردووە وتویانە وەڵا بابە ئێمەش دەزانین ئەو شتامنە قورس و گرانن مەسئولیەتەكەیانخ خستۆتە سەر شانی ئەوانی تر بۆیە ئێمە قەت تەماشی خورماتو ئەوانی تر نەكەین شتی عەفەوی و بچوكن ووە خەلكی تر خۆی لە عەفەویەتەكەی تر لادەدات بۆ چەند ئەوە بكەین بە مەحفەلی نێودەولەتی ئیشی لەسەر بكەیت لەسەر ئەو لایەنانەی ئەو تاوانانەیان ئەنجام داوە وەك وت ئەوانەی كە ئێستا خۆیان لێ دزیوەتەوە ، خۆ لێدزینەوەش مانای هەیە ئاگاشمان لەوە بێت تا ئێستا بەم جۆرە نەیتوانیوە بچێتە خورماتوو بۆ تەعقیبو تەقەسوسی حەقایق لەبەر ئەوەی من لێرەش مەعلوماتی نارەسمیم هەیە فراكسیۆنە كوردیەكانی بەغدا لەوانەی هەولی ئەوەیان دابێت كە بچن غیر مباشر پێیان وتراوە كەس تەحەمولی مەسولیەتی پاراستنی ژیانی ئێوە ناكات كەواتە ئاگامان لەوەش بێت كە جێبەجێكردن قابیلی ئەوە بێت چونە خورماتوو لە ئێستادا چەند ئەهمیە چەند پارێزراوە، بەشێك لەو لایەنانەی ئەو تاوانانە دەكن ئەو ئەفرادانەی ناو گروپەكان كاری خراپ دەكەن هەندێك جار بە حجەی ئینتیقام دەیكەن ئاگاشمان لەوە بێت ، خوانەخواستە ئەگەر كەسێك هەبێت لەمڵا لەولا كاتی خۆی كارێكی خراپی كردبێت ئێستا تۆ نابێت غەلەتی كەسێك یان گروپێكی خۆمان ئیستیغلال بكەین بۆئەوەی تەروو وشك باش و خراپ بەیەكەوە ئینتیقامی لێبكەینەوە بۆیە ئەو برادەرانەی كە راسپاردەكان دەنووسن ئاگاشیان لەوە بێت كە ئینتیقام غەدر لە هەموو ئەو خەڵكە دەكرێت ئەگەر كەسێك كاتی خۆی دوو كەس كاری خراپی كردووە تۆ نابێت خراپەی بەرامبەر هەموان بكەیت چییە كاتی خۆی دوو كەس خراپەی كردووە، لەو راسپاردانەی كە ئێمە دەری ئەكەین من پێشنیارم ئەوەیە كە بۆ لایەنە سیاسیەكانی ناوخۆی هەرێمی كوردستان دوو شت بوترێت لە ساڵانی رابردوو نەتوانرا ئەو فرسەتە بە باشی بقۆزرێتەوە ئیدارەی مەناتقی ماددەی (140) بە باشی بدەین دەبێت ئەو

ئیعتیرافەش بکەین ئیعتراف کردن کارێکی خراپە نییە بۆ ئەوەی دا هاتوو ئاینده مان باش بێت بۆیە یەکێك لە راسـپاردەکان ئەوە بێت خراپ نییە ئەگەر دۆخی ئەو ناوچانە ئاسـایی کراون وە ئیدارەی موشـتەرەك بوون یان گەرانەوە سـەر هەرێمی کوردسـتان یاخود هەر چۆن مەعالەجە کرا داوا لە حیزبەکان بکرێت کە ململانێی تەسکی حزبایەتی لەوێدا کۆتایی پێبێنرێت چونکە خۆمان دەزانین لەوێ هەتا هەندێك لە فیئەو دوو دائیرەیی دو فەرماندەیی و نازانم حزبایەتی زۆر خەسـت ئێسـتا چەند زەرەری لێداین شـتێکی کەش بوترێت لە راسپاردەکان ئەگەر هەرێمی کوردستان هەر بریارێکی سیاسیدا لە ئیستا یان لە ئایند بۆ هەر مەسەلەیەك رەئی هێزو لایەنە سیاسیەکان یاخود بەتایبەتی رەئی چین و توێژو لایەنە سیاسیەکان بە هەند وەلربگیرێت چونکە ئەوان خۆیان دەزانن دۆخەکە لەوێ چۆنە ئەوانە خۆیان دەزانن لەوێ کێ مهاجەیان دەکا کێ مهاجەیان ناکات چ پرۆسـەیەکی سـیاسـی سـەرکەوتوو دەبێت و چ پرۆسـییەکی سـیاسـی سـەرکوتوو نابێت بۆیە تکام وایە ئەو راسپاردەیە بوترێت هەرێمی کوردستان دام و دەزگاکانی هەرێمی کوردستان هەر بریارێی سـیاسـی لە ئێسـتا یان لە ئاینده دەدەن رەئی چین و توێژو رەئی ئەو ناوچانە بەنەزەری ئیعتیبار وەربگرن، زۆر سوپاس.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەرێز (برزۆ مجید)،بەرێز (بەهزاد دەروێش).

**بەرێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەرەتا من پێم باشـە هەر سـێ راپۆرت ئەو ل یانا پەرلەمانا خاندی بەلگید دیکۆمێتکاری ئەڤان خۆبەخشە ئامادە کری دکدگەل ئەو راپورتا حکمەتا هەرێما کوردستانێ پێموایە دهی دەنیشـتنەکا دی هەرسێ راپۆرتا یەك بخەین و بەراوردەکی بکەین دەسـتەی سـەرۆکایەتیم پێ باشسە حەلی دەستەی سەرۆکایەتی و دگەل فراکسیۆنا سەرەدانا نەتەوەێن یەکگرتی بکەین یاوان تەسـلیم بێتە وە باوەرپێکراوە چ کاتە نوکە ب گومان سـەحکەنە دیکۆمێنتارا بشێوەیەکی فەرمی بدەین خالا دوێ ئەم هەمیا بزانین قەزیەیی دوسخورماتوو قەزیەکی نیشـتمانییە ڤێ گاڤێ پشـتی شـازدەی ئۆکتۆبەرێ بەری دیارە دەسـپێکرنا گورینا دیموکراسـیەتە دێتە بر هەندە پێتڤی رێخراوا نیودەلەتی ودەولەتی زل هێزیش لێ ئاگادار بکەینەوە گۆرانا دیموکراسـە لەوێدا نەهێتە وە داخاز بکەیین کو بە شـێوەیەکی پراکتیکی ماددەی (140) ل دیڤ حکومەتا عیراقێ بێتە جێبەجێکرن خالەکا دی هەرچەندە ئەمە بەری پشتی ریدانی شازدەی ئۆکتۆبەر پەرلەمانی ئێمە داخاز کری تەبعەن دوو یاداشتا کرن دوو یاداشتا مە داخاز کرن کو بێتە کرن بو هەمی ناوچە بەلام هەر باشە بۆ دوسخوورمات هاتە کرن وە یاداشـتەك تەیعەن بەری شـازدەی ئۆکتوبەر هەروەها یاداشـتەك دابی سـەۆکی پەرلەمان واژوا فەرمیا سـەرۆکی فراکسـیۆنا یەکگرتووی ئیسـلامی وە کوحکومەتا هەرێما کوردسـتانێ کو ئەم دی داخاز کەین حکومەتا ئەوەندی ئەرکبوانە قەرەبوێ ڤان ناوچە بکاتەڤە بەتایبەتی ئاوارە زیان لێکەڤتی داخاز کرد ل حکومەتا هەریما کوردسـتانیش هانا گدڤا ئاوار بچیتن قەرەبوان دروستی بێتە کرن تەبعە ئاڤارە قەزیەکا گرینگە بۆ گشت ناوچا مە ئاماژە پێکر هەر لە شـنگالا بگرە هەتا ئەم بێژین دووزخورماتوو کەرکوکێو هەمی دەڤەران بۆ نمونە سـەرەدانەکی فراکسـیۆنا بەردەم رێخراوە نەتەوە یەکگرتی لە رێگای ئەوان گردبونەوە کربی وتڤان کەسـێن نوێنەرایەتیا دوسـخورکانتوو دکە دیار بوو یەك لە

ئاخافتێت وه ئەڤە سێ ساڵا و نیڤه سلیمان بەگ شۆرشگا سلێمان بەگ هاتییه ئازاد کرن ل دەستێن تیرۆرستێن  داعش بەڵام بەری نوکه یێ کەسیش نەکرایه بۆ ڤان ناوچه یەعنی واتا کێشەکا سیاسییه وه کێشا سیاسی و ئەمنییه یەعنی نه بەس کێشەکا ئەمنییه راستییه ل بەر هەندێ ئەڤ کێه بو گشت ناوچه کوردستانی بیته چارەسەر کرن ب شێوەکی بزڤرنەڤه من ب داتا سەۆکاپەرلەمانێ مه حەفت داتا نووسی بەڵام من پێویست ناکات لێره دووباره بکەینەوه بەڵام بەحس کروو راپۆرت دا ئاماژه پێبکەم گش بارەگا و دوکان و ئەم بێژین دوکان و مەعەم و تەلەڤزیۆنێت هاتینه ســـتاندن مەجموعێن ئەوان (109) بەس ل ناوچه دووســخوورماتوو  ڤ بەر هەندێ داخوازا مه له فراکســێنا ئســڵامی کوردســتان ئەم ڤان داخازیا دکەین ئەم ڤێ کو پێویســته به زیترین دەم ئەڤ ئاواره ڤان ناوچەت کوردســتانی هەمی نەك بەس دووســـخوورماتوو رێگا خۆش بۆ بیسـَـته کرن نەتووەیەن یەکگرتی وه زەمانەت هەبیت وه گرێنتی هەبیت کو ئەڤ قەزیه بســەریت وان دووباره نەبیتەوه بەزوو ترین دەم بزڤرنه جێگەهین خوو دوو داخازکر ل حکومەتا هرێما کوردســـتاتَوه داخازا مه له حکومەتا فیدرالیش بێته کرن کو قرەبوەکا حەقیقی وی راستەڤینه بۆ هەمی زیانلێکەوتوان و بۆ هەمی شــەهیدا بێته کرن کو بینه قوربانێ ڤان دەمێت خاڵا ســی ٍ تەئکید ل نەتەوەێن یەکگرتی بکەینەوه ئیشرافەکو سەرپەرشتیەکا گرینگ بۆ ڤان ئاڤارا بکه چونگدکه بەراستی ئاڤاره داخازا گرێنتی دکەن زەمان هەبیتن پێشـــێلکاری دەرحەڤا وان دووباره نەبنەوه ، پێکهینانه پشــتگیری ڤان رەئی بێکهینانه هێزەکی هاوبەش بۆ گشــت ناوچەت کوردســتانی دیڤ ماددەت (140) بۆماددەین ب دروستی جێبەجێ بکەین پێویست ب هێزەکی هاوبەش هەبیتن هەم پێمەرگەی کوردســـتان و هەم تەحالفا دەولی وه هێزێن عیراقی بۆ ئەوەی بزانین ئەڤ مادده حالی حازر نایێته جێبەجێکرن چونکه ژێر فشـــاراســـیاســـییه خالەکادی هەرچەنده بابەتی مەش نییه هەندەك کەســـا ئاماژەش پێکر ئەڤ به زەرور زانی هێزێت پێشـــمەرگەر خالەکا دی داخاز بکەن فراکســـیۆنێت کوردی ل بەغدا کو ئەوان ئەنجومەنا عیراقێ بەرتکر بۆ ئەوەی کەسی زیا لێکەوتوو بێنه قەرەبوو کرن ،زۆر سوپاس.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەرێز (بەهزاد دەروێش) مامۆستا (مەلا مەروان گەڵالی)فەرموو.

**بەرێز مەروان گەڵالی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمه له فراکسیۆنی( کۆمەڵ )زۆر نیگەرانین بەبەردەوام بونی نەهامەتیەکانی خوشك و برا کانمان له خورمات و وه ئەوەی که پێشـــمان  نەکرابێ له رێگەی رێخراوه خێرخوازیەکان کردوومانه که زۆر به کەمیشی دەزانین بۆ داهاتووش زۆر به کورتی ئەم چەند خاله پێشنیار دەکەین خوازیارم که ســودیان لێببینرێت. یەکەم ئێمه پشــتگیری له هەموو داخوازیەکانی خەلکی خورمات و دەکەین دووەم خوازیارین حکومەتی هەرێم بەجدی بێته ســەر خەت بۆ پێکهێنانی هێزێکی هاوبەش له رێگای هاوپەیمانان بۆ پاراســتنی گەراوەکانمان خالێکی تر قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتوان خالێکی تر له رێگەی نوێنەرانی کورد سـکاڵا تۆمار بکرێتن له دادگـای فیـدرالی له لـایەن پێشـــێلکـارەکـان ئەگەر نەکرابێتن، خـاڵێی تر دابینکردنی پێداویسـتییه هەنوکەییەکان لەلایەن حکومەتی هەرێم که خۆتان دەزانن وەزعی ئاوارەکانم له وەزعێکی خراپدایه، خـاڵکی تر کـارکردن بۆ ب رووداوەکـانی خورمـاتوو به جینۆســـاید، دەستتان خۆش.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگرسەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز مامۆستا (مەلا مروان)، بەڕێز(بێستون فایەق)، دەتوانی هەر بەناوی فراکسیۆنی بزوتنەوەی گۆڕان ڕەئیەکانتان پێشکەش بکەن.

**بەڕێز بێستون فایەق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز ئەندامانی پەرلەمان ڕێزو سڵاو خۆشەویستیمان بۆ کەس و کارەکانی خوورماتوو ئاوارە خۆراگرە کوردەکان کە ئێستا قەزاکەیان جێهێتووە ئاوارەی ناوچەکانی تری کوردستان بوون بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لەبەر ئەوەی دانیشتنەکە وەك ئەوەی لەبەرنامەی کاریشدا هاتووە حەسرە لەسەر دووو سخورماتوو و ئاوارەکانی دووزخورماتوو وە ئەگەر نا پێویستە پەرلەمانی کوردستان دانیشتنێکی تایبەتی هەبَت لەسەر ئەوی کە لە دووزو لەو مەنتیقانە ڕوویدا بۆ لەماوەیەکی کەم خاکەکەمان لەدەستدا چی وای کرد وە هۆکارەکان چی بوون چێ بەرپرس بوون من وا ئەزان پێویستی بە دانیشتنێکی پەرلەمان هەیە ،بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لە ئێستادە دەتوانین بلێین قەزای دووزخورمات و بە تەواوەتی دادانیشتوانە کوردەکەی دامالدراوە وە بە تەواوەتی لە ژێر دەستی حەشتی شەعبی دایە جیاواز لە مەنتیقەکانی تر حەشتی شەعبی سەیتەرەیەکی زۆری لەناو دوزخورماتوو هەیە ئەگەر بەراوردی بکەین بە کەرکوك ئێستا کەرکوك لە سەیتەرەی ئەمنی قواتی عیراقی و هیزەکانی تری وەزارەتی ناوخۆی عیراقیایە بۆیە ژیان لەوێ باشتر بەڵام لە دووسخوورمات وسەیتەرەی ئەمنی بەتەواوەتی لە ژێر دەستی حەشتی شەعبیدایە وە تا حەشتی شەعبی ئەو سەیتەر کاملەی لەناو دووسخوورماتوا هەبێت گرانەوەی ئەو ژمالرە زۆرەی ئاوارەکانی دووزخورماتوو ئێستا لە ناوچەکانی کوردستانن ئێستا لەومەنتیقانە بە ئەستەم ئەزانرێت حەشتی شەعبی تا ئێستا بە پێی دواین مەعلومات تا ئەمرۆ شەوی ڕابردووش بەردەوامن لە تەقاندنەوەی مالە کوردەکان بەردەوامن لە تەقاندنەوەو تاڵانکردنوو سووتاندنی مەحەڵات و شوێنی کاری دانیشتوانە کوردەکان بەتایبەت لەو مەنتیقانە لە حەقیقەتدا حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لە مەنتیقە کوردستانیەکان وەکو پێویست لە ئاست داواو لە ئاست خزمەتی ئاوارە کانی دووزخوورماتوو نییە ئەگەر بەراوردی ئاوارەکانی دووزخوورماتوو بەراوردی ئاوارەکانی پشوتر بکەین کە لە هەرێمی کوردستان بوونە ڕەنگە دەتوانین بلێن ئەوان وەزعیان لە ئاوارە کوردەکانی تر باشتر بێت بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان وردتروو بە دیقەت تر لە ژیان و گوزەرانی ئاوارەکانی دوزخورماتوو بکۆلێتەوە، ئەوەی پێویستە بکرێ و پێشنیاری ئێمەشە لە حەقیقەتدا پێش هەموو بابەتێك پاراستنی ژیانی هاوڵاتییە کوردەکانی دووزخوورماتووە ڕزگارکردنیانە لەو لەو نەهامەتییەکە ئێستا لە ئاوارەییا بەسەری ئەبەن ئەمەش تەنیاو تەنیا بە کەرانەوەیان دەکرێت بۆ شوێنی خۆیان بۆ پپاراستنی ژیانیان ئەکرێت لەناو دووزخرماتوا بۆیە ئێم پێمانوایە حکومەتی هەرێمی کوردستان یان لایەنی لایەنلی کوردی یان نوێنەرەمانمان لە بەغا جیاواز لە و توێژو مناقەشاتانەی کە لەگەڵ حکومەتی عیراقیا سەرقالی کردووی کەیسێتی تایبەت لەسەر دووزخوورماتوو بکرێتەوە لاینی کەم لە مەرحەلەی یەکەما حەشتی شەعبی لەوێ بچنە دەرەو وە ئەمیەتی قەزاکە بە هێزێکی کۆمار وەك چۆن پێشتر پێشنیارکرابوو بسپێردرێت یان هێزەکانی تری وەزارەتەکانی تری ناوخۆی عیراق یان

وەزارەتی دیفاع بوون ئو خەلکە ئاوارە بگەڕێنەوە جگە لە لە مە من وا ئەزانم هیچ حەلێکی تر وە هیچ ڕێگە چارەیەکی تر دلی ئاوارە کوردەکانی دووزخوورماتوو خۆش ناکات جگە لە گەرانەوەیان بۆ ئەوێ وە ئێمە پێمانوایە پەرلەمانی کوردستانیش لیژنەیەکی لێکۆلینەوو بە دێکۆمێنتکردن بۆ کەیسـی ئەو تەعەدا یانەی کە لە کوردە کان و لە کەس و کارە کان و لە خانوو شـوێنەکانیان دەکرێت لە دوزخورماتووا پێك بهێنرێت وە هەم وەك وەسـیقەیەك بمێنێتەوە وە هەم دواتریش کاری لەسـەر بکرێت لەکودەیسـی جینۆسـایدی دوزخورماتوا چونکە ئەوەی کە کراو لەوێ ئێمە پێمانوایە هێزەکانی جینۆسایدی تێدایە، لە راستیشدا ئاخر قسـەی من ئەوەی کە خـاك بە هێز دەپـارێزرێـت خـاك بە هێز دەگەڕێنرێتەوە لە هیچ شـوێنێکی دونیایا نەبووە ئەو خاکانەی کە جێگەی ململانێن بە ئاشـتی و بە دانووسـان و بو حیوار بەوانە خاکەکە گەڕێنرابێتەوە تەنها بە هێز دەتوانی خاك بگەڕێنیتەوە بیخەیتەوە سەر شـوێنە ئەسـلەکەی خۆی بۆیە لە هەمووی گرینك تر ئەوەیە کە ئێمە هێزێکی دامەزراوی دەولەتداری تۆکمەمان هەبێت هەم ئەو بەشـەی خاك و شـوێنەکانی ترمان بۆ بپارێزێت وە هەم دیفاع لە خەلکەکەی بکات وە هەم تەئمیناتێکی ئەوتۆ درووسـت بکات کە جارێکی تر ئەو بەشـەی خاکمان و هیچ شـوێنێکی تری خاکەکانمان رووبورووی داگیرکاری و تاڵانکردن نەبێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگرسەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (بێستوون فایەق)، بەڕێز (ئاری هەرسین).

**بەڕێز ئاری هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵا زۆربەی ئەو شـتانەی کە من بە موڵاحەزە نووسـیوم باسـی بکەم رەفیقەمانم باسـیان کردن بۆیە زۆر وەخت ناگرم بەڵام ئەمەوێ جەخت لەوە بکەمەوە دەستخۆشی و پشـتوانم بۆ هاوکاری بەرێزمان کاك (د.محمد علی) کە بەراسـتی راپۆرتێکی جوان و کورت و زۆر نەتەوەییانە بوو هەروەها برای بەرێزم کاك (دلێر) لە فراکسـیۆنی یەکێتی من پشـتوانی ل قسـەکانی ئەکەم سـوپاس بۆ ئەو زانیاریانەی کە خسـتییە روو،جا من من زۆر بەکورتی هەولەیەم بیلێم لە ئاخیری قسەکانی هاوکاری بەرێزم کاك (بیسـَتوون) دەست پێدەکەم فیعللەن ئەو هەموو داواکـاریەوە پرانەوەیە لە رێخراوی دەولەتە یەکگرتووەکـان لەبەر ئەوەی رێخراوی دەولەتە یەکگرتووەکان نییە ئێسـتا کورد نەتەوەیەو بەڵام ئەندامیش نییە تیایا ئەمە نوێنەرایەتی زل هێزاکان ئەکا لە دونیایا لە مەجلسـی ئەمنی ئەو رێخراوەیا کە دوو جەمسـەرن ئەگەر لە دوو شتا متەفق نەبن لە ملوێرانی بۆ کورد متەفیقن ئەو هەموو قوربەسەریە بەسەر ئەو میلەتەهات بۆ جارێکیش ڤیتۆیان ببەکالر نەهێنا بەرامبەر میللەتی کورد بۆیە ئێمە ەل فراکسـیۆنی نەتەوەییی هیچ حیسـابێکی مرۆڤانەو حەقانیەت بۆ ئەو رێخڵاوەی دانانێین کە رێز لە میللەتانە ناگرێت کە دەولەتیان نییە ئەوە یەك، هەرچی ئەو رێخراوانەکە موشـتەقی کراوە غەربییەن وەك ئەنتەرناشـنال هیومەنرایت وە سـەدان و هەزاران رێخراوی وایان دروسـت کردوو بۆ هەلخەلەتاندنی جیهانی سـێیەم کە جگە لە راپۆرتوو راپۆرت نووسـی وە کاغە سـەرفکردن هیچ دەورێکیان نیە ئێمە سـەیرمان لێدێت لەچەند رۆژ زۆر بەرێز حکومەتی هەرێمی کوردسـتان وتی کە وڵاتی ئەمەریکا هەتا ئێسـتا دۆسـتی ئێمەیە ئەو دۆسـتی ژمـارەیی کورد مەسـلەحەتی کوردوو مەسـلەحەتی شـەرقلئەوسـەتوو هەموو جیهان دەبەسـتێتەوە بە یەك بەرمیل نەوت ئەو دۆسـتە یەکەمینەی کوردبوو کە زانیاری ئیسـتخباراتی دا بە دوژمنە گەورەکەی کە (ئێران)ە چ لە

رێکەی ئیســـتخباراتی رەســـمە ســـەتەڵایت وو ئســـلوبی تەوەزعبوونی پێشـــمەرگە لەو مەنتیقەیە، باەتی ئێمە ئەوە یە کە ئێستا ئێمە لەوساوە دانیشتووین زۆربەی ئەو بەرێزانەی کە قســـە یان کرد وتیان بچین بۆ داد گای فیدرالی و مەحکەمەی بە نازانم بە کێ بڵێن و منیش ئەمەوێ ئیســـتنتاجیك بکەم بەو قســـانە کنکلوژەکەم من عەرزی جەنابت دەکەم فیعلەن تۆ کە هێز نەبوو هەموو کەسێك ئەتوانێ هەر لەحزەیەك بیەوێ ئەوەی بیەوێ بە ئێمە بکات کە پێیـان کردین گریکترین دۆســـتی ئێمە خۆمـانین لە ئێســـتـاش لە ئـاو لە ئۆکسـجین زەرورتر بۆ کوردســـتان ئەوەیە کە هێزێکی یەکگرتووی پێشـمەرگەی هەبێت بە هێز بەرووی ئەون بشـــکێتەوە ئەوان بە هێز لێیا ســـەنووین ئێمەش دەبێـت کەرکوك و دوزخورماتوو بە شەق بگرینەوە نەك بە عەریزە نووسی بۆ مەحکەمەی فیدرالی بەغداو بە پارانەوە لە ئەمەریکا لە ئینگلیزێك کە لە بیســـتەکتنەوە ئەو مەنتیقەی پارچە پارچ کردووە ئیتاش خۆی موهەندیسی ئەوە بوو بە پێی ئەوقسانەی کە (شێرکۆ جودەت) ی هاورێمان لە چاوپێکەوتنێکا کردی کوتی (16)ی مانگ ك کەرکوك گیرا (17) مانگ بیپی دەستی کرد بە ئیشـکردن ل چالەکانی بای حەســەن و هاقانە ئەوە مەعنای ئەوەیە ئەم خوتەیە ئەسـلەن گوناحە ئێم کلەیی لە عیراقیش بکەین لەبەر ئەوەی ئەمـانە بەکێکیرانی واڵاتـانی ترن کە پێیـان دەوترێـت وڵاتـانی دەرەوەی بەریتـانیـاو ئەمریکا ئەو وڵاتەی کە ئێران پێی دەوت شـەیتانی بزور ئێستا دەستی خستۆتە ناو دەستیەوە هەموو دونیا دوژمنی تۆی ئەوانەی دژمنی یەکترین لە بەرامبەر تۆ بۆیە لەم قاعەیە یا بەرێز ســـەرۆکی پەرلەمان زۆر گرینگە ئێرە ببێتە ناوەندی یەك پارچەیی کورد و ئەو پێکهاتە بەرێزانەی کە سـەدان و لەوانیە هەزار سـال بێت لە موجتەمەعە پیرۆزە بژینئێم پێویستمان بە هێزێکی عەسکەری هەیە بە هێزی پێشـــمەرگەی یەکگرتوو هەیە بە شـــەق ئێم کەرکوك بگرینەوە بە هێزبیگریەوە نەك بە عەریزە نووســـین، نوقتەی ئەخیر کە حەزەکەم بیلێم ئەگەلر لە ئیتەیـا ئەو عیبرەتە رووی نەدابێت بۆ ئەو میللەتە هیوادارم بەو داکیریەیەی ئەخیر دەولەتی عیراق و جەیشـــەکەی کردی لە مەنتیقانەی کە سـەد لە سـەد کوردسـتانین هیوادارم پەرلەمانی کوردســتان ئەو پرۆژە قانونە قبول بکات کە شەشی کانوون کە رۆژی جەیشی داگیرکەری عیراقە لە هەرێمی کوردســـتانا نەبێتە پشـــوو وە لە کۆتاییا ئەڵێم هەزار نەفرەت لەجەیشــی داگیرکەری عیراق ،سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بەرێز (ئاری هەرسین)،خاتوو (حیات مجید).

**بەرێز حیات مجید قادر:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو رووداوانەی کە لە (16)ی ئۆکتۆبەروو دواتر لە کەرکوك و خورمـاتوو نـاوچەکـانی تر روویـانـدا تـاوانی گەورەی مرۆڤـایەتی بوون کە دەرحەق بە هـاووڵاتیـانی مەدەنی ئەو ناوچانەو بەتیبەتیش دەرحەق بە کورد کراون، چەند خالێکم هەیە لێرە دیخەمە روو، خاڵی یەکەم بە بێی پێناسای ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کۆی ئەو تاوانانەی بەمەبەســـت دەرحەق ب گرووپێکی دیاریکراو ئەنجام دراون دەچنە خانەی تاوانی دژی مرۆڤـایەتی بە پێی مـاددەی(7)و تـاوانی جەنـگ بەپێی مـاددەی (8)ی دادگـای تـاوانی نێودەولەتی،ئەمەش ئێمە لە دوو خـالی تردا ئەلف و بێ دامنـاوە، ئەلف:لەم پێنـاوەدا دەتوانین چ بکەین حکومەتی هەرێمی کوردســـتان کار بکات لەســـەر پێك هێنانی تیمێکی پارێزەری ناوخۆ دەرەوە بۆ بە دیکۆمێنتکردن و ئەنجامدانی رێکارە یاسـاییەکانی ئەم تاوانە، بێ:دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردســـتـان لە رێگەی پەیوەنـدیەکـانی و کوردی و

هەلســوراوانی دبلۆماسـی و لۆبی بکەن بۆ ئەم کەیســە ئاراســتەی هاوڵاتیانی نوێنەرانی هاوپەیمان بکرێت ئەندامانی ئەنجومەنی ئاســایش و نەتەوە یەکگرتووەکان بکرێت و دادگـای تـاوانی نێودەولەتی بکەن لە وێوە،خـالی دووەم بە پێی مـاددەی (77)ی تـاوانی نێودەولەتی کاتێك کەیسێکی لەم جۆر بەتایبەتی بە بێ تاوان دەناسرێت ئەوە تەنیا بە پێی مـاددەی (75)ی هەمـان دادگـا زیـان لێکەوتوانی مـافی قەرەبوو کردنەوەی مـادی و مەعنەویان هەیە لە کۆی ئەو زیانان و کاولکاری سوتان و تاڵان کردنی ملك و ماڵی خەڵکی بەســەریان داهـاتووە تـادەگـا بە داوای لێبووردن لێیان، بەرێز ســەرۆکی پەرلەمـان بە ئەزموونی کەیســەکانی تری جینۆســایدی کورد لە کاتێکا پشــتوانی یســای دادگای باڵای فیدراڵ تاوانەکانی عیراقی هەبوو بەڵام دادگا نێودەولەتیەکان بە هەند وەریان نەگرت داوا لە بەرێزتان دەکەم لە رێگەی لێپێچنەی یاســایی و پســپۆران پارێزەران و شــارەزایانی دەرەچەیەك بۆ ئەم بابەتە بدۆزنەوە تا ئەم کەیســە بگاتە دادگای نێودەولەتیەکان، خالی ســێیەم لەکاتی روودانی ئەم تاوانانەدا ئافرەتان وەکو هەموو نەهامەتیەکانی تر پشــکی شێریان بەردەکەوێت لێرەدا ئێمە چەندین کەیسمان لەلایە کە کەیسی زۆرزۆر تراژیدیان ئەو کەیسانە دەست درێژی کردنە سەر ئافرەتان و وە هەتا دەستدرێژی کردنە سەر ئافرەتانی بەتەمەن کە ئێســتان بە جۆرێك بووە ئەو دوای ئەوە خۆکوشــتنی لێبۆتەوەو وە دواتریش نەوعێك توشی نەخۆشی نەفسی و لێ بۆتەوە،ئەو کەییانەش بەهەند وەربگیرێت، سوپاس بۆهەموو لایەك.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگرسەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس خاتوو (حیات مجید)، بەرێز(سالح فقی).

**بەرێز صالح فقێ محمدامین:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ســەرەتا ســەری رێزو نەوازش نەوی دەکەین بۆ گیانی پاکی قوربانیان بەداخەوە کورد بەردەوام هەوڵی داوە وەك هەموو ئەو ناوچانەی تر لە خوورماتوو شــارەکانتری پێکەو ژیان بێت بەڵام دەسەڵاتدارانی عیراق بەردەوام وایان کردووە کە بەو سیاسەتە تاڵانەی کە هەیان بووە هەموو ئەو ناوچانەی پێکەوە ژیان بکرێت بە شـاری کارەسـات و مەئسـاتاوی ئێمە ئەو ناوچانە کوردســتانیانە بە گشــتی ئەگەر خورماتوو بەشــێکە لە وە بەداخەوە سیاسەتی عیراق تایبەتی لە دوای سالی ( ) سیمای نەتەوایەتی لەم ناوچانە بسرێتەوە کە کورد ئێســتا لە دوا ئامانج نزیکەی( 75%) هیشــتا بەو هەموو تەعریب و گواســتنەوەو وە جگە لەم هەموو شێواندنە ئیدارییانی کە کورد هێشتا زۆرینەیە بڵام پێویستە لێرە رابگیرێت لەبەر ئەوە خورماتوو دەروازەیەکە بۆ ئەو ســنورەیە لە نێوان قەلغانێکە بۆ کەرکوك و ئەو ناوچە کوردستانیانەی تر بەگشتی بۆیە هەر لەبەر هەمان ئەو سیاسەتانەی تر کە هەیبووە حکومەتی عیراقی وای کردووە لەو ناوچە کوردستانیانەی کە لە ئەسل ناوچەی کوردستانین هیچ کێشەی لەسەر نەبووە بەڵام هەندێ نەتەوەی تری لەسەر ژیاوە بەڵاوم ئێستا ئێستا بە داخەوە بە پێی دەســتوور بەماددەیەك بە ماددە کێشــە لەســەرەکان چەســپاوە کە لە راسیا ئێمە ئەسلەکە لێی بێبەری بووینە موومارەسەی ماف و دەسەڵاتەکانی خۆمان لەوێ بکەین چلە نوێنەرایەتی عیراق کە پەرلەمان نوێنەری لەوتیە کوردســتانە ئێمە لەو ناوچانە ئەســلەن هی ئێمەیە نەمانتوانیوە نوێنەرمان هەبێت بۆیە ئومێدەکەین بتوانین یاســاکە هەموار بکەین ریك دابنین چەند کورســییەك ناوچە کوردســتانیەکان و وە خورماتوو لە نێوانیان هەبێت بۆ ئەوەی نوێنەری خۆیان لە ناو پەرلەمان هەبێت و هەموو ئەندامانی پەرلەمانی بەرێز راســتەوخۆ نوێنەری هەموو ناوچەکان بەڵام وەکو دانیشــتووی ئەوێ

نوێنەری خۆیان هەبێت باشترە، وە سەبارەت بە ماددەی (140)کە زۆر باسی لێکرا بەداخەوە ئەو ماددەیە لە سـەردەمی بەڕێز (نووری مالیکی)،(مهدی عامری) کرا بە بەرپرسـی لیژنەی جێبەجێکردنی ماددەی (140) و سـیاسـەتی مالیکی و دوالی مالیکی سـیاسـەتی (عەبادی) وای کرد کە ئەو ناوچانە وردە وردە ئەو لیژنانە کۆتایی پێبێت لە رابردووا ئەو لیژنە بریاری بە موافەقەدا بەڵام لەســـەردەمی (عامری) ئەم لیژنە کۆتایی پێهێنرا بریارەکان تاك لایەنە تەنها خۆی دەیدا وە (مهدی عـامری)هیچ پلەو پۆســـتێکی عێراقی نییە بۆیە پێویســـتە گوشـــارەکان بۆ ئەو (هادی عامری) لە ســـەرۆکی ئەو لیژنەیە لابرێت وە ئەو لیژنەیە بگاتە رەوتی جێبەجێکردنی خۆی، ســـەبارەت بە ئاوارەکان ئەگەر دوو خاڵ بەکورتی ئێمە بەر لە هەموو شـــتێك تەئکید لەو بکەینەوە نیەتیان گرینگە بەڵام ژیان و گوزەرانیان زۆر خراپە پێویستە ئاورێك لە ژیان و گوزەرانیان بدرێتەوە،وە دواتر هەوڵبدەین دەستوور کە بتوانین هێزی پێشمەرگە کە بەشێکە لە سیستەمی بەرگری عێراق بتوانرێت بەو ناوچانە بسپێردرێت وە ئەگەر ئەوەش نەگونجا لیوایەك یان فەوجێکی سکارتاریەت بتوارێ داوا لە عیراق بکرێت بێتە خورمات و کە راستەوخۆ ئەوان ئێستا لەسەر عێراقن، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ(صالح فقی)، بەڕێز (ابو کاروان).

**بەڕێز عبدالرحمن فارس عبدالرحمن/ ابو کاروان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان من لێرەداو لەم نووسـینەدا نامەوێ لەسـەر خوورماتوو قسـە بکەم وەك دەرگایەکی گرینگ هەرێمی کوردستان نامەوێتیش باسی گرینگی مەوقیعیەتی خوورماتووش بکەم دیســـان نامەوێت باســی مێژووی تێکۆشـــانی قوربانیان و خەلکی خوورماتوو بکەین کە زۆر لەوە گرینگترە لە کۆبوونەوەیەکی وادا باس بکرێت بەلکو چەند پێشـنیارێك دەخەمە روو.یەکەم:دانانی لیژنەیەکی لێکۆلینەوە بەشـداری پسـپۆرانی رێخراوە مەدەنیەکان شـــارەزا لەبواری شـــەروو جینۆســـاید و وەزارەتی کاروباری شـــەهیدان و ئەنفالکراوەکـان ،دوو: ســـەردانی ئـاوارەکـانی دووزو گەرمیـان و تۆمـارکردنی ئیفـادەی حالەتەکان بە نووســـین و بە ڤیدیۆ، ســـێ:کۆکردنەوەی ئەو بەلگەنامانەی کە ئاماده بۆ تاوانەکان دەکەن ،چوار:دانانی لیژنەیەکی پسپۆر قانوونی لەپەرلەمانی کوردستان وسوود وەرگرتن لە شـــارەزایـان و پســـپۆرانی دەرەوەی پەرلەمـان و وە تەکلیفکردنی قـانوونی تاوانەکان لە ســـەر بنەمای ئەو بەلگەنامانەو ئیفادو ،پێنج:ســـکاڵا تۆمارکردن لە دادگا ناوخۆییەکان و دادگاکانی دەرەوە دەرحەق بە کەس و لایەنی سـیاسـی کە ئەم تاوانانەیان ئەنجامداوە تا گەیشتوونە سکاڵاکردن لە حکومەتی ئێستای عیراق و پێێلکردنی دەستوورو قانونە تایبەتیەکان ،شـەشـەم: ناردنی سـکاڵاکان بۆ سـەرۆك کۆماری عیراق کە بەگوێرەی دەســـتوری عیراقی پارێزەری دەســـتوورە ،حەوت:تێکرای ئەم روداوانە لە دووزو کەرکوك و ناوچەکانی دەشـــتی (موصـــل)کەســـەرلەنوێ بووبە دەرکردنی کریســـتیان و یەزیدیەکان راســـتەقینەنە لەســـەر ئاشـــتی و ســـەلامەتی خەلکی مەدەنی و ئەمەش دەبێت بیرۆکەی لابردنی عیراق لە بەندی حەوتەمی نەتەوە یەکگرتووەکان بخەینە بەر باس و لێکۆلینەوە وئەم بریـارەش واتە ئەم مـاددەیە لەســـەر عیراق بواری بەکـارهێنـانی هێزی حکومی میریشـــیای هەبێو کە گۆرانکـاری دیموکراتی تـاوانی شـــەر ئەنجـام دەدەن، هەشـــت: ئەنجامدانی ســـەرژمێریەکی پێویســـت بۆ ئاوارەو شـــەهید و بریندار ئەتککراو ســـەرەرای ئەوەی کە هەیە سـەرەرای زیانە مادیەکان و پێویسـتە ئەوانیش ،نۆیەم: بەدەمەوە چوونی زیـان لێکەوتوان و تەعویزکردنوەی ئـاوارەکـان و ،دە: داوا بکەین لیژنەیەك لە پەر لەمـانی

عیراق ســـەردانی خوورماتوو بكات لەســـەرجەم نەتەوەو پێكهاتەكان بۆ ئەوەی بە چاوی خۆیان ئەم كارەساتە گەورەیە ببینن. زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆرســـوپاس بۆ بەڕێز(ابو كاروان)، بەڕێزان دەقەكان لە دوو دەقە دەیكەینی ســێ دەقە بۆ ئەوەی دادپەروەری تێدابی داوا لەو بەڕێزانی دوای ئەوان دەكەم ڕەچاوی دوو دەقە بكەن ئەگەر بتوانن لە دوو دەقە تەواو بكەن ئەوا لەســەر دوو دەقە دەچین با ئاوا نەبیتن یەكەك دوو دەقە یەك سێ دەقە،بەڕێز(عباس غزالی).

**بەڕێز عباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی لە خورماتوو كەركوك و پشــتی نەینەواو شــنگال روویدا دریژە پێدەری جینۆســاید و ئەنفال كیمیاباران و بە ئەسیربردی خوشكانمان لە ئیزیدیان و ئەو سیاسەتە درێژە هەمان ســیاســەتە لەبەر ئەوەش دەبێ ئەوەی لەبەر دەســتمە دەبێ لە دوو میحوەر ئیش بكەین پێش ئەوە پشــتیوانی قســەكانی بەڕێزم كاك (بێســتون ) دەكەم كە لێژنەیەك پێك بهێنرێت بۆ بەدواداچوون بۆ رووداوەكانی (16)ی ئۆكتۆبەر دا لەرووی ناوخۆییەوە دەبێت ئێمە ئیش بكەین كە لە رووی عەســـكەری و لەرووی ئینســـانی دەتوانین لەناوخۆمان چ بكەین چۆە خزمەتی ئەو خەلكە لێقەوماوە براو خوشـــكانەمان بكەین لە هەرێمی كوردســـتان ئاوارە بوونە بەداخەوە تاكوو ئێستا یونامی هیچ هاوكاریەكیشی نەكردوونە، خالی دووەم: لەرووی نێونەتەوەییەوە داوادەكەم ئەمانە تەنها خەلكانی پســـپۆرو شـــارەزا پێ هەســـتن كە كەیسەكان تێكەڵاو نەكەن كەیس كەیس بێتن با بچوك بن بەڵام بەبێ حاشا هەلگربن بەبی بەلگەنـامەی ســـەلمێنراو بن وە بەتـایبەتیش لە جیـاتی ویچنەی پێشـــمەرگەیەك یـان قارەمانیەتێك كە ئەمانە قارەمان و خۆبەخشـــی ئەم وڵاتە بوون وی!نەی مندالێك وێنەی ئافرەتێك كە هەستی ئینسانیەت زیاتر دەبزوێنیتن بۆ ئەوەی رەئی عالەمی زیاتر بجولێنین لە پەرلەمانەوە لیژنەیەك پێك بهێنرێ لە لیژنەی یاســـایی وە لە لێژنەی هەیئەی دادوەری بتوانن ئەو كەیســـانی نێونەتەوەیی دەكەین لە رووی یاســـاوە خۆراگربن و نەتوانن تانەی لەسەر بدەین، ئەوەی تر بەنسبەت راگەیاندنەكانەوە راستە راگەیاندنەكانی ئێمە بۆخۆیان ئیش دەكەن بەڵام بەنســـبەت دووزخورماتوو ناوچەكانی تر با هێلێك دانێن تەجاوزی ئەو ســـنورانە نەكەن وە ئەو ئـاواتـانەی كە لێژنەبمفـاوەزات كە دەكرێـت ئەو خەلكـانەی كە دەگەرێنەوە بێجگە لە خەلكی كورد هەرێمی كوردستان و هەرێمی ئیتیحادی كورد بالایەنی ســـێیەم هێـزی تریشـــی لەگەل دابێـت بـۆ ئەوەی ئەم خەلكـانە ســـەروو مـالیـان پارێزراوبێت،سوپاس .

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (عباس غزالی)بەڕێز (زانا عبدالرحمان).

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیـارە بەداخەوە ســـیـاســـەتی حكومەتە یەك لەدوای یەكەكـانی عیراق پێكەوە ژیـان لە ناوچانەی كە نەتەوەی جیای تیا ئەژی زەحمت بووە دووزخورماتوو خۆی ناوەكەی خۆتان دەزانن (دووز)بەمـانی (خوێ)نـاوەكی كوردی پەتی كە خۆیـان وای لێهـاتووە كە بۆتە دۆزەخێك هاوڵاتیان كورد لەو ناوچەیە ناوچەی دووزخورماتوو ناوچەیەكی دەولەمەنـدە خزمەت نەكراوە هەم لەرووی كانزاییەوە قیر و گلێكی دەگمەن هەیە بەتایبەتی لە بیناسازی و لە هونەری بینـاســـازی بەكـاری دێنن ئەوە كە تەنهـا لە خورمـاتوو هەیە لەبەر ئەوە

ئیهمالکراوه لەبەر ئەوەی لە رابردوو هیچ کام لەمانە ئیشە لەسەر نەکراوە وە شوێنەواری زۆ ر هەیە لە خورماتوو کە ئەوانیش لە رابردوو ئیشی لەسەر نەکراوە ئێستا گرینگ ئەوەیە لە رووی نێودەولەتییەوە ئێمە ئەتوانین چی بکەین وە هەم دەتوانین ئەم تاوانە لە مەخفەری نێودەولەتی دیفاعی لێبکەین هەم لە رووی نێودەولەتییەکانەوە کۆمەك بۆ ئاوارەکانی دوزخوورماتو دەستەبەر دەین کە بەداخەوە ئێستا بەهۆی کەمی هاوکارییەوە گرفتاربوون دەرفەتی گەرامەوەش وازوو بە بروای من دروســـت نابێت بۆ ئەوەی ئەو پێشنیارانەی کە لە پەر لەمان دەنووسرێت بەشێکی بدرێتە بە وەفدی دانوساندکار کە خورماتوو ببێتە کەیسێکی گرینگ وە بەشێکیشی ببێتە کەیسێکی گرینگ لەو پەرلەمانی کوردســـتانە باســـی نێودەولەتی بەکاری بێنێت یەکێکە لە تاوانەی یان بەشـــێك لە میریشـــیایانەی چۆن بلێین ئاشـــتەوایی بەتایبەت بەگەلی کوردســـتان ئەرکی حکومەتی عیراقە بەتایبەتی وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران کە وەزیرەکەی کوردە بەراستی زیاتر هاوکاری و کۆمەکی ئەو هاوڵاتیانە بکەن کە ئاوارە بوون وە نوێنەرایەتیەکانی ئێمە لە (بغداد) نوێنەرەکانی ئێمە هەول بدەن باشـــتر دیفاع بکەن لە کەیســـی خورماتوو هەموو ئەو کەیسانەی کە لە شێوە خورماتوون.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز (زانا عبدالرحمان)بەرێز (ئومێد خۆشناو) لێرە نییە، بەرێز(مەلا ماجد).

**بەرێز ماجد عثمان تۆفیق:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەر لە نیگەرانی خۆمان دەربرین بۆ رووداوەکانی دوزخورماتوو لەتەســـەلســـولی ناو نوســـینەکان لە هۆلی پەرلەمان گفتوگۆکردنەکان دەربرین لێمان قبول بکەن چار ســـالە ئێمە مڵاحەزە دەکەین پێکهاتەکان دەکەونە دواین کاتژمێری قســـە کردنەکان هیوادارین ئەوە رەچاو بکرێت ئەو دوو دەقەش لە ئیستاوە بۆ حیساب بکە بە دوو دەقەی (تورکمانی)، مەسەلەن تورکومان و کلدو ئاشورو ئەرمەنەکان لەناوەراستی قسە بکەن ئەوانی تر لە ئەخیری بن، ئێمە وەك فراکســـیۆنی تورکمانی هەولێر نیگەرانی خۆمان دەردەبرین بۆ پێشـــێلکاری و تاوانانەی لە دژی خەلکی دووزخورماتوو وە لەدەرەوەی ئەنجامدراوە بەداخەوە ئەوەی رویدا فیتنەیەکی گەورەیە لە برایەتی و تەبایی خورماتوو وە هەموو پێکهاتەکانی ئەنجام دراوە پیمان وایە کە خەلکی رەســـەنی ئەو ناوچانە بە درێژایی مێژوو پەیوەندیەکی قول لە نێوانیاندا هەیە ئەو پەیوەندیانە نابێت بە فیتنە وفیتەی دەرەکی دژمنانی کوردســـتان و عیراق درزو ناکۆکی بهاوێنە نێوانیان ئێ مە هەموو مان مرۆڤین هەمومان مافی ئەوەمان هەیە لەســـەر ئەم خاکە بە ئازادی و یەکســـانی بژین لە نێوان خەلکی دوزخوورماتوو کە هەموو ناوچەکانیکە پەیوەندییەکی خزمایەتی و پتەو قول هەیە مەعنای نییە ئاوا بە ئاســـانی دوژمنان بتوانن دژمنایەتی دایەتی و لێکترازان نێوان ئەو پێکهاتانە دروســـت بکەن بەداخەوە ئەو لایەنانەی بەناوە تورکمان دژایەتی ئەنجام دەدەن ئەوانە بە هیچ شـێوەیەك تەعبیر لە نەکهەی تورکمان ناکەن وە خەلکانێکی تائیفی و توند رەون تەنها بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەبینن وە ئەو جۆرە کردەوانەش هەرکیز بۆیان ناچێتە ســەر بۆیە ئێمە هەموو کاتێك لەگەل ئەوەداین کە هەموومان پێویســتە یەك هەلوێســت بین یەك دەنگ بین لە داکۆکیکردن لە خەلکی ئەو ناوچەیە وە هەموو ناوچەکانی تری کوردســـتان بۆ ئەوەی قەرەبووی هەمو زیانەکانیان بکرێتەوە وە هەرچی زوو بە ئازادی و ســـەربەرزی بگەرێنەو شـــارو شـــارۆچکەکانی خۆیان وە دۆخەکە بگەرێتەوە بۆ پێش (16)ی ئۆکتۆبەر ،زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز(مەلا ماجد)،بەڕێز(ئایدن مەعروف).

**بەڕێز ئایدن معروف سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی ئێمەش دلگرانین بەو ڕووداوانەی بە تایبەتی لە کەرکوك و لە ناوچەی دووزخورماتوو ڕویاندا ئەمانە ئێمە باش ئەزانین کە ئەو حکومەتانە ئەو لایەنە سیاسیانەی لە عیراقدا دەسەڵاتیان گرتووە ئامانجی یەکەمیان ئەوە بووە کە سیراع درووست بکەن یان پەیوەندی نێوان پێکهاتەکان و نەتەوەکان تێك بدەن ئەمەش یەك لوانەیە کە دەری دەکات لە پاش (16)ی ئۆکتۆبەردا هەندێك لایەن وە هەندێ ك گروپ هەلســـان بە پەلامارددان و کوتنی هاوڵاتیان لەم شارەدا دیاربوو من لێرەدا دەمەوێت راستییەك باس بکەم کەئەم گروپانەی هەســـتـان بە کوشـــتن یـان بە قەتلو عـامکردنی برایـانی نەتەوەی کورد کە ئەم گروپە نوێنەرایەتی هیچ لایەنێك ناکەن بەتایبەتی نوێنەرایەتی تورکمانیش ناکەن کە تورکمان لەو ناوچەیە نەتەوەیەکی گرینگە بەتایبەتی کورد لەم ناوچەیە لێرەدا بۆمە زۆر زۆر گرینگە لە داهاتوودا دەبێت برایەتی ئەم پێکهاتانە بەتایبەتی نەتەوەی کورد و نەتەوەی تورکومان ئیهتمامی پێبدرێت بۆ ئەوەی بتوانین ز یاتر نمونەی پێکەوە ژ یان دروســـت بکرێت لەم ناوچەیەدا ئێمە داواکارین کە ئاوارەکان بەزووترین کات بگەڕێنەوە بۆ جێگای خۆیان لێرەدا بەداخەوە ڕۆلی نەتەوەیەگکرتووەکـان زۆر زۆر زەعیفە بۆیە دەبســێـت ڕۆلی هەبێـت بۆئەوەی بتوانرێت ئەو شارا سەر لەنوێ ئاسایی بکرێتەوە بتوانرێت دەعم و پشتوانی ئەم ناوچانە بکرێت هەروەها فشـــاریش بخرێتە ســـەر بەڕێز (عبادی) بۆ یەکلایی کردنەوەی ڕەوشەکەدا ئێمە دووبارە زۆر سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز(ئایدن مەعروف)،خالێکی نیزامی بەڕێز(د.ڕێواس فایەق).

**بەڕێز ڕێواز فایەق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەماددەی (56) برگەی یەکەم هاتووە ئەندام یا قسەی ئەندامانی تر کە پێش ئەوە قسەیان کرد دووبارە بکەنەوە تکایە بەڕێزتان هەولبدەن قسە دووبارە نەکرێتەوە.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ســـوپاس بۆ ئەو تێبینیە، بەڕێزان قســـەکانی خۆتان دووبارە مەکەن قســـەی هاوڕێکانی خۆتانیش دووبارە مەکەن بەڕێز (ابوبکر هەڵەدنی).

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله هەڵەدنی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم دۆخەی کە لە دووزخورمـاتوو ڕوویـداوە نەتیجەو ئەنجـامە بەشـــێکە پەیوەنـدی بەم ئەقلیەتەوەیە کە لە (بغداد) مامەلەی لەگەل دەکرێت کوردســـتانی کردووە بەشـــێکیشـــی ڕەتفیعلی هەندێك بەرپرسی هەلپەرستە کە لەم چواردە سالە ئەمانیش نمونەی ناشرینیان پیشـــانداوە،ئێمە ئەو پەرلەمانە ناتوانین لەســـەبەب کارانی ئەو دۆخە بکۆلینەوە ئەوە کە ماســـەیەکی زۆر زۆر گەورەیە بۆ پەرلەمان کوردســـتان هۆکاری چی بوو ئێمە بەم دۆخە گەیشـــتین،خالی ســـێیەم:ئەوەی کە لەئێســـتادا کەمێلە ئێش و ئازاری ئەم خەلکە کەم دەکـاتەوە، یەکەم ئەوەی کە لیژنەیەکی هـاوبەش لەپەرلەمـان و حکومەت بێـت لەگەل نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆخۆی بێتە ناو دووزخورماتووە بە چاوی خۆی ئەو کاولکاریی و ئەو حالە تال و دژوارە ببینێت وە ئاوارەکانیش ببینێت ئەوەش

که گەورەترین ئیشە کە ئێمە بیکەین ئەم بەهاوە چونی ئاوارەکانا کە حکومەت دژوییەك اە پارە تەرخان بکات هەرچەندە بەپێی ئەو زانیاریانەی ئەمن هەمە ناوچە کوردســـتانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم نووسراوی کردووە بۆ ئەنجومەنی وەزیران کە پێویستە حکومەت برێك پارە بۆ ئەوان دەستنیشـان بکات وەڵامی حکومەت ئەوە بووە کە ئەوە ئیشـی ئەوان نییە وە دەسـتیەك بەرپرسـە لە ئیشـی ئەوانوە من حەزەکەم ئەم قسـەی من ئەگەر وا نییە لەخووی دەســتەکە من ئەم زانیاریەم وەرگرتووە لەبەر ئەوە من پێموانییە کە ئێمە شـتێك بۆ ئەوان بکرێت چونکە دوو ئەرکی ئاینی لەگەل ئەرکێکی دوور مەودا ئەرکی کتوپر و ئانی ئەوەیە کە بەدەم ئەم ئاوارانەوە بیین وە بە داخەوە یەکێك لەو فەرمانبەر مامۆســـتایانە گوشاریان لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە لەسەرە لەلایەن وەزارەتەکانی حکومەت دەوامیان لێ ئەکات کەمال ە حائیلەکانیان لە ژێر ئەو خێمەو ئەو دەســـتەی لە ناوچەی داودەدایە حکومەتی هەرێم کەم دەکاتەوە ئەرشـیفکردن و دیکۆمێت کردنی  هیواداریـن پەرلەمان کە هەلسێ هەر چەندە من بە گومانم پەرلەمان بە کارە هەلسـلێ چونکە پەرلەمان هەرکاتێك لە هەلکوتەکارانی پرســیەوان کە هەلیان کوتایە ســەر پەرلەمان لەوێش ئەپرســێتەوە،زۆر سوپاس بۆ ئێوە.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز(ابوبکر هەڵەدنی)، بەرێز(سۆران عمر).

**بەرێز سۆران عمرسعید:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو تـاوانـانەی کە دەرهەق بە کوردانی خورمـاتوو کراوە، نـابێـت بیرمـان بچێ تورکمـانە سـونەکان و عەرەبە سـوونەکانیشی لێ بەدەر نەکراوە، ئەو حەشـدە شـەعبییە تائیفیەی کە هاتووە تەنها تائیفەی خۆیی و مەزهەبی خۆی پاراســـتووە، هەر ســێ نەتەوەی کورد و تورکمان و عەرەبی سوونەی نەپاراستووە، بەداخەوە ئێستا ڕۆژانە لە ناو خورماتوو بەپێی ئەو هەواڵانەی کەبەمن دەگا لە دوو رۆژی رابردوو دا  بیســـت و نۆ لەو پۆلیســـانەی کە پۆلیســـی فیدراڵین و لەوێ دەوام دەوامیان هەیە و کوردن بە تۆمەتی ئەوەی کە ل ڕۆژی ریفراندۆما دەنگیان داوی ئێستا حالییەن حەقدە یان گیراون وە دوازدەی تریشیان فەرمانی دەســتگیرکردنیان بۆ دەرچوو هەڵهاتوون هەر دوێنێ کەســێکی تریان بە قایمقام بە ناوی هەڵبژاردنەوە دانا واتە ئەو دۆخەی لەوێ روودەدا دۆخێکی زۆر ســـەیر و ســـەمەرەیە کە حکومەتی عیراقی بەدڵنیاییەوە لەپشـت هەموو ئەو تاوانانەوەیە کە لەوێ ئەنجام دراوە لە پێش چـاویـان ئەنجـام دەدرێـت وە ئەو گۆرانکـاریـانەی لە خورمـاتوو لە نـاوچەکـانی تر تـا کەرکوك و شـــوێنەکانی تریش ئەکرێ حکومەتی عیراقی لێی بەرپرســیارە تەنها هێزك نییە کە ناوی حەشتی شەعبییە وە لە ناویشیا تورکمانی شیعە بن، ئێستا ئەوەی کە زۆر گرینگە برێزان ئاوارەکان بەدەمەوە چوونیان ئەوێ هەموو قســـەکانی ئێمە لێر ناکاتە بەتانییەك ئەمشـەو لەسـەرما خۆیانی پێ گەرم بکەنەوە نا کاتە قوتووە شـیرێك بگا پێیان بۆیە ئومێد ئەکەم بە بهانەی ئەوەی کە حکومەت دۆخی خراپەو پـارە نییە و بەم بە ها نانە بەدەمەوە چوونی ئەم ئاوارانە لەم دۆخە ســـاردە تاخیر نەکرێ چوونکە منداڵ لە ســـەرمایا مردووە دۆخی تەندروســتیان خراپە خوێندنیان لە فەوتاندندایە دەبێ وەزارەتی پەروەردە بەراسـتی معالەجە بکا بۆ ئەوەی خوێ،دنی ئەم ساڵی ئەوێ نەفەوتێ، زۆر سوپاس.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز (سۆران عمر)، (بەهار) خان، فەرموو.

**بەرێز بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بەشـێك لە قسـەكانم لەلایەن بەشـێ لە هاورێیانم كرا من ناچمە سـەر ئەوەی كە چی روویداوە لە دوزخورماتوو و ناوچەكانی تر بەڵك و دەچم سـەر ئەوەی دەبێ چی بكەین وە لەوەشـا كە دەبێ چی بكەین تیشـك دەخەمە سـەر لایەنە یاسـاییەكە چونكە بابەتەكانی تر هاورێم كاك (بێستون) تیشكی خستە سەر، ئەم بابەتە پێویستی بە هەماهەنگی هەیە لە نێوان پەرلەمان و حكومەتی هەرێم و نوێنەرەكانی ئێمە لە پەرلەمانی بەغدا و لە حكومەتی بەغدا وە هەروەها پێویسـت دەكات كە بەڕێز سـەرۆك كۆمار بەپێی ماددەی (67) لە دەستوور دەسەڵاتەكانی خۆی بۆ پاراستنی دەستوور جێبەجێ كردنی ماددەكانی دەستوور بە تەواوەتی بەكاربێنێت، پێویسـتە ئێمە ئەم بابەتە بەشـێكی دەبێ وەفدی مفاوەز كە دەچێتە بەغدا پێی هەسـتێ، بەشـێكی تریان نوێنرانمان لە بەغدا چ لە پەرلەمان و چ لە حكومەتیشـدا ئێمە نوێنەرمان هەیە بەتایبەتی وەزیری كۆچ و كۆچبەرانمان هەیە ئێمە لە بەغدا بۆیە یەكەمین شـت ئەوەیە پێویسـتە ئێمە زۆر تەئكید لە جێبەجێ كردنی ماددەی (140) بكەینەوە، چونكە ئێسـتا ئەوان بەشـێكی زۆریان پێیان وایە ماددەی (140) كۆتایی هاتووە بەڵام بەداخەوە لە سـەردەمی خۆشـمانەوە ئەوە رۆشـتبێت كە ماددەی (140) كۆتایی هاتووە شـتێكی باش نەبوو ئەوان باس لەوە ئەكەن كە پاراسـتنی ئەمنیەت ئێسـتا بەپێی ماددەی (110) باس لە دەسـەڵاتە حەصـرییەكان دەكات لە دەسـتووردا باس لەوە ئەكەن كە ئەمنیەت لە دەسـەڵاتی حەصـریدایە بە پێی بڕگەی (2) لە ماددەی (110) بەڵام لەراستیدا نوێنەرانی ئێمە لە بەغدا پێویستە ئەو وەفدی مفاوەزەی كە دەچێتە بەغدا ئەوە بزانن كە ئەو ئەمنییەی كە لە بڕگەی دوو لە مـاددەی (110) هـاتووە ئەوە ئەمری (عـابر للحدده) ئەمنی ناوچە دابڕێنراوەكان هەرچەندە دەسـتوور باسـی نەكردووە بەڵام لە سـاڵی (2003)ەوە تـاوەكی (2014) ئەمە بە مشـتەرەكی بەڕێوەبراوە بۆیە پێویسـتە ئێمە چ وەفدەكەمان چ نوێنەرانمان لە بەغدا تەئكید لەسەر ئەو بابەتە بكەنەوە وەهەروەها ئەوەی لە دووزخورماتوو ناوچەكان تر روودەدا بە تەواوەتی پێچەوانەی ماددەی (9) دەسـتوورە كە باسـە لەوە دەكا نابێ هیچ پێكهاتەیەك بەكاربهێنرێ لە زدی پێكهاتەیەكی تر ئەو جەیشـەی كە لە عیراقـدا ئەمنیەت دەپـارێزێ هی هەموو لـایەكە، پێویسـتە ئێمە داوا بكەین لە نوێنەرانمان لە پەرلەلەمانی بەغدا كە پرۆژە بڕیارێك ئامادەبكەن بیكەنە بریار لە پەرلەمانی بەغدا بۆ تەعویز كردنەوەی زەرەرمەندان چونكە ئەو كاتە كە بەبڕیار بێت حكومەتی بەغدا ئیلزام دەبێت بۆ ئەوەی ئەو بابەتە بكا حكومەتی هەرێم پێویسـتە تەنسـیقی تەواو لەگەڵ بەرێز وەزیری كۆچ و كۆچبەران بكـات تـاكو بەهەردوو لـایەن چی دەتوانن بۆ ئـاوەراكـانی بكەن ئەو تاوانانەی كە لە دوزخورماتوو ناوچەكانی تردا كراون هەمووی جەرائیمی دەولین لە قانوونی دەولی جینائیيا وە لە قانوونی دەولی ئینسـانیا جێگایان دەبێتەوە هەموویان ئەو تاوانانەن كە لە ماددەی (6) و (7) و (8)ی نیزامی ئەسـاسـی مەحكومەی جینائی دەولی رۆمادا هاتوون، بۆیە پیویسـتە تەوسـیق بكرێن و ئاگاداری كۆمەڵگەی نێودەولەتی لێ بكرێتەوە بە تایبەتی رێكخراوەكانی ماف و مرۆڤ و ئەمنسـتی ئینتەر ناشـناڵ تاكوو ڕێكاری یاسـایی لە زدی ئەنجامدەرانی بگیرێتە بەر، هەروەها من پێم باشـە مەحكەمەیەكی جینائی دادگای باڵای تاوانەكان لە عیراقدا دروسـت بكرێ وەكو چۆن لە زۆر شـوێنی تردا وەكو مەحكومەی نۆرنبێرغ و تۆكیۆ و مەحكەمەی یوغزڵافیا و رواندا و لە ئەخیریشیانا مەحكومەی

قەزیەی ی ئیختیاری رەفیق حەریری لە لوبنان دروســـت کرا ئەو مەحکەمەیەکی لەم جۆرە کە من بەوەی کە ئـاگـادارم اه ئێســـتـادا یۆنـامی هەوڵێکی لەم جۆرەی هەیە و پرۆژە یاســـایەکیشــی ئامادە کردووە دروســـتکردنی ئەو مەحکومەیە ب محاکەمە کردنی ئەو کەسانەی ئەنجامدەرامی ئەو تاوانانە زۆر گرینگە، زۆر سوپاس.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز(د.بەهار)، بەڕێز (گەشە دارا)، فەرموو.

**بەرێز گەشە دارا جلال:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قســەکانی مە زۆربەی کرا من کەتمە دواوە زۆر زووش دەســتم هەڵبڕی، بەڵام پشــتگیری هەموو پەرلەمانتارە بەڕێزەکان دەکەم بەڵام ئەوەی کە زۆر گرینگە ئێمە لێرە کە پێویســـتە پەیوەندی بە حکومەتەوە هەیە بەراســتی حکومەتی هەرێم وەکو چۆن کاك (ســۆران عمر) پشتگیری قسەکانی دەکەم ناکرێ حکومەتی هەرێم هەرئاوا دەستەوەستان بوەستێ و بڵێ من لە قەیرانام کمن هیچم پێ ناکرێت وەکو ئەوەی کە پێویســـتە فریاکەوتنی ئاوارەکانا بەداخەوە ئیســتا زۆر پەرت و بڵاون هەتا هاوکاری خێرخوازییەکانیش وەکو پێویســت پێیان ناگات بۆیە کۆکردنەوەیان لە جێێکا هەم بۆ ســاڵی خوێندنیان هەم بۆ مەســەلەی ســەرما بوون کە ئێســـتا لە زســـتانایـن پێویســـتە گیانیان بپارێزین وەکو ئەو منداڵە جارێکی دیکە کەســێکی کە نەبێتەوە قوربانی لە ســەرمایا رەق بێتەوە، مەســەلەی بە جینۆســاید کردن یاخوود بە تاوانی جەنگ هەر شتێکە پێویستە پەرلەمانِ نوێنەرەکانمان لە پەرلەمانی عیراق تەئکیدکەن کە لیژنەی تەقەصــی حەقایق بگاتە ئەوی چونکە معامی جەریمە زوو ئەڕوا و دەفەوتێ راستە هەندێ شت هەر ئەمێنێ ئەوە خانوو سوتێنراوە کاو کراوە، بەڵام هەندێ شـــت هەر دیار نامێنێ، پێویســـتە زۆر بە ووردی بە دەقیقی هەمووی بە دیکۆمێت بکرێ هەر وەکو کە جەختمان کردۆتە ســەر تاوانەکانی شـنگال کە کراوە پێویستە ئەمانە هەموو ببرێنە مەحکەمە نێودەولەتییەکـان یـاخود ئەو قســـەی (د.بەهـار) کە بـاســی پێکهێنـانی مەحکەمە دەکات، گرینگ ئەوەیە تاوانبار بە سزا خۆی بگات، زۆر سوپاس.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز(گەشە دارا) بەڕێز (د.ڤاڵا)، فەرموو.

**بەڕێز ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم : بەپێی ماددەی (9):

یەکەم: أ- لە دەسـتووری عیراقی سـاڵی (2005) نا بێت بە هیچ شـێوەیەك هێزی سـەربازی عیراق بەکـاربهێنرێـت بۆ یەکڵایی کردنەوی کێشـــە نـاوخۆییەکـانی لایەنەکـان و کێشـــە سـیاسـییەکان، واتا نابێت چەکی سـوپا رووبەرووی هاوڵاتیان و هێزە عراقییەکان بکرێنەوە وەکو هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەشێکە لە دەزگای بەرگری عیراق.

دووەم: بەکارهێنانی هێزی حەشـتی شـەعبی و دروسـتبوونی ئەو هێزە لە سـاڵی (2014) تەواو پێچەوانەی دەســتووری عیراقییە چونکە حەشــتی شــەعبی پێش ئەوەی یاســای بۆ دەرکرێت بە فەرمانی مەرجەعیەتی شـیعە لە هێزە شـیعییەکان دروسـتکرا، دوای کەوتنی شاری موصڵ لە ساڵی (2014) وە کاتێك بە یاسای ژمارە (40)ی ساڵی (2016) ریك دەخرێت تەنهـا بۆ ئەوە بوو کە لە داهـاتوودا نـاوزەنـد نەکرێ وەکو هێزێکی میریشـــیـای شـــیعە مەزهەب، ئەو مادانەی دە ستوور کە پشتی پێ بە ستراوە بۆ دەرکردنی ئەم یا سایە بریتین لە بەندی یەکەم ماددەی (61) کە تایبەتە بە دانانی یاسـا لە لایەن پەرلەمان، بەندی سێیەم

ماددەی (73) کە تایبەتە بە سەرۆکی دەسەڵاتی کۆمار بۆ پەسەند کردنی یاسا وە ماددەی (9) کە باس لە پێکهێنانی هێزە چەکدارەکانی عیراق دەکا هیچیان نابنە بنەما بۆ دەرکردنی ئەو یاسـایە وە دەتوانرێ تانەی دەسـتووری لێ بدرێت چونکە تەمامەن پێچەوانەی دەستوورە، زیاتریش لەمە بەپێی ماددەی (1) لە یاسای حەشتی شەعبی خۆی حەشتی شەعبی خۆی کیانێکی سەربەخۆیە کەسایەتییەکی سەربەخۆی هەیە واتە تێکەڵ بە هێزی سـەربازی نیزامی نابێتن کە ئەمەش پێچەوانەی ماددەی (13) دووەم لە دەسـتووری عیراقییە، پاشـان ئەو هێزە پرچەك کراوە وە بە چەکی ئەمریکی و هاوپەیمانان لەگەڵ ئەوەی کە هەم ئەمریکییەکان و هەم هاوپەیمنان ئەو هێزە بە میریشـیا دەزانن و داوای هەڵوەشـاندنەوەی دەکەن لەبەر ئەوەی هەڵگری بۆچوونی تائیفین و ئالاکانیان کە هەڵیان کردووە بەسـەر تانگ و زرێپۆش و ئۆتۆمبێلەکانیان گەواهی ئەو بۆچوونەن، ئەمەشـە پێچەوانەیە لەگەڵ ماددەی (7) یەکەم لە دەستوور وە ئەم هێزە چەندەها تاوانی کوشتن و ئەشـکەنجەدان و کاولکاری و شـەرەف شـکاندنی کردووە لە کەرکوك و لە خورماتوو لەو ناوچە کوردستانیانەی کە پەلاماری داون.
سێیەم: ئەنجامدانی تاوانە نێودەوڵەتییەکان وەکو تاوانەکانی جینۆساید و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی پاکتاوی نەژادی دژی خەڵکی سـڤیلی ئەو ناوچانە پێویستی بە تەجریمکردن و جولاندنی داوا هەیە لە دژی تۆمەتبار لەسەر ئاستی ناوخۆیی وە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی پێویستە لە رێگای مەبدەئی ئیختصاص شامل کاری لەسـەر بکرێ وە قەرەبووی قوربانیان بکرێتەوە لەسـەر ئاسـتی عیراق وە لە پێناو ئاشتەوای نیشتمانی پێویستە ئەنجامدەرانی تاوانەکانی (16)ی ئۆکتۆبەر بەپێی ماددەکانی (156، 226) لە یاسایی سزادانی عیراقی دادگایی بکرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سـوپاس بۆ بەڕێز (د.ڤالا)، (د.ڤالا) ئەگەر ئەوە بنێری بۆ لیژنەکان، ئەوەی (د.بەهار) یش باسی کرد خاڵی یاسایی بوون ئەکید لیژنەکان سوودی لێدەبینن هەر بەرێزیکی تر رایەکی تایبەتی هەیە ئەوەی پێشـتر باسـیان کرد ئەگەر پوختە بکرێن بە نووسـینەوەی ئەو خالانە بۆیان بنووسن رەنگە باشتر بتوانن دارێژن، بەڕێز (پەروا علی)، فەرموو.

**بەڕێز پەروا علی حەمە محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆرێك لە قسەکانم زۆرك لەو بەرێزانە کردیان بەڵام هەندێ شت هەیە دەمەوێت ئاماژەی پێبدەم لەوانە کە ئەتوانین ئێمە بەو هەولانەمان خورماتوو بگەرێنینەوە ئایا ئەو کێشـانەی کە روویدا ئەو شـتانەی کە روویدا ئێمە چیمان پێئەکرێ؟ لە ئاسـت ئەوەیا بە بڕوای من گەرانەوەی بۆ ژێر دەسـەڵاتی کوردی زەحمەتە چونکە خۆمـان بەرپرس بووینە بە لە دەستدانی لەبەر ئەوە چۆن لەدەستماندا ئاواهی زەحمەتە وەری بگرینەوە، کەواتە ئەبێ ئەگەری دووەم بێت کە ئەویش هەوڵ بدەیان بۆ بەجینۆسـاید ناسـاندن یان قەزیەکە گەورەتر بکەین هاوکاری کردنی خەڵکانی ئەوێ لەبەر ئەوە بۆ ئەوەی بیسـەلمێنین پێویسـتمان بە کۆمەڵێك شـت هەیە بەڵام لە هەمووی گرینگتر کاتە زیاد لە مانگێکە ئەو قەزیە روویـداوە وە هەمیشـە هەر بابەتێك رووبدات هەتاوەکو کات زۆرتر تێپەرێ کاریگەریەکانی کەمتر دەبێتەوە هیوادارم ئەوەی کە ئێمە ئەیکەین لە زەمنێکی زۆر کورتە هەر هەوڵ بدەین بیگەێنیتە جێگەی مەبەسـت دواتر بە هەر شـێوەیەك بڕیاری لێدرا، بۆ ئەوەی بیسەلمێنین پێویستمان بە کۆمەڵێك شت هەیە کە بەڕێزانیش ئیشارەتیان پێدا لە ناو یانا ئەوەیە پەپێی ماددەی (47) ئەتوانین لیژنەیەك ئامادە بکەین لە زمنی ئەو لیژنەیە کە ئەو بەڕێزانەی سـەرەوە و لیژنەکە دواتر چۆن دروسـت دەبێت لە کوێی تر ئەوەیان

بابەتێکی ترە بەڵام گرینگ ئەوەیە هەنگاوی جدی بنرێت بۆ ئەوەی ئێمە بابەتەکان زیاتر بناسێنین لە ناویانا بەدیکۆمێنتکردن کە ئیشارەتی پێدرا بەڵام ئەو بەدیکۆمێنتکردنە پاراستی دیکۆمێنتەکانە چونکە ئێمە ئێستا دەزانی زۆر جار دیکۆمێنتەکانی کە هەیە لەوێ واتە ئەو بەڵگانەی لە شوێنی رووداوەکاندا هەیە هەوڵی سڕینەوەی بەڵگەکان دەدرێ تا کەی بتوانرێ ئەو بەڵگانە نەسڕێنرێتەوە وە تا چەند بتوانرێ قسە لەگەڵ قوربانیان و ئەوانەی کە تاوانیان بەرامبەرکراوە لەناویانا پێشێلکاری زۆر خراپ کرا و توند و تیژی بەرامبەر بە منداڵ و ژنان بەتایبەتی تەنانەت دەستدرێژی سێکسی کە ئەوانە بەپێی داب و نەریتەکە قسەی لەسەر ناکرێت پاش ماوەیەکی تر ئەوانە نامێنن ئەو بەڵگانە نامێنن کەواتە کات زۆر گرینگە کە بتوانرێ ئیشی بۆ بکرێت، ئەو بە دیکۆمێنتانە کە وتمان بەڵێ بەڕێزانیش ئیشارەتیان پێدا لیژنەیەك ئەگەر هەبێت بۆ تەحصل حەقایق گرینگیدان بەوەی کە ئەم بابەتە تا چەند دەستوورییە و پێچەوانەی دەستوورە، دەبێ گرینگی بەوە بدەین کە بیسەلمێنین کە دەستوورییە، ئەو راپۆرتانە بنێردرێت بۆ قونسولخانەکان بۆ(un) لە ناویانا زۆرێك لە قونسولخانەکان لە ناویان ئەمریکا نوێنەرانی ئەوان لە کۆبوونەواکانیانا لەگەڵ زۆرێك لە گروپەکانا ئەسڵەن ئەم بابەتە تەحمیم ئەکەن ئەوەی کە چۆن توند و تیژی لە هەموو عیراقدا هەیە لە ناوەراست و باشوریشا لە کوردستانش بەم شێوەیەیە، ئەبێ ئێمە گرینگی بەوە بدەین کە ئەمە بەم شێوەیە تایبەتمەندیەتی هەیە و پێویستە بە جینۆساید بناسێنرێت، زۆر سوپاس.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز(پەروا علی) بەڕێز (نجیبە لطیف)، فەرموو.

**بەڕێز نجیبە لطیف احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کراو دووبارەیان ناکەمەوە پشتگیری لە قسەی هەموو ئەندامانی پەرلەمان بەتایبەتی مامۆستا (مەروان) و کاك (ابوبکر) و کاك (سۆران) دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز(نجیبە لطیف) بەڕێز ( منی نبی قادر)، فەرموو.

**بەڕێز منی نبی قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا دەستخۆشی لەو دیکۆمێنتانە دەکەم کەوا لەلایەن فراکسیۆنی زەرد ئامادەکرابوو وە لە لایەن لیژنە ناوچە کوردستانییەکان و لیژنەی مافی مرۆڤ، لەراستیدا ئێمە وەکو فراکسیۆنی تورکمان زۆر دڵگرانین لەو کارەساتەی کە لە پاش (16)ی ئۆکتۆبەر روویدا رووبەرووی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کرد بۆیە ئێمە دوو رۆژ پێش ئێستا کۆبوونەوەیەکمان ئەنجامدا لەگەڵ نوێنەری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەگەڵ بەڕێز (یانکۆبیش) گوتمان کاری خراپ زۆر ئەنجام دەدرێت لە دوزخورماتوو تکایە بەهەموو شێوازێك دەبێ ئیدانەی سەردانی ئەو ناوچانە بکەن وتیان ئێمە سەردانمان کردووە بەڵام وێنەکانمان بڵاو نەکردۆتەوە بە نهێنی لامان مایتەوە، بەڵام من پشتگیری قسەکانی کاك (ابوبکر هەڵەدنی) دەکەم کە پەرلەمانی کوردستانیش بەشێك بیتن لە لیژنەیەی کە پێك دێت سەردانی ئەو ناوچانە بکرێت، داوا دەکەین لە حکومەتی ئیتحادی فیدراڵی عیراق پابەند بێت لە جێبەجێ کردنی دەستووری عیراقدا سەرجەم

ماددەکانی دەستووری عیراقدا نەك تەنها ئەو ماددانە لەبەرژەوەندی تاك لایەنە، پێکهاتەی تورکمان باوەری بە پێکەوە ژینە لەگەڵ سەرجەم پێکهاتەکانی کورد و عەرەب و ئاین و ئاین زانەکان، ئەوەی لە دوزخرماتوو دەگوزەرێ گوزارش لە پێکهاتە کوردستان ناکا راستە ئاڵای تورکمان لۆگۆی تورکمان لە زۆربەی جێیان بەکار یان هێناوە بۆ ئەوەی چەواشەکاری وە تۆمەت بخاتە سەر ئەستۆی نەتەوەی تورکمان وە ناشرین کردنی پێکەوە ژیان هەوڵدەدەن، ئەو گروپە کە ئەو کارەیان کردووە گروپی تاك لایەنە گروپی دیاریکراوە سەر بە مەزهەبێکی دیاریکراویشە، ئێمە ەکو پێکهاتەی تورکمان ئیدانەی هەموو جۆرێکی دەکەین کە ناشرین کردنی پێکەوە ژیان وە رێز نەگرتن لە پێکهاتەکانی تر ئەوە لە بەرژەوەندی چ لە پێکهاتەی تورکمانە چ لە پێکهاتەی ترە، داوا دەکەین لە هێزێکی هاوبەش وە هێزی پێشمەرگە و هێزی سوپای عیراقی پێ: بهێنرێ لەگەڵ ناوچەکەی خەڵکی ئەو ناوچەیە هێزێك هاوبەش بن بۆ پاراتنی ناوچە کوردستانییەکان، ناکرێت ئێمە هاوکاری پێشمەرگەی کوردستان لە یاد بکەین لەکاتی هاتنی داعش سەرجەم ناوچە کوردستانییەکانیان پاراست و وە گیانیان بەخش کرد لە پێناوی رزگار کردنی ئەو ناوچانە بێ جیاوازی پێکهاتەکان، ئێستا لێرەدا دەبی ئێمە لەوەی دڵنیا بین کە پێشمەرگەی کوردستان چونکە ئێستا لێرە بەشێك لە کوردستانییەکان وا هەست دەکەن کەوا پێشمەرگە هاتە ئە ناوچان بۆیە ئەو کێشانە روویدا بە پێچەوانەوە پێداگیریان لەو ناوچانە کردوە پێداگری لە سەرجەم مافەکانی پێکهاتەکان کرد، داوا دەکەین کار بکرێت بۆ ناساندنی ئەو رووداوانە بە تایبەتی رووداوی دوزخوورماتوو بە جینۆساید لەگەڵ راپۆرتەکانی شنگال و ناوچەکانی تر، داوا دەکەین لە سەرۆکی کۆماری عیراق بە ئەرکی خۆی هەڵبستێ پێداگیری بکات لە جێبەجێ کردنی دەستووری عیراقدا، چونکە سەرۆکی کۆماری عیراق سەرجەم پێکهاتەکانە، داوا دەکەین لە وەفدی دانوستاندن لە کاتی گفتوگۆکردن بایەخ بدرێت بە هەموو ناوچەکان، زۆر سوپاس.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز منی نبی قادر، بەڕێز د.شێرکۆ حمە امین فەرموو، خاڵێکی نیزامی فەرموو کاك محمود.

**بەڕێز محمود عمر صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕێز و حورمەتی زۆرم بۆ ئەو برایانە ئەو خوشکانە کە ئەو ڕەئیەیان هەیە، من نازانم کێ تەعبیر لە ڕەئی تورکمان دەکات، هەر بۆ نموونە نیاز معمار ئۆغلو بڕیاردەری پەرلەمانی عێراقە بۆ خۆی کەوتووەتە پێش حەملەکەوە و ماڵ بە ماڵی دوزی سوتاندووە، ئایا ئەو تورکمانە یان ئەم بەڕێزانە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاك محمود ئەوە خاڵ!ی نیزامی نەبوو، ئەوە هەر ڕەئی بوو، کاك شێرکۆ حمە امین فەرموو.

**بەڕێز شێرکۆ حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

درووود بۆ گیانی پاکی هەموو شەهیدان، لە ڕاستی دا من لەو وشەکەوە دەست پێ دەکەم، زۆر بەخێرایی کە هێنانی وشەی کارەسات بە بڕوای من بچووك کردنەوەی قەزیەکەیە، چونکە ئەمە زۆر لە کارەسات گەورەترە و تاکە شتێك کە علاجی خورماتوو بکات مەسەلەی ئەوەیە کە چۆن خورماتو رزگار بکرێت، چۆن ئەو خەڵکە دەگەڕێنێتەوە بۆ شوێنەکەی خۆی کە من گومانێکی گەورەم هەیە کەمن هیوادارم لەمە بە هەڵە چووبێتم

من دڵنیام لەوەی کە خورماتو بە نیســـبەت کوردەوە کۆتایی پێ هاتووە، دڵنیام لەوەی کە دەتوانم بڵێم بە گشتی ئەو هێزانەی کە هێزی چەکداریان هەبووە و مەسئولی راستەوخۆن لەم دۆخەی ئێستای هەرێمی کوردستان دەتوانم بڵێم بە جۆرێك لە جۆرەکان دەستیان لە خورماتوو شـــووشـــتووە، من تەمەنا دەکەم دیســـان لەمەیان دا بە هەڵە چوو بێتم، ئێمە لەسەر وەختی ئەم پاکتاوی ڕەگەزیەی کە بەسەر خورماتوو هات و ئەو کاتە لە پەرلەمانی ئەوروپا بووین هەر بۆیە یاداشـتێکمان لەســەر پاکتاوی ڕەگەزی لەســەر ئەو ســوتاندن و کاولکاریانەی بەســـەر خورماتو هاتووە پێشـــکەش کردن، لەڕاســـتی دا زۆر گرنگە ئێســـتا کۆمەڵێك زانیاری دەخرێتەڕوو کە هەســـت دەکەی زانیاری جۆراوجۆرن و جیاوازن، ئەمە سەبەبەکەی ئەوەیە کە بە پڕوای من و بە پێی زانیاریەکانی منیش تا ئێستا کەس لە فعلی نەیتوانیوە بچێتە ناو خورماتو بە علی ســـەردانی مەیدانی بکات بۆ خورماتو کە ئەمە بۆ خۆی بووەتە هۆی دروســـت بوونی جیاوازی زانیاریەکان کە زۆر گرنگە لیژنەیەك دروســـت بکرێت کە بە فعلی بچنە ئەوێ و زانیاری ڕاست و دروست کۆبکەنەوە، یەکێك لەو خاڵانەی تر کە لەڕاســـتی دا لێکەوتەی دوای ریفراندۆم و دوای 16 ی ئۆکتۆبەرە ئەویش ئەوەیە کە ســـەلمێنەرە هەتا ئێمە خاوەنی هێزی حزبی و هێزی شـەخسـی بین حاڵی کوردسـتان لەمە باشـــتر نابێ، بۆیە زۆر گرنگە ئێمە چۆن لەمەودوا وانە لە هەموو ئەم رابردووە وەردەگرین لێرە بە دواوە هێزێك و لەشکرێکی یەکگرتوو لەسەر ئەساسی ئینتما کردن بۆ نیشتمان نەك ئینتما بۆ شـەخسـێك و حزبێکی دیاری کراو، چونکە ئەمە لەڕاسـتی دا بۆ نموونە حەشـدی شـــەعبی خۆی ئەڵێ بە ڕێککەوتن هاتووین، خۆ ئەبێ بزانرێ ئەمرێکەوتنانە چۆن کراوە، ئەوەی کە تـایبەتە بە دۆخی ئێســـتـا یەعنی بە پەلە فریـای هەموو کەمپەکـان بکەوین حکومەت ناچار بکەین هیچ پاسـاوێك نەبێ کە پارە نییە و نازانم قەیرانە و ئەوانە بۆ ئەوەی فریاری کەمپەکان بکەوین، دووەمیش تەنسـیب کردنی هەموو مونتەسـیب و مامۆسـتا و مووچە خۆر فەرمانبەرەکان لەســـەر حکومەتی هەرێمی کوردســـتان و ئەوەی تریشـــی کە پەیوەندیدارە بە مەسـەلەی نوێنەرەکانمانەوە لە بەغدا بەڕاسـتی هیچ کەسێ لەوانەی کە نوێنەرایەتی کورد دەکەن لە بەغدا لە دەســـەڵاتی جێ بەجێ کردنەوە بۆ دەســـەڵاتی یاســـادانان و نوێنەرایەتی کردن نەیانتوانیوە بە ئەرکی ڕاســـتەقینەی خۆیان لەبەرامبەر خورماتو و لەبەرامبەر شـــوێنەکانی تریش هەســـن و ئەو ئەرکەی ســـەرشـــانی خۆیان جێ بەجێ بکەن، تەمەنا دەکەم ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان بتوانین ئەم قەزیەیە یەکلایی بکەینەوە وەکو قەزیەکانی رابردوو و قەزیەی شەنگال و ئەوانەی لێ نەیەت زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز د.شێرکۆ، بەڕێز ناظم کبیر ، فەرموو.

**بەڕێز ناظم کبیر محمد سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بەداخەوە 16 ئۆکتۆبەر شـتێکی چاوەڕوان نەکراو بوو کە بووە هۆی داگیرکردنی ناوچە کوردســتانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردســتان لەلایەن میلیشیاکانی حەشدی شەعبیەوە کە ئەوەش بە پێی دەستووری عێراق کە د.ڤاڵا ئیشارەتی پێدا بە پێی ماددەی 9 ئەوە بن پێ کردنی دەستووی عێراقە و هەروەها بن پێ کردنی هە موو بنە ما کانی مافی مرۆڤە بەڕێزان لەوانەیە من تەئیدی زۆربەی قســـە کانی ئە ندامە بەڕێزەکان بکەم، بەڵام من لەوانەیە پێچەوانەی هە ندێ لە قسەکان بم ئەویش ئەوەیە من نابینم بە هیچ شـێوەیەك ئێمە چاوەڕوانی باش لە حکومەتی عیراق بکەین خۆمان دەزانین مێژووی عێراق لە ساڵی 1921 ەوە تا ئێستا هیچ چاوەڕوانیەك لە عیراق نەکراوە دەربارەی

گەلی کوردستان خۆ لە دەستووری 58یش مافەکانی کورد دەستەبەر کرابوو، بەڵام یەك لە دوای یەك تاوەکو ئێستا کە ئێمە دەیبینین جا من لێرەوە دەڵێم یەعنی بە تەسەوری من بەس سکاڵا کردن و بە کۆکردنەوەی دیکۆمێنت و بەڵگەنامەکان قەناعەتتان هەبێ ئەوەی ئێستا ئێمە محاوەلە دەکەین ئەو دۆکیۆمێنتانە بۆیان ببەین یان پێ یان بگەیەنین، ئەوان زیاتر لە ئێمە دۆکیۆمێنتیان هەیە لەسەر ڕەوشی دوزخورماتو کەرکووك شوێنەکانی تر جا لێرە دەبێ ئێمە شتێك بکەین بۆ ئەوەی کە کاتێ من دەڵێم ئێمە من چاوەڕوانی شتی باش لە حکومەتی عێراق ناکەم، دەبێ ئێمە خۆمان بە خۆمان هەوڵ بدەین کە چارەسەری ئەو وەزعە بکەین، بەڕێزێك ئیشارەتی پێدا دەبێ ئێمە دوو شت ئەمرۆ لە هەموو جیهان خۆ زۆر ڕوون و ئاشکرایە دوو شت یەعنی گرنگە لە جیهان ئەویش مەسەلەی یەك هێزت هەبێ و دوو بەرژەوەندی هاوبەشت هەبێ، جا دەبێ ئێمە لەسەر ئەم دوو نوقتەیە ئیش بکەین، یەك بەرژەوەندی هاوبەش چۆن دروست بکەین، دوو چۆن هێزێك دروست بکەین، بەری هەر شتەك یەك لێرە یان ئێمە دەبێ تەسلیم بە عیراق ببین، یان دەبێ بەرخودان بکەین، بەرخودانیش لە هەرێمی کوردستان ئەمرۆکە دوو مەرجی گرنگی هەیە، بەڕێزان خۆ ئێمە یەکەم شت ئەوەیە ئێمە دەبێ ناو ریزی و یەکریزی ماڵی خۆمان چاك بکەین بۆ ئەوەی بتوانین کە بەرەنگاری عیراق ببینەوە و بەرامبەر بە عیراق بوەستین خاڵێکی تریش ئەوەیە جێگەی داخە دەبێ ئێمە هەوڵ بدەین هێزی پێشمەرگە یەك بخەینەوە بۆ ئەوەی بتوانین کە خاوەنی هێزێك بین، قەناعەتتان هەبێ ئەگەر ئێمە هێزمان نەبێ، چۆن ئەو شوێنانەی کە ئێستا هەموومان لەدەست دا و لەلایەن میلیشیاکانی حەشدی شەعبیەوە داگیر کرا کە بە خوێنی هەزاران شهید ئەو ناوچانەمان ئازاد کردبوو ئێستاش دەبێ هەر بە خوێن ئازادی بکەین و هەر بە هێزی پێشمەرگە ئازادی بکەینەوە من تاکید لەو قسەیەی خۆم دەکەمەوە هیچ چاوەڕوانیەکم نییە بۆ حکومەتی عێراق کە ئێستاکە ئێمە چەند هانای بۆ ببەین بەڵام ئەمن دەبینم هەر لەسەر ئەساسی خۆی، ببورە من پێشنیارەکانم دەکەم دکتۆری بەڕێز، بەس سێ پێشنیار دەکەم ببورە داوای لێ بوردن دەکەم نەمزانی، پێشنیارێك دەکەم کە کۆمیتەیەك پێك بهێنرێ بە تایبەتی ئەو نوێنەرانەی ئەم شوێنانە کە 17 ئەندامی پەرلەمانمان هەیە، بانگهێشتی پەرلەمان بکرێن، کۆمیتەیەك پێك بهێنرێ کە ئەوانە نوێنەری راستەقینەی ئەو دەڤەرانەنە، ئەوانە لەگەڵ سەفارەتەکان و قونسوڵەکان و نوێنەری وڵاتەکان ئەمانە ئیشی خۆیان بکەن، خاڵێکی تر وەکو گوتمان هەوڵ بدرێت هێزێکی ئەمنی هاوبەشی گرەنتی و متمانەپێکراو هەبێ بۆ ئەو خەڵکە بتوانێ بگەرێتەوە، خاڵێکی تریش حکومەتی ئێمە ئیش لەسەر ئەوە بکات کەبەهانای ئەو ئاوارانە بچێ لە سێ ڕوویەوە، وەزارەتی تەربیە وەزارەتی خوێندنی باڵا و وەزارەتی تەندروستی، ئەم سێ وەزارەتانە یەعنی بەشێوەیەکی وەها بەهانای ئەو خەڵکەوە بچێت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز ناظم، بەڕێز خلف احمد فەرموو.

**بەڕێز خلف احمد معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە قسەکانی بەڕێز کاك دلێر ماوەتی و کاك ابوبکر هەڵەدنی و د.ڤاڵا فرید و صالح فەقێ دەکەم، تاکید لەو پێشنیارە دەکەمەوە کە کەیسی دوزخورماتوو بکرێتە یەکێك لە خاڵەکانی ئەجێندای کۆبوونەوەی وەفدی مفاوەزات بۆ بەغدا، ئەبێ لەوە تێ بگەین کە ئەمەی لە دوزخورماتوو ڕوویداوە شتێکی تازە نیە و دێرینە، ئەوە چەندین جارە ڕێگە لە شەر گیراوە لە رابردوو جگە لەوە رێگە لە کارەسات گیراوە چەندین جار شەڕ ڕوویداوە لە

دوزخورماتو بۆیە ئەبێ تێ بگەین ئەمە هەڵمەتێکە بۆ زاڵ کردنی هەژمونێکی مەزهەبی لەو مەنتیقەیە، ئەم هەژمونە مەزهەبیە لەوێ باکگراوندێکی بەهێز بەهێز لە پشتیەوەیەتی، بە پێچەوانەوە ئێســتا بەرەو ئەوە ئەروات کە ئەو مەنتیقەیە ببێتە صــراعی نێوان دوو مەزهەب و دوو زلهێز دوو هێزی دژ بەیەك لەو ناوچەیە ئەبێ ئەم پەرلەمانە بە تەنســیق لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردســتان نەتیجەی ئەم دانیشــتنە وا ڕێك بخات کە بتوانن دانیشـتوانی خەڵکی دوزخورماتو کە ڕووبەڕووی گۆڕانکاری دیموگرافی بوونەتەوە لەوێ و ئەشــبنەوە لە داهاتوو لەو صــراع و ململانێ ســەختانەی کە لە داهاتوو دا ڕوو دەدات بپارێزرێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز خلف احمد، بەڕێز خاتو تەلار فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرنج و پێشنیارە یاساییەکانم لەلایەن هەردوو بەڕێزان د.ڤاڵا و د.بەهار کرا، پشتگیری تەواو یان دەکەم، ئەوەی ماوە دەمەوێ تەئکید لەســەر ئەوە بکەمەوە لەبەرئەوەی ئەمە کارێکی زۆر گرنگ و بە پەلەیە دەبێ ئێمە چاوەڕێی وەفدی مفاوەز بکەین، بۆیە گرنگە لەسەر ئاستی پەرلەمانی کوردستان لیژنەیەك پێك بێت لە نوێنەرانی فراکسیۆنەکان یاخود لە نوێنەرانی لیژنە پەیوەندارەکان بێ بۆ گفتوگۆی راستەوخۆ پەیوەندی راستەوخۆ لەگەڵ پەرلەمانی عێراق دا بۆ گرتنە بەری هەندێ رێکار بۆ کارکردن لەســەر ئەو دەســیەیە بە تایبەتی بۆ کارکردن لەسەر ڕاگرتنی ئەو ترساندن و تۆقاندنەی تاوەکو ئێستاش بەردەوامیان هەیە، هەتـاوەکو ئەو کـاتە گرنگە پەرلەمـانی کوردســتـان لەڕێگەی حکومەتەوە لە ڕاســپاردەکانی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردســتان و حکومەتی هەرێمی کوردســتانیش بەڕاستی کار لە سەر چەند حاڵەتێك بکاتەوە لەوانە هاوکاری کردنی ئاوارەکان و بە تایبەتی لەم دۆخەی ئێستا دۆخی دارایی و مەعنەوی و هەروەها خوێندنیشیان و کارکردن لەسەر ئەوە و زۆر زۆر گرنگە کار لەسەر ئەوە بکرێ پاراستنی ئەو ژن و کچانەی کە بەر ئەو شاڵاوی دەست درێژیە سێکسی و هەروەها دەست درێژیی و توندوتیژیە مەعنەویانە کەوتوون ئەمەش کاری لەســەر بکرێ لەڕێگەی وەزارەتە پەیوەندارەکانەوە، وە کارکردن لەســەر تۆمارکردنی سکاڵا لە حەشدی شەعبی و لەو کەسانەی کە وێنەکاندا و لە بەڵگەکان دا زۆر زۆر بە وازحی دیارن کار لەسەر ئەوانەش بکرێ، چونکە حەشدی شەعبی وەکو داعش نییە بڵێین ناو و ناونیشــانی نادیارە، بەڵکو بەداخەوە لە ڕێگەی نوێنەرانی خۆشــمانەوە هاوکار کران بۆ ئەوە ببێ بە یاسا و بە یاسا رێك خرا، بۆیە پێویست دەکات بە ڕێکاری یاساییش کار لەســەر ئەوە بکرێ ئەو ناوچانە و ئەو قوربانیانەی کە لەو ناوچانە لە دەرئەنجامی کارەکانی ئەوان لەو ناوچانە کراوەتەوە لەڕێگەی یاســاوە مافەکانی بۆ وەربگریتەوە و کار لەســەر دۆســیە یاســاییەکانیان بکرێت، گرنگە نوێنەرانی کوردیش چ لە ســەرۆك کۆمار چ نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی عێراق و هەروەها وەزیرەکانیش ئەو بێ دەنگییەی لە ئێستادا ئەو کارە خاویەی کە ئێستا دەیکەن بەڕاستی لەسەر ئەو دۆسیەیە ئەوەندە گرنگ نییە بە هەنـدیـان وەرنەگرتووە ئەو دەۆســیەیە بە قەدەر ئەوەی کە زۆر زۆر گرنگە پەلە بکەن و بڕیـاری گرنگیـان پێ بـدرێ و کـاری گرنـگ بکەن، چونکە ئەوان لە ئێســتـادا زۆربەی زۆری بڕیارەکان لەناو دەســتی ئەوان دایە لەبەرئەوەی ئەو ناوچە کوردســتانیانەی دەرەوەی هەرێمی کوردستان لەڕێکارە یاساییەکانەوە ئەکەوێتە ئەستۆی ئەوان و دەبێ ئەوان کاری لەسەر بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنيكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز تەلار لطيف، بەڕێز سەركەوت سەرحەد فەرموو.

**بەڕێز سەركەوت سەرحەد خليفە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەم كات و ساتە پڕ تەنگەژەیەی وڵات و كەڵەكە بوونی دەیان قەیران و گرفت و كارەساتی ئابووری و سیاسی بەسەر ژیانی خەڵكی كوردستاندا هاتووە كارەساتی كۆچی خوشكانی خورماتو هاتۆتە پێشەوە پێویستە لەسەر ئێمە كەچی بكەین لە داهاتوو، بەڕێزان داوا لە حكومەتی هەرێم بكرێ قەرەبووی بەشێك لە زیانەكانیان بۆ بكاتەوە و لیژنەیەك لەگەڵ حكومەتی عێراقی پێك بهێندرێ و گفتوگۆی جدی بكرێ بۆ كارئاسانی و گەڕانەوەی شار و جێگا و نیشتەجێ بوونی خۆیان، دوو/ تا ئەو كاتەی كە لە كەمپەكان دا سووتەمەنی و كارەبا و پێداویستیەكانیان بۆ دابین بكرێ و كە ئەوان هەرچیان هەبووە بەهۆی هێرشی حەشدی شەعبی و سوپاس عیراقەوە لەدەستیان داوە، سێ/ داوا لە وەزارەتی پەروە ردەی هەرێم بكرێ كە كار ئاسانیان بۆ بكات بۆ ئەوەی خوێندنی منداڵەكانیان بۆ ئەمساڵ نەفەوتێ و كار ئاسانیان بۆ بكرێ، چوار/ داوا لە ئەمریكیەكان بكەین گوشاری جدی دروست بكەن لە سەر حكومەتی عیراقی تا قەرەبووی خەڵكی خورماتو بكاتەوە و لەهەمان دا هێزێكی هاوبەش بەچاودێری ئەمریكیەكان دروست بكرێ بۆ پاراستنی ئەمنیەتی ئاشتەوایی و گەڕانەوەی متمانە بۆ هاووڵاتیان، لە هەمان كات دا پێویست دەكا ڕاگەیاندنەكانی خۆشمان بە تایبەتی لە هەرێم رۆڵێكی باشتر بگێڕن كە ببێتە هۆی ئارام بوونەوەی خەڵكی ناوچەكە و ببێتە هۆی لە تووش بوونی دڵەڕاوكێ و ئەو وەزعانەی كە لە رابردوو دا لە دووز بكرێت ئەبێتە هۆی گرژی و ئاڵۆزی پێویست دەكات ئێمە بە یەك دەنگی و هاوكاری و پشتگیری و پشتیوانی بكەین، هەروەها پشتیوانی لە قسەی بەڕێزان دەكەم بە گشتی و بە تایبەتی كاك نازم كبیر، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنيكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز سەركەوت سەرحەد، بەڕێز ئاواز خان فەرموو.

**بەڕێز ئاواز جەنگی بورهان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، زۆربەی زۆری قسەكانی من كران، ئەوەی لەڕاستی دا من دەمەوێ باسی بكەم یەك دوو خاڵە، ئێمە دەبێ بە هەموو شێوەیەك وەفدی مفاوەز كە دەچێتە بەغدا داكۆكی لەوە بكات كە دیموگرافیای ئەو ناوچانە گۆڕانكاری بەسەردا نەیەت، ئەوە زۆر گرنگە، ئەوە ئەركی پەرلەمانتارەكانمانە لەناو پەرلەمانی عێراق، خاڵی دووەم من هاوڕام لەگەڵ برای بەڕێزم كاك بێستون، پێویستە پەرلەمانی كوردستان دانیشتنێكی تایبەت بكات لەسەر لەدەستدانی هەموو ئەو ناوچە كوردستانیانەی كە لەژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگە بوون، هەندێكی بەشەڕ و هەندێكی بە بێ شەڕ ئێمە لە دەستمان داوە، پەرلەمانی كوردستان ئەركی سەر شانیەتی دانیشتنێكی تایبەت لەسەر ئەو بابەتە بكات، خاڵێكی تر كە دەمەوێ باسی بكەم دەوری ڕاگەیاندنەكانە، ڕاگەیاندن بەڕاستی دەوریان زۆر زۆر سلبی بووە، لە هەموو ئەو ڕووداوانەی لەو ناوچانە ڕوویاندا، لە دوزخورماتووشەوە، یەعنی هەندێ جار بوونە هۆكاری ئەوەی دڵەڕاوكێ دروست بكات لەناو ئەو دانیشتوانانە و وایان لێ بكات بە پەلە پروزەولە دەربچن لە ماڵەكانیان فر یای هیچ شتێك نەكەون، یەعنی ڕاگەیاندن دەبێت سنوورێكی بۆ دابندرێت لە هەرێمی كوردستان، خاڵی كۆتاییم ئەوەیە ئێمە وەكو كورد دەبێ یەك شتمان لەبەرچاو بێ دەبێ ئێمە دراوسێین لەگەڵ

عەرەب و لەگەڵ تورکمان و لەگەڵ ئاشووریەکان بەسەدان ساڵە ئێمە لەگەڵ ئەو پێکهاتانە ژیاوین دەبێ ئەو بەیەکەوە ژیانە بپارێزین بەهەر شـێوەیەك بێ، ئەمە یەك، بەڵام لەگەڵ عەرەب یەعنی نازانم چۆن تەعامول بکەین، عەرەبی سوننە دەبێتە دۆستمان داعش دێت، عەرەبی شـیعە دەبێتە دۆسـتمان حەشـدی شـەعبی دێت، یەعنی بەڕاسـتی دەبێ ئێمە لەســەر ئەم خاڵە کار بکەین وەکو کورد نێو ماڵی خۆمان ڕێك بخەین تاوەکو نێو ماڵی خۆمان ڕێك نەخەین تاوەکو هێزێکی یەکگرتووی کوردیمان نەبێ دوور لە حزبی ناتوانین دیفاع لە میللەتەکەمان بکەین وەکو پێویست و زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز ئاواز جەنگی، بەڕێز د.فرست صۆفی فەرمو.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە پەیوەسـتە بە نـاوچە کوردسـتـانیەکـان و بە تـایبەتیش کە ئەمرۆ لەسـەری کۆبووینەوە دوزخورماتو، سـەرەتا من پێموایە ئەم کۆبوونەوەیە باسـکردن لە بابەتێکی وا گرنـگ پێویسـتی بە ئـامادەکاری زۆر زیاتر هەبوو، بۆ ئەوەی بتوانین نەتیجەمـان هەبێ، ئێستاش پێموایە دوو خاڵی گرنگ هەیە پێموایە دەبێ لە سەر بوەستین، یەکێکیان ئەوەیە کە ئەوەی ڕوویـدا لە ئـاوارەبوونی خەڵـك نەتیجەیە، بەڵـام لە ئەنجـامی فعلێـك بوو لە ئەنجامی کردارێك بوو ئەوەی کە ڕوویدا، بۆیە ئەم پەرلەمانە بەڕێزە بە پێی ئەوەی کە کاك د.محمد بـاسـی کرد، بە پێی مـاددەی 47 دەتوانێ لیژنەی تەقەصـی حەقـائیق، لیژنەی تەحقیقی دروسـت بکات، من هیوادارم یەکێك لە ئەنجامەکانی ئەم کۆبوونەوەی ئەمرۆ بەلایەنی کەم بڕیاردان بێ لەسـەر دروسـت کردنی لیژنەیەکی تەحقیقی گەڕان بەدوای ڕاستیەکان بۆ ئەوەی بزانین ئەوەی ڕوویدا چۆن ڕوویدا، ئەوەی تریان پەیوەستە بەوەی کە ئێسـتا چی بکەین و ئەوەی ڕوویداوە لە تاوانەکان لە ئاوارە بوونی خەڵك، گروپ لەوانەی کە دەیان ناویان هەڵگرتووە لە عەسـائیبی ئەهلی حەق و نوجەبا و خوراسـانی و فەیلەق بەدر و حزب و اللە و کەتائیبی سەید و شوهەدا و سەرای سەڵام و کەتائیبی جوندو ئیمام و سەرای جیهاد و قودس و ئیمامی علی و ئیمام حسین و کێ و ئەوانە بەشێکیان بەپێی ئەو تەقاریرە دەولیانەی کە یوئێن ئەمریکا، ئەوانە لە لیستی ئیرهابن، تیرۆرن، راگەیەنراوە، بۆیە من پێموایە هیچ کـات مەوقفی قـانوونی ئێمە بەقەدەر ئێسـتـا بە قوەت نەبووە، مەوقفێکی قانونی زۆر بەهێزمان هەیە نابێ لە دەسـتی بدەین، ئەمەش بەم پەرتەوازەی ئێسـتا کە قسـەی لەسـەر دەکەین ناکرێ، بۆیە لەم کۆبوونەوەی ئەمرۆ بەدوو نەتیجە لێی دەرچین، یەکێکیان لیژنەی تەقەصـی حەقائیقە لەسـەر ئەوەی کە ڕوویدا، دووەمیان لیژنە پەیوەندارەکانن لە پەرلەمان ئەولەویەتی ئیشـیان ئەوە بێ لەڕووی جینائی چی بکەین، لەڕووی یارمەتی دانی ئاوارەکان چی بکەین، لەڕووی تەعامول کردن لەگەڵ ئەم قەزیەیە بۆ ئەوەی کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بهێنینە سـەر خەت چی بکەین، چۆن ئەو جەریمانە بچنە مەحاکم و ئەم لیژنە پەیوەندارانە ئەولەویەتی کاریان ئەوە بێ ڕابسـپێردرێن، بۆیە بەڕاسـتی زۆر گرنگە ئەمرۆ هەر نەبێ ئەوە نەبێ دانیشـین و کۆمەڵێك رسـتەی جوانی ئینشـائی لەدوای یەك ڕیز بکەین و بڵاوی بکەینەوە، دەبێ ئێمە ئەم ئیشـە ئیشـێکی هەروا نەبێ تێ بپەڕێ دەبێ بە جدی یەکێك بێ لە ئەولەویەتەکانی ئەو هەشـت مانگەی ئەو

پەرلەمانەی ئێمە چ لە ئێمە ڕوو یدا و چ لەوەی کە چی بکەین، چۆن ئەو مەوقفە قانونیە بەهێزەی کەمن پێموایە قەت نەمان بووە بە قەدەر ئێستا چونکە دەیان ماددەی دەستووری عێراقی پێشـێل کراون و دەیان قەوانین پێشـێل کراون، قانونی دەولی پێشـێل کر اوە، زۆر گرنگە لیژنە پەیوەندارەکان ئەولەویەتی ئیش کردنیان ئێســتا ئەوە بێ و ڕابســـپێردرێن بە رەســمی و مەتلوب بی کە کۆبوونەوەی داهاتوو یان چەند کۆبوونەوەی داهاتوو لەســەر ئەم بابەتە بکرێ، بۆ ئەوەی بە کۆمەڵێك دەســـت کەوت لێی دەربچین و بتوانین بە فعلی دیفاع لە میللەتەکەمان بکەین و لە ئاســـت ئەو کارەســـاتە گەورەیەش دابین کە بەســـەر میللەتەکەمان دا هات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز د.فرست صۆفی، بەڕێز عباس فتاح فەرمو‌و.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سوپاستان دەکەم هەموو ئەو قسانەی کە لەم هۆڵە کراو برادەران کردیان، پێموایە من شـتێکی زیاترم لەوان نییە، بەڵام هیوادارم هەموو ئەو قسـانەی کە کراوە هەوڵی جدی بۆ بدەین و بیکەین بە کارێکی کرداری هەر قسـە لەسـەر پەڕی وەرەقە نەبێ، من پشـتیوانی ڕەئی هەموو برادەران دەکەم، ڕەئی باش بوون و سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستخۆش زۆر سـوپاس بۆ بەڕێز عباس فتاح کە پوختەیەکی ژیرانە، بەڕێز شرین حسنی، فەرمو‌و.

**بەڕێز شرین حسنی رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخافتنێت من هەمی هاتنە کرن، پشـــتەڤانیا ڕاپۆرتا فراکســـیۆنا پارتی دکەم، ئەوەش لای د.محمد علی هاتیە خیندن، پشـــتەڤانیا ئاخافتنا د.ڤالا دکەم و منی خان و کاك نازم و د.فرست، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر ســـو پاس بۆ د.شـــرین حســـنی، بۆ دەربڕینی ڕەئی بەڕێز یان، بەڕێز گۆران محمود، فەرمو‌و.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەموو قســـەکانم کران، بەڵام تەنها چەند وتەیەك نەبێت، هەموومان دەزانین کە خاکەکەمان داگیر کراوە، ئەگەر ئاوارەکان بگەڕێنەوە چ بە ئازاد کردن، چ بە ڕێککەوتن بێت، ئەوە پێی دەگوترێت کارەسـات، کارەسـاتیش واتا جینۆسـاید، ئەگەر ئێمە سـەیری یاسـای جینۆســـاید بکەین هەموو تاوانێك کە بە کارەســـات دادەنرێ، هەموو کارەســـاتێکیش بە جینۆســـایدە، ئەوەی کەوا پێویســـتە بکرێ، ئەمڕۆ کە لە پەرلەمان ئایا دوای ئەو دانیشـــتنە پەرلەمان هیچ ڕاپۆرتێك و بڵاوکراوەیەکی دەبێت، ئەگەر هەبێت پێمان باشـــە ئێمە لە پەرلەمانی کوردســـتان دا ئەوانەی کە ئاوارەبوون، ئەوانەی کە لێیان دراوە بە ســێ شـــت کراوە یەکەمیان ئاینی و مەزهەبی یە، دووەمیان خاکە، ســـێیەمیان نەتەوەیە، کەواتە ئێمە لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان داین پێویستە جەنابتان ڕاپۆرتێك هەبێ کە بە جینۆساید

بناسرێ بە کۆی دەنگ، ئەم ڕاپۆرتە بڵاوبکرێتەوە بۆ ڕای گشتی و بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان و کونسوڵخانەکان کە بتوانین کاری پێ بکرێت، جینۆساید لە پێناسەکەیدا واتا قەرەبوو کردنەوەی ماددی و مەعنەوی، هیچی ترم نیە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز گۆران محمود دەستخۆش، بەڕێز کاك حاجی کاروان، فەرموو.

**بەڕێز کنعان نجم الدین (حاجی کاروان):**

**بەناوی خوا.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە دوو سێ خاڵی زۆر کورت دا هیوادارم عەمەلی بێ و بەشێکی عایدی حکومەتە، ئەوەی کە بکرێ تەوصیە بێ بۆ حکومەت، ئێمە سێ تەوصیە دەرکەین، یان سێ ڕاسپاردە دەرکەین لە دوای ئەو دانیشتنە، یەکیان بۆ حکومەت، یەکێکیان بۆ ڕەئی دوەلی و هاوپەیمان، ئەوەی تریشیان بۆ پەرلەمانی عیراق، چونکە پەرلەمانی عیراقیش مەعنی یە بەڕاستی، بۆ حکومەت لە ڕووی ئیغاسییەوە مولزەمی بکەین، بەڕەئی من بکرێ بە پرسیار، چ جەنابتان وەکە سەرۆکایەتی بیکەن، یان ئەوەتا چەند پەرلەمانتارێك، حکومەت بۆ ناتوانێ یارمەتی ئاوارەکانی دووزخورماتوو بدات؟ لە کاتێك دا توانی یارمەتی سوننەکان بدات (ڵایزال)یش دەیدات، هەر کاتی دەتووت ئەزمە و قەیرانە دەیووت ئێمە ئاوارەمان زۆر لەسەرە، ئێستاکە ئاوارەی خۆتە ماڵی وێران بووە ماڵی سووتاوە حکومەت بەڵایەوە ناچێ، بەتانیەیەکی نەداوە پێیان، لێرەوە سەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی حکومەت چوون بۆ دەربەندیخان بەڵام نەیانتوانی سەردانی ئاوارەکان بکەن لەو گەرمیانە، هەر ئەوەتا لە هەولێر لێرەن، سەرۆکایەتی حکومەت لێرەت نەیانتوانیوە زیاتر لە (350) عائیلەی دوزخورماتوو لە ناو هەولێر کەس سەردانی نەکردوون، لەبەر ئەوە من پێم باشە ئەگەر پەرلەمان نەتوانێ حکومەتەکەی خۆی ئیلزام بکات لەوەی کە یارمەتی ئاوارەکان بدات، ناشتوانێ یەك شوێنی تر ئیلزام بکات، ئیلزامەکە وەکو ئەو بەڕێزە باسی کرد، یەکێکیان لەو پەرلەمانتارە بەڕێزەکان، (علی الأقل) ئەگەر هیچ نەبێ لە ڕووی تەربیەوە ئێستاکە من ئاگام لێیە دوێنێ کتابیان بۆ کراوە، لە ڕووی تەربیە دەبێ مامۆستاکانی لە دوزخورماتوو دەوام بکەن، ئەوەی لە هەولێرە لە هەولێر دەوام بکات، ئەوەی لە سلێمانی یە لە سلێمانی دەوام بکات، ئەوانیش نە ماڵیان هەیە نە حاڵیان هەیە فریای کاسبییەك ناکەون، بۆیە داوا بکەین وەکو تەوصیە کە حکومەت لەم فەترەیە لێیان گەڕێ، بە تایبەت ئەوانەی موەزەفەکانیش کە هەن تەنسیب بکرێن و کارێکیان بۆ بدۆزرێتەوە، داوام کرد هەر هەمان شت کە حکومەت بۆی بکرێ بە تایبەتی دەستەی ماددەی (140) بڵێین ناوچە کوردستانییەکان سێ بۆرد یان چوار بۆرد دروست بکات، بۆردی یاسایی، بۆردی یاسایی دەکرێ ئێمە لیژنەی یاساییمان هەیە، سەرۆکی لیژنەی یاسایی لەگەڵ یاسایانی دەرەوە ئەو بۆردە یاسایی یە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان زۆر زەرووره بکرێ، ئەوە تەبعەن دەبێ بودجەی بۆ تەرخان بکرێ، یەعنی تۆ هەر بڵێی لیژنەیەك، لیژنە ئەمری یە، بەڵام کردتە بۆرد لە ژێر لێپرسینەوەی پەرلەمان بێت، ئێمە بتوانین ئەو لیژنەیە سەر بە پەرلەمان بێ و بتوانین تەحقیقی لەگەڵ بکەین، لیژنەیەکی ئیداری پێك بێ لە سەرۆکی ئەنجومەنی شارەکان، زائیدەن ئەوەی کە لەگەڵ پەرلەمانی عیراقیشی دەکرد بە تایبەتی فراکسیۆنەکانی خۆمان، ئەم سێ تەوصیە دەکرێ بۆحکومەت بکەین ئیستیفادەی لێ دەکرێ، وەکو یاداشتێك بۆ UN کە ئەوەیان زۆر زەرووره بە پێی یاسای خۆیان لە 2016 لە مانگی تەمموز دەڵێ UN بۆی هەیە ئەو شوێنە ناکۆکانەی کە گرفتی تێدا دروست دەبێ لەوێ وجودی

هەبێ و موشــكیلەكان چارەســەر بكات، ئێمە تەكلیف لە خۆیان دەكەین ئەگەر ئێمە وەكو پەرلەمان موخاتەبەی ئەوان بكەین دەتوانن ئیســتیجابەمان بكەن، (علی الأقل) جوابمان بدەنەوە، ئێمە جوابێكی قانونی دوەلیمان لابێ، یاداشــتی ســێیەم قســەكەی كاك گۆران تەواوە، ئێمە كە لێرە دەرچووین تەنها بە ڕاســپاردەیەك بۆ عاممەی خەڵك دەرنەچین، ئەم ڕاسپاردەیە سێیەمینیان بۆ پەرلەمانی عیراق بێ، تا ئێستا موخاتەبەی پەرلەمانی عیراقمان نەكردووە لە هیچ شتێك، پەرلەمانی عیراق خۆی لیژنەیەكی تەشكیل كرد، لیژنەكە زیاتر لە (9) كەس پێك هاتبوو من تەصــەور دەكەم حەوتی شــیعە بوو، هەمووی تایبەت بوون بە خۆیان، لە جیاتی ئەوەی ماڵی كورد نووسرابوو نووسیویانە ئەم ماڵە توركمانیە و سووتاوە، بە توركمانییەكە حســـابیان كردووە، یان بە عەرەب حیســـابیان كردووە، لەبەر ئەوە ئێمە موخاتەبەی ســـەرۆكایەتی پەرلەمان دەكەین كاك ئارام لەوێ لە ســـەرۆكایەتی پەرلەمانە، ئەندامانی پەرلەمانمان خۆمان لەوێ، بەس خۆزگە ئێمە وەزیری كۆچ و كۆچبەران مەعقولە تا ئێســـتاكە حكومەتی عیراق ئەم هەموو خەڵكە ئاوارەیە بە كۆچبەر حیســـابی نەكردووە، باشـــە وەزیری كۆچ و كۆچبەران هی خۆمانە، تۆ كوردیت، مەعقولە تۆ نەتوانی بڵێی كاكە من ئەوە وەزارەتەكەم لەبەر ئەوەی ئێوە ئەو خەڵكە بە هجرە و مهاجری حیســـاب ناكەن، ئەوە پێنج ساڵە، شەش ساڵە ئێمە خەریكی خزمەتی ئەو خەڵكەی ترین كە دێنە عیراقەوە، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس كاك حاجی كاروان، بەڕێز محمود حاجی عمر، فەرموو.

**بەڕێز محمود حاجی عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە بە ســـەبارەت بە ئەو وەزعە ئاڵۆزەی دووز، قســـەكانمان هەموو بۆچوون یەكە و هەموومان كۆكین لەســەر ئەو وەزعەی دووز، بەڵام ســەرەتا دەڵێم دەبوو لە پەرلەمانەوە هەر یەك لە پەرلەمانتاران أبو كاروان، بێستوون فائق، صالح فەقێ، سالار محمود و بەندە كە خەڵكی ناوچەكەین و شـارەزاترین لێرەدا ڕاسـپێردرابایین كە لەو ڕۆژەوە لە پەیوەندیداین كەم تا زۆر لەگەڵ خەڵكی خورماتوو و ناوچەكە بە گشـــتی، ئەوەی لەگەڵ ئەوان ئیداراتی خورماتوو بۆ ئەوەی ڕاپۆرتێكی تێر و تەســـەل و دۆكیومێنتاری باشـــترمان ئامادە بكردایە، ڕەنگە بە قەدەر ئێستاش وەختمان پێ نەچووبایە، بێگومان ئاشكرایە كە شاری دوزخورماتو خەڵكەكەی لە دۆخێكی نـالەبـاری خراپ دا دەژی، هەر یەكە و ئـاوارە و ســـەرگەردانی شـــارەكانی كفری، كەلار ناحیەی ڕزگاری و بگرە ســـلێمانی و هەولێریش بوون، زۆربەیان خانووەكانیان لەگەڵ زەوی تەخت كران و ماڵەكانیشـــیان تاڵان كراون، بەداخەوە لەم وەرزە زســـتانیەدا كە لە هەموو ئەو هاوكارییانەی كە بۆ ئاوارە و لێ قەوماوان تەرتیب دەكرێ، ئەوان تا ڕاددەیەك بێ بەشن، لە كاتێك دا هەم زرووفی مەعیشی و هەم مادديشيان هیچ نیە، جا ئەو شـــارە شـــارێكی بریندارە و بوعدێكی ڕابردووی هەیە وەكو چۆن خورماتوو لە ســـاڵی 91یش بە دەســـتی موجاهیدیمی خەلق كۆڵێ شـــەهیدی دا، كەواتە خورماتوو بوعدێكی سیاسی قەومی تائیفی هەیە، موجاهیدینی خەڵقیش هەموو شیعە بوون، لێرەدا من ناڵێم ڕەشبینم، بەڵام بە تەواوی پشتیوانی لە قسەكانی كاك د.شێركۆ دەكەم سەبارەت لەو شارە لە ئێستادا بەو ئالیەتە و بەو وەسائیلە و بەو زەخیرەی كە ئێستا هەیە، بەڕاستی كورد ناتوانێ دوز بگەڕێنێتەوە شـــوێنی خۆی، بەڵام ئەو هەوڵانەی كە دراوە هەر دوێنێ بەشـــێك لە نوێنەرەكانیان یاداشـــتێكی پێنج خاڵەیان داوەتە UN دەبوو ئەمڕۆ نوێنەری حكومەت لە ئاســتی باڵا لێرە بوایە، هەروها بە جۆرێ لە جۆرەكان كۆمەڵێ لە گەنجەكانیان بە ماڵ و مناڵەكانیان لە شاری كفری و كەلار بەجێهێشتووە و بەخۆیان و چەكە سوكەكانی

شانیانەوە بە بێ هیچ پشتیوانییەك بەم زستانە نزیك لە شارەكەیان دەستی داوەتە چەك بۆ تۆڵەسەندنەوەی یاخود گەڕانەوە بۆ شارەكە، كە بە داخەوە من بەوەی نابینم ئەوانە لە بەرابەری هێزێكی پڕ چەكی وەكو حەشدی شەعبی و سوپای عیراقی توانای گرتنەوەی خورماتوو یان هەبێ، خاڵێكی تر كە لە ئێستادا گرنگە ئەو سنوورە وەكو ڕەهەندێكی سەربازی بەخۆوە گرتووە، هەندە لە هێزە پەڕە گەندەكانی داعشیش ئێستا لە سنوورەكانی بە تایبەتی زنجیرە شاخی غەررە و ئەو سنوورانە تا دەگاتە نزیك كفریش ئێستا بە جۆرێكی تر و بە عەلەمێكی تر زیاتر لە دوو سەد سێ سەد چەكداری داعشیش لە سنوورەكەیە، جا بۆیە ئەوە بەو شێوەیە ئاڵۆز كراوە، خاڵێكی تر كە جێی نیگەرانی یە ئەوەیە كە هەم عەبادی وەكو عیراق و لێرەشەوە هەندێ بەرپرسەكانی ئێمە باس لەوە دەكەن موافیق نین لەوەی كە ئاوارەی ئێستای خورماتوو كەركووك بە لێ قەوماو و ئاوارە جەرد بكرێن و ئەو مافە سەرەتایی یە كەمانەی كە بۆ ئاوارە هەیە ئەوان بگرێتەوە، بەڵكو دەبێ بە بێ هیچ پلان و هیچ زەمانەت و هیچ رەد ئیعتیبارێك پێیان دەڵێن فەرموو بگەڕێنەوە سەر ماڵ و موڵكی خۆتان كە لە ڕاستی دا هیچیشیان نەماوە، كە ئەوە جگە لە گاڵتەجاری هیچی تر نیە، حەقە قەزییەی خورماتوو بە جینۆساید بناسرێ و بەڕاستی كاری جیددی لەسەر بكرێ، بەداخەوە لەلایەكی ترەوە كە كورد پشتیوانی زۆری لە دەستداون، نوێنەرانی عیراقیش لە ئەنجومەنی نوێنەرانی ئاسایشی نێودەوڵەتی وای پێشان دەدەن ئەو ڕاپۆرتانەی لە كەركووك و خورماتوو گەیشتوون هیچی ڕاست نییە، دەیانەوێ وای بە ڕای گشتی بگەیێنن كە كورد هیچی لێ نەقەوماوە لە سنوورەكە، ئەوەش كەمتەرخەمی نوێنەرانی كورد نیشان دەدەن كە ڕۆڵێكی لاواز و زەعیفیان هەیە، خاڵێكی تر كە خۆمانیش بەداخەوە وەكو ئەو دامەزراوەیە كە پەرلەمانە هیچمان پێ نەكراوە بۆ خەڵكی لێقەوماوی خورماتوو كە دەزانین هەر هەموویان لە دۆخێكی خراپدان، هەر هەماهەنگی نابینم لە نێوان خۆمان و پەرلەمانانی تر لە بەغدا، بۆیە پێویستە ئەو هەماهەنگیە ببێ، چونكە هەموومان دەزانین شاری دووز شارێكە بریندارە و بۆ ڕێگەچارە لەو دۆخە پشتیوانی نێودەوڵەتی پێویستە لە ئێستادا، زائیدەن هێزی خودی كورد كە برادەران بەشێكیان باسیان لێ كرد وەكو ساڵی 91 بە هێزی چەك دەبێ بسەندرێتەوە، یاخود بە گفتوگۆیەكی جیدی و بەرهەمدارانە لە چوارچێوەی جێبەجێ كردنی ماددەی (140)، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز محمود حاجی عمر جەنابت یەكێكی لەو بەڕێزانەی كە یاداشتتان ئاراستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان كردووە، ئێوە (10) كەسن ئەندامانی پەرلەمان ئێمە چاوەڕوانی ئەوە بووین ئێوە بەڕاپۆرتەوە بێن بەشداری بكەن لەم دانیشتنە، كاك بێستوون فائق، كاك سالار محمود، كاك صالح فەقێ، كاك شوان شێخ أحمد، كاك عمر حاجی عینایەت، كاك فائق مصطفى، كاك أبو كاروان، كاك أبوبكر هەڵەدنی، كاك هەورامان گەچێنەیی، ئێوە یاداشتتان ئاراستە كردووە، لەبەر ئەوە كە جەنابتان دەڵێن ڕاپۆرتمان دەبوو ئاراستەی ئێوە بكەین، خۆتان دەبوایە ئەو ئەركە بكێشن، زانیاری و ڕاپۆرتی پوختە و تێروتەسەل ئاراستەی حازر بكەن بۆ ئەو كۆبوونەوەیە، بەڕێزان لە گفتوگۆ بەردەوام دەبین، بەڕێز سالار محمود، فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ڕاستی دا ئێمە بەر لەوەی باس لە گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا یان هەر لایەنێكی تر بكەین بۆ چارەسەر كردنی ئەو گرفتانەی كەوتوونەتەوە ئێمە پێویستمان بە گفتوگۆیە لەگەڵ خۆمان، ئێمە لە جیاتی ئەوەی كە جەلسەیەك بكەین نەتیجەی نەبێ، ئێمە دەبوو لە جیاتی ئەوە ئێستا ئیقرارمان بكردایە لیژنەی دەستووریمان دابنایە بۆ ئەوەی قانونی حوكم لە

کوردســـتان دابنێین، واتا دەســـتور، بۆ ئەوەی حوکمی قانون هەبێ ئەو ناوچانە ببن بە ناوچەی کوردسـتانی لەسـەر بنەمای دەسـتور لە کوردسـتان دا، لە ڕاسـیتدا ئازاری دوز لە ئەنفال و کیمیاباران قورسترە، بە دەلیلی ئەوەی کیمیاباران و ئەنفال لە سـەردەمی بەعس و صـــەدام رەئیســی جمهور بوو کرا، بەڵام ئێمە خۆمان بەشـــۆکین لە حوکم لە بەغدا و پێگەکانی بەغداش پێویست ناکات ناو بێنم لە سایەی ئەو دەسەڵاتەی کە ئێمە هاوبەشین خەڵکی کوردســتان جینۆســاید دەکرێتەوە، ئەوە دەلیلە بۆ بێباکییەکی گەورەی کۆمەڵگەی کوردســتان، لەو هەموو جینۆســایدانەی دەکرێ و لایزال جینۆســایدی تریش لە پێشــمانە، لەبەر ئەوە سـێ پرسـی زۆر گرنگ هەشـتا سـاڵە لە کوردسـتانی عیراق دا جێبەجێ دەبێ، پرسی تەعریب، پرسی تەرحیل، پرسی تەبعیس لە دوای هاتنی بەعسییەکان، بەڵام ئێستا لە هەموو ئەو ناوچانەی کوردسـتان پرسـی تەرحیل، پرسـی تەعریب، پرسـی تەبعیس گۆڕاوە بە تەشەیوع، بە شیعە کردن، ئێمە دەبێ لە هەڤاڵەکانیشمان لە بەغدا جارێکی تر بپرسینەوە لە جەلسەی پێشووش باسمان کردەوە ئەوانەی دەنگیان دا بە حەشدی شەعبی، ئێستا بێن ڕێگری بکەن لەوەی حەشــــدی شـــەعبی چیتر تەجاوز لەســــەر خەڵکی کەرکووك و دوز و شەنگال و زومار و خانەقین و جێگاکانی تر نەکات، لەبەر ئەوە ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان نابێ هیچ چاوەڕوانییەك لە حکومەتی هەرێمی کوردســـتان بکەین لە ڕاســـتی دا، (فاقد الشيء لايعطيه) لەبەر ئەوە حکومەتی ئێمە لە ئێستادا بەداخەوە بەم گوتارەوە کە هەموو ســـازشــــییەك دەکات بکەوێتەوە گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا، گفتوگۆ لە پێناوی چی؟ لە پێناو ئەوەی تەنها دەرگامان لەگەڵ بکەنەوە، (هل من مزید) شـــتی تر ماوە بە ئێمەی بکەن؟ بەڕێزان نوێنەرانی خەڵکی کوردســـتان، خەڵکی دوز بە دڵنیاییەوە هیچی لە پەرلەمانەکە چاوەڕێ ناکا، لە حوکمڕانی لە کوردســتان لە ئێســتادا بەداخەوە چاوەڕێ ناکا تەنها بریندار نەکرێ، ڕۆژانە لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لە گوتاری سیاسی، لە داپڕانی حیزبە سیاسیەکان زۆر زۆر بریندار دەکرێن، ئەوانە خەڵکانێکن ئاوارەبوون دوای بەرگریەکی زۆری چەند ســاڵە، ئێستاکە دوای ئاوارەبوون هەست دەکەن لە پشتەوە پشتیوانیان کەمە، هاتنی هێزێکی بێ ناسنامەی سێ سەد، چوار سەد کەسی بۆ سنوورێك کە کەس نازانێ ناسنامەکەی چیە؟ مەترسییەکی گەورەیە لەسەر ئەمنیەتی گەرمیان، پەیامم بۆ پەرلەمانی کوردستان ئەوەیە ئەم مەســەلەیە بە جیددی وەرگرن، ئەگەر ئەمنییەتی هەولێر، دهۆك، سلێمانی، هەڵەبجە ســـەرباری نەهامەتییەکان ئەمنیەت هەیە، گەرمیان ئەمنییەتی لەبەردەم مەترســـی دایە پێویســـتە ئەم بابەتە و ئەو مەســـەلەی پەیوەســـتە بە دوزخورماتو بە جیددی وەربگیرێ و سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز ساڵار محمود، بەڕێز د.سرود سلیم، فەرموو.

**بەڕێز سرود سلیم متی:**

**بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمان.**

وێڕای ڕێزگرتن لە هەموو داواکارییەکانی خەڵکی دوزخورماتو و ئیدانەکردنی هەر جۆرێکی تەعەدا و هەڕەشە لەسەر خەڵکی سیڤیلی ئەم دەڤەرە، بە پێویست دەزانین تیشك بخەینە ســـەر بـابەتێـك کە زۆر گرنگە بەڵای منەوە بە تەئکید لای هەمووماـن، ئەوەش بـابەتی ئاشـــتەوایی کۆمەلایەتی یان (الســـلم المجتمعي)، هەمووومان دەزانین کە ئەم دەڤەرە ناســـراوە بە پێکەوە ژیان لە نێوان پێکهاتەکان دا، ئەو ئاڵۆزییە کە لە نێوان پێکهاتەکان دروســـت بووە پاش ڕووداوەکانی (16)ی ئوکتۆبەر زۆر مەترســـیدارە و ڕەنگە ڕۆلێکی نەگەتیڤی هەبێت لە دەرەوەی سـنووری ئەم دەڤەرە، دووپات دەکەین لەســەر ئەوەی کە ئاشتەوایی کۆمەلایەتی بپارێزێت لەم دەڤەرە و بە هەنگاوی جیددی و بەتایبەت لە دەزگای

ڕاگەیاندن و میدیاکان، هەروەها تەئکید دەکەین کە خەڵکی دوزخورماتو قەرەبوو بکرێن ئاسانکاری و ئامادەسازی بکرێ بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان بە زووترین کات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز شیلان شێخ جعفر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستخۆشی و پشتیوانی خۆم بۆ ڕاپۆرتی هەر یەك لە بەڕێزان د.محمد علی و کاك بێستوون فائق و کاك سۆران دەکەم، بۆ ئەوەی کە لە خورماتوو ڕوویدا لەلایەن ئەو گرووپ و تاقم و لایەنانەی بەرامبەر دانیشتووانی کوردەکانی خورماتوو تاوانی دژی مرۆڤایەتی یە، بە مانای وشە مەبەست تێیدا پاکتاوکردنی نەتەوەیە، من سێ پێشنیار دەخەمە بەردەستی بەڕێزتان، یەکەم بە پێی ماددەی (67)ی دەستووری عیراقی سەرۆك کۆمار ئەرکی پاراستنی دەستوورە بۆ ئەوەی لەو ناوچانەی کە ڕوویدا هەمووی پێچەوانەی دەستوورە، پێویستە سەرۆك کۆمار بە ئەرکی دەستووری خۆی هەڵبستێ، دووهەم/ هەوڵ بدرێت ئەو شەهیدە هاوڵاتییانەی کە لە خورماتوو لە شەڕی حەشدی شەعبی دا شەهید بوون مامەڵەی شەهیدانەیان بۆ بکرێت، سێهەم/ خاڵێکی تر کە کاك د.محمد علی و د.فرسەتیش ئیشارەتیان پێدا، منیش جارێکی تر تەئکیدی لێدەکەمەوە بە پێی ماددەی (47)ی پەیڕەوی ناوخۆ داوای دروست کردنی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی ڕاستییەکان بۆ ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز على علي هالو:**

**سوپاس سەرۆکی پەرلەمانی.**

پشتگیریا ناڤەڕۆکا ڕاپۆرتا فراکسیۆنا پارتی دکەم ، پشتگیریا ناڤەڕۆکا د.فرست صوفی دکەم و ڤالا خانی دکەم، ئاخافتنێ من هەمی هە ڤالان بەحس کرن، جارێکی تر بەحس ناکەم زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز فیروز طە، فەرموو.

**بەڕێز فيروز طه عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخافتنێ من هەمووی هاتنە کرن ژ لایێ هەڤاڵێت مە پەرلەمانتار، تنێ من دوێت پشتگیریا ڕاپۆرتا د.محمد علی بکەم لە فراکسیۆنا پارتی هەروەها ڕاپۆرتا هەر سێ لیژنا پشتگیریێ لێ دکەم، پشتگیریا ئاخافتنێت کاك بێستوونی و د.ڤالایێ و د.فرستی و ئاواز خانێ دکەم، ئەزیش داخاز دکەم کە لیژنەکا (تقصي الحقائق) بێتە دروست کرن، کە ئەوێن لێ 16ی ئوکتۆبەرێ هاتیە ڕوودان و سەرڤە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز فیروز گە، بەڕێزان ئاگاداری ئێوەی بەڕێز دەکەم کە بۆ دەنگدان ئاگاتان لەوە بێت وا نەکەن کە نیصاب تەواو نەبێت، دوایی گرفتەك دروست دەبێت بۆ هەموومان، چونکە بەرنامەی کار تەواو دەکەین، زۆر نەماوە، بەڕێز یعقوب جرجيس، فەرموو.

**بەڕێز یعقوب گورگیس یاقو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو تاوانانەی لە دوزخورماتو قەومی، دژایەتیەکا مەزنە بۆ مافی مرۆڤ و سەرپێچی یە لەسەر مافی هاوڵاتیان، ئەویش بە هیچ شێوەیەك نابێتە قبوڵ کرن، ئەم وەکو لیستی رافیدەین لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ئەو تاوانانەی لە دژی بەرژەوەندی و مافی

مرۆڤ و كەرامەتی هاووڵاتی كریە ئیدانە دەكەین، داوا دەكەین كە لیژنەیەكی لێكۆڵینەوە پێك بێت لە نوێنەرانی فیدراڵی عیراق و لە پەرلەمانی كوردستان و هەروەها لە هەردوو حكومەتی عیراق و هەرێمی كوردستان لەگەڵ خەڵكەكی پسپۆر لە یاسا و بەشداربوونی نەتەوە یەكگرتووەكان، ڕاپۆرتی خۆ بۆ لایەنی پەیوەندیدار بنێرن، هەروەها داوا دەكەین گەڕانەوەی بە پەلە بۆ هەمی ئاوارەكان دەكەین، بێنە قەرەبوو كرن لە هەموو زیانەك كە پێیان گەیشتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز یعقوب جرجیس، بەڕێز أیوب عبدالله إسماعیل، فەرموو.

**بەڕێز أیوب عبدالله إسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی لە خورماتوو ڕوویداوە ڕۆژانە بە بەردەوام ڕوودەدات بە پێی ئەو ئامار و دۆكیومێنت و بەڵگانەی بەردەستن تاوانی جەنگ و پاكتاوكردنی تێدایە، بۆیە لە مەرگەساتێكی ئاوا گەورەدا پێویستە ئێمەش لەم كۆبوونەوەیەدا بە بڕیارێك دەربچین نەك بە ڕاسپاردە و لە ئاستی گەورەیی ئەو كارەساتەدا بین، سەرۆكایەتی لیژنە پەیوەندیدارەكانیش ڕابسپێردرێن بۆ بەدواداچوونی ئەو بڕیارەی كە لە پەرلەمان دەردەچێت بۆ جێبەجێ كردنی، بۆ بڕیارەكەش ئەم پێشنیارانەم هەیە:

1 قایمقامی خورماتوو ئیدارەی ئەوێش پێش رووداوەكانیش (16) ئۆكتۆبەر زۆر هاواریان كرد حكومەت لایەكیان لێ بكاتەوە و ئێستاش كاتی ئەوەیە حكومەتی هەرێمی لەو بێ وەزعی و سەرمایە و لەو نەهامەتیە فریایان بكەوێ و بودجەیەكی باش تەرخان بكات بۆ ئەوەی لە سەرمای زستان بەفریایان بكەون.

2- لیژنەی راسپێردراو لەگەل ئەندامانی پەرلەمانی عێراقی ئەو سنوورە لە فراسكیۆنە كوردیەكان لەگەل سەرۆكی كۆمار و سەرۆكی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق دابنیشن و و لەسەر گفتوگۆكانی نێوانی هەرێم و بەغدا راوەنەستن، چاوپێكەوتن ساز بكەن بۆ ئەوەی لەوێ بریار بدەن یەكەم بۆ ئاسایی كردنەوەی دۆخی خورماتوو و گەرانەوەی خەڵكەكەی، دووەم قەرەبوو كردنەوەی خەڵكبۆ ئەو هەموو زەرەر و زیانەی بەریان كەوتووە لەلایەن حكومەتی عێراقیەوە، خاڵێكی تر پشتیوانی لە پێشنیاری دكتۆرە (ڤاڵا، بەهار) ئەكەم حەقە بكرێنە سكاڵایەك لە دادگای فیدراڵی عێراق لەسەر ئەو پێشێلكارییە دەستووریانەی كراون، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك ئومێد.

**بەرێز ئومێد حەمە علی:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو بارودۆخە زۆر مایەی نیگەرانیە، ئەموێ بەو پرسیارە دەست پێ بكەم، خەریكە ئەبینە نەتەوەیەك كە تەنیا سەرقالی دۆكۆمێنت كردنی مردنی خۆمان بین، ئەوە كێشەیەكی جەوهەریە ئەبێ هۆكارەكانی بیر لێ بكەینەوەن پێم وایە ئەبێ لەسەر چەند ئاستێك هەلوێست وەرگرین:

1 پەرلەمانی كوردستان بانگهێشتی كونسولی هەموو وڵاتان لە هەولێر بۆ كۆبوونەوەیەكی خێرا بكات لەسەر مەوزوعی خورماتوو، ئەكرێ بەشداری بە سەرۆكی فراكسیۆنەكان و ئەوە كۆبوونەوەیەكی جدی ئەبێ داوای هەڵوێستی راستەقینە لە هەموو ئەو وڵاتانە بكرێ كە لێرە نوێنەرایەتیان هەیە.

2- پشــتیوانی هەموو ئەو قسـانە ئەکەم کە لە بارەی راســتپاردنی حکومەتەوە فشـار بۆ حکومەتی هەرێمی کوردســتان یەکەم لە مەسـەلە بە دەمەوە چوونی ئاوارەکان، دووەم، مەسەلەی خستنە رووی هەموو تواناکانی حکومەتی هەرێمە بۆ قسە کردن لەگەل وڵاتان و راسـپاردنی لایەنی پەوەندیدار لە حکومەتی هەرێم بۆ تایبەتمەندی پێدان لە مەسـەلەی خورماتوو ئەو تاوانانای روودەدەن.

3- لیژنەیەك پێ بێت زۆریپك لە هاورێیانم باســیان کرد (برۆز مەجید و کاك بێســتون) پشــتیوانی لە قســەکانیان ئەکەم هەندێ هاورێی تریش، بۆ هەموو ئەو کێشــە و پێشـێلکارییانە و لەسـەر ئاسـاسـی راپۆرتێك کە ئەو لیژنەیە دەریئەخات قسـە لەگەڵ نوێنەرانی کوردســتان لە بەغدا گفتوگۆ بکرێ و ئەوان راســپێرین بۆ پێکهێنانی لیژنەیەك تایبەت بۆ سـەردانی کردنی هەموو هێزە سـیاسـیە عێراقیەکان لە بەغدا و بۆ سـەردانی کردنی هەموو سەفارەتەکانی وڵاتان لە بەغدا، بە جدی تەماشا کردنی مەزوعی خورماتوو و ئەو پێشێلکارییانەی کە رویانداوە،.

4- کێشـەی خورماتوو کێشـەی ئاوارە نیە، کێشـەیەکی سـپاسـی و نیشـتیمانی سـەربازی دەستوورییە، لە چوارچێوەی دەستووری عێراق ئەبێ هەوڵی چارەسەری بدەین، جیا لەوە پەرلەمانی کوردســتان ئەتوانێ قســە لەگەل پەرلەمانی وڵاتە دیموکراتەکان بە تایبەتی رۆژئاواییەکان بکات بۆ ئەوەی لە رێگەی پەرلەمانی ئەو وڵاتانەشــەوە بتوانین فشــار لە وڵاتان بکەین کە کاریگەرییان لەسەر بارودۆخەکانی ئەو ناوچەیە و بەتایبەتی عێراق هەیە.

5- ناکۆکی ناوخۆیی و مامەڵەی حیزبی و نەبوونی بریاری دەستە جەمعی دامەزراوەیی لە کوردســتان بەشــێکی کاریگەرە لەو هۆکارانەی دۆخی ناوچە کوردســتانیەکانیان بە رۆژی ئەمرۆ گەیاند، بۆیە بە پێویســتی ئەزانم پەرلەمانی کوردســتان بە تایبەت بۆ ئەو ناوچانە بریارێك دەر بکات و قەدەغەی مامەڵەی حیزبی بکات و دەسـتەبەری یەك گوتاری لەسـەر ئەساسی یەکریزی نیشتیمانی بچەسپێنێ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سـوپاس، فەرموو کاك ئەیوب. بەرێز ئەیوب عبداللە رسـول، لە دەرەوەیە، خاتوو کەژاڵ؟ لە دەرەوەیە، خاتوو شوکریە.

**بەرێز شکریە اسماعیل مصطفی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆربەی قسـەکانم کرا، پاڵپشـتی سـەرجەم هاورێیانم ئەکەم، شـتی باشـیان باس کرد، بەڵام ئەمەوێ ئاماژە بە سـێ خاڵ بکەم، دیارە گفتوگۆ زۆر کرا لەسـەر ئەو دۆخە نالەبارە کە جێی نیگەرانی هەموومانە، بەڵام چی بکرێ بۆیان؟

1 پێم باشــە هەوڵ بدرێ لە رێگەی نوێنەرانمان لە پەرلەمانی بەغدا بودجەیەکی شــیاو لە بودجەی (2018) بۆ ئاوارەکان و قەرەبوو کردنەوەی زیان لێکەوتووانی خورماتوو بکرێ.

2- تۆمار کردنی سکاڵا لە رێگەی نوێنەرانمان لە دادگای فیدرالی لەسـەر هەموو ئەو کەس و لایەنەی کە بوونەتە هۆکاری تاوانکاری و وێرانی لە خورماتوو.

3- تەرخان کردنی بودجەیەکی شــیاوی مانگانە لەلایەن حکومەتی هەرێم ئەگەر بۆ نوونە چەند ملیۆن دۆلارێکی کەمیش بێ، بەڵام بۆ ئەوان شــتێکی باشــە، چونکە بەپێی زانیاری ئێمە کە ناســیاومان هەیە لەوێ دۆخیان خراپترە لەوەی ئەزانین، جا ئەو هاوکارییە مانگانە بۆ دابین کردنی پێویسـتیە سـەرەتایی و هەنووکەیەکانیان بێ کە ئێسـتا لە بارودۆخی زۆر دژوار دان، پێم باشە ئەگەر ئەو بودجەیە تەرخان کرا بە شێوەی پارە بدرێ بۆ ئەوەی ئەزانن پێداویستیە سەرەتایی و هەنووکەیەکان چیە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك عبدالرحمن.

**بەرێز عبدالرحمن علی رضا:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش هەموو شـتێ رەخنەیەك لە خۆمان ئەگرم، پەرلەمانی کوردسـتان و پەرلەمانتاران سـەیری قاعە بکەی پێم وابێ (45، 46) ئەندامی تێدایە کە ئەوە عەیبەیەکی گەورەیە لە بابەتێکی ئاوا پەرلەمانتار ئامادە نەبێ، بەڵام ئاوارەیەکی زۆر لەبەر باران و سـەرما لە ناو خێمە لە دەشـتی گەرمیان بمێنێتەوە، بۆیە لە خۆمانەوە دەسـت پێ ئەکەم زۆر خراپ بوو، دوو، پێم وایە وەکو نەمانتوانی خاك و خەلکی خورماتوو ناوچەکانی تر داگیکردن و کوشتن و تاڵانکاری و سوتاندن بپارێزین، ئێستا پێویستە ئاوارەکانی خورماتوو و ناوچەکانی تر ژیان و گوزەرانی شـەرەفمەندانەیان بۆ فەراهەم بکەین، بەداخەوە نەیەڵین سـەرمایان ببێ و وەکو ئەو منالەی لە سـەرمان رەق بوویەوە و گیانی سـپارد، ئەوەش عەیبەیەکی گەورە بوو، خۆ ئەوە لە خورماتوو و شـوێنەکانی تر نەبوو، دووەم، بەرێزان ئەزانین مەسـەلەی خورماتوو گرفتەکانی خورماتوو هینی (16) ئۆکتۆبەر و رۆژانی دواتر نیە، خورماتوو گیری خواردبوو و کەوتبووە نێوانی حکومەتی ناوەند و حکومەتی هەرێم، نە هەرێم خۆی بە خاوەنی ئەزانی نە ناوەندیش خۆی بە خاوەنی ئەزانی، ئێمە وەکو فراکسـیۆنی خۆمان یەکەمین سەردانمان لە دوای ئەوەی سوێندمان خوارد لە (25_11_2013) سەردانێکی ئەو شـارەمان کرد، لە راسـتیدا هەر ئەوکات زانیمان خورماتوو خوێنی لەبەر ئەچۆرێ، هەر ئەوکات دۆخێکی نالەبار و ناهەموار باڵی کێشاوە بەسەر خورماتوو، تەنانەت لەگەڵ بەرێز (شـەلال) لە کۆبوونەوە بووین وەکو فراکسـیۆن وەکو ئەو پەرلەمانتارانە گوێمان لە تەقینەوە بووە، نەمانتوانی سـەردانی بازار و ناوچە گشـتیەکان بکەین، لەبەر ئەوەی دۆخێکی ناهەموار باڵی کێشـاوە بەسـەر خورماتوو، بۆیە ئەم بابەتە لە راسـتیدا کەمتەرخەمی زۆری بە تایبەت ئێمە خورماتوو بە شارێکی کوردستانی ئەزانین بەرپرسانی باڵای هەرێمی کوردسـتانی تێدایە، خورماتوو بە تەواوی فەرامۆش کرابوو، چی بکەین باشە؟ پێم وایە ئەوەی پێویستە لە ئێستا بیکەین زۆر قسە لەسەر ئەوە کرا بەرێز سەرۆك کۆمار کوردە و پارێزەری دەستوورە و دەستووریش ئەزانین چۆن پێشێل کراوە، بۆیە ئەکرێ لانی کەم (45-50) رۆژە ئەو حالەتە رویداوە هەرەشـەیەکی باکۆت کردنی بکردایە بە پرۆسـەی سیاسی بە ناوی هەموو کوردەوە لە بەغدا، نالێم شیعەکان یان سوونەکان لە بەغدا پاڵپشتمان ئەبوون، بەڵام لانی کەم لە ئاستی نێودەوڵەتی و لە یوئێن و ئەنجوومەنی ئاسایش دەنگدانەوەی زۆری ئەبوو، دووەم، بە تەنیا بە پەرلەمانی کوردستان هیچ ناکرێ و جگە لە دەردە دڵی هیچی تر نیە، ئەگەر لەگەڵ پەرلەمانتار و فراکسـیۆنە کوردییەکانی بەغدا شت نەکەین، پێویستە ئەو لیژنەی دانووستانکارییەی دروست ئەکرێ نوێنەری ناوچە دابرێنراوەکان بە تایبەت خورماتووی تێدابێ، چونکە پەندی کوردی هەیە (بە سەد حەکیم بە قەد دەردەداری نازانێ)، ئێمە پێویسـتە نوێنەری ئەو ناوچانە لە نێوان ئەو لیژنە دانووستانکارییە هەبێ کە ئەچن بۆ دانووستان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ڤەمان.

**بەرێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەقیەت ئەو ئەحداسێن کو خورماتوو و ناوچێت دییەن کوردستانێ رودابن ئەوی سورەتێ حەقیقی نیشان دان کو دەستەلاتێن یئێك دیڤ ئێك چەندە ترسنۆکن، چونکی بتەنێ ئەڤ کارێ وەحشـیگەری ژ وان جیهەت و لایەنێ دەردگەڤن گەلەك جەبان و ترسـنۆك ، چونکی ئەڤە ل جیهەتەکی یـان دەسـتەڵاتەکی نـاڤەشـێت دیعـایەت دیموقراتی بکەت کو ل دەمەکیدا بانگەشە بۆ پرۆسێت هەلبژاردنێ دکەت و مەسدەرێ قوەتا خۆ بزانیت، ل هەمان دەم رابیتن ب قر کردن و سـوتاندنا سـەر و ماڵێ مرۆڤ و هاوولاتیان خۆوە، براسـتی هەلوێستێ وان دەولەتا ڤێ ئومەمل موتەحیدە و دیسان ئەو موشتەقاتێ دەرکەڤیت کو رێبەرێن پاراسـتنا مرۆڤینە ل سـەرانسـەرێ جیهانێ کو دەمەکیدا بێ دەنگی ئێجگار مەزن نیشـان دان دیڤ سـەر ڤان کارەسـاتێن دەرحەق میلەتێ کوردستـانێ هەی، دیسـان ڤە ژی رەخنێ ژی وان دەولەتا دگرین کو بۆ فلستین و رۆهینگا رۆندکا دبارینن و بەرامبەردا بۆ ئەو کوردە موسـلمانێن کو خۆرماتوو و کەرکیکێ و مەنتەڤێن تری دەسـتێ شـیعە و هەڤاڵ بەندێت وان دێنە شـەهید کرنێ، نەك تنێ هەلوێسـتەکی وەرناگرن بەلکو ئاخافتەنەکیش نایننن سـەر زمانێن خۆ، من دڤێت ئیشـارەتێت ب هەندێ بدەم کو ژ ڤێ چەندێت دیار بیتن کو ئەڤ دەولەتا عێراقێ نە دەولەتەکا ب قانونێ دروسـت بوویە نە ژی زمانێ قانونێ تێتگەهەتن ل دیڤ وان نسووسێن هەڤاڵێت مە دکتۆرە (ڤالا)ی ئیشارەت پێدای، من پتڤێتن پشـتیوانیا ڤان بەرێزا بکەم کو بەحسـێ هەندێ کری فیعلەن ئەبێ حوکمەت چارەکا بەپەلە وەزعێن وان بکەت، ڤێتدڤایەت سەرەتایی بۆ وان کەسێن دەربەدەر بین ژ ماڵێن خۆ و سەر و ماڵێن خۆ بەجێهێلای، پێتڤیت هەماهەنگی جدی هەبیتن ناڤبەرا ما و پەرلەمانێ عێراقێ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو هێڤا خان.

**بەرێز هێڤا حاجی میرخان.**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسـەکانی من کرا، پشـتگیری لە دکتۆر (علی) دکتۆرا (ڤالا) دکتۆر (فرسـت) و کاك (سـالار) ئەکەم.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك فەرحان، لە دەرەوەیە، فەرموو کاك ئەنوەر.

**بەرێز انور قادر مصطفی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو کارەسـات و نەهامەتیانەی کە لە خورماتوو رویداوە کاری تازەی دەسـتڵاتدارانی عەرەبی نیە، بەڵکو وڵاتی عێراق لە سـەرەتای دروسـت بوونیەوە کە بەهێز بوون پەلاماری کوردستانیان داوە، پێم وایە تاکە چارەسەریش بۆ ئەو کێشە و سەرجەم کێشە نەتەوەیی و سـیاسـیەکانی کوردسـتان تەنیا یەکریزی و پتەوی نێومالی کورد و هێزێکی یەکگرتووی پێشمەرگە و ملکەچ بوون بۆ یاساکانە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، پوختەیەکی ژیرانە، فەرموو کاك کەمال.

**بەرێز کمال یەلدا مرقوز:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کارەسـاتی شـنگال و دەشـتی نەینەوا و چەند موحافەزەی عێراقی کە دەربەدەر بوون زۆربەیان لێ کوژران کێشەکەیان وەکو کێشەی خورماتووە، دەربەدەر و خانوو سوتاو، بەس فەرقەکی هەیە کە خورماتوو بەهێز و سـوپای عێراقی جینۆسـاید کراوە، ئەوەش خیلافی دەستوور عێراق و کوردستانە، نە عێراق موئەحەدە و نە کورد و عەرەبیش برا ئەبن، بە هیچ

شـێوەیەك پرۆسـەی پێکەوە ژیان ئەنجامی نەداوە لە عێراق، هیوادارم لە کوردسـتان ئەو پرۆسە بپارێزین، پێشنیار ئەکەم لیژنەیەك دروست بکرێ بلە یوئێن و یۆنامی و پەرلەمانی کوردســتان و پەرلەمانی عێراق کە بە شــێوەیەکی گفتوگۆ یانە کێشــەکە حەل بکرێ و قەرەبووی ئەو کێشــە بکرێ و بە جینۆســاید جیســاب بکرێ، چونکە هەر نامەی گفتوگۆ سەکەوتوو ئەبێ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سـوپاس، ئێمە مافی کاك ئەیوب ئەگەڕێنینەوە، یەکەمجارە بەشـدرای ئەکات لە گفتوگۆی ناو هۆلی پەرلەمان، فەرموو.

**بەڕێز ئەیوب عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە وەك هاوکاران باسیان کرد هیچ هێز و لایەنێك نیە ئینکاری بکات لەو پێشێلکارییانەی هێزەکانی عێراقی لەو ناوچانەی ئەنجامیان داوە لایەزال بەردەوامی هەیە، بۆیە داوا ئەکەم ئەو رێکارانە بگیرێتە بەر:

1 لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە داوا لە حکومەتی عێراقی بکرێ کە ئەو پرۆسە درندانەی بەرامبەر هاوولاتیانی کورد ئەکرێ وەلابنرێ کە هەرچی زووە رابگیرێت.

2- لەلـایەن پەرلەمـانی کوردســتـانەوە داوا بکرێ لە رێکخراوەکـانی جیهـانی و نەتەوە یەکگرتووەکان کە بێنە دەنگ لەو پێشێلکارییانەی بەرامبەر گەلی کورد لەو ناوچانە ئەکرێ.

3- داواکـارم کە داوامـان بخەینە پـال دەنگی داوای ئـاوارەکـانەوە کە داوا ئەکەن لە ژێر چاودێری هێزی ئاشتی پارێز بگەرێنەوە ناوچەکانیان، چونکە وەکو خۆیان ئەڵێن لە بیری تۆڵە کردنەوە نین لەو کەسانەی ماڵەکانیان تالان کردووە، بەڵام ئەیانەوێ کە چوونەوە بۆ شاری خۆیان گرەنتی ئەوەیان پێ بدرێ لە گێچەڵ و تەنگ و چەڵەمە بە دوور بن، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ســـوپاس، گفتوگۆ کۆتایی هات، داوا لە هەردوو لیژنە ئەکەین، لیژنەی ماددەی (140) و ناوچە کوردســـتانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لەگەل لیژنەی مافی مرۆڤ پێکەوە ئەو زانیاریانە بە شـێوازی راسـپاردە ببینن، دەرفەتیان پێ ئەدەین بچنە ئەو هۆڵەی نزیك ئێمە ئەوەی ماددەی (140)، کاتیان ئەدەینێ، ســەعاتێك یان کەمتر، دانیشــتنەکە بەردەوام ئەکەین، داوا لە لیژنەی یاسایی ئەکەین بێنە سەر مینەسە بۆ ئەوەی برگەی سێیەم گفتۆگۆ بکەین، هەردوو لیژنە، لیژنەی یاسـایی و لیژنەی شـارەوانی، فەرموو شـوکریە خان نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز شکریە اسماعیل مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشــنیار ئەکەم ئەو پرۆژە یاســایە لەبەر ئەوەی پێویســتی بە گفتوگۆی زۆر هەیە ئەگەر لەگەل راسپاردەکان هەڵگیرێ بۆ بەیانی سعات (10) زۆر باش ئەبێ.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز شکریە، خاڵی تری نیزامی هەنە، بەڕێز کاك محمود، فەرموو.

**بەڕێز محمود عمر صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من ویستم ئەوە بڵێم بەڵام پشتگیری تەواوی شکریە خان دەکەم، ئەوە زۆر باشە، چونکە ئەوە پێموایە دەخایێنێ و کاتەکەش درەنگە و ئەو بەڕێزانەش پێموابێ ماندوون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز منیرە، فەرموو.

**بەڕێز منیرە عثمان علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری قسەکەی شکریە خان و کاك محمود دەکەم.

**بەڕێز د.جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەو پێشنیارە دەبێت بخرێتە دەنگدان، بەڵام هەر بۆ ڕوونکردنەوە، خاڵی تری نیزامیش هەنە کاك بهزاد داوای لێ دەکەم خاڵی نیزامی خری بڵێ ئینجا من ئەو ڕوونکردنەوە بە ئێوەی بەڕێز دەدەم.

**بەڕێز بهزاد درویش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا بە حوکمی ئەوەی بەشداربین لە دوو کۆبوونەوەی لیژنا یاسایی و شارەوانی و لیژنا یاساییش سێ کۆبوونەوە لەسەر ئەڤ بابەتێ کرنە، دیڤ قەناعەتێ من شەخصی ئەز دبێژم زۆر ناخایێنێت مەعنای نیە کە موداخەلە نەکەن، با هەر یەك ئەندام پەرلەمان تەبعەن ئازادن خۆتان دەزانن بە پێی پەیڕەو، بەڵام بە قەناعەتی خۆم زۆر ناخایێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز بەهزاد درویش، بەڕێزان هەر بۆ ئاگاداری ئێوەی بەڕێز بەیانی ناکرێت، یەعنی دانیشتن بۆ بەیانی ناکرێت، چونکە بەیانی چەندین کۆبوونەوە دانراون، هی لیژنەکان دەبێت بەیانی بکرێت، دەبێت دوا بخرێت بۆ حەفتەی داهاتوو، لاریمان نیە بۆ حەفتەی داهاتوو دوابخرێت، بەڵام ئەم بابەتە ئێمە وا دەبینین ئەگەر ئێمە تۆزێك پەلەی لێ بکەین دەتوانین پەلە کردن ئەوەی بەکرێدانی خانوو و بەرە کۆنە، یەعنی زۆر موناقەشە هەڵناگریت، خوێندنی یاساکە زۆر موناقەشە هەڵناگریت، بابەتێکی یاسایی صرفە، لایەنی پەیوەندیدار بەشدار بووە، ڕاسپاردەکانیش ئێوە موناقەشەی خۆتان کرد هەر دەنگدان دەمێنێت، لەبەر ئەوە ئەگەر لای ئێوە پەسند بێت ئێمە بەردەوام دەکەین، بەڕێزان تا ڕاسپاردەکان بێنەوە، ئێمە بەردەوام دەبین، گفتوگۆی پرۆژە یاسای هەمواری دووەمی پیادەکردنی یاسای بەکرێدانی خانوو و بەرە ژمارە (87)ی ساڵی 1979 هەموارکراو، تکایە گوێ بگرن بە پێی ماددەکانی (72) و (74) و (75) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو، داوا لە سەرۆکی لیژنەی یاسایی دەکەین فەرموون پرۆژەکە بخەنە ڕوو، فەرموو د.ڤاڵا.

**بەڕێز ڤاڵا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز د.بەهار پرۆژەکان دەخوێنێتەوە و دواییش من ڕاپۆرتی لیژنە.

**بەڕێز د.جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، سوپاس، فەرموو د.بەهار.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای هەمواری دووەمی پیادە کردنی یاسای بەکرێدانی خانوو و بەرە ژماە (87)ی ساڵی 1979ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان-عیراق:

**-ماددەی یەکەم/** ماددەی سـێیەم لە یاسـای بەکرێدانی خانوو و بەرە ژمارە (87)ی سـاڵی 1979ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان-عیراق لە کار دەوەستێنرێ.

**-ماددەی دووەم/** ئەو گرێبەستانەی بەکرێدانی خانوو و بەرە بۆ مەبەستی نیشتەجێبوون یان غەیری نیشـــتەجێبوون لە دوای 2008/7/15 مۆرکراون دەکەونە ژێر کاری حوکمەکانی یاسای شارستانی ژمارە (40) ساڵی 1951ی هەموارکراو.

**-ماددەی سـێیەم/** ئەگەر ئەو گرێبەســتانەی بەکرێدانی خـانووبەرە بۆ مەبەسـتی نیشـــتەجێبوون یان غەیری نیشـــتەجێبوون پێش 2008/7/15 مۆر کراون دەکەونە ژێر کاری حوکمەکانی یاسـای شـارسـتانی ژمارە (40)ی سـاڵی 1951ی هەموارکراو بە مەرجی پابەند کردنی بەکرێدەر و کرێچی بە مۆر کردنی گرێبەستێکی بەکرێدانی نوێ کە ماوەکەی لە سێ ساڵ کەمتر نەبێ، بە کرێیەك کە هەردوولا لەسەری ڕێك دەکەون.

**-ماددەی چوارەم/**

1-ئەگەر هەردوو لایەنی گرێبەسـتەکە ڕێك نەکەوتن لەسـەر بڕی کرێ کە بە پێی ماددەی سـێیەم لەم یاســایەدا هاتووە هەردوو لایەن یان لایەکیان مافی هەیە پەنا بەرێتە بەر دادگاکانی بەرایی بۆ مەبەستی دیاری کردنی بڕی کرێ کە لە ڕێگەی لیژنەیەك کە پێك دێت بە سـەرۆکایەتی دادوەری دادگاکە و ئەندامێتی نوێنەری هەر یەك لە بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی تایبەتمەند و بەڕێوەبەرایەتی باجی خانووبەرەی تایبەتمەند و بە کرێدەر و کرێچی.

2-بڕیاری لیژنەی پێکهێنراو بە پێی بڕگەی (1)ی ئەم ماددەیە شیاوی پێداچوونەوەیە لەلایەن دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەکە بە سـیفەتی پێداچوونەوە لە ماوەی 15 ڕۆژ لە ڕۆژی دوای دەرچوونی بڕیارەکە و بڕیاری دەرچوو بە بنبڕ دادەنرێت.

**-ماددەی پێنجەم/**

1-حوکمی ماددەکانی سـێیەم و چوارەمی ئەم یاســایە جێبەجێ دەکرێت بەسـەر ئەو داوایانەی کە لەبەردەم دادبینی دان یان بڕیاری چۆڵ کردنییان بۆ دەرچووە و پلەی بنبڕیان وەرنەگرتووە.

2-وەسـتاندنی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی چۆڵ کردن کە پلەی بنبڕیان وەرگرتووە بەپێی حوکمەکانی یاسای ژمارە (9)ی ساڵی 2008 دەرچوون لە ماوەی بەرکاربوونی جێبەجێکراون لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەکانی جێبەجێکردن.

**- ماددەی شـەشـەم/** کار بە هیچ دەقێکی یاســایی یان بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

**ماددەی حەوتەم/** پێویسـتە لەسـەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

ماددەی هەشـتەم/ ئەم یاسـایە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە.

**هۆیەکانی دەرچوواندن:**

بە لەبەر چاوگرتنی ئەو گۆڕانکارییە ئابووری و کۆمەلایەتیانەی هاتۆتە ئاراوە لە پێناوی هێنانەدی دادپەروەری و هاوسـەنگی لە نێوان بەرژەوەندی هەردوولایەنی گرێبەسـتی بە کرێدان و بۆ ڕەخساندنی زەمینە سازی لەبار بۆ گەشەپێدان و سەقامگیری کۆمەلایەتی ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سـوپاس بۆ بەڕێز د.بەهار، جێگری سـەرۆکی لیژنەی یاسـایی، ئێسـتا دەسـت بە گفتوگۆ دەکەین، ماددە بە ماددە، بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی ماددەی یەکەم.

**بەڕێز ڤالا فريد إبراهيم:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
**بابەت/ ڕاپۆرتی هاوبەش سەبارەت بە پرۆژە یاسای هەمواری دووەمی پیادەكردنی یاسای بەكرێدانی خانووبەرە ژمارە (87)ی 1979ی هەمواركراو لە هەرێمی كوردستان-عیراق**
لیژنەی كاروباری یاسایی و لیژنەی ئاسەوار و خزمەتگوزارییەكانی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشت و گوزار رۆژی دووشەممە ڕێكەوتی (2017/11/27) كۆبوونەوەی هاوبەشیان ئەنجام دا بۆ تاوتوێ كردنی هەردوو پرۆژە یاسای ڕاگرتنی كاركردن بە یاسای بەكرێدانی خانووبەرە ژمارە (9)ی ساڵی 2008 كە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش كراوە، دوای خوێندنەوەی یەكەمی لە دانیشتنی ژمارە (1) لە ڕۆژی شەممە بەرواری (2017/9/23) ڕەوانەی لیژنەكەمان كراوە، پرۆژە یاسای هەمواری دووەمی پیادەكردنی یاسای بەگرێدانی خانووبەرە ژمارە (87)ی ساڵی 1979ی هەمواركراو لە هەرێمی كوردستان-عیراق كە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش كراوە، دوای خوێندنەوەی یەكەمی لە دانیشتنی ژمارە (5) لە رۆژی چوارشەممە بەرواری (2017/11/15) ڕەوانەی لیژنەكەمان كراوە، دوای گفتوگۆ و تاوتوێ كردن لیژنەكان گەیشتنە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:
یاسای هەمواری دووەمی پیادەكردنی یاسای بەكرێدانی خانووبەرە ژمارە (87)ی ساڵی 1979ی هەمواركراو لە هەرێمی كوردستان-عیراق:
**-ماددەی یەكەم/** ماددەی سێیەم لە یاسای بەكرێدانی خانوو و بەرە ژمارە (87)ی ساڵی 1979ی هەمواركراو لە هەرێمی كوردستان-عیراق لە كار دەوەستێنرێت و ئەوەی خوارەوە جێگای دەگرێتەوە:
1-ئەو گرێبەستانەی بە كرێدانی خانووبەرە بۆ بەستنی نیشتەجێبوون یان غەیری نیشتەجێبوون كە دوای 2008/7/15 گرێدراون دەكەونە ژێر كاری حوكمەكانی یاسای شارستانی ژمارە (40)ی ساڵی 1951ی هەمواركراو.
2- ئەو گرێبەستانەی بەكرێدانی خانووبەرە بۆ مەبەستی نیشتەجێبوون یان غەیری نیشتەجێبوون پێش 2008/7/15 گرێدراون و ماوەكەیان كۆتایی پێهاتووە بە پێی ڕێككەوتن یان بە حوكمی یاسا دەكەونە ژێر كاری حوكمەكانی یاسای شارستانی ژمارە (40)ی ساڵی 1951ی هەمواركراو بە مەرجی پابەند كردنی ئیلزامكردنی بەكرێدەر و كرێچی بە گرێدانی گرێبەستێكی بەكرێدانی نوێ كە ماوەكەی لە چوار ساڵ كەمتر نەبێت، بە كرێیەك كە هەردووڵا لەسەری ڕێك دەكەون.
**-ماددەی دوو/**
1-ئەگەر هەردوو لایەنی گرێبەستەكە ڕێك نەكەوتن لەسەر بڕی كرێكە بە پێی ماددەی یەك (دووەم) لەم یاسایەدا هاتووە هەردوو لایەن یان لایەكیان مافی هەیە پەنا بەرێتە بەر دادگاكانی بەرایی بۆ مەبەستی دیاری كردنی بڕی كرێ كە لە ڕێگەی لیژنەیەك كە پێك دێت بە سەرۆكایەتی دادوەری دادگاكە و ئەندامێتی نوێنەری هەر یەك لە بەڕێوەبەرایەتی تۆماركردنی خانووبەرەی تایبەتمەند و بەڕێوەبەرایەتی باجی خانووبەرەی تایبەتمەند.
2-بڕیاری لیژنەی پێكهێنراو بە پێی بڕگەی یەكەمی ئەم ماددەیە شیاوی پێداچوونەوەیە لەلایەن دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەكە بە سیفەتی پێداچوونەوە لە ماوەی 15 ڕۆژ لە ڕۆژی دوای دەرچوونی بڕیارەكە و بڕیاری دەرچوو بە بنبڕ دادەنرێت.
**-ماددەی سێ/**

1-حوكمی مادده‌كانی یه‌ك (دووه‌م) و مادده‌ی (2)ی ئه‌م یاسایه جێبه‌جێ ده‌كرێت به‌سه‌ر ئه‌و داوایانه‌ی كه له‌به‌رده‌م دادبینی دان یان بڕیاری چۆڵ كردنییان بۆ ده‌رچووه و پله‌ی بنبڕیان وه‌رنه‌گرتووه.
2-وه‌ستاندنی جێبه‌جێ كردن (إيقاف تنفيذ) حوكمه‌كانی چۆڵ كردن كه پله‌ی بنبڕیان وه‌رگرتووه به‌پێی حوكمه‌كانی یاسای ژماره (9)ی ساڵی 2008 ده‌رچوون له ماوه‌ی به‌ركاربوونی جێبه‌جێكراون (منفذه) له‌لایه‌ن به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تییه‌كانی جێبه‌جێكردن.
-**مادده‌ی چواره‌م/** له یاسای به‌كرێدانی خانووبه‌ره ژماره (87)ی ساڵی 1979ی هه‌مواركراو له هه‌رێمی كوردستان-عیراق كار ده‌وه‌ستێنرێت و ئه‌وه‌ی خواره‌وه جێگه‌ی ده‌گرێته‌وه:
نابێ سالآنه‌ی ئه‌م خانووبه‌رانه‌ی له حوكمه‌كانی مادده‌ی یه‌ك (دووه‌می ئه‌م یاسایه) ده‌یانگرێته‌وه له‌م ڕێژانه‌ی خواره‌وه زیاتر بن:
1-(4%) به‌های گشتی ئه‌و خانووبه‌ره یان شوقانه‌ی بۆ نیشته‌جێبوون ئاماده‌كراون بۆ ئه‌و مه‌به‌سته‌ش به‌كرێ ده‌درێن.
(6%) به‌های گشتی ئه‌و خانووبه‌ره یان ئه‌و شوقانه‌ی كه ژوور به ژوور بۆ نیشته‌جێ به‌كرێ ده‌درێن.
(6%) به‌های گشتی ئه‌و خانووبه‌ره یان شوققانه‌ی كه بۆ مه‌به‌ستی غه‌یری نیشته‌جێبوون به‌كرێ ده‌درێن.
**مادده‌ی پێنجه‌م/**
یاسای ژماره (9)ی ساڵی 2008 و یاسای ژماره (16)ی ساڵی 2010 دا هه‌ڵده‌وه‌شێته‌وه.
**مادده‌ی شه‌ش/**
كار به هیچ ده‌قێكی یاسایی یان بڕیارێك ناكرێت كه له‌گه‌ڵ حوكمه‌كانی ئه‌م یاسایه ناكۆك بێت.
**مادده‌ی حه‌وت/** پێویسته له‌سه‌ر ئه‌نجومه‌نی وه‌زیران و لایه‌نه په‌یوه‌ندیداره‌كان حوكمه‌كانی ئه‌م یاسایه جێبه‌جێ بكه‌ن.
مادده‌ی هه‌شت/ ئه‌م یاسایه له ڕۆژی ده‌رچوونییه‌وه جێبه‌جێ ده‌كرێت له ڕۆژنامه‌ی فه‌رمی وه‌قائیعی كوردستان بڵاوده‌كرێته‌وه.
**هۆیه‌كانی ده‌رچوواندن:**
به له‌به‌ر چاوگرتنی ئه‌و گۆڕانگارییه ئابووری و كۆمه‌لایه‌تییانه‌ی هاتۆته ئاراوه له پێناو هێنانه‌دی دادپه‌روه‌ری و هاوسه‌نگی له نێوان به‌رژه‌وه‌ندی هه‌ردوولایه‌نی گرێبه‌ستی به كرێدان و بۆ ڕه‌خساندنی زه‌مینه سازی له‌بار بۆ گه‌شه‌پێدان و سه‌قامگیری كۆمه‌لایه‌تی ئه‌م یاسایه ده‌رچوێندرا.
**به‌ڕێز جعفر إبراهيم ئێمنیكی/ جێگری سه‌رۆكی په‌رله‌مان:**
سوپاس بۆ به‌ڕێز سه‌رۆكی لیژنه‌ی یاسایی، ده‌ست به گفتوگۆ ده‌كه‌ین مادده‌ی یه‌كه‌م ئه‌وانه‌ی ده‌یانه‌وێ موناقه‌شه بكه‌ن، خاتوو د.به‌هار به‌ڵێ فه‌رمو.
**به‌ڕێز د.به‌هار محمود فتاح:**
**به‌ڕێز سه‌رۆكی په‌رله‌مان.**
له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ئه‌م یاسایه یاسایه‌كی زۆر وردو و ئیختیصاصی یه یه‌عنی پێموایه كه ئه‌وه‌ی قانونی نه‌بێ حه‌قی خۆیه‌تی ئه‌گه‌ر نه‌زانێ ئێمه چیمان كردووه و له هه‌مان كات دا تێكه‌ڵییه‌كیش هه‌یه، بۆیه ئه‌گه‌ر ئه‌ندامانی به‌ڕێز قبوڵیان بێ له هیچ مه‌نتیقێكه‌وه نیه ته‌نها له مه‌نتیقی ئه‌وه‌وه كه تێكه‌ڵییه‌ك له یاساكان دا هه‌یه، داوا له به‌ڕێزت ده‌كه‌م ده‌رفه‌تێكم بده‌یتێ ڕوونكردنه‌وه‌یه‌ك بده‌م بۆ ئه‌وه‌ی بزانن چیمان كردووه ئه‌ندامانی به‌ڕێزی په‌رله‌مان.
**به‌ڕێز د.جعفر إبراهيم ئێمنیكی/ جێگری سه‌رۆكی په‌رله‌مان:**
زۆر سوپاس، فه‌رموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

خۆی یاســای گشــتی کە حوکمی ئەم بابەتانە دەکات کە پەیوەندی نێوان تاکەکان ڕێك دەخات بریتی یە لە یاسای مەدەنی، ئێمە یاسایەکی بەکرێدانی عیراقیشمان هەیە ژمارە (87)ی ساڵی (79) ئەوە خاصە بە کرێدانەوە (الخاص یقید العام) کە ئەوە دەرکراوە لە ژێر فەلسەفەی ئیشتیراکی دا تەبعەن قانونە مەدەنییەکەی وەستاندووە، یاسا مەدەنییەکە بە تەواوەتی لەگەڵ (مؤجر)دایە، لە چی دا لەگەڵ (مؤجر)دایە؟ دەڵی هەر کاتێك کە عەقدەکە بە پێی ئەوەی کە ئیتیفاقیان لەسەر کردووە کۆتایی هات ئەوە (مؤجر) بۆی هەیە (مستأجر) دەرکات، یاسای بەکرێدانی عیراقی بە عەکسەوە هاتووە بیزەبت بە عەکسی ئەوەوە دەڵێ (مستأجر) مادام کرێ دەدا بۆی هەیە هەتا هەتایە بمێنێتەوە، ئەم دوانە هیچیان عەدالەتیان تێدا نیە، ئیشی قانون ئەوەیە کە عەدالەت و تەوفیق لە نێوان بەرژەوەندیە دژ بە یەکەکان دا بکات، ئیشی ئێمە ئەوەیە کە تەوفیق لە نێوان بەرژەوەندی (مستأجر) و (مؤجر)دا بکەین کە هەردووکیان هاووڵاتی ئەم وڵاتەن، بۆیە کە ئەم کێشەیە بەردەوام هەبووە هاتوون یاسای ژمارە (9)یان دەرکردووە، یاسای ژمارە (9) دەرکرابوو لە کاتی خۆی دا کە دەکەوتە بەر ڕەخنەیەکی زۆر چونکە ڕاستەوخۆ دابوویەوە بە یاسای مەدەنی کە لایەنی (مؤجر) دەگرێ، ئێمە هاتووین لێرەدا چیمان کردووە؟ یاسای ژمارە (9)مان هەڵوەشاندۆتەوە، دوو کێشەمان هەیە/ کێشەی تەخلیەمان هەیە، لەگەڵ کێشەی کرێ، هاتووین حەلمان بۆ ئەو دووانە کردووە، لە تەخلیە و کرێکەشدا ئەوانەی کە بۆ نیشتەجێبوون کراون مەحاکمەکان خۆیان وتیان هیچ کێشەمان نیە لەبەر ئەوەی ئێستا عەرز زۆرترە لە تەڵەب، ئەوەی کە بۆ غەیری نیشتەجێبوونە و بەتایبەتیش ئەوەی کە لە دوای (2008/7/15)ەوە واتا لە پێش دەرچوونی یاسای ژمارە (9)وە دەرکراون کێشەیان هەیە، بۆیە ئێمە هاتووین کێشەی تەخلیە و کرێمان بۆ ئەو دووانە حەل کردووە، بۆ تەخلیەکە وامان کردووە بۆ ئەوەی (مستأجر) مەغدوور نەبێ چوار ساڵمان داوەتەوە کە ئیجباری دەبێ بۆی درێژ بکاتەوە، بۆ کرێکەش نیسبەمان داناوە کە دەبێ نیسبەی کرێکە لە ئەوەندە و ئەوەندە زیاتر نەبێ، ئەوە بە شێوەیەکی گشتی بۆ بەرچاوڕوونی جەنابتان و سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆرسوپاس بۆ د.بەهار بۆ ئەم ڕوونکردنەوەیە کە زۆر بەسوودە بۆ ئێمە گشتمان، فەرموو خاتوو تەلار.

**بەڕێز تەلار لەتیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە دوای دانیشتن لەگەل دادوەرە بەرێزەکان و قەزای تەمیز و عەزای ئیستیئنافەکان گەیشتنە ئەوەی کە کار لەسەر هەمواری ئەو یاسایە بکرێ، بەڵام وەك روون کردنەوە ئەو گرێبەستانەی (15-7-2008) واتە پێش (15-7) هەندێ گریبەست هەیە بۆ ماوەی (15- 20) ساڵ کراوە، واتە ئەو چوار ساڵە نابێتە رێگر لەبەردەمی ئەو عەقدە (15 و 20) ساڵیە، تەنیا ویستم ئەو روون کردنەوە بدەین، بەڵام ئەو خاڵانەی لەو ماددە هاتوون تەنیا کار کراوە بۆ رێکخستنەوەی ئەو گرێبەستانەی کە پێش (15-7-2008) ە، بۆ ئەوەی هیچ کێشەیەك دروست نەبێ لەو کاتە، چونکە لە دوای (2008) ەوە گرێبەستەکانی (15-7) هەمووی چوونەتەوە سەر قانوونی مەدەنی بۆ کارکردن لەسەر ئەو یاسایە.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز تەلار لەتیف بۆ ئەو روون کردنەوەیە، ماددەی یەکەم ئەخوێنینەوە و گفتوگۆی لەسەر ئەکەین.

**بەرێز د.رێواز فائق حسین:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەکەم:

یاســـای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (87) ی ســـاڵی (1979) ی هەموار کراو لە هەرێمی کوردستان-عێراق لە ار ئەوەستێ و ئەوەی خوارەوە جێگەی ئەگرێتەوە:
1 ئەو گرێبەسـتانەی بە مەبەسـتی نیشـتەجی بوون یان غەیری نیشـتەجی بوون کە دوای (15-7-2008) گرێدراون ئەکەونە ژێر  کاری حوکمەکانی یاســای شــارســتانی ژمارە (40) ی ساڵی (1951) ی هەموار کراو.
2- ئەو گرێبەســتانەی بەکرێدانی خانووبەرە بۆ مەبەســتی نیشــتەجێ بوونی یان غەیری نیشــتەجێ بوون پێش (15-7-2008) گرێدراون و ماوەکەیان کۆتایی پێ هاتووە و بەپێی رێکەوتنیان بە حوکمی یاسا ئەکەونە ژێر کاری حوکمەکانی یاسای شارستنانی ژمارە (40) ی ســـاڵی (1951) ی هەموار کراو بە مەرجی پابەند کردنی بەکرێدەر و کرێچی بە گرێدانی گرێبەســـتێکی بەکرێدانی نوێ کە ماوەکەی لە (4) ســـاڵ کەمتر نەبێ و بە کرێیەك کە هەردووڵا لەسەری رێك ئەکەون.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کێ قسەی هەیە؟ فەرموو شکریە خان.

**بەرێز شکریە اسماعیل مصطفی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم باشە برگەیەك زیاد بکرێ، جا نازانم لیژنەی یاسایی کێویان پێ باشە لە ماددەی (1-2-3) ئەو برگەیە زیاد بکرێ، پەیوەست بوونی کرێچی و خاوەن موڵك بەو عەقدەی لە نێوانیان ئەکرێ، هەر ئەو عەقدەی لە نێوانیان ئەکرێ پەیوەســـت بن بەو عەقدەوە، جا پێم وایە لەو حاڵەتە هەردووڵا مافی خۆیان وەرئەگرن، مادام عەقدێك لە نێوان هەبێ و پێیوە پەیوەست بن، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو گەشە خان.

**بەرێز گەشە دارا جلال:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنیا لە برگەی دووەم ، دەســت خۆشـی لە لیژنەی یاسـایی ئەکەم بۆ ماندوو بوونیان، برگەی دووەم پێم باشـە بکرێ بە (5) ساڵ، چونکە ئەو کێشـەیە لە چی سـەرچاوەی گرتبوو چارەســەر نەدەبوو؟ ئەگەرچی گەیشــتنە حەلێك لیژنەی یاســایی دەســتیان خۆش بێ، لە مەســەلەی ســەرقفڵە کە یاســایی نیە، هەردووڵا ئەو ســەرقفڵە موتەفیق بوون لەســەری، بەڵام ئێســتا موعالەجەیەکی قانوونی بۆ نادۆزرێتەوە بۆ ئەوەی نەبێتە کێشــەن ماوەیەکی درێژتر بدرێ بەو خەڵکەی ســەرقفڵەی داوە و زیاتر ســوودمەند بێ لەو خانووبەرەیە، بکرێ بە پێنج ساڵ باشترە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك گۆران.

**بەرێز گۆران ئازاد محمود:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەکەم فەقەرەی دوو تەناقسی تێدایە لەبەر ئەوەی لە یاسای شارستانی عەقد بە ئیرادەیە، هەردووڵا بریار ئەدەن عەقدەکە چۆن ئەبێ و تاکەی ئەبێ، ناشبێ لەگەڵ قانوونی مەدەنی پێچەوانە بێ، چونکە لە قانوونی مەدەنی ئیرادەی هەردووڵا بە ئیعتیبار وەرئەگیرێت، چونکە لەو یاسایە ماوەی یاسایی و چۆنیەتی عەقدەکە دیاری ئەکات، بە بروای من ئەو یاسایە کێشەکە بە تەواوی چارەسەر ناکات تەنیا دوای ئەخات.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك خەلەف.

**بەڕێز خلف احمد معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەی من لەسەر ماددەی یەکەم برگەی دووەمە، ئەو فەقەرەی باس لە بەکرێدەر و کرێچی و بەکرێدانی گرێبەستی نوێ کە ماوەکەی لە چوارساڵ کەمتر نەبێ، بەراستی ئەو چوار ساڵە ئەپرسم چی وای لێ کردوون چوار ساڵ دابنێن؟ ئەو ماوەیە وەك گەشە خان باسی کرد پێنج ساڵ یان زیاتر نیە یان بۆ کەمتر نیە؟ لە کاتێکدا لە یاسای رابردوو کرێچی هەرکات بیویستایە چۆڵی ئەکرد و ئیشکال دروست نەدەبوو لە رووی یاساییەوە، بەڵام ئەو گرێبەستە بەپێی ئەو یاسایە بێ کابرای کرێچی ئەبێ ئەو چوارساڵە بمێنێ، دوای دووساڵ ئەگەر پێویستی بە خانووەکە نەبوو؟ چی بکات؟ لەو حاڵەتە کرێچی هەمیشە خەڵکە فەقیر و هەژارەکەیە، پێویستە ئەو یاسایە بە شێوازێك رێکبخرێتەوە کە زیاتر لە بەرژەوەندی خەڵکی کرێچی بێ، چونکە خەڵکە کرێچیەکە ئەوانەن داهاتیان کەمترە ، فەقەرەی تری کە باس لە کرێ کە هەردووڵا لەسەری رێکبکەون، بە قەناعەتی من وای لێ بکرێ بڵێی بەپێی داهاتی تاك لە ساڵێکدان بەتایبەت ئەو خەڵکە فەقیری و هەژارەی داهاتی ساڵانەی کەمە، ئەگەر یەکێ داهاتی ساڵانەی لە دوو هەزار دۆلار تێنەپەرێ ناتوانێ خانووێك بگرێ و بۆ چوار ساڵ تێدابێ، لە مانگێك ئەگەر دوو وەرەقەش بدات بە کرێ دوو ئەوەندە و نیوی داهاتی تاکێك ئەبێ ئەگەر دوو هەزار دۆلاریشی لە ساڵێکا هەبێ، بۆیە هیوادارم پێداچوونەوە بە برگەی دووەم بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو مەدینە خان.

**بەڕێز مدينه ايوب احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددێ بەسحێ هندێ دکەتن کو پشتی (2008) ئێکسەر قانوونا یاسا شارستانی (1951) ئێ ل سەر جێ بە جێ بیتن، بەس ئەگەر بێیە برگا دووێ بەری (2008) ئێکسەر دێنە شەرت و شرووتێ، عەقد مابەینا ساحێب موڵکی و کرێچی ل ماوەی چارساڵە، ئەگەر نەگەیشتنە رێکەفتنەکی ژی ئەڤ چارساڵێت هەنێ ئەگەر دیسان وەکی خولی لێ بیتن ئەگەر ئەم سەحکەینێ خولا پەرلەمانی پەرلەمانێ کوردستانێ بۆ ماوەی دوو ساڵا هیچ کۆمبوونەك ئەنجام نەدا، مابەینا کرێچی و ساحێب مولکی دا گەلەك کێشە رویدا پەرلەمانێ کوردستانێ نەشیا کۆمبینا بکەت، ل دادگاهێ ژی گەلەك سکاڵا هاتنە تۆمار کرن، ئەگەر دیسان ل ماوەی ئەز چار ساڵە دیسان ئەڤ حاڵەتە رویدا ئەز دبێژم باش نیە کو چار ساڵە تەحدید کرن، مابەینا هەردووڵا بگەهنە رێکەفتنەکی، ئەڤ حالەتە ژی بێتە لادانێ، وەکی نەفسی قانوونا مەدەنی لێ بێت (التعاقد شريعه متاعقدين) بێتە جێ بەجێ کرن باشترە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك شێرکۆ.

**بەڕێز شێرکۆ حمه امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی كە من  لە ماددەی یەكەم برگەی دووەم لەگەڵ ئەوەم ئەو چوار ساڵە بكرێ بە پێنج ساڵ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو خاتوو پەروا.

**بەڕێز پەروا علی حمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش بە هەمان شـێوە پشـتگیری لە گەشـە خان و دكتۆر شـێركۆ ئەكەم، ئەگەر ئەو چوار سـاڵە بكرێ بە پێنج سـاڵ، چونكە زۆرجار كێشـەی سـەرقفڵانە هەیە، چەند دەسـتێكیش كردووە، لە كرێچی وەرئەگرێتەوە و ئەدرێ بە یەكی تر، ئەوە كێشـەی زۆر دروسـت ئەكات، ئەگەر ماوەكە تۆزێ زیاتر بێ باشترە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

دیارە گفتوگۆ كۆتایی هات، داوا لە لیژنەی یاسـایی ئەكەین وەڵامی پرسـیارەكان بدەنەوە، دواتر داوا لە ئەنـدامی پەرلەمـان ئەكەین لە دەرەوە بێنە ژوورێ بۆ ئەوەی دواتر لە دوای یەكلایی كردنەوەی دارشتنەكە ئەخەینە دەنگدان، فەرموو پەروا خان.

**بەڕێز پەروا علی حمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر سێ كەس.........

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوانە وەڵام ئەدەن، دوای وەڵامەكە بزانین، ئەگەر موسر بن لەسـەر رەئی خۆیان ئەكەینە دوو دەنگدان، ئەگەر وەرگرن ئەبێتە یەك دەنگدان، یەكلایی ئەكەینەوە، فەرموو.

**بەڕێز د.ڤاڵا فەرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

شـــكریە خان فەرمووی ئەوەمان ئیلزام كردووە هەردووكی بە پابەند بوونی ئەو عەقدەی هەیە لە نێوان كرێچی و بەكرێـدەر، ئەوە لە برگەی دووەم لە مـاددەی یەكەم هـاتووە، ئەوەی كاك گۆران باسـی كرد كە عقد (شـریعە موتاعدقین) ە، ئەوەیان راسـتە تا ئەگەیە فەقەرەی یەكەمی برگەی دووەم، بەڵام كە دێی لە فەقەرەی نیهائی ئێمە قەیدمان كردووە بۆ ئەو چوار سـاڵە كە بە كرێیەك رێك بكەون و لە نێوانیان ئیلزاممان كردوونە، واتە قیودی خاس و العام ئەو ئەو مودە زەمەنیان دانراوە، بۆچوونی راستە، زیاتر لە سێ كەس پێم وایە داوایان كرد مودەی عەقد لە چوار سـاڵ بكرێ بە پێنج سـاڵ، خۆی دادگاكان، سـەرۆكی دادگای ئیسـتیئنافی هەر چوار ناوچەكە لە بەردەمی لیژنەی یاسـایی ئامادە بوون، ئەوان هەرسـێكیان داوای سـێ سـاڵیان كردبوو، بەڵام لە لیژنەی یاسـایی كردمان بە چوار سـاڵ، ئێسـتاش سـێ ئەندام كە داوایان كردووە بێتە پێنج سـاڵ، ئەو مودەیە ئێمە لە مەحاكم وەرمان گرتووە، بە مەبەسـتی (اسـتقرار احكام قضـائي)، بەڵام كە ئەندامانیش پێشـنیار ئەكەن پێویستە بدرێتە دەنگدان، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ســـوپاس، جارێ نیســـاب تەواو نیە، ماددەی دووەم موناقەشـــە ئەکەین، دوایی ئەخەینە دەنگدان، فەرموو ماددەی دووەم.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم:

1 ئەگەر هەردوو لایەنی گرێبەســـتەکە ڕێکنەکەوتن لەســـەر بری کرێ کە بەپێی ماددەی دووەم لەم یاسایە هاتووە، هەردوولایەن یان لایەنێك مافی هەیە پەنا بەرێتە بەر دادگاکانی بەرایی بۆ مەبەســـتی دیـاری کردنی بری کرێ کە لە ڕێگەی لیژنەیەك کە پێـك دێ بە ســـەرۆکایەتی دادوەری دادگاکە و ئەندامیەتی نوێنەری هەر یەك لە بەڕێوەبەرایەتی تۆمار کردنی خانووبەرەی تایبەتمەند و بەڕێوەبەرایەتی باجی خانووبەرەی تایبەتمەند.

2- بریاری لیژنەی پێکهێندراو بەپێی برگەی یەکەمی ئەو ماددەیە شـــیاوی پێداچوونەوەیە لەلایەن دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەکە، بە سیفەتی پێداچوونەوە لە ماوەوی (15) رۆژ لە رۆژی دوای دەرچوونی بریارەکەوەن بریاری دەرچوو بە بنبر دائەنرێ.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا کێ قسەی هەیە؟ (4) کەس قسەی هەیە، تکایە ئەگەر تێبینیەکان بنووسن لەسەر ماددەی دووەم، فەرموو کاك ئومێد.

**بەڕێز ئومێد حمه علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنیا وەك پرسـیارە بۆ لیژنەی یاسـاییش، سـەرنجە لەسـەر ئەو ماددەیە، چونکە باس لەوە ئەکرێ برگەی یەکەم وازیحە، برگەی دووەم بریـاری لیژنەی پێکهێنراو بەپێی برگەی یەکەم شـــیاوی پێداچوونەوەیە لەلایەن دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەکە بە ســـیفەتی ئەوە تا کۆتایی، بریاری دەرچوو بە بنبر دائەنرێ، ســـەرنجەکە ئەوەیە ئەگەر گرێبەســـت بە ئیرادەی ســـەربەســـتانەی دوولایەن ئەنجام ئەدرێ لە مەســـەلەی بریاردان لە بری کرێ دادگا چۆن ئەتوانێ بریارێکی لەو شـــێوەیە بدات؟ لە کاتێکدا پەیوەســـتە بە دوو شـــەخس یان دوو لـایەنەوە، ئەگەر بریـاری دادگـا بۆ لـایەکی پەســـنـد نەبوو، یـان ئەو لیژنەیە کە دادوەر ســەرپەرشــتی ئەکات ئەوکاتە چی روئەدات؟ چونکە حەقی هەر لایەنێك لەو لایەنانەیە کە بری ئەو کرێیەی بۆی دیاری ئەکرێ بۆ مولکێك، بۆ دووکانێکـــ، بۆ خانووێك قەبووڵی نەبێ، دوای ئەوە چی ئەبێ، ئایا ئەوە تەنیا گواســـتنەوەی کێشـــە نیە لە نێوان خەڵکەوە بۆ ناو دادگاش؟ یەعنی ئیشکالیەت لەوە ئەبینم، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك شێرکۆ.

**بەڕێز شێرکۆ حمه امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە ماددەی دووەم برگەی یەکەم پێشـــنیار ئەکەم ئەگەر بە گونجاوی بزانن ئەوەی بۆ زیاد بکرێ کە دادگاکانی تێهەڵچوونەوە لە ســـنووری تایبەتمەندی خۆیان و ســـنوورەکانی خۆیان بۆیان هەبێ چەند لیژنەیەك بەپێی پێویستی بۆ ئەو بابەتانە پێك بێنن یان دروست بکەن، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو مامۆستا.

**بەڕێز غريب مصطفى حمەخان:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
لە برگەی یەکەم ســـەرنجی ئەوەم هەیە کە ئەو لیژنە پێکئەهێنرێ لە کوێ ئەو بریـارە ئەدات؟ کەشف ئەکەن یا نا؟ لەبەر ئەوە پێم باشە ئیلزام بکرێن بە کەشفێك، بنووسرێ بە پشــت بەســتن بە کەشــفێك بریاری تێدا ئەدرێ، مەبەســت ئەوە بوو ئەو لیژنەیە ناکرێ لە دائیرە بریار بدەن، ئەبێ کەشـف بکرێ، لەبەر ئەوە پێویسـتە پابەند بکرێن بە کەشـفێك بۆ شـــوێنێکە، ئەگەر نەچن ئەو نیزاعە حەل نـابێ، بریـارەکە رەنگە دادپەروەرانە نەبێ، بۆیە ئەوەی بۆ زیاد بکرێ لە کۆتایی برگەی یەکەم بە پشت بەستن بە کەشفێك بریار تیا ئەدرێ، سوپاس.
**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، فەرمووو کاك ڤەمان.
**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
موڵاحەزا ل ســـەر ماددا دوو فەقەرا ئێکێ کو بێژیتن ئەو لیژنا پێك دێ ب ســـەرۆکاتیا دادوەرێ دادگاهێ و ئەنـداماتیـا نوێنەرەتیـا هەر یەکـا بەرێڤەبەراتی تۆمـارا خـانووبەرا، نە تۆمار کردنی، تۆماری خانووبەرە، سوپاس.
**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، فەرمووو کاك خەلەف.
**بەڕێز خلف احمد معروف:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی دووەم فەقەرەی دووەم پێشـنیار ئەکەم وا بکرێ میکانیزمێك بۆ چەسـپاندنی کرێ دیاری بکرێ، واتە میکانیزمەکە روونتر بێ بۆ دیاری کردنی، خۆ ناکرێ لە سەرەتاوە کرێچیەك بیەوێ خـانوویـك بە کرێ بگرێ ئەگەر لەســـەر ئەوە رێکنەکەوتن ئیتر بچن بۆ مەحکەمە، میکانیزمەکە وەك ئەوە بێ کە مامۆســتا غەریب وتی لیژنەکە شـــوێنی مەوقیع ببینێ بۆ ئەوەی میکانیزمی چەســـپاندنی کرێکە روونتر بێ، ئەوەی پەیوەندی بە داهاتی تاکەوە حیســـاب کرێ یان رووبەری خانوو حیســـاب بکرێ یان چۆنیەتی یان ئیجارەکە یان دووکانە حیساب بکرێ، بۆ کێشەی وەك کاك ئومێد وتی کەمتر نیزاع دروست ببێ بۆ مەحکەمە.
**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
ســـوپاس، ئێســـتا داوا لە لیژنەی یاســـایی ئەکەین روون کردنەوە بدەن، نوقتەی نیزامی، فەرمووو گەشە خان.
**بەڕێز گەشە دارا جلال:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
من تێبینیم لە رووی زمانیەوە لە لیژنەی یاسـایی ئەپرسـم بنبر باشـترە یان کۆتایی؟ ئەوەی پێشـــتر موتەبەع بووە بە کۆتایی، نازانم لە رووی زمانەوانەکانیش رەنگە ئەو بابەتە بزانن، سوپاس.
**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، فەرمووو لیژنەی یاسایی.
**بەڕێز د.بەهار مەحمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی کە گرێبەست بە ئیرادەی سەربەستانە هەبێت چۆن دادگا تەداخول دەکات، ئێمە ئەم یاسایە ئیستسنایە بە تایبەتی لە بڕگەی دووەما کە دەڵێین بە کرێدەرو کرێچی ئیلزام دەکەین، تەبعەن ئیستسنایە لە سەر عەقد و شریعەتی متەعاقیدین بۆ وامانکردوە؟ بۆ گێرانەوەی عەدالەت لە نێوان حەقی موئەجیر و موستەئجیر بۆیە، پێویستە حەلمان پێ بێ، ئەگەر ئەم دووانە نەگەیشتنە ڕێکەوتن، دەبێ باشترین تەرەف کە تەداخول بکات دادگایە، یەعنی ئێمە ئەمەمان کردووە، بۆ ئەوەی ئیستقرارێك دروست ببێ، بۆ ئەوەی ئەم حەلەی کە ئێمە دامان ناوە لە نەتیجەی ڕێك نەکەوتنی ئەو دووانەیە، سفر نەبێتەوە، ماددەکەمان ماددەیەکی عەقین بێ هیچی لێ دروست نەبێ، مەبەستەکە ئەمەیە ئیستسنایە لەسەر ئەو ئەسڵەی کە جەنابت باسی ئەکەی، سەبارەت بەوەی ئەو لیژنەی لە کوێ پێك ئەهێندرێ، ئەبێ کەشف بکات قەزا محاکم بۆخۆیان ئیشی خۆیان ئەزانن یەعنی ئەوان خەبیریان هەیە بۆ هەموو جۆرە بابەتێك نەك هەر تەنها بۆ مەسەلەی بەکرێدان و ئەوانە ئەوان خەبیر ئەنێرن بۆ ئەوەی کە ئەوکەسە قسەبکات کە جەنابت دەڵێی لە شوێنی خۆیانەوە بڕیار نادەن دوای ئەوەی ئێمە لە بڕگەی دوای ئەوەدا ئیلزامانن کردوون بە چەند نیسبەتێکەوە کە دەبێ کرێکە لەو نیسبەتانە تێ نەپەڕێ، ئەوەش هەر جوابیشە بۆ ئەوەی کاك خەلەفیش کە گوتی بۆ میکانزمێك بۆ چەسپاندنی کرێ ماددەی دوای ئەوە کە جەنابت سەیر بکەی نیسبەتێکمان داناوە کە دەبێ کرێکە لەوە تێپەڕ نەکات، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز د. بەهار.

**بەڕێز بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببورە سەرۆکی پەرلەمان، ئەوەی کاك ڤەمان بە پێیە و ئەوەی گەشەخانیش پێم وایە داریج بوە کە بنبڕە حوکمەکە بە بنبڕ دا دەنرێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ د.بەهار، بۆ ئەم ڕوونکردنەوانە بەڕێز تەلار خان فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله من بۆ پشتگیری قسەکانی دکتۆرە دەکەم، و ڕوونکردنەوەیەکی زیاتریش خۆی پێشتر ئەم کەشفانە کە ئەکرێ ئێمە هەموی بۆ ئەم عەقدانەیە کە پێش (15-7-2008)، واتا ئەوانەی دوای (15-7-208) گرێبەستێکە لە نێوان موئەجر و موستەئجر هیچ گرفتێکیان نییە خۆیان ئەقدەکان بە پێی ئەو ئیجارەی کە ئەیانەوێت دیاری ئەکەن و کۆتای پێهات یان تازەی ئەکەنەوە یان کۆتایی پێ ئەهێنن، بەڵام ئەو گرفتانە لە پێش گرێبەستەکانا (15-7-2008)بوە بۆیە بە پێویستمان زانی ئەم لیژنەیە پێك بێت، و ئەم لیژنەیەش خۆیان هەڵدەستن بە کەشفکردن، خۆی ئەگەر کەشفەکەی دابێ باشترە، ئێمەش خۆمان لە لیژنە پێشنیاری ئەوەمان کرد، هەر کەشفەکەشی تیا بێ و و ئیستیعانەش بە شارەزاییکی دادی بکرێ، بۆ ئەوەی لەو کاتەیا ئەگەر تێیدابێ باشترە، بەڵام ئەگەر تێشیدا نەبێ تەحسل حاسلە، ئەتوانی ئەو لیژنەیە ئیستیعانە ئەکا بە شارەزایەکی دادی و کەشفی محەلیش شوێنەکە ئەکات، چونکە ئەگەر دوکان بێ خانوو بێ یان شوقە بێ، ئەگەر کەشفەکە

نەکات، نازانرێ چۆن ئەو نرخەی بۆ بخەمڵەندرێنێ، بۆیە دڵنیابە بەو شـــێوەیە کارکردنی دادگاکان.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز تەلار خان، بەرێز د.ڤاڵا فەرموو.

**بەرێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر نیسابی دانگدانی (5)ساڵەکە هەیە بیخە دەنگدان

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

خالێکی ترمان ماوە کاك بهزاد لە لیژنەی شارەوانی فەرموو.

**بەرێز بهزاد درویش درویش:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله تەبعەن هەربۆ دڵنیایی روونکردنەوە سێ خاڵی گرنگ لەو یاسایەدا هەنە.

یەك: ئەســڵ وایە هەردووڵا رێکبکەون بەینی خۆیان، بەڵام گرێبەســت بۆ نوێکردنەوەی قیمەتەکە مەســەلەی (4)ســاڵە، نەك کە مەســەلەن کابرا ســاڵەك تێدابی ئەتوانی دواتر مەسەلەن کەمتر لە (4) سالیش بەجێبێلی، بۆ نمونە.

ددوەم: قیمەتەکە لە ماددەی (4)م هێشتا نەهاتینەتە سەر ئەوەش زۆر بەرێز پرسیاری کرد کە باسی قیمەت یان لە ماددەی چوارەم تەحدید کراوە کە ئەو نسبانە تێپەر نەکەن.

سێیەم:

منیش هەر وا تێگەیشتم ئەوەی مامۆستا غەریب پەسەندە، بەڵام کە لە لیژنەش مناقەشە کرا یەعنی ئەو ســێ بەرێزە زمنەن لیژنە کاتی ئیشــکالەك هەبوو بەینی کرێچیان و کرێدەر دەچنە دادگا، ئەو وەختە دادگا بڕیار دەدا کە بجن کەشـفەك بکەن، کە قیمەتی ئەم خانووە چەنـدە؟ یـانی تەخمین دەکەن لەســـەر ئەو تەخمینە ئەو رێژانەی کە لە مـاددەی چوارەم هاتوە لەوێ دیاری دەکرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر ســوپاس بۆ بەرێز بەهزاد دەرویش، بەرێزان ئێســتا داوا لە لە لیژنەی یاســایی دەکەین ماددەی یەکەم بەو پێشنیارەی کە پێشنیاری دووەم بوو بە (5) ساڵەکە بخوێنەوەو دەیخەینە دەنگدان.

**بەرێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەمجار پێشـنیارەکە بخە دەنگدان، ئەگەر دەنگی هێنا، ئینجا چوار ســاڵەکە دەکەینە پێنج ساڵ و دەیخوێنینەوەو دەیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەکە بخوێنەوە جارێکی تر بۆ دووبارە.

**بەرێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاریان کردووە کە چوار ساڵ بکرێت بە پێنج ساڵ.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلێ ئەوەی لەگەڵە، چوار ساڵەکە بکرێت بە پێنج ساڵ، کە سێ کەسە لە گەڵی بوو/، دەستی خۆ بەرز بکاتەوە (4) ساڵ بکرێتە (5) ساڵ، (19) بەڕێز لەگەڵدایە بکرێتە (5) ساڵ ئەوەی لەگەڵدا نییەو دەیەوێت وەکوخۆی بمێنێتەوە (4) ساڵ بمێنێتن ،دەستی خۆ بەرز بکاتەوە (28) ئەندامی بەڕێز لەگەڵدا نییە دەیەوێت وەکو خۆی بمێنێتەوە، واتا (4)ساڵ دەمێنێتن بەلێ فەرموو یەك خاڵی نیزامی کاك خەلەف.

**بەڕێز خلف احمد معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارێکم کرد لە لیژنەی یاسایی، وەڵامەکەم وەرنەگرت وتم ئەو (4)ساڵە یا (5) ساڵە بو بە (4) ساڵ ئەو (4) ساڵە ملی کرێچی لە ڕێگەوە ئەرۆم عەقد ئەکەم، ئەی ئەگەر ویستم بەر لەو چوار ساڵە دەرچم یەعنی؟

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دوای دەنگدان موناقەشە تەواو دەبێت، ئێمە دواتر لەگەڵ لیژنەی یاسایی موناقەشەی ئەو بابەتانە بکرێت، کۆی ماددەکە تکایە.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی یاسایی دوای دارشتنەوەی ماددەی یەك بەو شێوەیە لەسەر ئەم سیغەیە ڕێکەوتین ماددەی یەك ماددەی سێیەم لە یاسای بەکرێدانی خانوبەرەی ژمارە (87)ی ساڵی (1979)ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستانی عێراق کار دەوەستێندرێت و ئەمانەی خوارەوە جێگای دەگرێتەوە.

1-ئەو گرێبەستانەی بە کرێدانی خانوبەرە بۆ مەبەستی نیشتەجێبون یان غەیری نیشتەجێبون کە دوای (15-7-2008) گرێدراون دەکەونە ژێر کاری حوکمەکانی یاسای شارستانی و ژمارە (40)ی ساڵی (1951)ی هەموارکراو.

2-ئەو گرێبەستانەی بەکرێدانی خانوو بەرە بۆ مەبەستی نیشتەجێبونی یان غەیری نیشتەجێبون پێش (15-7-2008) گرێدراون و ماوەکەیان کۆتایی پێ هاتوە دەکەونە ژێر کاری حوکمەکانی یاسای شارستانی ژمارە (40)ی ساڵی (1951)ی هەموارکراو بە مەرجی پابەندکردنی بە کرێدەر و کرێچی بە گرێدانی گرێبەستی بە کرێدانی نوێ کە ماوەکەی لە (4) ساڵ کەمتر نەبێت بە کرێك کە هەردوو لا لەسەری ڕێك دەکەون.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی یەك دەخەینە دەنگدان ئەوەی لەگەڵدایە دەستی خۆی بەرز بکاتەوە؟ بەو شێوازەی کە خوێندرایەوە (42) کەس لەگەڵی دایە، ئەوەی لەگەڵدانییە؟ (3) کەس لەگەڵدانییە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

ماددەی دووەم: موناقەشەی لەسەر کراوە.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم :

1-ئەگەر هەردوولایەنی گرێبەستەکە ڕێك نەکەوتن لەسەر بڕی کرێکە کە بە پێی ماددەی یەك دووەم لەم یاسایەدا هاتوە هەردوولایەن یان لایەکیان مافی هەیە پەنا بەرێتە بەر دادگاکانی بەرایی بۆ مەبەستی دیاری کردنی بڕی کرێ کە لە ڕێگەی لیژنەیەك کە پێکدێت

به سەرۆكایەتی دادوەری دادگاكەو ئەندامیەتی نوێنەری هەر یەك لە بەڕێوەبەرایەتی تۆماری خانوبەرەی تایبەتمەندو بەڕێوەبەرایەتی باجی خانوبەرەی تایبەتمەند.

2- بڕیاری لیژنەی پێك هێندراو بە پێی بڕگەی یەكەمی ئەم ماددەیەش شیاوی پێداجوونەوەیە لە لایەن دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەكە بە سیفەتی پێداچوونەوە لە ماوەی (15) رۆژ لە رۆژی دوای دەرچونی بڕیارەكە و بڕیاری دەرچوو بە بنبڕ دادەنرێ.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ماددەی دووەم دەخەینە دەنگدانەوە ئەوەی لەگەڵدایە، دەستی خۆی بەرز بكاتەوە (49) كەس لەگەڵدایە، ئەوەی لەگەڵ دانییە؟ كەس لەگەڵدا نییە، بە كۆی دەنگ ئەم ماددەیە پەسەندكرا، ماددەی سێیەم بۆ گفتووگۆ.

**بەرێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم: حوكمی ماددەكانی یەك دووەم و ماددەی دووی ئەم یاسایە جێبەجێ دەكرێ، بەسەر ئەو داوایانەی كە لەبەر دەم دادبینیدا یان بڕیاری چۆڵكردنیان بۆ دەرجووە و پلەی بنبڕیان وەرنەگرتوە.

دووەم : وەستاندنی جێبەجێ كردنی حوكمەكانی چۆڵكردن كە پلەی بنبڕیان وەرگرتوە بە پێی حوكمەكانی یاسای ژمارە (9)ی ساڵی (2008)دەرچووە لە ماوەی بەر كاربونی جێبەجێكراون لە لایەن بەرێوەبەرایەتیەكانی جێبەجێكرد.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەرێزان ئەوانەی دەیانەوێت موناقەشە لەسەر ئەو ماددەی سێیەم بكەن، دوو بەرێزمان هەیە بەرێز د.شێركۆ.

**بەرێز د.شێركۆ حمە امین:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم خاڵی دووەم هەم لە رووی زمانەوانییەوە، هەم لە رووی ناوەڕۆكەكەشیەوە، هەم لەرووی ئەوەشەوە كە ئەوترێت، یەعنی كەسێك كرێ دوا ئەخات، یا تاخیر ئەكات، ئەڵێ برۆ لە تەنفیز كرێكەی بۆ دانێ، واتا ئەو شوێنە با بڵێین دانان بۆ جێبەجێكردن، من پێشنیاز ئەكەم ئاوای لێبكەن، لە وەستاندنی جێبەجێكردنی كاتی تەنفیز حوكمەكانی چۆڵكردن بۆ پلەی بنبڕیان وەرگرتوە بە پێی حوكمەكانی یاسای ژمارە (9) ی ساڵی (2008) دەرچوون لە ماوەی بەركاربوونی كە دانراون بۆ جێبەجێكردن لە لایەن بەرێوەبەرایەتیەكان كەحوكمەكانی دانراون بۆجێبەجێكردن لەلایەن بەرێوەبەرایەتیەكانی جێبەجێكردنەوە، ئەگەر حەز ئەكەن بۆشتان ئەنوسم بە نوسین.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ بنوسە زەحمەت نەبێ، بەرێز كاك ڤمان سوپاس كاك د.شێركۆ.

**بەرێز ڤمان فیصل سلیم:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ماددەی سێ فەقەرەی یەك زۆر وازحە ئەو حالەتەی گۆت مرافەحێ دابی یان ژی ئەگەر بڕیاریشی بۆ دەچوو بەلێنەیا قەتعی بیتن حوكمی ماددەی یەكی فەقەرە دوو ماددەی دووێ سەر جێبەجێ بیتن، بەڵێ ئەوە نەك گەلەك وازح فەقەرە، دوویە تنی

بەحس وەقت تەنفیزی دکتن بەحسێ کۆغایەتە مە ژی ئەوە مەتفێتن ئەسل رجعی حوکمی بنیڕ بۆ دەرچوو ڤێرێ وازحبیتن کو حوکمی مادێ یەکێ فەقەرە دوو مادده دووێ سـەروان حالەتا تەتبیق بن کو بڕیارە بات وەرگرت و گەلەك سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز ڤەمان فیصل، بەرێز لیژنەی یاسایی ئەگەر روونکردەوەی پێویست.

**بەرێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشـنیارەکەی کاك ڤمان حوکمەکانی ماددەی یەکەم و ماددەی دووەمی ئەم یاسـایە وەر دەگیرێتن.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز د.ڤاڵا بۆ ئەم روونکردنەوەیە، د.رێواز فەرموو.

**بەرێز د.رێواز فائق حسین:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو قسـەیەی کاك د.شـێرکۆ ئەیکا بەجێیە لە رووی شـکڵەوە، یەعنی لەروی سـیاغەوە بە جێیە، بەڵام لە رووی ناوەرۆکەوە پێم وایە تێنەگەیشـتنێك هەیە، ئەویش ئیلاقەی بە خراپی سـیاغەکەوە هەیە، ئەم یاسـایە مەبەسـتی ئەوەیە کە هەر حوکمێك لە کاتی بەرکاربونی یاسای ژمارە (9)ی ساڵی (2008)دا درابێ و ئەو فەترەیەیەی کە کاری پەرلەمان راوەستاوە، هەندێك حوکم جێبەجێکراون هەندێ خەڵك لە دوکان دەرکراون، هەندێك خەڵك لە خانوو دەرکراون، مەبەستی پەرلەمانی کوردستان کە بە ئەسەری رەجعی، کە ئەم خاوەن حەقانە بگەرێنەوە بۆ خـانووەکـانی خۆیـان، یـان بۆ ئەو دوکـان و بـازاڕانەی لێی دەرکراون، لەبەر ئەوەی ئەگەر بڕگەی یەکەمی تایبەت بێ بەوانەی کە لەبەر دەمی دادبینین یان حوکمەکە دەرەجەی بە تـاتی وەر نەگرتوە بڕگەی دووەمی تـایبەتە بەوانەی کە فعلەن لە دائیرەی تەنفیزن یان، جێبەجێکراون ئەوانەی لە دائیرەی تەنفیزن ئەسـڵ ئەوەیە ئیقافی تەنفیزیان بۆ بکرێ، بەڵـام ئەوانەی جێبەجێکراون ئەبێ دۆخەکە بگەرێنـدرێتەوە بۆ پێش دەرچوونی بڕیارەکەو جێبەجێکردنی، لەبەر ئەوە منیش ئەگەر رەفیقەکانم لێم وەر بگرن پێشنیار ئەکەم بیکەین بە سـێ بڕگە بڕگەی دووەم وەکو خۆی بمێنێتەوە، ئەوەی ئەخیری نوسـراوە جێبەجێکراون لە لایەن بەرێوەبەرایەتیەکانی جێبەجێکردن روونتر بێ کە مەبەستمان ئەوەیە ئەو خانووانەی کە لەسـەر ئەسـاسی ئەو قانونە قانوونی ژمارە (9) چۆڵکراون کرێچی مافی ئەوەی هەبێ بگەرێتەوەو ئەگەر خۆی ئارەزی کردوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سـوپاس بۆ بەرێز د.رێواس بۆ ئەم روونکردنەوەیە، ئێسـتا داوا لە لیژنەی یاسـایی دەکەین لەسـەر ئەو سیاغە رێککەون، دەبنە دوو بڕگە یان سێ بڕگە خاڵێکی نیزامی، خاتوو شکریە فەرموو.

**بەرێز شکریە سمایل مصطفی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئامانج لە دەرکردنی یاسـا چارەسـەرکردنی کێشـەکانی ناو کۆمەڵگایە، بەڵام ئەگەر بەو شێوازەی کە د.رێواس وتی بەراستی کێشەکان زۆر زیاتر دەکات، بۆ نمونە ئەگەر دووکانێك

کە ئێستا کە کرێچیەکە دەرکراوە ئەو ساحێب خانووە داویەتیەوە کرێجیەکی تر، ئێستا ئەو قانونەی لەسەر جێبە جێبکرێ بە ئەسەری رەجعی، یەعنی کەوابێ کێشەکە زۆر گەورەتر دەبێ جارێکی تر دەبێ ئەو کرێچیە دەر بکرێتەوەو کرێچیەکەی یەکەم بگەرێندرێتەوە، بۆیە تکا دەکەم ئەم خاڵە بە هەند وەر بگرن و ئەسەری رەجعی بۆ ئەوە نەبێ ئەوەی کە تەنفیز نەکراوە ئەوە دەکرێ، بەڵام ئەوەی کە تەنفیزکراوە تکایە ئەوە کێشە زۆر زیاد دەکات سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس خاتوو شکریە هەرجەندە خاڵی نیزامی نەبوو داوا لە د.رێواس دەکەم رونکردنەوەی زیاتر لەبارەی ئەم بابەتەوە بدا.

**بەرێز د.رێواز فائق حسین:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە بڕیاری لیژنەیە، خۆم شەخسی لەگەڵی نەبووم ،چونکە پێم وایە نا ئیستقراری دروست ئەکا، بەڵام بڕیاری لیژنەبێ پێوەی پابەندبوو و بەرێزانیش لە پەرلەمان، ئەندامانی پەرلەمان خۆیان چیان پێ باشە ئەوە مەسەلەیەکی ترە، بەڵام ئەوە بڕیاری لیژنەی یاسایی بوە ئێمە کە قانونەکە ئەسەری رەجعی ئەبێ.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ د.رێواز، دەرفەت بە لیژنەی یاسایی دەدەین با وردتر ئەم ماددەیە دابرێژن کا سیاغە بکەن، زەحمەت نەبێ فەرموو مامۆستا غەریب خۆ خاڵی نیزامی نییە مامۆستا.

**بەرێز غەریب مصطفى حمە خان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نەخێر خاڵی پەیرەوی نیە من بە تەواوی پشتیوانی ئەو رایەی شکریە خان دەکەم، و د.رێواسیش هەمان رەئی هەیە، بەراستی ئەوە کێشە بە دوای خۆیدا ئەهێنێ، ئەگەر ئەمە ئەسەری رەجعی هەبێ، چونکە خانوو یان هەر موڵکێك ئەبێ لە دوای دەرچونی ئەو چەند جارێك دراوەتە کرێ، تۆ دێی ئێستا ئەوانە هەڵ دەوەشێنیتەوە کە عەقدی تازەیان بۆ کراوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ مامۆستا غریب فەرموو بەرێز د.ڤاڵا.

**بەرێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ئەسەری رەجعیەی لێرە کە داومانە بە ئامادەبوونی سوڵتەی قەزائی و، بە رەزامەندی ئەندامانی لیژنەی یاسایی لە مەسڵەحەتی کرێچیە، بە وازحی بڵێین هەندێکیان لەو غیابی ئەوەی کە نەمانتوانی قانونی ژمارە (9) رابگرین و نەشمانتوانی هەمواری بکەین هەندێك لە ساحێب با بڵێین دووکانەکان توانیان بگەنە ئەحکامی قەزائی و تەخلیەش بە کرێچیەکان بکەن، ئەمە لێرانە دەڵێین ئەسەری رەجعی هەبێتن لە بەرژەوەندی کرێچی بتوانێ ئەوەی بە زۆر لەو فەراغە یاسایەی کە دروست بوو دەرکراوە بتوانێ بگەرێتەوە ناو دووکانەکەی ئێمە ئەسەری رەجعی نێتی مە لە مەسڵەحەتی کرێجیە، ئەگەر پەرلەمانیش ئەو سێ پێشنیارە دەکات رەتی دەکاتەوە شتێکی کەیە، هەدەفی موشەریع بووە و ئەوە سوڵتەی

قەزائی مانع نەبووە لەســەر ئەوەی، یەعنی ســوڵتەی قەزائی ئەگەر بە من بڵێ ئەســەری رەجعی بدەیە و ئحکامو ئیستقراری قەزام لێ تێك نادا، باشە پەرلەمان نوێنەری خەڵکە !بۆ دەبێ ئەسەری رەجعی نەداتێ لە مەسلەحەتی کرێجی ئەوەش پرسیارە ؟ سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ دکتۆرە ڤاڵا سوپاس بۆ ئەو روونکردنەوە، پێمان باشە کۆتایی بەو دانیشتنە بێنین بۆ بەیانی بەردەوام دەبین، سوپاس بۆ جەنابتان.

| | | |
|---|---|---|
| **بێگەرد دلشاد تاڵەبانی** | **جعفر ابراهیم ئێمینکی** | **د. یوسف محمد صادق** |
| **سکرتێری پەرلەمانی کوردستان – عێراق** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان – عێراق** | **سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (4)ی
چوار شەممە رێکەوتی 2018\1\10
خولی چوارەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (4)

# چوار شەممە ڕێکەوتی 2018/1/10

کـاتژمێر (12)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شـــەممە ڕێکەوتی 2018/1/10 پەرلەمـانی کوردســتان - عێراق بە ســەرۆکایەتی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی جێگری ســەرۆك و، بەڕێز بێگەرد تاڵەبانی سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (4)ی خولی چوارەمی, ساڵی (2018) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکـانی بڕگە (1)ی مـاددە (20) لە پەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هەموارکراوی ســاڵی 1992ی پەرلەمانی کوردســتان - عێراق, دەســتەی ســەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا کاتی دانیشـتنی ژمارە (4)ی خولی بەهارەی سـاڵی پێنجەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە کات (12)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 2018/1/10 دا بەم شێوەیە بێت:

1 گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسـای ڕێکخسـتن و چاندنی ئەندامەکانی جەسـتەی مرۆڤ بەپێی ماددە کانی (72-74-75) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلە مانی کوردســـتان ژمارە (1) ی هەموار کراو.

2- خوێندنەوەی ڕاپۆرتی شیکاری لە ڕۆشنایی پرەنسیپ و بەند و برشگەکانی یاسا لە سەر ئاسـتی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی سـەبارەت بە عەرەب کردنەوەی ناوچە کوردسـتانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم وەکو گوندەکانی ناحیەی سەرگەران لەلایەن حکومەتی عێراقەوە لەلایەن ئەندامی پەرلە مان بەڕێز دکتۆر (ڕابەڕ فەرید) لە فراکســیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشکەش ئەکرێ.

3- خوێندنەوەی ڕاپۆرتی لیژنەی ناوخۆ ســـەبارەت بە خۆپیشـــاندانەکانی ئەو ماوەیە لە هەرێمی کوردستان.

4- خوێنـدنەوەی یەکەمی ئەو پرۆژە یاســـا و بڕیـارانەی خوارەوە بەپێی ماددەی (71) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردسـتانی کوردسـتان ژمارە (1) ی سـاڵی (1992) ی هەموار کراو:

1 پرۆژە یاسـای چاکسـازی لەو خانەنیشـن و مووچە و دەرماڵە و بەخشـین و ئیمتیازاتی دیکە لە هەرێمی کوردتسان_ عێراق.

2- پرۆژە یاسای بە دامەزارو کردنی هێزە چەکدارەکانی کوردستان.

3- پرۆژە یاســـای بەرقرار کردنی یاســـای نەیەشـــتنی بازرگانی کردن لە مرۆژ ژمارە (28) ی ساڵی (2012) ی عێراق لە هەرێمی کوردستان.

4- پرۆژە یاسای ئاوەدانی گوندەکانی کوردستان.

5- پرۆژە یاسای ئینفازی قانونی ڕێگریکردنی بازرگانی بە مرۆڤ ژمارە (28)ی ساڵی (2012) ی عێراق.

6- پرۆژە یاسای ئینفازی قانونی حیفازی وەسائیقی ساڵی (2016).

7- پرۆژە یاسای ئینفازی قانونی موتەزەرین (الذین فقد جزئا من سائین جرائم من ممارسات نضام مراهق) ژمارە (5)ی (2019).

8- پرۆژە یاسای ئینفازی قانونی (توقیع الکترۆنی و معاملات الکترۆنی) ژمارە (78) ی ساڵی (2012).

9- پرۆژە یاســـای ئینفازی قانونی (غســـب ئەموال و تنوین الارهاب) ژمارە (39) ی ســـاڵی (2015).

10- پرۆژە بڕیاری داگیرکرنی موڵکی گشتی بە مەبەستی دروست کردنی ماڵ.
11- پرۆژە بڕیاری بە تاوان ناساندنی کارەساتی قەزای خورمات و باقی ناوچە کوردستانیەکانی تری دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.
12_ پرۆژە بریاری پێکهێنانی لیژنەیەکی کاتی پەرلەمان بە مەبەستی بەدواداچوون بۆ یەکلایی کردنەوەی جینۆسایدی بەرامبەر هاولاتیانی کوردی قەزای خورمات و ناوچەکانی دیکەی دەرەوەی ئیداری هەرێمی کوردستان لە دەوروبەری بەرواری (16-10-2017) لەلایەن سوپای عێراقەوە دەستی پێکرد.
5- دانان و ئاڵوگۆرکردنی ئەو ئەندامە بەرێزانە لە لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کوردستان بەپێی ماددەی (44) ی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو.
1 پێشاوخستنی دەستلەکارکێشانەوی ئەندامی پەرلەمان بەرێز (صالح دڵشاد صالح) لە لیژنەی پیشەشازی و وزە و سەرچاوە سروشتیەکان،
2- پیشاوخستنی دەستلەکارکێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەرێز (سیڤەر حاجی) لە لیژنەی بازرگانی و پاراستنی مافی بەکاربەر.
3- زیاد کردنی ئەندامی پەرلەمان بەرێز (علی عوسمان علی) بۆ لیژنەی پیشە سازی و وزە و سەرچاوە سروشتیەکان.
4- زیاد کردنی ئەندامی پەرلەمان بەرێز (صالح دڵشاد صالح) بۆ لیژنەی بازرگانی و پاراستنی مافی بەکاربەر.
5- زیادکرنی ئەندامی پەرلەمان بەرێز (سیڤەر حاجی) بۆ لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سەروشتیەکان.
6- گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای هەمواری یاسای هاتوچۆی ژمارە (86) ی ساڵی (2004) لە هەرێمی کوردستان_عێراق بەپێی ماددەکانی (72-74-75) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ی ساڵی (1992) هەموار کراو.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکە دەست پێ دەکەین، بەرنامەی کار، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی پێنجەم، دانیشتنی ژمارە (4)، ڕۆژی دانشتن (10-1-2018) بەرنامەی کار، بەپێی حوکمەکانی بڕگە یەکی ماددەی (20) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان-عێراق ژمارەی (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا دانیشتنی ژمارە (4) ی خولی پایزەی ساڵی پێنجەم لە خولی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە کاتژمێر (12) ی نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی (10-1-2018) بێ و بەرنامەی کاری دانیشتن بەو شێوەیە:
1 گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای ڕێکخستن و چاندنی ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ بەپێی ماددەکانی (72-74-75) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ی هەموار کراو.
2- خوێندنەوەی ڕاپۆرتی شیکاری لە ڕۆشنایی پرەنسیپ و بەند و برشگەکانی یاسا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی سەبارەت بە عەرەب کردنەوەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم وەکو گوندەکانی ناحیەی سەرگەران لەلایەن حکومەتی عێراقەوە لەلایەن ئەندامی پەرلەمان بەڕێز دکتۆر (ڕابەر فەرید) لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشکەش ئەکرێ.

3- خوێندنەوەی ڕاپۆرتی لیژنەی ناوخۆ سەبارەت بە خۆپیشاندانەکانی ئەو ماوەیە لە هەرێمی کوردستان.
4- خوێندنەوەی یەکەمی ئەو پرۆژە یاسا و بڕیارانەی خوارەوە بەپێی ماددەی (71) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانی کوردستان ژمارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو:
1 پرۆژە یاسای چاکسازی لەو خانەنیشن و مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتی دیکە لە هەرێمی کوردتسان_ عێراق.
2- پرۆژە یاسای بە دامەزارو کردنی هێزە چەکدارەکانی کوردستان.
3- پرۆژە یاسای بەرقرار کردنی یاسای نەیەشتنی بازرگانی کردن لە مرۆژ ژمارە (28) ی ساڵی (2012) ی عێراق لە هەرێمی کوردستان.
4- پرۆژە یاسای ئاوەدانی گوندەکانی کوردستان.
5- پرۆژە یاسای ئینفازی قانونی ڕێگریکردنی بازرگانی بە مرۆڤ ژمارە (28)ی ساڵی (2012) ی عێراق.
6- پرۆژە یاسای ئینفازی قانونی حیفازی وەسائیقی ساڵی (2016).
7- پرۆژە یاسای ئینفازی قانونی موتەزەرین (الذین فقد جزئا من سائین جرائم من ممارسات نضام مراهق) ژمارە (5)ی (2019).
8- پرۆژە یاسای ئینفازی قانونی (توقیع الکترۆنی و معاملات الکترۆنی) ژمارە (78) ی ساڵی (2012).
9- پرۆژە یاسای ئینفازی قانونی (غسب ئەموال و تنوین الارهاب) ژمارە (39) ی ساڵی (2015).
10- پرۆژە بڕیاری داگیرکرنی موڵکی گشتی بە مەبەستی دروست کردنی ماڵ.
11- پرۆژە بڕیاری بە تاوان ناساندنی کارەساتی قەزای خورمات و باقی ناوچە کوردستانیەکانی تری دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.
12_ پرۆژە بریاری پێکهێنانی لیژنەیەکی کاتی پەرلەمان بە مەبەستی بەدواداچوون بۆ یەکلایی کردنەوەی جینۆساید بەرامبەر هاولاتیانی کوردی قەزای خورمات و ناوچەکانی دیکەی دەرەوەی ئیداری هەرێمی کوردستان لە دەوروبەری بەرواری (16-10-2017) لەلایەن سوپای عێراقەوە دەستی پێکرد.
5- دانان و ئاڵوگۆڕکردنی ئەو ئەندامە بەڕێزانە لە لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کوردستان بەپێی ماددەی (44) ی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو.
1 پێشاوخستنی دەستلەکارکێشانەوی ئەندامی پەرلەمان بەرێز (صالح دڵشاد صالح) لە لیژنەی پیشەشازی و وزە و سەرچاوە سروشتیەکان،
2- پیشاوخستنی دەستلەکارکێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەرێز (سیڤەر حاجی) لە لیژنەی بازرگانی و پاراستنی مافی بەکاربەر.
3- زیاد کردنی ئەندامی پەرلەمان بەرێز (علی عوسمان علی) بۆ لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتیەکان.
4- زیاد کردنی ئەندامی پەرلەمان بەرێز (صالح دڵشاد صالح) بۆ لیژنەی بازرگانی و پاراستنی مافی بەکاربەر.
5- زیادکرنی ئەندامی پەرلەمان بەرێز (سیڤەر حاجی) بۆ لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سەروشتیەکان.

6- گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای هەمواری یاسای هاتوچۆی ژمارە (86) ی ساڵی (2004) لە هەرێمی کوردستان_عێراق بەپێی ماددەکانی (72-74-75) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ی ساڵی (1992) هەموار کراو.
دیارە ڕاپۆرتێکی تر هەیە ئامادە کراوە لەلایەن ئەو لیژنەی سەردانی کەرانی کەسانی ڕۆژئاوا بەپێی ماددەی (54) داوا کراوە بخوێندرێتەوە، ئەوەش لە بەرنامەی کاردا زیاد کراوە، سەرۆکی فراکسیۆنی بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان یاداشتێکی هەیە ئەگەر بخوێنێتەوە.
داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان ئەکەم ئامادەبووان و ئامادەنەبووان بخوێنێتەوە.
**بەرێز بێگەرد تاڵەبانی / سکرتێری پەرلەمانی کوردستان:**
ناوی ئەندامانی پەرلەمان کە لە دانیشتنی (3)ی ئاسایی بەرواری (14-12-2017) مۆڵەت دروان یان ئامادە نەبوون ئەوانەن:
1 عیزت صابر- مۆڵەت
2- ئومێد عبدڵارحمن- ئامادە نەبوو
3- بەشار موشیر- مۆڵەت
4- جمال عوسمان- ئامادە نەبوو
5- دڵشاد شعبان- مۆڵەت
6- سیراج احمد- مۆڵەت
7- ئێڤار احمد – مۆڵەت
8- بەهار عبدلرحمن- مۆڵەت
9- ڕابون معروف- مۆڵەت
10- سهراب میکائیل- مۆڵەت
11- ئاری محمد- ئامادە نەبوو
ناوی ئەو ئەندامانەی لە دانیشتنی دوای نیوەڕۆ مۆڵەت یان ئامادە نەبوون:
1 جوان اسماعیل- مۆڵەت
2- صالح بەشار ئامادە نەبوو
پوختەی دانیشتنی ئاسایی دانشتنی ڕۆژی (6-12-2017) بەو شێوەی خوارەوە بوو:
1 دەست پێکردنی دانیشتن لەلایەن بەرێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان.
2- خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی ئامادە بوو و ئامادە نەبوو، خوێندنەوەی پوختەی دانیشتنی پێشوو لەلایەن سکرتێری پەرلەمان.
3- خوێندنەوەی یەکەم بۆ (5) پرۆژە یاسا لەلایەن لیژنەی یاساییەوە.
4- سوێند خواردنی بەڕێز (ئاری عبدلتیف) بۆ ئەندامیەتی پەرلەمان لە شوێنی ئەندامی خوالێخۆش بوو (شوان قەڵادزەیی).
5- دەنگدان لەسەر ڕتکردنەوەی دەستلەکاکێشانەوەی بەرێز (مهدی کامڵا) لە ئەندامیەتی پەرلەمان لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە.
6- پەسند کردنی زیاد کردنی ئەندامی پەرلەمان بەرێز (مستفا احمد) بۆ سەر لیژنەی ئاسەوار و خزمەتگوزارییەکانی شەروانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشت و گۆزار.
7- دەنگدان لەسەر ئاڵوگۆڕ کردنی بڕگەی شەشەم و حەوتەم لە بەرنامەی کار.
8- دەنگدان لەسەر بەنهێنی کردنی دانیشتنی پەرلەمان بۆ بڕگەی گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای لێبوردنی گشتی.
**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوانەی داوای مۆڵەتیان کردووە بیانخوێنەوە.

**بەڕێز بێگەرد تاڵەبانی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بەرێزانەی داوای مۆڵەتیان کردووە بۆ دانیشتنی ئەمڕۆ:

1 قارەمان قادر.

-2 دکتۆر شیرین حسنی

-3 گەشە دارا

-4 ڕابوون معروف

-5 سالار محمود

-6 ئێڤار ابراهیم

-7 ڤیان عباس

-8 بەهار عبدالرحمن

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك برزۆ فەرموو.

**بەرێز برزۆ مجید عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابتان ئەزانن بەرێز (دکتۆر یوسف محمد) سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان نامەی دەستلەکارکێشانەوەی ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە بۆ دەستلەکارکێشانەوە لە پۆستی سەرۆکی پەرلەمان و ئەندامیەتی پەرلەمان، ئەوەی ئێمەن سەرنجە لامان لەبەرنامەی کاری ئەمڕۆ کە پێش سازکردنی ئەو دانیشتنە نامەکە ئاراستەی بەرێزتان کرابوو و بەدەستتان گەیشتووە نەخراوەتە بەرنامەی کارەوە، پرسیار ئەوەیە بۆ نەخراوتە بەرنامەی کارەوە؟ چونکە بەرێزتان ئەو ئەندامانەش ئەزانن مافێکی ڕەوایە هەر ئەندامێك دەستلەکاکێشانەوە پێشکەش بکات، و بخرێتە بەرنامەی کارەوەش، سەبارەت بە لایەنی سیاسیشی خۆتان ئەزانن بزووتنەوەی گۆڕان بڕیاری داوە لە دەستەڵات و حکومەت بکشێتەوە، لە پەرلەمانی کوردستانیش لە پۆستی پەرلەمانی کوردستانیش بکشێتەوە، بەرێز (دکتۆر یوسف) لەسەر پشکی گۆڕان لە پوستی سەرۆکی پەرلەمان بوو، لەبەر ڕۆشنایی بڕیاری سیاسی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ کشانەوە لە حکومەت و پەرلەمان و لەبەر ڕۆشنایی بڕیاری تایبەتی خۆشی بوو بڕیاری دەستلەکارکێشانەوە، ئێمە پێمان وایە بڕیاری سیاسی بزووتنەوەی گۆڕان و بڕیاری هەر حیزبێکی سیاسی بێ کە خۆی دای و مافی خۆیەتی ئەبێ ڕێز لێ گیراو بێ، بۆیە پرسیار ئەکەین بۆ نەخراوەتە بەرنامەی کار؟ تکا ئەوەیە ئو بڕیارەی گۆڕان و بەتایبەتی لە پەرلەمانی کوردستان دەست لێگیرا و بێ لای کەم لە دانیشتنی داهاتوو بخرێتە بەرنامەی کار، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خاڵێکی تر وەرئەگرین ئینجا وەڵامی بەرێزت ئەدەینەوە، لە جێی خۆیەتی، فەرموو حەیات خان.

**بەرێز حیات مجید قادر:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوا لە بەرێزتان ئەکەم کە فەقەرەی یەکەم گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسای ڕێکخستن و چاندن بخرێتە فەقەرەی چوارەم، و فەقەرەکانی تر وەکو خۆی بڕوات، لەسەر فەقەرەی

چوارەمیش خاڵی سێیەم و خاڵی پێنجەم هەر نەفسی پرۆژەیە، بەڵام بە دوو ئیمزای جیاواز، ئەگەر بکرێ تەنیا ناوی ئەندامان بخوێندرێتەوە، چونکە یەك یاسایە، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕاستە، ئێستا چاکی ئەکەین، فەرموو کاك بەهزاد.

**بەرێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم داخاز دەکەین خاڵا چارێ بێتە ئێکەم، و پێنجەم ببیتە دووەم، و سـێیەم وەکی خۆی، یەکەم و دووەم بچنە دیڤ ئێك، ئێك ببتە چارەم، واتە چارەم و پێنجەم و سـێیەم بێنە پێش، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆرە بەهار.

**بەرێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو خاڵی نیزامیم هەیە، یەك، بەپێی ماددەی (54) لە پەیڕەوی ناوخۆ ئێمە ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمان یاداشتێکمان پێشکەش کردووە بۆ ئەنجامدانی دانیشتنێك بە ئامادە بوونی حکومەت و کۆمیسیۆن کە لە ئێستادا لە سـەروبەندی هەڵبژاردنەکانین، ئەو دانیشـتنە بە زەڕوور ئەزانین، بەرێزتان چیتان کردووە بۆ ئەو دانیشـتنە؟ بە زەڕوور ئەزانین لە ناو هۆڵی پەرلەمان ئەو دانیشـتنە بکرێ وەك لە یاداشـتەکە هاتووە، دووەم، سـەبارەت بە ئیسـدار کردنی یاسـا لە پەرلەمان دائەچێ بەپێی یاسـا دابەش کردنی دەسـتەڵاتەکانی ژمارە (2) ی ساڵی (2017) ئەو دەسـتەڵاتەی سـەرۆکایەتی هەرێم درا بە سەرۆکایەتی پەرلەمان، لە ئێستا یاسای لێبووردنی گشتی بڵاوکراوەتەوە و چۆتە بواری جێ بەجێ کردنەوە لە دەسـتەڵـاتی دادوەری دا هەیە لیژنەیەکی بۆ پێـك بهێنن، تـاریخی ئیسـدارەکە، من بەدواداچوونم بۆ ئەوە کرد بۆم دەکەوت ئەو ئیسـدارە نیە، ئەوەش خەلەلێکی قانوونیە، ئەبێ چاك بکرێ، چونکە ئەو دەسـتەڵاتە کە دراوەتە سـەرۆکایەتی پەرلەمان ئەوە مەرحەلەیەکە لە دانانی قانوون، کیتابێك هەیە کە ڕۆشـتووە بۆ وەزارەتی عەدل بۆ ئەوەی کە نەشـری بکەن لە وەقائیع، بەڵام ئەبێ بڕیار هەبێ بە ئیسـدار کردنی ئەو یاسایانە، ئەوە زەڕوورە، لەبەر ئەوەی ئەبێتە نەقسێك لە قانوونەکان، ئەبێ دەستەڵاتی خۆتان وەکو خۆی مومارەسە بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەو تێبینیە وردبینی لێ ئەکەین، فەرموو کاك شوان.

**بەرێز شوان شێخ احمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشـتگیری ئەوە ئەکەم ئەکەم خاڵی یەکەم بێتە خاڵی پێنجەم نەك چوارەم، لەبەر ئەوەی هەردووك گفتوگۆ لەسـەر یەك بن، ئەوانی تر بە ماوەیەکی کوورت تەواو ئەبێ، خاڵی دووەمم ئەوەیە لیژنەیەك لێرە بڕیار بدات بە پێکهینانی تەقەسـی حەقائق بۆ کێشـەکانی دووزخورماتوو تا ئێسـتا ئاگادار نەکراینەوە لەسـەر دەرچوونی بڕیارەکە بۆ ئەوەی لیژنەکە دەست بە ئیش و کارەکانی خۆی بکات، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك شێركۆ.

**بەڕێز شێركۆ محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرسیارەكە ئەوەیە ئەو پەرلەمانە بۆ دەستی بە ئیش كردۆتەوە؟ ئەگەر هەر بۆ ئەوە دەستی بە ئیش كردۆتەوە كە كۆمەڵێك دانیشتنی ڕۆتینی بكات و پەیوەندیدار نەبێ بە كێشە هەنووكەییەكانی هەرێمەوە هیچ نیە، ئەگەر بۆ ئەوەش دەستی بەكار كردۆتەوە بە فیعلی سێ ئەركە سەرەكیەكەی خۆی جێ بەجێ بكات لە (تشریع-ڕەقابە، بوودجە) ئەوەش دوانیان غائیبە لەم پەرلەمانەی ئێمە، لە ماوەی ڕابردوو بە ژمارەی یاسایی پەرلەمانتاران لە ڕۆژی (7-12) ئەم یاداشتەمان پێشكەش كردووە بۆ ئەوەی ئەنجوومەنی هەرێمی بۆ كاروباری نەوت و گاز بێنە بەردەمی ئەو پەرلەمانە و ڕوون كردنەوە بە خەڵكی كوردستان بدەن لە سەر ئەوەی تاكەی پاشاكەوت بەردەوام ئەبێ؟ مووچە چۆن ئەدرێ، چەند نەوتیان فرۆشتووە، چەند پارەی پێش وەخیتان وەرگرتووە، هەموو ئەوانەی تر كە سیاسەتی گشتی حوكمڕانی لە هەرێمی كوردستان، بەڵام تا ئێستا نەخراوەتە بەرنامەی كارەوە، دیسان لە (23) مانگ ئەم یاداشتە بە ژمارەی یاسایی ئەندامان بەپێی بڕگە و ماددەكانی پەیڕەوی ناوخۆ لەسەر ڕووداوەكانی دوای (18-12) و تەقە كردن لە خۆپیشاندەر و شەهید كردنی خۆپیشاندەر و سوتاندنی شوێنەكان، بەڵام تا ئێستا ئەوەش نەخراوەتە بەرنامەی كارەوە، گرنگە ئەو یاداشتانەی كە بە ژمارەی یاسایی ئەندامان كە مافێكی ڕەوایە داوای بابەتێك بكەین بۆ كۆبوونەوەكان، بۆیە هێوام وایە بخرێتە بەرنامەی كارەوە بۆ ئەوەی بتوانین ئەركی سەرەكی خۆمان بكەین، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا وەڵامت ئەدەمەوە، ئەوەی یەكەم، هەردوو بابەتەكە گرنگن، ئەگەر حازری بكەی بۆ لایەنی پەیوەندیدار، ئەنجومەنی نەوت و گاز لە هەرێمی كوردستان، ئەو پەیوەندیە كراوە، ئامادە كاری ئەوان تەواو بن ئەكید دێنە ناو پەرلەمان و داوایان لێ ئەكەین ڕوون كردنەوەی پێویست بە ئێوە بدەن، ئەوەی دووەم ئاڕاستەی لیژنەی ناوخۆ كرابوو، و ئەوان ڕاپۆرتیان ئامادە كردووە و ئەیخوێننەوە، لەسەر كۆی ئەو ڕووداوانە كە لە ناوچەكانی كوردستان ڕوویان دابوو، فەرموو كاك فرسەت.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەپێی پەیرەوی ناوخۆ لەو پەرلەمانە لیژنەیەك پێكهات كە كاتی بوو بۆ نووسینەوەی پەیڕەوی نوێی پەرلەمانی كوردستان، ئێمە ماوەی ساڵ و نیوێك ئیشمان كردوو پەیڕەوێكی ناوخۆی نوێ ئامادە كرا، و كەوتە بەرنامەی كارەوە، زیاتر لە (40) ماددەشی موناقەشە كراو و پەسند كرا، ئەوە جئودی ژمارەیەك ئەندام بوو لەسەرجەم فراكسیۆنەكان، پێشمان وایە یەكێ لە خەلەلەكانی ئەو پەرلەمانەی ئێمە لەبەڕێوە بردنی كۆبوونەوەكان و كاروبارەكان ئەو پەیڕەوی ناوخۆیەیە، چەند ڕۆژ بەر لە ئێستا دەستەی سەرۆكایەتی لیژنەی كاتی پەیرەوی ناوخۆ یاداشتێكی فەرمیمان دایە سەرۆكایەتی پەرلەمان بۆ ئەوەی ئەو پەیڕەوە بكەوێتە بەرنامەی كار، و پەیڕەوی ناوخۆ تەواو بكەین، وەكو ڕێزگرتن لە جهودی ئەو لیژنە كاتییە كە ساڵ و نێوێك هەفتانە دوو ڕۆژ تەنها هەموو كاتی خۆمان بۆ ئەو پەیڕەوە تەرخان كرد و كارمان لەسەری كرد، بۆیە لێرە جارێكی تر داوا لە سەرۆكایەتی پەرلەمان ئەكەم ئەو پەیڕەوە ناوخۆیە تەواو بكەین، بیخەینە بەرنامەی كارەوە، دڵنیام لە كەمتر لە مانگێك ئەتوانین تەواوی بكەین، داوا ئەكەم لە كۆبوونەوەی داهاتوو پەیڕەوی ناوخۆ بخرێتە

بەرنامەی کار، ئەگەر هەر شـتێکی تری لە ناکاو و پێویسـت هاتە پێش ئاسـاییە ئەتوانین موناقەشـە کردن لەسـەر پەیڕەو ڕاگرین و بابەتەکە تەواو بکەین، جارێکی تر بگەڕێینەوە سەر پەیڕەو، بەڵام ئەبێتە یەکێ لە دەستکەوت و شانازی ئەو خولەی پەرلەمان کە بتوانین ببینە خاوەنی پەیڕەوی ناوخۆی نوێ، چەندین خولە لژنە پێك دێ کات تێپەڕ ئەبێ، پەیڕەو هەر کۆنە، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لە دانیشـتنەکانی داهاتوو بە ئەکید ئەو خاڵە ئەبێتە یەکێ لە خاڵەکان و باسـی لێ ئەکەین، فەرموو کاك نازم.

**بەڕێز ناظم کبیر محمد سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر کات بەپێویستی ئەزانین گۆڕانکاری لە بڕگەکانی بەرنامەی کار بکرێ، دووەم بکرێ بە یەکەم، سـێیەم بکرێ بە دووەم، چوارەم بکرێ بە سـێیەم، یەکەمیش بکرێ بە چوارەم، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لێمان تێکچوو، فەرموو کاك ئاری.

**بەڕێز ئاری هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە پێشـدا سـەرنجێکم هەیە، حەز ئەکەم بەرێزتان جار جار سـەیری دەسـتی چەپی خۆتان بکەن، ڕاسـتە کەمینەین، بس ئەندامی پەرلەمانین، دووەم، پشـتگیری سـەرنجی هەردوو هاوکارم کاك (بەهزاد و شوان) ئەکەم لە سەر ئەوەی خاڵی پێنجەم و چوارەم بێنە پێشەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو تەلار خان.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسـەر دوو پرسـی گرنگ کە پەیوندیدارە کاری پەرلەمانەوە لە (6-11) ەوە یاداشـتکێم پێشکەش کردووە کە پێدانی وادەیەکی یاسایی و دەستوورییە بە لیژنەی دەستووری کە لیژنەی دەستووری داواکەشیان پێشکەش کردووە، بۆیە لەبەر گرنگی پرسی دەستوور و بۆ تەواو کردنی ڕێکارە یاساییەکان وادیەیکیان هەبێ، هیوادارم وەڵامی ئەو یاداشتانە بدرێ، و یاداشتی دووەم و سێیەمیش لەسەر تەواو کردنی وادەی سەرۆکی دەستەکانە، دەستەی مافی مرۆڤ، نەزاهە، بەراسـتی سـەرۆکی ئەو دەسـتانە وادەی یاسـاییان تەواو بووە، پێویستە پەرلەمانی کوردستان ڕێکارە یاساییەکان بگرێتە بەر، چونکە هەرسێکی پەیوەندارە بە کارەکان و داتاکانەوە، ناکرێ سـەرۆکی ئەو دەسـتە بە شـێوەی نایاسـایی لەو شـوێنانە دابن، ماوەی ساڵ و نێوێك زیاترە، بۆ نموونە دەستەی نەزاهە ناتوانێ ڕێکارە یاساییەکانی خۆی بکات، دەسـتەی مافی مرۆڤ ئەوڕۆژە هەر ئامادە بوونی لە ناو ئەو جەلسـەی پەرلەمانە نایاسایی بوو، بۆیە پێویستە بەهەمان شێوە دەستەی چاودێری ئەو یاداشتە و گفتوگۆی لەسـەر بکرێ، و پەرلەمان ڕێکاری یاسـایی بگرێتە بەر بۆ ئەوە سـەرۆکی نوێ بۆ ئەو دەستانە دیاری بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ســـوپـاس، هەردوو تێبینیەکەت زۆر لەجێی خۆی بوو، ئەوەی لیژنەی دەســـتووری پێویستیەکی نیشتیمانییە، پێویستە پەلەی لێ بکرێ، پێویستی بە تەوافوقی سیاسییە بۆ ئەوەی جارێکی تر پێداچوونەوە بەو تەوافوقە بکەین، ئەوەی دەســـتەکان ئاگادارین، و پێویستە ئەو دەستانە شێوازی ئاسایی خۆیان وەرگرنەوە، ئەوەی چاودێری و دارایی مانگی (5) تەواو ئەبێ، بەڵام ئەوەی دەســتپاکی و مافی مرۆڤ بەســەر چووە، و لەماوەی نزیك لەگەڵ لیژنە پەیوەندیدارەکان، بەراســتی پێویســتە ڕاوێژکاری لەگەڵ فراســکیۆەکانی ناو پەرلەمانی کوردستانیش بکەین، لە هەفتەی داهاتوو ئەو پرسە باسی لێ ئەکەین، بەرێزان پێش ئەوەی خاڵەکان وەرگرین ئەمەوێ بەڕاشـــکاوی وەڵأمی ئەو بەرێزانە بدەینەوە، دەســـتلەکارکێشـــانەوەی بەرێز (یوســـف محمد) ســـەرۆکی پەرلەمان ئاگادارین، و لە ناو حکمەت و پەرلەمانیش شاراوە نیە، پێشتریش بە تەوافوق سەرۆکایەتی پەرلەمان دەست بەکار بووە، بەداخەوە دەســتلەکارکێشـانەوەی کاك (یوســف) لەو کات و ســاتە نامانەوێ تەئسیری وای هەبێ کە بە زەرەری بەژەوەندی گشـتی کۆتایی بێ، بە بە زەرەری پەرلەمان کۆتایی بێ، پێویستی بە ڕێکەوتنە، ئەو کاتی ڕێکەوتنی سیاسی لە ئارابێ بۆ پڕکردنەوەی ئەو پۆستە بە ئەکید پەلەی لێ ئەکەین و مافی خۆیەتی کاك (یوسف) و مافی گۆڕانیشە، بەڵام ئەبێ بزانین ئەو پەرلەمانە گرنگە کارا بکرێ، داوا لە ئێوە ئەکەین ئەو پشـــوو درێژیە بەردەوام بێ، باسی ئەوە ئەکەین چۆن ئەو پۆســتە پڕ ئەکەینەوە، ســوپاس، بەرێزان داوا ئەکەم خاڵی چوارەم و پێنجەم، چوارەم ببێتە یەکەم، پێنجەم ببێتە دووەم، کێ لەگەڵ دایە چوارەم ببێتە یەکەم؟ (52) کەس پەسەندی کرد، (12) کەس دژیەتی، بە زۆرینەی پەسند کرا چوارەم ببێتە یەکەم، داوا کراوە پێنجەم بێتە دووەم، کێ لەگەڵە؟ (41) کەس لەگەڵە، (2) کەس، بهزۆرینەی دەنگ پەســـند کرا پێنجەم ببێتە دووەم، ئێســـتا داوا لە بەرێزان لیژنەی یاسایی ئەکەین بێنە سەر مەنەسە، فەرموو کاك مستەفا.

**بەرێز مصطفى گەچێنەیی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشـنیار ئەکەم لە داهاتوو لە ڕێکســختنی بەرنامەی کار ئەو شــتانەی کە کاتیان ناوێ یان خوێندنەوەی پرۆژە بڕیارەکان لە سـەرەتا بن، هەمووجار ماوەیەك کات ئەڕوا بۆ ئەوەی ئەو خاڵە بچێتە ئەو شـــێوێنە و ئەو بڕواتە ئەوێ، لە داهاتوو ئەوەی کاتی ناوێ لە ســـەرەتا بن، ئەوەی کاتی ئەوی لە دوایی، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لە مەودوا وا ئەکەین، خاڵی تری نیزامی، ڕێواس خان.

**بەرێز ڕێواز فائق حسین:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نـابێ وابکەین، ئیڵاقەی بەوە نیە چی کاتی ئەوێ و نـاوێ، ئەگەر پرۆژە یاســـایەك چەنـد ماددەیەکی لێ پەســـند کرابوو و چەند ماددەیەکی لێ مابۆووە ئەبێ تەواو بکرێ ئینجا شـــتی تر دابنرێ، لە ناو جەلســـە ئەتوانرێ، بەڵام ناتوانرێ پرۆژەیەك چەنج ماددەیەکی لێ ڕۆشتووە شتی تر بخەنە بەر دەمی.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مەبەستی ئێمە و کاك موستەفاش هی پرۆژە یاساکان ئەکرا هەر لە سەرەتا وابنووسرێن، ئەوەش لەبەر یەك هۆیە، لیژنەی یاسایی چەندین جار نەدەگەڕانەوە ناو دانیشتن و بێنە سەر مەنەسە، یەکجار بێن، فەرموو، دەست بە گفتوگۆ لەسەر خاڵی چوارەم ئەکەین، گفتوگۆ نیە، خوێندنەوەی یەکەمی ئەو پرۆژە یاسا و بڕیارانەیەی خوراوە بەپێی ماددەی (71) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو، داوا لە لیژنەی یاسایی ئەکەین خاڵی یەکەم لە پرۆژەی چاکسازی مووچە و دەڕماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتی دیکە لە هەرێمی کوردستانی عێراق بخوێنەوە.

**بەرێز ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای چاکسازی لە خانەنشینی مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمیازات لە هەرێمی کوردستان-عیراق لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان کراوە کە لە (20) ماددە و هۆیەکانی دەرچوواندن پێکهاتووە، بە ئاراستە کردنی بۆ لیژنەی پەیوەندیدار.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو پرۆژە یاسایە ئاراستە ئەکرێ بۆ لیژنەی یاسای و لیژنەی دارایی و لیژنەی پێشمەرگە و لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی دەستپاکی و لیژنەی کاروباری پەرلەمان و گشت ئەندامانی پەرلەمان.

**بەرێز ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای بەدامەزاروە هێزەچەکدارەکانی کوردستان کە لە (12) ماددە و هۆیەکانی دەرچوواندن پێك هاتووە، لەلایەن ئەو ئەندامانەوە واژوو کراوە (ئەیوب عبداللە، دکتۆر پەری صالح، دکتۆرە جوان اسماعیل، سۆران عمر، دکتۆر هەورامان گەچێنەیی، حسین اسماعیل، مەروان گەلاڵی، ئەنوەر قادر، نەجیبە لەتیف ئەحمد، شکریە اسماعیل، زوڵفا محمود، منیرە عسمان، موحمود حاجی عمر، فائق مستفا رسول، دکتۆر شێرکۆ حمەامین، حسن صالح) بە ئاراستە کردنی بۆ لیژنەی پەیوەندیدار.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەکانی (یاسای، پێشمەرگە، ناوخۆ، دەستپاکی)، دەکرێن.

**بەرێز ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای قەدەغە کردنی بازرگانی بە مرۆڤ ژمارە (28) ی ساڵی (2012) ی عێراق لە هەرێمی کوردستان کە لە (5) ماددە پێك هاتووە، لەلایەن ئەو ئەندام پەرلەمانانە واژوو کراوە (دکتۆر بەهار، شوان شێخ احمد، انوەر قادر، دکتۆرە ڕێواس، تەلار لەتیف، دکتۆرە ڤاڵا فەرید، ڤەمان فەیسل، مونە نەبی، گەشە دارا، لینا عەزریا، ابو بکر عمر)، ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیدار ئەکرێ.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەکانی (یاسای، مافی مرۆڤ، داکۆکی کردن لە مافی ئافەرت).

بەرێز جعفر امنکی-سەرۆکی پەرلەمان:

**بەڕێز ڤالا فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای ئاوەدانی گوندەكانی كوردستان كە لە (4) بەند و هۆیەكانی دەرچوواندن پێك هاتووە لەلایەن ئەو ئەندامانە واژوو كراوە ( عمر عينايەت، غەریب مستەفا، دكتۆر شێركۆ حەمە امين، ئومێد عبدالرحمن، محمد صادق، شوان شێخ احمد، ڤمان فيصڵ، دكتۆر سيراج خيلانی، عباس غەزالی، هێڤا حاجی، تحسين اسماعيل، برزۆ مجيد، منيرە عسمان، ئێڤار ابراهيم، فرست صۆفی، قارەمان قادر)، بە ئاراستە كردنی بۆ لیژنەی پەیوەندیدار.

**بەڕێز د. جعفر ابراهيم ئێمينكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەكانی (یاسایی، شارەوانی و ئاوەدان كردنەوە) و گشت ئەندامانی پەرلەمان.

**بەڕێز ڤالا فريد ابراهيم:**

پرۆژە یاسای قانونی (مكافحه الاجار بالبشر) ی ژمارە (28) ی ساڵی (2012) كە لە (3) ماددە پێكهاتووە لەلایەن ئەو بەڕێزانە واژوو كراوە (شكريە اسماعيل، نجيبە لتيف، سۆران عمر، ئەیوب عبدالله، علی حمە صالح، دكتۆر هەورامان گەچێنەیی، حسين اسماعيل، مروان گەلاڵی، انوەر قادر، زڵفا محمود، منۆرە عسمان، محمود حاجی عمر، خلف احمد، بەهزاد زێباری، گەشە دارا، مريم صمد) بە ئاراستە كردنی بۆ لیژنەی پەیوەندیدار.

**بەڕێز د. جعفر ابراهيم ئێمينكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەكانی (یاسای، مافی مرۆڤ، لیژنەی داكۆكی لە مافی ئافرەت) و گشت ئەندامانی پەرلەمان.

**بەڕێز ڤالا فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای ئینفازی قانونی (حفاز قانون واسائق) ی ساڵی (2016) كە لە (3) ماددە پێكهاتووە لەلایەن ئەو ئەندامانەی خوارەوە واژوو كراوە ( شكريە اسماعيل، نجيبە لتيف، ئەیوب عبدالله، علی حمە صالح، سۆران عمر، دكتۆر هەورامان گەچێنەیی، حسين اسماعيل، مروان گەلاڵی، انوەر قادر، پروا علی، دكتۆر پەری صالح، دكتۆر جوان امساعيل، زولفا محمود، منيرە عسمان، محمود حاجی عمر) بە ئاراستە كردنی بۆ لیژنەی پەیوەندیدار.

**بەڕێز د. جعفر ابراهيم ئێمينكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەكانی (یاسای، رۆژشنبيری) و گشت ئەندامانی پەرلەمان.

**بەڕێز ڤالا فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای ئەو زیان لیكەوتوانەی بەشێكی جەستەیان لە داوا لە ئەنجامی كردەوەكانی ڕژێمی لەناوچووی ژمارە (5) ی ساڵی (2009) كە لەلایەن ژمارەی یاسای ئەندامان واژوو كراوە (نەجیبە لتيف، شوان شێخ احمد، پەری صالح، هيوا علی، ئەیوب عبداالله، علی حمە صالح، عمر عينايەت، شێركۆ حمدامين، عمر صالح كۆچەر، حاجی كاروان، حسن صالح، فائق مستەفا رسول، هەورامان گەچێنەیی، حسين اسماعيل حسين) ئەو پرۆژە یاسایە لە (3) ماددە پێكهاتووە، داوا ئەكەین ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەكان بكرێ.

**بەڕێز د. جعفر ابراهيم ئێمينكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەكانی (یاسای، تەندروستی) و گشت ئەندامانی پەرلەمان.

**بەڕێز انور قادر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسـای واژووی ئەڵکترۆنی و مامەڵەی ئەڵکترۆنی ژمارە (78) ی سـاڵی (2012) کە لە (3) مادده پێکهاتووە و لەلایەن ژمارەی یاســایی ئەندامانەوە واژوو کراوە بە ناوەکانی ( شـکریە اسـماعیل، نجیبە لتیف، علی حمە صـالح، ئەیوب عبداللە، سـۆران عمر، هەورامان گەچێنەیی، حسـین اسـماعیل، انوەر قادر، پەروا علی، پەری صـالح، جوان اسـماعیل، زولفا محمود، منیرە عثمان، محمود حاجی عمر)، بە ئاراستە کردنی بۆ لیژنەی پەیوەندیدار.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەکانی (یاسای، ڕۆشنبیری و گشت ئەندامانی پەرلەمان).

**بەرێز انور قادر مصطفی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسـای بەرەنگار بوونەوەی شـوشـتنەوەی مایە و پارەدانی تیرۆر ژمارە (39) ی سـاڵی (2015) کە لە (3) مادده پێك هاتووە لەلایەن ژمارەی یاســای ئەندامانەوە واژوو کراوە بەو ناوانە ( ئەیوب عبدللە، رسـوڵ احمد، سـۆران عمر، هەورامان گەچێنەیی، حسـین اسـماعیل، نجیبە لتیف، کشــریە اســماعیل، زولفا محمود، منیرە عثمان، محمود حاجی عمر، بەهزاد زێباری، گەشە دارا، مریم صمد)، بە ئاراستە کردنی بۆ لیژنەی پەیوەندیدار.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو پرۆژە یاسـایە ئاراسـتەی لیژنەکانی (یاسـایی، دارایی، دەسـتپاکی) و گشـت ئەندامانی پەرلەمان.

**بەرێز انور قادر مصطفی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە بڕیاری داگیرکردنی موڵکی گشتی بە مەبەستی دروست کردنی باخ کە لە (9) بڕگە و هۆیەکانی دەرچوواندنی پێکهاتووە و لەلایەن ژمارەی یاسـایی ئەندامانەوە واژوو کراوە بە ناوەکانی ( عمر عینایەت، حمە ســعید، غریب مســتەفا، شــێرکۆ حمەد امین، ئومێد عبدلرحمن، عباس غەزالی، هێڤا حاجی، تحسین اسماعیل، شوان شێخ احمد، ڤمان فیصل، سـیراج خیلانی، انوەر قادر، قارەمان قادر، علی حمە صـالح، هێڤار ابراهیم، مونا قهوەچی)، بە ئاراستە کردنی بۆ لیژنەی پەیوەندیدار.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو پرۆژە یاسـایە ئاراسـتەی لیژنەکانی (یاسـایی، کشـتوکاڵ، دەسـتپاکی، ناوخۆ) و گشـت ئەندامانی پەرلەمان.

**بەرێز انور قادر مصطفی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە بڕیاری بەتاوانی دژی مرۆڤایەتی ناساندن و کارەساتی قەزای خورمات و باقی ناوچە کوردسـتانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم کە لە (8) مادده و هۆیەکانی دەرچوواندن پێك هاتووە و لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانەوە واژوو کراوە بە ناوەکانی (شکریە اسماعیل، نجیبە لتیف، سۆران عمر، ایوب عبداللە، هەورامان گەچێنەیی، حسین اسماعیل، انوەر قادر، پەری صالح، جوان اسماعیل، بێستون فائق، پەروا علی، زلفا محمود، منیرە عثمان، محمود حاجی عمر) بە ئاراستە کردنی بۆ لیژنەی پەیوەندیدار.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو پرۆژە یاسـایە ئاراسـتەی لیژنەکانی (یاسـایی، لیژنەی ماددەی (140) گشـت ئەندامانی پەرلەمان.

**بەرێز انور قادر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
لە خوێندنەوەی ئەو پرۆژە بڕیارانە سەرنجێکم هەبوو، لە یاسادا ناوی سیانی ئەنووسرێن بەشی زۆری مەسەلەی پیشە یان لەقەب نووسراوە، پێم وابێ دوو ساڵ بەر لە ئێستاش پەرلەمانتار علی هاڵۆ ئەوەی پێشکەش کردن جارێکی تر ئەوە دووبارە نەبێتەوە، سوپاس.
**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، فەرموو، ژمارە (010) پرۆژە بڕیاری داگیرکردنی موڵکی گشتی ئاراستە ئەکرێ بۆ لیژنەی شارەوانیش خۆشان ئەرکیان کێشاوە و ئامادەیان کردووە، پرۆژە یاسای ئینفازی قانونی و بازرگانی و ئەلیکترۆنیەکان ئەوەش ئاراستە ئەکرێ بۆ لیژنەی ناوخۆش، خاڵی نیزامی هەیە، فەرموو کاك عمر.
**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
پرۆژە یاسای داگیرکردنی موڵکی دەوڵەت بە مەبەستی دروست کردنی باخ بە ڕای من زەڕووره ئاراستەی لیژنەی کشتوکاڵ بکرێ، ئەوەی ئاوەدان کردنەوەی گوندەکانیش ئاراستەی لیژنەی کشتوکال بکرێ، سوپاس.
**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
کردمان، فەرموو کاك حەیات.
**بەڕێز حەیات مجید قادر:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
لە فەقەرەی (11) بە تاوانی دژی مرۆڤایەتی و ناساندن و کارەساتی قەزای خورمات و ئەگەر ئەوە ئاراستەی لیژنەی پێشمەرگەش بکرێ و لیژنەی ئافرەتانیش شتێکی باش ئەبێ، سوپاس، چونکە لەسەر مەسەلەی جینۆسیادە.
**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
ئاراستە ئەکرێ بۆ لیژنەی پێشمەرگە و لیژنەی داکۆکی درن لە مافی ئافرەتان و لیژنەی مافی مرۆڤیش، خالی تر.
**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
پرۆژە یاسایەکی تر لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانەوە پێشکەش کراوە بە ناوی پێکهێنانی لیژنەیەکی کاتی پەرلەمانی بە مەبەستی بەدواداچوون لە کردەوەی جینۆسیاد بەرامبەر بە هاوڵاتیانی کوردی قەزای دوزخورمات و ناوچەکانی دیکەی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان کە پێك دێ لە (ئاری محمد هەرسین، سعید مصیفی، قارەمان قادر، علی حمە صالح، انوەر قادر، عبدالرحمن علی، بەشار مشیر، فرحان جوهر، مدینە ایوب، شوان شێخ احمد، هێڤا حاجی، ئومێد عبدالرحمن) بە ئاراستە کردنی بۆ لیژنەی پەیوەندیدار.
**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
ئەو پرۆژە بڕیارە ئاراستەی لیژنەکانی (یاسایی، ماددەی (140)، لیژنەی ناوخۆ، پێشمەرگە، داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت، مافی مرۆڤ) گشت ئەندامانی پەرلەمان، لیژنەی یاسایی داوا ئەکەین لە شوێنی خۆتان بمێنەوە، چونکە هی تر ماون، سوپاس بۆ لیژنەی یاسایی، خاڵە نیزامییەکان، فەرموو کاك بەهزاد.
**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێویســت بوو لیژنەی یاســایی خاڵە ئێکێ پرۆژێ یاســایێ لیســتا مووچە خۆرا، پێشــتر دوو پرۆژە بڕیار ب واژووی (24) ئەندامێت پەرلەمانێ پێشــکەشــی دەســتەی ســەرۆکایەتی، و کۆبوونەوە ڕاپردووش خیندنەوە ئێکێ هاتیە کرن و ئاراستەی لیژنێت یاسایی هاتیە کرن، و لیژنا دارایی، ئەز داخازا دەستەی سەرۆکایەتی دکەین لیژنا یاسایی ڕاپۆرتا خۆ ئامادە بکەن ئەڤ دوو پرۆژە بڕیارەش بێتە ڕەچاو کرن و ڕاپۆرت بێتە دروســـت کرن، چنکی یا ئێکێ چاکســازی لیســتا مووچە خۆران بوو، یا دیکەش دروســت کرنا کارتا ئەلیکترۆنی پاشــەکەوتا مووچە خۆران و دانەڤەی پاشـــەکەفتی ب ڕێکا کارتا ئەلیکترۆنی، دووبارە داوا دکەم لیژنا یاسایی ڕەچاڤی ڤێ خالێت بکەت، ڕاپۆرتەکا موەحەد دروست بکەت، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو حاجی کاروان.

**بەڕێز کنعان نجم الدین/حاجی کاروان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوا ئەکەم ئەو پرۆژە حکومەت ناردویەتی بۆ چاکســازی لە خانەنشــینی مووچە ســیفەی ئیستیعجالی پێ بدەن بۆ ئەوەی بتوانین بە زوترین کات بەڕێی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ئاری.

**بەڕێز ئاری هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی ئەکەم لە سەرنجەکەی بەرێز (حاجی کاروان).

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ســوپاس، بەرێزان پێش ئەوەی بەرێزی تر داوا ســیفەتی ئیســتیعجال بکات حەز ئەکەم بۆ بەرچـاو ڕوونی ئێوەی بەرێز ئەو پرۆژە یـاســـایە زۆر گرنگە، کـاتی ئەوێ تـا ئەو لیژنـانە هەموویان بەدواداچوونی باشــی بۆ بکەن، دوون ئەو لیژنانە ڕاپۆرت ئامادە ئەکەن، ئەبێ ڕاپۆرتەکان یەك بخرێن، ئەو بابەتە ســیفەتی ئیســتیعجالی بدەینێ بە زەرەری ئەو پرۆژەیە تەواو ئەبێ، تەســەور ئەکەم هەموومان چاوەڕوانی فراســکیۆنەکان ئیشــیان لێ کردووە، لیژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمان کاری باش ئەکەن لە ئامادە کردنی ئەو پرۆژەیە، لەبەر ئەوە لیژنەکان با ئیشی خۆیان بکەن، و با باش بێتـــ، با چەند ڕۆژێك درونگ بێ، ســوپاس، خـاڵی پێنجەم بووە خـاڵی دووەم، (دانـان و ئـاڵوگۆڕ کردنی ئەو ئەنـدامـانە لە لیژنە هەمیشـــەییەکـانی پەرلەمـانی کوردســـتـان بەپێی مـاددەی (44) لە پەیڕەوی نـاوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ساڵی (1992) ی هەموار کراوز

1 پێشچاوخستنی دەستلەکار کێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەرێز (صالح دڵشاد صالح) لە لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتیەکان، ئەوەی بە پەسند ئەزانێ؟ (61) کەس لەگەڵیەتی، کێ پەسندی ناکا؟ (1) کەس، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا.

2- پێشچاوخستنی دەستلەکالرکێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەرێز (هێڤا حاجی میرخان) لە لیژنەی بازرگانی و پاراستنی مافی بەکاربەر، کێ پەسـندیەتی؟ (48) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژیەتی؟ (7) کەس دژیەتی، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا.

3- زیاد کردنی ئەندامی پەرلەمان بەرێز (علی عوسمان علی) بۆ سەر لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتیەکانن کێ پەسندیەتی؟ (59) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژیەتی؟ کەس نیە، بە کۆی دەنگ پەسند کرا.

4- زیاد کردنی ئەندامی پەرلەمان بەرێز (صالح بەشار صالح) بۆ سەر لیژنەی بازرگانی و پاراستنی مافی بەکاربەر، کێ پەسندیەتی؟ ( 53) کەس پەسندیەتی، کێ دژیەتی؟ کەس نیە، بە کۆی پەسند کرا.
5- زیاد کردنی ئەندامی پەرلەمان بەرێز (هێڤا حاجی میرخان) بۆ سەر لیژنەی پشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتیەکانن کێ پەسندیەتی؟ ( 50) کەس پەسندیەتی، کێ دژیەتی؟ (1) کەس، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا.
بەرێزان داوا کرا یەکەم بچێتە شوێنی پێنجەم، برگەی پێنجەم، یەکەم بچێتە پێنجەم، پێنجەم و شەشەم هەردوو پرۆژە گفتوگۆ ناکرێ لەبەر ئەوەی کاتی ئەوێ، دوو ڕاپۆرت هەیە بەس بۆ خوێندنەوە و ئاگاداری ئێوەی بەرێزە، ئەگەر ڕەزامەندی بفەرموون یەکەم ئەبەینە پێنجەم، پەسندە؟ (51) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژە؟ کەس نیە، پەسند کرا، خاڵی یەکەم ئەبێتە پێنجەم، ئێستا دەست بە خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکان ئەکرێ، لەبەر ئەوەی ڕاپۆرتی سەردانی شاندی پەرلەمانی کوردستان بۆ کوردستانی ڕۆژئاوا درەنگ خرا، داوا لە بەرێز ئامینە زکری ئەکەین فەرموو ئەو ڕاپۆرتە بە ناوی شاندەکە پێشکەش بکات.
**بەرێز ئامینە زکری سعید:**
**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**
هەڵبەت ل سەر داخازا کۆمیسیۆنا بلندیا هەڵبژاردنێن هەرێما جەزیرێ، دەعوەتەك بۆ فراسکیۆنا پارتی و یەکێتیا نیشتیمانی و بزاڤا گۆڕان هاتبوو، وەك شاندێ پەرلەمانێ ل (29-11-2017) مە سەردانا ڕۆژئاڤا کری بۆ چاڤدێریا هەڵبژاردنێت وان، شاندێ مە پێکهاتبوو ژ بەرێزان (دکتۆر شێرکۆ، کاك زانا، ئامینە زکری)، هەمان کو مە سەردان کری مە جڤین کو ل سنورێ ڕمێلان ژ لای بەرێزان (عبدالکریم عمر و سهام قەربوو) سەرۆکێن وەزارەتا دەڤەیا ڕۆژئاڤا هاتینە پێشوازی کرن، ئەو سەردانێت شاندێ پەرلەمانی ل (29-11) ل ڕمێلان، شاندێ پەرلەمانی و شاندێ هەدەپێ پێکڤە بۆ چاڤدێری کرن هاتینە دەعوەت کرن، دگەل کۆمسیۆنا بلندیا هەڵبژاردنێن جزیرێ کۆم بوون دەربارەیا چاوانیا ئەنجامدانە هەڵبژاردنا و میکانیزمێن ئەنجامدانە یا هەڵبژاردنا، مە گفتوگۆ کر ل سەر سیستەمێ بەڕێبەرنا وان، ڕۆژا دوێ مە دەست ب کارا خۆ کر، ئەو سەردانێ کو م کر هەڵبەت بەرێزان دیارا ڕۆژئاڤا ل ناو حکومەتەکینە، دوو، مەجلیسەکا تائسیسی پێکهینایە، ئەڤ مەجلیسە ژ (160) کەس پێکهیتن، کو خانم (هکیل یوسف) سەرۆکا مەجلیسا تەشریعیە، (خانم فەوزا یوسف) یا دەستا جێ بەجێ کارە، دگەل ئەوان مە موناقەشە ڕەوشا ڕۆژئاڤا و مەجلیس و چەوانیا بەڕێچوونا وێ کری، ڕۆژا دوێ کو (30-11) شاندێ پەرلەمانی پشتی کو مە دگەل کۆمیسۆنێ قەرار دای سەردانێ کۆبانێ بکەین، ئەو جێ مە هەڵبژاردی ل بەر قوربانی دانێ، مە داخاز کر کو مە وەك چاڤدێری کەرێ بەرەڤ کۆبانێ بچین، شاندێ پەرلەمانی ل بەرێز (صالح مسلیم) و هاڤسەرۆکی بەرێ پەیەدێ دگەل بەرێزان (فەرهاد تەکی) هاڤسەرۆکێ هاتینە پێشوازی کرن، هەمان شەودا کو شاندێ هەدەپە ژی دگەل مە دا بوو، دگەل کۆمیسیۆنا یا هەڵبژاردنی کۆبانێ کۆبووین و میکانیزما ئەنجامدانێ و هەڵبژاردنێ مە گفتگۆ کر، دخازم هەندەك ڕوون کردنەوە بدەم ل سەر دابەش بوونا یەکا ئیداریا ڕۆژئاڤا کە حکومەتا نوکەیا ڕۆژئاڤا ل سەر چ ئاساس هاتیە دابەش بوون، هەڵبەت من ئاماژە پێدا کو ڕۆژئاڤا ل سەر حکومەتەکا فیدراڵیە کو سێ هەرێما دایە، هەرێما (جەجیرە) دوو کانتۆنا پێك دێ، کانتۆنا قامشلۆ، کانتۆنا حەسەکێ، هەرێما فورات لە کانتۆنا کۆبانێ دروست بی، هەرێما عەفرینێ ژ کانتۆنا عەفرین و شەهبە، حکومەتا ڕۆژئاڤا ل (16) وەزارەتە، ل سەر سیستەمێ هاڤ سەرۆکایەتیا پێ: دێ، واتە (32) وەزیرێت هەی، چنکی سیستەمی هاڤ سەرۆکاتیە، دگەل

ســەرۆکێ حکومەتێ و جێگرێت وی، ئەگەر بچین دەربارەی هەڵبژاردنێت وان، کێ مافی بەشداری هەڵبژاردنی هەیە؟ هەر هاووڵاتیەکی سوری کو خودان ناسنامە بیت و نفوسا ڕۆژئاوایێت کوردستانێ هاتبیتە تۆمار کرن دشێتن بەشدارییە هەڵبژدرانێ بکەت، تەمەنێ وی (18) ساڵ بیتن، کارتا دەنگانێ هەبیتن و تەسجیل کرابیتن، ئەو هاووڵاتێن کو نەهاتبیتە تۆمار کرن و ل تۆمارا ساڵا (1962) هاتبیتە تۆمار کرن، و هەر هاووڵاتیەك پتر ژ (10) ساڵا ژ ڕۆژئاڤایە ژیابیت و ئەگەر پەسندە ئاسایشێ دگەل بیتن دشێ بەشدارییا ل هەڵبژاردنێ بکەت، مەرجێن کاندید، ل تەمەنێ (18) ساڵیدا دشێت خۆ کاندید بکاتن، ب تاوانەکا ئابڕووبەر نەهاتبیتە سزادان، ل دەزگەهێ ئەمنی و ئاسایشادا نەبیتن، و خودان شیانە ئەزموون بیتن و خوندن و نڤیسنێ هەبیتن، هەڵبەت بەحسێ هەندێ کر کو ئەو کەسێ بشێت بەشداریا پرۆسێت دەنگدانێ بکەتن دبێتن کارتا دەنگدانێ هەبێتن، شێوازێت دەست بئینانا کارتێت دەنگدانێت ب چ شێوازە؟ هەڵبەت کۆمیسیۆنا هەڵبژاردنا سەردانێت ماڵا دکەتن، کارتا دەنگدانێ ب رێکا جڤاتا گوندان دهێتە دابەش کرن نەك ب رێکا کۆمیسیۆنێ، هەڵبژاردنێت وان حەتا کو هەڵبژادرنێ (1-12) هاتە ئەنجامدان، حەتا ڕێکەفتی (29-11) مافی وەرگرتنێ کارتان هەبوو، و ڕۆژا هەڵبرژاردنا دیسان مە دیتی ل ڕۆژا هەڵبژاردنا دەنگەدرێت ژی ل جودا کردنا دەنگدەران دیستان سجلا دەنگدەران ب دوو شێواز هاتنە کرن، ئێك کۆمیسیۆنێ سجلا دەنگدەران چێ کر بوو، ل ڕۆژا هەڵبژاردن هەردوو ڕەگەز ژماردن، هەم بزانن چەن ژن و مێرن، خەم بزانن چەن کەس بەژدار بوونە، هەلبەت ئەو کۆمیسیۆنە کو وان پێك هینان بۆ هەڵبژاردنا تەباییە ئەندامێت وان ژ پارتیا تەڤدەمێ ل دوو کارمەندێت وان کو هەڤدانگیا نیشتیمانی بۆ مە ئاماژە پێدان ژ سەرۆکێ کۆمیسیۆنێ کۆبانێ، و کادیرەکا ل عەفرینێ بوو، ئەو کەسێت کو سەر سەندوقێ دەنگدانێ ڕاوەستای مامۆستانە، هەر مەرکەزێ دەنگدانێ (6) مامۆستا تێدا هەی، و (2) کەس یەدەگە، بەشداریا یا هەڵژاردنێ وان ل سەر سیستەمێ (هایەر نمایە)، ل (60%) مونافەسەیە، (40%) سیستەمێ کۆتایدایە، ئەو (40%) بۆ نەتەوەیی و دینی ژن و گەنجانە، هەڵبژاردن دەمژمێر (8) سپێدێ حەتا (8) شەوێ بەردەوام بوو، هەر بنگەهێ دەنگدانێ دشێت ژبۆ بەشداریا خەڵکێ (4) سەعاتە درێژ بکات هەتا (12) شەوێ بەردەوام بیت، بۆ هەر سەندوقەکا دەنگدانێ (1000) دەنگ هەیە، هەڵبژاردنێ ب (3) مەرحەلە هاتیە کرن، ل (22) مەها ئەیلولا ساڵا (2017) هەڵبژاردنێ گوندان هاتیا کرن، ل (1-12-2017) کو شاندێ پەرلەمانی چاڤدێری کرنا وان هەڵبژاردنێ بەشدار بوو، هەڵبژدرانێ بازێرڤانی، ناحیە و کانتۆنا هاتیە کرن، و ل مەها ئێکی هەڵبژاردنێ پەرلەمانێ هاتیە کرن کو پەرلەمانێ وان ل (300) ئەندامێت پێك دێ، ل (1-12) شاندێ پەرلەمانی سەردانا بنگەهێ دەنگدانێ ل کۆبانێ کرن، چاڤدێریەکا ورد ل سەر ئەنجامێ هەڵبژاردنێت کر، و ل ئێڤاریا هەمان ڕۆژدا ئەم هاتینە مەرکەزەکی قامشلۆ، و مەرکەزەکی ئامادێ، ژمارەی دەنگدەری کو حەسەب مەرکەزێ، هەرێما فوراتێ (155) هەزار کارتێ هاتیە دابەش کرن، (260) بنگەهێ هەڵبژاردنا هەبوو، (153) مەرکەز ل کۆبانێ ، و (107) مەرکەزێ ل (گرێ سپی) هەبوو، ژمارە سەندوقێ دەنگدانێ (635) سەندوق بوو، ژمارە کاندیدان (1170) کاندید بوو، (65) کاندید سەربەخۆ بوون، لیستێن بەژدار بووێ هەرێمێ فوراتێ (پارتا نەتەوا دیموکرات (500) کاندید هەبوون، لیستا وەحدە (126) کاندید هەبوون، و لیستا دیکە ژی بەشدار بوون، ل گرێ سپی دیسان نەتەوە دیموکرات دگەل پارتیا دیموکرات و حیزبا هەدەس پێکڤە (454) کاندید هەبوون، و ژمارە یەژدار بوویت (85) هەزار دەنگدەر بوون، ل هەرێما جزیرێ ژمارێ دەنگدەران (600) هەزار کەس بوو، ژمارە بەژدار بووە (38749) دەنگەر بوو، و لیستی بەژدار بوو لیستا نەتەوێ دیموکرات، هەڤدەنگیا نیشتیمانی و هەندە

کەسێن سەربەخۆ بوون، بنگەهێ دەنگدانێت وان ژی (162) بنگەه بوون، هەرێما عەفرینێ ژ بەر بارودۆخێت ئەمنێ نەشێت سەردانێ وێ بکەین، بتایبەتی گەڤێن هێرش کرنا دەولەتێن دەورووبەر، هەرێما عەفرینێ ژمارێت دەنگدەران (948300) دەنگدەر بوون، (205) بنگەهێ دەنگدان بوون، لیستێ بەشدار بوو لیستی نەتەوەیی دیموکرات و لیستی وەحدەی نیشتیمانی و لیستی سەربەخۆ بوو، لە هەر بنگەهێ دەنگدانێ ئەو حیزبێت بەشدار بوو لە بنگەهێ دەنگدانێ دا بووی، تشتێ دی مە تێبینی کر ئەو کەسێ نەخوێندەوار بۆ نینە کەس هاریکاریا وان بکات بۆ دەنگدانێ، ئەندامێ کۆمیسیۆنێ هاریکاریا کەسێ نەخوێندەوار دکەت، هەڵبژاردن پاش خەڵاس بوون مە هەندەك سەردانێ دیکە کری، سەردانە حکومەتا ڕۆژئاڤایە کر، و سەرۆکێ حکومەتێ (عبداکریم سارۆخ) و هەندەك وەزیرێن هاتینە پێشوازی کرن، بەحسێ ڕەوشا هەڵبژاردنا و چەوانیە بەڕێڤە چوونا گفتوگۆ کر، و شاندێ هەدەپێ دگەل شاندێ هەرێمی کوردستانێ پێکڤە کۆنگیرەکی ڕۆژنامەڤانی ل پرسا هەڵبژاردنێ کرن، دیارە ل هەڵبژاردنێ ڕۆژئاڤا کۆمەکا ئەحزابێ بەشداریا هەڵبژاردنێ نەکر بوو، مە ژی وەك شاند پێویست بوو بچین سەردانا وان بکەین و سەبەبێ بەشداری نەکرنا وان چ بوویە؟ ژ بەر هەندێ سەرەرای چاڤدیرێ کرنا هەڵبژاردنا مە سەردانێ سیاسیین ڕۆژئاڤایا کری، ل (2-12) مە سەردانێ ئەنەکەسێ کر، جڤینە دگەل ئەنەکەسێ کر دگەل (سعود مەلا، نعمت دەولە، تەها سبوت، لەزگین حسن، عبدالصمد خلف) بوو، پێشوازیا شاندێ پەرلەمانی کرن، پرسیارا هۆکاری بەشداری نەکرنا کر، وان ئەگەرێن بەشدار نەبوونا خۆ بۆ چەند خالەکا دیار کر، ئاماژە بۆ ئەوە کرن ڕێگری کارێت سیاسی بۆ وان هەیە، بارەگایت وان هاتینە گرتن، نەشێت کارێ خۆ سیاسی بکەن، تەبعەن شاندێ پەرلەمانێ داخاز کر کیشێت ڕۆژئاڤا بێتە چارەسەر کرن، هەلبەت ئەنەکەسێ گفتۆگۆ ڕەت نەکر، ب شەرتێ دەست پێکێ زیندانێت وان بێتە بەردان، و بارەگاییێت وان بێتە کردنەوە کو بشێت بەشداری سیاسی بکەن، و مە سەردانە (هەڤبەندیا نیشتیمانی) کرن، ژ لایێ بەرێزان (صالح گەردۆ، نەسرەدین ابراهیم) ئەندامی سەرکردایەتیا هاتینە پێشوازی کرن، لە (5) پارتا سیاسی پێك دێتن، ل حیزبا (وحدە، چەپی دیموکرات، یاسا، فورات، چاکسازی)، بەشداری هەڵبژاردنیان نەکر بوو، پارتیا پێشڤەرن، ئەڤ پارتیا ژی بەشداریا هەڵبژاردنا نەکر بوو، ژ لایە بەرێز ئەحمەد سلێمان و بەرێز ئەندامی سەرکردایەتیا هاتینە پێشوازی کرن، مە ئەگرێ بەشداری نەکرنا هەڵبژاردنێ پرسیار کرن، وان ڤەگەراندن بۆ هەندێ کو ژبەر سیاسێت ڕۆژئاڤا، ژبەر هەندێ کو ژ ڕۆژئاڤا یەك حیزب بڕیار دەت، پێتڤی ئەنجومەنەکا سیاسی پێك بیتن و بڕیاری ئەڤ ئەنجومەنە بدەتن، پشتی سەردانێت هەمی لایەنێت سیاسی مە کری، مە پێویست بوو کو سەردانا پەیەدە بکەین، ئەم داخازیێت وان بگەهێنین کو بەشداریا هەڵبژارنێن نەکریە، ژ لایەن (شاهۆ حسن) هاتینە پێشوازی کرن، پشتی پیرۆزبایی کرنا مە بۆ جەنابێ وی هەڵبەت مە داخاز ژی کر کو ئێك ڕاگەهاندنا ئازاد بێتە دان کو ب تایبەتی دەرفەت بۆ ئەو کەنالێت کو ڕێگری لێ هاتینە کرن کارێ خۆ بکەن، هەروەسا ئەو گلەی و گازندێن کو پارتێن بەشدار نەبووی هەڵبژاردنا هەبوون مە گەهاندنا وان، هەڵبەت پشتی بەخێرهاتنات گەرم بەرێز (شاهۆ) ئاماژە دا کو گفتوگۆیە ڕتناکن، ئەو ڕێگەنەدان بۆ کاری سیاسی بۆ ئەنەکەسێ کو ئەو دەستوورێ ڕۆژئاڤا وەرنەگرتن، هەلبژاردنێ ڕۆژئاڤا وەك ئەزموونەك دەستپێکی سەرگەفتی بوو بدیتنا شاندێت پەرلەمانی، دیمکراسی ژی بوو، ماوێ پروپاگەندە کێم بوو (14) ڕۆژ بوو، پێشنیار، ب دیتنا مە تەحەدایەتیا هەی ل بەردەم ڕۆژئاڤایا کوردستانێ، تەینا ب ئێکریز یا هێزێن سیاسی ئەزموونا ڕۆژئاڤا دێتە پاراستن، بۆیا ئەم داخازێت پەرلەمانی کوردستانێ دکەین کو

دەورێ ناڤەنگیریا ببینیتن کو هێزێن ڕۆژئاڤا زەمینێن سیاسی بۆ دانووستاندن بێتە دروست کردن، کۆمسـیۆنا سـەربەخۆیا هەڵبژاردنا هەرێمێ ل بوارێ تەکتیکی و فێرکاری هاریکاریا کۆمیسـۆنا ڕۆژئاڤایا کوردسـتانێ بکەتن، ب ناڤێ سـەرۆکا شـاندێ ئەز سـوپاسـیا هەردوو هاڤکارێت خۆ بەرێز (زانا عبدالرحمن و دکتۆر شێرکۆ حمە امین) دکەم کو وەك ئێك تیم بین سـەردانە وێرێ بکەین، و سـوپاسـیا بەرێزان (فوئاد عبدالله و ئازاد) پەیامنێرا دەکەم دگەل مە گەلەك ماندی بوون، و (سـۆران عوسـمان و ئاوارە حمید) دگەل مە گەلەك ڕێك و پێك بوون، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ سەرۆکی شاند (ئامینە زکری)، سوپاس بۆ (شێرکۆ حمە امین، زانا عبدالرحمن)، ڕاپۆرتێکی بەنرخە، زانیاری زۆری تێدا بوو، هیوا وایە سـوود بەخش بێ، ئەکید ڕاسـپاردەکان لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بەرێز و بە هەند وەردەگیرێ، ئێستا خاڵی نیزامی، فەرموو.

**بەرێز د.شێرکۆ حمە امین:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نازانم ئامینە خان لەبیری چوو یان نا، ئەوەی کە ئێمە موسـیرمان ئەکرد لەمان پشـتیوانی هەنگاوەکانی ئایندەیان بکەن، ئەوانیش قۆناغی سـێیەمیان لەپێشـە هیوام وایە وەکو لە پیشـنیازەکان تەسـبیت بکرێ لە پرۆتۆکۆل کە پەرلەمانی کوردسـتان پشـتیوانی لە رۆژئاوا بکات، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سـوپاس، پەرلەمانی کوردسـتان پێشـتریش ئەو هەڵوێسـتەی هەبوو، ئێسـتا داوا لە بەرێز دکتۆر ڤالە فەرید ئەکەین بۆ پێشـکەش کردنی ڕاپۆرتی خۆی لەبەر ڕۆشـنایی پرەنسـیپ و بەند و بڕگەکانی ئێسـتا لەسـەر ئاسـتی نێودەوڵەتی و نێوخۆیی سـەبارەت بە عەرەب کردنەوەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، گوندەکانی ناحیەی سەرگەڕان وەکو نموونە لەلـایەن حکومەتی عێراق، بەرێزیـان لە فراکسـیۆنی پـارتی دیموکراتی کوردستان پێشکەش ئەکات، فەرموو.

**بەرێز د.ڤاڵا فەرید ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاپۆرتی شـیکاری لەبەر ڕۆشـنایی پرەسـنیپ و بەند و بڕگەکانی یاسـا لەسـەر ئاسـتی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی سەبارەت بە عەرەب کردنەوەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم وەکو گوندەکانی ناحیەی سـەرگەران لەلایەن حکومەتی عێراقی فیدراڵ، حکومەتی عێراق دوای دەسـت بەسـەر داگرتن و داگیر کردنی ناوچە کوردسـتانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە (16-10-2017) وەك درێژە پێدەری سیاسەتی حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی تری عێراق تاوانەکانی پاکتاوی نەژادی لەو ناوچانە ئەنجام ئەدات، دەرکردن و وەدەرنانی بە زۆرملێ و دەربەدەر کردن بە مەبەستی نەهێشتنی کورد نشین لەو ناوچانە و جێ گرتنەوەیان بە عەرەبی هاوردە بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیای ئەو ناوچانە وەك سەرەتایەك بۆ پاڵنانی ئەو ناوچانە بە ناوچە عەرەبیەکان لە عێراق، بە مەبەسـتی بەدیهێنانی ئامانجی سەرەکی کە بە عەرەب کردنی کوردستان و تواندنەوەی گەلی کوردە لە چوارچێوەی وڵاتی عێراق، لای هەموان ئاشـکرایە کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوو ئەم سـیاسـەتە تاوانکارییەی حکومەتی عێراق ڕووی لە قەزای دووبزی پارێزگای کەرکووك بوو، بە جۆرێك (12) گوندی سەر بە ناحیەی سەرگەڕان کەوتوونەتە ژێر هەڕەشە و مەترسی وەدەرنانی بە زۆرەملێ لە زێدی باو باپیرانیان، شایەنی باسە قەزای دووبز یان دەشتی کەندێناوە لە ساڵانی (1993) تا

ئەگاتە (1987 و 1988) واتا لە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکانی جینۆساید دژ بە گەلی کوردستان لەلایەت ڕژێمی بەعسی لاکارلادراو، بەجۆرێك نزیکەی (14) گوندی سەر بە ناحیەی ئاڵتورکۆپری و (15) گوندی سەر بە ناحیەی سەرگەڕان لە دانیشتوانی ڕەسەنی خۆی کە کورد بوون خاڵی کراوە و بە عەرەبی هاوردە پڕکراوەتەوە، ئەوکات تاوانەکانی ڕاگواستنی بەزۆرە ملی لە گوندەکانی ناحیەی سەرگەڕان و ناوچە کوردستانییەکان بە بڕیاری مەجلسی قیادەی سەورا ژمارە (13) ی (91) لە (20-10-1981) و بە بڕیاری مەجلیسی ئەفواجی دیفاعی وەتەنی ژمارە (1175) ی (6-9-1987) بە پشت بەستن بە نووسراوی بەرپرسی تەنزیمی شیمالی (صری للغایە والشخصی) ژمارە (28 لەسەر 2650) لە (6-3-1987) ئەنجام دراوە، لە ساڵی (2003) و دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و گەڕانەوە و قەرەبوو کردنەوەی عەرەبی هاوردە بۆ ناوچەی بەعاج کە زۆربەیان سە بە عەشیرەتی شەمەرن گوندەکان لەلایەن خاوەنە ڕەسەنەکانیان کە کەکوردن و هەڵگری تاپۆی ڕەسەنی ساڵی (1939) ن ڕاپۆرتەکە (31) هاتووە بەڵام (39) یە، تاپۆی ڕەشیان هەیە، خاوەنی تاپۆی ڕەشی ساڵی (1939) ن ئاوەدان ئەکرێنەوە بێ ئەوەی قەرەبوو بکرێنەوە لەسەر ئەو تاوانە نێودەوڵەتیانەی کە لە دژیان ئەنجام دراوە، لە ئێستادا دوای تێپەڕبوونی دەیان ساڵ حکومەتی عێراقی فیدراڵ لەژێر سێبەری حوکمی عەسکەری تائیفی بە نووسراوی پارێزگاری کەرکووك بە وەکالەت (ڕاکان سعید علی) بە ژمارە (4010) لە (2-11-2017) کە ئاڕاستەی قائیمقامیەتی قەزای دووبز کراوە، و بە نووسراوی ژمارە (4594) کە لەلایەن هەمان پارێزگار بە وەکالەت ئاراستەی قیادەی عەمالیاتی سەلاحەدین کراوە داوا ئەکرێ کە عەرەبی هاوردەی قەرەبوو کراوە لەسەر حیسابی قوربانیانی کورد فەرز بکرێن بەسەر ماڵی کوردەکان و کوردەکان دووبارە لەسەر ماڵ و موڵکەکانیان وەدەر بنرێن لە ڕێگەی تەبلیغاتی ڕەسمی کە تەنیا ماوەی (3) ڕۆژ دەدات لە خاوەن ماڵ کە ماڵی تەسلیم بە عەرەبی هاوردە بکات، بەپێچەوانەی رێسا و یاسای ناوخۆی و نێودەوڵەتی و پێچەوانەی بڕگە و ماددەکانی دەستووری عێراقی فیدڕاڵ، ئەوە موستەنەداتی ڕەسمین کە ئێستا لەلایەن پارێزگاری کەرکووکەوە دەرچووە، و داوای ڕاگواستنی بە زۆرە ملێ و وەدەرنانی خەڵکی ڕەسەنی کورد ئەکات لە جێگاکانی خۆیان، و کیتابەکان بە شێوەی ڕەسمی ئاراستە کراوە، و لە ژێر چاوێری سەرۆکی وەزیران کە (حیدر عبادی) ە، ئەوەش کیتابی ڕەسمی تەنزیمی شیمالی و تەوقیع کراو لەلایەن بەرپرسی تەنزیمی شیمالی لە ساڵانی (87 و 88) ە کە جێ بەجێ کراوە بە هەمان کار و کردەوە و تاوان داوای ڕاگواستنی بە زۆرە ملێ و وەدەرنان و دەرکردنی خەڵکی ڕەسەنی ئەو ناوچانە ئەکات، ئەوە تاپۆی ڕەشی خەڵك و خاوەنی ماڵ و موڵکەکانی خۆیانن کە ساڵی (1939) واتە پێش ئیحسابییەی ساڵی (57) یش ئەوان خاوەنی ئەو موڵك و زەویانە بوون کە ئێستا لەسەر وەدەر ئەنرێن، ئەوە تەبلیغی ڕەسمی خاوەن ماڵەکانن کە پێویستە بە زووترین کات و لە خیلالی (3) ڕۆژ ماڵەکانیان جێ بێڵن و تەسلیمی بکەنەوە بە عەرەبی هاورجە کە کاتی خۆی لە ئاکامی جێ بەجێ کردنی تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانە نێودەوڵەتیەکان لەو ناوچانە جێگیر کراون، لە یاسای دەولی جینائی بە پێی بڕگەی (ب) لە ماددەی (6) لە میساقی دادگای نۆرنبێرگ ڕاگواستنی بە زۆرە ملێ تاوانی جەنگە، بەپێی بڕگەی (ج) ی هەمان ماددە تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتییە لە کاتێك دژ بە خەڵکی سڤیل ئەنجام ئەدرێ، بەپێی بڕگەی (10) لە ماددەی (7) لە نیزامی ئەساسی مەحکەمەی جینائی دەولی ڕاگواستنی بە زۆرە ملێ تاوانێکە لە تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی، لەوە زیاتر لیژنەی یاسای نێودەوڵەتی سەربە نەتەوەیەکگرتووەکان لە کاتی گفتوگۆ کردن لەسەر بەندەکانی پەیمانامەی قەدەغە کردن و سزادانی ئەنجامدەرانی

تاوانەکانی جینۆسـاید لە سـاڵی (1948) ڕاگواسـتنی بە زۆرە ملێ بە تاوانەکانی جینۆسـاید ئەژمار ئەکرێ، بەپێی بڕگەی (ج) ی ماددەی (2) ی پەیماننامەکە کاتی کە ئەمانج لێی لەناو بردنی کولی یان جوزئی گروپێکی دیاری کراو بێ لە گروپی ئیسـنی یان عیرقی، ئەوە جگە لەوەی مەحکەمەی جینـائی عێراقی عولیـا کە تـایبەت بە دادگـایی کردنی سـەدام و داروەسـتەکەی لە چەندین حوکمی خۆی بە ڕاشـکاوی حوکمی دەرکردووە، و حوکمەکانی دەرەجەی قەتعی هەیە، ئەڵێ ئەو تاوانەی بە عەرەب کردن و تاوانی ڕاگواسـتنی بە زۆرە ملێ کە لە ناوچەکانی کوردستانی عێراق ئەنجام دراون تاوانی نێودەوڵەتین و تاوانی دژ بە مرۆڤـایەتین و جەنگن، ئەوە جگە لەوەی ئەو نووسـراو و کـارانەی گەورە بەرپرسـانی حکومەتی عێراقی بۆ ئەنجامدانی تاوانەکانی ڕاگواسـتنی بە زۆرەملێ پێچەوانەی دەقی ماددەکانی (1و 5 و7) ی بڕگەی یەك لە ماددەی (8 و9) (أ) ماددەی (44) و ماددەی (140) ی دەستووری عێراقی فیدراڵی ساڵی (2005) ە، وەك گەلی کوردستان چاوەڕێی ئەوە بووین لە حکومەتی عێراقی فیـدراڵ کە بەپێی بڕگەی یەك لە مـاددەی (132) ی دەسـتوور قەرەبووی قوربـانیـانی تـاوانەکـانی ئەنفـال و کیمیـابـاران و ڕاگواسـتنی بە زۆرە ملێ و ئەشـەکەنجەدان و لە سـێدارەدانی سـیاسـی و کاوڵ کردنی شـار و شـارۆچکە و گوند و دێهاتەکانمان بکاتەوە، کە بەپێی یاسـا ئەرکی ئەوە، بە پشـت بەسـتن بە مەبدەئی ئیسـتیمراریەتی دەولە هەروەك لە ماددەی (132) ی دەسـتوور دانی پێناوە، بەڵام بە داخەوە نەك هەر قەرەبووی قوربانیان ناکاتەوە بەڵکو ئەو حکەمەتە بە سـەرپەرشـتی و سـەرۆکایەتی بەڕێز (حیدر عبادی) درێژە پێدەری سیاسـەتی پێش خۆی بووە و ئەبێت، بۆیە پێویسـتە لەسـەر ئاسـتی هەرێم و عێراق و نێودەوڵەتی کار بکرێ لەسـەر ڕێگری کردن لەسەر ئەو تاوانە نێودەوڵەتیە، بەو شێوەیەی خوراوە:

لەسـەر ئاسـتی هەرێمی کوردسـتان و عێراق پێویسـتە هەوڵە سـیاسـیەکان و هەوڵە یاساییەکان هاوشان بکرێن بۆ گەیشتن بە ئامانج، یەکەمین هەوڵ کە پێویستە بدرێ لەسەر ئاسـتی پەرلەمانی بریتیە لە هەموار کردنەوەی یاسـای سـزادانی عێراقی ژمارە (111) ی سـاڵی (1969) لە ڕێگەی زیاد کردنی تاوانەکانی جینۆسـاید، دژ بە مرۆڤایەتی و جەنگ پێناسـە کردنیان و دیاری کردنی سزاکانیان لە ژێر پرەنسیپی (لاجريمه ولا عقوبه الا بنص)، ئەویش لە ڕێگەی پیشـکەش کردنی پرۆژە یاسـای هەمواری یاسـای سـزادانی عێراقی لەلـایەت پەرلەمـانتـارانی کورد لە ئەنجومەنی نێونەرانی عێراق لەلـایەك، لەلـایەن پەرلەمانتارانی پەرلەمانی کوردسـتان لەلایەکی تر، واتە پێویسـتە لەسـەر هەردوو ئاسـت کاری لەسـەر بکرێ، هەم لێرە پرۆژە یاسا پێشـکەش بکرێ، کە ئامادە کراوە و تایبەت بێ بە تەعدیل کردنی قانونی عقوبات کە تا ئێسـتا لای ئێمە قانونی عقوباتێکمان نیە پێی بڵێین جینۆسـاید، تاوانێك نیە پێی بڵێین تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی، تاوانێك نیە پێی بڵێین تاوانی جەنگ کە ئەو تاوانانە تاوانی سوڵتەن، ئەو تاوانە نێودەوڵەتیانە کەسێکی ئاسایی ناتوانێ ئەنجامی بدات، ئەو تاوانانە لەسـەر ئاسـتی نێودەوڵەتی پێی ئەوترێ تاوانی دەسـتەڵات، واتە کەسـێك دەسـتەڵاتدار و حوکم بە دەسـتە ئەو تاوانە ئەنجام ئەدات، خاڵی دووەم، دەرکردنی یاسـایەکی تایبەت بە دادگای باڵای تاوانکاری، دەرکردنی یاسـای تایبەت بە دامەزرانـدنی دادگـایەکی تـایبەتمەنـد بە دادگـایی کردنی تـاوانبـاران لەسـەر ئەو تـاوانە نێودەوڵەتیـانەی کە ئەنجـام دراون و ئەنجـام ئەدرێن، لە ڕێگەی پێشـکەش کردنی پرۆژە یاسـای تایبەت بە دادگای تاوانکاری لەسـەر هەردوو ئاسـتی پەرلەمانی عێراق و هەرێم، کاتێ کە تەعدیل ناکرێ قانونی عوقبات، هەنگاوی دووەم، ئەتوانرێ یاسـایەکی تایبەتمەند

واتە موختەص دابنرێ لە هەرێمی کوردستان و لەسەر ئاستی عێراقیش ئەو دادگایە بەپێی نیزامی خۆی کاری بریتی بێ لە دادگایی کردنی تاوانبارانی جەنگ، تاوانبارانی جەنگ ئەوانن تاوانی نێودەوڵەتی ئەنجام ئەدەن، داواکاری گشتی بە ئەرکی یاسایی خۆی هەڵسێ بۆ کۆکردنەوەی بەڵگەی پێویست لەسەر تاوانەکان و دۆکیۆمێنت کردنیان بە پێی بڕگەی دووەم لە بەندی دووەم لە یاسای داواکاری گشتی ژمارە (159) ساڵی (1979) ی هەموار کراو، چوارەم، جوڵاندنی سکاڵا لەبەردەم دادگای فیدڕاڵی عێراق بەپێی بڕگەی (3) لە ماددەی (93) لە دەستووری عێراقی لەسەر تاوان و پێشێلکارییە دەستوورییەکانی حکومەتی عێراقی فیدڕاڵ، و بە زووترین کات داوای جێ بەجێ کردنی ماددەی (132) ی دەستوور بکرێ کە تا ئێستا حکومەتی عێراق خۆی لێ ئەدزێتەوە و پێشێلکاری دەستووری سەریحە، پێنجەم، پێکهێنانی لیژنەی باڵا لەسەر ئاستی هەرسێ دەستەڵاتە باڵاکەی هەرێمی کوردستان (یاسادانان، جێ بەجێ کردن، دادوەری) بە مەبەستی دانانی ڕێ و شوێنی پێویست بۆ ڕوو بە ڕوو بوونەوەی دۆخەکە بە شێوەیەکی سیستەماتیك بە جۆرێك کە هەر دەستەڵاتێك بەپێی تایبەتمەندی خۆی کار لەسەر کەیسەکە بکات و هەرسێ دەستەڵاتەکەش لە کاری یەکتر ئاگادار بن، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هەرچەند وەکو کورد بێ هیوا بووین لەوەی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بجولێت و دیفاع لە مافەکانی کورد بکات، بەڵام لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش بە موئەسەساتی نێودەوڵەتی ئەڵێین بەپێی یاسا ئەوە ئەرکی ئێوەیە، داواکارین لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆڵ بگێرێ لە جوڵاندنی تاوانەکان لەبەردەم دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی بەپێی برگەی (ب) لە ماددەی (13) ی نیزامی ئەساسی مەحکەمەی ناوبراو دەستەڵاتی جوڵاندنی کەیسی تاوانەکانی پێدراوە مەجلیسی ئەمن، دوو، داواکارین لە وڵاتانی ئەندام لە نیزامی ئەساسی مەحکەمەی دەولی ڕۆڵ بگێرن لە جوڵاندنی تاوانەکان لەبەردەم دادگای ناوبراو کە بەپێی بڕگەی (ا) لە ماددەی (13) ی نیزامی ئەساسی مەحکەمە دەستەڵاتی جوڵاندنی کەیسی تاوانەکانیان پێدراوە، لە کۆتایی داواکارین لە ڕێکخراوە مرۆییەکان لەسەر ئاستی ناوخۆی و هەرێمی و نێودەوڵەتی کە ئامانجیان پاراستنی مافەکانی مرۆڤە کار لەسەر خستنە ڕووی تاوانەکان و ڕێگری کردنی ئەو پێشێلکارییانە بکەن و لەلایەن دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان هاوکاری بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان ئاگادارین کە هەوڵەکانی بە عەرەب کردنی هەندێ لە ناوچەکان لە ئارادایە، بۆیە بە ئەرکی پەرلەمانی کوردستان ئەزانین بەدوا داچوونی هۆشیارانە بکات، بۆ ئەوەی بتوانین لە کاتی پێویست هەڵوێستی پێویست بنوێنین، ئێستا خاڵی نیزامی، فەرموو کاك بێستون.

**بەرێز بێستون فائق محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببورە ئەگەر نیزامی نییە، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕاپۆرتی بەرێز دکتۆرە (ڤاڵا) ڕەبتی بە لیژنەکەی منەوە هەیە دوای دەست خۆشی، بەڵام هەموو ئەو بابەتانەی باسی کردووە بۆ ڕێگری کردن لە تەعریب کردن لە شوێنە کوردستانییەکان بە تایبەتی کەرکووك چ مەحکەمەی دەولی و چ ئەو بابەتە قانونیە دەولییە و ناوخۆیانەی باسی کردووە پێم وایە خاڵی گرنگ کە ئەبوو باسی بکات و پەرلەمانی خۆشمان بە جدی کاری لەسەر بکات،

پارێزگاری کەرکووك موڵکی کوردە، موڵك بە ماناکەی دەستکەوتی سیاسی کوردە، زۆرینەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك کوردە، پێکهاتەکانی ناو کەرکووك و موئەسەساتی گەورەی عێراقیش ئەوان چاوەڕێن ئێمە کەسی خراپین بۆ ئەو پۆستە، ئەگەر ئەمانەوی ڕێ لە تەعریب کردنی بەردەوامی مەنتیقەکان بگرین ئەبێ یەکێتی و پارتی ڕێکبکەون لەسەر دیاری کردنی کەسێك بۆ پارێزگاری کەرکووك، پارێزگارێکی عەرەبی بە وەکالەت لە ناو کەرکووك و دەرەوەی خەریکی ئەو شتانەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بە ئەکید ئەو بابەتەی بەرێزتان باستان کرد گرنگە، هەوڵەکان لە ئارادان بۆ ئەوەی ئەو گرفتەی لە کەرکووك هەیە گرفتی پارێزگار چارەسەر بکرێ، بەرێزان کۆمەڵێك پێشنیار لەو ڕاپۆرتە هاتبوو، داوا لە ئێوەی بەرێز ئەکەین ئەو پێشنیارانە بە هەند وەرگیرێ، بۆ ئەوەی کاری لەسەر بکرێ، ئێستا داوا لە بەرێز ئەیوب عبداللە ئەکەین ڕاپرۆتی لیژنەی ناوخۆ سەبارەت بە ئەو خۆپیشاندانانەی هەرێمی کوردستان بخوێنەوە، فەرموو کاك ئاری.

**بەرێز ئاری هەرسین:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەپێش ئەوەی بەرێز دکتۆرە (ڤاڵا) ئەو ڕاپۆرتە بخوێنێتەوە ئێمە هینی خۆمان نووسی بوو، ئێمە یەك، دوو موڵاحەزمان هەیە لەسەر ڕاپۆرتەکە حەز ئەکەین بیخەینە ڕوو، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەو ڕاپۆرتە بۆ موناقەشە نییە، هەر بۆ خوێندنەوەیە، فەرموو ڕێواس خان.

**بەرێز ڕێواز فائق حسین:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای دەست خۆشی لە دکتۆرە (ڤاڵا) ئەوە ڕاپۆرتێکە تەفاسیل ئەنووسێ، دەست خۆشی لێ ئەکەم، بەڵام پێشنیاری من ئەوەیە ئەو پێشنیارەی کاك بێستوون ئەو پێشنیارە بۆ ئەوە هەر وا نەڕوا ببێتە پەسند کراوی پەرلەمانی کوردستان، دواتر تەسنیف بکرێ، بەشێکی عیلاقەی بە حکومەتە بنێردرێ بۆ حکومەت، بەشێکی بە ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان، بەشێکی بە سیاسیەکان، زۆر ئاساییە جوهدەکە کراوە، موناقەشەی بکەین، هەرکەس ئیزافەی هەیە ئیزافەی بکات و ببێتە پەسند کراوی ئەو پەرلەمانە، دواتر بە ناوی پەرلەمانی کوردستانەوە دەست بکەین لە دکتۆرە (ڤاڵا) و بنێردرێ بۆ ئەو لایەنانە، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەو پێشنیارانە کە باستان کرد لە جێی خۆیەتی، دواتر ڕاوێژکارییەك لەگەڵ خودی دکتۆرە (ڤاڵا) ئەکەین کە چۆن بتوانین، چونکە داخلی بەرنامەی کار کراوە بۆ تێبینی نەبووە، ئەو پەیامەی هەبوو گەیشتە پەرلەمانی کوردستان، بۆیە ئێمە دواتر لە دوای ڕاوێژکاری قسە ئەکەینەوە، فەرموو.

**بەرێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە دکتۆرە ڤاڵا ئەکەم، پشتگیری قسەکانی کاك (بێستوون و دکتۆرە رێواس ) ئەکەم، ئەکرێ تەرجومە بکرێ بنێردرێ بۆ پەرلەمانی عێراق، کارەکە لای ئەوانە، سوودی هەیە کاتێ تەرجومە بکرێ و بۆ پەرلەمانی عێراق، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ئەیوب بۆ خوێندنەوەی ڕاپۆرتی لیژنەی ناوخۆ.

**بەڕێز ئەیوب عبدالله اسماعیل:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بابەت، ڕاپۆرتی لیژنەی ناوخۆ سەبارەت بە خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ دروست بوونی خۆپیشاندانەکان لیژنەکەمان بەردەوام لە پەیوەندی دا بوو لەگەڵ دەزگا ئەمنیەکان بە مەبەستی بەدوا داچوونی ڕەوشی ئەوان و گیراوەکانی خۆپیشاندانەکان و بوونی هێزی زۆر لە ناو شارەکان و لیژنەکەمان سەردانی بەپەلەی مەیدانی ئەنجام دا و ڕۆژی (24-10-2017) کۆبوونەوەمان لەگەڵ ئاسایشی سلێمانی ئەنجام دا، لە کۆبوونەوەکە هۆکارەکانی خۆپیشاندان و بەشداری چین و توێژەکان و ئەنجامدانی توندوتیژی لەلایەن خۆپیشاندەران و دەزگا ئەمنییەکان گفتوگۆی لەسەر کرا، باسی ئەوەمان کرد کە ئەبێ گیراوەکان مامەڵەی یاسایی و مەدەنییانەیان لەگەڵ بکرێ و پەلە بکرێ لە ئازاد کردنیان و پەلە بکرێ لە ئاسایی کردنەوەی دۆخەکە و بڵاوە پێ کردنی هێزە سەربازییەکان بۆ گەڕانەوەی هێمنی و ئاساییش بۆ هاوڵاتیان، لە بەرواری (25- 12-2017) کاتژمێر (10) ی سەرلەبەیانی لەگەڵ لیژنەی ئەمنی ڕاپەڕین لە ڕانیە دانیشتنمان ئەنجام دا، بە هامان شێوە گفتوگۆمان لەگەڵ لیژنەکە ئەنجام دا و هەر لەو کۆبوونەوە بڕیار درا گیراوەکان ئازاد بکرێن و ئەوانەی بڕیاری گرتنیشیان هەبوو ڕابگیرێ و هێزەکانیان بڵاوە پێ کردوو دۆخی ڕانیە ئاسایی بۆووە، هەمان ڕۆژ کاتژمێر (2) ی دوای نێوەڕۆ لەگەڵ لیژنەی ئەمنی کۆیی دانیشتین و دوای گفتوگۆ لەگەڵ لیژنەکە سەردانی گیراوەکانمان کرد و دواتر لە کۆبوونەوەکە لیژنەکە بەڵێنی دا کە گیراوەکان ئازاد بکەن و دۆخی کۆییە ئاسایی بکەنەوە و دواتر جێبەجێیان کرد، بەهەمان شێوە لەگەڵ لیژنەی ئەمنی پشدەر لە پەیوەندی بووین و گیراوەکانیان ئازاد کرد و ئەوانەی بڕیاری گرتنیشیان درابوو بڕیارەکە ڕاگیرا، بەدرێژایی ڕۆژانی دواتریش هەر لە پەیوەندی دا بووین بۆ ئاسایی کردنەوەی دۆخەکەوە و ئەوەی تێبینیمان کرد لەو بەدواداچوونانە ئەو خاڵانەی خوارەوەیە کە ئەکرێ وەکو ڕاسپاردە ئاراستەی حکومەت بکرێ.

1 خۆپیشاندەران هەموو چین و توێژەکانی تێدابوو، بەتایبەتی مووچە خۆران و گەنجان و لاوانە لایەنەگرانی هەموو حیزب و ڕێکخراوەکانیش، بەتایبەتی تریش کەس و کاری شەهیدان و ئەنفال کراوان.

2- دۆخی خەڵك لەوپەری خراپی دایە و ئەگەر پەلە نەکرێ لە چارەسەر کردنی مووچە و بەگەڕ خستنەوە پرۆژەکان بۆ کەمکردنەوەی بێ کاری و پەلە نەکرێ لە باش کردنی خزمەتگوزارییەکانی ئاو و سووتەمەنی و کەمکردنەوەی باج لەسەر خەڵکی ئەوا لە هەموو کاتێك زەمینەی دەست پێ کردنی خۆپیشاندان هەیە و زەمینەی گۆڕانی ئاراستەی خۆپیشاندانیش هەیە بۆ عاقاری توندوتیژی.

3- دابەش کردنی مووچە لە کاتی خۆی و نەهێلدرێ لە (30) ڕۆژ زیاتر تێپەڕێ.

4- وەڵامدانەوەی حکومەت بۆ خۆپیشانە هێمن و مەدەنیەکان و بەدەنگەوە چوونی داواکانیان بۆ ئەوەی هانی خەڵك بدەن پەنا بۆ توندوتیژی نەبەن، وەکو بایکۆتی فەرمانبەران مامۆستایان بۆ پێدانی مووچەکانیان کە ئەو کاتەی مامۆستایان و فەرمانبەران بایکۆتی دەوام ئەکەن و پێویستە حوکەت لەوکاتانە بەپەلە وەڵامی داواکانیان بدەنەوە بۆ ئەوەی خەڵك بێ ئومێد نەبێ لە دەربڕینی خۆی و کە داواکانی جێ بەجێ ناکرێ و نەڕوا بۆ توندوتیژی، پێویستە پۆلیسی چالاکیە مەدەنییەکان بە تەنیا ناتوانێ کۆنترۆڵی خۆپیشاندەران بکات بۆ نەهیشتنی دیاردەی بە سەربازی کردنی شارەکان و نەبردنی

هەمەر بۆ ناو شـارەکان پێویسـتە میلاکاتی پۆلیسـی مەدەنی زیاد بکرێ، بۆ ئەوەی ئەوان مامەڵە لەگەڵ خۆپیشانداران بکەن.
6- پێویســتە دەزگا ئەمنیەکان ئاگادار بکرێنەوە کە توندوتیژی لەگەڵ خۆپیشــاندەران هەر توندوتیژی بەرهەم ئەهێنێ، پێویســتە ئارام و پشــوو درێژ بن بۆ هەڵســوو کەوت کردن لەگەڵ خۆپیشاندەران.
7- پێویســتە هیزی پێشــمەرگە بە دوور بگیرێ لە ڕووبەڕوو بوونەوەی خۆپیشــاندەران بۆ ئەوەی شـکۆی پێشـمەرگە بە بەرزی بمێنێتەوە و هیچ تیهەڵچوون درووسـت نەبێ لە نێوان خۆپیشاندەران و پێشمەرگە.
8- پێویستە سەرۆکایەتی حکومەت لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسیەکان کۆ ببنەوە بۆ ئەوەی داوا بکەن ئەندامان و لایەنگرانیان هان بدەن دوور بکەنەوە لە توندووتیژی.
9- پێویســتە لێپرســاوانی یەکەی ئیداری و دەزگا خزمەتگوزاریی و ئەمنییەکان لە شــار و شـارۆچکەکان لەگەڵ خەڵکی دابنیشـن و دانیشـتنی فراوان ئەنجام بدەن گوێ لە داخوازی و کێشەکانیان بگرن.
10- پێویستە سەرۆکایەتی حکومەت گوێ لە بەرپرسە یەکە ئیدارییەکان و نوێنەرانی خەڵك بگرن و چەندی ئەکرێ داواکاری ناوچەکان جێ بەجێ بکرێ.
11- پێیوستە وەزارەتی ئەوقاف و یەکێتی زانایانی کوردستان دەوری کاریگەریان هەبێ لە ڕێگەی خوتبەکانیان بۆ دوور خســتنەوەی خەڵك لە توندوتیژی و پاراســتنی ناو فەرمانگە و باراگاکانی حکومەت و حیزبەکان.
12- پێویســتە وەزارەتی ڕۆشــنبیری لە پەیوەنـدی بەردەوام بێ لەگەڵ ڕاگەیـانـدن و ڕاگەیـانـدنکـاران بۆ پەرەپێـدانی ســەرنجی نـا تونـدوتیژی و ئـارام کردنەوەی دەروونی خۆپیشاندەران.
13- ڕێگە نەدرێ جـارێکی تر ئەنـدامی پەرلەمـانی کوردســتـان بێ ڕەزامەنـدی پەرلەمـان دەستگیر بکرێ.
14- دەسـتگیر کردنی تەقەکەرانی خۆپیشـاندەران و بکوژانیان بۆ ئەوەی لە دواتر کێشــەی کۆمەلایەتی زیاتری لێ نەکەوێتەوە.
تێبینی: لە کۆبوونەوە لەگەڵ ئاسایشی سلێمانی کە پێویستە ئیشارەتی پێ بکەین لیژنەی مافی مرۆڤ و بەرپرسی نووسنگەی سلێمانی پەرلەمانی کوردستانیش لەو کۆبوونەوەیە بەشدار بوون، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ســوپـاس، ڕاپۆرتێکی گرنـگ و بەنرخ بوو، ڕاســپـاردەکـان بە ئەکید لەلایەن پەرلەمـانی کوردستانەوە بە هەند وەرئەگیرێ، ئێمە دوو خاڵی نیزامیمان هەیە، فەرموو کاك ئاری.

**بەڕێز ئاری هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەوەش بەرێزتان نیازتان نییە ڕێگە بدەن مولاحەزەی خۆمان بدەین؟ لەبەر ئەوەی هەم ڕاپۆرتی بەرێز دکتۆرە ڤالا و هەم ڕاپۆرتی بەرێز ئەیوب و لیژنەکەی ئەبن بە دۆکۆمۆمێنت،

لەبەر ئەوەی لەو پەرلەمانە ئەرشـــیف ئەکرێ، هەر لەوانەی لەو لیژنـانە بوون و نەبوون بەشـێکن لەو ڕاسـپاردانە، بۆیە حەقی خۆمانە کە بەرێزتان بفەرموون موڵاحەزەمان هەیە لەسەر ئەو ڕاپۆرتەن خۆمان ماندوو کردووە، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئای دیارە هەر شـتێ لە بەرنامەی کار نەبوو گفتوگۆی لەسـەر ناکرێ، ئێمە پێویسـتە پرسـیار بکەین، ئاڕاسـتەی لایەنی پەیوەندیدار ئەکەین، لەبەر ئەوە ئەوە بۆ گفتوگۆ نیە، فەرموو کاك سۆران.

**بەرێز سۆران عمر سعید:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خەلەلێکی پەیڕەوی هەیە لە پێشـکەش کردنی ئەو ڕاپۆرتانەی بە ناوی لیژنەی ناوخۆ یان هەر نـاوێکی تر، ئەمە کە بە نـاوی ڕاپۆرتی لیژنەوەیە تەنیا ڕاپۆرتی سـەرۆکی لیژنەیە و واژووی بەرێز کاك ئەیوبی لەسـەرە وەکو سـەرۆکی لیژنە، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ ڕاپۆرتی لیژنە ئەبێ واژوو و نیسـابی قانوونی ئەندامانی لەسـەر بێ، تێبینی دووم، ڕاپۆرتەکە دەستیان خۆش بێ ئێمە لە یەکەم قۆناغی سلێمانی کە بەرێزیان تەشریفیان هێنا لە (24-12) لەگەڵ دەزگای ئاسایشی سلێمانی کۆبوونەوەیەکی چەند کاتژمێریمان کرد لەسەر ئەو دۆخەن ئەوەی لە ڕاپۆرتەکە ئـامـاژەی پێ نەکراوە شـەهید کردنی سـێ هـاووڵـاتی خۆپیشـاندەرە، دوانیان لە ڕانیە، یەکیان لە شـاری کۆیە، بەداخەوە، جگە لەوە بەداخەوە وەزارەتی ڕۆژنبیری بڕیارێکی بووە هۆی ئەوەی هەڵبکوترێتە سەر کەناڵی ئێنئارتی و پەکی بخرێ و بە شـێوەیەکی زۆر نایاسـایی مامەڵەی لەگەڵ بکرێ، خاڵی سـێەم کە زۆر جێی نیگەرانییە پەرلەمانتارێکی ئەو پەرلەمانە دەسـتگیرکرا کە خاوەنی پارێزبەندییە بە هیچ شـێوەیەك ئاماژەی پێ نەکرا، ئەو پەرلەمانە دیفاع لە پەرلەمنتاری خۆی ناکات ئیتر چۆن دیفاع لە خەڵك ئەکات.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هاتبوو، ئەو تێبینەی بەرێزت باست کرد بە شکلی تەنیا کاك ئەیوب ئیمزای کردووە بە ناوی لیژنە ئیمزای کردووە، بۆ دەڕبرینە بە ناوی لیژنەی ناوخۆ، سـوپاسی ئەکەین، ئێسـتا داوا لە کاك ئاری ئەکەین یاداشتێتك بە ناوی فراکسیۆنی بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان پێکەش بکات.

**بەرێز ئاری عبداللطیف:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەژێر ڕۆشـنایی ئایەتی پیرۆزی (وقفتهم انهم مسـالون) ڕێم بدەن بە ناوی بزووتنەوەی ئیسلامییەوە چەند خاڵێك ئاماژە پێ بدەم، وێرای سوپاس گوزاری بۆ دەستەی سەرۆکایەتی و ئەندامانی ئازیزی پەرلەمان بۆ ئەو پرسـە هاوسـۆزیە بۆ شـەهیدی پەرلەمنتار دکتۆر (شـوان قەڵادزەیی) تان سـاز کرد دووبارەی درێژەدان بە بەرنامە و کار و هەڵوێسـتەکانی دکتۆری خەمخۆر و پەرلەمانتاری کۆچ کردوو بە پرۆژە و خزمەت بە داد پەروەری و دڵسـۆزی بۆ گەل و خاکی کوردستان ئەسەلمێنین، بەرێز دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، ئاراستەی سـەلامەتی یاسـا و چاودێری کارەکانی حکومەتی هەرێم و ڕێگری کردن لە بەهەدەردانی سـامانی گشـتی و فەسـادی سـیاسـی و ئیداری وەك فراسـکیۆن لە بەرنامە و ئەجندامان ئەبێ، ئاسـاییشـی نیشـتیمانی و نەتەوەیی و گەڕانەوەی ئینتیما بۆ کورد بوون و پاراسـتنی

یەك پارچەیی خاكی كوردســـتان هاوبەندی و یەكریزی گەلی كوردســـتان و هەموو هیزە سیاسیەكان ئامانجمانە، لەو هۆڵە پیرۆزەوە جاری یەكبوونی نیشتیمانی ئەدەین و دەستی ئێمە بۆ ئاشتەوایی لە پێناو سەرخستن و گەیشتن بە بەرژوەندییە باڵاكانی گەلی كورد لە هەموو دەستێك نزیكترە بۆ دەست گووشین، ئەركی ئیمانی و ئاكاریمانە وەكو فراكسیۆنی بزووتنەوەی ئیسلامی هەم پەرلەمان و هەمیش دەستەڵاتی جێ بەجێ كردن و دادوەری و كومەڵگەی كوردســـتان لەم ئاریشـــە خراپە ڕزگار بكەین بە نرخی قوربانی خۆشـــمان بێ، ئامادەین بۆ پاراستنی ئەو قەوارە كوردستانییەی باشوور و گەیشتن بە دەریجەیەك ئەویش بە ئەجێندا و كارنامەی ســـواو نا، بە موزایەدەی ســـیاســـی نا، بە بەد گومان بوون لە ئایندە خوازی و ســـەربەخۆی ســـیاســـی و ئابووری ئەو وڵاتە هی هەموومان نا، بەڵكو بە مۆدێل پارادایینێكی مەنافێســـت نەكراو كە تا ئێســـتا هیچ لایەن و فراكســـیۆن و كەســـێك بە ڕۆح و جەســـتەیەكی ئینتیما خوازیەوە ئەركی ئەدا نەكردووە، ئەویش واز هێنانە لە عەقڵمەندی كۆنكرێتی حیزب و دوور كەوتنەوە لە سەرەتانی بوونی ململانێكان لە پێناوی بەرژەوەندی، من بەش بە حاڵی فراكسیۆن دەستی حیزبەكەی خۆم ئەبڕم ئەگەر بیەوێ ئاناخشی زمانە لە كاری پەرلەمان و بە دامەزراویی كردن و سەروەری یاسای و بە جێگەیاندنی عەدالەت بكات، بە تكاوە داوا ئەكەم، ئەو ماوەی تەمەنی پەرلەمان ماوە با بەیەك پارچە و بە دەنگی تەواوی  فراكسیۆنەكان جاری چارەسەر بدەین و هەم خۆمان و هەمیش حكومەت بخەینە بەردەم دادگای ویژدان و دەســـت بە جێ دڵی خەڵك خۆش بكەین و نەیاریش لەو دیو سنوورەكانەوە سەراسیمە بكەین، دڵنیاین كە ئەتوانین، هەڵبژاردنی پێشوەخت و پێكهێنانی كابینەی نوێی دڵخوازی خەڵكیش بە هەڵبژاردنی پاك دیســـانەوە لە هەموو خیارێكی تر باشـــترە و ئیتر داواجار پەرلەمانی نوێ و حكومەتی نوێ بەرپرســـن لە داهاتووی خەڵك و خاكی هەرێمی كوردســـتان، دوو خاڵی زۆر گرنگ و هەنووكەیی، یەكەم، لەو قۆناغە زۆر خراپەی خەڵكی كوردستان تكایە با پەرلەمان خۆی خەریك نەكات بە پرۆژە و بڕیاری دوور لە كاری هەنووكەیی وەكو مووچە و خزمەتگوزارییە هەرە لە پێشـــینەكان، خەڵك تەحەمول ناكات و پێویســـتە پەرلەمان بە كاری خۆی هەڵســـێ و لایەنی كەم بە هاوبەشـــی لەگەڵ حكومەت سێ لیژنە دروست بكات، لیژنەی چارەسەری خێرا، یان ژووری بەدەمەوە چوون، یان هۆبەی تێپەڕاندن لەو ماوەی پەرلەمان تا هەڵبژاردن بە دەســـتیەوەتی، دووەم، بەپێی ماددەی (16) لە پەیڕەوی ناوخۆ پێویستە هەم دەست لە كاركێشانەوەی هەر ئەندامێكی دەستە و هەمیش هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ لە یەك دانیشتنی پەرلەمان جێ بەجێ بكرێ، تكایە هەســـتن بەو كارە یاســـاییە و كەســـێك لە شـــوێنی ســـەرۆكی پەرلەمانی دەستلەكاركێشاوە دەست نیشان بكەن، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك شێركۆ فەرموو بۆ خاڵی نیزامی.

**بەڕێز شێركۆ جودت:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆرجار كە ڕاپۆرتەكان ئەخوێندرێتەوە هەندێ شـــەرحی لەگەڵ ئەبێ ڕەنگە جۆرێك لە تەناقوزی تێ بكەوێ لەگەڵ ئەوەی ڕێكئەكەوی لەســـەری، جا نازانم كامیان ئەچێتە پرۆتۆكۆلەوە، قســـەكە یان ئەوەی كە گروپەكە لەســـەری ڕێك ئەكەون؟ چونكە ئەوەی پەیوەندیدار بێ بەوەی ڕۆژئاوا كێشەی هەرە سەرەكی ئەوەیە ئەنەكەسە خۆی ئیعتراف بەو خۆبەڕێوەبەریە ناكات، ئێمەش تاك لایەنە قســـەكانمان وەرگرتووە، بۆیە هیوادارم ئەگەر دوایی دەنیشینەوە یان پێمان بڵێن ئەوە چۆن و چۆن نیە، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
ئەوەی ئەخوێندرێتەوە ئەچێتە پرۆتۆکۆڵ، فەرموو ئامینە خان.
**بەرێز ئامینە زکری سعید:**
**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ئەو شـتی ئەنەکسـێ گۆت مە ب ڤێرە جێ نەکریە، مە ب شـێوازەکە گشـتی گوتیە، ژبەر هەندێ پێویستی نەکریە.
**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
ســـوپاس، بەرێزان پشـــوێك وەرئەگرین، ئەرك و مانووبوونتان جێگەی ڕێزە ئەو شـــاندەی چووە ڕۆژئاوا، پێویست بە گفتوگۆی تر ناکات لەسەر ئەو بابەتە، بۆ دەوڵەمەند کردنی ئەو بابەتە گوێ لە ئێوەش ئەگرین ئەگەر پێویست بێ، تا (30-3)، فەرموو.

کۆبوونەوەی دووەم نەکرا دواخرا

| | | |
|---|---|---|
| **بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی** | **جعفر ابراهیم ئێمینکی** | **د. یوسف محمد صادق** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلـەمانـی کـوردسـتـان - عـێـراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (5)ی
سێ شەممە ڕێکەوتی 30\1\2018
خولی چوارەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (5)

# سێ شەممە ڕێکەوتی 2018/1/30

کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی 2018/1/30 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی جێگری سەرۆك و، بەڕێز بێگەرد تاڵەبانی سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (5)ی خولی چوارەمی, ساڵی (2018) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا کاتی دانیشتنی ژمارە (5)ی خولی بەهارەی ساڵی پێنجەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی 2018/1/30 دا بەم شێوەیە بێت:

-گفتوگۆکردنی پرۆژە یاسای ریکخستن و چاندن و گواستنەوەی ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ بەپێی ماددەکانی (72،74،75)لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی سالی (1992)ی هەموارکراو.

2-گفتوگۆکردنی پرۆژە یاسای هەمواری یاسای هاتوچۆ ژمارە (86) سالی (2004) لە هەرێمی کوردستان/عیراق بە پێی ماددەکانی (72،74،75) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی سالی (1992)ی هەموارکراو.

3-خوێندنەوەی یەکەمی ئەم پرۆژە یاسایانەی خوارەوە بەپێی ماددەی (71) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ی سالی (1992)ی هەموارکراو.

1-پرۆژە یاسای پاراستنی تۆروو دامەزراوەکانی ئاو و ئاوەرۆ لە هەرێمی کوردستان عیراق لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

4-دانانی ئەم ەندامە بەرێزانە لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمانی کوردستان بە پێی ماددەی (44) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە ( 1) ی (1992)ی هەموارکراو.

1- زیادکردنی ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بەرێز(ئەیوب عبدالله رسول) بۆ سەر لیژنەی کاروباری پەرلەمان.

2- زیادکردنی ئەندامی پەرلەمان بەرێز (عبدالرحمن فارس عبدالرحمن) بۆ سەر لێژنەی کاروباری کۆمەڵگای مەدەنی.

5- خوێندنەوەی پەیامی فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان لەلایەن سەرۆك فراکسیۆنەکان سەبارەت بە بارودۆخی ئێستای (عەفرین).

6-گفتوگۆکردنی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە لەلایەن لیژنەی کاتی بۆ پێداچونەوەی پەیرەوی ناوخۆ ئامادەکراوە بەپێی بریاری ژمارە (26)ی سالی(2014) وە برگەی (8) لە ماددەی (56) یاسای هەلبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی سالی (1992)ی هەموارکراو پالپشت بە ماددەی (94)ی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی سالی (1992)ی هەموارکراو.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنەکە دەست پێ دەکەین، خولی چوارەمی هەڵبژاردن سالی پێنجەم دانیشتنی ژمارە (5) رۆژی دانیشتن (30-1-2018) بەرنامەی کار بە پێی حوکمەکانی بڕگەی یەکی مادەی (20) لە پەیرەوی ناوخۆی پەڕلەمانی کوردستان – عیراق ،

ژمارە یەکی ساڵی (1992) هەموار کراو دەستەی سەرۆکایەتی پەڕلەمان بڕیاری دا کاتی دانیشتنی ژمارە (7) ی خولی بەهارە ساڵی پێنجەم لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمان کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆ رۆژی سێشەمە ریکەوتی (30-1-2018) بێت وە بەرنامەی کاری دانیشتنەکە بەم شێوەیە:

1-گفتوگۆکردنی پرۆژە یاسای ریکخستن و چاندن و گواستنەوەی ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ بەپێی ماددەکانی (72،74،75)لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی سالی (1992)ی هەموارکراو.

2-گفتوگۆکردنی پرۆژە یاسای هەمواری یاسای هاتوچۆ ژمارە (86) سالی (2004) لە هەرێمی کوردستان/عیراق بە پێی ماددەکانی (72،74،75) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی سالی (1992)ی هەموارکراو.

3-خوێندنەوەی یەکەمی ئەم پرۆژە یاسایانەی خوارەوە بەپێی ماددەی (71) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ی سالی (1992)ی هەموارکراو.

1-پرۆژە یاسای پاراستنی تۆروو دامەزراوەکانی ئاو و ئاوەرۆ لە هەرێمی کوردستان عیراق لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

4-دانانی ئەم ەندامە بەرێزانە لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمانی کوردستان بە پێی ماددەی (44) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە ( 1) ی (1992)ی هەموارکراو.

3- زیادکردنی ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بەرێز(ئەیوب عبدالله رسول) بۆ سەر لیژنەی کاروباری پەرلەمان.

4- زیادکردنی ئەندامی پەرلەمان بەرێز (عبدالرحمن فارس عبدالرحمن) بۆ سەر لێژنەی کاروباری کۆمەڵگای مەدەنی.

5- خوێندنەوەی پەیامی فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان لەلایەن سەرۆك فراکسیۆنەکان سەبارەت بە بارودۆخی ئێستای (عەفرین).

6-گفتوگۆکردنی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە لەلایەن لیژنەی کاتی بۆ پێداچونەوەی پەیرەوی ناوخۆ ئامادەکراوە بەپێی بڕیاری ژمارە (26)ی سالی(2014) وە برگەی (8) لە ماددەی (56) یاسای هەلبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی سالی (1992)ی هەموارکراو پالپشت بە ماددەی (94)ی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی سالی (1992)ی هەموارکراو.

بەرێزان پێش ئەوەی بێینە خاڵەکانی نیزامی وە بەخێرهاتنەکی گەرم بۆ بەرێز (د.رێکەوت) وەزیری تەندروستی لە هەرێمی کوردستان/ عیراق، بەخێرهاتنی رێخراوی(cdo) دەکەین کە ئەمرۆ مێوانن لە پەرلەمانی کوردستان وە پەیامەکیان هەبوو راستەوخۆ داوامان لێکردن لەسەرئێوەی بەرێز دابەش بکەن، ئەوە بە ئیجازەی ئێمە بوو دەمانیوست پێش دانیشتنەکە تەوزیعی کەن وا رێککەوت هەندەك دواکەوت، بەخێرهاتنی ژمارەك میوان دەکەین کە لە عەفرینی خۆشەویستەوە ئیستا لە پەرلەمان ئامادەنە بە ناوی ئێمەو بە ناوی ئێوەی بەخێرهاتنیان دەکەین، بەرێزان هەر لەم دانیشتنە پێش ئەوەی بێینە برگەی پوختەی دانیشتنی پێشتر بە پێویست دەزانین ساتێك بێدەنگی رێزگرتن بۆ قوربانیانی (عەفرین) بوەستین. سوپاس، فەرموون، داوا لە بەرێز سکرتێری پەرلەمان دەکەم پوختەی دانیشتنی پێشتر، غیاباتی بە هۆ و بێ هۆ پێشکەش بە دانیشتنەکە بکات.

**بەرێز بێگەرد دلشاد عبدالله (بێگەر تاڵەبانی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، پوختەی دانیشتنی ژمارە(4) اسایی رۆژی شەمە رێکەوتی (2017/1/10) بەم شێوەیەی خوارەوە بوو.
1-دەست پێکردنی دانیشتن لە لایەن بەرێزجێگری سەرۆکی پەرلەمان.
2-خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی ئامادبوو ئامادە نەبوو، هەروەها خوێندنەوەی پوختەی دانیشتنی پێشوو لەلایەن سسکرتێری پەرلەمان.
3-دەنگدان لە سەر ئالوگۆرکردنی برگەی چوارەم بۆ یەکەم و پێنجەم بۆ دووەم لە بەرنامەی کار.
4--خوێندنەوەی یەکەم بۆ(9) پرۆژە یاساو (3) پرۆژە بریار لەڵاین لیژنەی یاساییەوە.
5-دەنگدان لەسەر دانان و دەست لەکارکێشانەوەی ژمارەیەك لە ئەندامانی پەرلەمان لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمانی کوردستان.
6-دەنگدان لەسەر ئالوگۆرکردنی برگەیەکی تر لەبەرنامەی کار.
7-خوێندنەوەی راپۆرتی شاندی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە چاودێری هەلبژاردنەکان رۆژئاوای کوردستان لەلایەن ئەندامی پەرلەمان بەرێز (ئامینە زکری).
8-خوێندنەوەی راپۆرتی شیکاری لەبەر رۆشنای پرانسیپوو بەندوو برگەکانی یاسا لەسەر ئاستی نێودەولەتی و ناوخۆی سەبارەت بە عەرەبکردنی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، گوندەکانی ناحیەی سەرگەران، وەك نمونە لەلایەن حکومەتی فیدرال پێشکەش کرا، لەلایەن ئەندامی پەرلەمان بەرێز(د.ڤاڵا فەرید).
7-خوێندنەوەی راپۆرتی لیژنەی ناوخۆ سەبارەت بە بەدواداچونی رەوشی خۆپیشاندەران گیراوەکانی خۆپیشاندەران (2017/12/24) لە چەند ناوچەیەکی هەرێمی کوردستان لە لایەن بەرێز(ایوب عبدالله).
8-دەنگدان لەسەر دواخستنی دانیشتنی پەرلەمان.
9-ناوی ئەندامانی پەرلەمان کە لە دانیشتنی ژمارە(5)ی ئاسایی لە بەرواری (2018/1/10) مۆلەت پێدراون یان بەبێ مۆلەت ئامادە نەبوون ئەمانەن:
مۆلەت:(ساڵار محمود موراد، گەشە دارا، جلال عثمان، شیرن حوسنی، ڤیان عباس، فەیروس تەها، ئیڤار ابراهیم، بەهار عبدالرحمان، رابون تۆفیق، قارەمان قادر، باپیر کامڵا).
ئامادەنەبوو: (جلال عثمان کارسول)
ئەوانەی بۆ دانیشتنی ئەمرۆ داوای مۆلەتیان کردووە ئەمانەن (ڤیان عباس، باپیر کامڵا سلیمان، شیرن حسنی رمضان، ادریس علی اسلام، شامۆ شێخۆ، ئاواز جەنگی، زیاد حسین عبدالکریم، یەعقوب گورگیس، ئایدن معروف).
**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس بۆبەرێز سکرتێری پەرلەمان بۆ پێشکەش کردنی پوختەی دانیشتنی پێشتر کە دیارە هیچ تێبینی لەسەر نەبوو پەسەند کرا، وە خوێندنەوەی غیابات، بەرێزان چەند خالێکی نیزامی هەنە وەریان دەگرین پێش ئەوە پوختەی کارو چالاکەکانی بەشی کاروباری پەرلەمان بۆ (2017) پێشکەشتان دەکەم دوو دەقە دەخایەنێت، دواتر خالە نیزامیەکان هەموویان وەردەگرم، وە ناوەکانیش دەنووسم، لەو ماوەیەدا کۆمەلێك دانیشتن بەرێوە چوون (2017) کە ئاسایی و نائاسایی بوون ژمارەی ئەو دانیشتنانە (7) دانیشتنە کە دەست پێکی دانیشتنەکان بە کاراکردنەوەی پەرلەمان بوو بە دانیشتنێکی دەست پێك نائاسایی لە رۆژی هەینی رێکەوتی (2017/9/15) بۆ پشتیوانیکردنی پرسی (ریفراندۆم)وە مافی چارەی خۆنووسینن دانیشتنە ئاسایەکانی خولی یەکەم کە ژمارەیان (4) دانیشتن بوو ، پاشان دەست کرا بە دریژکردنەوەی ماوەی پەرلەمان بۆ دوو خولی گرێدان کە ئەویش ك سێ

دانیشــتن ئەنجامدرا، کۆمەڵێك یاســاو بریار دەرچوو کە ژمارەی یاســاکان (4) یاســا بوو وە بریارەکانیش ژمارەیان (10) بریار بوو یاســـاکان ژمارە (1)ی درێژکردنەوەی خولی چوارەمی پەرلەمان دوای خوێندنەوەی نامەی بەڕێز ســەرۆك (مســعود بارزانی) ســەرۆکی هەرێمی کوردســتان کە ئاراســتەی پەرلەمانی کوردســتانی کرد بۆ یاســای ژمارە(2) دەرچوو ،یاســای ژمارە (2) یاســـای دابەش کردنی دەســـەڵاتەکانی ســـەرۆکی هەرێم بەســـەر دامەزراوە دە ستووریەکانی هەرێم، یا سای ژمارە(3) یا سای هەمواری پیادەکردنی یا سایی بەکریدانی خانووبەرە ژمارە(87)ی سالی (1979)ی ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان، یاسا ژمارە(4) یاســای لێبووردنی گشــتی لە هەرێمی کوردســتان بریارەکانیش کە ژمارەیان (10) بریارە لە دانیشــتنەکان کە خوێندنەوەی یەکەم بۆ کۆمەلەك پرۆژەو یاســاو بریارە کراوە کە ژمارەیان (20) پرۆژەیە بە یاســاو بریار، وە هەروەها چەند راســپاردراوەیەك نێردراون بۆ حکومەت کە ئەوانیش:

1-راسپاردنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەلبژاردن و راپرسی لە هەرێمی کوردستان بۆ ئەنجامدانی پرسی سەربەخۆیی کوردستان.

2-راسپاردنی پەرلەمان سەبارەت بە بودجەی حکومەتی عیراقی فیدرال.

3-راسپاردنی پەرلەمان بۆ رووداوەکانی (دوزخوورماتوو) لە زۆربەی دانیشتنەکانی پەرلەمان حوکمەت ئــامــادە بووە بۆ گفتوگۆکردن و دەولەمەنــد کردنی بــابەتە هەرە گرینــگ و چارەنوســیەکانی هەرێمی کوردســتان، وە هەرەوەها بۆ گفتوگۆکردنی پرۆژە یاســاکان هەر لەم ماوەیەدە چەندین ئەندام پەرلەمان دە ستیان لە کار کێشاوە چەند ئەندامەك سووندی یاساییان خواردووە بۆ شوێن گرتنەوەیان .

ســـوپاس بۆ ئێوەی بەرێز خالە نیزامیەکان لە کاك (برزۆ) دەســـت پێدەکەین، کاك (برزۆ)، فەرموو.

**بەڕێز برزۆ مجید عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان ئێمە وەکو فراکســیۆن بە پێی ماددەی (6)ی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کورد ستان داوای دانیشتنێکی نائا ساییمان کرد بۆ قسە کردن لە سەر بارودۆخی عەفرین و دەربرینی پشــتیوانی پەرلەمانی کوردســتان و پابەندکردنی حکومەتی هەرێم بە هەر کارێك بە هەر بر یارێك لەبەرژەوە ندی عەفرین بێت، بەڵام بە داخەوە ئەمرۆ دەبینین لە بەرنامەی کارێکی قەرەبالغدا گفتوگۆکردن لە سەر عەفرین تەنها بە برگەیەك ئەویش بە گەیاندن یان قســە کردنی ســەرۆکی فراکســیۆنەکانە، ئێمە پێمان وایە قســەی ســەرۆك فراکســیۆنەکان هیچ شــتێکی ئاوا لە ئاســتی کارەســاتی عەفرین کەم ناکاتەوە لەهەمان کاتیشدا دوور لە مزایەدەی سیا سی بە جیاوازی سیاسیمان بە ملمڵانێی سیاسیشمانەوە پێمان وابی قەزیەی عەفرین دۆخی عەفرین هەموو ئاســـتی ملمڵانێ و جیاوازیەکانمان رادەگرێت لەوەی کە مەســـەلەیەکی تەواو کورد بوونە مەســـەلەیەکی تەواو نەتەوەیی و نیشـــتمـانییە؟، لەو روانگەوە ئێمە داوا دەکەین لە بەرێزتـان ســـەرەرای ئەوەی بە پێی ماددەی(6) لە پەیرەوی ناوخۆ بەرەســـمی ئاراســـتەی جەنابتانمان کردبوو کە داوا دەکەین دانیشـتنێکی نائاسـایی بۆش بە نائاسـایی داوامان کردبوو بە پێی ماددەی (6) چونکە ئێمە دەزانین ئەو برگەکان لە کاری دانیشـــتنی پێشـــووی پەرلە مان بە تەواو نەکراوی بە جێ دەمێنن لە دانیشتنی داهاتوودا دەبێ تەواو بکرێن بۆیە ئێمە داوای دانیشتنی نائاساییمان کردبەە، بۆیە لە ئێستادا دووپاتی دەکەینەوە بۆ بەرێزتان داواتان لێدەکەین ئەم دانیشتنەی ئەمرۆ تەنهاو تەنها تایبەت بێت بە قســـەکردن لەســـەر(عەفرین) وە حەدی ئیمکان حەدی

ئیمکان بتوانین بە راســپاردەو بریاری وا دەرچین کە بەشــێکی پابەند کردنی حکومەتی هەرێمی تێدا بێت بۆ کردنەوەی دەروازە بۆ عەفرین بۆ هاوکاری و پشــتوانی ســیاســی و دبلۆماسی و لۆجستی هەر شتێك کە لە ئیمکانیەتی حکومەتی هەرێم داهەبێت لە عورفی سیاسی دبلۆماسیدا رێگە بێدراو بێت، وە تکامان وایە لە جەنابیشتان پێش ئەوەی بەرنامەی کاری ئەم دانیشتنە دەست پێبکات بە وەڵامێکی راست و دروستمان بدەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ســوپاس بۆ بەرێز (برزۆ مجید) من وەڵامی ئەم پرســیارەی کاك (برزۆ)دەدەم بۆ ئەوەی دووبـارە نەبیتن، وە ئینجـا خـالی تر وەردەگرین، بەتەئکیـد دۆخی عەفرین دۆخەکی هەســتیارەو نالەبارە وە خەمی هەموو کوردســتانیانە وە لە روانگەی ئەرکی پەرلەمانی کوردســتان ئەو داوایە کە لە زۆربەی فراکسـیۆنەکان بۆ دەسـتەی سـەرۆکایەتی هاتبووبە هەندمان وەرگرت مەســەلەیەکی زۆر جدییە لە هەموو مزایەدەیەکی ســیاســی بەڵام پرسـەکی مرۆڤایەتییە نیشـتمانییە بەر لەوەی پرسـەکی نەتەوەیی بیت تەنیا بۆ کوردبیت، چونکە عەفرین سـنبولی پێەوە ژیانە، وە خەلکانێکی زۆر لەوێ پەنایان بۆ عەفرین بردووە بۆئەوەی لەوێ ژیانی خۆیان بەردەوام بکەن، دیارە ئەو دۆخەی بەســەر عەفرین هاتووە ئەنجامی ملمڵانێیەکی زۆر توونـدە لە هەموو رۆژهەڵاتی نـاوەراســت ئەوەی ئێمە بە پێویستمان زانیوە لەسەرۆکایەتی پەرلەمان بەرنامەی کاری پێشتر ئەوەی لە دانیشتنەکانی پێشــتر وامان بە پێویســت زانی لەم دانیشــتنەدا ببێتە خالی یەکەم بەڵام لەبەر ئەوەی دانیشــتنی پێشــتر و دوو پرۆژە یاسـا هەبوون دەبوا مناقەشــە بکرێن بە بێی رێکارەکانی پەیرەوی پەرلەمانی کوردستان دەبێت ئەوە لە پێش بن بەس داوا لە ئێوەی بەرێز دەکەین ئەوە ببێتە خالی یەکەم وە لە خالی یەکەمەوە پەیامی خۆتان بگەینن وە زۆر گرینگە دونیا گوێ لە پەیامی پەرلەمانی کوردستان بگیرێت کە هەمیشە پەیامی پەرلەماننی کوردستان پەیامی ئاشـتی و خوازانە بویە وە داوای چارەسـەری ئاشـتیانەی کردووە وە بۆ کێشـەکانی ناوخۆی عیراق دەســتی ئاشــتیخوازانەی هەرێمی کوردســتان لەگەل هەموو مەینەتیەکان لەگەل خەلکی کوردســتانە بۆ ئەوەی لەگەل بغداد بە گفتوگۆ کێشــەکان چارەســەر بکرێن، هەروەها ئێستاش پەیامی خەلکی کوردستان لەلایەن فراکسیۆنەکان زۆر گرینگە بە هەموو دونیا بگەینین بە تەئکید دلنیامە خەلکی کوردستان چاوەروانی ئەوەیە گوێ لە ئێوە بگریتن، ئەگەر ئێوە فراکســیۆنەکان ئەندامانی پەرلەمان گشــتتان رازی بن برگەکان ئالوگۆر بکەین برگەی بارودۆخی عەفرین دەبیتە برگەی یەکەم ئەگەر ئێوە رازی بن بەوەی، ئیزافەتەن پێش ئەوەی دەبێت ئەوە بە دەنگ دان ئەوە یەکلایی بکرێتەوە هەر بۆ وەبیر هێنانەوە هەرێمی کوردستان هاوسۆز بووە لەگەل رۆژئاوا کوردستان وە هاوسۆزیەکە هەر لێرە لە دانیشتنی پەرلەمان پشــتوانی پەرلەمانی کوردســتان بۆ رۆژئاوا بەبریار پەســەند کرا شــاندەکانی هەرێمی کوردسـتان و پەرلەمان بە بەردەوامی سـەردانی رۆژئاوایان کردووە، دواین شـاند ئەوە بوو کە لەســەر داوای کۆمســیۆنی هەلبژاردنی رۆژئاواش شــاندی پەرلەمان لەلایەن فراکســیۆنەکان ســەردانی ئەوێیان کرد وە حزوریان هەبوو وە ئەو حزورەش گرینگ بوو کە لەگەلیان حازر بن ســەرپەرشــتی هەلبژاردنەکان بکەن هەم خۆی پەیامەکی ســیاســی بوو ئەوە حزورەش پشتوانی بوو بۆ ئەو پرۆسەی لە وێ بەرێوە دەچیتن بە تەئکید پێویستی بە زیاتر هەیە ئەو هەلوێسـتەی هەرێمی کوردستنا پێویستە بە ناردنی پێشـمەرگە بۆ کۆبانێ لە کاتی مەینەتدا لەکاتی شەری تیرۆرستاندا وێنەیەکی جوان و خوازیار بوو لەسەر ئاستی هەموو دونیادا پێشوازی لەو هەلوێستەی هەرێمی کوردستان کرا کە بە هاوکاری بوو تەنها

هەرێمی کوردسـتان نەبوو دراوسـێکانیش دەرگایان کردەوە بۆ ئەوەی کوردسـتان بتوانێت ئەو رۆلە بگێریتن، تەبیعی زیاتر پێویستە بەلێ زیاتر پێویستە خەلکی کوردستان ئەو داوایە دەکەن وە ئێســتاش ئێوە ئەگەر ئەو پێشــنیارە هی ئێمەیە هی ئێوەشــە برگەی عەفرین بکەینە برگەی یەکەم، خالی نیزامی پێش ئەوە، کاك(برزۆ) تەواو بکە خالی نیزامی، فەرموو .

**بەرێز برزۆ مجید عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان ببورە من نەم ویست ئەو قسە بکەم خەلك زۆر بە روونی گلەیی لە پەرلەمان و پەرلەمانتاران دەکات کە هەلوێســتەکەی لەرووی کاتەوە درەنگ وەختە وە هەلوێســتی پێویســتیش نەبووە بۆ بۆیە من لێرە جەخت وە دووپاتیش دەکەمەوە لە داواکاریەکەی خۆمان دەکەمەوە ئەم دانیشــتنەی ئەورۆ تەنهاو تونها تایبەت بکرێت بە گفتوگۆکردن لە سەر(عەفرین) وە پەیامی سەرۆك فراکسیۆنەکان بە تەوازوعەوە بەرێزەوە دەلێم ســەرۆکی فراکســیۆنەکان هیچ لە ئاســتی کارەســاتی مەســەلەکە ناگۆرێت ئەگەر گفتوگۆیەك بۆ هەموو ئەندامانی پەرلەمان کراوە نەبێت بۆ ییە بە راســپاردەوە بریار دەربچێت .

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (برزۆ) با باتەکە با بە لارێ دانەچیت، بۆیە تکام لە ئێوەیە بابەتەکە نەبێتە مزایەدە مەســەلەی عەفرین نەکەینە (قەمیس عوســمان)، یەنی ئێمە لەبەر چاوی ئێمە وەزعەکی زۆر خراپ بەســەر هەرێمی کوردســتاندا هات، بەســەر خورماتوودا هات با برینەکان نەکەینەوە بەســەر کەرکوکدا هات فراکســیۆنەکانی پەرلەمان داوایان کرد دانیشــتنی نائاسایی بکرێت هیچ داوایەك بە دەستی ئێمە نەگەیشت ئەو بارو دۆخەی بەسەر هەرێمی کوردســتاندا هات کەم نەبوو لەشــکری عیراقی حەشــتی شــەعبی پەلاماری ناوچە کوردستانیەکنیاندا کوشتن وێرانکردن تالانکردن مال تەقاندن سوتاندن کردیان بەهەر حال ئەوەی لەدەستی ئێمە بێت بۆ عەفرین پشتوانی سیاسییە کۆمەلگای نێودەولەتییە (un) بە ئاگا بێخینەوە کۆنکاری عەرەبی بە ئاگا بێخینەوە رێخراوی هاوکاری ئیســلامی بە ئاگا بێخینەوە کە ئەرکی هەموو یان بێن هاوکاری لە رووی ماددی لێرە هەرێمی کوردســتان دەتوانێت چی بکات بۆ (عەفرین) بکات غەیری پەیامی ســیاســی و پشــتوانی ئێمە با لەو بابەتە حەجمی ئەو بابەتە وەکو پێویســت وەکو خۆیەتی بە و شــێوازە مەعامەلەی لەگەل بکەین لەبەر ئەوە ئەگەر خالی نیزامیتر با دەرفەتیان بدەینێ، کاك (ئاری)، فەرموو.

**بەرێز ئاری عبداللطیف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان پێم وابێت ئەوەی پێشەی یەك بدەین بە بەرخودانی عەفرین خالی پێنجەم بێتە خالی یەکەم و پەیامی ســەرۆك فراکســیۆنەکان بخوێنرێتەوە، سوپاس.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمەش هەر ئەو داوایەمان کردووە، کاك (بهزاد)، فەرموو.

**بەرێز بهزاد دەرویش دەرویش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمیش پشــتگیرییا ڤی رەئیی دکەین ئەڤ خالا گفتوگو لســەر کانتۆنا عەفرینا بێتە پێش ، خالا دویێ راســتی خالەکا پەیرەوییە (2017/12/12) فراکســیۆنی یەکگرتووی ئیســلامی کوردســتان پرۆژەکی چاکســازی بناڤێ پرۆژەیێ چاکســازی ســیاســی و ئابووری ل هەرێما

کوردستانێ پێشکەشی سەرۆکایەتیا پەرلەمانێ کر کە دابەش بکەن بۆ سەرهەمید ئەندامێ پەرلەمانێ وە جەنابێ تەش واژوو لسەر کربی بەس راستی پشتی تێپەربینا زیاتر هەیڤ و نیڤەکا هەتا نوکە کە ئەڤ پرۆژە لسەر ئەندامێت پەرلەمانێ نەهاتییە دابەش کرن ،ب نسبەت رەوشا کەرکوکێ ناوچەی کوردستانیش هەر بۆ مەعلوماتت ئەندام پەرلەمانا بۆ مێژوێ مە دوو یاداشتێت فەرمی واژوێت ئەندامێت فراکسیۆنیت یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان وەختی خۆدا پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان کر کە گفتو گۆ لسەر وان ناوچە بێتە کرن هەر بۆ راسکردنە ڤە کە وەختی خۆ ژ دامە داخاز کروو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك(بهزاد) وەختی خۆی ئەوە ئاراستە کرابوو بۆ لیژنە پەیوەندیدارەکان پرۆژەی چاکسازی هەمووتان دەزانن پەیرەوییە هەر بابەتەك رەهەندی دارایی هەبێتن دەبێت جاری یەکەم رەوانەی حکومەت بکرێتن وە ئینجا دێتن لە ناو پەرلەمان ئینجا لەسەر لیژنە پەیوەندیدارەکان دابەش دەکرێتن لەسەر ئەندامان دابەش دەکرێتن ، خالی تری نیزامی، کاك (ابوبکر هەلەدنی)، فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش ئەمەوێ لە گۆشەیەکی ترەوە باس لە عەفرین بکەم دوور لەوەی بابەتی عەفرین شتێك نییە کە ئێمە بە ریکراو هەر وا سەیری بەسەریا تێپەرین وەڵاتان لەو پەری دونیاوە کە رووداوێك روودەدا دەکەونە حالەتێکی ئامادەباشییەوە کۆبوونەوەی تایبەت دەکەن هەموو دەزگا نیشتمانییەکان رادەسپێرن ئێمە لەم دەستەوە سەرەرای ئەوەی نەتەوەیەکی هاوزمانمان قەتلوعام دەکرێت لەولاوە وەکو جەنابیشت ئاماژەت پێدا پێشێلی مافی مرۆڤە ئارامی و ئاسایشی ئەو ناوچەکەش کەوتۆتە مەترسییەوە ئاوارەبوونی زیاتریشی لێدەکەوێتەوە وە ئەم پەرلەمانە بەرێزە یەنی لەم خولەی پەرلەمانی و کوردستان دوو بریاری مێژوویی دەرکردووە سەرەرای رەوانە کردنی شاندەکانی پەرلەمانی کوردستان من بۆ من بیرخستنەوەی هەموو لایەکمان بریاری ژمارە(24)لە (2014/10/15) کە لە خالی یەکەمدا دەلێت (پەرلەمانی کوردستان پالپشتی دەکات لە ئیرادەی گەلی رۆژئاوای کوردستان لە هەر شێوازێکی خۆبەرێوە بردندابێت پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان مامەلەی لەگەلدا بکات) ئێمە دانمان بەو کانتۆنانەدا ناوە کە یەکێك لەم کانتۆنانە لە ژێر مەترسیدایە ، دووەم:دەلێت (پێویستە حکومەت هەرێمی کوردستان بە پێی توانای دارایی خۆی هاوکاری پێویست پێشکەش بکات بە رۆژئاوای کوردستان لەبەر ئەوە دەبێت پەرلەمانی کوردستان ئەمرۆ درێژە بدات بەو مێژووە پر شکۆیەی خۆی، وە ئێمەوەکو پەرلەمانتاران بەرێزتان وەکو دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بە بەشێك لە خۆمان ئەزانین وە پێشمان خۆش نییە کە ئەو وێنەیەش بگیرێت کە خوانەخواستە ئێوە بە ئەهمیەتەوە سەیری ئەم بابەتە ناکەن، ئەگەر بابەتەکە تەنها پەیامە من پێم وایە هەموو فراکسیۆنەکان بەلاغیان دەرکردووە پێویست ناکات لێرەدا پەیام بخوێننەوە ئەبێت بریارێك بێت لێرەدا ئەبێ ئێمە بیدەین وە ئەم بریارە راسپاردەی تێدابێت لە ئاستی ئەم چاوەروانیەیابێت کە هەموو کوردانی دونیا هەموو مرۆڤ دۆستێ ئینتیزاری لەم پەرلەمانی کوردستانەدا هەیە بەتایبەتی میللەتەکەشمان چاوەرێی ئەوە ئەکا وەکو بابەتێکی هەنوکەیی بە پەرلە پەرلەمانی کوردستان قسەی خۆی لەم بارەیەوە بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز(ابوبكر هەلەدنی)، هەر بۆ ئاگاداری ئێوەی بەرێز هەرێمی كوردستان ئەوە زیاتر لە سێ ساڵە لە قەیرانەكی دارایی زۆر دژواردا تێدەپەرێت وەزعی رۆژئاوای كوردستان لە رووی ئابووری لە رووی دارایی رەنگە لە زۆر رووەوە باشتر بیت لە هەرێمی كوردستان هەرێمی كوردستان لە ژێر ئەو ئابلوقە، لەبەر ئەوە پەیامی سیاسی نییە پشتوانی كەم نییە، پەیوەندییەكانی دیبلۆماسی كەم نییە، دەبێت ئەوە بە هەند وەربگرین لەبەر ئەوە ئێوە وا تێنەگەن ئێمە رێگر دەبین لە سەر ئەوەی كە راسپاردە لەم دانیشتنە وە ربگیرێن بەڵام كە پەیامەكان ئاراستە بكرێن پەیامەكان دواتر لیژنەیەك پێك دەهێنیت بۆ ئەو ئەم پەیامانە یەك بێخنەوە وە دواتر ئێوە ئازادانە ئەو پێشنیار دەكەن ئێمە وەكو دەستەی سەرۆكایەتی دەخەینە رووی ئێوە گفتوگۆ لەسەری دەكەین و ئەوە ی لەبەرژەوەندداییە دلنیامە كۆدەنگی لەسەر دەبیتن، خالی نیزامی زۆر بووینە باهەموویان وەربگرین، (ئامینە)خان.

**بەرێز ئامینە زكری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەلبەتە ل گۆر ماددەی (6) ی پەیرەوی ناوخۆ ماوەیەك فراسیۆنا پارتی داخاز كربوو كو جڤینەكا نایاسایی سەر پرسا عەفرینێ ئەو رەوشا رۆژئاوایێ كوردستانا تێدا تێپەر دبیتن بیتە ئەنجامدان ئەم داخازیا ژ جەنابێ هەوە دكەین كە خالا پێنجێ ببیتە خالا ئیكێ و ببیتە سەرەتا گفتوگۆكرنا یا فراكسیۆنێ پەرلەمانی و بدیتنا مە ژی ئەگەر پەیام ئو راسپاردە هەرپێشنیارەك هەبیتن ب رێكاسەرۆكا فراكسیۆنا بتێرو تەسەلتر چونكە هەمی سەرۆكایەتیا فراكسیۆنا دشێتن پەیاما خۆ بگەهینیتن ئەم هیچ بەهانەكا دی نابینین كو زێدەتر موناقەشە ژسەر هەندێ بكەین موزەیەدەیێ سیاسی دگەل ئێك و دوو بكەین باشتر ئەوە دەرگەهێ گفتو گۆیێ سەر عەفرینا بكەین خەلكێ رۆژئاڤایێ كوردستانێ نها چاوەرێی مە دكەت كە پەرلەمانێت كوردستانێ د چ پەیامیەك هەبیتن ئو چ هاریكاری و بەرنامە و پەیام د هەبیت ژبەر هەندی ئەز دبینم كو باشترین دەستپێك ئەوە ئەم دەست ب گفتوگۆیێت بكەین لسەر ڤی بابەتێ.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

یەك دوو خالی نیزامی تر وەردەگرین، (د.بەهار).

**بەرێز بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەكو فراكسیۆنی گۆران فراكسیۆنی گۆران و كۆمەل داوای دانیشتنی نائاساییمان كردبوو بەرێز سەرۆكی فراكسیۆنێك ئیشارەتی پێدا كە لەبەر ئەوە بوو مەبەستمان بوو دانیشتنەكە تایبەت بكرێت بە بابەتی عەفرینەوە چونكە دەمانزانی برگەی تر ماوە لە پێشتر بەڵام ئەمەوێ ئەوە بیری بە رێزتان بخەمەوە عیلاقەی بەینی فراكسیۆنەكانی پەرلەمان یان ئەندامانی پەرلەمان لەگەل دەستەی سەرۆكایەتی عەلاقەیەكی تەنزیمییە عەلاقەیەكی ئیزعان نییە یەنی ئەوە نییە ئێوە هەرچی بێ ئێوە فەرزیكەن بەسەرمانا عەلاقەیەكی تەنزیمییە ئێوە تەنزیمی ئەو شتانە دەكەن كە ئێمە داوای دەكەین بۆیە ئێمە دانیشتن ئەكەین نائاسایی بێت حیكمەتێكی تیایە بۆیە داوای داوای دانیشتنی نائاسایی دەكەین تایبەت بكرێت داوای دانیشتنێك ئەكەین بە ئامادەبوونی حكومەت بۆ مەسەلە حكومەت و كۆمسیۆن بۆ مەسەلەی هەلبژاردن هەر داوای جوابەكەمان نادرێتەوە داوای دانیشتن ئەكرێت بۆ مەسەلەی پاشەكەوتی مووچە هەر جواب نادرێتەوە یەعنی ئەمە عیلاقەكەتا وا لێ كردوە كە عیلاقەیەكی ئیزعامن بێێت بۆ یە تكا ئەكەم ئێوە تەنزیمی داواكاریەكان و

تەنزیمی داواكاری فراكسیۆنەكان دەكەن تكایە با ئەم بابەتە چیتر بەرنامەی كار لەسەر لە ژێر سایەی داواكاری فراكسیۆنەكان و ئەندامانی پەرلەماندا بێت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

(د.بەهار) بەڕێزتان لە لیژنەی یاساینە مەسەلەی ئیزعان تەنزیم كردن بە تەنیا نییە سەرۆكایەتی پەرلەمان دەسەڵاتی تەغدیری هەیە وە خۆتیش دەزانی ئەو دەسەڵاتە تەغدیریە بەكاردێتن بۆ ئەوەی ئیشەكان باشتر بەڕێوە بچن بۆ ئەوەی مزایەداتی سیاسی كەم بن بۆ ئەوەی نزیك بوون لە نێوان فراكسیۆنەكان ببیتن ئێمەش تەقدیری ئەوە دەكەین كە دانیشتنی نائاسایی هەندێ جاران پێویستن ئێستا لەم وەرزەدا لەم هەفتەی رابردوو تا ئەم هەفتەیە تۆ دانیشتنی ئاسایت كردوونە بۆ بەردەوامی ناكەین چ حیكمەتەك لەوە دایە تۆ دانیشتنی ئاسایی ببری دانیشتنەكی نائاسایی بكەی كاتێكدا لەبەر ئەوە ئەو مەوزوعە تەقدیرینە ئێمە تەقدیرمان كردووە تێبینیتان هەیە لە جێی خۆیە رەئیتان هەیە لە جێی خۆیە، كاك (سۆران عمر)، فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سەعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتوانی نوقتە نیزامیەكەی بەڕێزان كاك(برزۆ)، كاك(ابوبكر)، خاتوو(امینە)، (د.بەهار) دەكەم ئێمە فراكسیۆنی گۆڕان و كۆمەل لە (22)ی مانگەوە داوای كۆبونەوەیەكی نائاساییمان كردووە بۆ ئیشكالی پەیرەوەی بۆ بەرنامەی كار دروست نەكا كە هەندێك پرۆژە یاسا لە ریزبەندایەو نابێت هیچ بچێتە پێشی، وە مەسەلەكەش موزایەدە نییە ئەهمیەت پێدانە بە بەشێكی گرینگی هەرێمی كوردستان كە عەفرینەو ئێستا مەترسی گەورەی لە شكركێشی توركیا و وە كوشتنی هاوڵاتیان و پەلاماردانی تیایە، وە ئەگەر موزایەدەیەك لە پێناو دیفاعكردن لە پارچەیەكی تری كوردستان نەتەوە پێموانییە ناوی بنرێت مزایەدە ناوی دڵ سۆزییە ئوێد ئەكەم دەستەی سەرۆكایەتی بە هەندی وەربگرێت، چونكە ئەگەر تەنها پەیام بێت هەر فراكسیۆنێك دەتوانێ كۆبونەوەی خۆی لەبەر دەم تەلاری پەرلەمان پەیامەكەی بگەیەنێ گرینگی ناو هۆلی پەرلەمان ئەهمیەتیەكەی لەوەیە كە راسپاردە بدات بە كۆمەلگەی نێودەولەتی بەو پێشێلكارییە مەترسیدارانەی مافی مرۆڤ كە دەكرێت وەكو ئەوەی بۆ خورماتوومان كردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز(سۆران عمر)، بەڕێز (عباس)، فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پەرلەمان وەڵایی من پێم وایە ئەوەندە گفتوگۆ لەسەر ئەو قسانە كە دەیكەین رەخنە لە یەكتر دەگرین پێمان وایە وا بوو پێمان وایە وا دەبوو قسە بكەین لەسەر ئەصلی مەسەلەكە زۆر باشترە یەنی بە داخەوە یەعنی وامان لێدێت خەلكیش لێمان لە قسەكانمان زۆربەی مزایەدە دەكەین بەسەر یەكتری با بێن بە كرداری قسەكانمان بكەین كرداری چییە بابیكەینە برگەی یەك لە برگەی یەكیش فراكسیۆنەكان كە قسەیان كرد هەموو لە وتارەكانیان داوای ئەوە بكەن كە ئێمە پێویستە لەسەر ئەو مەسەلەیە رابوەستین و گفتوگۆ بكەین بۆ ئەوەی جەلسەی ئەمرۆ هەموومان لە سەر ئەو بابەتە بێت دەیكەینە راسپارد یان پێشنیار خۆی ئەوە باشترە لەوەی كە هەموومان خالی نیزامیمان بگرین كە خالە نبزامیەكانمان هیچی نیزامی نییە هەمووشیان زیاتر قسەكردن و شەرح كردن با بێین لە ناو قسەكان قسەی خۆمان شەرح بكەین ،زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سـوپاس بۆ بەڕێز(عباس)، ئێسـتا دەرگای ئەو خاڵە نیزامیە دەگرین کە زۆربەیان دەربرینی رایە ئەوە دەخەینە دەنگدان تەواو، خاڵی پێنجەم پێشــنیارە ببێتە خاڵی یەکەم وە لە جێی خۆیە فەرموو ئەوەی لەگەڵدایە دەستی خۆی بەرز بکاتەوە، (59) کەس بە پەسەند دەزانێ، ئەوەی بە پەسـەند نازانن ،(1)کەس بە پەسـەند نازانێ بە زۆرینەی دەنگ پەسـەند کرا.خاڵی نیزامیەی لەســـەر ئەم برگە نا خاڵی نیزامی لەســـەر برگەیەکی تر شـــتی مەبدەئی بۆ پەیـامەکەیە بهێڵەوە، یـاداشــتەکـان ئەوەی بە دەســتەی ســەرۆکـایەتی گەیشــتونە فراکســیۆنەکان داوا لە کاك(ئومێد خۆشــناو) دەکەین، داوا لە خاتوو (بێگەر) خان دەکەین روونکردنەوەك هەیە لەســـەر ئەو یاداشـــتانەی بە دەســـتەی ســـەرۆکایەتی پەرلەمان گەیشتوونە، فەرموو.

**بەڕێز بێگەرد دلشاد شکراللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرێزان لە راسـتیدا ئەو کە باس دەکرێت دوو فراکسـیۆن یان سـێ فراکسـیۆن یاداشـتی لەســـەرمەســـەلەی عەفرینداپێ هەموو فراکســـیۆنەکانی پەرلەمان بەبێ جیاوازی لە پەرۆشیان بۆ دۆخی عەفرین وە گەلی کوردمان لە خۆرئاوای کوردستان یاداشتیان داوەتە ســەرۆکایەتی پەرلەمان دیارە پەرۆشـی هەموو فراکسـیۆنەکان بەبێ جیاوازی لە راسـتیدا وەکو یەك بووە بۆیە ئێمە بە باشـمان زانیوە لەو دانیشـتنە ئاسـایی پەرلەمانی کوردسـتان کە پێموایە رێگری نییە لەوەی کە فراکسیۆنەکانی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمان پەیامی خۆیان بە گەلی کورد لە خۆرئاوای کوردسـتان وە لەسـەر ئاسـتی نێودەولەتیش بگەیەنن ، بۆیە ئێمە پێمان باش بووە کە دانیشـتنە ئاسـاییەکە لە دانیشـتی ئاسـایدا بخرێتە بەرنامەی کارەوە وە ئالوگۆری برگەکە بکرێت هەروەکو کە کاك (جعفر) بۆ خۆی ئاماژەی پێدا، بۆیە ئومێد دەکەم ئەم بابەتە هیچ جۆرە تەشەنوجێك لەگەڵ یەکتری وە بە هەستێکی نەتەوەیی و نیشــتمانی کە هەموومان بە پەرۆشــین بۆ خەلکی کورد لە خۆرئاوای کوردســـتان وە هەمووشــمان درکی ئەوە دەکەین ئە دۆخەی کە بەســەر ئەوێ هاتووە وە رەچاوی دۆخی هەرێمی کوردستانیش دەکەین ئێمە ئومێدمان دەخواست دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان وە دەولەتێك بیتوانیبـایە پشــتوانی لە گەلی کورد لە خۆرئـاوای کوردســتـان بکـات وە بیتوانیبایە هەموو ئەو موستەلزەماتەی کە پێویستن بۆ پالپشتی کردنی گەلی کوردمان لە عەفرین بمانتوانیبایە بەکاری بهێنین دەسـەڵاتەکانی خۆمان لە هەموو روەێکەوە چ دارایی بێت چ لۆجستی بێت چ لە رووی سەربازی بەڵام دەبێت رەچاوی دۆخی هەرێمی کوردستان بکەین کە ئێمە ئێستا لە هەموو رووەکانەوە بە چ دۆخێکدا تێدەپەرین وە گەلی کوردمان لە باشووری کوردستانیش سەرەرای هاوخەمیەکەی بۆ گەلی کوردمان لە خۆرئاوای کوردستان بەڵام بە تەئکید کەناڵە فەرمییەکانی خۆی لەســـەر ئاســـتی نێودەولەتی لەســـەر ئاســـتی هەرێمیش دەخـاتە گەر بۆ ئەوەی کە بتوانین هـاوکـار و پـالپشـــت و پشـــتوان بین بۆیە سەرۆکایەتی پەرلەمان لە روانگەی درك کردنی بە پەرۆشی هەمووتان بەبێ جیاوازی پێمان باش بوو لەو دانیشـتنە ئاسـاییەی پەرلەمانی کوردسـتان پەیامی خۆتان بگەینن وە ئومێد دەکەین بتوانین پـالپشـــتێکی بەهێز بین و وەکو پەرلەمـانی کوردســـتـان لەگەڵی خۆشەویستمان لە خۆرئاوای کوردستان .

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ســو پاس بۆ بەرێز (بێگەرد تالە بانی) بۆ ئەو روونکردنەوانە، ئێســتا داوا لە بەرێز (ئومێد خۆشـناو )دەکەین پەیامی فراکسـیۆنی زەرد پێشـکەش بە دانیشـتنەکە بکات، وە لە رێگای دانیشتنەکەوە بۆ خەلکی کوردستان تایبەتی خەلکی رۆژئاوا و(عەفرین) بین، فەرموو.

**بەڕێز ئومید عبدالرحمن حسن (ئومێد خۆشناو):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش هەموو شــتێك عەفرین برینداره رۆژئاوای کوردســتان بریندارە وەك چۆن باشــوور بریندارە بەلأم بە داخەوە مزایەداتی داخلی خۆمان بەشــێك لە برینەکانی قولتر کرۆتەوە هیوادارین هیچ لایەنەك پەنا بۆ ئەوە نەبات هەلمەتەکانی هەلبژاردنی هەرێمی کوردستان کاریگەری نەبیتن لەوەی کە بکرێتە بەشــێك کە هەلمەتەکە جارێکی تر رۆژئاوای تێدا ببێتە قوربـانی، بە نـاوی فراکســیۆنی پارتی دیموکراتی کوردســتان ســەرەتا زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنی خوشــك و برایانمان دەکەین لە نوێنەرانی شــاری عەفرینی خۆشــەویســت هیوادارین بە ئامانجەکانی خۆیان بگەن وە سەرەتا سلأو بۆ خۆراگری خەلکی کوردستان بۆ قوربانیدان بە تایبەت لە خۆرئاوی کوردستان سلأو بۆ ئازایەتی پێشمەرگە و شەرڤان و کچ و کورەکانی کە بەرگری لە خاکی پیرۆزی کوردســتان دەکەن، عەفرین خەمێکی قوله بەلأم ئێمە پێش عەفرین رووبەرووی کارەســات و خەمێکی قولتر بووینەوە کەرکوك و دوزوو ناوچە دابرێنراوەکانی ئێســتا دەتوانین پێیان بلێین ناوچە داگیرکراوەکانی تری کوردســتان جارێکی دیکە هێرش و پەلأماری کرایە ســەر، بۆیە پێویســتە ولأتانی ناوچەکانی کە رێز لە یاســا نێودەولەتیەکان بگرن و بیان و نەدۆنەوە بۆ ســەرکوتکردنی گەلی کورد ناوچەکە تەحەمولی شەری نوێ ناکات شەر قەیرانەکان قولتر دەکاتەوەو رێگاکانی چارەسەر دوورو ئالۆزتر دەکات، تۆپبارانکردنی خەلکی ســڤیل تاوانە نابێت هیچ هێزێك هانای بۆ ببات ئیدانەی دەکەین وێرای ســەرنج و تێبینیەکانمان لەسـەر دۆخی عەفرین ئێمە سـەرەتا وەك هەرێمی کوردسـتان هاوکاری و پشـتگیریەکانی پێشـتر و ئێستای تورکیا لەبەر چاو دەگرین سـوپاسـیان دەکەین هیوادارین ئەو کێشــەیەی ئێسـتاش کە لەگەل باکووری سـوریاش دروسـت بووە بە گفتوگۆ چارەسەر ببێت لەشکرکێشی بوەستێت کوشتنی خەلکی سڤیل رابوەســتێت چیدیکە خوێن لە ناوچەکە نەرژێت، دوای هێرش و مەترســییەکان بۆ ســەر باشــووری کوردســتان داگیرکردنی کەرکوك جارێکیدیکە ئێمە خەمێکی دیکە رووبەرووهان دەبێتەوە ئێستا رۆژئاوای کوردستان لەبەر دەم هێرشی سەربازی و داگیرکاری گەورەدایە، ســەرۆك کۆماری تورکیا لە رۆژی (20)ی کانونی دووەمی (2018) رایگەیاندکە پرۆســەی عەفرین لە سەر زەوی بە کردەیی دەستی پێکردوو داوای ئەوەش شاری مەنبەز دێت و تا سەر سنوری عیراق بەردەوام دەبێت، ئەم پرۆسەیەلە چوارچێوەی مافی بەرگریکردن دەبێ و هەروەها لە چوارچێوەی سـتراتیژیەت بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر پرۆسـە سـەربازیەکانمان بەردەوام دەبێت، سـەرەنجام سـەرۆکایەتی ئەرکانی تورکیا و پرۆسـەی سـەربازی وشـکانی دژی رۆژئاوا لە چوارچێوەی پرۆسەی (چلە زەیتوون) راگەیاند، لە راستیدا پرۆسەی داگیرکاری دەسـت تێوەردانی کوردسـتانی رۆژئاوا بە هاوکاری و پشـتوانی وە بەبەشـداری لە سـوپای سـوری ئازاد و چەندین میریشـیای مەزهەب گەرای توند ئاژۆی ئیرهابی ئەنجام دەدرێت، لە بەرامبەردا دانیشتوانی رەسەن و راستەقینەی ناوچەکە بەرگری لە خۆیان دەکەن بە هەموو پێکهاتەی دانیشـتوانەکەیەوە، پاسـاوەکانی دەولەتی تورکیا چین؟ تورکیا چەمکەکانی وەك بەرگریکردن پـاکتـاوکردنی تیرۆرو مێژووی مانەوەی نەتەوەی تورك و لە ناوبردنی گروپ و دانیشتوانی بێ ناسنامە وەك پاساو بۆ هەلگیرساندنی جەنگ و بەرپاکردنی جەنگ لە دژی رۆژئاوای کوردســتان بەکاردێنێت بەداخەوە بەرگێکی ئاینیشـی پێدەدات، ئەمە لە کاتێکدایە

کە جیهان ئەو راســتییە دەزانێت کە لەو کاتەوەی گەڵانی ســوریا لە چوارچێوەی بەهاری عەرەبی لە (2011) وە راپەرین و ســوریا و ناوچەکە بۆتە ناوچەیەکی تامپۆنی ســەربازی شــەری تیرۆری نێودەولەتی لە بەرامبەردا رۆژئاوای کوردســتان بەشــێکی هەرە گرینگی شــەری دژی تیرۆری نێودەولەتی بووە، تەنانەت بەردوو دارێکیش لە رۆژئاوا ی کوردســتان لە لایەن دانیشتوانی تەواوی رۆژئاوای کوردستان ئاراستەی سنورەکانی تورکیا نەکراوە تا بە ئەمرۆ دەگا ، لەلایەکی تر رۆژئاوا وە هێزە چەکدارەکانسـوپای ســوریای دیموکراتی لە ژێر چاودێری هێزی هاوپەیمانی نێودەولەتی دژی دەولەتی ئیســلامی داعش جەنگاون و لەو پێناوەشــدا قوربانی زۆریان پێشــکەش کردووە جێگای ســتایش وبێزانینی کۆمەلگەی نێودەولەتی مرۆڤ دۆســت بوون و راســتەوخۆ و نا راســتەوخۆ نە لە رووی ماددی و نە لە رووی مەعنەویەوە هیچ هەرەشــە و مەترســیەکیـان بۆ ســەر دەولەتی و تورکیـا و بەرژەوەندیەکیان دروست نەکردووە، جیهان ئەگەر چی لە ئێستادا لە بەرامبەر هەرەشەکان و مەترسیەکانی سوپای تورکیا دژی هاونیشتیمانیانی سڤیلی رۆژئاوا لە ئا ستی پێویست دا نییە ئەو هەلوێســتانەی نیشــانی دراون وەفاداری بەرچاو نانوێنن بەرامبەر ئەو خزمەتە مرۆڤایەتیەیی کە رۆژئاوا پێشکەشی جیهانی کردوو، وە لە دوو تۆی مێژوو وەستاوە، گەلی رۆژئاوا بە هەموو پێکهاتەکانەوە هەزاران ساڵە لە زێدی خۆیان دەژین و هەرگیز هەرەشــە نەبوونە بۆ ســەر هیچ نەتەوەیەکی تروو ئاوو خاکی هیچ گەلێکی تریان رووبەرووی قران نەکردووەتەوە نەیان کردۆتە بەشــێك لە ئامرازەکانیان بەلکو هەمیشــە بە پاســاویش هێرشــیان کراوەتە ســەروو پاســاوی ئاینیشــیان دژە بە هیچ مەزهەب و ئاین و رەگەزێك نەتەوەیەکی دیکە نەکردووە و شەریان هەلنەگیرساندووە، بەرێزان ئەگەر دیدی یاسایی بۆ شــەری تورکیا دژ بە رۆژئاوای کوردســتان چاولێبکەین هەموومان دەزانین کە یاســای رێکخســتنی پەیوەندی و نێوان گەڵان و دەولەتان جەخت لە هێنانەوەی خواســتی گەڵان و دەکات تا لە ئاشــتی و تەبایی و لێبوردەی و دراوســێیەتی بەشــدار بژین، چارتی نەتەوە یەکگرتوەکان و دەســتووری یەکێتی ئەوروپا و پرۆگرامی رێخراوی هاریکاری ئیســلامی و خودی ئاینەکانی ئاســمان و زەوی لەســەرووبانەوە ئاینی پیرۆزی ئیسـلام لە رووی دەق و رۆحەوە جەخت لە یەکســانی و پێکەوە ژیـانی گەڵان و رێزگرتن لە مرۆڤ دەکەن و بە رەهایی ئەوە حەرام دەکەن کە جەنگ نابێ ببێتە پاســاو بۆ هیچ کەس و گەل و دەولەتێك دژ بە گەل و دەولەت و کەمینەو پێکهاتەیەکی تر، وژدانی بەرپرسیاری نێودەولەتی خاوەنی ئەو پرانســیپ و ئەو یاســاو رێســا نێودەولەتیانەی ئەخلاقی و قانونیانەیە خاوەنی چەندەها رێکەوتن نامە و جارنامەی مافی مرۆڤە کە نابێت جەنگ دژ بە گەلێکی دیاریکراو بەرپا بکرێت و پاســاوی بۆ بدۆزرێتەوە، بەلکو دەبێ نیەت پاکی لە پەیوەندیەکاندا هەبێت تا گەڵان بە ئاشــتی و پێکەوە ژیان بژین دوور بن لە دەســت تێوەردان لە کاروباری گەڵانی دیکەدا، یـاســای هـاوچەرخی مەدەنی نێوان گەلـان و هەموو دەســتێوەردانێك دژ بە بەرژەوەنـدی ســیـاســی و ئـابووری کلتوری و کۆمەلـایەتی ئـاینی و مەزهەبیەکـان وە دەولەتێکیتر رەت دەکاتەوە هەر بۆیە پا ساوە کانی سوپای تورکیا دژ بە رێساکانی قانونی دەولییە ئەو شــەرە هەرەشــانە ناوچەکە دەکەنە ناوەندێکی ململانێ کە ســەرنجام لە بەرژەوەنـدی هیچ گەل ودەولەتێك نییە ســودی بۆ هیچ لـایەنێك نـابێـت بۆیە ئێمە لە فراکســیۆنی پارتی دیموکراتی کوردســتان پەلاماردانی گەلی کوردســتان بە هەموو پێکهاتەکانەوە لە رۆژئاوای کوردســتان لەلایەن دەولەتی تورکیاوە مەحکوم دەکەین و جگە لە خوێنرێشــتنێکی نـابەرپرســیـارانە نـا مرۆڤـانە هیچ پـاســاوێکی یـاســای و ئـاینی نییە،ەبەکارهێنانی پێشـکەوتوترین چەك وە تەکنەلۆجیای سـەردەم دژ بە خەلکی مەدەنی

و سڤیل وه به ئامانج گرتنی شارو شارۆچکەو گوندەکان خۆی له خۆیدا پێشێلکردنی یاسای گەڵان و یاسای گشتی نێودەولەتییە، ئەگەر دیقەت لە هەلوێستی کۆمەلگای نێودەولەتی بگرین بەداخەوە مایيە نارەزایی و نیگەرانییە قوله که بەرژەوەندی نێودەولەتی بەسەر چەمکەکانی یاسا و دادپەروەری یەکسانی و سوکایەتیکردن زاله بەسەر مافەکانی مرۆڤ، مەنتقی هێز زاله بەسەر یاساو لۆژيك و ئەخڵاق و پرانسیپە سەرەکییەکانی مەدەنیەت و شارستانیەت و مافەکانی مرۆڤ، راسته به پێی یاسای گشتی نێودەولەتی هەموو دەولەتێکی خاوەن سیادە بۆی هەیە سنورەکانی بپارێزێت بەڵام ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنی سەربازی له کاتێکدا رێگە پێدراوە که وڵاتی بەرامبری هێرشی کرابێتە سەر ئه وڵاته، ئێمە دەپرسین ئایە دەسەڵاتی رۆژئاوا ی کوردستان چ جولەیەکی سەربازی لەسەر سنورەکانی تورکیا کردووە سەرسنورەکانی تورکیا هیچ جولەیەکی تێدا ئەنجام دراوه بۆئەوەی بەم شێوەیە بەرپەرچ بدرێنەوە، ئەوەی دەسەڵاتی عەسکەری ئەنجامی دەدات پێکاندنی ئامانجێکی ترە نەك پاراستی سنوورو ئەمنی قەومی وڵاتەکەی بە جۆرێك که هێرشکردن به شێوەیەکی هەرەمەکی بەبێ جیاوازی کردن نێوان مەدەنی سڤیل و سەربازی بەئامانج گرتنی ژن و مندال و پیر و ئەو خەلکانەی که هیچ پەیوەندییەکیان به شەر نییە بەتاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژ به مرۆڤایەتی دادەنرێن لە یاسای نێودەولەتی تاوانکاری، بۆیە هەر ناحەقیەك بەرامبەرمان دەکرێت ئێمە له بەشەکانی دیکەی کوردستان هاوکار و وەڵامدەرەوەی خواستەکانی یەکتر بین و یەکریزی خۆمان بپارێزین ئێمە پرسیارێك لە کۆمەلکای نێودەولەتی و رێخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەین که به ناوی میللەتان دەدوێین نەك دەولەتان ئایا نەتەوەی کورد له کوێی لێکدانەوەی ئێوەیە بێزەحمەت لەو چوارچێوەیەدا داوای بەدەنگەوە هاتنی زیاتری نەتەوە یەکگرتوەکان وئاژانس و لێژنەو رێخراوە حکومی و نا حکومیەکان ناوەندە نێودەولەتییەکانی مافەکانی مرۆڤ بریار به دەست و کۆمەلگای نێودەولەتی ومیدیای نێودەولەتی دەکەین که وەك ئیلتیزامێکی نێودەولەتی سیاسەتی شەرانگێزی مەحکوم بکەین له هەمان کانتدا پێشگیری بکەن له هەلگیرساندنی شەرێکی بێپاساودا بریاری راگرتنی جەنگی نەژادی بدەین که ئێستا جاری بۆ دراوە، ،هەر بۆیە بەناوی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان جارێکی دیکه سڵاو لە گەلی خۆراگری دژە تیرۆرو وه مرۆڤ دۆستی خۆرئاوای کوردستان و گەڵانی باکووری سوریا ،سڵاو له کورو کچه ئازاکانی هێزی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری شەرانگێز و مێژوو سەلمماندوویەتی کەسەرکەوتن بۆحەق و عەدالەتەو راستی و ژیان دۆستییە نەك عەقلیەتی شەرانگێزی پێمانوایە جیهان دەبێ بێتە دەنگ و ئەوە بزانێت که گەلی رۆژئاوای کوردستان مافی یاسای وسیاسی و دیموکراسی و مەدەنی خۆیان پیادە دەکەن و دوورو نزيك هەرەشه نین بۆ سەر ماف و حەق ودەسەڵات و سنوری خاکی هیچ کەس و گەل و دەولەتێك هەر بۆیە لەو ناوەدا لە شکر کێشی سیاسەتی جەنگ و مەحکوم دەکەین داوای دەست بەجێ راگرتنی ئەم شەره دەکەین و جەخت لە دیالۆگ و ئاشتی و ئازادی و سەربەخۆیی و دیموکراسیەت و مافەکانی مرۆڤ دەکەینەوەو پێویستە دەست بەجێ خوێن رشتن و کوشتنی خەلکی سڤیل رابگیرێ، بەرێزان وەك فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان چەند پێشنیارو داوایەك دەخینە پێشتان هیوادارین جێگای سەرنجتان بێت .

1-داواکارین پەرلەمانی کوردستان عەقلیەت و لەشکرکێشی جەنگ و داواکاری لەسەر رۆژئاوای کوردستان لەلایەن دەولەتی تورکیاوە مەحکوم بکات و داوادەکەین دەست بەجێ پرۆسەی قرکردنی گەڵانی رۆژئاوی کوردستان رابگیرێ.

2-داوادەکەین دەوڵەتی تورکیا دەرگای ئاشتی و دیالۆگ وگفتوگۆی دۆستانە ئەنجام بدات و لە جیاتی شەر پرانسیپی دراوسێیەتی باش بە نیەتێکی پاکەوە بەرقەرار بکات.
3-داوادەکەین پەرلەمانی تورکیا لە چوارچێوەی بەهاو رێساکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ناتۆ و دەستووری ئەوروپاو پرانسیپەکانی ئاین و مرۆڤ دۆستی بریاری ئاشتی و بەیەکەوە ژیان هاریکاری لەگەل گەلانی رۆژئاوا دەربکات.
4-داواکارین نەتەوە یەکگرتووەکان ئەرکی یاسایی خۆی لە پاراستی نیشتمانیانی گەلانی رۆژئاوای کوردستان وە هەموو گەلانی سوریا ئەنجام بدات و بە بریاری ئەنجومەنی ئاسایش ئاشتی تەبایی بەرقەراربکات وپلانی جەنگ و کاولکاری لە رۆژئاوا بوەستیێت.
5- داوا لە کۆرو کۆمەڵی نێودەولەتی دەکەین دژ زولم بوستن رۆژئاوای کوردستان لە شەری تیرۆری نێودەولەتی بە خوێن و قوربانیداندا بوە بە پشتێنەی ئەمنی دونیای ئازاد دژ بە هێزەکانی تیرۆرست وتاریك پەرستی هەر بۆیە رێز لە قوربانیدانی رۆژئاوای کوردستان بگرن.
6-داوا لە کۆمکاری عەرەبی و یەکێتی پەرلەمانتارانی عەرەبی رێکخراوەکان و دەولەتانی جامیعەی عەرەبی دەکەین هەلوێستی یاسای و ئاینی و مرۆڤ دۆستی بەرامبەر بە رێگری کردن لە زولم و بەرگریکردن لە مەزلوم پیادە بکەن و بریاری مێژووی وسیاسی دۆستانە بۆ گەلی رۆژئاواو لە پاراستنی حیمایەتیکردنیان دەربکەن، داوا لە دەولەتانی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش دەکەین کۆنگرەیەکی نێودەولەتی بۆ چارەسەری ئاشتیانە و دیموکراسیانەی دۆزی نەتەوەی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان رێك بخەن، داواکارین یەکێتی ئەوروپا رێگە بگرێت لەوەی سەرەتای سەدەی(21) وەك سەرەتای سەدەی بیستەم بە قەربانیدان بە خاك و گەلی کوردستان دەست پێنەکات، داوا لە کوردستانیان و مرۆڤ دۆستانی جیهانیش دەکەین لە هەر شوێنێك بن چالاکی ئاشتی مەدەنی بۆ پشتگیری لە رۆژئاوای کوردستان ئەنجام بدەن ،داواکارین کۆنگرەیەکی نەتەوەیی بۆ پرسی کورد لە لاین هێز و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان ئەنجام بدرێت و خاك و خەلکی کوردستان و دۆزی رەوای کوردستانیان بخەینە سەروی هەر بیرکردنەوەو ئایدۆلۆجیا و روانینێکمان کوردستان و خەلکە ستەم دیدەکەی لەپێش هەموو کارێکمانەوە بێت، داواکارین گەلی کوردستان لە باشوورو هەموو کوردستان بە یەکگرتوویی دژ بە پلانی ستەمکاری کوردستان بە ستراتیژیەتێکی هاوبەش بوەستنێتەوە وەك هەمیشە مەبدەئی ئاشتیخوازانە گوزارشتکاری بیرکردنەوە نیشتمانی و نەتەوەییەکانمان بێت، داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەکەین لەناوخۆ و دەرەوە لە دەرەوەی ولاتدا چ لە توانای دابێت بۆ پێشکەش کردنی هاریکاری دۆستانەو یاسای و مەدەنی و مەعنەوی و ماددی پێشکەشی رۆژئاوای کوردستانی بکات، گەلی باشووری کوردستان لە (25)ی ئەیلول پەیامی ئاشتیخوازی خۆی بە هەمووجیهان گەیاند کەچی بە داخەوە نەك گوێ لەو پەیامە ئاشتیخوازانەی نەگیرا بەلکو بە هێز وبە عەقلیەتی شەرانگێزی و بە هێز و جبەخانەو تۆپ و تانکی ولاتانی پێشکەوتوو دژە شەری ئیرهابی پەلاماری کوردستاندرا کە بە داخەوە بە شێکی زۆر لە خاکی کوردستان داگیرکرا لە سەرووی هەموویانەوە(کەرکوك). ئێمە حەقی خۆمانە بپرسین ئایا ئێستا گەلی رۆژئاوا کوردستان ئەو پاساوانەی کە دەهێنرانەوە گوایە ریفراندۆم وای کردووە هێرش بکرێتە سەر هەرێمی کوردستان ئایا لە رۆژئاوای کوردستان ریفراندۆم ئەنجامدراوە تا بەو شێوازە پەلاماریان بدرێت، عەفرین راستییەکە بەشێکە لە خاکی سوریا نەك تورکیا داوا لە تورکیا دەکەین کە ئیلتیزام بەقەرارات و یاسا نێودەولەتییەکان بکات و سەروەری خاکی سوریا پێشێل نەکات و بە زووترین کات شەر رابگیرێت و بە گفتوگۆ و دیالۆگ چارەسەر بکرێت، بۆ بەرپابوونی سەقامگیری لە ناوچەکە رێگە گرتن دروست نەبوونی کارەساتی

گەورەو مرۆیی قوربانیدانی شـەر ئێمە پالپشـتی لە پێشـنیاری ئەمریکا بۆ دروسـتکردنی ناوچەیەکی ئارام دەکەین کە هەموو هێزەکانی کوردی ئیدارەدانی ناوچە سـنوریەکان و عەفرین و رۆژئاوا ی کوردسـتان بکەونە ژێر چەتری ئەو نەوای ئارامەدا، پێمانوایە دەبێت کۆتایی بە سیاسەتی تاکرەوی و خۆسەپاندنی لایەکی ساسی و لە رۆژئاوا بێت و گیراوانی سـیاسـی بە زوترین کات ئازاد بکرێن و رێگە بە ئازادیکاری سـیاسـی و رادەربرین و کاری رۆژنامەوانی ئازاد بدرێت وە کرانەوەی سـیاسـی و گیانی یەکتر قبولکردن و رەخسـاندنی دەرفەتی یەکسـان بۆ هەموو لایەنەکان گرینگە پێویسـتە نەفی و رێگە گرتن لە چوونی کادرو ئەندامانی سیاسی بۆرۆژئاوا هەلبگیرێت، یەکریزی هێز و لایەنەکان گرێنتی پاراستنی دەسـکەوتەکانی رۆژئاوایەو تەنیا بە یەکگرتوون ورێکخسـتنی ناو مالی کوردی دەتوانین لە بەرامبەر تەحەدییەکان بە خۆراگریەوە بوەستین داوا دەکەین دەسەڵاتدارانی رۆژئاوا رێگە بە حکومەت و رێخراوەکـانی مـافی مرۆڤ و رێخراوەکـانی خێرخوازی لە هەرێمی کوردستان بدەن بۆ ئەوەی هاوکاری تەندروستی و مرۆیی خواردن بۆ خەلکی سـڤیل بگاتە رۆژئاوای کوردسـتان سـنورەکان بکرێتەوە بە رووی رۆژئاوای کوردسـتان تا بتوانرێنی هەرێمی کوردسـتان هاوکاریەکانی بگەیەنێتە خوشـك و برایانی خۆی لە رۆژئاوا، هێرش بۆ سەر باشوور وە داگیرکردنی کەرکوك و ناوچەکانی دیکە هێرشی ئێستاش بۆ سەر رۆژئاوا سـەلماندی تەنها و تەنها یەك رپزی و فیداکاری گەلی کوردسـتان دەتوانێ بمانگەێنێتە ئامانج و داسـتانی پردێ و سـحێلا و مەحمودیە زومار سـەلماندی ئەمرۆش سـەلماندی خۆراگری خەلکی عەفرین وە رۆژئاوای کوردسـتان تاکە هێزی پاراسـتنی خاکی کوردسـتانە، بۆیە جارێکیدیکە بە ناوی فراکسـیۆنی پارتی دیموکراتی کوردسـتان سـڵاو بۆ خۆراگری خەلکی عەفرین سڵاو بۆ خۆراگری خەلکی رۆژئاوای کوردستان دەنێرین هیوادارین ئاشتی و ئارامی بگەرێتەوە ناوچەکەیان، فراکسـیۆنی پارتی دیمەکراتی کوردسـتان (2018/1/30)، سوپاس.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سـوپاس بۆ بەرێز(ئومێد خۆشـناو) سـەرۆکی فراکسـیۆنی پارتی دیموکراتی کوردسـتان بۆ پێشـکەشـکردنی پەیامەکەیان، داوا لە فراکسـیۆنی یەکێتی نیشـتمانی کوردسـتان دەکەین پەیامی خۆیان پێشکەش کەن، فەرموو.

**بەرێز دلێر مصطفى حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نوێنەرانی هەرێمی رۆژئاوا بەخێر بێن هەمیشە زولم حاکم بووە جگە لە پەڵامارەکانی ئامەد و رۆبۆسکێ و سیتەکان و بناری گەڵاڵە و قەندیل چەندین سالە تورکیا هەرەشە لە کوردانی رۆژئاوا دەکات چەند رۆژێکە زمانی هەرەشـەکانی گۆریوە بۆ پەڵاماردان و وێرانکردن لە ئاسـمان و زەمینەوە لەگەڵ بە کرێگراوەکان پەڵامار دەدەن دەیانوێ بە رێگای سـەربازی کۆتایی بە رۆژئاوا بێنن، ئەرێ کۆمەلگای نێودەوڵەتی و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ حەق لە چ تەرەەفێکە؟ کورد لە مالی خۆی دانیشـتووە ئیدارەو حوکمرانی خۆی دەکات هیچ دەسـتدرێژیەکی نەکردۆتە سـەر خاکی تورکیا هیچ پەیامێکی هەرەشـە ئامێزی نەناردووە ئەوەندەش بەهێز نییە بە مەترسی بزاندرێت ئەوەندەش بێ شەرعی نییە بە پاساوی تیرۆر ریشەکێش بکرێت، ئەم شارە کۆکەرەوەی رەنگە جیاوازەکەی پێکهاتە جیاوازەکان بووە سێ سـالە لە جیاتی جیهان شـەری تیرۆرسـتان دەکات هیچ جۆرە تیرۆرێکی نێودەولەتی ئەنجام نەداوە بۆ هێرشـی دەکەنە سـەر؟ کۆمەلێك کچ و کوری جوان ئەم کانتۆنەیان پاراسـتووە عارەقی شـەری داعشـیان لێوشـك نەبۆتەوە هەمیشـە داوای برایەتی و پێکەوە ژیانیان کردووە هەمیشـە داوای گفتوگۆو دایلۆکیان کردووە بەڵام گوێیان لێ رانەگیراوە دەرگای

گفتوگۆیان لەسەرداخراوە تەنها دەرگای مقاوەمەتیان بۆ هێشتۆتەوە، ئەم شەر پێفرۆشتنە غەدرە دژی هەرێمەکانی ڕۆژئاوا ئەوەی لە عەفرین رودەدا بۆ لێسەندنەوەی دەسکەوتەکانی ڕۆژئاوایە سەیرە ئەمرۆ ئەوانەی بۆ دەسەڵات برسین زۆرترن لەوانەی سکیان برسییە خۆیان تیرۆری نێودەولتی ئەنجام دەدەن تیرۆرستان دەدۆزنەوە کەچی خۆیان بە ئێوە دەلێن تیرۆرست ،هەرئەمانەبوون سەردەمانێك بوون بە ماندێلاو عارەفاتیان دەگوت تیرۆرست بەڵام بە سەدامیان دەگوت موجاهید بۆیە هیچ بەهانەیەکی ئەخڵاقی و دینی و سیاسی ناتوانێت یەك وشەی پۆزەتیف لەسەر ئەم پەڵامارە نامەردانەیە بدۆزێتەوە ئەوەی پشتیوانیشی دەکات لەو نامەرد ترە تا ئێستا تورکیا بێباکە لە بەرامبەر هۆشیارە شەرەندەکانی ی کۆمەلگەی نیودەولەتی پێشتر تورکیاش لە زۆر پری تردا بێباك بووە دەرکەوت کۆمەلگەی نێودەوڵەتی چەند کارتۆنییەو وامان دەزانی دەولەتانی گەورەو زل هێز تازە ناهێلن دەوڵەتانی زلهێز جینۆسایدمان بکەن هەزاران ڕۆلەی کوردی خۆمان بەخشی بۆ دوورخستنەوەی دژمنێکی جیهانی لێیان دەرکەوت هیچ پابەندییەکی ئەخڵاقی و سیاسی مرۆیانە لە مامەلەکردنی نێودەولەتی بۆ پرسی کورد نییە لەمەودواش لەو ناوچەیە هەموو سەرچاوەکانی هەستکردن ئەخڵاقی لە دەست دەدەن ئەگەر ئەم تاوانە رانەگرن، بێدەنگ بوون و قسە نەکردن کۆمەلگای نێودەولەتی دەکاتە شەریکی ئەو تاوانە دەرکەوت ئەو شەرانەی لە ناوچانە ڕوودەدەن یاری سیاسی و ئابووری و ئەقلیمی و نێودەولەتین لەم یاریەدا ئەوەی نرخی نەمێنێ مرۆڤە تورکیا تاسەر ئێستا لە یارییە ناشرینە تێوەگڵاوە، ئەردۆغان پازدە سال پێش ئێستا چاوەڕێی ئەوەی لێدەکرا حەلی کێشە تورکیاو ناوچەکانی تر بکات نەك ببێتە ستەم گەلیەکی جەنگ و خوێن رشتن، جیاوازی نییە لە نێوان سورانەوە بە دەوری کەعبە و بت خانەدا ئەگەر ئیمان نەتگرێ بۆ لەتوپەت کردنی منداڵانی عەفرین، کورد لەم یاری و موئامەرەیەدا هاوچارەنوسە هەر سەرکەوتنی پارچەیەکی سەرکەوتنە بۆ پارچەکانی هەر نسکۆیەك نسکۆیکە بۆ هەموو گەلی کورد، لە مێژوودا کورد یەکەم جاری نییە گەمەی پێدەکرێت لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم هاوپەیمانان بەلێنەکانیان نەبردەسەر و فرۆشیانین بە ئەتاتورك بەریتانیەکان کە عیراقیان رزگار کرد وڵایەتی موصلی لەسەر نەبوو دیسان فرۆشتیانین بە نەوت و سونەی عەرەب کۆماری مەهابات لەسەر دەستی یەکێتی سۆڤیەت فرۆشرا بە کۆمەلێك بەلێنی پوچی قاموو سەلتەنە سالی (75) ئەمریکا شۆرشی چواردە سالەی باشوری کوردستانی فرۆشت بە شای ئێران جەیشی سوری لە کورد دەدات پێی دەلێت بەکرێگیراوە ئێران لێی دەدات پێی دەلێت ئیسرائلی دووەمەو زدی ئینقیلابە داعش لێی دەدات پێی ئەلێ متد و مولحیدە تورکیا لێی دەدات پێی دەلێت ئیرهابی و تیرۆرستە عیراق لێی دەدات پێی ئەلێت ئینفیسالی و مخریبە فەرمادە عەرەبەکانیان کەسەرکردەکانمان شەهید دەکەن بە شانازییەوە رەسم لای لاشەکانیان دەگرن، بەڵام دەبێ بزانن کورد میللەتێك نییە بە ئاسانی قوت بدرێت و فەرامۆش بکرێت ڕۆژئاوا زۆر بەهێزترە لە پیلانی دوژمنان ڕۆژئاواو شەرڤانان ئازایەتی و خۆراگریەکی ئەفسانەیان نواند بەرامبەر داعش ئەمە شەری مەرگە لەگەل ژیان ئەم شەرە زۆر چارەنووس سازە مان و نەمانی کانتۆنەکانی پێوەیە پیلانی دوژمنان لە عەفرین گەورەترە لە پیلانی وێرانکردنی کۆبانێ زۆربەی وڵاتان لە شەری عەفرین رۆلیان دەبێت دژمنان دەترسن لە ڕۆژئاوا هاوشێوەیەکی نوێ بسەپێنن بۆیە پێکەوە دێن ماشێنێکی جەنگی گەورە بە ناوی (چڵە زەیتون) و فەتح لە دژی کورد ئەخەنە گەر چلە زەیتون ئەمرۆ خوێی لێ دەتکێت فراکسێنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان تورەو نیگەرانە بۆ ئەم هێرش و پەڵاماردانە ئێمە دلمان لای عەفرینە ئەگەر دوێنێ کۆبانێ رەمزی خۆراگری

بوو ئەمرۆ عەفرین رەمزی شـەری مان و نەمانە، داوای راگرتنی ئەم زول و شـەرە دەکەین بەحەقی شەرڤانانی دەزانین دیفاع بکەن ئەم شەرە بارودۆخی ناوچەکە ئالۆز دەکات سڵاو لە خەلکی عەفرین سـڵاو لە نوێنەرانی عەفرین سـڵاو لە خۆراگری و بەرخۆدانی شـەرڤانان ئێوەسـەردەکەون پیرۆزە لێتان هەموو میللەتێك لیاقەتی ئەو جۆرە خۆراگریەی نییە ئەو ئـازایەتیەی لە ئێوەو لە کورو کچـانی ئێوەیە لە هەموو کەس نـاوەشـێتەوە ئێوە مێژوو دروسـت دەکەن لەناو قولترین تاریکیدا لەناو شـەوە زەنگێکدا کە چاو چاو نابیێت هەموو شـتێك سـکوتی سـکوتە، ئێوە روناکی دەخولقێنن و جولە دەخەنە ژیانەوە ئازایەتی ئێوە دەچێتە نـاو چیرۆك و لە قوتـابخـانەکـان دەخوێنرێـت دایکـان لە ژونی مـالە هەژارەکـان بۆ منالەکانیان دەگێرنەوە سـەرتان وەك قەندیل بەرزە ئابرۆی گەلەکەمان دەپارێزن، هەموو مرۆڤایەتی شـەرمەزار و قەرز دارتانە ئێسـتا دونیا شـارێك پێدەزانێت کچەکانیان لە جێی مێخەك فیشەکیان بۆتە گەردانە شەرڤانی کود لە کۆبانێ هەرئێوە بوون لە نوێ مێژووتان دروسـت کرد تا سـەرکەوتن بە پێوەبوون شـەهیدەکانتان کەمێکی تر دەگەنە لای موسـای قەنازو شـەهید ئارینی فەرماندەیان سـڵاوی ئێمەش دەگەێننە مامە ریشـەو حوسـێن مەنسـور ومامە ریشـەو لیوا شـێرکۆ پێتان دەلێین هەمووومان قەرزدارتانین ئەو قەرزەی کە پێمان نادرێتەوە شـەهیدان ئێوە ئەو کارەی پێویسـت بوو کردتان بە دوژمنانتان وت خۆ ئەگەر ناتوانین بەو شێوەیەی دەمانەوێ بژین خۆ دەتوانین لە پێناویدا بمرین، دووبارە ئەم شـەرە و ئیدانەو شـەرمەزار دەکەین بەرگریتان بە مافێکی پیرۆز دەزانین، (قەت نەلێن دوژمن بەهێزە تۆپ و تەیارەی هەیە ئیتیفاقتان گەر هەبێت زەحمەتە خۆیراگرێت) ، دەبێ میللەتی باشووریش زیاتر لە ئێوەوە فێربێن مقاوەمەت وهەندێ جار واز لە هەڵاتن بێنێت بڕی ئیرادەی پۆڵاینی خەلکی عەفرین فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، سوپاس.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز (دلێر ماوەتی) بۆ پێشکەش کردنی پەیامی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ، بەرێزان دەزانم دلی ئێوە ئێمەمانان پەرلەمانتاران خەلکی کوردسـتان پرە لە خەفەت لە ئازار بۆ قوربانیانی عەفرین ئێوە ئازادن وە ئازادانە لە پەرلەمانی کوردستان رادەردەبرن وە رای خۆتان پێکەش دەکەن تەنیا یەك وشـە بەکارهێنرا داوا دەکەم لە پرۆتۆکۆل بسـڕێتەوە گـونجـاو نـییە لەگەل پـرانسـیپەکـانی پەرلەمـانی کـوردسـتـان ئەویش وشـەی (بێشـەرەف)بەکارهات داوا دەکەم لە پرۆتۆکۆل بسـڕێتەوە وە داوای من ئەوەیە ئازادانەو ئازایانە وەکو هەمیشـە رەئی خۆتان دەربرن بەردەوام بن تەنیا بەکارهێنانی وشـەکان ورد تر هەلبژێرن، ئێستا داوا لە فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان دەکەم، فە رموون پەیامی خۆتان بگەیەنن.

**بەرێز بەهزاد دەرویش دەرویش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشـندەو میهرەبان بەرێز سـەرۆکی پەرلەمان بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان بە ناوی فراکسـیۆنی یەکگرتووی ئیسـلامی کوردسـتان بەخێرهاتنی برایانی خۆمان دەکەین لە کوردستانی رۆژئاوا، سەرەتا پێشی وتەی فراکسیۆن دەمەوێ دوو خال بە بیری جەنابتان بێنمەوە ،یەکەمیـان:دووپـات دەکەینەوە کە بەلێ فراکسـیۆنی یەکگرتووی ئیسـلامی کوردسـتان لە کاتی خۆی دوو یاداشـتنامەی فەرمی بە واژووی ئەندامان لەسـەر دۆخی ناوچەکان و کەرکوك داوای کردبوو، خاڵی دووەم، یەکەم: لە سـەررەتاکانی ئەنجومەنی سـیاسـی یەکگرتووی ئیسـلامی کوردسـتان بەیاننامەی دەرکرد لە دوور کانتۆنی عەفرین، بەرێزان بەناوی خوای بەخشـندەی میهرەبان ئێمە لە فراکسـیۆنی یەکگرتووی ئیسـلامی

کوردســـتان بە نیگەرانییەوە دەروانینە هێڵاشــی ســەربازی تورکیا هەندێك لە گروپە چەکدارەکانی تری سوریای بۆ سەر کانتۆنی عەفرین ئیدانەی بەکارهێنانی هێز دەکەین بۆ چارەسەری کێشەکان وە بۆ ئەوەی هاوڵاتیانی سڤیل نەبنە قوربانی پێویستە کێشەکان بە دیالۆك چارەســەر بکرێن،دیارە نەتەوەی کورد وە میللەتی کورد لە هەر چوار پارچەکانی کوردســتان یەك ســەدەی تێپەراند لە خەباتی بەردەوام بۆ گەیشــتن بە مافە رەواکانی وە رزگار بوونی لە ژێر بندەســتی و ســتەمکاری، هەر لەم پێناوەدا قوربانی زۆری داوە بگرە لە شــەهید بوونی هەزارەها کەس لە قەتل و عام و وە کیمیاباران وکاولکردن و مالوێرانی و وە سێدارەدانی سەدان گەنج، بەرێزان هەر وەك چۆن لە سایکسبیکۆ کوردستانی گەورە دابەشــکرا بۆ چوار پارچە بۆ ســەر چواردەولەت ئەمرۆش مێژوو دووبارە دەبێتەوە لەســەر گەلەکەمان لەشاری خۆشەویست لە کانتۆنی عەفرین وە پێشتریش لە شنگال و کۆبانی و کەرکوك بوو، ئاشـــکرایە کە دۆزی میللەتی کورد وە نەتەوە کورد دۆزی رەوای ز یاتر (40) ملیۆن کەسە وە ئەگەر نەتەوە یەکگرتووەکان بە کرداری یەکگرتنی هەموو نەتەوەکان بێ پێویســـتە جیگای نەتەوەی کورد بکاتەوە لەســـەر نەخشـــەی جیهان، بۆ ئەوەی هاوڵاتیانی کانتۆنی عەفرین زیاتر زەرەر نەبن وە بارودۆخی ناوچەکە ئالۆزتر نەبی ئێمە لە فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان چەند داواکاریەك بە پێویست دەزانین:

1-داو لە حکومەتی تورکیا دەکەین هێرشی سەربازی رابگرن وە کێشەو گرفتەکان بە رێکاری بە رێگای سیاسی و دیالۆکی ئاشتیانە چارەسەر بکرێن.

2-رژێمی ســـوریا دان بنێت بە مافە رەواکانی کورد لە کوردســـتانی رۆژئاوا وە دەســـت هەلگرێت لە ســتەمکاری وەلە لە خۆســەپاندن لە دەســەڵاتدا چونکە بە بێ نەدانی مافی کورد کێشەکانی سوریا چارەسەر نابن هەروەك چۆن چەندین کۆنگرە بەستراوە بەڵام بێ ئەنجام بووە.

3-داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەین بێتە سەر خەت وە شەر لەسەر کانتۆنی عەفرین رابگرێت، وە داوا لە لایەنە پەیوەندیدارەکان بکات چارەســـەری عادیلانە بدۆزێتەوە بۆ میللەتی کورد لە کوردســـتـانی رۆژئـاوا وە کۆبوونەوەیەکی تری بەپەلە بکـاتن چونکە کۆبوونەوەی (2018/10/22)، هیچ بریارەکی لێنەکەوتۆتەوە.

4-داوا لە ولاتانی زل هێز دەکەین کوردســـتانی رۆژئاوا نەکەنە مەیدانی ســـەربازی بۆ بەرژەوەندییەکانیان بەلکو پالپشت بن لە مەزلومیەتی کورد.

5-داوا لە رێخراوی کۆمەلگای نێودەولەتی و رێخراوەکانی مافی مرۆڤ دەکەین هەرچی زووە بە هانای خەلکی عەفرین بێن هەموو پێداوی مرۆیی بۆیان دابین بکەن.

6-داوا لە لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان دەکەین یەك هەلوێست بن وە داوا دەکەین کۆنگرەی نەتەوەی کورد بە زووترین کات ببەسترێت .

7- ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردســتانە پشــتوانی ماددی و مەعنەوی بکەن بۆ کانتۆنی عفرین وە هاوکاری مرۆیی بۆ خۆشەویستی رۆژئاوا دابین بکات.

8-داوا لە ســـەرۆکـایتی پەرلەمـان دەکەین بەفەرمی ئەو داواکـاریـانە بگەیننە لـایەنە پەیوەندیدارەکان بەتایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان.

لە کۆتاییدا ســڵاو دەنێرین بۆ روحی پاکی شـــەهیدانی کورد و کوردســـتان هەربژی کورد هەربژی کوردســـتان فراکســـیۆنی یەکگرتووی ئیســـلامی کوردســـتان (30-1-2018)، زۆر سوپاس.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز (بهزاد دەرویش) بۆ پێشکەش کردنی پەیامی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بە بۆنەی ئەو بارودۆخە نالەبارەی عەفرین ئێستا داوا لە فراکسیۆنی کۆمەڵەی ئیسلامی کوردستان دەکەین پەیامی خۆیان رابگەینن، فەرمووو.

**بەڕێز حسێن اسماعیل حسێن (مەلا مەروان) :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(بسم الله الرحمن الرحیم) سەرەتا بەخێرهاتنی نوێنەرانی عەفرین دەکەین، بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان پەرلەمانتارە بەڕێزەکان جەماوەری کوردستانیان لە هەر کوێن رێخراوەکان رێخراوەکانی داکۆکی کار لە مافەکانی مرۆڤ سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردەواری (السلام علیکم و رحمت الله والبرکات) شاراوە نییە لاتان کە میللەتی کورد هەر لەسەرەتای دابەش بوونی گەلان لەسەر حیسابی نەتەوەیی بەش بەشی و راوەدوونان بەشی بووە وە لەسەر حیسابی گەلەکەمان زۆرێك نەتەوە رازی کراون وە سەرەرای دروشمی بریقەداری مافی مرۆڤ لە لایەن زل هێزەکانەوە بەڵام گەلەکەمان لە بەشە کوردستانییەکانی خۆی لە مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ بێبەش کراوە، وە جێگای داخە رژێمە یەك لە دوای یەکەکانی کوردستانی هەموو جۆرەکانی ستەموو راوەدونان و جیاکاری ئەنجامە داوە وە سەرکەوتنی خۆیان لە چەوسانەوەی ئێمە دەبیننەوە، ئێمە لە فراکسیۆنی کۆمەڵەی ئیسلامی ئیدانەی ئەو لەشکرکێشی و پەلاماردانەی تورکیادەکەین بۆ سەر عەفرین کە بە پێش چاوی کۆمەلگەی نێودەولەتییەوە ئەنجام دەدرێ و هاوڵاتیانی مەدەنی تێدا بونەتە قوربانی وە خوازیارین مرۆڤ دۆستانی دونیا بێنە دەنگ بۆ کۆتیهێنان بە زمانی چەك و هەرەشەو سەرکوتکردنی نەیاران وە بەرەواشی نازانین کە هیچ وڵاتێك پەل بهاوێت بۆ وڵاتێکی تر لە ژێر هیچ بیانوویێك وە خوازیاریشین کێشەی گەلەکەمان لە تورکیا بە گفتوگۆ چارەسەر بکرێت و کۆتایی بە خوێنرشتن بهێنرێت، ئومێدەوارین کە حکومەتی هەرێم و سەرجەم رێخراوە مرۆڤ دۆستەکان هاوکاری و کۆمەك بگەێننە هاوڵاتیانی عەفرین ،فراکسیۆنی کۆمەڵەی ئیسلامی لە پەرلەمانی کوردستان (2018/1/30) وسلام علیکم ورحمت الله والبرکات.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز مامۆستا(مەلا مروان گەڵالی) بۆ پێشکەش کردنی پەیامی کۆمەڵەی ئیسلامی کوردستان، ئێستا پێکهاتەکان پەیامی خۆیان دەگەینن پێکهاتەی مەسیحی بەڕێز (یەروان) بەناوی پێکهاتەی ئەرمەن، فەرمووو.

**بەڕێز یروانت نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بخێر هاتنا خوشك و براێت خو دکەین ل عەفرینێ ئەم وەکو ئەرمەن ئەڤی تاوانبارێ لسەر عەفرینێ غەریب نابینین نە تشتەکی غەریبە دەف مە بەلکی بەری سەد سالە میللەتی ئەرمەنی ژی هاتە قەتل کرن بن دەست دەولەتا عوسمانی ئەوا نوکە دەولەتا تورکی وەریسا وێیە ئو دەولەتێن زل هێز بێدەنگ بوون هەتا جینۆساید هاتە بتەمام کرن، ئەڤرۆ وەریسا دەوڵا عوسمانی رادبیت تۆببارانکرا سەر عەفرینێ وە هەر دەولەتێت زل هێز بێدەنگن راستی ئەڤە زولمە سەر عەفرینێ خەلکی عەفرینێیە ئو شەرمەزریەکا مەزنە بۆ دەولەتێت زل هێز ئوشەرمەزارییەکا بۆ ناتۆ رادبیت تۆببارانکرنا عەفرینێ کوشتنا سڤیلا و ئو زارۆکا وە ئەم ئەرمەن راستی دل گرانن بۆ سەر عەفرین تۆببارانکرنا سەر عەفرین چونکە عەفرین ئێك ژوان باژێرابوون ئەرمەن خلاس کرن ئەو جینۆسایدا سەر مە ئو دەیستێ عوسمانییە بسەر مە داهاتی دوماهیکێ داخازی ل دەولەتی زل هێز دکەین ئو

(UN) ژی ئەڤی تۆببارانی براوەستینن کوشتان سڤیلا براوەستینن کو دیجۆنۆسایدەکا دی رویدا جارەکا دەی بەخێرر هاتن وە سوپاسیا وە دکەین.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز (یەروان نیسان) بۆ پێشکەش کردنی پەیامی پێکهاتەی ئەرمەن کە نوێنەریانە لە پەرلەمانی کوردستان، داوا لە بەرێز (منی قهوەچی)دەکەین پەیامی حیزبی چاکسازی تورکمان پێشکەش بکات، فەرموو.

**بەرێز منی نبی نادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان بەرێز سەرۆکی پەرلەمان کوردستان بەرێز ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بەخێرهاتنی نوێنەرانی خەلکی عەفرین دەکەین، ئێمە بە ناوی پێکهاتەی تورکمان بەناوی فراکسیۆنی چاکسازی تورکمان لە پەرلەمانی کوردستان لە پێناوی پاراستنی پێکەوە ژیان داوا دەکەین تورکیا بە رێگەی ئاشتیانە چارەسەر بکەن چەندین سالە تورکیا پەکەکە کە کێشەیان هەیە رێگای سەربازی گرتۆتە بەر بەڵام کێشەکان چارەسەر نەبوون ئەمەش دەکرێت عیبرەتێك بێت بۆ تورکیا کە کێشەکان چارەسەر ناکرێتن بە شەر بە هەرەشە کە بۆ سەر سنور کە هیچ لەسنوری تورکیا دا نییە بەلکو بە ئاشتی چارەسەر دەبێت، بۆ ئەم مەبەستەش ئێمە وەکو فراکسیۆنی چاکسازی تورکمان لە پەرلەمانی کوردستان بەگشتی ئیدانەی هەر شەر و هێرشێك دەکەین کە پێکەوە ژیان لە ناو دەبات وە لە ناو ئەوانیشدا هێرشی سەر عەفرین لێرەدا پەرلەمانی کوردستان لەسەر دۆخی عەفرین هەلوێستی هەبێت وە کو نامەیەکی فەرمی ئاراستەی پەرلەمانی تورکیا وە حکومەتی تورکیا بکرێت چیتر ناکرێتن پێکهاتەی کورد بکرێتە ئامانج بۆ مەرامی سیاسی بۆ پێکهێنانی پێکهاتەیەك بۆ بەرژەوەندی حزبێکی تەسك لە تورکیا، وە لێرەدا ئێمە وەکو فراکسیۆنی چاکسازی تورکمان بە زوترین کات ئەو پەلامارانە راوەستن وە رێگای دیالۆگ گفتوگۆ بگرنە بەر وە گیانی هاوڵاتیان پارێزراوبێت وە چیتر لەوە زیاتر تەشەنە نەکات وە کارەسات و دەرەنجامی خراپی لێنەکەوێت بژی کورد و کوردستان ئێمە پێکهاتەی تورکمان هەمووکاتێك لەگەل ئاشتیداینە وە جکە پێکهاتەی تورکمان هەر حزبێکی سیاسی تورکمانی گوزارشت لە پێکهاتەی تورکمان ناکاتن ئەگەر پێکەوە ژیان لە ناو ببات، زۆر سوپاس.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز (منی قهوەچی) پەیامی حیزبی چاکسازی تورکامن پێشکەش بە دانیشتنەکەی کرد، ئێستا داوا لە بەڕێز مامۆستا(ماجد) دەکەین پەیامی حیزبی توررکمانی هەولێر پێشکەش دەکات، فەرموو.

**بەڕێز ماجد عثمان توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەو بۆچوونە لە جیاتی کۆمەڵی رۆشەمبیری تورکمان و فراکسیۆنی تورکمانی هەولێر و پارتی گەشە پێدانی تورکان دەخوێنمەوە، پێشەکی بەخێرهاتنی بەڕێزان نوێنەرانی خەڵکی عەفرینی بریندار دەکەین زۆر بەخێر بێن ئێمە وەك پیکهاتەی تورکمان لە پەرلەمانی کوردستان هەمیشە نیگەرانی خۆمان دەردەبڕین بەو وەزعەی کە لە شاری عەفرین دەگوزەرێت پێمان وایە چ عەفرین چ کۆبانێ چ حەلەب هەموویان لە ئەنجامی زاڵ بوونی رژێمێکی دیکتاتۆرییە بەسەر خەڵکی ئەو وڵاتە کە لە ئەنجامیدا چەندین ساڵە خەڵکی ئەو ناوچانە بە هەموو پێکهاتەکانیەوە لە دەستی ئەو رژێمە دەنالێنن، بە تەئکید شەری عەفرینیش بە هەمان شێوە کارێکی دیکەی وێرانکاری و کاولکردن و کوشتنی خەڵکی

سقيل و بێدەسەڵاتە، بە داخەوە لە هەموو هێرشێك و شەڕێكدا كۆمەڵێ خەڵكی سقیل و بێتاوان دەبنە قوربانی بۆیە ئێمە هیچ كاتێك پشتگیری لە شەر و كوشتن و تۆقاندن و كاری تیرۆرستی ناكەین بەڵك و پشتگیری لە هەموو رێكارێكی ئاشتەوایی و مەدەنی دەكەین پێمان وایە كە لە ئەنجامی ئەو هێرشە تەنها كورد نابێـە قوربانی بەڵك و هەموو پێكهاتەكان دەبنە قوربانی وە زیانیان پێ دەكەوێـت، بۆیە ئێمە داو دەكەین كە هەرچی زووە ئەو هێرشـە رابگیرێ وە لە جیاتی ئەوە دەرگای گفتووگۆ دیالۆك بكرێتەە بۆ ئەوەی ئارامی و سـەقامگیری بۆ ناوچەكە بگەرێتەوە وە چیتر خەڵكی بێتاوان نەبنە قوربانی ململانێییە سـیاسـیەكان و رێز لە یاسـا و مافەكانی مرۆڤ بگیرێت كۆمەڵەی رۆشـەمبیری توركمان فراكسیۆنی توركمانی هەولێر و پارتی گەشە پێدانی توركمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سـوپاس بۆ بەرێز (ماجد عثمان) كە پەیامی خۆی پێشـكەش بەم دانیشـتنە كرد بەناوی لیستی توركمانی هەولێر لیستی گەشە پێدانی توركمان وە بە ناوی كۆمەڵەی رۆشەمبیری هەولێر پێشـكەش كرد، ئێسـتا داوا لە بەڕێز (ابو كاروان) دەكەین بە ناوی حیزبی شـیوعی كوردستان پەیامی خۆی پێشكەش كا، فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس عبدالرحمن (ابو كاروان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سـەرەتا بەخێر هاتنی هاوڕێیان و برایانمان نوێنەرانی عەفرین دەكەم (12) رۆژی تەواو خەڵك شەرڤانان هاونیشتیمانیانی گەلەكەمان لە كانتۆنی عەفرین لە رۆئاوای كوردستان رووبەرووی هێرشـی و شـەڕێكە تووند كارانەی دەوڵەتی توركیا و هاوپەیمانە ئیسـلام گەرایەكان بوونەتەوە هەڵبەتە ئەم شـەرەش پاش ماوەیەكی زۆر لە هەرەشـەو تۆپ باران كردنی كانتۆنی عەفرین هاتوو بەسـەفقەیەكی ژێر بە ژێری دواتر ئاشـكرا بووی روسـیا و كشـانەوەی هێزەكانیان دەسـتی پێكرد، هەر لە سـەرەتەكانی دەسـتپێكردنی شـەرەكەدا دەسـیان نەپاراسـت لە بە ئامانج گرتنی ژن و منداڵ و خەڵكە سـقیلەكەی و تەنانەت شـوێنەوارە مێژووییەكانی ئەو كانتۆنەو تاوەكو ئێسـتا زیاتر لە (60)ژن و منداڵ و نزیكەی (150) كەس مەدەنی بێ چەكی كردۆتە ئامانج و ئەو شـێوازە بەرامبەر خەڵكی سـقیل لەم كانتۆنە گرتوویانەتە ئامانج و ئامرازەكانی جێبەجێكردنی بۆردوومانەكان بە هەموو مانایەك پێشـێلكاری یاسـا نێودەوڵەتیەكان و سـەروەری گەل و نیشـتمانی سـوریایە لەوەش زیاتر دەچێتە چوارچێوەی تاوانی جەنگەوە ئێمەش لای خۆمانەوە وێرای ئیدانە كردنی ئەو پەلامار و هێرشـانە داوا لە نەتەوە یەكگرتووەكان كۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەكەین بە ئەركی خۆیان هەسـتن لە بەرقەرار كردنی ئاشـتی و راگرتنی ئەو شـەرە نارەوایە، بەرێزان بە درێژایی رۆژانی پەلاماری توركیا بۆ سـەر كانتۆنی عەفرین كچان و كوڕانی كانتۆنەكە و ژمارەیەك لە خەڵكی ئازادی خواز لە چەندین وڵات بە خۆراگری و روو بە روو بوونەوەی هەر چی چەكی مۆدێرنی دونیا هەیە كە لە ئاسـمان و زەمینەوە ئاگر دەبارێنێتە سـەریان جوانترین تابلۆی بەرخودانیان نەخشـاندووە هەمو ئاماچەكان پێمان دەڵێن ئەو مقامەوەتە شـەرەف مەندانە درێژەی دەبێ و عەفرین چەشـنی كوبانی دەبێتەوە نمونەیەكی تری كەم وێنەی خۆراگری لە مێژووی گەلی كوردسـتان و مرۆژایەتیشـدا، لێرەشـەوە ئەو بێدەنگییە بەرژەوەندی خوازیانەی ئەمەریكا و بەریتانیا و روسـیا و وڵاتانی دیكەی خاوەن بەرژەوەندی پاسـاوە پووچەكانیان لە تەداخول نەكردنیان بۆ راگرتنی ئەو هێرشـە شـەرمەزار دەكەین، هەروەها هەڵوێستی رێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان و كۆمكاری عەرەبی و رێخراوە ئیسڵامیەكان و ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق و ژمارەیەكی دیكە لە رێخراوەكانی مافی مرۆڤ لە بارەی هێرشـەكانی سـەر عەفرینەوە سـەركۆنە دەكەین، هەموو ئەو جوڵانەوە و مەدەنیانەی

خەڵکی کوردستان و رەوەندی کوردستانی لە دەرەوە ئەنجامی داوە وە پشتوانی عەفرین کاری تێکۆشــەرانەیە و پێویســتە بەردەوام و بەرفراوان بکرێت و ئێمەش لە پەرلەمانی کوردستان وەك نوێنەرایەتی گەلی کوردستانی باشوور بە ناوی هەموو فراکسیۆنەکانەوە نامەیەکی نارەزایی بدەینە (un) و دەوڵەتانی زل هێز و بە مەبەســتی راگرتنی ئەو شــەرە بەرێزان ســەرۆکایەتی پەرلەمان و پەرلەمانتاران خۆراگری خوشــك و برایانمان لە رۆژئاواوە کانتۆنی عەفرین لە ماوەی زیاتر لە (12) رۆژدا وانەی گرانبەها بۆ دووپات کردنەوەی لە عیبرەت و وەرگرتن، کە ئێمە چەندە پێویســتمان بە رێزی گەلەکەمان و بە قەدەر ئەوەش گرینگ و زیاتریش بونی یەك لەشــکری و هاوبەش و یەك بڕیاری ســەربازی هەیە کە کار کردن بۆ بەرجەستەبوونی ئەو پرسە هیچ دواخستنێك هەڵناگرێت، بەڕێزان پێویستە ئەوە لە یاد نەکرێت ئەوەی لە رۆژئاوای کوردستان بەدی هاتووە دەستکەوتی گەلی کوردستانەو پویســتە بە هەموومانەوە بیان پارێزین و بە پێچەوانەش لە دەســت دانیان زیانی هەموو گەلی کوردســتان هەموو پرۆســەی دیموکراســییە بە تایبەتی لە بوری ئافرەتان، بژی بەرخوودانی عەفرین ســەرکەوێ دۆزی رەوای گەلەکەمان لە هەر چوار پارچەی کوردســتان نەمری و ســڵاو بۆ گیانی پاکی شــەهیدانی عەفرین و تەواوی شــەهیدانی رێگای رزگاری خوازی گەلەکەمان (ابو کاروان) فراکسیۆنی ئازادی لە پەرلەمانی کوردستان، سوپاس.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز (ابو کاروان) پەیامی حیزبی شیوعی کوردستان پێشکەش بە دانیشتنەکە کرد، ئێســتا دوا لە بەڕێز کاك (عبدالله حاجی محمود) بە ناوی عزبی شــۆشــیالیســتی دیموکراتی کوردستان پەیامی خۆی پێشکەش دەکات، فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ســەرەتا زۆر بە گەرمی بەخێر هاتنی نوێنەرانی عەفرین دەکەین، رەوشی ئێســتای عەفرین بە پەڵاماردان و شــەهید کردنی ســەدان ل هاوڵاتیانی بێتاوانی عەفرین ئاوارەبوونی هەزار هاوڵاتیانی بێ تاوان وێران کردن و بە تاڵان بردنی ماڵ و ســەروەت و ســامانی خەڵکی عەفرین و دەوروبەری ئیـدانە ئەکەین، ئێمە پشــتگیری لە داوای رەوای مـافی گەلی کوردستان دەکەین و بوەرمان بە ئازادی بیرورا و ئازادی رادەربڕین هەیە بەو شێوازەی هەر گەلێك تەعبیر لە رای خۆی بکات، گەلی کوردستانیش مافی خۆیەتی وەکو هەموو گەلێکی ئەم جیهانە بە ئازادانە رای خۆی دەربڕێت و مافی رەوای خۆی بەدەســت بهێنێت لە دێر زەمانەوە تێکۆشـــان بەردەوامە دوژمنان درێخیان نەکردووە لە پەڵاماردان و دەســتدرێژی هەوڵدان بۆ ســڕینەوەی گەلی کوردســتان و دەســت بەســەرا گرتنی خاکەکەی بەڵام ئەو هەوڵانەیان سەری نەگرتووە و رۆژ بە رۆژ داوا رەواکانی گەلی کوردستان لە رووی سیاسی و نێودەوڵەتیەوە بەرەو پێشەوە چووە لە ئیستادا پشتوانی لە رادە بەدەر بۆ گەلی کوردستان هەیە و ئاسـۆی سـەرکەوتن روونە، پێویسـتە لە ئێسـتادا کوردسـتانیان بۆ یەکریزی زیاتر و پێکەوە کار کردن و خۆئامادە کردن بکەنەوە بەرامبەر بە پێشـهاتە نوێیەکان و پەرت بوون و لەیەکتری جگە لە زیان بە یەکەوە گەیاندن بە چارەنووســی گەلەکەمان هیچ بەرهەمێکی تری نابێت، ئێمە لە فراکسـیۆنی حزبی شـۆشـیالیسـت دیموکراتی کوردسـتان داوا لە رای گشــتی نێودەوڵتی دەکەین بەپەلە بە هـانـای وڵـاتـانی عەفرینەوە بێن و هەوڵەکـان چڕ بکرێنەوە بۆ راگرتنی هێرشەکانی سەر عەفرین و دەورو بەری و چارەسەر کردنی کێشەکان تەنها لە دەرەوەی گفتو گۆوە دەبێت، بژی کورد بژی کوردستان(2018/1/30)، زۆر سوپاس.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز (عبدالله محمود) پەیامی حیزبی شۆشیالیستی دیموکراتی کوردستان پێشکەش بە دانیشتنەکە کرد، ئێستا داوا لە بەرێز (ئاری عبدالطیف) بۆ ئەوەی پەیامە بزوتنەوەی ئیسلامی کورستان بە ئێمەمانان بگەینێ، فەرموو.

**بەڕێز ئاری عبداللطیف مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەیامە بزوتنەوەی ئیسلامی سەبارەت بە گەلی کورد و کوردستان و دۆخی عەفرین و ئاریشەی رۆژئاوا، بەناوی خوای گەورە و میهرەبان (بأي ذنب قتلت) بەرێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان بەلەبەر چاو گرتنی بنەما شەرعییەکان و ئاسۆی پرانسیپە مرۆییەکان و هاوخوێنی و نەتەوەیی بوون و یەك چارە نووسی لەگەڵ هەر تاك هاوڵاتیەکی کورد لە هەر جێگایەك و هەر پارچەیەکی ئەم نیشتمانە بەش کراوە ئەرکی ئیمانی و ئاکاری نەتەوەیمان دژی هەر ستەمکاری و لەشکر کوژیەك بوەستینەوە لە بەرامبەر گەلی کورد، بە درێژایی میژوو ژێردەستەیی نەتەوەی کورد بۆتە مۆدێل و ئینتیما بۆ نەتەوە سەردەست و خاوەن هێز و کاریگەر پرۆسەکانی عەقل دزین و خاك بردن و بە کۆیلە کردن و بە تاڵان بردنی سەروەت و سامان و سڕینەوەی شوناسی ئەم گەلە بێکەس و پڕ ئەغیارە تا ئەگاتە زیندە بەچاڵ و قەتلوعام و جینۆساید ئاوارەی و ئەنفال و کیمیا باران نازانین چۆن عەرشی (193) دەوڵەت ناکاتە پروس، ئێمە بە هەموو شتێك مەعکومین تەنانەت بە مرۆڤ بوونیش، هەر بۆیە مامۆستای نێودەوڵەتیەکان و هەرێمیەکان و بەشێکیش لە خۆرەی ناوخۆ بەردەوام لەوحەی چارەنووسمان بە ختێکی گەورە لە بەر چاوی خۆماندا ئەنووسنەوە، بەرێزان ئێمە نامانەوێ تێبگەین بۆچی ئەم پرۆسانە بەردەوام روحی کوردی ئەزموونەکانی ئەخنکێنێ تێئەگەین و نامانەوێ یان زاکیرەمان نیە و هەمیشە و بەردەوام ئەفرۆشرێین یان هەزار ئەگەری تری نووساو بە یەخەمانەوە، دیارە کە کوردین و موسڵمانین و خاوەن خاکێکی بە پیت و سەروەیەکی مەعمەوی گەورەی کەلتووری مرۆین لە ناوچەکەدا، بەڵام ئەگەر یەك دەوڵەتمان هەبوایە هەزار جار کورد و موسولمانیش بووینایە ئێستا خاوەن پێگەو شوناس ئەبووین و یەك نینۆکمان حوکمی هەزار دەبابەو فرۆکەی ئەکرد، ئێمە ئەزانین لە زەویەکی نەخۆشا ئەژین کێ بەهێزبوو ئەوە ئەیبانەوە ئیتر شورەییە وا بزانین مافی مرۆڤ و دیموکراسی و مافی نەتەوە و زمان و کەلتوور و بێکەوە ژیان بوونی هەیە، ئێمە ئەزاننین کورد یەك دۆستی نییە هەموو مزەخانەو دەهلیزە و سەر و بنی مێزەکانی دونیاش بگەرێ یەك پرۆتۆکۆل نابینیتەوە لە نێوان کورد و هیچ نەتەو و دەوڵەتێکا، ئیتر شوورەییە جگە لە خوا و پاشان لە کور و کچێکی هەڵبجە و کەرکوك و شەنگال و عەفرین پشت بە هیچ روح لەبەرێکی تری ئەم هەسارەیە ببەستین، نە هێزی گۆدۆ نەهاتووەکە و نە دار عەساکەی موسا و نە شیفای عیسا و نە پەنجەی موبارەکی محمد(د.خ) لەسەر بێت بۆ دوو لەت کردنی ئەم عیراق و وڵاتانە بە مانگی خاکمانەوە ناگەنە فریامان، بەرێزان بەداخەوە ئا ئەم رستەیە ئەڵێم (کە کەرکوکیان برد کورد مرد) بەڵام دەیانەوێ ئێستا مەیتەکەی لە عەفرین بنێژن بەڵام ئەمە ئەگەر راستیش نەبێت خەریکە ئەیبینین هەر جارێ بە ناوێکەوە بە بیانوێکەوە بە سورەتێکەوە دوێنێ بە (حی علی انفال) ئەمرۆش (وتن و زیتون) ئەوان باش یاری ئەکەن ئەزانن وەك چۆن خۆمان و ئاینەکەشمان وێران بکەن کە ئەبێت زۆر لەوە دڵنیا بین ئیسلام بێبەرییە لەم هەیەجانە و نەسەیری ئەم یارییە بکا و نە لە هاندەرانی بێ و نە بکەر و دیاریکەری ئەم ساحەیە بێ کە جاری مەرگی خۆی تیا ئەدرێ، تەنیا ئەوەش بزبنین کورد بە ئیرادەی کورد بوون و یەك ریزی زیندوو ئەبێتەوە، بەرێزان لەشکر کێشی و هێرش بۆ هەر

پارچەیەکی کوردســـتان یان کوشـــتن و رژانی خوێنی هەر تاکێکی کورد بە بیانووی جۆرا و جۆری وەك نەهێشنی تیرۆر و لادەر و گەرانەوەی ئارامی و ئاشتی و تەصفیە حیساب و بە پاکتەری سـەفەقات جیا جیا لای ئێمە وەك فراکسـیۆنی بزوتنەوەی ئیسـڵامی قبوڵ نەکراوە و پرۆتسـت و مەحکومی ئەکەین، هیچ ئاریشـەیەك بە شـەر و خوێن رشـتن ئەنجامی نییە ئەگەریش ئەنجامی هەبێـــت شـوێنی دڵخۆشـی نییە، لەگەڵ شـەرو ناکۆکی نین و تەنیا ئاشتی و گفتوگۆ بە بژاردەی یەکەم و باشەکان ئەزانین بۆیە وەك اله بەیاننامەی فراکسیۆن (2018/1/21) رامان گەیاند پێش (9) رۆژ جەخت ئەکەینەوە لەســـەر بە ئاشـــتی چارەســـەر بوونی کردنی ئەم ئالۆزیە بەر گرتن لە هەزار باری رژانی خوێنی رۆڵە کانی گەلی کورد، دوا جار ماوەتەوە بڵێین دوو پێشـنیار و بەس، یەکەم: پەنا و پشـتگیری سـەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردسـتان و تەواوی فراکسـیۆنەکانی ناو پەرلەمان وەك سـونبوولی دەسـەڵات داریەتی تاکە ئەزموونی کورد لە ناوچەکەدا بۆ کورد زمانانی عەفرین بە هەر جۆرێك بێـــــت بە هەڵوێت بێ یان بە هاوکاری ئەمرۆ ببینین، دووەم: مادەم ئەم حەقیقەتانە ســـەرەوە هیچیان خەیاڵی نین لەبری بەکاربردنی (چڵە زەیتون) بۆ ماڵ کاولیەکی تری کورد لە رۆژئاو پێشنیار ئەکەین بە ناوی پەرلەمانەوە (110) چڵە زەیتون لە حەوشەی پەرلەماندا بچێنرێت و ناوی بنرێـــــن باخچەی (عەفرین) لە پەرلەمان تا بە تورکیا و هەموو دونیا بلێین ئێمەش ئۆپەراســـیۆن ئەکەین بەڵام بە رەبی کەعبە ئێمە بەراســـتی ئەیکەین، (ئاری عبدالطیف) سەرۆکی فراکسیۆنی بزوتنەوەی ئیسلامی لە پەرلەمانی کوردسان سێشەمە (2018/1/30)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ســـوپـاس بۆ بەرێز (ئـاری عبـدالطیف) پەیـامی بزوتنەوەی ئیســـڵـامی کوردســـتـان بەدانیشــتنەکەی گەیاند پەیامەکی پر هەســت و ســۆز دەســت خۆش، بەڕێز (ئاری محمد هەرسین ) بە ناوی بزوتنەوەی نەتەوەیی پەیامەکەی بە دانیشتنەکە دەگەیەنی، فەرموو.

**بەرێز ئاری هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داگیر کەری دڵ پڕ لە قین درندەی بێوژدانیەتی دەوڵەتی فاسیشت و داڵدەدەری تیرۆرزم لە خۆرهەڵاتی ناوەراســـت رەحم بە (baby)یش ناکات، لە ســـەرەتای دەســـتپێکی راپەراندنی دانیشتوانی سوریا بەرامبەر بە رژێمی ئەو وڵاتە وەك ئەلقەیەك لە زنجیرەی پێشهاتەکانی چەنـد دەولەتی عەرەبی کە بە بەهـاری نـاوی دەرکرد لەوانەیە نەتەوەی کورد لە خۆرئـاوا کوردسـتان سـەرەرای ئەو تێبینیانەی لەسـەر سیاسـەتی تاك رەوانەی یەپەگە باسـیان لێوە دەکرێـت لە هەموو دەستە و گروپە سیاسی و ئاینیەکانی تر رێکخستوو تروو مەدەنی تروو لە هەموو هێزە ســـربازیەکانی تریش لە شـــەری دژی داعش زۆر کاریگەر تر بوون، مافە خوا کوردوو ســـرووشـــتیەکانی نەتەوەی کورد گریگترین پارامەتری دەســـتنیشـــان کردنی کوالێتی دیموکراســی و مافی ئینســانە لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەی کە کوردســـتانیان داگیر کردووە ئەمە ئەو پرانســـیپەیە کە فراکســـیۆنی نەتەوەیی وە گرینگترین پێوەر لای پەســـەندە و رەچاوی ئەکا ئیتر هەرچی بانگەشـــەی ئۆپۆلســـتی و دوشـــمی هەڵخەڵەتێنەر لەسەر مافی ئینسان و دیموکراسیەت خۆ ئەگەر باسی دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستان وەك مافێکی ســـروشـــتی بۆ نەتەوەی کورد نەســـەلمێنێ ئێمە بە پۆیلێك ئەیکرین، لە تێگەیشــتنی واقیع بینانەمانا بۆ جێوپۆلەتیکی کوردســتان زۆر جار دووپاتمان کردۆتەوە کە کێشـەی سـیاسـی کورد لە پارچەکانی تری کوردسـتان و دۆزینەوەی چارەسـەر بۆی نە لە

دەسەڵاتی ئێمەیە و نە ئیشیشی بۆ دەکەین، ئێمە تەنها دەتوانین فاکتەرێی یاریدەدەر بین بۆ گەیشــتن بە چارەســەرێکی ئاشــتیانە، بەڵام هیچ پەیمانێکامن بە کەس نەداوە وە ناشیدەین کە لە ئاست قەتل و عام کردنی نەتەوەکەمان لەلایەن هەر هێزێکەوە و لە هەر ســوچێکی کوردســتان بێت بێدەنگ بین، لە بەرواری (2018/1/20) وە ســوپای داگیر کەر و درندەی دەوڵەتی تورکیا هێرشــێکی درندانەی بۆ شــاری عەفرین لە خۆرئاوای کوردســتان دەســت پێکردووە لەم هێرشــە نابەرابەرەدا هەموو جۆرە چەکێکی قورسـی دروســتکراوی وڵاتانی خۆرئاوا بەرامبەر خەڵکی مەدەی هەژار هەر لە ژن و منداڵ و پیر و گەنجەوە بگرە هەتا پارێزەرانی سەروەری نیشتیمان  و شەرڤانان بەکار دەهێنرێت، ئەم سوپا درەندەیەی تورکیا بەبەر چاوی هەموو دونیا مودوعی دیموکراســی مافی ئینســانەوە ئەم کردەوەیە بەناو کۆمەڵ کۆمەڵ کوژەی بەرامبەر دانیشــتوانی ئەو ناوچانە پیادە کردووە، لە بەرامبەر ئەوەشــدا خۆرئاوا و بە دەوڵەت و ســەرجەم فۆرماســیۆنە لیبووکەکانیەوە تەنیا و تەنیا نیگەرانن و هەتا ئێستا هیچ هەڵوێتێکی کۆنکرێتیان نییە، لە کۆی (51) دەوڵەتی ئیسلامیش کە (41) دانەیان لە رابردوودا لەلایەن وڵاتێکی خۆرئاواوە داگیر کراون و موستەعمەرە بوون زۆربەشیان هەتا ئێستاش بە دەست ئاسەواری ئەو داگیرکاریەوە دەناڵێنن نەك ویژدانی ئینسانی بەڵك و ویژدانی ئاینیشیان بای ئەوە غیرەتی نەدانێ ئیدانەیەکی راشکاوانەی ئەم کردەوە درندانەی دەوڵەتی تورکیاوە بکەن ئێمە لە فراکســیۆنی نەتەوەیی لە شــەرمی بەدەســت دانەوەی کەرکوك و ناوچەکانی تری هەرێمی کوردســتان و دواجار داگیرکردنی لەلایەن ســوپای تورکیا درندەی عیراقەوە لە روومان نایەت بلێین پێویســتە حکومەتی هەرێمی کوردستان هێزی پێشمەرگە رەوانەی عەفرین بکات، چونکە ئەو کات عوزرمان لە قەباعەت زۆر خراپتر ئەبێــت، وە چاوەروانیش ناکرێت حکومەتی هەرێم لەم هەل و مەرجە قەیراناویەو ئاڵۆزەدا هەڵوێتی توند بەرامبەر ە تورکیاوە وەربگرێــت هەر بۆیە گلەیی لێ ناکەین، بەڵام بە پێویســتی ئەزانین کە پەرلەمانی کوردســتان ئیدانەیەکی توند و راشکاوانەی ئەم کردوە فاسیشتەی سوپای داگیرکەری دەوڵەتی تورکیا بکات، زۆر بەداخەوە لایەنە سیاسیەکانی کوردستان هەموویان چوونەتە سەر سوونەتی داگیر کەران و دەوڵەتە بریار بە دەســتەکانی خۆرئاوا کەسیان دان بەوە دانانێن کە کوردســتان داگیر کراوە و وە کۆلۆنی نییە، ئەوە لە کاتێکا هەر  کۆڵۆنی داگیر کراو پێناســە نەکرێت ئیتر باســکرد بۆ ســەربەخۆیی بۆ ئەو وڵاتە گاڵتە جارە ئێمەش هەر لە پرۆســەی بە عەرەبکردن و بە تورك کردنەوە بیگرە هەتا تاوانی جینۆسـاید کە لە رابردوو و لە ئێسـتاشـدا لە دووزخورماتوو لە عەفرین بەرامبەرمان کراوە وە هەر دەکرێت باجی دانەمەزرادنی دەوڵەتی ســەربەخۆی کوردســتانە دەیدەین، لەبەر ئەوە هەر نەتەوەیەك خاوەنی دەوڵەتی ســەربەخۆ نەبێت هەرگیز ئازاد نییە و کۆیلەی نەتەوەی ســەر دەســتەیە، وەکو ئێســتا چۆن ئێمە کۆیلەی عەرەبین، دواجار تاکە هۆکاری دروســت نەبوونی دەوڵەت بە درێژایە مێژوومان و و ئێســتاشــی لەگەڵ دابێت تەنیا و تەنیا پەرتەوازەیی خۆمانە، ئەو ریزیەی کە نییە و خوا ئەزانێ کەی ئەبێت دواجار ئەلێین بێدەنگیەکەی غەرب یەك مەســجی هەیە بۆ نەتەوەی کورد ئەویش بریتیە لەوەی وەك چۆن داریژەری پیلانی داگیر کردنی کەرکوك مێشــکەکەی لە لەندەن و لای بەریتانیەکان و ئینجا ئیمپریالی ئەمریکاوە بوو ئەم هێرشـانەش بۆ ســەر عەفرین ئەکرێت دڵنیا بن خەلکی کوردســتان و خەڵکی عەفرین کە بە چرای ســەوز، یەکەم ئینگلیز بە دارێژەری خەریتەی شــەرقی ئەوصــەتە، دووەم ئەمریکا کراوە بۆیە ئەوانەی

بروایـان بەوەیە کە عەریزەیەك بنووســـن بۆ ئەمریکا یـا بۆ بەریتـانیـا یـا بۆ دەوڵەتـانی هاوپەیمان نەك نەتەوە یەکگرتووەکان بە شکم خێرێك بە کورد بکا و ئەو سوپا داگیرکەرەی تورکیا بکشــێنێتەوە، ئەوە بەداخەوە لە خەیاڵا ئەژی، ســڵاو لە گیانی خۆراگرانی عەفرین و شــەهیدان روحیان شـــاد ســـەرفراز بێت نەتەوەی کورد هەر ئاوەدان بێت خاکی پیرۆزی کوردستان، فراکسیۆنی نەتەوەی لە پەرلەمانی کوردستان (2018/1/30)، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (ئاری محمد هەرسین) بۆ پێشکەش کردنی پەیامی فراکسیۆنی نەتەویی لە پەرلەمانی کوردســتان، دیارە دوو لیســتمان ماون لیســتی (ابناْ نهرین) بەڕێز (د.ســرود) پێشکەش دەکا، فەرموو.

**بەڕێز سرود سلیم متی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

میوانە بەڕێزەکان بەخێر بێن ئەو کاتەی کە دەوڵەتی داعش رووخا بەتایبەتیش لە شـــاری موصـل و شـاری رەقا هەموومان زۆر خۆشـحال بووین بە هیوای ئەوە بووین کە رووخانی دەوڵتی داعش کۆتایی دەینین بە شـەر و ماڵوێرانی و دەسـپێکی نوێ دەبێت بۆ پرۆسـەی ئاشـــتی لە نێوان وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراســـت بەڵام جێی داخە رووداوە دواییەکانی ناوچەکە بە تایبەت لە عەفرین بە سـلبی هەڵگەراوە لەسـەر خواسـت و ویسـتی خەڵکەکان بە داخەوە زۆربەی قوربانیەکان خەڵکی ســـڤیلن جگە لە رووخاندنی ژێرخانی ئەو ناوچانە، بەڕێزان گرینگی ئەم وڵاتانە لە رۆ ژهەڵاتی ناوەراســـت لەوەدایە کە بریتین لە پێکهاتەی جیاواز هەروەها هەر پێکهاتەیەك کە بوونی هەیە لە سشنووری (3) یان (4) وڵاتی دراوسێ وە هەر تەشـــەنەیەك رووبـدات لە نێوان ئەو پێکهـاتـانە رۆڵی ســـلبی دەبێـت لەســـەر ێکهاتەکانی وڵاتانی دیکە رۆڵی سـلبی دەبێت لەسـەر ئاشـتەوایی کۆمەلایەتی لە ناوچەکە بە گشـــتی هەر چەندە ئەم بابەتە تایبەتە بە کاروباری ناوخۆی وڵاتی ســـوریا و وڵاتانی تورکیایە بەڵام وەك پرانسیپ ئێمە لە لیستی (ابناْ نهرین) دەکەین کە ناکۆکیەکان چارەسەر دەکرێن بە زامنی گفتوگۆ لە جیاتی بەکا هێنانی چەك، لە کۆتایدا هیواداریـن سـەرکەوتن بۆ زمانی دیلۆك بێت ئەمەش تاکە رێگایە بۆ شەر و خوێن رشتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (د. سرود) کە پەیامی لیستی (ابناْ نهرین) پێشکەش بە دانیشتنەکە کرد، ئێستا لیستی (رافیدین) خاتوو (لینا)، فەرموو.

**بەڕێز لینا عزریا بهرام:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

میوانە بەڕێزەکان بەخێر بێن، ئێمە لە لیسـتی رافیدین ئەو ئۆپەراسـیۆنە سـەربازیە سـوپای تورکیا بۆ ســـەر عەفرین ئیدانە دەکەین بەتایبەتی ئەو بۆردومانانەی کە لەســـەر خەڵکی ســـڤیل لە عەفرین لە ســـوریا بەگشـــتی دەکرێت ریســـوا دەکەین چونکە ژمارەیەکی زۆر خەڵکی سڤیل بێتاوان دەکرێنە ئامانج، بۆیە داوا لە نەتەوە یەکگرتوەکان دەکەین بە زوترین کات ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات بە گوێرەی یاســـا نێودەوڵەتیەکان داوا لە تورکیا بکات ئۆپەراســـیۆنە ســـەربازیەکان رابگرێت، بەڕێزان ئێمە لە لیســـتی رافیدین لەگەل ماف و ئازادیەکانی گەلاندین دوا دەکەین داوا دەکەین هاوکاری گەلی سـوریا بکرێت بۆ پاراسـتنی کەرامەت وە مافەکانیان چونکە لەم جەنگە خەڵکی ســـوریا بویتە قوربانی بە عەرەب و کورد و ئاشـــوری و تورکمانەوە پێویســـتە کۆمەلاگای نێودەوڵەتی بێدەنگ نەبیت بەرامبەر ئەو پێشێلکاریانە رۆڵی خۆی هەبیت بۆ راگرتنی رشتنی خوینی خەڵکی سوریا، سوپاس.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز (لینا عزریا) کە پەیامی لیستی (رافیدین) پێشکەش بە دانیشتنەکەی کرد، یەك تێبینیمان تۆمار کرا لەسەر ئەوەی کە لە پەیامەکەی کاك (ئاری محمد هەرسین) هاتبوو کە (دەڵێت ئێمە کۆیلەی عەرەبین) ئەوە داوا لە پرۆتۆکۆل دەکەین لاببرێت لەبەر ئەوەی میللەتی کورد خەڵکی کوردستان ناسراون بە ئازایەتی ڕۆژەك لە ڕۆژان داگیرکاری قبول نەکردووە بەرخودان و قوربانی داوە رووبارەکی خوێنی شەهیدانی پێشکەش کردووە بە ئازادی کە ئەو ئازادیەی ئێستا بەهایەکی زۆر بایەخدارە لە دەستی خەڵکی کوردستاندا، بەڕێزان پرسی عەفرین بەداخەوە ئازارەکانی عەفرین نەیتوانی لەم دانیشتنە کۆبکاتەوە خۆزگە بەرێزانی فراکسیۆنی گۆڕان بایکۆتی ئەم دانیشتنەیان نەکردبا لەبەر خاتری عەفرین لەبەر خاتری قوربانیانی عەفرین، بەڵام بە هەر حال ئێستا ئێمە لەبەردەم پوخت کردنەوەی پەیامەکانین داوا لە فراکسیۆنەکان دەکەین هەر فراکسیۆنە بەرێزێك دەست نیشان بکات بە دوو ئاراستە ئاراستەی یەکەم لە رووی سیاسی دیبلۆماسی ئەو پێشنیارانەی پێشکەش کراون بۆ ئەوەی پوختە بکرێن و داڕێژرێنەوە ئیتر لە رووی عەمەلی خەڵکی کوردستان چی پێدەکرێت بۆ ئەوەی بتوانێ مەینەتی عەفرین مەینەتی کوردستانی رۆژئاوا بە گشی ئازارەکانیان کەم بکاتەوە ئاسایی کردنی پەیوەندییەکانی گشتی لە نێوان هەرێمی کوردستان و رۆژئاوای کوردستان وە بەوە دەروازەکان ئەوەی من تێگەیشتمە دەروازەکان کراوەنە ئەگەر بە تەواویش کراوە نەبن ئەوەش هات لە پەیامەکان، بەرێزان دیارە عەفرین بۆتە سونبوولی مەزلومیەتی کورد کە بەراستی رەسەنترین نەتەوە لە رۆژهەڵاتی ناوەراست ئاشتیخوازترین نەتەوە لە رۆژهەڵاتی ناوەراست هەر کورد بووە دەستی درێژ کردووە بۆ ئاشتی لەگەل ئەو نەتەوانەی کە سەردەست بوینە چەوساندوویەتی، بۆیەش بەراستی بەداخەوە شەر لەبەر دەرگای کوردستان و کوردستانیان و کوردە دوێنی دوزخورماتوو بوو کەرکوك بوو زومار بوو جەلەولا بوو شنگال بوو بەبیانووی جێبەجێ کردنی دەستوور کە هیچ بنەمایەکی تێدا نییە هەموو دونیاش ئاگادارە ئەمرۆ بەداخەوە عەفرین بریندارە بە بیانووی تیرۆر کە هیچ بنەمایەکی نتیا نییە هیچ پاساوەکی تیانییە، چونکە کوردستانیان وە بە تایبەتی پێکهاتەی کورد لە سوریا و لە عیراق تیرۆرستانی داعشی تێك شکاندووە لە هەموو دونیادا شانازیەکی تۆمار کردووە لە جیاتی ئەوە پاداشت بکرێت ئەمرۆ پەلامار دەدرێت ئەمرۆ لەسەر دەستی لەشکری دەوڵەتی تورکیا گەورەترین مەترسی لەسەر عەفرینە بۆیەش بەراستی دەبوا پێش هەموو وڵاتانی دونیادا تورکیا رێز لە ئیرادەی خەڵکی عەفرین بگریت چونکە خەڵکی عەفرین زۆری کردووە لە پێناوی ئەوەی ئاشتی لە سوریا بەرقرار بیت بۆیە ئێمە ئەو دانیشتنە بایەخدارە زۆر بە گرینگ لە قەلەم دەدەین وە داواش دەکەین هەر فراکسیۆنە و نوێنەری خۆیان دیاری بکەن بۆ ئەوەی ئەوان بچنە ئەو دیوە لە هۆڵی مادەی (140) لە وێ ئەو پەیامانە لەگەل خۆیان ببەن بە هەردوو ئاراستە ئەوەی عەمەلی و ئەوەی سیاسی و کۆمەلناسی پوختە بکەن وە بگەرێنەوە ئێمە دانیشتنەکە بەردەوام دەکەین لەبەر ئەوە جەنابی وەزیری تەندروستیش لای ئێمەیە ئەمرۆ بە سوپاسەوە کاتی زۆر بە ئێمە بەخشی کە لە جێی خۆیەتی، خاڵێکە نیزامی بەڕێز خاتوو (حیات مجید)، فەرموو.

**بەڕێز حەیات مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەرای دەست خۆشیم بۆ هەموو فراکسیۆنەکان بەڵام فراکسیۆنی بزووتنەوەی ئیسلامی کاك (ئاری) دەستی خۆش بێت بۆ پەیامەکەی کە هەندێك لە بەرێزان کە لە

پەیامەکەی خۆیاندا چەند وشە یان دێرێك لابرا بەڵام لەوەی کاك (ئاری) باسی ئەوە ئەکا کە کورد لە کەرکوك مردوو تەرمەکەی لە عەفرین نێژرا یەعنی ئەوەش بسەرێتەوە کورد نامرێ و نەمردووە، من تێگەیشتم مەسەلە ئەدەبیەکە کە مەجازییە.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو (حەیات) من لە جیاتی کاك (ئاری)یش باس دەکەم مەبەستی مەجازییە، خاڵی نیزامی کاك (ئاری هەرسین)، فەرموو.

**بەڕێز ئاری هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نازانم بۆ لە حاڵەتی ئێمەیا دایم بانێکە و دوو هەوا ئەو مەجازیەت قبووڵە بەڵام مەجازیەکی ئێمەت قبوڵ نییە؟

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئی بەڕێزتان مەجازی نەبوو، کاك (ئاری) دیارە لەرووی زمانەوانی لە رووی تێگەیشتن هەموومان لە ئاستێکی وادایین ئەو مەسەلانە جیاوازن دەتوانین جیا بکەینەوە لەبەر ئەوە کاك (ئاری) کە مەبەستی کەرکوك مردووە مەجازی بوو کە خۆشت دەزانێت کەرکوك نەمردووە مەسەلەی رەبتەکەی لەگەل عەفرینی جوان هێناوە، لەبەر ئەوە ئەوەی جەنابت بە شێوازێکی ترت هێنا لەبەر ئەوەی لیمان قبووڵ کە، سوپاستان دەکەین، دەستی هەمووتان خۆش بیت، ئێمە دانیشتنەکە بەردەوام دەکەین ئەو بەڕێزانەش هەر فراکسیۆنەو بەرێزێك دەستنیشان بکات بۆ ئەو دیو هاوکاریمان بکەن، بەڕێزان پێشنیارەکە کە هات لای کاك (ئاری عبدالطیف)ە لای ئێمە لە دەستەی سەرلاۆرکایەتی پەرلەمان ئەو پێشنیارەی (111) چڵکە زەیتون لای ئێمە پەسەندە هەر ئەمرۆ داوا لە دیوانی پەرلەمانی کوردستان دەکەین ئامادەکاریەکان بکەن هەر لە ئێستاوە بۆ دانیشتنی داهاتوو پێش دانیشتنەکە هەموومان لە شوێنە لە ناو باخچەی پەرلەمان کۆدەبینەوە بۆ ئەوەی ئەو پشتیوانە سنبوولیەی شایستە پێشکەش بە هەموو خەڵکی کوردستان بکەین بە تایبەتی عەفرین بۆ ئەوەی هەمیشە لە یادبن لە یاد نەکرێن، مەبەست لە چلە زەیتون مەبەستمان شتلی زەیتوونە ئێمە چلە زەیتون لێرە کۆ ناکەینەوە(5) شتلە زەیتون بیت (10) بیت لە (111) چلکە کەمتری پێوە نەبیت بەو شێوازە ئەو رێ و رەسمە ئەنجام دەدیەن، بۆ ئەوەی ناتێگەیشتن دروست نەبیت، خۆی سینبولی (111) ئەندامی پەرلەمان هەیە، ئوە (111) کورسیەکانی پەرلەمانن بۆ ئەوەی بە وردی ئەو ئیشە بکەین سەرۆکایەتی لیژنەی یاسایی و لیژنەی تەندروستی ئەم شوێنە بەشیان بکاتن، فەرموون.

**بەڕێز ڤاڵا فەرید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چوار لیژنەن لینژنەی (یاسای)، لیژنەی (تەندروستی)، لیژنەی (ئەوقاف)، لیژنەی (مافەکانی مرۆڤ)، بۆیە سەرۆکایەتی هەرچواری.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

راستە ئەوە پەیوەستە بە هەر چوار لیژنە، راستە ئەوە پەیوەستە بە لیژنەی مافی مرۆڤەوەش بە لیژنەی ئەوقافەوە ئەو پرۆژە دەمەکە لەبەر دەم پەرلەمانی کوردستانە پرۆژە یاسای رێکخستن و چاندن و گواستنەوە ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ، فەرموون.

بەرێزان دانیشتنەکە بەردەاوم دەبیت داوا لە (د.ڤاڵا) دەکەین سەرۆکی لیژنەی یاسایی بە هۆی پرۆژەکە بخاتە روو گفتوگۆیە ماددە بە ماددە، فەرموو، بۆ ئەوەی سوود لە (د. رێکەوت) وەزیری تەندروستی بکەین.

**بەڕێز ڤاڵا فەرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی کاروباری یاســایی ســەرۆکایەتی لیژنەی تەندروســتی و ژینگە رۆژی دووشــەمە رێکەوتی (2017/12/18) کۆبوونەوەی هــاوبەشــیــان ئەنجــامــدابوو بۆ تــاوتوێکردنی پێداچوونەوەی بەشــی پێنجەم ســزا کان لە راپۆرتی هاوبەش تایبەت بە پرۆژە یاســای رێکخســتن و چاندن و گواســتنەوەی ئەندامەکانی جەســتەی مرۆڤ کە بە ژمارە نووسراوی (79) لە بەرواری (2015/5/21) رەوانەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە و دوای گفتو گۆ کردن و تاوتوێ کردن لیژنەکان گەیشتنە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە،
بەشی پێنجەم، سزاکان، ماددەی (17) لادەبرێت.
ماددەی (18):
1-هەر کەسێك ئەندامێکی مرۆی یان بەشێکی بەمەبەستی چاندن بە پێچەوانەی حوکمێك لە حوکمەکانی ماددەکانی (3،4،5،9) ئەم یاسـایە بگوازرێتەوە سـزا دەدرێت بە زیندانیانێك لە (7) ســاڵ کەمتر نەبێت و غەرامەیەك لە (5.000.000) پێنج ملیۆن دیناری عیراقی کەمتر نەبێت و لە (10.000.000) دە ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.
2-ئەگەر ئەو کارەی لە بڕگەی پێش و ئاماژە پێ کراوە ببێتە هۆی مردنی کەســی بەخشــەر ئەوە ســزاکە دەبێت زیندانیکردن بۆ ماوەیەك زیاتر نەبێت لە (15) ســاڵ و غەرامەیەك لە (20.000.000) بیســت ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (50.000.000) پەنجا ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.
ماددەی (19):
1-لەگەڵ پێشـێل نەکردنی ئەو سزایانەی لە ماددەی (18)ی ئەم یاسـایە دەق نووس کراون هەی کەســێك نەشــتەرگەریەك لە نەشــتەرگەریەکانی گواســتنەوە یان چانـدن لە دامەزراوەیەك جگە لەو دامەزراوە بزیشکیانەی مۆڵەت دراون ئەنجام بدات لەگەل پێزانینی بەم کارە ئەوە ســزا دەدرێت بە زیندانیکردن بۆ ماوەیەك کەمتر نەبێت لە (15) ســاڵ و بە غەرامەیەك لە (50.000.000) پەنجا ملیۆن دینار کەمتر نەبیت و لە (100.000.000) ســەد ملیۆن دینار زیاتر نەبێت و ئەگەر کارەکەی بووە هۆی مردنی کەســی بەخشــەر یان وەرگر ئەو زیندانیەکەی هەتا هەتاییە.
2-بەڕێوەبەری بەرپرس لە کـارگێری کردارەکیـدا دامەزراوە بزیشــکیەکە لەو جێگـایەنەی مۆڵەتیان نەدراوە تیایاندا هەر نەشــتەرگەریەك لە نەشــەتەرگەریەکانی گواســتنەوەی ئەندامە مرۆییەکانی یان بەشــێکی یان شــانەیەکی ئەنجام بدرێت ئەو بە هەمان ســزای دەقکراو لە بڕگەی پێشوودا سزا دەدرێت.
ماددەی (20):
1-هەر کەســێك بە مەبەســتی چاندن لە رێگای فێڵ لێکردن یان زۆرەکی هەڵســا بە لێکردنەوەی (ئیستیئصـال) و لێکردنەوەی هەرئەندامێك یان بەشێك لە ئەندامی مرۆڤێکی زیندوو ئەوە ســزا دەدرێــــت بە زیندانی کاتی بە ماوەیەك کەمتر لە (10) ســاڵ و بە غەرامەیەك لە (10.000.000) دە ملیۆن دینار کەمترنەبێت و لە (20.000.000) بیســت ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.
2-ئەگەر ئەو کارەی لە بڕگەی پێش و و ئاماژەیان پێکراوە ببێــە هۆی مردنی ئەو کەسەی لێی دەگوازرێتەوە ئەوە ســزایەکە دەبێتە زینـدانی هەتـا هەتـایی و غەرامەیەك لە (50.000.000) پەنجا ملیۆن کەمتر نەبێت و لە (100.000.000) سەد ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.
ماددەی (21):

هەر کەسێك سەرپێچی هەر حوکمێك لە حوکمەکانی ماددەی (7)ی ئەم یاسایە بکات ئەوە سزا دەدەرێت بە زیندانی کردن بۆ ماوەیەك لە (5) ساڵ کەمتر نەبێت و بە غەرامەیەك لە (50.000.000) پەنجا ملیۆن دینار کەتر نەبێت و لە (100.000.000) ســەد ملیۆن دینار زیاتر نەبیت ئەمە سەرباری دەست بەسەر داگرتنی مایە یان سووی ماددەی (عین)ی وەرگیراو لە تاوانەکەی یان حوکم دان بە بەهاکەی لە کاتی دەست بەسەر دانەگرتنی، وە هەر کەسێ هەڵسا بە گواســتنەوەی یان چاندنی شــانەیەك بە پێچەانەی حوکمی ماددەی (7)ی ئەم یاسایە ئەوە سزای زیندانیکردنەکە لە (5) ساڵ زیاتر نابێت.

ماددەی (22):

هەر کەســێك هەڵبســتێ بە گواســتنەوەی هەر ئەندامێك یان بەیشــکی ئەندامی یان شانەیەك لە جەستەی مرۆڤێك بەبێ ئەوەی مردنی بەسەلماندنێکی دلنیایی سەلمێنرابێت وەك ئەوەی لەماددەی (15)ی ئەم یاســایە دەقی لەســەر کراوە و ببێتە هۆی مردنی کەسەکە لە گەڵ پێزانینی بەم کارە ئەوە سزای کوشتنی ئنقەست و لەگەل سوربوونی پێش وەختەی بەســەردا جێبەجێ دەکرێت وە ســزاکەی دەبێتە زیندانیکردنی کاتی بۆ ماوەیەك کە لە (7) ساڵ زیاتر بێت و بۆ هەر کەسێك بەشداری کردبێت لە بڕیاری دڵنیای بوون لە مردن بە پێی ئەو پشکنینانەی لە ماددەی (15)ی ئەم یسایە دەقیان لەسەر کراوە.

ماددەی (23):

نێوانگیری لەو تاوانانەی لەم یاسایەدا دەقیان لەسەر کراوە بە هەمان سزای بڕیاردراو بۆ تاوانەکە سزا دەدرێت لەگەڵ ئەمەشدا نێوانگیر لە سزاکە دەبووردرێــت ئەگەر هەوالی تاوانەکەی دایە دەســەڵاتەکان بەر لە تەواو بوونی ئەمەش بووە هۆی بەشــداریکردن لە گرتنی تاونبار.

ماددەی (24):

داداگا بۆی هەیە سەرباری ئەو سزایانەی بۆ ئەو تاوانەی لەم یاسایە دا دەقیان لەســەر کراوە حوکم بکات بەســەرجەم یان هەندێك لەم رێ و شــوێنانەی خوارەوە بە گوێرەی حاڵەتەکان:

1-پیادەکردنی پیشە بۆ ماوەیەك لە (1) ساڵ کەمتر نەبێت و لە (5) ساڵ زیاتر نەبێت.

2-داخســتنی دامەزراوەی پزیشــکی مۆڵەتدراو بە ئەنجادانی نەشــتەرگەریەکانی چاندنی ئەندامەکان کە تیایدا تاوانەکە ئەنجام دراوە بۆ ماوەیەك لە (2) مانگ کەمتر نەبێت و لە (1) ســال زیاتر نەبێت، وە ئەگەر شــوێنەکە لە دامەزراوە پزیشــکیەکان نەبێت ئەوە حوکم دەدرێت بە داخستنی هەتا هەتایی.

3-راگرتنی مۆڵەتی چالاکی چاندنی ئەندامەکان یان بەشــەکانیان یان شــانەکان لە دامەزراوەی پزیشــکی مۆڵەتدراو چاندنی ئەندامەکانی بۆ ماوەیەك لە (3) ســاڵ کەمتر نەبێت و لە (5) ساڵ زیاتر نەبێت.

4-بڵاوکردنەوەی حوکمەکە لە (2) رۆژنامەی رۆژانەی زۆر باو لە سەر تێچوونی کە سی حوکم لەسەر دراو.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ (د.ڤالا) سەرۆکی لیژنەی یاسایی، بەرێزان دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە لەسەر ماددەی (17) کە لابردنە، خاتوو (مریم صمد)، فەرموو.

**بەڕێزمریم صمد عبدی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵا من بەر لەوەی بگەینە سەر سزاكان پێشنیاری ماددەیەك دەكەم كە ئیزافە بكرێت ئەگەر تەزارف نەكات لەگەل ئەو قانوونەی كە رۆیشتووە، سوپاستان ئەكە ئەگەر بە هەند وەربگیرێت لەبەر ئەوەی ئەو پێشنیارە باس لە موئەسەسەیەك دەكات كە بانكی زانیاری نیشتمان بۆ بەخشین و چاندنی ئەندامەكانی لەشی مرۆڤە، ئەگەر دەرفەت هەبێت باسی بكەم بە وردی، دامەزراندنی دامەزراوەیەكی نیشتمانی وەكو یەكەی زانیاری بۆ هەموو نەخۆشیەك كە پێویستی بە گواستنەوەی ئەندامەكانی لەش هەبێت ئەو دامەزراوەیە راستەوخۆ پەیوەندە بە وەزارەتی تەندروستی لە ژێر چاودێری وەزیردا دەبێت ئەو بنكەیە مۆرالیكی كەسی و یەكەی ژمێریاری خۆی دەبێت و ئەركەكانی ئەمانە دەبێت: یەك: بانكی زانیار، تۆمار كردنی ئەندامەكانی پێویست لە خۆ دەگرێت لەگەل زانیاری تەواوی تێكچوونی ئەندامەكانی پێویستی تر.

دوو: نەخۆش دەخرێتە لیستی نۆبە بە شێوەی ئەلیكترۆنی بە پێی ئەولەویاتی هونەری نەشتەرگەری و ئینسانی وە بە پێی پێوەری ستانداری جیهانی لە تۆمار كردنی بنكە گواستنەوەی ئەندامەكانی لەش هەروەها رێگری كردن بە یاری كردن و گۆرینی لیستی و چاوەروان جگە بە رێگەی  پێوەری جیهانی نەبێت.

سێ: ئەو دامەزراوەیە هەڵدەستێ بە ئەندامی چالاكی كەمپینی وشیاری لە ناو دانیشتوانی هەرێم لە پێناو بەخشینی ئەندامەكانی لەش لە كاتی مردنی یان رزگار كردنی ژیانی نەخۆش بەپێی پێوەری یاسای و ئینسانی و شەرعی، ئەو دامەزراوەیە ناسنامە دروست دەكات ئەو ناسنامەیە دەدرێـە ئەو بەخشەرەی كە بە تەواوی رەزامەند بووە ئەندامەكانی لەشی دوای مردن ببەخشێت، هەروەها ئاشكرانەكردنی زانیاری و باری تەندروستی بەخشەر بۆ  هەموو لایەك.

چوار: هەر بەخشەرێك كۆدێكی دەدرێتێ بە پێی ناونیشان و  ریگاكانی پەیوەندیكردن پێوی.

پێنج: ئەو دامەزراوەیە ژمارە تەلەفۆنێكی كراوەی دەبێت بۆ پەیوەندیكردنی بەخشەر لاینی ئاسایش و لایەنی پزیشكی ئاشكراكردنی بەخشەری مردوو ئەوەی گە ناسنامەی بەخشینی هەیە پێویستی ترە ئەندامەكە وەربگرێت لەگەل لە شی بگونجێت بۆ ئەوەی دە ست بەجێ نەشتەرگەری چاندنی بۆ ئەنجام بدرێت.

شەش: واز لێنانی مەعنەوی و مرۆیی لە رێگای پاداشت كردنی وارسی بەخشەری مردوو بكرێت لە لایەن ئەو دامەزراوەیە، من سوپاستان ئەكەم ئەگەر بكرێت حوكمە كۆتاییەكانیش جێگە بكرێتەوە.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز (مریم صمد)، ماددەیەكی تەواوی پێشكەش كرد، دامەزراوەكە دواتر رەنگە زەحمەت بیتن، بڕیار لەم دامەزراوە بدەین نەكراش دەكرێت پرۆژەە یاسایەكی جیاواز بەڵام لای ئێمە رای بەرێز (د.رێكەوت) وەزیری تەندروستی زۆر گرینگە لەسەر ئەم ئیزافەیە، لە ماددەی (17) دەست پێ ئەكەین، لابردنی ماددەی (17) یە، بەرێز (د.ڤاڵا)، فەرموو.

**بەڕێز ڤاڵا فەرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڵابردنی ماددەی (17)یە کە پێدا چووینەوە لامان بردووە بەڵام لە ئەصــلی راپۆرەکە ئەگەر بگەرێنەوە سەری سزاکان ئەوەی کە ساڵی (2015) موناقەشەمان کردووە ماددەی (17) لە راپۆرتەکە دەڵێت:
لەگەل پێشیل نەکردنی هەر سزایەکی تووندتر کە یاسای سزکانیان هەر سزایەکیان لەسەر دەکات ئەو تاوانانەی لەو ماددانەدا دێن دەقیان لەسـەر کراوە ئەو ئەو سـزایانە دەبێت کە لە ماددەکە بۆ یان دیاری کراوە، بۆیە کە ئەوەمان هەڵگرت و لە ماددەی (18) ماددە بە ماددە دەستمان بە تەحدید کردنی سزاکان و تاوانەکان کردووە.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ســـوپاس، ماددەکە خوێنرایەوە دواترباس لەوە دەکەین کە لاببرێت یان لانەبرێت، خاڵێکی نیزامیمان هەیە، بەرێز (قادر رزگەیی)، فەرموو.

**بەڕێزقادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی ماددەی (54) یەکەم خاڵی پێنجەم هەر بەندێ بەرنامەی کار پێویســـتە گفتو گۆی تەواوەتی لەسـەر بکرێــــت پێویسـتنە ئەگەر بەندێکی بەرنامەی کار بە تەواوەتی گفتوگۆ کردن لە ســـەری کۆتایی پێ نەهات ناکرێت بێینە ســـەر بەندێکی دیکە یەنی خالێکی تری بەرنامەی کار گفتوگۆی لەسەر بکەین مەگەر ئەو بەندەی گفتوگۆ کردن لەبارەیەوە کۆتایی پێنەهـاتووە دەســـتەی ســـەرۆکـایەتی پەرلەمـان رایبگەیەنێ بڵێ ئەمەمـان هەڵگرت بۆ دانیشـتنی داهاتوو، بەندەکانی بەرنامەی کار پەیرەوی ناوخۆ، لە ماددەی (54) یەکەم خاڵی پێنجەمدا هاتووە دەلێ (بەندەکانی بەرنامەی کار بە گوێرەی ئەو ریزبەندییەی لە بەرنامەی کاردا هـاتووە گفتوگۆی بۆ دەکرێت نـابێت بەنـدێکی نوێ گفتوگۆی بۆ بکرێت) تەنهـاش ئەوەی کە گفتوگۆی بەندی بە تەواوی کۆتایی پێدێ وە ناکرێت بەندەکانی بەرنامە کار پاش و پێش بکرێن من لەبەر کەمی کات دێمە سەر ئەخیر ئەگەر نەکرا گفتوگۆی دەربارەی بەندێکیان لەبەر هەر هۆێکەوە بێت تەواو بکرێت ئەوەی دەستەی سەرۆکایەتی بۆی هەی تێروانینی بۆ دانیشتنی داهاتوو دوا بخات وە ئەو بەندانەی لە دوای ئەو دێن گفتوگۆ بکات، وە جەنابتان ئێوە دەکرێت بڕگەی یەکەم کە گفتو گۆ لەبارەیەوە تەواو نەبوو ئێوە داواتان لە فراکیسیۆنەکان کرد کەسێك راسپێرێرا بۆ ئەوەی رەشنووسێك ئامادە بکات دەکرێت بۆ دانیشتن داهاتوو، ئینجا بێینە سەر ئەمە.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم دانیشـتنە پێشـکە شـکردنی پەیام بوو یەنی برگەی پێنجەم پێشـکەش کردنی پەیام بوو بەڵام بۆ ئەوەی ئەو پەیامانە پێشـــنیاری بکات، بە پێشـــەش کردنی ئەو پەیامانە ئەو برگە تەواو بوو، بەلام بۆ ئەوەی ئەو پەیامانە پوختە بکرێن دیاری بکرێن ئەوانە لیژنەمان پێك هیناوە دەچن ئیشـی خۆیان دەکەن کە ئیشـی خۆیان تەواو کرد ئێمە مەخالفی ئەو ماددەیە نییە، بەرێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی لەم بارەیەوە من هیچ تەعارزێك لەگەل نابینم.

**بەڕێز قاڵا فەرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش پشـــتوانی لە روونکردنەوەی بەڕێزتان دەکەین بەڵام مادەی (17) ئێمە وەکو لیژنە پەیوەندیدارەکان پێشـنیار دەکەین کە ماددەی (17) هەڵبگیرێ وە نەمێنێ لیاســاکەدا بۆیە داوا لە بەڕێزتان دەکەم کە ئەو پێشنیارەی لیژنە پەیوەندیدارەکان بخەنە دەنگدانەوە.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ســـوپاس بۆ بەڕێز (د.ڤاڵا) ســـەرۆكی لیژنەی یاســـایی، پێشـــنیاری لابردنی ماددەی (17) دەخەینە دەنگدانەوە كێ لەگەڵدایە؟ نیسـاب تەواو نییە ئێسـتا داوا دەكەین نیسـاب تەواو بیت، ئینجا دەخەینە دەگدانەوە، ئێمە مناقەشەی ماددەی (18) دەكەین، ئەوشێوازە وابزانم برادەرانی لیژنەی پەیرەو دەزانن لە زۆر وڵـاتـان دەنگـدانەكـان هەموو دەخەنە یەك هەر لەبەر نیســـابە، راســـتە پێشـــنیارەكە وایە هەمواری تازەی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان ئەو پێشنیارە هەیە كە خوێندنەوەی سێیەم بیت خوێندنەوەی سێیەم هەر تەنیا دەنگدانە، خاتوو (شكوریە)، فەرموو.

**بەڕێز شكوریە سمایل مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

داواكارم لە لیژنە پەیوەدیدارەكان لە سەرۆكایەتی پەرلەمان ئەو پێشنیارەی (مریم) خان بە هەند وەربگیرێ چونكە ئەم بابەتێكی زۆر گرینگە ئێســـتا لە زۆرێك لە وڵاتانی دونیا ئەمە پیادە دەكرێت كۆمەلێك كێشەی یەكجار زۆر چارەسەر دەكا بۆ نمونە كەسانێك من ئەمەوێ تۆزێك بە كورتی باسـی بكەم وڵاتێكی وەكو كوێت وڵاتێكی وەكو ئەلمانیا كەسـێك كە حەز دەكات دوای مردنی جەســـتەی خۆی دەبەخشـــێ ئیتر ســـوود لە هەموو جەســـتەكەی وەردەگیرێ تەنانەت (50) كەس ســـوود لە جەســـتەی ئەو كەســـە مردووە وەردەگریت لە وانەیە بە حادیســـەیەك مردبێت تەنانەت قەرێنەی چاوی گورچیلەكانی جگەری یەنی تۆ ژیـانی (50) كەس قوتـار دەكەی بە جەســـتەی مردوویـك، جـا تكـا دەكەمە ئەمە جێگـای بكرێتەوە لەو یاســـایە چونكە ئێمە لە خولە لەوانەیە چەند مانگێكمان مابی فریای ئەوە نەكەوین كە ئەم دامەزراوەیە یاسایەكی تایبەتی بۆ دەر بكات ئەگەر وەزیری تەندروستیش هاوكارمان بێت، زۆر سوپاسی دەكەین، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ روونكردنەوە و تێبینی بەڕێز (شكوریە شێخانی)، بە تەئكید هەم بەڕێز وەزیری تەندروستی هەموو پەرلەمانتاران بایەخ بەو پێشنیارە دەدەن، (د. عبدالله جاسم)، فەرموو.

**بەڕێز عبدالله جاسم رجب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم ژی پشتگیریا ڤی پێشنیارێ دكەین یا هاتییە پێشكەش كرن ژ لایێ لیژنا تەندروستی و بەڕێز دكتۆر ریكەوت وەزیرێ تەندروستی و زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ســـوپاس بۆ بەڕێز (د. عبدالله)، بەڕێزان نیســـاب تەواوە لابردنی ماددەی (17) لەم پرۆژە یاسایە دەخەینە دەنگدان كێ لەگەڵدایە؟ (52) كەس بە پەسەند دەزانن، ئەوەی دژە؟ كەس نییە، بە كۆی دەنگ پەسەند كرا ماددەی (17) لاببرێت، ماددەی (18)، فەرموو.

**بەڕێز ڤاڵا فەرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (18)

1-هەر كەسێك ئەندامێكی مرۆی یان بەشێكی بەمەبەستی چاندن بە پێچەوانەی حوكمێك لە حوكمەكانی ماددەكانی (3،4،5،9)ی ئەم یاســـایە بگوازرێتەوە ئەوە ســـزا دەدرێت بە زینـدانیەك لە (7) ســـاڵ كەمتر نەبێـت و غەرامەیەك لە (5.000.000) پێنج ملیۆن دینـاری عیراقی كەمتر نەبێت و لە (10.000.000) دە ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.

2-ئەگەر ئەم كارەی لە بڕگەی پێش و ئاماژە كراوە ببێتە هۆی مردنی كەسی بەخشـەر ئەوە ســـزاكە دەبێت زینـدانیكردن بۆ مـاوەیەك زیـاتر نەبێـت لە (15) ســـاڵ و غەرامەیەك لە

(20.000.000) بیســـت ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (50.000.000) پەنجا ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ســوپاس بۆ بەڕێز ســەرۆکی لیژنەی یاســایی، ئێســتا ئەوانەی دەینەوێت مناقەشــەی ئەو ماددەیە بکەن ناوی خۆتان تۆمار بکەن، بەرێز مامۆستا (مەلا مەروان)، فەرموو.

**بەڕێزحسێن اسماعیل حسێن (مەلا مەروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە سزاکاندا قەناعەتم وایە سجنەکە زۆرە ئەو (7) ساڵە لێرانە لەولای (15) ساڵ سجنەکان کەم بکرێتەوە غەرامەکە زیاتر بکرێت، ئەگەر وا بکرێت قەناعەتم وایە لەو کوردستانە ئێمە ناوێرێ نەشتەرگەریەك بکات، سوپاس.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزمامۆستا (مەلا مەروان)، بەرێز (سهراب میکائیل)، فەرموو.

**بەڕێز سهراب میکائیل محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بخێرهاتنا جەنابێ وەزیری دکەین، دا ئەو تاوانێت ســاڵێت بووری هاتییە کرن دووبارە نەبن، تجارەت و فێل کرن و زۆرداری و خاپاندن ل زارۆکا مرۆڤێت پێتڤی و یێت هەژار و نەخۆشـــا نەهێتە کرن، ئیستغلالا نەخۆشی نەهێتە کرن هەروەسا کەس و کارێن واژی مافت پاراستی بن، پێشنیار دکەم توندترین سزا بێنە دانان، تایبەت بابەتێ غەراماتا دا ئەڤ خالا ئێکێ، خالا دووێ ژلایێ یاســایی ڤە ئەز نزانم چەند یا مومکینە بەس موقتەرەحێ من ئەڤەیە کو هەر ماددەیە بێتە دەستنیشانکرن (9،5،4،3)، هەر یەك سزایێ وی جودا بیت و لڤێرێ دا دەست نیشـــان بکەن، چونکە ســـەرپێچیا هەر ســـزایەکێ هندەك ئەنجامێت دیتر فەرقێت هەی ژهندەکا یەعنی خنورەتا وان ســەرپێچیا ژ یێت دیتر فەرق بیت وان خالا سێ، نزانم بۆ چی ماددا (8) سزا بۆ نەهاتیە دانان هیڤی دکەم لیژنا یاسایی بەرسڤەك بۆ مە هەبیت، ماددێ (8) سزا دەستنیشان نەهاتیە کرن، خالا چارێ پێشنیار دکەم ئەگەر سەرپێچی ژ لایەنەکی بو ژ ســەنتەرەکێ یان موئەســەســەیەکێ یان جهەکێ تایبەتمەند ب ڤەگوهاســتن و چاندنا ئەندامێت لەشـێ مرۆڤی سـزا لڤی توندتر بیت هەکە ســەرپێچی ژ کەســەکێ هاتە کرن، پێشـــنیارا دوماهیێ ماددەك بێتە ئیزافە کرن، هەر موتەبەرعەکێ کارتەك یان هەویەك بۆ بێتە چێ کرن چارەسەرێ وی بێ بەرامبەر بێتە کرن ژ لایێ حکومەتی ڤە یان ژی موچەیەکی هەیڤانە یێ رەمزی بۆ بیتە دەستنیشان کرن یان ژی هەردووك ڤێکرا، سوپاس.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز(سهراب میکائیل)، بەرێز (قادر رەزگەیی)، فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول (قادر رزگەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە سزاکە لە (7) ساڵ کەمتر نەبێت بڕگەی دووەمیشی دەڵێ لە (15) ساڵ کەمتر نەبێتن واتە بەرای من پێویســت دەکا کەمترین سـزا و زۆرترین سـزا دیاری بکەین چونکە بۆ نمونە حالەتی پێشـێلکاری حوکمەکە مردنی لێکەوتەوە راســتە لە رووی دادوەریەوە حاکم بارودۆخی توند کردنی سـزا دەگرێتە بەر بەڵام لە رووی قانوونیشــەوە دەتوانی (7) ســاڵ حوکم بدان چونکە لێرە دەڵێ گرنگ لەوە سزاکە (15) ساڵ زیاتر نەبێت بۆیە پیشنیار دەکەم

بۆ بڕگەی یەکەم بوترێ لە (7) ســـاڵ کەمتر نەبێت لە (15) زیـاتر نەبێـت ئەوەی بڕگەی دووەمیش لە (10) سال کەمتر نەبێت لە (15) **زیاتر نەبێت، سوپاس.**

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (قادر رەزگەیی)، خاڵەکی نیزامی بەرێز (امینە زکری)، فەرموو.

**بەڕێز شکوریە سمایل مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێســـتا لە هەموو وڵاتانی دونیا بە تایبەتی لە ئەوروپا بەو ئاراســـتە دەچن کە ماوەی بەند کردنیـان کەم کردۆتەوە بەڵام غەرامە زیـاد دەکرێـت ئەمەش ئەرکێکی زۆر لەســـەر حوکمەت هەڵدەگرێت من وەکو نمونە باس دەکەم وڵاتەکی وەکو هۆڵەندا لە ماوەی (9) ســـاڵی رابردوو (19) بەندیخانەی داخســـتووە فرۆیشـــتوویەتی بە کەرتی تایبەت ئێســـتا سەرجەم ئەو بەندیخانانە کراونە بە میوانخانە ئێمە لە هەرێمی کوردستان ماوەیەك لەمەو بەر سـەردانی چاکسـازی ئافرەتانم کرد یەنی بە پێی هەموو لێکدانەوەکان ئەگەر سـەرجەم فەرمانبەران و مەسرەفی رۆژانەو ئەمانە بکرێن هەر بەندەیە رۆژانە پێویستی بە مەسرەفی نزیکە (50.000) پەنجـا هەزار دینـار هەیە، بەتـایبەتی حکومەتی هەرێمی کوردســـتـان لەو قەیرانە داراییە من تکا دەکەم پێداچوونەوە بکرێت بە سزایەکان با غەرامەکان زیاد بکرێن بە تایبەتی زۆربەی ئەوانەی لەو بابەتانەوە تووشـی سـزا دەبن پزیشـکن، ئێمە چاکسـازیەکان بەراستی لە ئاستی پێویست نییە تۆ پزیشکێك بەو هەموو خوێندن و شەهادەو ماوەی (7) ساڵ لەسەر هەلەیەك تاوانێك دەیخەیە سجن کە دێتە دەرێ تەدمیر بووە لە رووی دەرونی لە رووی هەموو شتێکەوە جا ئەگەر وا بکرێت وە یاخوود ئەوانەی لەو بابەتەوە کار دەکەن کەســـانێکن دەلاڵن هەڵبەتە پارەیان زۆرە بۆیە زۆرترین غەرامەیان لێبســـێندرێ بەڵام با نەگیرێن ئەوە دەبێتە داهاتوو شـــتێکی باش بۆ حکومەتی هەرێمی کوردســـتان وە ئەو بارگرانیە قورسەی ناکەوێتە ئەستۆ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز (شکوریە شێخانی) بەرێز (عباس غزالی)، فەرموو.

**بەڕێز عەباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نسبەت سزایەکان ئەمن پێشنیار دەکەم سزایەکانی بەند کردن کەم ببێتەو چونکە رێگای ترمان هەیە بۆ سـزادانی ئەوانەی تووشـی سـەرپێچی هەڵەی پزیشـکی دەبن بۆ ئەوەی زیندانەکان ئەو بێت،لەبەر ئەوەش پێشـنیار دەکەم هەر کەسێك تووشی هەڵەیەك ببوو بۆ مـاوەیەکی دیـاریکراو بروانەمەکەی لێوەربگرن ئەوە گەورەترین ســزایە بۆ دکتۆرێـك کە بروانامەکەی بۆ کاتێکی دیاریکراو، ئەو ســـالانەی کە بۆ زیندان داناون ئەو بروانامەیان وەربگیرێ نەیەڵن کاری بکەن، دوو ئەو شـوێنانەی کە ئەم کارە نایاسـاییانەی ئەو شـوێنانەی کە کراونە نەخۆشخانەی تایبەتی مەرجەکانی تەندروستی تێدا نییە ئەمانەش دابخرێن، هەر کەســێکیش هاوکاری پزیشـــك بووبێت لەم کارەدا ئەوانیش بەشـــدار بن لە ســـزادان بە شـــێوەیەك کە رەچاوی عەدالەت بکرێت بەڵام ئێمە نێین کەرتی تەندروســـتیمان تەدمیر بکەین بە سزایەك کە شـایسـتەی ئەوەنین چونکە پزیشـك لەگەل مرۆڤ رووح و هەسـتی مرۆڤایەتی دەجوولێ بۆیە ئێمە پێویستە رەچاوی ئەوەش بکەین، سوپاس.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز (عباس غزالی)، خاڵەکی نیزامی (د.رێواس فایەق)، فەرموو.

**بەڕێز رێواس فائق حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان کە داوای کەمکردنەوەی سـزاکە دەکەن لەم مونتەلەقەیە بیریان نەماوە کە ماددەکە (3،4،5،9) چین لەبەر ئەوەی ئێمە لە (2015) ماددەکانی تری ئەم یاسایەمان پەسەند کردووە بە تەسەوری من ئەگەر ئەو ماددەیانە بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان یەك جار بخوێنرێتەوە کەس داوای کەمکردنەوەی سـزاکە ناکات بە عەکسەوە داوای زیاد کردنی دەکەم، بەشـێکی ئەوە پەیوەندی بەوەیە ئەم راپۆرتە راپۆرتی بە تەنها ئەحکامی سـزاکانی ئەم پرۆژە قانوونیەیە ئەگینا ئەحکامەکانی تری پێشتر پەسەند کراون بۆیە داوا ئەکەم بەرێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی ئەگەر ماددەکانی تری لایە بیخوێنێتەوە بۆ ئەوەی لەم جەدەلە بچینە دەرەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سـوپاس بۆ بەرێز (د.رێواس فـایەق) بۆ ئەو روونکردنەوەیە زۆر لە جێی خۆیە، بـا ئەم گفتوگۆیە بەردەوام کەین دوای داوای لێدەکەین ئەو ماددانەش بخوێنرێتەوە زۆر پێویستە بۆ ئەوەی بەرچاو روونی زیاتری ئەندامانی پەرلەمان ببیتن، کاك (صالح فقێ)، فەرموو.

**بەڕێز صالح فقێ محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان ئەو پێشـنیارەم هەبوو وەك ئەوە کاك ( قادر) ئاماژەی پێدا لایەنی کەم و لایەنی زۆری دیاری بکرێت وە من لە خاڵی دووەما پێشـنیار ئەکەم ئەگەر بکرێت بە دوو برگە، برگەیەکیان تایبەت بکرێت بە مردن، بڕگەیەکیان تایبەت بکرێت بۆ ئەوی کە کەسـێك بە هۆیەوە پەککەوتە ئەبێت، ئەوەی پەککەوتەکەشی تیا دیاری بکرێت لایەنی کەم و لایەنی زۆری هەم سـزاکان من پێم وایە غەرامەکە لایەنی کەم و لایەنی زیادەکەی دوو هێندە زیاترە، خۆی بۆ نموونە ئەڵێت سێ بۆ پێنج یان حەوت بۆ دە یان سی بۆ پەنجا ناکرێت لای کەمی (20) بێ و ئەو سـەری (50) بێت حەقە جیاوزیەك هەبیت لە نیوە بۆ سـەرووی زۆترینەکە دەست پێبکات، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سـوپاس بۆ بەرێز (صـالح فقی) ئەوەی مەبەسـتی بەرێزتان مردن و پەککەوتن ببنە دوو بڕگەی جیاواز، ئەو تێبینیە بەڕێزان لەلیژنەی یاسـایی، لیژنە پەیوەندیدارەکان، لیژنەی تەندروستی، فەرموو.

**بەڕێز عبدالله جاسم رجب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس بۆ زانینا بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان تەقریبەن ئەو سزایانە حەتا حەدەکی ستاندەرن یەعنی لە سـزای عیراقی هەمان سـزایەکانن، وە دەوڵەتی دەورووبەریش (مصـر، ئوردن، تورکیا) تەقریبەن ئاوایە (100%) نیینە بەس تەقریبەن ئاوایە بۆ زانینی جەنابتان، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز (د.عبدالله)، لیژنەی ئەوقاف، بەرێز (د.سیراج)، فەرموو.

**بەڕێز سیراج احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراســتی من پێم چاکە کە (7) ســاڵەکە کەم بکرێتن بۆ حدوودی (3) بۆ مابەینی (5) ســاڵ وەکو بلێین حقووبە با غەرامەکە زیاد بکرێت پێنجەکە بە لایەنی کەم لە (10) کەمتر نەبیتن (10) یەکەش بکرێت بۆ حدوودی (20.000.000) بیست ملیۆنێك، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ســوپاس بۆ بەرێز (د.ســیراج)، ســەرۆکی لیژنەی ئەوقاف، لیژنەی مافی مرۆڤ، لێرە نییە، داوا لە بەڕێز (د. ڕێکەوت) وەزیری تەندروســتی هەرێمی کوردســتان دەکەین رای خۆی سەبارەت بە ماددەی (18) دەرببریت، فەرموو.

**بەڕێز ڕێکەوت حمە رشید (وەزیری تەندروستی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشــندەی میهرەبان، بەرێز ســەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردســتان من حەز دەکەن هەندێك شــت بڵێم دیارە بەڕێزان هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردســتان وا ئەزانن ئێستا ئەو رێ و شوێنانەی کە ئەکرێت لە دامەزراوە تەندروستییەکان غەیری سزاکان نەبێـــت شـتێکی وای قەرق نییە جگە لە سـزاکان لەم یاسـایە، ئێمە هەر دامەزراوەیەکی تەندرزستی کە رێپێدانی چاندنی گورچیلە یان هەر ئەندامێکی تر بێت ئەبێت لیژنەی باڵا لە وەزارەت رەزامەند بێت ئەوە یەکەم، دووەم ئەو لیژنەیەی کە ئەو خەڵکانە دەبینێت ئەوەی کە بەخشـەرەکە ئەبینێت هەم نوێنەری ئاسـایشـی تێدایە نوێنەری پۆلیسـی تێدایە، نوێنەری رەگەزنامە و باری شـــارســـتانی تیایە هەروەها دکتۆر دەروونی تێدایە دکتۆری هەموو مەجالەکاتی تێدایە لەبەر ئەوە هەموو ئەو رێکارانە بە پێی یاسـا دەکرێت، وەبرواش ناکەم هیچ پزیشـکێك تاکو ئەو دۆکۆمێنتە یاسـاییانە تواو نەبێت یان بەڵێننامەی موصـــەدەق لەلایەن کاتب عەدلەوە هەیە کە ئەو ئەبێت بەخشـــەر بیت کە ئەو هیچ بەرامبەرێـك وەرنەگرێت، بۆیە ئێمە ئەو ڕێکارانە هەمووی ئەکەین، ســەبارەت بە ســزاکان (د. عبداللە) ئاماژەی پێدا فیعلەن من ئەوانەی عیراق و ئەوانی تریشـم خوێندۆتەوە نزیك ئەوەیە، بەڵام لەگەل پێشـنیاری هەندێك لە پەرلەمانتاران، چونکە بەراسـتی لە بەندیخانە خەڵك ئیصـڵاح نابێت ئەگەر تۆ بتەوێ خەڵك چاکساز بکەی لە بەندیخانە خەڵك چاکسـاز نابێت وە زۆربەی زۆری ئەو خەڵکانەی کە ئەم نەشـتەرگەریە دەکەن پزیشـکی گەورەت پزیشـکێك زۆر بەیان دوو بڕوانامەیان هەیە دوای بەکالۆریۆس خەڵکی پرۆفیشنەڵن، بۆیە پەرلەمانی کوردستان یاخود هەردوو لیژنەی یاسایی و تەندروستی بە سزاکاندا بچنەوە ئەوە شێکی باش دەبێت، وەکو (د.رێواس) ئاماژەی پێدا فیعلەن (2015) ئێمە خوێندنەوەمان بۆ ئەو یاســایە کردووە بۆیە نازانم بۆم هەیە بگەرێمەوە بۆ دواوە یان نا؟ بەس لە ماددەی (15) دەڵێت ( بریارێك لە وەزارەتی تەندروسـتیەوە دەربچێت سـەبارەت بە وەرگرتنی بەخشـین لە کەسـی مردوو) من پێم باشە شـتێکە بۆ زیاد بکەن یان ئەو کەسـەی کە وەزیر دەسـەڵات ئەداتێ بۆ نمونە نەخۆشــێك لە (گەرمیان) لە (دهۆك) یان لە (ســلێمانی) لە ماوەی (6) ســەعاتا ئەبێت ئەو گورچیلەی لێوەرگیرێ ناگاتە وەزیر لە هەولێرو بڕیاری بۆ دەربکات ئەمانە کاتی دەوێت، بۆیە یا وەزیر یا وەزیر تەخویلی کا کە ئەو بڕیارە دەرکا، لە ماددەی (15) پێشـــتر، ئەگەر فەقەرەیەکی بۆ زیاد بکرێت خراپ نییە، چونکە ئەوە کێشە دروست ئەکا لە دواییا، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە پەســـەندکراوە، با بزانین دوای ئەو پەســـەندە، دیارە ئەو پێشـــنیارەی هاتوو لای (د. رێواس) ماددەی (3،4،5،7،9) بەرێز (د.ڤاڵا) ئەم پێنج ماددانە بخوێنین.

**بەڕێز ڤاڵا فەرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (3) دەنگی لەسەر دراوە لە پەرلەمانی کوردستان.
1-ناکرێت هەر ئەندامێك یان بەشـێك لە ئندامێك یان شـانەیەك لە جەسـتەی مرۆڤێکی زیندوو بگوازرێتەوە بە مەبەسـتی چاندنی لە جەسـتەی مرۆڤێکی دیکە تەنها لە حاڵەتی زەروورەت نەبێت کە پێویسـت بکات بۆ پارێزگاری کردن لە کەسـی وەرگر یان چارەسـەر کردنی لە نەخۆشـیەکی کوشـندە بەو مەرجەی گواسـتنەوەکە تاکە ئامراز بێت بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئەم زەروورەتە و گواسـتنەوەش نەبێتە هۆی ئەوەی کەسـی بەخشـەر تووشـی مەترسییەکی گەورە بێت لەسەر ژیانی یان لەسەر تەندروستی.
2-چاندنی ڕژێنەکانی زاوزێی و بەشەکانی و شانەکانی و خانەکانی قەدەغە دەکرێت.
ئەوەی کە دەیخوێنمەوە هی ئینصـاتە رەنگە لە نـاو رابۆرتەکە ئەوە نەبێـت رەنگە ئەوە گۆرانکاری بەسـەر هاتووە دوای ئەوەی پەسـەند کراوە لە لایەن پەرلەمانەوە بەڵام ئەوەی ئەمن دەیخوێنمەوە ئەو ماددانەن کە پەسـەند کراون بەو گۆرانکاریانەی کە بەسـەر یان داهاتووە.
ماددەی (4)
نا بێت گواسـتنەوەی هەر ئەندامێك یان بەشـێك لە ئەندام یان شـانەیەك لە جەسـتەی مرۆڤێکی زیندوو بۆ چاندنی لە جەسـتەی مرۆڤێکی دیکە ئەنجام بدرێت تەنها بە بەخشـین نەبێت.
ماددەی (5)
1-پێویستە بەخشینەکە لە ویستێکی ئازاد و جێگیرکراو بە نووسراوێکی فەرمی سەرچاوەی گرتبێت ئەویش بەو شێوەیەی کە پەیرە و رێنماییەکانی ئەم یاسایە دیاری دەکەن.
2-جگە لە نەشتەرگەری چاندنی مووخی ئێسك بەخشین لە کەسانی نالێهاتە و کەم لێهاتە ( عدیم اهلیە) قبوڵ ناکرێت هەتا ئەگەر دایك و باوکیشـی یان ئەوەی لە رووی یاسـاییەوە نوێنەرایەتی دەکات رەزامەندی لەسەر بدەن.
3-دەکرێت گواسـتنەوە و چاندنی خانەی دایك خانەی رێگەی لە منداڵ و لە کەسـانی نا لێهات و کەم لێهاتە بۆ دایك و باوك و یان منداڵەکانیان لە نێوان خۆشك و برایەکان ئەنجام بدرێت بە مەرجێك رەزامەندی نووسـراو لە هەردوو دایك و باوکی منداڵەکە بدرێت ئەگەر هەردووکیان لە ژیانادا مابن یان یەکێکیان لە حاڵەتی مردنی ئەوەی دیکەیان لەو کەسـەی باوانە یان ویصـایەتی لەسـەر هەیە و لە جێگرەوە یان نوێنەری یاسـایی کەسی نالێهاتە یان کەم لێهاتە.
دوایی ماددەی (7) هاتووە بەڵام لێرە ماددە (7) وەکو ئیشـارەتم پێدا بە هەڵەیی هاتووە لەبەر ئەوەی ئێمە لە ماددەی (21) سزایەکی تایبەتمان بۆ ماددەی (7) داناوە بۆیە مادەەی (7) لێرانە هەڵدەگیرێ یەکسەر دێینە سەر خوێندنەوەی ماددەی (9).
ماددەی (9)
دەکرێت بۆ زەروورەتێکی پێویست بۆ پارێزگاریکرن لە ژیانی مرۆڤێکی زیندو یان چارە سەر کردنی لە نەخۆشـیەکی کووشـندە یان تەواو کردنی کەم بوونێکی ژینەوەری لە جەستەیدا ئەندامێك یان بەشـێك لە ئەندام یان شـانەیەکی لایشـەی مرۆڤێکی مردووی تێدا بچێنرێت ئەگەر مرددەکە بەر لە مردنی وەسـیەتی ئەو کارەی کردبێت بە وەسـیەت نـامەیەکی بەڵگەدار جێگیرکراو لەسـەر هەری پەرێکی فەرمی یان دانی پێدانابێت ئەو رێکارانەی کە پەیرەو رێنماییە دەرکراوەکان بە گوێرەی ئەم یاسایە دیاری دەکرێن.

2-دەکرێت گواستنەوەی بکرێت لە ئەندامی جەستەی مردوو بەمەبەستی چارەسەر کردن یان بە مەبەستی زانستی مەرجی بەدەست هێنانی ڕەزامەندی نزیکترین کەسانی تا پلەی (4).
ئەوەی کە لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە وەکو خۆی دەیخوێنمەوە چونکە من لێرە ئەوانی کەم شەگب کردووە ئایا ماوە یان نەماوە ئەوە دەبێت ئەو ماددەیە بە وردی لە ئینصات وەربگیرێتەوە
بە پێی ڕیزبەندی خوارەوە کچەکانی کورەکانی کورەکان دوات رباپیر لەلای باوك دواتر برا و خوشکەکان دواتر کورەکانی براکان دواتر مامەکان دواتر کورەکان مامەکان ئەگەر کەسە نزیکەکان زیاتر بوون پێویستە ڕەزامەندی زیاتر بێت لە هەموو حاڵەتەکان دەبێت ڕەزامەندییەکە بە نووسراو بێت بە پێی ئەو مەرجانەی خوارەوە:
أ- نابێت کەسی مردوو لە ناو ژیانی خۆی وەسیەتی کردبێت کەلە دوای مردنی هیچ ئەندامێکی جەستەی خۆی ببەخشێت، ئەمەش دەبێت بە پێی نووسراوێك بێت کە دوو کەس شیاو لە ڕووی یاساییەوە شاهێدیان لەسەردابێت.
ب-لێکۆڵینەوە بکرێت بۆ مردنەکەی بکرێت بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە و بە پێی لیژنەیەکی پێکهاتوو بۆ ئەو مەبەستە.
3-نابێت ریشە کێش کردن لە لاشەی مردوو ئەنجام بدرێت مەگەر بە مۆڵەتی دادوەری لێکۆلینەوەی تایبەتمەندەوە بێت کە بابەت بێت بۆ لێکۆڵینەوەی تاوانکاری.
4-وەسیەتکار بە یەکێك لە ئەندامەکانی بۆی هەیە لە وەسیەت نامەکە پاشکەز ببێتەوە.
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەوەی پەیوەست بوو بە ماددەی (18) زیاتر لە (3) ئەندام پەرلەمان داوای یان کردووە کە سزایەکان کەم بکرێنەوە وە غەرامەکان زیاد بکرێن وە، جا ئەگەر جەنابتان ئەو پێشنیارە بخەنە دەنگدان بۆ ئەوەی ئێمە وەکو لیژنە پەیوەندیدارەکان ڕێکی بخەینە ماددەکە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (د.ڤاڵا)، سەرۆکی لیژنەی یاسایی، بەڕێزان ئەو بڕگە دەخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵدایە؟ (48) کەس بە پەسەند دەزانن، ئەوەی دژە؟ (2) کەس دژن، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا. کۆی ماددەکە، فەرموو.

**بەڕێز ڤاڵا فەرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای قبووڵ کردنی پێشنیارەکە لیژنە پەیوەندیدارەکان ماددەکەیان بەم شێوەیە دارشتەوە:
ماددەی (18)
1-هەر کەسێك ئەندامێکی مرۆی یان بەشێکی بەمەبەستی چاندن بە پێچەوانەی حوکمێك لە حوکمەکانی ماددەکانی (3،4،5،9)ی ئەم یاسایە بگوازێتەوە ئەوە سزا دەدرێت بە زیندانیانێك لە (7) ساڵ زیاتر نەبێت و پێبژاردنێك لە (10.000.000) دە ملیۆن دیناری عیراقی کەمتر نەبێت و لە (20.000.000) بیست ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.
2-ئەگەر ئەو کارەی لە بڕگەی پێش و ئاماژە کراوە ببێتە هۆی مردنی کەسی بەخشەر ئەوە سزایەکە دەبێت زیندانیکردنی بۆ ماوەیەك زیاتر نەبێت لە (10) ساڵ و پێبژاردنێك لە (30.000.000) سی ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (50.000.000) پەنجا ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

مـاددەکە بەو شـــێوازەی خوێنرایەوە دەیخەینە دەنگـدان کێ لەگەڵـدایە؟ (47) کەس بە پەسـەند دەزانن، ئەوەی دژە؟ (2) کەس بە پەسـەند نازانن، بە زۆرینەی دەنگ ماددەی (18) پەســـەند کرا. ماددەی (19)، فەرموو، بەردەوام دەبین خاڵەکی نیزامی کاك (ســـەهراب)، فەرموو.

**بەڕێز سەهراب میکائیل محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیار ژ بەڕێزێن لیژنا یاسایی کر، ماددا (8) سزا بۆ نەدانایە نزانم بۆ چی؟

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

وەڵامت دەدەنەوە، فەرموو (د.ڤاڵا) فەرموو.

**بەڕێز ڤاڵا فەرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی لە ماددەی (8)دا هاتووە لە ماددەی (5)ی یاســاکەدا بووە بە ئەحکام بۆ یە ماددەی (5)مان دانەوە و سزاشمان بۆ داناوە.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ ئەو روونکردنەوە، ماددەی (19)، فەرموو.

**بەڕێز ڤاڵا فەرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (19)

1-لەگەڵ پێشـێل نەکردنی ئەو سـزایانەی لە ماددەی (18)ی ئەم یاسـایە دەق نووس کراون هەر کەسێك نەشتەرگەریەك لە نەشتەرگەریەکانی گواستنەوە یان چاندن لە دامەزراوەیەك جگە لەو دامەزراوە بزیشکیانەی مۆڵەت دراون ئەنجام بدات لەگەڵ پێزانینی بەم کارە ئەوە ســزا دەدرێێت بە زیندانیکردن بۆ ماوەیەك کەمتر نەبێت لە (15) ســاڵ و غەرامەیەك لە (50.000.000) پەنجا ملیۆن دینار کەمتر نەبیت و لە (100.000.000) ســەد ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، وە ئەگەر کارەکەی بووە هۆی مردنی کەی بەخشـــەر یان وەرگر ئەو زیندانیەکەی هەتا هەتاییە.

2-بەڕێوەبەری بەرپرس لە کـارگێری کردارەکیـدا دامەزراوە بزیشـــکیەکە لەو جێگـایەنەی مۆڵەتیان نەدراوە تیایاندا هەر نەشـــتەرگەریەك لە نەشـــەتەرگەریەکانی گواســـتنەوەی ئەندامە مرۆییەکانی یان بەشـــێکی یان شـــانەیەکی مرۆیی ئەنجام بدرێت ئەو بەهەمان سزای دەق نووسکراو لە بڕگەی پێشوودا سزا دەدرێت.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ســوپاس بۆ بەڕێز (د.ڤاڵا)، ســەرۆکی لیژنەی یاســایی، دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە ئەوەی دەیانەوێت بەشـداری بکەن لە گفتوگۆ، شـەش بەرێز دەیانەوێ بەشـداری بکەن لە گفتوگۆ، بەڕێز (شکوریە شێخانی)، فەرموو.

**بەڕێز شکوریە سمایل مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە هەمان شـێواز بەراسـتی پێمان باشـە لەم بڕگەیەش غەرام زیاد بکرێت وە سـزاکان کەم بکرێتەوە، ســـوپاســـتان دەکەین ئەگەر پێداچوونەوە بکرێت چونکە بە پێویســـتی دەزانین، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سـوپاس بۆ بەڕێز (شـکوریە شـێخانی)، پێش ئەوەی دەسـت پێبکەی خاڵەکی نیزامی کاك (د.عزەت)، فەرموو.

**بەڕێز عزەت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە زۆر بڕگە و ماددەی ئەو پرۆژەیە یاسایەدا وشەی مرۆیی هاتووە بۆ یە بە عەرەبی یەعنی ( ئینسـانی) ئینسـانی صـیفەیە، بۆیە داوا لە لیژنەی یاسـایی دەکەم وورد تر لەم وشـەیە بکۆڵێتەوە وشـــەیەکی تر دابنێت، بۆ هەموو ماددەکان، بۆ نموونە ماددەی (19)، ماددەی (18) لە هەر شوێنێکا وشەی (مرۆیی) دانرابێت یەعنی ئینسانی سیفەیە تەعبیر لە بەشێکە جەســـتەی مرۆڤ نـاکـات بۆیە هیوادارم بە ووردتر داپڕێژرێتەوە بۆ هەموو مـاددەکـان، سوپاس.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ ئەو تێبینیە دوایی ئەوانەی لە زمانەوانی شارەزایی باشتریان هەیە، بەرێز (علی عثمان)، فەرموو.

**بەڕێز علی عثمان علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددێ (19) بڕگا ئێکێ، دەربارێ ســزا ئەز پێشـــنیار دکەم ماوێ زیندانی کرنێ ژ (7) کێمتر نەبیت ژ (10) سالا زیاتر نەبیت، دیسا غەرامە بێتە زێدەکرن ژ (50.000.000) پەنجا ملیۆنا بۆ (60.000.000) شێست ملیۆنا کێمتر و ژ (100.000.000) سەد ملیۆنا زێدەتر نەبیت و سزایێ هەتا هەتایی ببیتە (20) ساڵ سزایێ هەتا هەتایی نەمینیت، سوپاس.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بەرێز (علی عثمان)، بەرێز (مصطفی سکری)، فەرموو.

**بەڕێز مصطفی احمد حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وا هەســـت دەکەم لە زۆربەی بڕگە و ماددەکان مطاطیە جۆرە لە بەینی حەدی ئەدنای غەرامەو حەدی ئەکســـەری یەعنی لێرە لە بەینی (100) و (150) ملیۆن پێم وابی زۆرە ئەو مـاوەیە لە هەموو بڕگەکـان کە ملـاحەزەی ئەوە بکەین مطـاطیـە ئەوەنـدە نەدرێتە تەصـــەروفی حاکم تەصـــەرووف کا کەمەکەی کا یان زۆرەکەی بکا بەینەکە زۆرە پێم وابی، سوپاس.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بەرێز (مصطفی سکری)، بەرێز (فرحان جوهر)، فەرموو.

**بەڕێز فرحان جوهر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشـــنیار دەکەم ماددەی (19) لە هەردوو بڕگەکەی یەکەم و دووەم بکرێتە یەك ماددە لەبەر ئەوەی لە بڕگەی دووەمیش هـاتووە هەمـان مـانـای لە بڕگەی یەکەمـدا هەیە بۆیە هەردووکی دەمج بکرێت بە یەك ماددە تەواو بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بەرێز (فرحان جوهر)، بەرێز ( قادر رەزگەیی)، فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسـیار ئەوەیە لەو لیژنە بەڕێزانە ئایا مەبەسـت لە لێزانین بەو کارە چییە مەبەسـت لە پێزانین ئەم کـارە، مەبەســـتەکە ئەوەیە کە دکتۆرەکە ئەو دکتۆرەی کە نەشـــتەرگەریەکە

دەكات نەيزانيوە كە ئەو دامەزراوە مۆڵەتی ئەو نەشتەرگەرييەی هەيە خۆ ئەو نەشتەرگەريە نەشتەرگەريەكی عادی نييە، ناكرێت ئەو دكتۆرە وا نەزانی نەشـــتەرگەريەكی گەورە دەكات ئەو دامەزراوەی ئەو نەشـتەرگەريەی لێدەكات لەوێ مۆڵەتی هەيە يان نييە ئەگەر مەبەسـتەكە ئەمە بێت لە راسـتيدا پێشـنيار دەكەم لاببرێت، چونكە ناكرێت بزيشـكەكە نەزانێت لە كوێ، لەو شوێنەی كە نەشتەرگەری لێدەكرێت كە نەزانێـــت مۆڵەتی ئەو جۆرە نەشـتەرگەرييەی هەيە، وە ئەگەريش بە هەڵە دابرابێت يان لێپرسـراوی كارگێريەكە وتبێتی هەيە و نەبووبێت ئەوە ئەو تاوانبار نييە، ئەمان تاوانبارن، قسـەش لەسـەر زانين و نەزانين بوو كەواتە ئەم دەچێت كە چووە بەر دەمی دادگا ئەڵێت من نەمزانيوە سـزای زانينەكە ديارە وە سـزای نەزانينەكەش وابزانم دەبێت بگەرێنەوە بۆ ماددەی (18) بۆيە پێشـــنيار دەكەم لەگەڵ پێزانينی لەم كارە لابرێت، سوپاس.

**بەرێز جعفر ئيبراهيم ئێمنيكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بەرێز (قادر رزگەيی)، بەرێز مامۆستا مەلا (مەروان)، فەرموو.

**بەڕێزحسێن اسماعيل حسێن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەگەل پشـــتگيريم بۆ ئەو پەرلەمانتارانەی كە داوای كەم كردنەوەی سـجن دەكەن بەڵام روونكردنەوەكم لەسـەر خاڵی ئەخير هەيە كە دەڵێت (ئەگەر كارەكەی بووە هۆی مردنی كەسی بەخشەر يان وەرگر ئەوە زيندانيەكەی هەتا هەتاييە) قەناعەتم وايە مانەوەی كەمێك لە دكتۆرەكان دەتوانن نەشـــتەرگەری بكەن، چونكە زۆرێك لە نەخۆشـــەكان جاری وا هەيە مەجبوورە دكتۆر نەشـــتەرگەری بۆ بكات وە خزمەكانی ئيلحاحی لێدەكەن، بەڵام لەوانەيە نەخۆشـيەكی ديكەی هەبێت ئەو نەخۆشـی بۆت مايەی ئەوەی ئەو نەخۆشـە بمرێت يان بەنجەكە، دكتۆر ئەوە ئيشی دكتۆرەكانە كە بەنجی عمومی لێدەدرێتن نەوعەن ما مردووە ئەو ئينسـانە دتۆر هەزار (قول هو الله) دوعا دەكات تا بە خۆ دێتەوە، يەعنی ئەو حاڵتان قەناعەتم وايە دەبێت ورد تر مەعامەلەی لەگەل بكەين ئێمە بەو تووندی و بەو عقوبەيەكی قاصی قەناعەتم وايە دەسـت و پێی دكتۆرەكانمان دەبەسـتينەوە دكتۆرێكی اخصـائيمان دەس ناكەوێت عەمەلياتمان بكات، دەستتان خۆش بێت.

**بەرێز جعفر ئيبراهيم ئێمنيكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سـوپاس بەرێز مامۆسـتا مەلا (مەروان)، ئەو مەبدەئەی كەم كردنەوەی زيندان و زياد كردنی غەرامە وابزانم مەبدْ بوو بۆ هەمووان دەگەرێتەوە، بەرێز خاتوو (مريم صـمد)، فەرموو.

**بەڕێزمريم صمد عبدی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سـەبارەت بەو پێشـنيارەی مەلا (مروان) باسـی دەكات ديارە ئەو سـزايە كە دەدرێت بۆ كەسـێكە بۆ دكتۆرێكە كە نەشـتەرگەری بكات مۆڵەتی نەبێت، چونكە لە ماددەكە وا باس دەكرێت كە ئەو موئەسەسەيە يان ئەو دكتۆرە مۆڵەتی نەبێت ئەو كارە بكات بۆيە ئەو سزا بۆ دانراوە، من لەگەڵ ئەو رايەدام كە غەرامەكە زياد بكرێت وە حوكمی زيندانيەكەی كەم بكرێتەوە، سوپاس.

**بەرێز جعفر ئيبراهيم ئێمنيكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بەرێز(مريم صمد)، ئێستا داوا لە ليژنە پەيوەنديدارەكان دەكەين كاك (د.عبدالله)، فەرموو.

**بەڕێز عبدالله جاسم رجب :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ژى ڤيا پشتگيريا ئاخفتنێت خوشكە مريم صمد دكەم، سەبارەت ب پێشنيارا بەڕێز مەلا مەروان، چونكی ئەڤە موحەدەدە ئەگەر ئەو موئەسەسا سحی مۆڵەت پێ نەدرابی نەشتەرگەری گورچيلە و ئەندامێت لەش بكەت، بەس ئەگەر مۆڵەت پێ درابيت و نەخۆش مرد ئەڤە بابەتەكێ دييە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئيبراهيم ئێمنيكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بەرێز(د.عبدالله)، بەرێز. (د.سيراج)، سەرۆكی ليژنەی ئەوقاف، فەرمووو.

**بەڕێز سيراج احمد محمد :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەنها مڵاحەزەم لەسەر زيندانی هەتا هەتاييەكە هەيە بە پێشنياری من بكرێتە (15) ساڵ هەتا هەتای زۆرە، ئەو كەسە چەند هەوڵی دايە خزمەتەك بكات بەڵام دوايی كە نەيتوانيوە هەتا هەتايی وەكو قەتلی عەمدە بەارستی زيندانی هەتا هەتايی بۆ دكتۆرێك ناكرێت، بەرای من (10) ساڵ (15) ساڵ خراپ نييە.

**بەڕێز جعفر ئيبراهيم ئێمنيكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بەرێز(د.سيراج)، ماددەكە لە دوای وەرگرتنی تێبينيەكان پێشنيارەكان دەخوێنرێتەوە، پێش ئەوەی ماددەكە بخوێنرێتەوە، بەرێز (د.رێكەوت)، فەرمووو.

**بەڕێز رێكەوت حمە رشيد (وەزيری تەندروستی) :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دووەم ماددەی (19) بەڕێوەبەری بەرپرس لە كارگێری كردارەكی تۆزێك مەطاطيە ئەوە كێ بەرێوەبەر؟ موئەسەسە هەيە بەڕێوەبەری هەيە دوايی بەڕێوەبەری كارگێری هەيە دوايی مەسئولی ئەو قسمەی هەيە لەبەر ئەوە من پێم باشە بەس بنووسرێت (بەڕێوەبەر)، يەعنی بەڕێوەبەری بەرپرس لە كارگێری كردارەكی سێ چوار كەس دەگرێتەوە سيفەتەكە ون دەبێت، بەڵام بەڕێوەبەری يەكەمی موئەسەسەكە، كێ بەڕێوەبەری يەكەمی موئەسەسەكەيە ئەوە ئەزانێ ئەو مەئەسەسەی مۆڵەتی فەرمی لە وەزارەتی تەندروستی پێدراوە يان نا ئەوە مەسئوولە لەو بابەتە برواش ناكەم هيچ بەرێوەبەرێك نەزانێ، چونكە ئەو نەشتەرگەريانە پێی دەڵێن (نەشتەرگەری تايبەت)،(special) operation ئەو نەشتەرگەريانە هەمووی ئەبێت بە مۆڵەتی تايبەتی ليژنەی باڵای چاندنی گورچيلە بێت لە هەرێمی كوردستان چاندنی ئەندامەكانی لەش بێت، بۆيە پێم وايە ئەو بەڕێوەبەری كارگێری كردارەكی تۆزێك مەطاطيە، هەر بەرێوەبەر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئيبراهيم ئێمنيكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بەرێز (د.رێكەوت)، وەزيری تەندروستی هەرێمی كوردستان، ئێستا ماددەكە لە دوای وەرگرتنی تێبينيەكان دەخوێنرێتەوە، فەرمووو.

**بەڕێز ڤاڵا فەريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (19)

1-لەگەڵ پێشێل نەكردنی ئەو سزايانەی لە ماددەی (18)ی ئەم ياسايە دەق نووس كراون هەر كەسێك نەشتەرگەريەك لە نەشتەرگەريەكانی گواستنەوە يان چاندن لە دامەزراوەيەك

جگە لەو دامەزراوە بزیشکیانەی مۆڵەت دراون ئەنجام بدات لەگەل پێزانینی بەم کارە ئەوە ســزا دەدرێت بە زیندانیکردن بۆ ماوەیەك کەمتر نەبێت لە (10) ســاڵ و بە پێبژاردنێك لە (50.000.000) پەنجا ملیۆن دینار کەمتر نەبیت و لە (100.000.000) ســەد ملیۆن دینار زیاتر نەبێت وە ئەگەر کارەکەی بووە هۆی مردنی کەسی بەخشەر یان وەرگر ئەوە بە زیندانیکردن بۆ ماوەیەك لە (15) ســاڵ کەمتر نەبێت و پێبژاردنێك لە (50.000.000) پەنجا ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (100.000.000) سەد ملیۆن دینار زیاترنەبێت سزا دەدرێت.
2-بەڕێوەبەری دامەزراوە پزیشــکیەکە لەو جێگـایـانەی مۆڵەتیـان نەدراوە تیـایـدا هەر نەشـتەرگەریەك لە نەشـەتەرگەریەکانی گواسـتنەوەی ئەندامە مرۆییەکانی یان بەشـێکی یان شانەیەکی مرۆیی ئەنجام بدرێت ئەو بەهەمان سزای دەقکراو لە بڕگەی پێشـوودا سزا دەدرێت.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ســوپاس بۆ بەرێز (د.ڤاڵا)، ســەرۆکی لیژنەی یاســایی، ئەو ماددەیە ی بەو شــێوازەی خوێنرایەوە دەیخەینە دەنگدان کێ لەگەڵدایە؟ (50) کەس بە پەسـەند دەزانێ، ئەوەی دژە؟ کەس نییە، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا. ماددەی (20)، فەرموو.

**بەڕێز ڤاڵا فەرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (20)

1-هەر کەســێك بە مەبەســتی چاندن لە رێگای فێڵ لێکردن یان زۆرەکەی هەڵســا بە لێکردنەوەی (اسـتئصـال) و لێکردنەوەی هەرئەندامێك یان بەشـێك لە ئەندامی مرۆڤێکی زیندوو ئەوە سزا دەدرێــت بە زیندانی کاتی بە ماوەیەك لە (10) ساڵ کەمتر نەبێت و بە غەرامەیەك لە (10.000.000) دە ملیۆن دینار کەمترنەبێت و لە (20.000.000) بیسـت ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.
2-ئەگەر ئەم کارەی لە بڕگەی پێش و ئاماژەیان پێکراوە ببێـە هۆی مردنی ئەو کەسەی لێی دەگوازرێتەوە ئەوە ســزایەکە دەبێتە زیندانی هەتا هەتایی و غەرامەیەك لە (50.000.000) پەنجا ملیۆن کەمتر نەبێت و لە (100.000.000) سەد ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.
بەرێز سەرۆکی پەرلەمان ئەگەر پێشنیاری بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان تەنها بۆ زیاد کردنی غەرامە و کەم کردنی زینـدانە ئەمە لێر بۆ خۆمـان بە نەزەری ئیعتیبـارەوە وەردەگرین و چاکی دەکەین.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ســوپاس بۆ بەرێز (د.ڤاڵا)، ســەرۆکی لیژنەی یاســایی، دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە ئەو مەبدەئەش پەســەند کراوە ئەوەی زیاد کردنی غەرامەو کەم کردنی زیندان، کاك (بەهزاد دەروێش)، فەرموو.

**بەڕێزبەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر ســەر ڤێ مەبدەئێ یە بەس لێرە جیاوازییەك یا هەی، کە لیژنا یاســایی وەختێ ڤا ســزایا داڕێژتەڤە رەچـاڤێ خـالێ بکەت راســتی ئەڤە جیـاوازییەك یـا هەی گەل مـاددێـت پێشــوو جیاوازییەکەش ئەڤەیە دبێیژیتن لە رێگای  فێل کردن، فێل کردن جیاوازە گەل هندێ کو دکتۆرەك

خەلەتییەکێ بکەت یان بێ مۆڵەت ئەنجام بدەت  پێم باشە لیژنەی یاسایی سزای زیندانی کردن وەك خۆی بهێلیت بەڵام سزای ماددی (20.000.000) بیست ملیۆن کەمتر نەبیت و (40.000.000) چل ملیۆن زیاتر نەبیت، ئەمە جیاوازە لەگەڵ ماددەکانی تر چونکە ئەڵێ بە زۆری یان بە فێڵکردن، زۆر سوپاس.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز (بەهزاد دەروێش)، بەرێز (د.سۆزان)، فەرموو.

**بەڕێز د. زۆزان صادق سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشـــتگیریا ئاخفتنێت کاك بەهزادی دکەم، چونکە ئەگەر ئەڤ ســزایە نەهێنە تەعدیل کرنێ دێ هەڤدژی هەبیت گەڵ ماددێت دیترێ لەوما فەرقە ژ تەعدایێ ئیك ئەندامەکێ جەستەی ڤەگوهێزیتن ژ بۆ ئەگەر ب حەزا خۆ ڤەگوهێزیتن لەوما پێتڤییە پێداچوون ســـەر بێتە کرن وەکی دکتۆرە ڤالایێ گوتی دبیت بەلێ دیســـا دبیت هەڤدژی دگەڵ ماددا (18) نەبیت پێشـــنیار دکەم (10) ســـاڵ ببیتە (15) ســـال و ئەو غەراما ماددی ببیتە (50.000.000) پەنجا ملیۆن و (100.000.000) سەد ملیۆن، سوپاس.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز (د.سۆزان)، بەرێز (صالح فقێ)، فەرموو.

**بەڕێزصالح فقێ محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەم ســـەرەتاش لەگەڵ ئەوە بووم بەراســـتی ناکرێت ئەو عقووبانە ئەوەندە کەم بکرێنەوە بەتایبەتیش لێرە مەبەستی لە زۆر هەم فێڵ کردنە، ئەو یاسایە من پێم وایە ئەو عقووبانە بەم شـــێوەیە بێت هەر دەرنەکردنی باشـــترە تکام وایە بەتایبەتی بۆ ئەو ماددەیان با لەوە عقوبەکەی با قوورس تر بێت نەك کەمتر بکرێتەوە، سوپاس.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ســـوپاس بۆ بەرێز (صـــالح فقێ)، پێشـــتریش هەر ئەو تەئکیدە کرا، بەرێز (حەیات مجید)، فەرموو.

**بەڕێزحەیات مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشـتگیری کاك (بهزاد) و (د.سـۆزان) دەکەم منیش هەر هەمان رەئیم هەیە هەم سـزاکە و هەم سزای زیندانی و هەم عقبووبە ماددیەکەش زیاتر بکرێت چونکە ئەمە لە رێگەی فرت و فێل و جۆرێکە لە تەعەدا کردنی لە هاوڵاتی، سوپاس.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز (حەیات مجید)، بەڕێز (عەباس غزالی)، فەرموو.

**بەڕێز عەباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری کاك (بهزاد) دەکەم، سوپاس.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز (عەباس غزالی)، بەڕێز (شوکریە شێخانی)، فەرموو.

**بەڕێز شکوریە سمایل مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی ئەو کەسانەی بەو شێوازە مامەڵە دەکەن منیش لەگەڵ ئەو ڕەئیەم کە مستاهیلی سزای توووند تریشن، لەبەر ئەوەی ئەو کەسەی شتێکی وای لێ کەشف دەبی حەتمەن پێشتر زۆر کلاوتی وای کردووە ستەمی زۆری لە خەڵك کردووە، بۆیە شایەنی زیاتریشە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (شوکریە شێخانی)، لیژنە پەیوەندیدارەکان(د.عبدالله)، فەرموو.

**بەڕێزعبدالله جاسم رجب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

براستی ئەز ژی پشتگیریا هندێ دکەم ئەڤ ماددە وەکی خۆ بمینیت، چونکی ئەڤە مەسائلێت تەحایل و ما تەحایل و تەعدایی و فێڵکردنە ئەگەر ئەو ماددە وەکی خۆ بمینیت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (د.عبدالله)، بەڕێز (د.ڕێکەوت) وەزیری تەندروستنی، فەرموو.

**بەڕێز ڕێکەوت حمە رشید (وەزیری تەندروستی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو رای وان دەستکاری نەکرێت وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (د.ڕێکەوت)، دوا لە لیژنەی یاسای دەکەین ماددەکە دوای وەرگرتنی تێبینیەکان بخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز ڤالا فەرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (20)

1-هەر کەسێك بە مەبەستی چاندن لە ڕێگای فێڵ لێکردن یان زۆرەکەی هەڵسا بە لێکردنەوەی (استئصال) و گواستنەوەی هەرئەندامێك یان بەشێك لە ئەندامی مرۆڤێکی زیندوو ئەوە سزا دەدرێت بە زیندانی کاتی بە ماوەیەك لە (10) ساڵ کەمتر نەبێت و بە پێبژاردنێك لە (30.000.000) سی ملیۆن دینار کەمترنەبێت و لە (50.000.000) پەنجا ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.

2-ئەگەر ئەم کارەی لە بڕگەی پێش و ئاماژەیان پێکراوە ببێـە هۆی مردنی ئەو کەسەی لێی دەگوازرێتەوە ئەوە سزایەکە دەبێتە زیندانی کردن بۆ ماوەیەك لە (15) ساڵ کەمتر نەبێت و پێبژاردنێك لە (50.000.000) پەنجا ملیۆن کەمتر نەبێت و لە (100.000.000) سەد ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (د.ڤالا) سەرۆکی لیژنەی یاسایی، ماددەکە بەو شێوازەی خوێنرایەوە دەخەینە دەنگدان کێ لەگەڵدایە؟ (45) کەس بە پەسەند دەزانن، ئەوەی دژە؟ (6) کەس دژن، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا. ماددەی (21)، فەرموو.

**بەڕێز ڤالا فەرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (21): هەر كەسێك سەرپێچی هەر حوكمێك لە حوكمەكانی ماددەی (7)ی ئەم یاسایە بكات ئەوە سزا دەدەرێت بە زیندانی كردن بۆ ماوەیەك لە (5) ساڵ كەمتر نەبێت و بە غەرامەیەك لە (50.000.000) پەنجا ملیۆن دینار كەمتر نەبێت و لە (100.000.000) سەد ملیۆن دینار زیاتر نەبیت، ئەمە سەرباری دەست بەسەر داگرتنی سوودی ماددی یان (عین)ی وەرگیراو لە تاوانەكەی یان حوكم دان بە بەهاكەی لە كاتی دەست بەسەر دانەگرتنی، وە هەر كەسێ هەڵسا بە گواستنەوەی یان چاندنی شانەیەك بە پێچەانەی حوكمی ماددەی (7)ی ئەم یاسایە ئەوە سزای زیندانیكردنەكە لە (5) ساڵ زیاتر نابێت. پەسەند بكرێت بە رای لیژنە پەیوەندیدارەكان.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (د.ڤاڵا) سەرۆكی لیژنەی یاسایی، گفتوگۆ لەسەر ماددەی (21)؟ كاك (قادر)، فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وشەی سەرپێچیەكە بكەینە بە پێشێلی حوكمەكە هەر حوكمێك.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە سیاغەیە ناوەرۆكی ماددەكە مناقەشەی لەسەر نییە، واتە دەنگدانە، ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێنرایەوە دەیخەینە دەنگدان كێ لەگەڵدایە؟ (54) كەس بە پەسەند دەزانن، ئەوەی دژن؟ كەس نییە، ماددەكە بە كۆی دەنگ پەسەند كرا. ماددەی (22)، فەرموو.

**بەڕێزڤاڵا فەرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (22): هەر كەسێك هەڵبستێ بە گواستنەوەی هەر ئەندامێك یان بەشێكی ئەندامی یان شانەیەك لە جەستەی مرۆڤێك بەبێ ئەوەی مردنی بەسەلماندنێكی دلنیایی سەلمێنرابێت وەك ئەوەی لەماددەی (15)ی ئەم یاسایە دەقی لەسەر كراوە ببێتە هۆی مردنی كەسەكە لە گەڵ پێزانینی بەم كارە ئەوە سزای كوشتنی ئەنقەست لەگەل سوربوونی پێش وەختەی بەسەردا جێبەجێ دەكرێت، وە سزاكەی دەبێتە زیندانیكردنی كاتی بۆ ماوەیەك كە لە (7) ساڵ زیاتر نەبێت و بۆ هەر كەسێك بەشداری كردبێت لە دەركردنی بڕیاری دڵنیای بوون لە مردن بە بێ ئەو پشكنینانەی لە ماددەی (15)ی ئەم یاسایە دەقیان لەسەر كراوە.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ (د.ڤاڵا)، سەرۆكی لیژنەی یاسایی، گفتوگۆ لەسەر ماددەی (22)، بەڕێز (علی عثمان)، فەرموو.

**بەڕێز علی عثمان علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت ب سزایێت ت ڤی ماددەی دا هاتینە خارێ قەتل عەمد و زائید سەبق الاسرار ژی ئەوجا سزایێت كریە (7) ساڵ پێشنیار دكەم سزا ژ (10) ساڵا زێدەتر نەبیت شینا (7) ساڵا، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ (علی عثمان)، بەڕێز (شكوریە شێخانی)، فەرموو.

**بەڕێز شكوریە سمایل مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم باش بكرێت بە دوو بڕگە ئەو كەسـەی وای كردووە بە ئەنقەسـت وای كردووە یان بە بێ ئەنقەسـت بووە، چونكە ناكرێت بە ئەنقەسـت و بێ ئەنقەسـت یەك حیسـابی بۆ بكرێت، یەعنی چۆن قەتلی خطء و قەتلی عام هەیە ئەمەش بە هەمان شێوە حیسابی بۆ دەكرێت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ (شكوریە شێخانی)، بەڕێز (د.زۆزان)، فەرموو.

**بەڕێز زۆزان صادق سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە پێش هەر نەشتەرگەریەكێ پشكنین بۆ نەخۆشی تێتە كرن دیار دبیت نسبا نەجاحێ د نەشتەرگەریێ دا چەندە لەوما ئەگەر ئەنقەست بیت ئەز دگەل بۆچونا بەڕێز كاك علی مە ئەڤ سزایا (7) سالا كێمە و بێتە زێدەكرن، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ (د.زۆزان)، لیژنە پەیوەندیدارەكان، بەڕێز (مریم صمد)، فەرموو.

**بەڕێز مریم صمد عبدی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ماددەكەم وەكو خۆی بمێنێ جگە لە سـزای زیندانیەكە لە (7) سـاڵ زیاد بكرێت بۆ (10) ساڵ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ (مریم صمد)، لیژنە ئەوقاف، بەڕێز (د.سیراج)، فەرموو.

**بەڕێز سیراج احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هەمان رام هەیە لە (7) سـاڵ زیاتر بكرێت، وە ئەگەر بشـكرێ غەرامەكیشـی لەگەڵدا بیت، ئەگەر بێت و ئەو شەخصە بە غەرامە رازی بیت با هەردوو ئۆبشنی هەبیت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ (د.سیراج)، سەرۆكی لیژنە ئەوقاف، (د.ڤالا)، فەرموو.

**بەڕێز ڤالا فەرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو پرسـیارەی كە كرا بۆ ئەوەی كە ئەنقەسـتە بۆ ئەوەی موتەعەمید نییە ئەمە لێرە وتووومانە لەگەڵ پێزانینی بەم كارە واتە علمی هەبێت ئەوەی كە علمی نییە دەچێتە بابی قەتلی خطء بۆ خۆی قانوون ئەوەی چارەسـەر كردووە، وە سـزاكەش دەكرێت بلێن لە (7) سـاڵ ئێمە گوتوومانە لە (7) سـاڵ كەمتر نەبێت، چونكە ئەو كەسـە بەشـدار بووە كەسـی فاعلی ئەصلی نییە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ ئەو روونكردنەوە، بەڕێز(د.رێكەوت) وەزیری تەندروستی، فەرموو.

**بەڕێز رێكەوت حمە رشید( وەزیری تەندروستی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەسـەر ماددەكە هیچ تێبینیەكم نییە بەڵام یەك شـت حەز دەكەم ئەندامانی پەرلەمان ئاگایان لێی بێت، رۆژانە ئێمە لە هەرێمی كوردسـتان زیاتر لە (10) نەشـتەرگەری (گورچیلە) ئەنجام دەدەین، چاندنی (گلێنە) ئەنجام دەدەین هیوام ئەو زیاد كردنی سـزایانە نەبێتە هۆی ئەوەی كە دكتۆرەكان واز لم نەشـــتەرگەری بێنن، هەر دەڵێن زیادی كەن زیادی كەن، چونكە ئێسـتا ئەمە بچێتە بەر دەمی نەخۆشـێ نەخۆشـەكە هەموو رێسـاكان تەواو بێت سبەینێ كە گورچیلەكەی بەخشیەوە دوای لەوانەیە دادگا لە دكتۆرەكە بگرێت، دكتۆرەكە ناترسـێت لەوەی كە غەڵەتی كردووە، دكتۆرەكە ئەترسـێ لەوەی لە دادگا بانگی كەن كەواتە دەلێت ئەو سـەر ئێشـەیە بۆ خۆم دروسـت ناكەم، یەعنی دەبێت ئاگامان لە مەوزووعە بێـت، ئێســتـا من یەك جـار لە مەحكەمە بـانـگ بكرێم جـاری دووەم دەلێم نەشتەرگەریەكە ناكەم، كێ بۆت دەكات با بۆت بكات، لەبەر ئەوە ئاگاداری ئەو مەوزووعە بن، یەعنی ئەمە نەبێتە هۆی ئەوەی كە (20) سـاڵ سـجن و (15) سـاڵ سـجن و (17) سـاڵ سجن و ئەوە نابێت، من لەگەڵ هەموو ئەوەیام ئێستا قانوونی پێشووتر كە باسی فێڵ كرا حەزم ئەكرد ببێتە (15) ســاڵ فێڵ كردن جییایە، بەڵام ســبەی نەبێتە هۆی دیكۆمێنتێك نەخۆشەكان بچن مەحكەمە لە دكتۆرەكانمان بگرن، زۆر سوپاس.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سـوپاس بۆ ئەو روونكردنەوە بەڕێز(د.رێكەوت) وەزیری تەندروسـتی هەرێمی كوردسـتان، دیارە ماددەكە بەم شێوازە هاتووە كوشتنی ئەنقەست، بەرێز (د.سیراج) فەرموو.

**بەڕێز سیراج احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هەر لەو سۆنگەیەوە حەز دەكەم داواو دەكەم لەو ماددەی باسی غەرامەی تێدا نییە دكتۆرێك كە غەڵەتە دەكات (5) ساڵ، (10) ساڵ بچتە ژۆرێ غەڵەتی كردیەی بەڵام لەوانەیە خەڵكی دیكە ئیشی پێبێت دەكرێت بە غەرامە ئیشەكەی دەبر بكرێتن، سوپاس.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

(د.ڤاڵا) سیغەكە دوای وەرگرتنی تێبینیەكان، فەرموو.

**بەڕێز ڤاڵا فەرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (22): هەر كەســێك هەڵبســتێ بە گواســتنەوەی هەر ئەندامێك یان بەشــێكی ئەندامی یان شانەیەك لە جەستەی مرۆڤێك بەبێ ئەوەی مردنی بەسەلماندنێكی دڵنیایی سـەلمێنرابێت بێ ئەوەی لەماددەی (15)ی ئەم یاسـایە دەقی لەسـەر كراوە ببێتە هۆی مردنی كەســەكە لە گەڵ پێزانینی بەم كارە ئەوە سـزای كوشــتنی ئەنقەســت لەگەل سـوربوونی پێش وەختەی بەسەردا جێبەجێ دەكرێت، وە پێبژاردنێك لە (30.000.000) سی ملیۆن دینـار كەمتر نەبێـت وە لە (50) ملیۆن دینـار زیـاتر نەبێـت، وە ســزاكەی دەبێتە زیندانیكردنی كاتی بۆ ماوەیەك كە لە (7) ساڵ زیاتر نەبێت پێبژاردنێك اه (10.000.000) دە ملیۆن دینار كەمتر نەبێت و لە (20.000.000) بیســـت ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، بۆ هەر كەسێك بەشـداری كردبێت لە دەركردنی بڕیاری دڵنیایی بوون لە مردن بە بێ ئەنجامدانی ئەو پشكنینانەی لە ماددەی (15)ی ئەم یاسایە دا دەقیان لەسەر كراوە.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز(د.ڤاڵا)، سەرۆكی لیژنەی یاسایی، ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێنرایەوە دەیخەینە دەنگدان كێ لەگەڵدایە؟ (48) كەس بە پەســەند دەزانن، ئەوەی دژە؟ (1) كەس دژە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند كرا. ماددەی (23)، فەرموو.

**بەڕێز ڤاڵا فەرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (23): نێوانگیری لەو تاوانانەی لەم یا سایەدا دەقیان لە سەر كراوە بە هەمان سزای بڕیاردراو بۆ تاوانەكە سزا دەدرێت لەگەڵ ئەمەشدا نێوانگیر لە سزاكە دەبووردرێـت ئەگەر هەواڵـی تـاوانەكەی دایە دەسـەڵاتەكـان بەر لە تەواو بـوونـی ئەمەش بـووە هـۆی بەشداریكردن لە گرتنی تاونباراندا.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سـوپاس بۆ بەڕێز(د.ڤاڵا)، سـەرۆكی لیژنەی یاسـایی، ماددەكە دەخەینە بەر موناقەشـە، بەڕێز كاك (سۆران عمر)، فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سەعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە هەتا ئەو كاتەی كە نێوانگیر لەو تاوانەی لەم یاسـایە دەقیان لەسـەر كراوە وە هەمان سزای بڕیاردراو بۆ تاوانانەی كە سزا دەدرێت هەڵگری ئیشكال نییە، بەڵام فەقەرەی دووەمی ئەلیت لەگەڵ ئەمەشـــدا نێوانگیر لە ســزاكە دەبووردرێ ئەگەر تاوانەكەی دایە دەسـەڵاتەكان بەر لە تەواو بوونی ئەمەش بۆ ئەوەی بەشـداری كردن لە گرتنتی تاوانباران، ئێمە دەزانین ئەو پرۆسـانەی گواسـتنەوەی گورچیلە هەندێك لە ئەعزائەكانا بە نێوەنگیر و پارە بەشــێكی بە نێوەنگیر و پارە ئەكرێت، نێوەنگیرەكە پارەی خۆی وەربگرێ و پرۆســەكە بگەێنێت ئەوەی كە دكتۆر و پزیشــك بێئاگایە لەم قەزیە بدەن بەسـەریانا بدەن لە ژووری نەشـتەرگەری و بگیرێن، ئەو پارەی خۆی وەرگرت نێوەنگیریشـە و ئەبووردرێت بەڵام ئەوی تر كە عەیبی نییە نەخۆشـەكە كە پێویسـتی پێیەتی هەموو سـزا دەدەرێت، بۆیە من پێم وایە ئەبێت فەقەرەی دووەم لاببرێت، سوپاس.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (سۆران عمر)، كاك (قادر رەزگەیی)، فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵا منیش پشــتگیری لە رایەكەی كاك (ســۆران) دەكەم ئەگەر لاش نەبرێت بەر لە تەواو بوونی لەبری ئەو بنووســرێـت بەر لە هـاتنە دی رەگەزەكـانی تـاوانەكە بۆ ئەوەی لێڵی هەڵنەگرێـت بۆ ئەوەش تـاوانەكە رەگەزەكـانی نەهـاتنە دی رووی نەدابێ ئینجـا نێوەنگیر ببەخشرێت، ئەگەر نا پارەی خۆی وەردەگیرێ راستە هەواڵەكەی داوە تاوانەكەش روویداوە، سوپاس.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (قادر رزگەیی)، كاك (صالح فقێ)، فەرموو.

**بەڕێزصالح فقێ محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم وایە بوترێت بەر لە دەســـتپێك، لە باتی تەواو بوونەكە ببێتە، بەر اە دەســـتپێك، سوپاس.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (صالح فقێ)، خاتوو(شكوریە شێخانی)، فەرموو.

**بەڕێزشكوریە سمایل مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پاڵپشتی لە رایەكەی كاك (سۆران) دەكەم، رایەكەم پێ پەسەندە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز (شکوریە شێخانی)، لیژنە پەیوەندیدارەکان، بەڕێز (مریم صمد)، فەرموو.
**بەڕێز مریم صمد عبدی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەبارەت بەو ماددەیە ئەو رایەی بەرێزان کاك (سۆران)، ئەندامانی تر پشتگیریان دەکەین بە هیواین لیژنەی قانوونیش رای خۆیان لەسەر بدەن، سوپاس.
**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز (مریم صمد)، لیژنە پەیوەندیدارەکان، بەڕێز کاك (رێکەوت)، فەرموو.
**بەڕێزرێکەوت حمە رشید(وەزیری تەندروستی):**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
منیش پشتگیری رایەکەی کاك (سۆران) دەکەم، سوپاس.
**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز (رێکەوت)، وەزیری تەندروستی هەرێمی کوردستان، تا ئەو کاتەی ئەو ماددەیە دادەڕێژن هەر بۆ ئاگاداری ئێوەی بەڕێز ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان وا بڕیارمان داوە بەیانی بۆ تەواو کردنی بەرنامەی کار ئەمرۆ واتە بەیانی سەعات (10) دانیشتنەکە دەست پێبکات، بەرنامەی کاری ئەمرۆ ئەوەی دوای پەسەند کردنی ئەم یاسایە بۆ بەیانی جێ دێڵین راسپاردەکانی لیژنەی تایبەت بە عەفرین ئەو راسپاردانە دوای تەواو کردنی ئەم یاسایە دەخوێندرێنەوە، وە لەلایەن ئەم دانیشتنە پەسەند دەکرێن وە دانیشتنەکە کۆتایی پێدێنین، لیژنەی یاسایی، خاتوو (ڤاڵا)، فەرموو.
**بەڕێزڤاڵا فەرید ابراهیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (23): نێوانگیری لەو تاوانانەی لەم یاسایەدا دەقیان لەسەر کراوە بە هەمان سزای بڕیاردراو بۆ تاوانەکە سزا دەدرێت لەگەڵ ئەمەشدا نێوانگیر لە سزاکە دەبووردرێت ئەگەر هەواڵی تاوانەکەی دایە دەسەڵاتەکان بەر لە هاتنە دی بنەماکانی تاوانەکە ئەمەش بووە هۆی بەشداریکردن لە گرتنی تاونباراندا.
**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
بەرێزان ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێنرایەوە دەیخەینە دەنگدان کێ لەگەڵدایە؟ (50) کەس لەگەلدایە، ئەوەی دژە؟ کەس نییە، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا. ماددەی (24) فەرموو.
**بەڕێز ڤاڵا فەرید ابراهیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (24): داداگا بۆی هەیە سەرباری ئەو سزایانەی بۆ ئەو تاوانەی لەم یاسایە دا دەقیان لەسەر کراوە بڕیار دراون حوکم بکات سەرجەم یان هەندێك لەم رێ و شوێنانەی خوارەوە بە گوێرەی حاڵەتەکان:
1-بێبەش کردن لە پیادەکردنی پیشە بۆ ماوەیەك لە (1) ساڵ کەمتر نەبێت و لە (5) ساڵ زیاتر نەبێت.
2-داخستنی دامەزراوەی پزیشکی مۆڵەت نەدراو بە ئەنجامدانی نەشتەرگەریەکانی چاندنی ئەندامەکان کە تیایدا تاوانەکە ئەنجام دراوە بۆ ماوەیەك لە (2) مانگ کەمتر نەبێت و لە (1) سال زیاتر نەبێت، وە ئەگەر شوێنەکە لە دامەزراوە پزیشکیەکان نەبێت ئەوە حوکم دەدرێت بە داخستنی هەتا هەتایی.

3-ڕاگرتنی مۆڵەتی چالاکی چاندنی ئەندامەکان یان بەشـــەکانیان یان شـــانەکانیان لە دامەزراوەی پزیشـــکی مۆڵەتدراو چاندنی ئەندامەکانی بۆ ماوەیەك لە (3) ســـاڵ کەمتر نەبێت و لە (5) ساڵ زیاتر نەبێت.
4-بڵاوکردنەوەی حوکمەکە لە (2) ڕۆژنامەی ڕۆژانە زۆر باو لەســـەر تێچونی کەســـی حوکم لەسەر دراو.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ســوپاس بۆ (د.ڤالا) ســەرۆکی لیژنەی یاســایی، گفتوگۆ لەســەر ماددەی (24) ددەکەینەوە، بەڕێز (بەهزاد دەروێش)، فەرموو.

**بەڕێزبەهزاد دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ماددا (24) سـزایێت وی گرێدایتە ب پزیشـکا ڤە وە ماددێ پێشـووتر سـزایێت خۆ دێ وەرگرن هەرچەندە ئەڤە دێمینیتە بۆ دادگەهێ تەحدید کەت کا ســـزا چەند بیت بەڵام پێم باشـە ئەڤ سـزایە زۆر توند نەبن ب تایبەتی خالا ئێکێ و سێ بۆ نمونە خالا ئێکێ ببیتە (4) مانگ تا (2) سالا و خالا سێ ببیتە (1) ساڵ تا (2) سالا، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆبەڕێز (بەهزاد دەروێش)، بەڕێز (د.سیراج)، فەرموو.

**بەڕێز سیراج احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەو موئەســاســەم وا پێ چاکە مەحروم نەکرێن لە کاری خۆیان وا چاکە غەرامە بکرێن بۆ موئەسەسەیەك هەڵەیەك دەکا ئەو خەڵکەی دیکە دوایی ئیشی پێیە ئەو موئەسەسەیە دوایی چەند مانگ لێرە نووســراپە (1) ســاڵ کەمتر نەبێت و لە (5) ســاڵ تێپەڕ نەکات لە کاەکانی خۆی بوەســتێنرێت هەڵەکە کرایە دەکرێت بە غەرامە چارەســەر بکرێت نەك بە ڕاگرتی کارەکانی خۆیان، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆبەڕێز (د.سیراج)، بەڕێز (صالح فقێ)، فەرموو.

**بەڕێز صالح فقێ محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (24) داد گا لە بری بۆ هەیە کەواتە بۆ هەندێك حاڵەتی بڕیار دەدا بۆ هەندێکی نایدا، دادگا بڕیار بدا نەك بۆی هەبێت، دوو: ئەمانە ئەو دامەزراوانە ناکرێت کاری یاســایی خۆیان نەکەن بۆیە ئەو عقوبانەی دانراون پێم وایە کەمترە لەبەر ئەوەی کە دامەزراوەیەك مۆڵەتی نەبێت یان مۆڵەتەکەی بۆ ئەبێ بۆ شــتی تر جێگای خۆیەتی ســزابدرێت، من یەکەمیان لەگەڵ ئەوەم یەك مانگ بۆ (5) ساڵ نێوانی زۆر زۆرە، (3) بۆ (5) ساڵ بێت، خاڵی دووەمیان لایەنی کەم لە دەست پێدەکات بۆ ساڵێك، ناکرێت لە (2) مانگەوە بۆ داخستن ماوەکەی ئەوەندە دوور بێت، ئەو دوو خاڵەیان ئەو تێبینیەم هەبوو، دوو مانگەکە بکرێتە یەك ساڵ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆبەڕێز (صالح فقێ)، بەڕێز (د.عبدالله جاسم)، فەرموو.

**بەڕێزعبدالله جاسم رجب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ب رەئیا من ئەڤ مادده وەکی خۆ بمینیت چونکی ئەڤە بەحسێ ئەو نەخۆشخانانە ئەوێت مۆڵەت نییە ئەگەر هەبیت دێشێت شۆڵا خۆ بدرستاهی بکەت توشی چ سزایا نابیت ئەگەر شۆلا خۆ بدرستاهی نەکەت و توشی سزا بیت چ موشکیلە نینە، سوپاس.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆبەرێز (عبدالله جاسم)، بەرێز (مصطفی سکری)، فەرموو.

**بەڕێز مصطفی احمد حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی (2) بەرێز (د. ڤالا) وای خوێندەوە نازانم هەر وا نووسراوە یان نا، دامەزراوەی پزیشکی مۆڵەت نەدراو بە ئەنجامدانی نەشتەرگەریەکانی چاندنی ئەندامەکان کە تیایدا نەشتەرگەریەکە ئەنجام دراوە لە (2) مانگ کەمتر نەبێت و لە (1) ساڵ زیاتر نەبێت، ئەگەر مۆڵەت نەدراو بێت هەر دەبی دابخرێت ، بە تەسەوری من مۆڵەت دراوە، سوپاس.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆبەرێز (مصطفی سکری)، بەرێز (قادر رەزگەیی)، فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کاك (صالح) دەلێت راستە یەعنی واتای پێچەوانە واتە دادگا بۆی هەیە یاسای پێچەوانەکە کە بۆی هەیە نەیکا بۆی هەیە بیکا وەلامی لیژنەی یاسایی بۆ ئەوە بێت حاکم لە کاتی دادوەریدا دەگەڕێتەوە سەر ئەو حاڵەتان، ئەوەش راستە راستی من لەگەڵ ئەوەدام دەمەزراوەیەك کە مۆڵەتی نییە ئەو جۆرە نەشتەرگەریە دەکات بەبێ مۆڵەت، دامەزراوەیەکیش کە مۆڵەتی هەیە، ئەو دامەزراوەی کە مۆڵەتی نییە سزاکەی پترە لەو دامەزراوەی کە مۆڵەتی هەیە، یەعنی لە بری داخستنی دامەزراوەکان لە راسیدا هەم حاڵەتەکان لێك جیا بکرێتەوە هەمیش لە بری داخستنی دامەزراوەکان ئەو ماوە زۆرە بۆ داخستنی دەمەزراوەکان لە بری ئەمە زیاتر تەرکیز لەسەر بکەرەکە بێت ئەو کەسەی کە تاوانەکە دەکات نەك دامەزراوەکە، چونکە دامەزراوەکان با سزایان کەم بێت دواجار خەڵك تێیدا زەرەرمەند دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆبەرێز (قادر رەزگەیی)، بەرێز (شکوریە شێخانی)، فەرموو.

**بەڕێز شکوریە سمایل مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پاڵپشتی رایەکەی کاك (صالح) دەکەم، سوپاس.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆبەرێز (شکوریە شێخانی)، لیژنە پەیوەندیدارەکان، دیارە رایان نەبووە، بەڕێز (د.رێکەوت) وەزیری تەندرستی، فەرموو.

**بەڕێز د. رێکەوت حمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تۆ کابرا سجن دەکەی ئیتر موزاوەلەی مهنی ئەکەی قابیلە لە سجنا ئیش بکات، تۆ کابرا هیچ عقووبەیەك لە قەقەرەکانی پێش و لە (7) ساڵ کەمتر نییە دوایی کە ە سجنیش بەر بوو خۆ ئەوە جەریمەیە ئیتر بۆی نییە دکتۆری بکات ئەو پیاوە ئیتر تۆ کێ بیبەش دەکەی، بە قەراری من تۆ سەرباری ئەوەی سزایانە تۆ (7) ساڵ سجنی ئەکەی لە ئیشیش رای دەگریت، قابیلە لە سجن دکتۆری بکات! ئەوە مەوزوعی یەکەم، مەوزوعی دووەم: ئەو

دامەزراوانەی مۆڵەت نەدراون (2) مانگ کەمە هەر ئەبێت داخرێ کابرا کە سـوور ئەزانێت مۆڵەت نەدراوە بۆ چی ئیش دەکات کە ئەزانێ ئەو کەفائەتەی نییە کە ئەزانێ کارەکەی نییە دۆکۆمێنتی یاسـایی نییە ئەبێت دابخرێت، سـێیەم: راگرتنی مۆڵەتی چاندن لەو شـوێنانەی کە مۆڵەت دراوە خۆ دەزگاکە غەڵەتەکە ناکات ، خەڵکەکان غەڵەتەکە ئەکەن، کابرای مودیر عقوبەی ئەدەی (10) ساڵ سجن بەس دەزگاکە چی بکات ئەوکاتە مودیرێکی بۆ دادەنێیت ئیشی خۆی دەکات لە دەزگاکە، خۆ هەیکەلیەکە غەلەتەکە ناکات دکتۆرەکە و تیمەکە و مودیرەکە و خەڵکەکە غەڵەتەکە ئەکەن، بۆیە من غەیری فەقەرە دوو نەبێت ئەو ماددەیە بە زیاد دەزانم، فەقەرە دوو بەو شـێوەیەی لێ بکرێت (ئەو دامەزراوانەی مۆڵەت نەدراون ئەو ئیشـە بکەن پێویسـتە بە هەتا هەتایی هەر دابخرێن) هەتا نەخۆشـخانەی ئەهلیش بێت کە مۆڵەتی نەبێت ئەبێت دابخرێت، چونکە هەر دکتۆرێك کە لە تیمی) transplant) بێـت تیمی چاندن بێت ئەزانێ مۆڵەت هەیە یان نییە ئەزانێ لیژنەیەکە باڵا لە وەزارەت هەیە، وە زۆربەیان خۆیان ئەندامی ئەو لیژنەیەن بە قەناعەتی من ئەو ماددەیە سیغە بکرێتەوە چونکە تۆ کابرا لە سجنا بیت ممارەسەی میهنەی چی بکات، زۆر سوپاس.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز(د.رێکەوت) وەزیری تەندرستی، ئێستا داو لە لیژنەی یاسایی دەکەین بە راوێژکاری لەگەل لیژنە پەیوەندیدارەکان سوود لە تێبینیانە وەرگرن، (د.ڤاڵا)، فەرموو.

**بەڕێز ڤاڵا فەرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای وەرگرتنی پێشـنیاری بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان وە وەزیری پەیوەندیدار لیژنەکان بەم شـێوەیە رێك کەوتین، ماددەی (24) تەدابیری ئیحترازین بۆیە دیباجەکەی وەکو خۆی دەمێنێتەوە، لە خاڵی یەکەم دەڵێین بێبەش کردن لە پیادەکردن پیيشـە بۆ ماوەیەك لە (5) سـاڵ زیاتر نەبێت واتە حەدی ئەدنایەکە هەڵدەگرین کە دەلێین لە (5) سـاڵ کەمتر نەبێت لە (5) سـاڵ زیاتر نەبێت، چونکە لەولایە سـجنمان داناوە کە لە (7) سـاڵ زیاتر نەبێت ئیحتیمالی هەیە (2)ساڵ بگیرێ، (3) ساڵ بگیرێ، بۆیەە لێرە بێبەشکردن لە پیادەی پیشە بۆ ماوەیەك لە (5) سـاڵ ز یاتر نەبێت، حەدی ئەدناکەمان هەڵگرت ، دووەم داخسـتنی دامەزراوەی پزیشکی مۆڵەت نەدراو بە ئەنجامدانی نەشتەرگەری دوو سێ ئەندام پەرلەمان پرسـیاریان هەبوو، تەنها ئەتۆ لێرانە مۆڵەتی پێنەدراوە نەشـتەرگەری چاندن و گواسـتنەوە ئەنجام بداتن ئەو موئەسـەسـەیە ئەگەر نا خۆی موئەسـەسـەیەکی مۆڵەت پێدراوە بۆ کـارەکـانی دیکە، سـێیەکیش لەگەڵ ئوەین وەکو خۆی بمێنێتەوە، چوارەم لەگەڵ هەڵگرتنین،لەگەڵ لیژنەپەیوەندیدارەکان، واتە ماددەکە دەکەینە (3) خاڵ بەو شـێوەی کە روونم کردەوە، ئەگەر جەنابتان رێگا بدەن بیخوێنمەوە بۆ دەنگدان.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز ڤاڵا فەرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (24): داداگا بۆی هەیە سـەرباری ئەو سـزایانەی بۆ ئەو تاوانەی لەم یاسـایە دا دەقیان لەسەر کراوە بڕیار دراون حوکم بکات بە سەرجەم یان هەندێك لە رێ و شوێنانەی خوارەوە بە گوێرەی حاڵەتەکان:

1-بێبەش كردن لە پیادەكردنی پیشە بۆ ماوەیەك لە (5) ساڵ زیاتر نەبێت.
2-داخستنی دامەزراوەی پزیشكی مۆڵەت نەدراو بە ئەنجامدانی نەشتەرگەریەكانی چاندنی ئەندامەكان كە تیایدا تاوانەكە ئەنجام دراوە بۆ ماوەیەك لە (2) مانگ كەمتر نەبێت و لە (1) سال زیاتر نەبێت، وە ئەگەر شوێنەكە لە دامەزراوە پزیشكیەكان نەبێت ئەوە حوكم دەدرێت بە داخستنی هەتا هەتایی.
3-راگرتنی مۆڵەتی چالاكی چاندنی ئەندامەكان یان بەشەكانیان یان شانەكان لە دامەزراوەی پزیشكی مۆڵەتدراو بە نەشتەرگەریەكانی چاندنی ئەندامەكانی بۆ ماوەیەك لە (3) ساڵ كەمتر نەبێت و لە (5) ساڵ زیاتر نەبێت.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆبەرێز(د.ڤاڵا)، ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێنرایەوە دەیخەینە دەنگدان، بەرێز (د.ڤاڵا)، فەرموو.

**بەڕێز ڤاڵا فەرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنە پەیوەندیدارەكان داوا دەكەن خاڵی (3) هەڵبگیرێ واتە تەدابیرەكان تەنها دوو خاڵ بگرێتەوە، یەكەم و دووەم، دەیخوێنمەوە.
1-بێبەش كردن لە پیادەكردنی پیشە بۆ ماوەیەك لە (5) ساڵ زیاتر نەبێت.
2-داخستنی دامەزراوەی پزیشكی مۆڵەت نەدراو بە ئەنجامدانی نەشتەرگەریەكانی چاندنی ئەندامەكان كە تیایدا تاوانەكە ئەنجام دراوە بۆ ماوەیەك لە (2) مانگ كەمتر نەبێت و لە (1) سال زیاتر نەبێت، وە ئەگەر شوێنەكە لە دامەزراوە پزیشكیەكان نەبێت ئەوە حوكم دەدرێت بە داخستنی هەتا هەتایی.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆبەرێز(د.ڤاڵا)، ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێنرایەوە دەیخەینە دەنگدان كێ لەگەڵدایە؟ (44) كەس بە پەسەند دەزانن، ئەوەی دژە؟ (3) كەس دژن، بە زۆرینەی دەنگ ماددەكە پەسەند كرا. كۆی یاساكە، (د.ڤاڵا)، فەرموو.

**بەڕێز ڤاڵا فەرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەرێز سەرۆكی پەرلەمان ئەحكامی خیتامیمان ماوە.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەحكامی خیتامی، (د.ڤاڵا) فەرموو.

**بەڕێز ڤاڵا فەرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەشی شەشەم: حوكمە كۆتاییەكان.
ماددەی (25): قەغەیە بە شێوەیەكی بنیڕ بانگەشە كردن بۆ كەسی بەخشەروو كەسی پێبەخشراو وەرگر بە سیفەتی كەسیەتی لە سەرجەم دەزگاكانی راگەیاندندا.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێنرایەوە دەخەینە دەنگدان كێ لەگەڵدایە؟ (43) كەس بە پەسەند دەزانن، ئەوەی دژ؟ كەس نییە بە كۆی دەنگ پەسەند كرا. ماددەی (26)، فەرموو.

**بەڕێز ڤاڵا فەرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (26)
1-پێشەنگی لە گواستنەوەی ئەندامەکان لە زیندووە عیراقیەکان بۆ عیراقیەکان دەبێت وە دەکرێت ئەندامەکان بۆ جگە لە کەسی عیراقی بگوازرێتەوە ئەگەر نزیکی کەسی بەخشەر بێت.
2-وەزیری تەندروستی پەیرەوی تایبەت بە ڕێکخستنی نەشتەرگەریەکانی گواستنەوەی ئەندامەکان لە کەسانی بەخشەری بیانی دەردەکات.
**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
گفتوگۆ لەسەر ماددەی (26)، بەرێز (د.عبدالله جاسم)، فەرموو.
**بەڕێزعبدالله جاسم رجب:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بۆ زانینا ئەندام پەرلەمانێت مە ئەڤ ئەحکام خیتامی ئەڤە نەصـــا قانوون عێراقی هاتییە یەعنی تەقریبەن هاوشێوەی قانوون عێراقینە، بەس بۆ زانینی جەنابتان، سوپاس.
**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەرێز (د.عبدالله جاسم)، بەرێز (سەهراب میکائیل)، فەرموو.
**بەڕێز سەهراب میکائیل محمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ئەگەر ئەڤ نزیکە دیاری کری بیت دێ باشتر بیت ئەگەر ئەم بێژینێ نزیکا وی کەسی بیت، دەستنیشان بکەن یەعنی قەرابەت تام بیت، سوپاس.
**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەرێز (سەهراب میکائیل)، بەرێز (د.ڤالا) سەرۆکی لیژنەی یاسایی، فەرموو.
**بەڕێز ڤالا فەرید ابراهیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ئەمن پێشـنیار دەکەم بڕگەی یەکەم هەڵبگیرێ تەنها بڕگەی دووەم بمینێتەوە واتە ماددەی (26) تەنها ببێ بە ماددەیەك بڕگەی (1) هەڵبگیرێ چونکە خۆتان دەزانن ئێمە کوردەکان لە چوار دەوڵەت وجوزدی هە یتەنها لە عیراق نا لە هەر چوار دەوڵەتیش خزمایەتی هەی لە نێوانیان، لێرە بە عیراقی و عیراقیەکان بچینەوە پێم وایە بۆ ئێرە راست نییە ، بۆیە ئەو بڕگە هەڵگیرێ باشترە.
**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
ئەگەر مناقەشە نەبیت ماددەکە بەو شێوازە، سوود وەرگرتن لە تێبینیەکان، کاك (سهراب) خاڵی نیزامی؟ فەرموو.
**بەڕێز سەهراب میکائیل محمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
من پرسیارەك کر، ئەگەر ئەو قەرابەت بێتە دیاری کرن دێ باشتر بیت، سوپاس.
**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
ئێستا پێشنیارەك هەی ئەو بڕگە هەموو لاببرێت، ئەو روونکردنەوەیەی 0د.ڤالا) پێشکە شی کرد، بەو شـێوازەی پێشـنیاز کراوە ماددەکە بخوێنرێتەوە بە پشـتوانی ئەندامانی پەرلەمان، (د.ڤالا)، فەرموو.
**بەڕێز ڤالا فەرید ابراهیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (26): وەزیری تەندروستی پەیرەوی تایبەت بە نەشتەرگەریەکانی گواستنەوەی ئەندامەکان لە کەسانی بەخشەری بیانی دەردەکات.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێنرایەوە دەیخەینە دەنگدان کێ لەگەڵدایە؟ (53) کەس بە پەسەند دەزانن، ئەوەی دژە؟ (1) کەس دژە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا. ماددەی (27)، فەرموو.

**بەڕێز ڤالا فەرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (27)

1-وەزیر بۆی هەیە رەزامەندی بدات لەسەر دامەزراندنی بانکی ئەندام و شانە مرۆییەکان لە هەر نەخۆشخانەیەك یان بکەیەکی پزیشکی بۆ کۆکردنەوە و پاراستن و دابین کردنی شانەکانی چاندنی گلێنە و شانەکانی دیکە و بۆ مەبەستەکانی چاندن بەو مەرجەی لەو دامەزراو  گشت توانا هونەریە پێویستیەکان هەبێت.

2-وەزیر بۆی هەیە رێنمایی بۆدیاری کردنی رێگاکانی کۆکردنەوە و پاراستنی ئەندامەکان یان شانەکان لەو دەمەزراوانەی لە بەندی یەکەمی ئەو ماددەیە دەقیان لەسەر کراوە دەربکات.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەو ماددەیە دەخەینە گفتوگۆ، بەرێز (د.رێواس)، فەرموو.

**بەڕێز رێواز فائق حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارەی (مریم) خان کردبووی لە سەرەتای جەلسەکەیا، ئەمە تەقریبەن ئەمە یەعنی مەبدەئە عامەکە لەناو قانوونەکەیا ئەچەسپێت باشترە بدرێت بە بەرێز (د.رێکەوت) بۆ ئەوەی ئیستیفادەی لێ بکات لە کاتی دەرکردنی نیزامەکە یا، مەبدەئەکە بڕوا دواتر بۆ تەفاصیل لە ناو نیزامێکدا بێت کە بدرێت بە بەڕێز وەزیرەی تەندروستی.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز (د.ڕێواس)، بەرێز (د.مریم صمد)، فەرموو.

**بەڕێز مریم صمد عبدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان رای  (د.رێواس) هەبوو سوپاسی دەکەم ئەگەر کاك (د.رێکەوت) بە هەندی وەرگری.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز (د.مریم صمد)، داوا لە بەرێز وەزیری تەندروستی دەکەین ئەگەر تێبینیەك هەیە لەسەر ماددەی (27)، فەرموو.

**بەڕێز د. رێکەوت حمە رشید (وەزیری تەندروستی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارەی (د.رێواز) و (مریم) خان بە هەند وەردەگرم.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز وەزیری تەندروستی، داوا لە لیژنەی یاسای دەکەین ماددەکە بخوێنرێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز ڤالا فەرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (27)
1-وەزیر بۆی هەبیە رەزامەندی بدات لەسەر دامەزراندنی بانکی ئەندام و شانە مرۆییەکان لە هەر نەخۆشخانەیەك یان بنکەیەکی پزیشکی بۆ کۆکردنەوە و پاراستن و دابین کردنی شانەکانی چاندنی گلێنە و شانەکانی دیکە بۆ مەبەستەکانی چاندن بەو مەرجەی لەو دامەزراوە گشت توانا هونەریە پێویستەکان هەبێت.
2-وەزیر بۆی هەیە رێنمایی بۆ دیاری کردنی رێگاکانی کۆکردنەوە و پاراستنی ئەندامەکان یان شانەکان لەو دەمەزراوانەی لە بەندی یەکەمی ئەم ماددەیە دەقیان لەسەر کراوە دەربکات.
**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێنرایەوە دەیخەینە دەنگدان کێ لەگەڵدایە؟ (54) کەس بە پەسەند دەزانن، ئەوەی دژە؟ کەس نییە، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا. ماددەی (28)، فەرموو.
**بەڕێز ڤالا فەرید ابراهیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (28): دامەزراوەی مۆڵەتدراو پابەند پابەند دەبێت بە ئەنجامدانی پشکنینی (ئیکلینیکی) و تاقیگەیەکانی پێویست لەسەر کەسی بەخشەر یان وەسیەتکار بەر لە مردنی لەسەر ئەو ئەندامانەی یان شانانەی دەویسترێت ببەخشرێت یان وەسیەتیان پێ بکرێت لە دوای ریشەکێشکردنیان لە جەستەکەی بۆ مسۆگەر کردنی سەلامەتیان، خاڵی بوونیان لە نەخۆشیە گوێزراوەکان.
**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
مناقەشە؟ بەرێز (د.رێکەوت) وەزیری تەندروستی، فەرموو.
**بەڕێز د. رێکەوت حمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ئەو دامەزراوەی مۆڵەتدراو ئەبێت بکرێت بە دامەزراوەی تەندروستی چونکە خۆ ئەو نەخۆشە لەو دامەزراوە نییە، مەسەلەن نەخۆشەکە لە چاودێری چرە ئەو نەخۆشەی کە وەسیەتی کردووە، ئەوانەی لەسەر مردنە سەیارە لێیداوە یان ئەوانەی توشی حادیسە بووە یان نەخۆشیەکی هەیە لە چاودێری چرە لەوانەیە لە دەمەزراوەیەکی تر بێت ئەو (ئیکلینیکی)یە بکەن بە (کلینیکی)، ئەو (ی) زیادە، لەبەر ئەوەی دەمەزراوەی تەندروستی پابەند دەبێت بەوە یان ئەو تیمە پابەند دەبێت بەوە، دامەزراوە تەندروستیەکان پابەند دەبێت، سوپاس.
**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەرێز وەزیری تەندروستی هەرێمی کوردستان، بەرێز لیژنەی یاسایی، فەرموو.
**بەڕێز ڤالا فەرید ابراهیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
لیژنە پەیوەندیدارەکان بە پێشنیاری بەرێزیان وەرگرت و ماددەکە بەو شێوەیە دەخوێنرێتەوە:
ماددەی (28): دامەزراوەی تەندروستی پابەند دەبێت بە ئەنجامدانی پشکنینە (کلینکی) و تاقیگەیەکانی پێویست لەسەر کەسی بەخشەر یان وەسیەتکار بەر لە مردنی لەسەر ئەو ئەندام یان شانانەی کە دەویسترێت ببەخشرێت یان وەسیەتیان پێ بکرێت لە دوای ریشە کێشکردنیان لە جەستەکەی بۆ مسۆگەر کردنی سەلامەتیان خاڵی بوونیان لە نەخۆشیە گوێزراوەکان.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
ئەو ماددەیە بەو شـــێوازەی خوێنرایەوە دەیخەینە دەنگدان کێ لەگەڵدایە؟ (52) کەس بە پەسەند دەزانن، ئەوەی دژە؟ کەس نییە، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا. ماددەی (29)، فەرموو.
**بەڕێز ڤاڵا فەرید ابراهیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
مـاددەی (29): ئەگەر ئـاڵوگۆڕ لەگەڵ بـانکە جیهـانیەکـان تـایبەتمەنـدەکـان لە ئەنـدامە مرۆییەکان ئەنجام درا ئەوە پێویستە گشت رێکارە یاساییی و تەندروستیە پەیرەو کراوەکان لەو جۆرە حاڵەتانە بگرترێتە بەر بۆ سەلماندنی سەلامەتی ئەندامە مرۆییەکان لە نەخۆشیە گوێزراوەکان.
**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
ئەو ماددەیە بەو شـــێوازەی خوێنرایەوە دەیخەینە دەنگدان کێ لەگەڵدایە؟ (54) کەس بە پەسەند دەزانن، ئەوەی دژە؟ کەس نییە، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا. ماددەی (30)، فەرموو.
**بەڕێز ڤاڵا فەرید ابراهیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (30): کار بە هیچ یاسـایەك یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەو یاسـایەدا ناکرێت.
**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
ئەو ماددەیە بەو شـــێوازەی خوێنرایەوە دەیخەینە دەنگدان کێ لەگەڵدایە؟ (53) کەس بە پەسەند دەزانن، ئەوەی دژە؟ کەس نییە، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا. ماددەی (31)، فەرموو.
**بەڕێز ڤاڵا فەرید ابراهیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (31)
1-پێویسـتە لەسـەر وەزیر رێنمایی پێویسـت بۆ ئاسـان جێبەجی کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.
2-پێویســـتە لەســـەر وەزیر لە رێگاری لیژنە رێنمایی تایبەت بە کارو بەرپرســـیاریەتی هەیکەلیەتی پرۆگرامی بەخشین و چاندنی ئەندامەکان دەربکات.
**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
ئەو ماددەیە بەو شـــێوازەی خوێنرایەوە دەیخەینە دەنگدان کێ لەگەڵدایە؟ (59) کەس بە پەسەند دەزانن، ئەوەی دژە؟ کەس نییە، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا. ماددەی (32)، فەرموو.
**بەڕێز ڤاڵا فەرید ابراهیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
مـاددەی (32): ئەم یـاســـایە لە رێکەوتی بڵـاوبوونەوەی لە رۆژنـامەی فەرمی (وقـائع الکردستان) جێبەجێ دەکرێت.
**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
مناقەشـە نییە تێبینی نییە، ئەو ماددەیە بەو شـێوازەی خوێنرایەوە دەیخەینە دەنگدان کێ لەگەڵدایە؟ (47) کەس بە پەسەند دەزانن، ئەوەی دژە؟ کەس نییە، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا. هۆیەکانی دەرچواندن، فەرموو.
**بەڕێز ڤاڵا فەرید ابراهیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
**هۆیەکانی دەرچواندن**

لە پێناو پشـــتوانیکردنی هاریکاری و بەخشـــین لە کۆمەڵگەدا و بەرجەســـتە کردنی بەها و ماناکانی مرۆڤایەتی و قوربانیدان و بەزەیی بەك هاتنەوە و پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری و یارمەتیدانی کەسانی دیکەو دەرباز کردنی ژیانیان ئەو یاسایە دەرچوێنرا.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

تێبینی لەسەر هۆیەکانی دەرچواندن، بەڕێز (ابو کاروان)، فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس عبدالرحمن (ابو کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە گەل ئەوەیا نیم ئەو بەزەییە بەکار بهێنرێ، بەزەیی بۆ ئینسان ناکرێت، سوپاس.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ ئەو تێبینیە، بەرێز (د.رێکەوت) وەزیری تەندروستی.

**بەڕێز د. رێکەوت حمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشـە لە پێناو (رێکخسـتنی بەخشین)، نەك (پشـتوانیکردنی هاریکاری)، چونکە یاسـا بۆ پشـتوانیکردن نییە، یاسـا بۆ رێکخسـتنە، لە پێناوی رێکخسـتنی بەخشـین لە کۆمەڵگادا، لەگەڵ رایەکەی کاك (ابو کاروان)، (بەزەیی) نا، قوربانیدان یارمەتی یەکتر شـتێکی ئاوای لێ بکرێت، سوپاس.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ســـوپاس بۆ بەرێز (د.رێکەوت) وەزیری تەندروســـتی، لیژنەی یاســـایی بە رەچاو کردنی تێبینیەکان، فەرموو.

**بەڕێز ڤاڵا فەرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە پێناو رێکخســـتنی و بەخشـــین لە کۆمەڵگەدا و بەرجەســـتە کردنی بە ها و ما نا کانی مرۆڤایەتی و قوربانیدان و بەخشـندەیی و میهرەبانی وە پێشـکەش کردنی خزمەتگوزاری و یارمەتیدانی کەسانی دیکەو و دەرباز کردن ژیانیان ئەو یاسایە دەرچوێنرا.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە بەو شـــێوازەی خوێنرایەوە دەیخەینە دەنگدان کێ لەگەڵدایە؟ (54) کەس بە پەســـەند دەزانن، ئەوەی دژە؟ کەس نییە، بە کۆی دەنگ یاســـاکە پەســـەند کرا. پیرۆزە لە پەرلەمانی کوردســـتان ، پیرۆزە لە خەڵکی کوردســـتان، بەرێزان بڕگەیەکمان ماوە داوا لە لیژنەی تایبەت دەکەین بۆ دارشـتنەوەی راسـپاردەکان بۆ ئەوەی راسـپاردەکان بخوێننەوە، پێش ئەوەش روونکردنەوەکمان هەیە لە ســـەرۆکایەتی پەرلەمان، بەداخەوە دیارە لە ناو تۆرە کۆمەلایەتیەکان پرۆ پاگەندەیەکی وا بڵاو کراوەتەوە کە ئەم دانیشـــتنە رێگر بووە بۆ ئەوەی چەکی قورس پەسەند بکرێت رۆژئاوا بنێردرێت، بە هەر شێوازەك بیت داوا لە خاتوو (بێگەرد) تـاڵەبـانی دەکەم ســـکرتێری پەرلەمـان بە نـاوی ســـەرۆکـایەتی پەرلەمـان ئەو روونکردنەوە پێشـکەس بە ئێوە بکەین و بە رای گشـتی کوردسـتان بگەینین، وە داواش لە لیژنە دەکەین نوێنەری لیژنە بێت.

**بەڕێز بێگەرد تاڵەبانی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کۆمەلێك پرو پاگەندەی نادروســـت بڵاو کراوەتەوە لەســـەر ئەو دانیشـــتنەی پەرلەمانی کوردســـتان کە یەکێك لە بڕگەکانی تایبەت کرا بوو بە خەڵکی خۆشـــەویســـتی خۆرئاوای کوردســـتان بە تایبەتی کاتۆنی (عەفرین) کە گوایە ســـەرۆکایەتی پەرلەمان رێگەی نەداوە

هێزی سەربازی قورس بچێتە عەفرین بۆیە فراکسیۆنی گۆران بایکۆتی کردووە، ئێمە لێرە دەمانەوێ بە شایەدی سەرجەم پەرلەمانتارانی کوردستان کە ئەمرۆ حزورتان هەبووە لە ناو هۆڵی پەرلەمان کە ئەم جۆر هەواڵانە رەت دەکەینەوە وە دوورە لە راستییەوە بۆیە بە پەرلەمانتاران و رای گشتی رادەگەیەنین وێری دەرفەت دان بە فراکسیۆنەکان بە شێوەیەکی روون کە سەرنجی خۆیان لەسەر ئەم مەبەستە بخەنە روو لە هەمان کاتیشدا لیژنەیەك تەشکیل کرا بۆ ئەوەی ئەم لیژنەیە گەڵاڵەی سەرجەم راسپاردە و فراکسیۆنە جیاوازەکانی ناو پەرلەمانی کوردستان بکات، وە ئێستا نوێنەری ئەو لیژنەیە راسپاردەکان دەخاتە بەر دەم ئێوەی بەڕێز وە لە هەمان کاتیشدا دەمانەوێت ئەوە بلێین کە بەراستی ئەرکی پەرلەمان و پەرلەمانتارانە کە ئەوەی راستییە بیگەێننە خەڵی کوردستان و بەتایبەت خەڵکە هەرێمی کوردستان، وە ئەوەی کە مایەی خۆشحالییە ئەوەی دەمانەوێت بیلێین لە ناو هۆڵی پەرلەمان نوێنەری خەڵکی خۆرئاوای کوردستان و کانتۆنی عەفرین شایەتحاڵی ئەم دانیشتنەی پەرلەمانی کوردستان بووە کە ئەمە موزایەدەیەکی زۆر روونە لەسەر پەرلەمان و باقی پەرلەمانتاران کە لە ناو هۆڵی پەرلەمان وجوودیان هەبووە کرا بۆیە ئومێد دەکەین ئەو جۆرە شێوازی کاردانەوانە لەگەڵ یەکتریدا بەکار نەهێنین وە ئەوەی راستییە بیگەێنینە خەڵکی کوردستان دووبارە پشتوانی خۆشمان بۆ خەڵکی خۆشەویستی عەفرین دووپات دەکەینەوە، سوپاس.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (بێگەرد تاڵەبانی) سکرتێری پەرلەمانی کوردستان، ئێستا داوا لە بەرێز (سالار محمود) دەکەین بە نوێنەرایەتی لیژنەی تایبەت راسپاردەکان بۆ ئێوەی بەرێز بخوێنتەوە، فەرموو. زۆر سوپاس بۆ بەرێز (د.رێکەوت) وەزیری تەندروستی هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بەرێزان رای گشتی خەڵکی کوردستان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان هەڵوێستی فەرمی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە هێرشی سەربازی دەولەتی (تورکیا) بۆ سەر کانتۆنی (عەفرینی) رۆژئاوای کوردستان، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (5)ی رۆژی (2018/1/30) سەبارەت بە هێرشی داگیرکاری دەوڵەتی تورکیا بۆ سەر کانتۆنی عەفرینی خۆرئاوای کوردستان هەڵوێستی فەرمی گەلی باشووری خۆرئاوای کوردستانی بە دۆخانەی خوارەوە راگەیاند:

1-شەرمەزار و ئیدانەی هێرشی سەربازی تورکیا دەکەین بۆ سەر شاری (عەفرین)ی رۆژئاوای کوردستان.

2-داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵی بە خێرایی بێنەسەر خەت بە مەبەستی راگرتنی هێرشی نارەوای تورکیا بۆ سەر کانتۆنی عەفرین.

3-پێویستە دەوڵەتی تورکیا رێز لە بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی و دراوسێیەتی بگرێت و داواش دەکەین دەست بەجێ هێرش و پەلامارەکان رابگرێت.

4-داوا لە رێخراوە مرۆییە نێودەوڵەتیەکان و لایەنەکانی کۆمەك بەخش دەکەین بە هانای خەڵکی مەدەنی شاری عەفرینەوە بچن بە پێشکەشکردنی هاوکاری و دابەش کردنی پێداویستە مرۆییە سەرەتاییەکان.

5-بەرگری رەواو قارەمانانەی ژنان و پیاوانی خەڵکی خۆرئاگری رۆژئاوا وکانتۆنی عەفرین بەرز دەنرخێنین هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین.

لەم سۆنگەیەشەوە وەکو پەرلەمانی کوردستان ئەم پێشنیارانەی خوارەوە دەخەینە روو:
1-سنووری نێوان هەرێمی کوردستان و خۆرئاوا کراوە بێت بۆ گەیادنی هاوکاری و کۆمەکی و هاوکاری پێویســـت لە رووی تەندروســـتی و مرۆییەوە بۆ خەڵکی لێقەوماوی کانتۆنی عەفرین بە تایبەتی و رۆژئاوای کوردستان بە گشتی.
2-پێویســـتە هێز و لایەنەکانی رۆژئاوای کوردســـتان بە لەبەر چاو گرتنی مەترســـییەکانی لەســـەر رۆژئاوا ناکۆکیەکانیان بەلاوە بنێن و لە رێگای دایەلۆگ و یەکتر قبوول کردنەوە یەکریزی نەتەوەیی دروست بکەن و دەستکەوتەکانیان لەم پێناوەدا بپارێزن.
3-بەســـتنی کۆنگرەی نەتەویی کوردســـتان لەم قۆناغ بە پێویســـت دەزانین بۆ راپەراندنی ئەرکە هاوبەشـــە نیشـــتمانیەکان و پێویســـتە بەرژەوەندی باڵای گەلی کوردســـتان بە کردار بخرێتە سەرووی بەرژەوەندییە ئایدۆلۆژی و حزبی و سیاسیەکانەوە.
لە کۆتایدا بەناوی پەرلەمانی کوردستان سوپاس و ستایشی هەڵوێتی بوێرانەی جەماوەری گەلی کوردستان لە باشوورو رەوەندی کوردستانی لە وڵاتانی دەرەوە دەکەین، لەپشتوانی کانتۆنی عەفرین و خەڵکی قارەمانانی خۆرئاوا، خوازیارین خۆپیشـــاندان و چالاکیەکان بۆ کۆتـایی هێنـان بە هێرش و پەڵـامـاری تورکیـا بەردەوام بن چونکە ئەزموونی رابردوو بۆ هەموو لایەکی سەلماندووە کێشەو ناکۆکیەکان بە هێز چارەسەر نابن و لۆژیکی گفتوگۆی ئاشـــتینە کلیلی چارەســـەری هەموو کێشـــشـــەکانە ســـەرکەتن بۆ ئیرادەی گەلەکەمان لە رۆژئاوای کوردستان و سڵاو و رێز بۆ شەهیدانی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (سالار محمود) بە نوێنەرایەتی لیژنەی تایبەت ئەم راسپاردانەی پێشکەش بە ئێوەی بەرێز کرد، کاك (د. فرست صۆفی)، فەرمووو.

**بەڕێزفرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دەستخۆشی لە کاك (ساڵار) دەکەین بە نوێنەرایەتی سەرجەم ئەو بەشداربونەی کە بۆ دارشتنەوەی ئەم هەڵوێستەی پەرلەمانی کوردستان نووسیەوە بۆ ئەوەی دەقیق بین لەبەر ئەوەی نوێنەری فراکسیۆنەکان لەم دانیشتنە بوون مەصتەلەحەکان وەکو خۆی بەکار بێت ـــــئێمە لەم یاداشتە شاری عەفرینمان بەکار هێناوە بۆیە وا رێککەوتووین لەسەری ئەبێت شاری عەفرین بمێنێتەوە بەو شێوەی لە ناو یاداشتەکە نووسراوە، زۆر سوپاس.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ روونکردنەوەی کاك (د.فرست) بەرێز کاك (ابو کاروان)، فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس عبدالرحمن (ابو کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەوەی کە داکۆکی دەکا لە عەفرین لەوێ سیغەیەکە پێویستە بوترێت دەرەوەی عەفرین و دەرەوەی رۆژئاوا خەڵك هاتووە لەوێ چەکی هەڵگرتووە دیفاعی کردووە، باشـــە ئەوە ئیزافە بکرێت، سوپاس.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ســـوپاس بۆ بەرێز کاك (ابو کاروان)، دیارە ئەمە پرۆژە یاســـا نییە لێرە ئیزافاتی تێدا بکرێت، دوای رەچاو کردنی تێبینیەکانی ئێوە ئەوە بڵاو دەکرێتن بەناوی پەرلەمانی کوردســـتانەوە،

بەڕێزان سـوپاس بۆ هەمووتان دووبارە سـوپاس بۆ (ساڵار محمود) بە نوێنەرایەتی لیژنەی تایبەت بۆ خوێندنەوەی ئەو راســـپاردانە، بەڕێزان بەیانی ســـەعات (10) بۆ تەواو کردنی بەرنامەی کار دانیشتن دەست پێدەکات، سوپاس بۆ لیژنەی یاسایی، لیژنەی تەندروستی، لیژنەی ئەوقاف، لیژنەی مافی مرۆڤ.

| | | |
|---|---|---|
| **بێگەرد دلشاد تاڵەبانی** | **جعفر ابراهیم ئێمینکی** | **د. یوسف محمد صادق** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (6)ی
چوارشەممە ڕێکەوتی 31\1\2018
خولی چوارەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (6)
# چوار شەممە رێکەوتی 2018/1/31

کـاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوار شـــەممە رێکەوتی 2018/1/31 پەرلەمـانی کوردســتان - عێراق بە ســەرۆکایەتی بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی جێگری ســەرۆك و، بەڕێز بێگەرد تاڵەبانی سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (6)ی خولی چوارەمی, ساڵی (2018) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکـانی بڕگە (1)ی مـاددە (20) لە پەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هەموارکراوی ســاڵی 1992ی پەرلەمانی کوردســتان - عێراق, دەســتەی ســەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا کاتی دانیشــتنی ژمارە (6)ی خولی بەهارەی ســاڵی پێنجەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە رێکەوتی 2018/1/31 دا بەم شێوەیە بێت:

1/ گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسـای هەمواری یاسـای هاتوچۆی ژمارە (86) ی سـاڵی (2004) لە هەرێمی کوردســـتان ــــــ عیراق بە پێی ماددە کانی (72 و 74 و 75) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ی ساڵی (1992)ی هەموار کراو.

2/ خوێندنەوەی یەکەمی ئەم پرۆژە یاســـایانەی خوارەوە بە پێی ماددەی (71) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو.

1/پرۆژە یاسای پاراستنی تۆڕو دامەزراوەکانی ئاو و ئاوەڕۆ لە هەرێمی کوردستان - عیراق لەلایەن ئەنجومەنی وەزیراوەنەوە پێشکەش کراوە.

3/ دانانی ئەم ئەندامە بەڕێزانە لە لیژنە هەمیشـــەییەکانی پەرلەمانی کوردســـتان بە پێی ماددەی 44 لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو.

1/ زیادکردنی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (ایوب عبداللە رســـول) بۆ ســـەر لیژنەی کاروباری پەرلەمان.

2/ زیادکردنی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (عبدالرحمن فارس عبدالرحمن/ ابو کاروان) بۆ سەر لیژنەی کاروباری کۆمەڵگەی مەدەنی.

4/ گفتوگۆ کردنی پەیڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـان کوردســـتـان لەلـایەن لیژنەی کـاتی بۆ پێداچوونەوەی پەیڕەوی ناوخۆی ئامادەکراو بە پێی بڕیاری ژمارە (26) ی ســـاڵی (2014) و بڕگەی (8) لە ماددەی (56) ی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو, پاڵپشــت بە ماددەی 94 ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردســتان ژمارە (1)ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو,

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

دانیشـــتنەکەمان بە ناوی گەلی کوردســـتانەوە دەســـت پێ دەکەین، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی پێنجەم، دانیشتنی ژمارە (6)، رۆژی دانیشتن (2018/1/31) ، بەرنامەی کار: بە پێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردســـتان ـ عیراق، ژمارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا کاتی دانیشتنی ژمارە (6)ی خولی پاییزەی ساڵی پێنجەم لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمـان لە کـاتژمێر 11ی نیوەڕۆ، رۆژی چوارشـــەممە رێککەوتی (2018/1/31) بێـت و بەرنامەی کاری دانیشتنەکە بەم شێوەیەیە:

1/ گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسـای هەمواری یاسـای هاتوچۆی ژمارە (86) ی سـاڵی (2004) لە هەرێمی کوردســـتان ـــــ عیراق بە پێی ماددە کانی (72 و 74 و 75) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ی ساڵی (1992)ی هەموار کراو.
2/ خوێندنەوەی یەکەمی ئەم پرۆژە یاســـایانەی خوارەوە بە پێی ماددەی (71) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو.
1/پرۆژە یاسای پاراستنی تۆڕو دامەزراوەکانی ئاو و ئاوەڕۆ لە هەرێمی کوردستان - عیراق لەلایەن ئەنجومەنی وەزیراوەنەوە پێشکەش کراوە.
3/ دانانی ئەم ئەندامە بەڕێزانە لە لیژنە هەمیشـــەییەکانی پەرلەمانی کوردســـتان بە پێی ماددەی 44 لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو.
1/ زیادکردنی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (ایوب عبدالله رســـول) بۆ ســـەر لیژنەی کاروباری پەرلەمان.
2/ زیادکردنی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (عبدالرحمن فارس عبدالرحمن/ ابو کاروان) بۆ سەر لیژنەی کاروباری کۆمەڵگەی مەدەنی.
4/ گفتوگۆ کردنی پەیڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـان کوردســـتـان لەلـایەن لیژنەی کـاتی بۆ پێداچوونەوەی پەیڕەوی ناوخۆی ئامادەکراو بە پێی بڕیاری ژمارە (26) ی ســـاڵی (2014) و بڕگەی (8) لە ماددەی (56) ی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو، پاڵپشـت بە ماددەی 94 ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردسـتان ژمارە (1)ی سـاڵی (1992) ی هەموار کراو، داوا لە بەڕێز سـکرتێری پەرلەمان خاتوو بێگەرد تاڵەبانی دەکەم پوختەی دانیشـــتنی پێشـــتر و غیابات بە هۆ و بێ هۆ پێشـــکەش بکات، فەرموو.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی/ سکرتێری پەرلەمان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

1/ دەستپێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان.
2/ خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی ئامادەبوو و ئامادە نەبوو، هەروەها خوێندنەوەی پوختەی دانیشتنی پێشوو لەلایەن سکرتێری پەرلەمان.
3/ دەنگدان لەسەر ئاڵوگۆڕکردنی بڕگەی (5) بۆ (1) لە بەرنامەی کار.
4/ خوێندنەوەی پەیامی فراکســـیۆنەکانی پەرلەمان لەلایەن ســـەرۆك فراکســـیۆنەکان سەبارەت بە باوردۆخی ئێستای عفرین.
5/ گفتوگۆ کردن و پەســـەند کردنی پرۆژە یاســـای چاندن و گواســـتنەوەی ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ بە ئامادەبوونی بەڕێز د.رێکەوت حمە رشید وەزیری تەندروستی هەرێمی کوردستان.
6/ خوێندنەوەی هەڵوێستی فەرمی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە هێرشی سەربازی دەوڵەتی تورکیا بۆ سەر کانتۆنی عفرین لە رۆژئاوای کوردستان لەلایەن ئەندامی پەرلەمان بەڕێز سالار محمود.
7/ دواخســـتنی دانیشـــتنی پەرلەمان بڕگەکانی تری بەرنامەی کار بۆ رۆژی چوارشـــەممە رێککەوتی (2018/1/31) کـاتژمێر (11) ی پێشـــنیوەڕۆ. نـاوی ئەنـدامـانی پەرلەمـان کە لە دانیشـتنی ژمارە (5) ی ئاسـایی لە بەرواری 2018/1/30 مۆڵەت پێدروان یان بە بێ مۆڵەت ئـامـادە نەبوون (ئـاواز جەنگی (مۆڵەت)، ادریس علی(مۆڵەت)، جمـال عوســـمـان (ئامادەنەبوو)، دڵشـاد شـعبان (ئامادەنەبوو)، شـیرین حسـنی (مۆڵەت)، شـامۆ شـێخۆ (مۆڵەت)، ڤیان عباس (مۆڵەت)، بەهار عبدالرحمن (مۆڵەت)، پەری صـــالح (ئامادەنەبوو)،

جوان اســـماعيل (ئامادەنەبوو)، رابوون تۆفيق (ئامادەنەبوو)، زولفا محمود (ئامادەنەبوو)، عمر صـــالح (مۆڵەت)، ئايدن معروف (مۆڵەت)، باپير كامڵا (مۆڵەت)، كمال يەلدا (مۆڵەت)، يعقوب گورگيس (مۆڵەت).
ئەو بەڕێزانەی بۆ دانيشـــتنی ئەمرۆ داوای مۆڵەتيان كردووە ( فيروز طه، ئاواز جەنگی، د.ابراهيم سـمۆ، شـێركۆ حمە امين، سـهراب ميكائيل، سـهام عمر، عمر صـالح، عبدالرحمن فارس، ابوكاروان، شيرين حسنی، ڤيان عباس، زياد حسين عبدالكريم، فايق مصطفی، عمر عينايەت، رۆزا محمود، عادل عزيز، ايوب عبدالله، فراكسـيۆنی گۆران، حسـن صـالح، ادريس علی)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئيمينكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سـوپاس بۆ بەڕێز بێگەرد تاڵەبانی، ديارە هيچ تێبينيەك لەسـەر پوختەی كۆنووسـی پێشـتر نييە، دوو خاڵی نيزامی هەيە، د.جوان فەرموو.

**بەڕێز د.جوان اسماعيل عزيز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ئامادە بووم بەس وەرەقەی غيابات نەهاتووەتە لای ئێمە تاوەكو واژووی لەســـەر بكەين، لەناو قاعەی بووين ئێمە، شەفتی يەكەم.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمينكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ ئەوە راست دەكرێتەوە، پەروا خان فەرموو.

**بەڕێز پەروا علی حەمە محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڵی منيش هەمان سەرنجم هەبوو.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمينكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ ئەوەش وەردەگيرێ، ئەوە راســـت دەكرێتەوە، ديارە پوختەكە پەســـەند كرا، خاڵی نيزامی د.ڤاڵا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤاڵا فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەنها لەسـەر خاڵی چوارەمی بەرنامەی كار پەيڕەوی ناوخۆ ئێمە لە ليژنەی ياسـايی لەگەڵ ليژنەی پەيوەندارەكان ........... صوتەكە نيە.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمينكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس پێشنيارەكەت گەيشت، كاك محمود فەرموو.

**بەڕێز محمود حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێنشيار دەكەم بڕگەی دووەم و سێيەم پێش بخرێت، لەبەرئەوە ئاسانترە و بە لە جياتی دانانی بڕگەی يەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمينكی/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشـتگيری بەڕێز د.ڤاڵا دەكەم، پێشـتريش كە پەيڕەومان هێنايە بەرنامەی كار، وا رێككەوتين كە ئەگەر بـابەتێكی تر يـان هەر يـاســـايەك هـاتە پێش دەكرێ ئەم پەيڕەوە رابگيرێ تـا موناقەشـەی ئەم بابەتە ياسـاييە دەكرێ، بۆيە پتشـگيری دەكەم كە ئەگەر پرۆژەی ياسـای

چاکســـازی یان هەر پرۆژەیەك یان هەر بابەتێکی گرنگ هاتەپێش دەکرێ لیژنەی پەیڕەو کارەکانی خۆی رابگرێت تا ئەم بابەتە تێ پەر دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ئاری فەرموو.

**بەڕێز ئاری محمد هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە بۆچوونەکەی بەڕێز کاك محمود دەکەم لە بزوتنەوەی گۆران، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك انور فەرموو.

**بەڕێز انور قادر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری پێشنیارەکەی کاك محمود دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطيف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە داواکەی د.ڤاڵا دەکەم لەبەرئەوەی کۆمەڵێك یاسای گرنگ هەیە کە ئێمە ئیشی لەسـەر دەکەین پەیوەندارە بە چاکسـازیەکان لە دەسـەڵاتی دادوەری و لە دەسـەڵاتی جێ بەجێ کردن، بۆیە گرنگە ئێمە پەیڕەو نەبێتە رێگر لەبەردەمی هاتنە ناوەوەی ئەو ڕاپۆرتانە لە کاتی تەواو بوونی داو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان شیخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لە هەمان داواکەی د.ڤاڵا و د.فرست و تەلار خان دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دیارە ئەوپێشـنیارەی د.ڤاڵا بە پشـتیوانی ئەندامانی پەرلەمان، ئەوە دوو بەشـی هەیە یان خۆی هەموو بڕگەکە دەکەوێتە دانیشتنەکانی دواتر یان بەش بەش پێشنیارێکی وا هەبووە کە پەیڕەو خۆی بەش بەش لە دانیشـــتنە کانی پەرلە مان یەکلایی بکرێتەوە، یەعنی هەم دانیشــتنەکانی پەرلەمانی پێشــتر بەردەوام دەبوون هەر جارە و بەشــێك، ئینجا بابەتی تر هات با پێش و دەکەوتە بەرنامەی کار، هەر ئەو نەریتەی پێشتر پەیڕەو کراوە لەم پەرلەمانە، بەرنامەکانی کار بەردەوام بن و هەر جارە و بەشـــێك لە پەیڕەوی نـاوخۆ لە نـاو هۆڵی پەرلەمان یەکلایی بکرێتەوە لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، لە پەیڕەوە نوێیەکە، ئەوجا بەو شێوازە دەیخەینە دەنگدان، د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی بخرێتە دەنگدان ئێمە وەکو لیژنەی پەیڕەوی ناوخۆ میکانیزمیکمان پەســەند کردبوو ئەو کاتە کە دەستمان پێی کرد، لەناو میکانیزمەکە ئەمرۆش کە دێتە سەر ئەو خاڵە دووبارە میکانیزمەکە دەخوێنینەوە، لەناو میکانیزمەکە بۆ خۆی ئەوەی تیایە، یەعنی ئەوەی تیایە کە هەر کاتێك بابەتێك هاتە پێشەوە و لەم پەرلەمانە دەنگیشی لەسەر دراوە، بابەتێك هاتە پێشەوە دەتوانرێ پەیڕەوی ناوخۆ بوە ستێنرێت و ئەو بابەتە بخرێتە بەرنامەی کارەوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستا ماجد فەرموو.

**بەڕێز ماجد عثمان توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێموایە کۆمەڵێك یاسا هەیە یان پرۆژە یاسامان ئامادەکردووە کە ئێمە گفتوگۆی لەسەر بکەین، نازانم پەیڕەوی ناوخۆ ئێستا دەتوانم بڵێم لە وەقتە زائیع دایین، ئێستا ئەو خولەی پەرلەمان لەکۆتایی خولەکەدایە، ئیستا بۆچی هێندە ئیهتمام دەدرێت لەسەر هەموارکردنەوەی پەیڕەوی ناوخۆ، بۆ نموونە ئێستا ئێمە پرۆژەیەکمان هەیە دوو خەتە، بە پێنج دەقیقە جی بەجێ دەکرێت، هی پێکهاتەکانی تورکمان، تاوەکو ئێستا نەتانهێناوە بۆ هۆڵی پەرلەمان، ئەو هەموو گۆڕانکاریە دێنن و هەموو شتە لێرە ئێستا ئیهتمامی پێ دەدەن، باشە هی ئێمە بە چارەگە سەعاتێك نابات یرا بکە تەواو دەبی، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەوە حەقیقەت حەز ناکەین بە شێوازی گلەیی پێشکەش بکرێت، لەبەرئەوەی لیژنەی یاسایی ئەرکی خۆی دەگێڕێت و هیچ پرۆژەیەکی یاسا بێتە بەردەستی لیژنەی یاسایی بە ئاگادار دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان پەراوێز ناخرێت، ئەولەویاتەکان چینە و بە راوێژکاری لەگەڵ لیژنە پەیوەندارەکان باس دەکرێت، کۆمەڵە پرۆژە یاسا هەنە، ئەو پرۆژە یاسایانە لە دانیشتنەکانی داهاتوو انشاالله دەخرێنە گفتوگۆ و یەکلایی دەکرێنەوە، بۆ ئەمەی پەیڕەو، خاتوو امینە فەرموو.

**بەڕێز امنە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشتگیریا هەڤاڵێت خۆ دکەم وەکی د.بەهار ئاماژەی پێدای دیارە لیژنا پەیڕەو میکانیزمێك بۆ چەوانیا گفتوگۆ کرن سەر دەنگدان و هەروەسا ئاخافتن ل سەر پەیڕەوی هات بوو پەسەند کرن ژلایی پەرلەمانی ڤە، هەلبەت ناڤ وان میکانیزمادا ئێك ژ وان خاڵێت کو ئاماژە پێدان باسی هەندێ دکەت هەر تشتەکی بە پەلە و گرنگ هاتە ناڤ مەوزوعی دا ل ناڤێ دێ گفتوگۆ کرن سەر راوەستاندن، بۆیە ئەز دبینم هەم خولا چوویێ، هەم ڤی خولێ جهودەکا زۆر مەیا سەر خست، ئەڤە ژی بۆ پەرلەمانی کوردستانی کو پەیڕەوەکی دی میکانیزمەکا نوێ ب تایبەتی چەوانیا رەقابە کرن و سەرەدەری کرنێ دڤێت پەیڕەوی دا ئەم بشێین جێ بەجێ بکەین و پەسەندی بکەین، مادام ئەو ڕێگری نینە، مادام میکانیزم هاتیە پەسەند کرن، ب دیتنا من پێتڤی ناکات دیسان بکەویتە دەنگدانێ دا رێکارێ وی دیارن هاتیە پەسەند کرن ژ پەرلەمانێ کوردستانێ ڤە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیوادارم مەسەلەی پەیڕەوی ناوخۆ هەم بۆ خۆمان و هەم بۆ رای گشتی بێ ئەهمیەت نەکرێ، چونکە ئەم پەیڕەوی ناوخۆیە کە ساڵێك و سێ مانگ پەرلەمانی کوردستان لیژنەیەکی کاتی لە هەموو فراکسیۆنەکان بۆ دروست کردووە پێوەی خەریك بووە، سەرلەنوێ رێکخستنەوەی کاری ئەم پەرلەمانەیە لە پرۆسەی چاودێری کردن لە یاسادانان، بۆیە ئەهمیەتی گەورەی هەیە و بە بێ ئەهمیەت تەماشا نەکرێ و نەوترێ پەرلەمان لەم کاتەدا بۆ خەریکی ئەمەیە، دەسەڵاتی یاسادانان لە هەرێمی کوردستان کە پەیڕەوەکەی هی ساڵی (1992) ئێستا چاکی دەکات و میکانیزمەکان باشتر دەکات بۆ پرۆسەی یاسادانان

و چاودێری کردنی حکومەت، بۆیە ئەهمیەتی گەورەی هەیە، بونیادی کاری پەرلەمانی رێك دەخاتەوە و نوێی دەکاتەوە و برەوی گەورەی پێ دەدات، بۆیە قەزیەیەکی گرنگە و بۆ خولی داهاتوو دێنە سەر پەیڕەوێکی نوێی ساڵی (2018) نەك ساڵی (1992) پشتیوانی رایەکەی کاك د.فرست و خاتوو امنە و خاتوو بەهار دەکەم کە میکانیزمەکە ئەوەی تیایە ترسی ئەوە نەبێ کە رێگر بێ لە هاتنی پرۆژەی نوێ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، رێیەکان دیارە کە بەرچاو روونیەکی باشی تێدایە، کاك د.فرست شتی تازە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەرئەوەی ئەو میکانیزمەکانمان پەسەند کردووە و ئێستا لەبەردەستدان، ئەو خاڵەمان تەسویت لەسەر نەکرد کە پەیوەستە بەراگرتنی پەیڕەوی ناوخۆ ئەگەر هەر بابەتێك یان قانوونێکی گرنگ هات، بۆیە من پێشنیاز دەکەم بە تایبەتی یاسای چاکسازی لە کەرتی وەزیفەی گشتی و خانەنشینی کە یاسایەکی گرنگە و خەڵکیش چاوەڕوانە، پێشنیاز دەکەم ئەو پێشنیازەی کە کرا بۆ ئەوەی ئەگەر بابەتێکی گرنگ یان یاسایەك بزات یاسای چاکسازی هاتە پێش بیخەیە دەنگدان و ئێمە پەیڕەوی ناوخۆ رابگرین تا ئەو یاسایە تەواو دەبێ و موناقەشەی دەکەین سەرلەنوێ جارێکی تر دەست بە پەیڕەو بکەینەوە، بۆیە پێشنیاز دەکەم جەنابت بیخەیە دەنگدان بۆ ئەوەی بە دەنگدان دەنگی لەسەر بدەین، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وەکو ئەندامێکی ئەو لیژنەیە، ئەوەی هەڤاڵان باسیان کرد لەگەڵ ئەوەدام کە ئیش لەسەر ئەم پەیڕەوە بکەین، بەڵام لەسەر حسابی پرۆژە یاساکانی تر نەبێت، ئێمە نزیکەی چوار مانگ زیاترە پەرلەمانمان کارا کردۆتەوە، بە پێی ئەم نووسراوەی جەنابتان شەش جەلسەی پەرلەمانمان کردووە، جاری وایە بە سێ هەفتە جارێك پەرلەمان کۆدەبێتەوە، لەماوەی ئەم دانیشتنەو دانیشتنی پێشتووتر، لەبەرئەوە با دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان زۆرتر بآ و دەکرێ لەناو هەموو جەلسەیەك دا بەشێك یان فەسڵێك لەو پەیڕەوە نوێیە موناقەشە بکەین و هاوکات ئیش لەسەر پرۆژەکان تریش بکەین، هەم حەلێکە هەم حەقی پەیڕەوەکە دەدەین و هەم حەقی پرۆژەکانی تر دەدەین، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عبداللە فەرموو.

**بەڕێز عبداللە حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتیوانی لە قسەکانی د.فرست دەکەم، لەگەڵ پێشنیارەکەی د.ڤاڵا بە تەئکید وایە ئەو پرۆژە چاکسازیە بۆ ئەوەی تەناقوز دروست نەبێ، واباشترە بەش بەش کردنی پەیڕەوی ناوخۆ رەنگە نەتوانین هەدەفەکە بپێکین رابگیرێ تا پرۆژەی چاکسازی قسەی لەسەر دەکرێ و یەکلایی دەکرێتەوە، کە یەکلایی کرایەوە ئینجا بچینە سەر پەیڕەوی ناوخۆ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د.رێواز فەرموو.

**بەڕێز د.رێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان دەتوانین بڵێین بە ڕێژەی (80% )پشت دەبەستێ بە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی و لیژنەی هاوبەش لە ئامادەکردنی ڕاپۆرت لەسەر پرۆژە یاسایەکان، لەبەرئەوە جاری وا هەبووە دوو هەفتە ئێمە دانیشتنمان نەکردووە، لەبەرئەوە نەمانتوانیوە زیاتر لە ڕاپۆرتێك کە بایی جەلسەیەك بێ و ئامادەی بکەین بۆ دانیشتنەکانی پەرلەمان، بەتایبەت ئەو پرۆژە یاسایانەی کە پەیوەندی بە لیژنەی یاسایی و لیژنەکانی تری پەرلەمانی کوردستانەوە هەیە، چی ڕێگرە لەوەی ئێمە ئەمڕۆ بەشێکی تر لە پەیڕەوە بکەین، ئەگەر هەفتەی داهاتوو بۆ نموونە بۆ ڕۆژی سێ شەممە توانیمان شتێك ئامادە بکەین، ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی و لیژنە هاوبەشەکان ئامادە بکەین لەسەر هەر پرۆژە یاسایەك کە ئێستا لەبەردەستە بە دەنگدان یان ئێستا تەسبیتی بکەین وەکو ئەوەی د.فرست ئەیڵێ و دواتر موناقەشەی ئەو قانونە دەکەینە و پەسەندی دەکەین ئینجا بگەڕێینەوە سەر پەیڕەو، پەیڕەو ژمارەی ماددەکانی زۆر زۆرن، ئێمە بتوانین لە هەر هەفتەیەك بیست ماددە بکەین باشترە لەوەی کە هیچ نەکەین، یەعنی بەڕێزتان دەزانن بۆ ماوەی دوو ساڵ ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان تەبعەن بە ئیعتمادکردن لەسەر دەنگی پەرلەمانتاران لە خولەکانی دوو و سێ ئەم پەیڕەوەیان ئامادە کردووە، یەعنی بۆ جارێکی تر خولێکی تری پەرلەمان بێت و ئەوەندە ئەندامی تر تواناکانیان بخەنە گەڕ بۆ ئەوەی پەیڕەوێك ئامادە بکەن، لەبەرئەوە تکا دەکەم ئەمە نەبێتە بیانوو بۆ ئەوەی پەیڕەوەکە موناقەشە نەکرێت، تەنها ئەو مەبدەئە دەنگی لەسەر بدرێت، ئەگەر پرۆژە یاسایەك هاتە پێش و ڕاپۆرتی بۆ ئامادەکرابوو، پەیڕەو دوابخرێت تا پەسەندکردنی ئەو پرۆژە یاسایە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سێ تێبینی تر وەردەگرین و ئینجا کۆتایی بەم بەشە دێنین کە بریتیە لە خاڵە نیزامیەکان، د.جوان پێشتر داوای کردووە و کەژاڵ خان و کاك بهزاد و خاتوو منیرە، د.جوان فەرموو.

**بەڕێز د.جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری کاك سۆران دەکەم بە نیسبەت مەنهەجی داخلی پەیڕەوی ناوخۆ، بەڕاستی پەیڕەوی ناوخۆ زۆر زۆر گرنگە بۆ تەنزیم کردنی ئیدارە کردنی جەلسەکانی و ئەرکەکانی ئەندامی پەرلەمان و مافەکانیان و مەسئولیاتیان و ڕێگەیەك پێشان دەدات ئەندامی پەلەمان کو ئیشی بکات، زۆر زۆر گرنگە مەنهەجی داخلی پەیڕەوی ناوخۆ پشتگیری دەکەم و پشتگیری کاك محمود و کاك انور و کاك ئاری هەرسینی دەکەم، خاڵی دووەم و سێیەم بێتە پێش، چونکە ئەوە ئاسانە گفتوگۆیەکان بکەوێتە پاش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کەژاڵ خان فەرموو.

**بەڕێز کەژاڵ هادی فقێ داود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری ڕایەکەی مامۆستا ابوبکر هەڵەدنی دەکەم کۆبوونەوەکانی پەرلەمان زۆرتر بکرێن، ئەو هەفتەیەی کە لیژنەی یاسایی ڕاپۆرتی ئامادەنییە لەسەر پرۆژە یاسایەکان دەکرێ ئێمە موناقەشەی پەیڕەو بکەین و چەند ماددەیەك لە پەیڕەو بڕوات و ئەو کۆبوونەوەیەش کە لیژنەی یاسایی ڕاپۆرتی لەسەر پرۆژە یاسایەکان ئامادەیە واز لە پەیڕەو بێنین و پرۆژە یاسایەکان پەسەند بکرێن.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، هەر بەو شێوازە پێشنیازەکە پەیڕەو کراوە، کاك بهزاد فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راستی پێشنیاز دکەم بۆ ڤێ چەندێ کۆبوونەوەیەك بێتە کرن بەینی دەستەیا سەرۆکایەتیا پەرلەمانێ و سەرۆکێت فراکسیۆنا، ئەڤە خالا ئێکێ، ئەولەویەتا بدەینە فعلەن بۆ هەندەك پرۆژا بەری کۆبوونەوەیەکا هاوبەش هەی کرن، بەڵام بۆ ڤێ قۆناغێ دیارە ئەولەویەت پێویستە هەندەك یاسا بێنە پێش بۆ نموونە ئەڤ یاسایا چاکسازیێ کەرتی مووچەی دا پێویستە ئەولەویەت بێتە دان، خالا دوویێ، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانێ، من دڤێت ئاماژێ بهەندی بدەم کو دیارە پشتگیریا ڤان هەموو بەڕێزا دکەین ب راستی کو هەر گاڤەك بەرنامێ کار وەختی بێتە دانان دەستەی سەرۆکایەتی موراعاتا دوو خالا بکات، ئێك/ ئەو یاسا کو بێتە هۆڵا پەرلەمانێ، ئەگەر هەموار بیت، بۆ نموونە وەکی ئەڤ حەفت ماددەیە، یەعنی کێمە، دشێن ئەڤ حەفت مادده خەڵاس بیت یاسا دواتر بچینە سەر پەیڕەوی ناوخۆ، بەڵام ئەگەر بۆ نموونە ئەگەر یاسایەکا دی هات وەکی یاسایێ چاکسازی کەرتی موووچەیێ دا لەوانەیە وەختەکی زۆرتر پێ دڤێت بۆ هۆڵا پەرلەمانێ، هەنگی ئەم دشێین وەختێ د بەرنامێ کارێ دا پەیڕەوی ناوخۆ نەبین، پشگیریا مامۆستا ابوبکر دکەین کو کۆبوونێت پەرلەمانێ زیاتر لێ بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، منیرە خان فەرموو.

**بەڕێز منيره عثمان علي:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری هەموو ئەو رایانە دەکەم کە پەیڕەوەکە بخرێتە ئەولەویەتی کاری ئەم پەرلەمانە، چونکە پێشتر لیژنەیەك دیاری کرا کە لە راستی دا وەك د.رێواز ئیشارەتی پێیدا لیژنەکە کارێکی زۆر زۆریان کردووە ناکرێ ئەم لیژنەیە ئەو ماندووبوونەیان بە هەند وەرنەگیرێ، ئێمە لە ساڵی (1992) ەوەوە ئەم پەیڕەوە کێشەی تیایە و بە بەردەوامی لەهەموو خولەکان قسە لەسەر ئەوە کراوە کە ئەم پەیڕەوە کۆنە و ناتوانرێ کاری لەسەر بکرێت، بۆیە تکا دەکەم ئەولەویەتی کار مابێ و دەکرێ دانیشتنەکانی پەرلەمان زیاتر بکەین بۆ ئەوەی بتوانین ئەم پەیڕەوە تێ بپەڕینین لەو ماوەی خولی گرێدانە لەبەردەممان ماوە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دیارە تێبینیەکان هەمووی بەو ئاراستەیە بوون کە ئیتفاقێکی تەواو هەیە لە نێوان ئەندامانی پەرلەمان کە پرۆژە یاسا گرنگەکان نەبنە رێگر لەبەردەم موناقەشە کردن و پێداچوونەوەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، هەردووکیان گرنگن، پرۆژە یاساکان گرنگن، پەیڕەویش گرنگە، ئیختلافەکە لەسەر شێوازەکەیە، بۆ چارەسەرکردنی ئەو شێوازە کە گونجاو بێت و بۆ ئەوەی دانیشتنەکان زیاد بن، پرۆژە یاسایەکانیش دیسان ئەوەی گرنگن بەهەند وەربگیردرێن و لەناو پەرلەمانی کوردستان یەکلایی بکرێنەوە، ئەوە پێشنیارێك هەیە بۆتان دەخوێنینەوە، دواتر دەیخەینە دەنگدان، پێشنیارێکی گونجاوە بۆ ئەوەی ئەو شێوازەی تەندروستە پەیڕەو بکرێت، خاتوو بێگەرد بیخوێنەوە، فەرموو.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گفتوگۆی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دەست پێ دەکاتەوە، هەرکاتێك هەر پرۆژەیە یاسایەکی ئامادەکراو لەلایەن لیژنەی یاسایی و لیژنە هاوبەشەکان یەکلایی

کرایەوەو ئاراســـتەی ســـەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردســـتان کرا دەخرێتە بەرنامەی کار و گفتوگۆی پەیڕەوی ناوخۆ رێگر نابێت لەبەردەم ئەو پرۆژە یاسایانەدا.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە دەخەینە دەنگدان ئەوەی بە پەســـەندی دەزانێت کێ لە گەڵ ئەو پێشـــنیارە دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (73) کەس بە پەسەندی دەزانن، کێ دژە؟ کەس نییە، بە کۆی دەنگ پەسـەند کرا، سێ پێشـنیار هەبوون بۆ ئەوەی بڕگەی سێیەم و دووەم پێش بکەون، بڕگەی دووەم دەبێتە یەکەم و سێیەم دەبێتە دووەم و بەم شێوازە بەردەوام دەبین، ئەوەی لەگەڵ ئەو پێشنیارەدایە کە دووەم ببێتە یەکەم؟ سێیەم ببێتە دووەم؟ دەست بەرزبکاتەوە؟ (56) کەس بە پەســـەندی دەزانن، ئەوەی دژە؟ کەس نییە، بە کۆی دەنگ پەســـەند کرا، بڕگەی یەکەم داوا لە بەڕێزان لیژنەی یاســـایی دەکەین کە بفەرموون بۆ شـــوێنی تایبەت بە لیژنەکان، د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێموایە سێیەم بوو بە یەکەم، ئەگەر سێیەم بوو بە یەکەم با ئەوە بکرێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دووەم بوو بە یەکەم، سێیەم بوو بە دووەم، وامان خوێندەوە، ئەوەی تر راستتر بوو ئەگەر سێیەم ببا بە یەکەم، بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی ئەم پرۆژە یاسایانەی خوارەوە بە پێی ماددەی (71) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردســـتان ژمارە (1) ی ســـاڵی (1992) ی هەموار کراو، د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یاســای پاراســتنی تۆرو بنچینەکانی ئاووئاوەڕۆ لە هەرێمی کوردســتان ــــ عێراق لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشــکەش بە پەرلەمانی کوردســتان کراوە، لە هەشــت ماددە و ئەســبابی موجیبە پێك هاتووە داوا لە بەڕێزتان دەکەین کە ئاراســتەی لیژنەی پەیوەنداری بکەن.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسـایی ئاراسـتە دەکرێت بۆ لیژنەی شـارەوانیەکان و لیژنەی یاسـایی و گشـت ئەندامانی پەرلەمان، بەڕێزان داوا لە لیژنەی یاســـایی دەکەین لە شـــوێنی خۆیان بمێنن، خاڵی ســـێیەم دانانی ئەم ئەندامە بەڕێزانە دەکەین لە لیژنە هەمیشـــەییەکانی پەرلەمانی کوردستان بە پێی ماددەی (44) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو، 1/زیادکردنی ئەندامی پەرلەمان، بەڕێز (ایوب عبداللە رســـول) بۆ لیژنەی کاروباری پەرلەمان، ئەوەی بە پەســـەندی دەزانێت دەســـت بەرزبکاتەوە؟ (62) کەس، کێ دژە؟ کەس نییە، بە کۆی دەنگ پەســـەند کرا، دوو/ زیادکردنی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (عبدالرحمن فارس/ابوکاروان) بۆ ســـەر لیژنەی کاروباری کۆمەڵگای مەدەنی، ئەوەی بە پەســـەندی دەزانێ کێ لەگەڵدایە؟ (61) کەس، کێ دژە؟ کێ دژە؟ کەس نییە، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، خاڵی یەکەم ئێستا بووە سێیەم، دەست بە خاڵی سێیەم دەکەین، داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ دەکەین لە شوێنی تایبەت ، مامۆستا مەلا غریب خاڵی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز غریب مصطفى حمەخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پرۆژە یاسایەی کە خوێنرایەوە پاراستنی تۆڕ و دامەزراوەکانی ئاو و ئاوەڕۆ لە هەرێمی کوردستان بە پێویستی دەبینم کە ئاراستەی لیژنەی کشتوکاڵیش بکرێت، چونکە ئەو پرۆژە

یاسایەی ئاو کە ئێستا چووەتە ئەنجومەنی وەزیران و لە داهاتوودا بە ئومێدین لەم خولەی پەرلەماندا دەربچێت، ئەم پرۆژەیە بەشـــێك دەبێ لەو پرۆژە، ئەو ئامادەســـازییەکەی لای لیژنەی کشتوکاڵەوە بۆ کراوە، لەبەرئەوە داوا دەکەم ئاراستەی لیژنەی کشتوکاڵ بکرێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشـنیاری مامۆسـتا غریب پەسـەندە، ئاراسـتەی لیژنەی کشـتوکاڵیش دەکرێت، سـوپاس مامۆستا، دەست بە خاڵی سێیەم لە بەرنامەی کاری ئەمرۆ دەکەین، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەین کە پرۆژە یاسایەکە بۆ گفتوگۆ ماددە بە ماددە بخوێننەوە، د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای هەمواری یاسای هاتووچۆی ژمارە (86)ی ساڵی (2004) لە هەرێمی کوردستان ـــــ عێراق، ماددەی یەکەم، دەقی بەشـی (21) ی یاسـای هاتووچۆ هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

هەرکەسێك سوارۆیەك بە بێ مۆڵەتی لێ خوڕین یان بە مۆڵەتێکی لێخوڕینی لێ کێشراوە یان هەڵوەشـێنراوە یان نا تایبەت بە جۆری سـوارۆیەکە لێ بخوڕێت ئەوا بە غەرامەیەك لە (500) هەزار دینـار کەمتر نەبێـت و لە یەك ملیۆن دینـار زیـاتر نەبێـت سـزادەدرێـت، ئەو کەســەی ســوارۆیەکەی لەبەردەســتتە خاوەنی بێ یان لە ژێر دەســتی بێت هە مان ســزادەدرێت، ئەگەر رێگە بدات کەســێکی نامۆڵەت دراو بە لێخوڕین ئەم ســوارۆیە لێ بخوڕێت.

ماددەی 2/

یاسای هاتووچۆ هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

1/ هەرکەسـێك لەژێر کاریگەری ماددەیەکی سـەرخۆشـکار یان هۆشـبەر سـوارۆیەك لێ بخورێت ئەوا بە غەرامەیەك لە یەك ملیۆن دینار کەمتر نەبێ و لە یەك ملیۆن و پێنج سەد دینار زیاتر نەبێ سزا دەدرێت، لەگەڵ دەسـت بەسـەرداگرتنی سـوارۆیەکە بۆ ماوەی یەك مانگ و دەکرێت مۆڵەتی لێ خوڕینەکەی لێ رابکێشرێتەوە بۆ ماوەیەك لە سێ مانگ زیاتر نەبێت.

2/ لە حـاڵەتی دووبـارە ئەنجـامـدانەوەی ئەو تـاوانەی لەبڕگەی (1)ی ئەم مـاددەیە دەقی لەسەر کراوە، ئەوا سزاکەی دەبێتە غەرامەیەك لە دوو ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و دەست بەســەرداگرتنی ســوارۆیەکە بۆ مـاوەی یەك مـانـگ لەگەڵ لێ راکێشـــانی مۆڵەتی لێخوڕینەکەی بۆ ماوەی سێ مانگ.

3/ پێویسـتە لەسـەر دادگا لەکاتی دەرکردنی بڕیاری دەسـت بەسـەرداگرتنی سـوارۆیەکە و لێ راکێشـــانی مۆڵەتی لێ خوڕین بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی پەیوەندار ئاگادار بکاتەوە لە دوای بنبڕبوونی حوکمی تاوانبار کردنەکە.

ماددەی سێیەم/

دەقی بەشـــی (23)ی یـاســـای هـاتووچۆ هەموار دەکرێـت و بەم شـــێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

1/ هەرکەسێك بەهۆی لێخوڕینی سوارۆیەك ببێتە مایەی ئەزیەت یان نەخۆشی گەورە یان پەککەوتەیی هەمیشەیی بۆ کەسانی دیکە، یان سەروەت و سامانیان لەبەر رەچاونەکردنی یاسـا و پەیڕەو و رێنماییەکان ئەوا بە بەندکردن بۆ ماوەیەك لە شـەش مانگ کەمتر نەبێت و لە دوو سـاڵ زیاتر نەبێت و بە غەرامەیەك لە (500) هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (750) هەزار دینار زیاتر نەبێت سزا دەدرێت.

2/ ئەگەر تاوانەکە ئەنجامدرابوو لە کاتی لێخوڕینی سوارۆیەکە بە سەرکێشی یان بێ باکی یان شوفێرەکە لەژێر کاریگەری ماددەیەکی سەرخۆشکار یان هۆشبەر بووبێ، یان یارمەتی

ئەو کەسەی نەدابێت کەوا تاوانی لێ کراوە، یان داوای یارمەتی نەکردبێت بۆی، لەگەڵ بوونی توانای یارمەتی دانی، ئەوا سزاکەی دەبێتە بەندکردن بۆ ماوەیەك لە یەك ساڵ کەمتر نەبێت و لە سێ ساڵ زیاتر نەبێت و غەرامەیەك لە (750)هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە یەك ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.
3/ پێویستە لەسەر دادگا لە کاتی دەرکردنی حوکم لەسەر تۆمەتبار بە پێی هەردوو بڕگەی یەك و دووی ئەم ماددەیە بڕیاری دەست بەسەرداگرتنی ئەو سوارۆیە بدات کە تاوانەکەی پێ ئەنجام دراوە، بۆ ماوەیەك لە یەك مانگ کەمتر نەبێت و لە دوو مانگ زیاتر نەبێت و ئاگاداری بەڕێوبەرایەتی هاتووچۆی پەیوەندار بکاتەوە، لەم بارەیەوە لەدوای بنبڕبوونی حوکمی تاوانبار کردنەکە.
ماددەی چوارەم/
1/ دەستەواژەی یان هەردووکیان لە هەردوو بڕگەی (1) و (2) لە بەشی (24) ی یاسای هاتووچۆ لادەبرێت.
2/ بڕگەیەکی دیکە بە ڕێزبەندی (5) بۆ بەشی (24)ی یاسای هاتوچۆ زیاد دەکرێت و دەقەکەی بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:
پێویستە لەسەر دادگا لە کاتی دەرکردنی حوکم لەسەر تۆمەتبار بە پێی بڕگەکانی (1 و 2 و3و 4) ی ئەم بەشە، بڕیاری دەستبەسەرداگرتنی ئەو سوارۆیە بدات کە تاوانەکەی پێ ئەنجام دراوە بۆ ماوەیەك لە دوو مانگ کەمتر نەبێت و لە چوار مانگ زیاتر نەبێت و ئاگاداری بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی پەیوەندار بکاتەوە، لەمبارەیەوە لە دوای بنبڕبوونی حوکمی تاوانبار کردنەکە.
ماددەی پێنجەم/
بەدەر لە یاسای بنەماکانی دادگاییە سزاکاریەکانی ژمارە (23) ی ساڵی (1971) ی هەموارکراو دادوەری لێکۆڵینەوەی تایبەتمەند دەسەڵاتی یەکلاکردنەوەی ئەو تاوانانەی پێ دەدرێت کە لە هەردوو ماددەی یەکەم و دووەمی ئەم یاسایەدا هاتوون و بڕیارەکەشی لەم بارەیەوە لەوەی پەیوەستە بە تانە لێ گرتنی وەك ئەو حوکمە وایە کە لە دادگای کەتنەکان دەرچووە.
ماددەی شەشەم/
کار بە هیچ دەقێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە داناکرێت.
ماددەی حەوتەم/
ئەم یاسایە لە دوای تێ پەڕبوونی سێ ڕۆژ بەسەر بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان جآ بەجێ دەکرێت و بەسەر ئەو تاوانانە پیادە دەکرێ کە لەدوای بەرکاربوونی ئەنجام دەدرێن.

هۆیە پێویستکارەکان

لەبەرئەوەی یاسای هاتوچۆی (86)ی ساڵی (2004) لەلایەن دەسەڵاتی هاوبەندی کاتی لە عیراق بەشێوەیەکی خێرا دانراوە، ئەمەش وای کردووە چەندین کەموکوڕی هەڵە لەخۆ بگرێت و لە پێناو زیاتر گونجاندنی سزاکان بۆ ئەو کردارانەی لەم یاسایەدا هاتوون، بەشێوەیەك لێ گەڕانەوەو چاو ترساندنی پێویست دەستەبەر بکات بە تایبەتی لە دوای زێدەبوونی ڕێژەی تاوانەکانی هاتوچۆ لەم دواییانەدا لەپێناو خێرا یەکلاکردنەوەی هەندێك دەعوای پەیوەست بەم تاوانانە بە بێ گرتنەبەری ڕێکارەکانی دادگایی کردنی ئاسایی، لەبەر سادەیی ئەم جۆرە دەعوایانە، بەمەش پاڵەپەستۆی دەعواکانی ڕەوانە کراو بۆ دادگا

تایبەتمەندەکان سـوك دەکرێت بەبێ لێ سـەندنەوەی مافی لایەنەکان دەربارەی ڕێگەکانی پێداچوونەوەی یاسـایی دژ بەو حوکمانەی لەم دەعوایانە دەرهەقیان دەرکراوە، ئەوا ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس د.بەهار، د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی بەڕێز د.بەهار خوێندیەوە پرۆژەکە بوو کە پێشـکەش کرا بۆ خوێندنەوەکە کرابوو، ئەوەی ئێسـتا دەیخوێنینەوە راپۆرتی لیژنەی هاوبەشـە، ئەوەیە کەلەبەردەسـت بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانەدایە.

بابەت/ راپۆرتی هاوبەش سەبارەت بە پرۆژە یاسای هەمواری یاسای هاتوچۆ ژمارە (86) ی ساڵی (2004)لە هەرێمی کوردستان ـــ عێراق، لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەکان، رۆژی دووشەممە رێککەوتی (2018/1/8)ی کۆبوونەوەی هاوبەشـیان ئەنجامدا بۆ تاوتوێ کردنی پرۆژە یاسـای هەمواری یاسـای هاتوچۆی ژمارە (86)ی ساڵی (2004) لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق، کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشـکەش کراوە دوا خوێندنەوەی یەکەمی لە دانیشـتنی ژمارە(2)لە رۆژی چوارشـەممە بەرواری (2017/12/6) رەوانەی لیژنەکەمـان کراوە، دوای گفتوگۆ کردن و تاوتوێ کردن لیژنەکان گەیشتنە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

یاسای هەمواری جێ بەجێ کردنی یاسای هاتوچۆ ژمارە (86) ی ساڵی (2004) لە هەرێمی کوردستانی عێراق:

ماددەی یەکەم/

دەقی بەشـی (21) ی یاسـای هاتووچۆ هەموار دەکرێت و بەم شـێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

1/ هەرکەسـێك سـوارۆیەك بە بێ مۆڵەتی لێ خوڕین یان بە مۆڵەتێکی لێخوڕینی لێ راکێشـراوە یان هەڵوەشـێنراوە یان ناتایبەت بەجۆری سـوارۆیەکە لێ بخوڕێت ئەوا بە غەرامەیەك لە (250) هەزار دینـار کەمتر نەبێـت و لە یەك ملیۆن دینـار زیـاتر نەبێـت سزادەدرێت، ئەو کەسەی سوارۆیەکی لەبەردەستە خاوەنی بێت لەژێر دەستی بێت هەمان سزا دەدرێت ئەگەر رێگە بدات نامۆڵەت دراو بە لێخوڕین ئەم سوارۆیە لێ دەخورێت.

2/ هەر سـزا دراوێك پابەند نەبوو بە دانی ئەو بڕە غەرامەیەی لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە داهاتووە ئەوا سـزادەدرێت بە حەبس کردن بۆ ماوەیەك کە لە یەك مانگ کەمتر نەبێت و لە سێ مانگ زیاتر نەبێت.

ماددەی دووەم/

دەقی بەشـی (22)ی یاسـای هاتوچۆی هەموار دەکرێت و بەم شـێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

1/ هەر کەسـێك لەژێر کاریگەری ماددەیەکی سـەرخۆشـکار یان هۆشـبەر سـوارۆیەك لێ بخوڕێت ئەوا بە غەرامەیەك لە (500 )هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە یەك ملیۆن و پێنج سـەد هەزار دینار زیاتر نەبێت سـزادەدرێت لەگەڵ دەسـت بەسـەرداگرتنی سـوارۆیەکە بۆ ماوەی یەك مانگ و دەکرێت مۆڵەتی لێ خوڕینەکەی لێ رابکێشـرێتەوە بۆ ماوەیەك لە سێ مانگ زیاتر نەبێت.

2/ لە حاڵەتی دووبارە ئەنجامدانەوەی ئەو تاوانە لە بڕگەی (1 )ی ئەم ماددەیە دەقی لەسەر کراوە، ئەوا سزاکە دەبێتە غەرامەیەك لە دوو ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و دەست بەسەرداگرتنی سوارۆیەکە بۆ ماوەی یەك مانگ لێ راکێشانی مۆڵەتی لێ خوڕینەکە بۆ ماوەیەك لە سێ مانگ کەمتر نەبێت.
3/پێویستە لەسەر دادگا لە کاتی دەرکردنی بڕیاری دەست بەسەرداگرتنی سوارۆیەکە و لێ راکێشانی مۆڵەتی لێ خوڕین بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی پەیوەندار ئاگادار بکاتەوە لە دوای بنیڕبوونی حوکمی تاوانبار کردنەکە.
ماددەی سێیەم/
بەندکردن بۆ ماوەیەك لە یەك ساڵ کەمتر نەبێ لە چوار ساڵ زیاتر نەبێت و غەرامەیەك لە یەك ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت.
پێویستە لەسەر دادگا لەکاتی دەرکردنی حوکم لەسەر تۆمەتبار بەپێی هەردوو بڕگەی (1) و (2)ی ئەم ماددەیە بڕیاری دەست بەسەر داگرتنی سوارۆیەکە بدا کە تاوانەکەی پێ ئەنجام دراوە بۆ ماوەیەك لە یەك مانگ کەمتر نەبێت و لە دوو مانگ زیاتر نەبێت و ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی پەیوەندیدار بکاتەوە لەم بارەیەوە لەدوای بنیڕبوونی حوکمی تاوانبار کردنەکە.
ماددەی (4)
1-دەستەواژەی (یان هەردووکیان) لە بڕگەی (1) و (2) لە بەشی (24)ی یاسای هاتووچۆ لادەبردرێت.
2-بڕگەیەکی دیکە بە ریزبەندی (5) بۆ بەشی (24)ی یاسای هاتووچۆ زیادە دەکرێت و دەقەکەی بەو شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:
5-پێویستە لەسەر دادگا لە کاتی دەرکردنی حوکم لەسەر تۆمەتبار بەپێی بڕگەکانی (1،2،3،4)ی ئەم بەشە بڕیاری دەست بەسەر داگرتنی ئەو سوارۆیە بدات کە تاوانەکەی پێ ئەنجام دراوە بۆ ماوەیەك لە (2) مانگ کەمتر نەبێت و لە چوار مانگ زیاتر نەبێت و ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی پەیوەندیدار بکاتەوە لەم بارەیەوە لە دوای بنیڕبوونی حوکمی تاوانبار کردنەکە.
ماددەی پێنجەم/
بەدەر لە یاسای بنەماکانی دادگاییە سزاکارییەکە ژمارە (23)ی ساڵی (1971)ی هەموارکراو دادوەری لێکۆڵینەوەی تایبەتمەند دەسەڵاتی یەکلاکردنەوەی ئەو تاوانانەی پێ دەدرێ کە لە هەردوو ماددەی یەکەم و دووەمی ئەم یاسایدا هاتوون و بڕیارەکەشی لەم بارەیەوە لەوەی پەیوەستە بە تانە لێگرتنی وەك ئەو حوکمە وایە کە لە دادگای کەتنەکان دەرچووە.
ماددەی شەشەم/
کار بە هیچ دەقێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکرێ.
ماددەی حەوتەم/
ئەم یاسایە لە دوای تێپەڕبوونی سێ رۆژ بەسەر بڵاوکردنەوەی لەڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان جێبەجێ دەکرێت و بەسەر ئەو تاوانانە پیادە دەکرێ کە لە دوای بەرکاربوونی ئەنجام دەدرێن.
هۆیەکانی دەرچوواندن:
بە لەبەر چاو گرتنی ئەو پەرەسەندنانەی هاتۆتە ئاراوە دوای دەرچوونی یاسای هاتووچۆ ژمارە (86)ی ساڵی (2004) لە پێناو کارکردن بە سزای جێگرەوە و گونجاندنی لەگەڵ ئامانجەکانی ئەم یاسایە و بۆ سنووردارکردنی ڕووداوەکانی هاتووچۆ ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز د.ڤالا فرید سەرۆكی لیژنەی یاسایی بۆ خوێندنەوەی راپۆرتی هاوبەش، پێشتریش پرۆژەكە خوێندرایەوە لەلایەن د.بەهار، ئێستا دەست بەگفتوگۆ دەكەین، مادده بە مادده، پێنج خاڵی نیزامیمان هەیە، لە د.ڤالا دەســـت پێ دەكەین خاڵە نیزامییەكان، فەرموو.
**بەڕێز ڤالا فرید إبراهیم:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
من خاڵی نیزامیم نیە، لەسـەر یاسـاكەیە، لەسـەر پرۆژەكەیە، ئێمە لیژنەی یاسـایی لەگەڵ لیژنەی ناوخۆ چەند هەموارێكمان بەســـەر ئەو ماددانەدا كردووە كە لە پرۆژەكەدا هاتووە، هیوادارم پێش ئەوەی كە دەخوێندرێتەوە، پێش ئەوەی بدرێتە گفتوگۆ رێگە بدەن بەڕێزتان كە ئێمە ئەوەی كە ئیتیفاقمان كردووە لەسەری هەمواری بكەینەوە، بیخەینەروو بۆ بەڕێزان ئەنـدامـانی پەرلەمـان، ئینجـا دەرگـای گفتوگۆ بكرێتەوە، چونكە ئێمە رەئی لـایەنی پەیوەندیدارمان وەرگرتووە لە وەزارەتی ناوخۆ، هەروەها دائیرەی مرور، هەروەها لەگەڵ تەندروسـتیش، بۆیە گۆڕانكارییەكی زۆرمان بەسـەر راپۆرتەكەی خۆمان دا كردووە، هەر لە عینوانەكی تا دەگاتە هۆیەكانی دەرچوواندن، سوپاس.
**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز د.ڤالا، بەڕێز د.بەهار، فەرموو.
**بەڕێز بەهار محمود فتاح:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
وێڕای پشـتگیریم بۆ قسـەكانی بەڕێز د.ڤالا، دەمەوێ ڕوونكردنەوەیەكی تر لەسـەر ئەوە بدەم كە ئەم قانوونی مرورەی كە هەمانە تەنها ئەم كەم و كوڕییانەی تیا نیە كە ئێمە لە راپۆرتەكە و لە پرۆژەكەدا ئـاماژەی پێكراوە، ئێمە دەزانین كەم و كوری تری تیـایە، بەس بۆ ئاسانكاری ئێمە تەنها دەتوانین ئیزافە و حەزف لەسەر ئەو ماددانە بكەین كە دەستمان بۆ بردووە، پێمباشـــە هەدەفی دەســـت بردنەكەشـــمان بۆ ئەو ماددانە ڕوونبكەمەوە بۆ ئەندامانی بەڕێز و بۆ خەڵكیش، ئێمە بۆیە دەستمان بۆ ئەو ماددانە بردووە ماددەی یەكەم تایبەتە بەوانەی كە بێ مۆڵەت سـەیارە لێ دەخوڕن، زۆرجار لەبەر ئەوەی چاكسـازییەكانی ئێمە جیانەكراونەتەوە بەپێی تاوانەكان تەصـنیف نەكراون، حاكم بەپێی قانونە ئەسـڵەكە تەنها ئەوەی لەبەر دەســـت دابوو كە بەندی بكات، یەعنی حەبسـی بكات ئەو كەســـە، غەرامەی تیا نەبوو، زۆرجار لەجیاتی ئەوەی كە قازانج بكات ئەو كەســـە زەرەری دەكرد كە دەچووە ناو چاكســـازییەكانەوە تێكەڵ بەو موجریمە گەورانە دەبوو، بۆیە ئێمە خیارێكی ترمان داوە بە حاكم كە غەرامەیە،بۆ پاراســتنی ئەو كەســانە، بەتایبەتی ئەوانەی كە بەبێ مۆڵەت سـەیارە لێ دەخورن، عادەتەن بەزۆری خەڵكی حەدەسـن، یەعنی ئەوانەی كە (18) ســـاڵیان تەواو نەكردووە، ئەوە هەدەفی یەكەممان بووە، هەدەفی دووەمیشـــمان ئەوە بووە كە لە ماددەی (22)دا بە پێی یاســـا كۆنەكە ماوەی ســـاڵێك ســـەیارە حجز دەكرا، خۆ جەنابتان دەزانن ماوەی سـاڵێك سـەیارە حجز بكرێ، خۆ سـەیارە تاوانەكەی نەكردووە، بۆیە بە حیجز كردنی زەرەرێكی زۆر بە ســـەیارەكە دەگات و ئەو رەدعەی كە قانونی عقوباتیش مەبەســـتێتی نایەتە دی، بۆیە بەو مەبەســـتە ئێمە دەســـتمان بۆ ئەوە بردووە، هەرچی پێشنیارێكی تر لەسەر ماددەكانی تر هەیە ئێمە دەزانین پێشنیار زۆرە تەلەفۆنمان بۆ كراوە، دەتوانرێ بكرێ بە پرۆژەیەكی تر و پێشـــكەش بكرێ بەزوویی ئێمە كاری لەســـەر دەكەین، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ســوپاس بۆ بەڕێز د.بەهار، خاتوو تەلار لطیف، بەڕێزان کاك نازم، کاك قادر رزگەیی، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی گرنگ لە دەرچوونی یاسا جێبەجێ کردنێتی ئێمە کە ئەو یاسایە پێشووتر هەبوو ئینفاز کراوە لە هەرێمی کوردستان زۆربەی بڕگە و ماددەکانی کاری لەسەر کراوە، بەڵام ئەو بڕگە یاسـایانە کە بڕگە سـزاییەکانی بووە کێشــەی بۆ دادگاکان دروســت کردبوو، زۆربەی کات بەتایبەتی ماددەی (21 و 22) حەبس کردنە هەمیشە ئیقاف دەکرا، کە تۆ ئیقاف کردن نابێتە رەدعێ بۆ جێبەجێ کردنی یاسـاکە، نابێتە رەدعێ بۆ کەمکردنەوەی ئەم تاوانانەی هەیە لە هەرێمی کوردستان دا، بۆیە ئێمە وەکو لیژنە پەیوەندیدارەکان و لەسەر داوای دەسەڵاتی دادوەری و هەروەها وەزارەتی پەیوەندیدار کە وەزارەتی دادە، داواکاری گشـــتی ئەوان کە داوایان کردبوو جیهاتی داواکاری گشتی، ئێمە پێمان گرنگ بوو کار لەسەر هەموارکردنەوەی ئەم یاســـایە بکەین، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندیدارە بە ســـزایەکە، وەکو بەڕێزان د.ڤاڵا و د.بەهاریش باســیان کرد، خەلەلی زۆر هەیە لە یاســـاکە، بەڵام ئێمە ئەوەی گرنگ بوو لە ئێستادا کارمان لەسەر ئەم بڕگانە کرد، هەتاکو بتوانین ببین بە بەشێك لەوەی کە لە ڕووی یاسـاکەوە و جێبەجێ کردنی یاسـاکە هەم کار ئاسـانی هەبێ، لە هەمان کاتیش دا ببێ بە رەدعێك بۆ کەمکردنەوەی ئەو تاوانانەی کە دەکرێ لە رێگای هاتووچۆ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز تەلار لطیف، بەڕێز کاك ناظم، فەرموو.

**بەڕێز ناظم کبیر محمد سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشــتگیری لە قســەکانی بەڕێز د.ڤاڵا دەکەین دەربارەی ئەو گۆرانکارییانەی کە بەســەر راپۆرتەکەدا هاتووە، ئەوەش لەســەر ئەو ئەســاســەی بووە کە را و بۆچوونی ســەرنج و تێبینییەکانی لایەنە پەیوەندیدارەکان وەرگیراوە، ئەو کات کە ئەو گۆڕانگارییانە بەســـەردا هاتووە، ئەوە موڵاحەزەیەك، موڵاحەزەیەکی تریش لەوانەیە پرســـیارێك لەلایەن هەموو ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان دروســـت بووبێ، لەوانەیە کە ئەم یاســـایە بۆ تەنها ئەم دوو، سێ ماددە هەموارکراوەتەوە، لەسـەر ئەسـاسـی هەموارکردنەوە بووە کە پرۆژە یاسـاکە هاتووە، بەڵام لەلایەکی ترەوە هەمووما‌ن دەزانین ئێمە وەکو لیژنەی ناوخۆ و ئاســـایش مەسـەلەی رەوشـی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردسـتان زۆر بە هەندمان وەرگرتووە، چەندین پرۆژەش لەبەر دەســـتی لیژنەی نـاوخۆیە بۆ ئەوەی کە رەوشـــی هـاتووچۆ لە هەرێمی کوردســـتان باشـــتر بکات، خۆ هەمووما‌ن دەزانین ئێســـتاکە ژێدەرەکی زۆر گەورە، یەعنی ژێدەری مەسـەلە ڕووداوی هاتووچۆ ژێدەرەکی گەورەیە، مەسـەلەی مردن و لەدەسـتدانی خەڵك و هەروەها پەککەوتنی خەڵك ساڵانە ئێمە ئامارمان لەبەردەستە لەوانەیە بە هەزاران خەڵك ببێتە قوربانی رووداوی هاتووچۆ و هەزاران، دەیان هەزار خەڵك مەسەلە پەککەوتوو بێت، ئێمە وەکو لیژنەی نـاوخۆ چەنـدین پرۆژە یـاســـامان تەئکید لەوە دەکەینەوە لەبەر دەسـتمانە، راپۆرتمان هەیە، دەمانەوێ ئیش لەسـەر ئەوە بکەین کە تەنها وەزارەتی ناوخۆ بەرپرس نەبێ لە رووداوەکـانی هـاتووچۆ، بە پێی بـاشـــکردنی رەوشـــی هـاتووچۆ ئێمە پێویســـتیمـان بە هەموارکردنەوەیەکی تەمـام هەیە لە یـاســـای هـاتووچۆ لە هەرێمی کوردســـتـان، جـا لەبەر ئەوەی کە پێتـان رابگەیەنین کە ئێمە بەرنـامەی ترمـان هەیە بۆ باشکردنی رەوشی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستان و بۆ هەموارکردنەوەی یاسای هاتووچۆ

لە هەرێمی کوردستان کە ئێستا تەنها ئەوانەی کە موناقەشە دەکەین، ئەوانە کە بە پێی پرۆژەکە هاتووە وەکو غەرامات و لێخوورینی سەیارە و مۆڵەتی سەیارە، هەر بۆ ئاگاداری جەنابتان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز کاك ناظم کبیر، بەڕێز قادر رزگەیی، فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول/ قادر رزگەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

لە راستی دا من پشتگیری لەو هەڤاڵانە دەکەم، قانونەکە تێبینی زۆری لەسەرە، بەڵام ئەوەی کە پەیوەندی بە هەموارکردنەوە هەبووە زیاتر ئەوە خواستی حوکمەت و جیهەتی جێبەجێکار بووە، لەگەڵ دادگاش ئەو چەند ماددانە کێشەی بۆ هەم وەزارەتی ناوخۆ و بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ و هەمیش دادگانیش دروست کردبوو، رەنگ بێت بەشێك لە برادەران باس لەوە بکەن کە پێویست بکرێ باس لە مەوزووعی کامێرا و غەراماتی کامیرا بکات، بەڵام ئەوە لە قانوونەکەدا نەهاتووە، باس دەکرێ ئێمە وەکو لیژنەی ناوخۆ لەگەڵ بەڕێزان وەزیری ناوخۆ و بەڕێوەبەری گشتی هاتووچۆ لەسەر ئەو بابەتە قسە بکەین، پێشتریش قسەمان کردووە بۆ ئەوەی ئەوان لە تەعلیمات دا سنوورێك بۆ مەسەلەی غەرامات دابنێن، تێبینییەکیترم ئەوەیە لەراستی دا ئەوەی د.بەهار گوتی فیعلەن قانونەکە هەر ئەم چەند ماددەیە پێویستی بە تەعدیل نیە، کۆمەڵێك ماددەی تریش پێویستی بە تەعدیلە، بەڵام تەعدیلی ماددەی ئەوەی بەشی (21) ژمارە (1) سەبەبەکە ئەوە نەبووە کە هەر سێ ئەوەی بۆ دیاری کرابێت زیندانی کردن و پێبژاردن و غەرامە نەبووبێ، لە قانوونەکەدا هەبووە، یەعنی دادوەر سەرپشك کراوە لەوەی کە سجن بکات، یاخود غەرامات بکات، هەردووکی هەبووە، بەڵام رێژەکە زیادبوو بە پێبژاردنەکە، با ئەوە قانوونەکەیە بە دەق دەڵێ لە بڕگەی (2)دا، بڕگەی (1)ش و بڕگەی (2)ش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز کاك قادر رزگەیی، سێ خاڵی نیزامیمان هەیە، بەس با د.ڤاڵا ئەو ئیزافاتانە بخوێنێت، رەنگە هەندێك لەسەر ئەوان بن، ئەو بابەتەش بەراستی بابەتێکی خیلافی یە، یەعنی حەتا خودی ئەو بەڕێزانەی دوێنێ هاتبوون لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ سێ کەس هاتبوون، ئەوە بوو سیفەتی وەزیریان نەبوو بۆ ئەوەی دەرفەتیان بدەینێ لە ناو پەرلەمان بەرگری لە پرۆژەکە بکەن، لە پێشنیارەکانی خۆیان بکەن، ئەوان تێبینی جیاوازیان هەبوو، یەعنی بابەتێکی خیلافی یە، لەبەر ئەوەی هەموومان چەند خۆمان ماندوو بکەین چەند باشتر دەبێت و بەشێوازێکی باشتر یەکلایی دەکرێتەوە، لە گفتوگۆش دەرفەتتان دەدەینێ، بۆ ئەوەی ئەو مەوزووعە هەروەها بەسەر پەرلەمان دا دەرباز نەبێت، ئەوەی ئیزافات دوێنێش هاتبوون ئیزافاتیان هەبوو، پێش ماوەیەکیش خودی جەنابی وەزیری ناوخۆ کاك کەریم شنگالی هاتە ئێرە و گوتی من تێبینی وام لەسەری تەنها یەك تێبینی هەبوو ئەویش پێشکەش بە لیژنەی یاسایی کرد حزووری، نەمانتوانی لەو دانیشتنە ئەم پرۆژە یاسایە بخەینە بەرنامەی کار، بۆ شەوی دواتریش سەفەری کرد بۆ بەغدا و دواتر بۆ ئەمریکا، ئێستاش لەسەفەردایە، ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری ناوخۆ زەروورەتێك بوو بۆ ئەم پرۆژەیە، بەڵام ئەو تێبینیانەی وەزارەتی ناوخۆ هەیانبوو دوێنێ بە شاندێکی سێ کەسی پسپۆڕ و کەسی بەتوانا هاتبوون لە حزووری خودی سەرۆکی لیژنەی یاسایی، دوایین پێشنیارەکانیان پێشکەش بە لیژنەی یاسایی کران، فەرموو د.ڤاڵا ئەوانە بخوێنەوە.

**بەڕێز ڤاڵا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

راپۆرتەکەتان لەبەردەستە، بۆ عینوانی یاساکە تەنها یاسای هەمواری یەکەمی هەمواری جێبەجێ کردنی یاسای هاتووچۆی ژمارە (86)ی ساڵی (2004) لە هەرێمی کوردستان- عێراق، واتا رەقەم (1)ی دەدەین بۆ هەموار بۆ ئەوەی بزانین کە ئەوە هەمواری یەکەمە بەسەر یاساکەدا دێت، دەبێتە یاسای هەمواری یەکەمی هەمواری جێبەجێ کردنی یاسای هاتووچۆ ئەوەی تریش وەکو خۆی.

ماددەی یەکەم/ دەقی بەشی ژمارە (21) لەبەر ئەوەی رەقەم هاتووە لە ناو ئەصلی یاساکەدا ژمارەی بۆ زیاد دەکەین، دەقی بەشی ژمارە (21)ی یاسای هاتووچۆ هەموار دەکرێت و بم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

یەکەم: هەر کەسێك سوارۆیەك بەبێ مۆڵەتی لێخوورین یان بە مۆڵەتێکی لێخورینی لێ ڕاکێشراوە، یان هەڵوەشێنراوە یان ناتایبەت بەجۆری سوارۆیەکە لێبخوورێ ئەوە بە پێبژاردنێك کە لە (250.000) دوو سەد و پەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە یەك ملیۆن دینار زیاتر نەبێت سزا دەدرێ و ئەو کەسەی سوارۆکەی لەبەردەستە خاوەنی بێت یان لەژێر دەستی بێت هەمان سزا دەدرێت ئەگەر رێگە بدات کەسێکی نامۆڵەتدراو بەلێخوورینی ئەو سوارۆیە لێبخوورێت.

بڕگەی دووەم: لیژنە پەیوەندیدارەکان هەمواریان کردۆتەوە بەو شێوەیەی کە دەیخوێنمەوە بۆ جەنابتان ئەوە موقتەرەحە:

لە حاڵەتی دووبارە ئەنجامدانەوەی ئەو تاوانانەی لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە دەقی لەسەر کراوە ئەوە سزاکە دەبێتە بەندکردن بۆ ماوەیەك لە یەك مانگ کەمتر نەبێت و لە سێ مانگ زیاتر نەبێت و پێبژاردنێك لە (250.000) دوو سەدو و پەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە یەك ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.

بەم شێوەیە بڕگەی دووەم هەموار کراوەتەوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ماددەکە بخە گفتوگۆ.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی، ئێستا ناوەکان دەخوێنین، گفتوگۆ لەسەر ماددەی (1)، دوو خاڵی نیزامیمان هەیە، بەڕێزانی تر ناوی خۆیان لای خاتوو بێگەرد بنووسن، بەڕێز کاك مصطفی سەکری، خاڵی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز مصطفی أحمد حمد (مصطفی سەکری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینییەکم لەسەر کۆی ماددەکان هەیە، ئێمە کە ئەو پرۆژە یاسایانەی یان ئەو ماددانەی قسەی لەسەر دەکەین و پەیوەندیان بە ژیانی کۆمەلانی خەڵکەوە هەیە دەبێت ئاگامان لەوە بێت لە ناو چ کۆمەڵگایەك دەژین، ئەو کۆمەڵگایەی ئێمی چ کۆمەڵگایەکە؟ دەخلی فردیان چۆنە؟ ئێمە لە وڵاتێك دا دەژین کە چەندین ساڵە لە قەیراندایین، خەڵکەکەمان سێ ساڵە کەم ساڵ هەیە سێ مەعاش، چوار مەعاشی نەڕۆیشتبی...

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مصطفی ئەوە بیربۆچوونن، ئەوە خاڵی نیزامی نیە.

**بەڕێز مصطفی أحمد حمد (مصطفی سەکری):**

جا لەسەر مەسەلەی غەرامات یەك موڵاحەزەم هەبوو بۆ برادەران، یەعنی ئێستا لە وڵاتە پێشکەوتووەکان کامیرای چاودێری هەیە، لە وڵاتە دواکەوتووەکان پێش ئەوەی بگاتە کامێراکان پێنج سەد مەترت ماوە بگەیە کامێرای بۆ ئەوەی کابرا تووشی غەرامە نەبێت و تووشی وەزعێکی خەراپ نەبێت، دوێنی بەڕێز د.رێککەوت موڵاحەزەیەکی جوانی هەبوو،

گوتی ئێوه هەر پێدادەگرن له سـزا، ئاگاشـتان لەوه بێ له چ وڵاتێك دەژین، دوایی دكتۆرەكان ئیشـمان بۆ ناكەن، ئێمه لەو وڵاته دەژین كه خەڵكەكه لەو قەیرانه و له ناو ئەو گەندەڵییەیدانه، دەبێ بەراستی موڵاحەزەی خەڵكیش بكەین له مەسەلەی غەرامات و له مەسەلەی سزادان و ئەوانه، بەتایبەتی مەسائیلی ماددی، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك مصـطفی كاتت وەرگرت، له كاتی كه وەردەگری بۆ خۆت ئەو كاته بیروبۆچوونەكانت ئازادانه پێشـكەش بكه، خاڵی نیزامی تایبەته به خاڵی نیزامی، مامۆسـتا مەلا ماجید، خاڵێ نیزامی بێ، بیروبۆچوون نەبێت، فەرموو.

**بەڕێز ماجد عثمان توفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەندێك تێبینیم هەبوو كاك زیاد وابزانم ئاماژەی پێ كرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس دەستخۆش مامۆستا مەلا ماجد، د.جوان، خاڵی نیزامی، فەرموو.

**بەڕێز جوان إسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ببووره موڵاحەزەیه خاڵی نیزامی نیه،بەس كه له بڕگەكان تەعلیقم نیه، لەسـەر ئەوەی لیژنەی یاسـایی قسـەیەك كرا كه د.بەهار كردی، كه لەگەڵ حجز كردنی سـەیاره نین، خۆ سـەیارەكه حادیسـەكەی نەكردووه، بەڵكو شـەخصـەكه كه تاوانباره، بەڵام لەبیر نەكەین، سـزای ماددی و حجزی سـەیاره تاوانباری ئەزیەت دەدا مەعنەویەن و ماددیەن، ئەوەش هەدەفی یاسـاكەیه كه رەدعی ئەو جۆره موخالەفانه بكات، موڵاحەزەكه بەس لەسـەر قسەكەی د.بەهاره، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوه بۆچوونه، خۆ گفتوگۆكه له نێوان بەڕێزتـان و د.بەهـار نیه، گفتوگۆكه بۆ هەموو دانیشـتنەكەیه، لەو دانیشـتنه ئەو بەڕێزانەی لێرەن هەموو بیروبۆچوونیـان هەیه، نەك لەسـەر تەنیا ئەو خاڵەی بەڕێزتان باسـی دەكەن، لەسـەر خاڵی تریش ، یەعنی بابەتەكه گفتوگۆی زۆری تێدا هەیه، لەبەر ئەوه كاتی خۆتان وەربگرن و ناوی خۆتان بنووسـن و دەرفەتی تەواوتان پێدەدەین، بەردەوام بن، ئێسـتا دەسـت به گفتوگۆ دەكەین، خاڵی نیزامی، كاك قادر ڕەزگەیی، فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول (قادر رزگەیی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

له راستیدا لیژنەی یاساییش باشتر دەزانن، قانون بێ سزا نابێ، ئەگەر سزای لەگەڵدا نەبێت نابێ، بۆیه ئەوەی كه ئێمه لەو پرۆژەیەدا ئاماژەمان پێكردووه بۆ شـۆفێری بێ مۆڵەته یان بۆ یاسـا شـكێنییەكانی تره، ئەوەی كه كاك مستەفا باسی كرد لەو دۆخەدا، ئەوه وەزیری ناوخۆ كه دەسەڵاتی موشتەرەكه لەگەڵ وەزیری دارایی بۆ فەرمانەكانه، بۆ رسوماتەكانه، به تەعلیمات رێكخراوه، ئێمەش لەگەڵ وەزیری نـاوخۆ بـاسـمان كردووه، مەسـەلەی تۆماركردن بەتـایبەتی و مەسـەلەكـانی دیكه، نوێكردنەوەی تۆماركردن یـان تۆماركردن هەموو ئەوانەمان لەگەڵ وەزیری ناوخۆ باس كردووه، بەڵام ئەوه پەیوەندی بەو قانوونەوه نیه، هەتا ویسـتم من لێرەدا ئەوه بڵێم كه ئەو رسـوماتانەی كه ئێسـتا له دائیرەكانی تۆماركردن و ئەوەی كه پەیوەندی به هاتووچۆوه هەیه و ئەوانەی كه ئێسـتا رێژەی باج زیادی كردووه ئەوه پەیوەندی بەو قانوونەوه نیه، وەزیری ناوخۆ به فەرمان هەر وەك به

دەق لەم قانوونەدا هاتوو بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری مالیە دەتوانێت پێبژاردنەکان یان رسوماتەکان کەم بکات یان زیاد بکات ئەوە پەیوەندی بەم یاساوە نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز قادر رزگەیی، بۆ روونکردنەوەی زیاتر لەسەر هەندێك لەو تێبینیانە داوا لە خاتوو تەلار لطيف دەکەین روونکردنەوەی زیاتر لەسەر ئەو بابەتانە بدات پێش ئەوەی بچینە ناو گفتوگۆ، فەرموو خاتوو تەڵار.

**بەڕێز تەلار لطيف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ئەو نوقتە نیزامییانە، حەزم کرد یەك روونکردنەوە بدەین لە ئێستا ئێمە لە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدایە ئەو کارانە، بە پێچەوانەوە زۆرجار کە ئێمە سەردانی چاکسازییەکانمان کردووە ئەو بەندکراوانە خۆشیان داوای ئەوەیان کردووە کە کاتێك کە هەمواری یاساکان دەکرێتەوە زیاتر پەنا بۆ زیادبوونی غەرامەکە بدەن لەوەی کە حەپسکردنەکە، چونکە خۆتان دەزانن دۆخی ئێستای چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان چۆنە، بۆیە ئێمە کارمان لەسەر ئەو دۆسیەیە کردووە، خاڵی دووەم ئەوەی حیجزی سەیارات بەراستی ئەم حیجزە زۆرجار هەیە گرتنەکەی پەیوەندیدارە بەوەی کە لەوانەیە ئەم سەیارەیە تەکسیەك بێ، پاصێك بێ، سەیارەیەکی کارپێکردن بێ کە ژیانی ئەو خێزانەی لەسەرە و جاری وا هەیە کە حیجزی سەیارەکە دەکرێ ئەوەندەی پێدەچێ تەحقیق و دوایی دەچێتە مەرحەلەی دادگایی کردنەکە، کاتێ سەیارەکە وەردەگرێتەوە ئەو کەسە سەیارەکە ناناسێتەوە ئەوەندە تووشی بڵێین بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە و ئینجا ئەو سەیارە کە حیجز کراوە لەو شوێنە شوێنێك نەبووە کە ببێتە هۆی پاراستنی ئۆتۆمبێلەکەی، بەپێچەوانەوە، هەروەها هەموو کاتێ ئەو کەسەی کە تاوانەکەشی کردووە پارەی حیجزەکە ئەو شەوەی یان ئەو رۆژەی تاوەکو سەیارەکە دەمێنێتەوە لە شوێنی حیجزەکە ئەو پارەیەش دەدا، کە ئەوەش دەبێتە بارگرانی بەسەر خێزانەکەوە، بۆیە لابردنی ئەوە لەبەرامبەری عقوبەیەکی تر دانراوە کە ئەویش سەحبی ئەو ئیجازەیەیە کە ئەوە دەبێتە رەدعێك بۆ حیجزی سەیارەکەش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز تەلار لطيف، دیارە ئەو روونکردنەوانە لەسەر گشت پرۆژەکەیە، یەعنی دەکەونە بواری مەبدەئی، پرەنسیپەکانی یاسا، حوکمەتیش داوای کردووە، یەعنی ئەوەی دەیویست باسی بکات ئەوەیە داوای حوکمەتە، ئێوە ئازادن موناقەشەی هەموو بوارەکانی ئەم یاسایە بکەن، دەست بە گفتوگۆ دەکەین، ناوەکان بەڕێز خاتوو بێگەرد بخوێنەوە.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد شكرالله (بێگەرد تاڵەبانی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بەڕێزانە داوایان کردووە گفتوگۆ بکەن: ئاری هەرسین -د.پەری- علی هالۆ -عباس غزالی -ڤەمان فيصل

-فرحان جوهر -محمود حاجی -بهزاد درویش -مامۆستا غريب -شکری خان -مامۆستا عبدالرحمن -مامۆستا ماجد -حيات مجيد، کەسی تر هەیە؟

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کەسی تر نەماوە، دەست بە گفتوگۆ دەکەین، فەرموون، پێشتریش ئیتیفاقی لەسەر کراوە، بڕیاری لەسەر دراوە، کە هەر بەڕێزێك مافی هەیە بۆ ماوەی سێ دەقیقە قسە بکات، زیاتر

نا، کەمتریش باشـــترە، بۆ ئەوەی پوختە بێت، فێری پوختەکردن و تەرکیز ببین، بەڕێز ئاری محمد هەرسین، فەرموو.

**بەڕێز ئاری محمد عبدالرحیم (ئاری هەرسین):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە خوا بەزیاد بێ ئەم جارە لێرەوە دەستتان پێکرد، زۆر زۆر سوپاس، بێگومان وەك بەڕێزتان دەزانن لەگەڵ دەستخۆشیمان بۆ لیژنەی قانوونی و بۆ ئەو زەحمەتیەی کێشاوییانە، زمان گرنگترین تایبەتمەندیە بۆ پێناسـەی نەتەوەیەك، بەتایبەتی بەکارهێنەری زمان لە شـوێنێکی وەکو ئێرەدا کە داڕێژەری قانوونە بایەخێکی تری هەیە، من موڵاحەزەم لە ماددەی یەکەم دا لەسـەر بەکارهێنانی کۆمەڵێ وشـە هەیە کە تەرجومەی حەرفین لە زمانی عەرەبییەوە، وەکو ئەوەیە تەرجومەی کۆنکرێـت موسـەلەح بکەی بە چیمونتۆی چەکـدار، وشـــەی سـوارۆیەك بە رەئی من ئەم وشـەیە لە زمانی کوردیدا نیە، راسـتە ئەوە داتاشـراوە، بەڵام ئەوە دەکرا وشەی ئۆتۆمبێل بەکاربهێنرێ، شتێکی تر وشەی (لێراکێشراوە) ئەوەش دیسان داتاشراوە، (لێسەندنەوە) باشتر بوو، خاڵی سێیەم کە ئیتر کۆتایی موڵاحەزەکەمە، لە زمانی کوردیدا (وە) نیە، (و) ئامرازی پەیوەندیە فەتحەی لەسەر نیە وەکو عەرەبی، ئەوە ئەستەمە بۆ پەرلەمانی کوردستان ئەوانە دەبن بە دۆکیومێنت لە ئەرشیفی پەرلەمانی کوردستان دا وشـەی تیا بێ کە کوردی نیە، (وە) لە زمانی کوردیدا نیە لە زمانی عەرەبی دا هەیە، (و) لە زمانی کوردیدا هەیە، بۆیە هیوادارم لیژنەی رۆشـنبیری لە پەرلەمانی کوردسـتان هاوکاربن بۆ هەموو لیژنەکان نەك بۆ لیژنەی قانوونی، بۆ ئەوەی ئەو هەڵانەبەسەرمان دا تێنەپەڕێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز ئاری محمد هەرسین، بەڕێز د.پەری، فەرموو.

**بەڕێز پەری صالح حمید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکانی منیش هەر لەسـەر ئەو دەسـتەواژانە بوو، (راکێشـراوە) بکرێتە (لێسـەنراوە)، (سـوارۆ) بکرێتە یان (تورومبێل) یان (ئوتومبێل) کورتیشـە، (لە ژێر دەسـتی) ئێمە لە کوردی دەستەواژەی (لەژێر دەستی)مان نیە، ئەو تورومبێلەی کە ئیشی پێ دەکات باشترە، ئەگەر رێگە بـدات کەسـێکی (نـامۆڵەتـدراو)ئەو دەسـتەواژەشـمـان نیە بیکەنە (بێ مۆڵەت)، تکایەکیشم هەیە فەرمانەکان لە کوردی بخەنە پشتەوەی رستەکان، هەتا واتای باش بدات، پشتیوانیش لە کاك ئاری دەکەم، ئەو (وە)یە لە کوردیدا نیە، زۆرجاریش دووبارە دەکرێتەوە لە سـەرەتای ئەو خولەوە ئێمە ئەو داوایەمان کردووە کە ئەو (وە)یانە بەکار نەهێنن، تکایە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز د.پەری، بەڕێز علی هالۆ، فەرموو.

**بەڕێز علی علی هالۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادده (1) بڕگا (1) ئەوێ کو بێ مۆڵەت سەیارە تاژۆتن دگەل خودانی سەیارە ئێك مستەوا بێن غەرامە کرن ئەز دبێژم قانونیەن تشتەك دروست نینە، ئەو کەسێ سزای ئەنجام بدات تاوانەکی بکات لەگەل ئەو کەسـی کو هاریکار بیتن دگەل تاوانباری ل گور ئەوێت قانونی

سزای وان ئێك نینە، ئەز پێشنیارێ دکەم ئەوێ کو بێ مۆڵەت سەیارە تاژۆت ئەڤ مەبلەغە دروستە، بەس صاحیبێ سەیارە یان ئەوەی هاریکار سزای وی کەمتر بێت، خالا دووێ/ هەر ســزادراوێك پابەند نەبوو بە دانانی ئەو پرە غەرامەیە ئەوە کو لە ماددەی (1)دا هاتی جارا دووێ دێت ســزا بێژین ئەگەر ئەڤ غەرامە نەدات دێت حەبس کرن، پێویســتە حەبس و زیندان ئاخیرین قۆناغ بێت نەك هەر چار ســاڵەك و پەرلەمانی کوردســتانی ڤی جا موحتاج بێت قانوونەکا گشتی دەری خەت، چونکی زیندان کرن چارەسەریا کێشە ناکات، بەتایبەتی ئەو کێشــە و ئەو ســزاییێت کو بە پارە دێن چارەســەر کرن باشــترە بۆ مەرحەلە (2) و (3) و (4)یش هەر غەرامە بێت، بەس شوێنا ملیۆنێك ببێتە ملیۆن و نیو، شوێنا ملیۆن و نیو ببێتە ملیۆنێك و حەفت سەد، هەشت سەد هەزار، ئەز هێڤیدارم کو لیژنا یاسایی ڤان دوو خالا لە پێش چاو بگریت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز سوپاس بۆ بەڕێز علی هالۆ، بەڕێز عباس غزالی، فەرموو.

**بەڕێز عباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشــنیار دەکەین کە لیژنەی یاســایی لە کاتی داڕشــتنەوە لە خەڵکی شــارەزا و پســپۆڕی زمانەوانی سوود وەربگرێت، چونکە یاسا بۆ ئەوەی تێبگەن پشتگیری ئەو وشانە دەکەم کە راگەیەنرا، بەڵام بە نیسبەت جەریمە سێ شیوەی جەریمە لێرە دانراوە، یەك، کەسێك کە ئیجازەی نەبێ، مۆڵەتی نەبێ، یەکێك ئیجازەی هەیە، بەڵام جۆرەکەی لەگەڵ لێخوورینەکە نــاگونجێ، دوو/ لێی ســەنــدراوەتەوە لەبەر هەر هۆیەك، بە ڕەئی من ئەوانە دەبێــت جەریمەکانیان دیار بکرێت و جیاواز بن، چونکە یەکێك ئیجازەی هەبێت، مۆڵەتی هەبێ، بەڵام جۆرەکەی نەگونجێ، هەندێك رێنمایی و شــتێك ئەقدەم ترە لە بۆ ئەو ئیشــەی کە بتوانێ ئیجازەکەی بگۆڕێ، لەبەر ئەوە ئەوانەش دەبێ پۆلێن بکرێن، پشتگیری بۆچوونەکانی کاك علی دەکەم ئەوەی تاوان دەدا و لەگەڵ هاوکارەکەی بە یەك شــێوە ســزا نادرێن، ئەوانەش جیاواز بکرێنەوە و لە یەکتر تەفکیك بکرێن و پۆلێن بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز عباس غزالی، بەڕێز محمود حاجی، فەرموو.

**بەڕێز محمود عمر صالح (محمود حاجی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان لە بڕگە (1)ی ماددەی (1) من تەئیدی قسەکانی کاك ئاری و د.پەری دەکەم، چونکە بەڕاستی (سوارۆ) من بۆخۆم تاوەکو ئێستا وشەی (سوارۆ)م هەر نەبیستووە، یەعنی لە واقیعی ئێمە ئەو کەلیمە بەکار نایەت، دەکرێ بکرێتە (ئۆتۆمبێلی باری)، خۆ من تێدەگەم مەبەســتی یاســاکە لە ئۆتۆمبێل ئۆتۆمبێلی گەورەیە، ئۆتۆمبێلی باری وەکو چۆن لە ســویدیدا دەگوترێت (lastbil) بەڵام لێرەشــدا دەکرێ بکرێتە (ئۆتۆمبێلی گەورە)، ئەو ســوارۆیە بەکار ناهێنرێت، ئەوە یەك، دوو/ لە دێری دووەمدا ســەبارەت بە (گشــتی) (ناتایبەت) هاتووە، (ناتایبەت) رەنگە تا رادەیەك نەگونجاوبێت، دەکرێ بکرێ بە گشتی یان شتێکی تر، لە ماددەی سێیەم بڕگە (1) دەکرێ بەم شێوەی لێ بکرێ، بکرێتە (هەر کەسێك لە کاتی لێخوورینی ئۆتۆمبێل ببێتە هۆی..

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك محمود بەس ماددەی (1) ئەوەی تر بۆ دەرفەتی تر.
**بەڕێز محمود عمر صالح (محمود حاجی):**
باشە سوپاس.
**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
مامۆستا مەلا ماجد، فەرموو.
**بەڕێز ماجد عثمان توفیق:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
قسەکانم کاك ئاری هەرسین و کاك علی هالۆ کردیان، پشتگیریان دەکەم.
**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ مامۆستا مڵا ماجد، مامۆستا عبدالرحمن، فەرموو.
**بەڕێز عبدالرحمن علی رضا:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
پشتیوانی قسەکانی کاك ئاری و د.پەری دەکەم، وشەیەکی تری تیایە ئەویش وشەی (ناتایبەتە)، لە راستیدا هەر کەسێك مۆڵەتی شوفێری هەبوو، واتا مۆڵەتی گشتی هەبوو بۆیە هەیە هەموو جۆرە ئوتومبێلێك لێبخورێت، بۆیە ئەو ناتایبەتە من نازانم ئەگەر دوایی تەوزیحێکمان بدەنێ، پشتیوانی قسەکەی کاك علی هالۆ دەکەم لە راستیدا هیچ مەنتیقی تێدا نیە کەسێك موخالەفەکەی کردووە سەرپێچییە گەورەکەی کردووە لەگەڵ کەسێکی تردا کە سەیارەکەی براوە، یاخود سەیارەی داوە بە کەسێك هەمان سزا و هەمان غەرامە شمولی بکات، بۆیە داواکارم پێداچوونەوەیەك بۆ ئەو حاڵەتە بکرێت، سوپاستان دەکەم.
**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز مامۆستا عبدالرحمن، بەڕێز مامۆستا غریب، فەرموو.
**بەڕێز غریب مصطفی حمەخان:**
**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان.**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
من سەرنجی بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی ڕائەکێشم ئەو سزایەی ئەو کەسەی کە سوارۆکەی لێخووڕیوە سزاکە روونە کە سزادراوە، بەڵام هاوکات ئەو کەسەی کە خاوەنی سوارۆکەشە وەك نووسراوە هەمان سزا دەدرێ ئەگەر ڕێگە بدات کەسێکی نامۆڵەتدار بە لێخوورین ئەو سوارۆیە لێبخوورێت، واقیعەن سەیری حاڵەتەکە بکەین گەنجی ئێستا هەندێك سەرکەچی هەیە لە مامەڵەکردن لەگەڵ کەل و پەل و شتەکانی ماڵدا، هەندێ جار سەیارەکەی باوکی دەباتە دەرەوە بەبێ ئەوەی کە باوکی ئاگادار بێ، خۆ ناکرێ باوك سویچەکە لە ناو سندووقێکدا بشارێتەوە، سویچ وا هەڵواسراوە یان ئەوە لە ناو پاڵتاوەکەیدایە دەری دەهێنێ و دەیبات، ئێستا ئەو غەرامەی کە کورەکە دەیهێنێتە سەر سەیارەکە دەبێ باوکەکە بۆی بدات و هاوکات باوکیشی سزایەکی تر دەخوات، ئەگەر سەرنج بگرن ئەو ڕێگەدانە بۆ ئەو بەڕێزە کە دادوەرە باوکەکە بانگ دەکاتە ئەو شوێنە، هەر بەوەی کە سویچەکە بەکارهاتووە و براوە ئێستا هەمان سزا دەسەپێنێ بەسەریدا، من پێشنیاز دەکەم کە ئاوای لێ بکرێ (ئەگەر بەئاگاداری و رەزامەندی خاوەنەکەی) ئاوا وردتتر بکرێتەوە، سوپاستان دەکەم.
**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز مامۆستا غریب، بەڕێز ڤەمان فیصل، فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی یەکەم بڕگەی (یەکەم) لە ناوەڕاستی فەقەرەی دووەم دا دەڵێت (هەڵوەشێنرایەوە یان ناتایبەت بێ بە جۆری سوارۆکە) یەعنی ئەوە عەینی حوکمی لەسەر درایە کە ئەوەی ئیجازەی هەیە، بەڵام ناتایبەتە لەگەڵ ئەوەی کە ئیجازەی قەت نەبوویێت، بۆیە لێرە هەندێك عقوبەدان یان سزادانی ناعادیلە، دەبێ تەصنیف بکرێت ئەوەی مەسەلە ئیجازەی نیە ئەگەر بە (200) هەزاری بێتن، ئەوە ببێتە دوو بڕگە لێی جوودا بکرێت، غەرامەکەی جا زیاتر دەکرێت یان کەمتر دەکرێت ئەوە بابەتێکە، لە هەمان خاڵدا دەڵێت ئەو کەسەی سوارۆکەی لەبەردەست بێت یان لە ژێر دەستی بێت، مەسەلەن بۆ نمونە خۆمان تەبیعەتی عیراق بەگشتی و کوردستانیش دەزانین زۆربەی زۆری ئەو سوارۆیانەی لای خەڵکن موسەجەل نین بە ناوی ئەو کەسەی لەبەردەستیدایە، رەنگە بە ناوێکی تر بێت، بۆیە من پێموایە ئەوەش هەڵبگرێت و چونکە عقوبە عادەتەن عقوبەیەکی شەخصیە، ئەو کەسەی موخالەفە دەکات ئیجازەی نیە یان هەڵوەشاوەتەوە تەنها ئەو کەسە عقوبە بدرێت، نەك ئەوەی مەرکەبەکەشی بەناوە ئەو فەقەرە هەموو لابدرێت، لە حاڵی دووەمیشدا دەڵێت لە حاڵەتی دووبارە کردنی لێرە حەپسی بۆ داناوە، خۆم شەخصی لەگەڵ ئەوەدام یەعنی ئیتلاقەن لێرە حەپسی لەگەڵدا نەبێت، جارێکی تر ئەگەر حاڵەتەکەی دووبارە کردەوە عقوبە مالیەکە زیاتر بکرێت، (أضعاف المضاعفة) و تەواو.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز ڤەمان فیصل، بەڕێز فرحان جوهر، فەرموو.

**بەڕێز فرحان جوهر قادر:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە وشەکان ئەو وشە کوردیانە من پێشنیارێکم هەیە وەکو لیژنەی رۆشنبیری کە یان دوو سێ کەسی زمانزان لە پەرلەمانی کوردستان بە عەقد تەعین بکرێن بۆ هەموو ئەو یاسایانەی کە پێداچوونەوەیان بۆ بکرێت، ئەوە یەك، یان ئەوەی تر بۆ ئەوەی ئەو وشانەی کە ئێستا بەڕێزان پەرلەمانتاران باسیان کرد کە بەسەرماندا تێنەپەڕن، پێش ئەوەی یاساکە تەواو ببێت بچێت بۆ ئەکادیمیای کوردی کە تایبەتە بە زمانەوانی کوردی، تایبەتە بە مەسەلەی زمان یان لە ئەکادیمیا چارەسەری بکات، یان چەند مامۆستایەك بە عەقد کە ناوەکانیشیان هاتوونە بۆ ئێمە کە حەز دەکەن، لەبەر ئەوەی موڵاحەزەی زۆریان هەیە لەسەر ئەو یاسایانەی دەردەچن لە پەرلەمانی کوردستان لە رووی زمانەوانییەوە، یەعنی لیژنەی رۆشنبیری ناتوانێ ئەوە عیلاج بکات تەنها بەم دوو رێگایە نەبێت، تێبینی دووەم لەسەر ماددەی یەکەم ئەوەیە کە ئێمە بۆ ئەوەی بەرەو کۆمەڵگەیەکی مەدەنی زیاتر بچین مەسەلەی حەپس کەمتر بکەینەوە، تا بکرێت مەسەلەی عقوبات بە حەپس کردن کەم بکەینەوە بەرە بەرە وای لێرابینین موجتەمەعی خۆمان هەمووی ببێتە ئەو تاوانانە یان ئەو سەرپێچیانەی کە دەیکەن ببێتە سزادانی پێبژاردن، بکرێتە پارە، بۆیە حەپس کردن و یەك مانگ ئەوە کردن لە بڕگەی دووەم دا، من لەگەڵ ئەوەدام کە بە هیچ شێوەیەك حەپس کردن نەمێنێت و عقوبەکە زیاتر بکرێت، ئەگەر (250.000) دوو سەد و پەنجا هەزار بکرێتە (750.000) حەفت سەد و پەنجا هەزار کەمتر نەبێت و لە دوو ملیۆن زیاتر نەبێت، ئەوەی تر ئەگەر دووبارەی کردەوە غەرامەکە زیاتر بکرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی پێشتر پێیان وابووە کە کەسەکە غەرامەکە نادات، نەخێر کەسەکە هەر ناچارە غەرامە بدات، لەبەر ئەوەی هەر هاووڵاتییەك لە هەرێم لە هەر شوێنێك بێت ئیشی بە حکومەت دەبێت، ساڵیانەکەی نوێ

دەکاتەوە، ئیجازەکەی دەردێنێتەوە، خانووەکەی تاپۆ دەکات، ناچارە بچێت ئەم غەرامانە بدات، بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام بە هیچ شێوەیەك مەسەلەی حەپسکردن نەمێنێت، ئەوی تریش لەگەڵ ئەوەدامە کە بەڵێ کەسێك زۆرجار لە کوردستان حادیسەی زۆر گەورە روودەدات، بۆ نمونە کوڕێك هەستاوە سەیارەی باوکی دەبات، یەعنی پێویستە بە تەئکید باوکیشی سزا بدرێت لەبەر ئەوەی دەبێت ئاگادار بیت کوڕەکەی تاکو حەدەسە ئیجازەی نیە، بۆ ئەوەی ئاگاداری سەیارەکەی بیت، زۆرجار لێرە وا بووە کوڕەکە چووە تاوانێکی کردووە کەسێکی کوشتووە بە سەیارەی باوکی کە ئیجازەی نەبووە، بۆیە پێویستە سزاکە ئەویش بگرێتەوە بۆ ئەوەی ئاگای لە سەیارەکە بێت، نەهێڵێ و رێگە نەدات کەسێکی بێ مۆڵەت سەیارەکەی لێبخورێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز فرحان جوهر، بەڕێز شوکریە شێخانی، فەرموو.

**بەڕێز شکریە سمایل مصطفی (شکریە شێخانی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە وشەی مەرکەبە لە زمانی عەرەبی ئەوە وابزانم بکرێتە بارهەڵگر باش دەبێت.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بارهەڵگر ئۆتۆمبێلی گەورەنە، بەس مەرکەبە هی بچووکیش دەگرێتەوە، بەڵێ فەرموو بەردەوام بە، هەر بۆ ئاگاداری گوتم.

**بەڕێز شکریە سمایل مصطفی (شکریە شێخانی):**

بەڵێ، سەبارەت بە ئەگەر بکرێت جێگای ئەوەش بکرێتەوە ئێستا لە زۆرێك لە وڵاتانی دونیا عقوبەی بەدیلە هەیە، بۆ نمونە کەسێك هەژارە یان قوتابیە زۆر لەم جۆرە کەسانە روودەدات، مەسەلەن لە کاتی پشووی هاوینان عقوبەی بەدیلەی پێ جێبەجێ بکرێت لە وەزارەتی شارەوانی، مەسەلەن مانگێك ئیشی پاککردنەوەی پێ بکرێت، نازانم تا چەند دەکرێت جێگای ئەوە بکرێتەوە؟ ئەگەر بکرابا بە تایبەتی بۆ ئەوانەی کە قوتابین و باری داراییشیان باش نیە، خاڵی سێیەم و کۆتاییم پاڵپشتی رایەکەی مامۆستا غریب دەکەم بەراستی ئەگەر بەرەزامەندی ئەو کەسە بێت، ئەگەر بەرەزامەندی ئەو نەبێت یان بە بێ عیلمی ئەو بێت بۆچی سزا بدرێت؟ سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز شکریە شێخانی، بەڕێز بهزاد درویش، فەرموو.

**بەڕێز بهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش دگەل هەندێمە کو یاسایە ئەگەر بەندکردن نەمایا شتەکی باش بوو، دوو/ من پێم باشە بڕگا (1) ئەگەر ببیتە (2) چونکی ناتایبەت کە نووسیە ناتایبەت واتا مۆڵەتی هەی، بەس تایبەت نیە مەسەلەن بڵێین هاتووچووا بارهەڵگر دبێژین، جا ئەگەر لە ئەصڵدا ببێتە دوو بەش ئەوی کە هەر مۆڵەت نیە جیا بیت لەگەڵ ئەوی کە هەیە بەڵام ناتاییەتە، خاڵی سێیەم/ منیش پێم باشە کە غەرامەکە ئەوی کە لە نووسراوە یەك ملیۆن زیاتر نەبیت، پێنج سەد هەزار کەمتر نەبێت لەبەر بارێ ناهەمواری دارایی، خاڵا (3)/ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی ئەوە بوو لێرە ئەو کەسی کە سەیارە بەناڤێ ویە بۆنمونە خاصەتەن هەرێما کوردستانێ هەندەك کەس هەیە سەیارێت خۆ تەحویل ناکەن، موددەی ساڵەکا زیاتر، یەعنی لەوانەیە کابرایەکی دی مولکیەتا یا قانوونی سەر ناوێکی دیە، بەڵام کابرایەك ئەو سەیارە فرۆتیە دبێژین کەسەکی دی مۆڵەت نیە، ئەڤ سەیارە لێخوری لەو حاڵەتێدا دڤێ یاسایی ئەو کەسەی کە سەیارە فرۆتیە پێشی ساڵەکە رەنگە، بەس تەحویل نەبووە، ئەویش دڤێ سزای

وەرگریت، لێرە زەنبی وی چیە؟ ئەوە دەبێ چارە بکرێت، خاڵا دی من پێ باش بوو هەرچەندە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانێ ئیشارەت دا کە وەزیری ناوخۆ لێرە نیە، بەس پێویست بوو راستی چونکە وردە ئەڤ یاسایە ناو هۆڵا پەرلەمانی رەئیا ئەو باشتر وەرگرتبا، خاڵا دی منیش ئەوە بوو بەڕێز جەنابتان و لیژنەی یاسایی و لیژنا پەیوەندیدارەکان بەحسی دی کر کە زۆر ماددەی تر هەن پێویستە ئیزافە بکرێن، یان هەمواربکرێن، دەکرێت ئەگەر ماددەی زەروور زەروور هەیە بەپێی پەیرەوی ناوخۆ ئەگەر دەکرێت لێرە جێگای بکرێتەوە و هەمواریش بکرێت لە هەمان کاتدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز بهزاد دەروێش، بەڕێز حەیات مجید، فەرموو.

**بەڕێز حەیات مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەکانی کاك فرحان جوهر دەکەم لەسەر مەسەلەی ئەوەی کە بۆ لیژنەی رۆشنبیری و لەگەڵ ئەوانە لەو بابەتەدا تەواو پشتگیری قسەکانی کاك فرحان دەکەم، تەئیدی قسەکانی کاك ئاریش دەکەم لەسەر ئەو بابەتەی کە باسی کرد بە تایبەتی کێشە زمانییەکان، لێرەشدا باسی ناتایبەت کرا ئەگەر ئەو (ناتایبەتە) بکرێت بە (تایبەت نەبێت) لەوانەیە خەراپ نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز حەیات مجید، بەڕێز مامۆستا مڵا مروان، فەرموو.

**بەڕێز حسين إسماعيل حسين (مڵا مروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو تێبینی بچووك، یەکەمیان/ دەرکردنی هەر یاسایەك دیارە بۆ کەمکردنەوەی تاوانە، دوو/ یاسا بە تایبەتی ئێمە کە پەرلەمانتارین یاسا دەردەکەین، بەراستی ئەگەر بچینە لای وەکو بڵێین بابەتی عاتیفی و باب و باپیر و ئەوانە قەناعەتم وایە زۆر لەسەری قەرزدار دەبینەوە، چونکە یاساکان دایمە دەبێ سیفەتی عمومی ببینن و بۆ هەموو خەڵکەکەیە، لەوانەیە ئەگەر سەد حاڵەت بێت حاڵەتێکی مەسەلەن دەبینن خەڵکێکی فەقیر و هەژارە یان ئەوەتە موستەحەق نیە بەبەر ئەوە دەکەوێ و ئەوەش دەبێتە قوربانی زۆرینەکە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز مامۆستا مەلا مروان، لیژنە پەیوەندیدارەکان، لیژنەی یاسایی بەڕێز د.ڤالا، فەرموو.

**بەڕێز ڤالا فريد إبراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێمان خۆشە لێرە روونکردنەوەیەکی عام بدەین لەسەر ئەو بابەتە، پێش ئەوەی بێینە ناو تەفاصیل، تەبعەن هەدەفی موشەرەع لە دەرکردن و تەعدیل کردنی ئەو یاسایە کەمکردنەوەی رووداوەکانی هاتووچۆیە، خۆتان دەزانن بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان زەحایای رووداوەکانی هاتووچۆ لە ساڵانی رابردوو لە زەحایای شەڕی داعش زیاتر بووە لە هەرێمی کوردستان، بۆیە هەدەف لە دەرکردن و لە توندکردنی ئەو یاسایە تەنها ئەو هەدەفەی هەیە موشەریع کە گیانی خەڵکی بپارێزێت، ماددەی یەکەم چەند پێشنیارێك کرا لەسەر دەستەواژەکان مەرکەبە کە ئەوە سوارۆیەکمان داناوە، ئێمە دامانناوە یاساکە لە ساڵی (2004) کە ئینفاز کراوە و تەرجومە کراوە و سوارۆ لە جێی داندراوە، دوای

دیراسەیەکی زۆر و دوای ئەوەی بۆ جیهاتی موختەصیش نێردراوە، چونکە ئەگەر ئەوە لێرە سوارۆ یەعنی مەرکەبە، مەرکەبە لە زمانی عەرەبی هەر لەسەیارەی بچووکەوە دەیگرێتەوە هەتا تڕێڵە، بەڵام من ئەگەر لێرە ئۆتۆمبێل دانێم لە جێی سوارۆ ئەی چ بە پیکاب و بە لۆری و بە بارهەڵگر و تڕێلەکان بڵێم؟ بۆیە ئەو موستەڵەحە لە جێگای خۆی بەکارهاتووە لە کاتی خۆی لە سـاڵی (2004) نەك ئێمە دامانناب، ئەوە بابەتی یەکەم، بابەتی دووەم/ پێشـنیار کرا کە جیاوازی بکرێت لە نێوان ئەوەی کە ئیجازەی نیە و لێی دەخورێ و لە نێوان ئەوەیشی کە شەریکە، بابڵێین رێگای داوە سەیارەکەی ببات، بەڕێزان زیاتر حاڵەتەکە لە شەریکەکەیە نەك لەوەی سەیارەکە لێدەخوڕێ بەبێ مۆڵەت یەعنی زیاترینی حاڵەت کە ئێمە دەمانەوێ بۆی دابنێین ببێتە رەدع بۆ ئەو بـابـانەیە کە سـویچ دەدەنە منـداڵەکـانیـان هێشـتـا نەگەشـتوونەتە تەمەنی (18) سـاڵی و ئیجازەی سـیاقەتیان نییە بۆیە لێرانە زیاتر رەدعەکە بۆ کەسـەکەیە بۆ والیەکەیە بۆ ئەو کەسـەیە کە مەسـئولە لەسـەر ئەو منداڵەی کە نەبۆتە (18) سـاڵ و سـاحێبی ئیجازە نییە، بۆیە لێرە بە یەکسـانی دانراوە حاڵەتەکە، قسـە لەسـەر ناتایبەت کرا ناتایبەت بە جۆری سوارۆیەکە کە فەرق کرا لە بەینی ئەوەی کە ئەگەر ناتایبەت بێــت بە جۆری سـوارۆیەك هەر ئیجازەشی نەبێت بۆ هەر دوو حاڵەتەکە وەکو یەك بیتن؟ هەردوو حاڵەتەکەی وەکو یەك داناوە موشەرع لە پێش مەش وە لە عێراقیش وە ئێستاش ئەمە دامان ناوەتەوە لەبەر ئەوەی ئەو کەسـەی کە ئیجازەی سـیاقەتی بۆ نمونە سـەیارەی بارهەڵگری نییە تەنها سـەیارەی خصـوصـی هەیە کاتێك کە سـەیارەی بارهەڵگر لێدەخورێ وەکو ئەو کەسـە وایە کە ئیجازەی نەبێت ئەزرارەکەشـی زۆر زۆر زیاترە بۆیە لێرە (مشـرع) محاوەلەی کردووە یەکسـانی بکات لە نێوان هەردوو حاڵەتەکە وە پێم وایە ئەو یەکسـانی کردنەش لێرانە تەحقیقی عەدالەتە، نیسـبەی غەڕامەکان ئێمە دامان ناوە قسـەی لەسـەر کرا (250.000) دوو سـەد و پەنجـا هەزار دینـار بۆ (1.000.000) یەك ملیۆن دینـار بەڵام صوڵتەی تەقدیریکان داوە بە قازی یەعنی قازی لە (500.000) پێنج سەد دەست پێ دەکات دەتوانێ بە حاڵەتێك بڵێـت (500.000) پێنج سـەد هەزار بەیەکیان بڵێت (750.000) حەفت سـەد و پەنجا بە یەکیان (600.000) شـەشـە سـەد هەزار تا دەگاتە (1.000.000) یەك ملیۆن ئەو بۆ خۆی لەگەڵ حاڵەتەکە تەعاموول دەکات لە نێوان کەمترین و زیاترینیان دێـت و دەچێت، حاڵەتی دووەم، لە خاڵی دووەم بەندکردنمان داناوە لەگەڵ غەرامە پێکەوە لەبەر ئەوەی حاڵەتی عەودە کاتێ کە دەگەڕێـەوە بۆ هەمان تاوان خۆ دەبێـت سزاکەی قورس تر بێتن بۆ ئەوەی جارێکیتر روو لەو تاوانە نەکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز، (د.ڤاڵا)، بەڕێز، (د.بەهار)، فەرموو.

**بەڕێز بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمەوێت ئیشارە بە چەند شتێکی تر بدەم ئەویش ئەوەیە کە بەشك لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان وتیان ئەو کەسـەی کە سـەیارەکە بەناوەوەیە یان سـەیارەکەی داوەتێ لە کاتێکا عقوبە بدرێـت ئەگەر ئاگای لێبێـت خۆی ئەو ئاگادار بوونە سەلماندنی لە ناو قەزائا لەبەر دەم محاکما زۆر قوورسە یەعنی ئالیەتێك نییە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ هەموو کەس دەڵێت ئاگام لێنەبووە کە بردوویەتی لەبەر ئەوە ئەو بابەتە بۆیە دامان نەناوە، دووەمیان: باس لەوە کرا (لێراکێشـران) بکرێت بە (لێسـەندنەوە) ئێمە ئەو موسـتەلەحانە زۆریـان، وە

هەروەها(حیازە)ش ئەوەی کە لە ژێر دەسـیایەتی باسـی ئەو موصـتەڵەحەش کرا ئێمە ئەو موصـتەڵەحانە هەوڵماندا‌وە ئیلتیزام بکەین بە مەصـتەلەحە مقابیلەکەی لە قانوونا یەعنی ئێسـتا کە دەڵێی (لێراکێشـراوە) یەعنی (سـحب) لە قانوونا (سـحب) هەیە لێسـەندن نییە یەعنی (سـلب) تۆیەعنی لێی ئەسـەندیتەوە نایدەیتەوە بەڵام (سـحب) یەعنی لێی وەردەگریت و جارێکیتر ئەیدەیتەوە بۆیە کە ئەو موصـتەڵەحانەمان بەکار هێنا موراعاتی لایەنە قانوونیەکەمان کردووە، سەبارەت بە (عقوبات بدیل) کە بەڕێز (شوکریە) خان باسی کرد پێشـنیارێکی بە جێیە وە پڕۆژەش هەیە بۆی بەڵام لێرە جێگەی نییە دەبێت لە قانوونی (عقوبات بدیل) جێگەی بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز، (د.بەهار)، لیژنەی ناوخۆ بەڕێز( قادر رزگەیی)، فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر بە کورتی لە راسـتیدا لە ژێر دەسـت دابوون و خاوەنداریەتی لێرەدا هەردوو ئەو بەڕێزانە ئاماژەیان پێدا تەنها ئەوە نییە لە رووە قانوونیەکە کە باوکەکە سـەیارەکەی داناوە یان سـویچەکە ئاگای لێنییە بەشـی زۆری سـەیارەکان لە هەرێمی کوردسـتانا هەموو ئوتۆمبێلەکان بەشی زۆریان لە رووی خاوەندارییەتییەوە سەنەویەکانیان بە ناوی ئەو کەسە نین کە سـەیارەکان لێدەخوڕێت هەرچەندە لە قانوونیشـدا لەم قانوونی هاتوچۆیەشـدا رێگەی داوە یان ئەو مافەی داوە بەو هاوڵاتیانەی کە سـەیارەکەی دەفرۆشـێت بەڵام ئەو ناچێت بە ناوی خۆیەوە بکات، بۆیە بە تەنها ئەوە نییە مەسـەلەکە خاوەنداریەتییە سـەیارەکە بەناوی ئەوە وە نییە لە رووی قانوونیەوە سـەیارەی ئەو نییە بەڵکو لە ژێر دەستیدایە بەس بە تەنها ئەوە ناگرێتەوە کە سەکە چووە کوڕەکە بەبێ ئیزنی بابی براکەی بە بێ ئیزنی برا گەورەکەی سـەیارەکەی بردووە هەر بەتەنها ئەوە نییە مەسـەلەکە خاوەنداریەتی تایبەتییە، ئەوەی (د.بەهار) وتی راسـتە ئەگەر وای لێبکەین کەسـێك دەڵین ئاگامان لێنە بووە، ئەوەی کە مۆڵەتی نییە دەڵێ سەیارەکە هی خۆم نییە هی برادەرەکەمە کە لێم وەرگرتووە خۆ هی کەسـێکی دیکەیە، سـەبارەت بە ئەوەی سـوارۆش پشـتگیری قسـەکانی (د.ڤاڵا) دەکەم، سـوارۆ هەر بە تەنها ئۆتۆمبیل نییە هەر بە تەنها ئۆتۆمبیلی گشـتی و ئۆتۆمبیلی تایبەت نییە هەتا عارەبانەیەکیش دەگرێتەوە، وە ئامێری کشـتوکاڵیش دەگرێتەوە، وە ئەو ئامێرانەی بۆ بینا سـازیش بەکاریدێنن وە ئەوانیش دەگرێتەوە وە ئێمە ناکرێت بە تەنها بنوسـین ئۆتۆمبێل وە لە قانوونەکەش بە تەنها مەفهومەکە مەبەسـتی ئۆتۆمبیل نییە وە هەر بۆ ئەو ناوەش نەهاتووە، وە سـەبارەت بە مۆڵەتی گشـتی و مۆڵەتی تایبەتش ئێ کەسێك ناکرێت مۆڵەتی ماتۆر سکیلی هەبێت بارهەڵگرێك لێبخوڕێ ئەوەش لە رووی قـانوونیەوە نـابێـت، مۆڵەتی خـاص و مۆڵەتی گشـتی و مۆڵەتی عارەبانەیەك و مۆڵەتی پاسـکیلێك و مۆڵەتی ماتۆرسـکیل هەموو ئەوانە جەنابتان دەزانن هەمووی لە یەکتر جیاوازن بۆیە پێویستە بە قەناعەتی من ئەمە هەر وەك یەکی لێدێتەوە کەسـێك مۆڵەتی ماتۆر سـکیلی هەیە سـەیارەی بارهەڵگر لێدەخوڕێ هەر وەك ئەوە وایە مۆڵەتی بارهەڵگری نییە وە کەسێك کە مۆڵەتی سەیارەی خاصی هەیە سەیارەی گشتی و بارهەڵگر لێدەخورێ هەر وەك ئەوە وەیە کە مۆڵەتی نییە بۆ ئەو پیشەیە و بۆ ئەو ئامێرەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز، (قادر رزگەیی)، بەڕێز(ناظم کبیر)، فەرموو.

**بەڕێز ناظم کبیر محمد :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان پشتگیری بۆچونەکانی لیژنەی یاسایی دەکەین وە تێبینیەکیش دوو بەڕێز باسـی کرد دەربارەی ئەوەی کە حەپس نەمینێتن چونکە حەقیقەت مەسـەلەی حەپس وە لەگەڵ غەرامە شـتێکی جیاوازە بەڵام لێرەدا شـتێك هەیە لێرەدا دەبێت ئێمە شتێکی وا بکەین مەسەل کورە زەنگینەکان لەوانەیە ئەگەر تەنها غەرامە بێت و رۆژانە ئەم شتانە دووبارە بکەنەوە ئەم موڵاحەزانەمان زۆر بۆ هات کاتێ: کە راپۆرتەکە لە بیدایەت کە ئەوە تەسبیت نەکرابوو کە حەپس نەمینێ تەنها غەرامە بوو بەڵام ئەوەی کە هات کە کوڕە زەنگینەکان ڕۆژان هەوڵ دەدەن ئەم شتانە دووبارە بکەنەوە وە ئەمە بە غەرامە چارەسەری دەکەن، بەڵام ئەگەر حەپس بۆ دانرا لەوانەیە ئەوانیش لەوانەیە پێداچوونەوەیەك هەبیت لەوە ئەویش سـزای حەپس باشـتر دەبێت وە رووداوەکانیش کەمتر دەبین و ئەم شـتانە دووبارە ناکەنەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سـوپاس بۆ بەڕێز، (ناظم کبیر)، بەڕێز ئێسـتا لە دوای ئەم گفتوگۆیە داوا لە سـەرۆکی لیژنەی یـاسـایی دەکەین مـاددەی یەکەم بە رەچـاو کردنی تێبینیەکـانی ئێوەی بەڕێز پێشـنیارەکان بخوێنرێتەوە وە چاوەڕوانی ئەوەینە نیسـاب تەواو بیت دەخەینە دەنگدان، فەرموو.

**بەڕێز ڤاڵا فەرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یاسـایی هەمواری یەکەمی هەمواری جێبەجێکردنی یاسـای هاتوچۆری ژمارە (86)ی سـاڵی (2004) لە هەرێمی کوردستان - عێراق.

ماددەی (1)

دەقی بەشـی ژمارە (21)ی یاسـای هاتووچۆ هەموار دەکرێت و بەم شـێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

1-هەر کەسێ سوارۆیەك بەبێ مۆڵەتی لێخوڕینی یان بە مۆڵەتێکی لێخورینی لێراکێشراوە یان هەڵوەشـێنراوە یان ناتاییەت بە جۆری سـوارۆیەکە لێبخوڕێ ئەوە بە پێبژاردنێك لە (250.000) دوو سـەد و پەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێت لە (1.000.000) یەك ملیۆن دینار زیاتر نەبێت سزا دەدرێت و ئەو کەسـەی سـوارۆیەکەی لەبەر دەسـتە خاوەی بێـت یان لە ژێر دەستی بێت هەمان سزا دەدرێت ئەگەر رێگە بدات کەسێکی نامۆڵەت دراو بە لێخورین ئەو سوارۆیە لێبخوڕێت.

2- لە حاڵەتی دووبـارە ئەنجامدانەوەی ئەو تـاوانەی لە بڕگەی (1)ی ئەو مـاددەیە دەقی لەسەر کراوە ئەوە سزاکە دەبێـە بەند کردن بۆ ماوەیەك لە (1) مانگ کەمتر نەبێت و لە (3) مانگ زیاتر نەبێـت و پێبژاردنێك لە (250.000) دوو سەد و پەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێت لە (1.000.000) یەك ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

خاڵی نیزامی کاك (ڤەمان)، فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك (علی هالۆ)، کاك (عباس غزالی)، کاك (فرحان جوهر)، هەرچوارمان پێشنیارمان کرد کە (حەپس) نەمێنێت، جارێ عورفێك لە ناو پەرلەماندا هەیە ئەگەر (3) کەس پێشنیارێکیان کرد دبێت ئەو پێشـنبارە بخەنە دەنگدان، دوای ئەوە بێن ماددەکە بخەنە دەنگدان، ئێسـتا ئەو

پێشـــنیـارەی ئێمە تێپەڕیوە بەشـــکەم ئێمە قەنـاعەتمـان نەکردبی عەرزکەن لەســـەر پەرلەمـانتـاران ئـایـا لەگەڵ ئەوەدان (حەپس) بمینی یـان نەمێنێ دوایی مـاددەکە بخەنە دەنگدان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز (ڤەمان فیصل)، بەڕێز مامۆستا (عبدرحمان) خاڵی نیزامی، فەرموو

**بەڕێز عبدالرحمان فارس عبدالرحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی (د.ڤاڵا) خوێندیەوە پێم وا بێت لەگەڵ خوێدنەوەی یەکەم جارا پێش ئەوەی پەرلەمان مناقەشـەی بکەین لە راسـیدا یەك فاریزەی فەرق نەبووە من لای خۆم ئیشـارەتم پێ داوە، بە واتایەکیکە هیچ سـەرنج و تێبینی پەرلەمانتاران بە هەند وەرنەگیراوە کە هەندێکی سێ چوار پشتوانی پەرلەمانتاریکەی هەبووە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سـوپاس بۆ بەرێز (عبدالرحمان فارس )، ئەوە بە گشـتیتان باس کرد داوا لە (د.ڤاڵا) دەکەم وەڵامی ئەوەی دووەم بـدات ئەوەی یەکەم بـدات، وە ئێســـتـا بە دەنگی ئێوە یەکلایی دەکەین ئەوەش وەردەگریین با ئەم روونکردنەوە بدات، فەرموو.

**بەڕێز ڤاڵا فەرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە لیژنە پەیوەندیدارەکان روونکردنەوەی خۆمان دا لەسەر موستەلەحات کە زیاتر لە (3) کەس هنی کردبوو وە گوتمان ئەو موصـــتەڵەحانە موصـــتەلەحی یاســـاین لێرانە کە بەکار هاتبوون وە روونکردنەوەی خۆشـــماندا کە گوتمان لەبڕگەی (2) ئەمە باســـمان لە بڕگەی (عود) دەکەین یەعنی یەکەمین جار دووبارە ئەنجامی داوەتەوە تاوانەك، یەکەمین جاربە غەرامە عقوبەمان داوا ئەو دووبارە گەڕاوەتەوە دیارە هیچ ئەهەمیەتی نەبووە ئەو پارەی کە داویەتی کەســـێی دەوڵەمەندە بێباکە لە پێدانی پارە و لە پێدانی غەرامە کاتێك کە دەگەڕێـــــــتەوە تاوانەکە دەکات لە حاڵەتی دووەم ئێمە حەپس کردنمان داناوە حەپس کردنەکەشـــمان تەنها لە (1) مانگ کەمتر نەبێت و لە (3) مانگ زیاتر نەبێت یەعنی ئەو کەســە دەیەوێت لە (1) مانگ زیاتر نەبێت بۆ ئەوەی ببێـــــە رەدع بۆ جاری دووەم بۆیە بە راعمان داناوە دیارە غەرامەکە رەدعی نەکردووە وە ئەوەش (3) کەس پێشنیاری کرد بەڕێز ســەرۆکی پەرلەمان ئەگەر بیدەنە دەنگدان بۆ ئەوەی بەند کردنەکە لە حاڵەتی عەودیشــدا نەمێنێـت بەڵام ئەوەی ئێمە دامـان نـاوە بەنـد کردن لە حـاڵەتی (عود) وە وەکو لیژنە پەیوەندیدارەکان تکا دەکەین کە ئەوە وەکو خۆی بمێنێ بۆ ئەوەی ئەو کەســـەی باکی بە غەرامەدا نییە عقوبەیەکی هەبێت بۆ ئەوەی لێی سڵ بکاتەوە بگەڕێـەوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

خاڵی نیزامی ترمان ماوە لەگەڵ دوو روونکردنەوە لە لیژنە یاســـایی و ناوخۆ بەس جاری یەکەم خاڵی نیزامی وەردەگرین، کاك (ئاری)، فەرموو.

**بەڕێز ئاری محمد عبدالرحیم (ئاری هەرسین):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشـــتوانی لە قســـەکانی کاك (ڤەمان) و کاك (عبدالرحمان) ئەکەم وە ئەگەر بەڕێزتان رێگەمان بەن ئێمەش ئەتوانین بە ئەرگومێـــــــنت وەڵامی ئەو ســـــەرنجانەی بەڕێزانەی

سەرۆكی لیژنەی قانوونی بەینەوە كە لەسەر موصتەلەحەكان یاخود دەستەواژەكان باسی كرد وەڵام بدەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (ئاری هەرسین)، خاڵی نیزامی كاك (ابوبكر هەڵەدنی)، فەرموو.

**بەڕێز ابوبكر عمر عبدالله (ابوبكر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من وەك ئەندامێكی لیژنەی یاسایی زۆربەی ئەو دەستەواژانە سوودمان لە كتێبەكەی فەرهەنگی قانوونی (د.نبی تاڵەبانی) وەرگرتووە هەموو جارێك دەگەڕێینەوە بۆی كە جەنابی هەم ئەندامی كۆڕی ئەكادیمیای كوردییە وە هەم ئەندام پەرلەمان بووە خۆتان دەزانن، دووەم ئەوەی (د.ڤاڵا) ئاماژەی پێدا ئەو سولْتە تەقدیریە لە صولتەی غەرامەكە جێ ئەهێڵرێت بۆ قازی چونكە هەندێ بێ مۆڵەت جاری وا هەیە حادیسەكە هیچ قوربانی لێ ناكەوێتەوە جاری وا هەیە مردنی لێ ئەكەوێتەوە جاری وا هەیە بریناربوونی لێ ئەكەوێتەوە لەبەر ئەوە ئەبێ ئەو غەرامە وەكو خۆی بمێنێتەوە چونكە وەكو صولْتەی تەقدیری حاكم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (ابوبكر هەڵەدنی)، رایەك لە كەسەكی پسپۆڕی لە بواری قەزا، دوو رەئی وەردەگرین خاتوو (تەلار لطیف)، فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگری لە قسەكانی (د.ڤاڵا) دەكەین سەبارەت بە موصتەلەحاتی قانوونی ئێمە دەوڵەمەند نیین بەو مەصتەلەحاتە بۆیە ناچارین ئەو وشانەی كە هاتووە لە یاسا بەركارەكانا ئێمە ئەو وشانە بەكار بێنینەوە بەتایبەتی ئەم بەشە زۆر حەساسە تایبەتە بە بەشی سزا ئەچێتە بەر دەمی دادوەران بۆ طظبق كردن بۆیە پێویس ئەكا تەفسیر هەڵنەگر وە پێویستیش دەكا نەقس و تەناقوصی تێدا نەبێت بۆیە ئەو وشەیە وەكو خۆی چۆن لە یاساكە هاتووە كە لە (2004) ئینفاز كراوە پێویستە وەكو خۆی كاری پێبكرێت، سەبارەت بەوەی كە تۆ لە خاڵی یەكەما كردوومانە بە غەرامە مادەم جارێكیكە ئەو تاوانەی دووبارە كردۆتەوە كەواتە ئەبێتە زەرفێكی موشەدەد ئەو كاتە عقوبەكە دەبێت قورس تر كرێت لەسەری (حەپس) و (غەرامە) پێكەوە بێت وە ئەمە رای لایەنە پەیوەندیدارەكان وەرگیراوە وە بە رەزامەنی لایەنە پەیوەندیدارەكان كار لەسەر ئەو خاڵە كراوە بۆیە هیواداریین پێش ئەوەی، راستە رێكارەكان بگرێتە بەر بۆئەوەی ئەو بڕگەیە بخرێە دەنگدان بەڵام داواكارین لە پەرلەمان لایەنە یاسایەكە و سزایە جێبەجێكارەكان كە دادگایە بۆ ئەوەی تەناقوص دروست نەبێت بۆ ئەوەی تووشی گلەیی نەبین وە هاوشێوەی یاسای لێبوردنە گشتیەكانی بەر گلەیی نەكەوین لە رووی یاسایەكەوە پێویستە رەچاوی ئەم خاڵە یاسایانە بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز. (تەلار لطیف)، بەرێز (ناظم كبیر)، فەرموو.

**بەڕێز ناظم كبیر محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەكانی (د.ڤاڵا) و (تەلار) خان دەكەم حەقیقەت راستە بە پێی پەڕەو (3) لە بەڕێزان داوایان كرد كە (حەپس) نەمینێت لە دووبارە بوونەوەی تاوانەكە بەلام لێرەدا شتێك هەیە هەر وەكو (تەلار) خان وتی ئەمە دواین جار رای لایەن پەیوەندیدارەكان

وەرگیراوە بۆ هەبوونی حەپس ئەمە خاڵێك، خاڵێكی تریش مەسەلە ئەگەر بێــت و حەپس نەمینێــت بەراستی ئەمە دەرگا کردنەوەیەکە بۆ ئەوەی کە زەنگینەکان ڕۆژانە دووبارە ئەم شتە دووبارە بکەنەوە یەعنی ئەمە دەبێـــە کارەسات و دەبێـــە کردنەوەی دەرگایەك بۆ ئەوەی کە ڕووداوەکانی هاتوچۆ زۆرتر ببیت، جا لێرە دەبێـــت بەراوردیەك بکرێـــت بۆ ئەو کەسانەی کە زەنگینن ڕۆژانە ئەو تاوانانە دووبارە بکەنەوە حەپس نەبێت هەموو ڕۆژ تاوانێك دەکات و دەچیتن دووبارە غەرامەیەك دەدات و لای زۆر ئاساییەو کارەسات ڕوو دەدات جا بەڕێزان ئەم بابەتە بەر چاو بگیرێت، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ســوپاس بۆ بەرێز. (ناظم کبیر)، گفتوگۆ ڕوونکردنەوە تێبینی زۆر پێشــکەش کران، ئەو پێشـنیارەی (3) کەس پشـتوانی لێ کردووە دەخەینە دەنگدان ئەگەر بە پێویسـت بزانن (1) کەس ئەوەی پێشــنیاری کردووە با ئەرگۆمێنتی خۆی پێشــکەش کا یەك ئەوەی دژە، کاك (فەرحان) فەرموو.

**بەڕێز فرحان جوهر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ســورین لەســەر ئەوەی کۆمەڵگاکەمان پێش بکەوێت بەروە مەدەنیەت پروات وە حەپس بە هیچ شــێوەیەك ڕێگر نییە لەوەی کە کەســەك تاوان دووبارە نەکاتەوە یان ســەرپێچی دووبارە نەکاتەوە بە پێچەوانە پاش هەندێ هیچ موبەریرێك نییە کەســێکی دەوڵەمەند پارە ئەدا بە هیچ شێوەیەك دەوڵەمەند پارە ناداتن ئەوەی زیاتر بە پارە قەرسە دەوڵەمەندە لە هەژارەکەی ســەدان نمونەی زیندی لەبەر دەســتمانن، لە حاڵەتی دووبارە کردنەوەی ســەرپێچییەکە غەرامەکە دوو هەند لێبکرێت بەڵام سـجن کردن یەنی بەشـێکی دەرکردنی یاســای لێبووردن بۆ زیندانەکان بەشــێکی پەیوەندی بە قەیرانی حکومەت و کارەبا نەبوو نان نییە لە سجنەکان ئاو نییە لە سجنەکان بەشێکی پەیوەندی بە قەیرانەکان هەبوو، بۆیە ئەمە ئەکەوێـــەوە سەر حکومەت ئەکەوی کۆمەڵگە زیاتر پێش ئەکەویت وە هەروەها ســـەرپێچیەکان کەمتر دەبنەوە ئەمەیە ئەرگۆمێنتی ئێوە داوا ئەکەین بخرێـــــە دەنگدان.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز. (فرحان جوهر)، ئێمە داوا لە کاك (ابوبکر هەڵەدنی) دەکەین لەگەڵ ئەوە بوو وەکو خۆی بمینێ ئەوەی باست کرد دووبارە بکەوە بۆ ئەوەی دەخەینە دەنگدان چونکە ئەوە لە هەموو ماددەکان دووبارە دەبیت با تێگەیشــتنێی قول تر هەبیت لەم بابەت، فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله (ابوبکر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەك لە هۆیەکانی دەرچواندن ئاماژەمان پێداوە مەبەســتی ســەرەکی لەم یاســایە کەمکردنەوەی قوربانیانی هاتوچۆیە، خاڵی دووەم لە حاڵەتی دووبارە بوونەوەی تاوانێکدا پێویستە عقوبەکە قورس تر بکرێـــت یەعنی تەشجید تر بکرێـــت لەسەر ئەو ئەساسە ناکرێــت کەسێ دەرفەتی دراوەتێ وە جارێکیتر ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو تاوانانە دەگەڕێــەوە بۆ ئەو تاوانە هەمان ئەوەی پێشوی لەسەر دووپات بکرێتەوە، بۆیە ئەصل دەبێـــەوە ئەوە عقوباتە لە حاڵەتی دووبارە بوونەوە ڕەت و ئەصل ئەوەیە کە عقوبەکە قورس تر بکرێــت، خاڵی سێیەم ئەوەیە کە ئەمە داواکاری کەسانی مەعنیی لە مەحکەمە لە دادگاکان ئەمان لەگەڵ ئەو ڕەئیەن، زۆر سوپاس.

**جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئەو پێشنیارە دەخەینە دەنگدان؟ ئێوە ئازادن لە بڕگەی دووەمدا داوا دەکرێن (حەپس) بە یەکجاری نەمێنێ ببیتە غەرامە، (13) کەس لەگەڵ ئەوەنە، ئەوەی بەپەسەند دەزانن ماددەکە وەکو خۆی بمینێ؟ (46) کەس بە پەسەند دەزانن ماددەکە وەکو خۆی بمینێ، بە زۆرینەی دەنگ ماددەکە پەسەند کرا. وەکو خۆی بمێنێ، کۆی ماددەی (1) جارێکی تر بخوێنەوە، فەرموو.

**بەڕێز ڤاڵا فەرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یاسای هەمواری یەکەمی هەمواری جێبە جێکردنی یاسای هاتووچۆ ژمارە (86)ی ساڵی (2004) لە هەرێمی کوردستان - عێراق.

ماددەی (1)

دەقی بەشی ژمارە (21)ی یاسای هاتووچۆ هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێەوە:

1-هەر کەسێ سوارۆیەك بەبێ مۆڵەتی لێخوڕینی یان بە مۆڵەتێکی لێخورینی لێراکێشراوە یان هەڵوەشێنراوە یان ناتایبەت بە جۆری سوارۆیەکە لێبخوڕێ ئەوە بە پێبژاردنێك کە لە (250.000) دوو سەد و پەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێت لە (1.000.000) یەك ملیۆن دینار زیاتر نەبێت سزا دەدرێت و ئەو کەسەی سوارۆیەکەی لەبەر دەستە خاوەی بێت یان لەژێر دەستی بێت هەمان سزا دەدرێت ئەگەر رێگە بدات کەسێکی نامۆڵەت دراو بە لێخورینی ئەو سوارۆیە لێبخوڕێت.

2- لە حاڵەتی دووبارە ئەنجامدانەوەی ئەو تاوانەی لە بڕگەی (1)ی ئەو ماددەیە دەقی لەسەر کراوە ئەوە سزاکە دەبێە بەند کردن بۆ ماوەیەك لە (1) مانگ کەمتر نەبێت و لە (3) مانگ زیاتر نەبێت و پێبژاردنێك لە (250.000) دوو سەد و پەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێت لە (1.000.000) یەك ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.

**جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (د.ڤاڵا)، کۆی ماددەکە بەو شێوازەی خوێنرایەوە دەخەینە دەنگدان؟ (44) کەس بە پەسەند دەزانن، ئەوەی دژە؟ (9) کەس دژن، ماددەکە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا. ماددەی (2)، فەرموو.

**بەڕێز ڤاڵا فەرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەقی بەشی (22)ی یاسای هاتووچۆ هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

ماددەی (2)

1-هەر کەسێك لە ژێر کاریگەری ماددەیەکی سەرخۆشکەر یان هۆشبەر سوارۆیەك لێبخوڕێت ئەوە بە غەرامەیەك لە (500.000) پێنج سەد هەزار کەمتر نەبێت و لە (1.500.000) یەك ملیۆن پێنج سەد هەزار زیاتر نەبێت سزا دەدرێت لەگەڵ دەست بەسەر داگرتنی سوارۆیەکە بۆ ماوەی (1) مانگ وە دەکرێت مۆڵەتی لێخوڕینەکەی لێرابکێشرێتەوە بۆ ماوەیەك لە (3) مانگ زیاتر نەبێت.

2- لە حاڵەتی دووبارە ئەنجام دانەوەی ئەو تاوانەی لە بڕگەی یەکی ئەو ماددەیە دەقی لەسەر کراوە ئەوە سزاکە دەبێە غەرامەیەك لە (2.000.000) لە دوو ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و دەست بەسەر داگرتنی سوارۆیەکە بۆ ماوەی یەك مانگ لەگەل لێراکێشانی مۆڵەتی لێخوڕنەکەی بۆ ماوەیەك لە (3) مانگ کەمتر نەبێت.

3- پێویستە لەسەر دادگا لە كاتی دەركردنی بڕیاری دەست بەسەر داگرتنی سوارۆكە لێراكێشانی مۆڵەتی لێخوڕین بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی پەیوەندیدار ئاگادار بكاتەوە لە دوای بنبڕبوونی حوكمی تاوانبار كردنەكە.
بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان لیژنە پەیوەندیدارەكان ئەو ماددەیان بەو شێوەیە هەموار كردۆتەوە وە وەكو پێشنیاری لیژنەی پەیوەندیدار دەیخەمە بەردەمی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

**جعفر ابراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز ڤالا فەرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگەی یەك:
1-هەركەسێك لە ژێر كاریگەری ماددەیەكی سەرخۆشكەر یان هۆشبەر سوارۆیەك لێبخوڕێ ئەوە بە بەند كردن بۆ ماوەیەك كە كەمتر نەبێت لە (3) مانگ زیاتر نەبێت لە (6) مانگ یان بە پێبژاردنێك لە (500.000) پێنج سەد هەزار كەمتر نەبێت و لە (1.500.000) یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار زیاتر نەبێت سزا دەدرێت لەگەل دەست بەسەرداگرتنی سوارۆیەكە وە دەكرێت مۆڵەتی لێخورینەكەی لێرابكێشرێتەوە بۆ ماوەیەك لە (3) مانگ زیاتر نەبێت.
2- لە حاڵەتی دووبارە ئەنجامدانەوەی ئەو تاوانەی لە بڕگەی (1)ی ئەو ماددەیە دەقی لەسەر كراوە ئەوە سزاكە دەبێتە بەند كردن بۆ ماوەیەك كەمتر نەبێت لە (6) مانگ و زیاتر نەبێت لە (1) ساڵ یان بە پێبژاردن كە لە (2.000.000) دوو ملیۆن دینار كەمتر نەبێت، لەگەڵ راكێشانی مۆڵەتی لێخورین بۆ ماوەیەك لە (3) مانگ كەمتر نەبێت.
3- پێویستە لەسەر دادگا كاتی دەركردنی بڕیاری لێراكێشانی مۆڵەتی لێخوڕین بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی پەیوەندیدار ئاگادار بكاتەوە لە دوای بنبڕبوونی حوكمی تاوانبار كردنەكە، وەكو گوتمان جیهاتی مەعنەوی داوای كردووە كە مەسەلەی حجزكردنی سەیارە لە ناو قانووندا ئیلغا بكرێتەوە وە قازی ئیجبار نەكرێت چونكە جێگامان نییە سەیارەی لی حجز كەین یەكەم، دووەم حاكمەكان دەڵێن حاڵەتمان هەیە ئەو سەیارەی كە ئێمە حجزی دەكەین بژێوی ژیانی یەك عائیلەی لەسەرە، مەسەلەن ئەو كۆستەرەی ئێمە حجزەی دەكەین رەنگە ئەو كەسێكی لە ئەفرادی عائیلە بتوانی بەكاری بهێنێت بژێوی ژیانی عائیلەیەك دابین بكات، بۆیە حجز كردنەكە زەرەری زیاترە لە قازانج داوایان كردووە هەڵگیرێت بۆیە ئێمە وەك لیژنە پەیوەندیدارەكان هەڵمان گرتووە، داوا دەكەین سەحبی ئیجازە بمێنێ چونكە دەڵێن سەحبی ئیجازە رادعە بۆ ئەو كەسە بۆیە ئێمە لێرانەدا زیادمان كردووە، وە بەند كردن و غەرامە حاكمەكان داواپان كردووە كە موخەیەر بین ئەمە یەعنی (یان)ی لە نێوان دانێ، بۆ ئەوەی بتوانین ئەو حاڵەتەی دەزانین بە غەرامی تەئسیری لێ دەكرێت بە غەرامە غەرامەی بكەین ئەویدیكەش بە حەپس كردن بۆیە لێرە صولتەی تەغدیریمان داوە بە ئەو ئەو ئەساسە ئەو ماددەیە بەم شێوەیە لە لایەن لیژنە پەیوەندیدارەكان داڕێژراوەتەوە، سوپاس.

**جعفر ابراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز لیژنەی یاسایی، ئێستا دەرگای گفتوگۆ دەكەینەوە داوایی لیژنە پەیوندیدارەكان رێی خۆیان دەدەن وە ناوەكان ئێستا دەنوسین، فەرموو.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد شكراللە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ناوەكان دەخوێنمەوە ئەوەی بیرمان چوو ئیزافەی دەكەین:
1-د. سرود

2- ئاری هەرسین
3- بەهزاد دەرویش
4- مصطفی سکری
5- مامۆستا مەروان
6- مامۆستا هەورامان
7- بێستون فایەق
8- شێخ سیراج
9- ئەیوب عبدالله
10- مامۆستا ماجد
11- حاجی کاروان
12- علی هالۆ
13- عباس غزالی
14- ڤەمان فیصل

**جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

خاڵێکی نیزامیمان هەیە بەڕێز (شوکریە)، فەرموو.

**بەڕێز شکوریە سمایل مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە (د.ڤاڵا) ئەوەی دەیخوێندەوە جیاوازی زۆرە لەگەل ئەوەی لای مە بەراستی ئێمە فریا ناکەوین کە یەك جار دەیخوێنێتەوە بە خێرایی هەمووی لای خۆمانەوە بنووسین تکا دەکەین بنووسرێت چاپ بکرێت دابەش بکرێت بەسەر، بە شێوازەك لە شێوازەکان چونکە زۆر شتەکان لێمان دەڕوات، سوپاس.

**جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (شوکریە شێخانی)، ئەو پێشنیارە دەکرێت جێبەجێ بکرێت لەم دانیشتنە؟ خۆی ئەم دانیشتن بەراستی ئەوەی داوای گفتو گۆ دەکەن زۆرن وامان دانا بوو ئەمڕۆ سەعات (3) تەواو کەین بەس وا پێدەچی سەعات (3) تەواو نابی، هەر ئەو ماددەی دووەم تەواو کەین، ئەوەی تر دەکەوێت هەفتەی داهاتوو سێشەمە و چوار شەمە هەردوو ڕۆژبکەینە دانیشتن تا تەواو دەبی، تا وەك و پرۆژەی چاکسازیەکەش ئامادە دەبیتن ئەو هەردوو یاسایە یەکلایی بکەینەوە، ئێستا ڕەنگە پێرانەگەن کۆپی بکەن دابەش کەن با ئەوە بمینێ بۆ دانیشتنی داهاتوو، داوا دەکەین لە لیژنەی یاسایی راپۆرتی کۆتایی بە تێبینی تەواو کۆپی بکرێت دابەش بکریت بەسەر ئەندامان، ئێستا دەست بە گفتوگۆ دەکەین لەسەر ماددەی دووەم کە تەواومان کرد کۆتایی بەم دانیشتنە دێنین، (د.سرود)، فەرموو.

**بەڕێز سرود سلیم متی یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نسبەت ماددەی دووەم ئەم بابەتە زۆر گرنگە یاسا و عقوبات چەند توند بی ئینجا کەمە، دوو پێشنیارم هەیە، بڕە پارەکە کەم نەکرێتەوە بەڵام لەسەری ئیزافە بکرێتەوە قابل لطقصت دوای ئەوە بنووسین (قابل لطقصت)، پێشنیاری دووەم کە دەکرێت سەحبی ئیجازە بە تەصەوری من ئەو دەکرێتە میزاجیات و لە کۆمەڵگەی ئێمە واصتەو واصتە کاری زۆر زۆرە ئەوە دەکرێت تەڵاو بدرێت ئیجازەکە سەحب بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (د.سرود)، بەڕێز (یروانت نیسان)، فەرموو.

**بەڕێز یروانت نیسان مارکۆس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەئیدا دكتۆر سـرودی دكەم، ئەو دەكرێت رابیت، یا دوویێ ژی نسـبا كحوولی بێتە تەحدید كرن، یێ بیرێ ڤەتخۆت فەرقە تگەل ئەوێ بتلەكێ عارەقی ڤەتخۆت، دبیت بێتە تەحدید كرن، خۆ ل ئەورۆپا ژی ئەوە نینە هەما هەمی عەشـــوایی بیت، بەس ڤەخاربیت، زۆر سوپاس.

**جعفر ابراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (یروانت نیسان)، بەڕێز (ڤەمان فیصل)، فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هەمان تێبینیم هەبوو لەسەر ئەو وشە رەكیكەی كە دەكرێـــت من پیم وایە دەبێت ئیلزامی بێت صیفەتەكی ئیلزامی هەبێتن ئەو دەكرێـە لابرێتن، لە حاڵەتی دووەمیشدا كە لە دووبارە لێســـەندنەوەی ئیجازەكە من لەگەڵ ئەوەم عقوبەكە هەندێك توندتر ببێتەوە لەو حاڵەتەدا ئیجازەكە بە دائیمی لێبسەندرێتەوە دەبێت جارێكیتر سەر لە نوێ ئیجازەیەكی تر واتە (سقوط اجازة) بێت لەم حاڵەتە، زۆر سوپاس.

**جعفر ابراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (ڤەمان فیصل)، بەڕێز (بەهزاد دەروێش دەروێش)، فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دڤێت ماددا دوویێ خالا ئێكێ وە دەكرێت لابرێت، چونكی وە دەكرێت لە یاسا خراپە، دوو/ ماددەی هۆشبەر خۆی تاوانە بەپێی یاسا ئەوەی بەكاری بێنێت، بۆیە من لە گەڵ ئەو نیمە ئەم سـزایە كەم بكرێتبە راستـی بە هیچ شـێوەیەك، خاڵی سـێیەمیش لە گەڵ ئەوەین یانەكە نەمینێ، هەردوو سـزاكە پێكەوە بێت هەم غەرامە هەم حەپســیش، خاڵی ســێیەم پەنجا لە سەد مۆڵەتەكەی لە دەستبدا لە خاڵی یەكەم، خاڵی دووەم ئەگەر دووبارە بێتەوە مۆڵەتەكەی لێبســەندرێتەوە بە لێراكێشــان بە ئیعتبار بەراســتی ئەمە قورســە چونكە كابرا چۆن مخەدەر دەخۆت یا مەی دەخواتەوە مســـكر بێت ســـە یارە لێ دەخورێت، بۆیە لە زۆربەی وولاتان بە رێژەیە كە سەرپێچییەك دەكرێت بە رێژە مۆڵەتەكەی لێ وەردەگرێتەوە، لە حاڵەتی یەكەم پەنجا لە سەد لە حاڵەتی دووەم ئەگەر ئەگەر دووبارە بێتەوە مۆڵەتەكەی لێ وەردەگرێتەوە وە ئەو كەســە پێویســتە جارێكی تر ســـەر لە نوێ داوا بكات مۆڵەتەكە وەربگرێتەوە.

**جعفر ابراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (بەهزاد دەروێش)، بەڕێز (مصطفی سكری)، فەرموو.

**بەڕێز مصطفی سكری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەســەر خاڵی یەكەم تێبینیم هەبوو بەڕێز كاك (یروانت) باســی كرد دیارە ماددەی (مســكر) تەنها بە جیهازەكی تایبەت دەرئەكەوی ناكرێت پرگەی یەك لەگەڵدایە لەگەڵ زیاتر هەمووی وەكو یەك حســاب بێ پێم وابی ئەوە نیســابەكی تێدا نییە ئەگەر ئەوە هەندەك تەســنیف بكرێت باشترە عەدالەتی زیاتی تێدا دەبی.

**جعفر ابراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (مصطفی سكری)، بەڕێز (ئاری هەرسین)، فەرموو.

**بەڕێز ئاری محمد عبدالرحیم (ئاری هەرسین):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خۆی لە راستیدا لە وڵاتانی خۆرئاوا کە لە ئاینەکەیانا مەسەلەی خواردنەوەی مەشروب حەرام نییە ئەوانەی کە متابەعەی قانوونی هاتوو چۆیان کردبێت لە خۆرئاوا زۆر باش ئەزانن کە سزاکان زۆر توندن لەوێ من هەست ئەکەم بەگشتی ئەو سزایانەی کە دانراوە بە ئەندازەی کافی توند نین یەك، دووەم فیعلەن وایە کە رێژەی مەشروب لە لەشی ئینساندا کە بە پرۆمایل دیاری کراوە لەم قانوونەدا نییە وە ئەمەش من تێئەگەم بۆ لێژنەی قانوونی ئەمە ئەرکێکی قورسە لەبەر ئەوەی ئەبێ ئەمە بە پسپۆری لەبواری بایۆلۆژیدا دیاری بکات کە چ پرۆمایلێك زیاتر کار دەکاتە سەر ئینسان هەتا پرۆمایلێکی تر، خاڵی ئەخیر دانانی ئەو قانوونە بە بێ ئەوەی ئەو کارمەندە بەڕێزانەی پۆلیسی هاتووچۆ لە وەزارەتی ناوخۆ ئەوان پڕچەك بکرێت لەو ئالەتەی کە فووی پیا ئەکرێت بۆ نمونە بۆ دیاریکردنی ئاستی بەکارهێنانی مەشروب ئەگەر ئەوە نەبێت ئەو قوتەی کە پێویستە ئەو قانوونە کە هەیبێت نایبێت، زۆر سوپاس.

**جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (ئاری هەرسین)، بەڕێز (مامۆستا مەلا مەروان)، فەرموو.

**بەڕێزحسێن اسماعیل حسێن (مەلا مەروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵا من لەگەڵ زۆر قسەکانی کاك (ئاری) دام بەشێکی زۆری لەبەر ئەوەی تاوەکو سزاکان توند تر بن لەو حاڵەتی، بەڵام یەك جیاکاری من پێم باشە لیژنەی یاسای ئەگەر پێیان باش بێت ئەو سەیارانەی کە تایبەتن لەگەڵ ئەو سەیارانەی کە وەکو بڵێیت حمومی وەکو ئەوانەی نەفەر هەڵگر جیاکار بکرێتن چونکە بەتایبەتی ئەوەی کە نەفەرمی عام دەگوازنەوە نەفەرە تەکسیە جیاوازە لەگەڵ ئەو سەیارەی خصوصی بێت کابرا بە خۆی لەناو سەیارەکە بێن جیاکاریەك لەوەی بکرێت، ئەوەی تری دەربارەی لێسەندنەوەی ئیجازە ئەمن پێم باشە وەکو ئەو وڵاتانەی کە ئێمە لە زۆر شت چاومان لێکردوون با لەو شتە چاکانە چاویان لێکەین ئێستا لەو وڵاتانە لە جۆرێك لەو وڵاتانە کابرا سەرپێچییەك دەکات بۆ نمونە مرور دەزگاکانی تایبەتمەند کونێکی لە ئیجازەی بکەن دووبارەی کردەوە جارێکی تر کونی دووەمی لێبکەن بۆ سێیەم جار کە سەرپێچیەکەی کردووە پێویست ناکات هیچ لیژنەی لەسەر دابنیشآ ئیجازەکەی لێ سەحب بکرێەوە و دوو ساڵ مۆڵەتی بدرێتێ سەر لە نوآ جارێکی تر ئیجازەی خۆی دەربێنێتەوە، من بۆ لیژنەش کاتی خۆی پێشنیارم بۆ کردن بەڵام ئەو پێشنیارەیان بۆ دووبارە دەکەمەوە، زۆر سوپاس.

**جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (مامۆستا مەلا مەروان)، بەڕێز (مامۆستا مەلا هەورامان)، فەرموو.

**بەڕێز هەورامان حمە شریف (مەلا هەورامان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتوانی لە تەواوی قسەکانی مامۆستا (مەروان) دەکەم وە بەو پێیەی کە بەپێی داتا و بەدوا داچوونەکان زۆربەی حادیسەکانی هاتووچۆ لە دەست ئەوانە ئەقەومێ کە لەو حاڵەتە دان کە ماددەی سەرخۆشکەر و موسەکیریان خواردووە وە کارەساتی زۆر جەرگ بڕی لێ دروست بووە بۆیە پشتوانی لەو بۆچونانە دەکەم وە لەو رەئی و پێشنیازانە دەکەم کە بەڕێز (د.ڤاڵا) خوێندیەوە کە لە لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە هاتووە وە لەگەڵ ئەوان سزا و غەرامەکان توند تر بکرێت لەسەر ئەوانەی کە لە حاڵەتەدان لە حاڵەتی سەرخۆشی و بێهۆشی و خواردنی ماددەی هۆشبەر سەیارە لێدەخوڕن حاڵەتیان حادیسەی ناخۆش و جەرگ بڕ دروست دەبێت، سوپاس.

**جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (مامۆستا مەلا هەورامان)، بەڕێز (بێستون فایەق)، فەرموو.

**بەڕێز بێستون فایەق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەســـەر تەقـدیر کردنی مەبلەغەکە وە ســـزاکە منیش لەگەڵ ڕەئی هـاوڕێیـان کە هەر وەزارەتی ناوخۆ بۆ خۆیان جیهازیان هەیە کەشـــفی ئەکەن کە ئەڵێن غەرامەیەك بە یری ئەوەنە بەپێی ڕێژەی کحول لە جەستەی ئەو کەسەی کە سزا ئەدرێـــت چونکە جیهازەکە هەیە هەر خۆشی ئەینوسێ چونکە ئێستا لە وەزارەتی ناوخۆ کاری پێ ئەکرێت، ئەوە تەواو بوو، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لەسەر جەلسەکەش کە ئەڵێن دوای ئەخەین پێم باشە کۆتای پێ بهێنرێت ئەو بەرنامەی کارە ئەوەی کە هەیە تەواوی بکەین، زۆر سوپاس.

**جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (بێستون فایەق) ئە پێشنیارە هاتووە لەلایەن بەڕێزی ترەوە وە لای ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی لاریمان نییە وا بڕیار دەدەین ئەمرۆ هیمەت بکەین ئە یاسایە بە تەواوی یەکلایی بکەینەوە سەعات (3) تا (4) پشوەك وەردەگرن بۆ خواردن تا سەعات (3) بەردەوام دەبین، بەڕێز (د.سیراج)، فەرموو.

**بەڕێز سیراج احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبیعی هەدەف لەو یاسـایە گومان لەوەدا نییە پاراسـتنی سـەر و ماڵی خودی شـوفێران لەگەڵ خەڵکی دیکە بۆیە ســزاکە من وای دەبینم تا حەدێك ســوك و هەندێ خەفیفن جا لەوانە بە رای لە خـاڵی یەکەم (500.000) پنج ســەد هەزارەك بە لـایەن کەم بکرێتە (1.000.000) یەك ملیۆن، خاڵی دووەم خاڵێك زیاد بکرێت بۆ ئەگەر هاتوو لە حاڵەتی یەکەم دووبارەی کردەوە بۆ دووەم دووبارەی کردەووە وە بۆ جاری ســێیەمیش هەر دووبارەی کردەوە من پێشــنیار دەکەم مۆڵەت لەو کەســە بســەندرێتەوە تا مودەیەك ئینجا دووبارە دەست بە دەرکردنی مۆڵەت بکاتەوە ، لەبەر ئەوەی ئەو کەسە دیارە بە سزاکان کاریگەری لەسەر نەبووە وەکو رادعێکە ئەو کەسانە لە ژێر کاریگەری ماددەی هۆشبەر سەیارە داژۆن هەر خۆیان دەفەوتێنن وە خەڵکیکەش لەگەڵ خۆیان ئەفەوتێنن وا چاکە زیاتر رەدعەکان بەهێزتر بن، وە پێشـــنیار دەکەم بۆ جەنابتان ئایا بۆ ئەورۆکەش لایەنی پەیوەندیدار وەکو دوێنێ دەبوایە لێرە بان بەلایەنی کەم مودیر عامێك لێرەبان زیاتر هاریکارمان دەبوون لەوانەیە روونکردنەوەی زیاتریان بدابایە هاریکار دەبوون بۆ زیاتر دەولەمەند کردنی پرۆژە یاساکە، زۆر سوپاس.

**جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ســـوپاس بۆ بەڕێز (د.ســـیراج)، ئەوان ئەو پڵانەی کە دەبوا لێرە حازر بن وا نەبوو بتوانن تێبینی بدەن قســـە بکەن لەبەر ئەوە ئەوان گەڕانەوە تێبینیەکانیان پێشـــکەش کردن و گەرانەوە، بەڕێز (ایوب عبدالله)، فەرموو.

**بەڕێز ایوب عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها پشـــتیوانی لە وتەکانی کاك (بهزاد) دەکەم هەروەها بەڕێز مامۆســـتا (مەروان گەڵاڵی) هەروەها بەڕێز. (د.سیراج)، سوپاس.

**جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ســوپاس بۆ بەڕێز (ایوب عبدالله)، بەڕێز مامۆســتا (ماجد)لێرە نییە، بەڕێز (حاجی کاروان)، فەرموو.

**بەڕێز کنعان نجم الدین احمد (حاجی کاروان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو عقوبەی كە دانراوە ئەو ئیقتراحەی مامۆستا (مەروان) تەبعەن لە ئەوروپا باسی پۆینتە هەموو ئیجازیەیك پێنج پۆینتە پۆینتە حەسەبی مەخالەفەكە پۆینت دائەبەزێ لە هەموو مخالەفەیك پۆینتێك دانابەزێ مەسەلەن لە گلۆپی سوور بدرێت پۆینتێك دا ئەبەزێ لە مەشروب خواردن پۆینتێك دائەبەزێ ئەگەر حادیسەی گەورەتر بێت دائەبەزێ جا لێرە ئیجرا نەكراوە یەعنی بۆیە ئەو پێشنیاری ئەو كون كردنە ئەك بەرەئی من بڵێین نوقتە لێرە نازانم چۆن جێی ئەكرێتەوە لەم یاسایە لە نەتیجەیا ئەگەر كەسێك پێنج پۆینتەكەی دابەزی ئەو كاتە ئیجازەكەی لێ ئەسەندنەوە وە بۆماوەی یەك ساڵ ئیجازەی نادرێتێ وە دوای ئەوە ئەبێ محامی بگرێت وە دوای ئەوە ئەبێ ببرێتە لای دكتۆری نەفسیش چونكە مەعقول نییە كەسێك ئاوا بێت لەبەر ئەوە ئەو حاڵەتەی تیا بێت لە حاڵتی دووبارە بوونەوە پۆینتێك دابەزێ بە لایەنی كەم بەتایبەتی ئەو پێشنیارەی كاك (بهزاد) وابزانم لە (50%) دیاری بكرێت لە (50%) زیاتر سەرخۆش تر بوو لەبەر دلی كاك (یروانت) وتی لەوانەیە كەس هەیە بیرە بخوات سەرخۆش نەبێت یەنی ئەو نسبەیە دابنرێت (50%) بەسەرەوە لە حاڵەتێكا عقوبەكەی ببێتە پۆینتێك ئەو كاتە دوای ئەوە ئیجازەكەی لێنەسەندرێتەوە بە پێی پۆینتەكان بێت بگاتە (5) پۆینت ئینجا لێی بسەندرێتەوە، سوپاس.

**جعفر ابراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (حاجی كاروان)، بەڕێز مامۆستا (علی هالۆ)، فەرموو.

**بەڕێز علی علی هالۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەز پشتەڤانیا وان هەڤالا دكەم ئەوێت پێشتر ئاخفتی بۆ دیاركرنا (پرۆمایل) رێژا ئەلكحولێ، هەروەسا تووندكرنا سزا ئەوان كەسێن ئەلكحولێ ڤەتخۆن چوونكی ل وولاتێن پێشكەفتی ئەو ئامارێن بەردەست پێنجی ل سەدی زێدەتر ئەو حادیسێن روودەن ئەون ئەوێت كو ب سەرخۆشی سەیارا تاژۆن، ژێ ستاندنا ئیجازێ ل حاڵەتێ سەرخۆشییێدا ژ سێ هەیڤا ژ ساڵەكێ كێمتر نەبیت، ژ ساڵەكێ بۆ سەرێ، ئو ل ڤێرێ ئەز دبینم ئیشارەت ب هندەك تشتا نەهاتیە دان كو گەلەك گرنگن، ئەگەر گەنجەك ژ هەژدە ساڵیێ كێمتر سەرخۆش و سەیارە هاژۆتبیت و ئیجازە نینە واتا ئەڤ سزایە ناگریت و دبیت ل شونا وی سزایی ئیجاز ژێ وەرگرتن ساڵەك هەتا دوو ساڵا حەق نەبیت تەقدیمێ ئیجازێ بكەت، ئەگەر ژ هەژدە ساڵیێ كێمتر بیت و یان ژی تەمەنێ وی زێدەتر بیت و ئیجازە نەبیت ل ڤێرێ هەم ئیجازە نینە و سەیارەیا هاژۆتی هەم ژی ب سەرخۆشی ، سوپاس.

**جعفر ابراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (علی هالۆ)، بەڕێز (عباس غزالی)، فەرموو.

**بەڕێز عباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەو ماددەی كە ئەنجام بدرێت بە زۆرتری لە شەوانە دایە كە ئەویش ئەوەیە مەئمور تیمەكانی بەرگری كردن بۆ بەرپەرچ دانەوەی تەقریبەن لەسەر كار نین هەر بۆیە پێشنیار دەكەم خاڵی یەكەم بكرێت بە دوو فەقەرە، (أ-ب) ئەلفەكە دیار نەكراوە لە كاتێك كە دەردەكەوێت نەفەرێ سایەقێك سەرخۆشە سەیارەی لێدەخورێت دەست بەجآ چونكە ئەمە نەخۆشە دەست بەجآ هەم وەسیلەكەی لێوارگیرێ هەم خۆشی راگیرآ تا نەخۆشیەكەی چارەسەر دەبێت، بە نسبەت غەرامەشەوە هەر وەكو برای بەڕێزم كاك (ئاری) باسی كرد لە ئەوروپا كە مەشروب حەرام نییە بە زۆرتریش لە كۆمەڵگەیەكین كە ئیسلامیشین هەم حەرامە یەعنی دوو تاوان دەبێتە دوو تاوان هەم شەرعی هەم قانوونی غەرامەكان زیاد بكرێت، بە نسبەت ئەوەی (د.ڤالا) وتی پاركینگ نییە بۆ ئەوەی حجزی لێدابنێن، لە دونیادا

سەیارەیەك حجز دەكرێت گواستنەوە و پاركینگیش لەسەر خاوەنەكەیە كەواتە ئەمەش دەبێتە داهات وە شەوانەش بۆ چارەسەری ئەو خاڵە بچووكە بۆ ئەوەی كارەساتی مرۆیی و گیانی ماڵی نەبێ مەفرەزەكان زیاتر بێت وە داهاتی ئەم غەرامەش بدرێتەوە ئەو كەسانە وەكو پاداشت كە به شەوانە ئەم ئەركە بەڕێوە دەبەن، سوپاس.

**جعفر ابراهيم ئێمنيكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (عباس غزالی)، بەڕێز مامۆستا (عبدالرحمن)، فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن علی رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر سەیری هەر سێ ماددەكە بكەین یاخود هەر سێ برگەكە بكەین لە راستیدا هەموو سزاكان بریتییە لە پێبژاردن یان وەرگرتنەوەی مۆڵەت بۆ ماوەی (3) مانگ كەمتر و زیاتر، بەڵام بیرمان نەچێت زۆر جار خەڵكانێك هەن كە فێری سەرپێچی كردن بوون راهاتوون بەوەی كە سزا بدرێن واتە زۆر ئاساییە بە لایانەوە هەموو رۆژێك (60) هەزار بدەن بۆ سزا، هەتا زۆر جار بووە بە نووكتە ئەڵێت (پۆلیسێكی هاتووچۆ وەصلێكی (60.000) شەست هەزاری دەدات بە خاوەن شۆفێرێك، شۆفیرەكە لەبەر ئەوەی وەزعی باشە راهاتووە بە سەرپێچی كردن ئەڵێت توخوا زەحمەت نەبێت وەصلێكی ئەو سەریشم بۆ بكە چونكە ئاساییە من (60.000) شەست هەزارەكە بدەم، بۆیە من پێشنیار ئەكەم كۆمەڵێ قسە كرا هەوڵ بدرێت سیستەمی خاڵ پەیرەو بكرێت كە ئەویش ئەوەیە هەر شۆفێرێك (5) خاڵ بۆ دیاری بكرێت دیارە خاڵەكان سەرپێچی بچوكن هەیە مام ناوەند هەیە گەورە هەیە ئەكرێت (3) سەرپێچی بچوك بە خالێك حیساب بكرێت دوو سەرپێچی وە صەت بە خاڵێك حیساب بكرێت وە سەرپێچی گەورەشمان هەیە بە خاڵێك حیساب بكرێت، واتە هەر شۆفێرێك لەماوەی كاركردنیدا یاخود لە ماوەی تەمەنی خۆیدا تا ئەو كاتەی كۆتایی بە مۆڵەتەكەی دێت (5) جارسەرپێی گەورە بكات لە راستیدا پێویستە ئەو مۆڵەتەی لێوەرگیرێتەوە دوای (2) ساڵێكە هەوڵ بدرێت وە خۆی محاوەلە بكاتەوە لەسەرەتا بۆ پێدانی مۆڵەتەكەی، بۆیە دەكرێت ئەو پێشنیارە بۆ جەنابتان ئەوە بكرێتە بڕگەیەك بڕگەی چواری ناو ئەنێن بە شێوازێك لە شێوازەكان داڕشتنەوەی باشی بۆ بكرێت، سوپاس.

**جعفر ابراهيم ئێمنيكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز مامۆستا (عبدالرحمن)، بەڕێز (محمود حاجی)، فەرموو.

**بەڕێز محمود عمر صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەك جەنابتان ئاگادارن مەسەلەی كحول لە هەموو دونیادا بۆ خۆی رێ و شوێنی خۆی هەیە زۆریش قەدەغەیە یەعنی ئێستا لە ئەوروپا ئەو كەسانەی كە مەشروب خۆرن ماوەی (24) سەعاتیان بۆ دیاری ئەكرێت تا (24) سەعات ناتوانن ئۆتۆمبیل لێخورن وە بە سەرخۆشیش ئۆتۆمبیل لێبخورن سزاكەی زۆر زۆر قورسە، لێرەدا شتیك هەیە كە باس لە ژینگە نەكراوە یەعنی بۆ نموونە جەنابت ئاگاداری لە ئەوروپا ئەوانەی كە بە سەرخۆشی یان بە بێ سەرخۆشی ئۆتۆمبیل لێئەخورن و زەرەر بە ژینگە ئەگەیێنن حەیوان و ئاژەڵی كێوی ئەگەیەنن سزاكەی لەوە قورسترە كە بە ئینسانەكان ئەگەیەنێ، لەلای ئێمە لە خوای بە زیاد بێت بە بۆنەی چەك و تەقە كردنەوە رەنگە حادیسەی سەیارە كەمتر بێت حەڵا كولی حال من لەسەر كۆی بڕگەكە پێشنیار ئەكەم بەم شێوە بنوسرێتەوە، بە هەموو

جۆرێك لێخورینی ئۆتۆمبیل به سەرخۆشی و به نەخۆشی قەدەغەیە چونكه بۆی هەیه ببێته مایەی رووداو مەترسی بۆ سەر ژیانی خۆی و خەڵك و ژینگه، بۆیه هەر كەسێك له ژێر كاریگەری ماددەی سەرخۆشكار و هۆشبەر ئۆتۆمبیل لێبخورێت ئەوه سزا دەدرێت به غەرامەیەك كه له (1.000.000) یەك ملیۆن كەمتر نەبێت وه له (2.000.000) دوو ملیۆن زیاتر نەبێت لەگەڵ دەست بەسەراگرتن مۆڵەتی شۆفیریەكەی بۆ ماوەیەك كه له (3) مانگ زیاتر نەبێت وەكو ئەوەی كه لیژنەی ناوخۆی و لیژنەی یاسایی دیاریان كردووه، زۆر سوپاس.

**جعفر ابراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (محمود حاجی)، زەحمەت نەبی ئەوەی نووسیوته بۆ لیژنەی یاسای بنێره بۆ ئەوەی سوودی لێ ببینن، بەڕێز (شوكریه شێخانی)، فەرموو.

**بەڕێز شكوریه سمایل مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانم كرا بەڵام پێم باشه غەرامەكان زیاد بكرێت، وه له حالەتی دووباره بوونەوەی سەرپێچیەكان خاڵبەندی بكرێتن و وه دواجا مۆڵەتی لێخورینی ئۆتۆمبێلیان لێ بسێندرێتەوه، سوپاس.

**جعفر ابراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (شوكریه شێخانی)، لیژنه پەیوەندیدارەكان، جاری یەكەم له لیژنەی ناوخۆ دەست پآ دەكەین وه دەرفەتی زیاتر دەدەین به لیژنەی یاسایی بۆ روونكردنەوه و وەڵام دانەوه، بەرێز (قادر رزگەیی)، فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵا له راستیدا سەبارەت به ئامێری پێوانه كردن له سنووری هەموو بەڕێوەبەرایەتیەكان نییه ئێمه خۆشمان له ناو لیژنەدا باسمان كردووه وەك لیژنەی ناوخۆش قەرارمان داوه لەگەل وەزارەتی ناوخۆ دابنیشین بەڵام سەبارەت به ئامێرەكه و رێژەكه له راستیدا پێویسته ئەوه به تەعلیمات دیاری بكرێت یەعنی ئەصلی تەعلیماتیش هەر بۆ ئەوەی وردتر بكرێتەوه بۆیه ئەمه بەبێ گومانی پێوانه كردنی وه رێژەكه له ئەنجامی پێوانه كردن به تەعلیمات دیاری دەكرێت له لایەن وەزارەتی ناوخۆ وه، سەبارەت به وەش كه ماددەی هۆشبەر راسته ئەوه قانوونی هەیه و سزاشی هەیه ئەوه حاڵەتەكه بۆ بەكارهێنانی، قسەیەكی دیكه قسه دەكرێت ئەمه دەكرێ، دەتوانآ دادگا بیكا وه دەتوانێ نەیكا پێم وا نییه له هیچ كوێیەكی دونیا ئەوانەی كه یەكه و جاریان بێت كه دەخۆنەوه ئۆتۆمێلیان بەكار هێناوه هەر بۆ یەكەم جاریش مۆڵەتی شۆفێریان لێ وەرگیرێتەوه له سوید كه ئەوان له پیلانیان دایه كه قوربانیەكانیان بكەنەوه به سفر به یەكەو جار یەكێ بەكاری دێنێ تەجاوزی رێژەكه دەكا رێك مۆڵەتی شۆفێری لێ وەرناگرنەوه بۆیه برگەی دووش له ماددەكەدا دیاری كراوه ئەگەر دووباره كرایەوه ئینجا لێی وەردەگیرێتەوه، دەكرێت ئێمه ماوەی لێوەرگرتنەوەكه به رای خۆم زیاد بكەین له (3) مانگ زیاتری بكەین بەڵام وەك خۆم پێم باش نییه یەك جار رێك سەحبی مۆڵەتەكەشی بكەین، زۆر سوپاس.

**جعفر ابراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (قادر رزگەیی)، بەڕێز (ناظم كبیر)، فەرموو.

**بەڕێز ناظم كبیر محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

کاك (قادر)یش باسی کرد یەعنی هەندێ وەردەکاری بەڕێزان باسیان کرد ئەمە لێرە جێگای نابێتەوە لە ڕێگای ڕێنماییەکانەوە ئیش لەسەر دەکرێت جێگایان دەکرێتەوە، وە بە نسبەت پێوەر مەسەلەن ئەوەش دیاریکردنی ڕێژەکەش هەر بە تەعلیمات دەکرێت ناکرێت لێرە دیار بکرێ یان ریزبەندی پۆینتیان بۆ بکرێت، ئەوە هەر بە پێی تەعلیمات دەکرێت، خالێکی تریش بەڕێزێك باسی کرد مەسەلەن ئەو ماددەیە تەنها پەیوەستە بە کەسەکی سەرخۆش یان کەسێك کە ماددەی هۆشبەری بەکارهێنا بێت تەنها ئەوەی کە مۆلەتی نییە باسیان کرد، ماددەی تر هەیە ماددەی یەکەم دەتوانێ دیار بکات ئەوانەی کە مۆڵەتیان نییە بەڵکو و تەنها پەیوەستە بەوانەی کە سەرخۆشن، زۆر سوپاس.

**جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (ناظم کبیر)، بەڕێز (د.ڤاڵا)، فەرموو.

**بەڕێز ڤاڵا فەرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چەند پێشنارێك خرایە روو لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان ئەو پێشنیارانەی کە خرایە روو زۆربەی بە نەزەری ئیعتیبار وەردەگیرێتەوە لەناو راپۆرتەکە بۆیە هیچیان نەبوون بە (3) پێشنیار بۆ ئەوەی بخرێتە دەنگدان ئەوەی کە بووە بە (3) پێشنیار ئێمە وەری دەگرین، چونکە پێشنیار کرا کە لێسەندنەوەی مۆڵەت بکرێت بە ئیجباری، پێشنیار کرا کە لێسەندنەوەکە ماوەکەی زیاد بکرێت، پێشنیار کرا کە لێسەندنەوە بۆ جاری سێیەم هەر بە یەك جاری لێی بسەندرێتەوە ئێمە ماوەی لە وانەیە (3) ساڵ بۆ (5) ساڵ دانێین نەك بەیەکجاری لێسەندنەوەی کارێکی قورسە واتە بۆ سآ جاریش دای دەنێینەوە و لێسەندنەوەکە زیاد دەکەین سەحبی ئیجازەکە، بۆ مەسەلەی بەند کردن زۆربەی بەرێزان پێشنیارەکەی ئێمەیان وەکو لیژنە قبوڵ بوو بەن کردن زیاد بکرێت تەنها غەرامە نەبێت، بۆ دیاریکردنی ڕێژەی ماددەی سەرخۆشکەر یان هۆشبەر ئێمە ڕێنمایمان هەیە ژمارە (4)ی ساڵی (2016)یە لە وەزارەتی ناوخۆ دەرچووە ئەو ڕێنماییە، ڕێنماییەکە لە ماددەی سێیەمیدا دەڵێتن (نابێت ڕێژەی هەبوونی ماددە کحولیەکان لە لەشی شۆفێر بەم ڕێژانە خوارەوە تێپەڕێت).

1-ڕێژەی (o) و (o2) ئۆ پۆینت ئۆ دوو بۆ شۆفێرانی ئوتۆمبێلی بار هەڵگر کە کێشان لە (4) تەن زیاترە و شۆفێرانی ئۆتۆمبیلی کشتوکاڵ و بیناسازی هەروەها شۆفێری ئەو ئۆتۆمبێڵانەی هەڵگری ماددەی ترسناك و هەمە نەوتییەکان و شۆفیری گواستنەوەی ئۆتۆمبیلی گشتی وەکو تاکسی و پاس کە کاك (مەروان) ئیشارەتی پێدا.

2- ڕێژەی (o5. o) (ئۆ پۆینت ئۆ پێنج) بۆ شۆفێرانی جۆرەکانی تری ئۆتۆمبیل و ماتۆر سکیل.

واتە ئەوە بە تەعلیمات حەل کراوە، ئێمە لە یاساکەی خۆمان ماددەیەکمان ئیزافە کردووە وەك لیژنە پەیوەندیدارەکان دەڵێین دیاریکردنی ڕێژەی ماددەی کحولی لە لەشلی شۆفیر بە پێی ئەو تەعلیماتە دەبێت کە وەزارەتی ناوخۆ بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی دەری دەکا واتە وەزارەتی تەندروستیشمان ئیلزام کردووە بە وەزارەتی ناوخۆ کە پێکەوە ئەو کێشەیە بە تەعلیمات چارەسەر بکەن، حاڵەتی حجز کردنی سەیارە زۆربەی ئەندامان تەئیدیان کرد کە حجزی سەیارە با نەبێتن لەبەر ئەو ئەسبابانەی کە ئێمە پێشتر باسمان کرد، سوپاس.

**جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (د.ڤاڵا)، سەرۆکی لیژنەی یاسایی، بەڕێز (د.بەهار)، فەرموو.

**بەڕێز بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە ئەوەی كە پێشـنیار هەبوو لەوەی كە ئەو غەرامەیە دەسـتكاری بكرێت (500.000) پێنج سـەد هەزارەكە بكرێـتە (1.000.000) یەك ملیۆن و ئەوانەی ئێمە جارێكی دیكەكە دووبارەی ئەكەینەوە كە ئێمە صولتەی تەقدیریمان داوە بە قازی، قازی بۆ خۆی بە پێی حاڵەتەكە تەعامول بكات بۆیە لە (500.000) پێنج سـەد هەزارەوە تا (2.000.000) دوو ملیۆن ئەگەر دیقەت بدەن فەرقەكە زۆریشـمان داوە یەعنی صـولتە تەقدیریەكە زۆرە بۆ ئەوەی قازی بتوانێ تەعامولی تیا بكات لەو بەینەیا، سـەبارەت بە سـەیارەی عمومی و خصوصی ئەوەی مامۆستا (مەروان) باسی كرد ئیزافەتەن بۆ ئەوەی كە لە ئەو تەعلیماتەیا هەیە لە ماددەی (23) ئێمە باس ئەوەمان كردووە ئەگەر یەكێك بە هۆی لێخوڕینەكەیەوە زەرەر بە خەڵكی تر بگەیەنە جارێكی تر باسـی ئەوەشـمان كردووە، سـەبارەت بەوەی كە هەنـدێـك كەس هەیە پێبژاردن و وەرگرتنەوەی مۆڵەت رەدعی نـاكـا ئەی ئێمە سـزای بەندكردنەكەمان بۆ ئەوە داناوە وەك مامۆسـتا (عبدالرحمان) ئەوانەی كە ئەوە رەدعیان ناكا سـزای بەند كردنمان بۆ داناون، سـەرپێچی بابەتی رەچاوكردنی خاڵ ئێمە دەتوانین لێرەدا لە ژێر رۆشـنـایی پێشـنیـارەكـانی جەنـابتـان دەتوانین جـارێكی تر ئەو مـاددەیە داڕێژینەوە ئیزافەی ئەوە بكەین كە ئەگەر بۆ سـی بـارە و چوار بـارە بۆوە بەڵـام بۆ سەرپێچیەكانی تر پێویست دەكا هەر كاتێ ماددەكانی ترمان تەعدیل كرد ئەو كاتە لەوێیا ئەوەش رەچاو بكەین، لێرەدا ناتوانین سـەبارەت بەوەی كە باسـیش لە ژینگە نەكراوە ئەوە بە هەمان شـێوە دەبێت لە ماددەی ترا باس بكرێت بەڵام لەماددەی (3) كە ماددەی (23) هەموارەكەیە باسی ئەوەمان كردووە كە یەكێك زەر بە خەڵك بگەیەنێ یا بە مومتەلەكاتیان بگەیەنە سەبارەت بەوەی باس لەوە كرا ئەگەر ئیجازەی نەبێت سەرخۆشیش بێت ئەوە بە دڵنیاییەوە ماددەی (1) و (2) دەیگرێتەوە یەعنی ماددەی (22) و (23) دەیگرێتەوە یەعنی هەردوو عقووبەكەی بەسەرا جێبەجێ ئەكرێت پێویست ناكا لێرە باسی بكەینەوە، سوپاس.

**جعفر ابراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (د.بەهار)، جێگری سەرۆكی لیژنەی یاسایی، بەڕێز (تەلار لطیف)، فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر باس لەسـەر شـێوازی ئیسـپات كردنی ئە رێژەی كحولە كرا ئەو مخەدەراتەی جگە لەو ئامێرەی ئەوە پێ تاقی ئەكرێتەوە كار لەسـەر ئەوە دەكرێت لەلایەن دادگاكانەوە لە رێگای لیژنەی تەندروسـتییەوە فەحصـی بۆ ئەكرێت بۆ ئیسـپات كردنی ئەو رێژەیەی كە بەكاری هێناوە، ئەمە لە لایەك بۆ ئەوەی رێژەی حەدی ئەدنا و ئەعلاكەی كە لە ماددەكەیا هاتووە ئەو صـولتە تەقدیریە حاكم بەكاری بێنێت لەسـەر ئەساسـی شـێوەی ئەو رێژەیەی بەكاری هێناوە وە هەروەها رێژەی ئەو تاوانەی لە دەرەنجام هەیە تەنها سەرخۆشە یاخود ماددەی مخەدەراتە بەكـاری ئەهێنـاوە گیراوە پێش ئەوە تـاوانەكەی دیكەی لێ بكەوێتەوە تـاوانی بڵێین حادیسـەی لێكەوتۆتەوە یان بۆتە هۆكاری ئەوەی كەسـی كە ببێتە قوربانی لەگەڵیا ئەوانە بە پێی ئەوە عقوبەكەی لەسەر زیاد ئەبێت، وە باسی تەقصیتی غەرامە كرا بەرێزان حقوبەكە لێرە كە هاتووە وەكو خۆی جێبەجێ ئەكرێت ئەو غەرامەیە تەقصـیت ناكرێت لەبەر ئەوەی ئەگەر هاتوو نەیتوانی غەرامەك بدات راسـتەوخۆ ئەچێ بۆ حەپس كردن لە رێگای دادوەرەوە وە ئەصڵیش لێرە ئەوەیە كەسێك كە سـوور بزانێ ئەو تاوانەی كە ئەیكا یان ئەو كردارەی ئەیكا تاوانی لێ ئەكەوێتەوە ئەوە پێویسـت ئەكا ئەو عقوبە وەكو خۆی

وەرگرێت تاكو ببێتە رەدعێك بۆ کەم کردنەوەی ئەو تاوانە یاخود ببێتە وانە بۆی ئەو تاوانە دووبارە ناكاتەوە، سوپاس.

**جعفر ابراهيم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (تەلار لطيف)، بڕیاردەری لیژنەی یاسایی، بەڕێزان ئێستا ئەو ماددەیە بە رەچاو کردنی تێبینیەکانی ئێوە روونکردنەوەکانی ئێوە دەخوێنرێتەوە وە دواتر دەخەینە دەنگدان، ئومێدەوارم ماددەی سێیەم هەموومان تەرکیزمان زیاتر بیت بۆ ئەوەی تیکرار نەبی ئەگەر گوێ لە یەکتر بگرین زۆر تەئیدی یەکتر ئەکەین بەڵام هەیە تەرکیز ناکا وەکو پێویست لەبەر ئەوە هەر بە تەواوەتی تکراری زۆرە نامەوێ هەموو تیکرارەکان باس بکەم بەڵام ئەم جارە داوا دەکەم تەرکیزی باشتر بکەن، بەرێزان ئێستا ماددەکە دەخوێنرێتەو بە دارشتنەکی نویَ، فەرموو.

**بەڕێز ڤاڵا فەريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای وەرگرتنی راو سەرنجی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ماددەکەمان بەو شێوەیە دارشتەوە:

ماددەی (2)

دەقی ژمارە (22)ی یاسای هاتووچۆ هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

1-هەرکەسێك لە ژێر کاریگەری ماددەیەکی سەرخۆشکەر یان هۆشبەر سوارۆیەك لێبخورێ ئەوە بە بەند کردن بۆ ماوەیەك کە کەمتر نەبێت لە (3) مانگ زیاتر نەبێت لە (6) مانگ یان بە پێبژاردنێك کە لە (500.000) پێنج سەد هەزار کەمتر نەبێت و لە (1.500.000) یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار زیاتر نەبێت سزا دەدرێت و مۆڵەتی لێخورینەکەی لێرادەکێشرێتەوە بۆ ماوەیەك لە (3) مانگ زیاتر نەبێت.

2- لە حاڵەتی دووبارە ئەنجامدانەوەی ئەو تاوانەی لە بڕگەی (1)ی ئەو ماددەیە دەقی لەسەر کراوە ئەوە سزاکەی دەبێتە بەند کردن بۆ ماوەیەك کەمتر نەبێت لە (6) مانگ و زیاتر نەبێت لە (1) ساڵ یان بە پێبژاردن کە لە (2.000.000) دوو ملیۆن دینار کەمتر نەبێت، لەگەڵ لێراکێشانی مۆڵەتی لێخورین بۆ ماوەیەك لە (6) مانگ کەمتر نەبێت.

3- لە کاتی ئەنجام دانەوەی تاوانەکە بۆ زیاتر لە (2) جار سەرەرای ئەو سزایانەی لە بڕگەی (2)ی ئەو ماددەیەدا هاتووە لێراکێشانی مۆڵەتی لێخورینەکە بۆ ماوەیەك دەبێت کە لە (3) ساڵ زیاتر نەبێت.

4- پێویستە لەسەر دادگا لە کاتی دەرکردنی بڕیاری لێراکێشانی مۆڵەتی لێخورین بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی پەیوەندیدار ئاگادار بکاتەوە لە دەرکردنی بڕیاری لێراکێشانی مۆڵەتی لێخورین لە دوای بنبڕکردنی حوکمی تاوان بارکردنەکە.

**جعفر ابراهيم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز (پەروا)، فەرموو.

**بەڕێز پەروا علی حمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێ وشە هەیە وەکو بەڕێزان ئیشارەتیان پآ کرد زۆر تەرجوومەی حەرفییە ئەگەر بکرێت لەو سیاغەیە (لەسەر دادگا پێویستە) نەك (پێویستە لەسەر دادگا)، لەگەل لە باتی (لێراکێشاندنەوە) وشەیەکی زۆر ناشرینە یان (لێوەرگرتنەوە) یان (لێسەندنەوە)، زۆر سوپاس.

**جعفر ابراهيم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (پەروا علی) بۆ ئەو تێبینیە، بەڕێز  مامۆستا (مەلا ئەنەس)، فەرموو.

**بەڕێز ئەنەس محمد شریف (مەلا ئەنەس):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەك تێبینی ئەگەر ئیزاحەکێ بدەن، راکێشـــانا مۆڵەتی وەکو من گوو لێ بووی کو ژ ســێ ســـاڵا زێدەتر نەبیت، ئو ئەدنا دیار نەکر کە چەند کێمتر نەبیت، ئەگەر بێتە دیار کرن، زۆر سوپاس.

**جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆسـتا دەرگای گفتوگۆمان گرتووە چونكە ئەوە سـیاغەیەی كۆتاییە، بەرێز (تەلار لطیف) تەوزیح دەدەی؟ فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە یا صـــولتەی تەقدیریمان بۆ حاکم بەجێ هێشـــتووە یەعنی تۆ ئیلزاممان كردووە بە ســەحبەكە بەڵام ئەو ئەزانێ ئایا چەندین جار چونكە لەوانەیە سـێ جار بێت چوار جار بێت پێنجەمین جار بێت لەبەر  ئەوە صـــولتە تەقدیریەكە بەجێمان هێشـــتووە بۆ ئەو حەدی ئەعلـاكەمـان بۆ دیـاری كردووە كە (3) ســـاڵەكەیە بەس ئەدنـاكە بۆ ئەوەیە كە زیـاتر روونكردنەوە لەسەر ئەوە بدەم.

**جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ســـوپـاس بۆ بەرێز (تەلـار لطیف)، بەڕێز (د.ڤاڵا) بەس بڕگەی پێنجەم دووبـارە بخوێنەوە دەیخەینە دەنگدان من وا تێگەیشتم هیچ تێبینی تر نەماوە هیچ خاڵی نیزامی نییە، فەرموو.

**بەڕێز ڤاڵا فەرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی (4)

پێویســـتە لەســـەر دادگا بەڕێوەبەرایەتی هـاتووچۆی پەیوەنـدیـدار لە دەركردنی بڕیـاری لێراكێشانی مۆڵەتی لێخوڕین ئاگادار بكاتەوە لە دوای بنبڕبوونی حوكمی تاوان باركردنەكە.

**جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەكە بەو شـــێوازەی خوێنرایەوە دەخەینە دەنگدان؟ (50) كەس بە پەســـەند دەزانی، ئەوەی دژە؟ (3) كەس دژن ماددەكە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند كرا. ماددەی (3)، فەرموو.

**بەڕێز ڤاڵا فەرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەقی بەشــی  (23)ی یـاســـای هـاتووچۆ هەموار دەكرێـت و بەم شـــێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

ماددەی (3)

1-هەر كەسـێك بە هۆی لێخوڕێنی سـوارۆیەك ببێتە مایەی  ئەزیەت یان نەخۆشـی گەورە یان پەككەوتەیی هەمیشـەیی بۆ كەسـانی دیكە یان سـەروەت و سـامان یان لەبەر رەچاو نەكردنی یاســـا و پەیرە و رێنماییەكان ئەوە بە بەند كردن بۆ ماوەیەك لە (6) مانگ كەمتر نەبێت و لە (3) سـاڵ زیاتر نەبێـــت بوو بە غەرامەیەك لە (750.000) حەوت سـەد و پەنجا هەزار كەمتر نەبێت و لە (1.000.000) یەك ملیۆن كەمتر نەبێت سزا دەدرێت.

2- ئەگەر تاوانەكان ئەنجام درا بوو لە كاتی لێخورینی سوارۆیەكە بە سەركێشی یان بێباكی یان شۆفێرەكە لە ژێر كاریگەری ماددەی سەرخۆشكار یان هۆشبەر یان بێت و یان یارمەتی ئەو كەســەی نەدابێت و كە تاوانی لی كراوە یان داوای یارمەتی نەكردبێت بۆی لە گەڵ بوونی  توانای یارمەتیدانی ئەوە سـزا دەدرێت سـزاكەی دەبێتە بەند كردن ماوەیەك لە (1)

ساڵ کەمتر نەبێت لە (4) ساڵ زیاتر نەبێت و غەرامەیەك لە (1.000.000) یەك ملیۆن کەمتر نەبێت و لە (1.500.000) یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار زیاتر نەبێت.
3- پێویستە لەسەر دادگا لە کاتی دەرکردنی حوکم لەسەر تۆمەتبار بە پێی هەردوو بڕگەی یەك و دووی ئەم ماددەیە بڕیاری دەست بەسەرداگرتنی ئەو سوارۆیە بدات کە تاوانەکەی پێ ئەنجام دراوە بۆ ماوەیەك لە (1) مانگ کەمتر نەبێت و لە (2) مانگ زیاتر نەبێت و ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی پەیوەندیدار بکاتەوە لەم بارەیەوە لە دوای بنبڕبوونی حوکمی تاوانبارکردنەکە.
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لیژنە پەیوەندیدارەکان چەند تەعدیلێکیان کردووە لەسەر ئەو ماددەیە ئەوەیە کە ئێتا بۆ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی دەخوێنمەوە.

**جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

(د.ڤالا)، فەرموو.

**بەڕێز ڤالا فەرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: هەر کەسێك بە هۆی لێخوڕینی سوارۆیەك ببێتە مایەی ئەزیەت یان نەخۆشی گەورە یان پەککەوتەیی هەمیشەیی بۆ کەسانی دیکە یان سەروەت و سامان یان لەبەر رەچاو نەکردنی یاسا و پەیرە و ڕێنماییەکان ئەوە بە بەند کردن بۆ ماوەیەك لە (6) مانگ کەمتر نەبێت و لە (2) ساڵ زیاتر نەبێت وە بە غەرامەیەك لە (750.000) حەفت سەد و پەنجا هەزار کەمتر نەبێت و لە (1.500.000) یەك ملیۆن پێنج سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت سزا دەدرێت، لەگەڵ کێشانەوەی مۆڵەتی لێخوڕینەکەی بۆ ماوەیەك لە (6) مانگ زیاتر نەبێت.
بڕگەی دوو: تەنها بۆ ماوەیەك لە (1) ساڵ و لە (3) ساڵ زیاتر نەبێت یان بە هەردوو سزاکە لەگەڵ کێشانەوەی مۆڵەتی لێخوڕین بۆ ماوەیەك کە لە (1) ساڵ زیاتر نەبێت.
بڕگەی سێ: پێویستە لەسەر دادگا لە کاتی دەرکردنی بڕیاری لێکێشانی مۆڵەتی لێخورین بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی پەیوەندیدار ئاگادار بکاتەوە لە دوای بنبڕکردنی حوکمی تاوانبارکردنەکە، (واو) لە بەینی غەرامە لە بڕگەی دوو لە بەینی غەرامە و حەپسەکە کراوە بە (یان).

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز د.ڤالا، بەڕێزان دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە لەسەر ماددەی سییەم، بەڕێزان دەست بە گفتوگۆ دەکەین، کاك ئاری فەرموو.

**بەڕێز ئاری عبداللطیف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی یەکەم کە دەڵێ بەهۆی لێ خوڕینی سوارۆیەك کە ببێتە مایەی ئەزیەت، ئەو وشەیەی (ئەزیەت) یان لابرێت یان ببێ بە برینداربوون، چونکە مەتاتیە، یاسا خۆمان دەزانین دەبێ زیاتر کۆنکرێتی بێت، نەك مەتاتی بێ، دواتر نووسراوە لەبەر رەچاو نەکردنی یاسا و پەیرەو و رێنماییەکان، ئەوەش هەر پێویست نییە بەرای من، چونکە کە بووە مایەی هۆیەکانی سەرەوە کەواتە یاسا و رێنماییەکانی رەچاو نەکردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا ماجد فەرموو.

**بەڕێز ماجد عثمان توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە ئەساسەت پێ بژاردن، بۆ ئەوەیە کە حەد بۆ ڕووداوەکان دابندرێت، پێویستە ئێمە نکۆڵی لەوە نەکەین غەرامەکان کەم بکەینەوە، بەڵکو دەبێ غەرامەکان زیاد بکەین، لێرە شتێکی دیکەش هەیە، مەسەلەن لێرە باسی سەروەت و سامانی گەیاندنی هەمیشە بۆ کەسانی دیکە یان سەروەت وسامانیان زیانیان پێ بگات، ئەبێ ڕەچاوی زیان گەیاندن بە مومتەلەکاتی دەوڵەتیش بکرێت، زۆرجاری وا هەیە مەسەلەن هێماکانی هاتووچۆ و عەمودی کارەبا یان جەزیرەی وەسەتی ئەوانە زیانیان پێ دەگات دەبێ ئەوانەش ئاماژەی پێ بکرێت لەو بڕگەیەدا زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ڤەمان فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکەم لەسەر بڕگەی یەکەمە، ئەو کەسەی کە ئەزیەت بە خەڵك دەگەیەنێ یان نەخۆشی پێ دەگەیەنێ یان پەککەوتەیی دروست دەکات، یان زەرەر بە سەروەت و سامانی خەڵك دەگەیەنێ، تەنیا بەوە عقوبە کراوە کە غەرامە بدات، بەڵام حاڵەتی بەرامبەرەکەی کە ئەوەی ئەزیەتی پێ دەگات، نازانم لێرە وازح نییە دەتوانێ داوای چی بکات؟ دەتوانی داوای ڕاست کردنەوەی ئەو زەرەرە بکات کە پێی گەیشتووە؟ دەتوانێ داوای تەعویز بکات؟، یەعنی دەبێت لێرە هەندێك وازح بکرێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د.سرود فەرموو.

**بەڕێز سرود سلیم متی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بیدایەت داوا دەکەم لە هاوڕێ ئاری عبداللطیف دەرفەتم بدات پێشنیارەکەی زەنگینی بکەم زیاتر، دەڵی ببێتە مایەی ئەزیەت یان نەخۆشی گەورە، یەعنی ئەوە مەجالی فێڵ و فێلکاری دەدات، ئەو موستەلەحە دەبێ تەعریف بکرێت، ئەزیەت و نەخۆشی گەورە یەعنی لە قانون نازانین چییە، تەسەور دەکەم لاببردرێت هەردووکیان یان دەبێ تەعریفی دەقیقی هەبێ، هەتا مەجالی ئیجتهاد نەدەین، ئەوە یەك، دووەم/ کە دەڵێ پەککەوتەی عاهەی هەمیشەیی، یەعنی ئەوەش مەتاتیەتی زۆری تیایە، لەبەرئەوە نەفەر هەیە بە حادیسەی سەیارە بەس پەنجەی دەڕوات، ئەوە بە (صح معوقە)، عاهە موستەدیمەیە، بەڵام نەبوویتە موعەوقی کامل و نەکرێ ئیش بکات، تەسەورم وایە ئەو خاڵە دەبێ دەسکاری بکرێت، هەندەك موستەلەح هەیە دەبی تەعریف بکرێت، دوای ئەوە قورسایەتی زۆر تیایە، لەبەرئەوە زۆربەی ئەو حادیسانەی کە لەو خاڵە مەشمولن وەجهی دووەم نین، دووەم بە ئەنقەستە ئەوە بە غەیری قەصدە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك فرحان فەرموو.

**بەڕێز فرحان جوهر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکەی من لەسەر بڕگەی سێیەمە دەربارەی ئۆتۆمبیلەکە بگیرێ، من لەگەڵ ئەوەدام کە بە هیچ شێوەیەك سزای ئۆتۆمبیلەکە نەدرێت، لەبەرئەوەی ئۆتۆمبیلەکە هیچ پەیوەندیەکی پێوە نەماوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ئاری فەرمووو.
**بەڕێز ئاری محمد هەرسین:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
من وێڕای پشتیوانیم بۆ سەرنجەکەی هاوکاری بەڕێزم کاك ئاری عبداللطیف و کاك سروود، ئەم سەرنجەمان هەیە و جەخت کردنە لەسەر مەسەلەی پەککەوتەیی، هەروەك هاوکارم کاك سرود لێرە ئاماژەی پێدا هی واهەیە پەنجەیەکی لێ دەبێتەوە، بەڵام هی واش هەیە بۆ هەتاهەتایە لەسەر عارەبانە دەکەوێ، ئەو کەسەی کەلەسەر عارەبانە دەکەوێ دواتر دەبێتە بار بەسەر کۆمەڵگە و بەسەر دەوڵەتەوە یاخود بەسەر حکومەتەوە، من پێم باشە کە بۆ هەتا هەتایە ئەو کەسەی کە یەکێك بڵێین پەککەوتە دەکات بەشێوەیەکی کامل یەعنی دەیخاتە سەر عەرەبانە وەکو نەفەقەیەك بۆی ببڕێتەوە مانگانە وەکو ئەرکێك بە پێی دەرامەتی خۆی کە بتوانێ بژێوی ژیانی خۆی بەرێتەسەر، شتێکی تر مەسەلەی ماوەی سجنەکە و غەرامە مالیەکە حاڵەتی پەککەوتەیی سەر عەرەبانە زۆر زۆر ناسکە، ئێمە پێمان باشە لەحالەتی پەککەوتەیی ماوەی سجن کردنەکە لە دووساڵ کەمتر نەبێ و لە پێنج ساڵ زیاتر نەبێ، هەریەکە لە غەرامە مالیەکە بکرێ بە دوو ئەوەندە و سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، د.فرست فەرمووو.
**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
تێبینی یەکەم هاوڕێکانم باسیان کرد، منیش تەئیدی دەکەم، مەسەلەی ئەزیەت یەکسەر لە قسمی (23) لە عەرەبیەکەی تەرجەمە کراوە کە لەوێ (أذى) هاتووە، کە پێموایە هەر لەوێش غەڵەتە و لەوێش ناکرێ بەم شێوەیە بە موتڵەقی ئەزیەت هەر شتێکی بچووك بەری کەوێ وبەربێتەوە ئەکرێ بڵێی ئەزیەتی وەرگرتووە، بۆیە بڕگەکە یان جیابکرێتەوە یان هەڵبگیرێت کە ناوی قسەکە لە قانونی (86)ساڵی (2004)(اهمال)و (تهورة)، یەعنی موسبەقەن ئەوکەسە خراپ سەیارەی لێ خوڕیوە بە تەهەور لێی خوڕیوە، ئەزیەت هەڵبگیرێ، ئەوەی تریان سەبارەت بەو بڕگەیەی کە بەڕێزان ئیزافەیان کردووە دوای لیژنە پەیوەندارەکان، من پێموانیە ئەوەی کە دەڵێن یان بەهەردوو سزاکە، چونکە وەکو باسم کرد، ئەسڵەن لێخوڕینەکە ئیستهتارە، کەواتە هەم دەبێ حەبس بکرێ هەم دەبێ غەرامەکەشی لێ وەربگیردرێت، کە گوتت یان هەردووکیان مەعنای وایە لە پێشتر مەجالی تێدایە کە یەکێکیان هەڵبژێری، واتە ملیۆن و نیوەکە بدات و سەیارەکەشی بە تەهور لێ خوڕیوە و بە ملیۆن و نیوەکە نەجاتی بێ، قازی سوڵتەی تەقدیری دەبێ یان حەبسی بکا یان تەنها غەرامەکەی بکات یان هەردووکیان، نەخێر سوڵتەی تەقدیری نەدرێتە قازی هەردووکی بکات، کە دەڵێی هەردوو سزاکە مانای وایە لە پێشەوە لە ماددەی (4)یەکسەر هەردووکیان هەڵگیراوە، پێشتریش هیچ حاڵەتێك نەگراوە بڵێی هەردووکیان، فەرزی کردووە قانوون، هەم دەبێ حەبس بێ وهەم دەبێ غەرامەش بێت، ناکرێ ئەو درەفەتە بدرێت و ئەو سوڵتەیە بدەینە قازی کە یەکێکی ئیختیار بکات یان هەردووکی پێکەوە ئیختیار بکات و سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، کاك بیستون فەرمووو.
**بەڕێز بیستون فایق محمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەزیەت لە کوردی دا ئازارە، قسەکانی تریشم د.سروود کردی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنێکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عباس فەرمووو.

**بەڕێز عباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێك کارەسات هەیە زیان دەگەیەنێ بە گشتی بە بێ ئەوەی بەکەس بگەیەنێ، لەبەرئەوە پێشنیار دەکەم کە خاڵێکیش بۆ ئەمە زیاد بکرێ، هەندێ ئۆتۆمبیل هەیە ژینگە پیس دەکات و دووکەڵە، بەڵام تووشی هیچ ئەوەیەك نەبووە، رەنگە د.سروود زیاتر بزانێ، هەندێ هەیە گزۆز و شت دەکات و ژینگە تەنها سروشتی نییە، ژینگەی دەنگی و سەوتی زۆر خەتەرناکە بۆ ئەوانەی نەخۆشی دڵ و مێشك و دەروونیان هەیە کە ئەمانە تێك دەدرێت پێشنیار دەکەم کە خاڵێك بۆ ئەم حاڵەتە زیاد بکرێت کە ئەم ئۆتۆمبیلانەی بەرچاو دەکەون رابگیرێن تا چارەسەر کردنی نەدرێنەوە خاوەنەکەی ئیلزام بکات بۆ چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتە ژینگەی سروشتی و سەوتی هەردووکیان، هەندێك حاڵەت هەیە لە حاڵەتی ئیستاندارده دەبرێنەدەر بۆ ریکلام و یا رەسەم لەسەر دروست کردن، ئەمەش حەواس و تەمەرکوزی شوفێرانی تر لەلای ئیشەکەی رادەگرێ کە ئەمانەش پێویستە لەسەر ئەم ئۆتۆمبیل و خاوەنانە چارەسەری گونجاوی بۆ بکەن و سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنێکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د.جوان فەرمووو.

**بەڕێز جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم/ هەر کەسێك بەهای لێخوڕینی سوارۆیەك ببێتە مایەی ئەزیەت و نەخۆشی و ئاهە، ئەی ئەگەر کوشتی، ئەگەر یەك شەخص، خوێندومەتەوە، لە ماددەکانی دیکەم نەدیتووە، ئەگەر شەخسەك مرد، کوشتی ئەوا چ دەبێ سزاکەی؟ لە قانوونی مروری عێراقیم خوێندۆتەوە دەڵێ (مدة لاتقل) پێنج ساڵ کەمتر نەبێ، لە حەوت ساڵ زیاتر نەبێ و غەرامەکەش لە ملیۆنێکی کەمتر نەبێ و لە ملیۆنێك و نیو زیاتر نەبێ ئەگەر هات شەخسەکەی کوشت یان زیاتر لە شەخسەکی کوشت، ئەوە یەك، بەگشتی یاسای مروری هەرێکی کوردستان یان عێراق، بە راستی دوو تێبینیم هەیە، لەبەرئەوە دەڵێین بە گشتی و بە تایبەتی لە هەرێمی کوردستان با پێشی باسی حەبسی نەکەین، غەرامەکە، خۆ من لەو کەسانەم ئێستا نەقدی د.بەهارم کرد کە رەفیقمە، وتم دەبێ سزا بدرێت و دەبێت ئەو سەیارەیە حیجز بکرێ و دەبێ غەرامە بکرێ ئەوهاوڵاتیە، چونکە ئەمە بەراستی میللەتێکین ئیللا بە پارە کە ئەزیەتی ماددی و مەعنەوی ببینین ئەوجا تەمبێ دەبین و ئەوجا مەوعیزەی وەردەگرین، بەڵام لەگەڵ ئەوەش ئەگەر بێی قانوونی مروری عێراقی بخیننەوە لەگەڵ یاسای ئێستا غەرامەمان ئێمە زۆر زۆر زیاد کردووە کە بەغدا زۆر کەمی کردووەتەوە، رەغمی بەغدا لایەنی مووچە و لایەنی ئابووری زۆر زۆر لە هەرێمی کوردستان باشترە، لەو کاتەی کە گیرفانی هاووڵاتی بەتاڵە و لەگەڵ ئەوەش دانیشی ئەو غەرامەیەش زیاد بکەی واللە ئەمن بە عەدالەتی نازانم بزات لەو کاتەی، لەو کەسانەشم کە رەدعی بکەین بە پارە وبە ماددی و مەعنەوی، خاڵی دووەم پێش غەرامە و حەبسی نەکەین، کاکە ئیجازەی مروری زۆر بە ئاسانی دەدرێتە هاووڵاتی هەرێمی کوردستان، زۆرجار بە گەندەڵی دەکرێ بە واستە و واستەکاری دەکرێت بمانەوێ و نەمانەوێ غەڵەتە، ئیمتیحانەکە دەکرێ ئەوەی نەزەری و عەمەلیەکە زۆر ئاسانە بەڕێزان، هەموو کەس دەتوانی لێی دەربچێ، کە ئەوەش

زۆر زۆر خەتەرە، هیچ فەرقی نییە لەگەڵ جەریمەیەکی، چونکە ئەوە بەس حەیاتی تۆ نییە، بەڵکو حەیاتی هەموو هاووڵاتی لە خەتەر دادەبێت کە یەکێك بە ناحەق ئیجازەی سـیاقەی دەدرێتێ، دووەم/ زۆرجار ئێمە هاووڵاتی پرسـیار دەکەین دەڵێین زەمبی هاووڵاتییە، بەڵام زۆرجاریش حکومەت بەرپرسیارە، ئیهمالی حکومەتی، بەس ئەو خاڵەم ماوە، یاسەیەکەمان، ئیهمالی حکومەت و جیهەتی پەیوەندار زۆرجار ئیشـارەتی مروری دانەنراوە، زۆرجار دەبینی تاسـە و قۆرت و چاڵ هەیە ئاگادار نییە سـایەق، حەوادسـی گەورە گەورە دەکرێت، خەراپ بوونی رێگا وبان، حکومەتێکیش دەبێ بەرپرسـیار بێت ئاسـتی ئەوشـتەی هەڵگری و ژیانی هاووڵاتی ئاسان بکات هەتا ئەو حەوادسانە زیاد نەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنێکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك علی فەرمووو.

**بەڕێز علی عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (3) بڕگەی (1) پێشنیار دەکەم ئەو عقوبەیەی هاتووە تەحدید کرن کو شەش هەیڤا ببیتە ساڵەکی کەمتر نەبی و چوار ساڵا زیاتر نەبی، دیسان غەرامە ملیۆنەکا کەمتر نەبیت و ژ ملیۆنەك و 500 هەزار دینارا زیاتر نەبی، قازی بێتە ئیلزام کرن، کو هەردوو عقوبە پێکڤە بێنە تەرتیب کرن، ژ بەر کو لیڤ قانونی عقوباتی عێراقی ماددەی (131)و ( 133) قازی چێ دکات و د زڤریتە ڤی قانوونێ، لبەر ژی ئەگەر هەندێ ئەز زروفێت مە سـەر کار بینتەڤە، لەوما پێشنیار دکەم هەردوو عقوبە پێکڤە بهێنە بکارئینان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنێکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د.سراج فەرموو.

**بەڕێز سراج احمد حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا پاڵپشتی قسەکانی کاك مەلا ماجد وکاك ئاری عبداللطیف دەکەم، پاشان دووبارەی دەکەمەوە ئایا هەدەف لە غەرامات و ئەوانە تەنها لە بۆ رەدع و رێگرتنە لە خراپەکاری و هەروەها پاراستنی سەروەت و سامانی خەڵکە، من تەعەجوب دەکەم بە (750) هەزار دینار غەرامەی کەسێك دەدرێت کەوا خەڵکەك تووشی معوقی بکات، سەروەت وسامانی خەڵك تووشـی خراپە بکات، باس دەکات و دەڵآ تووشـی نەخۆشـی گەورە یان پەککەوتەیی یان سـەروەت و سـامانی خەڵك لەبەرچاو نەگری، یەعنی پێم سـەیرە چۆن بە (750)هەزار دینار غەرامەی ئەو کەسـانە دەکرێ کە ئەوهـا بەو نەوعە مـامەڵە دەکەن لەگەڵ لێخوڕینی سەیارە، لە بەلەدیەی یەك فرنی سەمون هەندەك فەردەیەك زبڵی زیاد لە پێش دەرگاکەی دانـابوو بە (750) هەزار دینـار غەرامەیـان کردووە، ئـایا کو موقـارەنە دەکرێ خەڵکێکی وا متەوەتر یەعنی ئەوها بەسـەر کێشـی سـەیارەی لێ بخوڕی بە (750) هەزار غەرامە بکرێ، بەرای من ئەو (750) هەزارە زیـاتر بکرێ هەتـاوەکو قـانوونەکە زیـاتر خەڵـك رەدع بکرێ و هەروەها شوێنی خۆی بکاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنێکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنە پەیوەندارەکان وەکو جاری تر لە لیژنەی ناوخۆ دەست پێ دەکەین، مامۆستا غریب فەرمووو.

**بەڕێز غریب مصطفی حمە خان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان، من پێشنیاز دەکەم، خاڵێك بۆ ئەم ماددەیە زیاد بکرێت، تایبەت بەو حاڵەتانەی رووداوەکانی هاتووچۆ کە بریندار بوون یان مردنی لێ ناکەوێتەوە،

تەنها زیانی ماددی بەر ئۆتۆمبیلەكان دەكەوێ، بەڕێزان لە هەندێ جار دا كە ئەو زیانە روودەدات، تەرەفەكان لە بەینی خۆیاندا ســـولْح دەكەن، دوایی گیر دەخۆن بە دادگاوە، ئەوەنە كێشە كێشیان پێ دەكرێ جار هەیە بە دوو ساڵ نەجاتیان نابێ، ئەمە سەرقاڵیەكی زۆری بۆ دادگاكان دروســــت كردووە لە ئەنجامی ئەو رووداوانە كە بە بەردەوام رۆژنە و شـــەوانە روو دەدەن، پێشـــنیاز دەكەم لەم حاڵەتەدا كە تەرەفەكان پێك دێن و دادگاش دۆسیەكە دابخات، بۆیە ئەم خاڵە بەم جۆرە ئەگەر دابڕێژرێ، ئەو رووداوانەی كە زیان تەنها بەر ئۆتۆمبیلەكان دەكەوێ لە كاتی پێكهاتنی لایەنەكاندا پێویستە لەسەر دادگا دۆسیەكە دابخات، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك ناظم فەرموو.

**بەڕێز ناظم كبیر محمد سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر لە بەرێزەكان باسی ئەوەیان كرد مەسەلەی پەككەوتووە یان بریندار بووە یان ئەزیەتی پێ كەوتووە، بەڕێزێك باسی كرد مەسەلەی ئەزیەت نەمێنێ یان ئازار بێ یان ئەزیەت بێ هیچ موشـــكیلەیەك نییە، بەڵام كاتێك كە ئەزیەت لاببرێ لەوانەیە كە حادیســـەیەك رووی دابێ یان ببێتە هۆی ئەوەی كە لەوانەیە هەر بریندار نەبووبێ یان پەكنەكەوت بێ، لێرە تەنها ئەزیەتەكەیە، دەبێ ئەزیەتەكەیان ئازارەكە بمێنێتەوە، لە حاڵەتێكی تریش دا زۆر لە بەڕێزان باسـی ئەوەیان كرد كە ئەم غەرامەیە كەمە لەوانەیە كەســەكە پەكی كەوتوو بێت یان بریندار بێ یان هەر نەخۆشـــیەكی تر لێرەدا دەتوانێ داوای قەرەبوو بكاتەوە، جیا لەم غەرامەیە و لەو حەبس و ئەوانە، ئەوان دەتوانن داوای قەرەبوو بكەنەوە، بەڕێز مامۆســـتا باســی كرد مەســـەلەی ئەگەر هاتوو حادیســـەیەك ڕووی دا نەبێتە هۆی بریندار بوون یان تەنها سەیارەیەكە هەر لەسەر هەردووخاوەنەكە دەكەوێتەوە، ئەگەر خۆی قەزیەكە نەبەنە پێش دادگا خۆی دادگا ئەسـڵەن هەر باس ناكات و لێشـی ناپێچێتەوە، بەڵام دەبێ كەئەوان لەناو خۆیاندا رێككەوت بن و داوای ئەوەش بكەن كە نەچنە پێش دادگا و كۆتایی پێ دێت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر ئوتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشـتگیری لە قسـەكانی كاك ناظم دەكەم، ئەم حاڵەتە بۆ خۆشـی لە ماددەكەدا هاتووە بە عەمدی نییە، شتەكە بە غەیرە عەمدیە و دوای ئەوەش لە راستی دا ئەوەی مامۆستا باسی كرد، زۆربەی كات لە وولاتی ئێمە و كۆمەڵگای ئێمە وایە سولْح دەكرێ، سولْحی عەشایری دەكرێ و دواتریش ئێمە هەر لەو تەعدیلە دا لەو ماددەی (5) دا دیاریمان كردووە، لەكاتی دادگـای كردنەكە لە دۆســـیەی لێكۆڵینەوەش دەتوانێ لەو كـاتە لە قۆنـاغی لێكۆڵینەوە دەتوانێ بڕیاری دادگا بابەتەكە چارەسەر كراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، د.ڤاڵا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر دوو بابەت روونکردنەوە دەدەم کە لەو ماددەیەدا هاتووە، بابەتی ئەزیەت کە زۆر قسەی لەسەر کرا بابەتی ئەزیەت لەگەڵ نەخۆشی گەورە، تەبعەن لە عەرەبیەکەی هاتووە (الاذى أو مرضين جسيمين)، (أذى) ی (جسيم) هەیەو (أذى طفيف و خفيف) هەیە، ئەوە لە قانون تعريف کراوە، یەعنی لەو قانوونانەی کە ساڵەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی پەنجاکان و شەستەکان تەعریف کراوە، (أذى) معنوى چییە و (أذى) ماددی چییە، (أذى طفيف) و (أذى خفيف) و (أذى جسيم) چییە، وەکو چۆن (ضرر) تعريف کراوە، (مرض) بۆ هەردووکی (جسيمين) دانراوە، یەعنی لێرە ئەگەر ئەمن (أذى)ەکەی لابەم زۆرجار ئەو کەسەی کە جەریمەکەشی کردووە لە کەسی قوربانی ئیهانەشی دەکات و لە کەرامەتیشی دەدات، بەڵام تۆ لێرە موستەلەحی (أذى)ت نییە، کە حاکم پێی بڵێت ئەتۆ لەرووی مەعنەویەوە بۆ نموونە ئەزیەتی ئەو کەسەت داوە جگە لەوەی ماددیانەش زەرەرێکی زۆرت پێ گەیاندووە، بۆیە مانەوەی موستەلەحی (أذى) لەگەڵ مانەوەی موستەلەحی (مرض) هەردووکیان زۆر بە زەروور دەزانم و ئەگەر ئیشکالی پەرلەمانیش لەسەر ئەوەیە کە تەعریف نەکراوە، نەخێر ئەو موستەڵەحانە هەموو لە ساڵانی پێشووتر تەعریف کراوەو هیچ مەحاکم کێشەی لەگەڵ تەعریف کردنی ئەو موستەڵەحانە دا نییە، خاڵی دووەم/ تێکەڵداریەك دروست بووە لە مەفهوم لە بەینی مەسئولیەتی جینائی کە ئێمە لێرە باسی دەکەین لەگەڵ مەسئولیەتی مەدەنی ئەو کەسە غەرامە وەکو عقوبە باس دەکەین، ئەو غەرامەیە مەحاکم حوکمی پێ دەردەکات و سوڵتەی تەنفیزی وەری دەگرێ، یەعنی وەکو عقوبە باسی دەکەین هەرچی مەسەلەی مەسئولیەتی مەدەنیە کە مەسەلەی تەعویزە، ئەو کەسە چ زەرەرێکی پێ کەوتووە دەستێکی لە دەست داوە و پێیەکی لە دەست داوە، ئەوە مەسەلەی تەعویز شتێکی دیکەیە و دادگای مەدەنی یەکلایی دەکاتەوە، یەعنی تۆ لێرە عقوبە جنائیەکەی وەردەگری کە حەبس کردنە لەگەڵ غەرامە، ئینجا ئەو پەلکێش دەکرێت و دووبارە کە رەفعی دەعوای مەدەنیت لەسەری کرد، پەلکێشی دەکەی بۆ وەرگرتنی ئەو زەرەر و زیانەی کە لێت کەوتووە بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو زەرەر و زیانەی کە ئەو کەسە لێی کەوتووە، ئەوەی کە گوتم راستیشە بۆ عاهە، عاهەی موستەدیمە و عاهەی موەقەت، ئەوە هەمووی لە یاسایەکان یەکلایی کراوەتەوە و لە یاسای مەدەنی تەعریف کراوە کە بە شێوەیەکی دەقیق هاتووە، خاڵی دووەم لە بڕگەی دووەم یان هەردوو سزایەکەمان داناوە ئەو (كلتا العقوبتين) تۆزێك قورسترمان کردووە، بەڵام سوڵتەی تەقدیریمان (فى كل الاحوال) داوەتە قازی، یان غەرامە یان حبس یان بەهەردوو عقوبەکە تۆ بۆت هەیە عقوبەی بدەی بۆ ئەوەی قازی بتوانێ لەگەڵ حاڵەتەکان تەعامول بکات، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئيمنيكى/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز د.ڤالا بەشی زۆری قسەکانی کرد، تەنها یەك شت کە مابێ بیڵێم ئەوەیە کە ئێمە دەتوانین بۆ ئەوەی ئەوە حەسم ببێ کە ئەزیەت چی پێ دەڵێن موستەلەحی (أذى و مرض جسيمين) زیاد دەکەین بە عەرەبی بۆ ئەوەی کە وازح بێ بۆ قازی و بۆ خەڵکیش، چونکە

موستەلەحە عەرەبییەکان وازحترە، ئەوە زیاد دەکەین لە بەینی دوو قەوس دا، مەسەلەی مەسئولیەی جەزائی و مەسئولیەی مەدەنیش هەر بۆ بەڕێز مامۆستا غریب، قەزائی مەدەنی قەزائێکی مەتلوبە، یەعنی دەبێ خۆی تەڵەبی بکەی وەکو قەزای جەزائی نییە ئیدعای عام بچێ بیجولێنێ، قەزائی مەدەنی ئەگەر بۆ خۆت تەڵەبی نەکەی قەزا حەقی نییە بەسەرتەوە، بۆیە ئەوەی کە جەنابت دەڵێی تەواو بۆ خۆی وایە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، تەلار خان فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای پشتگیریم لە قسەکانی ئەندامانی هەردوو لیژنە، لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی یاسایی، چەند روونکردنەوەیەك هەیە، باس لەوە کرا چۆن قەرەبووی ئەو لایەنانە دەکرێتەوە، بۆ نموونە کە زەرەریان بە ژینگە گەیاندووە، یاخود بە هێما مروریەکان، ئەوە راستەوخۆ پێ بژاردنی هەیە، یەعنی کە لەگەڵ تەسبیت کردنی حاڵەتەکە ئەوە راستەوخۆ کار لەسەر پێ بژاردن دەکرێ لە لایەنە پەیوەندارەکانەوە و دادگا کاری لەسەر دەکات، باس لەسەر ئەوە کرا ئایا ئەو نیسبەی عجزە چۆن دیاری دەکرێت؟ لە سێ قۆناغ دا دادوەر داوای لیژنەی توبی دەکات، یەکەم لەو قۆناغەی لەو حاڵەتە رووداوەکە رووی داوە، بۆیە ئایا بزانین ئەو زەرەرانە چییە بە جەستەی ئەو کەسە گەیشتووە، لە قۆناغی پێش ئیحالە، پێش ئەوەی کە لە مەرحەلەی تەحقیقەوە ئیحالە بێ بۆ مەحکەمەی جینایات، راستەوخۆ ئەو کاتە داوای دیسانەوە داوای لیژنەی توبی دەکات، لە حاڵەتی سێیەم دا پێش قۆناغی کۆتایی ئەوەش داوای لیژنەی توبی دەکەن بۆ ئەوەی لەوێدا، بەڕێزان وابزانم ئێمە وەڵامی پرسیارەکانی ئێوە دەدەینەوە گوێ بگرن بۆ ئەوەی دوایی نەڵێن گوێمان لێ نەبووە لەلایەن لیژنەی یاساییەوە، قۆناغی سێیەم/ قۆناغی کۆتاییە لەسەر ئەساسی ئەوە ئەو نیسبەی عجزە دیاری دەکرێت و لەسەر ئەساسی ئەوە حەدە ئەدنا و ئەعلاکەی کە ئێمە دیاریمان کردووە لە ماددەکەدا سوڵتەی تەقدیری ئەگەڕێتەوە بۆ حاکم، لەسەر ئەساسی ئەوە ئەو عقوبەیە دەدات، زۆر باسی قەرەبوو کرا، ئەو قەرەبووەی کە دەکرێتەوە ئەوە لە رێگای دادگای مەدەنیەوەیە ئەو کاتە یان ئەوەتا ئەگەر ئەو کەسە مەعاشخۆر بوو (5/1)ی مەعاشەکەی حجز دەکرێت لە دائیرەی تەنفیز، ئەگەر مەعاشخۆر نەبوو ئەوا بە شاهید ئیسپاتی ئەو پارەیە دەکات و پێی دەدرێتەوە، ئەو کات پێویست ناکات لەڕێگەی نەفەقەوە لە رێی دادگاوە بۆ هین بکرێ، باسی داخستنی دۆسیەکەی کرا، بەڕێزان ئەم دۆسیانە پەیوەندارە بە حەقی عامەوە کاتێك کە سوڵحیش هەبێ لەم دۆسیانە راستەوخۆ دادوەر ناتوانێ ئەو دۆسیەیە دابخات لەکاتی یان لێبوردنی گشتی دا ئەو دۆسیانە دادەخرێت یان ئەوەتا ئەبێ رێکارە یاساییەکانی خۆی تەواو بکات ئەو کەسە حەقە عامەکەش حەقی خۆی وەربگرێ، ئەوە روونکردنەوەکانم بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خاڵێکی نیزامیمان هەیە و روونکردنەوەیەکی تریش لە کەسێکی موختەس هەیە، خاڵی نیزامی کاك محمود فەرموو.

**بەڕێز محمود عمر صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان جەنابتان ئاگادارن ئەم یاسایە یەکێ لە شتەکانی ئەوەیە تیشك نەخراوەتە سەر قەدەغەکردنی مەشروب، لەهەموو دنیادا ئەوەی مەشروب دەخوات بە هەموو جۆرێ یاسای بۆ دەرچووە نابێ ئۆتۆمبیل لێ بخوڕێت، لێرەدا ئەم یاسایە تەنها جەخت لەسەر ئەوە دەکات لە کاتی حەدەسدا، لەکاتی روودانی گرفت دا ئەو کەسە دەبێ ئاوا بکات و ئەوە بکرێ، من شتێکم بۆ نووسین بەداخەوە نەك بە نەزەری ئیعتیبار وەرنەگیرا لەگەڵ رێز و حورمەت رەنگە نەشیان خوێندبێتەوە، پێویستە بە هەموو جۆرێك لێ خوڕینی ئۆتۆمبیل بەسەرخۆشی یان بە نەخۆشی ئەمە قەدەغە بکرێ، بۆ نموونە هەندێ وەکو نەخۆشی صرع وەکو نەخۆشی موزمن بە دڵ ئەمانەش مەمنوعە سەیارە لێ بخوڕێت، خەڵك هەیە سەرعی هەیە لە کاتی لێخوڕینی سەیارە کێشە بۆ خۆشی دروست دەکات بۆ ژینگەش و بۆ خەڵکیش، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك محمود سوپاس ئەوەی نووسیوتە بینێرە بۆ بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی، دووەم شت ئەوە خاڵی نیزامی نەبوو، ئەوە رەئی بوو، د.ڤاڵا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی موڵاحەزەکەی زۆر زۆر بەجێیە کاك محمود، بەس چییە یاسایەکە ئەوەی حەل کردووە، یاسایەکە یەکەمجار قەدەغەی کردووە ئینجا دێت سزا دادەنێت بۆ ئەو تاوانانەی کە لە ئەنجامی خواردنەوەکە دروست دەبێت، قەدەغەکراوە کە ئەو کەسە ناتوانێ، چونکە ئەوەی ئێستا ئێمە موناقەشەی دەکەین ئەوە قانونێکە لە ساڵی (2004) دەرچووە و لە (2007) لە هەرێمی کوردستان ئینفاز کراوە لێرە، لە چەند ماددەیەکی زۆر پێکهاتووە یاسایەکە، ئەگەر هەمووی بخوێننەوە تەختیەی هەموو ئەو داواکاریانە دەکات کە بەڕێزتان داوای دەکەن، بۆیە ئێمە شتێك کە دەزانین هەیە لەناو یاسایەکە رەنگە نەمانەوێ زۆر لەسەری برۆین، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خاڵی تری نیزامی وەردەگرین، بەڵام د.رێواز و .جوان ئینجا داوا لە ابوبکر هەڵەدنی دەکەین، ئەویش کەسێکی موختەسە لەم بوارە کە رەئیمان بداتێ، د.رێواز فەرموو.

**بەڕێز د.رێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان تکایە ئێمە ئەوانەشی لێرە دانیشتووین ئێمەش گوناحین، رێ لە دووبارە کردنەوەی قسە بگرە، جەنابت سەڵاحیەتت هەیە بە گوێرەی پەیرەو، ئەوەشی نوقتەی نیزامی ئەڵێ ئەبێ ئیشارە بە ماددەیەکی قانونی بکات، یەعنی بەناوی نوقتەی نیزامی رۆژانە بە سەعات وەخت لەم پەرلەمانە ئەڕوات تکا دەکەم لە بیدایەتی جەلسەوە مەجال دەدەی لە ناوەراست دا مەجال دەدەی ماددە خراوەتە دەنگدانەوە مەجال دەدەی، ئەگەر ئەمە لەخۆبووردووییە واللە زۆر ئیفراتی تیایە جەنابت ببورە کەوا دەڵێم، ئەگەر بەخشندەییە هەر ئیفرات دەکەی لەسەر حسابی ئەعسابی ئێمە وەخت و کاتی پەرلەمان رێ لە دووبارە بگرە نوقتەی نیزامیش ئەبێ ئیشارەت بە ماددەی قانونی بدرێت، ئەگەر وا نەکرێ بەخوا هەمووومان دەست دەکەینە وتار وتن، نزیکی ئینتخاباتە و من بە تەمام خۆم هەڵبژێرمەوە

و بەخوا خۆم هەڵـدەبژێرمەوە بۆ خولی پێنجەم و تکـا دەکەم رەحم بە ئێمەش بکەن، بـا ماددەکان بڕوات.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئيمنيكى/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

پەیامەکەت گەیشـــت، وازحە، د.جوان خاڵی نیزامیت هەیە؟ ئەگەر خاڵی نیزامی تاکید، فەرموو.

**بەڕێز د.جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ســـەرۆکی پەرلەمان ئێســـتا نازانم بڵێم ئەوە تێبینیە یان خاڵی نیزامیە؟ ببوورە بەس یەك خاڵ، من وەڵامم وەرنەگرت لە لیژنەی یاســـایی بەرامبەر ئەگەر شـــەخصـــەکە مرد، یەعنی کوژرا، چی یە؟ ئەگەر وەڵامی ئەوە بدەنەوە، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنيكى/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ســـوپاس بۆ د.جوان، ئەوەی د.ڕێواز باســـی کرد لەســـەر زمانی تەعبیری لێ کرد لە دڵی هەمووتان دایە، ئیمەش باوەڕ بکە ئێوە ماندوو دەبن ئێمەش ماندوو دەبین لەگەڵ ئێوە، بەڵام بەداخەوە نەریتێك لەم پەرلەمانە بەردەوامە تا ئەمڕۆش بەردەوامە، تا ئەم لەحزەش بەردەوامە، دووبـارە زۆری تێـدایە، تیکراری زۆری تێـدایە، ئێمەش نـازانین بەچ شـــێوازێـك موعامەلە لەگەڵ ئەم دیاردانە دەکەین، هەندێك دەڵێن پەخشـــی ڕاســـتەوخۆیە، رەنگە ئەوەش تا رادەیەك راســـت بێت، بەڕێز کاك أبوبکر هەڵەدنی با ئەمڕۆ ســـوود لەم کاتە ببینین.

**بەڕێز ابوبكر عمر عبدالله (أبوبکر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەموو ئەو بابەتانە برینداربوون یان منیش لەگەڵ ئەوەدام بکرێ بە ئازار یان شـــێوانی جەســـتەیی و نەخۆشـــی درێژخایەن، هەموو ئەوانە تا دوا قۆناغی لێکۆڵینەوە بە راپۆرتی پزیشـــکی دەســـەلمێنرێ و یەکلایی دەکرێتەوە، خاڵی دووەم/ دەعوای جەزائی جیاوازە لە دەعوای مەدەنی، بۆیە ئەوە ڕێگر نیە لەوەی کە بەدەعوای مەدەنی ســـکاڵاکار داوای قەرەبوو بکات بۆ ئەو زیانانەی کە لێی کەوتووە، خاڵی ســـێیەم/ ئەوەی مامۆســـتا غریب وتی ئەوە تەحصـــیل حاصـــلە، چونکە هەتا دوا قۆناغی لێکۆڵینەوە دوا وتەی ســـکاڵاکار وەردەگیرێت، کاتێ کە پێکهاتن و سوڵح و ئاشتەوایی روودەدات ئەوا دەبێتە هۆی ئەوەی کە ســزاکە (تخفیض) ببێ، تەنهـا بەشـــی حەقی عـامەکە دەمێنێتەوە، کە ئەوە قـابیلی لێخۆشـبوون نیە، هەردوو بژاردەکەش پێویسـتە لەبەردەم سـوڵتەی قازی دا هەبێ، چونکە ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی حاڵەتەکە یان جەسیمەتی ڕووداوەکە، جەسامەتی ڕووداوەکە فەرق دەکات لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر، بۆیە پێویســـتە هەم غەرامەکە هەبێ و هەم عقوبەکەی تریش هەبێ، مەســـەلەی ئەوەی کاك محمودیش باسـی کرد لە راسـتی دا، لە هەموو شارەکان دا بەڕێوەبەرایەتی دارستان و ژینگە هەیە، بۆیە ئێستا لە دەعواکان دا، لە مەحاکیمەکان دا کاتێك کە رووداوێك درەختێك دەشـــکێنرێ، عامودێکی کارەبا یان ئەوە رووناککەرەوەکان، هەموو ئەوانە پێبژاردن روودەدات لەلایەن ئەو بەڕێوەبەرایەتیانەوە کە بەشـــیـان لە نـاو هەموو قەزا و نـاحیەکـانیش دا هەیە، بۆیە ئەو کـاتە ئیجبـار دەکرێ ئەو کەســـەی کە رووداوەکەی لە دەســـت قەوماوە بۆ ئەوەی ئەو پێبژاردنانە ئەنجام بدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنيكى/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز أبوبكر هەڵەدنی، ئێستا داوا لە بەڕێز د.ڤاڵا دەكەین ماددەكە بە داڕشتنی نوێ، داڕشتنێكی تازە بخوێنێتەوە.

**بەڕێز ڤاڵا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێز د.جوان وەڵامەكە لە مادەی (24)ی ئەصــڵی یاســاكەدایە، كە ئێســتا ئێمە هەمواری دەكەین.

ماددەی سێیەم:

دەقی بەشــی ژمارە (23)ی یاســای هاتووچۆ هەموار دەكرێت و بەم شــێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

1-هەركەسێك بەهۆی لێخوورینی سوارۆیەك ببێتە مایەی ئازار یان نەخۆشی گەورە (أذی أو مرض جسـیمین) یان پەككەوتەیی (عاهة) پەككەوتەیی هەمیشـەیی بۆ كەسـانی دیكە یان سەروەت و سامانی یان لەبەر رەچاونەكردنی یاسا و پەیڕەو ڕێنماییەكان ئەوا بە بەندكردن بۆ ماوەیەك لە شـەش مانگ كەمتر نەبێت و لە دوو سـاڵ زیاتر نەبێت و بە غەرامەیەك لە حەفت ســەد و پەنجا هەزار دینار كەمتر نەبێت و لە یەك ملیۆن و پێنج ســەد هەزار دینار زیاتر نەبێت سـزا دەدرێت لەگەڵ لێراكێشــانەوەی مۆڵەتی لێخوورینەكەی بۆ ماوەیەك لە شەش مانگ كەمتر نەبێت.

2-ئەگەر تاوانەكە ئەنجام درابوو لە كاتی لێخوورینی سـوارۆیەكە بە سـەركێشی یان بێباكی یان شــۆفێرەكە لە ژێر كاریگەری ماددەیەكی ســەرخۆشــكاری یان هۆشــبەر بووبێت یان یارمەتی ئەو كەســەی نەدابێ كەوا تـاوانی لێكراوە یـان داوای یـارمەتی نەكردبێـت بۆی لەگەڵ بوونی توانای یارمەتیدانی ئەوا سزاكەی دەبێتە بەندكردن بۆ ماوەیەك لە یەك ساڵ كەمتر نەبێت و لە ســێ ســاڵ زیاتر نەبێت یان بە پێبژاردنێك لە یەك ملیۆن دینار كەمتر نەبێت و لە یەك ملیۆن و پێنج ســەد هەزار دینار زیاتر نەبێت یان بە هەردوو ســزایەكە لەگەڵ لێراكێشانەوەی مۆڵەتی لێخوورین بۆ ماوەیەك لە یەك ساڵ كەمتر نەبێت.

3-پێویســتە لەســەر دادگا لە كاتی دەركردنی بڕیاری لێراكێشــانەوەی مۆڵەتی لێخوورین ئـاگـاداری بەڕێوەبەرایەتی هـاتووچۆی پەیوەنـدیـدار بكـاتەوە لە دوای بنبڕبوونی حوكمی تاوانباركردنەكە.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سـوپاس بۆ بەڕێز د.ڤاڵا، ئێسـتا ئەو ماددەیە بەو شـێوازەی خوێندرایەوە دەخەینە دەنگدان، ئەو ماددەیە بەو شــێوازەی كە خوێندرایەوە كێ لەگەڵە؟ (41) كەس بە پەســەند دەزانن، ئەوەی دژن؟ (7) كەس دژن، بەزۆرینەی دەنگ پەســند كرا، ئێمە دوای چارەكێك پشــوو وەردەگرین، جا نازانم ئەم ماددەیە بخوێنین؟ باشە دانیشتنەكە هەڵدەگرین تا سەعات (4)، یەك دەقە، لیژنەی یاسایی پێشنیاری هەیە ماددەی (4) هەڵبگیرێت، ئەوجا ئەگەر لەگەڵدان هەڵبگیرێت بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان، كێ لەگەڵ ئەوەیە ماددەی (4) هەڵبگیرێت؟

**بەڕێز ڤاڵا فرید إبراهیم:**

پەیوەستە بە حیجزی سەیارە بۆیە هەڵمان گرتووە.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك فرست، خاڵی نیزامی، فەرموو.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەنها پەیوەسـت نیە بە حیجزی سـەیارە، ئەو ماددەیە پەیوەسـتە بە بابەتێكی تر دەڵێ (یان هەردووكیان) لێرە (یان)ەكەتان هەڵگرتووە، ئەوە كەســێك مردووە لێرە، یەعنی یان بە پارە حەل دەبێ یان بە حەبس لێرە قازی دەتوانێ، بەڵام ئەگەر وەكو ئەوەی ئەوان كردوویانە

پشـــتگیریـان دەکەم پێموایە کارێکی بـاشـــیـان کردووە، مەجبووری کردووە دەبێ قـازی هەردووکی بســـەپێنێ، هەم غەرامەی بکات هەم حەبســـی بکات، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم بمێنێت ئەوە.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنيكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس كاك فرست، رەئی خیلافی لەسەرە، د.بەهار، فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خۆی ئەو مەســـەلەی (یان هەردووکیان) خیلافێکی لەســـەر بوو، لەبەر ئەوەی لە نوســـخە عەرەبییەکەدا بەندکردنیش هاتووە و لوغەوییە راســـتکردنەکە، بەندکرنیش هاتووە (و) لە بەینیـان هەیە، غەرامەش هاتووە لە دواییشـــدا دەڵێ (بکلتا العقوبتين) کە تۆ بڵێی (و) (بکلتـا العقوبتين) لە دواییـدا هیچ ئەهمیەتێکی نـامێنێ، بەڵـام کە ســـەیری نوســـخە کوردییەکەمان کرد ئەوەی کە کراوە بەکوردی چاککراوەتەوە، ئەو هەڵەیە چاککراوەتەوە لە کوردییەکەدا، بۆیە ئێمە ئەوەشمان لابرد.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنيكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بۆیە ئێمەش بە پێویسـت دەزانین پێشـنیاری لیژنەی یاسـایی بخەینە دەنگدان، رەئی خۆتان دا، رەئیەکـان وەرگیران، ئەوەی لەگەڵە مـاددەی (4) هەمووی هەڵبگیرێـت دەســـت بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵە؟ (45) کەس بە پەســـەند دەزانن ماددەی (4) هەڵبگیرێت، ئەوەی دژە؟ (6) کەس دژن، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، بەڕێزان ماددەی (5) پێشنیارەکی هاوشێوەی هەیە، فەرموو سەرۆکی لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز ڤالا فريد إبراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مـاددەی (5) لیژنە پەیوەنـدیـدارەکـان بڕیـار دراوە کە هەڵبگیرێـت، دەبیچ هەڵیش بگیرێـت، چونکە بڕگەی (1) و (2) ئێمە بۆیە دابووەمان بە قازی تەحقیق، لەبەر ئەوەی بەندکردنمان لـابردبوو لە مـاددەی (1) و (2) ئەگەر ســـەیری بکەنەوە کە پەســـنـدمـان کرد، بەڵـام کە بەندکردنمان داناوە قازی تەحقیق ناتوانێ ئەو مەوزووعە حەســـم بکات، دەبێ بچێتەوە بۆ قەزای مەوزووع، بۆیە لێرە پێویستە ئەو ماددەیەش هەڵبگیرێت.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنيكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ســـوپاس بۆ ســـەرۆکی لیژنەی یاســـایی، ئەگەر رەئیەکی دژ بەم رەئیە هەبێت، دیارە وا تێگەیشتم نیە، مادام نیە ئێمە ئەو پێشـنیارە دەخەینە دەنگدان، هەڵگرتنی ماددەی (5)، کێ لەگەڵە؟ (49) کەس بەپەســـنـد دەزانن مـاددەی (5) هەڵبگیرێـت، ئەوەی دژە؟ کەس نیە، بەکۆی دەنگ پەسند کرا.

**بەڕێز ڤالا فريد إبراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم:

وەزارەتی ناوخۆ بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی تەندروسـتی رێنمایی پێویسـت بۆ دیاری کردنی رێژەی مادده کحولییەکان لە لەشی شۆفێر دەردەکات.

ئەحکام خیتامیە تەقریبەن ئەوە.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنيكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەحکام خیتامیە، رەئی هەیە لەســـەر؟ موناقەشـــە نیە، رەئی نیە، کاك بێســـتوون، فەرموو، دواتر د.محمد علی.

**بەڕێز بێستوون فائق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
من لەسەر نەصی ئەو ماددەیە قسەم نیە، مادام لە هۆکارەکانی دەرچوونی ئەم تەعدیلەدا ئاماژە بەوە کراوە بۆ کەمکردنەوەی رووداوەکانی هاتووچۆ ئەم تەعدیلە کراوە، رووداوەکانی هاتووچۆش بەشێکی زۆریان بە هۆی خراپی رێگا و بان و سیستەمی هاتووچۆیە، من پێشنیار دەکەم ماددەیەك ئیزافە بکرێ لە پێش ئەم ماددەیەی کە سەرۆکی لیژنەی یاسایی خوێندییەوە، ئەویش بەو شێوەیە:
بڕی ئەو غەرامانەی کە لەم یاسایەدا دیاری کراوە بدرێتەوە بە وەزارەتی ناوخۆ بۆ چاککردنی رێگاوبانەکان و بۆ خەرج کردن لە خزمەتی سیستەمی هاتووچۆدا، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز بێستوون فائق، بەڕێز د.محمد علی، فەرموو.
**بەڕێز محمد علی یاسین:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
پاش ئەوەی لەگەڵ بەڕێز د.فرسەتیش ڕاوێژمان کرد هەروەك دیارە لە یاساکەدا یاسای ژمارە (86)ی ساڵی (2004) لە هیچ کام لە بەشەکانی دا هیچ ئاماژەی بە ڕێکخستنی بەکار هێنان یان لێخوورینی مۆتۆر سکلێت یان بایسکل نەدراوە، لە هەرێمی کوردستان دا رۆژانە بە دایم بایسکل و مۆتۆر سکلێت لەسەر جاددەکان دا لێدەخوورن بەبێ ئەوەی رەچاوی رێنماییەکانی هاتووچۆ بکەن، زۆربەی هەرە زۆری ماتۆر سکلیتەکان بێ ژمارەن و تابلۆیان نیە، تۆماریش نەکراون، زۆربەی هەرە زۆری کڵاوی سەلامەتی یان هۆیەکانی سەلامەتی بەکارناهێنن، زۆر بە دەگمەن دەبینرێت کە ئەوانەی ماتۆر سکلیت و بایسکل لێدەخوورن رەچاوی رێنماییەکانی جاددە، خێرایی، یان ترافیك لایتیش بکەن، ئەو بە مانای ئەوە دێت کە لێخوورینی ئەو سوارۆیانە بەبێ پشتێنەی یاسایی، بە پێی یاسا رێکنەخراوە، بۆیە پێشنیار دەکەم ماددەیەك ئیزافە بکرێ بەو شێوازە:
مەرجەکانی پەیوەست بە بەستنی تابلۆ و تۆمارکردن لە هاتووچۆ رێکارەکانی بەستنی هۆکارەکانی سەلامەتی کە لەسەر سوارۆکانی دیکەدا جێبەجێ دەبن پێویستە لەسەر بایسکل و ماتۆر سکلیتیش جێبەجێ ببن، هیوادارم لەبەرچاو وەربگیرێ.
**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز محمد علی، خاتوو پەروا علی، فەرموو.
**بەڕێز پەروا علی حمە محمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**
سەرەتا من پشتگیری لە داواکەی کاك بێستوون دەکەم، چونکە بابەتێك هەیە کە ئیزافەی یەك خاڵی تر بکرێ یان ماددەیەکی تر بکرێ، لە بەشی (10)ی یاساکەش یاسای ژمارە (86)ی ساڵی (2004)چۆنیەتی صەرف کردنی داهاتی سزاکان، واتا کۆمەڵێك داهاتی زۆرمان دەست دەکەوێ بۆ ئەو سەرپێچییانەی کە دەکرێ، یان ئەو سزایانەی کە دەدرێن، ئەم داهاتانە ئەوان لە (50%)ی وەزارەتی دارایی دەیبات، لە (50%) یشی دەسەڵاتی وەزیری ناوخۆیە کە بتوانێ بەکاری بهێنێتەوە، جا بۆیە ئەگەر لەو خاڵەدا پێشنیاز دەکەم ئەگەر ئەوە ئیزافە بکرێ لە (25%)ی ئەو داهاتەی کە لە سەرپێچیەکانی هاتووچۆ یان هەر بابەتێك کە پەیوەستە بە بەڕێەبەرایەتی هاتووچۆوە لە دەسەڵاتی پارێزگا بێت، واتا لە (25%)ی ئەو داهاتەی کە دەست دەکەوێ لە دەسەڵاتی پارێزگا بێت بۆ بواری هاتووچۆ صەرفی بکات، کە ئێمە دەزانین لە ئێستادا تەنها لە (20%)ی بۆ هاتووچۆ صەرف دەکرێ لە دوای قەیرانی داراییەوە بە بڕیاری (10- 18)، زۆر سوپاس.
**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز پەروا علی، بەڕێز ئومێد حەمە علی، فەرموو.
**بەڕێز ئومێد حەمە علی صالح:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
من تەنها پشتیوانی لە قسەکانی کاك بێستوون و پەروا خان دەکەم.
**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز ئومێد حەمە علی، بەڕێز یروانت نیسان، فەرموو.
**بەڕێز یروانت نیسان مارکۆس:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
پشتەڤانیا کاك بێستوون و د.محمد علی دکەم، راستی جوزئەکیش وی پارە بێتە بۆ چێکردنا صیانە شەرعە و دەڵائیلا روقعەت دەڵائیلە بۆ مە شاریعە دا رێدان کەمتر بیت، سوپاس.
**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز یروانت نیسان، بەڕێز مردان خدر، فەرموو.
**بەڕێز مردان خدر مصطفی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
تەنیا پشتگیری لە پێشنیاری د.محمد علی دەکەم، چونکە زۆر زەرووره هاتووچۆی ماتۆر سکلەکان رێك بخرێت، سوپاس.
**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز مردان خدر، بەڕێز تحسین إسماعیل، فەرموو.
**بەڕێز تحسین إسماعیل أحمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
منیش هەر پشتگیری کاك د.محمد علی دەکەم، بەتایبەتی لە بواری مۆتۆر سکلێت رێکخستنی زەرووریە.
**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز تحسین إسماعیل، ئێستا داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەین تێبینیەکان ئەوەی وەریان گرتووە، بزانن بەشێوازێك لە شێوازەکان سوودی لێ ببینین، دوو/ پێشنیار هەبوون هەر پێشنیارێك پشتیوانی زیاتر لە سێ کەسی لەگەڵدا بوو، کاك بێستوون ئەگەر پێشنیارەکەت بە نووسراو بینی رەنگە ئاسانکارییەکی باس بێت، بەڵێ فەرموو.
**بەڕێز ڤاڵا فرید إبراهیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
پێشنیارەکەی کاك بێستوون کە زیاتر لە سێ کەس تەئیدی کرد، ئەو پێشنیارە لەناو ماددەکەدا تەنزیم کراوە، بەشێکی تایبەتی هەیە لەناو ئەصلی یاساکەدا تەنزیمی کردووە، بەڵام ئەگەر دەتانەوێ چۆنیەتی تەنزیم کردنی کە لە ناو یاساکەدا هەموار بکرێت، ئەوا پێویستی بە پێشکەش کردنی پرۆژەیەکی دیکەیە بۆ هەموار کردنەوە، چونکە لە ناو ئەصڵی یاساکەدا ئەو بابەتە حەل کراوە، چۆنیەتی خەرج کردنی ئەو غەرامانەی کە وەردەگیرێن لە ناو ئەصڵی یاساکە تەنزیم کراوە، ئەوا بۆ پێشنیاری یەکەم، پێشنیاری دووەم/ کە بەڕێز محمد علی کردی، کە بە ئەنزیمە حەل کراوە، ئەگەر بشکرێ لە ناو یاساکەدا جێگای بکەینەوە ئەوا هەندێك کاتمان بدەنێ لە لیژنەی یاسایی بۆ ئەوەی بتوانین دابڕێژینەوە، بەڵام بە ئەنزیمە حەل کراوە، (أنظمة القیادة و العربات و رسوم تسجیل العربات) یەعنی بە ئەنزیمە حەل کراوە، ئەگەر هەر ئیصراریش دەکەن لەسەر پێشنیارەکەتان کە لە یاسا جێگای بکرێتەوە ئەوا پێویستیمان بە کات دەبێ.
**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، بەڕێز تەلار لطیف، فەرموو.
**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ئەم غەرامانە غەرامەی سزایین، تایبەتە بەو دۆسیانەی کە لە دادگاکان چ جونحە چ جینایەت کە وەردەگیرێ، لەبەر ئەوە دەچێتەوە ســەر حیســاباتی وەزارەتی داد، لەبەر ئەوە ئەوانە شێوازی صەرف کردنی و رێکارە یاساکانی بەو ماددەیە نیە کە ئاماژەی پێکراوە، بۆیە ئەوە دەبێ بە تەدەخولی کاری وەزاری و باشــتر وایە دیراســەی وردتری دەوێ و کاری لەســەر بکرێ، ئەو غەرامانەی کە هاتووە لەو ماددانەدا پەیوەندیدارە بەو غەرامە مرور یانەی کە وەردەگیرێ، یەعنی رەبتی هەیە بەو غەرامـانەی کە لە بەڕێوەبەرایەتی مرورییەکـانەوە وەردەگیرێن، بۆیە پێویستە ئەوە ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکان ئاگاداری ئەو خاڵە بن.
**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێز تەلار لطیف، خاڵێکی نیزامی، مامۆستا مەلا مروان، فەرمو.
**بەڕێز حسین إسماعیل حسین (ملّا مروان):**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
پێش ئەوەی کە پەلە بکەین، ئەوەندەی کە من مەعلوماتم هەبێ لە هەرێمی کوردســتان بەتایبەتی ماتۆر تابلۆی تایبەتی خۆی هەیە و تۆماریش کراوە، ئەگەر مەبەســتمان ئەو ماتۆرانە بن کە تابلۆیان نیە ئێمە بە دەیان و سەدان سەیارەمان هەیە لە سۆران و لە ڕانیە و لەوانە کە بێ ســەنەویە و بێ هیچ تابلۆیەکن، یەعنی ئەو حاڵەتە حاڵەتێکی گشــتی یە هەم بۆ ســەیارە، هەم بۆ ماتۆڕیش، یەعنی خوازیارم وردتربین لەگەڵ جیهەتی تایبەتمەند قسە بکەین بزانین داخۆ چۆن موعامەلەی لەگەڵ بکرێ ئەم حاڵەتانە.
**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
ســوپاس بۆ بەڕێز مامۆســتا مەلا مروان، لیژنەی یاســایی، بەڵێ فەرموون خوێندنەوەی ماددەکە بەو شــێوازەی کۆتایی، ئەگەر پێویســتتان بە کات هەبێت، دوای نان خواردن، تەواوی بکە.
**بەڕێز ڤالا فرید إبراهیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
لیژنە پەیوەندیدارەکان پێیان وایە مەسـەلەی بەسـتنی تابلۆ و تۆمارکردن و ئەو ڕێکارانە بە ئەنزیمە حەل کراوە، بۆیە پێیان باش نیە لە ناو یاساکە دووبارەی بکەنەوە.
ماددەی چوارەم:
وەزارەتی ناوخۆ بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی ڕێنمایی پێویسـت بۆ دیاری کردنی ڕێژەی ماددە کحولییەکان لەلەشی شوفێر دەردەکات.
**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
ئەو ماددەیە بەو شــێوازەی خوێندرایەوە دەخەینە دەنگدان، ئەوەی بەپەســەند دەزانی دەســتی بەرز بکات؟ (54) کەس بە پەســەند دەزانن، ئەوەی دژە؟ کەس نیە بەکۆی دەنگ پەسەند کرا.
**بەڕێز ڤالا فرید إبراهیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی پێنجەم:
کار بەهیچ دەقێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکرێت.
**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
ماددەی پێنجەم بەو شـێوەیەی کە خوێندرایەوە دەخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵە؟ (54) کەس بەپەسەند دەزانن، ئەوەی دژە؟ کەس نیە، بەکۆی دەنگ پەسەند کرا.
**بەڕێز ڤالا فرید إبراهیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی حەوتەم:

ئەم یاسـایە لە دوای تێپەڕبوونی (30) ڕۆژ بەسـەر بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردسـتان جێبەجێ دەکرێت و بەسـەر ئەو تاوانانە پیادە دەکرێ کە لەدوای بەرکاربوونی ئەنجام دەدرێن.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

موناقەشـە نیە، ئەو ماددەیە بەو شـێوازەی خوێندرایەوە دەخەینە دەنگدان، ئەوەی بەپەسـەند دەزانی دەستی بەرز بکات؟ (56) کەس بە پەسەند دەزانن، ئەوەی دژە؟ کەس نیە بەکۆی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ڤالا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆیەکانی دەرچوواندن:

بەلەبەرچاوگرتنی ئەو پەرەسـەندنانەی هاتۆتە ئاراوە دوای دەرچوونی یاسـای هاتووچۆ ژمارە (86)ی سـاڵی (2004) و لە پێناوی کارکردن بەسـزای جێگرەوە و گونجاندنی لەگەڵ ئامانجەکانی ئەم یاسـایە بۆ سـنووردارکردنی رووداوەکانی هاتووچۆ ئەم یاسـایە دەرچووێندرا.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

تێبینی هەیە؟ کاك ئاری عبداللطیف، دواتر د.شوکریە شێخانی، فەرموو.

**بەڕێز ئاری عبداللطیف مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راسـتی هۆیەکانی دەرچوون لە یاسـا زۆر زۆر گرنگە، بۆیە هەندێك جار هۆی دەرچوونی هەر یاسـایەك هەندێ جار لە حوکمەکانی یاسـاکە زۆرترە، بۆیە دەبێ زۆر تەرکیزی جیددی بخەینە سـەر هۆیەکانی دەرچوون، ئەوەی کە لێرە نووسـراوە بە راسـتی زۆر رەکیکە و زۆریش کەمە، یەعنی تێرە ناکا، بۆیە من لە پەراگرافێکدا زیاتر روونم کردۆتەوە، بەلەبەرچاوگرتنی ئەو پەرەسـەندنانەی هاتۆتە ئاراوە لە رووی هامەشـە و پەیوەندی و شارستانێتییەوە و پاش دەرچوونی یاسای هاتووچۆ ژمارە (86)ی ساڵی (2004) و لە پێناوی کارکردن بە سزای جێگرەوە و گونجاندنی لەگەڵ ئامانجەکانی ئەم یاسایە بۆ سنووردارکردن و کەمکردنەوەی رووداوەکانی هاتووچۆ و پاراسـتنی زیاتری گیانی هاووڵاتیان لەم رووەوە ئەم یاسایە دەرچووێندرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سـوپاس بۆ بەڕێز ئاری عبداللطیف، ئەگەر زەحمەت نەبێت ئەوەی نووسیوتە بە نووسراو بە بەڕێزان ئەندامانی لیژنەی یاسایی بدە، بەڕێز شکریە شێخانی، فەرموو.

**بەڕێز شوکریە سمایل مصطفی (شوکریە شێخانی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشـە لەجیاتی وشـەی (سـنووردار کردن) بکرێتە کەمکردنەوە و پاراسـتنی گیان و ماڵی هاووڵاتیان، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سـوپاس بۆ بەڕێز شـوکریە شـێخانی، بەڕێزان دوای پەسـەندکردنی ئەم یاسـایە خواردن حازرە، دواتر دانیشـتنەکە کۆتایی پێ دەهێنین، لە حەفتەی داهاتوو ئەو خاڵەی ماوە دەسـت پێ دەکەینەوە، بۆ ئەوەی بەپچڕی دەسـت پێ نەکەین، هەر خۆی فەصـلە فەصـلە، بەش بەشە.

**بەڕێز ڤالا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆیەکانی دەرچوواندن:

بەلەبەرچاوگرتنی ئەو پەرەســەندنانەی هاتۆتە ئاراوە دوای دەرچوونی یاســای هاتووچۆ ژمارە (86)ی ساڵی 2004 و لە پێناو سنووردارکردن و کەمکردنەوەی ڕووداوەکانی هاتووچۆ و پاراســتنی گیانی هاووڵاتیان و گونجاندنی لەگەڵ ئامانجەکانی ئەم یاســایە، ئەم یاسایە دەرچوویێندرا.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هۆیەکانی دەرچوواندان بەو شــێوازەی خوێندرایەوە، هیچ تێبینیەك نابینم لەســەری بۆیە دەیخەینە دەنگدان، گیان و سامانی هاووڵاتیان؟

**بەڕێز ڤاڵا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆیەکانی دەرچوواندن:
بەلەبەرچاوگرتنی ئەو پەرەسەندنانەی هاتۆتە ئاراوە دوای دەرچوواندنی یاسای هاتووچۆ ژمارە (86)ی ساڵی (2004) و لە پێناو سنووردارکردن و کەمکردنەوەی رووداوەکانی هاتووچۆ و پاراستنی گیان و سامانی هاووڵاتیان و گونجاندنی لەگەڵ ئامانجەکانی یاساکە ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی، هۆیەکانی دەرچوواندان دەخەینە دەنگدان، کێ بەپەسەندی دەزانی؟ (51) کەس بەپەسەند دەزانن، ئەوەی دژە؟ (1) کەس دژە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.
کۆی یاساکە دەخەینە دەنگدان، کێ بەپەسەند دەزانێت دەستی بەرز بکات؟ (50) کەس بەپەسەند دەزانیت، ئەوەی دژە؟ کەس نیە، بەکۆی دەنگ پەسەند کرا، پیرۆزە لە پەرلەمانی کوردستان، پیرۆزە لەگەلی کوردستان، دەستتان خۆش، دانیشتنەکە کۆتایی هات.

| | | |
|---|---|---|
| **بێگەرد دلشاد تاڵەبانی** | **جعفر ابراهیم ئێمینکی** | **د. یوسف محمد صادق** |
| **سکرتێری پەرلەمانی کوردستان – عێراق** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان – عێراق** | **سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (7)ی
سێ شەممە رێکەوتی 2018\2\6
خولی چوارەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (7)
# سێ شەممە ڕێکەوتی 2018/2/6

کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2018/2/6 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی جێگری سەرۆك و، بەڕێز بێگەرد تاڵەبانی سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (7)ی خولی چوارەمی, ساڵی (2018) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) له پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا کاتی دانیشتنی ژمارە (7)ی خولی بەهارەی ساڵی پێنجەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2018/2/6 دا بەم شێوەیە بێت:

1 گفتوگۆ کردنی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان لەلایەن لیژنەی کاتی بۆ پێداچوونەوەی پەیرەوی ناوخۆ ئامادە کراوە، بەپێی بڕیاری ژمارە (26) ی ساڵی (2014) ە و بر\ەی (8) شە شەم یا سای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کورد ستان ژمارە (1)ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو پاڵپشت بە ماددەی (94) ی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو.

2- خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەو پرۆژە یاسایانەی خوارەوە بەپێی ماددەی (71) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو:

1 پرۆژە یاسای دەستەبەر کردنی نوێنەرانی ئافرەتان لە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان.

2- پرۆژە یاسای رێکخستنی و یەکخستنی عەلوەکان.

3- زیاد کردنی ئەندامی پەرلەمان بەرێز (پەری صالح حەمید) بۆ سەر لیژنەی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بەپێی ماددەی (44) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو.

4- گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای زیادە ڕەوی لەسەر موڵکی دەولەت بەپێی ماددەی (72-73-74-75) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

دانیشتنەکەمان بە ناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ ئەکەین، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی پێنجەم، دانیشتنی ژمارە (7)، رۆژی دانیشتن (6-2-2018)، بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی برگەی یەکی ماددەی (20) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان- عێرق ژمارە (1)ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو دە ستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بریاری دا کاتی دانیشتنی ژمارە (7) ی خولی پایزەی پێنجەم لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمان لە کاتژمێر (11) ی نیوەرۆی رۆژی سێشەمە رێکەوتی (6-2-2018) بێ و بەو شێوەیە:

1 گفتوگۆ کردنی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان لەلایەن لیژنەی کاتی بۆ پێداچوونەوەی پەیرەوی ناوخۆ ئامادە کراوە، بەپێی بریاری ژمارە (26) ی ساڵی (2014) ە و بر\ەی (8) شە شەم یا سای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کورد ستان ژمارە (1)ی ساڵی (1992) ی

هەموار کراو پاڵپشــت بە ماددەی (94) ی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردســتان ژمارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو.
2- خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەو پرۆژە یاســـایانەی خوارەوە بەپێی ماددەی (71) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو:
1 پرۆژە یاسای دەستەبەر کردنی نوێنەرانی ئافرەتان لە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان.
2- پرۆژە یاسای رێکخستنی و یەکخستنی عەلوەکان.
3- زیاد کردنی ئەندامی پەرلەمان بەرێز (پەری صالح حەمید) بۆ سەر لیژنەی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانســـتی بەپێی ماددەی (44) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو.
4- گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاســای زیادە ڕەوی لەســەر موڵکی دەوڵەت بەپێی ماددەی (72-73-74-75) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو.
ئێستا داوا لە بەرێز بێگەرد تاڵەبانی سکرتێری پەرلەمان ئەکەم بۆ پێشکەشی کردنی پوختەی دانیشتنی پێشوو لەگەڵ غیاباتی بە هۆ و بێ هۆ فەرموو.

**بەرێز بێگەرد تاڵەبانی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

پوختەی دانیشـــتنی ژمارە (6) ی ئاســـایی رۆژی چوار شـــەمە رێکەوتی (31-1-2017) بەو شێوەیە بوو:
1 دەست پێ کردنی دانیشت لەلایەن بەرێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان.
2- خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی ئامادە بوو ئامادە نەبوو، خوێندنەوەی پوختەی دانیشـتنی پێشوو لەلایەن سکرتێری پەرلەمان.
3- دەنگدان لەسەر پێشنیاری دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان سەبارەت بە رێگە نەگرتنی گفتوگۆی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان بۆ پرۆژە یاساکانی تر لە بەرنامەی کار.
4- دەنگدان لەســـەر ئاڵوگۆر کردنی برگەی دووەم لەگەل یەکەم و ســـێیەم بۆ دووەم لە بەرنامەی کاری.
5- خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژە یاســـای پاراســـتنی تۆر و دامەزراوەکانی ئاو و ئاوەرۆ لە هەرێمی کوردســـتان-عێراق لەلایەن لیژنەی یاســـایی کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.
6- پەســـند کردنی زیاد کردنی دوو ئەندامی پەرلەمان بۆ ســـەر لیژنە هەمیشـــیەکانی پەرلەمانی کوردستان.
7- پەســند کردنی پرۆژە یاســای هەمواری یاســای هاتوچۆ ژمارە (86) ی ســاڵی (2004) لە هەرێمی کوردستان-عێراق.
ناوی ئەندامانی پەرلەمان کە لە دانیشـــتنی ژمارە (6) ی ئاســـایی لە بەرواری (31-1-2018) مۆڵەت پێدراون یان بێ مۆڵەت ئامادە نەبوون:
1 ئاواز جەنگی برهان - مۆڵەت
2- ابراهیم احمد سمۆ- مۆڵەت
3- ایدریس علی ایسلام- مۆلەت
4- بەشار موشیر اسماعیل_ مۆڵەت
5- جمال عوسمان کارەسول- ئامادە نەبوو

6- دڵشاد شعبان – ئاماده نەبوو
7- شیرین حسنی رمزان- مۆڵەت
8- ڤیان عباس عمر – مۆڵەت
9- فیرۆز تەها- مۆڵەت
10- ئەیوب عبداللە- مۆڵەت
11- بەهار محمود- مۆڵەت
12- حەسەن صالح محمد- مۆڵەت
13- رابون تۆفیق معروف- ئاماده نەبوو
14- رۆزا محمود عوسمان- مۆڵەت
15- زولفا محمود- مۆڵەت
16- سهراب میکائیل- مۆڵەت
17 سهام عمر قادر- مۆلەت
18 شێرکۆ حمە امین – مۆڵەت
19- عادل عزیز شکر- مۆڵەت
20- عمر صالح عمر- مۆڵەت
21- عمر عینایەت حمە- مۆڵەت
22- فائق مستفا رسول- مۆڵەت
23- ئایدن معروف- مۆڵەت
24- باپیر کاملا سلێمان_ مۆڵەت
25- عبدالرحمن فارس – مۆڵەت
26- مکال یلدا – ئاماده نەبوو

ئەو بەرێزانەی بۆ دانیشتنی ئەمرۆ داوای مۆڵەتیان کردووە:

1 زولفا محمود
2- شیرین حسنی
3- ڤیان عباس
4- حیات مجید
5- هیڤا حاجی
6- نجات محمد
7- ئایدن معروف
8- رابون توفیق
9- صالح بەشار صالح
10- رێواز فائق
11- باپیر کاملا
12- سالار محمود
13- ئاواز جەنگی
14- دکتۆر عبداللە جاسم
15- ایدریس علی اسلام

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دیارە هیچ تێبینی لەسەر پوختەی دانیشتنی پێشوو نەبووە، پەسند کرا، سێ خاڵی نیزامی هەیە، چوار خاڵ، دواتر لە برگەی یەکەمەوە دەست پێ ئەکەین، دیارە چەند

مادده‌یه‌ك ئاماده كراون له‌لایه‌ن لیژنه‌ی كاتی بۆ پێداچوونه‌وه‌ی په‌یره‌ون ئاماده‌ن به‌س بۆ ده‌نگدان، بۆیه ئه‌و ده‌نگدانه ته‌واو بكه‌ین ئینجا برگه‌كانی تر به‌و ته‌سه‌لسوله‌ی هه‌یه پێدا ئه‌چینه‌وه، فه‌رموو دكتۆره به‌هار خاڵی نیزامی.

**به‌ڕێز به‌هار محمود فتاح:**

**به‌ڕێز سه‌رۆكی په‌رله‌مان.**

ئێمه ژماره‌ی یاسایی ئه‌ندامانی په‌رله‌مان به‌پێی مادده‌ی (54) برگه‌ی دووه‌م ماوه‌یه‌ك به‌ر له ئێستا داوای كۆبوونه‌وه‌ی په‌رله‌مانمان كردبوو به ئاماده بوونی كۆمیسیۆن و حكومه‌ت، له ئێستا كه به‌یانی كۆبوونه‌وه ئه‌كرێ له نێوان سه‌رۆكایه‌تی حكومه‌ت و سه‌رۆكایه‌تی په‌رله‌مان و سه‌رۆكی فراكسیۆنه‌كان به ئاماده بوونی كۆمیسیۆن من پێم باشه به‌رمه‌بنای ئه‌و پێشنیاره‌ش ئه‌و كۆبوونه‌وه‌یه بهێندرێته هۆڵی په‌رله‌مان، بۆ ئه‌وه‌ی مه‌سه‌له‌ی هه‌ڵبژاردن مه‌سه‌له‌یه‌كه هه‌موو ئه‌ندامانی په‌رله‌مان تێبینی و راو بۆچوونی خۆیان هه‌یه، باشتره بۆ هه‌رسێ لایه‌ن ئه‌گه‌نه نه‌تیجه‌یه‌ك كه كۆبوونه‌وه‌كه له ناو هۆڵی په‌رله‌مان به ئاماده بوونی هه‌موو په‌رله‌منتاران ئه‌نجام بدرێ، سوپاس.

**به‌ڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنكی/ جێگری سه‌رۆكی په‌رله‌مان:**

سوپاس، هه‌ر بۆ به‌رچاو روونی ئێوه‌ی به‌رێز ئه‌وه‌ی به‌یانی له‌سه‌ر داوای به‌رێزان سه‌رۆكی حكومه‌تی هه‌رێمی كوردستان و به‌رێز جێگری سه‌رۆكی حكومه‌ته، پێشتر نامه‌یه‌كیان ئاراسته‌ی سه‌رۆكایه‌تی په‌رله‌مان كردبوو بۆ راوێژكاری بۆ ئه‌وه‌ی له ده‌سته‌ڵاتی سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌نی وه‌زیرانه رۆژێك دیاری بكه‌ن بۆ هه‌ڵبژاردن، به‌ڵام پێویستیان به راوێژكارییه له‌گه‌ڵ سه‌رۆكایه‌تی په‌رله‌مان له‌گه‌ڵ لایه‌نی تری په‌یوه‌ست كه لایه‌نێكی سه‌ره‌كیه، ئه‌وه‌ش كۆمیسیۆنی هه‌ڵبژاردن و راپرسیه له هه‌رێمی كوردستان، ئه‌وه‌ی به‌یانیش داوامان كرد جگه له سه‌رۆكایه‌تی په‌رله‌مان سه‌رۆكایه‌تی ئه‌نجومه‌تی وه‌زیران و كۆمیسیۆن فراكسیۆنه‌كان و سه‌رۆكی فراكسیۆنه‌كان و سه‌رۆكی دوو لیژنه‌ی په‌یوه‌ستن به‌و پرسه لیژنه‌ی یاسایی و لیژنه‌ی كاروباری په‌رله‌مان ئه‌وانیش به‌شدار بن له‌و كۆبوونه‌وه، له‌به‌ر ئه‌وه هه‌ڵبژاردن ره‌هه‌ندی سیاسیشی هه‌یه فراكسیۆنه‌كانی ناو په‌رله‌مان بۆ زیاتر پێشكه‌شی كردنی به‌رچاو روونی ئه‌وانیش به‌شدار ئه‌بن، ئه‌وه‌ی به‌رێزیشتان پێشكه‌شی ئه‌كه‌ن ئه‌توانن له دانیشتنی په‌رله‌مانی داوا له كۆمیسیۆن بكه‌ین لێره ئاماده بن و بۆ دانیشتنی په‌رله‌مانی و بۆ په‌رله‌مانتاران هه‌رچی ئاماده‌كاری پێویسته بۆ پرۆسه‌یه‌كی هه‌ڵبژاردنی سه‌ركه‌وت و پێشكه‌ش به ئێوه‌ی به‌رێز بكه‌ین، خاڵی تری نیزامی فه‌رموو دكتۆره جوان.

**به‌ڕێز جوان اسماعیل عزیز:**

**به‌ڕێز سه‌رۆكی په‌رله‌مان.**

منیش هه‌مان ره‌ئی دكتۆره (به‌هار) م هه‌یه، ئه‌وانه ئیختیساسی ئه‌ندام په‌رله‌مانیشه بێنه قائعه و گفتوگۆی له‌سه‌ر بكه‌ین، به‌ڵام تێبینیه‌كم هه‌یه ئه‌گه‌ر لێم قبوڵ بكه‌نن غه‌درێكی زۆر له وه‌ره‌قه‌ی هه‌یه له ناو دیوانی په‌رله‌مان، ئه‌بینین له ناو فراكسیۆنه‌كان زۆر نووسراوه‌كان دانراون، له ناو ئه‌و چه‌كمه‌زانه‌ی له بن ده‌ستمانه پر له وه‌ره‌قه‌یه، له ناو بۆكسه‌كان و هه‌تا ماڵێش ئیستیعابی ئه‌وه‌نده وه‌ره‌قه‌ی ناكا، له‌به‌ر ئه‌وه زۆر وه‌ره‌قه به فیرۆ ئه‌چی، ئیقتیراحم كرد له ناو هه‌ر فراكسیۆنێك مێزێك له ناوه‌ندێ هه‌یه بۆكسێك دابنرێ بنووسرێ بۆ بینین یه‌عنی (كتب للتلاع)، هه‌ر كیتابێك ئه‌وه ئه‌كرێ یه‌ك نوسخه به عه‌ده‌دی فراسكیۆن ئیستینساخ بكرێ، نه‌ك به عه‌ده‌دی ئه‌ندام په‌رله‌مان، واته هه‌ر كه‌سێ ئه‌یه‌وێ ئیتیلاع بكات ئه‌توانێ ئه‌و بۆكسه بكاته‌وه له ناو فراسكیۆن، ماعه‌دا كیتابی

مەشاریعی قەوانین ئەتوانن بە عەدەدی ئەندام پەرلەمان ئیستینساخ بکرێ، سوپاس، من ئەوهام نەکرد، ئەوهام کرد یەعنی تێبینیە.
**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، فەرموو بەهار خان.
**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
من مۆڵەتم پێشکەش کردووە لە کۆبوونەوەی پێشوو بەڵام بە ئامادە نەبوو ئاماژەی پێدار تکایە چاك بکرێ.
**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، فەرموو گەشە خان.
**بەڕێز گەشە دارا جلال:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەبارەت بە دانیشتن و بانگهێشت کردنی کۆمیسیۆن من وەك پەرلەمانتار و بە هاوکاری (38) پەرلەمانتار تریش دووجار یاداشتمان داوا کە کۆمیۆسیۆن بێتە پەرلەمان و جارێکیش کۆمیسیۆن و سەرۆکایەتی حکومەت بێنە ناو هۆڵی پەرلەمان بۆ گفتوگۆ کردن سەبارەت بە هەڵبژاردن کە رێکارەکان چی پێویستە ، بۆ ئەوەی هەڵبژاردنی پاك و بێگەرد بکرێ و ئەو پێداویستیانە چیە؟ چونکە هەمیشە کۆمیسیۆن تەقسیرەکە ئەخاتە سەر حکومەت کە هاوکار نەبووە، بۆ ئەو گفتوگۆیە لە ناو پەرلەمان بکرێ و هەموو پەرلەمانتاران بەشدار بن تێیدا، نەك بچووك بکرێتەوە و سەرۆکی دوو لیژنە و سەرۆکایەتی پەرلەمان، بۆیە هیوادارم داوای پەرلەمانتاران کە (38) پەرلەمانتار بە هەند وەرگیرێ و ئەو کۆبوونەوەیە بهێندرێتە پەرلەمان، سوپاس.
**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، فەرموو دکتۆر شێرکۆ.
**بەڕێز شێرکۆ حمە امین:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ئەو دوو شتەی کە دکتۆرە (بەهار-گەشە) خان باسیان کرد شتگیریان ئەکەم، پێشتریش داوامان کرد، و نامەکەی حکومەتیش لە (17-12-2017) داوا کارییەکە بۆ ئەو یاداشتە، یەعنی لە بیدایەتی نامەکەی حکومەت ئەڵێ لەسەر داوای ئەندامانی پەرلەمان داوا ئەکەین پەرلەمان لە ماوەی هەفتەیەك یان دوو هەفتە ئەو کۆبوونەوەیە دیاری بکات، کەوایە هەر خودی وەڵامدانەوەکەی حکومەت بەرمەبنای ئەو یاداشتەیە کە ئەندامانی پەرلەمان کردوویانە، بۆیە ئەبوو کۆبوونەوەکە بە ئامادەبوونی ئەندامانی پەرلەمان بوایە، نوقتەیەکی تر، ئێمە لە (7-11) بە ژمارەی یاسایی بەپێی ماددەی (54) لە پەرلەمانی کوردستان داوامان کرد ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت و گاز بێنە بەردەم پەرلەمان بۆ ئەوەی وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە بدەنەوە کە ئەمڕۆلە ناو خەڵك و پەرلەمانتار هەیە لەسەر مووچە، پاشکەوتی مووچە، نەوت، داهاتەکەی، قەرزی کۆمپانیاکان، بەڵام تا ئێستا ئامادە نەبوون بێنە بەردەم حکومەت، دیسان لە سەروبەندی خێپیشاندانەکان داوامان کردووە، بەپێی ماددەی (67) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان پرساندنمان کردووە، هیچ یەکێ لەوانە ناخرێتە بەرنامەی کارەوە، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، شعورێکی وا بە یەقین بەڵای کەمەوە لای من کە ئەو پەرلەمانە بەفیعلی رۆڵی رەقابی و تەسدیق کردنی موازەنەی خۆی لە دەست داوە، تەنیا بووە بەوەی کۆمەڵی یاسا دەربکات کە لە

ئێستادا بە بروای من بەشی هەرە زۆری پێویست نین بۆ ئێستای دۆخی قەیراناوی هەرێم نینە، یەك نوقتەی تری نیزامیش، هەر بەپێی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان هەم ئەبێ بودجە بێتە پەرلەمانی کوردستان، هەم بەپێی ماددەی (88) ی پەیرەو ئەبێ پەرلەمانی کوردستان بودجەی سەربەخۆی خۆی هەبێ، پرسیارەکەم ئەوەیە ئایا پەرلەمانی کوردستان ئێستا بودجەی سەربەخۆی خۆی هەیە یان زۆر بەداخەوە ئەو پەرلەمانە چاوی لە دەستی وەزارەتی دارایی و حکومەتەوەیە کە چەنی بۆ ئەنێرێ، ئەوە سیاسەتێکی زۆر خراپە دەستەڵاتی جێ بەجێ کردن ئەیگرێتە بەر لەبەرامبەر پەرلەمانی کوردستان هەق وایە هەمووومان قبوڵ نەکەین لەوە زیاتر ئەو پەرلەمانە رۆلی خۆی لە دەست نەدات، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خالی نیزامی نەبوو، چەند تێبینی بوو، بەداخەوەش ئێمە ئەبێ تێبگەین کە رۆڵی پەرلەمان کەسێك ئەتوانێ کەمی بکات، ئێمە پەرلەمانی کوردستان گفتوگۆ ئەکەین، یاسا دەرئەکەین، چاودێری ئەکەین، بەڵام میکانیزمەکان جیاوازن، بۆ هەموو ئێمە مانان، لە لیژنەکانی پەرلەمانی ئەبێ بەدواداچوونی ورد بکرێ، ئەبێ داتا کۆ بکرین، تەنیا داواکاری نیە، رۆژێ حکومەت بێتە ئێرە ئایا ئامادەکاری کراوە، ئەوەش پرسیارە، ئێمە لە سەرۆکایەتی پەرلەمان پێمان خۆشە نزیك بوونێك لە نێوان ئێمە و ئێوە هەبێ بۆ ئەوەی زەمینە سازی دروست بکەین، ئەوە نەبێ ئێمە لە روانگەی تێگەیشتنی خۆمان تەنیا تێگەیشتنی شەخسی مەسەلەکان ئاراستە بکەین، رۆژانە وەزیر بێنینە ئێرە، بەڵام ئایا هێنانی ئەو وەزیرە چەند بەرهەمدارە، حکومەت بێنینە ئێرە سەبارەت بە هەڵبژاردن، ئەوە لە دەستەڵاتی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانە بەپێی یاسای ژمارە (2) کە لەو پەرلەمانە دەرچووە خۆی رۆژێك دیاری بکات، ئەوەی تر راوێژکارییە، بۆ دانیشتنێکی راویژکاری ئایا ئەکرێ داوا لە حکومەت بکەین بێنە ئێرە، بە هەر حاڵ ئەو شتە ئەتوانین لەگەڵ ئێوە بە شێوازێ لە شێوازەکان گفتوگۆ بکەین، بە تێگەیشتنی باش بتوانین رۆڵی کاریگەر ببینین لەسەر ئەوەی کە هاوکار بین، سیستەمی پەرلەمانی سیستەمی قوڵ شکاندن نیە لەگەڵ حکومەت، سیستەمی هەماهەنگی و هاوکاریە، بۆ ئەو شێوازەش هەردوو لا ئەبێ هاوکاری یەك بین، خاڵی تری نیزامی وەرئەگرین، فەرموو مامۆستا عبدالرحمن.

**بەرێز عبدالرحمن فارس عبدالرحمن:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە داوکاری دکتۆرە (بەهار و شێرکۆ) ئەکەم، یەك پرسیاریش لە ئێوە ئەکەم، لەسەر قسەی جەنابت وتت هاتنی سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی بۆ پەرلەمان لەسەر خواستی خۆیان بووە، داوا ئەکەم چۆن خواستی ئەوان جێ بەجێ ئەکەی و تکایە، تکایە جارێکیش خواستی ئەو هەموو پەرلەمانتارە بە تاك و بە کۆ بانگهێشتی سەرۆکی حوکەت و جێگرەکەی یان لای کەم ئەنجومەنی هەرئێمیمان کردووە بۆ نەوت و گاز بێنە ئەو پەرلەمانی کوردستانە بۆ قسە کردن لەسەر ئەو هەموو گرفت و کێشە و قەیرانەی رووبەروی خەڵکی ئەو وڵاتە بۆتەوە، تکا ئەکەم چۆن خواستی ئەوانت جێ بەجێ کرد خواستی ئێمەش جێ بەجێ بکەن سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بە تەئکید لە جێی خۆیەتی، پێشتر ئامادە بوونە، لە لیژنەکان، بەڵام لە ناو هۆڵی پەرلەمان دانیشتنێکی پەرلەمانیش هەوڵ بدەین ئامادە بن و دانیشتنێکی بەرهەمدار و سەرکەوت و بێ، فەرموو ئێڤار خان.

**بەرێز ئێڤار ابراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشـنیار ئەکەم برگەی یەکەم بچێتە سـێیمن برگەی دووەم و سـێیەم بێتە پێشــەوە، لەبەر ئەوەی ئەوان هەر خوێندنەوەی یەکەمە و ئاڵوگۆڕیشـــە، ئەوەی یەکەمیش گفتوگۆ کردنە کاتی زۆرترە.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی یەکەم دەنگدانیش هەیە، (10) ماددە هەیە بۆ دەنگدان، ئەوەی یەکەم دەنگدانە، ئیتر گفتوگۆیە، ئەکرێ دەنگدانەکە تەواو بکەین، ئینجا گفتوگۆ بۆ برگگەی کۆتایی، فەرموو کاك عباس.

**بەڕێز عباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاتێ باسی هەڵژاردن ئەکەین و باسی هەموار کردنی ئەو هەموو یاسا و ڕێسایانە ئەکەین بەهۆی دەسـتووری هەرێمی کوردسـتانە، پێشـنیار ئەکەم لیژنەی نووسـینەوە دەسـتووری هەرێم چاڵاك بکرێ بۆ ئەوەی دەســـتوورمان هەبێ و لەگەڵ هەڵبژاردن بخرێتە دەنگدان، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو منیرە خان.

**بەڕێز منیرە عثمان علي:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشـتگیری قسـەکانی دکتۆرە (بەهار، گەشـە خان، شـێرکۆ) ئەکەم لە هەمان کاتیش ئەکید لەوە ئەکەم هیوادارم پەرلەمـانی کوردســـتـان و لیژنە پەیوەنـدیـدارەکـان ئـامـادە کـاری بکەن بۆ بـالنگهێشـــت کردنی لیژنەی ئەنجومەنی نەوت و گـازی هەرێمی لەســـەر ئەوە پەیوەنـدی راستەوخۆی بە ژیانی خەڵك هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك عومەر.

**بەڕێز عمر کۆچەر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قەناعەتا من چیچەك لاوازیا کەتیە پشـتی نەمانە سـەرۆکی پەرلەمانی، پێشـتر سـەرۆکی پەرلەمانی دگەل سەرۆکی فراسکسیۆنا تریشتنو جێگر لەگەڵ سەرۆك لیژنەکان بوو، ئەڤە چەند مانگە ئەڤ دانیشـــتنە نەمایە، قەناعەتا من گەلەکا فەرە، خاڵا دووێ ژی، مەوزوعێ کۆمیسـیۆنێ بێتن حازر بیتن، فەرە سـەرۆك لیژنەکان ئان سـەرۆکایەتیا لیژنەکانی مەعنی حازر ببن، بابەتەکی چاکسـازیشـی تێدابێ، پاقژ کرنا لیسـتا، هەندێ جارا هاتیە پاش خسـتن ئەڤ لیژنا دەست پاکی، ئەم حەز دەکەین ئەڤ مجالە بێتە دان، مە ژی لەو دانیشتنە حازر بین.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سـوپاس، بە ئەکید پێشتریش کۆمیسـۆن هاتووە لە لیژنەی کاروباری پەرلەمانی دانیشـتنی دوورودرێژیان ئەنجامداوە، بە مەبەســـتی لێك تێگەیشـــتن و بەدواداچوونی کاروچاڵاکی کۆمیســـیۆن، دیارە لەوبارەوە بەردەوامن، بە ئەکید کە بێنە ناو هۆڵی پەرلەمان هەمووتان ئامادەن، فەرموو کاك ئاری.

**بەڕێز ئاری هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی عورف وایە لەو وڵاتە و تا ئێسـتاش وابووە کە ئەو شـتانەی کە رەهەندی نیشـتیمانی هەیە لە دەرەوەی پەرلەمان و لە نێوان سەرکردایەتی حیزبەکان چارەسەر کراون، مەسەلەی

هەڵبژاردن لەوانە گرنگترین مەوزوع بێ کە رەهەندی نیشتیمانی هەیە، هەرکەسی بەتەمابێ لەو هۆڵی پەرلەمانە دابنیشێت و چارەسەری بکات ئەوە دوورە لە واقیع، ئەگەر مەسەلەش ئەوەیە هەر یەکێ لە ئێمە لە ناو قاعەی پەرلەمان بلێین عەرزی عەزەڵات بکەین بەرامبەر بە سەرۆکی حکومەت یان کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن ئەوە هیچ بەرهەمی نیە و سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ئەنوەر.

**بەڕێز انور قادر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی هەرە زۆری گرفتەکانی هەرێم نەبوونی دەستوورە، بۆیە پشتگیری قسەکانی پەرلەمانتار (عباس غزالی) ئەکەم.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك برزۆ.

**بەڕێز برزۆ مجید عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە نوقتەی نیزام یان تێبینی هەندێ لە ئەندامانی فراکسیۆن کە باس لەوە ئەکەن پەرلەمان ئەبێ رۆڵی چاودێری خۆی لە دەست نەدات و رۆڵی بەهێزی خۆی هەبێ، لە پەرۆشیە بۆ کاری پەرلەمان و بۆ موئەسەسەکە، ئەمە نەبێتە وەڵامکاری، تکام وایە هەر پەرلەمانتارێك باس لەوە ئەکات حکومەت یان هەر فەرمانگەیەکی حکومەتی هەرێم ئامادە بێ لە پەرلەمان پێم وایە بۆ عەرزی عەزەڵات نیە، ببورە بۆ ئەو وشە لەوانەیە ببێتە جواب دانەوە بۆ کاك (ئاری)، بەڵام بۆ ئەوەی دانیشتن باشتر بروات و وەڵام، وەڵامکاری تێنەکەوێ، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەئەکید، ئێمە بە پەرۆشی و خەمخۆری ئەروانینە تێبینیەکانی ئێوە، ئێوەش بە هەمان شێوە لەگەڵ یەکتر ئەبێ هەمان ئاراستەمان هەبێ، بۆچوونی جیاواز هەن، ئەوەش سروشتی هەموو پەرلەمانی دونیایە، نابێ نادیدە بگرێ، بەڕێزان برگەی یەکەم لە بەرنامەی کاری ئەمرۆ، داوا لە لیژنەی پەیرەو ئەکەین بفەرموون کە ژمارەیەم دەنگدان تەواو نەبوو تەواوی ئەکەین، بۆ مەسەلەی گفتوگۆ ئەگەر دانیشتنەکە بەو شێوازە پەسند بکرێ ئەتوانین سەعاتێك بۆ گفتوگۆی ژمارەیەك ماددە تەرخان بکەین، ئەگەر بە پێویستیش بزانین ئەتوانین ئاڵوگۆڕ بە بەرنامەی کار بکەین، فەرموو، دەست بە خاڵی یەکەم ئەکەین لە بەرنامەی کار (1 گفتوگۆ کردنی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان لەلایەن لیژنەی کاتی بۆ پێداچوونەوەی پەیرەوی ناوخۆ ئامادە کراوە، بەپێی بریاری ژمارە (26) ی ساڵی (2014) ە و برگەی (8) شەشەم یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو پاڵپشت بە ماددەی (94) ی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو.

ئێستا داوا لە بەرێز سەرۆکی لیژنەی کاتی ئەکەین ڕوون کردنەوەی پێویست لەو بارەوە پێشکەش بە دانیشتنەکە بکات.

**بەرێز فرست صۆفی علی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەیارمەتی هاورێیانم لە ئەندامانی لیژنەی کاتی پەیرەو ئەمەوێ هەندێ شـــت وەك بیر خســـتنەوە لە دواین کۆبوونەوە کە ئێمە پێنج کۆبوونەوەمان لە پەرلەمانی کوردســـتان لە مانگی (9- 10) ی ســاڵی (2015) لەســەر پەیرەوی ناوخۆ ئەنجامدا، بەپێی ئەو کۆبوونەوەی یەکەم ئێمە میکانیزمی گفتوگۆ کردن لە ســەر پەســند کردنی پەیرەوی ناوخۆمان خســتە دەنگدان، لێرە پەسند کرا، بەپێویستی ئەزانم لێرە جارێکی تر ئەو میکانیزمە بخوێنینەوە، بۆ ئەوەی بیرتان بخەینەوە، داوا لە بەڕێز گەشە خان ئەکەین میکانیزمەکە بخوێنێتەوە.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

میکانیزمی گفتوگۆ کردن و پەسند کردنی پرۆژەی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان:

1 هەر ئەندامێکی پەرلەمان بۆی هەیە لەســەر هەر ماددەیەك یەکجار قســە بکات و ئەبێ لە ماوەی دوو خولەك قسەکانی تەواو بکات.

2- پرۆژەی پەیرەوی نـاوخۆ بەش ، بەش ئەخوێنـدرێتەوە و ئینجـا مـاددە بە مـاددەی ئەو بەشەی بەپێی ریزبەندی ماددەکان ئەخرێتە گفتوگۆ، لە دوا تەواو بوونی گفتوگۆ ماددەکان لەسـەر هەر بەشـێك ئینجا ماددە بە ماددە ئەخرێتە دەنگدان، کامەی زۆرینەی دەنگی هێنا بە پەسند کراو دائەنرێ، هەر رایەك بۆ ئەوەی بخرێتە دەنگدان ئەبێ بەلاَی کەم لەلایەن (3) ئەندامی پەرلەمان پشتگیری بکرێ.

4- هەموو پەیرەوی ناوخۆی نوێ واتە ئەو پەیرەوەی ئێسـتا بە یەکەوە ئەکەوێتە بواری جێ بەجێ کردن و دوای ئەوەی هەموو پەیرەو ئەخرێتە دەنگدان ئینجا بە پەســند کرداو هەژمار ئەکرێ.

5- ئەو پۆلێن کردنەی لە پرۆژەی پەیرەو لەبەر دەسـتە بۆ ماددە و بەشـەکانی ئەو پەیرەوە ئەکرێ لە دوای تەواو بوونی گفتوگۆ لەســەری لیژنەی پەیرەو ریزبەندی بەش و ماددەکان دابرێژێتەوەز

6- میکـانیزمی وەرگرتنی خـاڵی پەیرەو لەکـاتی گفتوگۆ کردنی ئەو پرۆژەیە تەنیـا لەو حاڵەتانەی خوارەوە ئەبێ:

1 ئەگەر پێشـــێلی یەکی لە ماددە و برگەکان یان یەکێ لە یاســـا بەرکارەکان یان یەکێ لە ماددە و برگەکانی پەیرەوی ناوخۆ کرابێ لەگەڵ ئاماژە کردن بە ماددەکە.

2- ئەگەر گفتوگۆکان لە بابەتی دانیشتنەکە دەرچوون.

3- داوا کردن بۆ دواخستنی گفتوگۆ لەسەر بابەتێك و بریاردان لەسەر گفتوگۆ کردن لەسەر بابەتێکی تر یان ئالوگۆر لە بەرنامەی کار.

4- ئەگەر هەر ئەندامێك داوای ئاخاوتنی کرد لە رێگەی خاڵی پەیرەوی، بەڵام ئاخاوتنی خاڵی پەیرەوی نەبوو، ســـەرۆکی پەرلەمان ئەتوانێ ئاخاوتنی پێ ببرێ و لە کاتی دووبارە بوونەوەی لەو دانیشتنە هەلێکی تری نەداتێ بۆ ئاخاوتن لە رێگەی خاڵی پەیرەو.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك فرست.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای پەســند کردنی ئەو میکانیزمە کە بۆ شـێوازی گفتوگۆ کردنە لەســەر پەیرەوی ناوخۆ ئێمە دەستمان کرد بە گفتوگۆ کردن، هەر بۆ بیر خستنەوە بەرێزان ئەندامانی لیژنەی کاتی پەیرەوی ناوخۆ لەسەرجەم فراکسیۆنەکانی پەرلەمان بوون زیاتر لە چەند ساڵێك و مانگێکە ئێمە کارمان لەو پەیرەوە کرد، و کاتی خۆشـی وتارێکی دوورو درێژمان خوێندەوە لەســـەر

شـێوازی کارکردنمان، سـووودمان وەرگرت لە پەیرەوی زیاتر لە (24) وڵاتی دونیا، ئەوەی ئێستا لەبەر دەستی ئێوەیە دەرئەنجامی کارکردنی زۆری ئەو لیژنەیە، لە ئەنجامی گفتوگۆ کردن لەو پێنج کۆبوونەوەیە ئێمە بەشـی یەکەممان کە بریتیە لە پێناسـەکان پەسـند کرد، گفتوگۆشـمان لەسـەر کرد و تەواو بوو، بەشی دووەم کە بەشی یەکەم لە یەك مادده پێك هاتبوو، بەشی دووەم لە نۆ مادده پێك هاتبوو گفتوگۆ کرا و پەسندیش کرا، بەشی سێیەم لە (11) مادده تەئجیل کرا کە بریتیە لە شـێوازی هەڵبژاردنی دەسـتەی سـەرۆکایەتی و دەسـتەڵاتەکانی دەسـتەی سـەرۆکایەتی، ئەوە دواخراوە، گفتوگۆ نەکراوە و پەسـندیش نەکراوە، بەشی چوارەم لە (7) مادده پێك هاتووە، گفتوگۆ کراوە و پەسندیش کراوە، بەشی پێنجەم لە (20) مادده پێك هاتووە، موناقەشە کراوەن خۆشبەختانە هەموو گفتوگۆی ئێوە بە ناو لەبەر دەستی ئێمەیە، هەمووی پوخت کردۆتەوە، ئێستا ئەمانەوێ بەشی پێنجەم کە بریتیە لە (20) مادده، مادده بە مادده بیخەینە دەنگدان، هەموو ئەو ماددانەی یان ئەو بیروڕایانەی کە زیاتر لە سـێ کەس پشـتیوانی کردووە ئامادەمان کردووە بۆ دەنگدان بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدەین، ئێمە پێشنیاز ئەکەین هەر لەسەر هەمان سیستەمی خۆمان دوای ئەوە بۆ ئەوەی ڕێگریش نەبین لە قانوونەکانی تر کە لەو ماوەیە لەبەر دەسـتی پەرلەمان ماوە ئێمە کاتێ بەشی پێنجەمان خستە دەنگدان گفتوگۆ لەسەر بەشی شەشەم بکرێ، بەس گفتوگۆ، ئینجا دەرفەت بدرێتە لیژنەی کاتی بۆ ئەوەی بیروڕاکان پوخت بکاتەوە، ئەو کاتەی پێویسـتە بخرێتە بەرنامەی کار یان گفتوگۆی لەسـەر بکرێ، بۆ نموونە ئیچسـتا قانوونی تەجاوزات لەبەر دەستە ئەکرێ دوای ئەوەی گفتوگۆی بەشی شـەشـەم کرا ئێمە ئەرکمان تەواو بێ و بچین سـیاغەی بیر و ڕاکان بکەینەوە، تا ئەوکاتیش گفتوگۆ لەسـەر قانوونی تەجاوزات تەواو بێ ئینجا بێین بەشی شەشەم بخەینە تەسویت و بەشێکی نوێ تەنیا گفتوگۆ بکرێ، بەو شێوەیە بەردەوام بین تەسـەور ئەکەین بتوانین لە خیلالی شـەش کۆبوونەوە ئەو پەیرەوە تەواو بکرێ و پەسـند بکرێ، بەپێی ئەوەی لە بەشـەکان پۆلێن کراوە، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خالی نیزامی هەیە، فەرموو کاك دکتۆر.

**بەڕێز محمد علی یاسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز ئێمە دەست خۆشی لە لیژنەی کاتی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ئەکەین، نازانم ئەو عورفە هەیە یان نا هەر پرۆژەیەك بێتە پەرلەمان میکانیزمی بۆ دابنێنن خۆمان پەیرەوی ناوخۆمان هەیە و بە پێی ئەو پەیرەوە گفتوگۆی خۆمان ئەکەین، پێویسـت ناکات میکانیزمان بۆ دابنێن، هێشـتان ئەو پەیرەوە پەسـند نەکراوە یان ئەو میکانیزمەشـن بروا ناکەم پێشتر ئەوە هەبووبێ میکانیزمێك بۆ گفتوگۆ کردن، ئێمە پەیرەوی ناوخۆمان هەیە و بەپێی ئەوە گفتوگۆی خۆمان ئەکەین.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشـتر دەنگ لەسـەر ئەو میکانیزمانە دراوە، ئیسـتا داوا لە لیژنەی پەیرەو ئەکەین ئەو ماددانەی پێویستە دەنگی لەسەر بدرێ بۆ ئەوەی بیخوێنەوە.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر بۆ بیر خستنەوە ئەو موڵاحەزاتی ئەو بەڕێزانەی سەر بەشی پێنجەم کە ئێستا ئەیخەینە دەنگدان لەبەر دەستی ئێمەیە، هەر کەسێ خۆشبەختانە سێ ئەندامی لیژنەی کاتی تەواوی ناوەکان و بیروراکانیان تەسجیل کردیە لەلای هەرسێکمان هەیە، هەرکەسێ موڵاحەزیەك یان ئیعتیرازی هەبوو ئەوەی کە تۆمار کرایە بیروراکانیان لەبەر دەستی ئێمەیە، تەنانەت ئەو نامانەش کە نووسراون نامەی خۆتان کە ناردووتانە بە شێوازی سیاغی ئەویشمان هەڵگرتووەن بۆیە ئێستا تەنیا ئەو ماددانەی زیاتر لە سێ کەس پشتگیریان کردووە یەك یەك ئەخوێنینەوە، ئەوانەشی کە وەکو خۆیەتی هیچ موڵاحەزە نەبووە ئەخەینە دەنگدان، دەست پێ ئەکەین لە ماددەی (28).

ماددەی (28):

لەسەر ماددەی (28) سێ کەس زیاتر پێشنیازیان کردووە (25) ڕۆژ هەڵگیرێ، سێ کەس زیاتریش پێشنیازیان کردووە سکرتێرێك یان زیاتری هەبێت، تەنیا ئەو دوو موڵاحەزەیە سێ کەس زیاتر پشتگیریان کردووە.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (28)

1 لیژنە هەمیشەییەکان لە ماوەی (25) ڕۆژ لە ڕێکەوتی کۆتایی هاتنی یەکەم دانیشتنی پەرلەمان بە دەنگی زۆرینەی ئامادە بووانی پەرلەمان هەڵدەبژێدرێن.

2- لیژنە هەمیشەیەکان لە ژمارەیەك ئەندام پێکدێن کە نابێ لە (5) ئەندام کەمتر بن و لە (11) ئەندام زیاتر بن، کە نوێنەرایەتی فراسکیۆنەکانی ناو پەرلەمان ئەکەن بەپێی ڕێژەی نوێنەرایەتیان لە پەرلەمان.

3- هەر لیژنەیەکی پەرلەمان لەسەر بانگهێشتی سەرۆك لەدوای یەك هەفتە لە دیاری کردنی ئەندامەکانی سەرۆك و جێگرو بڕیاردەرێك بۆخۆی هەڵدەبژێرێت و یەکێ لە فەرمانبەرانی پەرلەمانیش ئەبێتە سکرتێری لیژنە.

4- دەستەی سەرۆکایەتی بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی گشتی لە دابەش کردنی ئەندامان بەسەر لیژنەکان توانا و پسپۆری خواست و پێویستی لیژنەکان لەبەر چاو ئەگیرێت.

5- ئەبێ ئەندام لانی کەم کە لە لیژنەیەکی هەمیشەیی ئەندام بێت ناکرێ لە دوو لیژنە زیاتر ئەندام بێت، و ناکرێ ئەندام ببێتە سەرۆك یان جێگری سەرۆك یان بڕیاردەری زیاتر لە یەك لیژنە.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دوو پێشنیارن، دیارە یەکەم ئەو پێشنیارانە ئەخەینە دەنگدان، ئەوەی کە زیاتر لە سێ ئەندام پشتگیریان لێ کردووە، یەکەمیان ئەوەی (25) ڕۆژەکە هەڵگیرێ......

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

واته پەیوەندی بە برگەی یەکەمەوە هەیە کە ئەڵێ ماوەی (25) رۆژ لە رێکەوتی کۆتایی هاتنی یەکەم دانیشتنی پەرلەمان بە دەنگی زۆرینەی ئامادە بووان پەرلەمان هەڵدەبژردرێن، لێرە ئەڵێ (25) رۆژەکە سێ کەس پشتگیری کردووە کە هەڵگیرێ.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

واتە کراوەبێ، ئێوە ئازادن، ئەوەی لەگەڵ ئەوەیە (25) رۆژەکە لابرێ دەست بەرز بکاتەوە، فەرموو سەرۆکی لیژنە جارێکی تر تەوزیح بدەن.

**بەرێز فرست صۆفی علی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە لیژنەی کاتی پەیرەو پێمان وابوو بۆ ئەوەی کات کراوە نەبێ و لیژنە هەمیشەیەکان لە ماوەی (25) رۆژ لە دوای یەکەم کۆبوونەوە دەست بەکار ببن و فراکسیۆنەکانیش ناچار بن ئەندامەکان و سەرۆك و دەستەی سەرۆکایەتی خۆیان دیاری بکەنن بۆ ئەوەی لیژنەکان و پەرلەمان زو بکەوێتە سەرکار، چونکە تەجروبەی ئەو خولەی ئێمە وای کرد هەم لیژنەکان درەنگ پێکهاتن، ئەوە بەرئەنجامی ئەو بابەتە بوو، لە زۆر پەیرەوی دونیاش کات دیاری کراوە، بەڵام ئێمە وتمان ئەمانەتێك لەسەر ئێمەیە زیاتر لە سێ ئەندام، پێم وایە چوار یان پێنج کەس ئەڵێن (25) رۆژ پێویست ناکات، چونکە ئەوکات بیرمە وتیان ئەگەر (25) نەکرا ئەوکات چی؟ یەعنی پێشێل کردنی پەیرەو، بۆیە پێشنیازەکە ئەوە بوو هەڵگیرێ، فراکسیۆنە پەرلەمانیەکان خۆیان پەلە بکەن، ئەوەش لەسەر دەنگی ئێوە ئەوەستێ، ئەگەر لەگەڵ ئەوەن.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئەخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵ لابرێ؟ (8 ) کەس، کێ لەگەڵ نیە لابرێ؟ (63) کەس، بە زۆرینە ئەو پێشنیارە رەت کرایەوە، پێشنیاری دووەم.

**بەرێز فرست صۆفی علی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری دووەم تایبەتە بە سکرتێری کە لە هەر لیژنەیەکی ، لە خاڵی دووەم، (لیژنە هەمیشەیەکان لە ژمارەیەك ئەندام پێکدێن کە نابێ لە (5) ئەندام کەمتر بن و لە (11) ئەندام زیاتر بن، کە نوێنەرایەتی فراسکیۆنەکانی ناو پەرلەمان ئەکەن بەپێی رێژەی نوێنەرایەتیان لە پەرلەمان.)، لە برگەی سێیەم هاتووە کە ئەبێ فەرمانبەرێکی پەرلەمانیش ببێتە سکرتێری لیژنە، ئەندامانی پەرلەمان پێشنیاریان کردووە لیژنە هەیە زۆر ئەرکی قورسە، بڵێی سکرتێرێك یان زیاتری ببێت.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سکرتێرێك یان زیاتر ئیزافە ئەکرێ، ماددەکە وەکو خۆی دەمێنێ، بەڵام برگەیەك زیاد ئەکرێ، ئەوەی لەگەڵ دایە زیاد بکرێ؟ (32) کەس پەسندیەتی، ئەوەی لەگەڵ نیە؟ (29) کەس لەگەڵ ئەوەن وەکو خۆی بێ، واتە بە زۆرینەی دەنگ پێشنیارەکە پەسند کرا، یەعنی سکرتێرێك یان زیاتر ئیزافە ئەکرێ، فەرموو بەردەوام بن.

**بەرێز فرست صۆفی علی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (28) بە تێکرا ئەخەینە دەنگدان وەك ئەو تەعدیلەی کرا.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

جارێ هەموو بخوێنەوە، ئەخەینە دەنگدان.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
1 لیژنە هەمیشــەییەکان لە ماوەی (25) ڕۆژ لە ڕێکەوتی کۆتایی هاتنی یەکەم دانیشــتنی پەرلەمان بە دەنگی زۆرینەی ئامادە بووانی پەرلەمان هەڵدەبژێدرێن.
2- لیژنە هەمیشــەیەکان لە ژمارەیەك ئەندام پێکدێن کە نابێ لە (5) ئەندام کەمتر بن و لە (11) ئەندام زیاتر بن، کە نوێنەرایەتی فراســکیۆنەکانی ناو پەرلەمان ئەکەن بەپێی ڕێژەی نوێنەرایەتیان لە پەرلەمان.
3- هەر لیژنەیەکی پەرلەمان لەســەر بانگهێشــتی ســەرۆك لەدوای یەك هەفتە لە دیاری کردنی ئەندامەکانی ســەرۆك و جێگرو بریاردەرێك بۆخۆی هەڵدەبژێرێت و یەکێ لە فەرمانبەرانی پەرلەمانیش یان زیاتر ئەبێتە سکرتێری لیژنە.
4- دەســتەی ســەرۆکایەتی بە هەماهەنگی لەگەڵ دەســتەی گشــتی لە دابەش کردنی ئەندامان بەســەر لیژنەکان توانا و پســپۆری خواســت و پێویســتی لیژنەکان لەبەر چاو ئەگیرێت.
5- ئەبێ ئەندام لانی کەم کە لە لیژنەیەکی هەمیشــەیی ئەندام بێت ناکرێ لە دوو لیژنە زیاتر ئەندام بێت، و ناکرێ ئەندام ببێتە سەرۆك یان جێگری سەرۆك یان بریاردەری زیاتر لە یەك لیژنە.
**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
ســوپاس، دەنگدانە لەســەر کۆی ئەو ماددەیە، کێ لەگەڵە بەو شــێوەیە؟ (64) کەس پەسندیەتی، کێ دژە؟ (2) کەس، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموو ماددەی (29).
**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (29):
پەرلەمان ئەو لیژنە هەمیشییانەی خوارەوە پێکئەهێنێ:
1 لیژنەی کاروباری یاسایی.
2- لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان.
3- لیژنەی پێشمەرگە و ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێیەکان.
4- لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری.
5- لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.
6- لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە و مافی بەکاربەر.
7- لیژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی.
8- لیژنەی پەیوەدندیەکان و ڕەوەندی کوردســتانی و ناوچە کوردســتانیەکانی دەرەوەی هەرێم.
9- لیژنەی وزە و سامانە سورشتیەکان و پیشەسازی و بازرگانی.
10- لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشت و گۆزار و ئاوەدان کردنەوە.
11- لیژنەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵگەی مەدەنی و وەرزش و لاوان.
12- لیژنەی دەستپاکی و کاروباری پەرلەمان و سکاڵا.
13- لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی.
لەسەر ئەو لیژنانەی خوارەوە رای جیاواز هەیە.
14- لیژنەی مافەکانی مرۆڤ:
رای یەکەم، لەگەڵ لیژنەی کۆمەلایەتی و داکۆکی کردن لە ئافرەتان بکرێتە یەك لیژنە.

رای دووەم، وەکو خۆی بمێنیتەوە.
رای سێیەم، لەگەڵ لیژنەی داکۆکی کردن لە مافەکانی ئافرەتان بکرێتە یەك لیژنە.
15- لیژنەی داکۆی کردن لە مافەکانی ئافرەتان.
رای یەکەم، لەگەڵ لیژنەی کاروباری کۆمەلایەتی بکرێتە یەك لیژنە
رای دووەم، لەگەڵ لیژنەی مافی مرۆڤ و کاروباری کۆمەلایەتی بکرێتە یەك لیژنە.
رای سێیەم، وەکو خۆی بمێنێتەوە.
16_ لیژنەی کاروباری کۆمەلایەتی.
رای یەکەم، وەکو خۆی بمێنێتەوە.
رای دووەم، لەگەڵ لیژنەی مافەکانی مرۆڤ و داکۆکی کردن لە ئافرەتان بکرێتە یەك لیژنە.
رای سێیەم، لەگەڵ لیژنەی داکۆکی کردن لە مافەکانی ئافرەتان بکرێتە یەك لیژنە.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆر فرست.

**بەرێز فرست صۆفی علی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گرنگە روون کردنەوەیەك لەسەر ئەو ماددەیە بدەین و ئەو بیرورا یانەش کە لەسەری هەبووە، بەس پێش ئەوەی بیروراکان بخەینە روو موڵاحەزەیەك هەیە، کۆی ئەندامانی لیژنەی کاتی پەیرەو وەکو باسم کرد لە سەرجەم فراکسیۆنەکانی پەرلەمانن بێ ئیستیسنا، هەر لێرەوەش وەکو بیر هێنانەوە بەرێز کاك دکتۆر (شوان قەڵادزەیی) لەگەڵمان بوو رەحمەتی خوای لەسەر بێ کە رۆڵی زۆری هەبوو لەو لیژنەیە، ئێستا تەنیا نوێنەری بزووتنەوەی ئیسلامی ئەویش لەگەڵ بوو تا نووسینەوەی پەیرەوەکە، ئەگینا سەرجەم فراکسیۆنەکان و هەمووماں کۆکین لە ئاخیر کۆبوونەوە کە کردمان ئەو موقتەرەحی کەمکردنەوەی لیژنە بۆ (16) لیژنە بۆ ئەو خولەی پەرلە مان تەتبیق ناکرێت، واتە لیژنە کان وەکو خۆیان ئەمێنەوە، ئەگەر کۆی پەیرەویش پەسند کرا لیژنەکانی پەرلەمان وەکو ئەوەی ئێستا هەیە ئەمێنەوە و خولی پێنجەمی پەرلەمان لەسەر بنەمای ئەو موقتەرەح و پێشنیارانەی ئێوە تەتبیق ئەکرێ، چونکە بەشێکی ئەو پێشنیاز و ئەوانەی گەڵاڵەمان کرد هەندێکی زیاتر لە مەنزوری لیژنەکان کرابوون، بۆیە کۆك بووین لەسەر ئەوەی کە لیژنەکان ئەو خولەی پەرلەمان هەر وەکو خۆی بە (22) لیژنە بمێنتێەوە، خولی پێنجەم تەتبیقی بکەن، ئەو لیژنانەی زیاتر لە سێ کەس لە ماددەی (29) پشتیوانیان کردووە ئەگەر لەگەڵ ئێمە تەرکیز بکەن سێ کەس زیاتر ئەڵێن لیژنەی ناوخۆی و پێشمەرگە جیا بن، نەکرێنە یەك لیژنە، سێ کەس زیاتر لەگەڵ ئەون لیژنەی ئافرەتان وەکو خۆی بمێنێتەوە و لەگەڵ هیچ لیژنەیەکی تر دەمج نەکرێ، سێ کەس زیاتر لەگەڵ ئەوەن وەبەرهینان بچێتە سەر لیژنەی شارەوانی و گەیاندن و گەشت و گۆرزار و ئاوەدان کردنەوە، واتە لەگەڵ دارایی نەمێنێتەوە و بچێتە ئەوێ، سێ کەس زیاتر لەگەڵ ئەوەن لیژنەی ناوچە کوردستانیەکان وەکو خۆی بمێنێتەوە، جگە لەو رایانە لە ناو لیژنەش لە برگەی (14- 15- 16) سێ بیرورای جیاواز هەیە، بۆیە ئێمە ناچارین بە دەنگدان ئەوانە یەکلایی بکەینەوە، ئەگەر ئەو شێواز و میکانیزمە پەسند بێ، یەعنی بۆ نموونە لیژنەی ئافرەتان سێ بیرورای لەسەرە، هەرسێکی بخەینە دەنگدان، کام لەو سێ رایە زۆرینە بوو ئەو براوا بێ، نەك یەك بخەینە دەنگدان و زۆرینەی هێنا قەپاتی بکەین، هەرسێ بیرورا بخەینە دەنگدان، ئەوکاتە کامە زۆرینەی هێنا ئەو بە براوە هەژمار بکرێ.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، خالی نیزامی هەیە، فەرموو.
**بەڕێز د. عزت صابر اسماعیل:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بەڕێز سەرۆکی لیژنەی کاتی پەیرەوی ناوخۆ باسی لەوە کرد وەبەرهێنان لە دارایی و ئابووری بکرێتەوە و بخرێتە سەر شارەوانی، بەڵام لێرە نەنووسراوە، بۆ؟ ئەوانەی تر نووسراوە، داوای روون کردنەوە ئەکەم.
**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، فەرموو وەڵام.
**بەڕێز فرست صۆفی علی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ئەوەی کاك دکتۆر ئەوە رای لیژنە نیەن، رای ئەندامانی بەرێزی پەرلەمانە، کاتی خۆی لە دواین کۆبوونەوە گفتوگۆمان کرد ، زیاتر لە (3) کەس پشێنیازیان کردبوو وەبەرهێنان بچێتە سەر ئاوەدان کردنەوە، بەس ئەوەی کە پەیوەندی بە ئێمەیە وەکو لیژنەی کاتی تەنیا ئەو سێ بیرورایەیە کە لە (14، 15، 16) هاتوون، ئەو خاڵانەی تر خوێندنمەوە چوار خاڵەکە یان سێ کەس زیاتر پشتیوانی کردووە، نەك هەر سێ کەس بۆ نموونە ئەوە ئافرەتان (16) کەس وتوویەتی وەکو خۆی بمێنێتەوە، ئەوەی لیژنەی پێشمەرگە و ناوخۆ زیاتر لە (13) کەس وتوویەتی جیا بکرێتەوە، بەڵام ئێمە ئەڵێین سێ کەس زیاتر، ئەوەی باسم کرد ئەندامانی بەرێز پەرلەمان پشتیوانیان کردووە.
**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، فەرموو کاك ئەبو بەکر.
**بەڕێز ئەبو بەکر عمر هەڵەدنی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
یەك ئەوەی کە کاك دکتۆر باسی کرد کە ئەو خولە بۆ ئەوەی سەر لێ تیکچوون روونەدات و شلەژان روو نەکاتە لیژنەکانی پەرلەمان بۆیە کەمکردنەوەی لیژنەکان بۆ خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستانە، دوو، ئەو کەمکردنەوە جەدوایەکی هەیە ئەویش ئەوەی کە لەبیرتان بێ ئێوە لە ماددەی پێشوو دەنگتان دا بەوەی کە ئەندامی پەرلەمان لە یەك لیژنەی هەمیشەیی ئەندام بێ، نەك دوو لیژنە، ئەوەش خزمەتی تەرکیزی پەرلەمانتار ئەکات کە جهود و تواناکانی لە یەك لیژنە بخاتە گەر، جاری وا هەیە ئەندامی پەرلەمان لە نێوانی کۆبوونەوەی لیژنەکان لە دوو لیژنە زۆر جار فریا ناکەوێ کاروبارەکان هەمووی رایی بکات، بۆیە خزمەت بەو بوارەش ئەکات کە کەمکردنەوەی لیژنەکان، سوپاس.
**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، ئێستا ئەوەی خیلافی لەسەر سێ رەئی و دوو رەئی ئەخەینە دەنگدان، یەکلایی ئەکەینەوە، ئینجا دێینە کۆی ماددەکە، ئەوەی یەکەم ئەوەی خیلافی لەسەرە بخوێنەوە، فەرموو کاك نازم خالی نیزامییە؟
**بەڕێز ناظم کبیر محمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زیاتر داوا له لیژنه ئه‌كه‌ین روون كردنه‌وه بدات له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی كه ئه‌و په‌یره‌وه په‌سند كرا چۆن ناكه‌وێته بواری جێ به‌جێ كردنه‌وه كه به‌رێزان ئه‌ڵێن ئه‌وه به نیسبه‌ت لیژنه‌كان هه‌ر وا ئه‌روات و بۆ خولی داهاتوو.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، روون كردنه‌وه‌ی باشی دا، به‌س با جارێكی تر فه‌رموو.

**بەرێز بەهار محمود فتاح:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئه‌وه ئیقتراحی لیژنه‌كانه كه به كۆی ده‌نگ لیژنه‌كان له‌به‌ر ئه‌وه‌ی وه‌كو كاك (ئه‌بو به‌كر ، فرست) ئیشاره‌تیان پێدا بۆ ئه‌وه‌ی ماوه‌یه‌كی كه‌می ئه‌و خوله‌ی په‌رله‌مان ماوه، شله‌ژان و سه‌ر لی تێكچوون نه‌كوێته ناو لیژنه‌كان و مه‌شغولیه‌تی زۆر هه‌بێ، ئیقترح كرا به كۆی ده‌نگ ئه‌و مادده‌یه نه‌كه‌وێته بواری جێ به‌جێ كردنه‌وه، به‌رێزتان ئه‌زانن ئیقتراحیش تایبه‌ته به په‌رله‌مان، خۆمان ئه‌یكه‌ین و خۆمان قبوڵی ئه‌كه‌ین، ئه‌گه‌ر قبوڵ بێ له‌لایه‌ن ئه‌ندامانی په‌رله‌مان و له‌لایه‌ن سه‌رۆكایه‌تی په‌رله‌مان ئه‌وه پێشنیاری ئێمه‌یه له مه‌سه‌له‌حه‌تی په‌رله‌مان ئه‌و شته، سه‌باره‌ت به په‌یره‌وه‌كه‌ش بۆ كۆی گشتی كه‌ی بچێته بواری جێ به‌جێ كردنه‌وه، با هه‌مووی ته‌واو بكه‌ین، دوای ئه‌وه قسه له‌سه‌ر ئه‌وه‌ش ئه‌كه‌ین.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئه‌وه دیاره. پێشنیاری لیژنه‌ی كاتیه، دواتر ئه‌وه‌ش یه‌كلایی ئه‌كرێ، فه‌رموو كاك ئه‌بو كاروان.

**بەرێز ابو بەکر عمر هەڵەدنی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دكتۆره به‌هار وتی ئه‌وه ده‌نگی ئیجماعی لیژنه‌كه‌یه، به‌ڵام من له‌گه‌ڵی نه‌بووم و له‌گه‌ڵیشی نیم ئێستا، چونكه كه په‌یره‌و ده‌نگی له‌سه‌ر درا ئه‌بێ بچێته بواری جێ به‌جێ كردنه‌وه.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ته‌حه‌فوزت له جێی خۆیه‌تی، به‌ڵام ئه‌وه دیاره لیژنه به زۆرینه ئه‌و بابه‌ته‌ی باس كردووه، ئه‌خه‌ینه ده‌نگدان، فه‌رموو كاك شوان.

**بەرێز شوان شێخ احمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

له‌سه‌ر لیژنه‌ی ناوچه كوردستانیه‌كانی ده‌ره‌وه‌ی ئیداره‌ی هه‌رێم، كاك دكتۆره فرست باسی كرد سێ را هه‌یه، به‌ڵام لێره نه‌نووسراوه، ئایا ئه‌و رایه لێره ته‌سبیت كرایه یان رای چیه؟

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فه‌رموو.

**بەرێز فرست صۆفی علی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئه‌وه‌ی كاك شوان باسی كرد گوتمان سێ كه‌س زیاتر پشتگیری كردیه لیژنه‌ی ناوچه كوردستانیه‌كان وه‌كو خۆی بمێنێته‌وه، سێ رای له‌سه‌ر نیه، ته‌نیا رایه‌ك هه‌یه، ئێمه رایه‌كمان هه‌بووه لیژنه‌ی ناوچه كوردستانیه‌كان ده‌مج بكرێ وه‌كو لیژنه‌ی كاتی، سێ كه‌س زیاتر پشتیوانیان كردیه وه‌كو خۆی بمێنێته‌وه و لیژنه‌یه‌كی سه‌ربه‌خۆ بێ، بۆیه‌ش لێره

نەنووســـراوە و لەبەر دەســـتان چونکە تەنیا لیژنەی کاتی حازری کردووە، ئەجینا ئەوەی تر خوێندمەوە سـێ کەس زیاتر پشـتگیری نەیان کردووە لیژنەی ناوخۆ و پێشـمەرگەش دەکج نەکرێ، ســێ کەس زیاتر پشـــتگیری کردیە ئافرەتانیش دەمج نەکرێ، ئەوانە رەئی ئێوەن ئەخەینە دەنگدان، ئەوەی لەبەر دەستی ئێوەی بەرێزە ئەوە رای لیژنەی کاتی پەیرەوە.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دوو خالی تری نیزامی، فەرموو کاك ئاری.

**بەڕێز ئاری محمد هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەس بۆ روون کردنەوە پرسیار ئەکەم، ئەوەی حالی بووین لە لیژنەی کاتی لە ماددەی (28) برگەی سـێیەم ئەوە جیا کردنەوەی لیژنەی پێشـمەرگە لە ناوخۆ ئەو پێشـتر بوو، ئینجا پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی بەرێزتان چوونە سەر برگەی چواردە؟ سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك عبداللە.

**بەڕێز عبداللە حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی یاسـایی ئەگەر روون کردنەوە، لیژنەکان تا چەند پەیوەندیان بە تەشـکیلەی کابینەی حکومەتەوە هەیە؟

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك عیزەت.

**بەڕێز عیزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەو ماددانەی گفتوگۆی لەســەر کراوە و ئەخرێتە دەنگدانەوە پێشــنیار ئەکەم تەنیا ئەو رایانەی لیژنە لە ناو ئەو پەیرەوە نووسـراوە گفتوگۆ لەســەر ئەوانە بکرێ و ئەوانە یەکلایی بکرێتەوە.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆرە بەهار.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە بە هەلە تێگەیشتنی تێدایە، ئەویش بە سەبەبی ئەوەیە کە ئێمە لە ناو لیژنەی کاتی پەیرەو بۆخۆمان لەســەر ســێ لیژنە رای جیاوازمان هەبووە، ئەوە رای لیژنەیە لە ناو پرۆژەی پەیرەوەکە تەســبیت بووە، بەڵام رایەکانی ئێوەی بەرێز کە لە گفتوگۆکە وەرگیراوە ئەوە لای ئێمە ئیحتیفازی پێوەکراوە و ئیشـــمان لەســـەر کردووە بۆ ئەوەی دابیرێژینەوە لەسـەر ئەسـاسـی ئەوەی چەند رەئی سێ کەس پشـتیوانی کردووە، ئەو هەڵە تێگەیشـتنە هەیە، ئەوەی کە رای لیژنەیە کە خۆمان جیاوازیمان هەبووە لەســەری لە پەیرەوەکەی بەردەســتان هەیە ، بەڵام رای ئەندامانی پەرلەمان لە ناو پەیرەوەکە نیە بەڵکو لای ئێمەیە، ئەو بەشـــەی لێرە هەیە رای ئێمەیە، یەکەمجار ئەوە یەکلایی ئەکەینەوە ئینجا رایەکانی ئێوەش.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا بابەتەکە زیاتر بەرچاو روونی بە ئێوە بەخشی، داوا لە لیژنە ئەکەین ئەوەی رای لیژنەیە کە ئەخەینە دەنگدان یەك بە یەك، لە یەکەم دەست پێ بکەین.

**بەڕێز فرست صۆفی على:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ســەبارەت بە پەیوەندی لیژنەكان بە كابینە و بە وەزارەتەكان تەبعەن ئەگەر كابینەی وزاری بە هەر شـــێوازێك بێ ئێمە لەو پەیرەوە هیچ لیژنەیەكمان حەزف نەكردووە، وەكو لابردن، دەمجمان كردووە، زۆر ئاسایشە لیژنەیەك سەروكاری لەگەڵ دوو وەزارەت هەبێ یان سێ وەزارەت، هیچ موشكیلەیك دروست نابێ ئەگەر تەشكیلی هەیكەلی وەزارەت كرا، یان دوو لیژنە پەیوەندی بە یەك وەزارەت هەبێ ئەوەش موشـــكیلە نیە، ئەوەی ئێمە دیاریمان كردووە لەســـەر ئاســـاســـی زەرووڕەت و پێداویســـتی بووە، دوای وەرگرتنی مولاحەزاتی ئێوەش لە برگەی چواردەوە دەست پێ ئەكەین هەرسێ بیرورا ئەخەینە دەنگدان، ئەوە (30) هێنا، ئەوە (15) ی هێنا، زۆرتر ئەبێتە پەیرەو، بەهەمان شـــێوە بە نیســـبەت بیروراكانیش، ئەگەر پێتان باشە رێگایەتی تر هەیە ئەخەینە دەنگدان، ئەگەر زۆرینە پەسندیان كرد بیرواری دووەم و سێیەم ناخرێتە دەنگدان، بەرای ن هەرسێكی بخرێتە دەنگدان.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو ئامینە خان خالی نیزامی.

**بەڕێز ئامینە زكری سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئیزافەتەن بۆ ئاخافتنێ دكتۆر فرســـت كو ئەندامەكی لیژنێت پەیرەوێم، كو نەها دەنگدانی ل ســـەرت دكەین مەرج نینە خولا ئایندە یا لیژنێت پەرلەمانی بی شـــێوازی بیتن كا ئالوگۆریت لیژنا دا كر، زێدە كرنا لیژنێت دا كر، گۆرانكاری كر، خولا ئایندە دشـــێت لیژنا دەستكاری تێدا بكات، واتە دەست بە كری دەبیتن.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەكید خولی دا هاتووش ئەو مافەی هەیە، دەســـتكاری لە هەر ماددەیەك بكات، بەڵام ئەوەی ئێستا هەیە دوو شێوازی دەنگدان پێشنیار كراوە، هەر پێشنیارێك لەوانەی پێشكەش بكەین دەنگی زۆرینەی هێنا هیتر ناخرێتە دەنگدان، یەكیش هەیە ئەڵێ هەرســـێكی بخرێتە دەنگدان، دواتر لە ئەنجامەكە كامیان دەنگی زۆرینەی هەبوو پەسند ئەكرێ، فەرموو.

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

چواردەم:

لیژنەی مافەكانی مرۆڤ:

رای یەكەم، لەگەڵ لیژنەی كۆمەلایەتی و داكۆكی كردن لە ئافرەتان بكرێتە یەك لیژنە.

رای دووەم، وەكو خۆی بمێنیتەوە.

رای سێیەم، لەگەڵ لیژنەی داكۆكی كردن لە مافەكانی ئافرەتان بكرێتە یەك لیژنە.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا رای یەكەم ئەخەینە دەنگدان، كێ لەگەڵە؟ (35) كەس لەگەڵە، ئێستا باسی دژ ناكەین ئەچینە رای دووەم، وەكو خۆی بمێنێتەوە كێ لەگەڵ؟ (20) كەس لەگەڵە، رای ســـێیەم (لەگەڵ لیژنەی داكۆكی كردن لە مـافەكـانی ئـافرەتـان بكرێتە یەك لیژنە.) كێ لەگەڵە؟ لەگەل نیە، واتە رای یەكەم بە زۆرینە پەسند ئەكرێ، لەگەڵ لیژنەی كۆمەلایەتی و داكۆكی كردن لە ئافرەتان بكرێتە یەك لیژنە، فەرموو ئامینە خان.

**بەڕێز ئامینە زكری سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بیرمامەتێتێ دەمێ مناقەشە رەئیەکادیتر هەبوو، (16) پەرلەمانتار پشتگیریا وێ کر کو لیژنا ئافرەتان وەكو خۆ بمینیتن، ئەبێ ئەڤەش بچیتە دەنگدانێ.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە لە خاڵی (15) جارێكی تر ئەخەینە دەنگدان، لەوێش مافی، ئەوەی (15) سێ رایە، دیسان لە (15) لیژنەی داكۆكی كردن لە مافەكانی ئافرەتان ئەگەر لەوێ زۆرینەی هێنا ئەو پەسند ئەبێ، خاڵی نیزامی هەیە، فەرموو كاك ئەبو بەكر.

**بەڕێز أبو بەكر عمر هەڵەدنی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خاڵی (14 ، 15، 16) پەیوەندی بەو سێ لیژنەوە هەیە (لیژنەی مافی مرۆڤ، كاروباری، كۆمەلایەتی، داكۆكی لە مافی ئافرەت)، بۆ ئەوەی ئێمە رایەكان كورت بكەینەوە لەو نۆ را جیاوازە بكەینە سێ خاڵ، (رای یەكەم، لەگەڵ لیژنەی كاروباری كۆمەلایەتی بكرێتە یەك لیژنە.

رای دووەم، لەگەڵ لیژنەی مافی مرۆڤ و كاروباری كۆمەلایەتی بكرێتە یەك لیژنە.

رای سێیەم، وەكو خۆی بمێنێتەوە.

بە رای من بیكەینە سێ رای جیاواز.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك علی.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە دەنگمان لەسەر هەر سێ خاڵەكە داوا، ئۆتۆماتیكی كە دەنگ لەسەر خاڵێك ئەدەی واتە پێش خۆی هەڵئەوەشێنیتەوە، دەنگت لەسەر داوا، ئەو سێ لیژنەیە ت كردووە بە یەك، ئێستا چۆن دیسان دەنگی لەسەر ئەدەیتەوە؟

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك تەحسین.

**بەڕێز تحسین اسماعیل احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خاڵی چواردە رای یەكەم كە پەسند كرا ئیتر خاڵی (15 و 16) هیچ مەفهومی نامێنێ كە دەنگی لەسەر بدرێ، دوای ئەوەش سێ را ناخرێتە دەنگدان، كاتێ دەنگی زۆرینە دێ دووەم و سێیەمیش ئیتر دەنگدانی ناوێ، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك مەردان.

**بەڕێز مردان خدر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هەمان رەئیم هەیە، دەمج كردنی هەرسێ لیژنە (35) دەنگی هێناوە، پاشان رەئی تر (20) دەنگی هێناوە، ناكرێ ئەندامی پەرلەمان دووجار و بۆ دوو رەئی دەنگ بدەن، ئەگەر دەنگدانیش بكرێ هەر یەكلایی بویتەوە، هەرسێ لیژنە بوویتە یەك لیژنە، بۆیە هەردەنگدانێكی تر زیادە، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو ئامینە خان.

**بەڕێز ئامینە زكری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گور وێ ئاساسێ کو دەنگدان ل سەر هەندێ هاتە کرن لیژنا مافێ مرۆڤی بتنێ بمێنیت یان نا دەنگ نەهینا، واتە گوتن دەمج بن دگەل لیژنا کاروبارێت کۆمەلایەتی و دگەل لیژنا ئافرەتان، (16) رایت هەی دبێژی لیژنا کاروبارێت ئافرەتان بتنێ بمێنیت، لیژنا مافێت مرۆڤی دەنگدان هاتە سەر کرن کو نابی بتنێ بیت، واتە دگەل لیژنا کاروبارێت کۆمڵایەتی کەڤفتە دەنگدانێن نها ڤێ لیژنا داکۆکی کرن ل فافێت ئافرتیش بچتە دەنگدانێ واتە ئەول لیژنا بتنێ وەکی خۆی بمینیتن نەچیتە بچیتە دەنگدانێ، ئەگەر دەنگ نەئینا رەئیێ دووێ بچیتە دەنگدانێ.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سێ خاڵی تری نیزامی، فەرمووو ئێڤار خان.

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتیوانی لە راکانی ئامینە خان ئەکەم، چۆن لیژنەی مافی مرۆڤ بە تەنیا هاتە دەنگدان بە هەمان شێوە لیژنەی ژنانیش بێتە دەنگدان.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کەژاڵ خان.

**بەڕێز کەژاڵ هادی فقێ داود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری راکەی ئامینە خان و ئێڤار خان ئەکەم ئەبێ هەرسێ لیژنەکە ماددەی (14 ، 15، 16) بخرێتە دەنگدان و دوایی دەنگدان لەسەر دەمج کردنی لیژنەکان بکرێ.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك عباس.

**بەڕێز عباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەریکی پەرلەمان.**

هەر ماددەیەك دەنگی لەسەر درا ئەبێتە یاسا پێویستە دەنگی لەسەر نەدرێتەوە، ئەگەر بدرێتەوە ئەبێ بە یاسایەکی تر دەنگدانی بۆ بکرێتەوە بۆ هەڵوەشاندن، کۆتایی بەو ماددەیە هاتووە، خاڵی یەکەم دەنگی هێنا، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، جارێ دەنگدان لەسەر کۆی ماددەکە نەبووە، جارێ ماوە تا ئەبێتە یاسا دوو ، سێ برگەی تر ماوە، ئیمزا ماوە، ئیسدار ماوە، فەرمووو کاك تەحسین.

**بەڕێز تحسین اسماعیل احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دووبارەی ئەکەمەوە برگەی دەنگێ لەسەر دراوە ئەڵێ لیژنەی مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ لیژنەی کاروباری کۆمەلایەتی و داکۆکی کردن لە ئافرەتان بکرێتە یەك لیژنە، دەنگی هێناوە و ناکرێ جارێکی تر لیژنەی ئافرەتان بە تەنیا دەنگی لەسەر بدرێ.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بابەتەکە دیارە، سێ ماددە هەیە، لیژنەی کاتی وای نووسیوە هۆکاری خۆی هەیە، تەنیا ماددەی (14) ی نەنووسیوە وەکو خۆی بمێنێ، لە (15 ،16 ) هاتووە، فەرمووو بێگەرد خان، دواتر رەئی کۆتایی لیژنە ئەیدات.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە سێ را هەیە، ئەو سێ رایەش تەقسیم بووە بەسەر سێ برگەی تر، لەبەر ئەوە خاڵی یەکەم چۆن خراوەتە دەنگدان، خاڵی دووەم و سێیەمیش بە هەمان شێوە، ئەکاتە (9) جار دەنگدان، بەڵام ئەتوانین ئەو شێوازە لەسەر ئەو پێشنیازەی کرا رێکی بخەینەوە، بۆ نموونە لیژنەی ژنان بخەینە دەنگدان بمێنێ یان دەمج بکرێ، ئەگەر ئەوە دەنگی هێنا بە مانەوە یان دەمج کردن ئەوکاتە دوو دانەکەی تر ئۆتۆماتیکی لەگەڵ یەکتر دەمج ئەبێ و ئیشکال دروست نابێ.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، رای لیژنەش وایە، فەرمووو کاك ئەبو بەکر.

**بەڕێز أبو بەکر عمر هەڵەدنی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە رای من ئەو دوو رایە بخەینە دەنگدانەوە، رای یەکەم ئایا ئەو سێ لیژنەیە بە سەربەخۆی وەکو خۆی بمێنەوە، ئەگەر لەوە دەنگی هێنا تەحسیل حاسڵە، ئەگەر نەیهێنا رای دووەم دوەمجی لیژنەکانە، ئافرەتان و کاروباری کۆمەلایەتی بکەین بە یەك لیژنە.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك سۆران.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی چواردە لیژنەی مافەکانی مرۆڤ وەکو خۆی نەهێنا بۆ ئەوەی بمێنێتەوە، وەك رای یەکەم دەنگی هێنا کە لەگەڵ دوو لیژنەکەی تر دەمج بکرێ، ئەوە حەسم بوو، دێینە سەر لیژنەی داکۆکی لە مافی ئافرەت، ئەویش مافی خۆیەتی پێی بڵێین وەکو خۆی بمێنێتەوە یان نا؟ ئەوە بخرێتە دەنگ، ئەگەر دەنگی نەهێنا دەمجەکەی دەنگی هێناوە، ئەخرێتە دەنگ، لیژنەی کاروباری کۆمەلایەتیش بە هەمان شێوە ئایا وەکو خۆی بمێنێتەوە یان دەمج بکرێ، واتە ئەگەر لیژنەی ئافرەتانیش دەنگی نەهێنا ئەوە ئۆتۆماتیکی دەکمج ئەبێ، کۆمەلایەتیش دەنگی نەهێنا دەمج ئەبێ، کامیان دەنگی هێنا وەکو خۆی بمێنێتەوە لە دەمجەکە دەرئەچێ، دوایی ئیختیاری دەمجەکە بخەرەوە دەنگەوە لەگەڵ کامیان تێکەڵ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو ئەبو کاروان.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس عبدالرحمن / ئەبو کاروان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس هەمان روون کردنەوەی کاك سۆرانم هەبوو.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا ئەوەی (15) وەکو خۆی بمێنێتەوە، لیژنەی داکۆکی کردن، کێ لەگەڵە؟ (32) کەس لەگەڵە، هی سێەم لیژنەی کاروباری کۆمەلایەتی وەکو خۆی بمێنێتەوە، کێ لەگەڵە؟ فەرمووو کاك عمر خالی نیزامی.

**بەڕێز عمر عینایەت حمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تکا ئەکەم دەنگدانەکە ئیعادە بکەوە، (32) نەبوو یەکەم، دووەم، بە هیچ جۆرێك ناکرێ ئێمە لیژنەی ژنانمان دەمج کردووە جارێکی تر بە سەربەخۆ بیهێڵینەوە، دژی دەنگدانی خۆمانە.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەزانی کاتێك عمر دیارە سێ را هەبوو، وەکو خۆی بمێنێ، ئەوەی کراوە ئەبێ راست بکەینەوە.
**بەرێز عمر عینایەت حمە:**
ئەو گەلەییە بۆ لیژنەی پەیرەوە نەیانتوانیووە بگەنە رایەکی وا کە ئەندامانی پەرلەمان بەرچاویان روونتر بێ، داوا ئەکەم ئەو ژماردنە ئەکید بکرێتەوە.
**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
ئەو گلەییە لە شوێنێکی تر دابنێن، بەڵام سوپاسی لیژنەش بکەن زۆر رەنجی کێشاوە، داوا لە بێگەرد تاڵەبانی ئەکەم روون کردنەوە لەسەر دەنگدانەکە بکات، بە حاسیبەمان ژماردووە.
**بەرێز بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی:**
**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بۆ ئەوەی بەرچاو روونیتان هەبێ سێ رای جیاواز لەسەر سێ لیژنەی جیاواز هاتۆتە ناو هۆڵی پەرلەمان، ئەگەر ماف هەبێ بۆ لیژنەی مافی مرۆڤ بمێنێتەوە یان دەمج بکرێ، ماف هەیە بۆ لیژنەی ژنان بمێنێتەوە یان دەمج بکرێ، بۆ لیژنەی کاروباری کۆمەلایەتیش هەیە، چونکە لیژنە بە سێ رای جیاواز هێناویەتی، کەوایە هەرسێ لیژنەکە یان ئەواتە ئەبێ لەگەڵ دەمج بن، یان ئەبێ وەکو خۆی بمێنەوە، هەرسێ را جیاوازەکە ئەبێ بخرێتە دەنگەوە، کامەی لە هەمووی زیاتر دەنگی هێنا ئەوە ئەبێتە رای پەرلەمانی کوردستان بۆ پەیرەوی ناوخۆ، لەسەر مەسەلەی ژماردن، دووجار ژماردنەکەمان دووبارە کردەوەن هیژ هەڵەیەکی تێدا نەبووە.
**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، ئەوەی سێیەم ئەخەینە دەنگدان، کاروباری کۆمەلایەتیش ئەخەینە دەنگدان، ئێنجا دژەکەش ئەخەینە دەنگدان بۆ ئەوەی تەواو بەرێوە بچێ، فەرموو کاك زانا خالی نیزامی.
**بەرێز زانا عبدالرحمن عبداللە:**
**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**
خۆی ئەو میکانیزمەی دەنگی پێدراوە زۆر تێینەگەیشتین، بەس بەپێی ئەو میکانیمە بێ ئێستا لیژنەی زنانیش نەما، چونکە دەمجەکە (35) دەنگی هێناوە، لیژنەی ژنان (32) دەنگی هێناوە، لیژنەی ژنانیش کۆتایی هات، ئەوەی ماوەتەوە لیژنەی کاروباری کۆمەلایەتیە، چونکە مافی مرۆڤ کەمتری هێنا لە دەمجەکە، وتمان کۆتایی هاتووە، ئێستا بەو دەنگدانە لیژنەی ژنانیش کۆتایی هات، چونکە نەگەیشتە (35) دەنگ، ئێستا بەس کاروباری کۆمەلایەتی ماوە، ئەگەر نەگاتە (35) ئەویش کۆتایی دێ، ئیتر پێویست ناکات دەنگ لەسەر دەمج بدرێتەوە.
**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، ئەو شتە مەنتقیە، پرۆسە دەنگدانەکە بەردەوامە، کۆتایی نەهاتووە، لە برگەی یەکەو و دووەم و سێیەم، سێیەم کاروباری کۆمەلایەتیش ئەبێ بخەینە دەنگدان، وەکو خۆی بمێنێن ئینجا بەپێی دەنگەکان بریاری کۆتایی ئەدەین، فەرموو ئامینە خان.
**بەرێز ئامینە زکری سعید:**
**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**
مەبدەئێ پەرلەمانی و عورفی پەرلەمانی نینە تو تشتەکی بێخیە دەنگدانێ و رەئیا دژی نەخیا دەنگدانێ، واتە دبێت هەردوو رەئی بچنە دەنگدانێ.
**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
فەرموو کاك مردان.
**بەرێز مەردان خدر مصطفی:**
**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ئەو تەسویتەی کرا ئەوە خیلافی مەبدەئی تەسویتە، لە رای یەکەم تەسویت لەسەر ئەوە کرا هەرسێ لیژنە دەمج بکرێ (35) دەنگی هێنا، ژمارەکی زۆری ئەندامان کە دەنگیان بۆ ئەو رەئیە دا، جارێکی تر دەنگیان بۆ رەئیەکی تر دا کە لیژنەی ئافرەتان سەربەرخۆ بێت، بۆیە دەنگدان بۆ دوو رەئی دژی یەك خیلافی مەبدەئی تەسویتە، کە دەنگتدا بۆ رەئیەك ناکرێ بۆ رەئیەکی تر دژی ئەو بدەی.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دیارە پێشنیاری دەنگدانەکە پەسند کرا، لەبەر ئەوە ئەوەی ئێستا پەیدا بووە ئەوە نەبوو لە سەرەتا کە وتمان دەنگدان لەسەر سێ رایە، واتە دەنگدان لە برگە کۆتایی پێ نایە، چواردەیە یان پانزەیە، ئاخرەکەش شانزەیە، یەعنی لە سەرەتاوە کە لیژنەی کاتی شەرحی کرد دەنگدان بۆ چواردەیە، سێ را هەیە، دەنگدان بۆ پانزەیە سێ را هەیە، بۆ شازدەیە سێ را هەیە، واتە کۆتایی نەهاتووە، ئەوەی دژە، ئەوەی ئامینە خان باسی کرد من بە باشی ئەزانم لە کۆتایی دەمجەکە زۆرینەی دەنگی هێناوە ئەوەی دژە ئەوجا ئەخەینە دەنگدان و کۆتایی پێ دێ، فەرموو ئێڤار خان.

**بەرێز ئێڤار ابراهیم حسین:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئامینە خان قسەمانی منی کرد، بەڵام ئەبوایە لە کاتی دەنگدان بۆ لیژنەی مافی مرۆڤ ئایا بمێنێ یان نەمێنێ چۆن دەنگ بۆ ئەوە درا نەمێنێ بەهەمان شێوە ئەبوایە دژیش هەبوایە، ئەوەم نەبینی، سەرەتا کۆی ئەو پرۆسەیە هەمووی بە هەڵە بووە، یەکمجار وتمان ئەبێ هەر سێ لیژنە دەمج بکرێن خەلەل بوو، دووەم لیژنە بە لیژنە جیا ئەوەیش خەلەل بووە، ئەوەی من نیگەرانم بەشێکی زۆری مەوزوعی لیژنەی ئافرەتانەن پێم وایە بەشی زۆری پەیوەندی، ئەبوایە ئەو بابەتە بە شەخسی نەکرێ، بەتایبەتی قەزیەی ژن، بەداخەوە لە هەرێمی کوردستان دۆخی ژن خراپە، ئەبوایە بۆ ئایندەش ئەو لیژنەیە بمێنێ، لەبەر ئەوەی ئێمە لەپەرلەمان نامێنین، شەری ئەوە ناکەین، بۆ داهاتوو شەر ئەکەین، زۆر زۆر زەروور بوو ئەو لیژنەیە وەکو خۆی بمێنێ، بەڵام بەداخەوە بەشێ لە ژنەکان و بەشێ لە پیاوەکان دەنگیان بەوە نەدا.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بە ئەکید بابەتەکە وەکو خۆی باسی لێ بکەین، ئەم پەرلەمانتارانەی ئێستا کە بەرگری لە مافی ئافرەت بکەن لە خولەکانی داهاتووش بەهەمان شێوە ئەتوانن بەرگری لە مافی خۆیان بکەن، فەرموو دکتۆر فرست.

**بەرێز فرست صۆفی علی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەو سیستەمەی کە سێ بیرورا هەبێ یان چوار هەبێ هەمووی بخرێتە دەنگدان رێك لە پەرلەمانی سویدمان وەرگرتووە، شتێ نەبووە خۆمان کردبمان، ئەوان کە شتێ سێ، چوار بیروای لەسەر بوو هەموویان ئەخستە دەنگدان، کامیان زۆرینەی هێنا ئەو پەسند ئەکرا، هەمان شتمان کردووە، شتێ نیە موخالفی لە پەیرەو شێوازی تەسویت روون و ئاشکرا نیە تا بڵێی ئەوە موخالیفە، ئەوامان هێناوە، پێتان باشە لەسەر بەردەوام ئەبین، پێتان باش نیە ئەگەرێینەوە سیستەمی خۆمان کە پەیرەومان کردووە، خۆ ئەو ماددەیە تەواو نەبووە تا بڵێی قوفڵ بووین، لە کۆتایی هەمووی ئەخرێتە دەنگدان، ئێستا کێشەکە لەسەر لیژنەی مافی مرۆڤ و ژنان و کاروباری کۆمەلایەتیە، (35) کەس وتوویەتی لیژنەی مافی مرۆڤ لەگەڵ ئافرەتان و کاروباری کۆمەلایەتی ببێتە یەك، لیژنەی ئافرەتانیشمان خستە دەنگدان 032) کەس لەگەڵە، کاروباری کۆمەلایەتیش ئەخەینە دەنگدان ئەگەر رێژەکە

چەند بوو ئینجا دێین بیروراکانی ئێوە ئەخەینە دەنگدان، ئەگەرنا زۆر ئاسـاییە بە تەسـەوری من موخالفی پەیرەو نیە، ئەگەڕێنەوە سەر سیستەمی کۆنی خۆمان، هی یەکەم ئەخەینە دەنگدان، زۆرینەی هێنا و ئەوەی دژ بوو کەمینە بوو یەکسـەر ئەوانی تر سـقوت ئەکەن، فەرموو سەرۆکی پەرلەمان تەتبیقی بکات.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، من دوو خالی تری نیزامی، فەرموو گەشە خان.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی کە دژ نەخراوەتە دەنگدانەوە ئەوە لە کاتێکدا ئەکرێ یەك را هەبێ، بەڵام لێرە بۆ نموونە لەبەردەم لیژنەی داکۆکی لە مافی ئافرەت لەبەردەم سـێ راین، یەکیان وەکو خۆی بمێنێتەوە، واتە دوو راکەی تر دژەکەیە کە ئەبێ بخرێتە دەنگدان، پێویسـت ناکات بلێی وەکو خۆی بمێنێتەوە یان نا، دوو راکەی تر جیاوازە وەکو خۆی بمێنێتەوە دژەکەیە.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ئەبو بەکر.

**بەڕێز أبو بەکر عمر هەڵەدنی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەنگی ئەندامان بۆ دەمج کردن و یەکستنی ئەو سێ لیژنەیە، ئەو سێ لیژنەیەش لە رووی تایبەمەندیەوە لە یەکەوە نزیکن، هەرسـێکی رەهەندی مافی مرۆڤیان هەیە، چ بە بەرگری کردن لە مافی مرۆڤ، چ پێشـێلکاری بەرامبەر، وەك لە پەیرەوەکە هاتووە لیژنەی مافی مرۆڤ، لیژنەی کۆمەلایەتی و منداڵ و خێزان، لیژنەی بەرگری لە مافی ئافرەت، هەرسـێ لیژنەکە خاڵی هاوبەشیان زۆرە، لەبەر ئەوە ئەکرێ بکرێتە یەك زۆر تەبیعیە، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك مەروان.

**بەڕێز مەروان گەلاڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری قسەکانی کاك زانا و مامۆستا ئەکەم، تێبینیشم بۆ خوشکانی گەورەم ئێمە لیژنەی مافەکانی ئافرەتان ئەگەر لەیادیان بێ زۆربەی ئەو خوشـکانەی لەو پەرلەمانە داکۆکی لە مافەکانی ئافرەت ئەکەن ئامادە نەبوون بچن لەو لیژنە ئەکتیف بکەن، ئەو سێ لیژنەیە وەکو مامۆسـتا ئەبو بەکر باسـی کرد تایبەتمەندی یەکتریان هەیە، قەناعەتم وایە مەسـەلەی مافی ئافرەت و داکۆکی لە مافی ئافرەت بەراسـتی بەو یەکلایە ناکرێتەوە کە لیژنەیەکی تایبەت هەبێ، ئەبێ سـەقافەتی خەڵکەکە بگۆردرێ، ئەبێ خەڵك بە چاوی رێزەوە سەیری ئافرەت بکات، خوازیاریشم بە تایبەتی تەکلیفم لەو خوسکە بەرێزانە هەیە ئەو قەزیە گەورە نەکەن و وابزانن پەرلەمانی کوردستان داکۆکی لە مافی ئافلاەت ناکات، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ئومێد:

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەواو پشـتگیری لە بۆچوونەکەی مامۆسـتا مەروان ئەکەم، ئێمە قسـە لەسـەر پرسـی ژن ناکەین کە کێ دژە و کێ لەگەڵە، ئێمە باس لە پەیرەو و کاری پەرلەمانی ئەکەین، باس لە لیژنەکان ئەکەین، مەسەلە قەزیەی ژن نیە، بەتایبەتی لە میدیا و ئەبینین بەو شێوازە قسە

کردن لەسەر ئەو بابەتە مەسەلە پرسی ژن نیە، تەئیدی ئەو بۆچوونەش ئەکەم کاتێ ئەو لیژنەیە دانرا نیسابی ئەو لیژنەیە بە پیاوان پرکرایەوە، ژنەکان ئامادە نەبوون، ئەو پەیرەوەش بۆ خولی ئایندەیە، واتە ئەو لیژنەیە نە مەسەلە بە شەخسی کردنە، لە خولی ئایندە جارێکی تر ئەتوانێ دەستکاری پەیرەو بکات، دەستکاری لیژنە بکات بەپێی پێکهاتەی حکومەت، بۆیە هیچ رەبتی بە ئێستا نیە، پرسی ژنیش نیە، پرسی پەیرەویە، سێ لیژنەی پەرلەمانی دەمج ئەکرێن ئیختیساسیان لە یەکەوە نزیکە، ئەکرێ دەمج بن، ئەکرێ نەبن، بەڵام مەسەلەکە پرسی ژن نیە، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك عومەر.

**بەڕێز عمر عینایەت حمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرای من کاتێ دەنگدان لەسەر برگەی یەکی چواردە کرا ئیتر دەنگدانەکانی تر پوچەڵ ئەبێتەوە، تکا ئەکەم ئەو سێ لیژنەیە بووە بە یەك، بەرگری لە مافی ئافرەت، کاروباری کۆمەلایەتی، لەگەڵ مافی مرۆڤ، دەنگی هێناوە، بەپێی پەیرەوی ناوخۆ ناکرێ دەنگدانێك هەڵبوەشێتەوە، ئەو سێ لیژنەیە بووە بە یەك، دوای ئەوە هەر دەنگدانێك بکرێ بۆ (15 ، 16) دەنگدانێکی باتڵە.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، هەر بۆ ئاگاداری باسیان کرد، ئەوە دەنگدانە، بەردەوامە، ئەوەی تر دژن، ئەوەش ئەبێ بخەینە دەنگدانەوە، فەرموو کاك صالح.

**بەڕێز صالح فەقێ محمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە بە تایبەت سەرۆکی پەرلەمان میکانیزمی دەنگدانەکەی داناوە، پەیرەو حاڵەتێکی عامە، کە ئەو میکانیزمەی سەرۆکی پەرلەمان داینا بۆ ئەو ماددەیە کە برگە بە برگە دەنگی پێ بدرێ کەوایە پێویست ناکات باس لە پەیرەو بکرێ بۆ دەنگدانەکە، لەبەر ئەوەی وەکو حاڵەتێکی تایبەت ئەو ماددەیە میکانیزمێکی تری بۆ دانرا بۆ دەنگدان کە یەکێك بخرێت دەنگ، بۆیە پێم وایە ئەوە دەنگی پێدراوە، لە ئەساسیش ئەو سێ لیژنەیە کە رازی بووی لەسەر ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان دەنگی پێدرا کەوایە ئۆتۆماتیکی ئەو سێ لیژنەیە بووە بە یەك، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو بابەتە دەنگ پێدراوە، بەڵام پرۆسەی دەنگدان بەردەوامە، کێ دژە، یەك ماددەشە، ئیتر ماوە، ئەوەی تریش ئەبێ بخرێتە دەنگدان، لیژنەی مافی مرۆڤ دەنگی نەهێنا، لیژنەی مافی ئافرەت دەنگی هێناوە ژمارەکە دیارە، ئەوەی کۆمەلایەتی ماوە وەکو خۆی بمێنێ، ئەبێ بخرێتە دەنگدانەوە، ئەیخەمە دەنگدانەوە، ئەوەی کاروباری کۆمەلایەتی وەکو خۆی بمێنێ، کێ لەگەڵە؟ (4) کەس لەگەڵە، واتە رای یەکەم بەپێی ئەو پێشنیارەی لیژنە لەسەری کاری کردبوو کە هەموویان بخرێتە دەنگدان، ئەوەی زۆرینە ئەهێنا پەسندە، پێشنیاری یەکەم لیژنەی مافەکانی مرۆڤ و کاروباری کۆمەلایەتی و دکۆکی کردن لە ئافرەت ئەبێتە یەك لیژنە، کۆی ماددەی (29)، فەرموو ئامینە خان.

**بەڕێز ئامینە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئێك روون کردنێ هەی لسەر ئاخفتی بەرێز ئوێمد خۆشناو دگەل مامۆستا مەلا مەروان، هەلبەت پرسا ژنێ پرسەکا مرۆڤایەتیا، پرسەك نینە کو گرێدای ب رەگەزی، واتە

ليژنـا ژنـا كـا چـاوانێ وەكی هەمیـت لیژنـا پەرلەمـانی ژن و زەڵـام پێكڤە ئەنـدامنن لیژنـا زەڵامیش هەیە ژن و زەڵام پێكڤە بۆ پرەسـنیپێ مافێ مرۆڤێ ژنان كار دكەن، واتە ب دیتنا من ئەو ئاخفتنێ وان دەرڤێ حقوقێ و یاسایەت نێڤدەولەتی و مافێ مرۆڤی بوون.

**بەڕێز د. جعفر ابراهيم ئيمێنكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك ئومێد.

**بەڕێز ئومێد حمه علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە خسـتنە دەنگی ئەو رايانەی ماون نابێ ناكۆك بێ لەگەڵ ئەو رايانەی كە ئەوەی لە رايەكان هەيە باس لەو كرا بۆ نموونە (16) كەس داوای ئەوەی كردووە ليژنەی داكۆكی كردن لە مافەكانی ئافرەتان وەكو خۆی بمێنتەوە، ئەو بابەتە خراوەتە دەنگدانەوە، ناكرێ جارێكی تر رای پەرلەمانتاران لەسەر هەمان بابەت بخرێتە دەنگدانەوە، بۆيە بەشێكی زۆری ئەو رايانە پێويستە پێداچوونەوەی بۆ بكرێ، ئەگەر شتێكی تێدايە نەخراوەتە دەنگدان ئەوە مەسەلەيەكەن بەس پێم وايە ئەو بابەتە حەسم بووە، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهيم ئيمێنكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، رايەكی بەجێيە، فەرموو كاك فەرحان.

**بەڕێز فەرحان جوهر قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە بگەڕێينەوە بۆ ئەو عورفەی كە بەكـارهـاتووە هەر يەك رای زۆرينە يـان رای يەكەم بدرێتە دەنگدان و دژەكەشـی بدرێتە دەنگدان، ئەگەر زۆرينەی هێنا ئەو رايەی تر پەسـندەن كە رايەك زۆرينەی هێنا چۆن ئەوەی تر زۆرينە دێنێ، بۆ ئەوەی لەو ئيشكالە خڵاس بين پێم وابێ وەكو دەستەی سەرۆكايەتی باشتر كارەكان بەڕێوە ئەچن.

**بەڕێز د. جعفر ابراهيم ئيمێنكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سـوپاس، بابەتەكە لەبەر ئەوەی چەندين رای جياواز هەبوون ئەو رايانە بەو شـێوازە تەرح كران، مەسـەلەن ناوی دژ نەهات، ئەگەر ناوی دژ هاتبوايە بە شـێوازێكی تر ئەبوو، فەرموو كاك بەهزاد.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشـنيار دكەم دا كۆتايی ڤێ خالێ بينين، گاڤێ رائيا ليژنێت ب (359 دەنگ زۆرينە هيناى، يا مافێ ئافرەتا (32) يا ئيناى، واتە دا ئەڤ هەردوو دەنگە دژی ئێك نەبن ئەوە (35) دەنگدان بۆ بێتە كرن كی دژە؟ هەر كە زيـاتر (35) دژ بيـت واتە دبی ڤێ ئـافرەتـا بيتە جودا، بەڵام ئەگەر زۆرينا نەهينا كۆتايی دێت.

**بەڕێز د. جعفر ابراهيم ئيمێنكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سـوپاس، كاك بەهزاد كۆتايی پێهات، چونكە ئەوەی (35) بوو ئۆتۆماتيكی ئەوەی تر (20) بوو زيـاتری نەهێنـا، ئەگەر (35) زيـاتری هێنـابوايە يەك لە دوای يەك هەڵدەوەشـايەوە، فەرموو دكتۆر فرست.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە سێ بيروارمان مايە ئەبێ بيانخەينە دەنگدان، يەكەميان سێ كەس زياتر ئەڵێن ليژنەی ناوخۆ پێشمەرگە لێك جيابن، سێ كەس زاياتر ئەڵێن ليژنەی ناوچە كوردستانيەكان سەربەخۆ بێ و دەمج نەكرێ، ئەوە يەك بيرورايە، بۆيە دژ و لەگەڵی ئەبی، سێ كەس زياتريش ئەڵێن وەبەرهێنان بچێتە سەر شارەوانی و ئاوەدان كردنەوە، تەنيا ئەو سێ بيرورايە مايە بيخەينە

دەنگدان، ئەوەی تر لەســـەر رەزامەنـدی ئێوە پەســـند کرا کە هەموو بیروراکـان بخرێتە دەنگدان، سـێ جاریش دووبارە کرایەوە، وتمان ئەو سـیسـتەمە نوێیە، قبوڵتانە سـێ بیروار هەیە هەرســـێکی بخرێتە دەنگدان کێ زۆرینەی هێنا ئەو پەســـند کراوە، ناتانەوێ ئەو سیستەمە پەیرەو بکەین ئەگەرێینەوە سیستەمی تەقلیدی خۆمان ناو پەرلەمان بەو شێوازە ئەرۆین، ئێستا لەبەر ئەوەی ئەو سێ رایە تەنیا یەك رایە ئەیخەینە دەنگدان کێ لەگەڵە کێ دژە، پێشـــنیاز ئەکەم ئەوە بخەیە دەنگدان، لیژنەی ناوخۆ و پێشـــمەرگە، ئێمە لەو پەیرەوە دەمجمان کردووە، ســـێ کەس زیاتر ئەڵێن جیا بکرێتەوەن بیخە دەنگدان ئایا جیا بکرێتەوە یان نا؟

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك مستەفا.

**بەرێز مصطفى سكرى:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەموو فراســـکیۆنە بەرێزەکان چ ئەوانەی نێونەرایەتیان زۆربێ چ ئەوانەی نوێنەریان کەم بێ هەتا ئەگەر یەك نەفەریش بێ نوێنەری هەموو شـــەریعەکانی کۆمەڵگاکەی خۆییەتی، پێم وایە بەرێزانی لیژنەی کـاتی پەیرەو زۆر شـــتی بـاشـــیـان کردیە کە بیریـان لە دەمج کردۆتەوە، ئەگەر لیژنەکان ژمارەیان کەم بێ فراســـکیۆنەکان نوێنەرایەتیان لە ناو لیژنەکان زۆر ئەبێ، یەعنی کەس بە ئینفیعـالی وەرنەگرێ، هەموو ئەنـدامەکـانیش دیـارە لە نـاو شـەریحەی کۆمەڵگا هاتوون و کەس دژی هیچ شـەریحەیەك نیە، بەڵام تا ژمارەی لیژنەکان کەمتر بێ نوێنەرایەتی فراکســـیۆنەکان لە ناو لیژنەکان زیاتر ئەبێ، ئەوەی پێشـــان (19) لیژنەیە، ئێستا زۆربەی فراکسیۆنەکان ئەوانەی ژمارەیان کەمە نوێنەرایەتیان لە ناو لیژنەکان نیە، ئەوە شتێکی باش نیە، دەمجەکە زۆر باشە.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، پێشتر گرنگی ئەو بابەتە لە ناو لیژنە موناقەشەی زۆر کراوە لەسەر باشی دەمج و خراپی، ئێسـتا ئەو پێشـنیارەی پێشـکەش کراوە ئەخەینە دەنگدان، لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی پێشـــمەرگە پێکەوە بن، ســـێ را لە ســـێ کەس زیاتر کە جیا بکرێنەوە، هەردووکی دێخینە دەنگدان، ئەوەی ئێسـتا پێشـنیاری جیا کردنەوەیە دواتر دژەکەی، کێ لەگەڵە جیا بکرێتەوە؟ جارێکی تر، لیژنەی ناوخۆ وەکو خۆی بمێنی و لیژنەی پێشـــمەرگەش بە جیا، کێ لەگەڵە؟ (20) کەس لەگەڵە جیـا بن، ئەوەی ئەیەوێ دەمج بکرێ؟ (33) کەس لەگەڵە، بە زۆرینەی دەنـگ پەســـنـد کرا، پێشـــنیـاری دووەم، لێرە لە پەیرەوی نوێ هـاتووە لیژنەی نـاوچە کوردســـتانیەکان لەگەڵ لیژنەی پەیوەندیەکانی دەرەوە دەمج بکرێ، یەکیتر هاتووە ئەڵێ لیژنەی ناوچە کوردسـتانیەکان وەکو خۆی بمێنێ، سـێ کەس زیاتر پشـتیوانی کردووە کێ لەگەڵە؟ (29) کەس لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێ دەمج نەکرێ، ئەوەی دژە؟ (20) کەس ئەڵێ دەمج بێ، واتە بە زۆرینەی دەنگ لیژنەکە بە جیا ئەمێنێتەوە، پێشـنیاری سـێیەم سێ کەس زیاتر پشـــتیوانی لێ کردووە، وەبەرهێنان لە جیاتی دارایی و ئابووری بچێتە ســـەر لیژنەی شـــارەوانی و ئاوەدان کردنەوە، روونە؟ دەنگدانە، ئەوەی دەمجە وەبەرهێنان لە ئابووری دارایی ئەچێتە شـارەوانی و ئاوەدان کردنەوە، دەسـت بەرز بکەنەوە، گواسـتنەوەیە، دەمج نیە، (32) کەس پەسـندیەتی، کێ دژە؟ (25) کەس دژە، بە زۆرینەی دەنگ ئەو گواسـتنەوە پەســـند کرا، ئەوەی تر، کۆی ماددەی (29) بەو هەموارکردنەوانەی ئێســـتا پەســـندتان کرد ئەخەینە دەنگدان، پێوســـــت ناکات بخوێندرێتەوە لەبەر دەســـتانە ئەخەینە دەنگدان، بیخوێنەوە.

**بەڕێز ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەرلەمان ئەو لیژنە هەمیشەییانەی خوارەوە پێکئەهێنێ:

1 لیژنەی کاروباری یاسایی.

2- لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان.

3- لیژنەی پێشمەرگە و ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێیەکان.

4- لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری.

5- لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.

6- لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە و مافی بەکاربەر.

7- لیژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی.

8- لیژنەی پەیوەندیەکان و رەوەندی کوردستانی.

9- لیژنەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم.

10- لیژنەی وزە و سامانە سورشتیەکان و پیشەسازی و بازرگانی.

11- لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشت و گوزار و ئاوەدان کردنەوە و وەبەرهێنان.

12- لیژنەی رۆشنبیری و کۆمەڵگەی مەدەنی و وەرزش و لاوان.

13- لیژنەی دەستپاکی و کاروباری پەرلەمان و سکاڵا.

14- لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی.

15 لیژنەی کاروباری کۆمەلایەتی و داکۆکی لە مافی ئافرەت و مافی مرۆڤ.

بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی-سەرۆکی پەرلەمان:

ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێندرایەوە ئەخەینە دەنگدان، ئەو ماددەیە بەو شێوازە کە (15) لیژنەیە، (44) کەس پەسندیەتی، کێ دژە؟ (9) کەس دژە، بە زۆرینەی دنگ پەسند کرا، فەرموو بەردەوام بن.

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (30):

1 هەر لیژنەیەکی هەمیشەیی لە چوارچێوەی جێ بەجێ کردنی کارەکانی ئەتوانێ لە نێو ئەندامەکانی لیژنەی لاوەکی دروست بکات، بۆ کارێکی دیاری کراو لەسەر پێشنیاری سێی یەکی لیژنە کاری فەرعی لیژنەکانیش کۆتایی دێ بە کۆتایی هاتنی کارەکە.

2- هەر لیژنەیەك لای کەم مانگی دووجار کۆ ئەبێتەوە، ئەم حوکمە لەسەر کۆبوونەوەی لیژنەکان لە نێوان دوو وەرزی یاسا دانان جێ بەجێ نابێ.

3- لیژنە هەمیشەیەکان لەسەر داوا سەرۆك یان جێگری سەرۆك یان سەرۆکی لیژنە یان سێیەکی ئەندامانی لیژنە لە کاتی پێویست کۆ ئەبێتەوە، ئەبێ ئەندامانی لیژنە (24) کاتژمێر پێش کۆبوونەوە لەلایەن بریاردەری لیژنە لە کات و شوێنێ بەرنامەی کاری کۆبوونەوە ئاگادار بکرێنەوە.

4- رێژەی یاسایی کۆبوونەوە بە ئامادە بوونی زۆرینەی ئەندامان تەواو ئەبێ، بریارەکانیش بە زۆرینەی دەنگی ئامادە بووان ئەدرێن، لە کاتی یەکسانی بوونی دەنگەکان ئەو لایەنەی سەرۆك لەگەڵیەتی زۆرینە ئەبێ.

5- دانیشـــتنی لیژنە لە کۆنووس تۆمار ئەکرێن کە ناو و واژووی ئەمادەبووان و پوختەیەك لە بروای ئەندامان و ئەو بریارانەی کە لە کۆبوونەوەکە وەرئەگیرێت لە خۆ ئەگرێ.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو.

**بەرێز فرست صۆفی علی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بە کۆکردنەوەی ئەو بیروارییانەی لەســەر ماددەی (30) پێشــکەش کرابوون هیچ یەك لەو رایانە سێ کەس زیاتر پشتگیری نەکردبوو، هەڵوەستەشمان لەسەر موڵاحەزاتەکان کرد شـتێکی ئەوتۆ نەبوو کە ئیزافەکەین، بۆیە پێشـنیاز ئەکەین ماددەی (30) وەکو خۆی بخرێتە دەنگدان، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، یەك خاڵی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەرێز عمر عینایەت حمە:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك بابەت هەیە لە ئەنجامی ئەزموونی خۆمان کۆبوونەوەی لیژنەکان، دوو کۆبوونەوەی لیژنە لە مانگێك زۆرە، لای کەم زۆرە، بە رای من بکرێ بە پێی پێویست.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (30) بەو شـــێوازەی خوێندرایەوە ئەخەینە دەنگ، کێ لەگەڵە؟ (48) کەس لەگەڵە، ئەوەی دژە؟ (3) کەس، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموو ماددەی دواتر.

**بەرێز رێواز فائق حسین:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەرۆك بۆی هەیە هەر بابەتێك بخاتە بەردەم لیژنەکان بەپێی تێروانینی خۆی یان لای کەم لەسەر داوای پێنج ئەندامی پەرلەمان.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو.

**بەرێز فرست صۆفی علی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەســەر ماددەی (31) سـێ کەس زیاتر ئەڵێن پێنج ئەندام زۆرە، بەڵام نەیانوتووە چەند بێ، وەکو لیژنەی کاتی وتوومانە ســـەرۆك بۆی هەیە یان پێ،ج ئەندامی لیژنە، وتوویانە پێنج ئەندام زۆرە، ئەگەر بیخەیە دەنگدان ئەبێ بڵێین یەك، دوو.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی ئەبوایە یەکلایی بکرێتەوە، بەڵام چۆن هاتووە بەو شـــێوازە ئەخەینە دەنگ، ئەگەر نەیهێنا داوا لە لیژنە ئەکەین ژمارەکی تر بدات، پێنج زۆر نیەن دوای ســـەرۆکی پەرلەمان وای لێ دێ ئەبێ دۆسیەکی زۆر گەورە دروست بکات، فەرموو کاك ئەبو بەکر.

**بەرێز ئەبو بەکر عمر هەڵەدنی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە رای من بکرێتە سـێ ئەندام، لەوانەیە هەندێ لە لیژنەکان کەمتر بن لە (11) ئەندام، بۆیە زۆرە پێنج.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو خالی نیزامی.

**بەرێز بەشار مشیر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێم باشە دیاری بكرێ سەرۆكی لیژنە، وا تەسەورمان كرد سەرۆكی پەرلەمانە.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عومەر.

**بەڕێز عمر عینایەت حمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرۆك تەعریف كراوە، سەرۆكی پەرلەمانە، ئایا ئەوە سەرۆكی لیژنەیە یان سەرۆكی پەرلەمان. دوەم، پێنج ئەندامەكە هی پەرلەمانە بابەتێك بخەنە روو بۆ بەردەم لیژنەیەكی تایبەت، مەبەستی ئەوە نیە ئەندامی لیژنە، پێم وایە لیژنە روون كردنەوە بدات باشترە.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو لیژنە.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەپێی ئەوە كە لێرە هاتووە پێشتر سەرۆك تەعریف كراوە، بەپێی پەیرەوی ئێستاش سەرۆكی پەرلەمان بۆی هەیە بابەت بخاتە بەردەم لیژنە، بۆیە لێرە مەبەست سەرۆكی پەرلەمانە نەك سەرۆكی لیژنە، ئەندامیش ئەندامی پەرلەمانە.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو پەروا خان.

**بەڕێز پەروا علی حمەمحمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مادام ئەوە سەرۆكی پەرلەمانە لەجیاتی سەرۆك و ئەندامانی پەرلەمانە، لە هەمان كاتیش لیژنەكان كەم بوونەوە بۆ (15) لیژنە، كەوایە زۆر ئاساییە پیپنج كەس بێ.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك ئومێد.

**بەڕێز ئومێد حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پشتیوانی ئەوە ئەكەم وەكو خۆی بخرێتە دەنگدان، چونكە شتێك بوو گوایە سەرۆكی لیژنە بێ، ئەگەر سەرۆكی لیژنە بێ كێشەیە، بەڵام كە سەرۆكی پەرلەمان بێ پێم وابێ گرفت نیە.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو دكتۆر فرست.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێستا وەكو لیژنە موتەفیقین وەكو خۆی بێ، بەڵام یەك لەوانەی كە ناەكەی لامانە پەروا خان بووە وتوویەتی (5) زۆرە.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، وكو خۆی، فەرموو كاك بەهزاد.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە پێویستی ب روون کردنا زیاتر، چنکی پێشتر و زیاتر 2 ساڵە گەنگەشە لەو بابەتە کراوە، بە بۆچونێ خۆم سەرۆك مەبەستی سەرۆکا پەرلەمانە، ئەم پێنج ئەندامەش ئەو ئەندامێت پەرلەمانن کە ئەندام نین لەو لیژنەی کە ئەم بابەتە دێخنە بەردەم ئەو لیژنەیە، ئەگینا لە ماددەی (30) ئەلێت یەك لەسەر سێی ئەندامان ئەتوانن بریاریش لێ بدەن، یەعنی داوای کۆبوونەوەش بکەن نەك بابەت، بۆیە ئەندامی لیژنە بە قەناعەتێ خۆم هەی وایە، هەر ئەندامەك بە تەنیاش ئەتوانی لەو کۆبوونەوەش لیژنە بابەتەك بخاتە روو لەوێ گەنگەشە بکات و بریار لەسەر بدرێ، بۆیە واتێدەگەم هەر پێنج ئەندامە ئەوانەن ئەندام نین لەو لیژنە، روون بکرێتەوە باشە.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆرە بەهار روون کردنەوە.

**بەڕێز د.بەرهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرۆك واتە سەرۆکی پەرلەمان، سەبارەت بە پێنج ئەندامەکە ئەگەر بەڕێزتان دیقەت بدەن ئەویش هەر سەرۆکی پەرلەمان ئەیکات، بەڵام لەسەر داوای پێنج ئەندام پەرلەمان، گرنگ نیە لەو لیژنەیە یا نا، پێنج ئەندامی پەرلەمان داوایەك پێکشەشی سەرۆکی پەرلەمان ئەکەن ئەڵێن ئەو شتە بخەرە بەردەم لیژنەی دارایی بۆ نموونە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو گەیشت، فەرموو کاك ئەبو بەکر کۆتا روون کردنەوە.

**بەڕێز ئەبو بەکر عمر هەڵەدنی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وایە تا ئەوکاتە ئیشکالێك هەیە لەو بابەتە، چونکە لە ماددەی پێشوو تر ماددەی (30) خاڵی چوارەم ئەڵێ لە کاتی یەکسانی بوونی دەنگەکان ئەو لایەنە کە سەرۆك لەگەڵیەتی، لێرە مەوزوع سەرۆکی لیژنەیە، بۆیە لێرەش ئەگەر مەبەست لە سەرۆکی پەرلەمانە بڵێین سەرۆکی پەرلەمان، من پێم وایە سەرۆکی لیژنەیە نەك سەرۆکی پەرلەمان.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لە تێگەیشتنی ئێمە ئەو ماددەی پەیوەستە بە سەرۆکی پەرلەمانەوە، تەسەور ئەکەم ئەو تێگەیشتنە ئێستا زیاتر بووە، ئاخیر روون کردنەوە لەلایەن دکتۆر فرست.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (31) هیچ گومانی تێدا نیە مەبەستمان سەرۆکی پەرلەمانە، ئەندامانی پەرلەمانیش ئەندامی پەرلەمانن لە هەر لیژنەیەك بن، بەڵام بۆ ئەوەی مامۆستا ئەبو بەکر وتی راستە لەسەرەوە ئەکەینە سەرۆکی لیژنە بۆ ئەوە ئەو تێکەڵاویە دروست نەبێ.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی- جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە بخوێنەوە بۆ ئەوەی بە سەرۆکی پەرلەمان بنووسرێ، فەرموو کاك عومەر.

**بەڕێز عمر عینایەت حمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ قسەکەی کاك فرسەتم، ئەوەی کاك ئەبو بەکریش هەر تەواوە، بەڵام ماددەی (30) دەنگی لەسەر دراوە چۆن چارەسەری ئەکەن.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سیاغەیە، لە سیاغە هەموو یاسایەك ئەکرێ سیاغە بکەیەوە، لیژنەی یاسایی لێرە نین، فەرموو بخوێنەوە.

**بەڕێز بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (31):

سەرۆك بۆی هەیە هەر بابەتێك بخاتە بەردەم لیژنەکان بەپێی تێروانینی خۆی یان لای کەم لەسەر داوای پێنج ئەندامی پەرلەمان.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە؟ (46) کەس پەسندیەتی، کێ دژە؟ کەس نیە، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموو ماددی دواتر.

**بەڕێز بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (32):

1 پاش ئاگادار کردنەوەی سەرۆکی لیژنە هەر ئەندامێك بۆی هەیە لە کۆبوونەوەی هەر لیژنەیەك ئامادە بێ، ئەتوانێ راو سەرنجی خۆی پێشکەش بکات بەبێ بوونی مافی دەنگدان.

2- دانیشتنی لیژنەکان و کۆنووس و دەنگدانەکان بە نهێنی ئەبێ، تەنیا لەو بارانەدا نەبێ کە لیژنە بریاری بە پێچەوانەی ئەوەی دابێ.

3- راوێژکارەنی پەرلەمان بەپێیب پسپۆری بەشداری کۆبوونەوەی لیژنەکان ئەکەن بەبێ بوونی مافی دەنگدان.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆر فرست.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنیا یەك را هەیە کە سێ کەس زیاتر پشتگیری کردووە، ئەڵێ کۆنووسی لیژنە پێویست ناکات نهێنی بێ، ئێمە وەکو لیژنەی کاتی لە دواین کۆبوونەوە تاوتوێی ئەوەمان کرد، پێمان وایە یەکێ لە کارەکانی لیژنە لەوانەیە دیراسە کردنی زۆر بابەت بێت، لەوانە پێویست بکات ماوەیەك نهێنی بمێنتەوە، مانەوەی نهێنی راپۆرتەکانی لیژنە کارێکی باشە، خۆ ئەگەر لیژنە خۆی بابەتێکی بەباش زانی بە پرێس کۆنفرانس بیکات، ئەکرێ لە لیژنە بریاری لەسەر بدەن، بەڵام ئەسڵ ئەبێ کۆنووسی راپۆرتەکانی لیژنە بە نهێنی بێ، بۆیە ئێمە جارێکی تر ئەکید ئەکەینەوە وێرای ئەوەی سێ کەس زیاتر پشتگیری ئەو رایەیان کردووە کە نهێنی نەبێ، ئێمە جەخت ئەکەینەوە و پێمان وایە زەرورە ئەو ماددەیە وەکو خۆی بخرێتە دەنگدان.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ئەبو بەکر روون کردنەوە.

**بەڕێز ئەبو بەکر عمر هەڵدنی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی دووەم هەڵگیرێ یان وەکو خۆی بمێنێتەوە برگەی دووەم لە ماددەی (32) کۆنووس بە نهێنی بێ یان نا بخرێتە دەنگدان.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

یانی خاڵی دوو بە تەواوی هەڵگیرێ؟ ئەو پێشنیارەی هەیە لەسەر کۆنووس، ئەوجا ئەو پێشنیارە بەو شێوازە ئەخەینە دەنگدان کە کۆی خاڵی دوو کە دانیشتنی لیژنە و کۆنووس و ئەو خاڵە بە دوو شێواز، یەك، هەڵگیرێ، دواتر دژ وەکو حۆی بمێنێ ئەخەینە دەنگدان، ماددەی (32) خاڵی دوو ئەخەینە دەنگدان، ئەو پێشنیارەی هەیە داوا ئەکەن لابرێ، کۆی ئەو خاڵە، کێ لەگەڵە (32) کەس لەگەڵیەتی، ئەوەی دژە؟ (17) کەس، واتە بە زۆرینەی

دەنگ پەســـند کرا خاڵەکە لائەبرێ، کۆی مادەەی (32) ئەخوێندرێتەوە دوای لابردنی خاڵی دووەم.

**بەرێز بەهار محمود فتاح:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (32):

1 پاش ئاگادار کردنەوەی ســـەرۆکی لیژنە هەر ئەندامێك بۆی هەیە لە کۆبوونەوەی هەر لیژنەیەك ئامادە بێ، ئەتوانێ راو ســـەرنجی خۆی پێشـــکەش بکات بەبێ بوونی مافی دەنگدان.

2- راوێژکارەنی پەرلەمان بەپێی پســـپۆری بەشـــداری کۆبوونەوەی لیژنەکان ئەکەن بەبێ بوونی مافی دەنگدان.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەو شـــێوازە کێ لەگەڵە (42) لەگەڵە، کێ دژە؟ (8) کەس، بە زۆرینەی دەنگ پەســـند کرا، فەرموو ماددەی (33).

**بەرێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (33):

ئەو حوکمانەی لەو پەیرەوە و ئامادە بوون لە دانیشتنەکانی پەرلەمان لەسەر ئامادە بووان لە دانیشتنی لیژنەکانیش جێ بەجێ ئەکرێن.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك دکتۆر فرست روون کردنەوە.

**بەرێز فرست صۆفی علی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ئەو ماددەیە موڵاحەزە نیە، بۆیە داوا ئەکەم بخرێتە دەنگدان.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (33) بەو شێوازەیە کێ لەگەڵە؟ (51) کەس لەگەڵە، کێ دژە، کەس نیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموو ماددەی (34).

**بەرێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (34):

لەکاتی بەتاڵیەتی ئەندامی یەکێ لە لیژنەکان ئەوە ئەندامێکی دیکە بەپێی هەمان رێگەی دەق کراو لەو پەیرەوە کاندید ئەکرێ و جێگەی ئەگرێتەوە.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆر فرست.

**بەرێز فرست صۆفی علی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ رایەك نەهاتووە، داوا ئەکەین وەکو خۆی بخرێتە دەنگەوە.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (34) بەو شێوازە کێ لەگەڵە؟ (55) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژە؟ کەس نیە، بە کۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموو ماددەی دواتر.

**بەرێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
ماددەی (35):
بە رەزامەندی سـەرۆك لیژنەی هەمیشـەیی بۆی هەیە داوا لە لیژنەیەكی دیكەی پەرلەمان بكات رای خۆی لەسەر بابەتێكی دیاری كراو بخاتە روو.
**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
فەرموو كاك دكتۆر.
**بەڕێز فرست صۆفی علی:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
ئێمە لەبەر ئەوەی هیچمـان بۆ نەهـاتووە لەســـەر ئەو مـاددەیە داوا ئەكەین وەكو خۆی بخرێتە دەنگدان.
**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
ماددەی (35) كێ لەگەڵە؟ (54) كەس پەسـنـدیەتی، كێ دژە؟ كەس نیە، بە كۆی دەنـگ پەسند كرا، فەرموو دواتر.
**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
ماددەی (36)
دە ئەندامی پەرلەمان یان هەر فراكســیۆنێكی پەرلەمانی بۆیان هەیە دوای تێپەر بوونی (45) رۆژە بەســـەر ئاراســتە كردنی پرۆژەیەك بۆ لیژنەی تایبەتمەند داوای روون كردنەوە لەبارەی ئەو پرۆژەیە لە لیژنەكە بكەن.
**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
فەرموو دكتۆر فرست.
**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
لەســر ئەو ماددەیە داوا ئەكەین بخرێتە دەنگدان، چونكە هیچ رایەك لە سـێ كەس زیاتر پشتگیری نەكردووە.
**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنكی/ جێگری سەرۆكي پەرلەمان:**
ماددەی (36) كێ لەگەڵە؟ (65) كەس لەگەڵە، كێ دژە؟ كەس نیە، بە كۆی دەنگ پەســند كرا، ماددەی دواتر.
**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
ماددەی (37):
ئەگەر بۆ سەرۆكایەتی پەرلەمان روون بۆوە كە یەكێ لە لیژنە هەمیشەیەكان لە راپەراندنی كارەكانی كەمتەرخەمی ئەنوێنێ، ئەوا بۆی هەیە لە هۆكارەكانی بكۆڵێتەوە و هەوڵەكانی بخاتەگەر بۆ كاراكردنی لیژنەكە، بەڵام ئەگەر هەر نەیتوانی لەسـەر سـەرۆكایەتی پەرلەمان پێویســتە ئەندامی نوێ بۆ لیژنەكە بپاڵێویت و بەپێی ئەو رێكارانەی لەو پەیرەوە هاتوون بیانخاتە بەردەم پەرلەمان.
**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
سوپاس، فەرموو دكتۆر فرست.
**بەڕێز فرست صۆفی علی:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
بە هەمان شـێوە داوا ئەكەین ئەو ماددەیە وەكو خۆی بخرێتە دەنگدان، هیچ رایەك لە سـێ كەس زیاتر پشتگیری نەكردووە.
**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە ئەخرێتە دەنگدان کێ لەگەڵە (57) کەس لەگەڵە، کێ دژە؟ کەس نیە، بە کۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموو دواتر.

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنە هەمیشـــەیەکان لە ســـەرەتای هەر وەرزێکی یاســـا دانان ئەو پرۆژانەی ماونەتەوە دەست ئەکەنەوە بە کارکردن لەسەریان بێ ئەوەی پێویست بکات جارێکی تر بۆی رەوانە بکرێتەوە.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز  فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـێ کەس زیاتر داوایان کردووە ئەو ماددەیە هەڵبگیرێت، ئێمەش لە دواین کۆبوونەوە لە لیژنە کاتی تاوتوێمان کرد خۆشـمان پشـتیوانی ئەو رایەمان کرد کە ئەو ماددەی هەڵگیرێ، داوا ئەکەین بخرێتە دەنگدان هەڵگیرێ یان نا.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

خالی نیزام هەیە دواتر ئەخرێتە دەنگدان.

**بەڕێز سیراج احمد حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوا لە لیژنە مەعنیەکان ئەکەین روونی بکەنەوە سەبەبی هەڵگرتنی چیە؟

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ســەیری ماددەکە بکەین کە تاوتوێمان کرد لەگەڵ ئەندامانی بەڕێز بۆمان دەرکەوت ئەوە تەخسیل حاسڵە، پێویست بە نووسین ناکات، خۆی کە وەرزی نوێی یاسا دانان هات لیژنە پەیوەندیدارەکان بۆیان هەیە ئەو پرۆژە یاســایانەی خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە جارێکی تر بەسەری بچنەوە، بنووسی یان نا هیچ ئیزافەیەك نیە.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ســـوپـاس، من واتێگەیشـــتم مـاددەکە هۆی لـابردنی روونە، ئەخەینە دەنگـدان، ئەوەی پەسندیەتی لابرێ؟ (52) کەس، کێ دژە؟ (1) کەس، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا ماددەکە لابرێ، فەرموو ماددەی دواتر.

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (39):

ئەگەر لیژنەی هەمیشـەیی پێشـنیازی یاسـایەکیان تاوتوێ کرد کە رێژەی یاسـایی ئەندامان پێشـــکەشـــیان کردبوون ئەکرێ یەکەم ئەندام کە واژووی کردووە ئەگەر ئەندامی لیژنەکە نەبوو ئامادەی کۆبوونەوەی لیژنەکە بێ بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر پێشنیازی یاساکە، ئەگەر ئەو نەیتوانی ئەکرێ یەکێکی تر لەوانەی واژوویان کردووە ئامادە بێ.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆر فرست.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ماددەی (39) سێ کەس زیاتر پێیان وایە پێویست ناکات ئەو ماددەیە هەبێ، ئێمە وەکو لیژنە پێمـان وایە بوونی ئەو مـاددەیە زەرووره، چونکە زۆرجـار هەیە قـانوونێـك پێشکەش ئەکرێ لەلایەن کۆمەڵی ئەندامی پەرلەمان کە ئەندام نین یان ئەو کەسەی خۆی ســەرپەرشــتی کۆبوونەوەکەی کردووە ئەندام نیە لە لیژنەی مەعنی، پێمان باشــە لە کۆبوونەوەیەك کە راپۆرتی تێدا ئامادە دەکرێ ئەو بەرێزەی وەکو کەســی یەکەم کە ئامادە کاری پرۆژەکەیە (9) بەرێزی تر یان زیاتر هاوکاری کردوون دەرفەتی پێ بدرێ زەروورەتی پێشــکەش کردنی پرۆژەکە بۆ لیژنەی مەعنی بخاتە روو، بۆیە ئێمە پێمان وایە وێرای رێز گرتن لە رای سێ ئەندامی لیژنەکە ئەڵێن هەڵگیرێ، پێمان باشە بمێنێتەوە.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ســوپاس، رای تر هەن، یەك لەو رایانەی هەن وتوویانە ئەو ماددەیە نەمێنێ، فەرموو کاك عومەر.

**بەڕێز عمر عینایەت حمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنیا روون کردنەوە ئەدەم، پشــتگیری قســەکەی دکتۆر فرســت ئەکەم، لەبەر ئەوەی بۆ نموونە کەسێ پرۆژەیەك تایبەت بەخۆی پێشکەش ئەکات، بەڵام ئاگادار نیە لە کۆبوونەوەی لیژنەکەی ئەوان کەیە، ئەوانیش پێی ناڵێن، لەبەر ئەوە ئەگەر ئەو ماددەیە هەبێ ئەوکات فەرز ئەبێ بەســەر لیژنەکە دەعوەتی بکەن بۆ کۆبوونەوەکە، ئەوە بەســەر خۆم هات لەو خولە، پرۆژەیەکم پێشــکەش کرد و رەت کرایەوەن پێشــیان نەوتم، ئێســتا جارێکی تر پێشکەشی ئەکەمەوە.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی پشتیوانی لێ ئەکەن بمێنێ دوو رەئی پێشکەش کرا، ئەوەی دژە فەرموو.

**بەڕێز بێستون فائق محمد:**

**بەڕێز سەرۆیکی پەرلەمان.**

مـاددەی (32) بۆ خۆی ئەوەی یەکلـایی کردۆتەوە (هەموو ئەنـدامێکی پەرلەمـان ئەگەر واژووی کردبێ یا نا ئەتوانێ لە کۆبوونەوەی هەر لیژنەیەك ئامادە بێ).

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ئەبو بەکر.

**بەڕێز ئەبو بەکر عمر هەڵەدنی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وازیحە، ئەڵێ لە برگەی دووەم ئەکرێ واتە ئەتوانێ ئامادە بێ و ئامادەش نەبێ.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك فەرحان.

**بەڕێز فرحان جوهر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر ئەنـدام پەرلەمـانێـك ئەتوانێ لە هەر لیژنەیەك ئـامـادە بێ، بۆیە بە رەئی من هیچ پێویست نیە ئەو ماددەیە بمێنێ، ئەتوانێ لە هەموو لیژنەکان ئامادە بێ.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ســوپاس، رایەکان دیارن، داوا لە ئێوە ئەکەم ئەوەی پشــتگیری لەوە بکەن لابرێ لە ســێ پێشــنیار زیاتر هەبووە، جاری یەکەم ئەوە ئەخەینە دەنگدان کۆی ماددەکە لابرێ (7) کەس

لەگەڵە، کێ دەیەوێ وەکو خۆی بمێنێ؟ (45) کەس، بە زۆرینەی دەنگ وەکو خۆی ئەمێنێ، فەرمووو کاك عومەر.
**بەرێز عمر عینایەت حمەسعید:**
**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**
زۆر داوای لێبوردن ئەکەم، ئەگەر ئەکرێ بکەن بە پێویســتە لە کاتی ســیاغە من پێشــنیار ئەکەم، ئیتر ئەو کێشەیە حەل ئەبێ.
**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
فەرمووو کاك فەرحان.
**بەرێز فرحان جوهر قادر:**
**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ئەمە سیاغە نیە، پێویستە و ئەکرێ زۆر زۆر لێك جیاوازن، سیاغە ناکرێتە ئەو وشەیە.
**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، فەرمووو کاك حەسن.
**بەرێز حسن صالح محمد:**
**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ئەو مـاددەیە ئەگەر ئەو دەکرێیە نەکرێتە پێویســتە کەوایە لە شــوێنێکی تر هـاتووە ئەندامێکی تر بۆی هەیە لە لیژنەیەکی تر بەشــداری بکات، بەڵام ئەوەی بەرێزتان ئەیڵێن ئەوە لە ســیاغە چاك ئەکرێ، لەو پەرلەمانە هەر خاڵێك بخرێتە دەنگدانەوە رەئی زۆربەی ئەندامانە، ناکرێ لە ســیاغە چاك بکرێ، ئیلا ئەبێ ئەوەی ئەخرێتە دەنگدانەوە ئەوە بروا، ئەوە لە پرۆتۆکۆل بنووسرێ.
**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، ئەوەی سیاغە سنووردارە، مەسەلەی ئیملا نیە، مەسەلە هەڵە نیە، ماددەی دواتر فەرمووو.
**بەرێز قارەمان قادر فتاح:**
**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**
هەموو لیژنەیەکی هەمیشــەیی ناوی ئەو پســپۆر و شــارەزایانەی کە تایبەتمەندنیان پەیوەستە بە کاری لیژنەکە دەست نیشان ئەکات و لە کاتی پێویست لە رێگەی دەستەی سـەرۆکایەتی پەرلەمان راوێژیان پێ ئەکات و سـوود لە پسـپۆری و لێهاتوویان وەرئەگرێ و ئەکرێ لەسەر کارەکان پاداشت بکرێن و ئەگەر پێویست بوو گرێبەستیان لەگەڵ بکرێ.
**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، فەرمووو دکتۆر فرست.
**بەرێز فرست صۆفی علی:**
**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**
لەسـەر ئەو ماددەیە هیچ رایەك نەبووە کە سێ کەس پشـتیوانی بکات، بۆیە داوا ئەکەین وەکو خۆی بخرێتە دەنگ.
**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
ماددەی (40) بەو شێوازە کێ لەگەڵە؟ (46) کەس پەسندیەتی، کێ دژە؟ کەس نیە، بە کۆی دەنگ پەسند کرا، فەرمووو دواتر.
**بەرێز قارەمان قادر فتاح:**
**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (41):
هەر لیژنەیەکی هەمیشەیی لەسەر داوای سێ یەکی ئەندامانی بۆی هەیە دانیشتنی گوێ لێگرتن (جلسات استماع) لەسەر هەر بابەتێك پەیوەست بە تایبەتمەندی لیژنە بۆ بەرپرس و کەوادیری حکومی و کەرتی تایبەت و پسپۆران و نوێنەری رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و هەر کەسێ بە پێویستی بزانن ئەنجام بدات، هەر ئەندامێکی پەرلەمانیش بۆی هەیە لەو دانیشتنە ئامادە بێت و گفتوگۆ بکات، ئەبێ لیژنە پوختەی دانیشتنی گوێ گرتن و دەرەنجامەکانی لە راپۆرتێك ئاراستەی دەستەی سەرۆکایەتی بکات.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو روون کردنەوە.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ رایەك سێ کەس پشتیوانی نەکردووە، داوا ئەکەین وەکو خۆی بخرێتە دەنگدان.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ماددەی (41) بەو شێوازە کێ لەگەڵە؟ (50) کەس پەسندیەتی، کێ دژە؟ (کەس نیە) بە کۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموو دواتر.

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (42):
هەر لیژنەیەکی هەمیشەیی لە چوارچێوەی پسپۆریەکەی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە و سەردانی مەیدانی ئەکات لەسەر ئاستی جێ بەجێ کردنی ئەو یاسا گشتیانەی پەیوەندیدارن بە بەرژەوەندیە بنەرەتیەکانی هاونیشتیمانیانی هەرێم، هەروەها چاودێری کردنی گونجانی سیستەم و رێنماییەکان کە بۆ ئاسان جێ بەجێ کردنی یاساکە دەرچوون، لەگەڵ ئامانجی سەرەکی یاساکەن لەسەر لیژنەی هەمیشەیی پێویستە راپۆرتێك لەسەر ئەنجامی بەدواداچوونیان و پێشنیازەکانیان ئاراستەی دەستەی سەرۆکایەتی بکەن و ئەوانیش بۆیان هەیە ئەوەی گونجاوە بیگرنە بەر لەژێر رۆشنایی راپۆرتەکە.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو روون کردنەوە.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ تێبینیەك نیە داوا ئەکەین بخرێتە دەنگدان.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (42) بەو شێوازە ئەخرێتە دەنگدان (48) کەس پەسندیەتی، کێ دژە؟ کەس نیە، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموو دواتر.

**بەڕێز ئەبو بەکر عمر هەڵەدنی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (43):
1 لیژنەکان بۆیان هەیە داوا لە سەرۆك بکەن بۆ بەشداری کردنی وەزیری پەیوەندیدار بۆ ئامادە بوون لە دانیشتنی لیژنە و پێشکەش کردنی روون کردنەوەی پێویست لەسەر ئەو بابەتەی ئەخرێتە روو، بە شێوەیەك ماوەی سێ رۆژ لە رێکەوتی ئاراستە کردنی بانگهێشت نامەکە تێپەر نەکات.
2- وەزیری پەیوەندیدار بۆی هەیە لە دایشتنەکانی لیژنەکان ئامادە بێ کاتێ گفتوگۆی بابەتێك ئەکرێ کە پەیوەندیدارە بە وەزارەتەکەی و بۆی هەیە ستافی وەزارەتەکەی

لەگەڵ خۆی بهێنێ بۆ کۆبوونەوە و تێروانینەکانیشـــیان لە راپۆرت جێگیر ئەکرێن بێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێ.

3- لیژنەکان بۆیان هەیە بۆ بەشـداری ئەوانەی پلەیان لە خوار وەزیرەوەیە لە کۆبوونەوەی لیژنە داوا ئاراستەی سکرتێری پەرلەمان بکەن.

4- لیژنەکان بۆیان هەیە لە رێگەی جێگری ســەرۆکی پەرلەمان داوا لە فەرمانگە فەرمی و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بکەن کە زانیاری پێویســتیان پێشــکەش بکەن یان لە کۆبوونەوەی لیژنە ئامادە ببن.

5- ئەگەر ئەو لایەنانەی لە برگەکانی ســەرەوە باســکران خۆیان گرت لە پێدانی زانیاری یان ئامادە نەبوون لە کۆبوونەوە، ئەوە ئەکاتە لە رێگەی ســەرۆکی پەرلەمان ســەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی لێ ئاگادار ئەکرێتەوە، لە حاڵەتی وەڵامنەدانەوەی داواکاریەکەی لە ماوەی (7) رۆژ دا بابەتەکە ئەخرێتە بەردەم پەرلەمان بۆ ئەوەی تێروانینی بۆ بکات.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو روون کردنەوە.

**بەرێز فرست صۆفی علی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ تێبینی نیە، داوا ئەکەین بخرێتە دەنگدان.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

وەك ئەوەی خوێنـدرایەوە کێ لەگەڵە؟ (49) کەس لەگەڵە، کێ دژە؟ کەس نیە، فەرموو دواتر.

**بەرێز سۆران عمر سعید:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (44):

1 پەرلەمان لیژنەی کاتی بە بە مەبەســتی ئامادە کردنی راپۆرت ســـەبارەت بە بابەتێکی دیاری کراو لەســەر پێشـنیاری دەسـتەی سـەرۆکایەتی یان چوار یەکی ژمارەی ئەندامان بە دەنگی زۆرینەی ئامادە بووان لەکاتی پێویست پێکدێنێت.

2- سەرۆکایەتی پەرلەمان لە دەرەوەی وەرزەکانی یاسادانان دەستەڵاتی پێکهێنانی لیژنەی تایبەتی هەیە.

3- بـابەتە تـاوانکـاریەکـان و هەربـابەتێـك لەژێر تێروانینی دادگـاکـان بێ نـابێتە بـابەتی لێکۆڵینەوەی لیژنە تایبەتەکانی پەرلەمان.

4- لەکـاتی کـارکردنی لیژنە هەر ئەنـدامێـك نهێنی کـاری لیژنە بـدرکێنێ ئەنـدامێتی لیژنە لەدەست ئەدات.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو روون کردنەوە.

**بەرێز فرست صۆفی علی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەســەر برگەی یەکەم و دووەم و ســێیەم هیچ تێبینی نیە، تەنیا لەســەر برگەی چوار سـێ کەس زیاتر ئەڵێن بگوترێ نابێ نهێنی بدرکێنێ نەك بگوترێ ئەندامیەتی لیژنە لەدەســت ئەداتن یەعنی وای لێ بێ لەکاتی کارکردنی لیژنە هەر ئەندامێك نابێ نهێنی بدرکێنێ.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو پێشـنیارە بەو شـێوازە ئەخوێنینەوە کە سێ کەس زیاتر پشـتیوانی کردووە برگەی چوار یەکلایی ئەکەینەوە ئینجا کۆی ماددەکە ئەخرێتە دەنگدان، خاڵی نیزامی فەرموو.

**بەرێز یروانت نیسان مارکۆس:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
ماددەی كە نهێنیەكە لادە لازمە برگەیش ژی لادە.
**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
سوپاس، فەرموو دكتۆر فرست.
**بەڕێز فرست صۆفی علی:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
هەرچەندە ئێمە لەگەڵ لیژنەیش هەمیشەیش لەگەڵ نەبووین راپۆرتەكان موعلەن بنن بەڵام ئەوە بە دەنگدانی ئێوە رۆیشت، بەڵام ئەوە زۆر شتێكی جیاوازە، ئەوە لیژنەی كاتیە لەوانەیە دەست ببا بۆ خسوسیاتی زۆر تایبەتمەندـ بۆیە گرنگە ئەوە بمێنێ، بەڵام لەسەر سیاغەكەی، ئەگەرنا ئەو سێ بەرێزەش كە داوایان كردووە نەیانوتووە حورە بچێ نهێنی بدركێنێ، ئەڵێن نهێنی نەدركێنێ، ئێمە وتوومانە ئەگەر دركاندی ئەندامیەتی لیژنەكەی لە دەست ئەدات، توندمان كردووە، سێ ئەندامی بەرێزی پەرلەمان زیاتر داوایان كردووە نەخێر ئەوە هەڵگرین و لە جیاتی ئەوە بنووسرێ ئەندامی لیژنەی كاتی نهێنی نەدركێنێ، برگەی چوار لەسەر داوای سێ ئەندام زیاتر بخرێتە دەنگدان ئایا لەگەڵن وای لێ بێ لە جیاتی ئەوەی بڵێین ئەندامیەتی لەدەست ئەدات بڵێین نهێنی نەدركێنێ، ئەوە بخەینە دەنگدان ئەگەر ئەوە قبوڵ نەكرا ئیتر وەكو خۆی ئەخەینە دەنگدان.
**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
سوپاس، فەرموو كاك ئەبو بەكر.
**بەڕێز ئەبو بەكر عمر هەڵەدنی:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
خاڵی چوارەم تایبەتە بە لیژنە كاتیەكان، بۆ نموونە ئەوەی لەم خولە لەسەر بەقاچاخ فرۆشتنی نەوت لیژنەی كاتی بۆ پێكهات چووە سەردانی مەیدانی كردووە، یان لەسەر رووداوی هەڵبژاردنەكان، ئەو توندوتیژیانەی بەكارهێندرا، ئەكرێ ئەندامی لیژنە كاتییەكە هەندێ زانیاری ناو لیژنەكە هێشتان كە تەواو نەبووە كارەكانی بیدات بە ئیعلام، بەرای من، بەڵام قاسیە بە یەكجار ئەگەر بكرێ وەكو خۆی بمێنێتەوە بە دوو قۆناغ بێ، لەلایەن سەرۆكی لیژنەكەوە سەرنجی راكێشرێ، ئەگەر دووبارەی كردەوە ئینجا دەربكرێ لە لیژنەكە.
**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
ئەو بابەتە بۆ موناقەشە نیە، ئێستا داوا لە دكتۆر فرست ئەكەین سیاغەكە بكەن و بیدەن بە ئێمە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.
**بەڕێز فرست صۆفی علی:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
ئەوە داوای سێ ئەندام زیاترە، لە كاتی كاركردنی لیژنەی كاتی ئەندامی لیژنە نابێ نهێنیەكان بدركێنێ، واتە لە جیاتی برگەی چوار ئەمە جێگەی بگرێتەوە، ئەوە بخە دەنگدان.
**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
ئەو پێشنیارە ئەخەینە دەنگدان، نابێ نهێنی بدركێنێ (28) كەس لەگەڵیەتی، ئەوەی دژە؟ (28) كەس دژە، بێگەرد خان دەنگی لەگەڵ ئەوەیە وەكو خۆی بێ، واتە بە (29) كەس پێشنیارەكە رەت كرایەوە، كۆی ماددەكە، فەرموو مامۆستا حەسن.
**بەڕێز حسن صالح محمد:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
پێش ئەوەی تێپەرێ من دەنگم بۆ یەكەمیان دا، دووەم وامزانی بە عام خستۆتە دەنگدانەوە، بۆ ئەوەی دووەمیش دەنگم دا، كەوایە ئەوەی یەكەم براوەیە.
**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو تێبینەی کاك حەســـن جدیە، لەبەر ئەوە دووبارەی ئەکەینەوە، ئەوەی یەکەم ناخەینە دەنگدان (28) بەدەســت هێناوە، ئەوەی دووەم ئەیەوێ ماددەکە وەکو خۆی بمێنێ ئەوەی ئەخەینە دەنگدەوە، فەرموو دکتۆرە ڤاڵا.

**بەڕێز ڤاڵا فەرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر برگەیەك دەنگی لەسـەر درا نابێ دووبارە بکرێتەوە، ئینجا کۆی ماددەکەت نەخستۆتە دەنگەوە، کۆی ماددەکە کە خســترا دەنگدان بەڕێزیان ئەتوانێ لەوێ دەنگی بۆ نەدا، بەڵام دووبارە کردنەوە پەیرەوی نیە.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئامینە خان.

**بەڕێز ئامینە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نابی دەنگدان بکرێتەوە، مادام ئەبو دەمنگێ خو بۆ برگە دووێ لاباتن، مادام دەنگ بوینە هاڤبەش، دەنگێ سەرۆکێ پەرلەمانێ دگەل کێیە ئیکلا دبیت.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عومەر.

**بەڕێز عمر عینایەت حمەسعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکەی من خاتوو ئامینە کردی، مەبەستم ئەوە بوو بەڕێزت یەکلا بکەیتەوە.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

من ئەڵێم وەکو خۆی بمێنێ، کۆی مـاددەکە، (47) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژە؟ (4) کەس دژە، ماددەکە بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموو دواتر.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (45):

1 پێویســتە لەســەر دەســتەڵاتی جێ بەجێ کردن ئەرکی لیژنە تایبتەکان ئاســان بکات و دۆکۆمێنت و زانیاری داواکراویان پێشکەش بکات.

2- لیژنە تایبەتیەکان ئەتوانن کاری بەدواداچوون و پشـــکنین و گەران بەدوای راســـتیەکان ســـەبـارەت بە وردە کـاری ئەو بـابەتـانەی بـۆی راســـپـێـدراون لە تەواوی دامەزراوە پەیوەندیدارەکان ئەنجام بدەن، بۆ ئەو مەبەستەش ئەتوانن پشت بە شارەزایان و راوێژکاران ببەستن.

3- ا بە گوێرەی ئەو رێوشوێنانەی لەو پەیرەوە دەق نووس کراوە لیژنە تایبەتیەکان ئەتوانن بە نووســـراو داوای ئامادە بوونی هەر کەس و لایەنێك بکەن بە مەبەســـتی راوەرگرتن و گوێبیست بوونی وتەکانیان.

ب- ئەگەر کەس و لایەنی بانگراو بەبێ پاســـا و لە کاتی دیاری کراو ئامادە نەبوو ئەوا لیژنەی کاتی ئەتوانێ لە رێگەی ســـەرۆکایەتی پەرلەمانەوە دەســـتەڵاتی جێ بەجێ کردن ئاگادار بکاتەوە بە مەبەســـتی ئامادەکاردنی داواکراو بە گوێرەی یاســـای بنەما دادگەریە سزاییە بەرکارەکان لە هەرێم.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆر فرست.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ تێبینی نییە، داوا ئەکەین وەکو خۆی بخرێتە دەنگدان.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (45) بو شێوازە، فەرمووو دکتۆر شێرکۆ خاڵی نیزامی.
**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
هەر بۆ ئەمە نا بۆ زۆر شتەکانی تر، لەگەڵ ئەوە بووم سیاغەکەی دابرێژرێتەوە.
**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، کێ لەگەڵە؟ (53) کەس پەسندیەتی، کێ دژە؟ کەس نیە، بە کۆی دەنگ پەسند کرا، فەرمووو دواتر.
**بەڕێز سۆران عمر سعید:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (46):
1 لیژنەی تایبەت راپۆرت و راسپاردەکانی ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەکات و دوای دابەش کردنی بەسەر ئەندامان، راپۆرتەکە ئەخرێتە بەردەم پەرلەمان بە مەبەستی تاوتوێ کردن و وەرگرتنی بریاری گونجاو لە بارەیەوە.
2- ئەگەر راپۆرتەکە لە نێوان دوو وەرزی یاسا دانان ئاراستەی سەرۆك کرا ئەوە بە گوێرەی گرنگی بابەتەکە سەرۆکایەتی پەرلەمان بریار ئەدات لەسەر دواخستنی خستنە رووی بۆ وەرزی نوێی یاسا دانان یان ئەنجامدانی کۆبوونەوەی نائاسایی بۆ خستنە رووی بابەتەکە و بریاردان لەسەری.
**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، فەرمووو دکتۆر فرست روون کردنەوە.
**بەڕێز فرست صۆفی علی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
هیچ تێبینی نیە، داوا ئەکەین بخرێتە دەنگ.
**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، کێ لەگەڵ دایە؟ (58) کەس لەگەڵە، کێ دژە؟ کەس نیە، بە کۆی دەنگ پەسند کرا، فەرمووو دواتر.
**بەڕێز سۆران عمر سعید:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
کاری لیژنە تایبەتەکان بە کۆتایی هاتنی کاتی دیاری کرا و یان ئەو ئەرکەی پێیان سپێردراوە کۆتایی پێ دێ.
**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، فەرمووو روون کردنەوە.
**بەڕێز فرست صۆفی علی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
هیچ تێبینی نیە، وەکو خۆی بخرێتە دەنگدان.
**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
فەرمووو کاك ئەبو بەکر.
**بەڕێز ئەبو بەکر عمر هەڵەدنی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
لە کاتی سیاغە هەمووی بکەین بە لیژنەی تایبەت، چونکە لە هەندێ شوێنیش لیژنەی کاتیش هاتووە، ئەبێ ئەوە سیاغە بکەین.
**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، بەو شێوازە کێ لەگەڵە؟ (56) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژە؟ کەس نیە، بە کۆی دەنگ پەسند کرا، سوپاس بۆ لیژنەی کاتین بەرێز وەزیری شارەوانی ئەیەوێ بەشدار بێ، دانیشتنەکە سەعات 30-3 ئەگەرێینەوە.

# پاش پشوو

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەناوی خوای گەورە، دانیشتنەکەمان دەست پێ ئەکەینەوە، دیارە بەرنامەی کار بۆ برگەی دووەم داوا لە لیژنەی یاسایی ئەکەین بفەرموون بۆ سەر شوێنی تایبەت، برگەی چوارەم ئەوەی پەیوەستە بە گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای زیادەرەوی لەسەر موڵکی گشتی بەهۆی ئەوەی کە وەزیری شارەوانی لێرە بوو، زۆر چاوەڕێش بوو، بە مەبەستی ئەوەی بتوانێ لەم دانیشتنە بەشدار بن، دیارە چەند تێبینیەکیان هەبوو ئەیویست کاتی زیاتر لەگەڵ لیژنەی یاسایی بۆ گفتوگۆی ئەو تێبینیانە ئسەنجام بدەن، داوای کاتی زیاتریان کرد، بۆیەش ئەو برگەیە دوا ئەکەوێ بۆ دانیشتنی هەفتەی داهاتوون دوو شەمە، وا رێکوتین، دووشەمەی داهاتوو سەعاتی (11) دانیشتن لەسەر ئەو بابەتە ئەکەین، داوا لە لیژنەی یاسایی ئەکەین برگەی دووەم خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەو پرۆژە یاسایانەی خوارەوە بەپێی ماددەی (71) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو.

1 پرۆژە یاسای دەستەبەر کردنی نوێنەرانی ئافرەتان لە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان.

فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەرێز ڤاڵا فەرید ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

1 پرۆژە یاسای دەستەبەر کردنی نوێنەرانی ئافرەتان لە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان.

لە (12) ماددە و هۆیەکانی درەچووانـدن پێکهاتووە، لەلایەن ئەو ئەندام پەرلەمانەی پێشکەش کراوە کە واژووکانیان لەبەرامبەر ناوەکانیانە:

1 ئامینە زکری سعید. - بێگەرد دڵشاد شوکرڵا.- کەژاڵ هادی فەقێ.- شیلان جعفر علی:- حیات مجید.- ئێڤار ابراهیم حسین.- ڤیان عباس.- نجات محمد عبداللە.- ئومێد عبدالرحمن خۆشناو.- وحیدە یاقۆ هورمز. تەلار لتیف محمد._ منی نبی نادر. _ دلێر ماوەتی. _ عبداللە جاسم.- علی عوسمان علی.- منیرە عوسمان علی.- پەری صالح حمدی.- محمود حاجی عمر.- قارەمان قادر فتاح.- برزۆ مجید عبداللە.- دکتۆر محمد علی یاسین.- مدینە ایوب.- هێڤا حاجی میرخان.- فیرۆز تها.- دکتۆرە شیرین حسنی.- دکتۆرە زۆزان صادق.- محمد صادق سعید.- عیزت صابر اسماعیل.- مریم صمد عبدی._ سەرکوت سرحد.- زانا عبدالرحمن.- رێواس فائق.- مستفا احمد.- سعید محمد سعید.- گەشە دارا._ گۆران محمود اسماعیل.- قادر وتمان رەسول.- ئاری محمد هرسین.- ساڵار محمود._ سیراج خیڵانی.- ئاواز حمید حسین.- علی هالۆ._ تحسین اسماعیل.- شکریە اسماعیل مستفا.- نجیبە لتیف احمد.- سۆران عمر.- محمد سعدالدین.- سرود سلیم متی.- لینا عزریا بهرام._ عبدالرحمن فارس.- عبداللە حاجی محمود.- یروانت احسان._ جودت جرجیس.- حسین اسماعیل.- سهام عمر قادر.- سهراب میکائیل رێکانی.- بهزدا درویش زێباری.- غریب مستفا حمە خان. _ حاجی کاروان. _ ئەبو بەکر عمر عبداللە.

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان لەبەر ئەوەی من و دکتۆرە بەهار ئەو پرۆژەیەمان ئێستا بینیوە بۆمان نەهاتووە بۆ واژوو کردن، بۆیە ئەگەر ئاسایی بێ ناوەکانمان ئیزافە ئەکەین.

61- بەهار محمود فتاح.- ڤاڵا فەرید ابراهیم. - پەروا علی.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی واژووی نیە ناتوانین ئیزافەی بکەین، بەس دواتر لە رووی مەعنەوی ئەتوانن ناوی خۆتان ئیزافە بکەن، ئەم پرۆژەیە ئاراســـتە ئەکرێ بۆ لیژنەی یاســـایی، لیژنەی داکۆکی لە مافی ئافرتان و گشت ئەندامانی پەرلەمان، فەرموو پرۆژەی دووەم.

**بەرێز ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یاسای رێکخستنی عەلوەکان کە لە شەش مادده و هۆیەکانی دەرچوواندن پێك هاتووە و لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامان پێشکەش کراوە ئەمەش ناوەکانیانە:

1 خلف احمد. - غریب متســـفا حمه خان. - یعقوب گورگیس یاقۆ. - ئاواز جەنگی. - عبدالرحمن علی رزا. - حسن صالح. - ایوب عبدالله رسول. - بەشار مشیر اغا. - عباس غزالی. - زیاد حسین. - صالح بەشار صالح. - رێواس فائق. - زانا عبدالرحمن. - صالح فقی. - عیزت صابر اسماعیل. - مستفی احمد. - سعید محمد سعید.

18- ئومێد عبدالرحمن حســـن. - دلێر مســـتفی حســـن. - تەلار لتیف محمد. داواکارین لە بەرێزتان ئام پرۆژەیە ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەکان بکەن.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەو پرۆژەیە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی شارەوانی و لیژنەی کشتوکاڵ و گشـــت ئەندامانی پەرلەمان، لەبەر ئەوەی ئەو پرۆژە یاســـایە پێویســـتە بە چەندین گرفتی هەنووکەیی کە ئەو گرفتانە بەردەوامن، کێشـــە دروســـت ئەکەن بۆ هاوڵاتیان لە هەرێمی کوردستان سیفەتی ئیستیعجال بدەین بە ئەو پرۆژە یاسایە، سوپاس بۆ لیژنەی یاسایی، فەرموو کامۆستا غەریب خاڵی نیزامی.

**بەرێز غەریب مصطفی حمەخان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پرۆژە یاسای رێکخستنی عەلوەکان زۆر پێویستە ئاراستەی لیژنەی دارایش بکرێ، چونکە رەهەندی دارایشی هەیە.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك علی.

**بەرێز علی حمە صالح:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی پرۆژەکانی عەلوە ئیســـتیســـمارە، پرۆژەی وەبەرهێنانە، لیژنەی دارایی و کاروباری وەبەرهێنانە، یەعنی رێك ئیختیساسی ئەو لیژنەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆر فرست.

**بەرێز فرست صۆفی علی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وایە ســـیفەتی ئیســـتیعجالی پێ مەدەن، ئاراســـتەی حکومەتیش بکرێ ئایا ئەو بابەتە بابەتی رێکخســـتنی عەلوەکان بابەتێکی تەنفیزی نیە؟ ناتوانن وەزارەتی پەیوەندیدار ئەو بابەتە رێکبخەن بە تەعلیمات یان ئەنزیمە لە مەجلیس وزەرا؟ ئایا پێویســـتی بە قانوونە، بۆیە پێم وایە پێش ئەوەی سیفەتی ئیستیعجالی بدەینێ ئاراستەی حکومەت بکرێ و ئەو خاڵانەی لە ناو پرۆژەکەش خوێندمەوە ئەکرێ حکومەت لە چوارچێوەی تەعلیمات لە ئەنجومەنی وەزیران چارەسەری بکات، پێویست ناکات لە پەرلەمان قانوونی بۆ دەربکرێ.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس. فەرموو دکتۆرە ڤاڵا.

**بەڕێز ڤاڵا فەرید ابراهیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
منیش پشتگیری لە پێشنیاری دکتۆر فرست ئەکەم، بۆیە ئەگەر سیفەتی ئیستیعجالی پێ نەدەن بۆ ئەوەی بتوانین وەکو لیژنەی پەیوەندیدار ئاراستەی حکومەتی بکەین، حکومەت رای خۆی لەسەر بدات.
**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، شەش کەس، حەوت کەس داوای خالی نیزامیان کردووە، بوونە نۆ کەس، نەك هەر ئەو پرۆژەیە، هەر پرۆژەیەك بە چ شێوازێك بێت بێتە پەرلەمان رەئی لایەنی حکومەت وەردەگرین، داوایان لێ ئەکەین لە دانیشتنی ئەو پرۆژەیە ئامادە بن، فەرموو کاك خەلەف.
**بەڕێز خلف احمد معروف:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
تکایە ئاراستەی لیژنەی دارایش بکرێ، بە نیسبەت حکومەتەوە ئێمە لەدوای موناقەشەیەکی زۆر لە ماوەی دوو ساڵی رابردوو وەکو لیژنەی کشتوکاڵ بە تەنسیق لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران دووجار تا سێ جار لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار لە ئەنجومەنی وەزیران و جێگری سەرۆکی حکومەت، لیژنەی ئابووری لە هەرێمی کوردستان دانیشتوین، لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ، شارەوانی، بازرگانی دانیشتوین، لەگەڵ نوێنەری عەلوەکان دانیشتوین، دوای ئەوەی وەڵامی حکومەتمان هەمووی لایە بە نووسراو، وەڵام ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتی کشتوکاڵ، بازرگانی، شارەوانی، لە نەتیجەی وەڵامەکانی ئەوان ئێمە گەیشتووینەتە ئەو قەناعەتەی کە فیعلەن رێکخستنەوەی عەلوەکان پێویستی بە بایاسایە نەك تەعلیمات، چونکە بە تەعلیمات پێیان چارەسەر نەدەکرا، چونکە جیاوازیەکان ئەگەر پرۆژەکە بخوێنیتەوە دیارە چیە، لە کاتی خۆشی کە گەیشتینە موناقەشە لەسەری وەڵامەکانی حکومەت بۆ هەموو ئەندامەکانی بەڕێزی پەرلەمان ئەخوێنینەوە و بۆیان روون ئەکەینەوە بۆ گەیشتینە ئەو قەناعەتەی ئەوە پێویستی بە یاسایە.
**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، ئەو پرۆژەیە ئاراستە ئەکرێ بۆ لیژنەی دارایی و ئابووری و وەبەرهێنان، فەرموو مامۆستا عبدالرحمن.
**بەڕێز عبدالرحمن فارس عبدالرحمن:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
پشتگیری قسەکەی کاك خەلەف ئەکەم، ئێمە لە حکومەت بێ هیوا بووین بۆیە ئەو پرۆژە یاسایەمان هێناوەتە پەرلەمان، سوپاس.
**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، فەرموو شوکریە خان.
**بەڕێز شکریە اسماعیل مصطفی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
هەمان قسەی کاك خەلەفم هەیە، بەڵام پێویستە سیفەتی ئیستیعجالی پێ بدرێ، چونکە خەڵکێکی زۆر کیشە و گرفتی زۆری هەیە، چەند ساڵە ئەو کێشە و گرفتانە بەردەوامن، خەڵکێکی زۆر ماڵی خورا و زەرەرمەند بووە، هێوادارم سیفەتی ئیستیعجالی پێ بدرێن سوپاس.
**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، فەرموو مامۆستا غەریب.

**بەڕێز غەریب مصطفى حمەخان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشـــتیوانی راكەی كاكە خەلەف ئەكەم، ئەو بابەتە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە بە ڕێنمایش دابەزێنراوە، بەداخەوە جێ بەجێ نەكرا، بەتایبەتی كێشـــەی گەورە لە ســـنووری پارێزگای ســـلێمانی هەیە، لەبەر ئەوە لایەنی حكومەت تەواو كراوە، تەنیا ئەوە ماوە لە پەرلەمان بریاری لەسەر بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو مامۆستا ماجید.

**بەڕێز ماجد عثمان توفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێم وایە عەلوەكانیش پەیوەندیان لە لیژنەكەمەوە هەیە، لیژنەی بازرگانی، بۆیە داوا ئەكەم ئاراسـتەی لیژنەی ئێمەش بكرێ، دووەم، تەئیدی بۆچوونی دكتۆر فرسـت ئەكەم كە باشـتر وایە راو بۆچوونی لایەنی پەیوەندیدار وەرگرین، پێم وایە پێویســـت بەوە ناكات یاســـایەك هەبێ بەس ئاماژە بە رێكخستنی عەلوە بكات، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ســوپاس، ئەو پرۆژەیە ئاراســتە ئەكەین بۆ لیژنەی بازرگانی و مافی بەكاربەر، فەرموو كاك عومەر.

**بەڕێز عمر عینایەت حمەسعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشـتیوانی قســەكەی دكتۆر فرســت ئەكەم، بەڵام یەك پێشــنیارم هەیە بۆ بەرێزت كاتێ پرۆژەیەك ئاراسـتە حكومەت ئەكەن مەوعیدێك دیاری بكەن لە ماوەی (30) رۆژدا وەڵاممان بدەنەوە بۆ ئەوەی پرۆژەكە لای ئەوان نەمرێن ئەگەر سـیفەی ئیسـتیعجال بمانەوێ تەواو بكەین و بچێ دوو یانســێ مانگ لەوێ بێ، مودەیەك تەحدید بكرێ و لە ماوەی (30) رۆژە وەڵام بدرێتەوە، ئەگەر نەبوو خۆمان كاری لەسەر بكەین، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك عباس.

**بەڕێز عباس غەزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ســـبارەت بە یەكخســـتن و رێكخســـتنەوەی عەلوەكان لە لیژنەی كشـــتوكاڵ و لایەنی پەیوەندیدار هەموو وەزارەتەكان بۆ ئیزافەی ســـەر قســـەكانی كاك خەلەف نووســـراوی وەزارەتی تەندروسـتیشـمان لەسـەرە بۆ كۆنترۆڵ كردن، بریارەكانی حكومەتیش، بەڵام هەر لە سـلێمانی بە شـێوەیەك عەلوەكان بەرێوەئەبرێ ، لە هەولێر بەشـێوەیەك، لە دهۆك بە شـێوەكی تر، لەبەر ئەوەی نووسـراو و ئوەلیاتی ئەو پرۆژە هەر وەكو ئاو لەبەر دەسـتمان دایە، پرۆژەی ئـاو چووە بۆ حكومەت بەدواوەین دوو مـانگە نەگەراوەتەوە، عەلوەكـانیش بچێ ئەبێ بروا بۆ خولێكی تر، ئەتوانین بشـــڵێین ئەو پرۆژە بە یاســـا دەرنەچێ با بریار بێ، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك تەحسین.

**بەڕێز تەحسین اسماعیل احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لە رای دكتۆر فرست و دكتۆرە ڤاڵا ئەكەم، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك مەردان.

**بەڕێز مردان خدر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لە قسەکانی دکتۆر فرست و دکتۆرە ڤاڵا ئەکەم، ئەو پرۆژە یاسایە پێویستی بەوە نیە سیفەتی ئیستیعجالی پێ بدرێ، پێویستە ئاراستەی حکومەت بکرێن راستە لیژنەکان رەئی و بۆچوونی لایەنە پەیوەندیدارەکانیان لەسەر کیشەکە وەرگرتووە، بەڵام لەسەر پرۆژە یاسایەکە وەرنەگیراوە، پێم وایە وەرگرتنی رەئی و بۆژوون یان بەشداری کردنی حکومەت یان لایەنی پەیوەندیدار لە لیژنە کافی نیە، پێویستە ئەو پرۆژە یاسایە ئاراستەی حکومەت بکرێ، ئەویش رەئی خۆی بە فەرمی لەسەر بدات، پاشان گفتوگۆی لەسەر بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو ئێڤار خان.

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پرۆژە یاسای نوینەرایەتی دەستبەر کردنی ئافرەتان لە دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان داوا لە بەڕێزتان ئەکەم سیفەی ئیستیعجالی بدرێتێن لەبەر ئەوەی بەداخەوە لە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم تا ئێستا رێژەیەکی کۆتا نیە، بۆیە داوا ئەکەم سیفەی ئیستیعجالی بدرێتێ.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو دکتۆر عیزت.

**بەڕێز عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاسی مامۆستا غەریب و کاك خەلەف ئەکەم داوایان لە بەڕێزتان کرد ئاراستەی لیژنەی دارایی بکرێ، بەراستی ئەوەندە بێ تەجروبە نیم نەزانم ئەوە بێتە لیژنەکەی من، بەڵام پرسیارم لە بەڕێزتان ئەوەیە لەسەر چ پێوەرێك ئەو پرۆژانە ئاراستەی لیژنەکان ئەکەن؟

بیست رۆژە لیژنەی ئێمە و لیژنەی کشتوکاڵ بەدیار کێشەی عەلوەی هەولێر و سلێمانیەوەیە، جوتیاری کوردستان باجی قۆرغی عەلوە ئەدات، کریاری سەوزە و میوە لە کوردستان باجی قازانجی عەلوە ئەدات، ئایا گرنگ نیە پرۆژەیەك دابنێی لەو قەیرانە داراییە نرخی سەوزە و میوە کەمبکەینەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو دکتۆرە پەری.

**بەڕێز پەری صالح حمید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە قسەکانی ئێڤار خان ئەکەم.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو دکتۆرە جوان.

**بەڕێز جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان شت پشتیوانی لە قسەکانی ئێڤار خان ئەکەم.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

پرۆژەی یاسای دەستبەر کردنی نیۆنەرانی ئافرەتان لە دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان بە پێویستمان زانی سیفەتی ئیستیعجالی بدەینێ، پرۆژە یاسای یەکسختنی عەلوەکان،

سێ پێشنیار زیاتر هەنە، ئێمە جارێکی تر داوا لە سەرۆکی لیژنەی کشتوکاڵ ئەکەین کە لەسەر داوای ئەوانە کە وتیان سیفەتی ئیستیعجال بەو پرۆژە یاسایە بدرێتن، لەبەر ئەوە رەئی جیاواز لەسەر هەیە، بابەتێکی گرنگە بۆ هاوولاتیان و پەرلەمان، دیارە رێکخستنی عەلوەکان بە تەعلیمات وەکو پێویست بەرێوەنەچووە، پێویستی بە یاسا هەیە، لە بنەرەتدا هەر یاسایەکیش لە پەرلەمانی کوردستان دەربچێ ئەبێ لایەنی حکومی سەرەکی بێ لەو بوارە، نەك تەنیا بە نووسراو، بەڵکو داوا بکرێ، لیژنەکان بەدواداچوونیان کردووە، بەتایبەتی لیژنەی کشتوکاڵ، بەڵام حزورێکی تر لە ئاستی بەرزدا ئەبوا حکومەتی هەرێم لەگەڵ ئێمە بێ، فەرموو سەرۆکی لیژنەی کشتوکاڵ روون کردنەوەی زیاتر.

**بەرێز یعقوب گورگیس یاقو:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نزیکی سێ ساڵە خەریکی رێکخستنی عەلوەین لە کوردستان و دهۆك و هەولێر و سلێمانی، زیاراتی مەیدانی و بەرپرسی عەلوەکان و خەڵکی پەیوەندیدار لە حکومەت و وەزارەت، لە حکومەت، بەڵام بە هیچ شێوەیەك نەشیان ئەو مەوزوعێ عەلوەکان رێکبخەین، مەوزوعەکی زۆر موتەداخیلە، سەر هیچ وەزارەتەك نیە، ناتوانی بڵێی پارێزگای هەولێر بەرپرسە لە عەلوەکانن یان وەزارەتی کشتوکاڵ بەرپرسە، لەبەر ئەوە زۆر پێویستە سیفەتی ئیستیعجال بدەینە ئەو پرۆژە یاسایە بۆ ئەوەی بێتە چاسەرە کردن، مەوزوعی عەلوە و کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان لەو کاتە زۆر پێویستە بۆ ئەو پرۆژە یاسایە، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپای، فەرموو دکتۆر فرست.

**بەرێز فرست صۆفی علی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی من لە قانون تێگەیشتبم سیفەتی ئیستیعجال بۆ کاتی زۆر بەپەلە بی و زۆر زەروور بی و کۆتایش پێ هاتبێ کە فیعلەن قانونە و ئەبێ دەربچێ، بەڵام کاتی قرائەی یەکەمی بۆ کراوە و بە تەبیعی رۆیشت مەجالی تێدایە، بۆ نموونە ئەوەی تایبەت بە دەستبەر کردنی ئەوەی ژنان، جاری ئەبێ فەحسی بکرێ لە رووی دەستووریەوە ئەوەی پێشکەش کراوە ئەکرێ لە مەجلیسی شورا 30% بدرێتێ، ئەکرێ لە جامیعەکان 30%، لە رووی دەستووری و قانوونی مومکینە لە رووی عەمەلی 30% بدرێتە سەندیکاکان، جارێ ئەبێ ئەوەی فەحس بکەین ئەتوانین دواتر بێین قرائەی یەکەمی بۆ بکەین ئەوجا بێهینینە ناو هۆڵی پەرلەمان و سیفەی ئیستیعجالی پێ بدەین، بۆیا بە رەئی من لێگەرێین پرۆژەکان تەقدیم کرایە، سەرچاو، خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا، جارێ با دوایی لە رووی دەستووری و قانوونی لایەنە پەیوەندیدارەکان فەحسی بکەنن ئەتوانین قرائەی دووەمی بۆ بکەین؟ ئەسڵەن لەوانەیە لەوێ بوەستین، چونکە تووشی هەندێ بەربەرسی دەستووری واقیعی دێین، بۆیە سیفەی ئیستیعجال بە مەفهومی ئەوە من لێی تێبگەم زۆر زەروورە، کۆتاییت پێ هێنا ئەوە قانوونە.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، روون کردنەوەکەت بەجێیە، بەڵام ئەبێ رەچاوی ئەوە بکەین ئەو پەرلەمانە بەرپرسی باڵایە لەوەی هەندێ مەسەلە کۆتایی بە هەندێ کێشە بێنن، یەعنی یەك لەوانە ئەوەی نوێنەرایەتی ئافرەتان، تێگەیشتنی کۆمەڵگەی ئێمە هەیە کە ئەو رێژەی هەیە وەکو پێویست نیە، پێویستی بەوەیە پێداچوونەوە بکرێ، بە تەئکید مەسەلەی پرەنسیپی

دەســـتووریە، یاســـاکانی تر و دامەزراوەکانی ترە رەئی خۆیان ئەبێن بەڵام با پەرلەمان دەستپێشخەر بێ، هاندەر بێ بۆ ئەوەی ئەو پرسە پەلەی پێ بدرێ، تەسەور ئەکەین لە زۆر رووەوە بە قازانجی کۆمەڵگەی ئێمە ئەبێ، ئەوەی عەلوەکان بەراســـتی لیژنەی کشـــتوکاڵ راوێژکار باشـــی کردووە لەگەڵ لایەنی حکومی، تێگەیشـــتنی باش دروســـت بووە لەلایەن حکومەتەوەش، پێویستە حکومەت حزووری هەبێ، ئێمە سیفەتی ئیستیعجال ئەدەینە ئەو پرۆژەیەش، داواش ئەکەین بە نووسرا و ئاراستەی حکومەت ئەکەین، داوا ئەکەین بێنە ئێرە، ئەو بەرپرسانەی کە بەرپرسن لەو مەلەفە داوا ئەکەین حزووریان هەبێ، هاوکاری ئێمە بن لە پەرلەمان بۆ ئەوەی ئەو گرفتە زۆری خایاندووە، گرفتێکی زۆرە کەم نیە، بەرێزان خاڵی سیەم، زیاد کردنی ئەندامی پەرلەمان بەرێز (پەری سالح عەمید) بۆ سەر لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانســـتی بەپێی ماددەی (44) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە (1) ی ســاڵی (1992) ی هەموار کراو، ئەخەینە دەنگدان، (56) کەس پەسـندیەتی، کێ دژە؟ کەس نیە، دانیشتنەکە کۆتایی هات، خاڵی چوارەم بۆ دووشەمە دەمێنێ، سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **بێگەرد دلشاد تاڵەبانی**<br>**سکرتێری پەرلەمانی**<br>**کوردستان – عێراق** | **جعفر ابراهیم ئێمینکی**<br>**جێگری سەرۆکی پەرلەمانی**<br>**کوردستان – عێراق** | **د. یوسف محمد صادق**<br>**سەرۆکی پەرلەمانی**<br>**کوردستان – عێراق** |